تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز

بەرگی یازدەیەم

تەفسیری سوورەتی (یوسوف)

منتدى اقرأ الثقافي

عەلی باپیر

www.iqra.ahlamontada.com

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

تەفسیری قورئانی

بەرز و بەپێز

عەلی باپیر

بەرگی یازدەیەم

تەفسیری سوورەتی (یوسف)

پێناسەی کتێب

ناوی کتێــــب : تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز.

نووســــەر : عەلی باپیر.

نەخشەسازیی ناوەوە : عزالدین محمد عمر.

نۆرەو ساڵی چاپ : یەکەم ١٤٤٠ ك- ٢٠١٩ز .

تــیراژ : ١٠٠٠ دانە .

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٧)ی ساڵی (٢٠١٢)ی پێ دراوە

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتی

إن الحمدَ للهِ نحمدُه ونستعينه، ونستغفره، ونعوذُ باللهِ من شرورِ أنفسِنا، ومِن سيئاتِ أعمالِنا، من يهده الله فلا مضِلَّ له، ومن يضلِل فلا هاديَ له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبدهُ ورسوله.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٠٢﴾﴾ آل عمران،

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾﴾ النساء، ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَـٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾﴾ الأحزاب.

أمَّا بَعْدُ: فإنَّ أَصْدَقَ الحَديث كَلامُ الله وَخَيْرَ الْهَدْيِ هدْيُ مُحَمَّد ﷺ وَشرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّار[1].

خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەکان!

هیچ گومانی تێدانیە - بۆ مرۆڤی بڕوادار - کە ئەو تەمەنەی لە خزمەت دوایین کتێبی خوا (قورئان)دا بەسەردەبرێ، جا بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی لە خزمەتدابووندا بێ؛ خوێندنەوە، تێفکرینو رامان، فێرکردن، کارپێکردن ... هتد، بە باشترین جێگرتن جێگا دەگرێو، خاوەنەکەی لە دنیاو دوارۆژدا لێی بەهرەمەندە.

---

١) ئەوە پێی دەگوترێ: (خطبة الحاجة) کە پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بەڕێزی فێردەکرد، پێش هەر قسەیەکی گرنگ، بیڵێن، وەك وتاری جومعەو داخوازییکردن (خِطْبة)و... هتد، وە ئەم وتارە، هەرکام لە: الترمذي: (١١٠٥)، والنسائي: (١١٠٤)، وابن ماجه: (١٨٩٢) وأحمد: (٣٧٢٠)، وطبراني: (٢٤١٤) هێناویانەو (مسلم)یش بەشێکی هێناوە.

منیش کە - وەك باسکردنی چاکەی خوا (التحدّث بنعمة الله) دەیخەمەڕوو- لەوەتی فامم کردۆتەوە، خوای بەبەزەیی‌و بەخشەر چاکەی لەگەڵ کردووم‌و، بە فەرمایشتی بەرزو بێ وێنەی خۆیەوە سەرگەرمی کردووم‌و، بەر لە تەمەنی بیست ساڵیی‌یەوە هیدایەتی داوم، کە قورئانی بەڕێزو پێز لەبەر بکەم‌و، سەرقاڵی خوێندنەوەی تەفسیرەکانی قورئان‌و تێوەڕامانی ئایەتە پڕ بەرەکەتەکانی‌و، لێوردبوونەوەیان بم.

هەر بۆیەش تێکڕای کتێب‌و نامیلکەو وتارو دەرسەکانم، کەم‌و زۆر لەبەر ڕۆشنایی قورئان دابوون، کە دیارە هەر ئەمەش شتێکی سروشتییە؛ ئاخر ئایا ئیسلام بێجگە لە قورئان پاشان سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، کە ئەویش هەر ڕوونکردنەوەی قورئان‌و چۆنیەتی جێبەجێکردن‌و کارپێکردنیەتی، شتێکی دیکەیە؟! بێگومان نەخێر.

ئنجا لەمێژ ساڵیش بوو کە براو خوشکانێکی دڵسۆزی نزیك‌و ناشنام، داوایان لێدەکردم کە دەست بکەم بە دانانی تەفسیرو لێکدانەوەیەکی قورئان، هەتا لە ڕەمەزانی ساڵی (١٤٢٨)دا هاتە دڵمەوە، کە ناوی خوای لێبهێنم‌و دەست بەو کارە گەورەو گرنگە بکەم، بەڵکو وردە وردە بەپێی بوارو دەرفەت، هەرساڵە هەندێکی لێ ئەنجام بدەم، لەگەڵ سەرقاڵیی زۆرو جۆراو جۆریشدا، هەتا دەرفەتێکی وام بۆ دەڕەخسێ کە بتوانم خێرایی تێدا بکەم‌و خۆمی بۆ یەکلایی (متفرّغ) بکەمەوەو، خوا پشتیوان بێ تەواوی بکەم، ئەگەر تەمەن بەبەریەوە مابێ.

سەرچاوەی دانانی ئەم تەفسیرو لێکدانەوەیەشم ، وێڕای سەرنجدانی زۆربەی ئەو تەفسیرانەی کە باون‌و ، دەستم پێیان گەیشتوە، بریتیە لە وردبوونەوەو تێوەڕامانی خۆم لە خودی قورئان، چونکە بێگومان قورئان : هەندێکی هەندێکی ڕوون دەکاتەوە: (القرآن يُفسِّر بَعضُهُ بَعْضاً)، پاشان سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، چونکە پێغەمبەری خواش ڕوونکەرەوە (مُبَيِّن)ی قورئانە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی:

﴿...وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾﴾

النحل، واتە: وە زیکرمان بۆ لای تۆ ناردۆتە خوار ، تاکو ئەوەی بۆ خەڵکی نێرراوەتە خوار، بۆیان ڕوون بکەیەوە، وە بەڵکو خۆشیان بیربکەنەوە.

ئومێدیشم وایە - بە یارمەتی خوای بەخشەر ﷻ - شایستەیی ئەوەم هەبێ تەفسیرو لێکدانەوەیەکی وا بۆ قورئان پێشکەش بە مسوڵمانانی کوردستان بکەم،

کە لە قورئـان بومشـێتەوەو ، مایەی بەهرەو سوودی خوێنـەران بێ، بەتایبـەتیش کـە زیـاتر لـە سـی (٣٠) سـاڵە لەگـەڵ قورئـانی بـەرزو مـەزنو تەفسـیـرەکانیو کتێبـەکانی سـوننەتدا خـەریکمو ، دەیـان کتێـبو بەرهـەمی جۆراوجـۆرم لـە زۆربـەی بوارەکـانی زانسـتەکانی شـەریعەتدا پێشـکەش کردووە.

شایانی باسیشە کە ئەو بیستو دوو مانگ زیندانیی کرانەم لەلایەن ئـەمریکاوە - لـە (٢٠٠٣/٧/١٠ تـاکو: ٢٠٠٥/٤/٢٨) - دەرفـەتێکی گـەورەو گـرنگ بـوو، بـۆ زیـاتر پێـدا قووڵبوونەوەی کتێبـی خـوا (تبـارك و تعالی)، وە بۆ پەیدابوونی تێگەیشـتنی تایبـەت لەبارەی زۆرێك لە ئایەتـەکانی یەوە ، ئەم ڕاسـتییەش لە مەوسـووعەی : (الإسـلام كما يتجلّى في كتاب الله تعالـى)دا زۆر چـاك دەرەوشاوەتەوە[1] ، بـەلام هـەڵبەتە ناڵـێمو هیچکەسـیش بـۆی نیـە بڵـێ: کـە ئـەم تەفسـیرەی مـن تێروتـەواوە، چـونکە وێـڕای سـنوورداربوونی توانـاو بڕسـتم ، لـە بەرانبـەر کتـێبی لـە هـەموو ڕووێکـەوە ڕەهـا (مطلق)و بێسـنوور (لا محـدود)ی خـوادا، نەشمویسـتوە کـە زۆر بەمـلاولادا بچـمو بچمـە نێو هـەندێك وردەکـارییەوە، کـە یـان مـن تێیـدا پسپۆڕو شـارەزا نـیم، یـان خوێنـەر پێویسـتی پێی نیـە، لـە کاتێکدا دەیـەوێ لـە قورئـان تێبگـاتو، بزانـێ خـوا (تبارك وتعـالی) ڕاستەوخۆ چی پـێ فـەرمووە ؟!

ئنجا هەر لێرەشەوە بـە پێویسـتی دەزانم پـڕ بـە دڵ سوپاسـی ئـەو بـرا گەنجـە ڕووح سـووكو گـورجو گـۆڵو دڵسـۆزە بکـەم (حـەزی نـەکرد نـاوی بهێـنم)، کـە هـەڵسـا بـە نووسینەوەو هێنـانە سـەر کاغـەزو، پاشان تایپکردنو دوایی پێداچوونەوەو هەڵەگـیـریی، سـەرجـەم ئەم زنجیـرە دەرسە، کە لە ئەسڵدا لە شێوەی وتـار (محاضـرة)دا پێشـکەش کراون، هـەروەها هـەڵسا بە (تخريج)ی سەرجەم دەقەکانی سوننەت، لە سەرچاوە متمانە پێکراوەکانەوەو، زەحمەتو ماندووبوونێکی زۆری بە سەرجەم بەرگەکانی ئەم تەفسـیـرە کێشـاوە، خـوا بە باشـتـرین شـێوە پاداشتی بداتەوەو، هـەر صـاڵحو سـاغو سـەلامەتو

---

١) ئەو مەوسووعەیە کە ئێستا چاپ کراوەو ، کەوتۆتـە بەردەسـتی خوێنـەرانو، سـەرجەم هەشـت بـەرگـو دەوری سـێ هـەزارو پێـنج سـەد (٣٥٠٠) لاپەڕەیـەو، هەوڵمـداوە بەگشـتی تێیدا باسـی سەرجەم لایەنەکانی ئیسـلام بکەمو، تاکە سەرچاوەشم قورئـان بـووە، وێـڕای دەقـەکانی سـوننەت، کە لە هۆش (ذاكرة)دا بووون.

شایانی باسە ئەو مەوسووعەیە لە چاپی دووەمی دا ، کـراوە بـە دوازدە (١٢) کتێبـی سـەربەخۆ ، بە مەبەستی ئاسانتـر سوود لێ بینـرانی .

سەربەرزبێ[1] لە لە خوای بەرز و بێهاوتاش داواکارم ئەو جۆرە گەنج و لاوانە لە کوڕان و کچان لەنێو گەلەکەماندا زۆر بکات.

شایانی باسیشە کە ئێمە لەم تەفسیرەماندا باسی بەش (جزء)ەکانی قورئان و دابەشکردنەکانی دیکەی وەك: - (حزب) - ناکەین، چونکە هەر سوورەتێك بۆخۆی شتێکی سەربەخۆیەو، سەرجەم ئایەتەکانی وەك ئاڵقەکانی زنجیرێك پێکەوە پەیوەستن و، ئاشکراشە کە دابەشکرانی سەرجەم قورئان بۆ سی (٣٠) بەش (جزء) و شەست (٦٠) (حزب)، شتێکە لەلایەن زانایانەوە کراوە بۆ ئاسانکاری خوێندنی قورئان، دیارە ئێمە لە دابەشکردنی بەرگەکانی ئەم تەفسیرەشدا دیسان حیساب بۆ بەشەکان (أجزاء)ی ناکەین و، بە گوێرەی سوورەتەکان، بەرگەکانی دیاری دەکەین.

دوا قسەشم ئەوەیە کە:

ئەم تەفسیرە - وەك پێشتر گوتمان - لە ئەسڵدا بەشێوەی دەرس و وتار پێشکەش کراوە، بەڵام دواتر خۆم دووجار بە وردیی پێیدا چوومەوەو، بەپێی پێویست دەستکارییم کردوە، دیارە هەموو دەرسێکیش بەناوی خواو ستایشی خوا ﷻ دەستی پێکردوە، بەڵام ئێمە لە سەرەتای دەرسەکانەوە، ئەوانەمان لابردوە، بۆ زۆر دووبارە نەبوونەوەو، ئەو (خطبة الحاجة)یەی لە سەرەتای ئەم پێشەکییەوە هاتوە، لەجیاتی سەرەتای سەرجەم دەرسەکانە.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ ، وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

دووشەممە ٢٥ رجب ١٤٣٢

٢٠١١/٦/٢٧ هەولێر

---

١) ئەو برا دڵسۆزە ئێستاش پاش سوورەتی (یوسف)، سەرگەرمی سوورەتی (الرعد) و سوورەتەکانی دوایشیەتی و عەزمیشی جەزم کردوە، کە ئەگەر تەمەنمان بەردەوام بێ، هەتا کۆتایی ئەم تەفسیرە سەرگەرمی کارەکەی بێ.

بەرچاوڕوونییەکی گرنگ لەبارەی ئەم تەفسیرەوە

خوێنەری بەڕێز !

هەرچەندە لە (پێشەکی گشتیی) ئەم تەفسیرەدا باسمان کردوە کە بۆ نووسینی ئەم تەفسیرە لە هەموو ئەو تەفسیرە باوانەی دەستم پێیان گەیشتوە بەهرەمەندبووم، هەروەها لە کۆتایی هەر بەرگێکی ئەم تەفسیرەدا، سەرجەم ئەو تەفسیرانەی کەم و زۆر لێیان سوودمەند بووم ناوەکانیانمان بە ڕیز نووسیوە، بەڵام ئیرەش وەك جەختکردنەوەی زیاترو بەرچاوڕوونیی باشتر بۆ ئێوەی بەڕێز دەڵێم :

مادام ناوی تەفسیرەکانمان نووسیوە، نە پێویست دەکات و نەدەشگونجێ، بۆ هەر تێگەیشتن و بیرۆکەیەك، کە زۆربەی تەفسیرەکان لەبارەی ئایەتێکەوە، یان ڕستەو برگەیەکی ئایەتێکەوە، دەیهێنین، ئێمە هەموو جارێ ناوی ئەو تەفسیرانە بێنین، بەڵام بێگومان هەر کات بیرۆکەو تێگەیشتنێکی تایبەتی یەکێك لە تەفسیرەکان هەبی و بکەوێتە بەرچاوم، ئنجا چ پەسندی بکەم، چ ڕەفزی بکەم، هەر کات بە پێویستی بزانم، بە تایبەت ئاماژەی پێدەکەم، ئەگەرنا بە ئاماژەی گشتیی و بە نووسینی ناوی تەفسیرەکان لە کۆتایی هەر بەرگێك دا، ئێکتیفا دەکەم، زۆریش لە ئەمانەتی زانستی (الأمانة العلمية) دەخەفتێم و مەبەستمە ڕەچاوی بکەم، چونکە ئەمینیی و ئەمانەت پارێزی ڕەوشتێکی گەورەو بەرزی مسوڵمانەتییە .

شایانی باسیشە جاری وا هەیە بیرۆکەو تێگەیشتنێکی تایبەتیی خۆمم لەبارەی کۆمەڵە ئایەتێك یان ئایەتێك یان ڕستەو برگەیەکی ئایەتێك بۆ دروست دەبێ، وەك تێگەیشتن و بۆچوونی خۆم دەینووسم، کەچی ڕەنگە لە تەفسیرەکانی دیکەش - یەکێکیان یان زیاتر - دا هەبێ، ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە کە من ئەو تەفسیرەم نەکەوتۆتە بەر دیدە ، یان دیتوومەو لەیادم نەماوە.

پێشەكی ئەم بەرگە

خوشك‌و برا بەڕێزو خۆشەویستەكانی خوێنەرەوەی (تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز) !

ستایشی بێ پایان و شایستە بۆ خوای زاڵی بە بەزەیی، كە یارمەتی داین بگەینە تەفسیركردنی سوورەتی (یوسف)یش علیه السلام كە بەشێك لە جوزئی دوازدەو بەشێكیش لە جوزئی سێزدە دەگرێتەوە.

ئنجا لە سۆنگەی ئەوەوە كە ئێمە بە نەفەسێكی درێژو قووڵ تەفسیری ئەم سوورەتە بەپێزەی قورئانی مەزنمان كردوەو، هەڵوەستەی زۆرمان لە بەرامبەر ئایەت‌و ڕستەكانی دا كردوە، لێرەدا بە پێویستی نازانم هیچی دیكە بڵێم، بەڵام سەرنجتان ڕادەكێشم بۆ:

یەكەم: ئەو شەست (٦٠) دەرس‌و پەندەی كە كۆتایی باسكردنی ژیان‌و بەسەرهاتی (یوسف)دا علیه السلام خستوومانەڕوو، كە زۆر شایستەی لێوردبوونەوەو تێوەڕامانن.

دووەم: كورتە باسەكانی كە لە میانی تەفسیركردنەدا هاتوون، بەتایبەت :

١/ كورتە باسێك لەبارەی خەونەوە .

٢/ باسێكی گرنگ لەبارەی هاوبەش بۆ خوا دانان (شرك)ەوە.

خواش بە لوطف و بەخششی بێسنووری خۆی تەمەنی هەموو لایەكمان زیاتر پڕ بەرەكەت بكات‌و، بە ڕەزامەندیی خۆی دا بەكارمان بێنێ‌و ، كاروبارمان ڕاستە بێنێ‌و سەرەنجامەمان خێر بكات.

٣ ی محرم ١٤٤٠ ك

٢٠١٨/٩/١٣ ز هەولێر

دەستپێك

بەرێزان !

خوا پشتیوان بێ دەست دەکەین بە ڕوونکردنەوەی چەمك و واتای ئایەتە بەپێزەکانی سوورەتی (یوسف)، کە ئەمڕۆ (٢٠)ی مانگی (شوال)ی (١٤٣٧)ی کۆچییە، بەرانبەر (٢٥)ی تەمموزی (٢٠١٦)ی زایینی، دیارە ئێمە ئەم دەرسەمان تەرخان دەکەین بۆ پێناسەی ئەم سووڕەتەو، تیشك خستنە سەر نێوەرۆکی‌و، ئەو بابەتانەی کە گرتوونیە خۆی .

پێناسەی سوورەتی (یوسف) و نێوەرۆکەکەی لەپێنج خاڵدا

یەکەم / سووڕەتی یوسوف هەر ئەم ناوەی هەیە، چونکە هەندێك لە سووڕەتەکانی قورئان زیاتر لە ناوێکیان هەیە، سووڕەتێکی مەککەییەو، ژمارەی ئایەتەکانی (١١١) ئایەتە، ئەویش بە یەك دەنگیی زانایان، چونکە هەندێك جار زانایان لە سەرژمێر کردنی ژمارەی ئایەتەکانیشدا، ڕاجیاییان هەیە، بەڵام ئەوە کە ئەم سووڕەتی (یوسف)ە ناوەکەی هەر ئەو ناوەیەو، ژمارەی ئایەتەکانیشی (١١١)یە، هیچ زانایەك ڕایەکی جیاواز لەوەی نەبووە.

دووەم / ئەم سووڕەتە تایبەتە بە بەسەرهاتی یوسوف ﷺەوە، یوسوف کوڕی یەعقووب کوڕی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم صەڵاتو سەلامی خوا لەسەر هەموویان بێ، ئنجا بەسەرهاتی یوسوف ﷺ تەنیا لەم سووڕەتەدا هاتوە، کە لەم سووڕەتەشدا (٢٥) جار ناوی یوسوف دووبارە بۆتەوەو، لە هەموو قورئاندا (٢٧) جار ناوی یوسوف هاتوە، (٢٥) جاریان لەم سووڕەتی (یوسوف)داو، لە سووڕەتی

(الأنعام)یشدا جارێك لە ئایەتی (١٨٤)داو، لە سوورەتی (غافر)یشدا جارێك لە ئایەتی (٣٤)دا، واتە: هەمووی (٢٥ + ١ + ١ = ٢٧) جار، ناوی یوسوف لە قورئاندا هاتوە.

<u>سێیەم</u> / ئەم سوورەتی یوسوفە لە ڕیزبەندیی موصحەفدا ژمارە (١٢)یە، بەڵام لە ڕیزبەندیی هاتنە خوارێدا (تَرْتِیب النّزول) لەسەر ڕای زۆربەی زانایان ژمارە (٥٣)یە، هەشیانە ژمارەیەکی زیاتر، یاخود کەمتری گوتوە، چونکە ئەوە شتێك نیە زانایان هەموویان لەسەری یەك دەنگ بووبن، ئنجا ئەم سوورەتە لە دوای سوورەتی (هود) هاتوە، لە پێش سوورەتی (الحجر)دا، ئەوەش ڕای زۆربەی زانایان.

<u>چوارەم</u> / بەسەرهاتی یوسوف ﷺ تاکە بەسەرهاتێکە بەو شێوەیە لە قورئاندا هاتبێ، واتە: تەنیا ئەم بەسەرهاتی یوسوفە، وەك بەسەرهاتێکی تەواو (قِصَّة كَامِلَة) لە قورئاندا هاتوە، هەر لە سەرەتاوە قۆناغی منداڵی تاکو گەنجێتی و تا دوایی، دیارە بەسەرهاتی پێغەمبەرانی دیکە (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) لە قورئاندا هاتوە، بەڵام لە هیچ شوێنێك هەمووی بەسەر یەکەوە نەهاتوە، بەڵکو لە هەر سوورەتەدا بەشێکی، یان چەند بەشێکی هاتوەو، تیشکی خراوەتە سەر، نەك وەك ئێرە، بە شێوەیەکی زنجیرەیی و پلە پلەیی لە سەرەتاوە تا کۆتایی.

<u>پێنجەم</u> / ئەم سوورەتە وەك گوتمان ژمارەی ئایەتەکانی (١١١)یەو، لە ڕووی بابەتەکانی و تێومرۆکییەوە، بە پێی سەرنجدانی من، ئەم سوورەتە لە پێشەکی (مُقَدِّمَة)یەك پێك دێت، لەگەڵ سێزدە (١٣) ئاڵقەو بەشی یەك لە دوای یەك و، ئەنجامگیریی (إسْتِنْتَاج)ێك لە کۆتایی دا، هەر بۆیەش من کۆی ئەم سوورەتەم دابەش کردوە، بۆ پازدە (١٥) دەرس، کە لێرەدا هەر کامیان تیشکێکی دەخەمە سەر، بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەرانی بەڕێز:

دەرسەکانی ئەم سوورەتە

دەرسی یەکەم: کە وەك پێشەکی وایە، شەش (٦) ئایەت دەگرێتە خۆی، لەم شەش (٦) ئایەتەدا، خوا ﷻ سەرەتای پێناسەی قورئان دەکات، دەفەرموێ: ﴿ الٓر تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ١ ﴾، بە کتێبێکی روونکەرەوە، یاخود ڕۆشن، پێناسەی دەکات، دوایی دەفەرموێ: ئێمە ئەم قورئانەمان بە زمانی عەرەبیی ناردۆتە خوار، بەڵکو بفامن، دوایی باسی ئەوە دەکات کە بەهۆی ئەم قورئانەوە، ئێمە باشترین بەسەرهات گێڕانەوەمان بۆ تۆ فەراهەم هێناوە، کە ڕووی دواندن لە پێغەمبەری خاتەمە ﷺ، هەرچەندە پێشتریش لە بێ ئاگایان بووبێ .

ئنجا دوایی دێتە سەر باسی یوسف عليه السلام کە خەونێکی بینیوەو، واش پێدەچێ پێش قۆناغی بالغ بوون بووبێ، جا هەندێك دەڵێن: تەمەنی یازدە (١١) ساڵ بووەو، هەندێکی دی دەڵێن: تەمەنی دوازدە (١٢) ساڵ بووەو کەمترو زیاتر، هەرچەندە لە پەیمانی کۆندا دەڵێ: تەمەنی حەڤدە (١٧) ساڵ بووە، بەلام وەك دوایی دەیگەینێ، وا پێدەچێ پێش قۆناغی بالغ بوون بووبێ، کە یوسف خەونێك دەبینێ، دەڵێ: من لە خەونم دا خۆرو مانگ و یازدە (١١) ئەستێرەم بینین، کڕنووشیان بۆ دەبردم، ئەو خەونە بوو بۆ بابی دەگێڕێتەوە، بابیشی دەڵێ: ڕۆڵە! ئەو خەونەت بۆ برایەکانت مەگێڕەوە، نەوەك پیلانێکت لە دژ بگێڕن، چونکە شەیتان دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ مرۆڤ، واتە: شەیتان دنەدانو خوتخوتەی خراپیان بخاتە دڵو، ئێرەییو حەسوودییان بەرانبەر بە تۆ بجووڵێو، سەرەنجام تووشی زیانێکت بکەن .

دوایی مژدە دەدا بە یوسف عليه السلام کە ئاوا پەروەردگارت تۆ هەڵدەبژێرێو، لێکدانەوەی مانای خەونەکانو، لێکدانەوەی مانای فەرموودانت فێر دەکاتو، چاکەی خۆی لەسەر تۆو لەسەر بنەماڵەی یەعقووب تەواو دەکات، وەك چۆن

پێشتــر چاکــەی خــۆی لەســەر هــەردوو بابــت واتــە: ئیبــراهیم‌و ئیسحاق : بـاب‌و باپیـرت تـەواو کردوە، بێگومان پەروەردگـارت زانای کاربـەجێیـە .

دەرسـی دووەم: ئاڵقـەی یەکەمی بەسەرهاتی یوسوف پێکـدێنـێ، کـە لـە ئایـەتی (٧ تـاکو ١٨) ئایەت، واتە: دوازدە(١٢) ئایەت دەگرێتـە خۆی، لەم ئاڵقـەی یەکەمـەدا، خـوا ﷻ دەست دەکات بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی یوسوف ﷺ، کە برایەکانی، {واتە: دە (١٠) برایەکـەی دیکـەی} ، بـە پێـی ئـەو زانیارییانـەی لـە پـەیمانی کۆنیشـدا هـاتوون، چونکە یوسـوف‌و بنیامین لە دایکێك بوون بە ناوی (راحیل)و، دە (١٠) برایـەکـەی دیکەیان لە دایکێکی دیکـە بوون، یـان لـە دایکـێکـی دیکــەو، کەنیزەکەکـەی، بـە نـاوی (لِـیيَا) یاخـود (لَيْئَـة).

بە هەر حاڵ، ئەو برایانـە دەچنە لای بابیـان، دوای ئـەوەی کـە لەبـەر خۆیانـەوە دەڵێن: بابمان یوسـوف‌و برایەکەی (بنیـامین)، لـە ئێمـە زیـاتر خـۆش دەوێ، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئێمــە دە (١٠) بـراین، وا دیـارە وا تەصـەووڕ دەکـەن، وەك دوایـی باسـی دەکەین.

ئنجا لـە نێـوان خۆیانـدا نەخشە دادەڕێـژن کـە یوسـوف بکـوژن، یـاخود لەسـەر زەمینێکی چۆڵ فـڕێی بـدەن، بـۆ ئـەوەی کـە بابیـان زیـاتر ڕوو لـەوان بکات، دوایـی یەکێکـیان دەڵـێ: نا، نەچـن بیکـوژن، بەڵـکـو فڕێیدەنـە قووڵایی بیـرێکەوە، کە دوایی هەندێك کاروانـچی بۆ خۆیان هەڵی بگرنەوەو، دەربازمـان بـێ، ئیدی دەچـن بۆ لای بابیان‌و بە گلـەیی کردنەوە دەڵێن: بۆچـی تـۆ متمانـە بـە ئێمـە ناکـەی، کە ئێمە دڵسـۆزین بۆ یوسوف؟! بەیـانی لەگەڵمان بینێرە بۆ سەفەرو گەشــت، ئـەویش دەڵــێ: پـێم ناخۆشــە لـێم دوور بکەوێتـەوەو دەترسـێم گـورگ بیخـوات، ئـەوانیش دەڵێن: ئنجا ئەگەر ئەو گورگ بیخواو، ئێمەش ئەو هەموو برایە بین، کەواتـە: ئێمـە زیانبـارین، ئیـدی سـەرەنجام ڕێکدەکـەون کـە یوسـوف بخەنـە بیـرەکەوەو، دەیخەنـە بیرەوە، خوای پەروەردگاریش یوسوف ﷺ ئاگادار دەکاتەوە کە کاتێك دێ، تـۆ ئـەوە دەخەیەوە بیـر برایەکانت، بـێ ئەوەی ئەوان هەسـتی پـێ بکـەن .

دوایی دە برایـەکە دەگــەڕێنەوە بـۆ لای بابیـان‌و درۆیـەك ڕێکدەخــەن، دەڵێن: ئێمە ڕەمبازێنمان دەکرد، یاخود پێشبـڕکەمان دەکرد، یـاخود نیشـانەمان دا دەکـردو،

یوسوفمان لە لای کەل‌و پەلەکانمان بەجێ هێشتبوو، بەلاَم کە هاتینەوە، گورگ خوارد بووی، تۆش بڕوامان پێ ناکەی، هەرچەندە ڕاستگۆ بین، ئنجا خوێنێکی درۆینیش واتە: خوێنی گیسکێك، یاخود کاوڕێك، لە کراسەکەی هەڵدەسوون، بابیشیان دەڵێ: بەڵکو ئێوە هەر بۆ خۆتان ئەوەتان ڕێکخستوە من بە شێوەیەکی جوان ئارام دەگرم‌و، هەر پەنا بە خوا دەگرم، لە بەرانبەر ئەوەدا کە ئێوە دەیڵێن .

دەرسی سێیەم: دەبێتە ئاڵقەی دووەم، لە بەسەرهاتی یوسوف و، ئەمەیان چوار ئایەت دەگرێتە خۆی ئایەتەکانی: (١٩ تاکو ٢٢)، کە لەم ئاڵقەی دووەمەدا، دوای ئەوەی یوسوف فڕێ دراوەتە نێو بیر، باسی هاتنی کاروانێك دەکرێ کە ئەوانیش ئاو هێنەرەکەی خۆیان دەنێرن بۆ سەر بیرەکەو، کاتێك دۆڵچەکە دادەهێڵێ، دیارە یوسوف خۆی پێوە دەگرێ‌و دەچێتە نێو دۆڵچەکە، ئنجا کە هەڵیدەکێشێتەوە، لە جیاتی ئەوەی ئاو بێ، دەبینێ منداڵێکی تێدایە : دڵخۆش دەبێ، دوایی وەك کەل‌و پەلێکی بازرگانیی پەنهانی دەکەن‌و، وای پێشاندەن کە ئەوە هی خۆیانەو، بە نرخێکی کەم دەیفرۆشن، ئنجا دەیکرێ لە میسر – دیارە لێرە باس ناکات، بەلاَم دوایی بۆمان دەردەکەوێ کە عەزیزی میسرە کە هەندێك دەڵێن: سەرۆکی سوپای میسر بووە، هەندێك دەڵێن: جێگری سەرۆکی وڵاتی میسر بووە، گرنگ ئەوەیە بە وشەی (عزیز) ناوی دەهێنرێ – ئامۆژگاریی هاوسەرەکەی دەکات کە ڕێزی لێ بگرێ، خواش دەفەرموێ: ئاوا بەو شێوەیە ئێمە یوسوفمان لەوێ نیشتەجێ کرد، لە بیرەوە بۆ قەصر، لە قووڵایی بیرێکی تاریکەوە، بۆ ڕۆشنایی کۆشکێکی ڕازاوە .

ئنجا خوا ﷻ دەری دەخات، کە هەرچی بیەوێ دەکات‌و، زاڵە بەسەر کاروباری خۆیدا، بەلاَم زۆربەی خەڵك نازانن، دوایی باسی ئەوە دەکات، کە کاتێك یوسوف گەیشتە تۆغیانی تینو توانای خۆی: هەم حیکمەتمان پێدا، هەم زانیارییمان پێدا، ئاوا پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە .

دەرسی چوارەم: کە ئاڵقەی سێیەم دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٢٣ تاکو ٢٩)، واتە: (٧) ئایەت، لێرەدا میحنەتی دووەم، لە ماڵی عەزیزی میسردا بۆ یوسوف دێتە پێش، کە بریتیە لەوەی هاوسەرەکەی تەماع لە یوسوف ؑ دەکات‌و، خۆی بۆ

ڕادەنوێنێ کە زینای لەگەڵدا بکات، بەڵام یوسوف دەڵێ: پەنا بە خوا، پاشان دەڵێ: وەك وەفا بۆ هاوسەرەکەی تۆ، کە ڕێزی لە من گرتووەو خزمەتی کردووم، ستەمکارانیش سەرفراز نابن، من ئەو کارە ناکەم، ئیدی سەرەنجام (لەسەر ڕای هەندێك لە زانایان) دەبێتە چنگە پرچەیان: ئافرەتەکە دەیەوێ لێی بدات، لەبەر ئەوەی ئەو غولامیەتیو بە قسەی ناکات، بۆ ئەو گوناهە، یوسوفیش (عَلَيْهِ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) لەبەر ئەوەی بەڵگەی پەروەردگاری دەبینێ: ئەو ئیمانو عەقیدەیەی لە دڵو عەقڵی دایە، کە ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە، ئەویش دەستی لەبەر دەکردەوەو لێی دەدا، بەڵام سەرەنجام یوسوف دەیەوێ بچێتە دەرێو ڕادەکات، وە ئافرەتەکەش بە دوای داو، لە دوایەوە کراسەکەی دەگرێو ڕایدەکێشێو دەیدڕێنێ، بەڵام لە دەرگای دەرەوە دەگەنە مێردی ئافرەتەکە (عەزیزی میسر)و ئافرەتەکە بوختانێکی بۆ هەڵدەبەستێو دەڵێ: سزای کەسێك کە نیازی خراپەکردنی هەبێ بەرانبەر بە هاوسەرەکەی تۆ، جگە لە زیندانیی کردن، یاخود ئازارێکی بە ئێش، چی دیکەیە ؟!

دیارە یوسوف ﷺیش وەك بەرگریی کردن لە خۆی دەڵێ: ئەو پرکێشیی منی کردوە، ئەو موغازەلەی منی کردوەو، ویستوویەتی: من خراپەی لەگەڵدا بکەم، نەك من دەست پێشخەربم، واتە: ئەو دەست پێشخەر بووە، دوایی یەکێك لەو بنەماڵەیەی ئەو کابرایە، (لە نیزیکانی عەزیز) دەڵێ: تەماشا بکەن! ئەگەر کراسەکەی لە پێشەوە دڕابێ، ئەوە ئافرەتەکە ڕاست دەکاتو، ئەگەر کراسەکەی لە دواوەش دڕابێ، ئەوە یوسوف ڕاست دەکات، کە تەماشا دەکەن: کراسەکەی لە دواوە دڕاوە، واتە: ڕای کردوە لە چنگی، عەزیز بۆی دەردەکەوێ کە دەست پێشخەرییەکە لە ئافرەتەکەوە بووە .

ئنجا عەزیز دوایی ئامۆژگاریی یوسوف دەکات دەڵێ: باسی ئەو بابەتە مەکە، بە ئافرەتەکەش دەڵێ: داوای لێبوردن بکە، (واتە: لە من بۆ گوناهەکەت)، چونکە تۆ خەتابار بووی، ئنجا چ ئەو وای لێ حاڵی بووبێ، کە تەنیا چنگە پرچەو دەمەقاڵێیان بووە، یاخود وەك حەقیقەتی مەسەلەکە حاڵی بووبێ، کە ئافرەتەکە دەست پێشخەریی کردوە: یوسوف زینای لەگەڵدا بکات، گرنگ ئەوەیە بۆی دەردەکەوێ کە خەتا بە لای هاوسەرەکەیدایەو، بار بەلای ئەودا لارە.

دەرسی پێنجەم: ئاڵقەی چوارەمی بەسەرهاتی یوسوف دەگرێتە خۆی‌و، ئایەتەکانی: (٣٠ تا ٣٥) دەگرێتەوە، واتە: شەش (٦) ئایەت، لەم ئاڵقەی چوارەمەدا ئافرەتانی میسر (دیارە دەبێ ئافرەتانی تایبەت بووبن، کە سەروکاریان بووە لەگەڵ کۆشکی عەزیزی میسرو لەگەڵ هاوسەری عەزیزی میسردا) لە بەینی خۆیاندا گلەیی دەکەن: چۆن دەبێ ژنی عەزیز تەماع بکاتە غولامێکی خۆی‌و، هێندەی خۆش بوێ، داوای لێبکات کە خراپەی لەگەڵدا بکات؟! ئەویش کە بەو پیلانەیان دەزانێ، {بۆیە بە وشەی (مکر) پیلان، هێناویەتی، ڕەنگە ئافرەتەکان هەر مەبەستیان ئەوە بووبێ: هانی ئەو ژنە بدەن یوسوفیان پێشان بدات)، دیارە ئەویش کورسییانیان بۆ دادەنێ‌و، جۆرە میوەیەکیان بۆ دادەنێ کە پێویستیی بە چەقۆ بێ، بۆ ئەوەی سپی بکرێ، یان قاش قاش بکرێ، سەرو چەقۆشیان دەداتە دەست، ئنجا لەو کاتەدا کە ئەوان سەرگەرمی میوە خواردن، یاخود میوە قاش قاش کردنن، بە یوسوف دەڵێ: بچۆ بۆ لایان، تاکو خزمەتیان بکات، بۆ ئەوەی ببینن، کاتێك کە دەیبینن، زۆر سەرسام دەبن بە جوانیی‌و هەیبەتی یوسوف (عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)و، دەستی خۆیان لە تاوان دەبڕن، واتە: دەست‌و پەنجەی خۆیان لە تاوان برینداردەکەن، کە وا سەرنجیان دەچێتە سەر یوسوف، ئاگایان لە دەست‌و پەنجەی خۆیان نامێنێ‌و، دەشڵێن: ئەوە بەشەر نیە، بەڵکو ئەو فریشتەیەکی بەرێزە .

ئنجا ژنەکەی عەزیزیش دەڵێ: ئا ئەوە بوو کە سەرکۆنەی منتان لەسەری دەکرد، ئنجا دانی پێدا دێنێ، دەڵێ: من داوام لێ کردوە کە لەگەڵم جووت بێ، بەڵام ئەو خۆی پاراستوەو، ئەگەر ئەوەی من فەرمانی پێدەکەم، نەیکات، زیندانیی دەکرێ، یاخود زۆر زەبوون‌و ڕیسوا دەبێ، یوسوف ﷺ یش لە بەرانبەر ئەوەدا لە پەروەردگاری دەپارێتەوە، دەفەرموێ: من زیندانم پێ خۆشترەو لەوەی ئەوان منی بۆ بانگ دەکەن، ئەگەر تۆش پیلانی ئەوان لە من لانەدەی، ئەوە من بە لایاندا دەچم‌و لە نەفامانداد دەبم، پەروەردگاریشی وەڵامی ئەو پاڕانەوەی دەداتەوەو، پیلان‌و فێڵی ئەوانی لێ دوور دەخاتەوە، چونکە خوا بیسەری زانایە.

دوایش هەرچەندە ئەو هەموو نیشانانە دەبینن‌و، بۆیان دەردەکەوێ کە یوسوف پاك‌و بەرییە، بەڵام دیسان بڕیاری زیندانیی کردنی دەدەن، تاکو کاتێکی

نادیار، یانی: بۆ کاتێك کە کۆتاییەکەی دیار نیە، بۆ ئەوەی ئەو (قیل) و (قال)و دەنگو باسە، کۆتایی پێ بێ .

دەرسی شەشەم: ئاڵقەی پێنجەم لە بەسەرهاتی یوسوف دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٣٦ تا ٤٢)، واتە: حەوت (٧) ئایەت دەگرێتەوە، لەم ئاڵقەی پێنجەمەدا، باسی چوونە زیندانی یوسوف ﷺ دەکرێ، کە دوو کەسیش کە لەگەڵیدا هاوەڵ دەبن لە زینداندا، ئنجا یەکێکیان خەون دەبینێ: کە ترێی گوشیوەو شەرابی دروست کردوە، بۆ گەورەکەی خۆی، ئەوی دیکەشیان خەون دەبینێ: کە سینیە خواردنێکی لەسەر سەری داناوە، باڵندە لێیان خواردوەو، داوای لێ دەکەن کە ئەو دوو خەونەیان بۆ تەعبیر بکاتو، مانایەکانیان بۆ لێکبداتەوە، یوسوف ﷺیش ئەمە بە هەلێك دەزانێ، کە پێش ئەوەی خەونەکانیان بۆ تەعبیر بکات، بانگیان بکات بۆ خوا پەرستییو، تەنیا بەندایەتی بۆ خوا کردن، دیارە ئەوانە هاوبەش بۆ خوا دانەر بوون، ئیدی بەڵگەیان بۆ دێنێتەوە کە بێجگە لە خوا ﷻ هیچ کەسو هیچ شتێك شایستەی پەرست نیە، بۆشیان روون دەکاتەوە کە لەو خوا بە یەکگرتنەی دا، شوێن رێبازی بابو باپیری خۆی: ئیبراهیمو ئیسحاقو یەعقووب، کەوتوەو، بۆیان نیە هاوبەش بۆ خوا دابنێن، دوایی بەڵگەیان بۆ دێنێتەوە لەسەر پووچەڵیی شیركو، تەنیا راستیی، خوا بە یەکگرتن.

ئنجا دوایی دێتە سەر مانا لێکدانەوەی خەونەکەیان، یەکەمیان کە خەونی بینیوە ترێی گوشیوەو، شەرابی لێ دروست کردوە، پێی دەڵێ: تۆ بەردەدرێیو، دووبارە دەچیەوە سەر پیشەکەی خۆت: شەراب دەدەی بە گەورەکەی خۆت، بە هی دووەمیشیان دەڵێ: تۆش هەڵدەواسرێیو (إعدام) دەکرێی، سزا دەدرێی، باڵندەش لە گۆشتی کەللەی سەرت دەخۆن، پێشیان دەڵێ: خەونەکەتان تەواو بوو، مانایەکەی بەو شێوەیە، ئنجا بەوەیان کە دەزانێ، یاخود گومانی زاڵی وا دەبێ، کە دەربازی دەبێ، پێی دەڵێ: لەلای گەورەکەی خۆت باسم بکە، کە من لێرە بە زوڵم زیندانیی کراوم، واش پێدەچێ ئەو گەورەیەی ئەو کەسە شەرابی بۆ دروست دەکات، پیاوێکی پایەدار بووبێ، هەندێك دەڵێن: پادشای میسر بووە، کە عەزیز جێگری بووە، یاخود بەڕێوەبەری پۆلیس (مدير الشرطة)کەی بووە، بەڵام شەیتان لە بیری ئەو کابرایە دەباتەوە، کە باسی یوسوف بکات لەلای گەورەکەی

خۆی‌و، سەرەنجام یوسوف ﷺ چەند ساڵێکی دیکە بە زوڵم لەو زیندانە دەمێنێتەوە، ﴿فَلَبِثَ فِي ٱلسِّجۡنِ بِضۡعَ سِنِينَ ۝٤٢﴾، وشەی (بِضۡعَ)یش، دەڵێن: لە (٣ تاکو ٩) ساڵە، هەندێکیش دەڵێن: (٧) ساڵە .

دەرسی حەوتەم: ئاڵقەی شەشەم لە بەسەرهاتی یوسوف دەگرێتە خۆی‌و، ئایەتەکانی: (٤٣ تا ٤٩)، واتە: حەوت (٧) ئایەت، دەگرێتەوە لەو ئاڵقەی شەشەمەدا، باسی خەون بینینی پادشا دەکرێ، پادشای میسر، کە خەون دەبینێ: حەوت مانگای لەڕ، حەوت مانگای قەڵەو دەخۆن‌و، حەوت گوڵە گەنمی لەڕ (یانی: بێ هێزو پێز)، حەوت گوڵە گەنمی قەڵەو دەخۆن، ڕیش سپیی‌و دەستڕۆیشتووانی کۆڕو مەجلیسی خۆی کۆدەکاتەوە، دەڵێ: تەعبیری ئەو خەونەم بۆ بکەن، ئەوانیش دەڵێن: ئەوە خەونێکی تێکەڵ‌و پێکەڵەو، ئێمە شارەزای مانای خەونی تێکەڵ‌و پێکەڵ نین .

لێرەدا، لەو کاتەدا ئەو کابرایەی لە دوو کەسەکە، (دوو هاوەڵە زیندانییەکەی یوسوف) کە دەربازی دەبێ، دوای ماوەیەك، وە بیری دێتەوە دەڵێ: من هەواڵی تەعبیرو مانای ئەو خەونەتان پێ دەڵێم، بمنێرن، نەفەرێك هەیە لە زیندان کە مەبەستی پێ یوسوف ﷺە، ئەگەر پێی بڵێم‌و خەونەکەی بۆ باس بکەم، ئەو لە تەعبیری خەونان باش دەزانێ، ئیدی دەچێ‌و پێی دەڵێ: ئەی یوسوف! ئەی پیاوی ڕاست بێژ! هەواڵمان پێبدە، بە تەعبیری خەونێکی وا، کە حەوت مانگای لەڕ، حەوت مانگای قەڵەو دەخۆن‌و، حەوت گوڵە گەنمی وشك یان لەڕو بێهێزو پێز، حەوتی تەڕوتازە یان پڕ دان دەخۆن، دیارە یوسوفیش تەعبیری خەونەکەی بۆ دەکات‌و، لە هەمان کاتیشدا نەخشەشیان بۆ دادەنێ، دەڵێ: لەمەودوا حەوت ساڵی پڕ هات‌و بات‌و پڕ باران‌و بەرەکەت دێن، ئنجا ئەوەی کە لەو حەوت ساڵەدا بەرهەمی دێنن، لە دەغڵ‌و دان، هەڵیگرن لە گوڵەکەی خۆیدا، باشتر دەپارێزرێ، لەوەی کە لە بەین بچێ، دوایی حەوت ساڵی گرانیی‌و قات‌و قڕیی دێن‌و، ئەوەی لە حەوت ساڵی پێشوودا بەرهەمتان هێناوە، دەتوانن لەو حەوت ساڵە گرانیی‌و قات‌و قڕیی یەدا، سوودی لێ ببینن، دوایی ساڵی پازدەیەم: حەوت ساڵی هەرزانیی، دوایی حەوت ساڵی گرانیی، ئنجا ساڵی پازدەیەم، دووبارە دەرووی خێر

لە خەڵك دەگرێتەوەو، خوای پەروەردگار لە فریای خەڵكەكە دێ، بە دابەزاندنی ئاو لە سەریەوە .

دەرسی هەشتەم: ئاڵقەی حەوتەم دەگرێتە خۆی، ئایەتەكانی: (٥٠ تا ٥٧)، واتە: هەشت (٨) ئایەت، لە خۆی دەگرێ، لەم ئەڵقەی حەوتەمەشدا، پادشا دوای ئەوەی، ئەو كەسەی ناردوویەتی بۆ لای یوسوف، تەعبیری خەونەكەی بۆ دێنێتەوە، سەری سووڕدەمێنێ‌و پێی شتێكی زۆر عەجایب دەبێ، كە: خەونەكەی پەیوەندیی بە پازدە ساڵی داهاتووی وڵاتەكەیەوە هەیە! بۆیە دەڵێ: ئەم كابرایەم بۆ بێنن، یوسوفم بۆ بێنن، ئنجا دوای ئەوەی نوێنەرەكە دەچێ بۆ لای یوسوف ﷺ، یوسوف نایەتەدەر لە زیندان، دەڵێ: بگەڕێوە بۆ لای گەورەكەت، لێی بپرسە: ئەو ئافرەتانەی كە دەست‌و پەنجەی خۆیان بریندار كرد، لە كاتی میوە خواردندا، كە پەروەردگاری من بە فێڵەكەیان ئاگادارە، لێی بپرسە: ئەو ڕووداوە چی بووە؟! یوسوف دەیەوێ: بەر لەوەی لە زیندان بێتە دەرێ، سەرەتا خۆی تەبریە بكات‌و پاكییەكەی خۆی دەربخات، تاكو نیشانەی پرسیاری لەسەر نەبێ، دیارە پادشاش ئەو ئافرەتانە كۆدەكاتەوەو لێیان دەپرسێ: ئەو كارەی ئێوە چی بوو؟ ئەو كێشەیەی ئێوە چی بوو؟ كە ئێوە هەمووتان گەلە كۆمەكییتان لە دژی یوسوف دەكرد، داواتان لێدەكرد كە زیناتان لەگەڵدا بكات؟ ئەوانیش گوتیان: پاكیی بۆ خوا هیچ خراپەیەكمان لێ نەبینیوە، ژنەكەی عەزیزیش گوتی: ئێستا هەق دەركەوت: من دەست پێشخەرییم بۆ كرد، من داوام لێ كرد كە لەگەڵم جووت بێ، بۆیە ئەو لە ڕاستگۆیانە .

ئنجا یوسوف ﷺ دەڵێ: ئەوەم بۆیە كرد، تاكو بزانێ، (واتە: عەزیزی میسر بزانێ) كە من خیانەتم لێ نەكردوە، كاتێك ئەو لە ماڵ نەبووەو، بێگومان خوا ناهێڵێ فێڵی خیانەتكاران سەربگرێ .

پاشان یوسوف وەك خۆ بە كەمگرییەك دەڵێ: من خۆشم بە پاك دانانێم، نەفسی خۆم بە بێ گوناه دانانێم، چونكە نەفس زۆر فەرمان دەكات بە خراپە، مەگەر لە كاتێكدا كە پەروەردگاری بەزەیی پێیدا بێتەوەو لایبدات، بێگومان پەروەردگاری من لێبوردەی میهرەبان‌و بە بەزەییە .

ئینجا دووبارە پادشا ئیلحاح دەکات، دەڵێ: بۆم بێنن، ئەمن بە تایبەتی دەیکەم بە راوێژکاری خۆم، یاخود کاروباری تایبەتیی خۆمی پێ دەسپێرم، ئینجا کاتێک دێت و قسەی لەگەڵدا دەکات دەڵێ: تۆ لەلای ئێمە خاوەن پێگەو پێزی، تۆ بە ئەمیندارو دڵسۆز دەزانین، یوسف (عليه السلام)یش بۆی پێشنیار دەکات کە لەسەر عەمبارەکانی زەوی دایبنێ، واتە کاروباری ئابووریی پێ بسپێرێ، خۆشی بەدوو سیفەت بۆ ئەو پێناسە دەکات، دەڵێ: من پارێزەریشم و زاناشم.

ئینجا خوا دەفەرموێ: بەو شێوەیە ئێمە یوسفمان لەو وڵاتەدا کردە خاوەن پێگە، کە بۆ هەر شوێنێک ویستبای، دەیتوانی بچێ، واتە دەستی ئاوەڵا دەبێ لە میسردا، ئاوا بەو شێوەیە ئێمە بەزەیی خۆمان تووشی هەر کەسێک دەکەین کە بمانەوێ، پاداشتی چاکەکارانیش زایە ناکەین، بێگومان پاداشتی دوارۆژ بۆ ئەوانەی کە خاوەنی بڕواو پارێزکارین، باشترە لە هی دنیا.

دەرسی نۆیەم: ئاڵقەی هەشتەمی بەسەرهاتی یوسف (عليه السلام)، ئایەتەکانی (٥٨ تاکو ٦٢)، یانی: پێنج (٥) ئایەت دەگرێتە خۆی‌و، دەرسی نۆیەمی ئێمە پێکدێنێ، لەم ئاڵقەی هەشتەمەدا خوا ﷻ باسی برایەکانی یوسف (عليه السلام) دەکات، کە کاتێک قات‌و قڕیی‌و گرانیی بەسەر وڵاتدا دێ، دیارە لە حەوت ساڵی دووەمدا بووە، دێن بۆ میسر، بۆ ئەوەی کە باوباش‌و ئازووقە بکڕن لە میسرو بیبەنەوە، دەبیستن کە لە میسر دەغڵ‌و دان هەیە، پاشەکەوت کراوە، دیارە بە پێی نەخشەکەی یوسف (عليه السلام).

ئینجا کاتێک کە بارەکانیان بۆ بار دەکات واتە: دەغڵ‌و دان‌و زەخیرە دەبەنەوە، کە دیارە دەبێ دە (١٠) کەس بوون، هەرچەندە لێرەدا تەفاصیلی نەهاتووە، بەڵام بە پێی سیاقی ئایەتەکان دەزانرێ: یوسف دەبێ لێی پرسی بن: ئێوە کێن‌و لە کوێ دێن؟ ئێوە چەند کەسن؟ ئەوانیش گوتوویانە: ئێمە هەموومان دوازدە براین‌و برایەکی دیکەشمان لە ماڵی‌یە، هەڵبەتە ئەویش پرسیویەتی: بۆچی نەهاتووە؟ گوتوویانە: لەبەر ئەوەی برایەکی دیکەمان هەبووە، ئەو دوو برایەمان پێکەوە لە دایکێکن‌و، بابمان زۆری خۆشدەویستن، بەڵام ئەو برایەمان لەناوچوو، ئێستاش بابمان دڵی بەو برایەی دیکەمان خۆشە کە ناوی (بنیامین)ە‌و، برای ئەو برایە بزربووەمانە، دەبێ ئاوا تەفاصیلێکیان بۆ باس کردبێ.

چونکە یوسوف دەڵێ: دەبێ ئەو برایەتانەم بۆ بێنن، ئەگەر نەیهێنن، جارێکی دیکە مەیەنەوە بۆ لای من، بۆ باراش بردنو زەخیرە بردنو، توخنی وڵاتی ئێمە نەکەون !

ئەوانیش بەڵێنی پێدەدەن: هەوڵ لەگەڵ بابمان دەدەین کە لەگەڵمان ئیزنی بدات، دوایش یوسوف بە بەردەستەکانی، بەو گەنجانەی کە لەبەر دەستی دا کاریان کردوە، دەڵێ: نرخی باراشو زەخیرەکەی کە هێناویانە، بۆیان بخەنەوە نێو بارەکانیان، تاکو کە گەڕانەوە بیبیننو، جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ لامان !

دەرسی دەیەم: کە ئاڵقەی نۆیەم پێکدێنێ، ئایەتەکانی: (٦٣ تا ٦٨) واتە: شەش (٦)

ئایەت دەگرێتە خۆی، باسی ئەوەیە: کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ لای بابیان بە باراشەوەو، بارەکان دەخەنو ئیسراحەت دەکەنو، هەواڵی پێدەدەن کە ئێمە لێمان قەدەغە کراوە جارێکی دی بچین باراشو زەخیرە لە میسر بێنین، مەگەر برایەکەمان لەگەڵمان بنێرێ، واتە: بنیامینی برامان !

ئەویش دەڵێ: ئایا چۆن تێتان ڕا ببینمو متمانەتان پێبکەم، مەگەر هەر ئێوە نەبوون کە متمانەم پێکردن دەربارەی یوسوفو، بەو شێوەیە بەو دەردەتان برد!! بەڵام دوایی جۆرە ئومێدەوارییەکیان دەداتێ کە لەگەڵیان بنێرێ، لەبەر ئەوەی زۆر پێویستییان بە باراشو زەخیرە بووەو گرانیی بووە.

ئنجا کاتێك بارەکانیان دەکەنەوەو تەماشا دەکەن: نرخی باراشو زەخیرەکەیان خراوەتەوە نێو بارەکانیان، دەڵێن: ئەی بابە! ئێمە چی دیکەمان دەوێ؟ ئەوە نرخو پارەکە، یاخود کەلو پەلێ کە باراشەکەمان پێی کڕیوە، ئەو زەخیرەیەمان پێ کڕیوە، بۆمان نێردراوەتەوە، ئنجا ئەو برایەمان لەگەڵ بنێرە، بۆ ئەوەی زەخیرە بۆ ماڵو خێزانمان بێنینو، بەهۆی ئەو برایەشمانەوە، بارێکی دیکە زیاد دەکەین، چونکە ئەوەی پێشتر کەمە .

ئنجا بابیشیان: یەعقووب (عَلَيْهِ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) دەڵێ: لەگەڵتان نانێرم تاکو پەیمانم پێ نەدەن، مەگەر هیچ چارەتان نەبێو دەورتان بگیرێ، ئەگەرنا دەبێ پارێزگاریی لێ بکەنو بیهێننەوە .

ئنجا ئەوانیش بەڵێنی پێ دەدەن، دوایی بابیان ئامۆژگارییان دەکات، دەڵێ: هەمووتان لە دەرگایەکەوە مەچنە ژوور، بەڵکو لە چەند دەرگایەکی جیاوازەوە، بچنە شارەکەوە، دیارە میسریش وەك هەموو وڵاتانی دیکەی ئەو کاتە بووەو، هەموو دەوڵەتان شووراو دەروازەیان هەبووە، پێیان دەفەرموێ: لە چەند دەروازەیەکی جۆراو جۆرەوە بچنە ژوور، ئنجا ئایا لەبەر چاوو زار لێیان ترساوە، یاخود لەبەر باری ئەمنیی بووە بۆ ئەوە گومانی خراپیان پێ نەبردرێ؟ هەر چۆنی بێ: بە پێی ئامۆژگاریی بابیان لە چەند دەروازەیەکی جۆراو جۆرەوە دەچنە ژوور، خواش دەفەرموێ: ئەوە هەر شتێك بوو یەعقووب ویستی پێیان بڵێ، ئەگەرنا ئەوەی خوا بیەوێ، هەر ئەوە دێتە دی .

دەرسی <u>یازدەیەم</u>: کە ئاڵقەی دەیەمەو، ئایەتەکانی: (٦٩ تا ٧٩)، واتە: یازدە (١١) ئایەت دەگرێتە خۆی، لەم ئاڵقەیەی دەیەمەدا لە بەسەرهاتی یوسف ﷺ، باسی ئەوە دەکرێ، کە دوای ئەوەی برایەکان دەچن بۆ لای یوسف‌و، دەچنەوە بۆ هێنانی زادو زەخیرە، یوسف بنیامینی برای جیادەکاتەوەو، خۆی پێدەناسێنێ‌و، ئامۆژگاریی دەکات کە دڵ ناڕەحەت نەبێ .

ئنجا دوای ئەوە کە بارەکانیان بۆ ساز دەکات‌و زادو زەخیرەیان بۆ دەپێچنەوە، ئەو ڕبەیەی دەغڵەکەیان پێ پێواوە، ئەو ئامرازەی کە دەغڵەکەیان پێ پێواوە {کە هەم بە (سقایة) ناوی هاتوە، هەم بە (صواع)یش} ، دەیخاتە نێو باری برایە گچکەکەیانەوە، واتە: بنیامینی برای دایکیی‌و بابیی، ئنجا دوایی ڕادەگەیەنرێ‌و جارچییەك جاڕ دەدات، دەڵێ: ئێوە دزن‌و دزییتان کردوە، ئەوانیش دەڵێن: چیتان لێ ون بووە؟ دەڵێن: ئێمە ئەو ئامرازەی کە باراشەکەی پێ پێوراوە، بارەکانی پێ پێوراون، - کە وەك تەنەکەو ڕبەیەك وا بووە، بەناوی: (صواع)و (سقایة) هاتوە، ئەوەمان لێ ون بووە، کە ئەوەش دەفری تایبەتی پادشایە، هەندێك دەڵێن: لە زێڕ بووەو، هەندێك دەڵێن: لە زیو – ئنجا دەڵێ: هەر کەسێك ئەوەمان بۆ بێنێتەوە، من بارێك زەخیرەی بە خەڵات دەدەمێ، ئەوانیش دەڵێن: بۆ خۆتان دەزانن : ئێمە نەهاتووین خراپەکاریی لە زەویدا بکەین‌و، جاری دووەممانە دێین‌و، ئێمە قەت دز نەبووین، ئەوانیش دەڵێن: ئەو کەسە سزای چییە، ئەگەر ئێوە درۆتان کرد، ئەگەر ئەو دەفرە دزراوە لە باری

یەکێک لە ئەوانە، بۆیە ئێوە دەڵێن: هەر کەسێک لە بارەکەیدا بدۆزرایەوە، خۆی دەبێتە پاداشتی، واتە دەبێتە کۆیلەی ئەو کەسەی کە دزییەکەی لێکراوە، کە بەو پێیە دینی یەعقوب سزای دزی وابووە. ئەوان خۆیان ئەم جۆرە سزایە دیاری دەکەن. کە سزایەکی قورسە وەک داکۆکی کردن لەسەر ئەوەی کە ئەوان بەرین لەو تۆمەتە، بەو شێوەیە سزای ستەمکاران دەدەینەوە.

ئنجا دەست دەکات بە پشکنینی بارەکانیان، پێشی باری هەموویان دەپشکنی، تێیاندا نابێ، دوایی دێتە سەر باری بنیامین، کە دەیپشکنی، دەبینن لەوێ دایە، کە دیارە بە رێککەوتن لە نێوان یوسف و بنیامیندا ئەو تەگبیرە کراوە.

ئنجا خوا عزوجل دەفەرموێ: ئاوا بەو شێوەیە نەخشەمان بۆ یوسف دانا، چونکە بە پێی بەرنامەو یاسای پادشای میسر، بۆیان نەبوو بیکەنە کۆیلە، رەنگە سزایەکەی زیندانی کردن بووبێ، یان سزایەکی دیکە بووبێ، بۆ وێنە: غەرامەیەکی دارایی بووبێ، بەڵام بە پێی دینی یەعقوب، یان ئیجتیهادی ئەو دە (۱۰) کوڕەی، ئەو کاتە هەر کەسێک دزی لە کەسێک کردبایە، دەبوو بە کۆیلەی ئەو کەسە کە دزی لێ کراوە، ئەوانیش دەڵێن: ئەگەر دزی بکات ئەوە دزی کرد بەڕاستی ئەوە برایەکیشی پێشتر خۆی هەر دزی کردووە، کە مەبەستیان پێی (یوسف)ە، بەڵام یوسف ئەوەی لە دڵی خۆیدا پەنهان دەکات، کە دیارە تۆمەتێکە پێی دەکەن و دەڵێن: ئێوە زۆر خەڵکی خراپن، بەڵام لە بەر خۆیەوە ئەوە دەڵێ: خوا زاناترە بەوەی کە ئێوە دەیڵێن.

ئەوانیش تەکلیفی لێ دەکەن، دەڵێن: ئەی عەزیز! باوکێکی پیری بە تەمەنی بە ساڵداچووی هەیە، یەکێک لە ئێمە لە جێی ئەو بگرە، ئێمە دەبینین تۆ لە چاکەکارانی، واتە مۆڵەتی ئەو بدە، بەڵام یوسف ئەڵێ: پەنا بە خوا، کە ئێمە جگە لەو کەسەی کەلوپەلی خۆمانمان لە بارەکەی ئەودا دۆزیوەتەوە، کەسێکی دیکە گل بدەینەوە، کە یەکێکی دیکە بگرین و بیکەینە کۆیلە، ئەگەر وا بکەین، ئێمە لە ستەمکاران دەبین، بۆیەش نالێ: جگە لەو کەسەی کە دزی کردووە، چونکە دزی نەکردووە، بەڵکو دەڵێ: جگە لەو کەسەی کە شتەکانی خۆمانمان لە لای ئەو دۆزیوەتەوە، بەڵام لەو شێوەیە راست بووە، دوایی دەڵێ: ئەگەر جگە لەو گل بدەینەوە و سزا بیدەین، لەو کاتەدا ئێمە لە ستەمکاران دەبین ...

ئەڵقەی دوازدەیەم: کە ئەڵقەی دەیەمی بەسەرهاتی یوسوفە عليه السلام، دەگرێتەوە ئاوای ئایەتەکانی (٨٠ تا ٨٧)، واتە هەشت (٨) ئایەت دەگرێتەوە، باسی ئەوەیە کە دوای ئەوەی برایەکانی یوسوف عليه السلام نائومێد دەبن، لەوەی یەکێک لەوان لەجیاتی (بنیامین) گل بدائەوە، لە سزای ئەوەدا کە ئەو دەفرەی زەخیرەکەی پێ پێوراوە کە دەفرێکی تایبەتی پادشا بووە، لە بارەکەی دا دۆزراوەتەوە، لە سزای ئەوەدا بە پێی دینی یەعقووب عليه السلام کە یوسوف گوتوویەتی: چی دەبێ بکەین و سزاکەی چییە؟ ئەوانیش بە پێی دینی خۆیان کە بە حوکمی شەریعەتی یەعقووب ئەوە بووە: هەر کەسێک دزی لە کەسێک بکات، دەبێ ببێتە کۆیلە لەلای ئەو کەسە، ئنجا ئایا بۆ ماوەی هەتا هەتایە، یاخود بۆ ماوەی چەند ساڵێک؟ الله أعلم.

وەک پێشتریش گوتمان دەشگونجێ ئەو جۆرە سزایە تەنیا پێشنیاری برایەکانی یوسوف بووبێ و، هیچ پەیوەندیی بە ئایینی یەعقووب و شەریعەتەکەیەوە نەبووبێ، من ئەم رایەم پێ پەسەندە.

دوای ئەوەی کە لێی نائومێد دەبن، جێگۆڕکە بەو برایە بکات و یەکێکی دیکە بێنێتە شوێنی، لەبەر دڵی بابیان، لەبەر خۆیانەوە کۆبوونەوە دەکەن و دەدوێن، بەڵام گەورەکەیان - ئەوەی لە هەموویان بە تەمەنترە - بە سەرزەنشت کردنەوە بە برایەکانی دەڵێ: بۆ خۆتان دەزانن! کە کاتی خۆی بابتان چەپەیمانێکی پتەوی لێ وەرگرتن، پێشتریش کەمتەرخەمییتان کرد دەربارەی یوسوف، کە نەتانپاراست، بەڵکو خستتانە بیرو چاڵەوە، ئێستاش من ئەم سەر زەمینەی میسر بەجێ ناهێڵم هەتا یان بابم مۆڵەتم دەدا کە بگەڕێمەوە بۆ لای، یاخود خوا ﷻ دەروویەکەم لێ دەکاتەوەو خواش باشترین بریاردەرو باشترین دەروو لێکەرەوەیە، ئنجا ئامۆژگارییان دەکات دەڵێ: بگەڕێنەوە بۆ لای بابتان، پێی بڵێن: بە پێی ئەوەی کە ئێمە بینیمان کوڕەکەت دزیی کردووە، ئێمە هەر شایەدیی لەسەر ئەوە دەدەین کە خۆمان زانیومانە، بەڵام نازانین دیوی پەنهانی شتەکان چۆنە، پارێزەر نین بۆ ئەوەو، نازانین چی لە ئارادا هەیە؟ چونکە لە تەفسیرەکاندا هاتوە: دوای ئەوەی کە ئەو دەفرە لە باری بنیامیندا دەدۆزرێتەوە، برایەکانی سەرزەنشتی دەکەن، دەڵێن: بۆچی وات کردوە؟ دەڵێ: من وام نەکردوە، دەڵێن: ئەدی کێ خستوویەتە نێو بارەکەی تۆوە؟ دەڵێ: ئەو کەسەی کە جاری یەکەم پارەکەی خستبۆوە نێو بارەکانتان، هەر ئەویش ئەوەی خستۆتە نێو

بارەکەی منەوەو، من نازانم چۆنە! بۆیەش زۆر بە جەزمیی نالێن: کوڕەکەی تۆ دزیی کردوە، بەڵکو دەڵێن: ئێمە ئاگاداری پەنهان نین، بەلام بە ڕواڵەت، لە باری وی دابووە، پرسیاریش بکەن لە خەڵکی ئەو شارە، کە ئێمە تێیدا بووین، لەو کاروانەش بپرسن کە ئێمە لەگەڵیدا بووین، کە دیارە هەر ئەو دە (١٠) کوڕە نەبوون‌و، خەڵکی مەنتیقەکە بە گشتیی بوون، کوڕانی یەعقووبیش یازدە (١١) بار بوون بە (بنیامین)ەوە، ئنجا کە ئاوا دەڵێن، یەعقووب ﷺیش دەڵێ: بەڵکو نەفستان شتێکی بۆ ڕازاندوونەوەو، ئەومتان کردوە، منیش بە شێوەیەکی زۆر جوان خۆم ڕادەگرم، زۆر نیزیکە خواش ﷻ هەموویانم پێکەوە بۆ بێنێتەوەو، بە هەموویانم شاد بکاتەوە، بێگومان خوا زانای کاربەجێیە .

ئنجا پشتییان تێدەکات‌و دەڕوات‌و، زۆر خەفەت بۆ یوسوف دەخواو، لە پەژارەییان چاوی سپی دەبن، یانی: زۆر خەفەتبار دەبێ‌و، نەخۆشیی چاو سپێتیی بەسەردا دێ، کە هەندێك دەڵێن: بریتی بووە لە کوێریی، ئەوانیش گلەیی لێدەکەن دەڵێن: تۆ بەردەوام هەر باسی یوسوف دەکەی! تاکو زۆر کەنەفت دەبی، یاخود لە بەین دەچی، واتە: گلەیی لێدەکەن، دەڵێن: تۆ بۆچی ئەوەندە خەفەتی بۆ دەخۆی؟ ئەویش دەڵێ: من خەفەت‌و پەژارەی خۆم تەنیا بۆ لای خوا دەردەبڕم‌و، ئەوەی من دەیزانم، ئێوە نایزانن.

ئنجا ئامۆژگارییان دەکات‌و دەڵێ: ڕۆڵەکانم! بچن لە یوسوف‌و لە برایەکەی بگەڕێن‌و، لە بەزەیی خوا نائومێد مەبن، لە فەرەحنایی خوا، لە دەرووی خوا، نائومێد مەبن، چونکە تەنیا کۆمەڵی بێبڕوایان لە بەزەیی خوا نائومێد دەبن .

<u>**دەرسی سێزدەیەم:**</u> کە ئاڵقەی دوازدەیەمی بەسەرهاتی یوسوف دەگرێتە خۆی‌و، ئایەتەکانی: (٨٨ تاکو ٩٨) واتە: یازدە (١١) ئایەت، دەگرێتەوە، لەم یازدە (١١) ئایەتەدا بۆ جاری سێیەم باسی چوونەوەی کوڕەکانی یەعقووب ﷺ دەکات بۆ میسر، کە ئەو کات، تەنیا نۆ (٩) برا ماونەوە :

١- یوسوف لەوێیە .

٢- بنیامینی براشی لەلای خۆی گل داوەتەوە، لە بەرانبەر ئەو دەفرەدا کە لە بارەکەیدا دۆزراوەتەوە .

٣- برایە گەورەکەشیان کە لە پەیمانی گۆندا دەڵێ: ناوی (رۆوبین) بووە، ئەویش دیارە هەر لەوێ نەچۆتەوە، مانای وایە (١٢- ٣ = ٩) نۆ کەسیان ماونەوە.

ئنجا کاتێك ئەو نۆ برایە دەچنەوە، پێی دەڵێن: ئەی عەزیز! ئێمە ماڵو کەسو کارمان زۆر تووشی هەژارییو نەداریی بوون، {دیارە گرانییەکە حەوت (٧) ساڵی رەبەق درێژەی کێشاوە} ، ئێستاش نرخێکی کەممان هێناوە، بەڵام تۆ بە پێی نرخی چاك بارەکانمان بۆ تەواو بکە، چاکەشمان لەگەڵدا بکە! بێگومان خوا پاداشتی چاکەکاران دەداتەوە، وادیارە مەبەستیان لەوە کە دەڵێن: چاکەمان لەگەڵدا بکە! واتە: ئەو برایەمان لەگەڵ بنێرەوەو بماندەوە .

ئنجا یوسوف ﷺ چی دیکە تەحەممول ناکات، خۆیان لێ نەناس بکات، بۆیە خۆییان پێ دەناسێنێو پێیان دەڵێ: ئایا لە یادتتانە چیتان بە یوسوفو برایەکەی کرد؟! کە ئێوە ئەو کاتە نەزانو نەفام بوون، کە ئەوە جۆرێك لە پۆزش بۆ هێنانەوەشیانە، واتە: ئێوە نەفام بوون، دەنا واتان نەدەکرد، ئەوانیش دەڵێن: ئایا تۆ یوسوفی؟! دەڵێ: بەڵێ، من یوسوفم ئەمەش برایەکەمە، خوا چاکەی لەگەڵماندا کردوە، هەر کەسێك پارێزکار بێو، خۆڕاگربێ، بێگومان خوا پاداشتی چاکەکاران زایە ناکات، ئەوانیش دانی پێدا دێننو دەڵێن: سوێند بە خوا، خوا تۆی بەسەر ئێمەدا هەڵبژاردوەو ئێمە خەتابار بووین، واتە: تۆ شایستەتر بووی کە خوا هەڵتبژێری، ئێمەش کاتێك حەسوودییمان پێ بردی، خەتابار بووین، ئەویش دەڵێ: ئەمڕۆ هیچ گلەییەکتان لێ ناکەم، خوا لێتان ببووری، خواش بە بەزەییترینی بە بەزەییانە، ئەم کراسەم بەرن بەسەر دەمو چاوی بابمی دابدەن، تاکو دووبارە چاوی چاك بنەوە، لەو نەخۆشییەو، هەموو خزمو کەسوکارەکەشتان بێنن، ماڵو منداڵەکانیشتان بێنن .

ئنجا کاتێك کە کاروانەکە جیادەبێتەوەو دەڕوات، بابیان هەر لەوێوە، - لەسەر زەمینی کەنعانەوە،- دەڵێ: من بۆنی یوسوف دەکەم، ئەگەر بە بەهەڵەداچووم لە قەڵەم نەدەن، ئەوانیش دەڵێن: بە خوا تۆ هەر لە بەهەڵە داچوونی پێشێت دای، بەڵام کاتێك کە مژدەدەر دێو کراسەکە بە چاوی یەعقووب دەداو، چاوی چاك دەبنەوە، پێیان دەڵێ: ئایا پێم نەگوتن: ئەوەی لە لایەن خواوە دەیزانم، ئێوە نایزانن ؟

ئەوانیش دەڵێن: ئەی باب داوای لێبوردنمان بۆ بکە لە گوناهەکانمان، بێگومان ئێمە خەتابار بووین.

ئەویش دەفەرموێ: لەمەو دوا داوای لێبووردنتان بۆ لە پەروەردگارم دەکەم، بێگومان هەر ئەو لێبوردەو بە بەزەییە.

دەرسی چوارەمیە: کە دەبێتە ئالقەی سێزدەمیەمو کۆتایی لە بەسەرهاتی یوسف ـ علیه السلام ـ ئایەتەکانی: (٩٩ تا ١٠١)، واتە سێ (٣) ئایەتە دەگرێتەوە، باسی دوا ئالقەی بەسەرهاتی یوسف ـ علیه السلام ـ کە لە قورئاندا گێڕدراوەتەوە، کە ئەمجارە کوڕەکانی یەعقووب بۆ جاری چوارەم دەچنەوە بۆ میسرو باب و دایکی یوسفیش و، چەند خێزانی بوون، هەموویان و، هەموو خێزەو کەسیان، کە لە پەیمانی کۆندا دەڵێ: هەفتا هەشتا کەس بوون، هەموویان دەچن بۆ میسرو لە دەروازەی کۆشک دەچنە ژوورو، لە یوسف ـ علیه السلام ـ وە ژوور دەکەون، ئەویش دەڵێ: وەرنە نێو میسرەوە بە مۆڵەتی خوا بە ویستی خوا، وەرن بە دڵنیاییەوە، ئنجا باب و دایکی دەباتە سەر تەختی حوکمڕانیی، بارەگای عەرشی، واتە: ئەو تەختەی حوکمڕانیی کە لەسەری دانیشتوە، پاشان هەموویان، واتە: هەم باب و دایکی و، هەم یازدە برایەکەی، کڕنووشی بۆ دەبەن

کە بە تەئکید لێرەدا مەبەست لە کڕنووش واتە: بە جۆرێك سڵاوی لێدەکەن کە ناوی لێنراوە سەجدە، کە ئێمە دواتر بە تەفصیل باسی دەکەین و، بێگومان مەبەست کڕنووشی عیبادەت نیە، چونکە کڕنووشی عیبادەت، تەنیا بۆ خوا دەبردرێ، یەعقووب ـ علیه السلام ـ و یوسف کە دوو پێغەمبەری پایە بەرزی خوان، بە تەئکید قبووڵ ناکەن سەجدە بۆ غەیری خوا ببردرێ، وەك دوایی باسی دەکەین: وشەی (سجدة) لە بەکارهێنانی قورئانداو لە زمانی عەرەبییشدا: بۆ هەر کام لە :

١- دەست بە سینگەوە گرتن.

٢- ڕێز لێگرتن.

٣- سڵاو کردن.

٤- جۆرێك لە چەمینەوە، بەکاردێ و مەرج نیە سەر بخرێتە سەر زەوی، ئنجا پێی بگوترێ: سەجدە، چونکە خوای پەروەردگار باسی سەجدەی دارو درەخت دەکات،

کە سێبەرەکەیان لەسەر زەوییەو باسی چەمینەوەی دارو درەخت دەکات، بە لای ڕاستو چەپ دا، کە با دەیهێنێو دەیجوولێنێ، کە دیارە ئەوەش مەبەست پێ چەمینەوەو جۆرێك لە لار بوونەوەیە.

ئنجا یوسوف ﷺ لێرەدا بە بابی دەڵێ: بابە گیان! ئا ئەوە ماناو سەرەنجامی ئەو خەونەمە کە پێشتر بینیبووم، ئێستا پەروەردگارم خەونەکەمی بە ڕاست گێڕا .

کە زۆر لە زانایان دەڵێن: لە نێوان هاتنەدی ئەو خەونەو، واتە: سەرەنجامەکەی کە هاتۆتە دیو دەرکەوتوەو، خەون بینینەکەدا: چل (٤٠)ساڵی ڕەبەق بووە، چونکە یوسوف بە منداڵیی خەونەکەی بینیوە، بەڵام کاتێك کە تەعبیرەکەی هاتۆتە دی، گەورە بووە ! (تأويل)یش بە مانای سەرەنجامە، لە (أَوْلَ)ەوە هاتوە، (آلَ يَؤُلُ أَوْلاً)، واتە: (رَجَعَ، يَرْجِعُ، رُجُوعَاً)، یانی: ئەو سەرەنجامەی کە لە شتێك دەردەکەوێو، لێرەدا: (تأويل)، یانی: گێڕانەوەی خەون بۆ ئەو سەرەنجامەی کە تێیدا دێتە دی، دەڵێ: ئەوە سەرەنجامی خەونەکەمە، خوای پەروەردگارم بەڕاستی گێڕا .

ئنجا یوسوف ﷺ زۆر بە نەزاکەتو نەجابەتەوە دەڵێ: پەروەردگارم چاکەی لەگەڵ مندا کرد، کە منی لە زیندان دەرهێنا، باسی بیرەکە ناکات، بۆ ئەوەی دڵی برایەکانی ئازار نەداو، ئیحراجیان نەکاتو شەرمەزاریان نەکات، بەڵکو باسی ئەوە دەکات کە خوای پەروەردگار چاکەی لەگەڵ کردوەو لە زیندان دەریهێناوە، کە تۆمەتی پێکرا بوو، هەروەها دەڵێ: خوا چاکەی لەگەڵ مندا کردوە کە ئێوەشی لە بیابانەوە هێنا، دوای ئەوەی کە شەیتان بەینی منو برایەکانمی تێکدا، لێرەش دا خۆی پێش دەخات، دەڵێ: شەیتان بەینی منو برایەکانمی تێکدا! بێگومان پەروەردگارم بۆ هەر کارێك بیەوێ، زۆر پەنهانکارو لێزانە، هەر ئەو زانای کاربەجێیە .

ئنجا لە پەروەردگاری دەپاڕێتەوەو، دەفەرموێ: ئەی پەروەردگارم! تۆ هەم حوکمڕانییت بە من داوەو دەست ڕۆیشتووت کردووم، هەم لە مانای لێکدانەوەی خەونانت فێر کردوومو، مانای لێکدانەوەی هەر قسەیەکت فێر کردووم، کە لە مەرامەکەیو لە مەبەستەکەی تێبگەم .

چونکە (أَحَادِيث) کە کۆی (حَدِيث)ە، مەرج نیە تەنیا بە مانای خەون بێ، بەڵکو هەر قسەیەکە کەسێك دەیکات، ئەگەر تۆ مەبەستەکەی پشتەوەی بزانی، ئەوە شتێکی گرنگە، یوسوف ﷺ بەو شێوەیە بووە، یاخود مەبەستی لە: (تأويل الأحاديث) یانی: فەرمایشتەکانی خوا، وەحییو پەیامی خوا، چاك لە مەبەستو ماناو مەرامەکەی تێبگەی، ئنجا دەفەرموێ: ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەوی! تۆ سەرپەرشتیارمی لە دنیاو دوا ڕۆژدا، بە ملکەچیی بممرێنەو، وە دەگەڵ صاڵحانو چاکانم بخە .

ئەمە سێزدە (١٣) ئاڵقەکە، کە زنجیرەی بەسەرهاتی یوسوف ﷺ لە قورئاندا پێکدێنن .

<u>دەرسی پازدەیەمو کۆتایی</u>: ئەنجامگیریی: کە ئەمیش دە (١٠) ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (١٠٢ تا ١١١)، واتە: کۆتا ئایەتەکانی سوورەتی یوسوف، کە خوا ﷻ لەم دە (١٠) ئایەتەدا سەرەتا، ڕوو لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکات، کە ئەوانە لە هەواڵەکانی نادیارن، بۆ تۆمان سروش کردوون، واتە: نە خۆت زانیوتن، نە کۆمەڵگاو دەوروبەرەکەت، نە هیچ کەس ئاوا نەیزانیوە، دوایی دەفەرموێ: تۆ لە لایان نەبووی کاتێك کە هەموویان لەسەر ئەو پیلانە کۆبوونەوە، کە بریتی بوو لەوەی یوسوف ﷺ لە بابی دابڕن، بیکوژن، یاخود بیخەنە چاڵو بیرێکەوە، کە دوایی ئەوەی دووەمیان کرد، تۆ لەوێ نەبووی، کەواتە: ئەو هەموو وردەکارییانە کە خوا ﷻ بەیانی کردوون، کە مەرج نیە لە کتێبە پێشووەکانیشدا بەو شێوەیە بووبن، کە ئێمە ئێستا تەماشای پەیمانی کۆن دەکەین، زۆر حاڵەتی دەروونیی، وەك: هاندەری یوسوف کە ئەوەی گوتوەو، هاندەری وان کە وایان کردوەو، هاندەری عەزیزی میسر، کە فڵان قسەیەی کردوەو، هاندەری ئافرەتەکە کە بوختانی بە یوسوف کردو... هتد، ئەو هەموو وردەکارییانە، کە تەنیا خوا پێیان ئاگادار بووە، لە پەیمانی کۆندا نین .

دوایی دەفەرموێ: تۆش هەرچەندە بتەوێو سوور بی، زۆربەی خەڵکی هەر ئیمان ناهێنن، ئەگەرنا دەبوو هەر بەوە کە تۆ بەسەرهاتێکی وەك ئەم بەسەرهاتەی یوسوفیان بۆ دەخوێنیەوە، بەو هەموو وردەکارییەوە، کە خۆشت نەخوێندەواری، گەلەکەشت نە شارەزاو نەخوێندەوارن، کە ئەم بەسەرهات

گێڕانەوەیە لە هێڵە گشتییەکانیدا، ڕێك وەك ئەوەیە کە لە پەیمانی کۆندا هاتوە، کە لەلای خاوەن کتێبەکانە، دەبوو هەر ئەوە بکەنە بەڵگە لەسەر ئەوە کە تۆ پێغەمبەر خوای ﷺ، بەڵکو زۆر لایەنی پەنهان کە لە قورئاندا باس دەکرێن، لە بەسەرهاتەکان، لە کتێبە پێشووەکاندا نین، یاخود لە وێدا بە هەڵە باسکراون و دەستکاریی کراون، قورئان ئەوانەش ڕاست دەکاتەوە .

دوایی دەفەرموێ: تۆ لە بەرانبەر ئەوەدا کە پەیامی خوایان پێ دەگەیەنی، هیچ کرێ و پاداشتیان لێ داوا ناکەی، چونکە ئەوە هەر بیرخەرەوەیە بۆ هەموو جیهانییان، دوایی خوا ﷻ باسی ئەوە دەکات کە زۆر نیشانە هەن لە ئاسمانەکان و زەویدا، ئەو بێبڕوایانە بە لایاندا ڕەت دەبن، بەڵام وەك پشتیان تێ بکەن، بە چاوی عەقڵ و دڵ سەرنجیان نادەن و، پەندیان لێ وەرناگرن و، وەك نیشانەی خوا مامەڵەیان لەگەڵدا ناکەن .

دوایی دەفەرموێ: زۆربەشیان بڕوا بە خوا ناهێنن، مەگەر هاوبەش بۆ خوا دانەربن، واتە: کاتێك کە دان بە بوونی خوادا دێنن، شیرکی دەخەنەگەڵ، دان بە بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگاریێتیی و خاوەنداریێتیی خوادا دێنن، بەڵام لە بەندایەتیی کردن و لە پەرستنی خوادا، هاوبەشان پەیدا دەکەن، هاوبەش بۆ خوا دادەنێن .

دوایی خوا ﷻ هەڕەشەیان لێ دەکات و دەفەرموێ: ئایا دڵنیان لەوەی کە داپۆشەرێك لە سزای خوا بۆیان بێ، هەورێك بەڵایەك کە دایانبپۆشێ، دڵنیان لەوەی کە بەڵایەکی وایان بۆ بێ، یاخود (سَاعَة) واتە: ئاخیر زەمان کتوپڕ بێ و، ئەو دنیایە تێکبچێ بەسەریاندا، بێ ئەوەی ئەوان هەستی پێ بکەن، ئایا دڵنیان ؟!

دوایی بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: بڵێ، ئا ئەمە ڕێبازی منە، خۆم و ئەوانەی کە شوێنم کەوتوون لەبەر ڕۆشنایی دا بەرەو خوا بانگەواز دەکەین، پاکیی بۆ خوا، من لە هاوبەش بۆ خوا دانەران نیم .

پاشان خوا ئەو ڕاستییە ڕادەگەیەنێ و دەفەرموێ: لە پێش تۆدا بەس پیاوانمان بە پێغەمبەر ڕەوانە کردوون، لە خەڵکی شارە قەڵەباڵغەکان، واتە: نە ئافرەتمان ناردوون، نە خەڵکی لادێ و بیابان نشینیشمان ناردوە، چونکە دەبێ کەسانێك ببنە نوێنەری خوا، کە عەقڵ و هۆشێکی هۆشیارو دڵێکی بێداریان هەبێ و،

لە نێو قەڵەباڵغیی دا ژیابن و، بە عادەت و نەریتی خەڵك شارەزا بن، ئنجا پیاوانیش زیاتر دیارە شایستەن کە ئەو باری قورسی پێغەمبەرایەتییە هەڵبگرن .

دوایی دەفەرموێ: ئایا بە زەویدا نەڕۆیشتوون کە سەرنج بدەن: سەرەنجامی ئەوانەی پێش ئەوان چۆن بووە، تاکو پەندیان لێوەربگرن؟! بێگومان مەنزڵگای دوا ڕۆژ باشترە بۆ کەسانێك کە پارێز دەکەن، ئایا نافامن ؟!

دوایی لە میانی باسی بەسەرهاتی پێغەمبەراندا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) دەفەرموێ: پێغەمبەران بەردەوام بوون، هەتا کاتێك کە پێغەمبەران نائومێد بوون، واتە: نائومێد بوون لەوەی کە گەلەکانیان بڕوا بێنن و، گومانیان وابوو، واتە: خەڵکەکەش گومانیان وابوو کە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) درۆیان لەگەڵ کراوە، کە گوتراوە: گەلەکانیان سزا دەدرێن، ئەگەر ئیمان نەهێنن، ئەمە واتایەکی، چەند واتایەکی دیکەشی هەن، کە دوایی باسیان دەکەین، ئا لەو حاڵەتەدا کە پێغەمبەران نائومێد بوون، لە ئیمان هێنانی خەڵکەکانیان، خەڵکەکەش گومانیان وابوو، یاخود یەقینیان وابوو کە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) درۆیان لەگەڵدا کراوە، لە لایەن خواوە، هیچ سزا نادرێن لەسەر ئەوەی کە بڕوا ناهێنن، ئا لەو حاڵەتەدا: ﴿جَآءَهُمْ نَصْرُنَا ﴿١١٠﴾﴾یوسف، یارمەتیی و هاوکاریی ئێمەیان بۆ هات و، ئەوانەش کە ویستمان، دەرباز کران، چونکە بێگومان سزای ئێمە لە کۆمەڵی تاوانباران، بەرپەرچ نادرێتەوە .

لە کۆتایی دا خوا ﷻ دەفەرموێ: بێگومان لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی پێشووەکاندا: پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) گەل و کۆمەڵگایەکانیاندا، پەند هەیە بۆ خاوەن عەقڵان، ئنجا ئەم قورئانەش ئەو بەسەرهاتانە کە خوا دەیانگێڕێتەوە، قسەیەك نیە، کە هەڵبەسترابێ، بەڵکو بە ڕاست دانەری کتێبە پێشووەکانە، ئەوانەی لە پێش دا ڕابردوون، هەروەها ڕوونکەرەوەی هەموو شتێکە کە ژیانی بەشەر پێویستیی پێی بێ و، ڕێنمایی و بەزەییە، بۆ کۆمەڵێك کە بڕوا بێنن .

ئەمەش پێناسەو خستنە ڕووی نێوەڕۆکی سوورەتی یوسف عليه السلام بوو.

چەند زانیارییەك لە بارەی یوسوف و باب و براکانییەوە

چەند زانیارییەك لەبارەی یوسف و بابی و برایەكانیەوە

بەرلەوەی دەست بكەین بە توێژینەوەی ئایەتەكان، پێویستە چەند زانیارییەكیش بخەینە ڕوو، كە دیارە ئەو زانیارییانە زیاتر لە پەیمانی كۆن، لەوێشدا لە تەوراتو بەتایبەت لە (سفرِ التكوین) بە پلەی یەكەم وەردەگیرێن :

یەكەم: ڕەچەڵەكی یوسف عليه السلام:

لە (صحیح البخاري)دا هاتوە، كە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی یوسف فەرموویەتی: {الْكَرِيمِ ابْنِ الْكَرِيمِ ابْنِ الْكَرِيمِ: يوسف ابْنُ يَعْقُوب ابْن إِسْحَاق ابْن إِبْرَاهِيم} (البخاري برقم: (٣٣٨٢)).

واتە: بەڕێزی كوڕی بەڕێزی كوڕی بەڕێز، یوسوفی كوڕی یەعقووبی كوڕی ئیسحاقی كوڕی ئیبراهیم (علیهم الصلاة والسلام).

دیارە یوسوف كوڕی یەعقووب بووە، یەعقووبیش كوڕی ئیسحاقە، ئیسحاقیش كوڕی ئیبراهیمە، ئیبراهیم (خَلِيلُ الله) صەڵاتو سەلامی خوا لەسەر هەموویان بێ.

دووەم: ناوی برایەكانی یوسوف:

یەعقووب عليه السلام وەك لە پەیمانی كۆندا هاتوە، لە سووڕەتی یوسوفیشدا هەر ئاماژەكە دەیگرێتەوە، كە جگە لە یوسوف یازدە (١١) كوڕی بوون، چونكە بەپێی خەونەكەی یوسوف عليه السلام، كە دەفەرمویٚ: ﴿إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ

وَٱلْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَٰجِدِينَ ﴿٤﴾ ﴾ یوسف، دوایش كە دەفەرموێ: ﴿ وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى ٱلْعَرْشِ وَخَرُّوا۟ لَهُۥ سُجَّدًا ۖ وَقَالَ يَٰٓأَبَتِ هَٰذَا تَأْوِيلُ رُءْيَٰىَ مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّى حَقًّا ﴿١٠٠﴾ ﴾ یوسف، كە دیارە مانگو خۆر بابو دایكەكەینی، یازدە (١١) ئەستێرەكەش، یازدە (١١) برایەكاننی، كەواتە: دەبێ یەعقووب جگە لە یوسوف ، یازدە (١١) كوڕی بووبن .

ئنجا ناوەكانیان لە قورئاندا نەهاتوون، لەبەر ئەوەی هیچ حیكمەتێك بەوە نایەتە دی، بەڵام لە پەیمانی كۆن، لە (سِفر التكوین) لە (إصحاح)ی (٢٩ و ٣٠)[١] لە لاپەڕەكانی (٧٨، ٧٩، ٨٠) درێژەیەكی داوە، دەربارەی كوڕەكانی یەعقووب ﷺ و بەم شێوە ناوەكانی هێناون:

١) راؤبین .

٢) شمعون .

٣) لاوي .

٤) یهوذا .

٥) یسَّاكر .

٦) زبولونا .

ئەم شەش كوڕە لە (لیئة) بوون، كە كچی خاڵی یەعقووب بووەو، خاڵی یەعقووب ناوی (لابان) بووە .

٧) یوسف .

٨) بنیامین .

---

١) بڕوانە: التَفسير التطبيقي لِلكِتابِ المقَدَّس العَهدُ القَديم، سفرُ التكوين، الإصحاح: ٢٩، ٣٠، ص ٧٨، ٨٠.

ئەم دووانەش لە (راحیل) كچی دووەمی خاڵی یەعقووب، كە ناوی (لابان)ە پەیدابوون، دیارە (لابان) دوو كچی بوون، (لیئة) یاخود (لِیبیا) لەگەڵ (راحیل) هەردووكیان كچی (لابان) بوون .

٩) دان .

١٠) نفتالي .

ئەو دووانەش لە (بلْها) یان (بیلها) بوون، كە كەنیزەكی (راحیل) بووە.

١١) جاد .

١٢) أشیر .

ئەو دووانەش لە (زلفا) پەیدابوون، كە ئەویش كەنیزەكی (لیئة) بووە.

هەڵبەتە ئەمە (عبدالوهاب بن النجار) لە (قصص الأنبیاء)[1]دا هێناویەتی، دواییش وردتر ئاماژەی پێدەكەمو لە پەیمانی كۆنیشدا هاتوە .

سێیەم: بەسەرهاتی هاوسەرگیریی یەعقووب، لەگەڵ دوو كچەكەی خاڵی بە ناوی لابان:

لە پەیمانی كۆندا هاتوە، كە من ناتوانم هەمووی بێنم، بەڵام ئەوەی جێی مەبەستە لە (سِفْر التكوین) لە (إصحاح)ی (٢٨) لاپەڕە (٧٥) دا دەڵێ: (فَاستَدعَى إسْحَاقُ يَعْقُوبَ وَبَارَكَهُ، وَأَوْصَاهُ وَقَالَ لَهُ: لاَ تَتَزَوَّجْ مِنْ بَنَاتِ كَنْعَانَ، قُمِ انطلق إِلَى سهل أَرَامَ، إِلَى بَيْتِ بَتُوئِيلَ أَبِي أُمِّكَ، وَتزَوَّجْ إِحْدَى بَنَاتِ لاَبَانَ...).

كە ئەمە دوایی درێژییەكی هەیە، كاتێك ئیسحاق یەعقووب دەنێرێ بۆ لای لابان، واتە: ئیسحاق یەعقووبی بانگ كرد، (سەلامی خوایان لێ بێ)، دوعای بۆ كردو ئامۆژگاریی كردو پێی گوت: ژن لە كچانی كەنعان مەهێنە (دەوروبەری فەڵەستین) هەڵسە بڕۆ بچۆ بۆ لای دەشتی ئارام، (ناوچەی حەڕڕانو لای دیمەشقو ئەولاتر) لەوێ بۆ لای ماڵی (بَتُوئِیلْ) بچۆ، بابی دایكت، (واتە: باپیری)، لەوێ یەكێك لە كچەكانی (خاڵت) (لابان) بهێنە .

---

١) ص ١٢٠.

ئنجا لە (إصحاح)ی (٢٩) لاپەڕە (٧٧)دا دەڵێ: (وَتَابَعَ يَعْقُوب رِحْلَتَهُ حَتَّى وَصَلَ أرْضَ حَارَان..) حەڕران دیارە كە لە نێو سووریای ئێستادایە، واتە: یەعقووب ڕۆیشتو سەفەرەكەی درێژە پێدا، تاكو گەیشتە سەر زەمینی حاڕان، {(حَرَّان) یان (حاران) هەردووكیان دەگوترێن} .

ئنجا هەر لە ئیصحاحی (٢٩)، لە لاپەڕە (٧٧و ٧٨)، لە ژێر ناوونیشانی هاوسەرگیریی یەعقووب لەگەڵ لیئەو ڕاحیل دا، لەوبارەوەش تەفصیلێكی هێناوە: (زواج يعقوب من ليئة و راحيل) :

دەڵێ: {وَقَالَ لابَانُ لِيَعْقُوبَ: هَلْ لأَنَّكَ قَرِيبِي تَخْدِمُنِي مَجَّانًا؟ أَخْبِرْنِي مَا أُجْرَتُكَ ؟ وَكَانَ لِلابَانَ ابْنَتَانِ، اسْمُ الْكُبْرَى لَيْئَةُ، وَاسْمُ الصُّغْرَى رَاحِيلُ. وَأَجابَ يَعْقُوبُ خَالَهُ: أَخْدِمُكَ سَبْعَ سِنِينٍ لقَاء زَوَاجِي بِرَاحِيلَ ابْنَتِكَ الصُّغْرَى . ثُمَّ قَالَ يَعْقُوبُ لِلابَانَ: أَعْطِنِي زَوْجَتِي لأَنَّ خدمَتي قَدْ كَمُلَتْ، فَأَدْخُلَ عَلَيْهَا. فَجَمَعَ لابَانُ سَائِرَ أَهْلِ النَّاحِيَةَ وَأَقَامَ لَهُم مَأْدُبَةً، وَعِنْدَمَا حَلَّ الْمَسَاءُ حَمَلَ ابْنَتَهُ لَيْئَةَ، وَزَفَّهَا إِلَيْهِ فَدَخَلَ عَلَيْهَا. وَوَهَبَ لابَانُ زِلْفَةَ جَارِيَتَهُ لِتَكُونَ جَارِيَةً لابْنَتِهِ لَيْئَةَ. وَفِي الصَّبَاحِ اكْتَشَفَ يَعْقُوبُ أَنَّهُ تَزَوَّجَ بِلَيْئَةَ! فَقَالَ لِلابَانَ: مَاذَا فَعَلْتَ بِي؟ أَلَمْ أَخْدِمْكَ سَبْعَ سَنَوَاتٍ لِقَاءَ زَوَاجِي مِنْ رَاحِيلَ؟ فَلِمَاذَا خَدَعْتَنِي؟. فَأَجَابَهُ لابَانُ: لَيْسَ مِنْ عَادَةِ بِلادِنَا أَنْ نُزَوِّجَ الصَّغِيرَةَ قَبْلَ الْبِكْرِ . أَكْمِلْ أُسْبُوعَ لَيْئَةَ، ثُمَّ نُزَوِّجُكَ مِنْ رَاحِيلَ، لِقَاءَ خِدْمَتِكَ لِي سَبْعَ سِنِينٍ أُخَرَ. فَوَافَقَ يَعْقُوبُ، وَأَكْمَلَ أُسْبُوعَ لَيْئَةَ، فَأَعْطَاهُ لابَانُ رَاحِيلَ ابْنَتَهُ زَوْجَةً أَيْضاً. وَوَهَبَ لابَانُ بِلْهَةَ جَارِيَتَهُ لِتَكُونَ جَارِيَةً لابْنَتِهِ رَاحِيلَ . فَدَخَلَ يَعْقُوبُ عَلَى رَاحِيلَ أَيْضاً، وَأَحَبَّ رَاحِيلَ أَكْثَرَ مِنْ لَيْئَةَ. وَخَدَمَ خَالَهُ سَبْعَ سِنِينَ أُخَرَ} [١].

(پەیمانی كۆن) بەسەرهاتەكەی باسكردوە، كە دوای ئەوەی ئیسحاق یەعقووب دەنێرێو دەڵێ: بچۆ بۆ لای خاڵت، یەكێك لە كچەكانی وی بێنە، باس دەكات، كە چۆن چووەو لە ڕێگا خەونی بینیوەو، دوایی بە هەر حاڵ ڕۆیشتوە، تاكو چۆتە

[١]) بڕوانە: التّفسير التطبيقي لِلكِتَابِ المقدّس العَهدُ القَديم، سفرُ التكوين، الإصحاح: ٢٩، ص ٧٧، ٧٨.

ماڵی خاڵیو، دەستی کردوە بە شوانیی، دیارە ئەوان مەڕدار بوونو شوانیی بۆ کردوون .

ئنجا لابان بە یەعقووبی گوت: ئنجا ئایا هەر لەبەر ئەوەی تۆ خزممی بە بەلاش خزمەتم دەکەی، هەواڵم پێبدە کرێیەکەت چییە؟ چیت لە بەرانبەردا بدەمێ؟ لابان دوو کچی هەبوون، کچە گەورەکەیان ناوی (لَیْئَة) بوو، کچە گچکەش ناوی (راحیل) بوو، یەعقووب وەڵامی خاڵی دایەوە، گوتی: حەوت ساڵان خزمەتت دەکەم، (واتە: شوانییت بۆ دەکەم) لە بەرانبەر ئەوەدا کە تۆ کچە گچکەکەت (راحیل)م بدەیە، ئنجا یەعقووب دوای ئەوەی کە حەوت ساڵ شوانییەکەی تەواوکردو خزمەتی کرد، گوتی: خێزانەکەمم بدەیە، چونکە خزمەتەکەم تەواو بوو، حەوت ساڵەکەم تەواو کردن بۆ ئەوەی بیگوازمەوە .

لابانیش خەڵکی ئەو ناوچەیەی هەموو کۆکردەوەو دەعوەتی کردنو سفرەو خوانێکی بۆ ڕازاندنەوە، ئنجا دوای ئەوەی کە ئێوارە داهات لە جیاتی ئەوەی کە (راحیل)ی بۆ بەرێ، (لَیْئَة)ی بۆ ڕازاندەوەو بۆی برد، وەك بووك (بەلام دیارە شەو بووەو وەك ئێستا کارەباو چرا نەبووە، واش پێدەچێ شێوەی یەکدیشیان کردبێ)، ئیدی یەعقووبیش دەچێتە لای (وەك بووكو زاوایەتی)، هەروەها لابان (زِلْفَة)ی کەنیزەکی خۆشی دەدات بە (لَیْئَة) کە خزمەتی بکات، بەلام لە بەرەبەیاندا یەعقووب بۆی دەردەکەوێ کە (لَیْئَة)ی هێناوە، {واتە: کچە گەورەکەی خاڵی هێناوەو، ئەویان بۆ گواستۆتەوە، نەك کچە گچکەکەی کە (راحیل)ە} ، بۆیە یەعقووب بە لابان دەڵێ: ئەوە چیت پێ کردووم، ئەدی من حەوت ساڵ خزمەتم نەکردووی کە (راحیل)م وەك هاوسەر پێ بدەی، بۆچی فێڵت لێ کردووم؟ لابانیش پێی دەڵێ: عادەتو نەریتی ئەم ولاتەی ئێمە، وا نیە کە ئێمە کچی گچکە لە پێش کچی نۆبەرە دا بە شوو بدەین، بۆیە تۆ جارێ حەفتەی (لیئة)ی تەواو بکە، {حەفتەیەك لای بە (وەك بووكو زاوایەتیی)} ، دوایی (راحیل)یشت پێ دەدەین، لە بەرانبەر ئەوەدا کە حەوت ساڵی دیکە، خزمەتمان دەکەی، یەعقووبیش ڕازی دەبێو، حەفتەکەی لەگەڵ (لَیْئَة) دەباتە سەر، دوایی لابان (راحیل)یشی وەك هاوسەر

پێدەداو، لابان (بَلْها)ش كە كەنیزەكی خۆی بووە، دەیدا بە كچەكەی (راحیل) كە وەك كەنیزەیەك خزمەتی بكات .

ئنجا یەعقووب دەچێتە لای (راحیل)یش {واتە: لەگەڵ ئەویشدا وەك بووكو زاوایەتیی} ، و (راحیل)ی خۆشتر دەویٚ، لە (لَيْئَة)، حەوت ساڵی دیكەش خزمەتی خاڵی دەكات .

دیارە تەورات (سفر التكوين) بەو شێوەیە ناوی كوڕەكانی یەعقووبی هێناوە:

١) راؤبین .

٢) شمعون .

٣) لاوي .

٤) یهوذا .

٥) یسّاكر .

٦) زابلۆن .

ئەوانە هەر شەشیان لە (لَيْئَة) كە (لِیيا)شی پێ گوتراوە، پەیدا بوون .

١) یوسف .

٢) بنیامین.

لە (راحیل) پەیدابوون .

٣) دان .

٤) نفتالي .

لە (بَلْها) كەنیزەكی (راحیل) پەیدا بوون .

٥) جاد .

٦) أشیر .

لە (زُلْفة) كەنیزەكی (لَيْئَة) پەیدا بوون .

بەو شێوەیە ئەو دوازدە (١٢) كوڕە بوون، دیارە لە (سِفر التكوين)دا بەو شێوەیە هاتوە، بەڵام چەندی وایەو چەندی وا نیە؟ حەقیقەت ئێمە هەر شتێك كە لە قورئاندا نەهاتبێ، یان لە سوننەتی صحیحی پێغەمبەر دا ﷺ نەهاتبێ، بە تەواوی ناتوانین بڵێین: لێی دڵنیاینو پشت ئەستوورین .

لەوبارەوە بـا ئەم فەرموودەیە سەرنج بدەین: {عَنْ جَابِرٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ أَتَى النَّبِيَّ ﷺ بِكِتَابٍ أَصَابَهُ مِنْ بَعْضِ الْكُتُبِ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ! إِنِّي أَصَبْتُ كِتَابًا حَسَنًا مِنْ بَعْضِ أَهْلِ الْكِتَابِ، قَالَ: فَغَضِبَ، وَقَالَ: أَمُتَهَوِّكُونَ فِيهَا يَا ابْنَ الْخَطَّابِ! وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَقَدْ جِئْتُكُمْ بِهَا بَيْضَاءَ نَقِيَّةً، لاَ تَسْأَلُوهُمْ عَن شَيْءٍ فَيُخْبِرُوكُمْ بِحَقٍّ ، فَتُكَذِّبُوا بِهِ، أَوْ بِبَاطِلٍ ، فَتُصَدِّقُوا بِهِ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَوْ كَانَ مُوسَى كَان حَيًّا اليَوم مَا وَسِعَهُ إِلاَّ أَنْ يَتَّبِعَنِي} {أَخْرَجَهُ ابْنُ أَبِي شَيْبَة بِرقم: (٢٦٩٤٩)، وَأَحْمَد بِرقم: (١٥١٩٥)، وَصَحَّحَهُ إِبْنُ كَثِير ، وَحَسَّنَهُ الأَلبَاني، (إرواء الغليل) رقم: (١٥٨٩)}.

جابیری كوڕی عەبدوڵڵا خوا لـێیان ڕازی بـێ دەڵـێ: عومەری كوڕی خەتتاب (خوا لـێی ڕازی بـێ) ڕۆژێـك هاتـە لای پێغەمبـەر ﷺ نووسـراوێكی لـە خـاوەن كـتێبەكانەوە دەســت كـەوتبوو، هـات بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺی خوێنـدەوە، پێغەمبەری خواش ﷺ توورە بوو، فەرمووی: ئەی كوڕی خەتتاب! ئایا ئێوە تێیدا سـەرگەردانو سەراسیمەن {واتە: لە ئیسـلامدا، لە بەرنـامەی خوادا سەرگەردانـن، تاكو پێویسـتییتان بە سەرچاوەی دیكـە هەبـێ؟}، سـوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە، من ئەو بەرنامەیەی خوام بە سـپێتیو پاكـیی بۆ هێنـاون، ئێوەش پرسـیار لە خاوەن كـتێبەكان مەكەن، كە وەڵامێكی ڕاستتان بدەنەوە، كەچی ئێوە بە درۆی دابنێن {لەبەر ئەوەی متمانەتان پێیان نیـە}، یاخـود وەڵامێكی ناڕاستتان بدەنـەوەو، ئێوەش بە ڕاسـتی دابنێـن {لە هەردووك حاڵان تووشی گونـاه دەبن}، سوێند بەوەی گیانی منی بە دەسـتە، ئەگەر مووسـا زینـدوو بووایـە، هیچ چـاری نەبـوو، دەبوو شوێن من بكەوێ .

واتە: بۆ ئەو شتانەی كە لە ڕێی وەحییەوە نەبـێ نـازانرێن، نابـێ پشت بـە خـاوەن كـتێبەكان ببەسـترێ، چونكـە پەنهانە، بەڵام ئایا بۆمان دروسـتە شتێك كـە پەیوەنـدیی

ـە عەقیدەوە نیەو، پەیوەندیی بە حەرامو حەڵاڵەوە نیە، بەڵکو زیاتر پەیوەندیی ـە هەندێ بەرچاوڕوونیی‌و وردە کارییەوە هەیە، سوود ببینین لە هەندێك کتێبی ـوەن کتێبەکان؟ بە دڵنیاییەوە بۆمان هەیە، هەر بۆیەش توێژەرەوانی قورئان، ـەگەر چۆن دەنا هەموویان لە خاوەن کتێبەکانەوە نەقڵ دەکەن، بە تایبەت لە ـەیمانی کۆنەوە، ئەوەی پەیوەندیی بە بەسەرهاتی پێغەمبەرانەوە (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ ـ لام) هەیە، بەڵام وەك چی؟! هەندێ وردەکاریی کە لە قورئاندا نەهاتوون، وەك ـەرچاو ڕوونیی زیاتر، وەك ناوی کوڕەکانی یەعقووب، یان ناوی خێزانەکانی، یان ـەندێ وردەکاریی دیکە، کە شتێکی بنەڕەتیی ئیمان‌و عەقیدە، پێیەوە پەیوەست ـە. ئنجا چ بە ڕاستیان دابنێی، چ بە ناڕاستیان دابنێی، نابێ بە جەزمیی ـەیگری، چونکە تەنیا بەرچاو ڕوونییەکەو لە هەر دوو حاڵاندا، چ بە ڕاستی ـ یان پێت وابێ ناڕاستە، زیانێکی نیە، بەڵام نابێ بە جەزمیی بڵێی: ئەو شتە ـەر وایە. یاخود هەر وانیە، مادام ئەو زانیارییە لەگەڵ زانست‌و عەقڵ دا ـکگیرێ، پێش هەموو شتێك، لەگەڵ قورئاندا تێکناگیرێ، یان لەگەڵ ـەرموودەیەکی پێغەمبەردا ﷺ، ئەوکاتە تۆ وەك زانیارییەکی زیادە، وەك هەندێك ـەکاریی‌و بەرچاوڕوونیی، دەتوانی لێی بەهرەمەند بی، ئێمەش هەر لەو ـگەیەوە، جار جار هەندێ زانیاریی لە پەیمانی کۆنەوە، یاخود لەوەی کە پێی ـگوترێ: (الكتاب المقدس) بە هەردوو بەشی: (پەیمانی کۆن)و (پەیمانی نوێی) ـەدەگرین، ئەوەندەی بە پێویستی بزانین، جاری واش هەیە، کە زانیارییەکی ـەڵە تێدا هەبێ، {یانی: لە کتێبی پیرۆز (الكتاب المقدّس)دا}، وەك لە درێژەی ـەفسیری سووڕەتی (یوسوف)دا دەیهێنین، ئەوەش بە تەئکید باس دەکەین‌و ڕاستی ـەکەینەوە.

ـجا پێویستە ئەوەش بزانین کە بەسەرهاتی یوسوف عليه السلام لە (سفر التكوين)دا ـوڕند (١٤) ئیصحاحی بۆ تەرخان کراون، کە ئیصحاح لە جێی سووڕەتی ئێمەیە، ـە ئیصحاحی (٣٧ تاکو ٥٠)، لە لاپەڕە (٩٥ تاکو ١٢٥) لە (التفسير التطبيقي للكتاب ـقدس)دا، کە دەکاتە (٣١) لاپەڕ، هەمووی بۆ بەسەرهاتی یوسوف عليه السلام تەرخان ـوە . ئەو بابەتەی کە خوا لە سووڕەتی (یوسوف)دا باسی کردوە، بەڵام کاتێك ـەوەی خوا لە سووڕەتی (یوسوف)دا باسی کردوە، دەربارەی بەسەرهاتی یوسوف‌و،

ئەوەی کە لە پەیمانی کۆندا هاتوە، لە (سِفر التکوین)دا، بەراوردیان دەکەین، زۆر زۆر جیاوازن، ئەو شێوە داڕشتن و وردەکارییەی کە لە قورئاندا هەیە، ئەو هەموو نەزاکەت و نەجابەتە کە لە قورئاندا هەیە، کە وشەیەکی تێدا نیە ناشایستە بێ، لەگەڵ ئەوەی کە لە پەیمانی کۆندا، هەیە زۆر جیاوازە .

بەڵام ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئەویش (پەیمانی کۆن/ تەورات)، بێگومان کاتی خۆی خوای پەروەردگار واقیعەکە چۆن بووە، لەوێش لە (سفر التکوین)دا باسکراوە، کە لەگەڵ ئەوەی کە لە قورئاندا هاتوە، لە هێڵە گشتییەکانیدا وەك یەکە، بەڵام لە هەندێ وردەکارییدا جیاوازە .

ئنجا لە تەفسیرەکاندا هاتوە کە دوای ئەوەی خوای زانا سووڕەتی (یوسوف)ی ناردۆتە خوارو دایبەزاندوە بۆ سەر پێغەمبەری خاتەم ﷺ زۆرێك لە خاوەن کتێبەکان کە بوون، دوای ئەوەی کە ئەو سووڕەتەیان خوێندۆتەوەو، تەماشایان کردوە لە هێڵە گشتییەکانیدا، لەگەڵ ئەوەی کە لە لای خۆیانە، ڕێك دێتەوە، پێغەمبەرێکی نەخوێندەواریش ئەو زانیارییانە دەڵێ و، هەندێك شتی پەنهانیشی تێدایە، کە لە قورئاندا باسکراون و لە کتێبەکانی ئەواندا نین : ئیمانیان هێناوە، دوای ئەوەی کە زانیویانە موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خوایەو، بە سروشی خوا، ئەو بەسەرهاتانەی بۆ دابەزێنراون .

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان شەش (٦) ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی (١ تا ٦)، لە سەرەتای سوورەتی (یوسوف)، کە وەك پێشەکی وان، بۆ کۆی بەسەرهاتی یوسوف ﷺ، کە لەم سوورەتەدا باسکراوە، ئنجا ئێمە ماناو مەبەستی ئەم شەش (٦) ئایەتە شیدەکەینەوە، کە لەم شەش ئایەتەدا، خوا ﷻ پێناسەیەکی کورتی قورئان دەکاتو، حیکمەتو ئامانج لە دابەزێنرانی قورئان دەخاتەڕوو، باسی ئەوەش کراوە کە خوا بەهۆی دابەزاندنی قورئانەوە، باشترین بەسەرهاتی بۆ پێغەمبەری خاتەم گێڕاوەتەوە، هەرچەندە پێشتریش لەوبارەوە بێئاگا بووبێ .

پاشان باسی خەون گێڕانەوەکەی یوسوف بۆ بابی (عَلَيْهِمَا الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، دەکات کە دیارە یوسوف کوڕی یەعقووبە، کە وا پێدەچێ ئەو کاتە ئەو خەونەی بینیوە - وەك پێشتریش باسمان کرد - لە قۆناغی نابالغیی دابووبێ، لە قۆناغی دە دوازدە (١٠- ١٢) ساڵیی دا، هەر ئەوەندە بووبێ، خەونەکەشی ئەوە بووە: یازدە ئەستێرەو خۆرو مانگی بینیون، کە کڕنووشیان بۆ بردوە، واتە: کڕنووشی ڕێزگرتن.

بابیشی ئامۆژگاریی دەکات کە خەونەکەی بۆ برایەکانی نەگێڕێتەوە، کە سەرەنجام لەبەر ئێرەیی (حەسوودیی) پێ بردنی، پیلانی لە دژ بگێڕن، بەهۆی هاندانو خوتخوتەی شەیتانەوە، کە دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ مرۆڤ و، هەمیشە لێی لە بۆسەدایە .

دواییش یەعقووب ﷺ، مژدە بە یوسوفی کوڕی دەدات، - دیارە یەعقووبیش تەعبیری خەونانی زانیوە، یاخود خوای پەروەردگار بۆی ئیلهام کردوە - کە ئەو خەونەی یوسوف ئەوە دەگەیەنێ و مژدەی تێدایە کە پەروەردگاری هەڵیدەبژێری،

(واتە: هەڵیدەبژێرێ بۆ پێغەمبەرایەتیی)، تەعبیری خەونانیشی فێر دەكاتو، چاكەی خۆی لەسەر خۆیو بنەماڵەكەی (بنەماڵەی یەعقووب) تەواو دەكات، وەك چۆن وەختی خۆی، چاكەی خۆی لەسەر هەردوو بابی، (واتە: ئیبراهیمو ئیسحاق) تەواو كردوە، كە مەبەست لە چاكە تەواوكردن، پێ بەخشینی پلەی پێغەمبەرایەتییەو، دەستڕۆیشتوو كردنە لە نێو خەڵكو كۆمەڵگادا.

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ الٓر ۚ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴿١﴾ إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ
تَعْقِلُونَ ﴿٢﴾ نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ ٱلْقَصَصِ بِمَآ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ
وَإِن كُنتَ مِن قَبْلِهِۦ لَمِنَ ٱلْغَٰفِلِينَ ﴿٣﴾ إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ إِنِّى رَأَيْتُ
أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِى سَٰجِدِينَ ﴿٤﴾ قَالَ يَٰبُنَىَّ لَا تَقْصُصْ
رُءْيَاكَ عَلَىٰٓ إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا۟ لَكَ كَيْدًا ۖ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لِلْإِنسَٰنِ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٥﴾
وَكَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكَ
وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعْقُوبَ كَمَآ أَتَمَّهَا عَلَىٰٓ أَبَوَيْكَ مِن قَبْلُ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ
حَكِيمٌ ﴿٦﴾ ﴾.

مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکـان

((بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. ئەلیف، لام، ڕا، ئەوانە ئایەتەکانی کتێبێکی ڕوونکەرەوەن ﴿١﴾ ئێمە لە قاڵبی قورئانێکی عەرەبییدا دامانبەزاندوە، بەڵکو بفامن و تێبگەن ﴿٢﴾ (ئەی موحەممەد ﷺ!) ئێمە بەهۆی ئەوەوە کە ئەم قورئانەمان بۆ سروش کردووی، باشترین بەسەرهاتت بۆ دەگێڕینەوە، هەرچەندە بێگومان تۆ پێش وی (پێش دابەزینی قورئان) لە بێئاگایان بووی (لەوبارەوە) ﴿٣﴾ یادبکەوە! کاتێك یوسوف بە بابی خۆی (یەعقووب)ی گوت: ئەی بابە گیان! من یازدە ئەستێرەو خۆرو مانگم لە خەوندا دیتن : کڕنووشیان بۆ بردبووم ﴿٤﴾ بابی گوتی: ئەی کوڕیژگەی خۆم! خەونەکەت بۆ برایەکانت مەگێڕەوە، کە لە ئەنجام (ی ئێرەیی پێ بردنت)دا پیلانێکت بۆ ساز بکەن، بێگومان شەیتان دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ مرۆڤ ، (لێی لە بۆسە دایە) ﴿٥﴾ بەو شێوەیە (کە چاکەی لەگەڵدا کردووی و موژدەی پێداوی) پەروەردگارت هەڵتدەبژێرێ و فێری تەعبیرو مانا لێکدانەوەی خەونانت دەکات و، چاکەی خۆی لەسەر تۆو بنەماڵەی یەعقووب تەواو دەکات، (بە کردنت بە پێغەمبەر) وەك چۆن ئەو چاکەیەی پێشتر لەسەر هەردوو بابت: ئیبراهیم و ئیسحاق تەواو کرد، بە دڵنیایی پەروەردگارت زانای کارزانە ﴿٦﴾)).

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان

(مُّبِينِ) : لە (أبان)ەوە هاتوە، (أبان) لە زمانی عەرەبییدا هەم بە (لازم) دێ، واتە: پێویستیی بە (مفعول به) ناکات، وەك (أبان القمرُ) مانگەکە دەرکەوت، وە هەم بە (مُتَعدِّي) دێ، واتە: پێویستیی بە (مفعول به) دەکات، وەك (أبانَ محمدُ الكتابَ) موحەممەد کتێبەکەی ڕوونکردەوە، جا بە پێی سیاق بۆمان دەردەکەوێ کە ئایا وشەی (مبين) هەردوو واتایەکەی واتە: (ڕوون) یان (ڕوونکەرەوە)، یان یەکێکیانی لەگەڵ دەگونجێ ؟

لێرەش: (تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ) ئەوانە ئایەتەکانی کتێبێکی ڕوون، یان ڕوونکەرەوەن، هەردووکیانی لەگەڵ دەگونجێن، کەواتە: لێرەدا وشەی (مبين) دەگونجێ (مُتَعدِّي)بێ‌و دەشگونجێ (لازم)بێ، دەگوترێ: (أبان الشيءَ يُبينُ، فهو مبينٌ)، واتە: شتەکەی ڕوونکردەوەو، ڕوونکەرەوەیە، هەروەها دەگوترێ: (أَبانَ يُبِينُ الشيءُ يُبينُ)، واتە: شتەکە ڕوون بۆوە، (فهو مبين)، واتە: ئەو ڕوونە، هەردوو واتایەکەی لەگەڵ دەگونجێن، هەرچەندە ڕەنگە مانای ڕوونکەرەوەی لەگەڵدا گونجاوتربێ، چونکە ئەم قورئانە ماناو مەبەستەکان‌و بەسەرهاتەکان‌و ڕاستییەکان، ڕوون دەکاتەوەو، خۆشی لە خودی خۆیدا ڕوون‌و ڕۆشنە .

(عَرَبِيًّا) : واتە: ئەم قورئانە بە زمانی عەرەبیی هاتوە، وشەی (عربي) بە مانای ڕۆشن دێ، دەگوترێ: (الإعراب: البيان)، (إعراب) واتە: ڕوون کردنەوە، (أَعْرَبَ عن نفسهِ) واتە: مەبەستی خۆی ڕوون کردەوە، لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: {الثَّيِّبُ تُعْرِبُ عَنْ نَفْسِهَا} {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٧٧٥٨)، تعليق شعيب الأرنؤوط : صحيح لغيره، وَأَخْرَجَهُ أَيْضاً ابْنُ مَاجَه برقم: (١٨٧٢) قَالَ الألبَانِي: صَحِيح} ، واتە: بێوەژن (ئافرەتێك کە شووی کردبێ‌و هاوسەرەکەی نەمابێ) بۆخۆی قسەی خۆی دەکات، واتە: پێویستە بە ڕوونیی هەڵوێستی خۆی ڕابگەیەنێ، کە ئایا بەو پیاوەی کە دەیانەوێ لێی مارە بکەن ڕازییە، یان ڕازی

نیە، بەڵام كج مەرج نیە بە قسەی خۆی تەعبیر بكات، ئەگەر بێدەنگیش بێ، ئاساییە، بەڵام بێدەنگییەك ئەوەی لێ بفامرێتەوە، كە ڕازییە، ئەو كاتە پێویستیی بە قسە كردن ناكات، كەواتە: (تُعْرِبُ عَنْ نَفْسِهَا) واتە: مەبەستی خۆی ڕوون دەكاتەوە .

كە خوا دەفەرموێ: ﴿ حُكْمًا عَرَبِيًّا ﴿٣٧﴾ ﴾الرعد، (أي: مُفْصِحاً، يُحِقُّ الحَقَّ وَيُبْطِلُ البَاطِلَ) واتە: حیكمەتێكی ڕوون، زۆر بە ڕوونیی هەق وەك هەقو، ناهەق وەك ناهەق پێشان دەدات .

(ٱلْقَصَصِ) : (القَصُّ: تَتَبُّعُ الأَثَرِ، وَالقَصَصُ: الأَثَرُ، وَالقَصَصُ: الأَخْبَارُ المُتَتَبَّعَةُ)، (قصص) بە مانای شوێن پێكەوتن دێ، هەروەها (قصص) بە مانای خودی شوێن پێیەكانیش دێ، دیسان (قصص) بە مانای ئەو هەواڵانەش دێ، كە بەدوای یەكدا دێن، ئنجا وشەی (قصص) جاری وایە، وەك(اسم المفعول) بەكاردێ، یانی: (المقصوص) گێڕدراوە، ئەو بەسەرهاتەی كە گێڕدراوەتەوە .

(يَٰٓأَبَتِ) : واتە: ئەی بابە گیان ! وشەی (أبتِ) ئەم (ت)ێیەی كە دەچێتە سەری، لەجیاتی (ي)ە، لە جیاتی بڵێ: (یا أبي) دەڵێ: (یا أبت) ئەی بابی من! بابی خۆم، كە زیاتر لە حاڵەتی ڕێز لێگرتنو سۆزو خۆشەویستیی دەربڕیندا، بەكاردەهێنرێ .

(كَوْكَبًا) : (الكَوْكَبُ: النَّجْم)، وشەی (كَوْكَب) لە زاراوی قورئان دا بە مانای ئەستێرە دێ، دەگوترێ: (كَوْكَب وَكَوْكَبَة، مثل: بَيَاض وَبَيَاضَة)، ...

(سَٰجِدِينَ) : (السجُودُ: أَصْلُهُ التَطامِنُ وَالتَذَلُّلُ) وشەی (سجود) لە ڕیشەدا بە مانای خۆ نەرم كردنو ملكەچ كردن دێ، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَٱلنَّجْمُ وَٱلشَّجَرُ يَسْجُدَانِ ﴿٦﴾ ﴾الرحمن، واتە: ئەستێرەو درەخت، كڕنووش دەبەن، ئنجا ئایا ئەستێرەو درەخت چۆن كڕنووش دەبەن؟ واتە: ملكەچن بۆ فەرمانی خواو بە پێی یاساكانی خوا ﷻ بەڕێوە دەچن، هەروەها لە سووڕەتی ئەعرافدا، هاتوە:

﴿وَٱدۡخُلُواْ ٱلۡبَابَ سُجَّدٗا ١٦١﴾الأعراف، واتە: بە کڕنووش بردوویی بچنە نێو دەرگاکە، کە بە تەئکید مەبەست ئەوەنیە نێوچەوانیان بخەنە سەر زەوی، چونکە ئەگەر نێوچەوانت لەسەر زەوی بێ، ناتوانی بڕۆی، واتە: بە ملکەچیی، ئنجا ملکەچییەکە، چ چەمینەوەی جەستەی لەگەڵدابێ، چ مەبەست ملکەچیی مەعنەویی بێ، واتە: بە ملکەچ کردن بۆ فەرمانی خواوە، بچنە نێو دەروازەکەوە، نەك بە لووت بەرزیی‌و یاخیی بوونەوە .

(رُءۡيَاكَ) : واتە: خەونەکەت، دەڵێ: (الرُّؤيَا: مَا يُرَى فِي المَنَامِ)، (رؤیا) ئەوەیە کە لە خەوندا دەبینرێ، وشەی (رؤیة) و (رؤیا) هەردووکیان بە مانای بینین، بەڵام (رؤیا) ئەوەیە لە خەوندا دەیبینن، (رؤیة) ئەوەیە کە لە حاڵەتی بێداریی دا بە چاوی سەر دەبینرێ .

(كَيۡدًا) : (ضربٌ من الإحتيال، ممدوحٌ أو مذمومٌ) (کید) جۆرێکە لە فێڵ‌و پەنهانکارییەك، ئنجا ئەگەر بۆ مەبەستی باش بێ، ئەوە خاوەنەکەی لەسەری مەدح دەکرێ‌و، ئەگەر بۆ مەبەستی خراپ بێ، خاوەنەکەی لەسەری سەرزەنشت دەکرێ .

(يَجۡتَبِيكَ): واتە: هەڵتدەبژێرێ، (يصطفيك، ويختارك)، لە چییەوە هاتوە؟ (جَبَيْتُ الماءَ في الحوض) ئاوەکەم لە گۆمەکە، یان گۆلەکەدا کۆکردەوە، وشەی (جابية)ش بەو گۆلە گەورەیە دەگوترێ، کە ئاوی تێدا کۆدەکرێتەوە، دەگوترێ: (الحوضُ الجامع)، (الإجْتِبَاءُ: الجَمْعُ عَلَى طَرِيقِ الإصْطِفَاءِ)، (إجْتِبَاء) ئەوەیە کە شتێك کۆبکرێتەوە بە شێوەی هەڵبژاردن .

(تَأۡوِيلِ) : (التَّأْوِيلُ: الرُّجُوعُ إِلَى الأَصْلِ، وَفِيهِ المَوْئِلُ لِلمَوْضِعِ الَّذِي يُرْجَعُ إِلَيْهِ، والتأويل: هو رَدّ الشيء إِلَى الغَايَةِ المرَادَةِ مِنْهُ)، وشەی (تأويل) بە مانای گەڕانەوە بۆ ئەسڵە، بۆیە بەو شوێنەی کە خەڵکی بۆ لا دەگەڕێتەوە، دەگوترێ: (مَوْئِل)، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿لَّن يَجِدُواْ مِن دُونِهِۦ مَوۡئِلٗا ٥٨﴾الكهف، واتە: جگە لە خوا شوێنێکی دیکەو کەسێکی دیکە نابیننەوە، بۆ لای بگەڕێنەوە، لە ڕۆژی دوایی دا، هەموویان دەچنەوە بۆ خزمەت خوا .

کەواتە: (تأویل) بریتیە لە گێڕانەوەی شتێك بۆ ئەو مەبەستەی کە لێی ویستراوە، بۆیە یوسوف دوای ئەوەی کە خەونەکەی دێتە دی، لە کۆتایی بەسەرهاتەکەی داو، بابیو دایکیو یازدە برایەکەی دەچن بۆ میسرو، کڕنووشی ڕێز لێگرتنی بۆ دەبەن، سڵاوی ڕێزگرتنی حوکمڕانانەی لێدەکەن، دەڵێ: ﴿وَقَالَ يَٰٓأَبَتِ هَٰذَا تَأۡوِيلُ رُءۡيَٰيَ مِن قَبۡلُ قَدۡ جَعَلَهَا رَبِّي حَقّٗاۖ ﴿١٠٠﴾﴾، واتە: ئەی بابە گیان! ئەوە سەرەنجامی خەونەکەمە، کە پەروەردگارم هێنایەدی .

(ٱلۡأَحَادِيثِ) : کۆی (حَدِيث)ە، (كُلُّ كَلَامٍ يبْلُغُ الإِنْسَانَ مِنْ جِهةِ السَّمْعِ أو الوَحيِ فِي يَقَظتهِ أو فِي مَنَامِهِ، يُقَالُ لَهُ: حَدِيث، وَالحَدِيثُ مَا يَتَحَدَّث بهِ الإِنْسَانُ فِي مَنَامِهِ)، واتە: (حَدِيث) هەر قسەیەکە بگاتە ئینسان لەو ڕووەوە کە دەیبیستێ، یان لە ڕێی وەحییەوەو، لە کاتی بێداریی یان لە کاتی خەودا، هەروەها هەر شتێك کە ئینسان لە کاتی خەوندا قسەی پێدەکات، یاخود دەکەوێتە بەرچاوی پێی دەگوترێ: (حَدِيث).

(ءَالِ يَعۡقُوبَ) : واتە: بنەماڵەو نیزیکانی یەعقووب، (يُسْتَعْمَلُ الآلُ فِيمَا يَخْتَصُّ بالإِنْسَانِ اخْتِصَاصَاً ذَاتِيَاً، إمَّا بقَرَابَةٍ قَرِيبَةٍ أو مُوَالاَةٍ)، وشەی (آل) بەکاردەهێنرێ بۆ کەسانێك کە تایبەتن بە مرۆڤەوە، بە شێوەیەك کە تایبەتن بە خودی خۆیەوە، جا چ بەهۆی خزمایەتییەکی نیزیکەوە بێ، چ بەهۆی سەر پێ بوونو شوێنکەوتنەوە بێ، دیارە بە نسبەت (آل یعقوب)ەوە : کوڕەکانیو خزمەکانی، هەم لە ڕووی نەسەبو ڕەچەڵەکەوە لێی نیزیك بوونو، هەم لە ڕووی شوێنکەوتنو شوێن پێ هەڵگرتنشەوە، لێی نیزیك بوون.

مانـای گـشـتـی ئایەتەکـان

ئێمە لەبەر ئەوەی کە پێشتر تا ڕاددەیەك تیشكمان خستە سەر بەسەرهاتی یوسوف ﷺ لەبەر تیشکی ئەم ئایەتە موبارەکانەدا، هەروەها لە ڕووی مێژووییەوە هەندێك شتمان باس کردو، لە ڕووی پەیمانی کۆنەوە هەندێك زانیارییمان خستە ڕوو، ئێرەدا بە کورتیی لە بارەی ئێستا ئەم شەش (٦) ئایەتەوە دەدوێین، کە وەك پێشەکییو ڕێ خۆشکردن وان، دەست پێکردنی گێڕانەوەی بەسەرهاتی یوسوف ﷺ لەگەڵ بابی یەعقووبو یازدە (١١) برایەکەیو دایکی دا، پاشان ئەوەی کە لەسەر دەستی برایەکانی بەسەری هاتوەو، ئنجا دوایی لە ماڵی عەزیزی میسڕدا کە بوختانی پێ دەکرێتو چوونە زیندانیو، دوایی هاتنە دەری، لە زیندانو، بوونی بە عەزیزی میسڕ، بوونی بە پیاوێکی دەست ڕۆیشتوو لە میسڕدا، بە پێی ئەوەی کە ئایەتەکان دەیگەیەنن، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلْأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَآءُ ﴿٥٦﴾ ﴾یوسف، واتە: ئاوا زەوییمان بۆ یوسوف تەخت کرد، یاخود دەست ڕۆیشتوومان کرد کە بە کەیفی خۆی چۆنی پێ خۆش بوو، لەوێ بەو شێوەیە ڕەفتاری دەکرد، مانای وایە یوسوف دەستڕۆیشتوو کراوە لە وڵاتی میسڕدا، ئەم شەش (٦) ئایەتە دەستپێکی ئەو بەسەرهاتەن .

خوا ﷻ سەرەتا دەفەرموێ: (بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، وەك جاری دیکەش باسمان کردوە، هەر کاتێك دەگوترێ: (بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)، واتە:

١- ئەم کارەم دەست پێ دەکەم بە ناوی خوا.

٢- ئەم کارە بۆ خوا دەکەم .

٣- ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا ئەنجام دەدەم.

٤- بە شانو شەوکەتی خۆم نانازم، بەڵکو بە یارمەتیی دانو بە ئاسانکاریی خوا ئەم کارە دەکەم .

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿الٓر﴾، دیارە پێشتر لە سەرەتای تەفسیری سوورەتی (یونس)دا، قسەمان دەربارەی ئەو پیتە پچڕ پچڕانە، کردوە، کە لە سەرەتای بیستو نۆ (٢٩) سوورەت لە قورئاندا، ئەو پیتە پچڕ پچڕانە هاتوون، کۆی ئەو پیتە پچڕ پچڕانەش ئەگەر دووبارە کردنەوەیان لێ تەرك بکەین، چواردە (١٤) پیتن، باشترین مانا لێکدانەوەش بۆ ئەو پیتانە، کە زۆربەی توێژەرەوان لەسەری رێککەوتوون، ئەوەیە کە خوا ﷻ لە میانی هێنانی ئەو پیتانەدا کە لە سەرەتای ئەو سوورەتانەوە هاتوون، کە هەموویان سوورەتی مەککەین، جگە لە دووانیان، مەدینەیین، کە (البقرة) و (آل عمران)ن، دەیەوێ بە خەڵك بفەرموێ: کە ئەو قورئانەی ئێوە تکوولیی لێ دەکەنو، تۆمەتی هەڵبەستنی پاڵ دەدەنە لای موحەممەد ﷺ، هەر لەو پیتو دەنگانە پێکهاتوە کە ئێوە پێیان دەنووسنو قسەیان پێ دەکەن، ئنجا ئەگەر راست دەکەن، ئەو قورئانە لە لایەن خواوە نەفەرمووێنراوەو، نەهاتوە، فەرموون: ئەو پیتو دەنگانە لەبەر دەستی ئێوەشدا هەن، ئێوەش وێنەی ئەو قورئانە، یاخود وێنەی دە (١٠) سوورەت، یاخود وێنەی سوورەتێکی، بێنن، ئنجا کە نەتانتوانی، ئەوە بزانن و دڵنیابن کە ئەوە فەرمایشتی خوایەو، خوا ﷻ هەر لەو پیتانەی کە لەبەر دەستی ئێوەدا هەنو، ئێوە قسەیان ئاساییان لێ دروست دەکەن، خوا فەرموودەیەکیان لێ دروست دەکات، کە دەستەوسانکەر بێ بۆ خەڵكو، پڕ بێ لە نهێنیی، هەم لە رووی بێژەکانیەوە، هەم لە رووی نێوەڕۆکییەوەو، لە هەموو بوارەکاندا پڕ بێ لە نهێنییو راستیی وا، کە جگە لەو زاتەی، جگە لەو کەسەی، کە نهێنیی ئاسمانەکانو زەوی دەزانێ، هیچ کەسی دیکە ئەو نهێنییانە نەزانێو، ئەو راستییانە پەی پێ نەبات .

﴿تِلْكَ ءَايَـٰتُ ٱلْكِتَـٰبِ ٱلْمُبِينِ﴾، ئا ئەو ئایەتانە ئایەتەکانی کتێبێکی روونن، یاخود کتێبێکی روونکەرەوەن .

ئنجا ئایا بۆچی بە ﴿تِلْكَ﴾، دەیهێنێ، کە ئاماژەیە بۆ دوور؟ دەڵێین : ئەوە ئاگادارکردنەوەیە لە پایەو پێگەی بەرزی قورئانو، ئایەتە سەر سوڕهێنەرو دەستەوسانکەرەکان .

﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ﴾، پێشــیێ هــەر ئایەتــەکان پێناســە دەکات، کە ئەو ئایەتانە هی کتێبێکی ڕوونـن، یـان هـی کتێبێکـی ڕوونکەرەوەن، دوایـی خوای پەروەردگـار زیاتر تیشکی دەخاتـە سەر قورئـانو پێناسـەی دەکات، دەفـەرموێ: ئێمـە دامـان بەزانـدوە، ﴿ قُرۡءَٰنًا ﴾، لـە حاڵێکـدا خوێنراوەیـە، چـونکە قورئـان یـانی: خوێنـراوە، (قرآنـاً)، یانی: (مَقْروءاً)، ﴿ عَرَبِيّٗا ﴾، واتە: ڕۆشنە، وشەی (عَربـي)، بەڵــێ، مانای زمانی عەرەبییش دەگرێتـەوە، بەڵام لێرەدا وشـەی (عربي)، نـەکراوە بـە نـاو بـۆ ئەو زمانە تایبەتییـەی کـە گەلی عـەرەب قسەی پێدەکەن، ئنجا لەبـەر ئـەوەی گەلـی عـەرەب لـە زمـانی غەیـری خۆیــان تێنەگەیشــتوون، ناویـان لێنـاوە، (عَجَمـيٌ)، واتـە: زمانێك کە ڕوون نیـە، زمانێك کە لێڵـە، دیارە زمانی خۆیان پـێ ڕوونو ڕۆشـن بووە .

هەڵبــەتە هــەموو کەسـێك زمـانی خـۆی پــێ ڕۆشـــنەو، زمـانی بەرانبەرەکـەی کـە نایزانـێو لێی تێنـاگات، پێی ناڕۆشـنە، بەڵام بە هەر حـاڵ ئەم نــاوە بۆتـە ناوونیشــان بۆ ئەو زمانە تـایبەتییەی، کە نەتـەوەی عـەرەب قسـەی پـێ دەکـەن .

ئنجا خـوا دەفـەرموێ: ئـەم کتێبـەمان کـردوە بـە کتێبێکـی خـوێنراوەو زۆر ڕۆشـن، ﴿ لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ﴾، بەڵکو بفامن، بەڵکـو تێی بگەن، بەڵکو شارەزا بن، دیارە بەڵکـو (لعـلَّ)ەکە، پەیوەندیـی بە مرۆڤـەکانەوە هەیە، واتە: ئومێـد وایـە، ئەگـەری هەیـە، کـە ئێوە تێبگـەن، مەبەست ئەوانە، ئەگەری هەیە، ئەگەرنا بە نسبەت خوای باڵادەسـتەوە، شتێك بیـەوێ بیکـات، دەیکـات .

﴿ نَحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ أَحۡسَنَ ٱلۡقَصَصِ بِمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ ﴾، ئێمــــە باشترین بەسەرهاتت بەسـەردا دەخوێنینـەوەو دەیگێڕینـەوە، بـە هـۆی ئـەوەوە کـە ئـەم قورئانــەمان بــۆ تــۆ ســروش کــردوە، ﴿ وَإِن كُنتَ مِن قَبۡلِهِۦ لَمِنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ﴾، بێگومان تۆ پێش ئەوەش (واتە: پێش ئەم قورئـانە) لـە بــێ ئـاگـایان بـووی،ئـەم (إنْ)ە (إنْ)ی (مُخَفَّفَة)یە لـە (مُثَقَّلـة)ە، جـاری واش هەیـە (إنْ)، بـە مانـای (مـا النافیـة) دێ، بەڵام چۆن دەزانین: ئەم (إنْ)ە، بۆ تەئکیدە، بۆ جەخت کردنەوەیە، یاخود بە مانای (ما النافیة) دێ؟ بەهـۆی ئەم (ل) لامـەوە، ﴿ وَإِن كُنتَ مِن قَبۡلِهِۦ لَمِنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ﴾،

ئەم (ل)ە، کە بوو، مانای وایە ئەم (إنْ)ە، بۆ جەخت کردنەوەیە، واتە: بە دڵنیاییەوەو بێگومان پێش ئەم قورئانە، تۆ لە بێ ئاگایان بووی، لەو بەسەرهاتانە، یاخود لە بێ ئاگایان بووی لەو ڕاستییانەی کە لە ڕێگای وەحییەوە نەبێ نازانرێن، چونکە زۆربەی توێژەرەوان هەر دەڵێن: ﴿ لَمِنَ ٱلْغَٰفِلِينَ ﴾، واتە: لەبارەی بەسەرهاتی یوسفەوە، یان لەبارەی ئەو بەسەرهاتانەوە، کە لە قورئاندا گێڕدراونەوە، بەڵام لە ڕاستییدا چەمکەکەی زۆر فراوانترە، واتە: تۆ لە بێ ئاگایان بووی (ئەی موحەممەد! ﷺ) لە هەموو ئەو شتانەی کە لە ڕێی وەحی یەوە نەبێ نازانرێن .

ئنجا دێتە سەر باسی بەسەرهاتەکە: ﴿ إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ ﴾، واتە: یاد بکەوە کاتێك یوسف بە بابی گوت: ﴿ يَٰٓأَبَتِ ﴾، ئەی بابە گیان! ﴿ إِنِّى رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِى سَٰجِدِينَ ﴾، من یازدە (١١) ئەستێرەم بینینو، خۆرو مانگیشیم بینین، کە بۆ من کڕنووشیان بردبوو، دیارە - وەك دواییش باسی دەکەین — وشەی (سجدة)و (سجود)، مانایەکەی ئەوە نیە کە حەتمەن نێوچەوانو تەوێڵ بخرێتە سەر زەوی، وەك سەجدەی عیبادەت کە ئێمە لە نوێژدا دەیبینین، بەڵکو (سجدة)و (سجود)، بریتیە لە چەمینەوەو نووشتانەوە، وەك حاڵەتی جەستەییو بەرهەست، هەروەها بریتیە لە ملکەچییو زەبوونییو بچووکیی پێشان دان، لە ڕووی مەعنەوییەوە .

یوسف زۆر بە کورتیی خەونەکەی بۆ بابی دەگێڕێتەوە، کە خۆرو مانگو یازدە ئەستێرەی بینیون کڕنووشیان بۆ بردوە، یانی: سڵاویان لێکردوەو ڕێزیان لێ گرتوە، دیارە یەکسەر بابی لە خەونەکەی تێدەگات، ئنجا کە تەماشای حاڵو ڕواڵەتو هەڵسوکەوتەکانی یوسفی کوڕیشی کردوە، زانیویەتی لێی دەوەشێتەوە، خەونی وا ببینێ، ئەو خەونەش دیارە خوای زاناو شارەزا بە وەحیی، یان بە خورپە (إلهام) تەعبیرەکەی خستۆتە دڵی یەعقووبەوە ﷺ، یەعقووب دڵنیا بووە کە خەونەکەی چی دەگەیەنێ؟ بۆیە یەکسەر پێی دەڵێ: ﴿ قَالَ يَٰبُنَىَّ لَا تَقْصُصْ رُءْيَاكَ عَلَىٰٓ إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا۟ لَكَ كَيْدًا ﴾، گوتی: ئەی ڕۆڵە گیان! خەونەکەت بۆ برایەکانت مەگێڕەوە،

ــە سـەریاندا مەخوێنــەوە، ﴿ فَيَكِيدُواْ لَكَ كَيْدًا ﴾، چـونكە لـە ئـەنجامی گێڕانــەوەی حەونەكەتـدا، كـە ئـەوانیش تێیدەگـەن‌و شـتێكی لـێ حـاڵی دەبـن: خەونەكـەت چـی حگەیـەنێ؟ سـەرەنجام ئێرەیـی‌و حەسـوودییت پـێ دەبـەن‌و، پـیلان‌و فێڵێكـت بـۆ سـاز حكەن‌و، تووشی گرفت‌و بەڵایەكت دەكەن، بۆیـان مـەگێڕەوە، بـۆ ئەوەی ئـەوان ئـەوە حكـەن‌و، سـەرەنجام تووشــی گرفتــاریی‌و زیــان نــەبی، ﴿ إِنَّ ٱلشَّيْطَـٰنَ لِلْإِنسَـٰنِ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴾، بێگومان شـەیتان بـۆ مـرۆڤ دوژمنێكـی ڕوون‌و ئاشكرایە، دیـارە خەونەكـەی یوسـوف ﷺ ئەوە دەگەیەنــێ كە دیارە یوسـوف یـازدە (١١) بـرای بـوون یەكێكـیان لـە ـیكی بـووە، كـە وەك پێشـتـر باسـمان كـرد، بـە نــاوی (بنیـامین) كـە دایكیـان نـاوی ِ حیـل) بووەو، دە (١٠) برایەكەی دیكـەی لە دایكی خـۆی نەبوون، لە چـەند دایكێكی ـیكـە بوون، بە پێی ئـەوەی كە لـە پەیمـانی كۆنـدا هـاتوە، كە یەكـیان نـاوی (لیئـة) بوو، یـان نـاوی (لیـیا) بـووە، وێـڕای دوو كـەنیزەك كـە ناویـان (زلفـة)و (بَلْهـة)، بـووە، ـگەر ئەوەی لە پـەیمانی كـۆندا هـاتوە، ڕاسـت بـێ، ئەگـەرنا دەگونجێ هەموویـان لـە ـیكـێك بـووبن، چـونكە ئـافرەتی وا هەیـە نـەك دە (١٠) كـوڕ، بەڵكـو جـاری وایـە ـتریشـی دەبـن، هەڵبەتـە خەونەكـەی یوسـوف ئـەوە دەگەیەنــێ، كـە ئـەو یـازدە (١١) ـســتێرەیە، یازدە (١١) برایەكـەی خۆینــی، واتە: هەرچەنـدە برایـەكی لـە دایكیـەتی‌و ـە (١٠) برایەكەی دیكـەی لـە دایكی خـۆی نـین، بـەڵام هــەموویان بـران‌و لـە بابنــی، حـۆرو مانگەكەش بریتیـن لە دایك‌و بابی، خۆر دایكـیەتی، چونكە وشەی (شمـس) لـە ِمـانی عەرەبییــدا مێینــەی (مجـازي)یــە، دەگـوترێ: (طَلَعَتِ الشَّمْسُ)، (قَمَر)یـش ـێرینەی (مجازي)یە، دەگوتــرێ: (طَلَعَ القَمَرُ) لەبەر ئەوەش كە ئەسڵی بەهێـزتــر لـە ـەیـدابوونی مرۆڤــدا، دایكــە، دایـك لـە سـكی خۆیــدا نـۆ (٩) مانگـان هەڵیدەگــرێ، هەڵبەتە لـە هـەردووكیان دروست دەبـێ، بـەڵام زۆربـەی زانایـان دەڵێن: لێـرەدا هێمـای شـمس) دایكی یوسـوفە، هێمـای (قمر)یش بابیـەتی .

ئنجـا دوایی یەعقـووب ﷺ لە ئامۆژگـاریی كردنەكەی یوسـوف دا بەردەوام دەبـێ‌و، ـیاتر بەرچاوی ڕۆشـن دەكاتـەوەو دڵیشـی خـۆش دەكات، لەبـەر ڕۆشـنایی خەونەكـەدا، دەگونجــێ خـوای پەروەردگـار جگــە لـەم خەونـەش كـە یوسـوف بینیویەتــی، بـە حوریـە (إلْهام)ش خسـتبیە دڵی یەعقووبــەوە، كە ئـەو كـوڕەی (یوسـوف) ئایندەیـەكی

زۆر ڕۆشنی دەبێ‌و، کە تەماشای نەجابەت‌و هەڵس‌و کەت‌و قسەو ڕەفتاریشی کردوە، ئەوەی تێدا خوێندۆتەوە، واتە: هەم دەگونجێ بە فیراسەت‌و ڕۆشنبینیی خۆی، ئەوەی زانیبێ‌و، دەشگونجێ خوای کارزان بە خورپە خستبیە دڵیەوە، بۆیەش - وەك دوایی دەردەکەوێ - گرنگیی زیاتری بە یوسوف داوەو، زیاتر دڵی لەسەری بووە، کە بەداخەوە هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان هەر ئەو ڕووە نەرێنییەی لێ دەگرن‌و دەڵێن: لەبەر ئەوەی یەعقووب جیاوازیی خستۆتە نێوان کوڕەکانی، بۆیە خوا سزای داوە، وەك ئەوەی کە بەسەر پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) دێ، هەر وەك ئەوە بێ، کە بەسەر خەڵکی دیکەی ئاسایی، دێ! بەڵام پێغەمبەرانی خوا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) ئەوەی کە بەسەریان دێ، بەهۆی ئەوەوە نیە، کە گوناهیان کردوەو خوا سزایان بدات! بەڵکو بۆ ئەوەیە کە پلەیان بەرزتر بێ، واتە: نابێ ئێمە لە هەمبانەی خۆماندا گوێز بژمێرین، پێمان وابێ کە وەك چۆن ئێمە هەڵەیەك دەکەین، دوایی خوا سزامان دەدا لەسەری، پێغەمبەرانیش (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) ئەگەر ناڕەحەتییەکیان هاتبێتە پێش، بەهۆی سزایەکی خوایی بووە! نەخێر ئەوە مەرج نیە.

ئنجا یەعقووب ﷺیش خوای پەروەردگار هیچی لەوبارەوە باس نەکردوە، کە جیاوازیی خستبێتە نێوان یوسف‌و کوڕەکانیەوە، بەڵکو ئەوە برایەکانی یوسف دەڵێن: ﴿لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰٓ أَبِينَا مِنَّا ﴿٨﴾﴾یوسف، ئنجا ئەوان کە ئامادەبن دەستیان بچێتە خوێنی برایەکەیان، بێگومان ئەوەشیان بۆ ئاسانە، کە بابیان تۆمەتبار بکەن بەوەی: یوسف‌و برایەکەی لەوان خۆشتر دەوێن! بەڵام خۆیان دڵ‌و دەروونەکەیان تەواو نەبووە، ئنجا ئەوان بە تەئکید پێغەمبەر نەبوونە، (هەرچەندە هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: هەموویان پێغەمبەر بوون)، یاخود ئەوکاتە پێغەمبەر نەبوون‌و دوایی بوونە پێغەمبەر، بەڵام من پێم وایە نە پێشێ‌و نە دوایی، پێغەمبەر نەبوون، چونکە ئەو ڕەفتارەی ئەوان بەدڵنیایی لە پێغەمبەران ناوەشێتەوە، ئنجا ئێمە ناتوانین تۆمەتبار کردنی ئەوان بۆ یەعقووب ﷺ بکەینە بەڵگەی ئەوە کە: یەعقووب لایەنگریی کردوە بە لای یوسف‌و برایەکەیدا، لەسەر حیسابی دە کوڕەکەی دی! بەڵکو ئەوان هەر گومانی خراپی خۆیان بووە، ئنجا وەك گوتم: کەسێك دەستی بچێتە خوێنی برای خۆی‌و

ـیـغەوتێنـێ، ئاساییە کە زمانیشـی بە تۆمەت بگـەڕێ، بەرانبەر بە بابی، یان بەرانبـەر ـە دایکی، یان بەرانبـەر بە هـەر کەسێك .

ئنجـا یـەعقووب لەسـەر ئامۆژگـاریی کردنـی یوسـوف بـەردەوام دەبـێو دەفـەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ ﴾ هەر بەو شێوە کە خوا ئەم خەونەی پێشانی تۆ داوەو، ئەو ـەرچـاوڕوونییەی خسـتۆتە بەرچـاوی تـۆ، ئـاوا پەروەردگـارت هەڵتـدەبژێـرێ، ﴿ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِ ﴾ هەروەها لە تەعبیـرو مانا لێکدانەوەی، یاخـود لـە ـڕوونکردنـەوەی، مەبەسـتی قسـان، یـاخود لـە ڕوونکردنـەوەی مەبەسـتی خەونەکـان، ـیـرت دەکـات، شـارەزات دەکـات، ﴿ وَيُتِمُّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكَ ﴾ هـەروەهـا خـوا چاکەی خۆی لەسەر تۆ تەواو دەکات، کـە بریتیـە لـە چـی ئـەو چـاکە تـەواو کردنــە؟ دوایـی ـەسـی دەکـەین، ﴿ وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعۡقُوبَ ﴾ هـەروەها چاکـەی خـۆی لەسـەر بنەماڵـەی یـەعقووبیش تـەواو دەکـات، ﴿ كَمَآ أَتَمَّهَا عَلَىٰٓ أَبَوَيۡكَ مِن قَبۡلُ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَٰقَ ﴾ وەك چۆن ـەو چاکەیەی خۆی لەسەر هەردوو بابت پێشتـر تەواو کرد، کە ئیبـراهیمو ئیسحاقن، کـە بریتـی بـوو لـە چی ئـەو چاکـەیە؟ زۆربـەی توێـژەرەوان دەڵێنو واش پـێ دەچێ هـەروابێ: ئـەو چـاکەیە مـادام بـە ڕەهـایی باسـکراوە، چاکـەی ڕەهـا بریتیـە لـە ـێغەمبەرایەتیـی، دەشـگونجێ وێـڕای پێغەمبەرایـەتیی بریتـی بـێ، لـە ـەسـتـڕۆیشـتووێتیيو دەسـت ئـاوەڵا کـردن لـە زەویـداو، دەسـەڵات پێـدان، ئنجـا دیـارە ـیبـراهیمو ئیسـحاقیش هـەر وابـوون، وێـڕای ئـەوەی کـە پلـەی پێغـەمبـەرایەتییـان ـوە، دەسـت ڕۆیشتووو دەسـت کـراوەو خـاوەن دەسـەڵاتو توانـای مـاددییش بـوون، ـەگـەر خاوەن دەسـەڵاتو توانای سـیاسییش نـەبووبن، واتە: ئەو چاکـەو نیعمەتـەی کە خـوا لەگـەڵ هەردوو باپیـرەت: ئیسحاق کە دەبێتـە بابـی یەعقـووبو، ئیبـراهیمیـش کـە دەبێتـە بـابی باپیـری، وەك چـۆن ئـەو چـاکە ڕەهـایەو نیعمەتـە گەورەیـەی کە ـریتیە لە بەخشینی پلەی پێغەمبەرایەتیی، بـوانـی داوە، بـە تۆشـی دەدات، ﴿ إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ﴾ بێگـومان پەروەردگـاری تـۆ زانـایەو کـارزانە، زانـایە دەزانــێ چـی ـەکـات، کـارزانیشــە، دەزانــێ چـۆنی دەکـاتو، چـۆن لەگـەڵ بەندەکانیــدا مامەڵــە ـەکـات ؟

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم : خوا ﷻ دوای ئەوەی کە دەفەرموێ: ﴿ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، دەفەرموێ : ﴿ الٓر تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴾.

١- پێشتریش باسمان کرد: ئەو پیتە پچڕ پچڕانە، کە لێرەدا سێ پیت هاتوون: ﴿ الٓر ﴾، ئەوانە لە سەرەتای بیستو نۆ (٢٩)، لە سوورەتەکانی قورئاندا هاتوون، کۆی ئەو پیتانەش دوای ئەوەی دووبارە کراوەکان لادەبرێن، چواردە (١٤) پیتن، کە بریتین لە پیتەکانی (أ، ل، م، ص، ر، ك، ه، ي، ع، ط، س، ح، ق، ن)، کە دەگونجێ لە رستەیەکی ئاوادا کۆ بکرێنەوە: (نَصٌّ حَكِيمٌ، قَاطِعٌ، لَهُ سِرٌّ)، واتە: دەقێکی کارزانانەی ڕوونە، نهێنیی هەیە، هەڵبەتە دەشگونجێ بە شێوەیەکی دیکەش، ڕستەی دیکەشی لێ پێکبهێنرێ .

ئنجا زۆر جاری دیکەش گوتوومانە: کە زانایان زۆر قسەیان کردوە، دەربارەی ئەو پیتە پچڕ پچڕانە، کە بۆچی لە سەرەتای ئەو سوورەتانەوە هاتوون، کە (٢٩) سوورەتن؟ بەڵام باشترین ڕا - بەلامەوە - هەتا ئەم کاتەی من ئەم دەرسەی تێدا دەڵێمەوە، ئەوەیە کە خوا ﷻ دەیەوێ بە مرۆڤەکان بفەرموێ بە گشتیو بەتایبەتیی بەوانەی کە نکووڵیی دەکەن لە خوایی بوونی قورئان، لەوە کە سەرچاوەی قورئان، خوای بێ وێنە بێ، (ئەوانەی نکووڵیی لەو ڕاستییە دەکەن)، پێیان بفەرموێ: ئەو دەنگو پیتانەی قورئانیان لێ پێکهاتوە، فەرموودەی بێوێنەی خوایان لێ پێکهاتوە، لەبەر دەستی ئێوەشدا هەن، دە فەرموون! ئێوەش قورئانێکی وا بڵێن، یان بنووسن، یان بێنن، یاخود دە (١٠) سوورەتی وەك قورئان، یاخود سوورەتێکی وەك قورئان، ئنجا ئەگەر

نەتانتوانیو، دڵنیاش بن کە ناتوانن، وەك لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرموێ: ﴿ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ وَلَن تَفْعَلُوا۟ ﴿٢٤﴾ ﴾، ئەگەر نەتانتوانیو نەتانکرد، هەرگیزیش نایکەن، ﴿ فَٱتَّقُوا۟ ٱلنَّارَ ٱلَّتِى وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ ۖ أُعِدَّتْ لِلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾، خۆتان لە ئاگرێك بپارێزن کە سووتەمەنییەکەی مرۆڤ و بەردە، بۆ بێبڕوایان ئامادە کراوە.

لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴾، بەلام لە سوورەتی (یونس)دا: ﴿ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْحَكِيمِ ﴿١﴾ ﴾، ئەوانە ئایەتەکانی کتێبێکی روونن، یان روونکەرەوەن، ئەوانە ئایەتەکانی کتێبێکی کارزانو کاربەجێن. پێشتریش باسمان کرد: وشەی (مُبين) لە (أبَانَ)وە هاتوە، ئنجا (أبانَ)، چ (لازم) بێ، وەك (أبَانَ الشَّيءُ يُبين)، شتەکە روون بوو، دەرکەوت، ئاشکرا بوو، یاخود (أبَانَ الشَّيْءَ يُبِينُهُ)، شتەکەی روون کردەوە، کەواتە: (مُبين)، دەگونجێ بەمانای روونو رۆشنو ئاشکرا بێ، دەشگونجێ بە مانای روونکەرەوەو ئاشکراکەر بێ، بەلام بۆ ئێرە ئەوە گونجاوترە بڵێی: ئەم ئایەتانە ئایەتەکانی کتێبێکی رۆشنکەرەوەن، روونکەرەوەن، چونکە لەم ئایەتانەدا لەم سەدو یازدە (١١١) ئایەتەی سوورەتی (یوسف)دا، بەسەرهاتی پڕ نهێنیی یوسوف ﷺ و برایەکانی بابیو دایکیو، ئەو خەڵکانەی کە مامەڵەیان لەگەڵیدا بووە، لە زیندان داو، دوایی لە میسرو کاروانو... هتد، لە هەموو ئەوانەدا، خوای پەنهانزان ئەو بەسەرهاتە پڕ نهێنییە روون دەکاتەوە .

٢- وشەی : ﴿ تِلْكَ ﴾ : ئاماژەیە بۆ دوور، لەبەر پایەی بەرزی ئایەتەکانی قورئان، ئنجا بۆیە لە سوورەتی (یوسف)دا دەفەرموێ: ﴿ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُبِينِ ﴾، ئەوانە ئایەتەکانی کتێبێکی کارزانن، چونکە: لە سوورەتی (یونس)دا - وەك پێشتر باسمان کرد - باسی سیفەتە بەرزەکانی خواو ناوە هەرە پەسندەکانی خواو، یەکتایی خوا: لە بەدیهێنەرایەتییو پەروەردگاریتییو تەنیا پەرستراوێتیی خواو، باسی ئەوە کە خوا ﷻ ئەو کەونو کائیناتو بوونەوەرەی

بە هەق خولْقاندوە، پاشان باسی پێغەمبەرایەتیی‌و وەحیی‌و، باسی زیندوو كرانەوەو ڕۆژی ئاخیر زەمان‌و قیامەت كراوەو، ئنجا حیكمەت‌و زانایی‌و شارەزایی بێسنووری خوای پەروەردگار لەو شتانەدا بەرجەستە دەبێ، بۆیە وشەی: ﴿ٱلْحَكِيمِ﴾، لەوێدا كراوە بە سیفەت بۆ (كتاب)، كتێبێكی كارزان‌و لێزان‌و كارامە.

بەلاّم بۆیە لێرەدا وشەی: ﴿ٱلْمُبِينِ﴾، ڕوونكەرەوە، یاخود ڕۆشن، كراوە بە سیفەت بۆ (كتاب)، چونكە گێڕانەوەی بەسەرهاتی (یوسف)و بابو دایكیی‌و برایەكانی، بەو هەموو نهێنیی‌و ڕاستییانەوە، سیفەتی ڕۆشن‌و ڕوونكەرەوە (مبین)ی لەگەلّ گونجاوترە، ئەگەرنا بە دلّنیاییی؛ قورئان هەم (حكیم)یشەو هەم (مبین)یشەو، هەم (كریم)یشە هەم (عليّ)یەو، هەم (عَظیم)ەو هەم (مُبارك)ەو، هەموو خاوەنی ئەو وەسفانەی دیكەیە كە لە قورئاندا بۆی بەكارهێنراون.

مەسەلەی دووەم: كە دەفەرموێ : ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ۝٢﴾، ئێمە دامانبەزاندوە، واتە: ئەم كتێبانەمان دابەزاندوە، ﴿قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا﴾، خوێنراوەیەكی ڕوونە، ﴿لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ بەلّكو بفامن، چونكە وشەی (قورئان) وەك خوای زانا لە سوورەتی (القيامة)دا دەفەرموێ: ﴿فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ ۝١٨﴾ واتە: ئەگەر خوێندمانەوە، بە دوای خوێندنەوەكەی بكەوە، كەواتە: (قُرآن)، واتە: (مَقْروء)، خوێنراوە، یاخود (قِراءة) خوێندنەوە، بۆیەش ناو لە دوا پەیامی خوا نراوە: (كِتاب)، چونكە دەنووسرێتەوەو، نووسراوەتەوە، هەروەها ناوی لێنراوە: (قُرآن)، چونكە دەخوێنرێتەوەو، خوێنراوەتەوە، هەروەك بۆیەش ناوی لێنراوە: (ذِكْر)، چونكە ڕاستییەكان دەخاتەوە بیری ئینسان‌و، بۆیەش ناوی لێنراوە: (فُرقان)، چونكە هەق‌و ناهەق، ڕاست‌و چەوت، حەلالّ‌و حەرام، چاك‌و خراپ، بۆ مرۆڤ لێك جیادەكاتەوە .

كە تەنیا ئەو چوار ناوە سەرەكییە، بە بۆچوونی من، بۆ قورئان بەكارهاتوون، واتە: (١/ الكِتاب ٢/ القُرآن، ٣/ الذكْر، ٤/ الفرقان)، بەلاّم دیارە قورئان بە زۆر وەسف، وەسفكراوە، وەك لە مەوسووعەی: (الإسلامُ كما يتجلى في كتابِ الله)دا، لەو كتێبەدا كە تەرخانم كردوە بۆ باسی كتێبەكانی خواو، لە نێوياندا قورئان، بە تەفصيل لەوبارەوە دواوم .

كەواتە: لێرەدا خوا ﷻ پێشیّ پێناسەی قورئانی بۆ كردین، زۆر بە كورتیی: ئەی موحەممەد ! ئەو ئایەتانەی بەسەرتدا دەخوێنرێنەوە، ئایەتەكانی كتێبێكی ڕۆشنكەرەوەن، دوایی زیاتر بۆمان ڕوون دەكاتەوە، كە ئەو كتێبە لە كوێوە بۆمان هاتوە؟

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەكە لە پێنج بڕگەدا:

١) - ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ ﴾: ئەسڵی خۆی (إِنَّنَا)یە، یانی: بە جەختكردنەوە، بە دڵنیاییەوە، ئێمە ئەم قورئانەمان دابەزاندوە، ئایا بۆچی خوا ﷻ جەخت دەكاتەوەو داكۆكیی لەسەر ئەوە دەكات؟ چونكە نەیارەكانی پێغەمبەر ﷺ، تۆمەتباریان دەكرد، دەیانگوت: (إفْتَرَاهُ)، خۆی هەڵیبەستوە، یان دەیانگوت: ﴿أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ٱكۡتَتَبَهَا فَهِيَ تُمۡلَىٰ عَلَيۡهِ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلٗا ٥﴾الفرقان خەڵك پێیگوتوەو ئەویش نووسیویەتەوە، وەك لە سوورەتی (النحل)دا دەفەرموێ : ﴿لِّسَانُ ٱلَّذِي يُلۡحِدُونَ إِلَيۡهِ أَعۡجَمِيّٞ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيّٞ مُّبِينٌ ١٠٣﴾ زمانی ئەوەی كە ئاماژەی پێ دەكەن (كە قورئانی فێری موحەممەد ﷺ كردبێ، كە غولاٌمێكی نەصرانیی، یان ڕۆمیی بووە)، زمانێكی ئەعجەمییە، بەلاّم ئەم (قورئان)ە، زمانێكی ڕۆشنی ڕۆشنكەرەوەیە، یان: زمانێكی عەرەبیی ڕۆشنكەرەوەیە،

كەواتە: ئەو شوێنەی كە ئەم قورئانەی لێوە هاتوە، خوا دەفەرموێ: ئێمەین (إِنَّآ)، واتە: سەرچاوەی لێوەهاتنی قورئان خوایە، نە شەیتانەو، نە مرۆڤەو، نە ڕۆمییەو، نە نەصرانییەو، نە هیچ كەسەو، نە موحەممەد ﷺ خۆشیەتی .

٢) - ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ ﴾ : ئێمە دامان بەزاندوە، واتە: لەو پایەی بەرز خۆمانەوە قورئانمان دابەزاندوە، کە لێرەدا چ مەبەست پێی مەقامی مەعنەویی هەرە بەرزو بێ وێنەی خوای پەروەردگار بێ، کە خوا بەدیهێنەرەو جگە لە خۆی هەمووی بەدیهێنراوە: عەرش، ئاسمانەکان، زەویی، فریشتە، جند، شەیتان، مرۆڤ و، ژیانداران و، ڕووەك و، ماددەی بێ ژیان و، هەرچی دیکە هەیەو ئێمە نایزانین، هەمووی دروستکراوی خوایە .

کەواتە: لە ڕووی مەقامی مەعنەوییەوە: بەس خوا ﷻ پەیدارکەرو بەدیهێنەرەو جگە لە خۆی هەرچی هەیە، هەمووی دروستکراوو بەدیهێنراوی خوایە، هەمووی بوونی پەیوەستە بە ویستو دەستەڵاتی خوای پەروەردگارەوە.

چ لەو ڕووەشەوە کە خوا ﷻ لە سەرووی دروستکراوەکانی خۆیەتی، وەك زانایان گوتوویانە: (إِنَّ اللهَ مُسْتَوٍ عَلَى عَرْشِهِ، بَائِنٌ عَنْ خَلْقِهِ)، خوا لەسەر عەرشی خۆیەتی، (بەو شێوەیە کە بۆ خوا شایستەیە)و، جیایە لە دروستکراوەکانیو لە نێو دروستکراوەکانی دا نیە .

هەندێ خەڵك لەوانەی کە ناوێکی تایبەت بۆ خۆیان بەکاردێنن، وەك سەلەفیی، {کە لە ڕاستییدا هەموو مسوڵمانان دەبێ لەسەر ڕێبازی پێشینی چاکیان بن و، هیچ کەس بۆی نیە، بە ناو لە خۆنان، شوێن کەوتنی پێشینی چاك لەسەر خۆی قۆرخ بکاتو، خەڵکی دیکەی لێ بێ بەش بکات، چونکە گرنگ ئەوەیە تۆ بە کردەوە لەسەر ڕێبازی پێشینی چاك بی، نەك بە ناو لە خۆنان، هەروەك گرنگ ئەوەیە کە تۆ بە کردەوە خۆت سافو ساغ بکەیەوە، نەك بە ناو لە خۆنان، کە من ئەهلی تەصەووفم، من: صۆفییم، هەروەك گرنگ ئەوەیە کە تۆ بە کردەوە پابەندبی بە ئیسلامەوە، نەك بە ناو لە خۆنان من: ئیسلامییم، هەروەها لە پێش هەموو ئەوانەشدا گرنگ ئەوەیە کە تۆ بە کردەوە بۆ خوا ملکەچ بی، من: مسوڵمانم، نەك بەناو لە خۆنان، چونکە بە هیچ ناو لە خۆنانێك، ئینسان هیچ کەسب ناکاو هیچ زیاد ناکات، ئەگەر ئەو ناو لە خۆنانە، نێوەڕۆکێکی وەك خۆی لەگەڵدا نەبێ} .

بەڵێ هەندێك لەوانەی کە ناوی سەلەفیی بۆ خۆیان بەکاردێنن، لەو بابەتەدا بە هەڵەداچوونو کە دەڵێن: خوا لە ئاسمانە، وا دەزانن وەك چۆن مانگو

خــۆر لــە ئاســمانن، خــواش ئـاوا لــە ئاســمانە! واتــە: ئاسمــان دەوری خــوای پەروەردگاری داوە !!

كە لە ڕاسـتییدا ئەوە بۆچـوونێكی هەڵـەیە، بەڵـێ خـوا لـە ئاسـمانە، وەك وێـڕای قورئــان، لـە فەرموودەكــانی پێغەمبەریشـدا ﷺ ئامـاژەی پێكـراوە، بـۆ نموونە: كـەنیزەكێكی كـەڕو لاڵ، نەیانزانی داخۆ مسـوڵمانە یان نــا؟ پێغەمبـەر ﷺ بە ئـامــاژە پێـی فـەرموو: (أيـن الله؟) خـوا لـە كوێیــە؟ ئـەویش ئاماژەی بـۆ ئاسمان كـرد، فـەرمووی: ئەوە مسـوڵمانە[1].

هـەروەها خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێ: ﴿ءَأَمِنتُم مَّن فِي ٱلسَّمَآءِ ﴿١٦﴾﴾ الـملك، واتە: ئایـا دڵنیـان لـەوەی كـە لـە ئاســمانە، بـەڵام دەبــێ بـزانین ئاســمان، یـانی: (فوق) سـەروو، یانی: خـوا لە سـەرووی دروستكراوەكانی خۆیــەتی، بەو شێوەیەی كە بۆ خـوا شـایسـتەیەو، خـوا لەسـەر عـەرشو بارەگـای خۆیەتی بەو شـێوەیەی كـە بـۆ خــوا شایســتەیە، ئەگـەرنا ئەگــەر بڵـێی: خـوا پێویســتی بـە عەرشــە، لەسـەری بێ، ئەوە كوفرە، ئنجـا كـاتێك بووە نە عــەرش بووە، نـە ئاســمان بـووە، نە ئــاو بووە، نە هیچ شـتێك بووە، هــەموویان دروسـتكراوەكانی خوان، ئنجا ئـەو كـاتە خـوا چــۆن بـووە، ئێســتاش هـەر وایـە، كەواتــە: لەســەر عــەرشو بارەگا بوونی خوای پەروەردگــار، سیفەتێكی خوایـەو، ســیفەتەكانی خـواش وەك خـوان، ئـەویــش: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ ﴿١١﴾﴾ الشـــوری، هـیـچ شــتێك وەك وێنـەی وی نیــە .

كەواتـە: لێرەدا كە دەفــەرموێ: ﴿أَنزَلۡنَٰهُ﴾، هــەر دوو مانـایەكـەی ڕاســتن :

١- خـوا لە سـەرووی دروسـتكراوەكانی خۆیــەتی .

٢- خـــوا ﷻ لـە ڕووی مـەعنەوییــەوە بەدیهـێنەرو پەروەردگــارو باڵادەســـتە، بەسەر هـەموو دروستكراوەكانی خۆیـدا، ئنجـا لـەو مەقـامو پـایە بــەرزەوە، ئەم قورئــانەی دابــەزاندوە.

---

[1]) رواه مسلم، برقم (١٢٢٧) عن معاوية بن الحكم السلمي .

٣) - ﴿قُرۡءَٰنًا﴾: ئێمە ئێستا وادەزانین قورئان، یانی: (مُصْحَفْ)، ئەوەی کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ هێناویەتی، بەلاّم لە ئەسڵی زمانی عەرەبییدا، قورئان یانی: (مقروء) خوێنراوە، (کتاب)یش، یانی: (مکتوب) نووسراوە، قورئانیش هەم خوێنراوەو هەم نووسراویشە، (قُرآناً أَي: كتاباً يُقْرَأُ مُنَظَّماً على أسلوبٍ، مُعَدٍّ لأَنْ يُقْرَأَ باسْتِمْرَار)، ﴿قُرۡءَٰنًا﴾، واتە: کتێبێکە بەرێکیی دەخوێندرێتەوە، بە شێوازێك ئامادە کراوە کە بەردەوام بخوێندرێتەوە .

٤) - ﴿عَرَبِيًّا﴾، واتە: بە زمانی گەلی عەرەب، ئەوە مانایەکی، یاخود بە شێوەیەکە زۆر بە ڕوونیی مەبەستەکان دەگەیەنێ، چونکە: (أَعْرَبَ عَنْ ضَمِيرِهِ)، واتە: ئەوەی کە لە دەروونیی دابوو، ئاشکرای کرد، زمانی عەرەبیی، بۆیە پێی دەگوترێ: زمانی عەرەبیی، چونکە زمانێکە ڕۆشنە، مەبەستەکان زۆر بە ڕۆشنی دەگەیەنێ، هەڵبەتە بۆ گەلی عەرەب وایە، وەك گوتم: گەلی عەرەب غەیری خۆیان ناو ناوە (عَجَمْ)، لەبەر ئەوەی لە زمانیان حاڵی نەبوون .

٥) - ﴿لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ﴾: بەڵکو بفامن، بەڵکو تێبگەن، بەڵکو ژیربن، بەڵکو شارەزابن، هەموویان دەگرێتەوە: (رجاءَ حصولِ العِلمِ لكم مِن لَفْظِهِ وَمَعناهُ)، واتە: بە ئومێدی ئەوەی کە زانیارییتان پێی پەیدابێ، هەم لە ڕووی بێژەکەیەوە، هەم لە ڕووی ماناکەیەوە، ﴿لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ﴾، لێرەدا (مفعول بِهِ)یەکەی، ئایا چی دەفامن؟ نەیفەرمووە، تاکو: (تَعْقِلُون مَعْنَاهُ)، (تَعْقِلُون لَفْظَهُ)، (تَعْقِلُونَ محتَوَاهُ)، (تَعْقِلُونَ غايتە)، هەموویان بگرێتەوە، بۆ ئەوەی: نێوەرۆکەکەی بفامن، بێژەکەی بفامن، مەبەستەکانی، ئامانجەکانی بفامنو تێبگەن.

یاخود ﴿تَعۡقِلُونَ﴾ لێرەدا (لازم)ە، واتە: بۆ ئەوەی هۆشو ژیریيو تێگەیشتنتان بۆ پەیدابێ[1].

---

١) چونکە (عَقَل يَعْقِلُ) هەم بە (المتَعدِّي) دێ کە بەرکار (مفعول) بخوازێ ، هەم بە (لازم) کە (مفعول)ی پێویست نەکات .

مەسەلەی سێیەم: کە دەفەرموێ: ﴿ نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَذَا الْقُرْآنَ وَإِن كُنتَ مِن قَبْلِهِ لَمِنَ الْغَافِلِينَ ﴿٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە لە چوار برگەدا:

١) - ﴿ نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ ﴾، ئێمە بەسەر تۆیدا دەخوێنینەوە، بۆ تۆی دەگێڕینەوە، باشترین گێڕدراوە، (قَصَصْ)، واتە: گێڕدراوە، دەگوترێ: (قَصَّ الأَثَرَ إِذَا تَتَبَّعَ مَوَاقِعَ الأَقْدَامِ، لِيَتَعَرَّفَ مُنتهى سَيْرِ صَاحِبِهَا)[١]، (قَصَّ الأَثَرَ)، ئەگەر بە دوای شوێن پێیەکانی کەسێك کەوت، تاکو بزانێ خاوەنەکەی تا کوێ ڕۆیشتوە؟ {وَمَصدَرُهُ: القَصُّ: بالإِدْغامِ والْقَصَصُ بالْفَكّ: ﴿ فَارْتَدَّا عَلَىٰ آثَارِهِمَا قَصَصًا ﴿٦٤﴾ ﴾الكهف، وَذَلِكَ أَنَّ حِكَايَةَ أَخْبَارِ الماضِين تُشْبِهُ اتِّبَاعَ خُطَاهُم، (أَحْسَنَ القَصَص) إِمَّا مَفْعُول مُطْلَق مُبَيِّن لنَوع فِعْله، وَإِمَّا أَنْ يَكُونَ القصص بمعنى المفعول، من إطلاق المصدر وإرادة (المفعول)، كالخلق بمعنى المخلوق، وقد يكون وزن (فَعَلْ) بمعنى المفعول، كالنَّبَأ والخَبَر، بمعنى المُنْبَأ به، والمُخْبَر به}.

واتە: چاوگی (قَصَّ يَقُصُّ) بریتیە لە (قَصّ)، واتە: بە (دغَمْ)و، ئەگەر (دَغْم) نەکرێ‌و پێکەوە جۆش نەدرێن، دەبێتە: (قَصَص)، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ فَارْتَدَّا عَلَىٰ آثَارِهِمَا قَصَصًا ﴿٦٤﴾ ﴾الكهف، واتە: بە شوێن پێی خۆیاندا گەڕانەوە، چونکە گێڕانەوەی بەسەرهاتی پێشووانیش هەروەك شوێنکەوتنی شوێن پێیەکانیانە، بۆیە ئەو وشەیەی بۆ بەکارهاتوە .

---

١ دیارە من ئەو نەقڵانە بە زۆریی لە: (التَحْرير والتنوير)ی (محمد الطاهر بن عاشور) دێنم، ئەوە کە ئاماژە ناکەم بە سەرچاوەکەی، زۆر جار بۆ ئەوێ دەگەڕێمەوە، هەڵبەتە زۆر جار لە تەفسیرەکانی دیکەشەوە دێنم، ئنجا ئیکتیفام بەوە کردوە کە لە کۆتایی ئەم تەفسیرەدا لیستی سەرچاوەکان دێنم‌و، هەموو جارێ بە پێویستیی نازانم بڵێم: ئەمە لە فلان سەرچاوەوە هاتوە، بەڵام ئەگەر ڕاوبۆچوونێکی تایبەتی زانایەك هەبێ ئاماژەی پێدەکەم، بەڵام ئەوەی زۆربەیان گوتبیان، بە پێویستیی نازانم پاڵبدەمە لای یەکێکیان بە تایبەت .

﴿أَحۡسَنَ ٱلۡقَصَصِ﴾یش یانی، باشترین گێڕدراوە، وشەی (قَصَص)یش، یان (مَفْعُولٌ مطلق)ە، كە دەرخەری جۆری كردەوەكەیە، یاخود (قَصَص) بە مانای (مَفْعُول)ەو وەك چاوگ بەكارهێنراوە، بەڵام مەبەست پێی (مفعول)ە، وەك (خَلْق)، كە بە مانای (مخلوق) دێ، جاری واش هەیە، كێشی (فَعَلْ)، بە مانای (مفعول) دێ، وەك (نَبَأ)، بە مانای (مُنبَأ بە)، هەواڵ پێدراوو، (خَبر) بە مانای (مُخْبرِبِهِ)، واتە: ئەوەی كە هەواڵی پێدراوەو گێڕدراوەتەوە، دێ .

٢) - كە دەفەرمووێ : ﴿أَحۡسَنَ ٱلۡقَصَصِ﴾، زۆربەی توێژەرەوانی قورئان گوتوویانە: مەبەست پێی بەسەرهاتی یوسوفە ﷺ.

بەڵام دەڵێم: بەڵێ بێگومان بەسەرهاتی یوسوف دەگرێتەوە، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی تێكڕای بەسەرهاتەكانی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) و گەلەكانیانو بەسەرهاتەكانی دیكەشە، كە لە قورئاندا باسكراون، بە بەڵگەی ئەوە كە خوا دەفەرمووێ: ﴿بِمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ ٣﴾، بەهۆی ئەوەوە كە ئێمە ئەم قورئانەمان بۆ تۆ ناردوە، باشترین بەسەرهاتت بۆ دەگێڕینەوە، نەیفەرمووە: (بِمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ هَـذِهِ السورَة)، چونكە لەم سوورەتەدا بەسەرهاتی یوسوف گێڕراوەتەوە، بەڵام لە هەموو قورئاندا، كۆی بەسەرهاتەكانی دیكە گێڕراونەوە .

شایانی باسە هەندێك لە زانایان بۆتە مشتو مڕیان: ئەگەر ئەم بەسەرهاتی یوسوف: ﴿أَحۡسَنَ ٱلۡقَصَصِ﴾، بێ، ئایا ئەوانی دیكە وانین؟! بەڵام هەرچەندە لە تەفسیرەكاندا نەمبینیوە، یاخود ئەگەر بینیبیشم ئێستا لە یادم نیە، بەڵام وا پێدەچێو بە بەڵگەی: ﴿بِمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ﴾، {بەهۆی ئەوەوە كە ئێمە ئەم قورئانەمان بۆ تۆ سروش كردوە} ، مەبەست لێرەدا كۆی بەسەرهاتەكانی قورئان بێ، چونكە قورئان وێڕای بەسەرهاتی یوسوف، بەسەرهاتی پێغەمبەرانی دیكەشی (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) تێدان،

بەسەرهاتەکانی دیکەشی تێدان‌و هی غەیری پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم).

کەواتە: مەبەست کۆی بەسەرهاتەکانی قورئانەو، هەموویان باشترین بەسەرهاتی گێڕراوە (أَحْسَنَ ٱلْقَصَصِ)ن.

٣) - ﴿بِمَآ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ﴾، یانی: بە هۆی ئەوەوە کە ئەم قورئانەمان بۆ تۆ سروش کردوە، باشترین بەسەرهاتە گێڕدراوەکان، بۆ تۆ دەگێڕینەوە، کەواتە: بەسەرهاتەکانی قورئان هەموویان‌و لە هەموو ڕوویێکەوە باشترین گێڕراوەن .

٤) - ﴿وَإِن كُنتَ مِن قَبْلِهِۦ لَمِنَ ٱلْغَٰفِلِينَ﴾، واتە: بە تەئکید تۆ لە پێش ئەودا (واتە: پێش سروش کرانی قورئان‌و پێش ئەوەی قورئانت بۆ بێ)، لە بێئاگایان بووی، لە بێئاگایان بووی لە چی؟ هەندێکیان گوتوویانە: واتە: دەربارەی بەسەرهاتی یوسوف، بەڵام نا، ئەوەش دیسان چەمك‌و واتایەکەی فراوانترە، واتە: تۆ لە بێئاگایان بووی، لە هەموو ئەو ڕاستییانەی کە لە ڕێی قورئانەوە بە تۆ گەیشتوون، لە هەموو ئەو ڕاستییانەی کە لە ڕێی وەحییەوە نەبێ، نازانرێن .

(الغَفْلَة: إنْتِفَاءُ العِلْمِ لِعَدَمِ تَوَجّه الذهْنِ إلى المَعْلُوم)، (غَفْلَة)، بریتیە لە نەبوونی زانیاریی بەهۆی ئەوەوە کە زەین ڕوو ناکاتە ئەو شتە کە زانراوە، یانی: لێ بێ ئاگابوون‌و لێ نەشارەزابوون .

لێرەدا خوا ﷻ زۆر بە ڕوونیی بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ ڕادەگەیەنێ، کە پێشتر بێ ئاگابووە، لەو ڕاستییانەی کە لە ڕێی قورئانەوە بۆی دێن، جا چ بەسەرهاتی یوسوف ﵇، چ بەسەرهاتی پێغەمبەرانی دیکە (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) لە چەند شوێنان لە قورئاندا خوای پەروەردگار ئەوەی دووبارە کردۆتەوە، کە تۆ لەو کاتەدا لەوێ نەبووی، وەك دەفەرموێ :

١ / ﴿وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَامَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ ﴿٤٤﴾﴾آل عمران.

٢/ ﴿وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ الْغَرْبِيِّ ﴿٤٤﴾﴾القصص .

٣ / ﴿وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ الطُّورِ ﴿٤٦﴾﴾القصص .

٤ / ﴿وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ أَجْمَعُوا أَمْرَهُمْ وَهُمْ يَمْكُرُونَ ﴿١٠٢﴾﴾يوسف .

واتە: تۆ لەوێ نەبووی، لەو کاتەدا ئامادە نەبووی، ئەدی چۆنی زانی؟ خوا پێی ڕاگەیاندوەو خوای شارەزا بەرچاوی ڕۆشن کردۆتەوە، لە ڕێی ئەو پەیامە تایبەتییەی خۆیەوە .

مەسەلەی چوارەم : کە دەفەرموێ : ﴿إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ ﴿٤﴾﴾.

ئەم ئایەتە موبارەکە کە ئایەتی چوارەمە، لە سێ بڕگەدا دەتوێژینەوە:

١) - ﴿إِذْ قَالَ يُوسُفُ﴾، یادبکەوە کاتێک یوسوف گوتی: بە کێی گوت؟

﴿لِأَبِيهِ﴾، بە بابی گوت، واتە: یوسوف ﷺ شتێکی بە بابی گوت، کە ئێمە نازانین چییە! هەمیشە قورئان ئەو شێوازە بەکاردێنێ، کە تۆ چاوەڕێ بکەی ئەو هەواڵە چییە کە دێ؟ سەرنجت ڕادەکێشێ بۆ گوێگرتن، سەرەتا ئێمە نازانین داخۆ یوسوف چ هەواڵێک بە بابی ڕادەگەیەنێ ؟!

٢) - ﴿يَا أَبَتِ﴾، پێشتریش باسمان کرد، ئەم (تاء)ە، لە جێی (یاء)ە، واتە: (یَا أَبي)، دەڵێ: {التاء فِي (أَبَتِ) تاءٌ خَاصّةٌ بكَلِمةِ الأب وكلِمة الأُم، في النداءُ خاصةً، على نية الإضافة إلى المتكلّم، فمفادها مَفادَ: يا أَبي)، ئەم (تاء)ە تایبەتە بە وشەی (أب) و (أم)ەوە، ﴿يَا أَبَتِ﴾، لە کاتی بانگ کردندا، کە پاڵ

دەدرێتە لای (یاء)ی قسەکەر، وەك بڵێی: (یا أبي)، ئەی بابە گیان! بە هەمان شێوە ﴿ يَٰٓأَبَتِ ﴾، ئەم (تاء)ە، لە جێی (یاء) دانیشتوە، ئنجا زۆربەی قورئان خوێنەکان، لە حەوتەکانو دەیەکان بە: ﴿ يَٰٓأَبَتِ ﴾، خوێندوویانەتەوە، بەڵام (ابن جعفر) و (ابن عامر)، بە (يأَبَتَ)، کە دیارە ئەو قیرائەتەشی هاتوە، هەردووکیان بە مانای ئەی بابە گیان ! دێن .

٣) - ئنجا دوای ئەوەی کە بابی دەدوێنێو ئاگاداری دەکاتەوە، هەواڵی پێدەدات: ﴿ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ ﴾، بە دڵنیاییەوە من یازدە (١١) ئەستێرەو خۆرو مانگم بینین، دیتمن بۆ من کڕنووشیان برد بوو .

پێشتر باسمان کرد، کە ئەو یازدە ئەستێرەیە مەبەست پێیان یازدە برایەکانێی :

(١) (بنامین)ی برای بە پێی ئەوەی کە لە تەورات، لە پەیمانی کۆندا هاتوە، ئەگەرنا لە هیچ دەقێکی قورئانو سووننەتدا ناوی هیچ کام لە برایەکانی یوسوف نەهاتوە.

(٢) دە (١٠) برایەکەی دیکەی، کە لە جگە لە دایکی خۆینی، مەبەستیش لە خۆرو مانگ: دایكو بابێی .

ئنجا کە دەڵێ: ﴿ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ ﴾، بینیمن کڕنووشیان بۆ برد بووم، واتە: سڵاویان لێکردم بە سڵاو لێکردنێك کە لە حوکمڕانان دەکرێ، بە سڵاو کردنێك کە زۆر ڕێز لێگرتنو حورمەت لێگرتن دەگەیەنێ، نەك سەریان خستبێتە سەر زەوی، کە بە تەئکید نە لە قورئاندا (سجود)، تەنیا ئەو مانایەی هەیەو، نە لە زمانی عەرەبییدا، ئنجا (سجدة)ی خواپەرستییش، بێجگە لە خوا ﷻ لە بۆ کەسی دیکە ڕەوانییە، ببردرێ .

زانایــان دەڵــێن: بۆچــی یوســوف ﷺ گوتوویــەتی: ﴿رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ﴾، ﴿رَأَيْتُهُمْ﴾، نالــێ: (رأيْتُها)، دوایی دەڵێ: ﴿لِي سَاجِدِينَ﴾، نالــێ: (ساجِدة)، واتــە: بۆچــی بــە (جمع المذکر السّالم)، هێنــاونیو ڕانــاوی کــۆی بۆ بەکارهێنــاون، کە (جمع المذکر السّالم)، بۆ خــاوەن هەســـتو شــعوورو عــاقــڵ مەنــدان بەکـــاردێ؟! زانایـــان دەڵێن: لەبــەر ئــەوەی کڕنووش بردن (سجود) کاری عــاقــڵانو خــاوەن شــعوورو هەســتانە، بۆیــە ئــەو ڕانــاوەی بۆ بەکارهێنــاون .

ئنجــا ئــەو خەونــەی یوســوف ﷺ وەك پێشتــر باســمان کــرد، وا دیــارە لــە تەمــەنی منداڵــیدا بینیویــەتی، لــە تەمــەنی (١٠-١٢) ساڵیی دا، کــە دوای حــاڵو بەسەرهاتو ڕووداوانێکی زۆر، ئــەوەی کە لــێرە لە ئایــەتی چــوارەمدا دەیفــەرموێ، لە ئایــەتی ژمــارە ســەد (١٠٠)دا، ســەرەنجامیو هاتنــە دی ئــەو خەونــە بــاس دەکات: دەفـــەرموێ: ﴿ وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ وَخَرُّوا لَهُ سُجَّدًا وَقَالَ يَا أَبَتِ هَذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا ﴿١٠٠﴾ ﴾، واتــە: بــابو دایکی بــردە سەر تەختەکــە (تەختی حوکمڕانیی، ئەو تــەختو بارەگــایەی کــە لەســەری دادەنیشت، دیارە کاتی خۆی عــادەتیــان وابوو، چونکە ئێســتا خــەڵك لەســــەر کورســی دادەنیشــێ، بــەڵام وا پێدەچێ ئەو عەرشە پانتــاییەکەی زۆر بووبــێ، جێــی دایكو بابو خەڵکی دیکەشی لەسەر بووبێتەوە)، ئنجا هەموویان کڕنووشیان بۆ برد، واتە: بۆی چەمینــەوە، یاخود ســڵاوێکیان لــێ کرد کە ملکەچییو ڕێــز لێگرتن، دەگەیەنــێو گوتی: ئەی بابە! ئەمە سەرەنجامی خەونەکەمە کە پێشتــر بینیبووم، ئێســتا پەروەردگــارم هێنــایــە دی .

مەســـەلەی پێنجـــەم: کـــە دەفـــەرموێ : ﴿قَالَ يَا بُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَى إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا لَكَ كَيْدًا إِنَّ الشَّيْطَانَ لِلْإِنسَانِ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٥﴾ ﴾.

شیکــردنــەوەی ئــەم ئایــەتــە موبــارەکــە لە چوار بــڕگــەدا:

دوای ئەوەی کە یوسوف خەونەکــەی بۆ بابــی دەگــێڕێتــەوە، چــۆنی بینیــوە، ئــاوا، ئەویش ئامۆژگــاریــی دەکات :

١) - ﴿قَالَ يَٰبُنَيَّ﴾، (یەعقووب ، بابی یوسوف)، گوتی: ئەی ڕۆڵە گیان! بۆچی بچووکی کردۆتەوەو نەیفەرمووە: (يَا ابْنِي)، ئەی کوڕەکەم؟ چونکە: ﴿يَٰبُنَيَّ﴾، یانی: کوڕیژگەکەم، کوڕە بچووکەکەم، زانایان گوتوویانە: (التَّصْغِير كِنَايَةٍ عَنْ تحبيبٍ وَشَفَقَةٍ، نـزِّل الكَبِيـر مَنْزِلَـة الصغِير، لأَنَّ شَأْنَ الصَّغِيـر أَنْ يُحَبَّ ويُشْفَقَ عَلَيْهِ)، لەبەر ئەوەی بچووك کردنەوە هێمایە بۆ خۆشویستن‌و سۆزو بەزەیی، جاری وایە مرۆڤی گەورەش دادەبەزێنرێ، بۆ پلەی بچووك، چونکە منداڵی بچووك عادەت وایە کە خۆش بویسترێ‌و، سۆزو بەزەیی زیاتری لەگەڵدا بنوێنرێ .

واتە: ئەی ئەو کوڕەی کە زۆرم خۆش دەوێ! وەك چۆن منداڵێکی بچووك زۆر خۆشەویستەو مرۆڤ دەیخاتە ژێر چاودێریی خۆیەوەو ئاگای لێ دەبێ .

٢) - ﴿لَا تَقْصُصْ رُءْيَاكَ عَلَىٰٓ إِخْوَتِكَ﴾، خەونەکەت بۆ برایەکانت مەگێڕەوە، دەڵێ: (القَصُّ حِكَايَةُ الرُّؤْيَا)، (قَصٌّ)، گێڕانەوەی خەونە، (الرُّؤْيَا: رُؤْيَـة الصور فِي النَّوْمِ فَرَّقُوا بَيْنَهَا وَبَيْنَ رُؤيَةِ اليَقَظَـةِ باختِلاَفِ عَلاَمَتي التأْنيثِ)، (رُؤْيَا) بریتییە لەوە کە ئینسان لە خەوندا دەیبینێ، (کاتێك کە دەنوێ، دەخەوێ هەندێك شت دەبینێ، ئەو وێنانەی کە دەیانبینێ، ئەوە پێی دەگوترێ: رؤيا)، لە زمانی عەرەبییدا (رؤيا)، لەگەڵ (رؤية)، کە یەکیان بە (ألف)ەو ئەوی دیکەیان بە (تاء التأنيث)ە، جیاوازییان خستۆتە نێوانیان، بەوە کە ئەوەی لە کاتی بێدارییدا دەبینرێ، پێی دەگوترێ: (رؤية)، واتە: بینین‌و، ئەوەی لە کاتی خەوندا دەبینرێ، پێی دەگوترێ: (رؤيا)، کە دیارە یەکیان نیشانەی (تأنيث)ەکەی بە (ألف)ە، ئەوی دیکەشیان بە (تاء)ە، هەر بۆ ئەوەی کە جیاوازییان پێبکەن .

٣) - بۆچی یەعقووب ئامۆژگاریی یوسوفی کوڕی دەکات کە خەونەکەی بۆ برایەکانی نەگێڕێتەوە؟ ﴿فَيَكِيدُواْ لَكَ كَيْدًا﴾، ئەگەرنا پیلانێکت لە دژ

دەگێڕن، (الكَيْدُ: إِخْفاءُ عَمَلٍ يَضرُّ الـمكِيدَ)، (كَيدْ) بریتیە لەوەی کارێك کە زیان بەو کەسە دەگەیەنێ کە کارەکەی لە دژ دەکرێ، بشارڕێتەوە .

وشەی ﴿فَيَكِيدُواْ لَكَ كَيْدًا﴾، ئەو (تنوین)ە، کە لەسەر ﴿كَيْدًا﴾ە، بۆ مەزن کردنو زەبەلاح کردنە، واتە: فێڵو پیلانێکی گەورەت لە دژ ساز دەکەن .

یەکێ بۆی هەیە بڵێ: باشە یەعقووب ﷺ ئەوەی چۆن زانی ؟

دیارە کە گومانەکەی هاتە دیو برایەکانی یوسوف پیلانیان لە دژی یوسوف گێڕا، بەڵام چۆنی زانی ؟

دەڵێین: ئەگەر باب ج بڕ فیراسەتو بەرچاو روونیی هەبێ، کوڕەکانی خۆی، منداڵەکانی خۆی دەناسێ، شارەزایان دەبێ، هەڵسوکەوتیان، قەناعەتیان بیرو بۆچوونیان، چییەو چۆنە؟ لەوەوە هەڵیهێنجاوە کە: ئەو برایانەی ئەگەر بێتو بزانن یوسوف خەونێکی وای بینیوەو، کەمو زۆر لە مانای خەونەکەشی تێدەگەن، کە چی دەگەیەنێ! کە یوسوف دەکەوێتە پێگەو پایەیەکەوە: هەم بابو دایکی ڕێزی تایبەتی لێ دەگرن، هەم یازدە (١١) برایەکەی، ئەوە دیارە ئێرەیی پێ دەبەن، ئەو حەسوودیی پێ بردنەش پاڵیان پێوە دەنێ، کە فێڵو پێلانێکی لە دژ بگێڕن، بۆ ئەوەی کە سەرنگوومی بکەنو سەری بە فەتارەت بدەنو، نەگاتە ئەو پایەو مەقامە، کە چاوەڕێ دەکرێ بیگاتێ .

دیارە زانیویەتی کوڕەکانی چۆنن؟ بۆیە ناوا ئامۆژگاریی یوسوفی کوڕی دەکات، ئنجا ئەوەش کە شێمانەو ئەگەری بۆ داناوە، بەو شێوەیە هاتۆتە دی .

٤) - ﴿إِنَّ ٱلشَّيْطَـٰنَ لِلْإِنسَـٰنِ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾، ئەمە دەگونجێ هەر قسەی یەعقووب ﷺ بێ: بێگومان شەیتان بۆ مرۆڤ دوژمنێکی ئاشکرایە، واتە: شەیتان لە بۆسە دایە بۆ زیان گەیاندن، ئەو خەونەی یوسوفیش ﷺ بیانووو پاساوێکە بۆ شەیتان کە لە ڕێی ئەوەوە خوتخوتەو خەیاڵو دنەدانی خراپ بۆ برایەکانی بکاتو پێیان بڵێ: تەماشا بکەن! ئەو برایەتان سەرەنجام ئاوای لێ دێ، ئێستا ڕێی لێ بگرن، با وای لێ نەیەتو پیلانی لە دژ بگێڕن .

دیارە قورئان نەیگێڕاوەتەوە کە ئەوە چۆن بووەو چۆن نەبووە؟ گرنگ ئەوەیە دەگونجێ ئەمە قسەی یەعقووب ﷺ بێ، کە زیاتر وا پێدەچێ، دەشگونجێ یەکسەر خوای پەروەردگار وای فەرمووبێ: بێگومان شەیتان بۆ مرۆڤ دوژمنێکی ئاشکرایەو ئەو هەلو دەرفەتانەی کە بۆی هەڵدەکەون، بەسەریاندا باز نادات، ئنجا ئەگەر بێتو ئەی یوسوف! ئەو خەونەی تۆ بە برایەکانت بگاتەوە، شەیتان وەك دەرفەتێك دەیقۆزێتەوە، بۆ برایەکانت، کە بیکاتە مایەی ڕق هەڵساندنیانو، بیکاتە مایەی جوولاندنی هەستی بوغزو حەسوودییان بەرانبەرت، سەرەنجام ئەو هەستە خراپە پاڵیان پێوە دەنێ، کە پیلانت لە دژ بگێڕن، پیلانێکی گەورەت بۆ ساز بکەن، فێڵێکت لێ بکەن، بۆ ئەوەی نەگەیە ئەو پێگەیەی بۆت چاوەڕوان دەکرێ، ئەو ئایندە ڕۆشنە .

لێرەدا قورئان تەنیا ئەوەندەی فەرمووە، بەلام دیارە لە ئیسرائیلیاتدا، ئەوەی لە کتێبە پێشووەکانەوە نەقل دەکرێ، شت زۆر باسکراوە، بەلام ئێمە مەگەر ئەوەی لەگەل ئایەتەکاندا تێکنەگیرێو، پەکمان لەسەری بکەوێ، بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر چەمکی ئایەتەکان، ئەگەرنا نایهێنین، بە تایبەتی هەندێك شت هەیە، کە هەر بە ئاشکرا لەگەڵ عەقڵو مەنتیقو، لەگەڵ قورئانو لەگەڵ واقیعیشدا تێکدەگیرێ، ئەوە هەر ئیهمالی دەکەین، چونکە زۆر لە تەفسیرەکان لاپەڕەی زۆریان ڕەش کردوونەوە، بە زۆر لەو حیکایەتانەی کە دوایی ئاماژەی بە هەندێکیان دەکەین .

مەسەلەی شەشەمو کۆتایی : کە لە ئایەتی شەشەم وەردەگیرێ :

یەعقووب هەر لەسەر ئامۆژگاریی کردنو دڵخۆش کردنی یوسوف بەردەوام دەبێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكَ وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعْقُوبَ كَمَآ أَتَمَّهَا عَلَىٰٓ أَبَوَيْكَ مِن قَبْلُ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٦﴾ ﴾.

لە پێنج بڕگەدا ئەم ئایەتە موبارەکە، دەتوێژینەوە:

١) - ﴿ وَكَذَٰلِكَ يَجۡتَبِيكَ رَبُّكَ ﴾، ئاوا بەو شێوەیە پەروەردگارت تۆ هەڵدەبژێرێ، واتە: وەك چۆن تۆی هەڵبژاردوە، لەو تەمەنەی نابالّغیی‌و بچووكییەدا، بەرچاو ڕوونییەكت بداتێ، دەربارەی ئایندەی گەش‌و ڕوونی خۆت، هەر بەو شێوەیەش پەروەردگارت تۆ هەڵدەبژێرێ، بۆ ئەوەی كە لە داهاتوودا ببی بە مرۆڤێكی شایستە، ببی بە كەسێك كە شایستەی ئەوەبی پەیامی خوا بگەیەنی، ببی بە یەكێك لە پێغەمبەران .

(الإجتبـاءُ) دەگوترێ: (جَبَيْتُ الـمَاءَ فِي الحَوْضِ: جَمَعْـتُهُ)، ئاوەكەم لە حەوزەكەدا، یان لە گۆمەكەدا كۆكردەوە، (جباية)، بریتیە لە كۆكردنەوەی سەرانەو پیتاك، هەروەها (جابية)، بە حەوزێكی گەورە دەگوترێ، كە ئاوی زۆری تێدا كۆبكرێتەوە، (إجتباء)، بریتیە لە كۆكردنەوەو هەڵبژاردنی شتێك .

ئنجا یەعقووبیش - وەك پێشتریش ئاماژەم پێكرد - دیارە تەعبیری خەونی زانیوە، یاخود خوا بە وەحیی‌و ئیلهامێكی تایبەت پێی گوتوە: ئەو خەونەی یوسوف ﷺ چی دەگەیەنێ .

٢) - ﴿ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِ ﴾، هەروەها لە مانا لێكدانەوەی خەونانت فێر دەكات، وشەی (أحاديث) كۆی (حديث)ە، بە مانای قسە دێ، بەڵام بە پێی سیاقی ئایەتەكە، لێرەدا دەزانین كە مەبەست لە (أحاديث)، واتە: خەونەكان، ئەوەی كە خەڵك لە كاتی خەوتندا دەیبینێ‌و دەیبیستێ، ﴿تَأۡوِيلِ﴾یش بە مانای گێڕانەوەی شتێك بۆ ئەسڵ‌و بنك‌و ڕیشەی خۆی دێ.

بەڵام لێرەدا دەزانین بە مانای مانا لێكدانەوەو تەعبیركردنی خەون دێ، بەپێی سیاق دەزانرێ، دەڵێ: (التَّأوِيلُ: إرْجَاع الشيءُ على حقيقته ودليله)، (تأويل)، بریتیە لە گێڕانەوەی شتێك بۆ حەقیقەتی خۆی، بۆ سەرەنجامەكەی‌و بۆ بەڵگەكەی، كە ئایا چی دەگەیەنێ‌و مەبەست پێی چییە؟ (والأحَادِيث جَمْعُ

حَدِيث: الخَبَرُ المتَحَدَّثُ بهِ)، (أحاديث)، - وەك گوتم - كۆی (حديث)ە، واتە: ئەو قسەیەی كە باسكراوەو هەواڵی لەبارەوە دراوە، ئنجا: (تأويل)، هەرچەندە بە مانای گێڕانەوەی شتێك بۆ ئەسڵەكەی خۆی دێ، بەڵام لێرەدا بە مانای لێكدانەوەی خەون (تعبیر)دێ.

٣) - ﴿وَيُتِمُّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكَ وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعۡقُوبَ﴾، هەروەها چاكەی خۆی لەسەر تۆو، لەسەر بنەماڵەی یەعقووبو لەسەر دەوروبەرو نیزیكانی یەعقووب تەواو دەكات، (إتمام النعمة: هو إعطاءُ أفضلِ النعم وهي النبوةُ)، (إتمام النعْمَة)، تەواو كردنی چاكە بریتیە لەوەی چاكترین چاكە لەگەڵ ئینساندا بكرێ، چاكترین چاكەش بە ڕەهایی بریتیە لە پێغەمبەرایەتیی، چونكە پێغەمبەرایەتیی بەرزترین پلەیە كە بە مرۆڤەكان دراوە، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿قُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ وَسَلَٰمٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ ٱلَّذِينَ ٱصۡطَفَىٰٓ ۝٥٩﴾ النمل، واتە: بڵێ: ستایش بۆ خواو سەلام لەسەر ئەو بەندانەی هەڵیبژاردوون، یان دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ يَصۡطَفِي مِنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلٗا وَمِنَ ٱلنَّاسِۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٞ ۝٧٥﴾ الحج، واتە: خوا لە فریشتەكانو لە مرۆڤەكان نوێنەرانێك هەڵدەبژێرێ ...

چونكە هیچ چاكەو نیعمەتێك لە پێگەو پلەی پێغەمبەرایەتیی، بەرزترو چاكتر لە بوون (وجود)دا نیەو، نیعمەتی موتڵەقو ڕەها هەر ئەوە، هەر لەوەشەوە دەزانین لێرەدا كە دەڵێ: نیعمەتو چاكەی خۆی لەسەر تۆو لەسەر بنەماڵەی یەعقوبیش، تەواو دەكات، مەبەست پێی بەخشرانی پلەی پێغەمبەرایەتییە بە یوسوف ﷺ.

وشەی ﴿ءَالِ يَعۡقُوبَ﴾یش، چونكە پێشتر باسمان كرد كە ﴿ءَالِ﴾، بریتیە لە كەسانێك كە تایبەتن بە كەسێكەوە، چ لە ڕووی خزمایەتییەوە، چ لە ڕووی شوێنكەوتنەوە، ﴿ءَالِ يَعۡقُوبَ﴾یش، مەبەست پێی كوڕانو دەوروبەری یەعقووبن، چونكە ئەو پلەی پێغەمبەرایەتیی كە بە یوسوف دەدرێ، مایەی

سەربەرزیی دنیاو قیامەتە، هەم بۆ بابیشی، هەم بۆ برایەکانیشی‌و، بۆ دایکی بۆ خزم‌و کەس‌و نزیکانیشی .

٤) - ﴿كَمَآ أَتَمَّهَا عَلَىٰٓ أَبَوَيۡكَ مِن قَبۡلُ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَٰقَ﴾، وەك چۆن ئەو چاکەیەی پێشتر تەواو کرد لەسەر هەردوو بابت: ئیبراهیم و ئیسحاق، واتە: بابو باپیرت (عَلَيْهِما الصَّلاةُ وَالسَّلام) ئەوانیش پلەی پێغەمبەرایەتییان پێبەخشراو ئەو نیعمەتە ڕەهایەیان پێدرا، ئنجا وەك چۆن بەوانی داوە، بە تۆشی دەدا .

٥) - ﴿إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾، بێگومان پەروەردگاری تۆ زانای کارزانە .

زانایە، دەزانێ چۆن کارەکانی دەکات، کارزانیشە دەزانێ چۆنیان ئەنجام دەدات .

ئنجا لێرەدا هیچ گومانی تێدا نیە، کە دەبێ خوای پەروەردگار تەواو یەعقووبی دڵنیا کردبێتەوە، کە خەونەکەی یوسوف چی دەگەیەنێ؟ بۆیە دێنێ لەبەر ڕۆشنایی خەونەکەیداو، بە دەم تەعبیرکردنی خەونەکەیەوە، موژدەی پێدەداو دڵی خۆش دەکات، ئەوەش حیکمەتێکی گەورەی یەعقووب ﷵ دەردەخات، چونکە دەبێ یەعقووب پێشبینیی ئەوەی کردبێ، کە دوایی هەرچۆنێك بێ، ئەو خەونەو تەعبیرەکەی دەگاتەوە بە برایەکانی‌و یوسوف تووشی تەنگ‌و چەڵەمە دێ، بۆیە لە سەرەتاوە بەرچاوی یوسوفی ڕۆشن کردۆتەوە، چونکە ئینسان ئەگەر ئایندەی ڕوون بێ، سەرەتای تاریك‌و لێڵ، نارەحەتی ناکات‌و، زیاتر خۆڕاگر دەبێ، مادام ئاسۆی ڕوون دەبینێ، بۆیە لە سەرەتاوە یەعقووب ئاسۆیەکی ڕوون دەخاتە بەرچاوی یوسوفی کوڕی، تاکو ئەو ئاستەنگ‌و لێڵاییانەی دێنە ڕێی، پەکی نەخەن‌و، تەماشای ئاسۆی ڕوون بکات‌و، لە نێو بازنەی ئەو گرفتە تاریك‌و لێڵانەدا، کە دێنە پێشی چاوی، نەژیەت، بەڵکو بەرز بڕوانێ‌و دوورتر ببینێ .

کورتە باسێک لەبارەی خەونەوە

بە گشتی لە شەش تەوەردا دەربارەی خەون قسە دەکەین :

١- پێناسەی خەون.
٢- جۆرەکانی خەون.
٣- حەقیقەت‌و ڕەوایی خەون، لە ڕووی واقیع‌و شەریعەتەوە.
٤- بەرهەمی خەون، بە هۆی خەونەوە چیمان دەست دەکەوێ ؟
٥- چۆن مامەڵە لەگەڵ خەوندا بکەین؟
٦- شەش ئاگاداریی گرنگ لە بارەی خەونەوە.

١} پێناسەی خەون :

خەون دیاردەیەکی مرۆییەو، دیاردەیەکی جیهانییشە، واتە: دیاردەیەکە لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا کەم و زۆر بینراوەو دەبینرێ، گشتگیریشە بۆ هەموو مرۆڤ لەسەر ئاستی مرۆڤایەتیی لە ڕابردووداو ئێستاش و، لە هەموو گۆشەو کەنارەکانی زەمیندا، ئنجا وەك دوایی پێی دەگەین، لە ڕاستییدا خەون ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ڕووحی ئینسانەوە هەیە، پەیوەندیی بە دیوی پەنهان و شێردراوەی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە تا ڕاددەیەکی زۆر وەك مەتەڵێك، وەك ڕەمزو هێمایەك و شتێکی پەنهان، هەمیشە جێگای مشت و مڕ بووەو، بەو شێوە بووەو، هەر بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە .

پاشان لە کەسێکەوە بۆ کەسێك، بەڵکو لە کەسێکیشدا لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێك، دەگۆڕێ، ئەوە نیە کە خەڵك هەموو بە یەك شێوە خەون ببینن، ئەوەش نیە کە مرۆڤ خۆیشی هەموو خەونەکانی وەك یەك بن، واتە: هەر مرۆڤێکیش خەونی جۆراو جۆر دەبینێ، لە حاڵەتی جۆراو جۆردا .

هەروەها مرۆڤەکانیش بە پێی ئامادەیی ڕووحیی خۆیان و، بە پێی باری سروشتی دەروونیی و دیوی پەنهانی خۆیان، خەون دەبینن، ڕەنگە هەبێ خەونەکانی زیاتر ڕاست بن و، هەبێ کە خەونی ڕاست کەمتر ببینێ، وەك دوایی باسی دەکەین، ئەوە هەمووی پەیوەندیی بە جۆرو چۆنیەتیی ڕووح و، ئامادەیی ڕووحی مرۆڤەکانەوە هەیە.

ئنجا دوای ئەوەی گەڕام بۆ پەیدا کردنی پێناسەیەك بۆ خەون، پێم وایە باشترین پێناسە ئەوەیە کە (محمد الطاهر بن عاشور)، لە تەفسیرەکەی خۆیدا[١] هێناویەتی، کە ئەویش لە (إبن سینا)وە نەقڵ دەکات، لە کتێبەکەی بە ناوی (الإشارات)، (إبن سینا)ش پزیشك و فەیلەسووف و زانایەکی گەورە بووە، (محمد الطاهر بن عاشور)یش، وەك پشتگیریی کردن و وەك پێ ڕازی بوون، ئەو پێناسەیە

١) التحرير والتنوير، ج ١٢، ص٢١٠.

لە (إبن سینا)ەوە نەقڵ دەكات، ئنجا منیش ئەو پێناسەیەی (ابن سینا) بە ڕاست دەزانم، (إبن سینا)، دەڵێ :

(إنَّ النفس الناطقة وَهِي المُعَبَّرُ عَنْهَا بالروح، هي من الجواهر المجرّدة التي مَقرُّها العالم العلوي، فهي قابلةٌ لاكتشاف الكائنات، على تفاوتٍ فِي هذا القبول، وَأَنَّهَا تُودَعُ في جسم الجنين عند اكتمال طور المضغة، وأنّ للنفس الناطقة آثاراً من الإنكشافات إذا ظهرت، فقد ينتقش بعضها بمدارك صاحب النفس فِي لوح حسِّهِ المشترك، وقد يصرفه عن الإنتقاش شاغلان :

أحدهما: حِسّيّ خارجيّ.

والآخر: باطنيّ عقليّ أو وهميّ.

وقوَى النفس متجاذبة متنازعة، فإذا اشتدّ بعضُها ضَعُفَ البعضُ الآخر، كما إذا هاج الغَضَبُ، ضَعُفَتِ الشهوةُ، فكذلك إنْ تَجَرّدَ الحِسُّ الباطِنُ للعمل، شُغِلَ عن الحسّ الظاهر، والنوم شاغل للحسّ، فإذا قلّت شواغِلُ الحواس الظاهرة، فقد تتخلّص النفس عن شغل مُخَيَّلاتها، فتطلّع على أمورٍ مُغَيَّبة، فتكونُ المنامات الصادقة).

ڕەنگە (محمد الطاهر بن عاشور) تۆزێك تەعبیرو دەربڕینەكەی ئیبن‌و سینای دەستكاریی كردبێ، وەك لە تەفسیرەكەی دا ئاماژەی پێدەكات، بەڵام نێوەڕۆكەكەی پاراستوە .

دەڵێ: نەفسی گۆیا (النفس الناطقة)، (ئەوە زاراوەیەك بووە بەكاریان هێناوە بۆ ڕووح)، كە بە ڕووح تەعبیری لێكراوە، لەو دروست كراوە سەروو ماددییانەیە كە شوێنەكەی جیهانی سەرەوەیە، (واتە: جیهانی سەرووی ماددیی)، ئەو نەفسە شایستەی ئەوەیە كە پەی ببات بە دروستكراوەكان، بە جیاوازیی ئەو شایستەییە لە كەسێكەوە بۆ كەسێك، ئەو ڕووحەش لە جەستەی كۆرپەلەدا دادەنرێ لە قۆناغی زارجوو (مضغة)دا، {واتە: ئەو كاتەی كۆرپەلە بە قەد گۆشتێكی لێ دێ، هێندەی پارووەیەك‌و زار جوویەك} ، كۆرپەلە لەو كاتەدا گیانی بە بەردا دەكرێ {وەك ئایەتەكەی سووڕەتی (المؤمنون)، ئاماژەی پێدەكات، ﴿ثُمَّ أَنشَأْنَهُ خَلْقًا ءَاخَرَ ﴿١٤﴾﴾ ، كە زۆربەی زانایان دەڵێن: ئەوە كە دەفەرموێ: كردمان بە دروست كراوێكی دیكە،

مەبەست پێی ڕووح بە بەردا کرانە﴾، وە نەفسی گۆیا، (ڕووح)، چەند شوێنەوارێکی هەن لە پەی پێ بردنەکاندا، جاری وایە هەندێك لەو شتانە لەسەر هەستی هاوبەش (الحِسُّ المشترك)ی دەنەخشێن، ﴿هەستی هاوبەش زاراوەیەك بووە کاتی خۆی زانایانی دەروونناس کە لە دیوی پەنهانی مرۆڤیان کۆڵیوەتەوە، بەکاریان هێناوە، کە مەبەست پێی: دیوی پەنهانو نابەرهەستی مرۆڤە﴾، بە زۆریی وایە کە دوو شت، ڕێگا دەگرن لەوەی کە مرۆڤ لە ڕێی ڕووحەوە، کە عەقڵ بەکاردێنێ، پەی بە شتەکان بەرێ:

یەکەمیان: شتێکی دەرەکیی بەرهەستە، ئەویش ئەوەیە کە ئینسان هەستەکانی سەرقاڵبن .

دووەمیشیان: شتێکی دەروونیی عەقڵیی، یاخود وەهمییە .

هێزەکانی نەفسیش لە نێوان خۆیاندا جۆرێك لە پەلکێش کردنو ناکۆکییان هەیە، ئەگەر یەکێکیان بە هێز بوو، ئەوەی دیکەیان بێهێز دەبێ، بۆ وێنە: ئینسان کاتێك کە ڕقی هەڵدەستێو تووڕەیی دەجووڵێ: ئارەزووی کەم دەبێتەوە، (ئەوە شتێکی ئاشکرایە)، هەروەها کاتێك کە هەستی نێوەوە یەکلا دەبێتەوە بۆ ئەوەی کارێك بکاتو، سەرقاڵ نابێ بە هەستە دەرەکییەکانەوە، کە خەو مایەی سەرقاڵ کردنی هەستە دەرەکییەکانە ﴿واتە: لە کاتی خەودا ئینسان چاوی نابینێ، گوێی نابیستێ، قسە ناکات، شت ناخوات، تا کۆتایی﴾، ئنجا دەڵێ: کاتێك کە سەرقاڵکەرەکانی هەستە ڕواڵەتییەکان، کەم دەبنەوە، لە کاتی خەودا، لەو کاتەدا ڕووح دەربازی دەبێ، لەوەی کە سەرقاڵ بێ بە خەیاڵو وەهمو شتە ڕواڵەتییەکانەوە، لەو حاڵەتەدا ڕووح پەی بە هەندێ شتی پەنهان دەباتو، لە ئەنجامی ئەوەدا خەونی ڕاست دێنە دی .

دوایی دەڵێ : خەونی ڕاست حاڵەتێکە کە خوا بە هەندێك لە بەندە هەڵبژاردەکانی خۆی، دەداتو، بەو هۆیەوە ڕێزیان لێدەگرێ، ئەوانەی کە نەفسیان پاك بۆتەوەو، دیارە ئینسان تاکو دەروونەکەی پاکتر بێ، لە شیرکو کوفرو نیفاقو، لە سیفەتە خراپەکان بژاری کردبێو، ڕازابێتەوە بە ئیمانو خوا بە یەکگرتنو تەقواو سیفەتە بەرزەکان، ئەو جۆرە کەسانە ڕووحەکەیان پەیوەست دەبێ بە هەندێك لەو شتانەوە، کە زانیاریی خوا پێیانەوە پەیوەستەو، هەندێك لەو شتانەی

کە ویستی خوا دەسەڵاتی خوا پێیانەوە پەیوەستەو، فەرمانی هێنانەدی خوا، پێیانەوە پەیوەستە، ئیدی لە ئەنجامی ئەوەدا، هەندێك شتی بۆ دەدۆزرێنەوەو، هەندێك شتیشی بۆ ڕوون دەبنەوە، چ لە ڕووی کاتەوە: پێش ئەوەی ڕوو بدەن کە پەنهانن، ئەو هەندێ لە شتانەی بۆ ئاشکرا دەبن، یاخود لە ڕووی شوێنەوە: پێش ئەوەی خەڵکی دیکە بە شێوەی ئاسایی ئەو شتانە بزانێ، ئەو پێیان دەزانێ .

منیش دەڵێم: بە کورتیی: خەون بینین کاری ڕووحەو، لە کاتی خەوتندا ڕووح، لە سۆنگەی ئەوەوە کە سەرقاڵ نابێ بە هەستەکانەوەو سەرقاڵ نابێ بە کارە ڕواڵەتییەکانەوەو، بە جێبەجێ کردنی داخوازییە غەریزەییەکانی جەستەوە، لەو حاڵەتەدا ڕووح دەستی کراوەتر دەبێو، ئامادەیی زیاتر دەبێ بۆ وەرگرتنی زانیاریی جۆراو جۆر، بە شێوەیەك کە ئێمە نازانین چۆنە؟ وەك خوای پەروەردگاریش ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات، کە لە کاتی خەوتندا، ڕووح حاڵەتێکی دیکەی جیا لە حاڵەتی بێداریی بۆ دروست دەبێ، وەك لە ئایەتی (٤٢)ی سووڕەتی (الزمر)دا دەفەرموێ: ﴿ اللَّهُ يَتَوَفَّى الْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَالَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا فَيُمْسِكُ الَّتِي قَضَىٰ عَلَيْهَا الْمَوْتَ وَيُرْسِلُ الْأُخْرَىٰ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ ﴾.

ئەم ئایەتە زۆر زۆر جێی سەرنجە، بۆ ئەو بابەتەی ئێمە، هەڵبەتە هەموو ئایەتەکان جێی سەرنجن، هەر کامیان بۆ ئەو بابەتەی کە لێی دەدوێ.

واتە: خوا ڕووحەکان وەردەگرێ لە کاتی مردندیانداو، ئەوەی نەمردبێ لە کاتی خەوتنیاندا، ئنجا ئەوەی کە مردنی بۆ بڕیار دابێ، دەیهێڵێتەوە، ئەوەی دیکەش دەنێرێتەوە تاکو کاتێکی دیاریکراو، بێگومان لەو دیاردەیەدا، نیشانەی زۆر هەن، بۆ کۆمەڵێك کە بیر بکەنەوە .

کەواتە: خوا ﷻ زۆر بە ڕاشکاویی دەفەرموێ: هەم لە کاتی مردندا، ڕووح یەکجاریی ئازادو دەرباز دەبێ لە داوی جەستە، هەم لە کاتی خەوتنیشدا، دیسان ڕووح شێوەیەك لە ئازادیی و دەربازیی بۆ دەرەخسێ، ﴿يَتَوَفَّى﴾، یانی: وەریاندەگرێ، دیارە ئەوەی کە مردنی بۆ بڕیاردا بێو لە حاڵەتی مردندابێ، یاخود لە حاڵەتی

خەوتندا بێ، کە دەخەوێتو بە خەبەر نایەتەوەو دەمرێ، ئەوەی کە مردنی بۆ بڕیار دابێ، ڕووحەکەی دەگرێ (واتە: نایبێرێتەوە بۆ نێو جەستەی)، ئەوەی دیکەش دەینێرێتەوە تاکو کاتێکی دیارییکراو، کەواتە: وەك چۆن لە کاتی مەرگدا ڕووح لە جەستە دێتە دەرێ بە یەکجاریی، لە کاتی خەوو نووستنیشدا، دیسان ڕووح جۆرێك لە ئازادیی لە جەستە، بۆ دروست دەبێ، بە دەقی ئایەت .

بەڵام بە تەئکید ئەوەی کاتی خەو (نوم) بریتی نیە لە ئازادییو دابڕانی یەکجاریی، چونکە ئەگەر دابڕانی یەکجاریی بێ، وەك چۆن ڕووح کە لە جەستە دێتە دەرێ، بە یەکجاریی، دەمرێو ئەندامە ڕواڵەتییەکانی لە کار دەکەون، وەك: دیتنو بیستنو قسە کردنو .... هتد، بە هەمان شێوە دیارە ئەندامە نێوخۆییەکانیشی دەوەستن، واتە: دڵیشی دەوەستێو، سییەکانیشی دەوەستنو گورچیلەشیو ... هتد، ئنجا بە هەمان شێوە ئەگەر لە کاتی خەوتندا ڕووح یەکجاریی لە بەدەن هاتبایە دەرێ، ئەو کاتە نەك هەر ڕواڵەتی لە کار دەکەوت، بەڵکو دیوی پەنهانو دەروونیشی لە کار دەکەوت، ئەو کاتەش لە حاڵەتی خەوتنەوە، دەبوو بە حاڵەتی مردن .

من لەوبارەوە زۆر شتم خوێندۆتەوە: چ ئەو کتێبانەی باسی دەروونزانیی دەکەن، چ ئەو کتێبانەی باسی مرۆڤ دەکەن، باسی دیوی پەنهانی مرۆڤ دەکەن، باسی دیوی دەرەوەی دەکەن، باسی پەیوەندیی ڕووحو جەستە دەکەن، تاکو ئێستا هەر حاڵەتی خەوتن بۆخۆی حاڵەتێکی زۆر نهێنییە، نەزانراوو پەنهانە: ئایا ڕووح لە کاتێکدا مرۆڤ دەخەوێ، چی لێدێ؟ ئایا وەرگێرانەکەی لە لایەن خوای پەروەردگارەوە چۆنە؟ کە بە تەئیکد دیارە گۆڕانێك بەسەر ڕووحدا دێ، کاتێك ئینسان دەخەوێ، هەر بۆیەش بە پەسند نەزانراوە کە مرۆڤ دەخەوێ، کتوپڕ بێدار بکرێتەوە، بەڵکو واباشە بە ئارامیی بێدار بکرێتەوە، کەواتە: لە کاتی خەوتندا ڕووح بواری زیاتری بۆ دەڕەخسێ کە زانیاریی تایبەت پەیدا بکات، لە ڕێی خەون بینینەوە، یانی: ئەو زانیاریی پەیداکردنەی ڕووح، لە کاتی خەوتندا ئێمە پێی دەڵێین: خەون، بە عەرەبی (رؤیا)، بەڵام لە ڕاستییدا بریتیە لە پەیداکردنی زانیاریی، هەروەها بریتیە لە هەڵسوکەوت کردنی ڕووح بە شێوەیەکی دیکەی جیا لە حاڵەتی بێداریی .

بەڵام لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین: فرۆید کە دێنێ هەموو خەونەکان دەگێڕێتەوە بۆ غەریزەی جینسیی‌و بە پاڵنەرێکی جینسیی لێکیان دەداتەوە، نەك هەر خەون، بەڵکو هەموو هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ، تەنانەت هەڵسوکەوتەکانی منداڵێکی مەلۆتکەو شیرە خۆرەش، بە هاندەری سێکسی لێکدەداتەوە!! ئەوە لە ڕاستییدا زێدەڕۆییەکی زۆر بێ مانای کردوەو، ئەوەی گوتوویەتی، شتێکی زۆر نامەنتیقیی‌و ناواقیعییە .

بۆ وێنە دەڵێ : منداڵ کە مەمکی دایکی دەمژێ، یان کە چی دەکات ... هتد، ئەوە هەمووی بە هاندەرو پاڵنەری غەریزەی جینسییە !

ئێمە دەڵێین: بێگومان غەریزەی جینسیی لە مرۆڤدا هەیەو، کاریگەریشی لەسەر بیرکردنەوەی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ هەیە، بەڵام منداڵی شیرە خۆرە کە جارێ غەریزەی جینسیی تێدا بەو شێوە گەشەی نەکردوە، چونکە ئینسان تاکو باڵغ نەبێ غەریزەی جینسیی بەو شێوەیە بۆ دروست نابێ، کە فرۆید دەڵێ، ناڵێین: هەر نیە، بەڵام ئەوە کە ئینسان هەرچی هەڵسوکەوتیەتی‌و، هەرچی بیرو خولیایەتی، چ لە حاڵەتی بێداریی، چ لە حاڵەتی خەوندا، هەمووی بە جینس تەفسیر بکرێ، شتێکی زۆر ناعیلمیی‌و نامەنتیقییە، زانایانیش زۆر ڕەددیان داوەتەوەو قسەکانی فرۆیدیان زۆر لێك هەڵوەشاندوە، بەڵام بە تەئکید غەریزەی جینسییش وەك چۆن: غەریزەی خواردن‌و خواردنەوەو، غەریزەی شت هەبوون‌و، غەریزەی پەی بردن بە شت‌و، خۆشویستن‌و توورە بوون، ئەویش وەك هەموو ئەو شتانە کاریگەریی لەسەر مرۆڤ هەیە، بەڵام کە ئینسان هەرچی هەڵسوکەوت‌و هەرچی بیرو خولیایەتی، چ لە حاڵەتی بێداریی دا بێ، چ لە حاڵەتی خەوندا، هەمووی بە جینس تەفسیر بکرێ، شتێکی زۆر ناعیلمیی‌و نامەنتیقییەو پێچەوانەی واقیعیشە .

٢} جۆرەکانی خەون:

سەرەتا دەڵێین: خەون بریتییە لە دیاردەیەك کە بەسەر مرۆڤ دێ، مرۆڤ بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، کە دوو پێکهاتەی سەرەکیی هەن: ڕووح‌و جەستە، بەڵام جەستەش چەندان جۆرە هەست‌و غەریزەی تێدان: جینسیی، خواردن‌و خواردنەوە، شت هەبوون، وەچە خستنەوە، زاڵ بوون، توورە بوون، ڕازیی بوون، خۆشویستن،

پەی بردن بە شت، خۆشویستنی خوای پەروەردگار، ترسان، خەفەت خواردن ... هتد، هەموو ئەو غەریزەو هەستانە لە مرۆڤ دا هەن‌و، زۆر هەستی دیکەش، چ لە دەروونیی دا، چ لە جەستەیدا، پەیوەندیی نێوان ڕووح‌و جەستەش زۆر پەیوەندییەکی ئاڵۆزو ڕازدارو پەنهانە، بۆ وێنە: ئینسان تووڕە دەبێ، تووڕەیی دیارە پەیوەندیی بە دەروونی ئینسانەوە هەیە، بەڵام یەکسەر دەم‌و چاوی سوور هەڵدەگەڕێ، یاخود ڕەشدا دەگەڕێ، یان کاتێك مرۆڤ خۆشحاڵ‌و ڕازیی دەبێ، یەکسەر دەموچاوی گەش دەبێتەوە، کاتێکیش ئینسان خەفەت دەخوا، دەموچاوی تاریکدا دێ، ئینسان برسیی دەبێ، ڕەنگی زەرد دەبێ، هەموو حاڵەتە دەروونییەکان دەبینین شوێنەواری جەستەییشیان هەیە، هەروەها حاڵەتە جەستەییەکانیش زۆر جار شوێنەواری دەروونییان هەیە، ئێستا ئەو زانایانەی کە لە نەخۆشییەکان دەکۆڵنەوە، دەڵێن: نەخۆشیی زەخت، شەکرە، هەندێك لە نەخۆشییەکانی گەدەو دوازدە گرێ، ئەوانە هەموویان بە پلەی یەکەم پەیوەستن بە حاڵەتی دەروونییەوە، وەك تووڕە بوون‌و هەڵچوون، خەفەت خواردن، دڵەڕاوکێ، کەواتە: ڕووح‌و جەستە زۆر تێکهەڵکێشن‌و، زۆر پەیوەندییەکی سەر سووڕهێنەریان پێکەوە هەیە، بۆیە خەونەکانی مرۆڤیش بە ئەندازەی جۆراو جۆریی هەست‌و غەریزەکانی‌و پاڵنەرەکانی، هەروەها جۆراو جۆریی پێکهاتە ڕواڵەتیی‌و دەروونییەکانی، جۆراو جۆر دەبن .

چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ کە جۆرەکانی خەون پۆلێن دەکەن:

یەك: {...وَالرُّؤْيَا ثَلاَثٌ: فَالرُّؤْيَا الصَّالِحَةِ بُشْرَى مِنَ اللهِ، وَرُؤْيَا تَحْزِينٌ من الشَّيْطَانِ، وَرُؤْيَا مما يُحَدِّثُ الْمَرْءُ نَفْسَهُ}، {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٠٥٩٨)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٢٦٣)، وَأَبُو دَاوُد برقم: (٥٠١٩)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٢٧٠) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيح، وَالنَّسائِي فِي الكبرى برقم: (١٠٧٤٦)، وَالدَّارِمِيُّ برقم: (٢١٤٣)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٩٠٦)}.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: خەون سێ جۆرە :

١- خەونی بـاش دڵخۆشـکردنو موژدەیـە لە خـواوە.

٢- خەونێـك كە بریتیـە لە دڵتەنگ كردنو خەفەت پێدان لە شـەیتـانەوەیە.

٣- خەونێـك كە بریتیـە لەوەی مرۆڤ لەبەر خۆیەوە قسـە دەكات، لەگەڵ خۆی دا قسە دەكـات، یانی: خولیاو بیـرەكانی خۆی كە لە حاڵـەتی بێـداریی دا بوونی، لـە حـاڵـەتی خـەودا، دێنـەوە بەرچـاوی .

دوو : {الرُّؤْيَـا مِـنَ اللهِ، وَالْحُلُـمُ مِـنَ الشَّـيْطَانِ}، {أَخْرَجَـهُ البُخَـارِيُّ بـرقم: (٧٠٤٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٦٢١)، وَأَبُو دَاوُد برقم: (٥٠٢١)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٢٧٧)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٩٠٩)} .

لێرەدا پێغەمبـەر ﷺ ئەو خەونەی لە خواوەیە وشـەی (رؤیـا)ی بـۆ بەكاردێنـێ، دەفەرموێ: (الرُّؤْيَـا)، واتە: خەون، كە مەبەست پێی خەونی باشە، لە خواوەیەو، ئەو خەونـەی كـە خراپـەو مایـەی دڵتـەنگیو خەفـەتو بێـزار بوونـە، پاڵیداوەتـە لای شـەیتان، وشـەی (حُلُـم)ی بـۆ بـەكارهێناوە: (وَالْحُلُـمُ مِنَ الشَّيْطَانِ)، واتـە: خـەونی خراپ لە شـەیتانەوەیە .

سـێ : لـەم فەرموودەیـەدا بـە تەعبیـرێكی دیكـە هێناویـەتی، دەفـەرموێ: {الرُّؤْيَـا الصَّالِحَةُ مِنَ اللهِ، وَالرُّؤْيَا السَّوْءُ مِنَ الشَّيْطَانِ}، {أَخْرَجَـهُ البُخَـارِيُّ بـرقم: (٧٠٠٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٥٦٢٢)} .

واتە: خـەونی باش لە خـواوەیەو، خـەونی خـراپ لە شـەیتـانەوەیە .

لـێرەدا بۆ هەردووكیان وشـەی (رؤیـا)ی بەكـارهێنـاوە .

چـوار : {وَالرُّؤْيَـا ثَـلاَثٌ: رؤيَـا مِـنَ الله، و رؤيـا مِـنَ الـمَلَـكِ، و رؤيـا مِـنَ الشَّـيْطَانِ}، {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٢٥٣٩)} .

واتە: خـەون سـێ جـۆرە :

١- خـەون هەیـە لە خـواوەیـە .

٢- خەون هەیە لە فریشتەوەیە .

٣- خەون هەیە لە شەیتانەوەیە .

زانایانی شارەزای بواری خەون بینین‌و تەعبیری خەون دەڵێن: خەونێك كە لە خواوە بێ، پێویستیی بە تەعبیر ناكات‌و مانایەكەی ڕۆشنە، شتەكە چۆنە ئاوا دەیخاتە بەرچاوت، بەڵام خەونێك لە فریشتەوە بێ، پێویستیی بە تەعبیرو مانا لێكدانەوە دەكات، كە ئەویش دیارە خەڵكی پسپۆڕی خۆی دەیزانن، خەونێكیش كە لە شەیتانەوە بێ، زیاتر خەونی بێزاركەرو ترسێنەرو دڵناڕەحەتكەرەو، ئەو خەونانەدا كە مایەی خەفەت‌و دڵەڕاوكەو ناڕەحەتیین .

ئنجا دیارە ئێمە دواتر زیاتر تیشك دەخەینە سەر جۆرەكانی خەون، بەڵام لێرەدا لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا كە ڕابرد، دەڵێین: بە شێوەیەكی گشتی چوار جۆرە خەون هەیە:

یەكەم : لە خواوەیە، كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {الرُّؤْيَا مِنَ اللهِ}، یان دەفەرموێ: {رُؤيَا مِنَ الله}، خەونێك كە لە خوا ﷻەوە بێ، واتە: خوا شتێك پێشانی كەسێك بدات، ئنجا چ بۆ ئاگادار كردنەوەو هۆشیار كردنەوەی بێ، چ بۆ دڵخۆش كردنی بێ، یان بۆ وریاكردنەوەو ترساندنی بێ، یان بۆ مژدە پێدانی بێ، خەونێك كە لە خواوە بێ، پێویستیی بە تەعبیر ناكات، ڕێك شتەكە بەو شێوەیە دەبینێ، كە ڕوودەدات، كە دوایی لەوبارەوە نموونە دێنمەوە .

دووەم : ئەوەیە كە لە فریشتەوە بێ‌و، پێویستیی بە تەعبیر دەكات، چونكە دەخرێتە قاڵبێكی ڕەمزییەوە، لەبەر ئەوەی فریشتەكان ناتوانن ئەو شتە پێشانی تۆ بدەن، وەك خۆی هەیە، وەك لە واقیعدا هەیەو، بۆت دەخەنە قاڵبێكی ڕەمزیی یەوە، بۆیە پێویستیی بە تەعبیر دەكات، وەك چۆن نامەیەك بە شفرە دێ، دەبێ شفرەكە حەل بكرێ .

سێیەم : ئەوەیە كە لە شەیتانەوەیە، تەنیا بۆ دڵ ناڕەحەت كردن‌و بێزاریی‌و، خستنە حاڵەتی خەم‌و ناڕەحەتیی مرۆڤەوەیە، كە دوایی باسی دەكەین، هەروەها لە فەرموودەكانیش دا هاتوە .

چوارەم : بریتیە لە قسەی نەفس، واتە: قسەی تێکەڵو پێکەڵ، یاخود ئەو شتانەی کە ئینسان لە حاڵەتی بێداریدا باسیان دەکاتو خولیاینیو پێیانەوە سەرگەرمە، هەر ئەوانە دێنەوە بەرچاوی لە حاڵەتی خەونداو، وشەی (حَدِيث النَّفْس)یان بۆ بەکارهاتوە، لە فەرموودەکەی پێغەمبەردا ﷺ: {وَرُؤْيَا مِمَّا يُحَدِّثُ بِهِ الْمَرْءُ نَفْسَهُ} و، لە قورئاندا تەعبیری: (أَضْغاثُ الأَحْلام)، واتە: خەونی تێکەڵو پێکەڵ، ئەوەی بۆ بەکارهاتوە.

٣} حەقیقەتو ڕەوایی خەون بە گشتی :

ئایا خەون، حەقیقەتو ڕەوایەتیی هەیە ؟

ئایا دەگونجێ لە ڕێی خەونەوە ئینسان پەی بە هەندێك شت بەرێ ؟

ئایا خەون، هیچ پشتی پێ دەبەسترێ؟

ئایا خەون، ئینسان هیچ لێی بەهرەمەند دەبێ؟

لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ، ئنجا ئێمە سێ جۆرە بەڵگە لەوبارەوە دێنینەوە:

أ/ لە ڕووی واقیعییەوە:

دەڵێین: خەون بینین ڕاستییەکی نکووڵیی لێ نەکراوەو، پێویستیی بە بەڵگەی نەقڵیی ناکات، چ شتێك پێویستیی بە بەڵگەی نەقڵیی دەکات؟ شتێك کە بە عەقڵ، بە ئەزموون، لە واقیعدا دیارو ڕوونو ئاشکرا نەبێ، ئایا ئێمە پێویستییمان بە بەڵگەی قورئانو سوونەت دەکات، کە خۆر هەیە؟ یان ئایا پێویستییمان بە بەڵگەی قورئانو سوونەت دەکات، کە ئینسان خەوی لێ دەکەوێ؟ یان ئینسان برسیی دەبێ؟ یان ئینسان تووڕە دەبێ؟ نەخێر، چونکە ئەوانە هەموویان شتی ئەزموونکراون، هەموویان شتی بەرهەستن، شتی واقیعیین، ئنجا لە ڕاستییدا – وەك پێشتر گوتمان: – کافرو مسوڵمان، خەڵکی پێشێو خەڵکی ئێستاو، هەموو جۆرە مرۆڤەکان، دیاردەو حاڵەتی خەون بینینیان هەیەو خەون دیتن: دیاردەیەکی جیهانییو دیاردەیەکی مرۆییەو، پێویستیی بە بەڵگەی نەقڵیی ناکات، بیسەلمێنین کە خەون هەیەو، حەقیقەتی هەیەو ڕەوایەتیی هەیە، ئەوە وەك بەڵگەی واقیعیی .

ب/ لە قورئانـدا:

ئنجا بۆ زیادە دڵنیایی، با تەماشای قورئانیش بکەین: جارێ لە قورئاندا، تەنیا لە سوورەتی یوسوفدا، باسی چوار خەونان کراوەو لە هەر کام لە سوورەتی (الفتح) و(الصافات)یش دا باسی دوو خەونی دیکە کراوە، کەواتە سەرجەم دەکاتە شەش (٦) خەون :

١- یەکێکیان خەونەکەی یوسوف ﷺ کە بۆ بابی دەگێڕێتەوە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ ﴾، واتە: یادبکەوە کاتێك یوسوف بە بابی گوت: ئەی بابە گیان! من یازدە ئەستێرەو خۆرو مانگم بینین، کە بۆ من کڕنووشیان بردبوو.

ئەمە لە ئایەتی ژمارە (٤) سوورەتی (یوسوف)دا، دوایی لە ئایەتی ژمارە (١٠٠)دا سەرەنجام و هاتنەدی ئەم خەونە باسکراوە، وەك خوای زانا دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَىٰ يُوسُفَ آوَىٰ إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ وَقَالَ ادْخُلُوا مِصْرَ إِن شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ ﴿٩٩﴾ وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ وَخَرُّوا لَهُ سُجَّدًا وَقَالَ يَا أَبَتِ هَٰذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا ﴿١٠٠﴾ ﴾، دوای ئەوەی یازدە برایەکەی و دایك و بابی سڵاوی لێ دەکەن و کڕنووشی بۆ دەبەن، {هەڵبەتە نەك کڕنووشی پەرستن، بەڵکو جۆرێك لە چەمینەوە، یاخود جۆرێ لە تەحییەی بۆ دەکەن، کە لە خەڵکی حوکمڕان و دەسەڵات دەکرێ}، دەڵێ: بابە گیان! ئەمە سەرەنجامی خەونەکەمە خوا هێنایە دی، کە پێشتر بینی بووم .

٢ و٣ - پاشان هەر لە سوورەتی یوسوفدا باسی دوو خەونان دەکرێ، هی دوو هاوەڵەکە یوسوف، وەك لە سوورەتی (یوسوف)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَدَخَلَ مَعَهُ السِّجْنَ فَتَيَانِ ۖ قَالَ أَحَدُهُمَا إِنِّي أَرَانِي أَعْصِرُ خَمْرًا ۖ وَقَالَ الْآخَرُ إِنِّي أَرَانِي أَحْمِلُ

فَوْقَ رَأْسِي خُبْزًا تَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِ إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ ﴿٣٦﴾ ﴾،
واتە: دوو گەنج لەگەڵی چوونە زیندان، یەکێکیان گوتی: خۆمم بینی کە ترێم دەگوشی‌و دەمکردە شەراب بۆ گەورەکەم، ئەویدیکەش گوتی: خۆمم دی سینییە خواردنێك، کە لەسەر سەری خۆم هەڵگرتبوو، باڵندە لێیان دەخوارد، سەرەنجام‌و مانای ئەو دوو خەونەمان پێ بڵێ، ئێمە تۆ لە چاکەکاران دەبینین.

ئنجا دوایی لە ئایەتی ژمارە (٤١)دا، یوسوف خەونەکانیان بۆ تەعبیر دەکات، دەفەرموێ: ﴿ يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَمَّا أَحَدُكُمَا فَيَسْقِي رَبَّهُ خَمْرًا وَأَمَّا الْآخَرُ فَيُصْلَبُ فَتَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْ رَأْسِهِ قُضِيَ الْأَمْرُ الَّذِي فِيهِ تَسْتَفْتِيَانِ ﴾، واتە: ئەی دوو هاوەڵە زیندانییەکەم! یەکێکتان ڕزگاری دەبێ‌و، وەك جاران دەچێتەوە سەر ئیشی جارانی، کە بریتیە لەوەی: ترێ هەڵدەگوشێ‌و دەیکاتە شەراب بۆ گەورەکەی، ئەوی دیکەشتان هەڵدەواسرێ‌و ئیعدام دەکرێ‌و، تەرمەکەی بە هەڵواسراویی دەمێنێتەوە، (یاخود فڕێ دەدرێ)، باڵندە لە گۆشتی سەری دەخۆن، ئەوەی کە پرسیارتان لە بارەی دەکرد، تێپەڕی.

٤- هەروەها سووڕەتی (یوسف) خەونێکی چوارەمیشی تێدایە، کە ئەویش وەك چۆن خەونەکەی یوسوف هاتۆتە دی، هەروەها هی دوو هاوەڵە زیندانییەکەشی دێنە دی، هی پادشاش هەر دێتە دی، وەك لە ئایەتی ژمارە (٤٣)دا هاتوە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ الْمَلِكُ إِنِّي أَرَىٰ سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعَ سُنْبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي رُؤْيَايَ إِنْ كُنْتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ ﴾، کورتەکەی ئەوەیە کە پادشا خەون دەبینێ: حەوت مانگای لەڕ، حەوت مانگای قەڵەو دەخۆن‌و، حەوت گوڵە گەنمی وشك‌و بێ دان، حەوت گوڵە گەنمی تەڕو پڕدان دەخۆن، ئنجا دەڵێ: ئەی ئەهلی مەجلیس! ئەی دەستڕۆیشتووان‌و قسە بە دەستان! هەواڵ‌و زانیاریم پێ بدەن دەربارەی خەونەکەم، ئەگەر دەتوانن خەون تەعبیر بکەن‌و مانای لێك بدەنەوە! ئەوانیش ئاوا وەڵام دەدەنەوە: ﴿ قَالُوا أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ وَمَا نَحْنُ بِتَأْوِيلِ الْأَحْلَامِ بِعَالِمِينَ ﴿٤٤﴾ ﴾

دەڵێن: ئەوە خەونی تێکەڵو پێکەڵە، ئێمەش ناتوانین خەونی تێکەڵو پێکەڵو ناڕاست، مانای لێکبدەینەوە .

دیارە ئەوان نەیانزانیوە، ئەگەرنا خەونەکەی ڕاست بووە، بەڵام زۆرجار کە کەسێك شتێك نازانێ، لە جیاتی ئەوەی خۆی تۆمەتبار بکات، کە نایزانێ، شتەکە تۆمەتبار دەکات، کە حەقیقەتی نیە!!

بەڵام یوسوف ﷵ دوایی لە ئایەتەکانی: (٤٧ و ٤٨ و ٤٩)دا، ئەو خەونەی پادشا تەعبیر دەکا، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تَأْكُلُونَ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تُحْصِنُونَ ﴿٤٨﴾ ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾، واتە: حەوت ساڵی پڕ پیتو پێزو بەرەکەت دێن، حەوت ساڵی هەرزانیی، ئێوەش پێویستە دەغڵو دان پاشەکەوت بکەن، چونکە، دوایی حەوت ساڵی گرانییو قاتو قڕییو بێ بارانییو وشکە ساڵیی دێن، تاکو ئەوەی لەو حەوت ساڵە هەرزانییو پڕ بە پیتو فەڕەدا، پاشەکەوتتان کردوە، لە حەوت ساڵەی قاتو قڕییەکەدا، لێی بەهرەمەندبنو، پێی بژین، ئنجا دوایی ساڵی پازدەیەم: دووبارە دەرووی خێر لە خەڵك دەکرێتەوەو هەرزانیی دێو دووبارە دەگەڕێنەوە سەر عەیشو نۆشی جارانیان.

واتە: یوسوف ﷵ ئەو خەونەی کە پادشا بینیویەتیو لە ئایەتی ژمارە (٤٣)دا، باسکراوە، لە ئایەتەکانی: (٤٧ و ٤٨ و ٤٩)دا، یوسوف تەعبیری دەکاتو، دوایی لە دنیای واقیعیشدا دێتە دی، ئەمە چوار خەون، هەر لە سووڕەتی (یوسوف)دا.

٥- ئنجا خوا ﷻ لە سووڕەتی (الفتح)دا، دەفەرموێ: ﴿ لَّقَدْ صَدَقَ ٱللَّهُ رَسُولَهُ ٱلرُّءْيَا بِٱلْحَقِّ ﴿٢٧﴾ ﴾، واتە: خوا خەونی پێغەمبەرەکەی ﷺ بە هەق هێنایە دیو، بە ڕاستی گێڕا.

پێغەمبەر ﷺ خەونی بینیبوو، کە دەچێت بۆ مەککەو، طەواف بە دەوری کەعبەدا دەکات، ئنجا ئەوە بوو لە ساڵی شەشەمدا بەرەو شاری مەککە چوو،

هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ وایانزانی ئەو ساڵە خەونەکەی دێتە دی، بەڵام ئەو ساڵە صوڵحی حودەیبییەی لێکەوتەوەو، ئەوە بوو کە کافرەکانی مەککە نەیانهێشت، بەڵام ساڵی دواتر، واتە: ساڵی حەوتەم، کە ناوی لێنرا (عام عُمْرَة القَضَاء)، ساڵی گێڕانەوەی عومرە، لەو ساڵەدا چوونو، خەونەکەی پێغەمبەریش ﷺ هاتە دی، واتە: هەمان ساڵی کە بینیبووی، نەهاتە دی، بەڵام ساڵی دواتر هاتە دی.

٦- هەروەها لە سووڕەتی (الصافات)دا، خوای پەروەردگار باسی خەونێکی ئیبراهیم دەکات، کە لە خەونی دا بینیویەتی: ئیسماعیلی کوڕی سەردەبڕێ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ ٱلسَّعْىَ قَالَ يَٰبُنَىَّ إِنِّىٓ أَرَىٰ فِى ٱلْمَنَامِ أَنِّىٓ أَذْبَحُكَ فَٱنظُرْ مَاذَا تَرَىٰ ۚ قَالَ يَٰٓأَبَتِ ٱفْعَلْ مَا تُؤْمَرُ ۖ سَتَجِدُنِىٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٠٢﴾ ﴾، واتە: ئیبراهیم گوتی: ئەی ڕۆڵە گیان! من لە خەونمدا دەمبینی کە تۆم سەر دەبڕی، ئنجا سەرنج بدە، بزانە ڕات چییە؟ ئەویش گوتی: ئەی بابە گیان! ئەوەی فەرمانت پێکراوە، ئەنجامی بدە، ئەگەر خوا بیەوێ لە خۆڕاگرانم دەبینیی.

دوایی لە ئایەتی ژمارە (١٠٥)دا، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ قَدْ صَدَّقْتَ ٱلرُّءْيَآ ۚ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٠٥﴾ ﴾، واتە: تۆ خەونەکەت بە ڕاست گێڕا، چونکە ئیبراهیم ئیسماعیلی هێنایە سەر سەربڕین، بەڵام ئەوە بوو کە خوای میهرەبان، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَفَدَيْنَٰهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ ﴿١٠٧﴾ ﴾، بەرانێکی گەورەی کردە بەلا گێڕەوەو قوربانیی، لە جیاتی ئیسماعیل.

کەواتە، هەر لە قورئاندا ئەوە شەش خەون، کە هەموویان هاتوونە دی.

ئنجا ئەگەر بگوترێ: خەونەکەی پێغەمبەری خاتەم ﷺو، خەونەکەی ئیبراهیمو، خەونەکەی یوسوف (علیهما السلام) هی پێغەمبەرانن، ئەوە ڕاستە، بەڵام سێ خەونەکەی دیکە: هەم دوو هاوەڵە زیندانییەکەی یوسوف، هەردووکیان کافر بوون، چونکە یوسوف موناقەشەیان لەگەڵدا دەکات:

﴿ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ ﴿٣٩﴾ ﴾يوسف، هەم پادشایەکەش هەر کافر بووە، واتە: ئەگەر خەونی ئەو سێ پێغەمبەرانە: موحەممەدو ئیبراهیمو یوسف(علیهم السلام)، ڕاست دەرچووە، خەونی سێ کەسی کافریش هەر ڕاست دەرچووە، کەواتە: خەونی مسوڵمانو کافر، دەگونجێ ڕاست دەربچێ، بە پێی ئەوەی خوا لە قورئاندا بۆی باس کردووین .

ج/ لە سوننەتدا:

ئنجا با تەماشای چەند دەقێکی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بکەین، کە دیارە دەقی سوننەت لەوبارەوە زۆرنو، ئێمە بەس هەندێکیان لێ بە نموونە دێنینەوە :

یەك : پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {لَمْ يَبْقَ مِنَ النُّبُوَّةِ إلا الْمُبَشِّرَاتُ، قَالُوا: وَمَا الْمُبَشِّرَاتُ؟ قَالَ: الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ} (أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٦٩٩٠) عَنْ أَبي هُرَيْرَة)[١] واتە: لە پێغەمبەرایەتیی {یانی: لە وەحیو پەیبردن بە زانیاریی پەنهان لەلایەن خوای پەروەردگارەوە کە فێری مرۆڤی دەکات، چونکە پێغەمبەرایەتیی ئەوە گەورەترین، تایبەتمەندیەتییە، کە پێغەمبەر زانیاریی لە خوا وەردەگرێ، بە شێوەیەکی نائاسایی، لە ڕێیەکەوە کە ڕێیەکی ئاسایی نیە بۆ خەڵك} ، نەماوەتەوە جگە لە دڵخۆشکەرەکان، گوتیان: دڵخۆشکەرەکان چین؟ فەرمووی: خەونی باشە، {خەونی چاك کە خاوەنەکەی پێی دڵخۆش دەبێ، خوای میهرەبان شادمانی دەکاتو هەندێ شتی دەخاتە بەرچاوو مۆژدەی پێدەدا} .

هەروەها لە صەحیحی بوخارییدا هاتوە: (الرُّؤيَا الصَّالحَة: يَرَاهَا الرَّجُلُ، أَوْ تُرَى لَهُ) واتە: خەونی باش، پیاو خۆی دەیبینێ، یاخود پێوەی دەبینرێ .

---

١) {عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: لاَ يَبْقَى بَعْدِي مِنَ النُّبُوَّةِ إلاَّ الْمُبَشِّرَاتُ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ وَمَا الْمُبَشِّرَاتُ؟ قَالَ: الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ، يَرَاهَا الرَّجُلُ، أَوْ تُرَى لَهُ} {أخرجه احمد برقم: (٢٥٠٢١)، تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح، وهذا إسناد حسن، والبيهقي في شعب الإيمان برقم: (٤٧٥٠)}.

هەڵبەتە مەرجیش نیە هەر پیاو ببینێ، بەڵام دیارە کۆڕەکە کۆڕی پیاوان بووە، ئەگەرنا چ پیاو، چ ئافرەت، خەونەکە چ خۆی ببینێ، چ پێوەی ببینرێ، وەك یەکە.

دوو : {الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ: جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ} {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٦٥٨٨) عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ، وَأَخْرَجَهُ النَّسائِي فِي الكُبْرَى برقم: (١٠٧٤٠)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٢٦٣) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ} .

واتە: خەونی باش، بەشێکە لە چلو شەش بەش لە پێغەمبەرایەتیی، {واتە: جۆرێکە لە جۆرەکانی سروش‌و وەحی} .

سێ : {رُؤْيَا الرَّجُلِ الصَّالِحِ: جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ} (أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٢٦٣)).

واتە: خەونی پیاوی باش، بەشێکە لە چل‌و شەش بەشی پێغەمبەرایەتیی، (واتە: بەشێکە لە چل شەش بەشی وەحیی، چونکە پێشتر باسمان کرد: شتێك کە تایبەتە بە پێغەمبەرایەتییەوە، بریتیە لە هاتنی وەحیی‌و زانیاریی تایبەت لە خواوە بۆ ئەو کەسە کە پێغەمبەرە ﷺ).

چوار: {رُؤْيَا الْمُؤْمِنِ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءاً مِنَ النُّبُوَّةِ} {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٦٥٨٧) عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ} .

واتە: خەونی بڕوادار، (جا چ پیاو بێ، چ ئافرەت)، بەشێکە لە چل‌و شەش بەشی پێغەمبەرایەتیی.

پێنج: {مَنْ رَآنِي فِي الْمَنَامِ فَقَدْ رَآنِي، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ لا يَتَمَثَّلُ بِي} ، {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٣٨٧٦)، وَابْنُ أَبِي شَيْبَةَ برقم: (٣٠٤٦٠)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٦٥٩٣) عَنْ أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ} .

واتە: هەر کەسێك لە خەوندا منی بینی، ئەوە بەڕاستی منی بینیوە، چونکە شەیتان نایەتە سەر شێوەی من.

کەواتە: دەگونجێ شەیتان بچێتە سەر شێوەی خەڵکی دی، بەڵام بە نسبەت پێغەمبەرانەوە، وەك چۆن لە حاڵەتی بێداریی لە دنیادا کە ژیاون، پارێزراو

بوون لەوە کە شەیتان زەفەریان پێ بەرێ، لە حاڵەتی خەونیشدا، پارێزراون لەوە، کە لەسەر شێوەی ئەوان شەیتان شتێك بە خەڵك بڵێ.

شەش: {مَنْ رَآنِي فِي النَّوْمِ فَقَدْ رَآنِي، فَإِنَّهُ لاَ يَنْبَغِي لِلشَّيْطَانِ أَنْ يَتَشَبَّهَ بِي} {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٢٦٣)، عَنْ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللهِ} .

واتە: هەر کەسێك لە کاتی نوستندا منی بینی، ئەوە بە دڵنیایی منی بینیوە، چونکە ناگونجێ شەیتان خۆی وەك من لێ بکات، ناگونجێ شەیتان بچێتە سەر شێوەی من .

شایانی باسە کە پێغەمبەری خوا ﷺ وەك چۆن فەرموویەتی: خەونی باش، یان خەونی بڕوادار، یان خەونی ئینسانی باش، بەشێکە لە چلو شەش بەشی پێغەمبەرایەتیی، بەهەمان شێوەش: لە فەرموودەیەکی دیکەدا دەفەرموێ: بەشێکە لە چل بەش‌و[١]، لە فەرمودەیەکی دیکەدا دەفەرموێ: بەشێکە لە چلو نۆ بەشی پێغەمبەرایەتیی‌و[٢]، لە دەقێکی دیکەدا دەفەرموێ: بەشێکە لە پەنجا بەشی پێغەمبەرایەتیی‌و[٣]، لە دەقێکی دیکەدا دەفەرموێ: بەشێکە لە حەفتا بەشی پێغەمبەرایەتیی‌و[٤]، لە دەقێکی دیکەدا دەفەرموێ: بەشێکە لە چلو چوار بەشی پێغەمبەرایەتیی‌و[٥]، لە دەقێکی دیکەدا دەفەرموێ: بەشێکە لە بیست‌و شەش بەشی وەحی‌و پێغەمبەرایەتیی[٦] .

---

١) {رُؤْيَا الْمُسْلِمِ جُزْءٌ مِنْ أَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ} أَخْرَجَهُ إِبْنُ حِبَّان برقم: (٦٠٤٩) قال شعيب الأرنؤوط: حديث حسن لغيره.

٢) {الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ يُبَشَّرُهَا الْمُؤْمِنُ، هِيَ جُزْءٌ مِنْ تِسْعَةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ} أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٧٠٤٤)، تعليق شعيب الأرنؤوط: صحيح لغيره.

٣) {جُزْءٌ مِنْ خَمْسِينَ جُزْءاً مِنَ النُّبُوَّةِ} أَخْرَجَهُ الطبراني فِي الصغير برقم: (٥٨١٢)، قال الهيثمي: فيه ابن إسحاق وهو مدلس وبقية رجاله ثقات، والبزار برقم: (١٢٩٨).

٤) {رُؤيا الرَّجُلُ الْمُسْلِمِ الصَّالح جُزْءٌ مِنْ سَبعِينَ جُزْءاً مِنَ النُّبُوَّةِ} أَخْرَجَهُ ابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٨٩٥)، قال البوصيري: هذا إسناد ضعيف، وأبو يعلى برقم: (١٣٣٥)، وَابْنُ أبي شَيْبَة برقم: (٣٠٤٦٥).

٥) {جُزْءٌ مِنْ أربع وأربعين جُزْءاً مِنَ النُّبُوَّةِ} أخرجه إبن جرير ج١١، ص١٣٥.

٦) {جُزْءٌ مِنْ سِتةٍ وَعِشْرِينَ جُزْءاً مِنَ النُّبُوَّةِ} فتح الباري ج١٢، ص٣٦٣.

ئنجا یەکێك بۆی هەیە بڵێ : یانی چی پێغەمبەر ﷺ لە (چل)ەوە تاکو حەفتا دەفەرموێ: خەونی باش یەك لەسەر چلی پێغەمبەرایەتییە، تاکو یەك لەسەر چلو چوار، دوایی چلو شەش، دوایی چلو نۆ، دوایی پەنجا، دوایی تا حەفتا دەچێ، ئنجا تا بیستو شەشیش دێتە خوارێ؟ ئەمە یانی چی؟

دەڵێین: ئەمە ئیشکالو پرسیارێکە، دەبێ وەڵام بدرێتەوە:

(قرطبي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] لە (ابن عبدالبرّ)ەوە وەڵامێکی جوان دێنێ، کە منیش زۆرم بە دڵە، دەبێ هەرواش بێ، واتە: ئەگەر (ابن عبدالبرّ)یش وای نەگوتبا، ئێمە هەر وامان دەگوت، چونکە زانایان وەك بنچینەیەك کە دایانناوە، کاتێ کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە چەند جۆرێ شتێك دەفەرموێ: مادام بۆمان ساغ بێتەوە کە هەموو ئەو جۆرانەی فەرموون، دیارە دەبێ ئەو جۆرانە دابەش بکرێن بەسەر حاڵەتی جیاجیادا، چونکە بێگومان بە ئیعتیباری جیاجیا، پێغەمبەری خوا ئەو شتانەی فەرموو ون.

لەوبارەوە (ابن عبدالبرّ) دەڵێ: {اخْتِلاَفُ الآثَارِ فِي هَذَا الباب فِي عَدَد أَجْزَاءِ الرُّؤيَا لَيْسَ ذَلِكَ عِنْدِي اخْتِلاَفٌ مُتَضَادٌ مُتَدَافِعٌ (وَاللهُ أَعْلَم) لأَنَّهُ يَحْتَمَلُ أَنْ تَكُونَ الرُّؤيَا الصَّالِحَة مِنْ بَعْض مَنْ يَرَاهَا، عَلَى حَسَبَ مَا يَكُونُ مِنْ صِدْقِ الحَدِيثِ، وَأَدَاءِ الأَمَانَةِ، وَالدِّينِ المَتِينِ، وَحُسْنِ اليَقِينِ، فَعَلَى قَدَرِ اخْتِلاف النَّاسِ فِيمَا وَصَفْنَا، تَكُونُ الرُّؤيَا مِنْهُم عَلَى الأَجْزَاءِ المُخْتَلِفَة العَدَدِ، فَمَنْ خَلَصَت نِيَّتهُ فِي عِبَادَةِ رَبِّه وَيَقِينِهِ وَصِدْقِ حَدِيثِهِ، كَانَتِ رؤيَاهُ أَصْدَقَ، وَإِلَى النُّبوَّةِ أَقْرَبَ، كَمَا أَنَّ الأَنْبِيَاءَ يَتَفَاضَلُونَ، قَالَ الله تَعَالَى: ﴿وَلَقَدْ فَضَّلْنَا بَعْضَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ عَلَىٰ بَعْضٍۢ وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا ﴿٥٥﴾﴾الإسراء}.

واتە: شوێنەوارەکان کە جۆراو جۆرن، لەوبارەوە لە دیاریی کردنی بەشەکانی خەوندا، بە نسبەت وەحییەوە، ئایا خەون چەند بەشی وەحییو پێغەمبەرایەتییە؟ بە لای منەوە، ئەوە جیاوازیی، پێکەوە دژ بوونو پێکەوە ناکۆك بوون نیە،

---

١) الجامع لأحكام القرآن ج١، ص١٠١ و ١٠٢.

خواش زاناترە، چونکە دەگونجێ خەونی باش لە هەندێ لەو کەسانەوە کە دەیبینن، بە پێی ئەندازەی ڕاستگۆییان و، ئەمانەت پارێزییان و بەهێزیی دینداریییان و، ئیمان پتەوییان بێ، کە خەڵك خەونەکانیان جۆراو جۆر دەبن، بۆیە پێغەمبەر بە تەعبیری جۆراو جۆر تەعبیری لێکردوە، چونکە کەسێك کە نیەتەکەی لە پەرستنی پەروەردگاریدا ساغتربێ و، یەقین و بڕوا پتەویی و دڵنیایی، چاکتر بێ و، قسە کردنی ڕاستتر بێ، ئەوە خەونەکەشی ڕاستتر دەبێ و، لە وەحیی پێغەمبەرایەتییەوە نیزیکتر دەبێ. {چونکە وەحیی و پێغەمبەرایەتیی لە لووتکەی هەموو سیفەتێکی بەرز دایەو، هەر کەسێ هەتا سیفەتەکانی بەرزتربن، وەك: ئیمان و یەقین و بەندایەتیی و خواپەرستیی و ڕاستبێژیی و، ئەمانەت پارێزیی، هەتا هەموو سیفەتە بەرزەکان و، هەتا لە سیفەتی خراپ دوورتربێ، بە دڵنیاییەوە، خەونەکەی ڕاستتر دەبێ و لە وەحیی پێغەمبەران نیزیکتر دەبێ}[١]، هەروەك چۆن پێغەمبەرانیش لە بەینی خۆیاندا پلەپلەییان هەبووە، {واتە: بەرزو بەرزتریان هەبووە} خوای بەرزیش لەوبارەوە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ فَضَّلْنَا بَعْضَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ عَلَىٰ بَعْضٍۢ ۖ وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا ۝٥٥﴾، واتە: بە دڵنیایی ئێمە هەندێ لە پێغەمبەرانمان بەسەر هەندێکیاندا بەرز کردۆتەوەو هەڵبژاردوەو، زەبوورمان بە داوود دابوو .

منیش دەڵێم: بەڵگەی ڕاستیی قسەکەی (ابن عبدالبرّ) - کە وەك گوتم: ئەگەر ئەویش واینەگوتبایە، دەبوو هەر وابڵێین - وێڕای واقیع، کە تۆ دەبینی ئەوانەی بۆ خوا صوڵحاوترن، خەونەکانیشیان ڕاستترن، ئەوەش کە لە خوا دوورترەو زیاتر گیرۆدەیە بە گوناهو تاوان و خراپەوە، خەونەکانی لە حاڵەتی تێکەڵیی و پێکەڵیی و بێ سەرو بەریی نیزیکترن، هەرچەند جاری وایە ئینسانی زۆر گوناهباریش خەونی ڕاست دەبینێ، بەڵام ئەوە کەمەو دەگمەنەو، بە زۆریی وایە ئینسان تاکو خۆی ڕاسترو چاکتربێ، خەونەکانیشی ڕاستتر دەبن، بەڵێ: وێڕای واقیع، ئەم فەرموودانەش بەڵگەن لەسەر ئەوە:

---

١) ئەوەی نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە، بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی مەبەست .

أ/ پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {أَصْدَقُكُمْ رُؤْيَا: أَصْدَقُكُمْ حَدِيثَاً} {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٠٥٩٨)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٢٦٣)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٥٠١٩)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٢٧٠) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيح}.

واتە: ڕاستبێژترتان، ڕاستگۆترتان لە قسەكردندا: خەونی ڕاستترە.

بەڵێ ئینسان تاكو ڕاستبێژتربێو ڕاستتربێو ساغتربێ، خەونەكانیشی ڕاستتر دەبن، ئەوەش شتێكی ئەزموون كراوە.

ب/ پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {لَم يَبْقَ بَعْدِي مِنَ الْمُبَشِّرَات إِلاَّ الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ الصادقَة، يَرَاهَا الرَّجُلُ الصَّالِحُ أَوْ تُرَى لَهُ} {أَخْرَجَهُ مالك برقم: (٣٥١٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٤٧٩) وغيرهما}.

واتە: لە دوای من لە موژدەدەرەكان، لە دڵخۆشكەرەكان، تەنیا خەونی چاكو ڕاست ماوە، كە پیاوی باش دەیبینێ، یان پێوەی دەبینرێ.

هەڵبەتە وەك گوتم: دیارە كۆڕەكە كوڕی پیاوان بووە، ئەگەرنا وەك چۆن پیاوی باش خەونی باشو خەونی ڕاست دەبینێ، یان پێوەی دەبینرێ، ئافرەتی باشیش، خەونی باشو ڕاست دەبینێ، یاخود پێوەی دەبینرێ.

ج/ پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : {رُؤْيَا الرَّجُلِ الصَّالِحِ، جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ}، {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٢٦٣)}.

واتە: خەونی پیاوی باش، بە شێكە لە چلو شەش بەش لە پێغەمبەرایەتیی.

د/ {رُؤْيَا الْمُؤْمِنِ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءَاً مِنَ النُّبُوَّةِ}، {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٦٥٨٧) عُبَادَة بْنِ الصَّامِتِ}.

خەونی بڕوادار، بەشێكە لە چلو شەش بەش لە پێغەمبەرایەتیی.

كەواتە: ئەگەر مرۆڤەكە بڕوادار بێ، یان ئینسانێكی باش بێ، مانای وایە ئەوجار خەونەكەی بەشێكە لە چلو شەش بەشی پێغەمبەرایەتیی.

ئنجا ئەومیان كە دەفەرموێ : بەشێكە لە بیستو شەش (٢٦) بەشی پێغەمبەرایەتیی، دیارە ئەوە دەبێ ئینسانێكی هەر زۆر ڕاستو چاك بێ، یان دەبێ ئەو كەسە لەو حاڵەتەدا، حاڵەتی صەفاو ڕاستیی زۆر باشی هەبێ.

ئنجا ئەوەیان کە دەفەرموێ: چل (٤٠)، دیارە ئەندازەیەك کەمتر ساغیی‌و صافیی‌و ڕاستیی هەیە، ئیدی هەر بەو شێوەیە: هەتا ڕێژەکەی کەمتر دەبێتەوە: چل‌و چوار (٤٤)، چل‌و نۆ (٤٩)، پەنجا (٥٠)، حەفتا (٧٠) دیارە ئەندازەی ڕاستبێژیی‌و چاکیی‌و دینداریی مرۆڤەکە کەم دەبێتەوە، بۆیەش ئەندازەی ڕاستیی خەونەکەشی، یاخود ڕێژەی لە وەحیی بوون‌و لە پێغەمبەرایەتیی بوونی خەونەکەشی، کەمتر دەبێتەوە.

هەڵبەتە ئەوەش: شتێکی بەڵگە نەویستەو ڕوون‌و ئاشکرایە، کە ئینسان هەتا بۆ خۆی چاکتر بێ، کردەوەکانیشی باشتر دەبن، هەم کردەوە ڕواڵەتییەکانی، هەم کردەوە پەنهانەکانی، ئینسان هەتا پەیوەندیی لەگەڵ خوادا توندتر بێ‌و بەندایەتیی بۆ خوا چاکتر بێ، ئەوە نەك هەر لە خەوندا، لە حاڵەتی بێدارییشدا، زمانی ڕاستتر دەبێ‌و، ئەندامەکانی فەرمانبەرتر دەبن بۆ شەریعەت‌و، ڕەوشتی بەرزتر دەبێ، لە خراپە دوورتر دەبێ، ئەوە هیچ گومانی تێدا نیە.

حاڵەتی خەونیش دیارە ڕەنگدانەوەی حاڵەتی بێدارییەو ئینسان لە بێدارییدا چۆن بێ، لە خەونیشدا هەر وادەبێ، نەك ئینسان لە بێدارییدا خراپەکاربێ‌و، لە خەوندا ببێتە فریشتە! یانی: خەونیش ڕەنگدانەوەی حاڵەتی بێدارییە، بۆیەش ئەو شێوە دابەشکردنەی پێغەمبەری خوا بۆ خەونان، جۆراو جۆرە، چونکە حاڵەتەکانی خەڵك جۆراو جۆرن‌و، دووریی‌و نیزیکیی خەڵك لە وەحییەوەو لەو سیفەت‌و ئاکارە بەرزانەوە، کە پێغەمبەران هێناویانن، لە ئیمان‌و، خوا بەیەکگرتن‌و، بەندایەتیی بۆ خواو، ڕاستبێژیی‌و، ئەمانەت پارێزیی، نیزیکی خەڵك لەو سیفەتانەو، ڕێژەی هەبوونی ئەو سیفەتانە لە خەڵکدا، جۆراو جۆرە، بۆیە ڕێژەی لە پێغەمبەرایەتیی بوون‌و، لە وەحیی بوونی خەونەکانیشیان، جۆراو جۆرە.

٤} بەرهەمی خەون:

ئایا ئێمە بە هۆی خەونەوە چیمان دەستگیر دەبێ؟ ئایا خەون تا چ ڕاددەیەك جێی بەهرەو سوود لێ وەرگرتنە؟

دەڵێم: بە پێی ئەزموونی کردەیی خۆم‌و خەڵکی دیکەش، پاشان بە گوێرەی دەقەکانی قورئان‌و سوننەت، بەرهەمی خەونی ڕاست‌و چاك، بریتیە لە

دڵخۆشکردنو بەرچاو ڕوونیی لەلایەکەوەو، ئاگادارکرانەوەو هۆشیارکرانەوەو، زانیاریی پێدرانو بەرچاو ڕوون کران، لەلایەن خوای پەروەردگارەوە، لەلایەکی دیکەوە .

هەڵبەتە ئەوە بە ئەزموون دیارە، کە خەون - یانی: خەونی ڕاستو چاك - دەبێتە هۆی دڵخۆشکردنی ئینسانو شادمان کردنیو بەرچاوڕوونکردنیو موژدەپێدانی، جاری واشە: ئاگادارکردنەوەو تەمبێ کرانو سەرزەنشت کرانی، ئەمە وەك واقیع دیارە، ئنجا لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەردا، ناو لە خەونی باش نراوە: دڵخۆشکەرەکان، موژدەدەرەکان (الـمُبَشِّرات)، وەك دەفەرموێ: {لَمْ يَبْقَ بَعْدِي مِنَ الْمُبَشِّرَات إلاّ الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ الصادقَة، يَرَاهَا الرَّجُلُ الصَّالِحُ أَوْ تُرَى لَهُ}[1]، لە دوای من لە دڵخۆشکەرەکان، لە موژدەدەرەکان تەنیا خەونی چاكو ڕاست ماوە، پیاوی باش دەیبینێ، یاخود پێوەی دەبینرێ، (پیاوی باش، یان ئافرەتی باش).

هەروەها لە دەقێکی دیکەدا پێغەمبەر دەفەرموێ: {لَمْ يَبْقَ مِنَ النُّبُوَّةِ إلا الْمُبَشِّرَاتُ، قَالُوا: وَمَا الْمُبَشِّرَاتُ؟ قَالَ: الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ}،{أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٦٩٩٠) عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ} .

واتە: لە پێغەمبەرایەتیی، تەنیا دڵخۆشکەرەکان، موژدەدەرەکان ماون، گوتیان: دڵخۆشکەرەکان چین؟ فەرمووی: خەونی باشە.

ئنجا ئەوە کە لە ڕێی خەونی ڕاستەوە، مرۆڤ ئاگادار دەبێتەوەو بەرپێی خۆی دەبینێو جاری واهەیە سەرزەنشت دەکرێو، جاری واش هەیە دڵخۆش دەکرێ، سەلماندنی ئەوە، پێویستیی بە دەق ناکات، هەرچەندە دەقەکانیش فەرموویانە، چونکە ئەوە بە ئەزموون دیارەو من دەتوانم هەر لە ئەزموونی خۆم، زۆر شت بێنمەوە، وەك لە یاداشتەکانمدا: (چەند مەلۆیەك لە خەرمانی تەمەنم) لەوبارەوە چەند شتێکم گێڕاوەتەوە، دەگونجێ بگەڕێنەوەو سەرنجی بدەن، لێرەدا تەنیا نموونەیەك دێنمەوە، کە زۆر جێی سەرنجە ! :

---

١) رواه البيهقي في (شعب الإيمان) برقم (٤٧٥٠) عن عائشة رضي الله عنها .

کاتی خۆی کە لە ڕژێم قاچاغ بووم، لە ساڵی خوێندنی (١٩٨١ و ١٩٨٢)زدا، ئەو کاتە لە قۆناغی دووی زانکۆ بووم، فەرمانی گرتنم دەرچوو لە لایەن ڕژێمەوە، ئنجا دوای ئەوەی کە ئاگادار کرامەوە، هەم لەوێ لەلایەن هاوەڵێکمەوە، لە کۆلێژی شەریعە (فقە) لە نەجەفو، هەم دوایی کە گەڕامەوە، لەلایەن موختاری ڕانیەوە: مام صالح خوا لێی خۆشبێ، ئاگادار کرامەوە، ئەومبوو کە قاچاغ بووم، چووم بۆ کوردستانی ئێران، شەش مانگێك لەوێ بووم، دوایی کە گەڕامەوە، نەنکم (واتە: دایکی دایکم) کە پوورە (بەس)یان، (بەسە خرە)یان پێ دەگوت، خوا لێی خۆش بێ، ئافرەتێکی زۆر دیندارو چاك بوو، زۆریش منی خۆشدەویست، وەك نەومیەك، زۆرجار کە دادەنیشتین، دەیگوت: ڕۆڵە! وەرە قسەم بۆ بکەو قسەت بۆ دەکەم، مورید لە مورید ئیستیفادە دەکات، دیارە ئەو نەنکەم دوای ئەوەی کە هاوسەری دەمرێ {کە (ڕەسوە خرە)یان پێگوتوە، واتە: بابی دایکم}، شوودەکاتەوە بە (شێخ عبدالواحید) کە لە شێخەکانی سندۆلان بووە، لە ڕووی دینداریی‌و تاعەتەوە لێیان بەهرەمەند بووە، ئنجا لەو کاتەدا کە قاچاغ بووم لە ڕژێم‌و لە کوردستانی ئێران، بووم، نەنکم وەفاتی کرد، کە هاتمەوە، دایکم ڕەحمەتی خوای لێبێ، گوتی: ڕۆڵە! نەنکت زۆر پێی خۆش بوو کە تۆ سوورەتی یاسینی لەسەر بخوێنی، هەر دەیگوت: فلانکەس لە کوێیە؟ هەرچەند مەلاو فەقێمان بۆ بانگکردن، بەلام ئەو قورئان خوێندنی تۆی پێ خۆش بوو، تۆش لێرە نەبووی...

منیش گوتم : لە کوێ نێژراوە ؟

گوتی : لە گۆڕستانی گوندی (کونەسە) لە پشتی ڕانیە.

منیش لەگەڵ دایکم بە ڕەحمەت بێ، چووم‌و سەلامم لە قەبرەکەی کردو دوعام بۆ کردو، دوایی گوتم: نەنکێ! ئەگەر پێتخۆشە خەتمێك قورئانت بۆ بکەم، لەجیاتی ئەو یاسینەی کە لێرە نەبووم لەسەرت بخوێنم، ئەمشەو وەرە خەونم، پێم وایە شەوی جومعە بوو، ئەدی هەر ئەوشەوە نەنکم هاتە خەونم، نەنکم بوو بەلام گەنج بوو بۆوە، زۆر شێوەیەکی جوانی هەبوو، منیش زۆر پێم سەیر بوو، گوتم: نەنکێ لە کوێی؟ گوتی: ڕۆڵە لە بەهەشتم، منیش گوتم: چۆنە ئاوای؟ گوتی: لێرە خەڵك لای ئێمە هەرئاوایە، (واتە: گەنج دەبێتەوە)، لە کاتێك دا لەگەڵ نەنکم ڕاوەستابووم پرسیاری بەهەشتم لێ دەکرد، کوڕە خاڵێکم هەبوو ناوی

ئەحمەد بوو[١]، ئەو کاتە پێشمەرگە بوو لە قەڵاتووکان، بە لاماندا هات پارچە کاغەزێکی پێ بوو، بە تووڕەیی یەوە گوتی: ها...! ئەو هەقەم لاتانە بمدەنەوە، ڕووی لە من کرد، نەنکیشم گوتی: ڕۆڵە! لە شوێنی خۆی کە ئەو کاغەزەیان پێدای، گوتیان: بە لەبارییی داوای هەقی خۆت بکە، نەك بە تووڕەیی، ئیدی من خەونەکەم ئاوا بوو، خەبەرم بۆوە .

بەیانی کە هەڵسام گوتم: دایە گیان! خەونێکی ئاوام بە نەنکمەوە بینیوە، دوایی دەستم کرد بە قورئان خوێندن بۆی بۆ تەواوکردنی خەتمەکە کە بەڵێنم دابوو، بەلام هەر لێم دەپرسین: چی لێ تێدەگەن، ئەحمەدی خاڵ برایمم کە ئەو وەرەقەیەی پێ بووەو دەڵێ: هەقەکەم بدەنەوە، چی ئەوان لەلای ئێمەیە؟ دایکم گوتی: من هیچم پێ شك نایەت، پێم وایە ئەو خەونە ڕاست لەلایەن خوای پەروەردگارەوە بووە، چونکە تەعبیرەکەی زۆر ڕوونەو بە هێماو ڕەمز نەبوو .

بەلام ئەوان لە بیریان نەمابوو، چەند ڕۆژێ بیریان لێ کردەوە، دوایی مەریەمی خوشکم کە ئێستا ماوەو ماڵیان لە گوندی (بۆسکێن)ەو، هاوسەری دکتۆر ئەحمەدە، بەبیری هاتبۆوە گوتبووی: دایە! ئەدی نەنکم گوارە زێڕەکانی خۆی بە تۆ نەدان، گوتی: ڕۆڵە! ئەو گوارە زێڕانەم با لەلای تۆ بن، ئەگەر ئەحمەدو عەبدوڵلا، {خاڵم خاڵ برایم، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا کوژراوەو سێ منداڵی لە پاش جێماون: ئەحمەدو عەبدوڵلاو ئامینە، کە ئێستا عەبدوڵلاو ئامینە ماون، ئەحمەدیش کوژرا خوا لێی خۆش بێ}، موحتاج بوون گوارەکان بفرۆشەو بیانکە پارەو بۆیان بنێرە، ئەگەر ئەوانیش موحتاج نەبوونو، پێویستییان پێی نەبوو، گوارەکان بفرۆشەو بۆم بە فەرشێك بدەو لە مزگەوتێ دا ڕایخە؟ ئیدی دایکم، وەصیەتەکەی دەکەوێتەوە بیر، دوایی کە پرسیمان، گوتیان: ئەحمەد ماڵی لە قەلاتووکانەو هەژارو ئاتاجن، ئەوە بوو دایکم گوارەکانی نەنکمی فرۆشتنو، بۆی کردنە پارەو بۆی ناردن .

---

١) ئەحمەد کوڕی گەورەی (خاڵ ئیبراهیم)م بوو، لە هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوودا لە قەلادزێ کوژرا، خوا لێی خۆشبێ.

كە ئەوە خەونێكە زانیارییەكی تێدایە كە زیندووەكان لە بیریان نەمابوو، مردوو لەوێوە زیندووەكانی ئاگادار كردۆتەوە، هەڵبەتە لەوبارەوە من شتی زۆرم بینیوە، كە كەمێكم لە یادداشتەكانی خۆمدا، كە لەو قۆناغەی تەمەنم دا ڕوویانداوە، باسم كردوون .

بەلاَم لێرەدا دەپرسین: ئایا خەون بۆ بوارەكانی حەلاَڵو حەڕامو حوكمە شەرعییەكان، پشتی پێ دەبەسترێ؟ ئایا دەگونجێ بڵێی: من خەونم بینیوە كە فلاَن پارەیە حەلاَڵە؟ یان فلاَن پارەیە حەڕامە؟ یان فلاَن شتە حوكمەكەی ئاوایە، لە ڕووی شەریعەتەوە، چونكە خەونم بینیوە ؟

دەڵێین: لە ڕاستییدا پشت بە خەون نابەسترێ بۆ زانینی حوكمی شەرعیی شتەكانو، دیار كردنی چاكیی‌و خراپیی شتەكانو، دیار كردنی حەڕامو حەلاَڵ، بەڵێ جاری وا هەیە شتێكی تایبەت دەبێ، كە تۆ لە ڕێگای خەونەوە ئاگادار دەكرێیەوە، كە ئەو شتە ئاوایە، من چەند جارێك ئەوەم بینیوە، بەلاَم كە لە ڕێی خەونیشەوە ئاگادار دەكرێیەوە، دەبێ پشت بە دەقەكانی قورئانو سوننەت ببەستی، یانی: ئەوەی كە لە خەونیشتدا دەیبینی، دەبێ هەر ئاگاداركردنەوەت بێ، بۆ حوكمە شەرعییەكان كە لە قورئانو سوننەتدا هاتوون، بۆچی؟ چونكە لە دوای شەریعەتی پێغەمبەری خاتەم، ڕێگای وەحیی بەستراوەو حەلاَڵو حەڕام كۆتاییان پێ هاتوە: (حَلاَلُ مُحَمَّدٍ حَلاَلٌ إلى يَوْمِ القِيَامَةِ، وَحَرَامُ مُحَمَّدٍ حَرَامٌ إلى يَوْمِ القِيَامَةِ).

حەلاَڵێك كە موحەممەد لە قورئاندا، یاخود لە ڕێی سوننەتی خۆیەوە ڕایگەیاندوە كە حەلاَڵە، ئەوە تاكو قیامەت حەلاَڵە، حەڕامێكیش كە پێغەمبەر لە قورئاندا، یان لە ڕێگای سوننەتی خۆیەوە، دیاریی كردوە كە حەڕامە، ئەوە تاكو قیامەت حەڕامە .

مەگەر ئەوە كە لە حاڵەتی نائاسایی‌و ڕیزپەڕدا، جاری واهەیە حەڕامێك حەلاَڵ دەبێ، یان حەلاَڵێك حەڕام دەبێ، لە حاڵەتێكی تایبەتدا، ئەگەرنا وەك بنچینە: حەلاَڵ حەلاَڵە تاكو قیامەت، حەڕامیش حەڕامە تاكو قیامەتو، ئەوەی كە پشتی پێ دەبەسترێ، تەنیا شەریعەتە، كە ئێمە لە تەوەری پێنجەمدا زیاتر تیشك دەخەینە سەر ئەو بابەتە .

٥} چـۆن مامـەڵـە لەگـەڵ خـەوندا بکـەیـن ؟

بۆ ئەو بابەتە، سێ بنەمـا زۆر گرنگن، تاکو بتوانین مامەڵەیەکی ڕاستو دروست لەگەڵ دیاردەی خەون بینیندا بکەین :

أ/ بە هاوسەنگیی مامەڵـە کردن لەگەڵ دیاردەی خەون دا :

واتە: نە تێپەڕێنی، نە کورتی بێنی، نە بڵێی: خەون هەموو شتێکە، نە بڵێی: هیچەو بۆشە، نە خەون لە جێگای شەریعەت دابنێینو، بیکەینە بەدیلو جێگرەوەی شەریعەتو، پشت بە خەون ببەستین، بۆ زانینی حەڵاڵو حەرامو چاکەو خراپە، وەك هەندێ لە ئەهلی تەصەووفو خەڵکی عەوام دەیکەن. نە خەونیش لە دەرەوەی بازنەی شەریعەت دابنێینو، هیچ ئیعتیبارێکی بۆ نەکەین! ئا ئەوە مامەڵـەیەکی ڕاستو دروستە، وەك زانایان گوتوویانە: (خەون مایەی بەرچاو ڕوونییە بۆ کەسێك کە هیچ دەقێکی شەریعەتی لەبارەی شتێکەوە چنگ نەکەوێ، دەگونجێ خەونی ڕاستو چاك پشتی پێ ببەسترێو سوودی لێ وەربگیرێ، مادام دەقەکانی شەریعەتی لەبەر دەستدا نەبن، بەڵام ئەوەش هەر بۆ خۆی، چونکە خەونی هیچ کەس بۆ خەڵکی دیکە نابێتە بنچینەو یاساو نابێتە بەرچاوڕوونیی).

بۆچی وا دەڵێین؟ چونکە پێغەمبەر ﷺ بایەخی بە خەون داوەو حیسابی بۆ کردوە، با لەوبارەوە تەماشای ئەم دوو فەرموودەیە بکەین:

یەکەم: {عَنْ سَمُرَةَ بْنِ جُنْدَبٍ قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا صَلَّى الصُّبْحَ، أَقْبَلَ عَلَيْهِمْ بِوَجْهِهِ فَقَالَ: (هَلْ رَأَى أَحَدٌ مِنْكُمُ الْبَارِحَةَ رُؤْيَا)} {أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ برقم: (٧٠٤٧)، ومسلم برقم: (٥٨٩٦)، والترمذي برقم: (٢٢٩٤)}.

واتە: سەمورەی کوڕی جوندوب خوا لێی ڕازی بێ (کە یەکێکە لە هاوەڵان) دەڵێ: پێغەمبەر کە نوێژی بەیانی دەکرد {سڵاوی دەدایەوە، هەرچەندە لێرەدا نەیفەرمووە، بەڵام بێگومان دوای زیکرو ویردەکان بووە کە لە سوننەت دا

هاتوون}، ڕووی لە هاوەڵانی دەکردو دەیفەرموو: ئایا هیچ کامێك لە ئێوە دوێنێ شەو خەونێکی بینیوە؟ واتە: با بۆم باس بکات، تاکو بۆی مانا بکەم.

دووەم: {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كَانَ مِمَّا يَقُولُ لأَصْحَابِهِ: (مَنْ رَأَى مِنْكُمْ رُؤْيَا فَلْيَقُصَّهَا أَعْبُرْهَا لَهُ)} {أَخْرَجَهُ مُسْلِم برقم: (٥٨٩٠)}.

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا لەمیانەی ئەوەدا کە بە هاوەڵانی بەڕێزی دەگوت، جارجار پێی دەفەرموون: کامتان خەونێکی بینیوە با بیگێڕێتەوە، تاکو بۆی تەعبیر بکەم، ماناکەی بۆ لێکبدەمەوە.

ب/ هەر کات خەونمان بینی، با بۆ مرۆڤی عاقڵو دڵسۆز نەبێ، نەیگێڕینەوە:

لەوبارەوە چەند فەرموودەیەك هەن، بۆ نموونە:

یەکەم: {الرُّؤْيَا مُعَلَّقَةٌ بِرِجْلِ طَائِرٍ مَا لَمْ يُحَدِّثْ بِهَا صَاحِبُه، فَإِذَا حَدَّثَ بِهَا، وَقَعَتْ، فَلا تُحَدِّثُوا بِهَا إِلاَّ عَاقِلاً، أَوْ مُحِبّاً، أو نَاصِحاً} {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٦٢٢٨)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٢٧٩) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيح، وَالحَاكِم برقم: (٨١٧٥) وَقَالَ: صَحِيح الإِسْنَاد}.

واتە: خەون بە پێی باڵندەیەك هەڵواسراوە، {وەك شتێك وایە کە بە پێی باڵندەیەکەوە هەڵواسرابێ}، هەتا خاوەنەکەی دەیگێڕێتەوە، ئنجا هەرکات گێڕایەوە، خەونەکە دێتە دی، بۆیە خەون مەگێڕنەوە، مەگەر بۆ کەسێك کە ژیر بێ، یان ئێوەی خۆش بوێ، یان دڵسۆز بێ.

کەواتە: خەون بۆ خەڵکی نەفام، یاخود نەزان، یاخود کەسێك کە ڕقی لە ئێوەیە، یان نادڵسۆزو موخنەتە، مەیگێڕنەوە.

دووەم: {عَنْ أَبي سَلَمَةَ قَال لَقَدْ كُنْتُ أَرَى الرُّؤْيَا فَتُمْرِضُنِي، حَتَّى سَمِعْتُ أَبَا قَتَادَةَ يَقُولُ: وَأَنَا كُنْتُ لأَرَى الرُّؤْيَا تُمْرِضُنِي، حَتَّى سَمِعْتُ النَّبيَّ ﷺ يَقُولُ: الرُّؤْيَا الْحَسَنَةُ مِنَ اللهِ، فَإِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ مَا يُحِبُّ، فَلا يُحَدِّثْ بِهِ إِلاَّ مَنْ يُحِبُّ، وَإِذَا رَأَى مَا يَكْرَهُ فَلْيَتَعَوَّذْ بِاللهِ مِنْ شَرِّهَا، وَمِنْ شَرِّ الشَّيْطَانِ وَلْيَتْفِلْ ثَلاثاً، وَلا يُحَدِّثْ بِهَا أَحَداً، فَإِنَّهَا لَنْ تَضُرَّهُ} {أَخْرَجَهُ البخاري برقم: (٦٦٣٧)}.

واتە: ئەبو سەلەمە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: خەونم دەبینی، نەخۆشی دەکردم، (واتە: خەونی ترسناكو ناخۆش)، هەتا گوێم لە ئەبو قەتادەبوو دەیگوت: منیش پێشتر خەونی وام دەبینی، نەخۆشی دەکردم، (واتە: بە هۆی خەونەکەمەوە باری دەروونییم تێکدەچوو، خەفەتم دەخوارد)، هەتا گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: خەونی باش لە خواوەیە، ئەگەر یەکێك لە ئێوە خەونێکی بینی، کە حەزی لێ دەکردو پێی خۆش بوو، با تەنیا بۆ کەسێکی بگێڕێتەوە کە خۆشی دەوێ‌و بۆی دڵسۆزەو، متمانەی پێیە، بەڵام ئەگەر خەونێکی بینی کە پێی ناخۆش بوو، با پەنا بە خوا بگرێ لە خراپەی خەونەکەی‌و، با سێ جاران تف بکات (یانی: فوو بکات)و، پەنا بە خوا بگرێ‌و باسیشی نەکات، ئەو کاتە هیچ زیانێکی پێناگەیەنێ .

ج/ پەنا بە خواگرتن‌و، لە خوا پاڕانەوەو، کەلەکە گۆڕین:

هەر کات مرۆڤ خەونی ناخۆش‌و خراپی دی، با پەنا بە خوا بگرێ‌و لە خوا بپاڕێتەوە، واتە: لە شەڕو خراپەی ئەو خەونەی بینیویەتی، پەنا بە خوا بگرێ، ئەگەر خەونەکە ناخۆش بێ، ئەگەر چاکیش بێ سوپاسی خوای لەسەر بکات.

لەوبارەشەوە ئاماژە بەم دەقانە دەکەین:

<u>یەکەم:</u> {عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ أَنَّهُ قَالَ: إِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ الرُّؤْيَا يَكْرَهُهَا ، فَلْيَبْصُقْ عَنْ يَسَارِهِ ثَلاثاً، وَلْيَسْتَعِذْ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ ثَلاثاً، وَلْيَتَحَوَّلْ عَنْ جَنْبِهِ الَّذِي كَانَ عَلَيْهِ} {أَخْرَجَهُ ابْنُ أَبِي شَيْبَةَ بِرقم: (٢٩٥٤٥)، وَعَبْدُ بْنُ حُمَيْد برقم: (١٠٤٧)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٢٦٢)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٥٠٢٢)، وَالنَّسَائِي فِي الكُبْرَى برقم: (٧٦٥٣)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٩٠٨)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٦٠٦٠)}.

واتە: جابیری کوڕی عەبدوڵڵا خوا لە خۆی‌و بابی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئەگەر یەکێك لە ئێوە خەونێکی بینی کە پێی ناخۆش بوو، با سێ جاران تف لە لای چەپ بکات،و با سێ جاران پەنا بە خوا بگرێ لە شەیتان‌و بڵێ: (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم)و، با لەسەر کام تەنیشتەی خەوتوە، وەرسووڕێ بۆ تەنیشتەکەی دیکەی .

یانی: ئەگەر لەسەر تەنیشتی لای ڕاست بوو، وەربسووڕێ بۆ لای چەپو، ئەگەر لەسەر لای چەپ بوو، وەربسووڕێ بۆ لای ڕاست .

دووەم: {إِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ مَا يَكْرَهُ، فَلْيَقُمْ فَلْيُصَلِّ} {أَخْرَجَهُ الْبُخَارِي بِرقم: (٧٠١٧)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (٢٢٦٣)، وَأَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٥٠٩٩)، وَالتِّرمِذِيُّ بِرقم: (٢٢٨٠)، وَابْنُ مَاجَهْ بِرقم: (٣٩٠٦)} .

واتە: ئەگەر یەکێکتان خەونێکی بینی، کە پێی ناخۆش بوو، یان پێی قەڵس بوو، با هەڵسێ نوێژ بکات، یان با هەڵسێ دوعا بکاتو لە خوا بپاڕێتەوە .

دیارە مەبەستی پێغەمبەری خوا ئەوەیە کە ئەگەر خەونی چاکت بینی، تەنیا بۆ کەسێکی بگێڕیەوە، کە دڵسۆزەو دەزانی پێی خۆش دەبێو حەسوود نیەو موخنەت نیە، بەڵام ئەگەر خەونی خراپت بینی، هەر مەیگێڕەوەو پەنا بە خوا بگرەو دوعا بکەو، بەو شێوەیەش مامەڵە بکە کە لە فەرموودەکاندا هاتوە .

ئەمە چۆنیەتی مامەڵەکردن بوو لەگەڵ خەوندا، چ خەونەکە مژدەو دڵخۆشیی تێدابێو، چ ئاگادارکردنەوەو هۆشداریی تێدابێ، کە ئەوە بە باری ئەرێنیی دایە، وە چ بە پێچەوانەوە: ببێتە هۆی دڵتەنگیو ناڕەحەتییو، خەونی ترسناكو سامناك بێو، بە جۆرێك بێ، کە ئینسان پێی ناخۆش بێ. ئەوە پێویستە بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ کە باسمان کرد.

٦} شەش ئاگاداریی گرنگ لەبارەی خەونەوە:

<u>ئاگاداریی یەکەم</u>: خەون (رؤيا) دیاردەیەکی مرۆییو جیهانییەو، وەك پێشتر گوتمان: پەیوەستە بە ڕووحو ناخی مرۆڤەوە، بۆیە دەگونجێ مرۆڤی مسوڵمانو مرۆڤی نامسوڵمان، مرۆڤی چاكو مرۆڤی خراپ، خەونی ڕاست، ئەگەر جارجاریش بێ - بە نسبەت مرۆڤی خراپەوە - ببینن، چونکە خەون بینین پەیوەستە بە ڕووحو دیوی نێوەوەو پەنهانی مرۆڤەوەو، هەموو مرۆڤێکیش ئەو دیوە پەنهانەو ڕووحی هەیە، بەڵگەش لەسەر ئەوە، وەك پێشتریش باسمان

کرد، خەونی هەردوو هاوەڵە زیندانییەکەی یوسوفو، خەونی پادشایە، کە هەرسێکیشیان بێبڕوا بوون، بەڵام خەونی ڕاستیشیان بینیوە.

<u>ئاگاداریی دووەم:</u> دیارە خەونی مرۆڤی بڕوادارو چاکەکارو ڕاستبێژو ئەمیندار، زیاتر ڕاست دەردەچێ، مرۆڤ تاکو ڕاستبێژتر بێو چاکەکارتر بێ، یانی: هەتاکو لە حاڵەتی بێدارییدا، پابەندتربێ بە شەریعەتەوە، لە حاڵەتی خەوتنیشدا، ئەو زانیارییانەی کە ڕووحی وەریان دەگرێ، بە هۆی ئەو نیمچە ئازادبوونەی ڕووحەوە، لە جەستە، ئەو زانیارییانە تەواوترو ڕاستتر دەبن، بەتایبەت خەونی پێغەمبەران هەر بە جۆرێك لە وەحی دادەنرێ، وەك عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ، گوتوویەتی: {رُؤْيَا الأَنْبِيَاءِ وَحْيٌ} {أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ برقم: (٣٦٨٩)، قال الشيخ الألباني: صحيح، وَالحَاكِمُ برقم: (٨١٩٧)، والطبراني في معجمه الكبير برقم: (١٢٣٠٢)}.

باشترین بەڵگەش لەوبارەوە، ئەوەیە کە ئیبراهیم ﵇ - وەك پێشتر باسمان کرد - لە سووڕەتی (الصافات)دا، بە ئیسماعیلی کوڕی دەفەرموێ: ﴿يَٰبُنَيَّ إِنِّيٓ أَرَىٰ فِي ٱلْمَنَامِ أَنِّيٓ أَذْبَحُكَ فَٱنظُرْ مَاذَا تَرَىٰۚ قَالَ يَٰٓأَبَتِ ٱفْعَلْ مَا تُؤْمَرُۖ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٠٢﴾﴾، ئنجا دواتریش کە ئیسماعیل دێنێتە سەر سەربڕین، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿قَدْ صَدَّقْتَ ٱلرُّءْيَآۚ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٠٥﴾﴾، واتە: خەونەکەت بەڕاست گێڕا، جێبەجێت کرد، ئێمە ئاوا پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە.

دیارە بۆیەش خەونی پێغەمبەران (عَلَيْهِم الصَّلاَةُ وَالسَّلام) بە وەحیی دادەنرێ، چونکە پێغەمبەران هەروەك چۆن لە حاڵەتی بێدارییاندا، پارێزراو (معصوم)ن، لە شەیتانو وەسوەسەو دنەدانی شەیتان، بەتایبەت لەوەدا کە وەك دین ڕایدەگەیەنن، بە هەمان شێوە لە حاڵەتی خەوتنیشیاندا، هەر پارێزراون، لەوەدا کە وەك دین بە خەڵکی ڕادەگەیەنن، خوا ﷻ دەیانپارێزێ لەوە کە بە هەڵەدابچن، یان شەیتان لە ڕێی خوتخوتەو دنەدانی خراپەوە، زەفەریان پێبەرێ .

<u>ئاگاداریی سێیەم:</u> خەون پێویستیی بە مانا لێدانەوە دەکات، کە پێی دەگوترێ: (تعبیر)، یانی: پەڕاندنەوە، ئەو کەسە کە دەتەوێ مانای خەونەکەی بۆ لێکدەیەوە بیپەڕێنیەوە، بە هۆی ئەو ڕەمزو هێمایانەوە کە لە خەونەکەیدا بینیونی، بۆ دنیای واقیع، ئایا ئەو ڕەمزو هێمایانەو، ئەو دیمەنانە کە لە خەونەکەیدا بینیونی، لە حاڵەتی بێداریی‌و لە دنیای واقیع دا، چی دەگەیەنن؟! لەوێوە دەیپەڕێنیەوە بۆ وێ، بۆیە پێی دەگوترێ: (تعبیر).

بەڵێ: خەون پێویستیی بە تەعبیر هەیە، بەڵام بێگومان تەنیا خەونی ڕاست تەعبیرو مانا لێکدانەوە هەڵدەگرێ، ئەگەرنا خەونی تێکەڵ‌و پێکەڵ، کە قسەی نەفسە، یاخود هەندێ شتی بێ سەروبەر، کە زۆرجاران لە گاڵتە پێکردنی شەیتانەو هیچ مانای نیە، وەك لە صەحیحی بوخاریيدا هاتوە :

پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ گوتی: لە خەونمدا سەرم لێبوو بۆوەو خۆم یاریيم پێدەکرد، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: بۆچی یەکێکتان کە شەیتان گاڵتەی پێکردوە، دەیگێڕێتەوە، واتە: ئەوە کە ئینسان سەری لێبێتەوەو گاڵتە بەسەرەکەی خۆی بکات، وەك تۆپ، بە تەئکید ئەوە گاڵتە پێکردنی شەیتانە! بۆیە پێغەمبەر ﷺ پێی ناخۆش بووە، ئەو هاوەڵە ئەو جۆرە خەونە بگێڕێتەوە .

هەر خەونێك دیاربێ کە ترساندنی شەیتان بێ، یاخود شتێك بێ، هیچ مانایەك هەڵنەگرێ، یاخود شتێکی بێجێ بێ، ئەوە تەعبیر هەڵناگرێ‌و، پێویست ناکات ئینسان خۆی پێوە سەغڵەت بکات.

ئنجا بێگومانیش هەموو کەس توانای مانا لێکدانەوەی خەونانی نیە، هەموو کەس ئەو شارەزاییەی نیە (مُعَبِّر الرؤى) بێ، واتە: مانا لێکدەرەوەی خەونان بێ، هەر بۆیەش موعجیزەی یوسوف ﷺ تەعبیرکردنی خەونان بووە، چونکە: نەمانبینیوە لە قورئاندا، جگە لە مانا لێکدانەوەی خەونان، موعجیزەیەکی دیکە بۆ یوسوف باسکرابێ، ڕەنگە هەشیبووبێ، بەڵام باس نەکراوە، کەواتە: مانا لێکدانەوەی خەون‌و تەعبیر کردنی خەونان، زانستێکی زۆر گرنگەو، خوای کارزان کردوویەتی بە موعجیزەو بەڵگەی پێغەمبەرایەتیی

یوسوف ﷺ، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلْأَرْضِ وَلِنُعَلِّمَهُۥ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ ﴾، وەك دوایی دەیگەینێ لە تەفسیری سوورەتی یوسوف دا، دەفەرموێ: ئاوا یوسوفمان بالآدەست کرد لە زەویدا، پێگەمان پێداو، بۆ ئەوەی کە مانای خەونانی فێر بکەین.

دیارە لە نێو زانایانی ئیسلامدا (إبن سیرین) زۆر مەشهوور بووە، کە زۆرباش مانای خەونانی لێکداوەتەوە، کتێبێکیشی هەیە بە ناوی: (تعطیر الأنام فِي تفسیر المنام)، هەروەها (نابلسي)و (إبن شاهین)، هەر کامێکیان کتێبێکی هەیە لەوبارەوە، زۆرجاریش هەرسێ کتێبەکان بەیەکەوە چاپ دەکرێن .

هەڵبەتە زانایانی دیکەش هەبوونو خەڵکی دیکەش هەبووەو هەیە، کە کەمو زۆر دەتوانن مانای خەونان لێکبدەنەوەو، تەعبیریان بکەن بە شێوەیەکی ڕاستو دروست، کە وەك گوتم: ئەوەش زانیارییەکی تایبەتەو، هەر کەسێك ڕاست بۆوە ناتوانێ، مانای خەونان بکاتو تەعبیری خەونان بکات.

ئاگاداریی چوارەم: زۆر گرنگە ئینسان خەڵك قیاس نەکاتە سەر خۆی، وەك پێشینان دەڵێن: (لە هەمبانەی خۆیدا گوێز نەژمێرێ)، واتە ئەگەر بۆ خۆی خەونی ڕاست نابینێ، ئەگەر بۆ خۆی خەونی چاك نابینێ، ئەگەر بۆ خۆی لەو شتانە بێ بەش (محروم)ە، پێی وانەبێ خەڵکی دیکەش هەمووی هەروایەو، لە هەر کەسێکی بیست گوتی: بە خزمەت پێغەمبەر ﷺ گەیشتووم، یان خەونێکی ئاوام بینیو خەونەکەم ڕاست دەرچوو، با یەکسەر تۆمەتباری نەکاتو، خەڵك قیاس نەکاتە سەر خۆی، ئنجا ئەو کەسە چاك بێ، یان خراپ بێ، چونکە جاری وایە ئینسانی چاکیش کەمتر خەون دەبینێ، بە هەر حاڵ ئینسان نابێ خۆی بکاتە چەقێكو، خەڵکی دیکە پێوانە (قیاس) بکاتە سەر خۆی، چونکە زانایان بنچینەیەکیان داناوە دەڵێ: (إِنَّ عدم العلم لایستلزم علم العدَمِ) زانیاریی نەبوون بە شتێك، نابێتە بەڵگە لەسەر نەبوونی ئەو شتە.

کە تۆ زانیارییت بە شتێك نیە مانای وانیە ئەو شتە نیەو، شتێك کە تۆ نایزانی، مانای وانیە کە کەسی دیکە ئەو شتە نازانێ.

ئاگاداریی پێنجەم: دیارە خەونی بڕواداران بە درێژە پێدەری وەحیی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) دادەنرێ، تەنیا هی بڕواداران، نەك هی کافران، بۆچی؟ چونکە بڕواداران مادام بەڕێی پێغەمبەراندا دەڕۆن‌و، پابەندن بە ڕەوشت‌و ئاکارەکانیانەوە، کەواتە کەم‌و زۆر ئەوەی بۆ پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) هەبووە، ئەوانیش هەر کەسە لە قەدەر خۆی شتێکی بۆ دەبێ، هەڵبەتە ناڵێین: وەك وەحیی، بە مانا زاراوەییەکەی، بەڵام بە مانا گشتییەکەی وەحیی، وەك پێشتر ئیمە باسێکمان دەربارەی وەحیی کرد، لە سووڕەتی (یونس)دا، وەحیی یانی: قسەی پەنهان، خرانە نێو دڵ، بەرچاو ڕوونکرانەوە، بە شێوەیەکی نا ئاسایی، ئا ئەم حاڵەتە، ئیماندارانیش هەر کەسە بە پێی ئیمانی خۆی لێی بەهرەمەند دەبن، چونکە ئەوانیش شوێنکەوتووی پێغەمبەرانن (علیهم الصلاة والسلام)، هەڵبەتە وەك گوتم ئەوەی پێغەمبەران بە مانا زاراوەییەکەی وەحیی، وەحییان بۆ دێ، بەڵام هی بڕواداران بە مانا گشتییەکەی وەحیی، کە لە ڕێی خەونی چاکەوەیە، لە ڕێی خورپەو ئیلهامەوەیە، شتێك خوا دەیخاتە نێو دڵیان لە ڕێی فیراسەت‌و وردبینیی‌و ڕوون بینییەوەیە، بڕوادارانیش هەر کەسە لە قەدەر خۆی، بەشی لەوەدا هەیە، بەڵام تەنیا هی پێغەمبەران لێی دڵنیاو مسۆگەرین، کە ئەوە پەیامی خوایە پێیان گەیشتوە، یان ئەوە لە خواوەیە، یان لە فریشتانەوەیە، پێیان گەیشتووەو، ئەگەری بە هەڵە داچوونی تێدا نیە، بەڵام هی بڕواداران، تۆ دڵنیانی کە تێیدا بەهەڵە دانەچووە، یاخود دڵنیانی کە ئایا ئەوە ئیلهامی فریشتەکانە، یان خوتخوتەی شەیتانەکانە؟ ئنجا لەبەر ئەوەی دڵنیانی بە مانا زاراوەییەکەی، بە وەحیی لە قەڵەم نادرێ، هەرچەندە فەرموودەکان ئەو وشەیان بۆ بەکارهێناوە، کە دەفەرموێ: لە پێغەمبەرایەتیی تەنیا خەونی باش ماوە، یان لە موژدەپێدانەکانی پێغەمبەرایەتیی، لە دڵخۆشکەرەکانی پێغەمبەرایەتیی، تەنیا خەونی باش ماوە، کە لێرەدا مەبەست پێی مانا گشتییەکەیەتی، وەك پێغەمبەر دەفەرموێ: {رُؤْيَا الرَّجُلِ الصَّالِحِ جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ} {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٢٦٣)}.

واتە: خەونی پیاوی باش، بەشێکە لە چل‌و شەش بەشی پێغەمبەرایەتیی، واتە: جۆرێکە لە وەحیی بە مانا گشتییەکەی.

یان کە دەفەرموێ: {أَصْدَقُكُمْ رُؤْيَا أَصْدَقُكُمْ حَدِيثاً}، {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٠٥٩٨)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٢٦٣)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٥٠١٩)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٢٧٠) وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيح}.

واتە: ڕاستبێژترتان، ڕاستگۆترتان لە قسەکردندا، خەونی ڕاستترە .

دیارە لێرەدا ڕاستبێژیی هێنراوە، ئەگەرنا هەموو سیفەتە باشەکان، کاریگەرییان لەسەر ئەوە هەیە کە مرۆڤ خەونی ڕاستترو باشتر ببینێ، چونکە مرۆڤ تا پاکترو باشتربێ، زیاتر لە فریشتەکان بەهرەمەند دەبێ، چ لە حاڵەتی بێدارییدا، وەك ئیلهامو خورپە، چ لە حاڵەتی خەوتندا، وەك خەونی ڕاستو باش.

<u>ئاگاداریی شەشەمو کۆتایی :</u> بڕواداران لە حاڵەتی بێدارییشدا، لە فریشتەکان بەهرەمەند دەبن، حاڵەتی خورپە، (إلهام)و خرانە نێو دڵ، بۆ بڕواداران هەیە، هەر کەسە لە قەدەر ئیمانی خۆی، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (فصلت)دا، لە ئایەتەکانی: (٣٠ و ٣١ و ٣٢)دا باسی فەرمووە، ئەم ئایەتە موبارەکانە زۆر بە ڕوونیی ئەوەیان لێ دەفامرێتەوەو لێوەردەگیرێ، کە بڕواداران، بڕوادارانی ڕاوەستاوو دامەزراو لەسەر ڕاستە شەقامی شەریعەت، بە ئەندازەی ئیمانو تەقوایان، لە ئیلهامو خورپەی فریشتەکان، بەهرەمەند دەبن، دەفەرموێ:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحْزَنُواْ وَأَبْشِرُواْ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾ نَحْنُ أَوْلِيَآؤُكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِىٓ أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴿٣١﴾ نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ ﴿٣٢﴾﴾.

واتە: بێگومان ئەوانەی گوتیان: پەروەردگارمان خوایە، پاشان ڕاوەستاو بوون، (واتە: پابەند بوون بە شەریعەتەوە)، فریشتەکان دادەبەزنە سەریان، (و دەیخەنە نێو دڵیان) کە مەترسنو پەژارەدارو خەمبار مەبنو، دڵخۆش بن بەو بەهەشتەی کە بەڵێنو گفتتان پێدەدرا، ئێمە دۆستی ئێوەو نیزیکی ئێوەین،

لە ژیانی دنیاو لە دوارۆژیشدا، بۆ ئێوە لە بەهەشتەکانی خوادا، هەرچی ئارەزووی بکەنو نەفستان بیخوازێو ئارەزوومەندی بێ، هەرچی کە داوای بکەن، هەیە، ئەوەش میواندارییەکە لەلایەن خوای لێبوردەیی بە بەزەییەوە.

هەروەها لەوبارەوە فەرموودەی پێغەمبەریش هەن، بۆ وێنە:

{عَنْ عَائِشَةَ عَنِ النَّبِيِّ أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ: (قَدْ كَانَ يَكُونُ فِي الأُمَمِ قَبْلَكُمْ مُحَدَّثُونَ فَإِنْ يَكُنْ فِي أُمَّتِي مِنْهُمْ أَحَدٌ، فَإِنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ مِنْهُمْ)}، {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢٣٩٨)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٣٦٩٣)، وَالنَّسَائِي فِي الكُبْرَى برقم: (٨١١٩)}.

واتە: لە گەلانی پێش ئێوەدا کەسانێك هەبوون، کە قسەیان لەگەڵدا دەکرا[1] (بیرۆکەی باشیان دەخرایە نێو دڵ)، ئەگەر لە ئوممەتی من کەسێك هەبێ، ئەوە عومەری کوڕی خەتتابە.

کە دیارە عومەر خوا لێی ڕازی بێ، ئەو سیفەتەی زۆر تێدا تۆخ بوو، بۆیە پێغەمبەر ﷺ بە نموونەی هێناوەتەوە، ئەگەرنا هاوەڵانی دیکەش هەر کەسە بە ئەندازەی خۆیو، ئیماندارانیش هەر کەسە بە ئەندازەی خۆی، لەوە بەهرەمەند دەبێ، کە لەو سیفەتەدا پشكو بەشی هەبێ، کە بریتیە لە بەهرەمەندبوون لە فریشتەکان لە حاڵەتی بێداریی دا، کە خولیای باش، نیەتی باش، بیروبۆچوونی باش، هاندانی باش بخەنە نێو دڵو دەروونیانەوە، کە بە عەرەبیی پێی دەگوترێ: (إلهام)، بە کوردیی وشەی: (خورپە)، یاخود (خرانە نێو دڵ)ی بۆ بەکاردێ.

لێرەش دا کۆتایی بە توێژینەوەمان لەبارەی خەونەوە دێنین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

١) (مُحَدَّثون)، واتە: (مُلْهَمون)، خورپەیان بۆ دەکرا.

دەرسی دووەم

پێناسـەی ئەم دەرســـە

ئـەم دەرسـەمان دوازدە (١٢) ئایـەت دەگرێتـە خـۆی، ئایەتەکـانی: (٧ تـا ١٨)، ئـەم دەرســە بریتیـە لـە ئاڵقـەی یەکـەمی زنجیـرەی بەسـەرهاتی یوسـوف ﷺ، لـەو دوازدە ئایــەتەدا ســەرەتا باسـی ئــەمە کــراوە، کـە لـە بەســـەرهاتی یوسـوفـو برایەکانیـدا، نیشانەی زۆر هـەن بۆ عەودالانی زانینی ڕاسـتییەکان، بۆ ئەو کەسانەی کە دەپرسن و، بە دوای شتاندا دەگەڕێن، پاشـان مشتـو مڕی پڕ کینەو حەسـەدی برایەکانی یوسـوف، لە نێو خۆیاندا بـاس کـراوە، کـە بـابی خۆیانیـان یـەعقووب ﷺ تۆمەتبـار کـردوە بـە لایەنگیـریی‌و بەلا داشـکاندن بۆ لای یوسوف ﷺ، پاشـان بیـرکردنەوەیان لـە پیلانێـك بـۆ قوتــار بوونیـان لـە چــارەی یوسـوف، تاکــو بابیــان ڕوویـان تێبکــاتو، چیدیکـە بەهــۆی یوسـوفەوە، لـەوان بـێ خـەمو بـێ ئاگـا نەبـێ، وەك گومانیـان بـردوە، کـە بـە دڵنیـایی وانــەبووە .

پاشـان تەگبیـرکردنیـان بە هاویشتنە نێو بیـری یوسـوف، دوایی گفتوگۆی فێڵـبازانە کردنیـان لەگـەڵ بابیـان، کـە یوسـوفیان لەگـەڵـدا بنێـرێ بـۆ دەشـتودەر، کـە یاریـــی بکاتو، بە خۆشـیی بیگـوزەرێنـێ.

پاشان بیانووهێنــانەوەی بابیـان کـە حـەز ناکـات، یوسـوف لــێی دووربـێو، بـۆی دڵ تـەنگ دەبـێو مەترسـیی ئەوەشی هەیـە: گـورگ بیخـوات! ئنجـا وەڵامدانـەوەی بـە ڕواڵـەت ئیقـناع کـەری کـوڕەکــان بـۆ بابیــان (یەعقـووب)، کـە ئـەوان بـۆ یوسـوف دڵسـۆزنو دەیپارێــزن، ئنجـا ئەگـەر بێــتو لـە حاڵێکـدا کە ئـەوان دەســتە پیاوێکی تونــدو تۆکمەو تێرو تەواون، لە پەنـای واندا گـورگ بیخـوات، کەواتە: ئەوان زیانبــارو ڕەنج بە خەســارن، هیچ لە دەست نەهـاتوو دەستەپاچەن، دیارە هەر مەبەستیان ئـەوە بووە، کە بابیـان هانبــدەنو یوسـوفیان لەگـەڵ بنێــرێ.

سەرەنجـام بردنـی یوسـوف و خسـتنیە نێـو قـوولایی و تاریکـایی بیـرێك، دوایـی گەڕانەوەیان لە شەودا دوای خـەوتنان، یـان دەمەوخـەوتنان بـە چاوی بـە فرمێسکەوە، بەڵام دیارە فرمێسکی درۆین بووەو، ڕێکخستنی درۆی بە گورگان خواردنی یوسـوف بـۆ بابیـان و، خوێنێکی درۆتێهەڵسوونی بۆ کراسـەکەی یوسوف، کە هەندێ دەڵێن: خوێنی کاریلەیەك بووەو، هەندێ دەڵێن: هی بەرخێك بـوو، هەنـدێ دەڵێن: هـی نێچیـرێك بووە، گرنگ ئەوەیە خوێنی خۆی نەبووە.

ئنجا تۆمـەتبار کردنـی بابیـان بۆیـان، چـونکە بابیـان بـە دڵنیاییـەوە بـاوەڕی پێیـان نەهاتوە، بەڵام چی بکات؟ خۆڕاگریی کردۆتـە پیشەو، پـەنای بـە خـوا ﷻ گرتـوە، لـە بەرانبەر ئەو قسـانەدا کە دەیکەن.

ئنجا بابیشـیان بێگومان زانیویەتی کە ڕاسـت ناکـەن، ئیـدی مـەرجیش نیـە ئـەوە کە زانیـویەتی ڕاسـت ناکـەن، تـەنها لەوەوەبـێ، وەك هەنـدێك لـە توێـژەرانی قورئـان دەڵێن: کە کراسـەکەیان بە سـاغیی بـۆ هێناوەتـەوە، بـەڵام خوێنیـان بـۆ تێهەڵسـووە، مەرج نیە تەنیـا لەوەوەبێ، وەك دوایی باسی دەکەین، بەڵکو هەر لـە سیماو لـە شێوەی گێڕانەوەی قسەکانیان و هەڵسوکەوتی پێشـتریان، پاشان لە دڵنیـابوونی یـەعقووب ﵇ کە خەونەکـەی یوسـوف دێتـەدی و، سەرەنجـام یوسـوف پێگـەو پلەو پایـەکی بـەرزی دەبێ و، خوای پەروەردگـار دەیکاتە پێغەمبەر، هەموو ئەوانە بەرچاو ڕوونیی بـوون بـۆ یـەعقووب، کـە ئـەو کوڕانـە ڕاسـت ناکـەن، کـە دەڵـێن: یوسـوف نـەماوەو گـورگ خواردوویـەتی، نـەك تەنیـا بـە هـۆی ئـەوەوە کـە کراسـەکەی بـە سـاغ و سـەلامەتیی هـاتۆتەوەو نەدڕاوە!

﴿لَّقَدْ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِۦٓ ءَايَٰتٌ لِّلسَّآئِلِينَ ﴿٧﴾ إِذْ قَالُواْ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ
أَحَبُّ إِلَىٰٓ أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٨﴾ ٱقْتُلُواْ يُوسُفَ أَوِ
ٱطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُواْ مِنۢ بَعْدِهِۦ قَوْمًا صَٰلِحِينَ ﴿٩﴾ قَالَ قَآئِلٌ
مِّنْهُمْ لَا تَقْتُلُواْ يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِي غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ ٱلسَّيَّارَةِ إِن كُنتُمْ
فَٰعِلِينَ ﴿١٠﴾ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأْمَ۫نَّا عَلَىٰ يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُۥ لَنَٰصِحُونَ ﴿١١﴾ أَرْسِلْهُ
مَعَنَا غَدًا يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿١٢﴾ قَالَ إِنِّي لَيَحْزُنُنِيٓ أَن تَذْهَبُواْ بِهِۦ
وَأَخَافُ أَن يَأْكُلَهُ ٱلذِّئْبُ وَأَنتُمْ عَنْهُ غَٰفِلُونَ ﴿١٣﴾ قَالُواْ لَئِنْ أَكَلَهُ ٱلذِّئْبُ
وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّآ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ ﴿١٤﴾ فَلَمَّا ذَهَبُواْ بِهِۦ وَأَجْمَعُوٓاْ أَن يَجْعَلُوهُ فِي
غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّۚ وَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمْرِهِمْ هَٰذَا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٥﴾ وَجَآءُوٓ
أَبَاهُمْ عِشَآءً يَبْكُونَ ﴿١٦﴾ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِندَ
مَتَٰعِنَا فَأَكَلَهُ ٱلذِّئْبُۖ وَمَآ أَنتَ بِمُؤْمِنٍ لَّنَا وَلَوْ كُنَّا صَٰدِقِينَ ﴿١٧﴾ وَجَآءُو عَلَىٰ
قَمِيصِهِۦ بِدَمٍ كَذِبٍۚ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًاۖ فَصَبْرٌ جَمِيلٌۖ وَٱللَّهُ ٱلْمُسْتَعَانُ
عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴿١٨﴾﴾ .

مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکـان

{بـە دڵنیـایی (لـە بەسـەرهاتی) یوسـوف‌و برایەکانیـدا نیشـانەی زۆر هـەن بـۆ پرسیارکاران (لەسەر ئەوە کە خوا مشووری بەنـدە چاکەکانی خۆی دەخـوات‌و، زایـەیان ناکات‌و، سەرەنجامیان خێر دەکات) ﴿٧﴾ (یاد بکـەوە) کـاتێك (برایـەکانی یوسـوف) لـە نێوان خۆیاندا گوتیـان: هەرچـەندە ئێمـە کۆمەڵـە (کوڕێـك)ێکـی تۆکمــەو بەهێـزو پێزین، کەچی یوسوف‌و برایەکەی (بنیامین)، لە ئێمە، لـەلای بابمـان خۆشەویستتـرن، بێگومـان بابمـان لـە هـەڵەیەکـی ئاشکرا دایـە (لـەو هەڵوێسـتەیدا) ﴿٨﴾ (لـە بەینـی خۆیـان گوتیـان :) بـۆ ئـەوەی ڕووی بابتـان بـەرەو لاتـان وەرچەرخـێ (و گرنگییتـان پێبـدات) یوسـوف بکـوژن، یـان فڕێـی بدەنـە زەوییـەك (ی چۆڵەوانیـی)ەوە، دوای (لەکۆڵـکردنەوەی) وی، دەبنـە کۆمـەڵێکی چاك، (حـاڵ‌و گوزەرانتـان چاك دەبـێ) ﴿٩﴾ قسەکەرێکـیان گـوتی: یوسـوف مـەکوژن، ئەگـەر هـەر سـوورن لەسـەر ئەنجامـدانی کردەوەیــەك (لــە دژی) بیخەنــە نێـو بـنی بیـرێکـەوە، (کـە سـەرەنجـام) هەنـدێك کاروانچیـی هەڵیدەگرنـەوە ﴿١٠﴾ گوتیـان: ئـەی بـابی خۆمـان ئـەوە چیتــە! بۆچـی بەرانبـەر بـە یوسـوف لێمـان دڵنیـانی، لـە حاڵێکدا کـە ئێمـە زۆر دڵسۆزینـی؟ ﴿١١﴾ سـبەینـێ لەگەڵماندا بینێرە، با بۆخۆی تێر بخواو یـاریی بکات، ئێمـەش بـە دڵنیـایی پارێزەرینـی ﴿١٢﴾ (بابیان) گوتی: ئەگەر لەگەڵ خۆتـانی بـەرن‌و لێم دووربکـەوێتەوە، ئـەوە دڵتـەنگم دەکات، دەشترسـم لێی بـێ ئاگـابن‌و گـورگ بیخـوات، ﴿١٣﴾ گوتیـان: مسۆگەر ئەگـەر لە حاڵێکـدا کە کۆمەڵێکی تۆکمـەو بـەهێزین، گورگ بیخوات (ئێمـەش نەتوانین بیپارێزیـن) کەواتە: ئێمە زۆر زیانبارو هیچ لـە دەست نـەهاتووین ﴿١٤﴾ ئنجا کاتێك بردیان‌و بڕیاریاندا بیخەنە بنی بیـرەکەوە (و کـارەکەیان کرد)، ئێمـە سروشـمان بـۆ لای یوسـوف کـرد: کاتێـك دێ، بێئــەوەی پێـی بـزانن، هــەواڵی ئـەو کارەیانیـان

پێدەدەین‌و بیـریان دەخەیەوە (١٥) ئنجـا دەمەو خەوتنان بە گریان هاتنەوە لای بابیان (١٦) گوتیـان: ئـەی بـابی خۆمـان! ئێمـە (لـە کاتێکـــدا) چـووین پێشبـــڕکە بکـەین‌و یوسـوفمان لەلای کەل‌و پەلەکەمان جێهێشت، گورگ خواردی، هەرچەندە ڕاستگۆش بین، هەر بڕوامـان پێنـاکـەی! (١٧) خوێنێکی بـە درۆشـیان لـە کراسـەکەی هەڵسوو، (بابیـان) گوتی: بەڵکو نەفستان کارێکی لە دژی یوسوف بۆ جوان کـردووە (و ئەنجـامتان داوەو) هەڵوێسـتی منیش خۆڕاگرییەکـی جوانە، هەر خواش پەنا پێبـراوە، لە بەرانبەر ئەوەدا کە باسی دەکەن (کـە گوایە یوسـوف گورگـان خواردوو بووە) (١٨)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(عُصۡبَةٌ): (العُصْبَةُ: جَمَاعَةٌ مُتَعَصِّبَةٌ مُتَعَاضِدَةٌ) (عُصْبَة) بریتیە لە کۆمەڵە کەسێك کە بە توندیی یەکدی بگرن‌و، پێکەوە تۆکمە بن.

(ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ): (الضلال: العُدُول عَنِ الصّراطِ المُسْتَقِيم، وَعَنِ الصَّوَاب)، (ضَلاَل) بریتیە لە لادان لە ڕێی ڕاست، بەڵام لێرەدا مەبەستی کوڕەکانی یەعقووب کە دەڵێن: بابمان لە گومڕاییەکی ڕووندایە، واتە: بە هەڵەدا چووە، مەبەستیان پێی گومڕایی دینیی نیە، ئەگەرنا پێی کافر دەبوون، چونکە بابیان پێغەمبەرێکی خوا بووە، کەواتە: (ضَلاَل) لێرەدا یانی: نەپێکاوە، ڕێی ڕاستی نەگرتوە، لە مامەڵە کردن لەگەڵ کوڕەکانیدا.

(ٱطۡرَحُوهُ أَرۡضٗا): (الطَّرْحُ: إِلْقَاءُ الشيءِ وَإِبْعَادُهُ) (طرح) بریتیە لەوە کە شتێك فڕێ بدەی‌و دووری بخەیەوە، دەگوترێ: (رَأَيْتُهُ مِنْ طَرَحٍ، أي: مِنْ بُعْدٍ) (طَرَحْ)، واتە: دووریی، بۆیە کە دەڵێن: (ٱطۡرَحُوهُ أَرۡضٗا) واتە: فڕێی بدەنە دەشتێکی چۆڵ، سەر زەمینێکی دوور، کە کەسی لێ نەبێ‌و لەوێ بفەوتێ.

(يَخۡلُ لَكُمۡ وَجۡهُ أَبِيكُمۡ): واتە: ڕووی بابتان بەرەو ئێوە وەردەچەرخێ، (خَلاَ فُلاَن بفُلاَنٍ: صَارَ مَعَهُ فِي خَلاَءٍ، وَخَلا الإِنْسَانُ: صَارَ خَالِيَاً)، (خَلاَ فُلاَن بفُلاَنٍ)، واتە: لەگەڵی بوو لە شوێنێکی چۆڵ، (خَلا الإِنْسَان)، واتە: ئەو ئینسانە چووە شوێنێکی چۆڵ، مەبەستیان ئەوەیە: (تَحْصلُ لَكُمْ مَوَدَّةُ أَبِيكُمْ وَإِقْبَالُهُ عَلَيْكُمْ)، خۆشەویستیی بابتان بۆ ئێوە پەیدادەبێ‌و، بابتان ڕووتان تێدەکات، بە هۆی ئەوەوە کە یوسوفی نامێنێ، خۆشەویستییەکەی بۆ ئێوە یەکلادەبێتەوە.

(غَيَٰبَتِ ٱلۡجُبِّ): (الغِيَابَةُ: مُنْهَبِط مِنَ الأَرْضِ جَمْعُهَا: غِيَابَات، وَهِيَ مَا غَابَ عَنِ البَصَرِ مِنَ الشيءِ، غِيَابَة الجبّ وَغِيَابَة القَبْرِ: قَعْرُهُمَا)، وشەی (غِيَابَة) کە بە (غِيَابَات) کۆدەبێتەوە، بریتیە لە زەوییەکی قووڵایی نزم، (غِيَابَة) هەر شتێکە کە لە چاو دیار نەبێ، ئنجا (غَيَابَتِ الجبّ) واتە: بنی بیرەکە، چونکە بنی بیرەکە دیارنیە لە چاو، هەروەك (غِيَابَة القَبْرِ) واتە: بنی گۆڕەکە، کە لە چاو دیارنەبێو پەنهان بێ .

(الجُبُّ: البِئْرُ الَّذِي لَمْ تُطْوَ، أَي: لَمْ تُبْنَ بالحِجَارَةِ)، (جُب) بیرێکە کە هەڵنەبەسترابێ، واتە: ئەملاو لایەکەی بەردی تێنەگیرابێ، بەس هەڵقەنرابێو تەواو.

(يَلۡتَقِطۡهُ): واتە: هەڵیدەگرێتەوە، (لَقَطَ الشيءَ: أَخَذَهُ مِنَ الأَرْضِ والتَقَطَهُ أَيْضاً، ويُقَالُ: "لِكُلّ سَاقِطَةٍ لاقِطَة")، (لَقَطَ الشيءَ) واتە: شتەکەی کەوتبوو ئەو هەڵیگرتەوە لە زەوی، (التَقَطَهُ)ش بە هەمان شێوە واتە: شتەکەی دۆزیەوەو هەڵیگرتەوە، لە پەندیشدا هاتوە: (لِكُلّ سَاقِطَةٍ لاقِطَة) هەموو کەوتووێك هەڵگرەوەیەکی بۆ دەبێ.

(ٱلسَّيَّارَةِ): (السَّيَّارَةُ: الجَمَاعَةُ، القَافِلَةُ)، (سَيَّارَة) کۆمەڵێکن کە بەڕێدا بڕۆن، یانی: (الجَمَاعَة السَّائِرَة فِي الأَرْض) کۆمەڵێك کە بە زەویدا بڕۆن، کە لە کوردییدا پێی دەڵێن: (کاروان)، بە عەرەبیی دەگوترێ: (قَافِلَة).

(لَا تَأۡمَ۫نَّا): واتە: تۆ لێمان دڵنیانی، یاخود بە ئەمیندارمان دانانێی لەسەر یوسوف، (أَمِنَهُ عَلَيْهِ: عَدَّهُ أَميناً وَأْتَمَنَهُ عَلَيْهِ)، (أَمِنَهُ عَلَيْهِ) واتە: بە ئەمینداری دانا، بە دەست پاكو پارێزەری دانا بۆی، (وَأْتَمَنَهُ عَلَيْهِ) هەمان مانای هەیە.

(لَنَٰصِحُونَ): واتە: ئێمە بۆی دڵسۆزو بە پەرۆشین، (النُّصْحُ: عَمَلٌ أَوْ قَوْلٌ فِيهِ نَفْعُ لِلْمَنْصُوحِ)، (نصح) بریتیە لە هەر کردەوەو هەر قسەیەك کە سوودی ئەو کەسەی تێدابێ، کە نوصحەکەی ئاڕاستە دەکرێ .

(غَـدًا): (الغُدْوَةُ وَالغَدَاةُ: أَوَّلُ النهَارِ، وَالغَدُ: اليَوْمِ الّذِي يَلِيَ يَوْمَكَ الّذِي أَنْتَ فِيهِ)، (غُدوَة) و (غَدَاة) بە سەرەتای ڕۆژ دەگوترێ، هەر وەك (عشي) یان (عشاء) بە دوای ئێوارە دەگوترێ، (غد) ئەو ڕۆژەیە كە بە دوای ئەو ڕۆژە دادێ، كە تۆی تێدای، تۆ لە چ ڕۆژێكدای، ڕۆژەكەی دوایی پێی دەگوترێ: (غد).

(يَرْتَعْ): (الرَّتْعُ: أَصْلُهُ أَكْلُ البَهَائِمِ وَللإِنْسَانِ: الأَكْلُ الكَثِير)، (رتع) لە بنەڕەتدا بە خواردنی ئاژەڵ دەگوترێ، دەگوترێ: (رَتَعَتِ الدَّابَّةُ) واتە: ئەو ئاژەڵە زۆر لەوەڕی كرد، یان زۆر لەوەڕا، بەڵام كە بۆ مرۆڤ بەكاردێ، واتە: خواردنی زۆر، یاخود كەیف كردنو ڕابواردنو هەوای باڵی خۆدان .

(وَيَلْعَبْ): یاریی دەكات، دەگوترێ: (لَعِبَ فُلاَنٌ، إِذَا كَانَ فِعْلُهُ غَيْرَ قَاصِدٍ بِهِ مَقْصَدًا صَحِيحًا)، واتە: ئەگەر كەسێك كارێك بكات مەبستێكی جیددیی لە كارەكەدا نەبێ دەگوترێ: (لَعِبَ فُلاَنٌ)، بۆ وێنە: كەسێك ڕا دەكات، مەبەستی ئەوە نیە كە لە شتێك ڕا بكاتو لە شتێك بترسێ، بەڵكو ڕاكردنەكەی مەبەستی پێی ئەوەیە كە جۆرێك لە وەرزش، یان كەسێك كە باز دەدات، هەروەها هەموو ئەو كردەوانەی كە دیارە بە جیددیی نین، پێچەوانەی (جِدّ) بریتیە لە (لَعِب) یاریو گەمەو گاڵتە .

(وَأَجْمَعُوٓاْ): واتە: بڕیاری هەرەوەزییاندا، یاخود بڕیاریاندا، (اجْتَمَعَتْ آراؤُهُمْ عَلَيْهِ)، ڕایەكانیان لەسەر ئەو شتە كۆكردنەوە .

(عِشَآءً): (العِشَاءُ: مِنْ صَلاَةِ المَغْرِبِ إِلَى العَتَمَةِ) (عشاء) لە كاتی خۆر ئاوابوونو نوێژی شێوانەوە تاكو نوێژی خەوتنان دەگرێتەوە، دەشگونجێ مەبەست لە (عشاء) كاتی تاریكایی شەو بێ، یان كاتی ماڵ خەوتنان .

(نَسْتَبِقُ): (الإِسْتِبَاقُ: التَّسَابقُ: افْتِعَالٌ مِنَ السَّبْقِ)، (إِستباق) و (تَسَابق) هەردووكیان بە مانای پێشبڕكە، غار غارێن دێن، كە (إفتِعَال)ە لە (سَبْق)، هاتوە.

(مَتَـٰعِنَا): (الـمتَاعُ: مَـا يُتَمَتَّـعُ بـهِ أي: يَنْتَفَـعُ)، (مَتَـاع) هـەر شتێکە کـە سوودی لـێ ببینـرێ، ئینسـان کاتێکـی کـەمی لەگـەڵ بگـوزەرێنـێو لێـی بەهرەمەنـد بـێ، هـەروەها بـەو مـاوە کەمـەش کـە ئینسان دەیگـوزەرێنی لـە ژیـانی دنیـادا، یـان لـە شـوێنێك، ئەویش پێی دەگوترێ: (مَتَاع).

(ٱلذِّئۡبُ): واتە: گورگ، خوێنراویشەتەوە: (ذیب)، (الذِّئْبُ: حَيْوَان مِنْ الفَصِيلَةِ الكَلْبِّي وَهُوَ كَلْبُ بَـرِّي وَحْشِيٌّ)، (ذئب) گـورگ ئاژەڵێکـە لە جـۆری سـەگ، کە بریتیـە لە سـەگێکی دڕەنــدە کـەماڵیی نیـە .

(وَمَآ أَنتَ بِمُؤۡمِنٖ لَّنَا): واتە: (بمُصَدِّقٍ لَنَا) یانی: تۆ ئێمە بە ڕاست دانانێی.

(قَمِيصِهِۦ): (القَمِيصُ: الشِّعْارَ تَحْتَ الدِّثَار)، (قمیص) ئـەو بەرگەیـە کـە یەکسەر بـە پێستەوە دەنووسـێ، (دثـار) ئەوەیـە کـە لـە سـەرووی پۆشـاکی نێـوەوە بـە خۆدادەدرێ، یان دەڵێ: (لِبَاس رَقِيق يُرْتَدى تَحْتَ السِتْرَةِ غَالِبَاً) بەرگێکـی تەنکە کە لە بن پۆشاکی سەرەکیی لەبەر دەکـرێ .

(سَوَّلَتۡ): (سـوَّلَتُ الشـيء: زَيَّنْـتُهُ) واتـە: ئـەو شـتەم جـوان کـرد، ئاسـانم کـرد، ڕازانـدمەوە .

(فَصَبۡرٞ جَمِيلٞ): واتـە: خـۆڕاگرتنێکـی جـوان، (الجَمَـالُ: الحُسْنُ الكَثِير، وَجَمِيـلُ وَجَمَالُ وَجُمَّال، عَلَى التَّكْثِيـر)، (جمال)، واتە: جوانییـەکی زۆر، هـەر سێ وشـەی: (جَمِيلٌ وَجَمَالٌ وَجُمَّالٌ) بە مانای جوانییەکی زۆر دێــن.

(ٱلۡمُسۡتَعَانُ): پـەنا پێبــراو، داوای یارمــەتیی لێکـراو، (الإِسْـتِعَانَةُ: طَلَـبُ العَـوْن)، (إستعانة) بریتیە لە داوا کردنی یارمەتی، کەواتـە: (الـمُسْتَعَان)، (إسْم مَفْعُول)ە، پەنــا پێبــراوە، (الـمُسْــتَعِين)، (إسْـم فَاعِـل)ە، پــەنا پێبــەر، یــاخود داوای یـارمەتییکـەر.

مانـای گـشــتـی ئایەتەکـــان

خوا ﷻ لێرەدا دوای ئەو شەش ئایەتەی کە وەك پێشەکیی وابوون بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی یوسوف‌و بابی‌و برایەکانی، ئنجا دەست دەکات بە چوونە نێو گێڕانەوەی بەسەرهاتی یوسوف ﷺ، کە دیارە ئەم دەرسەمان - وەك پێشتر گوتم - ئاڵقەی یەکەمی زنجیرەی بەسەرهاتی یوسوف پێکدێنێ، کە هەمووی سێزدە ئاڵقەیە، ئەم دوازدە ئایەتە ئاڵقەی یەکەمی پێکدێنن، سەرەتا خوا ﷻ ئاوا دەست پێدەکات: ﴿لَّقَدْ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِۦٓ ءَايَٰتٌ لِّلسَّآئِلِينَ ﴾، بە جەخت کردنەوە، بە دڵنیاییەوە، لە یوسوف‌و برایەکانیدا، واتە: لە بەسەرهاتی یوسوف‌و برایەکانیدا، نیشانە هەن بۆ پرسیارکاران، بۆ کەسانێك کە لە شت دەکۆڵنەوە، عەوداڵن، دەیانەوێ لە شتەکان تێبگەن، دەیانەوێ ڕاستییەکانیان بۆ دەربکەون، یان بۆ کەسانێك کە دەیانەوێ لە بەسەرهاتی یوسوف ﷺ‌و برایەکانی تێبگەن .

کە دەفەرموێ: (ءَايَٰتٌ)، نیشانان، کۆی (آية) بە مانای (عَلامَة) نیشانە، دێ، بەڵام لێرەدا دەگونجێ بە مانای پەندو دەرس وەرگرتن بێ‌و، دەشگونجێ بە مانای بەڵگەو دەلیل بێ، یانی: لە بەسەرهاتی یوسوف دا بەڵگە هەیە، لەسەر ئەوەی خوا بەندە چاکەکانی خۆی زایە ناکات، هەروەها بەڵگە هەیە لەسەر ئەوە کە غەش‌و خیانەت هیچ سەرەنجامێکی نیە، جگە لە شەرمەزاریی‌و عەیبداریی دنیاو قیامەت، دیسان بەڵگە هەیە لەسەر ئەوە کە ئەگەر مرۆڤ پشت بە خوا ببەستێ، سەرکەوتوو دەبێ‌و، وە بەڵگە هەیە لەسەر ئەوە کە مرۆڤ دوای ئەوەی تووشی میحنەت‌و نارەحەتیی دێ، بەرەو بەرزی دەچێ، هەروەها زۆر بەڵگە هەن‌و زۆر دەرس‌و پەندو عیبرەت هەن لە بەسەرهاتی یوسوف‌و دە برایەکەیدا، چونکە پێشتریش گوتمان کە یەعقووب ﷺ، دوازدە کوڕی بوو ون، دووانیان لە دایکێك بوون، کە یوسوف‌و بنیامینن‌و، دایکیان ناوی ڕاحیل بووە، بەپێی ئەوە کە لە تەوراتی لە (سفر التكوين)دا هاتووە، دە (١٠)شیان دایکیان جیا بووە کە دیارە پێشتر ناومان هێناون، بۆیە جۆرێك لە حەسادەت‌و ئێرەیی پێبردن، لەلایەنی ئەو دە (١٠) برایەوە، بەرانبەر بەو دوو برایە هەبووە .

ئنجا خـوای پـەروەردگار بەسەرهـاتەکـەیان دەگێڕێتـەوە، دەفەرمـوێ: ﴿ إِذۡ قَالُواْ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰٓ أَبِينَا مِنَّا وَنَحۡنُ عُصۡبَةٌ ﴾، واتـە: کـاتێك گوتیـان، کـێ گوتی؟ ئەو دە (١٠) برایە، گوتیان: (لَيُوسُفُ)، ئەو (ل) لامـە بـۆ تەئکیـدە، واتـە: هـیچ گومـانی تێدانیـە، یوسـوف و برایەکـەی، کـە بـە پێـی (پـەیمانی کـۆن) نـاوی بنیـامین بـووەو، هەردووکیـــان لـە دایکێکـــن، ئەگـەرنا هـەموویان لـە بابێکـــن، هـەر دوازدەیــان هــی یەعقووبن، بەڵام ئەو دە برایە، ئەو دووانـە جیـا دەکەنـەوە، دەڵــێن: ئـەوان لـە ئێمـە جیـان، چونکـە دایکیان جودایـە، جـا دەڵێن: بێگـومان یوسـوف و برایەکەی، لـەلای بابمـان لـە ئێمـە خۆشـەویستتـرن، (وَنَحۡنُ عُصۡبَةٌ)، کـە ئێمـەش کۆمـەڵێکی تۆکمـەو، دەستە پیاوێکـین، دە کەسین بە پێی عەقـڵ و مەنتیق بـێ، دەبـێ بـاب، دە کوڕان، بـە دوو کـوڕان نەدا، کەچـی ئەو دووەی لە ئێمە خۆشتـر دەوێن، لە حاڵێکدا ئێمـە زیـاتر بەکەڵکی دێیـن !!

هەڵبـەتـە ئەوە گومانو خەیـاڵی ئەوان بووە، لە وەهمـی ئەواندا وا بووە، ئەگـەرنـا بـە دڵنیـاییەوە یـەعقووب ﷺ کـە پێغەمبـەرێکی پایـە بـەرزی خوایـە، وا نـەبووە کـە لایەنگیـریی بکـات بـە لای دوو کـوڕدا، لەسـەر حیسابی دە کــوڕان، بـەڵام لـە وەهـمو خەیـاڵی خراپی خۆیاندا، بابیان بەو شـێوەیە وێنـا کـردوە، دوایـی دەڵـێن: ﴿ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ﴾، بێگومـان بابمـان لـە گومڕاییـەکی ڕوون دایـە، کـە مەبەسـتیان لـە گـومڕایی، واتـە: لـە کاروبـاری دنیـایی و، لـە هــەڵس و کـەوتی لەگــەڵ مـاڵ و خێـزانو کوڕەکـانی دا، بابمـان نەیپێکـاوەو بەهەڵــەدا چـووە، ئەگـەرنا لێـرەدا مەبەسـت پێـی گومڕایــی ئایینــی نیـــە، چـونکە ئەگـەر وابڵـێن، پێـی کـافر دەبـن، چـونکە بابیـان پێغـەمبـەر بووە .

ئنجا دەکـەونە کەین و بەیـن و تەگبیـر کردن لە دژی یوسـوف ﷺ، ﴿ ٱقۡتُلُواْ يُوسُفَ أَوِ ٱطۡرَحُوهُ أَرۡضٗا يَخۡلُ لَكُمۡ وَجۡهُ أَبِيكُمۡ ﴾، یوسـوف بکـوژن، یـاخود فڕێـی بدەنـە سـەر زەمینێکـەوە، واتـە: سـەر زەمینێکی چۆڵەوانی، قــاقڕو دێمەکــار، بــێ ئـاوەدانیی، بـۆ

ئەوەی لەوێ بفەوتێ، ﴿ يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ ﴾، ئەگەر واتان کرد، ئەوە ڕووی بابتان بۆ ئێوە یەکلادەبێتەوە، بەردەمی ڕووی بابتان بۆ ئێوە چۆڵ دەبێ.

پسپۆڕانی زمان دەڵێن: (الخَلُّ: الفراغ)، (خِلُّ) بریتیە لە بۆشایی، واتە: بەرچاوی بەردەبێ، ئەو پەردەیە لەبەر چاوی لادەچێ‌و، ڕوو لە ئێوە دەکات‌و گرنگیی‌و بایەختان پێدەدا، ﴿ وَتَكُونُوا۟ مِنۢ بَعْدِهِۦ قَوْمًا صَٰلِحِينَ ﴾، ئنجا لەدوای وی، یانی: دوای یوسوف، دوای ئەوەی لە کۆڵی دەکەنەوە، دەبنە کۆمەڵێکی چاك، کە لێرەدا مەبەست لە کۆمەڵێکی چاك، واتە: حاڵ‌و باڵی دنیاتان باش دەبێ، ئێستا بابتان ڕووتان تێناکات، بابتان گرنگییتان پێنادات، لەبەر ئەو دوو کوڕە، ئنجا ئەگەر بێت‌و یوسوف لە کۆڵ بکەنەوە، ئەوە ئەو پەردەیە کە لەبەر چاوی بابتانە، لادەچێ‌و بابتان باش ئێوە دەبینێ، ڕوو لە ئێوە دەکات‌و گرنگییتان پێدەداو، حاڵ‌و باڵتان باش دەبێ، ئەگەرنا مەبەست ئەوە نەبووە – وەك هەندێك لە توێژەروان گوتوویانە – دوای ئەوەی یوسوف دەکوژن، ئنجا تۆبە دەکەن‌و دەبنە پیاوی باش ! نەخێر باسی ئەوە نیە، لێرەدا (صالح)، وەك چۆن بە مانای باشیی دێ، باشیی مەعنەویی، بە مانای باشیی دنیاییش دێ، واتە لە ڕووی دنیایی‌و کاروباری دنیاییتانەوە بارودۆختان باش دەبی، ئێستا بارودۆختان خراپە، چونکە بابتان گرنگییتان پێنادا.

﴿ قَالَ قَآئِلٌ مِّنْهُمْ لَا تَقْتُلُوا۟ يُوسُفَ ﴾، قسەکەرێکیان گوتی: یوسوف مەکوژن، دیارە ئەوەیان لە وانی دیکە عاقڵتر بووە، بە ویژدانتر بووە، بە ڕەحمتر بووە، واش پێدەچێ، ئەو بۆچوونی: کوشتنی یوسوفی، هەر نەبووبێ، بەڵام کە نۆ کەس دێنە سەر قسەیەك، دیارە ئەو یەکەی دیکەش، لە دوای وان چووە، دەڵێ: یوسوف مەکوژن، ﴿ وَأَلْقُوهُ فِى غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ ﴾، ئنجا کە دەڵێ مەیکوژن، واتە: نە بەڕاستەوخۆ بیکوژن، نە فڕێی بدەنە سەر زەمینێکی چۆڵەوانیی، چونکە لە هەردوو حاڵەتاندا، هەر کوشتنە، هەر میکانیزمەکەی‌و شێوازەکەی جیایە، ئەگەرنا لە هەردوو حاڵاندا یوسوف هەر لە بەین دەچێ، چ ناڕاستەوخۆ لە دەشتێکی چۆڵەوانیی بەجێی بهێڵن، کە گورگ بیخوات، یان لە برسان بمرێ، یان لە تینوان بخنکێ، یان یەکسەر بیکوژن، وای لێمەکەن، ﴿ وَأَلْقُوهُ فِى غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ ٱلسَّيَّارَةِ إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ ﴾، بەڵکو فڕێی بدەنە

تاریکایی بیرێکەوە، بیخەنە بنی بیرێکەوە، ئنجا هەندێك لە کاروانچییان هەڵیدەگرنەوە، ﴿ إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ ﴾، واتە: ئەگەر هەر ئەنجامدەری ئەوەن کە دەتانەوێ، واتە: ئەگەر نەیکەن باشترە، بەڵام ئەگەر هەر دەتانەوێو سوورن لەسەر ئەوە شتێك لە دژی یوسوف بکەن، بیخەنە نێو بنی بیرێکەوەو، کاروانچیی هەڵیدەگرنەوەو لە کۆڵ ئێوە دەبێتەوەو لێتان دوور دەکەوێتەوە، بەوە ئامانجەکە دێتە دی، ئیدی پێویست بەوە ناکات، ئەو گوناهە گەورەیە بکەنو یوسوف بکوژن، چ بە کوشتنی ڕاستەوخۆ، چ بە کوشتنی ناڕاستەوخۆ .

دیارە سەرەنجام ڕایان لەسەر ئەوە کۆدەبێتەوەو دێنە سەر قسەی ئەو قسەکەرەیان، ئنجا ئەوەیان هەندێك دەڵێن: برا گەورەکەیان بووە، کە (ڕەئوبین) بووە، یان (ڕائوبین)و، هەندێك دەڵێن: (یەهوزا) بووە، هەندێك دەڵێن: (شەمعون) بووە، بەڵام دیارنیەو لە قورئانیشدا دیاریی نەکراوە، بەڵام وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین، واپێدەچێ برا گەورەکەیان بووبێ، کە لە پەیمانی کۆندا دەڵێ، ناوی ڕەئوبین، یان ڕائوبین بووە .

ئنجا دوای ئەوە کە لە بەینی خۆیاندا ئاوا ڕێك دەکەونو ئەو تەگبیرە دەکەن، دەچنە لای باییان: ﴿ قَالُوا۟ يَٰٓأَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأْمَ۫نَّا عَلَىٰ يُوسُفَ ﴾، گوتیان: ئەی بابی خۆمان! ئەوە چیتە؟ بۆچی لە ئێمە دڵنیانی بەرانبەر بە یوسوف؟ یاخود: ئێمە بە ئەمیندار دانانێی لەسەر یوسوف، ﴿ وَإِنَّا لَهُۥ لَنَٰصِحُونَ ﴾، کە بێگومان ئێمە بۆ ئەو زۆر دڵسۆزینو بە پەرۆشینو بە خەمەوەین، شتێکی سەیرە کە تۆ متمانەت بە ئێمە نیە، بەرانبەر بە یوسوفو لێمان دڵنیانی! کە ئەوە جۆرێکە لە هەڵنانو هاندانی باییان، ویستوویانە ڕقی هەڵسێننو بیوروژێنن، بڵێ: چۆن متمانەم بە ئێوە نیە؟

دوایی دەڵێن: ﴿ أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ ﴾، بەیانی لەگەڵمان بینێرە، با بۆخۆی کەیفو صەفا بکات، بێتو بچێو گەمەو یاریی بکاتو خواردن بخوات، ﴿ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴾، بە دڵنیاییەوە ئێمەش بۆ ئەو پارێزەر دەبین، دەیپارێزین ناهێڵین هیچی لێبێ.

﴿ قَالَ إِنِّي لَيَحْزُنُنِيٓ أَن تَذْهَبُوا۟ بِهِۦ وَأَخَافُ أَن يَأْكُلَهُ ٱلذِّئْبُ وَأَنتُمْ عَنْهُ غَٰفِلُونَ ﴾، یەعقووب ﷺ دوو پاساوان دێنیتەوە دەڵێ:

یەکەم: بێگومان ئەوە من دڵتەنگ دەکات کە لەگەڵ خۆتانی بەرن، پێی دڵتەنگ دەبم، لێم دوور بکەوێتەوە، هەڵبەتە بۆیەش دڵتەنگ بووە، چونکە دڵی خورپەی کردوە کە ئەوانە نیازێکی خراپیان هەیە، سەیری هەڵس‌و کەوتەکانی ئەوانی کردوە، پاشان هەموویان یەك دەنگ‌و یەك دەست هاتوون، گوتوویەتی: ڕەنگە نەخشەو پیلانێکیان لە بەرنامەدا هەبێ.

دووەم: پاساوی دووەمیشیان ئەوەیە کە دەڵێ: ﴿ وَأَخَافُ أَن يَأْكُلَهُ ٱلذِّئْبُ وَأَنتُمْ عَنْهُ غَٰفِلُونَ ﴾، دەشترسم گورگ بیخوات، لە حاڵێکدا کە ئێوە لێی بێ ئاگان، یانی: ئەگەر ئێوە ئاگاتان لێی بێ، گورگ زەفەری پێ نابات.

﴿ قَالُوا۟ لَئِنْ أَكَلَهُ ٱلذِّئْبُ وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّآ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ ﴾، گوتیان: ئەگەر گورگ بیخواو ئێمەش دەستە پیاوێکین، کۆمەڵە پیاوێکی تۆکمەو تونددو تۆڵین، ئەوە بێگومان ئێمە لە زیانمەندانین، واتە: خەڵکێکی دەستەپاچەو هیچ لە دەست نەهاتووین، ڕازیش نابین بەوە وەسف بکرێین کە ئێمە زیانبارین‌و هیچ لە دەست نەهاتووین‌و دەستە پاچەین، بۆیە دڵنیابە کە دەیپارێزین، چونکە ناهێڵین ئەو عەیبەمان بێتە سەر، کە بەو جۆرە وەسف بکرێین.

لێرەدا کە وشەی: ﴿ لَّخَٰسِرُونَ ﴾ بەکاردێنن، واتە: وەك چۆن بازرگانێك ئەگەربێت‌و دەستمایەکەی لە دەست بدات، خەسارەتمەند دەبێ، ئێمەش ئەگەر ئەو کەم‌و کوڕییە بێتەسەرمان‌و، برایەکەی خۆمان نەپارێزین، وەك ئەو بازرگانە سەرنەکەوتووە واین، کە دەستمایەکەی خۆی لە دەست دەدات .

﴿ فَلَمَّا ذَهَبُوا۟ بِهِۦ وَأَجْمَعُوٓا۟ أَن يَجْعَلُوهُ فِى غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ ﴾، ئنجا کاتێك بردیان‌و بڕیاری یەکجارەکییاندا کە بیخەنە نێو بنی بیرەکە، یاخود: تاریکایی بیرەکە، کە نابینرێ، ئەوەیان کرد کە کردیان، دیارە لێرەدا ئەوە قرتێنراوە، چونکە سیاقەکە دەلالەتی لەسەر دەکات‌و دەیگەیێنێ، ﴿ وَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِ ﴾، لەو کاتەش دا ئێمە ئیلهام‌و سروشمان

بـۆ كـردو خسـتمانە دڵیـــەوە، یـاخود لـە ڕێـی فریشـتـەیەكەوە ئاگادارمـان كـردەوە، ﴿ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمْرِهِمْ هَٰذَا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴾، كە بە دڵنیـاییەوە – ئـەی یوسـوف!- تـۆ لـەم كارەیـان ئاگـاداریان دەكەیـــەوەو هـەواڵیان پێـدەدەی بـێ ئـەوەی ئـەوان هەسـت پێبكـەن، واتە: لە حاڵێكدا تۆ خۆتیان پێ دەناسێنیەوەو ئەو كارەیـان بیـردەخەیـەوە، ئـەوان هەسـت ناكـەن كـە تـۆ یوسـوفی، هەڵبەتـــە ئـەوە دڵنیـــا كردنـەوەی خـوای پەروەردگارە بۆ یوسـوف، كە تۆ نـەك هـەر لـەو بیـرو چاڵەدا نـامری، بەڵكـو دەربـازت دەبـێ‌و، دواییش برایەكانیشت دەبینیـەوەو، ئەوەشـیان بە چاودا دەدەیـەوە .

ئنجـــا دەفـــەرموێ: ﴿ وَجَآءُوٓ أَبَاهُمۡ عِشَآءً يَبۡكُونَ ﴾، هاتنـــەوە لای بابیـــان دەمەوخەوتنـان بـە گریـانەوە، ﴿ عِشَآءً ﴾ كـاتی نێـوان شـێوان‌و خەوتنانـە، یـاخود تاریكیی شـەو، یـانی: بـە تـاریكیی شـەوێ‌و بـە گریانـەوە هاتنـەوە لای بابیـان، ﴿ قَالُواْ يَـٰٓأَبَانَآ إِنَّا ذَهَبۡنَا نَسۡتَبِقُ وَتَرَكۡنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَٰعِنَا فَأَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُ ﴾، گوتیـــان: ئەی بابە گیـان! ئێمـە چووین پێشبـڕكەمان كـرد، غارغارێنمـان بـە وڵاخـەكانمان كـرد، یوسـوفیشمان لـەلای كـەل‌و پەلـەكانمان بەجـێ هێشـتبوو، هـەتا هاتینـەوە، گـورگ خواردبـووی .

لـە تەفسیـرەكاندا دەڵـێ: یەعقـووب گـوتی: باشـە شـوێنەوارێكی، ئێسـقانێكی، گوتیان: هەر هیچیان لـێ نەهێشـتبۆوە هـەموویان خـواردبوو، كە ئـەو وردەكـارییە لـە قورئاندا نەهـاتوە، گـرنگ ئەوەیـە گوتوویانـە: گـورگ خواردوویـەتی، ئیـدی مـەرج نیـە گوتبێتیـان: هیچـی لـێ نەهێشـتۆتەوە، ڕەنگـە گوتبیـان: گۆشـتەكەی هـەموو لێكـردۆتەوەو خواردوویـەتی‌و بـە كەڵكـی ئـەوە نەهـاتوە، بـۆ تـۆی بێنینـەوەو لـەوێ ناشـتوومانە، ڕەنگـە ئاوایـان گوتبـێ، ﴿ وَمَآ أَنتَ بِمُؤۡمِنٖ لَّنَا وَلَوۡ كُنَّا صَٰدِقِينَ ﴾، هەڵبەتـە تـۆ بـۆ ئێمـە، بەڕاسـت دانەرنـی، بەڕاسـت دانـەری ئێمـە نـی‌و بـڕواو متمانـەمان پێناكـەی، هەرچـەندە ڕاسـتیش بكـەین، واتـە: هەرچـەند ئێمـە ڕاسـت دەكـەین، بەڵام تۆ هەر بڕوامان پێناكەی‌و متمانـەت پێمـان نیـە، ئەمـەش جۆرێكە لـە هاندانی بابیـان، كە بە گلەیی‌و سـەرزەنشتەوە بـە بابیـان دەڵێن: تـۆ بۆچی بڕوامـان پێناكـەی، كـە ئێمـە ڕاستگۆشین ؟

﴿ وَجَآءُو عَلَىٰ قَمِيصِهِۦ بِدَمٍ كَذِبٍ ﴾، ئنجـا خوێنـێکی درۆشـیان لـە کراسـەکەی هەڵسوو، خـوێنێکی بـەدرۆو ناڕاسـت، واتـە: خـوێنی خـۆی نـەبوو، گوتیـان: ئـەوەش کراسەکەی !

﴿قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا ﴾، بابیـان گوتـی: بەڵکـو نەفستان کـارێکی بـۆ جـوان کـردوونو ڕازاندوونـەوە لـە دژی یوسـوف، کـە دیـارە لێـی دڵنیـا نـەبووە ئـەو کارەچییـە، واتە: بە دڵنیـاییەوە گورگ نەیخـواردوە، بەدەستی گورگان نەچووە، گورگان خواردوو نەبـووە، بەڵکـو ئێوە شتێکتان لە دژ کـردوە، بەڵام نەیزانیوە شتەکە چییـە ؟ ﴿ فَصَبْرٌ جَمِيلٌ ﴾، واتە: هەڵوێستی منیش بریتیـە لە خۆڕاگرییەکی جوان، خۆڕاگـریی جوانیش بریتییـە لەوەی سکاڵای تێـدا نەبـێو، مـرۆڤ دادو فیغـان نەکـاتو، پرتـەو بۆڵـە نەکـات، ﴿وَٱللَّهُ ٱلْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴾، لـە بەرانبـەر ئەوەشـدا کـە ئێـوە وەسفی دەکەنو دەیڵـێن، هەر خوا بۆ مـن پـەنا پێبـراوەو داوای یارمـەتیی لێکـراوەو. پشـتم بە خوا قایمەو تەنیا داوای یـارمەتیی لەو دەکـەم .

دیارە دڵنیابووە لـەوەی ئـەوەی ئـەوان گوتوویانـە، وا نـەبووە، بـەڵام لـە پێغەمبـەران (علـيهم الصـلاة والسـلام) ناوەشـێتەوە، وشـەی بـێ نەزاکـەتو ناشیـرین بـەکاربێنن. تەنانـەت بـۆ کەسـانێکیش کـە شایسـتەیانە، ئەگـەرنا ئەگـەر یـەکێکی دیکـە بووایـە دەیگـوت: (والله الـمستعان على ما تَكْذِبون)، خوا پەنا پێبـراوە لەسـەر ئـەو درۆیـەی کـە دەیکـەن، زانیویـەتی درۆ دەکـەنو ڕاسـت ناکـەن، بـەڵام فەرموویـەتی: ﴿ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴾، لەسەر ئەوەی کە ئێوە دەیڵێنو وەسفی دەکـەن، پـەنا دەبەمـە بـەر خـواو داوای یارمەتیی لە خـوا دەکـەم .

چـەند مەسـەلەیەکی گرنـگ

مەسـەلەی یەکەم : سـەرەتاو دەسـتپێکی بەسـەرهـاتی یوسـوف:

کە دەفەرموێ: ﴿لَّقَدْ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِۦٓ ءَايَٰتٌ لِّلسَّآئِلِينَ ۝٧﴾، بێگـومان لـە بەسـەرهاتی یوسـوفو برایـەکانی دا، نیشانەی زۆر هـەن، بـۆ پرسیارکـاران، یـان بەڵگەی زۆر هەن بـۆ بـەدوادا گەڕاوان، یـاخود عـەودالانی زانست. ئەمـە دەسـتپێکی بەسەرهاتی یوسـوفو برایەکانیـەتـی .

شیکردنەوەی ئەم ئایـەتـە لە پێـنج بڕگــەدا :

١) - کە دەفەرموێ: ﴿لَّقَدْ كَانَ﴾، بۆچی بە جەخت کردنـەوە وا دەڵـێ؟ چونکە هەندێ لـە زانایـان دەفـەرموون: ئـەم (ل)ە، زەمینـە خۆشکەرە بـۆ سـوێند، یـانی: سـوێند بـە خـوا لـە یوسـوفو برایەکانیـدا بەڵگــە هـەن، نیشـانە هـەن بـۆ پرسـیارکاران، لێرەدا خوا ﷻ بۆیە ئەوەمان بۆ جەخت دەکـاتەوە تاکـو دڵنیـابین، کە لە بەسـەرهاتی یوسوف لەگـەڵ برایەکانی دا، زۆر بەڵگـە هـەن، زۆر نیشـانە هەن، زۆر دەرسو پەندو عیبـڕەت هـەن، کەواتـە: باش سەرنجی بـدەن! باش لـێی وردببنەوەو لێی بکۆڵـنەوە! تاکـو ئەو نیشـانانە، ئـەو بەڵگــەو دەلیــلانە، ئـەو پەندو عیبـڕەتانەتـان، دەسـتگیـربـن .

٢) - کـە دەفـەرموێ: ﴿فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِۦٓ﴾، لێـرەدا شـتێك قرتێنـراوە، (أي: فِـي قِصَّـةِ يُوسُـف وإخوتِـهِ أو فِـي حَادِثـةِ يُوسُـف وإِخْوَتـه) لـە بەسەرهـاتی یوسـوفو برایەکـانیدا، یاخود: لە ڕووداوی یوسـوفو برایەکـانیدا، یـان: (فِـي شَـأن يُوسُـف وإِخْوَتِه) لە حـاڵو باڵو لە کاری یوسـوفو برایەکـانیـدا .

٣) - کـە دەفـەرموێ: ﴿ وَإِخْوَتِهِۦ ﴾، برایـەکانی، بێگومـان مەبەسـت پێـی دە (١٠) برایەکاننـی، چونکە (بنیامین) کێشەی لەگەڵ یوسـوف دا نەبووەو گچکەش بووە، دیـارە بنیـامین لـە یوسـوفیش گچکـەتر بـووەو بنیـامینیش بـە دەسـت دە برایەکـەیەوە، هەر گرفتـارو سـتەم لێکـراو بووە، بە بەڵـگەی چی؟ بە بەڵـگەی ئایەتی ژمارە (٦٩) هـەر لە سـوورەتی یوسـوف دا، کە دەفـەرموێ: ﴿ وَلَمَّا دَخَلُوا۟ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيْهِ أَخَاهُ ۖ قَالَ إِنِّىٓ أَنَا۠ أَخُوكَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾، کـاتێك برایـەکانی بـۆ جـاری دووەم چـوونە لای یوسـوف، (کـە بنیامینیشیان لەگەڵ خۆیان بردبوو لەسـەر داوای یوسوف)، یوسوف برایەکـەی وەخۆگـرت، هێنـایە لای خۆی‌و بە شـێوەی پەنامەکیی‌و تایبـەت قسەی لەگـەڵدا کرد، پێی گـوت: دڵنیـابە من برای تـۆم، واتە: ئەو برایەتـم کە ون بووە، شوێنە ون بووە، ئنجـا نارەحەت مەبە بەوەی کە دەیـانـکرد .

کەواتە: دیـارە لە دوای یوسـوف ﷺ لەگـەڵ (بنیـامین)یش باش نەبوون!

ئنجا بەچی دەزانـین کـە یوسـوف یـازدە بـرای بـوون‌و یـەعقووبیش سـەرجەم دوازدە کـوڕی هـەبوون؟ بـەوە دەزانیـــن: یوسـوف ﷺ یـازدە ئەسـتێرەی دیـون لەگەڵ خۆرو مانگدا، سـڵاویان لێکـردوەو لـە خەونیـدا کڕنووشـیان بـۆ بـردوە: ﴿ إِنِّى رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِى سَٰجِدِينَ ﴾، کەواتـــە: خۆی دوازدەمینیان بووە، یازدە برایەکەشی، دە (١٠)یان بـوون کـە پیلانیـان لـە دژ گێڕاوەو، برایەکەی خۆشی کە لە دایکی خۆی بووە (بنیـامین)، هـەروەها بـەوەش دەزانین یوسوف‌و بنیامین دایکیان جیابووە، {مەبەستم ئەوەیـە: مـەرج نیـە لـەو شـتانەدا تەنیا پشـت بە پەیمـانی کۆن و تەورات (سفر تكوين) ببەستین، بەڵـکو هەر لە خودی قورئـان، ئەوە هەڵدەهێنجین، کە یەعقـووب دوازدە کوڕی بـوون، ئنجا یوسـوف‌و یەکێکی دیکـەیان - نـاوی هەرچی بـوو بێ، چونکە لـە (پـەیمانی کـۆن)دا، دەڵێ: نـاوی بنیـامین بـووە - دایکـیان جیـا بـووە} ، بـە چی دەزانیـــن دایکـیان جیـا بـووە؟ بـەوە کـە لـە ئایـەتی (٥٩)ی سـوورەتی یوسـوفدا، خـوا

دەفــــەرموێ: ﴿ وَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ قَالَ ٱئْتُونِي بِأَخٍ لَّكُم مِّنْ أَبِيكُمْ ﴾، واتـــە: کاتێك زادو زەخیـرەکەی بۆ پێچانەوە گوتی: برایەکـتانم بۆ بێنـن لە بابتـان بـێ.

ئاشـکرایە هەموویان هەر لە بابیانن، کەواتە یانی: لە بابتان بـێ، بـەڵام دایکی جیابێ، کـە دیـارە مەبەسـت بـرا گچکەکــەی یوسـوفە، کـە لەگـەڵ یوسـوف دا لـە دایکێك بوونو لە (پەیمانی کۆن)دا دەڵـێ: دایکیان ناوی ڕاحیـل بووە .

٤) - ﴿ ءَايَـٰتٌ لِّلسَّآئِلِينَ ﴾، وشـەی (ءَايَـٰتٌ)، (الآيَات: حَقِيقَةً فِي آيَات الطريق وَهِيَ عَلَامَـات يجعلونهـا فِـي الـمفاوز تكـون باديـة لاتغمرهـا الرمـال لتكـون مرشـدة للسائلين، ثم أُطلقت على جميع علامات الصـدق، وأدلـة الـمعلومات الدقيقـة)، (آیـات) بریتیـە لـەو نیشـانانەی لەسـەر ڕێ دا دەنـرێن، کـە عـــادەتیان وابـووە لـە بیـــابان نیشــــانەیان چـەقاندوون، کـە بـەرز بـوون، بـە شـێوەیەك کـە ئەگـــەر بـا هەڵـیکـردو لـمی لەگــەڵ خـۆی دا هێنـــا، ئـەو نیشـــانانە ون نەبـــن، بـۆ ئـەوەی خەڵك بەو ڕێیــە بزانــێ، {ئــەوە دیـارە لـە بیـــاباندا وایانـکــردوەو، ئەوانـەی کـە کاروانچیی بوونو بەڕێدا ڕۆیشتوون، بە هۆی ئەو نیشانانەوە زانیویانە ڕێیەکە بە کـــوێ دایـە، ئەگـــەرنا بیابـان هەمیشـە بـا هەڵدەکـاو گـــەردەلوولو گێژەڵووکـــە، لـمەکە دێنــێو دەباتو نیشانەکان ون دەکات} دوایی وشەی (آیات) بۆ هــەموو ئەو شـتانەی دەبنـــە بەڵـگـە لەسـەر ڕاسـتیی شـتێكو، دەبنـە دەلیـلو بەڵـگـە لەسـەر زانیــاریی ورد، بەکـارهـاتوون.

ئنجـــا لێـرەدا کــە دەفـەرموێ: ﴿ ءَايَـٰتٌ لِّلسَّآئِلِينَ ﴾، نیشـــانە هــەن، یـاخود بەڵـگـــە هـەن بـۆ پرسیارکـــاران، یـانی: دەگونجــێ زۆر بەڵـگـــان لـە بەسـەرهاتی یوسـوفو برایەکـانی، دەربێـنیـن، بۆ نموونــە:

١ - بەڵــگەی مشـوورخۆریی خـوا، بـۆ بەنـدە ڕاسـتەکانی، لەبەسـەرهاتی یوسـوفو برایـەکانی دا، بەڵــگەمان دەسـت دەکـەوێ کـە: خـوا مشـوور دەخـوات لـە بەنـدە ڕاستەکانیو سەرپەرشتییان دەکاتو، ئاگای لێیانەو، سـەریان دەخـاتو، دەربازیـان دەکـاتو سـەرفرازیـان دەکـات .

٢- بەڵگە هەیە لەسەر ئەوە کە درۆو دەلەسەو خیانەتو فرتو فێڵ، بێئاکامەو مایەی ڕوو زەردیی‌و عەیبداریی‌و گوناهباریی خاوەنەکەیەتی.

٣- بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی کەسانی ڕەوشت بەرزو ڕەوشت پاكو نیەت پاكو مەعدەن چاك، هەمیشە سەربەرز دەبن لە دنیاو دوارۆژدا.

٤- بەڵگە هەیە لەسەر ئەوە کە سەرەنجامی چاك بۆ پارێزکارانو بۆ خوا صوڵحاوانە، هەر کەسێك بۆ خوا صوڵحاو پارێزکاربێ‌و چاکەکاربێ، سەرەنجامو ئاکامی باشی دەبێ .

٥- بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی کەسانی حەسوودو درۆزن‌و بە فرتو فێڵ، دوایی خەجاڵەت دەبن‌و شەرمەزار دەبن‌و، دەبێ داوای لێبوردن لە خەڵك بکەن .

٦- لە بەسەرهاتی یوسوفو برایەکانی دا، بەڵگە هەیە کە پێغەمبەرانعليه السلام لە لووتکەی هەرە بەرزی ڕەوشتی جوان دابوون، تۆ کە تەماشای هەڵوێستەکانی دوایی یوسوف دەکەی، کە برایەکانی دەبینێتەوەو برایەکانی بە خەجاڵەتیی‌و شەرمەزاریی لەگەڵیدا ڕوو بەڕوو دەبنەوە، چەند ڕەوشت بەرزانە، چەند نەفس بەرزانە، چەند بە نەزاکەتانە، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات !!

٧- لە بەسەرهاتی یوسوفو برایەکانی دا، بەڵگەی ڕاستێتیی موحەممەد ﷺ، کە پێغەمبەری خوایەو، قورئان کە دوایین کتێبی خوایەو ئیسلام کە دوایین ئایین‌و بەرنامەی خوایە، دەست دەکەوێ .

هەروەها لە بەسەرهاتی یوسوفو برایەکانی دا، زۆر نیشانەی دیکەو، زۆر بەڵگەی دیکە لەسەر گەلێك ڕاستی دیکە هەن‌و، گەلێك دەرس‌و پەندو عیبرەتی گەورە هەن، وەك لە کۆتایی تەفسیری ئەم سوورەتەدا ئاماژەیان پێ دەکەین، کە سەرجەم شەست (٦٠) دەرس و پەند هەڵدەهێنجین .

<u>٥) -</u> ﴿لِّلسَّآئِلِينَ﴾، وشەی (سائل)، کۆیەکەی (سائلین)ە، یان (سائلون)، واتە: پرسیارکاران، یاخود داواکاران، (سائل) هەم بە مانای داواکار دێ، وەك لە کوردیی دا دەڵێن: سواڵکەر، بە عەرەبی دەڵێن: (سائل)، کەسێکە دێتە بەر

دەرگاتو داوات لێدەکات، دیسان (سائل) بە واتای پرسیارکاریش دێ، کەسێك کە پرسیار دەکات، داوا دەکات شتێکی بۆ ڕوون بکرێتەوە، واتە: داوای شتێکی مەعنەویی دەکات، کە بریتیە لە وەڵامی پرسیارەکەی، یاخود داوای شتێکی ماددیی دەکات، کە بریتیە لە هاوکاریی، هەردووکیان پێیان دەگوترێ: (سائل) .

ئنجا ئەمە وەك هەردوو ئایەتی (٩ و١٠) وایە لە سووڕەتی (فصلت)، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ ﴿١٠﴾ ﴾، واتە: تۆ بڵێ: (ڕووی دواندن لە پێغەمبەری خاتەمە موحەممەد ﷺ)، ئایە ئێوە بێبڕوان بەو کەسەی کە زەوی دروست کردوە، لە دوو ڕۆژان داو، هاوبەشانو هاوێنانی بۆ دادەنێن؟ ئا ئەو کەسە پەروەردگاری جیهانییانەو، لەسەر زەوی چیاکانی داناون، کە وەك لەنگەری کەشتی، لەنگەری زەوییان ڕاگرتوەو، پیتو پێزی خستۆتە نێو زەویو، بژیوو ڕۆزییەکانی تێدا داناون، لە شەش ڕۆژاندا، بە یەکسانیی بۆ ئەوانەی کە داوایان کردوە، (یاخود: ئەمە وەڵامێکە بۆ ئەوانەی کە پرسیاریان کردوە، خوا ئەم زەویو ئەم دنیایەی چۆن هێناوەتە بوون؟) کە لێرەدا : (السَّائِلِين أي: الطَّالِبِين، القَاصِدِين لِمَعْرِفَة الأَسْرَار وَالمُهْتَدِين بِهَا)، وەك گوتم : (سائل) هەم بە مانای (داواکار) دێ، هەم بە مانای کەسێك دێ، کە پرسیار دەکاتو دەیەوێ ڕاستییەکی بۆ ئاشکرا بێ.

مەسەلەی دووەم : گومانی خراپ پێبردنو تۆمەتبارکردنی یەعقووب ﷺ لەلایەن کوڕەکانیەوە، کە یوسوفو برایەکەی لەوان خۆشتر دەوێن :

ئەمە لە ئایەتی (٨)دا باسکراوە، کە ئاوا دەفەرموێ: ﴿ إِذْ قَالُوا لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰ أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ ﴿٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە چوار بڕگەدا :

١) - ﴿ إِذۡ قَالُواْ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ ﴾، کاتێك گوتیان: یوسوفو برایەکەی، برایەکەی کێیە؟ بە پێی پەیمانی کۆن: بنیامینە، کە هەردووکیان کوڕی دایکێکن بە ناوی: (ڕاحیل)، ئەویش کچی (لابان)ە وەك لە پەیمانی کۆندا هاتوە، لە قورئاندا ئەوانە نەهاتوون، لەبەرئەوەی پەکمان لەسەریان نەکەوتوە.

٢) - ﴿أَحَبُّ إِلَىٰٓ أَبِينَا مِنَّا ﴾ یوسوفو برایەکەی خۆشەویستترن لەلای بابمان، لە ئێمە، ئەو ئێمەیە کێن؟ دە (١٠) کوڕەکانن، ئەو دە کوڕانە لە پەیمانی کۆن دا، ناوەکانیان ئاوا هاتوون :

(ڕەئوبین، یاخود ڕائوبین، شەمعون، لاوی، یەهوزا، ئیسساخر، زایلون، یان زابلون)، ئەم شەشە دایکیان ناوی (لەیئە)، یاخود (لییا) بووە.

دووانەکەی دیکەش: (جاد)و (ئەشیر)، ئەوانیش لە (زولفە) بوون کە کەنیزەکی (لەیئە)، یاخود (لییا) بووە، لە دایك بوون.

دووانەکەی دیکەش: (دان)(نەفتالی)، ئەوانیش لە (بەلها)، کە ئەویش کەنیزەکی (ڕاحیل) بووە، لە دایك بوون.

دیارە ئەو دووانەش کە لە کەنیزەکەکەی ڕاحیلیش بوون، پاڵیان داوەتە لای ئەو هەشتانەی دیکەو، بە هەموویان بوونە دە (١٠)، ئنجا لەگەڵ یوسوفو بنیامین، ئەوە دوازدە (١٢) .

٣) - ﴿وَنَحۡنُ عُصۡبَةٌ ﴾ واتە: بابمان، یوسوفو برایەکەی، کە دوو کوڕن، لە ئێمە کە دە کوڕینو، کۆمەڵێکی تۆکمەو توندو تۆڵینو، دەستە پیاوێکی بەهێزین، خۆشتری دەوێن، ئەوە شتێکی زۆر نامەنتیقییە کە دوو لە دەیان، گرنگییان زیاتر پێبدرێو، زیاتر خۆش بویسترێن.

وشەی (عُصۡبَةٌ)، (العُصْبَةُ: جَمْعٌ لا وَاحِدَ لَهُ مِنْ لَفْظِهِ)، (عُصْبَة) کۆیە، لە بێژەکەی خۆی تاکی نیە، یانی: دەستەو کۆمەڵێکی توندو تۆڵو تۆکمە، هەروەها (عِصَابَة)شی بۆ بەکاردێ .

ئنجا زانایان دەڵێن: (عُصْبَة) یان (عِصَابَة) لە سێ (٣) وە تاكو دە (١٠)یە، هەندێكیان دەڵێن: لە دە (١٠)وە تاكو چل (٤٠)ە، بەڵام وا پێدەچێ: لە سێ(٣)وە، تاكو دە (١٠) بێ، كە ئەوانیش گەیشتوونە ئەوپەڕی رێژەی (عُصْبَة)، كە ژمارە دە (١٠) یە.

٤) - دەڵێن : ﴿إِنَّ أَبَانَا لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴾، بێگومان بابمان لە گومڕاییەكی ڕوون و ئاشكرا دایە، هیچ گومانێكی تێدانیە كە لێرەدا مەبەستیان ئەوەیە: بابمان بە هەڵە داچووە لە كاروباری دنیایی دا، كە دوو كوڕان بەسەر دە كوڕان دا هەڵدەبژێرێ‌و، خۆشتری دەوێن، ئەوە بە هەڵەدا چوونە، كە ئەگەر ڕاستیان كردبایە وابوو، بەڵام بێگومان ڕاستیان نەكردوە .

ئنجا لێرەوە دەمەوێ سەرنجی هەموو لایەك بۆ ئەوە ڕابكێشم، كە :

زۆربەی تەفسیرەكان دێنن لەسەر قسەی ئەم دە كوڕە، زۆر شت هەڵدەچنن، لە دژی یەعقووب ﷺ، بۆ وێنە، دەڵێن :

مرۆڤ دەبێ ئاگای لە خۆی بێ، هەندێك لە كوڕەكانی بەسەر هەندێكیان دا هەڵنەبژێرێ! یەعقووب ئەو دوو كوڕەی هەڵبژاردوون بەسەر ئەو دە كوڕانەدا، بۆیە تووشی هەڵە بوون !!

یان دەڵێن: مرۆڤ دەبێ دادگەربێ لەگەڵ ماڵ‌و منداڵی خۆیدا، نەك وەك یەعقووب، واتە: لە پەنادا توانج‌و پلاری زۆر لە یەعقووب دەدرێ، لە حاڵێكدا كە یەعقووب، پێغەمبەرێكی پایەبەرزی خوایەو، پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)، پارێزراو بوون لە هەڵەی بە ئانقەست‌و، هەڵەی گوناهباركەر .

بەڵێ لێرەدا گومانی تێدا نیە كە ئەوان دەڵێن: ﴿أَبَانَا لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴾، مەبەستیان پێ بواری ئایین نیە، چونكە ئەگەر مەبەستیان پێ ئایین بووایە، پێی كافر دەبوون، پێغەمبەرێكی پایە بەرزی خوا وەك یەعقووب، بە هۆی پەیام‌و وەحیی خواوە لە ڕووی ئایینییەوە، لە ڕووی مامەڵەی لەگەڵ خوادا، لەسەر ڕێیەكی ڕاست بووە، بۆیە ئەگەر گوتبایان: لەسەر ڕێی هەڵەیە، ئەوە پێی كافر دەبوون، مەبەستیان پێی مامەڵەی دنیایی بووە، بەڵام ئایا لەوەشدا پێكاویانە؟

وەك هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان، بەڵكو زۆربەیان، ئەگەر نەڵێم هەموویان، ئاماژەی پێدەكەن ؟

بێگومان نەخێر، بەم سێ بەڵگانەی خوارێ :

بەڵگەی یەكەم: چونكە جارێ پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)، پارێزراو (معصوم)ن لە هەڵەو گوناهێك كە بە ئانقەست بیكەن‌و بیزانن گوناهە، ئنجا كەمێك جیاوازیی بخاتە نێوان كوڕەكانی خۆیەوە، دووان بەسەر دەیان دا هەڵبژێری، یاخود دەیەكانیش بەسەر دووان دا هەڵبژێری‌و، نادادگەر بێ لە بەینیاندا، ئەوە گوناهە، گوناهێكی واشە كە پێچەوانەی عیصمەت‌و پارێزراویی پێغەمبەرانە لە گوناهو لە تاوان .

بەڵگەی دووەم: هیچ نیشانەیەك نیە كە یەعقووب ﷺ ئەو دوو كوڕەی بەسەر ئەوانی دیكەدا هەڵبژاردبن، جگە لەوەی كە لەبەر بچووكیی، لەوانەیە یەعقووب سۆزی زیاتری بۆ یوسوف‌و بنیامینی برای بوو بێ، كە بچووكتر بوونە لەوانی دیكە، ئەوەش شتێكی زۆر سروشتیی‌و ئاساییە !

وەك دەڵێن: ئافرەتێك چەند كوڕێكی هەبوون، لێیان پرسی: كامەت لە هەموویان خۆشتر دەوێ؟ گوتی: كوڕەكانم وەك بازنەیەكی داخراو وان، لە هەر شوێنێكیەوە دەست پێ بكەی هەر دەبێ، واتە: هەموویان وەك یەكن بۆ من، گوتیان: ئاخر هەر پێمان خۆشە شتێك هەر بڵێی، گوتی: ئەومیان لە سەفەرە، تاكو دەگەڕێتەوە، زیاتر خۆشم دەوێ، ئەومیان كە نەخۆشە، تاكو چاك دەبێتەوەو، ئەومیان كە گچكەیە تاكو گەورە دەبێ، كەواتە: وەك یەكن مەگەر یەكێكیان حاڵەتێكی تایبەتیی بۆ بێتە پێش، كە نەخۆش دەبێ، لە سەفەر دەبێ، یان گرفتێكی دەبێ، یان گچكەیە تاكو گەورە دەبێ .

بەڵگەی سێیەم: قسەی كوڕەكان جگە لە تۆمەت‌و گومانی بەد، هیچی دیكە نیە، ئەو دە (١٠) كوڕە كە دەڵێن: ﴿ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰٓ أَبِينَا مِنَّا ﴾، هیچ بەڵگەیەكیان نەهێناوەتەوەو هەر ئیددیعایەكی ڕووتە، هەر بۆیە ئێمە تەنیا بە لاف لێدان‌و بە بانگەشەی ڕووتی ئەو دە كوڕە، بێنین یەعقووب ﷺ تۆمەتبار

بکـەین، کە جیاوازیی لە نێـوان کوڕەکانی دا کـردوە ! بـە ڕاسـتیی سـتەم لـە یەعقووب دەکـەینو، خۆشـمان تووشی هـەڵەیەکی گەورە دەکەین، چونکە جارێ ئەو کوڕانە کوڕی ئەوەندە صالحو چاك نەبوون، پشت بە قسەی وان ببەستی، بۆ تۆمەتبار کردنو تاوانبارکردنی پێغەمبەرێکی پایەبەرزی وەك یەعـقووب ﷺ !

بۆیە بە ڕاستیی من سـەرم سوڕدەمێنێ، کاتێك قسەی توێـژەرەوانی قوڕئـانو قسەی مانا لێکدەرەوانی قورئـان دەبینم: هەر لـەو گـۆڕە دەڵێـن: دەبێ مرۆڤ لـە خۆی وریابـێ، جیـاوازیی لـە نێوان کوڕەکانی دا نـەکات، ئـەوەتا یـەعقووب ﷺ، یوسوفو برایەکەی لە برایەکانی دی خۆشـتـرویستوونو جیاوازیـی پێکـردوونو، لە نێوانیاندا دادگەر نەبووە، بۆیە تووشـی ئەو هـەموو گرفـتو کێشـەیە بووە!

بـەڵکو هەندێکـیان دەڵێن: یەعقـووب ﷺ کـە تووشـی ئـەو هــەموو خـەمو خەفـەتو نارەحەتییــە بــووە، ســەرەنجام چاویشــی لەسـەر دانـاوە، هێنـــدە بـۆ یوسـوف گریـاوە، بۆی نارەحەت بووە، ئەوە سـزای خـوا بووەو خـوا سـزای داوە!

بـەڵام بێگومـان ئـەو قسانە هـەموویان بێجێـن، چـونکە ئـەوەی کـە بەسـەر پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) دێ، نابێ قیـاس بکرێتـە سـەر ئـەوەی کـە بەسـەر خەڵکی دیکـە دێ، خەڵـکی دی هەڵەیـەك دەکــات، خـوا سـزایان دەدا بـۆ ئەوەی بگـەڕێنەوە، بـەڵام هـی پێغەمبـەران (علیهم الصلاة والسلام) کـە بـەڵاو گرفتـارییان بەسـەرهاتوە، لەبـەر ئـەوە نـەبووە خــوا سـزای داونو، لەبــەر ئـەوە نەبووە کـە خوا ﷻ، تۆڵەی لێکـردبنـەوە! بەڵکو بۆ ئـەوە بـووە کـە بـۆ خـەڵـك ببنە سـەرمەشـق، کـە وەك ئـەوان خۆڕاگـربنو شـوکرانەبژێر بـنو، وەك ئـەوان، سـکاڵا نەکەن لە دەست بەڵاو، وەك ئەوان پشت بەسـتووربن، بە خـوا .

ئێســتا ئێمـە کـە تەماشـای بەسـەرهاتەکـەی یەعقـووب ﷺ دەکـەین، ئـەو هەموو خەمو گرفتارییە! کەچـی دەبینین: ئەو کـابرایـە هەمیشـە هـەر پشــتی بـە خـوا قایمــە، هـەرگیز وشــەیەك ناڵـێ کـە بـە کەڵـك نەیـەت، نـە لەگـەڵ کوڕەکانی، نـە لـە نێوان خـۆیو خـوادا، مانـای وایـە: یەعـقووب بـۆ ئێمـە بۆتـە سەرمەشـق، بۆ خۆڕاگریی بەرانبەر بەڵاو گرفتارییو پێشـهاتە ناخۆشـەکان.

لەلایەکی دیکەشـەوە دەڵێین: یەعقووب ﷺ ناهـەقی نەبــووە کـە ئومێــدی زیـاتری بــە یوســوف ﷺ بــێو، زیــاتر پێــی دڵخــۆش بــێ، بۆچـی؟ چـونکە

سەرەنجامەكەی وا دەرچووە، كە یوسوف خوا كردوویەتی بە پێغەمبەرو، ئەو دە (١٠) كوڕەی دیكەش وەك پێشتریش باسمان كردو دواتریش باسی دەكەین، بێگومان پێغەمبەر نەبوون، چونكە ئەو ڕەفتارانەی كردوویانن، لە مسوڵمانێكی باشیش ناوەشێنەوە، چ جای لە پێغەمبەرێكی پارێزراو لە هەڵە! بۆیە یەعقووب ﷺ كە زیاتر بە یوسوف ئومێدەوار بووەو زیاتر دڵی پێی خۆش بووەو، زیاتر بە تەنگییەوە بووە، ناحەقی نەبووە، بەلام هیچ بەڵگەیەكیش نیە لەوەدا كە یەعقووب جیاوازیی خستبێتە نێوان یوسوفو برایەكەی، لەگەڵ دە كوڕەكانی، بەڵكو ئەوە هەر تۆمەتێكە لەو گوڕە، لەلایەن ئەو دە كوڕەوە هەڵبەستراوە، ئەو دە كوڕەش هی ئەوە نین كە تۆ ئەو قسەیان لێ وەربگریو ئەو دەعوایەیان لێ بسەلمێنی، چونكە : دە كوڕانێك دەستیان بچێتە خوێنی برایەكەی خۆیانو، بتوانن بابیان ئاوا نارەحەت بكەن، پاشان ئاوا دڵڕەقانە لەگەڵ برایەكی خۆیان دا ڕەفتار بكەن، چۆن قسەیان لێ وەردەگیرێ؟ بە دڵنیاییەوە قسە لە كەسانێكی ئاوا وەرناگیرێو، كەسانی وا، ئەو بانگەشەیەی كە دەیكەن، ماڵێكی قەڵپەو بەسەر خاوەنەكەیدا دەدرێتەوە.

مەسەلەی سێیەم : تەگبیركردنی كوڕەكانی یەعقووب، واتە دە كوڕەكەی بۆ كوشتنی یوسوفی برایان، بە پاساووی ڕووتێكردنی بابیان بۆیان، پاشان ڕاچەسپانیان لەسەر خستنیە نێو بنی بیرێكەوە:

وەك دەفەرموێ: ﴿ ٱقْتُلُوا۟ يُوسُفَ أَوِ ٱطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا۟ مِنۢ بَعْدِهِۦ قَوْمًا صَٰلِحِينَ ﴿٩﴾ قَالَ قَآئِلٌ مِّنْهُمْ لَا تَقْتُلُوا۟ يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِى غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ ٱلسَّيَّارَةِ إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ ﴿١٠﴾ ﴾.

توێژینەوەی ئەم دوو ئایەتە لە حەوت بڕگەدا :

١) - ﴿ ٱقْتُلُوا۟ يُوسُفَ أَوِ ٱطْرَحُوهُ أَرْضًا ﴾ دیارە لێرەدا شتێك قرتێنراوە، واتە: دانیشتنو كۆبوونەوەو ڕاوێژیان كرد پێكەوە، ئنجا دوایی هاتنە سەر ئەوەی گوتیان: ﴿ ٱقْتُلُوا۟ يُوسُفَ أَوِ ٱطْرَحُوهُ أَرْضًا ﴾ یوسوف بكوژن، یاخود لەسەر

زەمینێکدا فرێی بدەن، بە واتایەکی دی: یان ڕاستەوخۆ بیکوژن، یاخود دووری بخەنەوە، یانی : هەرچۆن بێ، بیفەوتێنن، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ .

زانایان دەڵێن: لێرەدا (أَرۡضًا)، بە یەکێك لە دوو هۆکاران مەنصووب بووە: {انْتَصَب (أَرْضاً) عَلَى تَضْمِين (اطرحُوه) مَعْنَى: أَوْدِعُوه، أو على نَزْعِ الخَافِضِ)، واتە: (أَرۡضًا)، بەوە مەنصووب بووە، کە مانای (أَوْدِعُوه)ی خراوەتە نێو، واتە: بیبەنە سەر زەمینێکی چۆڵەوانیی، یاخود ئەسڵی خۆی ئاوابووە: (اطرحوهُ فِي أَرْضٍ)، کە ئەوەش پێی دەگوترێ: (نَزْعِ الخَافِض)، لابردنی (مجرور)کەر، ئنجا ئەو پیتەی کە (مجرور)ی دەکات، لات برد، ئەو کاتە (منصووب) دەبێ، لە جیاتی بڵێی: (أَرْضٍ)، دەڵێی: (أَرْضَاً)، کە هەر یەك واتایان هەیە .

بێگومان لێرەدا کە دەڵێن: ﴿ أَوِ ٱطۡرَحُوهُ أَرۡضًا ﴾، واتە: لە دەشتو سارایەکی چۆڵەوانیی، بەجێی بهێڵن، مەبەستیان ئەوە بووە کە: ئەو کاتە یان لە تینوان دەخنکێ، یان لە برسان دەمرێ، یاخود دڕندەیەك دەیخوا، کەواتە: دوو میکانیزمیان داناون بۆ فەوتاندنی یوسوف :

أ- کوشتنی ڕاستەوخۆ .

ب- یاخود ناڕاستەوخۆ .

نەك مەبەستیان ئەوە بووبێ :

١- یان بیکوژن .

٢- یاخود لەسەر زەمینێك بەجێی بهێڵن بۆخۆی لەوێ پیاسە بکات! نا، مەبەستیان ئەوە بووە کە لەوێ بفەوتێ .

٢) - ﴿ يَخۡلُ لَكُمۡ وَجۡهُ أَبِيكُمۡ ﴾، واتە: بۆیە یوسوف بە یەکێك لەو دوو شێوانە بفەوتێنن، تاکو ڕووی بابتان بۆ ئێوە چۆڵ بێ، (الخِلّ: الفَرَاغ، وَيعني هُنَا مَجَازاً: التوَجّه، أَي: يَخْلُو وَجْهُهُ مِن عَدَاكُمْ، فَيَنْفَرِدُ لَكُمْ)، ڕووی بابتان بۆ لاتان وەرچەرخێ، وەرسووڕێ لە غەیری ئێوەو تەنیا ڕوو لە ئێوە بکات .

مەبەستیان ئەوە بووە: کە یوسوف بۆتە پەردەیەكو بەرچاوی بابمانی لە ئێمە گرتووەو ئێمە نابینێ، بۆیە دەبێ ئەو پەردەیە لابدەینو، ئەو کەسەی بۆتە پەردەیەك لەبەر چاوی بابمانو ئێمەی لێ شاردۆتەوە، لایبەرین تاکو ئێمە ببینێ .

ئەو کەسەی کە بە هۆی ئەوەوە بابمان نایپەرژێتە سەر ئێمە، نەیهێڵین، تاکو ئەو کاتە بابمان گرنگیو بایەخمان پێبدات .

هەڵبەتە لێرەدا پاساوەکەیان زۆر بێجێ بووە، وەك پێشتر گوتمان، چونکە مەحاڵە پێغەمبەرێکی پایەبەرزی خوا، وەك یەعقووب ﷺ ستەمی لە رۆڵەکانی خۆی کردبێ، کە پێشتر باسمان کردو دووبارەی ناکەینەوە، بەڵام ئەوە هەر حەسەدو کینە بووە لە دڵیانداو، ویستوویانە پاساوو بیانوویەك بێننەوە بۆ لە بەین بردنی برایەکەیان، هەرکەسێك تاوانێك دەکات، حەتمەن هەوڵدەدا وەك گوتراوە: بیشەرعێنێ، رەشەرعی بخات، پاساوێکی شەرعیی، بە وەهمو خەیاڵی خۆی بۆ بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی کە ویژدانی خۆی ئاسوودە بکات، کە شتێکی ناشەرعییو ناهەقیی نەکردوە !

٣) - ﴿ وَتَكُونُواْ مِنۢ بَعۡدِهِۦ قَوۡمٗا صَٰلِحِينَ ﴾، ئنجا لە دوای وی، (واتە: لە دوای ئەوەی کە یوسوف دەفەوتێنن، بە یەکێك لەو دوو شێوازەی کە باسمان کرد)، ئێوە دەبن بە کۆمەڵێکی چاك، هەندێك لە زانایان وایان زانیوە کە صالح لە قورئاندا تەنیا بە کەسێك دەگوترێ: کە بە پێوەری خوا چاك بێو، لە نێوان خۆیو خوادا چاك بێ، بۆیە ئەو زانایانە گوتوویانە: مەبەستیان ئەوەیە: ئەگەر یوسوف نەمێنێ، ئێوە بوغزو غەرەزتان نامێنێو چاك دەبن، یاخود گوتوویانە: مەبەستیان ئەوەیە: دوای ئەوەی یوسوف دەفەوتێنین، ئنجا تۆبە دەکەینو دەگەڕێینەوە بۆ لای خواو صالح دەبین !

بەڵام رایەکی دیکە هەیە کە بەلامەوە ئەو رایە راسترەو، هەندێك لە توێژەرەوانی قورئانیش هێناویانە، واتە: دوای ئەوەی کە یوسوف دەفەوتێنن، ئێوە حاڵو باڵی دنیاییتان لەگەڵ بابتاندا باش دەبێ، چونکە ئەو کاتە هەر ئێوەی دەبێو بە چاکیی گرنگییو بایەختان پێدەدا، مەبەستیان ئەوە بووە، ئەگەر نا مەبەستیان ئەوە نەبووە کە بە کوشتنی یوسوفو دوایی تۆبەکردنتان.

لە خوا نیزیك دەبنەوە! بەڵكو مەبەستیان ئەوە بووە كە حاڵو باڵی دنیاییان باش دەبێ .

(صالِح)، واتە: باش، باشیی ڕەهاش لە تەرازووی شەریعەت دا، ئەوەیە كە مرۆڤ لە تەرازووی خوادا باش بێو بە پێوەری مەعنەویی باش بێ، بەڵام كەسانێك كە بیردەكەنەوە لە كوشتنی برایەكیان، دیارە زۆر مەبەستیان لایەنی مەعنەوییو بۆ خوا صولْحان نەبووە، بەڵكو مەبەستیان ئەوە بووە كە حاڵو باڵی دنیاییانو ژیانو گوزەرانیان، بە تایبەتی لەلای بابیان، باش بێ .

ئەم واتایەش زیاتر لەو كورانە دەوەشێتەوە كە بیریان كردۆتەوە، بەڵكو بڕیاریان داوە : بۆ كوشتنو لەبەینبردنی برایەكی خۆیان، چونكە هەر كەسە كە وشەیەكی بۆ بەكاردێ، ئەگەر ئەو وشەیە زیاتر لە واتایەكی هەبێ، دەبێ بزانین كام واتای زیاتر بۆ ئەو كەسە گونجاوە، ئنجا بۆ ئەوان گونجاو نیە، بڵێین: لە لای خوا چاك دەبن، چونكە دەزانن كە مرۆڤ بە كوشتن لەلایەن خوا چاك نابێو لە خوا نیزیك نابێتەوە، ئەوەش دوورە كە مەبەستیان پێی ئەوە بووبێ: دوایی تەوبە دەكەنو دەگەڕێنەوە لای خوا! چونكە باسی تەوبەكردنی تێدا نیە، كەواتە: ﴿ وَتَكُونُوا۟ مِنۢ بَعْدِهِۦ قَوْمًا صَـٰلِحِينَ ﴾، واتە: حاڵو باڵی دنیاییتان باش دەبێ، چونكە چاك بوون هەر ئەوەنیە مرۆڤ لە ڕووی مەعنەوییەوە بێ، بەڵكو لە ڕووی مادییشەوە، چاك بوون (صالح) بوونی پێدەگوترێو (صلاح)ی بۆ بەكاردێ .

هەڵبەتە ئەو برایانەی یوسوف پاڵنەرو هاندەرەكەیان زۆر خراپ بووە، چونكە بریتی بووە لەوە كە لەسەر كەلاوەی خەڵك، كۆشكی خۆیان بنیات بنێن، یاخود خەڵك وێران بكەنو خۆیان ئاوەدان بكەن، كە بە ڕاستیی ئەوە عادەتی مرۆڤی فاشیلە، كە بیەوێ خەڵك لە بەین بەرێ، بۆ ئەوەی جێی خۆی بكاتەوە، خەڵك ناشیرین بكات، بۆ ئەوەی خۆی جوان بێ.

٤) - ﴿ قَالَ قَآئِلٌ مِّنْهُمْ ﴾، قسەكەرێكیان گوتی: یانی: لەو دە (١٠) برایە، كە لە (سفر التكوين)دا دەڵێ: یەهووذا بووە، واتە: دوای (ڕەئووبین) برا گەورەكەیان، هەروەها هەندێكیش لە زانایانی ئیسلام گوتوویانە: یەهووذا بووە، بەڵام

هەندێك گوتوویانە: شەمعوون بووە، بەلام هیچیان بەلگەیان لەسەر نەهێنراوەتەوە.

بەلام من وای بۆ دەچم: کە برا گەورەکەیان بووبێ، کە لە تەورات (سفر التکوین)دا بە (ڕەئووبین) ناوی هاتوە، بە بەلگەی چی؟ بە بەلگەی ئەوە کە لە ئایەتی ژمارە (٨٠)، لە سوورەتی (یوسوف)دا، کاتێك کە ئەو پێوەرەی دەغلیان پێ پێواوە (صواع، سقایة)ی پادشا، لە باری برا گچکەکەیان: (بنیامین)دا، دەدۆزرێتەوەو، یوسوف بڕیاردەدا کە بەپێی بڕاردەی خۆیان مامەلەیان لەگەلدا بکات، ئەوانیش دەلێن: ﴿ جَزَٰٓؤُهُۥ مَن وُجِدَ فِي رَحۡلِهِۦ فَهُوَ جَزَٰٓؤُهُۥ ﴾، سزای هەر کەسێك کە لە باری ئەودا بدۆزرێتەوە، خۆی دەبێتە پاداشتی، واتە: دەبێتە کۆیلەی ئەو لایەنە کە دزییەکەی لێکردوە، لەو کاتەدا داوا لە یوسوف دەکەن: کە یەکێکیان لە جیاتی بنیامین گلداتەوە، بەلام ئەو دەلێ: پەنا بە خوا کە کەسێك گلدەینەوە، جگە لەوەی کە شتەکە لە بارەکەی دا دۆزراوەتەوە، لەو کاتەدا برا گەورەکەیان قسە دەکات: ﴿ ... قَالَ كَبِيرُهُمۡ أَلَمۡ تَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ أَبَاكُمۡ قَدۡ أَخَذَ عَلَيۡكُم مَّوۡثِقٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَمِن قَبۡلُ مَا فَرَّطتُمۡ فِي يُوسُفَ ﴾، گەورەکەیان (ئەوەی لە هەموویان بە تەمەنتر بوو)، گوتی: ئایا نازانن کە پێشتر بابتان پەیمانێکی پتەوی لێوەرگرتبوون، کە ئەم برایە (بنیامین) بە سەلامەتیی بەرنەوەو پێشتریش کەمتەرخەمییتان کرد دەربارەی یوسوف ؟

کەواتە: برا گەورەکەیان ڕەخنەی گرتوە لە هەلوێستەکەی ئەو کاتەشیان، واش پێدەچێ لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ قَالَ قَآئِلٞ مِّنۡهُمۡ لَا تَقۡتُلُواْ يُوسُفَ ﴾، قسەکەرێکیان گوتی: یوسوف مەکوژن، هەر ئەو برا گەورەیان بووبێ، چونکە دواتریش لە ئایەتی هەشتا (٨٠)دا بەبیریان دێنێتەوە، دەلێ: پێشتریش کەمتەرخەم بوون بەرانبەر بە یوسوف، کە دیارە هەر بە پێشنیاری ئەویش ڕاستەوخۆ یوسوف نەکوژراوەو، فڕێیان داوەتە نێو

بیـرێکەوە، بۆ ئەوەی کاروانچیی دەریـبێنـنـەوە، گرنـگ ئەوەیـە نەفەوتـێ، ئەمـە بەڵگـەیەکی بەهێزە کە دەبـێ ئەو پێشنیارکەرەش هەر بـرا گەورەکـەیان بووبـێ، چـونکە لەوێشـدا وەبیــریان دێنێتــەوە، کـە کـاتی خۆشــیی کەمتەرخـەم بـوون بەرانبــەر بە یوسـوف .

٥) - ﴿ لَا تَقْتُلُوا۟ يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِى غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ ﴾، یوسـوف مەکوژنو، بیخـەنە نێو بنـی بیـرێکـەوە، تاریکـایی بیـرێکـەوە.

(غيابت الجب) خوێنـراوەیشـەتەوە: (غيابات الجب)، یـانی: بنـی بیــر، یـاخود پەنهانەکانی بیـر، چونکە بیـر لە بنەوەدا، ئەملا و لایەکانی پەنهانن، (الغِيَابَـة: مَا غَـابَ عَـنِ البَصَـرِ مِنَ الشـيء): (غِيَابَـة) بـەوە دەگـوترێ، کـە شـتێك لەبەرچـاو نەبێو دیار نـەبێ، دیارە مرۆڤیش کە لەسـەرێ ڕا تەماشای بیـر دەکات، بنەکـەی دیـارنیـە، بەڵکو ئەمـلا و لایەکانیشی دیـارنـابن.

ئــەدی (الجـب) یــانی چــی؟ (الجـب: البئـرُ غَيْـرُ مطويـة)، بیـــرێکە کــە هەڵنـەبەستـرابــێ، واتـە: بـە بـەردان ئەمــلا ولای هەڵنەچـنرابــێ، بـەڵام ئەگـەر هەڵبەسـتـرابێ، پێـی دەگوتـرێ: (بئـر).

٦) - ﴿ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ ٱلسَّيَّارَةِ ﴾، هەندێـــــك كـــــاروانچیی دەیدۆزنــــــەوەو هەڵیـدەگـرنـــەوە، (الإلتقـاط: تَنَــاوُلُ شَــيء مِـنَ الأَرْضِ، استُعِيرَ لأَخْـذ شـيءٍ مُضَـاعٍ)، (إلتقـاط) بریتیـە لـەوە کـە شـتێك کـەوتبێتو هەڵیگریـەوە، لێـرەدا خـوازراوەتەوە بۆ هەڵگرتنـەوەی شـتێك، کـە زایـە بـووە، خـــەڵك لێـی ون بـووە، تـۆش هـەڵیگـریـەوە بۆ ئـەوەی کە نەفـەوتــێ .

(السَّيارَةُ: الجَمَاعَةُ المَوصوفَة بحالَة السَّيْر وَكَثْرتِهِ) (سَيَّارَة): واتە: کـاروان (القـافلـة)، چـونکە (سیارة) بریتیـە لـە کۆمەڵێـك کـە وەسـف بکـرێن بـەوەی زۆر بڕۆن، عـادەتیــان زۆر ڕۆیشــتن بــێ.

چەند قسەیەك لەبارەی دۆزراوە (لقطة)وە :

زانایان لە تەفسیرەکانیان دا بە تایبەتی (القرطبي)، هەروەها (الزُّحيلي) خاوەنی (التفسیر المنیر)و زۆرێکی دیکە لە تەفسیرەکان، باسی دۆزراوە (لقطة)یان کردوە، واتە: شتێك کە بدۆزرێتەوە، لەو بارەوە قسەیەکی (القرطبي)م هێناوە، لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] دەڵێ :

(أَجْمَعَ العُلَمَاء عَلَى أن اللقطة ما لم تَكُن تافِهَاً يَسيراً أَو شَيْئاً لا بقَاء لَهَا، فَإِنَّهَا تُعَرَّفُ حولاً كَامِلاً، وَأَجْمَعُوا أَن صَاحِبهَا إِن جَاء، فَهُوَ أَحَق بهَا مِن ملتقطِهَا، إِذَا ثَبَتَ لَهُ أَنَّهُ صَاحِبهَا، وَأَجْمَعُوا أَن ملتقطها إِنَّ أَكلها بَعْد الحَوْل، وَأَرَاد صَاحِبُهَا أَن يُضَمِّنَه، فَإِنَّ ذَلِكَ لَهُ، وَإِن تَصَدَّق بها فَصَاحِبها مخَيَّرٌ بَيْنَ التضمِين وَبَيْنَ أن ينزل على أجرها، فَأَي ذَلِكَ تَخيَّر كان ذلك لَهُ، بإِجْمَاع، ولا تنطلق يد ملتقطها عليها بصدقة، ولا تَصَرُّفٍ قَبْلَ الحَوْل، وَأَجْمَعُوا أَن ضالَّة الغَنَم المخوف عَلَيْهَا، لَهُ أَكلُها).

واتە: زانایان یەکدەنگن لەسەرئەوە کە شتی کەوتوو (لقطة)، (شتێك کەوتبێ‌و لە خاوەنەکەی ون بووبێ)، ئەگەر شتێکی کەم بایەخ‌و کەم نەبێ‌و شتێك نەبێ کە نەمێنێتەوە، (بۆ وێنە: تەرەکارێك، کەسێك شوتییەك، کاڵەکێکی لێکەوتبێ، دۆزەرەوە ناتوانێ هەڵیگرێ)، (ئەگەر لەو شتانەبێ، کە بگونجێ بمێنێتەوەو نرخ‌و بەهایەکی هەبێ)، ماوەی ساڵێك دەناسێنرێ، لەو شوێنە کە کەوتوە، (یان لە شوێنێکی قەرەباڵغ، کەسێك ڕادەسپێرێ، یاخود بۆ خۆی دەڵێ: چ کەسێك شتێکی ئاوای لێ ون بووە، با نیشانەکانی هەڵبدات تاکو بیدەمینەوە، ئەگەر سەعاتە، ئەگەر پارەیە، ئەگەر هەر شتێکە، ماوەی ساڵێك پێویستە ماوە ماوە لەو شوێنە، یاخود لە شوێنێکی قەرەباڵغ کە خەڵکی لێ کۆدەبێتەوەو، مەزەندەی ئەوە دەکرێ کە خاوەنەکەی بەوێدا بێتەوە، ئەو

١) الجامع لأحكام القرآن، ج٩، ص١١٢.

شتە پێناســە دەکرێو، دەناسـێنرێ)[١]، هەروەها زانایـان یەکـدەنگن لەسـەر ئـەوە کە: ئەگـەر خاوەنەکـەی هاتـەوە، ئـەوە پێـی شایستەترە لـە هەڵگـرەوەکـەی (لـەو کەسـەی هەڵیگرتۆتـەوە)، بە مەرجێك هەڵگرەوەکـەی بۆی جێگیـربێو بسـەلمێ کە ئەو کەسـەی داوای دەکات، خاوەنەکەیـەتی، (نیشـانەکانی هـەڵبدات).

هەروەهـا زانایـان یەکـدەنگن کـە ئەگـەر هەڵگرەوەکـەی دوای ســاڵێك ئـەو شتەی خوارد {ئەگەر ئاژەڵو پەڕەوەر بوو، خواردی، ئەگەر پارەبوو خـەرجی کـرد هەر شتێك بـوو} و خاوەنەکـەی ویستی پێی ببژێـرێ، ئـەوە بـۆی هەیـە، ئنجـا ئەگەر کردبـووی بە خێر، خـاوەنەکـەی سـەرپشـك دەبێ لە نێوان ئەوەدا کە پێـی ببـژێرێ، یـانی: هـەمان شـتی بـۆ بێنێتـەوە (وێنـەی ئـەوە)، یـاخود نرخەکـەی بداتەوە، هـەر کامێکیانی هەڵبـژارد، ئەوە خاوەنەکەی بۆی هەیـە.

وە هەڵگرەوەکـەی بۆی نیە نەبیکـاتە خێـر، نـە هـیچ تەصـەڕووفێکـی تێدا بکات (مامەڵەیەکی پێبکـات) پێش ئەوەی سـاڵی بەسـەردا وەرسـووڕێ.

دیسان زانـایان لەسەر ئەوەش یەکدەنگـن کە مەڕی ون بـوو، {وشـەی (غـنم): بۆ بزنیش بەکاریان هێناوە}، مادام بابای هەڵگـرەوە مەترسیی لێی هەبـێ: {کە نەخۆشبـێ، یان گورگ بیخوا، یان بۆی بەخێـو نەکـرێ}، بۆی هەیە کە بیخـوات، (دوایش وەك گوتمـان: بۆ خاوەنەکـەی ببژێـرێ، ئەگـەر لـێی خـۆش نەبوو)[٢].

٧) - ﴿إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ﴾، ئـەوە هـەر قسـەی ئـەو قسـەکەرەیـانە، کـە ئێمـە ئەوەمــان هەڵبـژارد: بـرا گـەورەکەیان بـێ، دەڵـێ: ﴿إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ﴾، واتـە: ئەگەر ئێوە هەر ئەنجامدەری شتێکن لە دژی یوسـوف، ئەوە بکەن، واتـە: بیخـەنە بنی بیـرێکەوە.

دەڵـێ: {شَـرْطٌ حُـذِفَ جَوَابُـهُ لِدَلاَلَـةِ (وَأَلقُـوهُ) عليـه، أَي: إِنْ كُنْتُم فَـاعِلِينَ إِبْعَـادَهُ عَـن أَبيـهِ فَـأَلْقوه فِـي غَيَابَـاتِ الجُـبِّ وَلاَ تَقْتلـوهُ}، واتـە: ئـەوە مەرجێکـە وەڵامەکـەی لابـراوە چـونکە (وَأَلقُـوهُ) دەیگەیـەنێ، ئەگـەر ئێـوە دەتانـەوێ دووری

١) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست .

٢) نێوان کەوانەکان زیادەی خۆمە، بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەسـت .

بخەنەوە لە بـابی، ئەوە فڕێی بدەنــە تاریکـایی بیــرێکەوەو ڕاسـتەوخۆ مـەیکوژن بـەڵکو لەبیــرێکی باوێــن (بـۆ ئـەوەی کاروانچـیی بـێنو هەڵیگرنـەوە، ئێـوەش لـە دەستی دەربازتـان دەبـێو ئـەویش لەبـەین ناچـێو، ئێـوەش تووشـی ئـەو گوناهـە گــەورەیە نابــن)، هەڵبەتــە ﴿إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ﴾، لێشــی وەردەگیــرێ، یـانی: ئەگەر هەر سوورن لەسەر ئەوەی بیکـەن، واتە: لە ئەسڵدا ڕای هەر نـەبووە، واتـە: مەیکەن، بەڵام ئەگـەر هـەر سـوورن لەسـەر ئـەوەی شـتێك بکـەن، بـە لای کەمـەوە فڕێـی بدەنــە بیــرێکــەوە، نــەك بیـــابانێکی چۆڵەوانیـــی کــە بفەوتـــێ، یـاخود ڕاسـتەوخۆ بیکـوژن .

مەسـەلـەی چـوارەم : وتوێــژی دە کوڕەکانی یەعقووب لەگــەڵی دا، لــەبارەی ناردنـــی یوسـوفەوە بۆ دەشـــتو دەر بۆ یاریی‌و کەیـــف کردن‌و، پاساو هێنـــانەوەی بابیـان بەوەی کە ناتوانــێ لێـی دووربـێو دەترســێ گـورگ بیخـوات، ئنجـا وەڵامدانـەوەی کـوڕەکانی‌و دڵنیـا کــردنەوەیـان بۆی‌و ئیقناع کردنی بابیـــان:

وەك دەفەرموێ: ﴿ قَالُوا۟ يَٰٓأَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأْمَ۬نَّا عَلَىٰ يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُۥ لَنَٰصِحُونَ ﴿١١﴾ أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿١٢﴾ قَالَ إِنِّى لَيَحْزُنُنِىٓ أَن تَذْهَبُوا۟ بِهِۦ وَأَخَافُ أَن يَأْكُلَهُ ٱلذِّئْبُ وَأَنتُمْ عَنْهُ غَٰفِلُونَ ﴿١٣﴾ قَالُوا۟ لَئِنْ أَكَلَهُ ٱلذِّئْبُ وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّآ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ ﴿١٤﴾ ﴾.

شیکردنـەوەی ئـەم چوار ئایـەتـە، لە دە بـڕگـــەدا :

١) - ﴿ قَالُوا۟ يَٰٓأَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأْمَ۬نَّا عَلَىٰ يُوسُفَ ﴾، لێرەشـدا شـتێك قرتێنـــراوە، کـە سیاقەکە دەیگەیەنــێ، واتە: دوای ئەوەی دانیشتن، ڕاوێژیان کرد، پێشـێ دوو ڕایـان پێشنیار کردن، یان ڕاستەوخۆ بیکـوژن، یان فڕێی بدەنە بیابانێکی چۆڵـەوانیـــی، لــەوێ بمرێ، بەڵام دوایـی یەکێکـیان، کـە ئێمـە هەڵمـانبـــژارد: بـرا گەورەکـەیان بووە، پێشنیارێکیان بۆ دەکات، وەك (أهون الشرّين)، دەڵــێ: ئەگـەر هـەر سـوورن

لەسەر ئەوەی شتێکی لە دژ بکەن، بیخەنە بنـی بیـرێکەوە، بۆ ئەوەی کـاروانچـیی هەڵیبگـرنــەوە.

ئیدی دوای ئـەوەی لەســەر ئـەو ڕایـە پێکـدێن، دەچنــە لای بابیـان : ﴿ قَالُوا يَتَأَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأْمَنَّا عَلَى يُوسُفَ ﴾، گوتیـان: ئـەی بـابی خۆمـان! ئـەوە چیتــە، بۆچی بەرانبەر بـە یوسـوف لێمـان دڵنیـانیو بـە ئەمینـدارمان دانانێـی ؟ لێــرەدا ئەمە پرسیارکردنێکی نکووڵیی لێکـەرانەیە، واتە: چ شتێك وات لێدەکـات بۆچی بـە ئەمینـداری یوسـوفمان دانانێـی؟ یـانی: ئـەوە جۆرێکـە لـە گلـەیی کـردنو، جۆرێکیشـە لە ورووژاندنی بابیان کە بڵێ: ڕۆڵە گیان! من چۆن لێتـان ئەمیـن نیم، خۆ ئێــوە کوڕی خۆمن! ئاوا بۆ ئەوەی کە بیـورووژێنن، ئاوا پرسـیاریان لێکــردوە.

٢) - ﴿ وَإِنَّا لَهُ لَنَاصِحُونَ ﴾، واتە: ئەوە چیتـە؟ بۆچی ئێمە بە ئەمینداری یوسـوف دانـانێی، لێمـان دڵنیانــی، لـە حاڵێکیشـدا کـە ئێمـە بـە دڵنیاییــەوە بـۆ ئـەو زۆر دڵســۆزیـن ؟

لێــرەدا چــوار ئـامرازی جــەخت کردنــەومیان بەکارهێنــاون: (إِنَّـا، لَــهُ، لَــ، نَاصِحُون)، بێگومـان ئێمــە بۆ وی، ئنجـا بـە لامـی تەئکیـدو، هەندێکـیان دەڵـێن: لامی سوێند خـواردن، یان لامێکـە ڕێخۆشـکەرە بۆ سـوێند خواردن.

یـانی: ســوێند بـە خـوا ئێمـە بـۆ وی زۆر دڵســۆزین، بـە (اسـم فاعـل)یـش هێناویەتی، یـانی: سیفەتی دڵسـۆزیی بۆ یوسـوف لە ئێمەدا، شتێکی زۆر ڕۆچـوویە.

(نُصح)یش، زۆرجـار گوتوومــانە: (النُّصْحُ: إِرَادَةُ الخَيْرِ للمَنْصُوحِ)، بریتیــە لەوە کە ئەو کەســەی نوصـحەکەی ئاڕاسـتە دەکرێ، خێرو خۆشییو چاکـەی بـۆی بــوێ، ئەو (نُصح)ەش، دەگونجــێ لە قسـەدا یان لە کردەوەدا، بەرجەستـە ببــێ.

لێــرەدا دەبیــنین: ئــەو دە کــوڕەی یەعقــووب ﷺ، خــوا لێیــان خۆشبــێ، گلەییەکیان لێکردوە، کە ناهــەق بووە، لەســەر شـتێك کە یان نەبووە، کە بریتیـە لە دڵنیــانەبوونی لێیـان بەرانبەر بە یوسـوف، واتە: هەر گومان بـووە، یـاخود ئـەو دڵنیا نەبوونە لە بابیانـدا هـەبووە، بـەڵام هـەق بـووە، دوایـیش بۆیـان دەرکـەوتوە:

هەقی بووە، کە لێیان دڵنیـانەبووە، ئنجا ئەگەر نـەشـبووبـێ‌و گومـانی خراپیـان پـێ بردبـێ، ئـەوە هـەر شـتێکی خراپیـان کـردوە، ئەگـەر بابیـان لێشـیان دڵنیـا نەبووبـێ، ئـەوە گومانەکەی بابیـان‌و، دڵنیـا نەبوونەکەی بابیـان، لێیـان، بەرانبـەر بە یوسـوف، هـەق بووە، چونکە دوایی دەرکەوتوە کـە نیازیان بەرانبـەر یوسـوف خراپ بووە، بەڵکو کردەوەو ڕەفتـاریشـیان بەرانبـەری زۆر خـراپ بووە.

٣) - ئنجـا دوای ئـەوەی ئـاوا بابیـان دەورووژێـنن‌و جۆرێـك لـە گلەیـی لێدەکـەن، داوای لێدەکـەن، دەڵێن: ﴿ أَرۡسِلۡهُ مَعَنَا غَدٗا ﴾، بەیانی لەگەڵمان بینێـرە.

٤) - ﴿ يَرۡتَعۡ وَيَلۡعَبۡ ﴾، بخـوات‌و یـاریی بکـات، وشـەی: (رتـع) زیـاتر بـۆ ئـاژەڵ بەکـاردێ، ئەوەیـە کـە ئاژەڵەکـە ئەوەنـدە بخـوا لـە لەوەڕگەدا، هـەتا تێـر دەبـێ، دەڵـێ: (رتـع، أي: أقـام فـي خصـب وسـعة مـن الطّعـام)، یـانی: بـە کـەیفی خـۆی کەیفـێ بکات‌و، بخـوات، وەك چـۆن خەڵـك دەچێت بـۆ گەشـت‌و سـەیران، لـە حاڵـەتی گەشت‌و سـەیرانداو، ئەندازەیەکی زیـاتر بخـوات، لەوەی کە لە ماڵێـیە.

(وَيَلۡعَبۡ)، یاریی‌و گەمە بکات، بێت‌و بچێ، وشەی: (یرتـع)، خوێنـراویشـەتەوە: (یرتـعِ)، واتە: شـوانیی بکات لەگەڵمـان، ئاژەڵ بلەوەڕێنـێ.

هەروەهـا خوێنـراوەیشەتەوە: (نرتَـعْ) و (نَرتَـعِ)، واتە: هەمووومان پێکەوە کـەیف‌و سـەفا، یان: شـوانیی دەکـەین‌و مەڕ دەلـەوەڕێنـین.

هـەروەها (یلعب)یش، بە (نَلعَب)یش، خوێنـراوەتەوە، یـانی: هـەموومان پێکـەوە یـاریی دەکـەین.

قسـەیەك لـەبـارەی یـاریـی کـردنـەوە:

لێـرەدا زانایـان هەندێکیـان کێشـەیەکیان دروسـت کـردوە لەسـەر ئـەوەی: ئایـا یـاریی‌و گەمـە، کـەیف‌و سـەفا، چـونە دەشـت‌و دەر، ڕەوایـە یـان ڕەوانیـەیـە؟ کـە لەڕاسـتیـی دا من پێم وایە ئەسڵی پرسیارەکە لـە خۆیـدا شـتێکی سـەیرە! چونکـە: (الأَصْلُ فِي الأَشْيَاءِ الإِبَاحَة)، (الأَصْلُ فِي الأَشْيَاءِ العَفـو)، بناغـە لـە شـتەکاندا

بریتیـە لە ڕەوایی، بریتیە لە دەسـت کراوەیی، مەگـەر بەڵـگەیەك هەبـێ لەسـەر ئەوە کە ئەو شـتە، ئەو جۆرە هەڵسـوکەوتە، ناڕەوایـە.

چونکـە خوا ﷻ هەرچی لە بوونەوەردا هەیـە، بۆ مرۆڤی دروست کـردوە، وەك لـە سـووڕەتی (الجاثیـة)دا دەفـەرموێ : ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ ﴿١٣﴾ ﴾.

لـە سـووڕەتی (البقـرة)شـدا، دەفـەرموێ : ﴿ ... خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ... ﴿٢٩﴾ ﴾البقـرة .

کەواتـە: هەرچی هەیـە لـە بنچینـەدا بـۆ مرۆڤـ دروسـت کـراوە، بـۆ ئـەوەی مرۆڤـ لێـی بەهرەمەنـد بـێ، بۆیـە هـەر شـتێکی زۆر سـەیرە پرسـیار بکـرێ: ئایا دروسـتە مرۆڤـ بچێتـە دەر؟ دروسـتە مرۆڤـ کەیـفـو سـەفا بکـات؟ یـان بچێتـە گەشتو سـەیران؟

لەوبارەشـەوە ئەم فەرموودەیـە دێـنین، پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرموێ: {كُلُّ مَا يَلْهُـو بِـهِ الْمَـرْءُ الْمُسْـلِمُ، بَاطِـلٌ، إلاَّ رَمْيَـهُ بِقَوْسِـهِ، وَتَأْدِيبَـهُ فَرَسَـهُ، وَمُلاعَبَتَـهُ امْرَأَتَهُ}، {أَخْرَجَهُ الطيالسي برقم: (١٠٠٧)، وَأَحْمَد برقم: (١٧٣٣٨)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (١٦٣٧)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٨١١)، وَالحَاكِم برقم: (٢٤٦٧)، وَقَالَ: صَحِيح الإِسْنَاد، تعليق شعيب الأرنؤوط: حَدِيث حَسَن بطرقهِ وَشَوَاهِدِهِ} .

واتە: هـەر شـتێك کە پیـاوی مسوڵـمان پێیەوە دەخافڵـێ، پووچـە، مەگەر ئەوە کـە بـە تیـروکـەوانەکەی تیـردەهاوێو، مەشـق بـە ئەسـپەکەی دەکـاتو، لەگـەڵ خێـزانو هاوسـەرەکەی خۆیـدا یـارییو گەمـە دەکـات (ئەوانـە لـە هەقـن)، (واتـە: پاداشـتیان لـە بەرانبـەردا هەیـە، مەبەسـت ئەوەیـە، باتڵـیش ئەوەیـە پاداشـتی لـە بەرانبـەردا نەبـێ)، دیارە بـە قیـاس بـۆ سـەر ئەمانـەش: هـەر جـۆرە خـافڵانێکـی دیکـەی مرۆڤـ، کە سـوودێکی تێـدا هەبـێ: بۆ جەسـتەی، بۆ عەقڵـی، بـۆ نەفسـی، بـۆ خـۆیو مـاڵو خێـزانی، دیسـان بـە هـەقو ڕەوا دادەنـرێ، وەك لـەم فەرموودەیەدا دەبینـرێ:

{عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ حَامِلَ الْحُسَيْنِ بْنِ عَلِيٍّ عَلَى عَاتِقِهِ، فَقَالَ رَجُلٌ: نِعْمَ الْمَرْكَبُ رَكِبْتَ يَا غُلامُ! فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: وَنِعْمَ الرَّاكِبُ هُوَ}، {أخرجه الترمذي برقم: (٣٧٨٤) وَقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ لا نَعْرِفُهُ إِلاَّ مِنْ هَذَا الْوَجْهِ، وَزَمْعَةُ بْنُ صَالِحٍ قَدْ ضَعَّفَهُ بَعْضُ أَهْلِ الْحَدِيثِ مِنْ قِبَلِ حِفْظِهِ، وأخرجه أيضا الحاكم برقم: (٤٧٩٤) تعليق الذهبي فِي التلخيص: ليس بصحيح}.

واتە: عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ، حوسەینی كوڕی عەلی لەسەر شانی هەڵگرتبوو (لەسەر قەڵاندۆشی- وا پێدەچێ)، پیاوێكیش گوتی: ئەی كوڕیژگە! سواری باشترین شت بووی، (كە شانی پێغەمبەرە ﷺ)، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: ئەویش باشترین سوارە، (باشترین كەسە كە من هەڵم گرتبێ).

كە ئەوە مەدحێكی گەورەیە بۆ حوسەین خوا لێی ڕازی بێ، كەواتە: هەر جۆرە خافڵانێك و، هەرجۆرە هەڵسوكەوتێك، كە سوودو بەهرەیەكی تێدابێ، بۆ ماڵو منداڵ، بۆ خۆت، بۆ جەستە، بۆ ڕووح، بۆ عەقڵ، كە ببێتە هۆی بەهێزكردنی عەقڵو هۆشو شتێكی ڕەوابێ، ئەوە پاداشتی هەیە، ئنجا ئەگەر ئەوەش نەبێ مادام گوناهی تێدا نەبێ، ئەگەر پاداشتیشی نەبێ، بەڵام هەر شتێكی ڕەوایە، واتە كە دەفەرموێ: (باطل)، واتە: پاداشتی نیە، هەڵبەتە هەرشتێك كە سوودێكی نەبێ، بەڵێ پاداشتی نیە، بەڵام مانای ئەوە نیە كە گوناهیشت دەگاتێ.

٥) - ﴿وَإِنَّا لَهُۥ لَحَـٰفِظُونَ﴾، دوای ئەوەی پێی دەڵێن: بەیانی لەگەڵمان بینێرە، با بۆ خۆی كەیفو یاریی بكات، بێگومان دەشڵێن: ئێمەش بۆ وی پارێزەرین.

دووبارە لێرەدا چوار ئامرازی جەخت كردنەوەیان بەكارهێناون: (إِنَّا، لَهُ، لَـ، حَافِظُون)، بێگومان ئێمە بۆ وی بە جەخت كردنەوەوە، پارێزەرین، واتە: هیچ گومانت نەبێ، زۆر بە دڵنیایی، ئێمە هەموومان ئەو دەپارێزین.

سبحان الله!

هەر کەسێکت بینی زۆر جەختی لەسەر شتێك کردەوە، مەگەر چۆن، ئەگەرنا نیشانەیەکی پرسیاری بخە سەر، چونکە کەسێك لە خۆی ڕاببینێ و متمانەی بە قسەی خۆی هەبێ، پێویست بەوە ناکات زۆر سوێند بخواو زۆر جەخت بکاتەوەو داکۆکیی بکات! هەڵبەتە ئەوانیش ڕاستیان نەکرد، بۆی پارێزەر نەبوون.

٦) - ﴿ قَالَ إِنِّي لَيَحْزُنُنِيٓ أَن تَذْهَبُواْ بِهِۦ ﴾، یەعقووب گوتی: بێگومان ئەوە من خەمبار دەکا، دڵتەنگم دەکات کە ئێوە لەگەڵ خۆتانی ببەن، واتە: بردنی یوسوف دەبێتە مایەی دڵتەنگیی من، لێرەدا مەبەستی ئەوە بووە: بەهۆی ئەوەوە کە لێم دوور دەبێ، دڵتەنگ دەبم، یاخود مەترسیی لێی هەبووەو لە برایەکانی دڵنیا نەبووە، چونکە ئەوان دوایی کە دەڵێن: ﴿ مَا لَكَ لَا تَأْمَ۬نَّا عَلَىٰ يُوسُفَ ﴾، یەعقووب ﷺ، لە وەڵامیاندا ناکرێ شتێك بڵێ، وا نەبێ، ناکرێ شتێك بڵێ، باوەڕی پێنەبێ، بۆیە نەیفەرمووە: نەخێر، من بە ئەمیندارتان دادەنێم، کەواتە: دیارە لێیان دڵنیا نەبووە، هەقیشی بووە کە لێیان دڵنیا نەبووە، وەك باسمان کرد .

٧) - ﴿ وَأَخَافُ أَن يَأْكُلَهُ ٱلذِّئْبُ ﴾، هەروەها دەترسێم کە گورگ بیخوات .

لێرەدا وشەی (ٱلذِّئْبُ)، کە ئەلیفو لام (أل)ی لەسەرە، (التعريف للجنس، وهو هنا مرادٌ به غير معين من نوع الذئب) دیارە مەبەستی ئەوەیە گورگ بەگشتی، نەك گورگێکی دیاریکراو .

٨) - ﴿ وَأَنتُمْ عَنْهُ غَٰفِلُونَ ﴾، لە حاڵێکدا کە ئێوە لێی بێئاگان، یانی: بەهۆی بێئاگاییتانەوە، گورگ بیخوات، واتە: وا تێمەگەن: من پێم وایە کە ئێوە ناتوانن یوسوف بپارێزن، دەتوانن بیپارێزن، بەڵام دەترسم لێی بێئاگاببن و گورگ بیخوا .

لێرەدا یەعقووب ﷺ دوو پاساوان دێنێتەوە، بۆ ئەوەی یوسوف لەگەڵ خۆیان نەبەن :

یەکەم : دڵتەنگیی بەهۆی دووریی و دوورکەوتنەوەیەوە.

دووەم : ئەوە کە بە گورگان خواردوو بچێ.

٩) - ﴿ قَالُواْ لَئِنۡ أَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُ وَنَحۡنُ عُصۡبَةٌ ﴾، گوتیـــان: ئەگـــەر گـــورگ بیخـــواو ئێمـــەش دەســـتەیەك پیـاوین، (عُصۡبَةٌ)، واتـە: کۆمەڵە پیاوێـك، وەك پێشـتـر گوتمان لە (سێ)وە تاکـو (دە)، هەنـدێکیش گوتوویانـە: لـە (دە)وە تـاکـو (چـل)، هەندێکیش گوتوویانە: لە (سـێ)وە تـاکو (حەوت)، بـەڵام گـرنگ ئەومیە ئەوان دە کەس بـوونو، بـە هـەموو واتایـەکان، عوصـبەیەك بـوون، واتـە: دەسـتە پیـــاوی بەهێـــزو پێـــزو تۆکمـــەو دامـــەزراوبوون، ئنجـــا (عُصْبة)، وشـــەی (عصابة)شـی بۆ بەکـاردێ .

شـــارەزایانی زمـان دەڵـــێن: ڕسـتەی: (قَالُواْ لَئِنۡ)، ئـەو (ل)ە، (اللاّمُ مُوَطِّئَةٌ للقَسَمِ)، ڕێخۆشـکەرە بۆ سـوێند، واتە: سـوێند بە خوا، ئەگەر گورگ بیخوات، لە حاڵێکدا کە ئێمـە دەسـتە پیاوێکی تۆکمـەو دامەزراویـن .

١٠) - ﴿إِنَّآ إِذٗا لَّخَٰسِرُونَ ﴾، لێرەشـدا دووبارە چـوار ئـامرازی جەخـت کردنەوەو داکۆکییکردنیان بەکارهێنـاون: (إنا، إذاً (الجوابية)، لـ، خاسـرون)، هەڵبەتە لێرەدا مەبەسـت لە (خسـران)، بریتیە لە: (إنتفـاء نَفْع يُتَوقَّعُ مـن الرِّجـال)، لاچوونـی سـوودێکە لە پیـاوان چـاوەڕێ دەکرێ، سوودێك کە لە پیاوان چـاوەڕێ دەکـرێ، چییـە؟ بریتیـە لە هێزو پێـزی توند، بە جۆرێك شتێك کـە پێیـان دەسپێردرێ، بیپارێزنو، خاوەنی قسەی خۆیان بن، یانی ئێمە کۆمەڵە پیـاوێکی فاشـیلو هـیچ لەبارانـدا نەبووین، ئەگـەر لە پەنای ئێمەدا گـورگ یوسـوف بخـوات، کـە دیـارە ڕاستیشـــیان کـرد، بـە دڵنیاییـەوە زیانبـار بـوون، ئـەو سـوودەی کـە بابیـان لێـی چـاوەڕێ دەکـردن، نەیـانهـێنایە دی .

مەســـەلەی پێنجـەم : بردنیـــان بـۆ یوســوفو، کـۆبوونـیان لەســەر بڕیــاری فڕێـدانە بنـی بیـریو، ئیلهـامـکردنی خـواش بۆ یوسـوف کە دەربـازی دەبـێو، ئەو ڕەفـتارە وەبیـر برایەکـانی دێنـێتـەوە، لە کـاتێـکـدا کە هەسـت ناکـەن:

وەك دەفـــەرموێ: ﴿ فَلَمَّا ذَهَبُواْ بِهِۦ وَأَجۡمَعُوٓاْ أَن يَجۡعَلُوهُ فِي غَيَٰبَتِ ٱلۡجُبِّۚ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمۡرِهِمۡ هَٰذَا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿١٥﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە بەپێزە لە سێ بڕگەدا :

١) - ﴿ فَلَمَّا ذَهَبُواْ بِهِۦ ﴾، دوای ئەوەی بردیان .

وەك پێشتریش گوتم: لێرەدا چەند قسەیەك قرتێنراون كە بەهۆی سیاقەوە، دەزانرێن، واتە: دوای ئەوەی خۆیان پێچایەوە، ئنجا بابیان قەناعەت پێهێنا، لە هەندێك تەفسیرەكاندا دەڵێ: بابیان ماوەیەك لەگەڵیاندا ڕۆیشتو هەرچاوی لە یوسوف بوو، چاوی لە دوایانەوە بوو، دڵی خەبەری داوە كە تازە یوسوف بە گچكەیی نابینێتەوە، بە پێی هەندێك ڕیوایەتان دەڵێ: چل (٤٠) ساڵی بەین بووە، كە دوایی یوسوفیان لە میسر بینیوەتەوە .

٢) - ﴿ وَأَجْمَعُوٓاْ أَن يَجْعَلُوهُ فِى غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ ﴾، هەروەها كۆبوون لەسەر ئەوە كە بیخەنە نێو تاریكایی بیرەكەوە، یاخود پەنهانی بیرەكەوە، چونكە هەندێ لە زانایان گوتوویانە: (غیابَة)، یان (غیابات)، كە بە هەردووكیان خوێندراوەتەوە: (غیابت الجب)، یان (غیابات الجب)، كاتی خۆی كە بیریان هەڵكەندوە، لە بنی بنەوەی، پێش ئەوەی بگاتە ئاوەكە، ئەو لاو لایان كۆڵیوە، بۆ ئەوەی ئەگەر كەسێك بیەوێ ئاو هەڵێنجێ، لەو پەنایەدا دابنیشێو دۆڵچەكە پڕبكا.

هەندێكیش گوتوویانە: (غیابَة)، یان (غیابات)، هەر بە بنی بیرەكە دەگوترێ، لەبەرئەوەی كە تاریكەو نابینرێ، پێشتریش گوتمان: (غِیَابَة أي شيءٍ، ما لا تُبْصِرُهُ العَیْن)، غیابەتی هەر شتێك ئەوەیە كە چاو نایبینێ، واتە: بنەوەی كە قووڵەو تاریكەو نابینرێ .

ئنجا كە دەفەرموێ: ﴿ وَأَجْمَعُوٓاْ ﴾، یانی: (اتَّخَذُوا قَرَارَهُمْ جَمِیعًا) تێكڕا بڕیاریاندا، (أجمعوا)، هەم بە مانای بڕیاریانداو دڵیان لەسەر چەسپاند، دێ، هەم بە مانای ئەوە كە هەموویان كۆك بوون لەسەر ئەو بڕیارە .

لێرەدا شتێك قرتێنراوە كە بە لێوردبوونەوە دەزانرێ: دوای ئەوەی كە بڕیارياندا بیخەنە تاریكایی بیرەكەوە، بنی بیرەكەوەو، ئەوەیان كرد كە بڕیاریان لەسەردا : (وَفَعَلُوا ما أَجمَعُوا عَلَیْهِ).

٣) - ﴿ وَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمْرِهِمْ هَٰذَا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴾، ئیدی سروشمان بۆ کرد، دیـارە کە مەبەست پێی یوسوفە، واتە: سروشمان بۆ یوسوف کرد کە : بێگومان {بە لام (ل)ی تەئکید، بە نـوون(ن)ی تەئکیـد} ، دڵنیــابە تـۆ هـەواڵـیان پێـدەدەی بەو کارەیان، بەو ڕەفتـارەیان، کە ئێستا لەگەڵ تۆدا کردیـان، ﴿ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴾، لە حاڵێکدا کە ئەوان هەست ناکـەن .

ئنجا ئایـا لـێرەدا کە دەفـەرموێ: ﴿ وَأَوْحَيْنَآ ﴾، مەبەسـت پێی چییـە؟!

ئێمـە پێشتـریش لـە سـووڕەتی (یـونس)دا، باسـێکی تایبـەتمان کـرد دەربـارەی وەحیـی، یـەکێك لـە مانایەکـانی وەحیـی، بریتیــە لـە ئیلهـام، خـوای پەروەردگـار تەنانەت بۆ هـەنگ دەفەرموێ: ﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ ...﴿٦٨﴾ ﴾النحل، پەروەردگـارت وەحیی کرد بۆ هـەنگ، کە مەبەسـت پێی ئەو فـێرکردنـە غـەریزییـەیـە کە خـوا هــەنگــی وا ڕاهێنــاوە: شـیلەی گوڵان بمـژێو هەنگوین دروسـت بکـات .

کەواتـە: ﴿ وَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِ ﴾، دەگونجــێ مانایەکـەی: (أَلْهَمْنَا إِلَيْهِ)بـێ، واتــە: خورپەمان خستە دڵیەوە، واتایەکی دیکـەی ئەوەیە کە خوا فریشـتەیەکی نــاردبێ لە شێوەی پیاوێکـدا خۆی پێشـان دابــێو گوتبــی: یوسـوف! مـن فریشـتەیەکم لـە لایەن خـواوە هـاتووم، ئاگــادارت بکەمـەوەو دڵنیـات بکــەمەوە، کـاتێك دێ تـۆ ئـەو ڕەفتـارە نالـەبارە بیـری برایەکانت دەخەیـەوە، بێ ئـەوەی ئەوان هەستی پێبکـەن.

کە دەفـەرموێ: ﴿ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمْرِهِمْ هَٰذَا ﴾، یانی: هـەواڵی ئەم ڕەفتارە، ئەم کارە خراپە کە لەگەڵ تۆیاندا کرد، پێیان دەدەی، ﴿ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴾، واتە: لەوکاتەدا کە تۆ ئەو شـتەیان پێ دەڵێیەوە، ناتناسنەوەو هەست ناکەن کە تـۆ برایـانی، ئەمـەیش هەڵبەتــە هاتــە دی، کە لـە ســووڕەتی (یوسـف)، ئایـەتی (٨٩)دا، خـوا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ هَلْ عَلِمْتُم مَّا فَعَلْتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنتُمْ جَٰهِلُونَ ﴾، واتە: پێی گـوتن: ئایـا دەزانن وەبیــرتان دێتـەوە، ئەوەی کە کردتـان بە یوسـوفـو بە برایەکـەی، لـە

کاتێکدا کە ئێوە نەفام بوون؟ کە ئەوە جۆرێك لە پۆزش هێنانەوەشە بۆیان، واتە: ئێوە ئەو کاتە نەفامو نەزان بوون، ئەگەرنا ئەو کارەتان نەدەکرد .

کەواتە: یەکسانە: خوای زاناو توانا لەو کاتەدا، چ وەحیی بۆ کردبێ، بە مانا زاراوەییەکەی وەحیی، واتە: فریشتەیەکی نارد بێ، یاخود وەك خورپەیەك خستبێتیە دڵیەوەو ئیلهامی بۆ کردبێ‌و بەرچاو ڕوونییەکی دابێتێ، بە شێوەیەك لە شێوەکان، ئەمە لە هەردوو حاڵەتدا دڵنیاکردنەوەی خوا بووە بۆ یوسوف ﷺ کە لەو بیرەدا نافەوتێ‌و، چاویشت بە برایەکانت دەکەوێتەوەو، هەواڵیشیان پێ دەدەی‌و، ئەو شتەشیان دەخەیەوە بیر، لە حاڵێکدا کە ئەوان تۆ ناناسن، ئنجا بە دڵنیاییەوە ئەوەی خوا فەرمووی، لە ئایەتی (٨٩)دا باسکراوە، کە ڕێك خوا چۆنی فەرمووە، بەو شێوەیە هاتۆتە دی .

مەسەلەی شەشەم : لە شەوداو بە گریانەوە گەڕانەوەی کوڕەکانی یەعقووب بۆ لای‌و، هەواڵ پێدانی کە لە کاتی پێشبڕکەو غارغارێندا (بە ئەسپەکانیان، یان بە حوشترەکانیان)، یوسوفیان لە لای کەل‌و پەلەکەیان جێهێشتوەو، گورگ هاتوەو خواردوویەتی‌و، تێهەڵسونی خوێنی درۆش لە کراسەکەی :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ وَجَآءُوٓ أَبَاهُمۡ عِشَآءٗ يَبۡكُونَ ١٦ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّا ذَهَبۡنَا نَسۡتَبِقُ وَتَرَكۡنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَٰعِنَا فَأَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُۖ وَمَآ أَنتَ بِمُؤۡمِنٖ لَّنَا وَلَوۡ كُنَّا صَٰدِقِينَ ١٧ وَجَآءُو عَلَىٰ قَمِيصِهِۦ بِدَمٖ كَذِبٖۚ قَالَ بَلۡ سَوَّلَتۡ لَكُمۡ أَنفُسُكُمۡ أَمۡرٗاۖ فَصَبۡرٞ جَمِيلٞۖ وَٱللَّهُ ٱلۡمُسۡتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ١٨ ﴾.

توێژینەوەو شیکردنەوەی ئەم سێ ئایەتە بەپێزە لە حەوت بڕگەدا :

١) - ﴿ وَجَآءُوٓ أَبَاهُمۡ عِشَآءٗ ﴾، دەمەو خەوتنان هاتنەوە بۆ لای بابیان، (العِشَاءُ: وَقْت غَيْبُوبَة الشَّفَق البَاقِي مِنْ بَقَايَا شعاع الشَّمْس بَعْدَ غُرُوبِهَا) (عِشَاءْ)، ئەو کاتەیە کە سوورایيەك کە لە تیشکی خۆر پەیدا دەبێ، دوای ئەوەی کە خۆر

ئاوا دەبێ، ئەو سـوورایيە نامێنـێ، پێی دەگـوترێ: (عِشَـاء)، واتـە: لـە تاریکـایی شـەودا، دوای خەوتنـان هـاتنەوە بۆ لای بابیـان .

٢) - ﴿يَبۡكُونَ﴾، واتە: بە گریانەوە، جارێ بۆیە بە شـەوێ گـەڕاونەوە، چـونکە بە شـەو ڕووخسـاری مرۆڤ جوان دیار نابێ، بە تایبەتی ئەوکاتـە کە دیارە هۆکارو ئامرازەکانی ڕووناك کردنەوە: چراو فانۆس‌و گڵۆپ‌و ئـەوەی کە ئێســتا هەیـە بـە دڵنیاییـەوە، ئـەو کاتــە نـەبووە، بـۆ ئـەوەی ڕووخسـارو ڕوویـان دیـارنەبـێ‌و بشـاردرێتەوە لـە بابیـــان، تاکــو ئـەو درۆو دەلەسـەیەی کە ڕێکـی دەخـەن، بـاش بەسـەر ئەندامــەکانیان‌و ڕووخســاریانەوە، دیــار نەبــێ‌و بابیــان بــە ڕوونیــی نەیخـوێنێتەوە، هەرچەنـدە بابیان هەر پێشـتـریش زانیـویەتی کە ڕاسـت ناکـەن .

ئنجا ﴿يَبۡكُونَ﴾، واتە: دەگریــان، دیــارە بــە (فعـل الـمضارع)، هێناویـەتی یانی: بەردەوام دەگریــان، یان بۆ ئەوەی وێنەکـەمان بخـاتـە بەرچـاو، کــە ئـــەوە بە گریانــەوە هــاتوونەوە لای بابیـان .

سبحان الله !

دیـــارە ئـەو کوڕانـە زۆر هونەرمەنـد بـوون لـەوەدا کـە گریـان بێننـە خۆیـان! (بُكـاء)، هەیـەو (تَبـاكـي)، (بُكـاء)، ئەوەیـە کـە مـرۆڤ بـۆ خـۆی بـە هانـدەرێکی دەروونی بگری، (تَباكـي)، ئەوەیە کە خۆی بگریەنـێ، کە بـە دڵنیاییـەوە هـەموو کـەس نـاتوانێ خـۆی بگریــەنێ، دیـارە ئـەو کــوڕانە هونەرمەنــد بـوون لـەوەدا، مەرجیش نیە هەمووشیان وابووبن، بـەڵام گـرنگ ئەوەیـە کە بـە گشتی حاڵەتی گریانیان هــەبووە، جا زانایـان دەڵێـن: ئەوە بەڵگـەیە لەسەر ئـەوەی کـە گریـانی کەسێك بەڵگە نیە لەسەر ئەوە کە ڕاسـت دەکات، چونکە ڕێـی تێدەچێ کـە ئـەوە بە (تَكَلُّف) و (تَصَنُّع)، گریانی هێنابێتــە خـۆی، هـەر بۆیــە لەوبـارەوە عــەرەب دەڵــێن: (دُمُـوعُ الفَاجِـرِ بِيَدَيْـهِ)، فرمێســکەکانی مرۆڤـی خــەتاکارو تاوانبــار بەدەســت خۆیـنـی .

٣) - ﴿قَالُواْ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّا ذَهَبۡنَا نَسۡتَبِقُ﴾، گوتیــان: ئــەی بابــی خۆمـــان! ئێمـــە ڕۆیشــتین پێشــبڕکەمــان دەکــرد.

(نَسْـتَبِق: إفْتِعَـال مِـنَ السَّبْقِ وَهُـوَ هُنَـا بِمَعْنَـى التَّسَـابُق)، (نَسْـتَبِق) لەسـەر کێشی (إفْتِـعَال)ە، کە مەبەسـت پێی پێشـبـڕکێو غارغـارێنە بـە وڵاخەکانیـان، ئنجا ئەگەر ئەسپ بوون، ئێسـتـر بوون، حوشـتـر بوون، گوێدرێـژ بـوون، گـرنگ ئەوەیـە پێشـبـڕکـێیان پێکـردوون، واتـە: لـە حاڵێکـدا کـە ئێمــە پێشـبــڕکێو غـارغـارێنمـان دەکـرد .

٤) - ﴿ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَـٰعِنَا ﴾، یوســوفمان لــەلای کــەلو پەلەکــانمان بەجێهێشتبوو، دیـارە لەبەر ئەوەی گچکـە بووە، نەیتوانیوە ڕمبازێنو غـارغـارێنو پێشـبـڕکە بکـات، گوتوویانە: ئاگات لە کەلوپەلەکان بـێ، (الـمَتَـاعُ: مَـا يُتَمتَّـعُ بـه والـمُرَادُ هُنَا ثِقَالَـةٌ مِنَ الثياب والآنية والـذهب)، (متــاع): هـەر شـتێکە کـە کاتی لەگەڵ بگوزەرێنـرێو سوودو بەهرەی لـێ وەربگیـرێ، لێرەدا مەبەسـت پێـی ئـەو شـتـە قورسـانەیە کە نەیانــتوانیوە لەگـەڵ خۆیانیــان بـەرن، لــە جلو بـەرگـو قـاپو قاچـاغو زادو زەخیـرەو توێشـوو، کە پێیـان بووە.

٥) - ﴿ فَأَكَلَهُ ٱلذِّئْبُ ﴾، گـورگ خـواردی، وەك پێشتــر گوتمـان: (أل) ئەلیـفو لامـی ســەر (ٱلذِّئْبُ)، بـۆ جینســە، واتـە: جینسـی گـورگ، نـەك مەبەســت پێـی گورگـێکی دیـارییکـراو بـێ.

باسێك لە بارەی پێشبڕكە (مسابقە)وە

فەرموودەیەكـی پێغـەمبەر ﷺ لـەوبارەوە هەیـە كـە دەفـەرموێ: {لا سَبَقَ إلاّ فِـي خُـفٍّ أَوْ نَصْـلٍ أَوْ حَـافِرٍ}، {أَخْرَجَـهُ أَحْمَـد بـرقم: (٧٤٧٦)، وَأَبُـو دَاوُدَ بـرقم: (٢٥٧٤)، وَالتِّرمِذِي برقم: (١٧٠٠) وَقَالَ: حَسَنٌ، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٣٥٨٩)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٨٧٨) وصححه الألباني}.

واتـە: دروسـت نیـە پێشـبـڕكە بكرێ، مەگـەر بـە حوشتـر، یاخــود بـە تیـر (تیـرئەندازی)، یـاخود بـە یـەك سـم، (واتـە: ولأخەبـەرزە)، واتــە: تـەنیا لەوانـەدا دەكـرێ، هەڵبەتـە ئەوكاتـە بـە گشتی ئەوانـە هـەبوون پێشبـڕكەیان پێبكـرێ، یـان تیـرئەندازیی بووە، یان بـە سـواری حوشتـر غـارغـارێنیان كـردوە، یـان بـە سواری ئەسـپو یـەك سـەمو ئەوانـە بـووە، ئەگــەرنا مەبەسـت ئەوەنیـە كـە بـە غـەیـری حوشتـرو ولأخـەبـەرزە، پێشبـڕكە دروسـت نەبێ، ئێستا بە سەیارە، بە فڕۆكە، بە ماتۆڕو پاسكیل، بە كەشتیىو بـە بەلـەم، بـە دڵنیاییـەوە ئـەو ئامڕازانـە ئـەو كاتـە نەبــوون، پێغەمبــەر ﷺ ئــەو چــەند نموونــەی هێنــاونەوە، بـۆ ئــەوەی شـتی دیكەشـیان قیـاس بكرێتە سـەر، كە دوایی پەیدادەبن .

ئنجـا لێــرەدا (قُرطُبي) دەڵــێ: {وَقَدْ زَادَ أُبـو البُخْـتري القَاضِــي فِـي حَدِيـث الخفّ والحـافر والنصـل (أَوْ جَنَـاحٍ) وَهِـيَ لَفْظَـة وَضَعَهَا للرشِـيد، فَتَـرَكَ العُلَمَـاء حَدِيثَهُ لِذَلِكَ وَلِغَيْره مِنْ موضُـوعاته، فلا يكتب العُلَمَاء حَديثـه بحَـال}[1].

واتە: قـازی ئەبـولبوختـوریی (دیارە یەكێك بووە لەو جـۆرە بە نــاو زانایانـەی كـە لـە دەوری دەســەڵاتدارانن‌و شــتیان بـۆ ڕەشـەرع دێخـن‌و، فتـوای هەڵـەیان بـۆ دەدەن‌و، بــە هـــەوای وان هـەڵدەپــەڕن)، وشــەی (أو جنــاح)ی خسـتە گـەڵ ئــەو فەرموودەیــە (لا سَبَقَ إلاّ فِي خُـفٍّ أَوْ نَصْـلٍ أَوْ حَـافِرٍ)، ئەو ئەوەشی بۆ زیــاد كـرد

١) الجامع لأحكام القرآن، ج٩، ص١٢١.

(أو جَناحٍ)، واتە: خاوەن باڵ، دەڵێ: لەبەر ئەوەی هارووونە ڕەشید کۆتری هەبوون، پێی خۆش بووە کە پێشبڕکە بە کۆتران بکات، ئەویش هەڵسا ئەم (جناحٍ)ەشی بۆ هارووونە ڕەشید زیاد کرد، لەبەر ئەوە زانایان ئەو فەرموودانەی کە ئەو کابرایە (قاضي أبو البختري) گێڕاونیەوە، وازیان لێهێناون، لەبەر ئەوەو لەبەر ئەوەی شتی دیکەشی هەڵبەستوە، هەر بۆیە زانایان بە هیچ شێوەیەك ڕیوایەتەکانی ئەویان نەنووسیون، بەڵکو من لە سەرچاوەی دیکەدا خوێندوومەتەوە کە هارووونە ڕەشید دوای ئەوەی کە ئەبول بوختوریی ڕۆیی، زانی کە لەبەر وی دەستکاریی ئەو حەدیسەی کردوە گوتی: بێنن ئەو کۆترانە هەموویان سەربڕن، چونکە بەهۆی ئەو کۆترانەی منەوە بوو کە ئەو کابرایە دەستکاریی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺی کرد، ئیدی هەموو کۆترەکانی سەربڕی، کە دیارە لەو هەڵوێستەدا، هارووونە ڕەشید لە قازییەکە مسوڵمانترو لە خواترستر بووەو، زیاتر سوور بووە لەسەر ئەوەی دین تێکنەدرێو وەك خۆی بهێڵدرێتەوە.

هەر لە بارەی پێشبڕکەوە، ئەم فەرموودەیەش هەیە: {عَنْ أَنَسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ كَانَ لِلنَّبِيِّ ﷺ نَاقَةٌ تُسَمَّى الْعَضْبَاءَ لاَ تُسْبَقُ، فَجَاءَ أَعْرَابِيٌّ عَلَى قَعُودٍ فَسَبَقَهَا، فَشَقَّ ذَلِكَ عَلَى الْمُسْلِمِينَ حَتَّى عَرَفَهُ، فَقَالَ: حَقٌّ عَلَى اللهِ أَنْ لا يَرْتَفِعَ شَيْءٌ مِنَ الدُّنْيَا إِلاَّ وَضَعَهُ}، {أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٦٥٠١)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٤٨٠٥)، وَالنَّسَائِيُّ في الكبرى برقم: (٤٤٣٣)}.

واتە: ئەنەس خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ حوشترە مێیەکی هەبوو پێی دەگوترا: (عَضْبَاء) کە هیچ حوشترێك پێشی نەدەکەوتەوە، زۆر خێرا بوو، عەرەبێکی خێڵەکیی هات سواری حوشترێك بوو کە بە کەڵکی سواریی دەهات، (چونکە هەموو حوشترێك بە کەڵکی سواریی نایە)و، پێشبڕکەی کرد لەگەڵ ئەو حوشترەی پێغەمبەردا ﷺو پێشی کەوتەوە، ئەوەش لەسەر مسوڵمانان قورس بوو، هەتا پێغەمبەر ﷺ هەستی پێکرد (کە پێیان ناخۆش بوو)، بۆیە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەوە هەقێکە لەسەر خوا، (واتە: خوای دادگەر ویستی وایە) کە هیچ شتێك بەرز نابێتەوە لە دنیادا، مەگەر نزمی دەکاتەوە.

یـانی: ئـەو حوشـتـرەی مـن لەبـەر ئـەوەی پێتانـوابوو هـیچ حوشـتـرێك پێشی ناکەوێتەوە، حوشـتـری ئەو عەرەبە خێڵـەکییـە هـاتو پێشـی کەوتـەوە، چـونکە نابـێ هـیچ شـتێك بـەرزیی رەهـاو پێشکەوتنەوەی رەهای هـەبـێ، دروسـتکراوەکان هەموویان لە ئاستی یەکدان، ئەو پێشی ئەو دەکـەوێ، ئـەو پێشـی ئـەو دەکەوێتـەوە، بەرزیـی رەهـا تەنیا بۆ خوای بـەرزو بـێ وێنـەیـە .

٦) - ﴿ وَمَآ أَنتَ بِمُؤۡمِنٖ لَّنَا وَلَوۡ كُنَّا صَٰدِقِينَ ﴾، تـۆش بـۆ ئێمـە بـە راسـت دانـەر نـی، هەرچـەندە راستگۆش بیـن.

(أبـو جعفـر الطـبري)[1] دەڵـێ: ئـەو رسـتەیە دوو مانـای هەڵـە دەگەیەنـێ: کـە مەبەسـت نیـن :

یەکـــەم: ﴿ وَمَآ أَنتَ بِمُؤۡمِنٖ لَّنَا وَلَوۡ كُنَّا صَٰدِقِينَ ﴾، ئێمـە ئەگـەر لـە راسـتانیش بین تۆ بڕوامان پـێ ناکەی، واتـە: بـەڵام ئێمـە لـە درۆزنـانین، کـە بـە دڵنیاییـەوە مەبەسـتیان ئـەوە نەبـووە، واتـە: ئـەم مانایـە هەرچـەندە رواڵـەتی رسـتەکە دەیگەیـەنێ، بەڵام مەبەسـت نیە لێـرەدا.

دووەم : ﴿ وَمَآ أَنتَ بِمُؤۡمِنٖ لَّنَا وَلَوۡ كُنَّا صَٰدِقِينَ ﴾، واتـــە: ئەگـــەر ئێمـــە لەگەڵێشـتدا راسـت بکـەین، تـۆ هـەر بـە راسـتمان دانـانێی، کـە ئەمـەش لێـرەدا مەبەسـت نیـە، چـونکە بـە دڵنیـاییەوە، ئەگـەر ئـەوان لەگـەڵ بابیـان راسـتیان کردبایە، بابیـان بە راسـتی دادەنـان.

ئەدی مەبەسـت چییـە؟ مەبەسـت پێـی ئـەو مانایەیە: (وَمَا أَنْتَ تُصَدِّقنا وَلَو كُنَّا مِنْ أَهْـلِ الصِّدْقِ الَّذِينَ لا يُتَّهمُونَ، لِسُوء ظَنِّـكَ بنَـا)، تـۆ ئێمـە بەراسـت دانـانێی، هەرچـەندە ئێمـە خـاوەن راسـتییەك بـین کـە تۆمەتبـاریش ناکرێیـن، چونکـە تۆ گومـانی خراپمـان پـێ دەبـەی.

---

١) جامع البيان ج٧، ص١٧١، رقم: ١٨٧٦٢.

هەڵبەتە لێرەدا ئەو پەندە عەرەبییەیان بەسەردا دەچەسپێ، كە دەڵێ: (يَكَادُ المُرِيبُ أَنْ يَقُولُ: خُذُونِي)، بابای گومانلێكراو خەریكە بڵێ: وەرن بمگرن، من ئەو خراپەیەم كردوە، ئنجا دزییە، خراپەیە، هەر شتێك هەیە، ئەوانیش هەر لەڕێوە گوتوویانە: تۆ ئێمە بە ڕاست دانانێی، ئەگەر ئێمە خاوەنی ڕاستییش بین، بۆچی؟ چونكە لە قووڵایی نەفسی خۆیاندا زانیویانە كە درۆ لەگەڵ بابیان دەكەنو، بابیشیان وا بە ئاسانیی كڵاوی ناچێتە سەر، هەموو پێغەمبەران (عَلَيْهِم الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) لە لووتكەی هۆشیاریی‌و عەقڵ‌و شارەزایی‌و بلیمەتیی‌و زیرەكیی دابوون، بەڵام زۆرجار نەجابەت‌و نەزاكەت‌و ئەدەبی پێغەمبەران (عَلَيْهِم الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، ناچاری كردوون شتێك كە دەشزانن وانیە، خۆی لێ بێدەنگ بكەن، یان پشت گوێی بخەن، یان چاوپۆشیی لێبكەن، بەرانبەرەكەشیان كە لە هەمبانەی خۆیدا گوێزی ژماردوە، وایزانیوە ئەو پێغەمبەرە سادەیەو، توانیویانە فێڵی لێبكەن‌و هەڵی خەڵەتێنن .

٧) - ﴿ وَجَآءُو عَلَىٰ قَمِيصِهِۦ بِدَمٍ كَذِبٍ ﴾، خوێنێكی درۆشیان لە كراسەكەی هەڵسوو، لێرەدا دەڵێ: (وُصِفَ الدَّم بالكَذِبِ، وَصْفَ المَصْدَرِ، وَالمَصْدَرُ هُنَا بِمَعْنَى المَفْعُول، كَالخَلْق بمَعْنَى المَخْلُوق، أَي: مَكْذُوبٍ، كَوْنُهُ دَم يُوسُف ﷺ، إِذْ هُوَ دَم جَدي فَهُوَ دَم حَقّاً، لَكِنَّهُ لَيْسَ الدم المَزْعُوم)، واتە: خوێنێك كە درۆی تێدا كراوە .

وشەی (دَم)، لێرەدا كە بە (كَذِبٍ) - كە چاوگە - وەسف كراوە، لێرەدا ئەو چاوگە مەبەست پێی (مَفعول)ە، یانی: (دمٍ مَكذُوبٍ)، وەك: (خَلْق)، بە مانای (مَخْلُوق) دێ، واتە: دروست كراو، بۆچی؟ چونكە ئەو خوێنە درۆ بووەو نەدەبوو بڵێن: خوێنی یوسوفە، خوێنی كارێلەیەك بوو، یاخود بەرخۆڵەیەك بووە، سەریان بڕیوە، واتە: خوێن بووە، بەڵام ئەو خوێنە نەبووە كە ئەوان گوتوویانە: كە خوێنی یوسوفە، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ بِدَمٍ كَذِبٍ ﴾، خوێنێكی درۆ .

مەسەلەی حەوتەمو کۆتایی: وەڵامدانەوەی یەعقووب بەوە کە: نەفستان کردەوەیەکی بۆ جوان کردوونو ئەنجامتان داوە، منیش بە جوانیی خۆم ڕادەگرم، پەناش بە خوا دەگرم لە بەرانبەر قسەکانتاندا:

چەند بە نەزاکەتو ئەدەبو وشەی جوان، وەڵامی ئەو هەڵوێستە خراپەی کوڕەکانی دەداتەوە!

﴿ وَجَآءُو عَلَىٰ قَمِيصِهِۦ بِدَمٍ كَذِبٍۚ قَالَ بَلۡ سَوَّلَتۡ لَكُمۡ أَنفُسُكُمۡ أَمۡرٗاۖ فَصَبۡرٞ جَمِيلٞۖ وَٱللَّهُ ٱلۡمُسۡتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ١٨ ﴾.

لە سێ بڕگەدا، ئەو وەڵامەی یەعقووب دەخەینەڕوو:

١) - ﴿قَالَ بَلۡ سَوَّلَتۡ لَكُمۡ أَنفُسُكُمۡ أَمۡرٗا﴾، (یەعقووب) فەرمووی: بەڵکو نەفستان کارێکی بۆ جوان کردوون.

نازانێ ئەو کارەی کە نەفسیان بۆی جوان کردوون، چییە؟ بەڵام دەزانێ ئەنجامەکەی دوورخستنەوەی یوسوفە، بۆیە دەفەرموێ: (سَوَّلَتۡ لَكُمۡ أَنفُسُكُمۡ)، بە نەزانراوی دەیهێڵێتەوە، (التَّسْوِيل: التَّسْهِيل وَتزيين النَّفْس مَا تحْرِص عَلَى حصُوله)، (تسْوِيل): بە مانای ئاسان کردنو جوان کردنی نەفسە بۆ شتێك کە سوورە لەسەر ئەنجامدانی، کە دەفەرموێ: (أَمۡرٗا)، مەبەست پێی شتێکی نەزانراوە: نازانێ کوشتوویانە، فرۆشتوویانە، دووریان خستۆتەوە، چییان لێکردوە؟.

٢) - ﴿فَصَبۡرٞ جَمِيلٞ﴾، واتە: کاری من بریتیە لە خۆڕاگرتنێکی جوان.

(الصَّبْرُ الجَمِيل: أَلاَّ تَشْكُو إِلى أَحَدٍ)، خۆڕاگریی جوان، خۆڕاگریی باشو پەسند، ئەوەیە: کە تۆ سکاڵای خۆت لەلای کەس نەکەی، وەك لە سوورەتی یوسوف، لە ئایەتی (٨٦)دا، یەعقووب ﷺ دەفەرموێ: ﴿قَالَ إِنَّمَآ أَشۡكُواْ بَثِّي وَحُزۡنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾، بێگومان من تەنیا ئەو خەمو خەفەتو دڵناڕەحەتییەی خۆم

(كە دەبێ بلاّو بكرێتەوە)، ئەو پەژارەو خەمبارییەی خۆم، تەنیا بۆ لای خوا سكالاّ دەكەم، كە دەڵێ: ﴿فَصَبْرٌ جَمِيلٌ﴾، یانی: (فَشَأْنِي وَدَيْدَنِي صَبْرٌ جَمِيل)، حاڵی منو كاری من، بریتیە لە خۆڕاگرییەكی جوان .

٣) - ﴿وَٱللَّهُ ٱلْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ﴾، واتە: هەر خواش پەنا پێبراوە لەسەر ئەوەی كە دەیڵێن، واتە: هەر پەنا بە خوا دەگرم لە بەرانبەر ئەوەدا كە دەیڵێن، تەماشا بكەن! چەند بە ئەدەبە، نافەرموێ: (عَلَى مَا تَكْذِبون)، دەشزانێ درۆ دەكەن، لەوەدا كە گوتوویانە، بەلاّم بە تەعبیرێك هێناویەتی، كە شایستەی پێغەمبەرانە (علیهم الصلاة والسلام) .

لێرەدا ئاماژە بەم دەقە بكەین باشە، كە دەفەرموێ: {اتَّقُوا فِرَاسَةَ الْمُؤْمِنِ فَإِنَّهُ يَنْظُرُ بِنُورِ اللهِ}، {أَخْرَجَهُ الطَّبَرَانِيُّ بِرقم: (٧٤٩٧)، عَنْ أَبِي أُمَامَةَ الْبَاهِلِيِّ، قَالَ الهَيْثَمِيُّ: إِسْنَادُهُ حَسَنٌ} .

واتە: خۆتان لە وردبینییو پەنهان بینیی ئیماندار بپارێزن، چونكە بە ڕووناكیی خوا، دەڕوانێ .

دیارە یەعقووب ﷺ و هەموو پێغەمبەران(علیهم السلام) لە هەموو كەس زیاتر خاوەنی فیراسەتو ڕوونبینییو وردبینییو پەنهان بینیی بوون .

هەروەها بە بۆنەی ئەوەوە كە یەعقووب ﷺ دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ ٱلْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ﴾، ئەم فەرموودەیە دێنین: {تَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنْ جَهْدِ الْبَلاَءِ، وَدَرَكِ الشَّقَاءِ، وَسُوءِ الْقَضَاءِ، وَشَمَاتَةِ الأَعْدَاءِ}، {أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ بِرقم: (٦٢٤٢)، وَالحُمَيْدِيُّ بِرقم: (٩٧٢)، وَمُسْلِمٌ بِرقم: (٢٧٠٧)، وَأَبُو يَعْلَى بِرقم: (٦٦٦٢)، وَابْنُ حِبَّانَ بِرقم: (١٠١٦)} .

واتە: پەنا بە خوا بگرن لە بەلاّیەك كە ناڕەحەتتان دەكاتو، لەوە كە بەدبەختییو بێ مرادییتان تووشبێو، لەوە كە بڕیاری خراپتان لەبارەوە بدرێو، بەلاّی خراپتان بەسەربێو، لەوە كە دوژمن پێتان خۆشبێ.

هەروەها لەوبارەوە کە خوای کارزان بەندە چاکەکانی خۆی تاقی دەکاتەوەو مەرج نیە ئەوەی کە بەسەر یەعقووب عليه السلامدا هاتوە، سزای خوا بێ، وەك پێشتریش باسمان کرد، لەسەر ئەوە کە: – وەك کوڕەکانی دەعوایان کردوە – یوسوف‌و بنیامینی بەسەر ئەواندا هەڵبژاردبن! وەك هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان ئاماژەیان پێداوە، بێئەوەی بیر لەوە بکەنەوە، کە ئەوە جۆرێکە لە تانەدان لە عیصمەت‌و پارێزراویی پێغەمبەران لە گوناهەکان، کە بێگومان ئەگەر بابێك جیاوازیی بخاتە نێوان کوڕەکانی‌و هەندێکیان بەسەر هەندێکیاندا هەڵبژێرێ، ئەوە نادادگەرییەو زوڵمە، زوڵم‌و نادادگەرییش لەگەڵ پایەی بەرزی پێغەمبەراندا ناگونجێ، لەوبارەوە ئەم فەرموودەیە دێنین :

{وَإِنَّ اللَّهَ تَعَالَى إِذَا أَحَبَّ قَوْماً ابْتَلاَهُمْ ، فَمَنْ رَضِيَ فَلَهُ الرِّضَا، وَمَنْ سَخِطَ فَلَهُ السُّخْطُ} ، {أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ برقم : (٢٣٩٦)، وَقَالَ: حَسَنٌ غَرِيبٌ، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٤٠٣١)، وَالبَيْهَقِي فِي شعب الإيمان برقم: (٩٧٨٢) قال الألباني : حسن} .

واتە: بێگومان خوای بەرز ئەگەر کۆمەڵێکی خوشویستن، تاقییان دەکاتەوە، ئنجا هەر کەسێك ڕازی بوو، ئەوە خوا لێی ڕازی دەبێ‌و، هەر کەسێك تووڕە بوو، تووڕەیی بۆ دەبێ، خوا لێی تووڕەدەبێ .

چونکە مادام خوا ئەوانەی کە خۆشی بوێن، تاقییان دەکاتەوە، دەبێ تۆ دڵت خۆش بێ بە تاقیکردنەوەکە، لەو ڕووەوە کە تاقیکردنەوەی خوایە.

وەلامی پرسیارێکی گرنگ

ئایا کورەکانی یەعقووب ﷺ هەموویان پێغەمبەر بوون؟

لێرەدا بە باشی دەزانم لە کۆتایی ئەم دەرسەماندا، وەلامی پرسیارێکی گرنگ بدەینەوە :

ئایـا کـوڕەکانی یەعقـووب ﷺ هـەمووـیـان پێغـەمبـەر بـوون؟

زۆرێـك لـە توێـژەرەوانی قورئـان گوتوویانـە: کـوڕەکانی یـەعقووب ﷺ هـەموویان پێغەمبەر بوون، چونکە خوا ﷻ بە لای کەمەوە لە سێ شوێنی قورئانـدا: (الأسباط)ی لە ڕیـزی پێغـەمبەران دا هێنـاون :

١/ لە سـوورەتی (البقرة) ئایـەتی (١٣٦)دا، خـوا دەفـەرموێ : ﴿ قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٍ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ﴾.

واتە: بڵێن: بڕوامان بە خوا هێنـاوەو بەوەی کە بۆ لامان دابەزێنـراوەو، بەوەی کە بۆ لای ئیبـڕاهیمو ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقووبو (أسباط)، دابەزێنـراوەو، بەوەی کـە بـە مووساو عیسا دراوەو، بـەوەی کـە بـە پێغەمبـەران دراوە، لەلایـەن پەروەردگاریانـەوە، جیـاوازیی ناخەینـە نێـوان هـیچ کامیـانو، ئێمـە بـۆ خـوا ملکـەچین .

٢/ لە سوورەتی (آل عمران)، ئایەتی (٨٤)دا، دەفەرموێ : ﴿قُلْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ ...﴾.

٣/ لە سوورەتی (النساء)، لە ئایەتی (١٦٣)دا، دەفەرموێ: ﴿إِنَّآ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ كَمَآ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ نُوحٍ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ﴾.

ئنجا ئایا ئەم ئایەتانە، وەك ڕوونكەرەوانی ماناو مەبەستەكانی قورئان زۆربەیان گوتوویانە، بەڵگەن لەسەر ئەوە كە هەر دوازدە كوڕەكەی یەعقووب. یوسوف ئەوە دیارە، بەڵام یازدەكەی دیكەش هەموویان پێغەمبەر بوون ؟

لە وەڵامدا دەڵێم: نەخێر، بەم سێ بەڵگەیە :

یەكەم: لێرەدا كە خوای زانا (أسباط) لە ڕیزی پێغەمبەراندا دێنێ، واتە: لەو دوازدە تیرەو هۆزانەی بەنی ئیسرائیلدا، پێغەمبەران هەبوون، كەسانێك بوون كە وەحییان بۆ هاتوە، چونكە (أسباط)، كۆی (سِبْط)ە، واتە: تیرەو هۆز. ئنجا دوازدە هۆز (سبط)ەكان، لە كوڕەكانی یەعقووب پەیدابوون، واتە: لە نێو (أسباط)دا، پێغەمبەران بوون، ئەگەرنا بێگومان عەشیرەتەكە هەمووی نابێتە پێغەمبەر، كەواتە: لە وەچەی ئەو دوازدە كوڕانەدا، پێغەمبەرانێك بوون. ئەویش مەرج نیە لە هەموویان، ئنجا ئەگەر گریمان لە هەمووشیان بن، گرنگ ئەوەیە كە لە وەچەی وان پێغەمبەران پەیدا بوون، نەك خودی خۆیان، (ئەو كوڕانە)، چونكە وەك گوتمان: وشەی (أسباط)، كۆی (سَبط)ە، كە بە مانای تیرەو هۆز دێ، نەك بە مانای تاكێك، واتە: لەو تیرەو هۆزانەی كە لە یەعقووب وەپاش كەوتوون، پێغەمبەران بوون.

دووەم : بەڵگەیەکی دیکەمان ئەوەیە کە ڕەفتـارەکانی ئـەو کـوڕانە، مسوڵمانێکی تۆزێـك باشیش نایانکات، چ جـای پێغـەمبـەران :

١ – حەسـوودیی‌و بوغـزو غـەرەزی زۆر، بەرانبـەر بە برای خۆیـان.
٢ – ئـازاردانی دایـك‌و بابیـان.
٣ – هەڵخـەڵەتـاندنـی بابیـان‌و درۆ لەگـەڵ کردنــی.
٤ – هـەوڵـدان بۆ کوشـتنی برای خۆیان، کە ئەمـە ئەوپـەڕی دڵـڕەقییـە.

ئەوانە بەڕاسـتی مسـوڵمانێکی تۆزێـك باشـیش لـە خۆییـان ناوەشـێنێتـەوە، چ جـای کەسـێك کـە پێغـەمبەر بـێ !

سـێیـەم : هیچ بەڵـگەیەکیش نیـە کـە دوایـی ئەوانـە بووبنـە پێغەمبـەر، وەك هەندێك لە زانایان گـوتوویانە: تۆبەیان کـردوەو بوونەتە پێغەمبەر ﷺ!! بـەڵام هیچ بەڵگەیەك لەوبـارەوە نیـە، هەر لەخـۆوەش نابـێ خەڵك بکرێتە پێغەمبەر، بەڵـکو ئەسڵ لە خەڵکی دا، ئەوەیە کە پێغەمبـەر نیـە، دەبـێ بەڵگەیـەکی ڕوون‌و بـێ چـەندو چوون‌و دڵنیاکـەر هـەبـێ، کە ئـەو کەسـە پێغەمبـەری خوایـە، ئەگـەرنا هـەر لە خۆمانـەوە بۆمان نیـە لە ژمارەی پێغەمبـەران زیـاد بکـەین .

سُبْحَانَك اللّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان چوار (٤) ئایەت لە خۆی دەگرێ، ئایەتەکانی: (١٩ تا ٢٢)، ئنجا ئەم دەرسەمان ئاڵقەی دووەمی بەسەرهاتی یوسوف ﷺ دەخاتەڕوو، کە تێیدا باسی هاتنی کاروانێكو، هەڵگرتنەوەی یوسوفو، دەرهێنانی لە بیر، پاشان بە نرخێکی کەم فرۆشتنی، کراوە، هەروەها باسی ئەوە کراوە کە کڕیارەکەی یوسوف خەڵکی میسڕ بووەو، بە ژنەکەی خۆشی گوتوە کە خزمەتی بکات، هەڵبەتە دوایی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوە نەك هەر پیاوێکی ئاسایی بووە، بەڵکو عەزیزی میسڕ بووەو، بە پێی هەندێك سەرچاوە: والی میسڕ بووە، نەك حاکمی گەورە، بەڵام والیو سەرپەرشتیاری ئەو شارە بووە، هەندێکیش دەڵێن: وەك لە پەیمانی کۆندا هاتوە، (کَانَ رَئِیس حَرَسِهِ)، سەرۆکی پاسەوانەکانی، واتە: وەك وەزیری بەرگریی بووە، یاخود فەرماندەی سوپا، سوپاسالار بووە .

ئنجا ئەو پیاوە بە ژنەکەی خۆی گوتوە: کە خزمەتی یوسوف بکاتو ڕێزی بگرێ، بە ئومێدی ئەوەی کە لێی بەهرەمەندبن، یاخود بیکەنە کوڕی خۆیان .

پاشان خوای کارزان باسی ئەوەی کردوە کە یوسوفی لە بیرەوە هێناوەتە نێو کۆشكو، پێگەیەکی باشی بۆ ڕەخساندوە، دواتریش کە باڵغ بووەو گەیشتوە بە قۆناغی پیاوەتییو تینو تاقەت، خوا حیکمەتو زانیاریی پێداوە .

﴿ وَجَآءَتۡ سَيَّارَةٞ فَأَرۡسَلُواْ وَارِدَهُمۡ فَأَدۡلَىٰ دَلۡوَهُۥۖ قَالَ يَٰبُشۡرَىٰ هَٰذَا غُلَٰمٞۚ وَأَسَرُّوهُ
بِضَٰعَةٗۚ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِمَا يَعۡمَلُونَ ﴿١٩﴾ وَشَرَوۡهُ بِثَمَنِۢ بَخۡسٖ دَرَٰهِمَ مَعۡدُودَةٖ
وَكَانُواْ فِيهِ مِنَ ٱلزَّٰهِدِينَ ﴿٢٠﴾ وَقَالَ ٱلَّذِي ٱشۡتَرَىٰهُ مِن مِّصۡرَ لِٱمۡرَأَتِهِۦٓ
أَكۡرِمِي مَثۡوَىٰهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗاۚ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي
ٱلۡأَرۡضِ وَلِنُعَلِّمَهُۥ مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِۚ وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ
ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٢١﴾ وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥٓ ءَاتَيۡنَٰهُ حُكۡمٗا وَعِلۡمٗاۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي
ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٢٢﴾ ﴾.

مانای وشە بە وشەی ئایەتەکان

(دوای ئەوەی یوسوف خرایە نێو بیر) کاروانێك هات ئاو كێشەكەیانیان نارد، ئەویش دۆڵچەكەی داهێشت (ە نێو بیرەكە)، گوتی: ئای مۆزدە! ئەوە مێر منداڵێكە، ئنجا وەك كاڵایەك (ی بازرگانیی) پەنهانیان كرد، خواش زانایە بەوەی كە دەیكەن ﴿١٩﴾ ئنجا بە نرخێكی داشكاو، چەند درەمێكی ژمێرراو، فرۆشتیانو بە كەم بایەخیان دانا ﴿٢٠﴾ ئەو كەسەش كە لە میسر كری، بە ژنەكەی خۆی گوت: قەدری جێگاو ڕێگای بگرە، بەڵكو سوودمان پێ بگەیەنێ، یان بیكەینە ڕۆڵەمان، ئاوا لەسەر زەمین (ی میسر)دا پێگەمان بە یوسوف دا، بۆ ئەوەی (دواتر) لە مانا لێكدانەوەی خەونانی فێر بكەین، خواش بەسەر كاری خۆیدا باڵادەستە، بەڵام زۆربەی خەڵكی نازانن ﴿٢١﴾ ئنجا كاتێك (یوسوف) گەیشتە هەرەتی لاوێتیی خۆی، حیكمەتو زانستمان پێداو، هەر ئاواش پاداشتی چاكەكاران دەدەینەوە ﴿٢٢﴾ ﴾.

شیكردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(سَيَّارَةٌ) : (السيارة: القافلة)[١]، واتە: كاروانێك، یاخود (الجماعة السائرة) كۆمەڵە خەڵكێك كە بە ڕێدا بڕۆن، یان زۆر ڕێڕەویی بكەن.

(وَارِدَهُمْ) : (ساقيهم) ئاوكێشەكەیان، (الوَارِدُ: الَّذِي يَتَقَدَّم القَوْم فَيَسقِي لَهُمْ)، (وارد) بە كەسێك دەگوترێ كە پێش كۆمەڵە خەڵكێك دەكەوێو ئاویان بۆ هەڵدەكێشێ.

(فَأَدْلَىٰ دَلْوَهُ) : دەگوترێ: (دَلَوْتُ الدلو: إِذَا أَخْرَجتها) ئەگەر دۆڵچە لە بیری دەربێنێ، دەڵێی: (دلوتُ)، بەڵام (أَدْلَيْتُ الدَّلْوَ: أي أرسلتُها)، (أدليتُ)، واتە: دۆڵچەكەم داهێشتە نێو بیرەكە.

(يَـٰبُشْرَىٰ) : ئەی موژدە، (البَشارَةُ وَالبُشْرَى: الخَبَرُ السارُّ)، (بشارة وبشرى) بریتین لە خەبەری خۆش، كە مرۆڤ پێستی دەمو چاوی بە هۆیەوە گەش ببێ.

(هَٰذَا غُلَامٌ) : ئەمە كوڕیژگەیەكە، (الغُلاَمُ: الإِبنِ الصَّغِير) بە كوردیی دەڵێین: كوڕیژگە، یان مێر منداڵ، كە بە (غلمة) یان (غلمان) كۆدەكرێتەوە.

(وَأَسَرُّوهُ) : واتە: پەنهانیان كرد، (الإِسْرارُ: خِلاَفُ الإِعْلاَن، السِّرُّ: الحَدِيث المكتَّمُ فِي النَّفْس)، (سر) بریتیە لە قسەیەك كە ئینسان لە دەرووی خۆیدا دەیشارێتەوە.

(بِضَٰعَةً) : (البضَاعَةُ: قِطْعَة وَافِرَة مِنَ المَالِ تُقْتَنى للتجارة، وَأَصْلُها مِنَ البَضْع وَهُوَ القِطَع مِنَ اللَّحم)، (بضَاعَة) لە ڕیشەدا بریتیە لە شتێك كە بۆ

---

١) المصباح المنير، ص ١٥٦.

بازرگانیی بەکاردەهێنرێو، کرینو فرۆشتنی پێدەکرێ، لە بنچینەدا لە (بَضْع)ەوە هاتوە، کە بریتیە لەوەی پارچەیەك لە گۆشت ببڕی.

(وَشَرَوۡهُ) : واتە: فرۆشتیان (الشِّرَاءُ وَالبَيْعُ يَتَلاَزَمَانِ)، (شِراء) و (بَيْع) واتە: کرینو فرۆشتن، پێکەوە پەیوەستن، بۆچی؟ (فالمشتري دَافِع الثمَن وَأَخْذ المُثْمَن، والبائِع دافع المُثْمَن، وَأَخْذ الثمن)، کریار نرخ دەداو نرخ لەسەر دانراوەکە وەردەگرێ، فرۆشیاریش نرخ لەسەر دانراوەکە دەداو، نرخەکە وەردەگرێ .

(بِثَمَنِۭ) : (الثَّمَن)، (اسْم لما يأخذه البائِع فِي مقابلة المَبِيع، عَيْناً كانَ أَوْ سِلْعَةً)، (ثَمَن) بریتیە لەوەی فرۆشیار لە بەرانبەر فرۆشراوەکەیدا وەریدەگرێ، ئنجا پارە بێ، یاخود کەلوپەل بێ (وەك: گەنمو جۆو دەغڵو دانو قوماش) .

(بَخۡسٍ) : (نَقْصُ الشيءِ عَلَى سَبيلِ الظُّلْم)، (بَخْس) واتە: کەمکردنەوەی شتێك بە ستەمو، ناهەق .

(دَرَٰهِمَ) : (الدرهم: الفضَّة المطبوعةُ المتعامل بها، جَمْعُهُ دَرَاهِم) (دِرْهَم) بریتیە لە زیوێك کە کرابێ بە سکە، دراوو، مامەڵەی پێ بکرێ، کۆیەکەی (دراهم)ە .

(ٱلزَّٰهِدِينَ) : (الزَّاهِدُ فِي الشيء: الرَّاغِبُ عَنْهُ)، (زاهدين) کۆی (زَاهِد)ە، (زَاهِد) بریتیە لەوە کەسێك شتێکی نەوێ، بەبێ بایەخو کەم تەماشای بکات، بۆیە (زُهْد) واتە: بە کەمگرتن، بە کەم تەماشا کردن .

(مَثۡوَىٰهُ): (الثَّواء: الإِقَامة مَعَ الإِسْتِقْرَار)، (ثواء) واتە: نیشتەجێ بوونو سەقامگیر بوون لە شوێنێك، (مثوى)، واتە: ئەو شوێنەی کە ئینسان لێی نیشتەجێ دەبێ .

(مَكَّنَّا): پێگەدارمان کرد، دەستڕۆیشتوومان کرد، (مَكَّنتهُ مِنَ الشيء تَمْكِيناً: جَعَلْتُ لَهُ عَلَيْهِ سُلْطاناً وَقُدْرَةً)، ئەگەر بگوترێ: (مَكَّنته من الشيء تَمْكِيناً) واتە: وام لێکرد کە دەستی بەسەریدا بڕواتو توانای بەسەریدا بشکێ .

(تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ): (آلَ الشيء يَؤُول أَوْلاً وَمآلاً: رَجَعَ، والتأويل: الرُّجُوع إلى الأَصْلِ وَمِنْهُ الموئِل للموضعِ الذي يُرْجَعُ إليه، وذلك هو ردُّ الشيء إلى الغَايةِ المرادةِ مِنْهُ)، (آلَ الشيء يَؤُول أَوْلاً وَمآلاً) واتە: گەڕایەوە، وشەی (تأويل) بریتیە لە گەڕانەوە بۆ بنەڕەت، هەر بۆیە (موئل) بەو شوێنە دەگوترێ کە خەڵك بۆ لای دەگەڕێتەوەو، (تأويل) بریتیە لە گێڕانەوەی قسەیەك بۆ ئەو مەبەستەی کە لێی دەویسترێ، واتە: سەرەنجامی کار، (أحاديث)یش کۆی (حديث)ە، (حديث) لێرەدا مەبەست پێی خەونە، واتە: ئەو قسانەی کە لە خەوندا فێری ئینسان دەکرێنو لەگەڵ ئینساندا دەگوترێن .

(أَشُدَّهُۥٓ): (الأشد: القُوَّة، وَقِيل جَمْع شِدَّة أو جمع: شَدّ)، (أَشُدّ) بە مانای هێزو پێز دێ، وەك لە کوردەواریی دا دەڵێن: گەیشتە توغیانی خۆی، تافی لاوێتیی، هەندێکیش دەڵێن: (أشد) کۆی (شدة)یە، هەندێکیش دەڵێن: کۆی (شد)ە.

(حُكْمًا): (الحُكْمُ وَالحِكْمة: عِلْم حَقَائِق الأَشْياء وَالعَمَل الصَّالِح واجْتِنابُ ضِدِّهِ)، هەندێکیان (حُكْم)یان لێرەدا بە حیکمەت لێکداوەتەوە، کە بریتیە لە دەرککردنو زانینی حەقیقەتی شتەکانو، ئەنجامدانی کردەوەی باشو، خۆپاراستن لە کردەوەی خراپ، هەندێکیش گوتوویانە: (الحِكْمة: إصَابة الحَقّ بالعِلْم وَالعَمَلِ، قيل: مَعْرِفة الموجُودَاتِ وَفِعْل الخَيْرَات)، حیکمەت ئەوەیە کە ئینسان لە زانیاریی‌و لە کردەوەدا، هەق بپێکێ، هەندێکیش گوتوویانە: ئەوەیە کە ئینسان شتەکان بزانێو، کردەوە باشەکان ئەنجام بدات .

هەندێکیش گوتوویانە: (حُكْم) لێرەدا بە مانای حوکمڕانیی‌و باڵادەستیی‌و دەستڕۆیشتوویی دێ .

مانـای گـشـتـی ئایـەتەكـان

خـوا ﷻ دوای ئـەوەی بـاسی ئـەوەی كـرد: چۆن برایـەكـانی یوسـوف، یوسـوفیـان خستـە نێـو بیـرەوە، پاشـان گـەڕانـەوە لای بابیـانو، كـراسـە خـوێناوییـەكـەی، كـە خـوێنێكی بـە درۆیـان تـێ هـەڵسـوو بـوو، بـۆیـان بـردەوە، بـابیشیـان گـوتی: بـەڵكـو نـەفستان شـتێكی بـۆ جوان كـردوونو، من بـە شێوەیـەكی جوان خـۆڕادەگـرمو، پەنـا بـە خـوا دەگـرم لـە بـەرانبـەر ئـەوەدا كـە دەیڵێن، دوایی خـوا ﷻ دەفـەرمـوێ: ﴿وَجَآءَتۡ سَيَّارَةٌ فَأَرۡسَلُواْ وَارِدَهُمۡ فَأَدۡلَىٰ دَلۡوَهُۥ﴾، ئنجا كـاروانێك هـات، ئـاو كێشـەكـەی خـۆیـانیـان نـارد، ئـەویش دۆڵچەكـەی داهێشتـە نێـو بیـر، بـۆ ئـەوەی ئـاو هـەڵێنجـێ، ﴿قَالَ يَٰبُشۡرَىٰ هَٰذَا غُلَٰمٌ﴾، (دیـاره یوسـوف ﷺ كـاتێـك ئاوكێشـەكه ئـەو دۆڵچەیـەی داهێشتـوە، چۆتـە نێـو دۆڵچەكـەوە، یـاخـود دەستی پێـوە گـرتـوەو هـاتۆتـە سـەرێ)، ئـەویش گوتـوویـەتی: ئـای مـوژدە! ئـەمـە كـوڕیژگـەیـەكـە، مێـر منداڵێكـە، ﴿وَأَسَرُّوهُ بِضَٰعَةً﴾، ئنجا وەك كـەلو پـەلێكی بـازرگـانیـی، پەنهانیـان كـرد، واتـە: نـەیـانگـوت ئـەوە لـە بیـرێـدا دۆزیومـانـەتـەوەو دەرمـانهێنـاوە، گوتیـان: ئـەوە كـۆیلـەیـەكی خـۆمـانـەو دەیفرۆشـین، ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِمَا يَعۡمَلُونَ﴾، خـواش زانـایـە بـەوەی دەیكـەن، كـە بێنن كـەسێك بـە زوڵم خراوەتـە بیـرەوە، بیكـەنـە كـۆیلـەو بیفرۆشـن، چونكـە بـە دڵنیـاییـەوە یوسـوف گوتـوویـەتی: مـن كـوڕی یـەعقووبمو برایـەكـانم خستـوومیـانـە نێـو بیـرەوەو، حەسـوودیـان پێبـردوومو، حـاڵو بـەسـەرهـاتی خـۆی باسكـردوە، چونكـە مێر منداڵ بـووە، بـە لای كـەمـەوە دە دوازدە (١٠- ١٢) سـاڵە بـووە، بـەڵام ئـەوان گوێیـان پێنـەداوە، وەك كـۆیلـەیـەك فرۆشـتـوویـانـە، بـۆیـە خـوای كاربەجێ دەفـەرمـوێ: خـواش زانـایـە بـەوەی كـە دەیـان كـرد.

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍۭ بَخْسٍ دَرَٰهِمَ مَعْدُودَةٍ ﴾، ئنجا بە نرخێكی كەم، نرخێكی داشكاو فرۆشتیان، كە بریتی بوو لە چەند درەمێكی ژمێردراو، ﴿ وَكَانُواْ فِيهِ مِنَ ٱلزَّٰهِدِينَ ﴾، بە بێبایەخ تەماشایان كرد، چونكە خوا خوایان بوو لە كۆڵیان بێتەوەو، دەیانزانی ئەو كوڕە جوانو نەجیبە، بێ خاوەن نیەو، یوسوفیش بە دڵنیاییەوە باسی خۆی كردوە، بەڵام ئەوە لە قورئان دا نەهاتوە، چونكە ئەو وردەكارییانە پێویست نین، ئەگەرنا ئەویش حاڵو بەسەرهاتی خۆی بۆ باسكردوونو، زانیویانە كەسانێك پەیسەری دەكەنو، وا باشترە زوو لە كۆڵ خۆیانی بكەنەوە، بۆیە لەلایان كەم بایەخ بووەو، خوا خوایان بووە، زوو لە كۆڵیان بێتەوە، ئیدی بە نرخێكی كەم فرۆشتوویانە، ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِى ٱشْتَرَىٰهُ مِن مِّصْرَ لِٱمْرَأَتِهِۦٓ ﴾، ئەو پیاوەی كە لە میسر كڕی، لێرەدا خوای زانا ئەو پیاوە ناناسێنێ، چونكە هونەری بەسەرهاتو چیرۆك گێڕانەوە، وایە كە تۆ چاوەڕێ بی، ئەو شتەی مەبەستتە دوایی بۆت حەل بێ، ئەو پیاوە دەبێ كێ بێ؟ كێ نەبێ؟ لە ئایەتەكانی دوایی دا باسی دەكات، كە ئەو پیاوەی كە لە میسر یوسوفی كڕی، عەزیزی میسرە.

ئەو پیاوەی كە لە میسر كڕی، بە ژنەكەی خۆی گوت : ﴿ أَكْرِمِى مَثْوَىٰهُ ﴾، رێز لە جێگاو ڕێگاكەی بگرە، دیارە ئەگەر رێز لە جێگاو ڕێگاكەی بگیرێ (لە شوێنی پشوودانی)، بە دڵنیاییەوە دەبێ خۆی زیاتر ڕێزی لێ بگیرێ! ﴿ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوْ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدًا ﴾، بەڵكو سوودمان پێبگەیەنێ، یاخود بیكەینە ڕۆڵەی خۆمان .

خوا دەفەرموێ : ﴿ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، ئیدی بەو شێوەیە، یانی: وەك چۆن لە بیرمان دەرهێنا، هەر بەو شێوەیەش یوسوفمان كردە خاوەن پێگە لە زەویدا، لەسەر زەمینی میسردا، لە بیرەوە هێنامانە نێو كۆشك، لە قەبرەوە هاتە نێو قەصر، ﴿ وَلِنُعَلِّمَهُۥ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ ﴾، ئنجا بۆ ئەوەی لە مانا لێكدانەوەی خەونانی فێربكەین، یانی: ئەو هەموو زەمینە سازییە، بۆ ئەوە

بوو کە دوایی ئەو موعجیزەیەی بە یوسوف دراوە، کە بریتییە لە زانینی مانای خەونان، بێتە دیو بەرجەستە ببێ، ﴿ وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ ﴾، خواش بەسەر کاری خۆیدا زاڵە، هەرچی بیەوێ دەیکات، باڵا دەستە، هیچ شتێك لە بەردەم ویستی خوادا، نابێتە پەرچو ڕێگر، ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن، نازانن خوا هەرچی بیەوێ دەیکات، بەڵام بەم شێوەیە کە حیکمەتو لێزانییو کارامەیی بێسنووری خوا، دەیخوازێ .

﴿ وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥٓ ءَاتَيۡنَٰهُ حُكۡمٗا وَعِلۡمٗا ﴾، ئنجا کاتێك گەیشتە تافی لاوێتیی، گەیشتە ئەوپەڕی تینو هێزی، هەم حوکممان پێدا، هەم زانیاریی، (حکم): دەگونجێ بە مانای حوکمڕانییو دەستڕۆیشتوویی بێ، کە دواترە، دەشگونجێ بە مانای حیکمەت بێ، واتە: لێزانییو کارامەیی .

دەگونجێ، حوکمو عیلم لێرەدا مەبەست پێیان پێغەمبەرایەتیی بێ، دەشگونجێ مەبەست پێیان ئەوەبێ کە خوا ﷻ هەر لە سەرەتاوە حیکمەتو داناییو شارەزایی فێری یوسوف کردوە، ﴿ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾، هەر بەو شێوەیەش پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە، واتە: ئەوە هەر بۆ یوسوف وانیە، بەڵکو هەر کەسێك چاکەکاربێ، خوا ئاوا لەگەڵی بە کەرەمو بە لوتفە، ئاوا لەگەڵیدا بەخشندەو بەخشەرە، خوا لەو کەسانەمان بگێڕێ کە بە هۆی چاکەکارییمانەوە، بە هۆی خۆڕازاندنەوەمانەوە بە سیفەتی باش، خوا لەگەڵمان بە کەرەمو لوتف دەبێ .

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم : هاتنی کاروانێكو، ناردنی ئاوكێشەكەیانو، دەرهێنانەوەی یوسوف لە بیرو، پەنهانكردنی وەك كاڵایەكی بازرگانیی:

وەك خــوا دەفەرمــوێ: ﴿ وَجَآءَتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُوا۟ وَارِدَهُمْ فَأَدْلَىٰ دَلْوَهُۥ ۖ قَالَ يَٰبُشْرَىٰ هَٰذَا غُلَٰمٌ ۚ وَأَسَرُّوهُ بِضَٰعَةً ۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿١٩﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە لە هەشت بڕگەدا :

١) - ﴿ وَجَآءَتْ سَيَّارَةٌ ﴾، واتە: كاروانێك هات، یانی: دوای ئەوەی یوسوف خراوەتە بیرو برایەكانی ڕۆیشتن، نازانین چەندی پێچووە؟ چەند سەعات؟ یان شەوێك، یان ڕۆژێك، یان كەمتر، یان زیاتر، دیاریی نەكراوە، گرنگ ئەوەیە دوای ئەوەی برایەكانی ڕۆیشتوون بە ماوەیەك، كاروانێك هاتوە .

ئنجا ئایا ئەو كاروانە لە كوێوە هاتوون؟ كێ بوون؟ ئێمە دوایی تیشكی زیاتری دەخەینە سەر، واش پێدەچێ كۆمەڵێكی عەرەب بووبنو لە مەدیەنەوە هاتبن، وەك لە پەیمانی كۆندا هاتوە .

٢) - ﴿ فَأَرْسَلُوا۟ وَارِدَهُمْ ﴾، ئنجا ئاوكێشەكەی خۆیانیان نارد، (الوَارِدُ: الَّذِي يَتَقَدَّمُ القَوْمَ فَيَسْقِي لَهُمْ)، (وارد) بە كەسێك دەگوترێ كە دەچێتە سەر ئاو، یان كەسێكە پێش ئەو كۆمەڵە خەڵكە دەكەوێ كە لەگەڵیان دایە، كە ئاویان بۆ هەڵكێشێو بۆیان بێنێ، ئەگەر بیرە بۆیان هەڵكێشێ، ئەگەر كانییو سەرچاوەیە، ئەو دەفرو شتانەی كە پێیانە، بۆیان پڕ بكات لە ئاو .

٣) - ﴿ فَأَدْلَىٰ دَلْوَهُۥ ﴾، واتە: ئنجا دۆڵچەکەی داهێشت، دۆڵچەکەی، شۆڕ کردەوە بۆ بنی بیرەکە، چونکە ئاو لە بنی بیر دایە .

(الإدلاء: إرْسال الدلْو فِي البئْرِ لِنَزْع الماءِ)، (إدلاء): بریتییە لە شۆڕ کردنەوەی دۆڵچە بۆ بنی بیر، بۆ هەڵکێشانی ئاو .

ئەگەر بگوترێ : (دَلى دَلْوَهُ)، واتە: دۆڵچەکەی هەڵکێشایەوە، بەڵام: (أَدْلَى دلْوَه)، واتە : دۆڵچەکەی شۆڕکردەوە، (دلو)ش بە کوردیی (دۆڵچە)ی پێدەڵێن، بە عەرەبیی ئاوا پێناسەیان کردوە: (ظَرْفٌ كبيرٌ من جلدٍ مخيطٍ)، دەفرێکی گەورەیە لە پێست دووراوە، کە لە شێوەی قاپێکی گەورەدا، یان لە شێوەی کتریەکی گەورەدا، دروستکراوە، بۆئەوەی ئاوەکەی لێ نەرژێ کە دێتەوە سەرێ .

٤) - ﴿ قَالَ يَٰبُشْرَىٰ ﴾، گوتی: ئەی موژدە! یانی: ئەی دڵخۆشیی‌و موژدە ! وەرە بۆ لای من، ئەو شتە چاکەم بە نسیب بووە، (شُبِّهَت البُشْرَى بالعَاقِل الغَائِب، فَنُودِيَ)، لێرەدا موژدە وەك بابایەکی عاقڵ کە لەوێ نیە، نادیارە، بەوە چوێنراوەو بانگکراوە، ئەگەرنا لە بنەڕەتدا مەبەست پێی: دڵخۆش بوو، شادمان بوو، کە ئەو منداڵە جوانەی لەو بیرەدا بینیەوە .

ئنجا دیارە کە دۆڵچەکەی داهێشتوە، یوسوف چۆتە نێوی، یان خۆی پێوەگرتوە، بەڵام خوای پەروەردگار ئەو وردەکارییانە باس ناکات، لەبەر ئەوەی بە عەقڵ‌و سەلیقە دیارن، هەر شتێك کە عەقڵی مرۆڤ پەی پێ ببات، خوای شارەزا بە پێویستیی نازانێ باسی بکات، کاتێك کە بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە، یاخود بابەتێك باس دەکات، چونکە بە عەقڵ زانراوە کە دۆڵچەکەی داهێشتوە، یوسوف دەستی پێوە گرتوە، یاخود چۆتە نێو دۆڵچەکە ئەگەر جێگای بوو‌بێتەوە، یاخود دەستی بە پەتەکەوە گرتووەو پێی هاتۆتەوە سەرێ.

٥) - ﴿ هَٰذَا غُلَٰمٌ ﴾، (الغُلام)، (مَنْ سِنُّه بين العشر والعشرين)، (غُلام): كەسێکە تەمەنی لە نێوان دە (١٠) بۆ بیست (٢٠) ساڵ دابێ، بەڵام هەندێك دەڵێن: (غُلام)، ئەوەیە کە نەگەیشتبێتە قۆناغی باڵغ بوون، واتە: سێزدە چواردە ساڵە، بە کوردیی پێی دەڵێن، مێر منداڵ، گرنگ ئەوەیە (غُلام)، زیاتر بە نێرینەیەك دەگوترێ، کە باڵغ نەبووبێ، بۆیە ئەوانەی گوتوویانە: (الغُلام: من كان سنُّهُ بين العشر والعشرين)، پێم دوورە، بەڵێ ڕاستە جاری وا هەیە بە هی گەورەتریش گوتراوە: (غُلام)، بەڵام بە نیشانەکان ئێمە دەزانین کە یوسوف لەوکاتەدا کە خراوەتە نێو بیر، باڵغ نەبووەو بچووك بووە، چونکە دوای ئەوەی لە کۆشکی عەزیزی میسردا نیشتەجێ دەبێو خوا لەوێ دەیحەوێنێتەوە، ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥٓ ﴾، کاتێك گەیشتە کاتی هێزو پێزی، کەواتە: لە ماڵی ئەواندا باڵغ بووەو گەورە بووە .

٦) - ﴿ وَأَسَرُّوهُ ﴾، واتە: پەنهانیان کرد، کێ پەنهانی کرد؟، بێگومان کاروانەکە، یوسوفیان پەنهان کردوە، یانی: هەواڵی هەڵگرتنەوەکەو دۆزینەوەکەی یوسوفیان شاردەوە، نەیانگوتوە: ئێمە لە بیردا دۆزیومانەتەوەو لەوێدا هەڵمان گرتۆتەوە، بەڵکو گوتوویانە هی خۆمانەو کۆیلەی خۆمانەو کاتێك ویستوویانە بیفرۆشن، حەقیقەتی یوسوفیان ئاشکرا نەکردوە، ئەگەرنا ڕەنگە خەڵك لێیان نەکڕیبان، یاخود ترساون لەوەی ئاشکرا ببێ .

٧) - ﴿ وَأَسَرُّوهُ بِضَٰعَةً ﴾، (بِضَاعَةً: مَفْعولُ به)یەکەیەتی، یانی: وەك کاڵایەکی بازرگانیی، مامەڵەیان پێکرد، (البضاعة: عَرَضُ التجارة)، (البضاعة) شمەکی بازرگانییە .

٨) - ﴿ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِمَا يَعۡمَلُونَ ﴾، خوا زانایە بەوەی کە دەیکەن، هەڵبەتە ئەوەی کردیان، ئەوەبوو کە ڕاستییەکەیان نەختەڕوو و وەك کۆیلەیەك مامەڵەیان لەگەڵدا کردو، کڕینو فرۆشتنیان پێوە کرد، خواش زانابوو بەو کارە ناڕەوایەی کە ئەو کاروانە دەیانکردو ئەنجامیان دەدا.

مەسەلەی دووەم : فرۆشرانی یوسوف لە لایەن کاروانەکەوە بە نرخێکی کەم (بە چەند درهەمێکدا)، بە شێوەیەکی بە کەمگرانەو کەم بایەخانە:

وەك دەفەرموێ : ﴿ وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَٰهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُواْ فِيهِ مِنَ ٱلزَّٰهِدِينَ ۝٢٠ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە چوار بڕگەدا :

١) – ﴿ وَشَرَوْهُ ﴾، (أي: باعوه)، فرۆشتیان، وشەی (شَرى)، هەم بە مانای (باع) فرۆشتی، دێ، هەم بە مانای (اشترى) كڕی، دێ، بەلام چۆن دەزانی كامەیان مەبەستە؟! بە پێی سیاقو بابەتەكەی ئەو وشەیەی تێدا دێ، بە پێی ئەوە دەزانین، لێرەدا ئەوان وەك كالایەكی بازرگانیی یوسوفیان بەكارهێناوە ﴿ وَشَرَوْهُ ﴾، یانی: فرۆشتیان، چونكە بە دەست وانەوە بووەو، دەیدەنە لایەنی بەرانبەر.

٢) – ﴿بِثَمَنٍ بَخْسٍ﴾، بە نرخێكی كەم، (ثَمَن)، نرخێكە، قەرەبوویەكە لە بەرانبەر شتێكدا وەردەگیرێ، بەرانبەرەكەی پێی دەگوترێ (مُثْمَنْ)، واتە: نرخ لەسەر دانراو، (مبیع)یش، فرۆشراو، یاخود نرخ لەسەر دانراوە.

وشەی ﴿ بَخْسٍ ﴾، (البَخْسُ: أَصْلُهُ: مَصْدَر بَخَسَه إِذَا نَقَصَهُ عَنْ قِيمَة الشَّيء، وَهُو هُنا بمعنى المبخوس، كالخلق بمعنى المخلوق). واتە: (بخس)، لێرەدا چاوگی (بَخَسَه)یە، واتە: (نَقَصَهُ)، كەمی كردەوە، یانی: شتەكەی بێبایەخ كرد، كەم نرخی كرد، لە بەهاو نرخی ڕاستەقینەی داشكاند، بۆیە خوا لە چەند شوێنێك لە قورئاندا ئەوەی قەدەغە كردووەو دەفەرموێ : ﴿وَلَا تَبْخَسُواْ ٱلنَّاسَ أَشْيَآءَهُمْ ۝٨٥﴾هود، واتە: هەروەها شتی خەلك بێبایەخ مەكەن (كەم بایەخ مەكەن)، لە بەهای ڕاستەقینەی دامەبەزێنن .

ئنجا لێرەدا (بَخْس) بە مانای (مبخوس)ە، وەك: (خَلْق) بە مانای (مخلوقَ).

٣) - ﴿ دَرَٰهِمَ مَعۡدُودَةٍ ﴾، ﴿ دَرَٰهِمَ مَعۡدُودَةٍ ﴾، (بَدَل)ی (ثَمَن)ە، ئەو نرخە کەمە چەند بوو؟ چەند درەمێکی ژمێردراو، (دَراهم)، کۆی (درهَم)ە، کە پێشتر باسمان کرد (درهَم)، دراوێك بووە لە زیو پێکهاتوە، زیوێك کە شێوەی سکەو دراوی وەرگرتوە، ئنجا بە پێی ڕۆژگارو سەردەمەکان، نرخی درەم گۆڕاوە، لە سەردەمێك دا کە پێغەمبەری خوا ﷺ هاتوە، دە (١٠) درەم، یان دوازدە (١٢) درەم بەرانبەری دینارێك بووە، دیناریش لە زێڕ دروست کراوەو ڕۆمەکان دروستیان کردوە، وەك چۆن درەم دراوی دەوڵەتی فارس بووەو لە زیو دروستکراوە، بەڵام وەك گوتم: بە پێی چاخو سەردەمو ڕۆژگارەکان، دینارو درەم نرخیان هەڵداو پێداو بەرزیی‌و نزمیی کردوە، گرنگ ئەوەیە ئەو نرخەی کە یوسوفیان پێ فرۆشت، چەند درەمێکی ژمێردراو بوو، ژمێردراویش، واتە: کەم، چونکە عادەت وایە شتی کەم دەژمێردرێ، بەلام شتی زۆر دەپێورێ، یان دەکێشرێ، عادەت نیە کەسێك بلّێ: ئەرێ ئەو نۆکانە چەند دەنکە نۆکن؟ چونکە نۆك دەکێشرێ، یان دەپێورێ، بەلام دەکرێ، بلّێی: ئەوانە چەند کالّەکن؟ یان چەند شووتیین؟ ئەو شتانەی کەم‌و درشت بن، دەژمێردرێن، کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ دَرَٰهِمَ مَعۡدُودَةٍ ﴾، واتە: ئەو نرخە لێداشکێنراوە، چەند درەمێکی کەمی ژمێردراو بوو.

٤) - ﴿ وَكَانُواْ فِيهِ مِنَ ٱلزَّٰهِدِينَ ﴾، ئەوان دەربارەی لە بەکەمگران بوون، واتە: لە یوسوف دا ئارەزوومەند نەبوون، (الزَّهادَةُ: قِلَّةُ الرَّغْبَة فِي حصُول الشيء الَّذِي مِنْ شَأْنِهِ أنْ يُرْغَبَ فِيهِ)، (زهادة) بریتیە لە هەبوونی ئارەزووی کەم لە پەیداکردنی شتێکدا، کە عادەت وایە ئەو شتە خەڵك ئارەزووی هەبێ بۆی، واتە: لە لای خەڵك شتێکی باش بێ، بەلام ئەو بە کەمی تەماشا بکات، (أَوْ قِلَّة الرَّغْبة فِي عِوَضِهِ)، یاخود بریتیە لەوە کە تۆ شتێکت هەبێ، زۆر ئارەزووی قەرەبووەکەی نەکەی، واتە: قەرەبووەکەی کەم دابنێی .

بە کوردیی (زُهد)، یانی: بە کەمگرتن، یاخود بە کەم تەماشا کردن، ئنجا لەبەرچی ئەوانە یوسوفیان بە کەم گرتوەو تێیدا بە کەم گربوونو، بە کەم بایەخ سەیریان کردوە؟ هۆکارەکەی ئەوە بووە کە ترسی ئاشکرابوونیان هەبووە، عادەتیش وایە مرۆڤ ئەگەر شتێك پشتی پێوە نەهێشابێ، زۆر قەدری نازانێ، هەروەها عادەت وایە کە مرۆڤ ئەگەر شتێکی لە ڕێیەکی ناشەرعییەوە دەست کەوتبێت، خوا خوایەتی زوو لەکۆڵی بێتەوە، بۆ ئەوەی ئاشکرانەبێو لێی وەرنەگیرێتەوە، یاخود عەیبەی نەیەتەسەر.

مەسەلەی سێیەم : ڕاسپاردنی کڕیارەکەی یوسوف بۆ ژنەکەی کە جێگاو ڕێگای باشی بۆ دابین بکات، بە ئومێدی سوود لێ بینینی، یاخود بە کوڕ گرتنی :

وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِى ٱشۡتَرَىٰهُ مِن مِّصۡرَ لِٱمۡرَأَتِهِۦٓ أَكۡرِمِى مَثۡوَىٰهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗاۚ ﴿٢١﴾ ﴾.

تویژینەوەی ئەم ئایەتە لە شەش بڕگەدا :

١) - ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِى ٱشۡتَرَىٰهُ ﴾، ئنجا ئەو پیاوەی کە کڕی، کێی کڕی؟ یوسوفی کڕی، (إشتراه)، یانی: نرخەکەی داو بوو بە خاوەنی یوسوف.

ئایا ئەو پیاوە خەڵکی کوێ بوو؟!

٢) - ﴿ مِن مِّصۡرَ ﴾، لە شاری میسڕ، یان وڵاتی میسڕ، کە ڕەنگە ئەو کاتە شارێکی گەورە بوو بێتو ئەو کاتە عادەت وابوو، دەوڵەتە شارەکان (دویلات المدن) هەبوون، واتە: ئەو دەوڵەتانەی کە هەر کامیان لە شارێك پێکهاتبوون، شارێکی گەورە شوورایەکی گەورەی هەبووە، بۆ نموونە: ئەم هەولێرە، شوورایەکی هەبووەو قەڵایەکی هەبووە، ئەو قەڵایەش دەروازەی هەبوون، لە دەروازەکانەوە نەبا، خەڵك نەیتوانیوە بێتە ژوورێ .

جارێ خوای پەنهانزان ئاشکرای ناکات کە ئەو پیاوەی کە خەڵکی میسر بووەو، یوسوفی کڕیوە، کێ بووە؟ بەڵام دوایی بۆمان دەردەکەوێ کە عەزیزی میسر بووە، لە پەیمانی کۆندا هاتووە دەڵێ: ناوی (فوطیفار) بووەو والی میسر بووە، هەروەها لە پەیمانی کۆندا دەڵێ: (كان رئيس الحَرَس)، سەرۆکی پاسەوانەکانی فیرعەون بووە، واتە: سەرۆکی پاسەوانەکانی پادشای میسر، کە دەبێتەوە بە وەزیری بەرگریی، یاخود سوپا سالار بە زاراوەی ئێستای ئێمە .

٣) - ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِى ٱشْتَرَىٰهُ مِن مِّصْرَ لِٱمْرَأَتِهِۦٓ ﴾، ئەو پیاوەی کە لە میسر کڕی، بە هاوسەرەکەی خۆی گوت، کە ئەو ژنەی عەزیزی میسر لە تەوراتدا دەڵێ: ناوی: (ڕاعیل) بووە، بەڵام لە هەندێك سەرچاوەی دیکەی مێژوویی دا هاتووە، دەڵێ: ناوی (زَلیخا) بووە، بە کوردیی دەڵێن: (زلێخا)، بەڵام بە هەر حاڵ دیارنیە ناوی چی بووەو، لە قورئاندا زۆر بە کەمیی ناوی کەسەکانو وردەکاریی دەربارەی شوێنەکانو کاتەکان باس دەکرێ، لەبەر ئەوەی پەندو عیبرەتێك پەیوەست نیە بەو شتانەوە .

٤) - ﴿ أَكْرِمِى مَثْوَىٰهُ ﴾، ئەو پیاوەی کە لە میسر کڕی بووی، بە ژنەکەی خۆی گوت: ﴿ أَكْرِمِى مَثْوَىٰهُ ﴾، واتە: ڕێز لە جێگاو ڕێگایەکەی بگرە، ڕێز لە شوێنی پشوودانی بگرە، (مَثْوَى)، نێوەڕۆکەکەی بریتیە لەو شوێنەی کە مرۆڤ پەنا دەدات، واتە: مرۆڤ بۆ لای دەگەڕێتەوەو تێیدا پشوو دەدات، (أَي: اجْعَلِي إِقَامَتَهُ عِنْدكِ كريمة، أَي كامِلة فِي نَوْعِها)، واتە: ئەی ئافرەت! با مانەوەو نیشتەجێبوونی ئەو مێرمنداڵە لەلای تۆ، بەڕێزو حورمەت بێ، واتە: باشترین جۆری (شوێنی) پشوودانو نیشتەجێکردن بێ، چونکە وشەی (کریم)، لە قورئاندا واتە: شتی تێرو تەواو، وەك دەفەرموێ: ﴿ أَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ ۝٧ ﴾الشعراء، لە هەرجووتێکی، لە هەر ڕووەکێکی (کریم) واتە: تێرو تەواو و ڕێكو پێكو بەرهەمدارمان تێدا ڕواند .

ئنجا کە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ أَكۡرِمِي مَثۡوَىٰهُ ﴾، جێگاو رێگایەکەی رێز لێ بگرە، شوێنی حەوانەوەکەی رێز لێ بگرە، واتە: با بەرێزو حورمەتەوە بێو تێرو تەواوبێ، زانایان دەڵێن: ئەگەر رێز لە شوێنی پشوودانەکەی بگیرێ، کەواتە: خۆی زیاترو چاکتر دەبێ رێزی لێبگیرێ، کە بە دڵنیاییەوە لێرەدا مەبەست لە شوێنی پشوودانیو نیشتەجێبوونی یانی: جێگایەکەی، بەرگو پۆشاکی، خواردنی، پاکو خاوێنی...هتد. ئەمەش ئەوەی لێوەردەگیرێ، واتە: وەك کۆیلەیەك سەیری مەکە، زیاتر لە کۆیلەیەك تەماشای بکە، کە ئەمە لە برگەی پێنجەمو شەشەمدا هۆکارەکەی روون کراوەتەوە .

٥) – ﴿ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ ﴾، نزیکە، رەنگە سوودمان پێبگەیەنێ، واتە: لێی بەهرەمەندبین بە گشتی .

٦) – ﴿ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗا ﴾، یاخود ئەگەر زۆر متمانەی پێبکەین، بیکەین بە رۆڵەی خۆمان، کە ئەمە لە هەموو تەفسیرەکاندا دەڵێ: عەزیزی میسر (فوطیفار)، لەگەڵ ئەو ئافرەتە منداڵیان نەبووە، هەندێکیان دەڵێن: عەزیزی میسر هەر ئارەزووی جینسیشی نەبووە، بەڵام من پێم وایە ئایەتەکە، نە ئەوە دەگەیەنێ کە ئارەزووی جینسیی نەبووبێو، نە ئەوەش دەگەیەنێ کە منداڵیشیان نەبووبێ، چونکە جاری وا هەیە کە ماڵێك منداڵیشیان هەیە، بەڵام منداڵێکی دیکەش تەبەننیی دەکەن، وەك کاتی خۆی عادەت وابووە، دەیکەنە منداڵی خۆیانو رۆڵەی خۆیانو، رەگەڵ ئەوانی خۆیانی دەخەن.

ئنجا ئەوە لە تەورات وەرگیراوە کە گوایە منداڵیان نەبووە.

بەو شێوەیە یوسوف لە کۆشکی عەزیزی میسردا نیشتەجێ بوو.

با سەرنجێکی پەیمانی کۆن بدەین لەو بارەوە، واتە: تەورات، لە ژێر ناونیشانی: (یوسف یباع لتجار المدیانیین)، {یوسوف بە بازرگانانی میدیانییەکان دەفرۆشرێ}دا، هاتوە :

(وَحِينَ جَلَسوا لِيأكُلُوا شاهَدُوا عَنْ بُعْدٍ قَافِلَة مِنَ الإِسْماعِيلِيِّينَ قادِمِينَ مِنْ جِلْعَادَ فِي طَرِيقِهِمْ إِلَى مِصْرَ ... وَعِنْدَما دَنا مِنْهُمُ التُّجارُ الْمِدْيانِيُّونَ، سَحَبوا يُوسُفَ مِنَ الْبِئْرِ وَباعُوهُ لَهُمْ بِعِشْرِينَ قِطْعَةً مِنَ الْفِضَّةِ، فَحَمَلُوهُ إِلَى مِصْرَ... وَباعَ الْمِدْيانِيُّونَ يُوسُفَ فِي مِصْرَ لِفُوطِيفَارَ خَصِيٍّ فِرْعَوْنَ رَئِيسِ الحَرَسِ)[١].

کە دیارە من پچڕ پچڕو تەنیا شوێنی مەبەستم هێناوە .

واتە: ئنجا (برایەکانی یوسوف) کاتێك دانیشتن بۆ ئەوەی نان بخۆن، (دوای ئەوە کە یوسوفیان خستە نێو بیرەکەوە، بە پێی پەیمانی کۆن بێ، دەبێ لە دوورو نیزیکی بیرەکە دانیشتبنو، چاوەڕێیان کردبێ کاروانێك بێو هەڵیبگرێتەوە، خۆشیان خەریکی نانخواردن بوون)، تەماشایان کرد لە دوورەوە کاروانێك هات، هی ئیسماعیلییەکان بوو، (واتە: عەرەبی ئیسماعیلیی)، لە جیلعادەوە دەهاتن، کە لەسەر ڕێیان بوو بەرەو میسرو، کاتێك کە بازرگانە میدیانییەکان، (کە خەڵکی مەدیەن بوون)، لێیان نیزیك کەوتنەوە، ئەوانیش چوون یوسوفیان لە بیرەکە دەرهێنایەوە، (یانی: هەر برایەکانی خۆی)و، بە بیست پارچە زیو، (واتە: بیست درەم)، بە میدیانییەکانیان فرۆشت، ئەوانیش لەگەڵ خۆیان بردیان بۆ میسرو، میدیانییەکانیش یوسوفیان لە میسر بە (فوطیفار) فرۆشت، کە خەسێنراوی فیرعەون بوو، سەرۆکی پاسەوانەکانی بوو .

هەڵبەتە دوایی باسی دەکەین کە: پادشای میسر ئەو کاتە، فیرعەونی پێ نەگوتراوە، بەڵام تەورات وایهێناوەو قورئان ئەو هەڵەیەی تەوراتی ڕاست کردۆتەوە، هەڵبەتە ئەو تەوراتەی کە دەستکاریی کراوە، نەك ئەو تەوراتەی کە خوای زاناو شارەزا ناردوویەتی، کە بێگومان کتێبەکانی خوا، هەڵەو کەمو کورتییان تێدا نەبووە، بەڵام ئەهلی کیتاب دەستکارییان کردوونو لایان داون.

---

١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر التكوين، الإصحاح : ٣٧، ص ٩٦، ٩٧، ٩٨.

مەسەلەی چوارەم : نیشتەجێبوونی یوسوف لە کۆشکی عەزیزی میسرداو، دەستکراوە بوونی لە کاروبارەکانی کۆشکدا:

ئەمیش هەر لە ئایەتی (٢١)دا، خراوەتەڕوو، وەك خوا فەرموویەتی:
﴿وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلْأَرْضِ وَلِنُعَلِّمَهُۥ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِۚ وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمْرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾.

تیشك خستنە سەر ئەم ئایەتە لە چوار بڕگەدا :

١) - ﴿وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلْأَرْضِ﴾، ئاوا بەو شێوەیە، یانی: بەو شێوەیەی کە باسکرا، یان: وەك چۆن لەبیر هێنامانەدەر، بەهەمان شێوەش یوسوفمان دەستکراوە کرد لە زەوی دا، لە زەوی میسر (خاکی میسر)دا، کە مەبەست پێی کۆشکی عەزیزی میسرە، کۆشکی سەرۆکی پاسەوانەکانی پادشای میسر .

ئەمەش بە دوو واتایان دێ :

یەکەم : وەك چۆن لە بیر دەرمانهێناو دەربازمانکرد، بەو شێوەیەش دەستڕۆیشتوومان کردو، کردمانە خاوەن پێگە لە میسردا، واتە: لە کۆشکی عەزیزی میسردا .

دووەم: بەو شێوەیە، پێگەمان پێداو دەستڕۆیشتوومان کرد .

٢) - ﴿وَلِنُعَلِّمَهُۥ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ﴾، بۆیەش یوسوفمان ئاوا دەست ڕۆیشتوو کرد لە کۆشکدا، کە سەرەنجام فێری مانا لێکدانەوەی خەونانی بکەین .

کە ئەوە موعجیزەی هەرە دیاری یوسوف بووە، چونکە هیچ کام لە پێغەمبەران نەبوون کە موعجیزەو بەڵگەیەکیان نەبێ بۆ سەلماندنی پێغەمبەرایەتیی خۆیانو، بەنسبەت یوسوفەوە جگە لە تەعبیری خەونان گومانمان بۆ هیچ شتێکی دیکە ناچێ، کە جیای کردبێتەوە لە خەڵکی

ڕۆژگاری خۆی‌و، بوو بێتە هۆکاری ئەوەی باوەڕیان پێ هێنابێ، کە ئەو زانیارییەکی پێیە دەربارەی تەعبیری خەونان، ئەوان پێیان نیە، کەواتە: ئەو زانیارییەی لە خواوە پێدراوە، وەك بۆ خۆشی گوتوویەتی.

٣) - ﴿ وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ ﴾، خواش بەسەر کاری خۆیدا زاڵە، واتە: خوا چی بوێ دەیکات‌و، دەست ڕۆیشتوویە بەسەر کاروبارە ئەندازەگیریی کراوەکانی خۆیدا، واتە: خوا ﷻ کە دەیەوێ یوسوف بەو هەموو قۆناغانەدا بێنێ: بە منداڵیی برایەکانی بەو شێوەیەی لێدەکەن، دەیخەنە بیرەوە، ئنجا خوا لەو بیرە دەری دێنێ‌و دەیباتە کۆشك، دوایش لەو کۆشکەدا تووشی بەڵاو میحنەتێکی دی دەبێ، بوختانی پێ دەکرێ‌و دەنێردرێتە زیندان، هەمووی بۆ ئەوەیە، کە ئەو زانیارییەی بە یوسوفە ﷺ، ئەو شتە تایبەتییەی کە خوا بە یوسوفی داوە، زەمینەیەکی بۆ بڕەخسێت‌و دەربکەوێ، چونکە ئەگەر نەچووبایە زیندان‌و، ئەو دوو هاوەڵەی خەونەکانیان بۆ نەگێڕابایەوەو، ئەویش بۆی تەعبیر نەکردبان‌و، پاشان ئەو ڕەفیقەی کە دەربازی بووە - کە دیارە مەیگێڕی پادشا بووە - ئەوەی بۆ پادشا باس نەکردبایە، تاکو خەونەکەی بۆ تەعبیر بکات، ئاوا بەو شێوەیە پلەو پێگەو جێگاو ڕێگاو تواناو شارەزایی یوسوف ﷺ بۆ پادشای میسر دەرنەدەکەوت‌و، سەرەنجام یوسوف ئەو پێگەو مەقامەی پێنەدەبڕا، کە لە میانی ئەوەش دا، موعجیزەکەی‌و شارەزاییە ناوازەکەی کە خوا پێیداوە، دەربارەی مانا لێکدانەوەی خەونان، ئاوا دەربکەوێ.

٤) - ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن، واتە: نازانن کە: خوا عزوجل هیچ شتێك ڕێگرنیە لە بەردەم کارەکانی داو، هەرچی بیەوێ دەیکات، بەڵام خوا ﷻ پەنهانکار (لطیف)ەو کارەکانی خۆی بە شێوەیەك دەکات، کە خەڵك لێیان تێناگات‌و هەستیان پێناکات، لە کاتێکدا کە خوا تەگبیری کردوە بۆ یوسوف کە بەو قۆناغانەی دا بێنێ، ئەگەر کەسێك سەیری ڕواڵەتی یوسوفی کردبایە، دەیگوت: ئای چەند مرۆڤێکی بەدبەخت‌و چارەڕەش‌و کڵۆڵە! بەڵام نەخێر ئەوە دیوی ڕواڵەت‌و دەرەوەی ڕوداوەکان بووە، دیوی پەنهانیان ئەوە بووە کە خوا ﷻ ویستوویەتی

یوسوف لەو تاقیكردنەوانەدا، بەڵێ تووشی ناڕەحەتیی دێ، لە ڕووی جەستەییەوەو لە ڕووی ڕواڵەتییەوە، بەلام لە ڕووی مەعنەوییەوە، پێ بە پێو هەنگاو بە هەنگاو، بەرزدەبێتەوە بۆ لای خواو، شایستەی ئەوە دەبێ كە خوا ﷻ بەرزی بكاتەوە، هەڵیبژێرێو، سەرەنجام بیكات بە پێغەمبەرێكی پایەبەرزی خۆی .

لێرەدا بەرلەوەی بچینە سەر مەسەلەی پێنجەمو كۆتایی لەم دەرسەدا، كە لەبەر تیشكی ئایەتی (٢٢)دا هاتووە، بە پێویستی دەزانم ئیعجازێكی مێژوویی قورئان ڕوون بكەینەوە :

ڕوونکردنەوەی ئیعجازێکی مێژوویی قورئان

یوسوف دوای ئەوەی لە لایەن کاروانێکی عەرەبە ئیسماعیلییەکانەوە – بە پێی قسەی تەورات کە لە ڕاستییشەوە نیزیکەو وا پێدەچێ، چونکە ئەو ناوچەیە عەرەبنشین بووە – کە لە مەدیەن نیشتەجێبوون، لە بیر هێنراوەتە دەرێ ، نەك وەك تەورات دەڵێ: برایەکانی لە بیر هێنابیانە دەرو فرۆشتبیان، ئەوەیان بەڕاستی قورئان هیچ ئاماژەی پێناکات، بەڵکو زۆر بە ڕوونیی خوا دەفەرموێ: ﴿ وَجَآءَتۡ سَيَّارَةٞ فَأَرۡسَلُواْ وَارِدَهُمۡ فَأَدۡلَىٰ دَلۡوَهُۥۖ قَالَ يَٰبُشۡرَىٰ هَٰذَا غُلَٰمٞۚ ﴿١٩﴾ ﴾ زۆر بە ڕوونییو ڕاشکاویی قورئان دەڵێ: کاروانێك هات، ئاوکێشەکەی خۆیان ناردو دۆڵچەکەی داهێشتە بیرەکەو گوتی: ئەی مژدە! مژدەتان لێبێ ! ئەوە مێر منداڵێکە، کەواتە: کاروانچییەکان خۆیان یوسوفیان لە بیر هێناوەتە دەرێ، نەك برایەکانی بیهێننە دەرو دوایی بە کاروانچییەکانی بفرۆشن، وەك تەورات دەڵێ .

ئنجا دوای ئەوە بردوویانە بۆ میسرو لەوێ وەك کۆیلەیەك لە بازاڕی پایتەختی میسر، {تەورات دەڵێ: لە (پایتەختی میسری خواروو) فرۆشتوویانە} ، کە ئەو کاتە میسری سەرێو میسری خوارێ هەبووە، میسری خوارێ ئەو کاتە لە ژێر حوکمڕانی کەنعانییەکاندا بووە، کە (عمالقة)شیان پێگوتراوەو بە (هەکسوس) یان (هەکصوص) ناسراون، کە وەك لە کتێبە مێژووییەکان دا باس دەکرێ، دەڵێ: (١٥٠) ساڵ میسری خوارو بە دەست ئەو حوکمڕانانە بووە کە بە پادشایەکانیان گوتراوە: پادشا (مَلِكْ)، نەك فیرعەون، ئنجا ئەو کاتەی یوسوف لەوێ فرۆشراوە، لە ڕۆژگاری پادشا (أبو فیس) یان (أبیی)دا بووەو، لە دەوری ساڵی (١٧٢٩) پێش زایینەدا بووە .

ئنجا (١٧٢٩) پێش زایین، لەگەڵ (٢٠١٧)ی ئێستادا، دەکاتە (٣٧٤٦) ساڵ لەمەو پێش.

ئەو کەسەش کە یوسوفی کڕیوە ناوی (فوطیفار) بووە، (بە پێی قسەی تەورات، سەرۆکی شاریش بووە، بەڵام لە تەوراتدا دەڵێ: (رئیس الحرس)، سەرۆکی پاسەوانەکان، واتە: سوپاسالار، یاخود وەزیری بەرگریی بووە، بە زاراوەی ئێستا .

ئنجا ئیعجازە مێژووییەکەی قورئان لێرەدایە، کە قورئان وشەی (ملك) بەکاردێنێ، بۆ ئەو پادشایە، بەڵام تەورات وشەی فیرعەون بەکاردێنێ، لە حاڵێکدا کە سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن: فیرعەون دەستەڵاتی بەسەر ئەو بەشەی میسردا، کە میسری خواروویان پێ گوتوە، نەبووە، بەڵکو تەنیا میسری باکوور لەبەر دەستی فیرعەون دا بووە، بەڵام میسری خواروو لەو سەروحەدەدا، لەبەر دەستی ئەو قەومەدابووە کە پێیان گوتراوە: (هەکسۆس)، یان (هەکصۆص)و (عەمالیقە)شیان پێگوتراوە، کە دیارە کەنعانیی بوون، واتە: گەلێکی دیکەی غەیری گەلی میسر بوونو گەلێکی غەریب بوون .

لە (التفسير التطبيقي للكتاب المقدس)[1] واتە: شەرحی کتێبی پیرۆزدا، هاتوە دەڵێ: (يثور جدل عَنيف حَوْلَ تَحديد التأريخ الدَّقِيق لِوُصُول يُوسُفَ إلى مِصْر ، فَيَقُول كَثيرونَ مِنَ العُلَماء إنَّهُ وَصَل إلَيْها فِي أثْناء فَترة حُكْم الهَكْسوس، وَكانَ الهَكْسوس أجانِبَ جاءوا مِنْ مَنْطِقة كَنْعَان، وَغَزَوا مِصْر وَحَكَموها قُرَابة مائة وَخَمْسِينَ سَنَة).

واتە: مشتومڕێکی توند دەربارەی دیاریکردنێکی وردی مێژووی گەیشتنی یوسوف بە میسر هەیە، زۆرێك لە زانایان دەڵێن: کاتێك یوسوف گەیشتۆتە میسر لە سەردەمی حوکمی (هەکسۆس)دا بووە، هەکسۆسیش بێگانە بوون، لە ناوچەی کەنعانەوە هاتوون، میسریان داگیر کردوەو، ماوەی سەدو پەنجا (١٥٠) ساڵ حوکمی میسریان کردوە .

ئنجا ئایا تەنیا بەشی باشووری میسریان لە بن دەست بووە، وەك تەوراتو هەندێ سەرچاوە گوتوویانە، یان هەموو میسریان لە بن دەست بووە؟ گرنگ

١) حاشية التفسير التطبيقي ص١٠١.

ئەوەیە ئەو شوێنەی کە یوسوفی لێ فرۆشراوەو، یوسوف تێیدا نیشتەجێ بووە، لە ژێر دەسەڵاتی فیرعەونەکان دا نەبووە، بەڵکو لە ژێر دەسەڵاتی (هەکسۆس)دا بووە، ئەوانیش بە گەورەو سەرۆکی خۆیان گوتوە (ملک) نەك فیرعەون، هەر بۆیە لە هەموو بەسەر هاتی یوسوف دا، هەر باسی پادشا (ملک) دەکرێ، لە حاڵێکدا کە خوا ﷻ لە بەسەرهاتی مووساو هارۆونی برایو فیرعەوندا، ناوی پادشای میسڕ بە وشەی فیرعەون، دێنێ، چونکە بە دڵنیاییەوە لە کاتێکدا کە مووسا لە میسڕ بووە، مووسا لەگەڵ فیرعەوندا ڕووبەڕوو بۆتەوەو پادشایەکانی میسڕ ئەو کاتە فیرعەونیان پێ گوتوون کە کۆیەکەی (فراعین)یە، بەڵام یوسوف ﷺ کە سەرەتای نیشتەجێبوونی وەچەی یەعقووب، (بەنی ئیسرائیل)ە، لە میسڕدا، ئەو کاتە سەردەمی حوکمی فیرعەونەکان نەبووە، ئەو ماوەیە کە سەدو پەنجا (١٥٠) ساڵو هەندێك دەڵێن: (٢٠٠) ساڵ بووە، گەلێکی دیکەی بێگانە لە میسڕ بوونە حوکمڕانی میسڕ، کە بە گەورەی خۆیانیان گوتوە: مەلیك، نەك فیرعەون .

بەڵام تەورات، لەبەر ئەوەی کەسانێك کە دواتر نووسیویانەتەوە، وایان زانیوە هەرچی لە میسڕ حوکمڕان بووەو دەستی ڕۆیشتوە، هەر ناوی فیرعەونی بۆ بەکارهاتوە، بێئاگا لەوەی: ئەو ماوەی: (١٥٠ یان ٢٠٠) ساڵە، گەلێکی بێگانە دەسەڵاتیان بەسەر میسڕدا گرتوەو میسڕیان خستۆتە ژێر دەستی خۆیانەوە، کە ناویان (هەکسوس) بووەو بە حوکمڕانەکانی خۆیان گوتوە: پادشا (ملک).

<u>مەسەلەی پێنجەمو کۆتایی</u> : پاش گەیشتنی یوسوف بە حاڵەتی پێگەیشتن و کاملیی، خوا حیکمەتو زانیاریی پێدا:

وەك خوا دەفەرموێ : ﴿ وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥٓ ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٢٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە سێ بڕگەدا :

١) - ﴿ وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ ﴾، ئنجا کاتێك گەیشتە، ئەوپەڕی توانای، لە کوردییدا دەگوترێ: تافی لاوێتیی، یان توغیانی خۆی، گەیشتە ئەوکاتەی کە بالّغ بوو، کاملّ بوو، تینو تاقەتی پەیداکرد.

(أبو عُبيد) دەلّێ: (أَشُدّ)، (لا وَاحِدَة لَهُ مِنْ لَفْظِه عِنْدَ العَرَب، وَمَعْنَاهُ: استكمال القُوَّة، ثُمَّ يَكون النقصَان بَعْد)، یانی: (أَشُدّ) لە بێژەی خۆی (یەك)ی نیە لە زمانی عەرەبیی دا، واتایەکەشیی: تەواوبوونی هێزو پێزە، کە لە دوای وی نا تەواویی پەیدا دەبێ.

(سیبویە)یش دەلّێ: (أَشُدّ جَمْعٌ، وَاحِدَه شِدَّة)، (أَشد) کۆیە، تاکەکەی بریتیە لە (شِدّة).

(کسائی)یش، دەلّێ: (واحده : شِدّ)، تاکەکەی بریتیە لە (شد)، هەرچۆنێك بێ (أَشُدَّهُۥ)، یانی: تافی لاوێتییو هەڕەتی تینو تاقەت.

ئنجا ئایا ئەوە لە چەند سالّیی، بۆ چەند سالّییە ؟

١ - هەندێکیان گوتوویانە: لە (١٥) بۆ (٢٠) سالّیی .

٢ - هەندێکیان گوتوویانە: تاکو (٣٣) سالّیی .

٣ - هەندێکیشیان هەتا (٤٠) سالّیی رۆیشتوون .

ئاشکراشە هەموو پێغەمبەران (علیهم السلام) وەك بۆمان گێڕدراوەتەوە، وەك پێغەمبەری خاتەم ﷺ دوای تەمەنی (٤٠) سالّیی سروشیان بۆ کراوە، بۆیە ئەگەر مەبەست وەحیی پێدران بێ، لای کەم دەبێ لە سەرووی(٣٠) سالّیی بووبێ .

٢) - ﴿ ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ﴾، (حُکم)و (عِلم)مان پێدا.

(حُکم)، زۆرێك لە زانایان دەفەرموون: مەبەست پێی حیکمەتە، واتە: کارامەییو لێزانییو شارەزایی، لە ڕووی کردەییەوە.

(وَعِلْمًا)، واتە: زانیاریی‌و بەرچاوڕوونیی، دەگونجێ مەبەست لە حوکم‌و عیلم لێرەدا ئەو دوو سیفەتە بەرزەبن کە سەرجەم پێغەمبەران هەیانبوون، وەك لە قورئاندا باسکراوە .

هەندێکیش دەڵێن: (حُکم)، بریتییە لە حوکمڕانیی‌و دەست کراوەیی‌و دەستڕۆیشتوویی .

(الشعراوي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا بە ناوی: (خواطر الشعراوي)[1]، گوتوویەتی: (وَالحُكْمُ: هُوَ الفَيْصَلُ بَيْنَ قَضْيَّتَيْنِ مُتَعَانِدَتَيْنِ مُتَعَارِضَتَيْنِ، حَقٌ وَباطِل، أي: التفرقة بَيْنَ الصَّوَابِ وَالخَطأِ).

واتە: (حُکْم) بریتییە لە جیاکردنەوە لە نێوان دوو بابەتدا کە پێچەوانەو دژی یەکدین، هەق‌و ناهەقن، واتە: جیاکردنەوەی ڕاست‌و چەوت .

٣) - ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْمُحْسِنِينَ﴾، بەو شێوەیەش پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە .

واتە: لەبەر ئەوەی یوسوف چاکەکار بوو، بۆیە ئاوا پاداشتمان دایەوە، حیکمەت‌و عیلممان، پێدا. یاخود حوکم‌و زانیاریی‌و شارەزاییمان پێدا .

دکتۆر (محمد راتب النابلسي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا بە ناوی: (تفسير النابلسي)[2] لە زانایانی دەروونزانەوە دەگوازێتەوە، کە مرۆڤ هەریەك تەمەنی نیە، بەڵکو دەگونجێ پێنج جۆرە تەمەنی هەبن :

١ - (العُمُر الزَّمني)، تەمەنێکی کاتیی، واتە: بە ساڵ، دەگوترێ: ئەو کەسە تەمەنی سی (٣٠) ساڵە، چل (٤٠) ساڵە، پەنجا (٥٠) ساڵە، دەڵێ: ئەوە سادەترین‌و کەم بایەخترین جۆری تەمەنە.

---

١) ج ١١، ص ٦٨٩٩.

٢) ج ٤ ، ص ٥٠٢ .

٢- (العُمُر العقلي)، تەمەنی عەقڵیی، كە بە ڕێژەو ئەندازەی پێگەیشتنی عەقڵ‌و هۆشی دیاریی دەكرێ، كە: ئایا ئەو مرۆڤە عەقڵ‌و تێگەیشتنی چەندە؟ لە ڕووی عەقڵ‌و تێگەیشتن‌و هۆشییەوە، دەبێ تەمەنەكەی دیاریی بكرێ .

٣- (العُمُر الإنفعالي)[١] تەمەنی كارلێكیی دەروونیی لەگەڵ دەوروبەردا، وەك: خۆشحاڵ بوون، خەمبار بوون‌و سەرجەم حاڵەتە دەروونییەكانی دیكە.

٤- (العُمُر الإجتماعي)، تەمەنی كۆمەڵایەتی، كە ئایا ئەو كەسە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی چۆنن؟ لەگەڵ دایك‌و بابی، لەگەڵ دۆست‌و هاوەڵانی، لەگەڵ دراوسێی، لەگەڵ خەڵكدا بەگشتی گونجاوە، یان نەگونجاوەو وەك بەردی خڕە، یاخود مرۆڤێكی گونجاوو تەبایە؟!

٥- (العمر التحصيلي)، تەمەنێك كە چەندەی زانست پەیدا كردوە؟ واتە: بە زاراوەی ئەم ڕۆژگارە: چ بڕوانامەیەكی هەیە.

كۆتا قسەم لەوبارەوە ئەوەیە كە (الإسكافِي)، لە كتێبەكەی خۆی: (دُرَّةُ التَّنْزِيل وَغُرَّةُ التأوِيْل)[٢]دا، قسەیەكی جوان دێنێ، دەڵێ: بۆچی خوای پەروەردگار دەربارەی یوسوف دەفەرموێ: ﴿ وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥٓ ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ... ﴾؟ بەڵام بۆ مووسا لە سووڕەتی (القَصَص)، لە ئایەتی (١٤)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَٱسْتَوَىٰٓ ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ... ﴾، لە بارەی یوسوفەوە دەفەرموێ: كاتێك گەیشتە هەڕەتی توانای خۆی، حوكم‌و عیلممان پێدا، بەڵام لە بارەی مووساوە دەفەرموێ: كاتێك گەیشتە هەڕەتی لاوێتیی‌و تێرو تەواو بوو، ئنجا حوكم‌و عیلممان پێدا ؟

---

١) لە سەرچاوەو فەرهەنگە دەروونزانییە كوردییەكاندا (الإنفعال) بە هەڵچوونیش وەردەگێڕدرێ، كە بە ئینگلیزییەكەی (emotion)ی پێدەڵێن، واتە : (emotional age)، تەمەنی هەڵچوونیی، كە هەڵچوون بریتییە لە ئیحساسات، وەك هەست كردن بە خەمباریی‌و ئاسوودەیی‌و دڵەڕاوكێ‌و شەرم ... هتد.

٢) ص ١٧١ و ١٧٢.

وەڵامەکەی ئاوادەداتەوە، دەڵێ: لەبەرئەوەی یوسوف تووشی میحنەتو دەردەسەریی زۆر بووە، خوای کاربەجێ چاوەڕێی ئەوەی نەکردوە کە دوای ئەوەی گەیشتۆتە تافی لاوێتییو هەرەتی گەنجێتیی، بگاتە حاڵەتی (پێگەیشتن)، بەڵکو زووتر خوای پەروەردگار حوکمو عیلمی پێداوە، یاخود حیکمەتو عیلمی پێداوە، لەبەرئەوەی زووتر پێویستیی پێی بووە، بەڵام لەبارەی مووساوە، لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی هاتوونە ڕێی یوسوف، نەهاتوونەتە ڕێی وی،و، هیچ چاوەڕوانییەکی نەکردوەو شوان بووەو بە شوانێتیی لە مەدیەنەوە هاتوەو، ویستوویەتی سەردانی دایکی بکاتەوە لە میسر، ئیدی بەرێوە خوای بەخشەر کردوویەتی بە پێغەمبەر، بۆیە تاکو نەگەیشتۆتە قۆناغی کامڵ بوون، خوای کارزان حوکمو عیلمی پێنەداوە، لەبەر ئەوەی حاڵەتەکەی وابووە، پەکی لەسەریان نەکەوتوە، بەڵام یوسوف حاڵەتەکەی وابووە، کە دەبوو زوو خوای پەروەردگار ئیلهامی بۆ بکاتو ئاگاداری بکاتەوە، لەبەرئەوەی کە لە میحنەتو بەڵاو گرفتاریی بەردەوامدا بووە .

منیش دەڵێم :

حیکمەتێکی دیکەش لێرەدا ئەوەیە کە :

مووسا عليه السلام نێرراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی فیرعەونو دەربازکردنی گەلی چەوساوەی خۆی (بني إسرائيل)، ئەوەش ئەرکێکی هێندە گران بووە، پێویستیی بەوپەڕی پێگەییشتوویی هەبووە !

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی چوارەم

پێناسەی ئەم دەرسە

لەم دەرسەماندا ئایەتەکانی: (٢٣ تا ٢٩) کە حەوت (٧) ئایەتن، ڕوون دەکەینەوەو، ئەمە ئاڵقەی سێیەمی بەسەرهاتی یوسوفە ﷺ، لەم حەوت ئایەتەدا خوای بەرزی مەزن باس لە میحنەتو تاقیکردنەوە گەورەکەی یوسوف دەکات، کە بریتیە لە تەماع تێکرانی دەست تێکەڵیی، لەلایەن هاوسەری عەزیزی میسرەوەو، بەرهەڵستیی کردنی یوسوفو پەنا بە خواگرتنیو، سەرەنجام ڕاکردنی لە دەست ئەو ژنەو دڕانی کراسەکەی لە پشتەوەڕا، بە دەستی ژنەکە، ئنجا لەبەر دەرگا گەیشتنیان بە مێردەکەیو، مشتو مڕکردنیانو، تۆمەتبار کردنی ژنەکە بۆ یوسوف، کە نیازی خراپی بووە لەگەڵی داو، بەرگریی کردنی یوسوف لە خۆی. کە ئافرەتەکە ویستوویەتی پەلکێشی خراپەی بکاتو لە خشتەی ببات، پاشان شایەدیی دانی شایەدێك لە نیزیکان، کە لە بازنەی ئافرەتو پیاوەکەدایە، واتە: لە خزمانو نیزیکانیان، بە قازانجی یوسوف .

ئنجا باوەڕکردنی عەزیز بەوەی کە هاوسەرەکەی تاوانبارەو، فەرمانکردن بە هاوسەرەکەی کە داوای لێبوردن بکات، داواشی لە یوسوف کردوە، کە بێ دەنگیی لەو بابەتە بکات .

﴿ وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ
قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾ وَلَقَدۡ هَمَّتۡ
بِهِۦۖ وَهَمَّ بِهَا لَوۡلَآ أَن رَّءَا بُرۡهَٰنَ رَبِّهِۦۚ كَذَٰلِكَ لِنَصۡرِفَ عَنۡهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلۡفَحۡشَآءَۚ
إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴿٢٤﴾ وَٱسۡتَبَقَا ٱلۡبَابَ وَقَدَّتۡ قَمِيصَهُۥ مِن دُبُرٖ وَأَلۡفَيَا
سَيِّدَهَا لَدَا ٱلۡبَابِۚ قَالَتۡ مَا جَزَآءُ مَنۡ أَرَادَ بِأَهۡلِكَ سُوٓءًا إِلَّآ أَن يُسۡجَنَ أَوۡ عَذَابٌ
أَلِيمٞ ﴿٢٥﴾ قَالَ هِيَ رَٰوَدَتۡنِي عَن نَّفۡسِيۚ وَشَهِدَ شَاهِدٞ مِّنۡ أَهۡلِهَآ إِن كَانَ قَمِيصُهُۥ
قُدَّ مِن قُبُلٖ فَصَدَقَتۡ وَهُوَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٢٦﴾ وَإِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٖ فَكَذَبَتۡ
وَهُوَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٢٧﴾ فَلَمَّا رَءَا قَمِيصَهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٖ قَالَ إِنَّهُۥ مِن كَيۡدِكُنَّۖ إِنَّ
كَيۡدَكُنَّ عَظِيمٞ ﴿٢٨﴾ يُوسُفُ أَعۡرِضۡ عَنۡ هَٰذَاۚ وَٱسۡتَغۡفِرِي لِذَنۢبِكِۖ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ
ٱلۡخَاطِـِٔينَ ﴿٢٩﴾ ﴾.

مانای وشــە بە وشـەی ئایەتەکـان

{ئنجا ئەو ژنەی ئەو (یوسوف) لە مالەکەی دابوو، هەولی پەلکێش کردنی ویدا بۆ دەست تێکەڵ کردن‌و، قایم دەرگاکانی گاڵەداو گوتی: وەرە پێش، (یوسوف) گوتی: پەنا بە خوا، ئەو (مێردەکەی تۆ) بەخێوکەرمەو بە باشی حاواندوومیەوە، بە دڵنیایی ستەمکاران سەرفراز نابن ﴿٢٣﴾ بە دڵنیایی ژنەکە نیازی (پەلاماردانی) وی کرد، ئەویش نیازی پەلاماردانی ویی کرد، ئەگەر بەڵگەی پەروەردگاری نەدیبایە (ئازاری دەدا)، بەو شێوەیە (بەڵگەمان خستەوە یادی یوسوف) تاکو خراپەو شوورەیی لێ دووربخەینەوە، بە ڕاستیی ئەو لە بەندە هەڵبژاردەکانمان بوو ﴿٢٤﴾ ئنجا هەردووکیان بەرەو دەرگایەکە پێشبڕکەیان کرد، (ژنەکە بۆ گرتنی یوسوف‌و ئەویش بۆ ڕاکردن لە چنگی)، ئیدی ژنەکە کراسەکەی وی لە پشتەوە دادڕیو، لە نزیك دەرگایەکە بە مێردەکەی گەیشتن، ژنەکە گوتی: سزای کەسێك کە نیازی خراپی بەرانبەر بە هاوسەرت هەبووە، هەر ئەوەیە کە زیندانیی بکرێ، یان ئازارێکی بە ئێش بدرێ ﴿٢٥﴾ (یوسوف) گوتی: ئەو هەولی پەلکێش کردنی دام بۆ دەست تێکەڵ کردن، ئنجا شایەدێك لە نیزیکەکانی وێ، شایەدیی دا: ئەگەر کراسەکەی (یوسوف) لە پێشەوە دڕابێ، ئەوە ئەو (ژنە) ڕاست دەکات‌و. ئەو (یوسوف) لە درۆکارانە ﴿٢٦﴾ بەڵام ئەگەر کراسەکەی لە پشتەوەڕا دادڕابێ. ئەوە (ژنەکە) درۆ دەکات‌و ئەو (یوسوف) لە ڕاستگۆیانە ﴿٢٧﴾ ئنجا کاتێك (عەزیز) بینی کراسەکەی (یوسوف) لە پشتەوەڕا دادڕاوە گوتی: (ئافرەت !) ئەوە لە فێڵی ئێوەومانانە، بێگومان فێڵ‌و پیلانی ئێوەومانان مەزنە ﴿٢٨﴾ (دوایی گوتی:) ئەی یوسوف! باسی ئەو (بابەت)ە مەکە، تۆش (ئەی ژنەکە) داوای لێبوردن بۆ گوناهەکەت (لە مێردی خۆت) بکە، مسۆگەر تۆ لە تاوانبارانی ﴿٢٩﴾}.

شیکردنـەوەی هـەندێـك لە وشــەکان

(وَرَٰوَدَتۡهُ): واتـە: هـەوڵی پەلکێش کـردنی دا، هـەوڵی لـە خشتـە بردنـی دا، هـەوڵی لەگەڵدا لـەسـەر هـەڵویستی خـۆی لایبـداو بیهـێنێتـە سـەر هـەڵوێسـتی خـۆیو، بـە حەرامیـی دەسـتی لـەگـەڵ تێـکـەڵ بکـات، (الرَّوْدُ: التـردُّدُ فِـي طَلَـبِ الشـيءِ بِرِفْقٍ، وَالـمُرَاوَدَةُ أَنْ تُنَـازِعَ غَيْـرَكَ فِـي الإِرَادَة، فَتُـرِيدَ غَيْـرَ مـا يُرِيـد، وَرَادَ يَـرُودُ سَعَـى فِـي طَلَـب الشـيء، تـراوِدُ فَتَاهـا عَنْ نَفْسِـهِ أي: تَصْـرِفُهُ عَن رَأيِـهِ)، (راودتـه) لـە (رود)ەوە هـاتـوە، (رود) بریتیـە لـە هـاتنو چوون لـە داواکـردنی شتێـکـدا بـە نـەرمیـی، (مُرَاوَدَة)ش، ئـەوەیـە تـۆ بتـەوێ بـەرانبـەرەکـەت لـە قـەنـاعـەتی خـۆی لابدەیو بیخـەیـە سـەر قـەنـاعـەتی خـۆت، واتـە: وای لـێبکـەی ئـەوەی بـوێ کـە تۆ دەتـەوێ، دەگـوترێ: (رَادَ يَرُودُ) واتـە: هـەوڵـی بـەدەسـتهێنـانی شتێکی دا، (تـراوِدُ فَتَاهـا عَنْ نَفْسِـهِ) واتــە: دەیویست خزمـەتکارەکـەی کـە لـەسـەر ڕای خـۆی لابـدات، {ڕای یوسـوف بریتی بـوو لـە پاکـییو عیففـەت، ڕای ئافرەتـەکـەش بریتیـی بـوو لـە دەسـت تێکـەڵ کـردن بـە حەرامیـی} ، جـا دەیویست یوسـوف لـەسـەر ڕای خـۆی، کـە پاکییـە، لابدات بـەرەو ڕای خـۆی، کـە بریتیـە لـە دەست تێکـەڵیی بـە حەرامیی (زینـا کـردن).

(وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ): واتــە: دەرگـاکـانی داخسـتن، (غَلَّـقَ عَلَـى التَّكْثِير إِذَا أَغْلَقَـتْ أَبـوابـا كَثِيرَة، أَوْ أَغْلَقَـت بـابـا وَاحِداً مِرَاراً، أَوْ أَحْكَمَـت إِغْلاَقَ بـابٍ وَاحِد)، وشـەی (غلّق) بـۆ زۆرییـە، واتـە: زۆر دەرگـای داخسـتن، یـاخـود دەرگـایـەکی داخسـت، بـەڵام چـەند جـارێك دایخسـت، واتـە: بـە کلـیلو پاشـان شـتێکی دیکـەشـی بـە پشـتـەوەنـا، یـاخـود دەرگـاکـەی زۆر بـە مـەحکـەمی داخسـت، یـان، چـەند جـارێك لـە دوای یـەك دەیکـردەوەو دایـدەخسـت .

بەڵام زیاتر وا پێدەچێ کە چەند دەرگایەك بووبن‌و هەمووی داخستبن، چونکە (أبواب) کۆی (باب)ە، بۆیەش هەمووی داخستوون، بۆ ئەوەی خۆشی‌و یوسوفیش دڵنیابێ کە لەو کاتەدا کەس لێیان وەژوور ناکەوێ.

(هَيْتَ لَكَ): (هَيْتَ: قَرِيبٌ مِنْ هَلُمَّ، وَقُرِئَ: هَيْتُ لَكَ، أَي تَهَيَّئتُ لَكَ، وقُرِيءَ بعدة قراءات أُخرى) بە هەموو خوێندنەوەکان (قراءات) واتە: وەرە پێش، دەستپێبکە، نیزیکبەوە، یانی: لەو کارە خراپەی کە ئافرەتەکە ویستوویەتی، (هَيْتُ لَكَ) یانی: من بۆت ئامادەم، دواتر زیاتر تیشك دەخەینە سەر، کۆی خوێندنەوەکان .

(مَعَاذَ اللَّهِ): یوسوف گوتوویەتی: پەنا بە خوا، (أَلْتَجِيء إلَيْهِ وَأَعُوذُ بِهِ، وَأَسْتَغْيثُ بِهِ أَنْ أَفْعَلُ ذَلِكَ، معَاذَ مَصْدَرٌ أُضِيفَ إلى اسم الجَلالَة إضَافَة المَصْدَرِ إلى مَعْمولِهِ)، (معاذ الله) واتە: (أعوذ بە معاذا) پەنا دەبەمە بەر خوا بە پەنا پێبردن، (معاذ) چاوگەو پاڵدراوەتە لای ناوی خوا، وەك پاڵویدانی چاوگ بۆ لای ئەوەی ئەو کاری تێی کردوە .

(أَحْسَنَ مَثْوَايَ): واتە: جێگاو ڕێگای منی باش کردوە، شێوەی حاواندنەوەی منی باش کردوە، (آواني إيواءً حَسَناً) واتە: باش ڕێزی لێگرتووم، جێگاو ڕێگاو بەرگ‌و پۆشاك‌و خواردنی باش‌و ... هتد بۆ دابین کردووم .

(وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ): هەم (ل)و هەم (قَد) بۆ جەخت کردنەوەو دڵنیا کردنەوەن، واتە: بێگومان ئەو ئافرەتە نیازی زیناکردنی هەبوو بەرانبەر بە یوسوف، (الهَمُّ: العَزْمُ عَلَى الفِعْلِ)، (هَمّ) بریتییە لە عەزم جەزم کردن لەسەر ئەنجامدانی کارێك، بۆیە بە (لَقَد) تەئکید کراوەتەوە، تاکو دیاربێ کە بریتییە لە عەزم جەزم کردن لەسەر ئەنجامدانی کارێك، (وَأَكَّدَ هَمّها بِقَدِ وَلاَم القَسَم لِيُفِيدَ أَنَّها عَزَمَتْ عَزْماً مُحَقَّقَاً) بۆیە بە (لقد) تەئکید کراوەتەوە، تاکو دیاربێ، کە ژنەکە زۆر بە تەواویی دڵی خۆی ساغ کردۆتەوە لەسەر ئەوەی لەگەڵ یوسوف دا ئەو کارە بکات، ئنجا زۆربەی توێژەرەوان دەڵێن: (هَمَّتْ بِهِۦ) واتە: نیازی بوو کە زینای لەگەڵدا بکات، بەڵام وەك

دوایی باسی دەکەین، ڕایەکی دیکە هەیە، کە من ئەو ڕایەم پێ ڕاستە، دەڵێ: نیازی بوو پەلاماریی بداتو ئازاری بدات لەسەر ئەوەی بە قسەی ناکات بۆ هێنانەدی ئامانجەکەی .

(لِنَصۡرِفَ عَنۡهُ): واتە: بۆ ئەوەی لێی لابدەین، (الصَّرْفُ: نَقْلُ الشيءِ مِنْ مَكانٍ إلى مَكان، وهُنا مَجازٌ عَنِ اللَّفْظِ) بۆ ئەوەی (سوء) و (فحشاء)ی لێ لابدەین، (صرف) بریتیە لە گواستنەوەی شتێك لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە، کە لێرەدا مەبەست پێی، پاراستنیەتی .

(ٱلسُّوٓءَ): (السُّوءُ: كُلُّ ما يَغمُّ الإنْسانَ دُنياً وَآخِرَةً، نَفْساً وَبَدَناً)، (سوء) هەر شتێکە کە حاڵی ئینسان خراپ بکاتو ئینسان پێی ناخۆش بێو مایەی خەفەتو دڵتەنگیی بێ، لە دنیاو دوارۆژداو، لە ڕووی دەروونییو جەستەییەوە، کە لێرەدا مەبەست پێی خیانەتو ناپاکییە .

(وَٱلۡفَحۡشَآءَ): (الفَحْشاء: ما عَظُمَ قُبْحُهُ مِنَ الأَفْعَالِ وَالأَقْوَالِ، كِنايةٌ عَنِ الزِّنا)، (فَحْشاء) واتە: بێ شوورەیی، بێناموسیی، هەر کردەوەو قسەیەکە کە زۆر دزێوو ناشیرین بێ، کە لێرەدا مەبەست پێی زینایە .

(ٱلۡمُخۡلَصِينَ): (الخالِصُ: كالصَّافِي إلاَّ أَنَّ الخالِصَ هُوَ ما زَالَ عَنْهُ شَوْبُهُ بَعْدَ أَنْ كانَ فِيهِ، وَالمُخْلَصُ: ما أُزِيلَ عَنْهُ الشَّوَائِبُ)، (مُخْلَصين) لە (خالص)ەوە هاتوە، (خالص)یش وەك (صافي) وایە، بەڵام بە هەر حاڵ (خالص) ئەوەیە شتێك کە لەگەڵی تێکەڵاو بووە، لێی لابچێ، دوای ئەوەی لەگەڵی تێکەڵ بووە، بەڵام (صافي) ئەوەیە کە هەر لە ئەسڵدا هیچی لەگەڵ تێکەڵ نەبووبێ، (مُخْلَص)یش شتێکە، یان کەسێکە، ئەو شتانەی کە لەگەڵی تێکەڵ بوون، لێی لابدرین، هەڵبەتە خوێنراویشەتەوە: (مُخْلِصِين) واتە: دەربازکەران، ئەوانەی کە خۆیانو کردەوەکانی خۆیان دەرباز دەکەن، لە خڵتەو خاڵی شیرکو غەیری خوا پێ مەبەست بوونو، ساغی دەکەنەوە بۆ خوا .

(﴿وَٱسۡتَبَقَا ٱلۡبَابَ﴾): پێشبڕکەیان کرد بەرەو دەرگایەکە، (السَّبْقُ: التَّقَدُّمُ فِي السَّيرِ، وَاسْتَبَقَا أي: تَسَابَقَا)، (سَبْق) بریتیە لەوە کە لە ڕۆیشتندا ئینسان پێشبکەوێتەوە، بەڵام لێرەدا (وَاسْتَبَقَا) لەگەڵ (تَسَابَقَا) هەر یەك واتایان هەیە، واتە: هەر کامێکیان دەیویست پێش ئەوی دیکەیان بکەوێتەوەو پێشبڕکەیان کرد .

(﴿وَقَدَّتۡ قَمِيصَهُۥ﴾): واتە: کراسەکەی دادڕی، (القَدُّ: قَطْعُ الشيءِ طُولاً)، (قَدّ) ئەوەیە کە شتێك بە باری درێژییدا دادڕیە خوارێ، بۆیە من وشەی دادڕینم بۆ بەکارهێناوە .

(﴿مِن دُبُرٖ﴾): واتە: لە پشتەوە ڕا، (دبُرُ الشيءِ: خِلاَفُ القُبُلُ، وَالجَمْعُ أَدْبار)، (دُبُر) پێچەوانەی (قُبُل)ە، وشەی (دُبُر) واتە: پشتەوە، (قُبُل) واتە: پێشەوە، کە بە (أَدْبار) کۆدەکرێتەوە .

(﴿وَأَلۡفَيَا﴾): واتە: تووشی بوون، (الإِلْفَاءُ: لقاءُ شَيءٍ عَلَى حَالة خاصَّةٍ مِنْ غَيرِ سَعيٍ لِوجْدَانِهِ، مُفَاجَئاً)، (إلفاء) ئەوەیە کە تۆ بگەی بە شتێك بە شێوەیەکی تایبەت، ئەویش ئەوەیە کە نەتەوێ بیگەیەو هەوڵی بۆ نەدەی. بەڵام یەکسەر کتوپڕ بێتە بن لووتتو تووشی بی .

(﴿سَيِّدَهَا﴾): (السَيِّدُ: المُتَولِّي للسوادِ، أَي: الجَماعَةِ الكَثِيرَةِ وَسُمّي الزَّوْجُ سَيِّداً لِسياسة زَوْجَتِهِ)، (سید) لە ئەسڵی زمانی عەرەبییدا واتە: سەرپەرشتیکەری ئاپۆرایی، خەڵکێکی زۆر، بۆیەش بە هاوسەری ئافرەت گوتراوە (سید) چونکە سەرپەرشتیی ماڵو خێزانەکەی دەکات .

(﴿لَدَا ٱلۡبَابِ﴾): واتە: لە نیزیك دەرگایەکە، {(لَدَى) يُقَارِبُ (لَدُن) وَلَدُن أَخُصُّ مِنْ (عِنْد) لأَنَّهُ يَدُلُّ عَلَى ابتِدَاءٍ نِهايَة)، (لدی) ماناکەی لە (لدن)ەوە نیزیکە. (لدُن)یش تایبەتترە لە (عند) چونکە وشەی (لدُن) بەکاردەهێنرێ بۆ سەرەتای کۆتایی شتێك .

(قُبُلٍ): (ضِدّ الدُّبُر) واتـە: پێشـەوە، کـە پێچـەوانـەی پشتـەوەیـە .

(كَيْدَكُنَّ): (الكَيْدُ: ضَرْبٌ مِنَ الإحْتِيالِ مَذْمومٌ وَمَمْدُوحٌ، وَالمَذْموم أَكْثَر)، (كَيْد) جۆرێکە لە فێڵو کاری پەنهان، کـە هـەم بـە حاڵـەتی سەرزەنشت کـراویی‌و، هـەم بـە حاڵـەتی ستایش کـراویی، دێ، بـەڵام زیـاتـر بـۆ حاڵـەتی سـەرزەنشـت کـراویی بـەکاردێ، واتـە: حاڵەتی خراپ، فێڵێکی خراپ، کە لە ڕێیـەکی خراپـەوە بـۆ ئـامـانجێکی خـراپ بـێ .

(أَعْرِضْ عَنْ هَٰذَا): واز لـەوە بێنـە، (أَعْرَضَ: وَلّى مُبْدِيا عُرْضَـهُ)، (عُـرْض)، واتـە: لامل، ئینسـان کـە ڕوو لـە شـتێـك وەرگێـڕێ، واتـە: لاملی تێدەکـات، واتـە: ئـەی یوسـوف! بـاسی ئـەم بـابـەتـە مـەکـە .

(الْخَاطِئِينَ): واتـە: تاوانبـاران، (الخـاطِيء: القَاصِدُ للذَّنْبِ)، (خـاطِيء) کەسێکـە مـەبـەسـتـی بـێو بـە مـەبـەسـتـەوە گونـاهێـك بکـات، واتـە: بشـزانێ گونـاهـەو بیکـات، پێچـەوانـەی: (أَخْطـأَ فَهُوَ مُخْطِيءٌ: أَصَابَ فِي الإِرَادَةِ وَأَخْطَـأَ فِي الفِعْلِ) (مُخْطـيء) ئـەوەیـە کـە مـەبـەستـەکـەی بـاشـبێ، بـەڵام نـەیپێکێو کـردەوەکـەی خراپ بێ، واتـە: ڕوو لـە شـتێك بکـات، بـەڵام نـەزانـێ کـە ئـەوە خراپـە، بکـەر (فـاعـل)ەکـەی پێی دەگـوتـرێ: (مُخْطِيء) .

مانـای گـشـتـی ئایـەتەکـان

لە ئالْقەی پێشی، لە دەرسی پێشوودا، ڕوون بۆوە کە یوسوف لەلایەن پیاوێك کە خەڵکی میسرە، کڕدراو کابرای کڕیاری ئامۆژگاریی خێزانەکەشی کرد کە: ڕێزی لێ بگریّو جوان بیحەوێنێتەوەو خزمەتی بکات .

ئنجا لێرەدا باسی ئەوە دەکات کە یوسوف ﷺ چۆن دوای ئەوەی لە ماڵی ئەو ژنەدا گەورە دەبیّو پێدەگاتو باڵغ دەبیّ، وەك لە دەرسی پێشوودا باسکرا: ﴿ وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ ﴾، واتە: کاتێك گەیشتە هەرەتی لاوێتیی، تۆغیانی تینو تاقەتو پیاوەتییو کامڵ بوو، ئیدی دوای ئەوە ئەو ئافرەتە بە چاوێکی دیکە سەیری کرد، پێشتر وەك منداڵێكو کۆیلەیەك سەیری کردوەو تەماعیان تێیدا هەبووە: بیکەنە کوڕی خۆیان، یاخود خزمەتیان بکات، بەڵام دوایی کە یوسوف بووە بە پیاوێکی تەواوو گەنجێکی قۆزو جوان، ئەو ئافرەتە بە چاوێکی دی تەماشای کردوە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ ﴾، ئنجا ئەو ژنەی کە یوسوف لە ماڵەکەیدا بوو، ویستی لە خشتەی بەریّ، ویستی پەلکێشی بکات، ویستی لە ڕای خۆی لایداتو، بیهێنێتە سەر ڕای خۆی .

(مُرَاوَدَة)، وەك پێشتر باسمان کرد، ئەوەیە کە کەسێك لەگەڵ کەسێك هەوڵبدات، ئەو کەسە لە ڕای خۆیو بۆچوونی خۆی لابداتو، بیهێنێتە سەر ڕاو بۆچوونی خۆی، دیارە بۆچوونی یوسوف، ئەوە بووە کە بە چاوی دایكو باب سەیری ئەو ژنو پیاوەی کردوە، یان بە چاوی ڕێزو حورمەتەوە سەیری کردوون. دوور لە هەر خولیاو بیرێکی دیکە کە پەیوەندیی بە لایەنی جینسییەوە هەبیّ. یانی: یوسوف بە تەما بووە کە بە پاکییو چاکیی لەو ماڵەدا بەسەر بەریّ، بەڵام ئافرەتەکە ڕای وا بووە، کە: دەستی لەگەڵ تێکەڵ بکاتو، یوسوف لەو ڕایەی خۆی، کە عیففەتو پاکییە لابداتو، بیهێنێتە سەر ڕایەکەی خۆی، کە دەست تێکەڵکردنە بە حەرامیی .

﴿وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ﴾، ئنجا ژنەکە دەرگاکانی مەحکەم گاڵەداو دایخستن، ﴿وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ﴾، گوتی: وەرە پێش، یان من بۆ تۆ ئامادەم، واتە: دەستم لەگەڵ تێکەڵ بکە، ﴿قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ﴾، یوسوف گوتی: پەنا بە خوا، واتە: پەنا بە خوا دەگرم کە من کاری وا بکەم، ﴿إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ﴾، لێرەدا یوسوف ﷺ بەپێی عەقڵی ژنەکە، ژنەکەی دواندوە، نەیگوتوە: حەرامەو قەدەغەیە، چونکە وا دیارە ئەوانە دینێکی ئاسمانییان نەبووە، شەریعەتێکی ئاسمانییان نەبووە، تاکو بە پێی ئەوە بیدوێنێ، بڵێ: ئەوە حەرامەو قەدەغەیە، ڕەنگە زینا لەلایان قەدەغەو حەرام نەبووبێ‌و، تەنیا لە ڕووی عەیبەی دنیاییەوە، عەیب بووبێ، بۆیە بۆ خۆی دەڵێ: پەنا بە خوا دەگرم، بەڵام بۆ ئەو دەڵێ: ﴿إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ﴾، وشەی ﴿إِنَّهُۥ رَبِّيٓ﴾، واتە: بێگومان ئەو پیاوەی تۆ، ئەو مێردەی تۆ خاوەنی منە، مشوورخۆری منە، ﴿أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ﴾، جێگاو ڕێگاو خزمەتی منی باشکردوە، باش منی حاواندۆتەوە، باش خزمەتی کردووم، باش پەروەردەی کردووم، هەندێکیش لە زانایانیش گوتوویانە: ﴿إِنَّهُۥ﴾، دەچێتەوە بۆ لای خوا، واتە: خوا پەروەردگاری منە، منی باش لێرەدا حاواندۆتەوە، بۆیە من سەرپێچیی لە فەرمانی خوا ناکەم، بەڵام من پێم وایە سەرەتا فەرموویەتی: ﴿مَعَاذَ ٱللَّهِۖ﴾، واتە: پەنا بە خوا دەگرم کە سەرپێچیی لە فەرمانی بکەم، دوایی وەك دنیایەتییش، ﴿إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ﴾، مێردەکەی تۆ خاوەنی منە، مشوورخۆری منەو، منی باش حاواندۆتەوەو خزمەتی کردووم، منیش ناچم لە بەرانبەر چاکەدا، کە لەگەڵ منی دا کردوە، خراپەی لەگەڵدا بکەمو، خیانەت لەگەڵ هاوسەرەکەی دا بکەم .

﴿إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾، بێگومان ستەمکاران سەرفرازنابن، کە دیارە زیناش ستەمەو بابای زیناکار :

١- هەم لە خۆی دەیکات .

٢- هەم لەو ئافرەتەی دەکات کە لەگەڵیدا دەیکات .

٣- هەم لە کەس‌و کارەکەی دەکات، ئەگەر مێردە، ئەگەر برایە، ئەگەر کوڕە، ئەگەر هەر کەسێکی هەیە .

٤- هەم لە کۆمەڵگاشی دەکات .

٥- هەم لەو نەسل‌و وەچەیەشی دەکات، کە بە حەرامیی پەیدا دەبێ،

یانی: کۆمەڵێك ستەم، لە داوێن پیسیی‌و زینادا کۆدەبنەوە، کە بەلای کەمەوە پێنجن !

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ وَهَمَّ بِهَا ﴾، وە بێگومان ئەو ژنە، نیازی بوو پەلاماری بدات، ﴿ وَهَمَّ بِهَا ﴾، یوسوفیش نیازی بوو پەلاماری بدات، ﴿ لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَـٰنَ رَبِّهِۦ ﴾ ئەگەر بەڵگەی پەروەردگاری خۆی نەبینیبایە (ئازاری دەدا)، دیارە ئێمە لە مەسەلە گرنگەکان دا زیاتر ئەوە دەتوێژینەوە، کە توێژەرەوانی قورئان زۆر مشتومڕیان لەسەر کردووە، زۆربەی هەرە زۆریان ئەم: ﴿ هَمَّتْ بِهِۦ وَهَمَّ بِهَا ﴾یان، بەوە لێکداوەتەوە کە ئافرەتەکە ویستی زینای لەگەڵدا بکات، یوسوفیش (ئەگەر بەڵگەی پەروەردگاری نەبینیبایە) خراپەی لەگەڵدا دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بەڵگەی پەروەردگاری بینی، ئەو خولیایەی بەسەر دڵی داهات، ئەو هەستی پیاوەتییەی کە تێیدا جووڵا بەرانبەر بەو ئافرەتە: ئیمانەکەی، ئەو بەڵگەیەی لە عەقڵ‌و دڵی دا بوو، یوسوفی لادا، بەڵام ئافرەتەکە دیارە عەزمی جەزم بوو لەسەر ئەو کارە .

هەڵبەتە من ئەم رایەم پێ ڕاستە کە لێرەدا: ﴿ هَمَّتْ بِهِۦ وَهَمَّ بِهَا ﴾، واتە: هەرکامێکیان ویستی پەلاماری ئەویدیکە بدات، ئافرەتەکە بە جەزمیی ویستوویەتی پەلاماری یوسوف بدات، واتە: پەلاماری بدات‌و سزای بدات، کە بۆچی گوێی بۆ ناگرێ‌و ئەوەی داوای لێدەکات، لەگەڵی دا ناکات؟ ﴿ وَهَمَّ بِهَا ﴾، یوسوفیش ئەگەر بەڵگەی پەروەردگاری نەبینیبایە، لە عەقڵ‌و دڵی خۆیدا، ئەویش ویستی پەلاماری بدات، وەك لە کۆڵ خۆکردنەوە، ئازاری ئافرەتەکە بدات‌و لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، بەڵام ئەوەی نەکردو بیری کردەوە، کە ئەگەر بێت‌و ئازاری ئەو ئافرەتە بدات،

دوایی چی بە مێردەکەی بڵێ؟ لەبەر ئەوە باشترین تەگبیرو چارەسەری ئەوە بوو، کە لەبەری ڕابکات .

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ﴾، واتە: ئاوا ئەو بەلگەیەمان پێشاندا، بەلگەی پەروەردگاری خۆی بینیو خوا پێشانیدا، کە بریتییە لەو ئیمانو عەقیدەیەی کە لە دڵو عەقڵی دا بوو، بۆچی وایکرد ؟ دەفەرموێ : ﴿لِنَصۡرِفَ عَنۡهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلۡفَحۡشَآءَ﴾، بۆ ئەوەی خراپەو شووڕەیی، کاری خراپو کاری بێ ناموسانەی، لێ دوور بخەینەوە، ﴿إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُخۡلَصِينَ﴾، بێگومان یوسوف، لە بەندە هەڵبژاردەکانو ساغ بووەوەکانی ئێمە بوو .

جێی سەرنجە کە خوا دەفەرموێ: ﴿كَذَٰلِكَ لِنَصۡرِفَ عَنۡهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلۡفَحۡشَآءَ﴾ یانی: (سوء و فحشاء) ڕوویان لە یوسوف کردوەو، خوا ویستوویەتی ئەوانەی لێ لابدات، نەك یوسوف ڕووی لە خراپەو شووڕەیی بووبێ! بەڵکو خراپەو شووڕەیی هێرشیان بۆ لای وی هێناو، ئەگەرنا یوسوف هەر لە بنەڕەتدا ڕووی لە خراپەو شووڕەیی نەبووە.

﴿وَٱسۡتَبَقَا ٱلۡبَابَ﴾، ئنجا هەردووکیان بەرەو دەرگاکە بە خێرایی ڕۆیشتن، پێشبڕکەیان کرد، هەریەکەیان ویستی زووتر بگاتە دەرگایەکە، دیارە یوسوف بۆ ڕاکردنو، ئافرەتەکەش بۆ ئەوەی نەهێڵێ یوسوف دەرگاکە بکاتەوەو بچێتە دەر، بۆ ئەوەی سزای بدات .

یاخود ئەو مەبەستە کە لە دڵی دایە، جێبەجێی بکات، کە بریتییە لە دەست تێکەڵکردن بە حەرامیی .

﴿وَقَدَّتۡ قَمِيصَهُۥ مِن دُبُرٖ﴾، ئنجا کراسەکەی یوسوفی لە پشتەوەڕا دادڕی، (قَدّ)، ئەوەیە کە بە باری درێژییدا شتێك دادڕیە خوار، چونکە یوسوف ڕای کردوەو دیارە لە پێش ئافرەتەکەوە بووە، ئافرەتەکەش لە پشتەوەڕا گرتوویەتیو کراسەکەی دادڕیوە .

﴿ وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا لَدَا ٱلْبَابِ ﴾، ئنجا لە لای دەرگایەکە تووشی گەورەکەی بوون، واتە: تووشی هاوسەری ئافرەتەکە بوون، ﴿ قَالَتْ مَا جَزَآءُ مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُوٓءًا إِلَّآ أَن يُسْجَنَ أَوْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، یەکسەر کتوپڕ گوتی: سزای ئەو کەسەی کە نیازی خراپەی بەرانبەر بە هاوسەری تۆ بووە، هەر ئەوەیە کە زیندانیی بکرێ، یان سزایەکی بە ئێش بدرێ، واتە: هەر لە ڕێوە یوسوفی تۆمەتبار کردو گوتی: ئەو ویستوویەتی: خراپە لەگەڵ من بکات .

﴿ قَالَ هِىَ رَٰوَدَتْنِى عَن نَّفْسِى ﴾، یوسوف بۆ بەرگریی لە خۆ کردنی، هەر ئەوەندەی گوت، کە ئەو ویستوویەتی: من لە خشتە بەرێ، ئەو ویستی من پەلکێش بکات، ئەو ویستی من لە ڕای خۆم لابداتو بمهێنێتە سەر ڕای خۆی، کە ڕای من بریتی بووە لە پاکیی‌و، ڕای ئەویش بریتی بووە لە داوێن پیسیی‌و زینا کردنو، دەست تێکەڵکردنی حەڕام، واتە: ئەو دەست پێشخەر بووەو من لە دەستی ڕام کردوە .

﴿ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَآ ﴾، ئنجا شایەدێك لە نیزیکانی ئافرەتەکە شایەدییدا : ﴿ إِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ ٱلْكَـٰذِبِينَ ﴾، ئەگەر کراسەکەی یوسوف لە پێشەوە دادڕابێ، ئافرەتەکە ڕاست دەکاتو یوسوف لە درۆکارانە، ﴿ وَإِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ﴾، بەلام ئەگەر کراسەکەی یوسوف لە پشتەوە دادڕابێ، ئەوە ئافرەتەکە درۆدەکاتو، ئەو (یوسوف) لە ڕاستگۆیانە .

چونکە ئەگەر یوسوف پرکێشیی بۆ ئافرەتەکە کردبێ‌و ویستبێتی خراپەی لەگەڵ دا بکات، دیارە ئافرەتەکە یوسوفی لە خۆی پچڕپوەتەوەو، سەرەنجام پێشەوەی کراسەکەی دەدڕێ، بەلام ئەگەر ئافرەتەکە پرکێشیی بۆ یوسوف کردبێ، دیارە یوسوف لەبەری ڕای کردوەو، ئەویش لە پشتەوەڕا دایهاتۆتێ‌و کراسەکەی دادڕیوە، ئەوەش شتێکی مەنتیقییە .

﴿ فَلَمَّا رَءَا قَمِيصَهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٍ قَالَ إِنَّهُۥ مِن كَيْدِكُنَّ ﴾، ئنجا کاتێك هاوسەری ئافرەتەکە، بینی کراسەکەی (یوسوف) لە پشتەوەرا دادڕاوە، ڕووی لە ئافرەتەکە کردو گوتی: ﴿إِنَّهُۥ مِن كَيْدِكُنَّ ﴾، ژنەکە! ئەوە لە فێڵی ئێوەیە، ﴿إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ ﴾، بێگومان فێڵی ئێوە زۆر مەزنە، بۆچی بە (کۆ) هێناویەتی؟، واتە: تۆ فێلەکەت ئەوەندە گەورەیە، وەك ئەوەیە هی کۆمەڵە ئافرەتێك بێ، ئەوە واتایەکی، یاخود: تۆی ئافرەت وەك سەرجەم ئافرەتان فێڵو مەکرتان هەیەو، فێڵو مەکری ئێوەش مەزنە .

ئنجا لە کۆتایی دا پیاوەکە، چارەسەرێکی بۆ کێشەکە داناو گوتی: ﴿ يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَٰذَا ﴾، ئەی یوسوف! واز لەو بابەتە بێنە، باسی مەکە، دیزەبەدەرخۆنەی لێبکە، بەردێکی لەسەر دانێ، ﴿وَٱسْتَغْفِرِي لِذَنۢبِكِ ﴾، بە ئافرەتەکەشی گوت: تۆش داوای لێبوردن بۆ گوناهەکەت بکە، واتە: داوای لێبوردن لە من بکە، داوای لێبوردنم لێبکە، کە تۆ بەرانبەر بە من هەڵەت کردوە، ویستووتە لەگەڵ ئەو غولامەی خۆمان، لەگەڵ ئەو کۆیلەیەی خۆماندا، دەست تێکەڵیی خراپ بکەی! ﴿إِنَّكِ كُنتِ مِنَ ٱلْخَاطِـِٔينَ ﴾، بە دڵنیاییەوە تۆ لە تاوانبارانی، تۆ دەست پێشخەربووی، تۆ پڕکێشیی یوسوفت کردوە، هەم بۆ دەست تێکەڵییەکە، هەم بۆ دوایش کە لەبەر تۆ ڕای کردوە، تۆ پڕکێشیی ئەوت کردوەو، ویستووتە ئازاری بدەی، پەلامارت داوەو ویستووتە سزای بدەی .

بەو شێوەیە ڕوون بۆتەوەو، عەزیزی میسر تەواو دڵنیابووە کە یوسوف عليه السلام پاكو بێگەردەو هاوسەرەکەی تاوانبارە .

هەڵبەتە ئەوە لێی وەردەگیرێ، کە ئەو پیاوە (عەزیزی میسر) پیاوێکی پیاوانەو جوامێر نەبووە، واش پێدەچێ کە کۆمەڵگای ئەو کاتە کە دینێکی ئاسمانییان نەبووە، غیرەتو بەتەنگ نامووسەوە بوونیان، بەو شێوەیە نەبووبێ، ئەگەرنا تۆ بزانی ئافرەتەکەت پڕکێشیی کۆیلەکەتی کردوە، بۆ ئەوەی داوێن پیسی لەگەڵدا بکات، هەر ئەوەندە دەڵێی: داوای لێبوردنم لێ بکە؟! بێگومان ئەوە شتێکی زۆر کەم بووە .

ئنجا بەهەرحاڵ: هەرکەسە لە قەدەر خۆی، لە قەدەر شەرەفو جوامێریی خۆی، هەستیاریی دەبێت بەرانبەر بە کاری شوورەییو بێ نامووسیی کە لە نیزیکانی ڕوودەداتو کەسانو کۆمەڵگایانی نامسوڵنانو بت پەرستو چی و چی پەرستیش، گیرۆدەی چەندان خووو خدەی نزمو پەست دەبن، کە یەکێکیان بێ غیرەتیی (بە تەنگ نامووسەوە نەبوون)ە !

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم : هەوڵدانی ژنی عەزیزی میسر لەگەڵ یوسوف دا، بۆ لەخشتەبردنی‌و، پەلکێش کردنی بەرەو دەست تێکەڵیی‌و، پەنا بە خوا گرتنی یوسوف‌و، مل نەدانی بۆ ئەو کارە خراپە:

وەك خوا دەفەرمووێ : ﴿وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾﴾.

توێژینەوەی ئەم ئایەتە لە حەوت بڕگەدا :

١) - ﴿وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ﴾، ئەو ژنەی کە ئەو (یوسوف) لە ژوورەکەیدا، یان لەماڵەکەیدا بوو، ویستی یوسوف لە ڕایەکەی خۆی لابداتو بیهێنێتە سەر ڕای خۆی، ویستی یوسوف لەخشتە بەرێ‌و، پەلکێشی بکات بەرەو ئەو مەبەستە خراپەی هەیبوو، کە بریتی بوو لە دەست تێکەڵکردن بە حەرامیی‌و داوێن پیسیی.

پێشتریش باسی وشەی (مُرَاوَدَة)مان کردو شیمان کردەوە، بەڵام لێرەش دەڵێین: {الـمُرَاوَدَةُ: مُشتقةٌ مِنْ رَادَ يَرُودُ، إذَا جَاءَ وَذَهَبَ، شُبِّه حَالُ الـمحَاوِل أَحَداً عَلَى فِعْلِ شيءٍ مُكَرِّراً ذَلِك، بحَالِ مِنْ يَذْهَبُ وَيَجِيءُ فِي المعَاوَدَة إلى الشيءِ الـمَذْهُوبِ عَنْهُ، فَأُطْلِقَ رَاوَدَ بمَعْنَى حَاوَلَ، و (عن) للمُجَاوَزَةِ، أي: رَاوَدَتْهُ

مُبـاعِدَةً لَـهُ عَنْ نَفْسِهِ، أَي: بِأَنْ يَجْعَلُ نَفْسَه لَهـا، فَكَأَنَّهـا تـراوِدُهُ عَنْ أَنْ يُسْلِم إِلَيْهـا إِرَادَتُهُ، وَحُكْمَهُ فِي نَفْسِهِ)[1].

واتـه: (مُرَاوَدَة)، وەرگیـراوە لـە (رَادَ، يَرُودُ، إِذَا جاءَ وَذَهَبَ)، کەسـێك کە بێتو بچـێ، پێی دەگوتـرێ: (رَادَ، يَرُودُ)، هەڵبـەتە کەسـێك بێتو بچێ بۆ هێنانـەدی ئامـانجێكو، کەسـێك کـە شـتێك دووبـارە دەکاتـەوە، بـۆ ئـەوەی ئامـانجێك بهێنێتـە دی، چوێنراوە بـە حاڵی کەسێك کە دێتو دەچێ، دەچێ بۆلای شتێكو دەگەڕێتـەوە بـۆ لایو، لێی دووردەکەوێتـەوە، کەواتـە، (راود)، دەبێتـە مانـای (حاول)، واتـە: هەوڵیدا، کە من ئاوا لێکم داوەتـەوە: (هـەوڵیدا پەلکێشـی بکـات، یـان لـە خشتـەی ببات)، ئنجـا کـە دەفـەرمـوێ: ﴿عَن نَّفۡسِهِۦ﴾، وشـەی (عَن)، (للمُجاوَزَةِ) بـۆ تێپـەڕاندنـە، واتـە: ئـەو ئافرەتـە هـەوڵی لەگەڵ یوسـوف دا، کـە لـە نـەفسـی خـۆی دووری بخاتـەوە، واتـە: یوسوف خـۆی تـەسلیمی ئـەو بکـاتو، ئیـرادەو ویستی خـۆی تـەسلیمی ئافرەتـەکە بکات، ئافرەتـەکە چی بـوێ، بـۆی ئـەنجـام بـدات، بـە کورتیـی: ﴿وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ﴾، ئـەو ژنـەی کە یوسـوف لـە ماڵەکەی دا بـوو، ویستی کە یوسـوف پەلکێش بکاتو، لە خشتـەی بـەرێو، لـەسـەر ڕای خـۆی لایبـداتو بیهێنێتـە سـەر ڕای خـۆی .

کە دەفـەرمـوێ: ﴿هُوَ فِي بَيۡتِهَا﴾، یـانی: (كـونه فِي بيتهـا مـن شَـأْنه أن يُطَوِّعَهُ لمُرادِهـا)، واتـە: لـەبـەرئـەوەی یوسـوف لـە ماڵی ئـەودایـە، ئـەوە زیـاتـر ئـەگـەری ئـەوە هـەیـە، شیمانـەی ئـەوە هـەیـە، وا لـە یوسوف بکـات، بـە قسـەی بکـاتو فـەرمـانبـەریـی بـۆ بکـات .

ئنجا وشـەی (بَیت)، کـە دەفـەرمـوێ: ﴿بَيۡتِهَا﴾، واتـە: شـوێنی نیشتـەجێ بوونی ئافرەتـەکە، ئـەو شوێنـەی کە شـەوی تێدا دەکاتـەوە، یاخـود بـە مـانـای هـەمـوو ماڵەکەی دێ، وشـەی (بَیت)، بـە مـانـای خـانوو (مَنزل)و ماڵ (دار)، یش دێ، وەك چـۆن بـە مـانـای ئـەو ژوورەش دێ کە مرۆڤ تێیـدا دەخـەوێ .

---

١) التحرير والتنوير ج١٢، ص٢٢٥.

٢) - ﴿وَغَلَّقَتِ ٱلْأَبْوَٰبَ﴾، واتە: دەرگاکانی داخستن بە مەحکەمیی، وەك گوتمان: وشەی (غَلَّقَت) بە سێ واتا لێکدراوەتەوە :

أ/ زۆر دەرگای داخستن .

ب/ یان یەك دەرگای زۆر بە مەحکەمی داخست .

ج/ یاخود دەرگایەکی چەند جارێك داخست .

بە هەر حاڵ لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە دەرگایەکانی داخستنو گاڵەی دان بە مەحکەمیی، بۆ ئەوەی لەو کاتەدا کەس لێیان وەژوور نەکەوێو، ئەو کارە خراپەی کە لە یوسوفی دەوێ، بە ئاسوودەیی ئەنجامی بدەن .

٣) - ﴿وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ﴾، (هَيْتَ لَكَ: اسْمُ فَاعِلٍ بِمَعْنَى: هَلُمَّ، أَقْبِل، بادِر)، بە مانای: وەرە، وەرە پێش، دەست پێبکە، دەست پێشخەریی بکە .

شایانی باسە ئەم وشەیە بە حەوت جۆر خوێنراوەتەوە:

١- (هَيْتَ لَكَ). ٢- (هِيتَ لَكَ). ٣- (هَيْتُ لَكَ). ٤- (هِئْتُ لَكَ).

٥- (هِتُّ لَكَ). ٦- (هِتًّ لَكَ). ٧- (هيئتَ لَكَ).

کە دیارە ئەوانە هەموویان بە مانای: وەرە، دەست پێبکە، وەرە پێش، دێنو، (هِيْتُ لَكَ)، یان (هِيْئتُ لَكَ)، واتە: بۆ تۆ ئامادەم.

هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ، کە ئەو ئافرەتە نەچووە پێشتر قسەی دیکەی لەگەڵدا بکاتو موغازەلەی بکاتو ...هتد، هەر یەکسەر گوتوویەتی: وەرە ئەو کارەم لەگەڵ دابکە! دەڵێن: ڕەنگە عادەتو نەریتی ئەو خەڵکانەی ئەو ڕۆژگارەدا وابووبێ، وەك چۆن پیاوەکە بۆی هەبووە لەگەڵ کەنیزەکەکەی خۆی دا جووت بێ، ئافرەتیش بۆی هەبووە لەگەڵ کۆیلەکەی خۆیدا جووت بێ! ئنجا دوایی کە ئافرەتەکانی میسر ڕەخنەیان لێگرتوە، لەبەرئەوە بووە، کە چۆن دەبێ کە ئافرەتێك کە

خێزانی عەزیزی میسرە، لەگەڵ غولام‌و کۆیلەیەکی خۆی دا هەڵس‌و کەوتی ئاوا بکات‌و تەماعی تێبکات؟!

بەلام پێم وایە : ئەوە رێ لەوەش ناگرێ کە پێشتر ئەو ئافرەتە چاوێکی لێداگرتبێ‌و، ئاماژەیەکی دابێتی‌و جۆرە قسەیەکیشی لەگەڵ کردبێ، بەلام یوسوف هەر گوێی پێنەدابێ، هەتا دوایی وەك دەڵێن: بە کوردیی شووتیی، داوای لێ کردوە: ئەو کارە خراپەی لەگەڵ دا بکات !

٤) - ﴿قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِ﴾، یوسوف گوتی: پەنا بە خوا، یانی: پەنا بە خوا دەگرم، هەر خوا پەنا پێبراوی منە، کە من کاری وا بکەم .

شیکردنەوەی وشەی : (مَعاذَ) : (مَصْدٌ مِيمِيٌ اسْم للعَوْذِ، وَهُوَ اللّجا إلى مَكانٍ للتحصُّنِ، وَانْتُصِبَ هَذَا المَصْدَرِ عَلَى المَفْعُولِيةِ المُطْلَقَة نائِبا عَنْ فِعْلِهِ المَحْذُوف، وَالتقدِيرُ: أَعُوذُ بِاللهِ مَعَاذاً، فَلَما حُذِفَ الفِعْلُ جُعِلَ الإِسْمُ المَجْرُورُ بباءِ التعْدِيةِ مُتَّصِلاً بالمَصْدَرِ بطريق الإِضَافة فَقِيل: مَعَاذَ اللهِ، كَما قَالُوا: سُبْحَانَ الله، عِوَضاً عَنْ أُسَبِّحُ الله) [1].

واتە: (مَعَاذ) چاوگێکی میمییە، ناوە بۆ (عَوْذ)، کە بە مانای پەناپێبردن دێ، پەنا بردن بە شوێنێك کە مرۆڤ لەوێ دا پارێزراو بێ، ئنجا ئەو چاوگە مەنصووب بووە لەسەر حاڵەتی (المفعول المطلق) کە لە شوێنی کردارێك دانیشتوە کە فرتێنراوە، تەقدیرەکەی بەم شێوەیە: پەنا بە خوا دەگرم بە پەنا پێگرتن، ئنجا دوای ئەوەی (فعل)ەکەی فرتێنراوە، ناوەکە {واتە: (أعوذ بالله)}ی یەکسەر پەیوەست کراوە بە چاوگەکەوە، بە شێوەی پاڵ وێدران‌و گوتراوە: (معاذ الله) وەك چۆن گوتراوە: (سُبْحَانَ الله) لە جیاتی بگوترێ: (أُسَبِّحُ الله) خوا بە پاك دەگرم، یەکسەر گوتوویانە: (سُبْحَانَ الله) واتە: خوا بە پاك دەگرم، بە بەپاك گرتن .

---

١) التحرير والتنوير ج١٣، ص٣٧.

٥) - ﴿إِنَّهُۥ رَبِّىٓ﴾، بێگومان ئەو بەخێوكەری منە، كە ئەگەر مەبەست پێی مێردی ژنەكە بێ، واتە: ئەو هاوسەرەی تۆ، كە تۆ دەتەوێ بێمە سەر شوێنی ئەوو خیانەتی لێبكەم، ئەوە بەخێوكەری منە، مشوورخۆری منە، سەرپەرشتیارو خاوەنی منە .

هەندێكیش گوتوویانە: مەبەست پێی خوای پەروەردگارە، واتە: خوا ﷻ ئەو پەروەردگارەمە كە پەنای پێدەگرم، ئەو پەروەردگارو بەخێوكەرو مشوورخۆری منە .

بەلاَم واپێدەچێ مەبەست پێی مێردی ژنەكەبێ، واتە: مێردەكەی تۆ، هاوسەرەكەی تۆ، بەخێوكەرو مشوورخۆری منە، چونكە وشەی (رَبّ)، تەنیا بۆ خوای پەروەردگار بەكاردێ (الـرَبّ)، ئەگەر (ال)، لەسەر بێ، یانی: پەروەردگارێك كە مانای تەواوی پەروەردگارێتیی تێدایە، بەلاَم بەبێ (ال)، وشەی : (رَبّ) بۆ جگە لە خواش بەكاردێ، وەك (رَب البیت)، (رَب الإبل)، یانی: خاوەنی مالَەكە، خاوەنی حوشترەكان .

٦) - ﴿أَحۡسَنَ مَثۡوَایَۖ﴾، باش منی حەواندۆتەوەو پەنای داوەو ڕێزی لێ گرتوم، جێگاو ڕێگاو نانو بەرگو پۆشاكو...هتد، بۆ دابین كردووم، ئنجا لە بەرانبەر خزمەتو چاكەی ئەودا، نابێ من خراپەی لەگەلْدا بكەم، ئەوە ئەگەر مەبەست پێی مێردی ژنەكە بێ، بەلاَم ئەگەر مەبەست پێی خوای پەروەردگار بێ، واتە: دوا ڕۆژی منی باش كردوە، بەوەی كە لە گوناهـ لام دەدات، یاخود پەروەردگارم ئەو بارودۆخە باشەی بۆ ڕوخساندووم .

٧) - ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾، بێگومان ستەمكاران سەرفراز نابن، واتە : من ئەگەر داوێن پیسیی لەگەلْ تۆدا بكەمو، بە حەڕامیی لەگەلْ تۆدا جووت بم ، ئەوە ستەم دەكەم :

١- هەم ستەم لە خۆم دەكەم .

٢- هەم ستەم لە خاوەنەكەم دەكەم .

٣- هەم ستەم لە تۆ دەکەم .

٤- هەم ستەم لە کۆمەڵگا دەکەم .

٥- ئنجا ئەگەر منداڵێکیشمان پەیدابێ، کە زۆڵ دەردەچێ، ستەم لەویش دەکەم.

واتە: ئەوانەی زینا دەکەن، زیناکردن، ستەمێکی هەمەلایەنەیە، بێگومان سەرفرازنابن، منیش پەنا بە خوا دەبەم: لەو کەسانە بم، کە سەرفرازنابن، بە هۆی ستەم کردنەوە.

مەسەلەی دووەم : عەزم جەزم کردنی ژنەکەی عەزیزی میسر، لەسەر پەلاماردانی یوسوفو، بڕیارنەدانی یوسوف بە پەلامارنەدانی ژنەکە، بەهۆی بینینی بەڵگەی پەروەردگاریەوەو بەهۆی ئەوەشەوە: لێ لادرانی خراپەو شوورەیی :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ وَهَمَّ بِهَا لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَـٰنَ رَبِّهِۦ ۚ كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلْفَحْشَآءَ ۚ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە بەتایبەت ڕستەی

﴿ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ وَهَمَّ بِهَا ﴾ لە چوار بڕگەدا :

هەڵبەتە هەندێ لە برگەکانی مشتومڕێکی زۆریان لەسەرە، بۆ دەوری حەفدە (١٧) لاپەڕەمان بۆ توێژینەوە لەبارەی ئەم ئایەتە موبارەکەوە، تەرخان کردوون :

١) - ﴿ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ ﴾، واتە: بە دڵنیایی ژنەکە نیازی بۆ لای یوسوف کرد.

٢) - ﴿ وَهَمَّ بِهَا لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَـٰنَ رَبِّهِۦ ﴾، هەروەها یوسوفیش ئەگەر بەڵگەی پەروەردگاری نەدیبایە، نیازی ڕووەو ژنەکە دەکرد .

زانایان دەربارەی ئەو دوو ڕستەیە، مشتومڕێکی زۆرو فراوانیان بووە، کە ئایا مەبەست لەو: ﴿هَمَّتۡ بِهِۦ﴾، و ﴿وَهَمَّ بِهَا﴾ چییە ؟

کە ئێمە پلە پلە بە واتاکەیاندا دەچینە خوارو، زانایان بە گشتیی بە چوار مانایان لێکیان داوەتەوە، بەڵام سەرەتا با ڕوونکردنەوەیەك بدەین :

﴿وَلَقَدۡ هَمَّتۡ بِهِۦ﴾، پیتی (ل) لێرەدا بۆ جەختکردنەوەیە، یان بۆ زەمینە خۆش کردنە بۆ سوێند، (الموطّئة للقسم) .

(قد) کە دەچێتە سەر کرداری ڕابردوو بۆ تەحقیقو دڵنیا کردنەوەو جەخت کردنە، ﴿وَلَقَدۡ هَمَّتۡ بِهِۦ﴾، یانی: بە دڵنیاییەوە ئەو ئافرەتە نیازی یوسوفی کرد، نیازی چی کرد؟ دوایی باسی دەکەین .

﴿وَهَمَّ بِهَا﴾، هەروەها یوسوفیش نیازی ئەوی کرد، ﴿لَوۡلَآ أَن رَّءَا بُرۡهَٰنَ رَبِّهِۦ﴾، ئەگەر هاتباو بەڵگەی پەروەردگاری نەدیبایە .

مانای یەکەم :

کە من لە هەموویان زیاترم بە دڵە، ئەوەیە کە (محمد رشید رضا) لە تەفسیرەکەی دا (تفسیر القرآن الحکیم)[1]دا، بە تەفصیلێ هێناویەتی، کە پێچەوانەی ڕای زۆربەی مانا لێکدەرەوانی قورئانەو دەڵێ: مەبەست لە (هَمَّتۡ بِهِۦ) و (وَهَمَّ بِهَا) ئەوە نیە کە ئەو ئافرەتە ویستبێتی زینا لەگەڵ یوسوفدا بکاتو، یوسوفیش ئەو مەبەستەی بووبێ، ئەگەر بەڵگەی پەروەردگاری نەدیبایە، بەڵکو مەبەست لە (هَمّ) بۆ هەردووکیان لێرەدا، واتە: ئافرەتەکە بە جەزمیی ویستی پەلاماری یوسوف بدات بۆ لێدانو سزادانیو، یوسوفیش ویستی پەلاماری ژنەکە بدات، بۆ بەرگریی لە خۆ کردنو دوورخستنەوەو سزادانی، ئەگەر بەڵگەی پەروەردگاری نەدیبایە، واتە: مانایەکەی ئاوای لێدێ: (وَلَقَدْ هَمَّتْ بضَرْبهِ وتأديبهِ عَلَى مُخالَفتِهِ

---

١) ج١٢ ص٢٤١- ٢٤٣.

أَمْرَهـا)، واتـە : بێگومـان ئـەو ئـافرەتـە عەزمی جەزم کـرد کـە لـە یوسـوف بداتو تـەمبێـی بکـات، لـەسـەر ئـەوە کـە سـەرپێچیی لـە فـەرمـانـەکـەی کـردوە، کـە پێـی گـوت: دەبـێ ئـەو کـارەم لـەگـەڵـدا بکـەی، دەسـتـم لـەگـەڵ تێکـەڵ بکـەی، بـەڵام یوسـوف نـەیکـردو ئەویـش ویستی: لـەسـەر ئـەوە لێی بداتو تـەمبێـی بکـات .

﴿وَهَمَّ بِهَا لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَـٰنَ رَبِّهِۦ ﴾، یوسـوفیش ویستی پەلامـاری بـداتو لێـی بـدات بـۆ لـە خـۆدوورخستنـەوەی، ئـەگـەر بـەڵگـەی پەروەردگـاری نـەبینیبـایـە، لـە عەقڵو دڵی خـۆیدا، یوسـوفیش بـە نیـاز بـوو دەسـتی لـەبـەر بکاتـەوە، هـەرچەندە ئـەو کـۆیلـەی ئـەو مـاڵـە بـوو، ئنجـا ئـایـا بـەڵگـە لـەسـەر ئـەوە چییـە؟ (محمـد رشـید رضـا) چـوار جـۆرە بـەڵگـان دێنێتـەوە، کـە مـن قسەکانی کـورتو پوخـت دەکـەمـەوەو، بـە تـەعـبیـری خـۆم دایـاندەڕێژمـەوە :

<u>بـەڵگـەی یـەکـەم:</u> (أَجْمَـعَ أَهْلُ اللّغـة عَلَـى أَنَّ الـهَمَّ إِنَّمـا يَكـونُ بـالأَعْمـال لا بـالشخـوصِ والأعيـان)، پسـپۆڕانی زمـان لـەسـەر ئـەوە یـەك دەنگن، کـە وشـەی (هَمّ) (کـە لـە کوردییـدا یـانی: ویستی، نیـازی بـوو) پەیوەسـت دەبـێ بـە کـردەوانـەوە، نـەك بـە کـەسـەکـانو بـە شـتـەکـانـەوە، ئـەو چـەند وێنـەیـەك دێنێتـەوەو، منیـش چەند وێنـەیـەکم بـۆ زیـاد کـردوون :

١- لـە سـوورەتی (التـوبـة) لـە ئـایـەتی (١٣)دا، خـوا دەفـەرمـوێ: ﴿ ... وَهَـمُّوا۟ بِإِخْـرَاجِ ٱلرَّسُولِ ... ﴾، واتـە: (کـافرەکـانی مـەککـە): ویستیـان پێغـەمبـەری خـوا ﷺ وەدەرنێـن، ویسـتیـان دەریـبکـەن .

لێـرەدا (هـم) پەیوەسـت کـراوە بـە دەرکـردنی پێغـەمبـەرەوە ﷺ .

٢- هـەر لـە سـوورەتی (التـوبـة) ئـایـەتی (٧٤)دا، دەفـەرمـوێ: ﴿ ... وَهَمُّوا۟ بِمَا لَمْ يَنَالُوا۟ ... ﴾، کـافرەکـان شـتێکیـان ویست، نیـازی شـتێکیـان بـوو، کـە دەستیـان نەیگەیشتێ، کە بریتی بـوو لە کوشـتنی پێغـەمبـەری خـوا ﷺو هەڵـداشـتنی لـە تەنگەبەرێك، لە دەروو (مضـیق)یـەك، وەك لـە تـەفسـیری سـوورەتی (التـوبـة)دا بـە ڕوونیی بـاسـمـان کـردوە، کـە کـۆمـەڵـە دووڕوویێك لـە شـوێنێکی تـەنگـەبـەرو

دەربەند، کە خوارەکەی شیوو دۆڵێکی قووڵ بوو، ویستیان پێغەمبەری خوا ﷺ کە سواری حوشترەکەی بوو، هەڵیدێرن و بەو شێوەیە بیفەوتێنن .

٣- لە سووڕەتی (آل عمران) ئایەتی (١٢٢)دا، دەفەرموێ: ﴿إِذْ هَمَّت طَّآئِفَتَانِ مِنكُمْ أَن تَفْشَلَا ...﴾، واتە: یاد بکەوە کاتێك دوو کۆمەڵ لە ئێوە ویستیان: بترسێن، پاشەکشە بکەن.

ئەوەش کاتێك بوو کە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەییە بە خۆی و سێیەك (١/٣)ی سوپایەکەی پێغەمبەر ﷺەوە، کە هەموویان دڵ نەخۆش و ئیمان بێهێز، یاخود مونافیق و دەغەڵ بوون، بە بیانووی ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ، بە قسەی گەنجەکانی کردوەو چۆتە دەر لە مەدینەو، بە قسەی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەییەو ڕیش سپیەکانی نەکردوە، لە مەدینەدا بمێنێتەوە، بە خۆی و سێیەك (١/٣) سوپایەکەوە گەڕایەوە، ئنجا دوو کۆمەڵیش، دوو هۆزیش، لە سوپایەکەی پێغەمبەر ﷺ دابوون، ویستیان چاو لە وان بکەن، بەڵام دوایی هاوەڵان ئامۆژگارییان کردن و، لەگەڵ مونافیقەکان نەگەڕانەوەو، پێغەمبەری خوایان ﷺ، لەو مەیدانە بەجێنەهێشت .

٤- لە سووڕەتی (النساء) ئایەتی (١١٣)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ وَرَحْمَتُهُۥ لَهَمَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْهُمْ أَن يُضِلُّوكَ ...﴾، واتە: (ئەی موحەممەد ﷺ)، ئەگەر بەخششی خوا لەسەر تۆ نەبووایە، کۆمەڵێکیان ویستیان، یان کۆمەڵێکیان دەیانویست تۆ گومڕا بکەن، سەرت لێبشێوێنن .

٥- لە سووڕەتی (غافر) ئایەتی (٥)دا، دەفەرموێ: ﴿ ...وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍۭ بِرَسُولِهِمْ لِيَأْخُذُوهُ ...﴾، واتە: هەر کۆمەڵگایەك، هەر ئوممەتێك، نیازی ئەوەیان بوو کە پێغەمبەرەکەیان بگرن، واتە: سزای بدەن، یاخود بیکوژن.

کەواتە: وەك دەبینین، وشەی (همّ) لە قورئاندا کە بەکارهاتوە، زیاتر پەیوەست بووە، بە کردەوەکانەوە، نەك بە کەسەکانەوە .

پەڵگەی دووەم: ئەوەیە کە ئافرەتەکە دڵی خۆی ساغ کردۆتەوەو بڕیاری یەکجارەکی داوە، کە ئەگەر یوسوف دەستی لەگەڵ تێکەڵ بکات، لەگەڵیدا بە حەرامیی دەست تێکەڵ بکات، بەڵام وشەی (هَمّ) بۆ نیزیك کەوتنەوەی (مُقَارَبة)یە لە کارێك نەك بڕیاری تەواو: (كانَتِ المَرْأَةُ مُصَمِّمَة عَلَى المواقَعَة، وَالهَمُّ للمُقَارَبة!)، بەڵێ : وشەی (هَمّ)، واتە: ویستیو، بۆ نیزیککەوتنەوەیە لەو کارە، نەك بۆ بڕیاری یەکجارەکی .

کەواتە: لێرەدا (هَمّ) لەگەڵ ئەوە ناگونجێ کە مەبەست پێی دەست تێکەڵکردن بێ، چ بۆ ئافرەتەکە، چ بۆ یوسوف، ئەم وشەیە ئەوە ناگەیەنێ، چونکە وشەکەی پێشتر: ﴿وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ ﴾، زۆر ئاشکرایە لەوبارەوە: ژنەکە گوتی: وەرە پێش، خۆم بۆ ئامادە کردووی، ئەم تەعبیرە بەڕوونیی ئەوەی گەیاندوە، کەواتە: ئەوەی دیکەیان: ﴿ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ ﴾، واتە: ویستی کە پەلاماری بداتو سزای بدات .

پەڵگەی سێیەم: (الوِقَاعُ لَيْسَ مِنْ فِعْل المَرْأَة حَتَّى تَهُمَّ بِهِ، وَإِنَّما نَصِيبُها مِنْهُ القَبُولُ والتَّمْكِين لِمَنْ يَطْلُبُهُ مِنْها)، دەست تێکەڵ کردنو جووت بوون، کردەوەی ئافرەت نیە، تاکو ئافرەت بیەوێ بیکات، بەڵکو بەشی ئافرەت لە جووت بووندا، هەر ئەوەیە کە ئامادەیی دەربڕێو، ئەو کەسەی کە ئەوەی لێ داوا دەکات، ئەو قبووڵی بکاتو لەگەڵی هاوکار بێ.

پەڵگەی چوارەم: (يُوسُفُ لَمْ يَهُمَّ بذَلِكَ الفِعْل أَصْلاً، كَما تَدُلُّ عَلَيْهِ الآيَة وَالآيات بعدها)، بە دڵنیاییەوە یوسوف نیازی ئەو کارەی هەر نەبووە، وەك ئایەتەکە باسی دەکات، {کە دەفەرموێ: ﴿لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَـٰنَ رَبِّهِۦ ﴾، چونکە بە پێی ڕایەکی دیکە، وەك دوایی دەیهێنین، یوسوف بە هۆی ئەوەوە کە بەڵگەی پەروەردگاری بینیوە، بەدڵنیاییەوە نیاز (هەم)ەکەی هەر نەبووە} هەروەها ئایەتەکانی دواییشی دەیگەیەنن .

ئنجا وەك پێشتریش گوتم: من ئەم رایەم بە دڵەو پێم وایە بە هیچ جۆرێك: ﴿ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ وَهَمَّ بِهَا ﴾، پەیوەندیی بەوەوە نیە کە توێژەرەوانی قورئان، زۆر سەری خۆیان پێوە قاڵ کردوە، وەك دوایی باسی دەکەم، چونکە رستەکەی پێشێ کە دەفەرموێ : ﴿ وَرَٰوَدَتْهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَن نَّفْسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلْأَبْوَٰبَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ ﴾، ئیدی ئەوە تێپەڕی: ئەو ژنەی کە یوسوف لە ماڵەکەی دابوو، ویستی لە خشتەی بەرێ، ویستی یوسوف لە رایەکەی خۆی لابداو بیهێنێتە سەر رای خۆیو، پێی گوت: وەرە پێش، یاخود دەست پێبکە، ئەوە من بۆت ئامادەم !

ئەوە تێپەڕی، بەڵام ئەوەی دیکە: ﴿ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ وَهَمَّ بِهَا ﴾ واتە: دوای ئەوەی کە یوسوف گوتی: ﴿ مَعَاذَ ٱللَّهِ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾، یانی: دوای ئەوەی یوسوف ملی نەداو بەرپەرچی دایەوە، کەواتە: ﴿ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ وَهَمَّ بِهَا ﴾ قۆناغێکی دیکەیەو، کاتێك یوسوف بەرپەرچی دەداتەوەو، پشتی تێدەکات، ئەو ئافرەتە دەیەوێ: سزای بدات، ئنجا یوسوفیش کە دەزانێ ئافرەتەکە دەیەوێ پەلاماری بدات، دێتە دڵی کە ئەویش بەرگریی لە خۆی بکاتو لێی بدات، بەڵام دوایی کە بەڵگەی پەروەردگاری دەبینێ، کە لە عەقڵو دڵی دایەو ئیمانەکەیەتی - وەك دوایی باسی دەکەین - لە جیاتی ئەوەی کە بەرگریی لە خۆی بکاتو دەستەوکەریی لەگەڵ بکاتو پەلاماری بداتەوە، راکردن هەڵدەبژێرێو دەزانێ کە ئەوەیانی سەلامەتترە.

مانای دووەم :

هەر کامیان ویستوویەتی، زینا بکات: هەرچی ژنەکەیە بە جەزمیی و بە دڵی خۆ لەسەر یەکلاکردنەوەو ساغ کردنەوەوە، بەڵام یوسوف بە خەتەرەی دڵو بە ئارەزوو جووڵانی تەنیا، ئەویش بە هۆی بینینی بەڵگەی پەروەردگاریەوە، ئەو خەتەرەیەشی لە دڵدا لاچووە .

یـەکێك لـە زانـایـان کـە (القـرطبي) لـە تـەفسیـرەکەی خـۆیدا[١] لێی نـەقـڵ دەکات، ئـەم عیبـارەتـەی هێنـاوە، کـە بـۆ ئـەم مـانـایـە جوانی دارِشتـوە، دەڵـێ :

(جَـرَى مِـنْ يُـوسُـفَ هَـمٌّ، وَكَـانَ ذَلِـكَ الـهَـمُّ حَرَكَـةَ طَبْـعٍ مِـنْ غَيْـرِ تَصْمِيمٍ لِلعَقْدِ عَلَى الفِعْلِ ..، وَقَدْ يَخْطُـرُ بِقَلْبِ المَرْءِ وَهُوَ صَائِمٌ : شُرْبُ الـمَـاءِ البَـارِدِ، وَتَنَـاوُلُ الطَّعَـامِ اللَّذِيـذِ، فَـإِذَا لَـمْ يَـأْكُلْ وَلَـمْ يَشْـرَبْ، وَلَـمْ يُصَـمِّمْ عَزْمَـه عَلَـى الأَكْلِ وَالشُّـرْبِ، لا يُؤَاخَذُ بِمَا هَجَسَ فِي النَّفْسِ).

واتـە: ئـەوەی کـە بـۆ یوسـوف هـاتۆتـە پـێش، تـەنیـا جۆرێـك لـە جووڵانـی سروشـتیی بـووە، بـەرەو ئـەو کـارە خراپە، بـەبـێ ئـەوەی دڵی خـۆی لـەسـەر سـاغ بکـاتـەوە، (ئنجـا وێنـەیـەك دێنێتـەوە، دەڵـێ) جـاری وایـە بـابـای بـەرِۆژوو دڵی بـۆ ئـاوێکی سـاردو خـۆش دەچـێ کـە بیخـواتـەوەو، دڵی بـۆ خـواردنێکی بـە تـام دەچـێ، وەك دڵ بـۆچوون، بـەڵام وە نـەبـێ نیـازی وابـێ کـە ئـاوەکـە بخـواتـەوە، یـان خـواردنـەکـە بخـوات، ئنجـا دەڵـێ: ئـەگـەر ئـاوەکـەی نـەخـواردەوەو خـواردنـەکەی نـەخـواردو دڵی خـۆی لـەسـەر سـاغ نـەکـردەوە، ئـەوە بێگومـان لـەسـەر ئـەوەی وەك خـەتـەرە بـە دڵیـدا هـاتـوە، هـیچ گونـاهێکی نـاگـاتـێو لـەسـەر ئـەوە تـووشی لێپرسینـەوەو سـزا نـابـێ .

لـەوبـارەوەش دوو فـەرمـوودەی پێغـەمبـەر ﷺ دێنیـن :

<u>یـەکـەم:</u> {قَـالَ رَسُـولُ اللهِ ﷺ: قَـالَ اللهُ عَـزَّ وجَـلَّ: إِذَا هَـمَّ عَبْـدِي بِسَيِّئَـةٍ فَـلا تَكْتُبُوهَـا عَلَيْهِ، فَإِنْ عَمِلَهَـا، فَاكْتُبُوهَـا سَيِّئَـةً، وإِذَا هَـمَّ بِحَسَنَـةٍ، فَلَـمْ يَعْمَلْهَـا، فَاكْتُبُوهَـا حَسَنَـةً، فَإِنْ عَمِلَهَـا فَاكْتُبُوهَـا عَشْرًا}، {رَوَاهُ مُسْلِمٌ بـرقم: (٣٣٠). عَـنْ أَبِي هـرِيـرَةَ رضي الله عنه}.

واتـە: پێغـەمبـەرخـوا ﷺ فـەرمـوویـەتی: خـوای بـەرزو مـەزن فـەرمـوویـەتی: هـەر کـات بـەنـدەی من بـەدڵی داهـات خراپـەیـەك بکـات، لـەسـەری مـەنووسن. (هـەر لـەبـەر ئـەوەی بـەدڵی داهـاتـوە)، ئنجـا ئـەگـەر کـردی، خراپـەیـەکی بـۆ بـنووسـنو، هـەر کـاتێك چاکـەیـەکی بـەدڵدا هـاتو ئـەنجامی نـەدا، چاکـەیـەکی بـۆ بـنووسـنو، ئـەگـەر ئـەنجامیدا، دە (١٠) چاکـەی بـۆ بـنووسـن .

١) الجامع لأحكام القرآن، ج٩، ص١٣٧.

لێرەدا مەبەست لە خراپە بەدڵ داهاتن، ئەوەیە کە ئینسان بڕیاری لەسەر نەدابێ‌و، دڵی لەسەر نەچەسپاندبێ، ئەوەی هەروا هاکەزایی بە دڵی دادێت .

دووەم : پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {إِنَّ اللهَ تَجاوَزَ لأُمَّتي عَما حَدَّثَتْ بِهِ أَنْفُسَها، ما لَمْ تَكَلَّمْ، أَو تعْمَلْ بِهِ} ، {أَخْرَجَهُ البُخارِيُّ برقم: (٢٥٢٨)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٣٢٧)، وَالنَّسائِيُّ برقم: (٣٤٣٥)، وَأَبو دَاوُدَ برقم: (٢٢٠٩)، والترمِذِيُّ برقم: (١١٨٣)، وَابن ماجَهْ برقم: (٢٠٤٠)، عَنْ أَبي هريرَةَ ﷺ، وَصَحَّحَهُ الألباني في (صحيح الجامع) برقم: (٤٤٥٠)} .

واتە: بێگومان خوا چاوپۆشیی لە ئۆممەتی من کردوە، لەوەی کە بە دڵیدا دێت، مادام قسەی پێ نەکردبێ‌و کردەوەی پێ نەکردبێ.

ئەوەی کە بەدڵیدا دێ، واتە: بە دڵی دادێ و پێی ناخۆشە، یان بە دڵی داهاتوە لە کاتی هەڵچوونێك دا، شتێکی بە دڵدا هاتوە، بەلاَم دوایی نیەتی خۆی لەسەر ساغ نەکردۆتەوەو نەیکردوە بە بڕیار.

ماناى سێیەم :

ئەوەیە کە یوسوف هەر خەتەرەشی نەکردوە، چونکە عیبارەتەکە وا دەخوازێ خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ ﴾، ئەوە بەنسبەت ئافرەتەکەوە دیارە، ئەگەر مەبەست لە ﴿ هَمَّتْ بِهِۦ ﴾، ڕاناوەکە لە (بِهِۦ)دا، بچێتەوە بۆسەر زیناو دەست تێکەڵیی، کە هەم بە (ل)و، هەم بە (قد) جەختی لەسەر کراوەتەوە، دیارە کە دڵی خۆی لەسەر ساغ کردۆتەوە، بەلاَم لە بارەی یوسوفەوە: ﴿ وَهَمَّ بِهَا لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَـٰنَ رَبِّهِۦ ﴾، هەروەها ئەویش ویستی‌و نیازی تێکەڵیی ئافرەتەکەی بوو، ئەگەر بەڵگەی پەروەردگاری نەدیبایە .

ئنجا زانایان گوتوویانە : (لولا: حَرْف امْتِنَاعٍ لوجُودٍ، وهذا اختيار أبي حيان)، وەك (الشنقيطي) لە (أضواء البيان)[١]دا، هێناویەتی، واتە: (لولا) پیتێکە بەکاردەهێنرێ بۆ نەبوونی شتێك، بەهۆی بوونی شتێکەوە، ﴿وَهَمَّ بِهَا لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَـٰنَ رَبِّهِۦ﴾:)[٢]، ئەگەر بەڵگەی پەروەردگاری نەبینیبایە، ئەویش نیازی ئەو ئافرەتەی دەبوو.

کەواتە: بە دڵنیاییەوە لەلایەن یوسوفەوە، نیازو مەبەستێك - بۆ زیناکردن- پەیدا نەبووە، بەهۆی هەبوونی بەڵگەی پەروەردگارییەوە، کە ئەو ئیمانو عەقیدەیە، کە لە دڵو دەروونیدا بووە.

ئنجا لێرەدا وەڵامی (لولا) بە پێی هەندێك ڕا: ﴿لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَـٰنَ رَبِّهِۦ﴾، (أي: لكان ما كان)، یانی: ئەگەر بەڵگەی پەروەردگاری نەدیبایە، ئەوە دەبوو کە دەبوو.

کەواتە: {لَمْ يَقَعْ مِنْ يُوسُف هَمّ أَصْلاً بِنَاءً عَلَى أَنَّ الهَمّ مُعَلَّقٌ بِأَدَاةِ الإمْتِنَاعِ الَّتِي هِيَ (لَوْلا) عَلَى انْتِفَاءِ رُؤيَةِ البُرْهَان، وَقَدْ رَأَى البُرْهَان، فَانْتَفَى المُعَلَّق عَلَيْهِ}[٣]، کەواتە: بە دڵنیاییەوە نیازێك لەلایەن یوسوفەوە نەبووە، چونکە نیاز هەبوونەکە پەیوەست بووە بە نەبوونی بەڵگەی پەروەردگارییەوە، ئنجا کە بەڵگەکە بووەو بینیویەتی، مانای وایە نیازو مەبەستەکە نەبووە .

مانای چوارەم :

ئەویش کە زۆر نیزیکە لە مانای یەکەمەوەو (د. محمد راتب النابلسي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا هێناویەتی، ئەویش جوانە، دەڵێ: (هِي هَمَّت بالزِّنا. وَهُوَ هَمّ بالدَّفْعِ) واتە: هەرکەسە (هَمّ)ەکەی، (نیازو مەبەستەکەی) بە پێی

١) ج ٢، ص ٢١٨.
٢) أضواء البيان للشنقيطي، ج ٢، ص ٢١٨.
٣) سەرچاوەی پێشوو .

خۆی بووە، شتێك بووە كە لەو بوەشێتەوە، ئافرەتەكە مەبەستی چی بووە؟ مەبەستی ئەوە بووە كە لەگەڵ یوسوف دا بە حەرامیی دەست تێكەڵ بكات، ئەدی نیازو مەبەستی یوسوف چی بووە؟ ئەوەی كە بەلایەوە گرنگ بووە، ئەوە بووە كە سەلامەت بێ‌و، ئەو ئافرەتە لە كۆڵ خۆی بكاتەوە، كەواتە: ﴿ هَمَّتْ بِهِۦ ﴾، (أي: وَلَقَدْ هَمَّت بالزِّنا مَعَهُ)، واتە: ژنەكە ویستی زینای لەگەڵ بكات، ﴿ وَهَمَّ بِهَا ﴾، (أي: هَمَّ بضَرْبِها)، واتە: یوسوف ویستی لێیبدات، یان: لە خۆی دووری بخاتەوە، یان ئازاری بدات، تاكو لە كۆڵی بێتەوە، بەڵام ئەوەشی هەر نەكردوە، چونكە بەڵگەی پەروەردگاری لە عەقڵ‌و دڵی خۆی دا بینی، كە ئەو ئافرەتە هاوسەری ئەو پیاوەیە، كە خاوەنیەتی‌و ئەویش كۆیلەیە لە ماڵیان دا، ئێستا ئەگەر لێی بدات‌و سزای بدات، ئەو كاتە قسەی ئەو ئافرەتە سوار دەبێ، لەوانەیە بڵێ: ئەو ویستوویەتی دەستدرێژیم بكاتە سەرو من ملم نەداوە، بۆیە لێی داوم .

كەواتە: ئەم چوار مانایە هەن، وەك گوتم: من مانای یەكەمیانم لە هەموویان زیاتر بە دڵەو، مانای چوارەمیش ڕێی تێدەچێ، دیارە مانایەكانی دیكەش هەر گونجاون، بەڵام من مانای یەكەمیانم لە هەموویان زیاتر بە دڵەو بەڵگەكانیشم هێنانەوە .

تیشك خستنە سەر سێ مەسەلەی گرنگ

١) برهان .

٢) پاكێتی یوسف .

٣) شكاندنی ژمارەی پێوانەیی لە پاكێتیی دا

<u>مەسەلەی یەكەم:</u> ئەو بەڵگە (برهان)ە چی بووە، كە یوسف بینیویەتی، كە دەفەرموێ: ﴿لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَـٰنَ رَبِّهِۦ ﴾؟

ئەگەر بەڵگەی پەروەردگاری نەدیبایە، یوسفیش نیاز (هم)ی دەكرد، لەوبارەوە دوو ڕا هەن، كە من ڕای یەكەمیانم بە دڵە :

١ - ئەویش ئەوەیە كە ئەو بەڵگەیەی پەروەردگاری، بریتی بووە لەو ئیمانو عەقیدەو بەندایەتیی بۆ خواو خواناسییو خواپەرستییەی كە لە نێو عەقڵو دڵیدا هەبووە، یانی: ئیمانەكەی خۆی بینیوە، بە چاوی عەقڵو دڵ، وەك خوای پەروەردگار لە سووڕەتی (الأعراف)دا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ إِذَا مَسَّهُمْ طَـٰٓئِفٌ مِّنَ ٱلشَّيْطَـٰنِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ ﴿٢٠١﴾ وَإِخْوَٰنُهُمْ يَمُدُّونَهُمْ فِى ٱلْغَىِّ ثُمَّ لَا يُقْصِرُونَ ﴿٢٠٢﴾ ﴾.

واتە: بێگومان ئەوانەی كە پارێز دەكەن، هەر كاتێك وەسوەسەیەك لە شەیتانەوە دەوری دان، یەكسەر دێتەوە بیریان، (واتە: ئیمانەكەیان هۆشیاریان دەكاتەوەو بێداریان دەكاتەوەو دەیانخاتەوە حاڵەتی هۆشداریی) یەكسەر دەبن بە بینەر بۆ فێڵو پیلانی شەیتان، بەڵام برایەكانیان، (واتە: برای شەیتانەكان، ئەوانەی كە تەسلیمی ئیرادەی شەیتانەكان بوون)، شەیتانەكان ڕستیان بۆ درێژ دەكەن، لە بێمرادییو لە بێئاكامییو لە سەرگەردانیی داو، هیچ كەمتەرخەمییش ناكەن .

هەڵبەتە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) لە هەموو کەس زیاتر شایانی ئەوەن کە بەهۆی ئەو ئیمانو تەقوایەوە، کە لە دڵو دەروونیاندا هەیە، زوو بێدارو هۆشیاربنەوەو، شەیتان نەتوانێ کڵاویان لەسەر بنێو فریویان بداتو هەڵیان خەڵەتێنێ، چ شەیتانی مرۆڤ، چ شەیتانی جینن .

کە بێگومان ئەوە مانای ڕێكو ڕاستو بە عەقڵو دڵەوە نووساوە، بۆ وشەی: ﴿ بُرْهَـٰنَ ﴾، کە دەفەرموێ: ﴿ لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَـٰنَ رَبِّهِۦ ﴾، چونکە: (رؤية) لە زمانی عەرەبیی دا، دیتنی چاوی (الرؤية البصرية) هەیەو دیتنی دەروونی (الرؤية القلبية)ش هەیە، واتە: بە چاوی عەقڵو دڵ ئەو ئیمانەی خۆی بینیو، ئەو خواناسینو پارێزکارییەی لە دڵی دا بوو، بوو بە مایەی بەرچاوڕوونییو دەربازبوونی .

٢- مانایەکی دیکە: کە من بە لامەوە ڕەتکراوەیە، ئەوەیە کە زۆر لە تەفسیرەکان بە شێوازو ڕیوایەتی جۆراوجۆر هێناویانە، بۆ وێنە: خاوەنی (أضواء البيان)، (محمد أمين الشنقيطي) لە تەفسیرەکەیدا[١]، بیستو چوار (٢٤) ڕیوایەتو حیکایەتی هێناون، کە من پێم سەیرە توێژەرەوانی قورئان ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، ئەو حیکایەتانەیان چۆن هێناون! چۆن لە یوسوفیان وەشاندۆتەوە ئەو حیکایەتانەی بۆ بێنن! کە نە ئایەتەکە دەلالەتیان لەسەر دەکاتو، نە هیچ کامێکیان سەنەدێکیان هەیە بۆ سەر پێغەمبەر ﷺو، هەموویان لە ئیسرائیلیاتەوە وەرگیراون، یان بە عەقڵو خەیاڵو وەهمی خۆیان هەڵیان بەستوون، بۆ وێنە:

<u>یەك</u> : یەکێك لەوانە، دەڵێ: بەڵگە (برهان)ەکە ئەوەبووە کە یوسوف دۆخینی کردۆتەوەو دانیشتوە بۆ ئەو ئافرەتە کە خراپەی لەگەڵدا بکات، بەڵام دیوارەکە بۆتە شاشەیەكو وێنەی بابی خۆی بینیوە، کە پەنجەی خۆی گەزیوەو ئامازەی بۆ کردوە: یوسوف! ئەوە خەریکی چی؟ چۆن شتی وا دەکەی؟!

---

١) ج٢، ص ٢١١ - ٢١٤.

دوو: بەڵکـو لـە هـەندێك حیکایـەتی دیکـەدا مـەسـەلـەکـە زیاتـر تـۆخ کـراوەتـەوە، گوایـە هـەر چـەند بـابیشـی خـۆی پیشـان داوە، یوسـوف هـەر وازی نـەهێنـاوە، تاکـو جبـریل دەسـتی لـە پشـت داوەو مسـتێکی لێـداوە، هـەرچی ئـارەزوو (شهوة) بـووە لـە بـەدەنی دا نـەمـاوە!

کـە بێگومـان بـە پێی ئـەو حیکایـەتانـە بێ، کـەڕە عـەوامێکیش ئـەگـەر جبـریل خـۆی پێشـان بداتو، بـابی خـۆی پێشان بـدات لـە دیـواردا، ڕەنگـە هـەر شێت بێ، نـەك هـەر ئـارەزووی نـەمێنـێ! بـەڵام ئـەوان دەڵێن: یوسـوف بـەو شتانـەش هـەر نـەپرینـگاوەتـەوە!!

سـێ: هـەندێك دەڵێن: ئـافرەتـەکـە کـە ویستوویـەتی ئـەو خراپەیەی لـەگـەڵدا بکـات، یوسـوفیش کـە خـۆی بـۆ ئـامـادە کـردوە، بتێك لـەوێ بـووە، ئـافرەتەکە چووە پەردەیـەکی بـەسـەردا داوە، یوسـوف گوتـوویـەتی: ئـەوە چی دەکـەی؟ ئـافرەتـەکـە گوتـوویـەتی: بـا ئـەو پەرسـتـراوە ئێمـە نـەبینـێ، ئنجا یوسـوف گوتـوویـەتی: ئنجا ئـەگـەر تۆ بتێك بشاریەوە، ئـەدی من خوای پەروەردگـار! کـە ئـاگـاداری هـەمـوو شـتێکـە، چۆن خـۆمی لێ بشارمـەوە؟!

ئنجا من نـامـەوێ لـەسـەر بـاسـکـردنی ئـەو جۆرە حیکایـەتانـە بـەردەوام بم، پێشم وایـە نـەدەبـوو تـوێژەرەوانـی قورئـان ئـەو جۆرە حیکـایـەتانـە بێنن، نـازانم چۆنو بـە چ پاڵنـەرێك ئـەوانـەیـان هێنـاوە، چونکـە پیـاوێکی وەك یوسـوف ﷺ، کە پێغـەمبەری خـوایە، پێویستیی بەو هەموو شـتانە ناکات تاکو واز لـە زینـا بێنـێ، بـەڵکـو ئیمـانو عـەقیدەکـەی، خـوانـاسییـەکـەی، پەیوەندیی لەگەڵ خـواو بـەندایـەتییـەکەی بۆ خـوا، دڵـەکـەی کـە پڕبـووە لـە تـەقـوا، بەس بـووە بۆ ئەوەی بیپرینگێننـەوە، بـە بـەڵگـەی ئـەوە کـە جگـە لە یوسـوفیش، کـەسـانی وابـوون کـە ئـەو جۆرە حـاڵانـە لێیـان ڕوویـان داوە، بـۆ وێنـە:

بـەنـدە وەك لـە شوێنی دیکـەش دا بـاسم کـردوە، کـاتێك لـە تافی لاوێتیی دا بـووم، چـەند جـارێك لـەو حاڵـەتانـەم بـۆ هـاتوونـە پـێشو، خـوای میهـرەبـانیش پاراسـتوومی، هـەڵبـەتـە ئـازایـەتیی خـۆم نـەبـووەو پاراسـتنی خـوای بـە بـەزەیی بـۆتـە قـەڵغـانو پـارێزەرم، ئیـدی نـازانم، ئـایـا هـەندێك

لەوانـە کـە ئـەو جـۆرە حیـکایەتانـەیـان هێنـاون، لـە هـەمبـانـەی خـۆیـاندا گـوێـزیـان ژمـاردوە، یـان هـۆکـار چی بـووە ؟!

گـرنـگ ئـەوەیـە شـتێکی بـێ جـێیـە ئـەو هـەمـوو حیـکایـەتانـە ڕیز بکـەنو بڵێن: یوسـوف بـۆیـە تـووشی ئـەو گونـاهـە نـەبـوو، چونکـە ئـاوا بـووو ئـاوا بـووو ئـاوا بـوو، بـەڵام ئـەو حیـکایـەتانـە هیچیـان پێویست نـاکـەن، چونکـە ئـەگـەر وابـووایـە[1]، ئـەو کـاتـە هیچ ئـازایـەتیی نـەدەبـوو بـۆ یوسـوف، خـوای کاربـەجێ کـە هێنـدە مـەدحو ستایشی دەکـات، ئـەگـەر دوای ئـەوەی ئـەو هـەمـوو شـتانـەی پێشـان درابـێ، ئنجـا وازی لـەو گونـاهـە هێنـابێ، چ ئـازایـەتییـەکی یوسـوفی تێدایـە؟، ئـەوە کـەی مـەدحـە؟، لـەڕاستیی دا ئـەوە زەمو نـاشـیـرین کـردنێکی زۆرە بـۆ یوسـوف!!

خـوا لـەو زانـایـانـە خـۆش بـێ، کـە ئـەو حیـکایـەتانـەیـان هێنـاون، کـە هـەندێکیـان سـەنـەدەکانیـان دەگێڕنـەوە بـۆ سـەر هـەندێ لـە هـاوەڵان، وە هـەندێکیـان دەگێڕنـەوە بـۆ لای شوێنکـەوتـووان (تابعین) بـەڵام بێگومـان هـەر کـەسێك بێ، تـەنیـا قورئـان هـەقی ڕەهـای تێدایـەو، لـە دوای قورئـانیش سوننـەتی صـەحیحی پێغـەمبـەر ﷺ، ئـەویش ئـەوەی لێی دڵنیـابین کـە پێغـەمبـەر کـردوویـەتی، یـان فـەرمـوویـەتی، یـان دانی پێدانـاوە، بـەڵام جگـە لـەو دوو سـەرچاوە ڕوونو بـێ چـەندو چوونـە، هـەر کـەسێکی دی هـەر قسـەیـەك بکـات، مـادام لـەگـەڵ عـەقـڵ، یـان لـەگـەڵ واقیـع، یـان لـەگـەڵ قورئـانو سوننـەتدا، تێکبگیـرێ، مـاڵی قـەڵبـەو سـەر بـە خـاوەنیـەتی، ئنجـا ئـەو خـاوەنـەی هـەر کـەسێك بێ، ئـەگـەر واش نـەکـەین، ئیسلام لـە جیـاتی دوو سـەرچاوە ڕوونـەکـەی قورئـانو سوننـەت، پـڕ دەبـێ لـە حیکایـەتو ئـەفسانـەو شـتی وەهمییو خـەیـاڵیی .

<u>مـەسـەلـەی دووەم:</u> ئـەوەیـە کـە پاکێتیـی یوسـوف ؈ لـە شـەش لاوە (من ستة أطـراف) دەرخـراوە، ئـەویش هـەمـوو ئـەوانـەن کـە پـەیوەندییـان بـە

[1]) واتـە: ئەگـەر یوسـوف لەبـەر خۆپێشـاندانی بابـی، یـان جبـریل، یـان... هتـد، تووشـی ئـەو گوناهـە نەبووایە، هیچ ئازایـەتیی نەبـوو .

بەسەرهـاتی یوسوفـەوە هەیـە، کـە هەمـوویـان بەڕائـەتی یوسـوفیـان دەربـڕیوە : ئـەوانیـش :

١) خـوای پەروەردگار .

٢) ئیبلـیس .

٣) ژنـەکەی عەزیـزی میسـر .

٤) ئـافرەتـەکانی کە ویستیـان گـەلـەکۆمـەکێ لـە یوسـوف بکـەن .

٥) مێردی ژنـەکـە .

٦) شـەشـەمیش شـایـەدەکە، کە خزمی ئـافرەتـەکـە بـوو .

بـا تـەمـاشـا بکـەیـن :

١/ خـوا ﷻ دەربـارەی یوسـوف، دوای ئـەوەی ڕوونـی دەکـاتـەوە، کـە یوسـوف تـەسلیمی ئیـرادەی ئـەو ئـافرەتـە نـەبـوو، لـە سـوورەتی (یوسف) ئـایـەتی (٢٥)دا دەفـەرمـوێ: ﴿ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ وَهَمَّ بِهَا لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَٰنَ رَبِّهِۦ كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلْفَحْشَآءَ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُخْلَصِينَ ﴾، واتـە: ئـاوا بـەو شێوەیـە ئـەو بـەڵگـەیـەمـان خستـەبـەر چاوو دڵی، تاکـو خراپـەو شـوورەیی، (یـان خراپـەو بـێ نـامـووسیی) لـە یوسـوف دوور بخـەینـەوە، چونکـە بێگومـان ئـەو لـە بـەنـدە هـەڵبژاردەکانمـان بـوو.

جێـی سـەرنج ئـەوەیـە کـە خـوا دەفـەرمـوێ: ﴿ لِنَصْرِفَ عَنْهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلْفَحْشَآءَ ﴾، خراپەو شوورەیی، چونکـە دەڵێ: (سُوءْ)، هـەر شتێکـە کـە مرۆڤ پێـی نـاخـۆش بێ، (فَحْشـاءَ)یـش هـەر شتێکـە کـە مرۆڤ پێـی نـاشیـرین بێو شوورەیی بێو، خـەڵك بـە بێ نـامووسییو بێ ئـابڕوویی لـە قـەڵـەمی بـدات، ئنجـا خـوا ﷻ دەفـەرمـوێ: ئێمـە (سـوء) و (فَحْشـاء)مـان لـە یوسـوف لادا، واتـە: (سـوء) و (فَحْشـاء) ڕوویـان لـە یوسـوف کـرد بـوو، نـەك یوسـوف ڕوو لـەوان بکـات، ئـەوەش بـەڵگـەیـەکی دیکـەیـە لـەسـەر ئـەوە کـە بـە دڵنیـاییـەوە لـەلای یوسوفـەوە، نیـازێکی

خراپ نەبووە، (سوء) و (فَحْشاء)ەکە لەلایەن ژنەکەوە دەستی پێکرد، بەڵام خوا دەفەرموێ: ئێمە لە یوسوفمان لادان، نەك یوسوف ڕوویان تێبکاتو یوسوف لێیان لابدرێ، بەڵکو (سوء) و (فَحشاء) خراپەو شوورەیی، ڕوویان لەو کرد بوو، خواش لایدان لێی .

٢/ لە بارەی ئیبلیسەوە: ئیبلیس لە سوورەتی (الحجر)دا، دوای ئەوەی کە خوا ﷻ، لەسەر ئەوەی کە کڕنووشی ڕێز گرتنی بۆ ئادەم ﷺ، نەبردوە، نەفرینی لێدەکات، ئیبلیسیش هەڕەشە دەکاتو دەڵێ: ﴿... لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٣٩﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٤٠﴾﴾، واتە: لە زەویدا گوناهانیان بۆ دەڕازێنمەوەو تێکڕایان بێمرادو سەرگەردان دەکەم، جگە لەو بەندانەی تۆ کە هەڵبژاردەن، کە خوێنراویشەتەوە (مُخلِصين)، واتە: ساغ کەرەوەن بۆ کردەوەکانی خۆیان، بۆ بەندایەتیی بۆ خوا .

کەواتە: یوسوف لە گوناهو تاوان دوور بووە، چونکە ئیبلیس گوتوویەتی: دەستەڵاتم بەسەر بەندە ساغەکانت دا نیە: ﴿إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٤٠﴾﴾، ئنجا خواش یوسوفی بەوە پێناسە کردوە کە لە بەندە ساغەکانیەتی: ﴿لِنَصْرِفَ عَنْهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلْفَحْشَآءَ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُخْلَصِينَ﴾.

کە ئەوەش دەربڕینی پاکێتیی یوسوفە، لەلایەن ئیبلیسەوە .

٣/ ژنەکەی عەزیز: وەك لە سوورەتی (یوسف)دا، دەفەرموێ: ﴿... قَالَتِ ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْـَٰٔنَ حَصْحَصَ ٱلْحَقُّ أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٥١﴾﴾، واتە: ژنەکەی عەزیز گوتی: ئێستا هەق دەرکەوت، زۆر بە ڕوونیی دەوشایەوە، من بووم داوای دەست تێکەڵیم لەو کردو ویستم ئەو لە خشتەبەرمو ڕازیبکەمو بیهێنمە سەر ڕای خۆمو لە ڕای خۆی

لایبدەمو، ئەو لە ڕاستگۆیانە، واتە: ڕاست دەکات کە هیچ خراپەیەکی لە دەست نەقەوماوەو، هیچ نیازی خراپەی نەبووە .

ئەوەش پاکیی دەربڕینی ئەو ئافرەتەیە بۆ یوسوف .

٤/ ئافرەتەکان ئەو ژنانەی کە ژنەکەی عەزیز کۆی کردنەوە، کاتێك کە سەرزەنشتو گلەییان ئاڕاستە کرد، وەك دوایی دەیگەینێ، هەر لە سوورەتی (یوسف) ئایەتی (٥١)دا: ﴿ قُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِن سُوٓءٍ ﴾، واتە: ئافرەتەکان گوتیان: پاکیی بۆ خوا، یان دووریی لە عەیبو عار بۆ خوا، حاشا هیچ خراپەیەکمان لەبارەی یوسوفەوە نەزانیوە .

ئەو (مِنْ) کە دەچێتەسەر (سوء)، ﴿ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِن سُوٓءٍ ﴾، یانی: هیچ جۆرە خراپییەك (نە کەم، نە زۆر)، خراپەمان لە یوسوف نەزانیوە .

٥/ مێردی ژنەکە، واتە: عەزیزی میسر، کە دەڵێ : ﴿ قَالَ إِنَّهُۥ مِن كَيْدِكُنَّ ۖ إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ ﴿٢٨﴾ يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَٰذَا ۚ وَٱسْتَغْفِرِى لِذَنۢبِكِ ۖ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ ٱلْخَاطِـِٔينَ ﴿٢٩﴾ ﴾، واتە: مێردی ژنەکە گوتی: ئەوە لە پیلانو فێڵی ئێوەیە، بێگومان پیلانو فێڵی ئێوە مەزنە، یوسوف تۆ واز لەو باسە بێنە، تۆش – ئەی ئافرەت!- داوای لێبوردن بۆ گوناهەکەت بکە، {واتە: داوای لێبوردن لە مێردەکەت بکە} ، بێگومان تۆ لە تاوانبارانی .

٦/ لایەنی شەشەم، شایەدەکە، وەك لە سوورەتی (یوسف)دا هاتووە: ﴿ ... وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَآ إِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٢٦﴾ وَإِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٢٧﴾ ﴾، واتە: شایەدێك لە نیزیکانی ئافرەتەکە شایەدیی دا، ئەگەر کراسەکەی لە پێشەوە دادڕابێ، ئەوە ژنەکە ڕاست دەکاتو

یوسوف لە درۆکەرانە، بەڵام ئەگەر کراسەکەی لە پشتەوە دادڕابێ، ئەوا ئافرەتەکە درۆ دەکاتو، یوسوف لە ڕاستگۆیانە .

دوایش سەیردەکەن کراسەکەی لە پشتەوە دادڕاوە .

کەواتە: ئەو شەش لایە هەموویان شایەدیی دەدەن بۆ پاکێتی یوسوف ﷺ.

مەسەلەی سێیەم: کە گوتمان تیشکی دەخەینەسەر، پێش ئەوەی ئەم بڕگەیە بەجێ بهێڵین، ئەوەیە کە پاکێتیی یوسوف ژمارەی پێوانەیی شکاندوە، لەبەر دە (١٠) هۆکار، کە (د. محمد راتب النابلسي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، ئەو تێبینییە وردانەی هێناون :

١ - لەبەر ئەوەی خۆشویستنی ئافرەتو جووڵانی غەریزەی جینسیی لە پیاودا، بەرەو ئافرەت، شتێکی زۆر بەهێزە، بەڵام یوسوف ملی نەداوە بۆ ئەو پاڵنەرە بەهێزەی کە لە بوونیدا هەبووە .

٢ - یوسوف لەو کاتەدا لە تافی لاوێتییو لە هەرەتی گەنجێتیی دا بووە، کە لەو کاتەشدا غەریزەی جینسیی بەهێزترە لە مرۆڤ دا .

٣ - یوسوف گەنجێکی زگورتییو بێ هاوسەر بووە، کە دیارە ئەگەر مرۆڤ هاوسەری هەبێ، ئارەزوی جینسیی خۆی لەگەڵی دادەمرکێنێو خۆی لێ تێردەکات، بەڵام ئەگەر بێ هاوسەربێ، مانای وایە زیاتر پێویستیی بە خۆ کۆنترۆڵ کردن هەیە .

٤ - یوسوف لەو شوێنە غەریب بووە، واتە: لە شوێنێك بووە کە کەسو کاری خۆی لەوێ نەبووە، لەو شوێنانەش عەیبە کەمتر لە مرۆڤ دیارەو گوناهکردن ئاسانتر دەبێ، وەك ئەوەی لە نێو خزمو کەسی خۆی دابێ، کە عەیبەی زیاتر لێ دەزانرێ .

٥ - ئەو ژنەش، ژنێکی جوانو خاوەن پێگەو پایەبووە .

٦ - ئەو ژنە بۆخۆی داوای لە یوسوف کردوە، واتە: ژنەکە یوسوفی هەڵپێچاوە .

---

١) تفسير النابلسي ج ٤، ص ٥٠٥.

٧ ـ یوسوف كۆیلەی ئەو ژنە بووەو لەبەر دەستی ویدا بووە .

٨ ـ ئافرەتەكە ماڵەكەی چۆڵ كردوە لەو كاتەداو، دەرگاكانیشی هەموو داخستوون، بۆ ئەوەی یوسوف و خۆیشی دڵنیابن، كە كەس بەسەریاندا ناچێ .

٩ ـ مێردەكەشی زۆر نەرمو، كەم غیرەت بووە، بە پێی هەڵوێستەكەی دوایی، كە دوایی باسیشی دەكەین، چونكە هەموو قسەكەی بۆ ژنەكەی ئەوەیە كە دەڵێ: تۆ خەتاباری! بە یوسوفیش دەڵێ: ئەی یوسوف! باسی مەكە ! .

١٠ـ ئەو ژنەی عەزیز، هاوكاریی لە ژنەكانی دیكەش داوا كردوەو، داوای لێكردوون كە ئەوانیش هاوكاری بن .

٣) - ﴿ كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلْفَحْشَآءَ ﴾، ئاوا بەو شێوەیە (ئەو بەڵگەیەمان خستە بەرچاوی عەقڵ و دڵی)، تاكو خراپەو شوورەیی، خراپەو بێ ئابڕوویی، لە یوسوف دووربخەینەوە، كە ئەو ڕووی لەو خراپەو بێ ئابڕووییە نەبووە، بەڵكو خراپەو بێ ئابڕوویی بە مل ئەو داهاتووە، لە لایەن ئافرەتەكەوە .

٤) - برگەی چوارەم و كۆتایی: ﴿ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُخْلَصِينَ ﴾ بێگومان ئەو لە بەندە هەڵبژاردەكانمان بوو، لەو بەندانەمان بوو كە هەڵمان بژاردبوون و گوڵ بژێرمان كردبوون، ئەوە خوێندنەوەیەكی.

بە جۆرێكی دیكەش خوێندراوەتەوە: (إِنَّهُ مِنْ عِبادِنا الـمُخْلِصِين). بێگومان ئەو لە بەندە خۆ ساغ كەرەوەكانمان بوو، لەو بەندانەمان بوو كە بەندایەتیی خۆیان بۆ خوا ساغ كردبۆوە، كردەوەو تاعەتی خۆیان بۆ خوا ساغ كردبۆوەو بەشی غەیری خوایان پێوە نەهێشتبوو .

هەڵبەتە ئەمە ئەوەشی لێوەردەگیرێ كە ئەوە یاسایەكی گشتی خوایە ﷻ، كە هەر كەسێك (مُخْلِصْ) بێ و (مخلَص) بێ، هەركەسێ بەندایەتیی خۆی بۆ خوا ساغ كردبێتەوەو، خوا ساغی كردبێتەوە، خراپەو

شوورەیی لێ لادەدرێ، گوناهو تاوانی لێ لادەدرێ، بە ئەندازەی ئەوە کە مرۆڤ ئیمانو تەقوا لە دڵو دەروونی دا هەیە، خوای پەروەردگار خراپەو تاوانو بێ ئابڕوویی‌و، ئەو شتانەی کە دەبنە مایەی عەیبداریی‌و گوناهباریی، لێی لادەداتو دووریان دەخاتەوە .

خوا بە لوتفو کەرەمی خۆی لەو کەسانەمان بگێڕێو، ئەو سیفەتەمان زیاتر تێدا بەهێزو تۆخ بکات .

مەسەلەی سێیەم : هەر کام لە ژنەکەی عەزیزی میسرو، یوسوف دوای ئەو تێکگیرانە، بەرەو دەرگا ڕادەکەنو پێشبڕکە دەکەن، سەرەنجام ژنەکە کراسی یوسوف لە پشتەوە دادەدڕێو، دەگەنە مێردی ژنەکە لەلای دەرگا، ژنەکەش دەستبەجێ یوسوف تۆمەتبار دەکات، کە نیازی خراپەی لەگەڵی هەبووە، داواش دەکات کە یوسوف زیندانیی بکرێ، یان سزایەکی بە ئێش بدرێ، یوسوفیش بەرگریی لە خۆی دەکات: کە ژنەکە ویستوویەتی پەلکێشی بکاتو لە خشتەی بەرێو توشی دەست تێکەڵیی حەرامی بکات :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ وَٱسۡتَبَقَا ٱلۡبَابَ وَقَدَّتۡ قَمِيصَهُۥ مِن دُبُرٖ وَأَلۡفَيَا سَيِّدَهَا لَدَا ٱلۡبَابِۚ قَالَتۡ مَا جَزَآءُ مَنۡ أَرَادَ بِأَهۡلِكَ سُوٓءًا إِلَّآ أَن يُسۡجَنَ أَوۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٢٥﴾ ﴾.

توێژینەوەی ئەم ئایەتە بەپێزە لە پێنج بڕگەدا :

١) - ﴿ وَٱسۡتَبَقَا ٱلۡبَابَ ﴾، ئنجا بەرەو دەرگاکە پێشبڕکەیان کرد .

وشەی (البابَ)، لێرەدا کە (منصوب) بووە، لە دوو حاڵەت بەدەر نیە:

یەکەم: یان وەك زانایانی شارەزای زمانی عەرەبی دەڵێن: (بنزع الخافض)، واتە: دەبووایە (مجرور) بێ، بەم شێوەیە: (واستبقا إلى الباب)، بەڵام کە ئەو (إلى)ی کە (باب)، (مجرور) دەکات لایان بردوە، (الباب)، بۆتە (مفعول به)و (منصوب) بووە، ئەگەرنا لە بنەڕەتدا ئاوا بووە: (واستبقا إلى البابِ)، بەرەو دەرگاکە پێشبڕکەیان کرد، وەك ئەو ڕستە قورئانییەی کە لە سووڕەتی (الأعراف)، ئایەتی (١٥٥)دا، هاتوە: ﴿ وَٱخۡتَارَ مُوسَىٰ قَوۡمَهُۥ سَبۡعِينَ رَجُلٗا لِّمِيقَٰتِنَا... ﴾، یانی: (وَاخْتَارَ مُوسَى مِن قَومِهِ)، ئەویش هەر بە (نزع الخافض) (منصوب) بووە .

دووەم: ئەوەیە کە (على تضمين استبقا معنى ابتدَرَا)، (استبقا)، مانای (فعل)ی (ابتدرا)ی خراوەتە نێوو نێواخنی کراوە، (ابتدرا)، واتە: هەرکامێکیان ویستی زوو بیگاتێ (بگاتە دەرگایەکە).

هەڵبەتە ژنەکەی عەزیزی میسر کە داوای دەست تێکەڵیی لە یوسوف کردوە، یوسوف ﷺیش، کە بەرەو دەرگاکە ڕایان کردوە، وەك پێشبڕکە بکەن، هەر کامێکیان بۆ مەبەستێك بووە: یوسوف بۆ هەڵاتن لە چنگی ژنەکەو خۆ دەربازکردن لەو داوا نارەوایەی کە لێی کردوە، لەو دەورە هەڵاتنەی[١] ئەو ژنە، ژنەکەش بۆ ڕێ لێگرتنی یوسوف، کە نەهێڵێ دەرگایەکە بکاتەوەو، بچێتە دەرێو، لە چنگی ڕزگاری بێ، دیارە ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە، لەسەر ئەوەی کە: وشەی (هم) کە لە ئایەتێکی پێشتردا هاتوە: ﴿ وَلَقَدۡ هَمَّتۡ بِهِۦۖ وَهَمَّ بِهَا ﴾، کە پێشتر شیمان کردەوە، دەگونجێ دوو مانای جیاوازی هەبن، چونکە (استبقا)، واتە: پێشبڕکەیان کرد:

أ- یوسوف ڕای کردو پێشبڕکەی کرد، بۆ ئەوەی لە چنگی ژنەکە هەڵێ.

ب- بەڵام ژنەکە پێشبڕکەی کرد، بۆ ئەوەی نەهێڵێ یوسوف هەڵێ .

---

١) دەورە هەڵاتن : دەوروخول دان، لێ خەفتان، هەوڵ لەگەڵدان .

کەواتە: (استبقا)، بۆ هەردووکیان بەکارهاتووە، بۆ هەرکامێکیان واتایەکی هەیە، کە لەگەڵی بگونجێ، ڕستەی: ﴿ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ وَهَمَّ بِهَا ﴾یش، بە هەمان شێوە: ئافرەتەکە ویستی پەلاماری بداتو لێی بدات، یوسوفیش ویستی ئەگەر بەڵگەی پەروەردگاری نەبینیبایە، بەرگریی لە خۆی بکاتو دووری بخاتەوە لە خۆیو ئازاری بدات.

٢) - ﴿ وَقَدَّتْ قَمِيصَهُۥ مِن دُبُرٍ ﴾، ئافرەتەکە کراسەکەی یوسوفی لە پشتەوە دادڕی، قلیشاندی، (القَدُّ: القَطْعُ طُولاً)، (قَدّ): لە زمانی عەرەبی دا، بە بڕین بە باری درێژییدا دەگوترێ، (وَالقَطّ: القَطْعُ عَرْضَاً)، (قط)یش بڕینە بە باری پانیی دا، هەڵبەتە دەبێ کراس دادڕینەکەی ژنەکە، کە کراسەکەی یوسوفی دادڕیوە، پێشتر بووبێ، پێش ڕاکردنەکە، بەڵام لە باسکردندا دواخراوە، ئەگەرنا پێشێ کە تێکگیراونو ئافرەتەکە داوای لە یوسوف کردوە، ئەو داوا ناڕەوایە، ئنجا کە یوسوف پشتی تێکردوە، ئەو ئافرەتە پڕی داوەتێو دای هاتۆتێو کراسەکەی دادڕیوە، بۆ ئەوەی بەلای خۆی دا ڕای کێشێو نەهێڵێ دەربازبێ، ئنجا یوسوف بە کراس دڕاویی ڕای کردوە، هەڵبەتە جاری وا هەیە شتێك لە پێش شتێکدا دەقەومێ، بەڵام لە باسکردن دا دوادەخرێ .

٣) - ﴿ وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا لَدَا ٱلْبَابِ ﴾، تووشی گەورەی ژنەکە بوون، لەلای دەرگا، واتە: مێردەکەی .

(الإلفاء: وِجْدَان شَيء عَلَى حَالة خاصَّةٍ مِنْ غَيْرِ سَعيٍ لِوجْدَانه، فَالأَكْثَرُ أَنْ يَكونَ مُفَاجئاً)، وشەی (ألفا، يُلْفِي، إلفاءً)، بریتیە لە بینینی شتێك لەسەر حاڵەتێکی تایبەت، ئەویش ئەوەیە کە هەوڵی نەدابێ کە ئەو شتە پەیدا بکاتو ئەو شتەی بێتە پێش، واتە: کتو پڕ ئەو شتەی بۆ پەیدابێ، یان بێتە پێشی، ئەوانیش چاوەڕێ نەبوون کە مێردی ژنەکە لەبەر دەرگا بێ، لە نیزیك دەرگابێ، بەڵام کە ئەوان بەرەو دەرگاکە ڕایان کردوە بە پێشبڕکە، لەوێ لووتو بزووت، کتو پڕ، تووشی مێردی ژنەکە بوون.

هـەڵبـەتـە خـوا ﷻ، ئـەو مـەبـەسـتـەی زۆر بـە کـورتییو پـوختیی فـەرمـووەو، هــەندێ شــت کــە بــە فیکــرو سـەلیقــە دەزانــرێن، فرتـاندوونــی، ئـەگـەرنــا بێگومـان: یوسـوف یـەك بـە یـەك دەرگـاکـانی کـردوونـەوە، چونکـە وەك پێشتــر گوتمــان: ﴿وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ﴾، ژنـەکــە دەرگـاکــانی مـەحکــەم گـاڵــەدان، مـەحکـەم دایخســتن، کـەواتـە: یوسـوف دەرگـا دەرگـا کـردوونیـەوەو، ژنـەکـەش بـە دوایـدا چـووە، هــەتا دەرگــای دەرەوە، ئنجـا لــە دەرگــای دەری دەرێ، تـووشــی گـەورەکـەیـان بـوون، ئـەگـەرنـا چۆن مێردی ژنـەکـە دەرگـایـەکـان دەکـاتــەوە لــە دیوی دەرێـرا، کـە دیـوی ژوورێـوە داخـراون ؟

کـەواتـە: مـەبـەست لـە (البـاب) کـۆتا دەرگـایــەو لـەوانـەیـە مێـردی ئـەو ژنــە مـاوەیـەکیش لـەبـەر دەرگــا وەستابــێ، تاکـو یوسـوف گـەیشـتبێتــێو دەرگـاکـەی کـردبێتـەوە .

٤) - ﴿قَالَتۡ مَا جَزَآءُ مَنۡ أَرَادَ بِأَهۡلِكَ سُوٓءًا إِلَّآ أَن يُسۡجَنَ أَوۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾، ژنەکە گوتی: سزای کـەسێك چییـە کـە نیـازی خراپـی لـەگـەڵ هاوسـەری تـۆدا بـووە، جگـە لـەوەی زینـدانیی بکـرێ، یـان سـزایـەکی بـە ئـازار بـدرێ .

سـەیری مـەکـرو حیلـەی ئـەو ژنـە بکـەن! بـەبێ ڕاوەستان، بـەبــێ زار تێکـەڵ بـوون، ڕاستـەوخـۆ یوسـوف تۆمـەتبـار دەکـاتو، دوو جـۆرە سزاشـی بـۆ پێشنیـار دەکـات، ڕاستـەوخــۆ تۆمـەتبـاری دەکـاتو دەڵــێ: ئـەو ویستـوویــەتی خراپـەم لـەگـەڵ دا بکـات، سزایـەکـەشی بـۆ دیـاریی دەکـات بـە دوو جـۆر: یـان زینـدانی کـردن، یـان ئـەشکـەنجەدان! ئنجـا ئـایـا دەبێ زینـدانیی کـردنی ئـەو کـاتـە چۆن بـوو بـێ! ئێستـا دوای ئــەو هـەمــوو ڕێکخراوانــەی مــافی مرۆڤـو، ئــەو هـەمـوو بـانگـەشـە کـردنـە بـۆ مـافـو ئـازادیی مرۆڤـەکانو، کـەرامـەتو ڕێزی مرۆڤـەکـان، ئنجـا ئـەمریکـا لـە (گوانتـانـامۆ) چی لـە زینـدانـەکـانی قـاعیدە کـرد، ئـەوانـەی کـە لـە ئـەفغانستان گـرتبـوونی، هـەروەهـا ئـەوانــەی (أبـو غریـب)و، ئــەوەی کـە لــە زینـدانـەکـانی دیکـەی ئـەمریکـا لـە (عێراق): (بـووکـا)، (کـرووپـەر)، – کـە بـەنـدەش دەوری دوو سـاڵم تێـدا بەسەر برد - بـۆ نمـوونـە: کـابرایـەکـم بینی گوتی: هـەمـوو ددانـەکـانیـان شکـاندووم، یـەکێکـی دیم بینـی گوتی: نینۆکـەکـانی دەستو پێمیـان

هەمـوو دەرهێنـاوم، ئێمـەش تـاراددەیـەك ئـەشـكـەنجە دراین، وەك لـە كـتێبـی: (ئـەشكـەنجەو زینـدان)دا باسم كـردوە، شـتی دیكـەی زۆر خراپتـریش هـەبـوو، بـەسـەر خـەڵكیـان هێنـابـوو، كـاتی خـۆی ڕۆژنـامـەكـان بـاسیـان كـردبـوو .

ئێسـتاش چـی دەگـوزەرێ لـە زیندانـەكـانی (میسـر)دا، لـە زیندانـەكـانی (سـووریـا)دا، كـاتی خـۆی لـە زیندانـەكـانی ڕژێمـی بـەعس دا، ئێسـتاش لـە زیندانـەكـانی (عێـراق)و (ئێـران)دا، لـە هـی ئـەمـلا، لـە هـی ئـەولا، لـە هـی زۆربـەی وڵاتـانـدا، بـە داخـەوە ئـەشكـەنجـەدانی مرۆڤـەكـان‌و، بێـڕێـزیی پێكـردنیـان زۆر زۆرە[١] .

ئنجـا كـە ئـەو ژنـە پێشـنیـاز دەكـات بـۆ سـزادانی یوسـوف: یـان زینـدانیی بكـرێ، كـە هـەر خـوا دەزانێ زیندانی ئـەو كـاتـە چـۆن بـووە!! یـان ئـەشكـەنجە بدرێ، كـە مێـژوو دەڵێ: جۆرێك لە ئـەشكـەنجەكـانیـان ئـەوە بـووە، هـەندێ لـە ئـەندامـەكـانی مرۆڤیـان بڕیـوە، دەستیـان بڕیـوە، چـاویـان دەرهێنـاوە، پێیـان بڕیوە، ئـەندامی دیكـەیـان بڕیـوە !

ئنجـا ئـەوە بـەڵگـەیـە لـەسـەر ئـەوەش كـە خـۆشـەویستیی ئـەو ژنـە، كـە خـۆشـەویستی بـۆ یوسـوف دەربڕیوە، خـۆشـەویستییـەكی جەستـەیی ڕووت بـووەو تـەنیـا خـۆشـەویستییـەكی سێكسیی بـووە، ئـەگـەرنـا هـەوڵی وردو خـاش كـردنی خـۆشـەویستـەكـەی خـۆی نـەدەدا، بـەڵكـو لـە ڕاستییدا وەك خـۆشـەویستیی مرۆڤ بووە بۆ خواردن، یـان خـۆشـەویستیی دڕندەیـەك بـووە بـۆ نێچیـرێك، كـە دەیەوێ بیگـرێ‌و بیخـوات! خـۆشـەویسـتیی ئـەو ژنـە بـۆ یوسـوف لـەو شێوەیـە بـووە، خـۆشـەویستییـەكی مـەعنـەویی‌و ڕووحیی نـەبـووە، بـە پێچەوانـەی ئـەوەی كـە زۆر لە حیكـاتخـوان‌و چیـرۆك هـەڵچنـەكـان، شـتی سـەیر هـەڵدەبـەستن: ئـەو ژنە بۆ یوسوف هـەر سووتابـوو!! نـەخێر بـەڵكـو هـەر خـۆشـەویستییـەكی جەستـەیی ڕووت بـووە، ویسـتوویـەتی ئـارەزووی خـۆی بـە یوسـوف دامركێنـێ‌و هیچی دیكـە، ئـنجـا كـە چنگی نـەكـەوتـوە، ویسـتوویـەتی لـەبـەینی بـەرێ‌و وردو خـاشی بكـات .

---

١) هەروەهـا لـە هـەرێمیی كوردسـتانیش دا، لـە ژێـر حـوكمی هـەردووك لایـەنی: پـارتی‌و یەكیـەتیی دا ئەشـكـەنجەدان‌و، بگـرە سـووكایـەتیی پێكـردنی زۆر خـراپ‌و دڕندانـە، هـەبووەو ئێستاش كـەم‌و زۆر بـەردەوامە.

هەڵبەتە هەرجۆرە پەیوەندییەکی پیاوو ئافرەت، کە تەنیا پەیوەندیی بە جەستەوە بێ، بەو شێوەیە، بۆیە خوا ﷻ، لە سووڕەتی (الروم)دا دەفەرمووێ: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾، واتە: لە نیشانەکانی پەروەردگارێتیی خوا، ئەوەیە کە لە خۆتان، (واتە: لە جۆری خۆتان، لە هاوسروشتی خۆتان)، هاوسەرەکانتانی بۆ دروست کردوون، (کە هەمان جۆرە جەستەو هەمان جۆرە سروشتو ڕووحیان هەیە)، بۆ ئەوەی کە بە هۆیانەوە ئارامییتان بۆ بێ، (پیاو بەهۆی ژنەوە ئارامیی بۆ دێو، ژنیش بە هۆی پیاوەوە)، ﴿ وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ﴾، هەروەها خۆشەویستیی‌و بەزەیی لەنێوتان دا داناوە.

{ئا ئەوە بناغەی ژن‌و مێردایەتیی‌و پێکگەیشتنی نێرو مێیە، بەشێوەی حەڵاڵ، لە قاڵبی ژن‌و مێردایەتیی دا، کە تاکە قاڵبێکی ڕەوایە ژن‌و پیاو بە یەك بگەن، بە نیکاحێکی ڕاست، بە گرێبەستێکی ڕوون‌و بە مەبەستی ئەوە کە ببنە هاوسەری یەکدی}

دوایی خوا دەفەرمووێ: لەوەدا نیشانە هەن بۆ کۆمەڵێك کە بیربکەنەوە.

ئنجا کە ژنەکە بەو شێوەیە یوسوف تۆمەتبار دەکات‌و سزاشی بۆ پێشنیار دەکات، یوسوفیش وەڵامی خۆی دەداتەوە:

٥) - ﴿ قَالَ هِىَ رَٰوَدَتْنِى عَن نَّفْسِى ﴾، گوتی: ئەو ویستی من لە قەناعەتی خۆم کە پاکێتییە، لابدات بەرەو قەناعەتی خۆی، کە دەست تێکەڵ کردنی حەڕام‌و زیناو داوێن پیسییە، ئەو ویستی من لە خشتە بەرێ، ئەو لە دەوری من هەڵات، ئەو دەورو خولی منی دا، وشەی: ﴿ رَٰوَدَتْنِى ﴾، ئەو مانایانە هەموویان دەگرێتەوە .

لێرەشدا ئەوە دەردەکەوێ کە یوسوف ﷺ، بە ناچاریی ئەو قسەیەی کردوە، وەك خوا لە سووڕەتی (النساء)، ئایەتی (١٤٨)دا دەفەرمووێ: ﴿ لَّا

يُحِبُّ ٱللَّهُ ٱلْجَهْرَ بِٱلسُّوٓءِ مِنَ ٱلْقَوْلِ إِلَّا مَن ظُلِمَ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا ﴾، واتە: خوا حەز ناكات قسەی خراپ بە ئاشكرا بكرێ، مەگەر لەلایەن كەسێكەوە كە ستەمی لێكرابێ .

وەك كاتی خۆی لە بەرگی سێی ئەم تەفسیرەدا: (تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز)، ئەو ئایەتەمان لە تەفسیری سووڕەتی (النساء)دا جوان شیكردۆتەوە، واتە: كەسێك كە ستەمی لێبكرێ، دەبێ باسی ستەمەكەی خۆی بكات، با قسەكەی ناشیرینیش بێ، ئەگەر لێیانداوە، ئەگەر تێیان هەڵداوە، ئەگەر ماڵیان خواردوە، ئەگەر هەرجۆرە دەستدرێژییەكیان كردۆتە سەر، بۆی هەیە باسی ئەو ستەمە بكات، كە لێی كراوە، بۆشی هەیە زەمو غەیبەتی ئەو كەسە بكات، كە ستەمەكەی لێكردوە، چۆنە ئاوای پێناسە بكاتو وەسفی بكات .

ئنجا دیارە یوسوف ﷺ بە ڕەوای نەزانیوە بەرانبەر بەو ستەمە، بێدەنگ بێ، چونكە بە دڵنیاییەوە بێدەنگ بوون لە بەرانبەر ستەمی ستەمكاراندا، هەر بۆ خۆی یارمەتییدانو هاوكاریی كردنی ستەمكارەكانە، كە لەسەر ستەمەكەی خۆیان بەردەوام بنو زیاتر شوولی لێ هەڵكێشن .

<u>**مەسەلەی چوارەم :**</u> شایەدیی دانی پیاوێك لە خزمانی ژنەكە، وەك ناوبژیوان (حكم) كە: ئەگەر كراسەكەی یوسوف لە پێشەوە قڵیشابێ، ژنەكە ڕاست دەكاتو یوسوف لە درۆكارانە، بەڵام ئەگەر كراسەكەی لە پشتەوە دادڕابێ، ژنەكە درۆ دەكاتو یوسوف لە ڕاستگۆیانە :

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ ... وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَآ إِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ ٱلْكَـٰذِبِينَ ﴿٢٦﴾ وَإِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ﴿٢٧﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم دوو ئایەتە لە سێ بڕگەدا :

١) - ﴿وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَآ﴾، ئنجا شایەدێك شایـەدیی دا لـە نیزیکـانی ئافرەتـەکـە .

ئـایـا ئـەو شـایـەدە کـە شـایـەدیی دانـەکـەی بـۆتـە جۆرێـك لـە دادوەریـی، کـێ بـووە ؟!

لـەوبـارەوە دوو ڕا هـەن :

ڕای یـەکـەم: هـەندێك لـە تـوێـژەرەوانی قورئـان گوتـوویـانـە: منداڵـێك بـووە لـە بێشکەدا بـووە، قسـەی کـردوە، لـەوبـارەوەش هـەندێك شـوێنـەوار دێنـنـەوە کـە یـەکێك لـەو سێ کـەسـە، یـان یـەکـێـك لـەو چوار کـەسـە کـە لـە لانکـەدا قسـەیـان کـردوە، ئـەو منداڵـە بـووە، کـە شـایـەدیی داوە لـەسـەر پاکـێتیـی یوسـوف .

ڕای دووەم: ئـەوەیـە کـە پیـاوێکی خزمـی ژنـەکـە بـووە .

ئنجـا مـن دوای ئـەوەی زۆر سـەرنجی تـەفسـیرەکـانم داوە، گەیشـتوومە ئـەو ئەنجامە کـە : هیچ بـەڵگـەیـەك نیـە لـەسـەر ئـەوە کـە ئـەو شـایـەدە منداڵـێکی نێو لانکە بـووبـێ، ئـەو شـوێنـەوارانـەش کـە لـەوبـارەوە هـاتـوون، سـەنـەدەکـەیـان بـەهێز نیـە، کـەواتـە : ڕای دووەم ڕاسـتـە کـە پیـاوێکـی خزمی ژنـەکـە بـووە .

شـایـانی بـاسـە کـە لـە (پـەیمـانی کـۆن)دا، بـاسی ئـەو بـابـەتی شـایـەدیی دانـە نـەکـراوەو ڕاسـتـەوخـۆ گوتـراوە: (فـوطیـفـار)، واتـە: عەزیـزی میسـڕ، بـەرپرسـی پاسـەوانـەکـانی فیـرعـەون، بـە زاراوەی تـەوراتـو، بـە زاراوەی قورئـان: (عەزیـزی میسـڕ)، ڕاسـتـەوخـۆ بڕیـاری بـەنـد کـردنی یوسـوفی داوە، وەك لـە (التفسـیر التطبیقـي للكتـاب الـمقدس، العهـد القـديم، سـفر التكـوين، الإصـحاح ٣٩. ص١٠٢)دا، لـە ژێر نـاوونیشـانی: (یوسف یقاوم زوجة فوطیفار)دا، بـاسی ئـەوەی کـردوە کـە فۆتیفـار ڕاسـتـەوخـۆ بڕیـار دەدات یوسـوف زینـدانیی بکـرێ، کـە بێگومـان ئـەوەی کە لـە قورئـانـدا هـاتـوە ڕاسـتـەو ئـەو شـایـەدە شـایـەدیی داوە. بـەڵام دیـارە ئـەوەش کـە لـە کـتێبـەکـانی خـاوەن کـتێبـان دا هـەیـە، لـە هێڵـە گشتییـەکـان دا لـەگـەڵ قورئـانـدا تێك دەکـاتـەوەو، هـەندێ شتیش کـە لـەوانـدا ون

كراوە، قورئان باسی كردۆتەوە، وەك لە سوورەتی (النمل)دا، خوا دەفەرمویّ:

﴿ إِنَّ هَٰذَا الْقُرْآنَ يَقُصُّ عَلَىٰ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَكْثَرَ الَّذِي هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٧٦﴾ ﴾ النمل، واتە: بێگومان ئەم قورئانە زۆربەی ئەوە كە بەنوئیسرائیل تێیدا كەوتوونە ڕاجیاییەوە، ڕوونی دەكاتەوە (ئەوەی كە بە پێویستی بزانیّ) .

ئنجا باسی چۆنیەتی شایەدیی دانی شایەدەكە دەكات :

٢) - ﴿إِن كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِن قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ الْكَاذِبِينَ ﴾ (گوتی:) ئەگەر كراسەكەی لە پێشەوە دادڕابیّو قڵیشابیّ، ژنەكە ڕاست دەكاتو یوسوف لە درۆكارانە .

یانی: ئەگەر لە پێشەوە كراسەكەی دادڕابیّو قڵیشابیّ، دیارە یوسوف ڕووی لەو ژنە كردوە، ئامبازی بووە، ئەو ژنەش یوسوفی لە خۆی دوورخستۆتەوە، لە ئەنجامدا بۆتە تێك نووسانو چنگە پرچەیانو كراسەكەی یوسوف بە هۆی توند پاڵپێوەنانی ژنەكەوە، لە پێشەوەڕا دڕاوە، بۆیە دەڵیّ : ئەگەر لە پێشەوە دادڕابیّ .

٣) - ﴿ وَإِن كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِن دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِنَ الصَّادِقِينَ ﴾، بەلام ئەگەر كراسەكەی لە پشتەوە دادڕابیّو قڵیشابیّ، ئەوە ژنەكە درۆ دەكاتو، ئەو (یوسوف) لە ڕاستگۆیانە .

واتە: ئەگەر لە پشتەوە كراسەكەی دادڕابیّ، دیارە یوسوف لە چنگ ژنەكە ڕایكردوەو، ژنەكەش ئامبازی بووەو ویستوویەتی پەلكێشی بكاتو تووشی ئەو تاوانەی بكات، یوسوفیش لە چنگی ڕای كردوەو ئافرەتەكە شوێنی كەوتووەو، لە پشتەوە داهاتۆتە كراسەكەی‌و دایقڵیشاندوەو دڕاندوویەتی، ئنجا دوایی دەبیّ یوسوف ڕای كردبیّ، واتە: كە پشتی تێی كردوە، ئافرەتەكە داهاتۆتە یوسوف بۆ ئەوەی ڕای كێشیّ بەرەو لای خۆی، یوسوفیش دواتر ڕای كردوە، كەواتە: مەنتیق‌و واقیع زۆر پشتگیریی ڕاستیی شایەدیی ئەو شایەدە دەكەن، كە لە خزمانی ئافرەتەكەشە، دیارە عەزیزی میسر لەوبارەوە ڕاوێژی كردوەو واپێدەچیّ ئەو كەسە یەكێك بووبیّ،

لەوانەی کە زۆر متمانـە پێکـراو بـاوەڕ پێکـراوی بـووبـێ، پیـاوێکی عـاقـڵو تێگەیشتـوو دنیـا دیـدە بـووە، وا دیـارە نەشـیزانیوە ڕووداوەکـە چۆن بـووە! چونکە دەڵێ: ئـەگـەر کراسەکـەی لـە پێشـەوە دادڕابێ، ئـەوە ژنـە کـە ڕاست دەکاتو، ئـەگەر لـە دواوەش دادڕابێ، ئـەوە یوسـوف ڕاست دەکات، دیـارە پێشـێ نـەیزانیـوە، چی بووەو چۆن بـووە، بەڵام بیستـوویەتی کە گوتـوویـانـە: کـراسـی یوسـوف دڕاوە، ئـەویش بـەو جـۆرە دادوەریـی کـردوە .

مەسەلەی پێنجەم : کـاتێـك مێـردی ژنـەکـە، (عەزیـزی میسـر، فـۆتیفـار، وەك لـە تـەوڕاتدا هـاتـوە)، کـراسـەکـەی یوسـوف دەبینـێ، کـە لـە پشـتــرا دادڕاوە، بـە ژنـەکـەی دەڵــێ: ئـەوە فـێـڵـی ئێوەیـە، فـێڵـی ئێوەش مـەزنـە :

وەك خـــــوا فـەرمـوویــــــەتی : ﴿ فَلَمَّا رَءَا قَمِيصَهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٍ قَالَ إِنَّهُۥ مِن كَيْدِكُنَّ إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ ﴿٢٨﴾ ﴾، کاتێك مێردی ژنەکە، کراسەکەی یوسوفی بینـی کە لـە پشتـەوە دا قڵیشاوەو دادڕاوە، ڕاستـەوخـۆ ڕووی لـە ژنـەکـەی کـردو گوتی: ئـەوە لە فێڵو پیلانی ئێوەیـە، بێگومـان فێـڵو پیلانی ئیوە مـەزنـە.

پێشتـریش پێنـاسـەی (کید)مـان کـردوە، دەڵـێ: (الكيد: الإحتيـال على إيقاع السوء بخفاءٍ، ويقوم به من لا يقوى على المـواجهة، وكيد المرأة عظيم بسبب شعورهـا بالضـعف)، (کـید): بریتیــە لــە فێــڵ کــردنو بـارلێـدیتنــەوە بــە پەنهـانیی، بـە شـێوەیـەك کە خراپە تـووشی بـەرانبـەر بکرێ، بـە زۆریی کـەسانێك بـە فێـڵ هـەڵدەستن کە تـوانـاو هێزی ڕوبەڕووبـوونـەوەیـان نیـە، بـۆیـەش فـێڵـێ ئـافـرەت مـەزنـە، چونکە هـەست بـە بێهـێـزیی دەکـات، لـە بـەرانبـەر پیـاودا، بـۆیـە پەنـا دەبـاتـە بـەر فێـڵو پیـلانو پەنهـانکـاریی .

ئنجا کـە دەڵـێ : ﴿إِنَّهُۥ مِن كَيْدِكُنَّ ﴾، دەگونجێ مـەبـەستی هـەر ژنـەکـەی بـێ بـە تـەنیـا، یـانی: فـێڵەکـەت هێنــدە گـەورەیـە، وەك فـێڵی کـۆمـەڵە ژنێـکە .

یـان : ﴿إِنَّهُۥ مِن كَيْدِكُنَّ ﴾، واتـە: ئـەی حورمـێ! ئـەی ژن! ئـەی ئـافـرەت! ئێوەی ئـافرەتـان ئـاوا فـێـڵو پیلانی مـەزنتـان هـەیـە لە بـەرانبـەر پیـاواندا .

کورتە باسێک لەبارەی حوکم کردنەوە بە نیشانان (قرائن)

توێژەرەوانی قورئان زۆر هەڵوەستەیان کردوە لە بەرانبەر ئەوەدا، کاتێک ئەو شایەدە شایەدیی دەدات: ئەگەر کراسەکەی لە پێشەوە دڕابێ، ئەوە حوکمەکەیەتیو، ئەگەر لە دواوەش دڕابێ، ئەوە حوکمەکەیەتی، بە هۆی نیشانەکەوە حوکمەکە دەگۆڕێ، (إبن الفرس)، وەك (جمال الدين القاسمي) لە (محاسن تأويل)ەکەی خۆیدا[١]، لێیەوە هێناوە دەڵێ: (قال ابن الفرس: هذا دليل على العمل بالقرائن)، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە کار بە نیشانەکان دەکرێ، بۆ حوکمو بڕیاردان.

هەروەها گوتوویەتی: (يَحْتَجُ بالآية من يرى الحكم بالأمارَات والعَلاَمات فيما لا تَحْضُرهُ البيِّنات)، واتە: کەسێك ئەم ئایەتە بە بەڵگە دێنێتەوە، کە ڕای وایە: ڕەوایە بە پێی نیشانەکانو لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەلو مەرجانەدا کە ئەو شتەیان تێدا ئەنجام دراوە، مادام بەڵگەی ڕوونو ئاشکرا نەبێ، بڕیار بدرێ .

(القرطبي)یش لە تەفسیرەکەی دا[٢] دەڵێ : {وَلَيْسَ هَذَا بِمُنَاقِضٍ لِقَوْلِهِ ﷺ: الْبَيِّنَة عَلَى مَنِ ادَّعَى، وَالْيَمِينُ عَلَى مَنْ أَنْكر، وَالبَيِّنَة إِنَّما هِيَ البَيان وَدَرَجات البيان تَخْتَلِف بعَلاَمَةٍ تَارَةً، وبِأَمارَةٍ تَارَةً أُخْرَى، وبشاهِدٍ أَيْضاً، وبشاهِدَين، ثم بأَرْبعٍ)} .

١) محاسن التأويل، ج ٦، ص ٢١٦.
٢) الجامع لأحكام القرآن ج ٣، ص ٥٠، ٥١.

واتـە: (ئەوە کە ئـەم ئـایەتـە بـەڵـگەیە لەسەر ئـەوەی کـار بـە نیشـانـانیش دەکرێ، لـە کـاتێـکدا بـەڵـگەی ڕوونو ئـاشکـرا نەبێ)، ئەمە لـەگەڵ فـەرمـوودەی پێغـەمبـەردا ﷺ، تێکنـاگیـرێ کە دەفەرموێ : {الْبَيِّنَة عَلَى مَنِ ادَّعَى، وَالْيَمِينُ عَلى مَنْ أَنْكَر} {أَخْرَجَهُ البَيْهَقِيُّ برقم: (٢٠٩٩٢)، وَصَحَّحَهُ الألبانِي فِي (إرواء الغليل)} .

واتـە: بـەڵـگـە هێنـانـەوەی ڕوونو ئـاشکـرا لـەسـەر داواکـەرەو، سوێند خـواردنیش لـەسـەر کـەسێکـە کـە نکـوولـیی بکـات، دوای ئـەوەی کـە داواکـار بـەڵـگـەی نـابـێ سـوێنـد دەدرێ بـە داوا لـەسـەر کـراوو سـوێنـد دەخـواتو تۆمـەتـەکە ڕەت دەکاتـەوە .

چونکـە (البَيِّنـة)، (بـەڵـگەی ڕوونو ئـاشکـرا)، بریتیـە لـە ڕوونکـردنـەوەی ئـەوە کـە ئـەو کـارە بـووە، ڕوونکـردنـەوەی ئـەو شتانـەش کـە ڕوودەدەن، پلـە پلـەیـە، جاری وایـە بـە نیشـانـە دەزانریو، جـاری وایـە بـە شـوێنـەوار دەزانـریو، جـاری وایـە ئـەو بـەڵـگـەیـە بریتیـە لـە شایـەدێك، جـاری واش بریتیـە لـە دوو شـایـەد، جاری واش بریتیـە لـە چوار شایـەد .

کـەواتـە: کـە دەڵـێ: (البَيِّنـة عَلَـى مَنِ ادَّعَـى)، (البَيِّنـة)، واتـە: بـەڵـگـەی ڕوونو مـەرج نیـە تـەنیـا دوو شـایـەدبـن، ئنجـا بێگومـان ئـەوە قسـەیـەکی زۆر جوانـە، چونکـە ئێستا زانـایـانی هـاوچەرخ لـێیـان کـۆڵیوەتـەوە، کـە ئـەو ئـامـرازانـەی ئێستا پەیدابـوون بـۆ سـەلـمـاندنی تـاوان، یـان سـەلـمـاندنی پاکیی کـەسـێك، ئنجا: وێنـەی ڤیدیۆییـە، کـامێرای شـاراوەیـە، دەنگـە، پەنجـەمۆرە، بـەڵـکـو پشـکنین (فحـص)ی (dni)یـە، یـان جـۆری خـوێنـە، ئـەوانـە هـەمـوویـان ئێستا لـە دوو شـایـەدیش بـەهێزتـرن، کـەواتـە: پێغـەمبـەر ﷺ کـە فـەرمـوویـەتی: بـەڵـگـەی ڕوونو ئـاشکـرا (البَيِّنـة)، ئـەو کـاتـە تـوانیویـانـە دوو شـایـەدن بێـنن، چـواران بێـنن، بـەڵام بـە دڵنیـاییـەوە پێغـەمبـەر ﷺ، تـەنیـا مـەبـەسـتی دوو شـایـەدەکـان نـەبـووە، ئـەگـەر ئێستا شـتێك لـە دوو شـایـەدان بـەهێزتـر بێ، بـاشتـرە، چونکـە دەگونجێ کـەسـێك دوو شـایـەدان بـەکـرێ بگـرێ، پارەیـان بداتـێو شـایـەدیی بـەدرۆ لـەسـەر کـەسـێك بدەن، بـەڵام پشـکنینـی خـوێن، یـان پەنجـە مـۆر، یـان بـە کـامێرای شـاراوە کـە وێنـەی دەگیـرێ، یـان دەنگ کـە تۆمـار دەکـرێ، یـان خـەت، هـەمـوو ئـەوانـەی کـە ئێستا هـەنو، بـەکـاریش دێن بـۆ سـەلـمـاندنی تـاوانی تـاوانبـاران، ئـەوانـە هـەمـوویـان دەچنـە نێو چـەمكو واتـای بـازنـەی: وشـەی (البَيِّنـة)ەوە .

مەسەلەی شەشەم : ئامۆژگاریی کردنی عەزیزی میسر بۆ یوسوف ﷺ، کە بەرد لەسەر ئەو بابەتە دابنێ‌و باسی نەکات‌و، فەرمانکردنی بە ژنەکەی کە داوای لێبوردن بکات، چونکە تاوانبارە :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَٰذَا ۚ وَاسْتَغْفِرِي لِذَنبِكِ ۖ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ الْخَاطِئِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾.

تـوێـژینـەوەی ئـەم دوو ئایـەتـە لە سێ بڕگـەدا :

١) - ﴿ يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَٰذَا ﴾، واتە: عەزیزی میسر گوتی: ئەی یوسوف! واز لەو باسە بێنە، باسی مەکەو دیزە بە دەرخۆنەی لێبکەو، بێدەنگەی لێبکە .

٢) - ﴿وَاسْتَغْفِرِي لِذَنبِكِ ﴾، ئنجا ڕوو دەکاتە ژنەکەی‌و دەڵێ: تۆش داوای لێبوردن بۆ گوناهەکەت بکە، داوای لێبوردن لە کێ بکات؟ بێگومان داوای لێبوردن لە مێردەکەی بکات، چونکە باس نەکراوە بڵێ: (أستغفر الله)، دیارە ئەوان خوایان نەپەرستوەو بتپەرست بوون، کەواتە: مەبەست ئەوە بووە: داوای لێبوردن لە من بکە، تۆ بەرانبەر من کەمتەرخەم بووی، بەڵام بۆ یوسوف ﷺ، بەس دەڵێ: باسی مەکە، چونکە ئەو هیچی نەکردوە، تاکو داوای لێبوردن بکات، یان خەتای بە ملدا بکەوێ، ئەوە لە لایەك، لەلایەکی دیکەوە: یوسوف ﷺ تۆمەتبار کراوەو ستەمی لێکراوەو کراسی دڕێنراوەو ویستوویەتی ڕابکات، ئنجا تۆمەتباریش دەکرێ، کە ئەو ژنە زیندانیی کردن، یان ئەشکەنجەدانی بۆ پێشنیار دەکات ! وەك ئەوەی کە ئەو یوسوفە مرۆڤ نەبێ‌و خاوەنی هیچ مافێك بێ !.

٣) - ﴿إِنَّكِ كُنتِ مِنَ الْخَاطِئِينَ ﴾، بە ژنەکەی دەڵێ: بێگومان تۆ لە تاوانباران بووی .

شارەزایانی زمان گوتوویانە : ﴿ٱلۡخَاطِـِٔينَ﴾، (الخاطيء: فاعل الخطيئة وهي الجريمة.)، (الخاطيء)، کە بە (الخاطِئين)، یان (الخاطِؤن) کۆدەکرێتەوە، بریتیە لە ئەنجامدەری (خطیئة)، کە بریتیە لە تاوانو گوناهێکی بە ئانقەست، ئنجا دەڵێ: (وَجَعْلُها فِي زُمْرَة الّذِين خطئِوا، تخفيف فِي مُؤاخذتها، وَصِيغة الجمع المذكر السالم، تغليب للذكور على الإناث)، کە دەڵێ: ﴿إِنَّكِ كُنتِ مِنَ ٱلۡخَاطِـِٔينَ﴾، واتە: خەڵکی دیکەش وەك تۆ تاوانی کردوە، ئەوە جۆرێکە لە سوککردنی سزادانی بۆی، بۆیەش بە (الجمع المزكر السالم)، هێناویەتی، {نەیگوتوە: (إِنَّكِ كُنْتِ مِنَ الخاطِئات)} چونکە: لە زمانی عەرەبییدا کاتێك نێرو مێ پێکەوە هاتن، لە کردارو ڕاناوەکانیان، نێرینەکانیان زاڵ دەکرێن بەسەر مێینەکاندا، دیارە تاوانبارو خەتابباریش لە پیاوانیش هەنو لە ژنانیش هەن .

ئنجا لە کۆتایی ئەو هەڵوێستەی ئەو کابرایەدا دەڵێم :

لە ڕاستییدا بێغیرەتیی پیاوانە، ژنان بێ شەرمو ئابڕوو دەکات، ئەو ژنەی عەزیزی میسر لە پیاوەکەی ڕابینیوە کە ئاوا نەرمە پیاوەو، بەو شێوەیە کەم غیرەتە، ئەگەر نەڵێین بێغیرەت بووەو ناجوامێرو تەپە پیاو بووە، بۆیە بەو شێوەیە داوای لە غولامەکەی خۆی کە یوسوفە ﷺ کردوە، بە حەرامیی دەستی لەگەڵ تێکەڵ بکات، ئەوە هیچ گومانی تێدا نیە کە عەزیزی میسر پیاوێکی ناجوامێرو بێغیرەت بووە ! کۆمەڵگایەکیش کە بتپەرست بێو ئیمانو عەقیدەیەکی ڕاستو دروستی تێدا نەبێو، بەندایەتیی تێدا بۆ خوا ئەنجام نەدرێو، شەریعەتی خوای تێدا پیادە نەکرێ، هەروای لێ چاوەڕێ دەکرێ، ئنجا ئەوە هەر تایبەتیش نەبووە بە میسری ئەو کاتەوە، بەڵکو میسری ئێستاو هەموو وڵاتانی دیکەی ئێستاو، هەر کۆمەڵگایەکیش کە پەیوەندییەکی ڕاستو دروستی بەندایەتییان لەگەڵ خوادا نەبێو، پابەندنەبن بە شەریعەتی خواوەو، خەڵکەکەش لەسەر ئیمانو عەقیدەو، لەسەر ڕەوشتو ئاکاری ئیسلامەتیی پەروەردە نەکرێ، بە نێرو مێ وە، بە وردو درشتەوە، پیاوان هەر ئاوا کەم غیرەت دەبنو، ئافرەتانیش بێ ئابڕوو دەبن.

ئنجا ئەو حاڵەتو دیاردەیە کە خوای کاربەجێ لەم سوورەتەدا باسی دەکات، ئەو هەڵوێستە نەرمو نیانو ناجوامێرانەیەی ئەو پیاوە، بەرانبەر بە ژنەکەی، کە بۆی دەرکەوتوە: ویستوویەتی دەستدرێژیی بکاتە سەر غولامەکەیو، غولامەکەی بخاتە سەرخۆیو داوێنپیسی لەگەڵدا بکات، کەچی هەر ئەوەندەی پێدەڵێ: تۆ گوناهباریو داوای لێبووردنم لێ بکەو برۆ بەخێرهاتی! ئنجا هەر پێکەوەشیان دەهێڵێتەوە لەوماڵەدا !!

ئا ئەوە لە هەر کاتو شوێنو کۆمەڵگایەکدا بێ، نیشانەی بێ غیرەتییو ناجوامێریی پیاوانە! بۆیەش وادەڵێم، چونکە لە هەندێ لە تەفسیرەکاندا هاتوە، گوتوویانە : ئنجا ئایا عەزیز چی دیکەی کردبایە؟!

دەڵێین: هەر بەلای کەمەوە: دەیتوانی لە یەکیان جیا بکاتەوە، یان دەیتوانی بە جۆرێك سزای ژنەکەی بدات، یان دەستخۆشییەك لە یوسوف بکات کە تۆ دەستت خۆشبێو چاکت کرد، کە خیانەتت لێ نەکردم نەك تەنیا بڵێ: بێدەنگیی لێبکەو تەواو !

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

٥٧

دەرسی پێنجەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە شەش (٦) ئایەت پێکدێ، ئایەتەکانی: (٣٠ تا ٣٥)، لەو شەش ئایەتەدا خوا ﷻ باسی مەکرو فێڵی کۆمەڵە ژنێکی نیزیك لە ژنەکەی عەزیزی میسر دەکات، کە رەخنەیان لێی گرتوە، بەهۆی خۆشویستنی کۆیلەکەیەوەو دەورو خول هەڵاتنیو، داوای دەست تێکەڵی لێکردنی، ئەویش بۆ سەلماندنی راستیی هەڵوێستەکەی خۆی، کۆڕێکیان بۆ ساز دەکات، کە لەسەر کورسییان دابنیشن، یان باڵنجیان بۆ دادەنێ پاڵی وێ بدەن، پاڵبدەنەوە، چەقۆو میوەشیان بۆ دادەنێو چەقۆشیان دەداتە دەست، دیارە دەبێ میوەکە پێویستی بە قاشکردن یان سپی کردن بووبێ بە چەقۆ .

ئنجا لەو کاتەشدا بە یوسوف دەڵێ: لە ژوورەکەی خۆت وەرە دەرێو بچۆ با بتبینن، ئیدی کە یوسوف دەبینن، زۆر سەرسام دەبنو دەستو پەلی خۆیان بە چەقۆیەکان دەبڕنو دەڵێن: پاکیی بۆ خوا ئەوە مرۆڤ نیە، یان: نامە خوا ئەوە مرۆڤ نیە، بەڵکو ئەوە فریشتەیە .

ژنەکەش دەڵێ: ئا ئەوە ئەو کەسە بوو کە لەسەر خۆشویستنی وی، لۆمەی منتان دەکرد، کە من ویستم پەلکێشی بکەم، بەلاّم ملی نەدا، ئنجا ئەگەر فەرمانم جێبەجێ نەکات، زیندانیی دەکرێو لە زەبوونان دەبێ، یوسوفیش لە خوا دەپارێتەوە : کە لە فێڵی ئەو ژنانە لای بدات، یان فێڵی ئەو ژنانەی لێ لابداتو دەڵێ: خوایە! زیندانم لەلا خۆشترە لەوەی کە ئەوان داوای دەکەن، ئیدی خواش بەدەنگیەوە دێو لە پیلانی ئەوان دەربازی دەکاتو، فێڵی وانی لێ لادەدات. کەچی پاش ئەوەی نیشانانیش دەبینن، لەسەر پاکیی و راستیی یوسوف، بەلاّم هەر زیندانییشی دەکەن، بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو .

﴿وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي الْمَدِينَةِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ فَتَاهَا عَنْ نَفْسِهِ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا
إِنَّا لَنَرَاهَا فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ ﴿٣٠﴾ فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً
وَآتَتْ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتِ اخْرُجْ عَلَيْهِنَّ فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ
وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هَذَا بَشَرًا إِنْ هَذَا إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ ﴿٣١﴾ قَالَتْ فَذَلِكُنَّ الَّذِي لُمْتُنَّنِي
فِيهِ وَلَقَدْ رَاوَدْتُهُ عَنْ نَفْسِهِ فَاسْتَعْصَمَ وَلَئِنْ لَمْ يَفْعَلْ مَا آمُرُهُ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا
مِنَ الصَّاغِرِينَ ﴿٣٢﴾ قَالَ رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ وَإِلَّا تَصْرِفْ
عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُنْ مِنَ الْجَاهِلِينَ ﴿٣٣﴾ فَاسْتَجَابَ لَهُ رَبُّهُ فَصَرَفَ عَنْهُ
كَيْدَهُنَّ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴿٣٤﴾ ثُمَّ بَدَا لَهُمْ مِنْ بَعْدِ مَا رَأَوُا الْآيَاتِ لَيَسْجُنُنَّهُ
حَتَّى حِينٍ ﴿٣٥﴾﴾.

مانای وشـە بە وشـەی ئایەتەکان

{ئنجا ژنانێك لە شاردا گوتیان: ژنەكەی عەزیز (ی میسر)، دەوری غولامەكەی خۆی هەڵدێ، (هەوڵی پەلكێش كردنی دەدا بۆ زینا)، یوسوف دڵی لێوان لێو كردوە لە خۆشەویستیی، بە دڵنیاییەوە ئێمە لە سەرگەردانییەكی ڕووندا دەیبینین ﴿٣٠﴾ ئنجا كاتێك گوێبیستی فێڵ (و توانجو پیلان)ەكەیان بوو، بە دوایدا ناردنو باڵنج (و شوێنی پاڵدانەوەو شان دادان)ی بۆ دانان، هەركامێكیشیان چەقۆیەكیشی وێدان (بۆ قاش كردنو سپی كردنی میوە)و، پێی گوت: (بە یوسوفی گوت)، بچۆ دەرێ بۆ لایان، ئیدی هەر كە بینییان، بە گەورەیان دانا (و پێی سەرسام بوون)و دەستی خۆیانیان بڕیو، گوتیان: پاكیی بۆ خوا، ئەوە مرۆڤ نیە، ئەوە تەنیا فریشتەیەكی بەڕێزە ﴿٣١﴾ ژنەكە گوتی: ئا ئەوە بوو كە لەسەر (شەیدا بوونی من بۆ) وی سەرزەنشتتان كردووەمو، بە دڵنیایی من لە دەوری هەڵاتووم (كە لە ڕای خۆی لای بدەمو بیهێنمە سەر ڕای خۆم، بۆ دەست تێكەڵیی)، بەڵام ئەو بە سەختیی خۆی گرتو ملی نەدا، ئنجا ئەگەر ئەوەی فەرمانی پێ دەكەم بیكات. نەیكات، مسۆگەر زیندانیی دەكرێو، بە دڵنیاییەوە لە زەبوونان دەبێ، ﴿٣٢﴾ (یوسوف) گوتی: پەروەردگارم! زیندانم لەوەی بۆی بانگم دەكەن، پێ خۆشترەو. ئەگەر پیلانی وانم لێ لانەدەی، بەلایاندا پەلكێش دەبمو لە نەفامان دەبم ﴿٣٣﴾ پەروەردگاری بەدەنگیەوە هاتو، پیلانی وانی لێ لادا، بێگومان ئەو بیسەری زانایە ﴿٣٤﴾ ئنجا دوای ئەوەی كە نیشانەكانیان دیتن (لەسەر پاكیيو ڕاستیی یوسوف) بۆیان دەركەوت كە (پێویستە بۆ هێنانەدی ئامانجەكەی خۆیان) تا ماوەیەك زیندانیی بكەن ﴿٣٥﴾} .

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(شَغَفَهَا حُبًّا) : (أي أصاب شِغافَ قَلْبِها، أي: باطِنَهُ وَقِيلَ" وَسَطَهُ)، ئافرەتەکان دەڵێن: ژنەکەی عەزیز، ﴿تُرَاوِدُ فَتَنٰهَا عَن نَّفْسِهِۦ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا﴾ دەورو خولی غولامەکەی خۆی هەڵدێو، داوای دەست تێکەڵیی لێ دەکاتو، یوسوف دڵی وی پڕ کردوە، لێوان لێو کردوە لە خۆشەویستیی، چونکە: (شغاف)، واتە: دیوی پەنهانی دڵ، هەندێکیشیان دەڵێن: یانی: نێوەڕاستی دڵ، هەندێکیش گوتوویانە: (شغاف)، ئەو پێستە تەنکەیە کە بەسەر دڵەوەیە، ئەو توێژاڵە تەنکەی بەسەر دڵەوەیە، واتە: خۆشەویستییەکەی گەیشتۆتە وێ .

(سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ) : یانی: فێڵەکەی وانی بیست، ئنجا وەك دوایی باسی دەکەین، (سَمِعَ) بۆ خۆی تەعەددا دەکات بۆ (مَفْعُول)، دەگوترێ: (سَمِعْتُ قَوْلَهُ)، بەڵام لێرەدا کە بە (ب) تەعەددای کردوە:

١- یان مانای دیکەی خراوەتە نێو .

٢- یان بۆ زیاتر تەئکید کردنەوەیە .

(المَكر: صَرْفُ الغَيْرِ عَمَا يَقْصِدُهُ بحيلة)، (مَکر): بریتیە لەوەی بەرانبەرەکەت لابدەی، لەوەی مەبەستیەتی، بە هۆی فێڵێکی پەنهانەوە، واتە: هەڵیخەڵەتێنیو لە خشتەی بەری.

ئنجا ئایا لێرەدا، بۆچی دەڵێ: (سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ)، لە کاتێك دا ئەوان بەس غەیبەتیان کردوەو توانجو پلاریان تێگرتوە؟ لەبەر ئەوەی کە مەبەستیان لەو باسکردنو توانجو پلارو سەر زەنشتە، فێڵێك بووە، کە بریتیە لەوەی (یوسف)یان پێشانبدا، بۆ ئیسپاتی ئەوە کە هەقیەتی، ئەوەندە هۆگری یوسوف بێتو، ئەوەندە لە دەورو خولی هەڵبێ !

(وَأَعۡتَدَتۡ): (أَعْتَدَت)، لە ڕیشەدا (أَعْدَدَت)ە، لەوەوە هاتووە، (الإعْدَادُ: مِنَ العَدِّ كالإسْقَاءِ مِنَ السَّقِي، أَعْدَدَتْ أَي: هَيَّئَت)، واتە: بۆی ئامادە كردن، دەڵێ: (إعداد)، لە (عَدّ)ەوە، هاتوە، (عَدّ)، یانی: ژماردن، شتێك بۆ كەسێك بژمێری، وەك (إسقاء)، لە (سَقِي)یەوە، هاتوە، (سَقِي)، یانی: ئاو خواردنەوە، (إسقاء)، واتە: ئاو پێ خواردنەوە .

(مُتَّكَـًٔا) : (مَحَلّ الإتِّكاءِ، وَالإتِّكاءُ: جِلْسَةٌ قَرِيبةٌ مِنَ الإضطجاعِ عَلَى الجَنْب مَعَ انتصابٍ قَلِيلٍ فِي النصفِ الأَعْلَى)، (متكئاً)، یانی شوێنی پاڵ دانەوە، شوێنی شان دادان، دەڵێ: (إتكاء)، كە بە كوردیی دەڵێین: پاڵ دانەوە، یاخود شان دادان، جۆرێكە لە دانیشتن، نیزیكە لە ڕاكشان لەسەر تەنیشت، بەڵام نیوەی دووەمی جەستە ڕاست دەبێتەوە، لاق ڕادەكێشی كە دیارە كورسیی‌و قەنەفە، دانیشتنەكەیان بەو شێوەیە نەبووە، ئەگەرنا لەسەر كورسیی‌و قەنەفە پاڵدانەوە، بریتی نیە لە دانیشتنێكی نیزیك لە ڕاكشان (إضطجاع)، بەڵام كاتی خۆی باڵنج‌و شتیان داناوەو، شانیان وێ داوە، شانیان داداوەتە سەرێ .

(أَكۡبَرۡنَهُۥ) : (أَكْبَرْتُ الشيءَ: رَأَيْتُهُ كَبِيراً)، (أَكۡبَرۡنَهُۥ)، واتە: (یوسوف)یان بە مەزن‌و بە گەورە هاتە بەرچاو، یانی: ڕەوشت‌و ئاكارو شێوەو دیمەنییان، بە گەورەو مەزن هاتۆتە بەرچاو.

(حَٰشَ لِلَّهِ): دەڵێ: (تركِيب عَرِبِيٌّ يُرَادُ بِهِ إبْطَالُ شَيءٍ عَنْ شَيءٍ وَبَرَاءَتُهُ)، یانی: (حَاشَ للهِ عَنْ أن يَعْجِزَ عَنْ خَلْقِ مِثْلِهِ)، كوردەوارییش هەر بەكاری دەهێنن: (حاشا ئەو شتە وابێ)، واتە: ئەو شتە دوورە لەوە، دەڵێ: ئەمە وشەیەكی عەرەبییە، مەبەست پێی پووچەڵكردنەوەی شتێكە لە شتێكداو، پاكیی دەربڕینی شتێكە لە شتێك، یان كەسێك لە شتێك .

ئنجا كە لێرەدا دەڵێ: (حَٰشَ لِلَّهِ)، واتە: پاكیی‌و دووریی بۆ خوا، كە نەتوانێ مرۆڤی وەك یوسف جوان‌و ڕێك‌و پێك دروست بكات، یاخود پاكیی بۆ خوا، كە ئا ئەو پیاوە بەو هەموو كەماڵ‌و جەمالەیەوە، خراپەی لێ بوەشێتەوە.

(فَٱسْتَعْصَمَ): (عَصَمَ نَفْسَهُ)، واتە: خۆی پاراست، (فَٱسْتَعْصَمَ)، واتە: ملی نەداو خۆی گرت، ئنجا ئەمە وەك (مَسَكَ)، واتە: گرتی، (إسْتَمْسَكَ)، واتە: چاكو توند گرتی، (أجابَ)، واتە: وەڵامی دایەوە، (إسْتَجابَ)، واتە: چاك وەڵامی دایەوە، (جَمَعَ)، واتە: كۆی كردەوە، (إسْتَجْمَعَ)، واتە: زۆر كۆی كۆكردەوە، ئەوانە هەموویان بۆ زێدەڕۆیی كردنن، لە ماناكەیاندا .

(ٱلصَّٰغِرِينَ): (الصاغر: الذَّلِيل)، واتە: زەبوونو ملكەچ .

(أَصْبُ إِلَيْهِنَّ): (أَصْبُ: أَمِلْ)، (الصَّبو: الميلُ للمحبوب)، (صبو)، بریتیە لە مەیل كردن، ئارەزووكردنی شتێك كە ئینسان خۆشی بوێ.

(ٱلْجَٰهِلِينَ): كۆی (جاهِل)ە، (جاهل)یش لێرەدا، مەبەست پێی پێچەوانەی (حليم)ە، هێدیيو مەند، بەڵام (جاهِلْ)، پێچەوانەكەیەتی، واتە: ئەوەی زوو بە دەم شتەوە بچێو هەڵفریوێنرێ، (فالجَهْلُ هُنا مُقَابِلُ الحِلْمِ)، لێرەدا (جَهْل) پێچەوانەو بەرانبەری (حِلْم)ە، (حِلْم)، واتە: هێدیيو مەندیی، خۆ گرتن، بەڵام (جهل)، واتە: زوو بەدەم شتەوە چوونو، زوو هەڵچوونو، لە خشتە چوون .

مانای گشتی ئایەتەکان

ئەم شەش ئایەتە، ئاڵقەی چوارەمی بەسەرهاتی یوسوف پێك دێنن، خوا ﷻ لەو شەش ئایەتەدا باسی ڕووداوی سەر زەنشت کردنی کۆمەڵێك ژن، بۆ ژنی عەزیز دەکات، کە دیارە دەبێ ئەو کۆمەڵە ژنە، ژنانی پیاوانی ناوداری میسر، بووبن، ئەوانەی کە ئاگاداری هەستو خوستی نێو کۆشکی حوکمڕانییو ماڵو حاڵی بەرپرسانن، دەبێ لەوانە بووبنو ئافرەتانی ئاسایی نەبوون .

﴿وَقَالَ نِسۡوَةٞ فِي ٱلۡمَدِينَةِ ﴾، ژنانێك لە شارەکەدا گوتیان: وا دیارە بۆتە دەنگو باسو بۆتە قاو لە نێو شاردا، کە ئەو هەواڵەی یوسوفو ژنەکەی عەزیز، دەبێ بڵاوبووبێتەوە، ﴿وَقَالَ نِسۡوَةٞ فِي ٱلۡمَدِينَةِ ٱمۡرَأَتُ ٱلۡعَزِيزِ تُرَٰوِدُ فَتَىٰهَا عَن نَّفۡسِهِۦ ﴾، ژنانێك لە شاردا گوتیان: ژنەکەی عەزیز، دەوری غوڵامەکەی خۆی هەڵدێ، واتە: داوای دەست تێکەڵیی لێ دەکات، داوای لێ دەکات هەوڵی لەگەڵ دەدا، لە قەناعەتی خۆی لایبدات بیهێنێتە سەر قەناعەتی خۆی، کە قەناعەتی غوڵامەکەی، کە (یوسوف)ە، بریتیە لە پاکێتییو قەناعەتی ژنەکەش بریتیە لە دەست تێکەڵیی بە حەرامیی، دەیەوێ یوسوف لە قەناعەتی خۆی، لە بڕوای خۆی لابداتو بیهێنێتە سەر بڕوای خۆیو، لە خشتەی بەرێ، ﴿قَدۡ شَغَفَهَا حُبًّاۖ ﴾، یوسوف دڵی ئەوی پڕ کردوە، دڵی وی لێوان لێو کردوە لە خۆشەویستیی، لە هۆگریی، {هەڵبەتە خۆشەویستییەکی جەستەیی، وەك پێشتر باسمان کرد} .

﴿إِنَّا لَنَرَىٰهَا فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴾، بێگومان ئێمە لە سەرگەردانییو لە بەهەڵەداچوونێکی ڕوونو ئاشکرادا دەیبینین، هەڵبەتە لێرەدا مەبەست لە (ضَلَٰلٖ)، بە واتا ئیسلامییەکەیو واتا ئایینیەکەی نیە، چونکە پێوەری ئەوان،

تەرازووی ئەوان، بۆ کەسێك کە ئایا ڕێی ڕاستی گرتوە، یان ڕێی هەڵەی گرتوە؟ پێوەرێکی دنیایی بووە، واتە: ئێمە دەیبینین کە بەهەڵەداچووە، نەك لە مامەڵە لەگەڵ خوادا، بەڵکو لە مامەڵە لەگەڵ غولامەکەی خۆیدا، کە چۆن دەبێ ئافرەتێکی وا خانەدانو هاوسەری پیاوێکی گەورە، کە بریتیە لە والی میسڕ، چۆن دەبێ داوای دەست تێکەڵیی لە غولامەکەی خۆی بکاتو، تەماع لە کۆیلەکەی خۆی بکاتو لە دەوری کۆیلەکەی خۆی هەڵ بێ‌و، بیەوێ قەناعەتی پێبێنێ‌و، ئەوەی کە دەیەوێ بۆی جێبەجێ بکات؟ ئاوا لە نێو شاردا بۆتە قاوو دەنگو دۆڵ .

بەلام بێگومان {لە نێو شاردا}، واتە: لە نێو ژنانێك دا کە ئاگاداری ئەو هەستو خوستانەن، نەك ژنانو ئافرەتانی سادەی فەقیر، کە زۆرجار ئاگایان لە هیچ شتێك نیە، بەڵکو ئەوانەی کە ئاگاداری حاڵو باڵی ئەو ئافرەتانەن، کە هاو وێنەو هاو کوفی خۆیانن، واتە: ژنە بەرپرسو حوکمڕانەکان .

﴿ فَلَمَّا سَمِعَتۡ بِمَكۡرِهِنَّ ﴾، کاتێك ژنەکەی عەزیز ئەو مەکرو فێڵەی ئەوانی بیست، هەڵبەتە قسەکەی ئەوان بریتی بووە لە باسی پاشە ملەو توانجو پلار تێگرتنو سەرزەنشت کردن، بەلام بۆیە ناوی لێناوە: (مکر)، چونکە ئامانجیان لەو قسانە: فێڵ کردن بووە لە ژنەکەی عەزیزی میسڕ، ئەویش ئەوەیە کە هانی بدەنو واداری بکەنو ناچاری بکەن، کە (یوسوف)یان پێشان بدات .

ئنجا ئەو ژنەش بۆیە ملی داوە بۆ نەخشەکەی ئەوان، تاکو بەرگریی بکات لە هەڵوێستەکەی خۆی، کە بریتیە لە عاشق بوونی یوسوف، کە: من نا حەقم نیە ئاوا شێتو شەیدای بووم! ها تەماشای بکەن .

ئنجا کاتێ فێڵەکەی ئەوانی بیست: ﴿ أَرۡسَلَتۡ إِلَيۡهِنَّ ﴾ بە دوای دا ناردن، دەعوەتی کردن، ﴿ وَأَعۡتَدَتۡ لَهُنَّ مُتَّكَـًٔا ﴾ شوێنی پاڵ دانەوەو شوێنی شان دادانی بۆ ئامادە کردن، ئنجا ئایا کورسیو قەنەفە بوون، یان باڵنج بوون ! بۆی داناون بۆ ئەوەی شانی وێ بدەنو پاڵ بدەنەوە، ﴿ وَءَاتَتۡ كُلَّ وَٰحِدَةٍ مِّنۡهُنَّ سِكِّينًا ﴾ ئنجا هەر کامێکیشیان چەقۆیەکی پێدان، هەڵبەتە چەقۆی ڕووت نا، چونکە دەزانین هیچ

کەس چەقۆیـان دابـەش نـاکـات بـەسـەر میوانـاندا! هـەتا شـتێکیـان لـە پێش دانـەنـێ کە پێویـسـتیی بـە چـەقۆ هـەیـە .

ئنجا تـەمـاشـای نهێنیـی ڕەوانبێـژیـی قـورئـان بکـەن! هـەمـوو کـەس دەزانـێ کـە چەقۆ بـۆ قاش کـردنو سپی کـردنی میوە پێویستـە، خـوا ﷻ یـەکسـەر دەفـەرمـوێ: چەقۆی بـەسـەردا دابـەش کـردنو، هـەر کامێکیـان سـەرو چەقۆی وێ دان، چونکە بـە عەقـڵ دەزانـرێ کە چەقـۆ بـۆ چییـە؟ بـۆ قـاش کـردنو سـپی کـردنی میوەیـە، بـۆ ئـەوەی میوەکـەی پـێ بخۆن، ئنجا ئـایـا مۆز بـووە، خـەیـار بـووە، خـۆخ بـووە، هـەنـار بـووە؟ بـە دڵـنیـایی شـتێ بـووە پێویـسـتیی بـە چەقـۆ بـووە، کـە سـپی بکـرێ، یـاخـود قاش بکرێ، ئیدی ئـەوەی کە بـە عەقـڵ پـەی پـێ دەبـردرێو بـە سـەلیقـە دەزانـرێ، خـوای پەروەردگـار بـاسـی نـاکـات، بـۆ ئـەوەی ئـەو فـەرمـایشـتـە، وشـەکـانی کـەم بـنو مـانـاکـانی زۆر بـن، ﴿ وَقَالَتِ ٱخْرُجْ عَلَيْهِنَّ ﴾، ئنجا گـوتی: وەدەرکەوە بـۆ لایـان .

لێـرەدا وشـەی: (ٱخْرُجْ)، مـانـای (أدخل)ی پـێ (تضمين) کـراوە، یـانی: خراوەتـە نێـوی، بـەم شێوەیـە: (أخـرُج مِـنْ غُرْفَتِـك وَادْخُل عَلَـيْهِنَّ)، ئـەگـەرنـا (خَـرَجَ عَلَيْـهِ)، (خَـرَج)، بـە (عَلَـى)، تـەعـەددا نـاکـات، بـەڵکـو(خَـرَجَ) بـە (إلـى) تـەعـەددا دەکـاتو دەبێتـە: (خَرَجَ إِلَيْهِ)، بـەڵام (أخرُج عليهن) یـانی: (أخرُج مِنْ غُرْفَتِك، وَادْخُل عَلَيْهِنَّ)، واتـە: (ٱخْرُجْ)، لێـرەدا وشـەیـەکـە دوو واتایـان دەگـەیـەنێ، یـەکێکیـان بـە ڕواڵـەتی بێژەکەی، ئـەوی دیکـەش بـەهـۆی ئـەو پیتـەوە کە تـەعـەددای پـێ کـردووەو (مَفْعُول)ی پـێ خواسـتـوە، کـە ئـەگـەر وشـەیـەك عـادەت نـەبـێ بـە پیتێـك تـەعـەددا بکـات، تـەعـددای پـێ بکات، مـانـای وایـە : هـەم مـانـای ئـەسڵییـەکـەی خـۆی هـەیـە، هـەم مـانـای وشـەیـەکی دیکـەشی هـەیـە، بـەهـۆی ئـەو پیتـەوە کـە بـەرکـار (مفعول)ی پـێ دەخـوازێ، گوتـی: لـە ژوورەکـەی خـۆت بچـۆ دەرێو بچـۆ بـۆ لایـان .

﴿ فَلَمَّا رَأَيْنَهُۥٓ أَكْبَرْنَهُۥ ﴾، بـە (ف)ی (تَعْقِيب)، واتـە: یـەکسـەر کـە بینییـان، بـە گـەورەیـان گـرت، پێیـان گـەورە بـوو، یـانی: سیفـەتـەکـانی، جوانییـەکـەی، شـەرمو شکـۆیـەکـەیو، کـەسـایـەتییـە ڕووحییو مـەعنـەوییـەکـەیـان پێ گـەورە بـوو، چـونکـە وەك دوایی لـە مـەسـەلـە گـرنگـەکانـدا بـاسـی دەکـەیـن :

زۆرجار تـوێژەرەوانی قورئـان، کـە لـە حیکایـەت بێژەکـان وەریـدەگـرن، بـە شێوەیەك وێنای یوسوف ﷺ دەکـەن، کـە زیاتـر شێوەی ئافرەتـانی کـردبێ، لـە جوانییدا، کـە لـە ڕاسـتیی دا ئـەوە وانیـە، ئـەهـا لێرەدا دەفـەرمـوێ: ﴿فَلَمَّا رَأَيْنَهُۥٓ أَكْبَرْنَهُۥ﴾، هـەر کـە دیتـییان بـە گـەورەیان گـرت! ئنجا ئـەوەی کـە ئافرەتـان سـەرسام دەکـات لـە پیـاواندا، جیـایـە لـەوەی کـە پیـاوان سـەرسـام دەکـات لـە ئافرەتـان دا، ئـەگـەر پیاوان بـە نـەرمو نـاسـکییو بـە دەمو چـاوو چـاوو بـرۆو، قـەدو قیافـەو سـەرو قـژو پرچی ئافرەتـان، سـەرسام دەبـن، ئافرەتـان بـە شـتێکی دیکـە لـە پیاوانـدا سـەرسام دەبن، کـە بریتیـە لـە عیززەتو جوامێرییو شـەرمو شکۆو شـەخسـیـەتی بـە هێزو، ڕێزو حورمـەتو خـۆ گـرتـن، دیارە وێڕای شـکڵو دیمـەنی جوانیش، بـەڵام نـەك شـکڵو دیمـەن جوانییـەك بشـوبهێتـە هـی ئافرەتـانـەوە، وەك لـە لای حیکایـەت خوانـەکان هـەیـە !

﴿وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ﴾، زۆر بـە گـەورەیان گـرتو پێی سـەرسـام بـوونو، دەسـتو پـەلـی خـۆیان بـڕی، واتـە: برینـداریان کـرد، دیارە بـە دەم میوە خـواردنـەوە، یوسـوف لێیان وەدەرکـەوتـوەو، ئـەوانیش خـەریکـی میـوە سـپی کـردنو قـاش کـردن بـوون، ئنجـا لـەبـەرئـەوەی وا سـەرەنجیـان ڕاکێشـراوە، بـەلای یوسـوفو لـێ وردبوونـەوەی دا، ئاگایان لـە دەسـتو پـەنجـەیان نـەمـاوەو چـەقۆکـە لـە جیـاتی ئـەوەی بـە میوەکـەی دابێنـن، جار جار بـە دەسـتو پـەنجـەی خـۆشیان داهێناوە، هـەڵبـەتـە مـەرجیش نیـە هـەموویان بـووبـنو، هـەموویان دەسـتو پـەنجـەی خـۆیان بـڕی بـێ .

کـە لێرەشـدا هـەندێ لـە تـوێژەرەوانی قورئـان زێدەڕۆییـەکی عەجـایب دەکـەن! هەندێکیان دەڵێن: دەستی خـۆیان لێکـردەوەو لـەوێیـان دانـا! کـە ئـەوە شـتێکی زۆر دوورە لـە عەقڵـەوەو، قورئـان بـە تـەئکید مـەبـەسـتی ئـەوەنیـە بفـەرمـوێ: دەسـتو پەنجـەی خـۆیـان لێکـردەوەو لـە وێیـان دانـا! ئنجـا ئـەو کـاتـەی چـۆن دەیـانتـوانی یوسـوف ببیـنن؟ شـتی وا نیـە، بـەڵکو یـانی: دەسـتو پـەنجـەی خـۆیان بڕیو برینداریان کـرد، ﴿وَقُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ﴾، گوتیـان: پاکـیی بـۆ خـوا، یـان (حـاش لله) وشـەیـەکـە بـەکاردەهێنـرێ بـۆ سـەرسـوڕمـان، وەك دەڵێی: (مـاشـاء الله)، یـان (نـا مـە خـوا)، یـان (تیـاح)، بـۆ سـەرسام بـوون، یـان مـەبـەسـتیان بـووە، بڵێن: پاکیی بـۆ خـوا لـەوەی کـە

نەتوانێ پیاوی ئاوا بە شانو شەوکەتو جوانو ڕێكو پێکی، وەك ئەم (یوسف)ە، دروست بکات، یاخود: پاکیی بۆ خوا، کە ئەم پیاوە پاكو چاکە، خراپەی لێ بوەشێتەوە، ﴿مَا هَٰذَا بَشَرًا﴾، ئەمە مرۆڤ نیە، واتە: مرۆڤێکی ئاسایی نیە، ئەگەرنا هەر زانیویانە مرۆڤە، ﴿إِنْ هَٰذَآ إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ﴾، ئەمە تەنیا فریشتەیەکی بەرێزە.

کە من پێموایەو ئەم تەعبیرەش بەڵگەیە کە یوسوف زیاتر لە ڕووە مەعنەوییەکەیەوە، کاریگەریی خستۆتە سەر ئەوان، نەك تەنیا لە ڕووە جەستەییو ڕواڵەتییەکەیەوە، بۆیەش بە فریشتەی دەچوێنن، تەشبیهی دەکەن بە فریشتەوە، ئاشکراشە کە فریشتە لەگەڵ خەڵکدا لە ڕووی مەعنەوییەوە فەرقی هەیە، فریشتە پاكو چاكو بەڕێزو حورمەتو خاوەن سیفەتی بەرزن، لە ڕووی مەعنەوییەوە، بۆیە تەشبیهی دەکەن بە فریشتەوە، فریشتەیەکی بەڕێزیش، دیارە لە خەیاڵو هەستی هەموو میللەتاندا هەیە، کە فریشتە مەخلووقێکی بەڕێزو حورمەتو جوانو بە شانو شەوکەتن .

﴿قَالَتْ فَذَٰلِكُنَّ ٱلَّذِى لُمْتُنَّنِى فِيهِ﴾، ژنەکەی عەزیز گوتی: ئا ئەوەتانە کە لەبارەی ئەوەوە لۆمەو سەرزەنشتی منتان کرد، واتە: تەماشای بکەن، ئا ئەوە بوو کە لەسەر ئەوەی من ئەوم خۆشویستوەو، پەلکێشی بوومو ویستوومە پەلکێشی بکەم بۆ دەست تێکەڵیی، ئێوە سەرزەنشتی منتان کردوە، کەواتە: ئێوە ناهەقییتان بەرانبەر بە من کردوەو، من هەقم بووە، ﴿وَلَقَدْ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ فَٱسْتَعْصَمَ﴾، دان پێدادێنێ، دەڵێ: من ویستمو دەوری هەڵاتم، دەورو خولیمدا، ویستم پەلکێشی بکەم، هەوڵم لەگەڵدا کە لە قەناعەتی خۆی لایبدەمو بیهێنمە سەر قەناعەتی خۆم، (فَٱسْتَعْصَمَ)، بەڵام ئەو خۆی گرتو سەخت وەستا لە بەرانبەر ئەو ویستەی مندا، ﴿وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَآ ءَامُرُهُۥ﴾، ئنجا ئەگەر ئەوەی فەرمانی پێ دەکەم، نەیکات، ئەنجامی نەدات، ﴿لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِّنَ ٱلصَّٰغِرِينَ﴾ بە دڵنیایی زیندانیی دەکرێو، لە زەبوونانیش دەبێ، واتە: ئەشکەنجە دەدرێو

نارەحەت دەکرێ‌و زەبوون دەبێ، ئەو حاڵەتەی ئەم کۆشکەی ئێمەی نامێنێ، کە ڕێزو حورمەتێکی زۆری لێ دەگیرێ‌و، خزمەتی زۆری دەکرێ، لە ڕووی نان‌و خواردن‌و خوارنەوەو پۆشاك‌و جێگاو ڕێگاوە.

ئنجا یوسوف ﷺ پەنا دەباتە بەر خوا، ﴿ قَالَ رَبِّ ٱلسِّجۡنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِ ﴾، (یوسف) گوتی: پەروەردگارم! زیندانم لەلا خۆشەویستترە، لەوەی کە منی بۆ بانگ دەکەن، کە ئەوەی ئەویان بۆ بانگ کردوە، بریتی بووە لە دەست تێکەڵی لەگەڵ ژنەکەی عەزیزی میسردا، یاخود هەر کامێکیان هەوڵی خۆی لەگەڵدا داوەو هەموویان تەماعیان تێکردوە، ﴿ وَإِلَّا تَصۡرِفۡ عَنِّي كَيۡدَهُنَّ ﴾، ئەگەر پیلانی ئەوان لە من لا نەدەی .

{یانی: یوسوف بەرەو لای وان نەچووە، بەڵکو پیلانی ئەوان‌و فێڵی ئەوان ڕووی لە یوسوف کردوە} !!

ئەگەر ئەو فێڵ‌و پیلانەی ئەوانم لێ لانەدەی، ﴿ أَصۡبُ إِلَيۡهِنَّ ﴾، من بە لایاندا دەچم، واتە: مەگەر تۆ بمپارێزی، ئەگەرنا من بەشەرێکم، بەتایبەتی یوسوف لە تافی لاوێتیی‌و لە هەرەتی گەنجێتیی‌و پیاوەتیی دابووە، لە بێ توانایی جینسیی‌و دەستە پاچەیی نەبووە، کە وەڵامی ژنەکەی عەزیزی نەداوەتەوە، بەڵکو لە پاکییەوە بووە، بۆیەش دەڵێ: پەروەردگارم! ئەگەر تۆ نەمپارێزی‌و فێڵی ئەوانم لێ لانەدەی، من بە لایاندا دادەشکێم، ﴿ وَأَكُن مِّنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴾، سەرەنجام لە نەفامان دەبم، واتە: لە کەسانێك کە شتێك دەکەن، پێچەوانەی عەقڵ‌و، فامیدەییە، ﴿ فَٱسۡتَجَابَ لَهُۥ رَبُّهُۥ فَصَرَفَ عَنۡهُ كَيۡدَهُنَّ ﴾، ئنجا پەروەردگاری وەڵامی دایەوەو پیلان‌و فێڵی ئەوانی لێ لادا، ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴾، بێگومان هەر خوا بیسەری زانایە .

﴿ ثُمَّ بَدَا لَهُم مِّنۢ بَعۡدِ مَا رَأَوُاْ ٱلۡأٓيَٰتِ ﴾، ئنجا دوایی بۆیان دەرکەوت، دوای ئەوەی ئەو هەموو نیشانانەیان بینین :

١- کراسەکەی یوسوف دڕاوە .

٢- ئافرەتەکان کۆبوونەتەوە .

٣- دەستو پەنجەی خۆیان بڕیوە.

٤- ژنەکەی عەزیزیش لە نێو ئەو هەمو ژنانەدا ئیعیترافی کردوە، کە من هەوڵم لەگەڵ داوە، کە پەلکێشی بکەم.

٥- شایەدەکەش شایەدیی دا .

هەموو ئەو شتانەیان بینی.

کەچی دوای ئەوەش بۆیان دەرکەوت کە: ﴿ لَيَسۡجُنُنَّهُۥ حَتَّىٰ حِينٖ ﴾، پێویستە زیندانیی بکەن، تاکو کاتێکی دیاریی نەکراو، بۆچی؟

بۆ ئەوەی عەیبەکەی خۆیان بپۆشن، ئیدی فیرو سیا لە یوسوف، غوڵامێکەو تەواو!

ئنجا وەك پێشتریش باسم کرد: ئێستاش کە مافی مرۆڤ بە حیساب گەیشتۆتە لووتکە، هەزاران کەسی بێ تاوان هەیە کە لە زیندانەکاندا دەناڵێنن‌و، خەڵکی خراپەکارو تاوانکاریش هەیە، وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن‌و، خەڵکی پاکیش هەیە کە بە درۆو بوختان‌و بە سیناریۆی ساختەو درۆ زیندانیی دەکرێ، بەڵکو میللەتان هەن بێبەش دەکرێن لە مافی بوون‌و ژیان، زلهێزانیش تەراتێن دەکەن لە وڵاتیاندا، ئنجا هەر کەسێکیش خۆ ببزێوێ، یەکسەر تۆمەتبار دەکرێ: ئەها ئەوە تیرۆرستە، ئەوە خەتابارە ! هەر هێزێ بەرهەڵستیی بکات، پێی دەگوترێ: ئەوە تیرۆرستە، ئەوە تاوانبارە، ئەوەش کە تەراتێن دەکات لە وڵاتەکەی ئەواندا‌و خێرو بیری ئەوان دەبات‌و، ئەوەی کە لەسەر زەوییەکەیە کە بەشەرەکانن، بە کۆیلەی خۆیان دەزانێ‌و، ئەوەش کە لەژێر زەوییەکەشە، بە موڵك‌و ماڵی خۆی دەزانێ‌و زەوتی کردوە، ئائەوە پارێزەری مافی مرۆڤ‌و پارێزەری خەڵکەو، لە لووتکەی شارستانیی دایە! ئەوانی دیکەش کە داوای هەقی خۆیان دەکەن، ئەوە خەتابارو تاوانبارن !!

ئنجا ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان بەرهەڵستییش بکەن، ئەوە تۆمەتی تیرۆیست‌و یاخیی بوون بۆ یان ئامادەیە !

ئیدی بەو شێوەیە یوسوف تاکو ماوەیەك کە دیار نیە تاکو کەنگێیە، زیندانیی دەکرێ، دوای ئەوەی کە بوختانیشی بە ناهەق پێ دەکرێ !!

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم : سەرزەنشت کردنی دەستەیەك لە ژنانی شار، بۆ ژنی عەزیزی میسر، لەسەر هەوڵدانی بۆ پەلکێش کردنی یوسوفو دەست تێکەڵی، وەك پیلان گێڕانێك لەلایەن ئەو ژنانەوە، بۆ دیتنی یوسوف، (یوسوفایێك، کە ئەو ژنە وا شێتو شەیدای بووە، بزانن داخۆ کێیەو چۆنە؟

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي ٱلْمَدِينَةِ ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ تُرَٰوِدُ فَتَىٰهَا عَن نَّفْسِهِۦ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا إِنَّا لَنَرَىٰهَا فِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٣٠﴾﴾.

تـوێژینـەوەی ئـەم ئایـەتـە بەپێـزە لـە چوار بڕگــەدا :

١) ﴿وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي ٱلْمَدِينَةِ﴾، ژنانێك لە شاردا گوتیان .

دیارە هەواڵەکە بە شێوەیەکی تایبەت بە نێو بەرپرسانو ژنو ماڵو حاڵی بەرپرسەکاندا بڵاوبۆتەوە، ئنجا ژنانێك نەك هەموو ژنەکان، نەیفەرمووە: (وقال النسوة فِي المدينة)، هەرچی ژنانن لە شارەکەدا، گوتیان، بەڵکو ژنانێك لە شارەکەدا گوتیان، ژنانێکی تایبەت کە جۆرێك لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی تایبەتیان پێکەوە هەبووە، دەبێ ژنانی بەرپرسەکان بووبن .

لێرەدا شارەزایانی زمانی عەرەبی دەڵێن: بۆچی خوا فەرموویەتی : ﴿وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي ٱلْمَدِينَةِ﴾، نەیفەرمووە: (وَقَالَتْ نِسوةٌ فِي المَدِينة)؟

دەڵێن: (تذكير الفعل لأن الفعل المسند إلى ألفاظ الجموع غير الجمع المذكر السالم، يجوز تجريده من التَّاءِ، باعتبار الجمع، وقَرْنُهُ بالتاءِ،

باعتبار الجماعة مثل: ﴿ وَجَآءَتْ سَيَّارَةٌ ﴾)، واتە: کردارەکە (قال)، بۆیە بە نێرینە (مذکر) هاتووەو نەیفەرمووە (قالت)، چونکە ئەو کردارانەی کە پاڵ دەدرێنە لای ئەو وشانەی مانای کۆ دەگەیەنن، جگە لە (جمع المذکر السالم)، دەگونجێ (ت)یەکەیان لێ دابڕنرێ، بە ئیعتیباری ئەوە کە ئەو کۆمەڵە، بێژەی (جمع)یان بۆ بەکاردێ، دەشگونجێ (ت)یەکەیان لەگەڵدا بێ، بە ئیعتیباری ئەوە کە بێژەی (جماعة)یان بۆ بەکارهاتووە، وەك: ﴿ وَجَآءَتْ سَيَّارَةٌ ﴾.

کەواتە: ﴿ وَجَآءَتْ سَيَّارَةٌ ﴾، ئەگەر قورئان نەبووایە، بە ئیعتیباری (جمع) بوونیان، دەگونجا بڵێ: (جاء سيارة)، وەك لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ نِسْوَةٌ فِى ٱلْمَدِينَةِ ﴾.

٢) - ئنجا ئایا ژنانێك لە شاردا چییان گوت؟ ﴿ ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ تُرَٰوِدُ فَتَىٰهَا عَن نَّفْسِهِۦ ﴾، ژنی عەزیز (واتە: ژنی والی ئەو شارە، یاخود: ژنی بەرپرسی پاسەوانەکانی پادشای میسڕ، بە پێی قسەی پەیمانی کۆن)، دەوری گەنجەکەی خۆی هەڵدێ، کە لێرەدا (فتى) بە مانای گەنج دێ، بەڵام لە ڕاستییدا مەبەست پێی غولامە، کۆیلەیە، دەوری کۆیلەکەی خۆی هەڵدێ، دەیەوێ غولامەکەی لە قەناعەتی خۆی لابدا بیهێنێتە سەر قەناعەتی خۆی، قەناعەتی غولامەکە کە (یوسوف)ە، بریتیە لە بە پاکیی مانەوە، قەناعەتی ژنەکەش بریتیە لە دەست تێکەڵیی حەڕام، دەیەوێ پەلکێشی بکات، لە خشتەی بەرێ و بیهێنێتە سەر ڕای خۆی.

ئنجا ئێمە لێرەدا دەزانین کە ئەو ژنە هاوسەری عەزیزی میسرە، هەڵبەتە ئێمە کە پێشتر وامان گوتوە، بەهۆی ئێرەوە ئەوەمان زانیوە، ئەگەرنا لە سەرەتاوە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِى ٱشْتَرَىٰهُ مِن مِّصْرَ لِٱمْرَأَتِهِۦٓ ﴾، ئەو پیاوەی کە یوسوفی کڕی، بە ژنەکەی خۆی گوت: نازانین ئەو پیاوە کێیە؟

دوایی کە دەفەرموێ: ﴿ وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا ﴾، دیسان هەر نازانین ئەو ژنە کێیە؟ بەلاّم لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ژنە، ژنی عەزیزی میسرە، ﴿ ٱمۡرَأَتُ ٱلۡعَزِيزِ تُرَٰوِدُ فَتَىٰهَا عَن نَّفۡسِهِۦ ﴾، وەك گوتم: (فتى)، بە مانای گەنج دێت، گەنجێ کە تازە دەگاتێ، بەلاّم قورئان بەکاری هێناوە، یان ئەو کاتیش بەکاریان هێناوە بۆ خزمەتکارو کۆیلە، بۆ غولاّم، کە لە ماڵدا بووە خزمەتی کردوە، با بە تەمەنیش بووبێ، هەر وشەی (فتى) یان بۆ بەکارهێناوە .

ئنجا ئایا ئەو ژنانە کێ بوون ؟

وەك گوتم بە تەئکید ژنانێکی هاوئاست بوون لەگەڵ ژنی عەزیزی میسرداو، ژنانی بەرپرسەکانی شار بوون، ئەوانەش دیارە هاوکوفی خۆی بوون‌و، چینی سیاسیی‌و حوکمڕانی ئەوکاتەی ئەو شارو وڵاتە بوون .

کە دەفەرموێ: ﴿ تُرَٰوِدُ فَتَىٰهَا عَن نَّفۡسِهِۦ ﴾، دیارە ئەو تەعبیرەمان بە چەند شێوەیەك مانا کردوە، لێرەشدا دەتوانین بڵێین:

١- دەیەوێ کۆیلەکەی خۆی لە خشتە بەرێ .

٢- لە غولاّمەکەی خۆی دەخەفتێ .

٣- دەوری غولاّمەکەی خۆی هەڵدێ .

٤- دەورو خولی کۆیلەکەی خۆی دەدات .

٥- هەوڵی لادانی کۆیلەکەی دەدات، لە قەناعەتی خۆی کە پاکێتییە بۆ سەر قەناعەتی وێ، کە بریتییە لە دەست تێکەڵیی حەرام .

٣) - ﴿ قَدۡ شَغَفَهَا حُبًّا ﴾، ئەو ڕاناوەی کە شێردراوەتەوە لە (شَغَفَ)دا، بۆ یوسوف دەگەڕێتەوە: (قَدۡ شَغَفَهَا : أي قَدْ شَغَفَ هُوَ إياها حُبّاً)، یانی: یوسوف دڵی ئەوی لێوان لێو کردوە لە خۆشەویستیی .

(الشِّغَافُ: غِلاَفُ القَلْبِ أَوْ سُوَيْدَاؤُهُ وَحَبَّتُهُ، وَالجَمْعُ: شُغُف)[١]، (شِغَاف)، بریتیە لە پەردەی دڵ، یاخود نێوەڕاستی دڵ، یان عەینی چەقی دڵ، کۆی (شِغَاف)، بریتیە لە (شُغُف) .

ئنجا دەگوترێ: (شَغَفَهُ، شَغَفَ، يَشْغَفُ، شَغْفاً، وَشَغَفاً: أَصَابَ قَلْبَهُ)، واتە: چووە نێو دڵی، یاخود دڵی پڕ کرد، (وَشَغِفَ بِهِ، وَبِحبِّهِ، شَغِفَ بحُبِّهِ، يَشْغَفُ، شَغَفاً، أَحَبَّهُ، وأُولِع به، فهو شَغِفٌ، وهي شَغِفَة)[٢]، واتە: زۆری خۆشویست، زۆر هۆگری بوو، ئنجا ئەگەر پیاو بێ، دەڵێ: (فَهُوَ شَغِفٌ)و، ئەگەر ئافرەت بێ: (وَهِيَ شَغِفَة)، واتە: زۆر هۆگری بووە، وەك کوردەواریی خۆمان دەڵێن: (شێتو شەیدای بووە)، بەلام وەك پێشتر باسمان کرد: شێتو شەیدا بوونەکەی ئەو ئافرەتە، کە هەندێکیان بە (زلێخا) ناوی دەبەن، شێتو شەیدا بوونەکەیو خۆشەویستییەکەی بۆ یوسوف، خۆشەویستییەکی جەستەییو غەریزەیی رووت بووە .

٤) - دەڵێن: ﴿إِنَّا لَنَرَىٰهَا فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ﴾، بە دڵنیاییەوە ئێمە ئەو ژنە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا، دەبینین، واتە: دەیبینین کە بەهەڵەدا چووەو نەیپێکاوە، مەبەستیان ئەوە بووە: چۆن دەبێ ژنی پیاوی گەورە تەماع لە غولامو نۆکەرو خزمەتکارو کۆیلەی خۆی بکات ؟ مەبەستیان ئەوە بووە. ئەگەرنا مەبەستیان ئەوە نەبووە، کە ئەوە حەرامەو قەدەغەیەو زینایەو داوێن پیسییە، بەڵکو واتە: ئەو ژنە کە هاوسەری پیاوێکی گەورەیە، نەدەبوو تەماع لە کۆیلەی خۆی بکات، کە زۆر لە خوار خۆیەوەیەتی: لە ڕووی عورفو باوی کۆمەلایەتییەوە پێیان هەڵە بووە، وەك چۆن ئێستا لە ڕۆژئاوا دەڵێن: ئەگەر پیاوو ئافرەتێك پێکەوە جووت بن، ئەگەر پیاوەکە زۆری لە ئافرەتەکە نەکرد بێو، لەسەر جێی ژنو مێردایەتیی مێردەکەی نەبێ، مادام هاوسەردار بێ، ئەوە قەیدێ ناکات، یاخود کوڕێك کە لەگەڵ کچێك ڕادەبوێرێ، ئەگەر بێتو بە زۆریی نەبێ، ئەوە چ گرفت نیە !! لێرەش ئەوانە

---

١) مختار الصحاح، ص ٤٨٨.

٢) المعجم الوسيط، ص ٤٨٦.

گوتوویانە: ئێمە دەبینین بەهەڵەدا چووە، کە چۆن دەبێ ژنی پیاوی گەورە، تەماع لە خزمەتکارو کۆیلەو غوڵامی خۆی بکات؟ ئەگەرنا بە تەئکید مەبەستیان لە (ضَلَٰلٍ)، گومڕایی ئایینیی‌و بە پێوەری ئیسلامیی‌و شەرعیی، نەبووە، چونکە ئەوکاتە خەڵکی میصر خاوەن دینێکی ئاسمانیی نەبوون، ئەگەر هەشیان بوو بێ، دینێك بووە پڕ کراوە لە بت پەرستیی‌و شیرك‌و دوور لە خوایی .

مەسەلەی دووەم : گوێ بیست بوونی ئەو ژنە، بۆ سەرزەنشتی ژنەکان‌و بانگێشت کردنی بۆیان‌و، دانانی باڵنج‌و شوێنی پاڵدانەوەو، دانانی میوەو چەقۆ بۆیان‌و، فەرمان کردنی بە یوسوف، کە خۆیان پێشان بدات، ئەوانیش یەکسەر بە دیتنی، زۆر بە گەورەی دەگرن‌و، پێی سەرسام دەبن‌و، دەست‌و پەنجەی خۆیان دەبڕن، لەبەر زۆر سەرنج ڕاکێشرانیان بە هۆی (یوسف)ەوە :

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَـًٔا وَءَاتَتْ كُلَّ وَٰحِدَةٍ مِّنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتِ ٱخْرُجْ عَلَيْهِنَّ فَلَمَّا رَأَيْنَهُۥٓ أَكْبَرْنَهُۥ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنْ هَٰذَآ إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ ﴿٣١﴾ ﴾.

ڕوونکردنەوەی ئەم ئایەتە بەپێزە ، لە دە (١٠) بڕگەدا:

١) - ﴿ فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ ﴾، کاتێك پیلان‌و فێڵەکەی ئەوانی بیست، گوێبیستی پیلانەکەی ئەوان بوو.

پسپۆڕانی زمان گوتوویانە: {سَمِعَ: يَعْتَدِي بنفْسِهِ، فَتَعدِيته بالباء لأَنَّهُ ضُمِّنَ مَعْنَى (أُخبرت) أو (ب) مزيدةٌ للتوكيد، مثل: ﴿ وَٱمْسَحُوا۟ بِرُءُوسِكُمْ ﴿٦﴾ ﴾ المائدة} .

واتە: وشەی (سمع) بۆ خۆی تەعەددا دەکات، (سَمِعَ قولَهُ)، یانی: گوێی لە قسەکەی بوو، بەڵام لێرەدا کە بە (ب)، تەعەدددای کردوەو، بۆتە خوازیاری (مفعول بە)، مانای (أُخبرت)ی خراوەتە نێو، (هەواڵی پێدرا، هەواڵی پێگەیشت)، یاخود (ب) زیاد کراوە بۆ جەخت کردنەوە، وەك خوا دەفەرموێ : ﴿وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ ⁽٦⁾﴾المائدة ، ئەسڵی خۆی (وَامْسَحوا رُؤسَكُم)ە، دەستی تەڕ بە سەری خۆتان دابێنن، سەری خۆتان مەسح بکەن، بەڵام ئەو (ب)ەیە، بۆ جەخت کردنەوەیە .

ئنجا ئایا بۆچی ناوی لە قسەکەی وان ناوە: (مَکر)؟

١) چونکە ئەوان مەبەستیان لەو قسەو لەو توانجو پلار تێگرتنو سەرزەنشت کردنەی ژنەکەی عەزیز، هەر ئەوە بووە کە هانی بدەن (یوسوف)یان پێشان بدات.

٢) یاخود لەبەرئەوەی بە پەنهانیی گوتوویانە، شێوەی فێڵی وەرگرتوە .

٣) یاخود لەبەرئەوەی ئەوان بە شێوەی نکووڵیی لێکردن، گوتوویانە، بەڵام پاڵنەریان بریتی بووە لە ئێرەییو حەسوودیی بردن بە ژنەکەی عەزیز. کە غوڵامێکی هێندە جوانی هەیە .

لەبەر ئەو هۆیانە بە وشەی (مکر)، تەعبیری لێکردوە .

٢) - ﴿أَرۡسَلَتۡ إِلَيۡهِنَّ﴾، واتە: دەعوەتی کردن، بانگهێشتی کردن، بەدوایدا ناردن .

٣) - ﴿وَأَعۡتَدَتۡ لَهُنَّ مُتَّكَـٔٗا﴾، شوێنی پاڵدانەوە، شوێنی شان دادان، شوێنی ئیسراحەت کردنی، بۆ دانان، پێشتریش گوتمان: (مُتَّكَأ)، ئەو شوێنەیە کە ئینسان شانی لێ دادەدا، یان پاڵی لێ دەداتەوە، دەشگونجێ کورسیی بووبێ. کورسییو قەنەفە بووبێ، ئەو کاتە لەو کۆشکانەدا شوێنی ئیسراحەتو دانیشتنی ئەو حوکمڕانانە جیا بووە لە هی خەڵکی دیکە، دەشگونجێ باڵنج بووبێ، بۆی دانابن، پاڵی وێ بدەن .

٤) - ﴿ وَءَاتَتْ كُلَّ وَٰحِدَةٍ مِّنْهُنَّ سِكِّينًا ﴾، هەر کامێکیانیش چەقۆیەکی وێدان .

وەك پێشتر باسمان کرد: عادەت وایە کە میوە دادەنرێ، ئنجا چەقۆو چەنگاڵ دەگێردرێن، بەلاّم خوای زاناو شارەزا ئەوەی کە بە عەقڵ‌و سەلیقە دەزانرێ، باسی نەکردوە، چونکە دەزانرێ کە چەقۆ بۆ میوەیە، میوەی پێ سپی بکەن، پێی قاش بکەن‌و ئامادەی بکەن بۆ خواردن .

٥) - ﴿ وَقَالَتِ ٱخْرُجْ عَلَيْهِنَّ ﴾، ئنجا گوتی: بۆیان بچۆ دەر، یان لێیان وەدەربکەوە .

زانایان دەڵێن: {عُدِّيَ فعل الخروج ب (على) لأَنَّه ضُمِّنَ مَعْنَى (أدخُلْ) لأن المقصود دخوله عليهن، لا مجرد الخروج من البيت}، ﴿ وَقَالَتِ ٱخْرُجْ عَلَيْهِنَّ ﴾، تعني: (أُخرُج مِنْ غُرْفَتِكَ وَادخُل عَلَيْهِنَّ).

وادیارە یوسوف لە ژوورێك دابووەو، ئەوان لە ژوورێکی دیکەدا بوون، کۆشکێکی گەورە بووە، شوێنی غولاّم‌و کۆیلە جیا بووە، شوێنی ئیسراحەت کردن‌و شوێنی میوانان جیا بووە، یانی: لە ژوورەکەی خۆت وەرەدەرێ، بۆیەش (اخرُج) بە (على) تەعەددای کردوە، واتە: لە ژوورەکەی خۆت بچۆ دەرێ‌و، لەوان وەژوور بکەوە، کەواتە: وشەی: (أخرج) هەم مانای چوونەدەری هەیە، کە ڕواڵەتی بێژەکەی خۆی دەیگەیەنێ‌و، هەم بە هۆی (على)وە، (أدخل)یشی خراوەتە نێو، {(تَضْمين)، واتە: خرانە نێو}، ئەو مانایەش دەگەیەنێ، چونکە مەبەست ئەوە نەبووە لە ژوورەکەی خۆی بچێتە دەرێ، بەڵکو مەبەست ئەوە بووە لە ژوورەکەی بچێتە دەرێ‌و، بچێتە ژوورەکەی ئەوان، کە تێیدا دانیشتوون‌و ژووری میوانان‌و پێشوازیی بووە.

هەڵبەتە دەبێ پێشی گوتبێ: بەرگی جوان لەبەربکەو، خۆت ڕێك بکەو، میوانمان دێن، یوسوف چووزانێ، کە بۆ ئەوەیەتی پێشانی ژنانی بدات !

٦) - ﴿ فَلَمَّا رَأَيْنَهُۥٓ أَكْبَرْنَهُۥ ﴾ یەکسەر کە بینییان، بە گەورەیان گرت، ئەو (ف)ە، (ف)ی (تعقیب)ە، واتە: یەکسەر کە بینییانو چاویان پێی کەوت، بە گەورەیان گرت، (أَكْبَرْنَهُۥ : أي أَعْظَمْنَهُ)، دەڵێ: (أعظمن جمالَه وشمائلَه)، أو: أعددنه كبيراً لعظم صفاتِهِ)، یانی: جوانیی و سیفەتەکانییان بە مەزن زانین، یان: بەهۆی مەزنیی سیفەتەکانییەوە بە گەورەیان گرت .

یانی: کەسایەتییەکەیو لە ڕووە مەعنەوییەکەیەوە، ئەوەیان بە گەورە گرت .

٧) - ﴿ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ ﴾ ئنجا دەستی خۆیانیان بڕی .

(أي: جَرَحْنَ)، واتە: دەستو پەلی خۆیان بریندار کرد، لە ئەنجامی سەرسام بوونیان بە یوسوفو چاو تێبڕینیان بۆ یوسوفو، لە دەستو پەنجەی خۆیان بێئاگابوونیان، ئافرەتەکەش زۆر مەکرۆو حیلە باز بووە، کاتێ کە ئەوان لە گەرمەی میوە قاش کردنو میوە سپی کردن دابوون، بە یوسفی گوتوە: کتوپڕ لە ژوورەکەی خۆت وەرەدەرێو لێیان وەژوور بکەوە !

٨) - ﴿ وَقُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ ﴾ گوتیان: پاکیی بۆ خوا، واتە: پاکیی و دووریی بۆ خوا، کە نەتوانێ مرۆڤێکی ئاوا جوانو ڕێكو پێك خاوەن جەماڵو کەماڵ دروست بکات، یاخود پاکیی و دووریی بۆ خوا، کە ئا ئەو کەسە، {ئەو (یوسف)ە کە لەبەرچاومانە} خراپەی لێ بوەشێتەوە .

٩) - ﴿ مَا هَٰذَا بَشَرًا ﴾ (لَيْسَ هَذا بشراً)، ئا ئەوە مرۆڤ نیە، هەڵبەتە زانیویانە کە مرۆڤە، بەڵام یانی: مرۆڤێکی ئاسایی نیە .

١٠) - ﴿ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ ﴾ ئەمە تەنیا فریشەیەکی بەڕێزە، واتە: وەك فریشتە وایە، لە جوانیی و لە کەسایەتیی و ڕێزو حورمەتو هەیبەتو. سیفەتە بەرزەکانیدا .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {أُعْطِيَ يُوسُفُ وَأُمُّهُ شَطْرَ الْحُسْنِ}. {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٤٠٨٢)، تعليق شعيب الأرنؤوط: إِسْنَادُهُ صَحِيح عَلَى

شَرْطِ مُسْلِم، وَابن أَبي شَيْبة برقم: (٣١٩٢٠)، وَالحَاكِمُ برقم: (٤٠٨٢) وَقَالَ: صَحِيح عَلَى شَرْطِ مُسْلِم، وَأَبو يَعْلَى برقم: (٣٣٧٣)} .

واتە: یوسوفو دایکی، (کە دایکی ناوی ڕاحیل بووە، بەپێی ئەوەی کە لە تەوراتدا هاتوە) نیوەی جوانییان پێدراوە .

یانی: یەکجار زۆر جوان بوون، هەم دایکی زۆر جوان بووە، دیارە (یوسوف)یش دەبێ چووبێتەوە سەر دایکی .

ئنجا لە کۆتایی ئەم مەسەلەیەدا، ئەو تێبینییە دەخەمە ڕوو، کە ئافرەتەکان گوتوویانە: ﴿إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا مَلَكٞ كَرِيمٞ﴾، ئەمە تەنیا فریشەیەکی بەڕێزە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە جوانیی یوسوف بەو جۆرە نەبووە کە چیرۆک گێڕەوەکان (قصّاصون)و حیکایەت خوانەکان باسی دەکەن، کە دەڵێن چاوی وابووە، برۆی وا بووە، کوڵمەی وا بووە، کە زیاتر جوانییەکی ژنانەی بۆ وێنا دەکەن، چونکە ژنەکان کە یوسوف دەچوێنن بە فریشتەیەکی بەڕێزەوە، زیاتر ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە جوانیی یوسوف، جوانیەکی مەعنەویی بووە، جوانیی ڕەوشتو ئاکاری بەرزی بووە، جوانی کەسایەتیی بووە، بەڵێ قەدو قیافەو ڕەنگو ڕووشی جوان بووە، بەڵام جوانییەکی پیاوانە، چونکە ئەو شێوە جوانییەی کە ئافرەتان سەرسام دەکات، لە پیاواندا، جیایە لەو شێوە جوانییەی کە پیاوان سەرسام دەکات، لە ئافرەتاندا.

وەك پێشتریش باسمان کرد : ئافرەت بە نەرمو ناسکییو قەدو قیافەو سەرو پرچو زوڵفیو کوڵمەو ڕوومەتی جوانەو، مەرج نیە ئەو جوانییەی کە سەرنجی پیاوان ڕادەکێشێ لە ئافرەتاندا، هەمان جۆرە جوانیی سەرنجی ئافرەتان ڕاکێشێ، لە پیاوان دا، بەڵکو پیاو لە لای ئافرەتان، زیاتر بە پیاوەتییو سیفەتی بەرزو کەسایەتیی مەعنەوییو خۆڕاگرییو جوامێریی، سەرنجڕاکێش دەبێ، ئەو سیفەتانەی کە لە پیاواندا جوانن، جیان لەو سیفەتانەی کە لە ئافرەتاندا جوانن، بۆ نموونە :

١/ نەرمو ناسکیی، پیاو بە نەرمو ناسك، مەدح ناکرێ، بەڵکو بەهێزو پێز .

٢/ ئنجا ئافرەت ئەگەر ترسنۆکیش بێ زەم ناکرێ، بەڵام پیاوی ترسنۆك زەم دەکرێ، پیاو بە ئازایەتیی‌و زبریی‌و هێزو تواناو بە پشت بە خۆ بەستن، مەدح دەکرێ .

بەڵێ ئەو سیفەتانەی کە لە پیاواندا جوانن، جیان لەو سیفەتانەی کە لە ئافرەتاندا جوانن، هەر کامێکیان جۆرە سیفەتێك، کە لەگەڵ سروشتیاندا دەگونجێ، لێی جوانە، حەسسانی کوڕی سابیت دەربارەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە مەدحی دەکات دەڵێ :

وَأَجْمَلُ مِنْكَ لَمْ تَرَ قَطُّ عَيْنِي
وَأَكْمَلُ مِنْكَ لَمْ تَلِدِ النِّسَاءُ
خُلِقْتَ مُبَرَّءاً مِنْ كُلِّ عَيْبٍ
كَأَنَّكَ قَدْ خُلِقْتَ كَمَا تَشَاءُ

واتە :

لە تۆ جوانتر هەرگیز نەیبینیوە چاو
هیچ ژنێك لێی نەبووە پیاوی وەك تۆ تەواو
پاك و بێ خەوشی لە هەر کەم‌و کوڕیی نا تەواویی
هەر دەڵێی بەو جۆرە، کە خۆت ویستووتە دروستکراوی[(١)]

لێرەدا مەبەستم ئەوە بوو: ئەوەی کە لە بەسەرهات‌و چیرۆکەکاندا هاتووە، کە مەدحی یوسوف عليه السلام دەکرێ، بە جوانییەك کە زیاتر لە ئافرەتاندا پەسندە، لە ڕاستییدا ئەوە وانیە، بە پێی ئەوە کە ئەوان لێرەدا مەدحی دەکەن، دەڵێن: ﴿إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا مَلَكٞ كَرِيمٞ﴾، هەڵبەتە لە خەیاڵی

---

١) ئەم چوارینەیە خۆم کردومە شیعرێکی کوردیی‌و تۆزێك مانایەکەی لە دەقە عەرەبیەکە جیاوازە، بەڵام هەمان نێوەرۆکم دەرهێناوە .

هەموو میللەتاندا وایە، کە فریشتەکان خاوەنی سیفەتی بەرزو جوانن، لە ڕووی مەعنەوییەوەو، من پێم وایە لە ڕووی ڕووحییو مەعنەوییەوە، یوسوف ﵇ ئەو ئافرەتانەی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆی، کە تەماشایان کردوە، لە ڕووی مەعنەوییەوە کاری تێکردوون، بۆیەش تەشبیهیان کردوە بە فریشتە .

مەسەلەی سێیەم : بە چاو دادانەوەی ژنی عەزیزی میسر بۆ ژنەکان :

لەسەر گلەیی کردنو سەرزەنشت کردنیان بۆی، بەهۆی ئەوەوە کە دەورو خولی (یوسوف)ی داوەو، داوای دەستێکەڵیی لێکردووەو، دان پێداهێنانی، کە دەستپێشخەریی کردوە بۆ دەست تێکەڵیی لەگەڵ یوسوف ﵇، بەلام ئەو ملی نەداوەو بە سەختی بەرهەڵستیی کردوەو، هەڕەشەکردنی لە یوسوف بە زیندانیی کردنیو بە زەبوون کردنی :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ قَالَتْ فَذَٰلِكُنَّ الَّذِي لُمْتُنَّنِي فِيهِ ۖ وَلَقَدْ رَاوَدتُّهُ عَن نَّفْسِهِ فَاسْتَعْصَمَ ۖ وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَا آمُرُهُ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِّنَ الصَّاغِرِينَ ﴿٣٢﴾ ﴾ .

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە لە چوار بڕگەدا:

١) - ﴿ قَالَتْ فَذَٰلِكُنَّ الَّذِي لُمْتُنَّنِي فِيهِ ﴾، ئا ئەوە، ئەو پیاوەیە کە لەبارەی ئەوەوە سەرزەنشتی منتان کرد بوو، واتە: ئەو پیاوەی کە ئێوە بە بینینی، ئاوا سەرنجتان ڕاکێشرا، کە ئاگاتان لە دەستو پەلی خۆتان نەماو، بەو چەقۆیەی کە میوەکەتان پێ قاش دەکرد، یان سپی دەکرد، دەستو پەلی خۆتان بڕی، هێندە پێی سەرسام بوون، کەواتە: ناهەقم مەگرن، کە منیش ئەوەندە خۆشم ویستوەو ئەوەندە شێتو شەیدای بووم، دیارە هەموو ئەو کۆڕ ئامادە کردنو، ئەو باڵنج دانانو، ئەو چەقۆو میوە ئامادە کردنە بۆ ئەو ژنانە، لەلایەن ژنەکەی عەزیزی میسرەوە، (کە وەك گوتمان: هەندێکیان (زلێخا)ی پێ دەڵێن)، بۆ ئەوە بووە کە ئەو قسەیە بکات، واتە: ئێوە کە

سەرزەنشتو لۆمەی منتان کردوە، لەبەرئەوەی ئەو غولامەی خۆمم خۆشویستوە، ئاخر ئەوە بەو شێوەیەیە، کە ئێوەش ئەوەندە پێی سەرسامن !

٢) - ﴿ وَلَقَدْ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ ﴾، بەدڵنیایی من هەوڵم لەگەڵدا، کە خۆیم تەسلیم بکات، ئەم تەعبیرە کە چەند جارێك لەم سوورەتەدا هاتوە، هەر جار کە دەمەوێ بە کوردیی مانای بکەم، دەگەڕێم لە زمانی کوردییدا چ وشەیەك هاو واتای بێ، چ وشەیەك ئەو مەبەستە بگەیەنێ، (هەوڵم لەگەڵدا خۆیم تەسلیم بکات)، واملێکرد لە خشتەی بەرم، هەوڵم لەگەڵدا کە واز لە نەفسی خۆی بێنێ بۆ من، ئیرادەی خۆی تەسلیمی ئیرادەی من بکات، واز لە ڕای خۆی بێنێ، بێتە سەر ڕایەکەی من .

بەڵام ئەو چی کرد ؟

٣) - ﴿ فَٱسْتَعْصَمَ ﴾، (عَصَمَ)، واتە: پاراستی، بەڵام (فاستَعْصَم)، پسپۆڕان دەڵێن: (زِیادَةُ المَبنی تَدُلُّ عَلَی زِیادَة المَعْنَی)، کە (س) و (ت)ی هاتۆتە سەرێ، واتە: زۆر خۆی گرتو، زۆر بە سەختیی ملی نەداو بەرهەڵستیی ئەو ئارەزوو و دەست پێشخەریی‌و دەورەدانەی منی کرد، واتە: بە قسەی نەکردم .

٤) - ﴿ وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَآ ءَامُرُهُۥ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِّنَ ٱلصَّٰغِرِينَ ﴾، ئنجا ئەگەر ئەوەی فەرمانی پێ دەکەم، ئەنجامی نەدات (کە بریتیە لە دەست تێکەڵیی، کە لەگەڵیدا جووت بێ)، بە دڵنیاییەوە زیندانیی دەکرێ‌و، بە دڵنیاییشەوە لە زەبوونانو لە ڕیسوایان دەبێ .

کە ئەوە هەڕەشەیەکی گەورەیە، چونکە یوسوف ﷺ بەڵێ لە زاتی خۆیدا بەڕێزی کوڕی بەڕێزی کوڕی بەڕێزە، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺدا هاتوە، کە ڕۆژێك لێیان پرسی: کێ بەڕێزترینی خەڵکە؟ فەرمووی: {الْكريم اِبن الْكريم ابن الْكريم ابن الْكريم: يوسف بن يَعْقُوب بن إِسْحَاق بن إِبْرَاهِيم}،{البخاري برقم: (٣٣٨٢)} .

واتە: بەڕێزی کوڕی بەڕێزی کوڕی بەڕێز، کوڕی بەڕێز یوسوفی کوڕی یەعقووبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم (علیهم الصلاة والسلام)، واتە: لە

ڕووی ڕەچەڵەکەوە، هیچ کەسێك نەبووە کە ئاوا چوار پشتی پێغەمبەر بن، خۆشیو سێ پشتیشی پێغەمبەرانی پایە بەرزی خوا بن، پێغەمبەرانێکی وەك (ئیبراهیمو ئیسحاقو یەعقووب)یش .

ئنجا هەرچەندە یوسوف لە زاتی خۆیدا، هێندە پیاوێکی بەڕێزو خانەدانو بە حورمەت بوو، بەڵام لەو کاتەدا وەك واقیع: کۆیلەو غولامو خزمەتکارێك بووە، لەبەردەستی ئەو ئافرەتە، لەو ماڵەدا، ئەوان کڕیویانەو، ئەو بەلایەی بەسەرهاتوە، بۆیە لەبەردەستی ئەواندا بووە، ئنجا ئەگەر زیندانیی بکەن، یان سزاو ئەشکەنجەی بدەن، بە ڕواڵەت لەبەردەستی ئەواندا بووە، هەرچەندە خوای کاربەجێ پاراستوویەتی .

ئنجا کە ئەو هەڕەشەیەش دوایی هاتۆتە دی، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو ژنە – وەك پێشتریش باسمان کرد– بەس وەك غەریزەی جینسیی عەوداڵی یوسوف بووە، واتە: کێشکرانەکەی بەرەو لای یوسوف، کێشکرانێکی جەستەییو غەریزەییو سێکسیی بووەو، خۆشەویستییەکی ڕووحییو مەعنەویی نەبووە، وەك ئەوەی کە خوای پەروەردگار باس دەکات، دەفەرموێ: ﴿وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ﴿٢١﴾﴾الروم، بۆچی ؟

چونکە لە حاڵەتێکدا خۆشەویستیی (مودة) و بەزەیی (رحمة)، لە نێوان پیاوو ئافرەتدا پەیدا دەبێ، کە لەسەر بناغەی گرێبەستێکی شەرعییانەی ڕوونو حەلاڵ پێك بگەن، بەڵام ئەو بیەوێ ئاوا لە ڕێی حەرامەوە دەستی لەگەڵ تێکەڵ بکات، کەواتە: دیارە تەنیا بە هاندەرو پاڵنەرێکی جەستەییو غەریزەییە .

مەسەلەی چوارەم : پاڕانەوەی یوسوف ﷺ لە پەروەردگاری کە شەڕی ئەو ژنانەی لێ لابدات، پیلانو فێڵی ئەوانی لێ لابدات، ئەگەرنا گیرۆدەی داویان دەبێو لە نەفامان دەبێ :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿قَالَ رَبِّ ٱلسِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِيٓ إِلَيْهِ ۖ وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٣٣﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە چوار بڕگەدا:

١) - ﴿ قَالَ رَبِّ ٱلسِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِىٓ إِلَيْهِ ﴾، (یوسف) گوتی:
پەروەردگارم ! زیندان، بەندیخانە لەلام خۆشەویستترە، لەوەی کە منی بۆ بانگ دەکەن، کەواتە: دیارە بە هەرەوەزیی داوایان لێکردوە، ئنجا ئایا هەموویان داوایان لێکردوەو تەکلیفیان لێکردوە، کە ژنەکەی عەزیزی میسر چیت داوا لێدەکات، بۆی جێبەجێ بکە، واتە: بۆ وی داوایان لێکردوە، یاخود هەر کامێکیان جیا بە جیا داوایان لێکردوە بۆخۆیان؟ هەردوو واتایەکە دەگەیەنێ، واش پێدەچێ زیاتر داوایان لێکردبێ بۆ ژنەکەی عەزیزی میسر .

لێرەدا یوسوف ﷺ کە دەفەرموێ: ﴿ٱلسِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِىٓ إِلَيْهِ ﴾، بەندیخانە لەلام خۆشەویستترە لەوەی ئەوان منی بۆ بانگ دەکەن، بێگومان چوونە بەندیخانە، چوونە زیندان شتێکی خۆش نیە، بەڵام مانایەکەی وای لێدێتەوە: ئەوەم لەلا ئاسانترە لەوەی کە منی بۆ داوا دەکەن، کە بریتیە لە داوێن پیسیی، چونکە بەهۆی چوونە بەندیخانەوە، بەڵێ ئینسان تووشی ئەزیەت دەبێ، بەڵام ئەزیەتێکی جەستەیی‌و دنیاییە، بەڵام بەهۆی زیناو داوێن پیسییەوە، ئینسان تووشی ئەزیەت‌و ناڕەحەتیی مەعنەویی لای خواو دوارۆژ دەبێ، کە ئەوەیان بە تەئکید سەختترە، چونکە دنیا هەر چۆن بێ دەبڕێتەوە، بەڵام دوارۆژ نابڕێتەوە، ئنجا ئینسان ئەگەر شەرمەزاری لای خوا بوو، ئەو کاتە ڕازی بوونی بەندەکان، هیچی بۆ قەرە بوو ناکاتەوە، بەڵام ئەگەر خوا لێی ڕازی بوو، تووڕەبوونی بەندەکان، هیچ زیانی پێناگەیەنێ، وەك لەم دەقەدا هاتوە: {عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْها قَالَتْ: سَمِعْتُ رَسول ﷺ يَقُولُ : مَنِ الْتَمَسَ رِضَا اللهِ بِسَخَطِ النَاسِ، كَفَاهُ اللهُ مُؤْنَةَ النَاسِ، وَمَنِ الْتَمَسَ رِضَا النَاسِ بِسَخَطِ اللهِ، وَكَلَهُ اللهُ إِلَى النَاسِ}، {أَخْرَجَهُ ابن المُبارَك برقم: (١٩٩)، وَالترمِذِيُّ برقم: (٢٤١٤)، وَأَخْرَجَهُ أَيْضَاً ابن حِبان برقم: (٢٧٦) قَالَ شُعيب الأرنؤوط: إِسْنَادُهُ حَسَنٌ، وَإِسْحَاق بن رَاهَوَيه برقم: (١١٧٥)، وَالقضاعي برقم: (٤٩٨)} .

واتە: هەر کەس بەهۆی تووڕەکردنی خەڵکەوە خوا ڕازی بکات، خوا خەمی خەڵکی لە کۆڵ دەکاتەوە، بەڵام هەر کەس لە پێناو ڕازیکردنی خەڵکی دا، خوا تووڕە بکات، خوا حەواڵەی خەڵکی دەکات.

﴿ٱلسِّجۡنُ﴾: (اسْمٌ لِلْبَيْتِ الَّذِي يُسْجَنُ فِيهِ، مِثْل ذِبْح: مَذْبوح، وَخلق، أي مخلوق)، هەڵبەتە ئەگەر بە ﴿ٱلسِّجۡنُ﴾، بخوێنرێتەوە، کە دیارە زۆربەیان وایان خوێندۆتەوە، واتە: زیندانو بەندینخانە لەلام خۆشەویستترە، لەلام خۆشترە لەوەی کە ئەوان منی بۆ بانگ دەکەن.

هەروەها خوێنراویشەتەوە: (السَّجْن)، (قَالَ رَبِّ السَّجن)، (السَّجْنُ: مَصْدَرُ سَجَنَهُ، وَهُوَ الحَبْسُ فِي مكانٍ مُحيطٍ لايَخْرُج مِنْهُ)، (سَجْن: سَجَنَ يَسْجُنُ سَجْناً)، ئەو کاتە دەبێتە چاوگی (سَجَنَ)، (سَجَنَهُ)، واتە: بەندی کرد، خستیە بەندیخانەوە، کە بریتیە لەو شوێنە کە ئینسان تێیدا حەپس دەکرێو شوێنەکەی دەورە دەرەو ناتوانێ لێی بچێتە دەر، کەواتە: ئەگەر بە (سَجْن) بخوێنرێتەوە، یان: بەندکردن، بەڵام ئەگەر (سِجْن)بێ، یانی: چوونە بەندیخانە، واتە: چوونە بەندیخانە، یاخود بەند کران، ئاسانترە لەلام لە کەوتنە نێو گوناهەوە، ئەگەرنا وەك گوتم: بەندیخانە شتێك نیە لە خودی خۆیدا خۆشویستراو بێو خۆشبویسترێ .

٢) - ﴿وَإِلَّا تَصۡرِفۡ عَنِّي كَيۡدَهُنَّ﴾، ئەگەر پیلانی وان لە من لانەدەی .

(صَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ أي: دَفَعَهُ وَرَدَّهُ)، واتە: پیلانەکەی لێ لاداو لایبرد، واتە: ئەگەر تۆ پیلانی ئەوان کە بەرەو ڕووی من دێو، دژی من دەکرێ، ئەو نەخشەو فێڵە کە بۆ منی دادەنێن، ئەگەر تۆ ئەوە لە من لانەدەی .

وشەی (وَإِلَّا) لە ئەسڵدا (وإن لا) بووە، بەڵام (إنْ) لە (لا)دا دەغم کراوە .

٣) - ﴿أَصۡبُ إِلَيۡهِنَّ﴾.

ئەمە وەڵامی مەرجەکەیە (جَوَابُ الشَّرْطِ)، (أَصْبُ : أمِلْ)، واتە: مەیل دەکەم، بەلایاندا دەچم، (صَبا، يَصْبو، صُبواً، وصَبوةً، أي: مالَ وَاشتاقَ)،

بەلایدا چوو، ئارەزووی کرد، واتە: بەلایاندا دادەشکێم، ئەگەر تۆ نەمپارێزی، لێرەدا ئەمە ئەو ئەدەبە بەرزە دەگەیەنێ، کە ئینسانی بڕوادار، دەبێ چاکەو خێر، هەربگێڕێتەوە بۆ لای خوا، یوسوف لە خۆی ڕا بینیوەو خوای پەروەردگار توانای داوەتێ، بەلام دەبوو بیگێڕێتەوە بۆ خوا، ﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ ﴿٥٣﴾ ﴾النحل، ئینسان دەبێ داوای هاوکاریی‌و پشتگیریی‌و پشتیوانیی لە خوای بە بەزەیی بکات‌و، بە هێزی خۆی سەرسام نەبێ، ئەوەتا لێرەدا یوسوف دەڵێ: ئەگەر تۆ نەمپارێزی‌و پیلان‌و فێڵی وانەم لێ لانەدەی، بەلایاندا دەچم، بەلایاندا دادەشکێم .

٤) - ﴿ وَأَكُن مِّنَ الْجَاهِلِينَ ﴾، ئنجا سەرەنجام لە نەفامان دەبم، لێرەدا (جاهل) کۆیەکەی (جاهلین)ە، یان (جاهلون)ە، واتە: لە عەقڵ سووکان دەبم، لە نەفامان دەبم، یاخود (جهل) لێرەدا بەرانبەر (حلم)ە، (حِلْم) واتە: هێدیی‌و مەندیی‌و خۆ گرتن، بەلام (جهل)، واتە: پەلە پەل کردن‌و بەدەم شتێکەوە چوون‌و خۆ ڕانەگریی .

لێرەدا زانایان ئەوانەی کە لە حوکمە شەرعییەکان دەکۆڵنەوە، کە لە ئایەتە موبارەکەکان هەڵدەهێنجرێن، بە تایبەتی (القرطبي)، لە تەفسیرەکەی خۆی (الجامع لأحكام القرآن) هەروەها (إبن العربي) کتێبێکی هەیە بە ناوی (أحكام القرآن) کە (القرطبي) بە زۆری لە (إبن العربي)یەوە وەردەگرێ، ئنجا (القرطبي) لە تەفسیرەکەیدا[1] دەڵێ: {وَلَو أُكرِهَ رَجُلٌ بالسِّجْنِ عَلَى الزِّنَى، ما جازَ لَهُ إجْماعاً، فَإِنْ أُكرِهَ بالضَّرْبِ، فَقَد اخْتَلَفَ فِيهِ العُلَماءُ، والصَّحِيحُ أَنَّهُ إذَا كانَ فَادِحاً، فَإِنَّهُ يَسْقُطُ عَنْهُ إثْمُ الزنَى وَحَدُّهُ، وَقَدْ قَالَ بَعْض عُلَمائنا: إنَّهُ لا يسقطُ عَنْهُ الحَدُّ، وَهُوَ ضَعِيفٌ، فَإِنَّ الله تَعالى لا يَجْمَعُ عَلَى عَبْدِهِ عَذابَيْنِ، وَلاَ يَصرِّفُهُ بَيْنَ بَلاءَيْنِ، فَإِنَّهُ مِنْ أَعْظَمِ الحَرَجِ فِي الدِّين: ﴿ ... وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ... ﴿٧٨﴾ ﴾الحج} .

---

١) ج ٩، ص ١٥٣.

واتە: ئەگەر پیاوێك زۆری لێ بکرێو ناچار بکرێ، زینا بکات، بە یەك دەنگیی زانایان، بۆی نیە (بڵێ: ناچارم دەکەنو زۆرییم لێ دەکەن)، بەڵام ئەگەر زۆر لێکردنەکە چووە قاڵبی لێدانو ئەزیەت دانەوە، ئەوە زانایان تێیدا کەوتوونە ڕاجیاییو، ڕای ڕاست ئەوەیە: کە ئەگەر لێدانەکە زۆر بەئێشو ئازار بوو، زۆر ئەشکەنجەیاندا، ئەو کاتە ئەگەر لە بن باری لێدانو ئەشکەنجەدانێکی زۆردا، مل بدا بۆ زینا، ئەوە نە گوناهی دەگاتێو، نە سزای زیناشی بەسەردا دەچەسپێ، بەڵام هەندێ لە زانایان گوتوویانە: سزایەکەی لەسەر لاناچێ، واتە: گوناهی ناگاتێ، بەڵام دەبێ سزا بدرێ، بەڵام ئەوە ڕایەکی بێهێزە، چونکە خوا دوو سزایان لەسەر بەندەکەی خۆی کۆ ناکاتەوە، {واتە: کە هەم لەلایەن ئەوانەوە کە زۆری لێ دەکەن، ئەشکەنجە بدرێو ئازار بدرێ، هەم دواییش وەك سزای دنیایی سزای شەرعیشی بەسەردا بچەسپێ} و، خوا بەندەی خۆی ناخاتە نێو دوو بەڵایانەوە، {هەم مرۆڤەکان ئەزیەتی بدەن، هەم دوایی بە حوکمی شەریعەتیش سزا بدرێ}، چونکە ئەوە گەورەترین سەغڵەت کردنە لە دیندا، خوای میهرەبانیش دەفەرموێ: ﴿... وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ... ﴿٧٨﴾﴾الحج، واتە: خوا لە ئایینی خۆیدا، هیچ سەغڵەتییەکی لەسەر ئێوە دانەناوە.

قسەکەشی زۆر زۆر ڕاستە، بەڵام دیارە ئەو لێدانو ئەشکەنجەدانەش، پلە پلەیەو لە حاڵێکدا مرۆڤ بۆی دروستە، کە ئەو ئازارو ئەشکەنجەیە، ئازارو ئەشکەنجەیەکی جیددیی بێو، زۆر بە ئێشو نارەحەتکەر بێ، نەك هەر وا دوو سێ زللەی لێبدەن، بیکاتە بیانوو بۆ خراپە کردن.

مەسەلەی پێنجەم : بە دەنگەوە هاتنی پەروەردگاری بیسەرو زانایو لادانی پیلانی ئەو ژنانە لە یوسوف ﷺ :

وەك خوا دەفەرموێ : ﴿ فَٱسْتَجَابَ لَهُۥ رَبُّهُۥ فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٤﴾﴾.

توێژینەوەی ئەم ئایەتە لە سێ بڕگەدا:

١) ﴿ فَٱسۡتَجَابَ لَهُۥ رَبُّهُۥ ﴾، دیارە (ف) چۆتە سەر (إستجاب)، (إستجاب) لە ئەسڵدا (أجاب)ـە، یانی: خوا وەڵامی دایەوە، بەڵام (إستجاب)، واتە: زۆر باش، زۆر بە خەستیی وەڵامی دایەوە، (ف)ش کە دەچێتە سەری، لێرەدا بەدوادا هاتن (تعقیب) دەگەیەنێ، یانی: یەکسەر دوا بە دوای پاڕانەوەکەی یوسوف، پەروەردگاری زۆر باش بە دەنگیەوە هات، بە دەمیەوە هاتو وەڵامی دایەوە .

٢) - ﴿ فَصَرَفَ عَنۡهُ كَيۡدَهُنَّۚ ﴾، ئەویش هەر بە (ف)ی (تعقیب)، واتە: پیلانی وانی لێ لادا، یەکسەر زیانی پیلانەکەی ئەوانی لێ لادا، هەڵبەتە پیلانەکەیان هەر هەبووە، بەڵام پیلانی ئەوان کاریگەریی نەرێنیی نەبوو بۆ سەر یوسوف، دەنا پیلانەکە هەر هەبووە، ئەوە نەبووە کە خوای باڵادەست پیلانەکە لابەرێ، بەڵام پیلانەکەیان کاریگەریی نەبوو بۆ سەری، لەبەرئەوەی یوسوف خۆڕاگرو دامەزراو بوو، وەك ئەوەی کە فێڵەکەیان هەر لاچووبێ‌و نەمابێ، وابووە .

٣) - ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴾، بێگومان ئەو (خوا ﷻ)، زۆر بیسەرەو زۆریش زانایە، واتە: بیسەرە بۆ پاڕانەوەو لاڵانەوەو پەنا پێبردنی یوسوف، زاناشە بە نێو دڵ‌و دەروونیی‌و نهێنییەکانی نێو سینەی.

ئنجا خوا ﷻ لەبەرئەوەی پاکیی‌و ڕاستیی‌و، بە تەنگ پەیوەندیی نێوان خۆو خواوە بوونی، لە یوسوف بینیوە، زانیویەتی یوسوف چەند مەبەستیەتی خوای پەروەردگار لێی ڕازی بێ‌و، کارێك نەکات خوا لێی تووڕە بێ، کە ئەوەی لە دەرووندا زانیوە، بۆیە دوعایەکەی وەرگرتوە، مەبەستم ئەوەیە کە جاری وا هەیە کەسێك دوعاش دەکاو دەشپاڕێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوە کە لە دڵ‌و دەروونێکی ساغ‌و صافەوە نیە، دوعای سەر زارەکییە، خوا وەریناگرێ، وەك لە فەرمایشی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، فەرموویەتی: {ادْعُوا اللهَ وَأَنْتُمْ موقِنُونَ بالإِجابَةِ، وَاعْلَمُوا أَنَّ اللهَ لا يَسْتَجِيبُ دُعَاءً مِنْ قَلْبٍ غَافِلٍ لاهٍ}، {أَخْرَجَهُ

الترمِذِيُّ برقم: (٣٤٧٩) وَقَالَ: حَدِيثٌ غَرِيبٌ، وَالحَاكِم برقم: (١٨١٧)، وَقَالَ: مُسْتَقِيم الإِسْنَادِ، قَالَ الشيخ الألباني: حَسَنٌ} .

واتە: لە خوا بپارێنەوە لە کاتێك دا کە ئێوە دڵنیان خوا وەڵامتان دەداتەوە، (واتە: بە دڵێکی پاكو ساغو ڕاستەوە لە خوا بپارێنەوە، نەك دوعای سەرزارەکیی)، وە بشسزاننو دڵنیابن ! خوا وەڵامی دوعای دڵێکی بێئاگا ناداتەوە .

مەسەلەی شەشەمو کۆتایی : سەرەنجام زیندانیکرانی یوسوف، پاش دیتنی ئەو هەموو بەڵگانە لەسەر پاکێتییەکەی :

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ بَدَا لَهُم مِّنۢ بَعۡدِ مَا رَأَوُاْ ٱلۡأٓيَٰتِ لَيَسۡجُنُنَّهُۥ حَتَّىٰ حِينٖ ﴿٣٥﴾ ﴾.

توێژینەوەی ئەم ئایەتە بەپێزە لە دوو بڕگەدا:

١) - ﴿ ثُمَّ بَدَا لَهُم مِّنۢ بَعۡدِ مَا رَأَوُاْ ٱلۡأٓيَٰتِ ﴾، دوایی بۆیان دەرکەوت، قەناعەتیان وای لێهات، دوای ئەوەی نیشانەکانیان بینین، دوای ئەوەی ئەو هەموو بەڵگانەیان بینین، لەسەر ئەوە کە یوسوف پاکەو بێ گوناهو بێ خەتایە .

لێرەدا وشەی (ثُمَّ)، (للترتيب الرتبي) بۆ ڕیزبەندیی پلەیە، لەو پلەیە بۆ پلەیەکی بەرزتر، جاری وا هەیە (ثُمَّ) تەنیا بۆ بادانەوە (عطف)یە، بادانەوەی شتێك بۆ سەر شتێك، بەڵام لێرەدا بۆ ڕیزبەندیی پلەیە، چونکە دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوتوە، یوسوف چەند پاکە، ئنجا بڕیاری گرتنیان داوە، ئەوەش زۆر زۆر شتێکی سەرسووڕهێنەرەو سەرسووڕهێنەرترە لە شتەکانی پێشێ، ﴿ ثُمَّ بَدَا لَهُم ﴾، واتە: ئنجا دوای بینینی ئەو هەموو بەڵگانەش کەچی هاتنە سەر ئەو قەناعەتەو ئەوەیان بۆ دەرکەوت، کە بیگرن .

کە دەفەرموێ: (لَهُم)، واتە: کۆمەڵی عەزیزی میسر، چونکە پێشتر هەر باسی ئافرەتان بوو، بەڵام ئەمجارە پیاوانیش هاتنە نێو بابەتەکەوە، دیارە وەك پیاوان بڕیاریان داوە کە بیگرن، ئەگەرنا بەڵێ ئافرەتەکە هەڕەشەی لێکردوە، بەڵام بڕیاردانەکە بڕیاری کۆتایی، لەلایەن پیاوەکانەوە بووە، بۆئەوەی بە حیساب سومعەی خۆیان دەرباز بکەن، چونکە ئافرەتەکە وازی لە یوسوف هەر نەهێناوە، پێشێ بە تەنیا دوایی گەلە کۆمەکێی لێکردوە، دیارە عەزیزی میسریش – وەك پێشتر باسمان کرد – پیاوێکی بە دەمارو جوامێر نەبووە، هێندە پیاوەتییەی نەبووە کە ئافرەتەکە دووربخاتەوە، یان سزای بدات، یان بیترسێنێ، یاخود یوسوف لەو دوور بخاتەوەو یوسوف بەرێتە شوێنێکی دیکە، لە جیاتی ئەوەی کە بیگرن، (یوسوف)یش دیارە بێکەس بووە، کۆیلەیەك بووە، بۆیە بڕیاری زینداني کردنیان داوە، بۆ ئەوەی کە خۆیان لەو عەیبو شوورەییە دەربازکەن .

کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿مِّنۢ بَعۡدِ مَا رَأَوُاْ ٱلۡأٓيَٰتِ﴾، یانی: (مِنْ بَعْدِ ما رَأَوا العَلاَماتِ الدالَّةِ عَلَى نَزَاهةِ يُوسُف)، دوای ئەوە کە ئەو هەموو بەڵگانەیان بینین، لەسەر ئەوە کە یوسوف پاکە، لەسەر پاکێتیی یوسوف. ئنجا ئەو بڕیارەشیان دا، واتە: ئەوە شتێکی زۆر جێی سەرسوڕمانە .

ئایا ئەو بەڵگانە چی بوون ؟

یەکەم : کراسە دڕاوەکەی یوسوف بوو، کە لە پشتەوە ڕادڕابوو .

دووەم : شایەدییدانەکەی خزمەکەی ئافرەتەکە بوو، کە شایەدییدا وەك حەکەمێك .

سێیەم : کۆبوونەوەی ئافرەتەکانو گەلە کۆمەکێ کردنیان بوو لە دژی یوسوف .

چوارەم : دەستو پەل بڕینی خۆیان بوو، لەو کۆڕو مەجلیسەدا .

پێنجەم : حاڵەتی ڕواڵەتی یوسوف بوو، کە هەر کەسێك تەماشای کردبایە، دەیزانی پیاوێکی پاكو چاکە، هەر وەك ئەو ئافرەتانە کە

بینییان، یەکسەر گوتیان: ﴿ حَـٰشَ لِلَّهِ مَا هَـٰذَا بَشَرًا إِنْ هَـٰذَآ إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ ﴿٣١﴾ ﴾، کە وەك پێشتر باسم کرد، هۆکاری سەرسووڕمانو سەرسام بوونی ئافرەتەکان بە یوسوف، بەرلەوەی جوانیی ڕواڵەتیی بێ، جوانیی مەعنەویی بووە، ڕەوشت بەرزییەکەی بووە، حەیاو حیشمەتەکەی بووە، سامو هەیبەتەکەی بووە، پاکیی‌و چاکییەکەی بووە، جوانیی ڕووحو ناخی بووە، پێش جوانییو بەرچاویی ڕواڵەتو جەستەیی .

٢) ﴿ لَيَسْجُنُنَّهُۥ حَتَّىٰ حِينٍ ﴾، واتە: بۆیان دەرکەوت کە بێگومان دەبێ بۆ ماوەیەکی دیاریی کراو، بیخەنە بەندیخانەوە، زیندانیی بکەن .

(حِينٍ)، واتە: کاتێك، لێرەدا واتە: کاتێکی دیاریی نەکراو، هەتا کاتێك کە خۆیان بە پێویستی دەزانن، کە سەرەتاکەی دیارە، بەڵام کۆتاییەکەی دیار نیە، یوسوف بخەنە بەندیخانەوە، چ ستەمێکی گەورە، یوسوف ﷺ لەگەڵیدا ڕووبەڕووبۆتەوە!! دوای ئەوەش کە بوختانی پێکراوە، دوای ئەوە کە ئەو هەموو هەوڵەی لەگەڵدا دراوە، کە تووشی گوناهو تاوان بکرێ، کەچی ملی نەداوە، بەڵام لە جیاتی ئەوەی عەزیزی میسر ئەوەندە پیاوەتیی هەبێ، سزای هاوسەرەکەی خۆی بداتو، دەستخۆشیی لە یوسوف بکات، هەر ئەوەندەی بە یوسوف گوتوە: یوسوف باسی مەکەو بەردی لەسەر دانێ، بە ئافرەتەکەشی گوتوە: خەتای تۆیەو داوای لێبوردن بکە، واتە: لە مێردەکەت، ئنجا دوایش کە خێزانەکەی دیسان وازی نەهێناوەو، کۆمەڵێك ئافرەتی کۆکردوونەتەوەو، گەلە کۆمەکێی لە دژی یوسوف کردوە، بۆ ئەوەی تووشی داوی خۆی بکات، داوی شوورەیی نەنگییو بەدڕەوشتیی، دوای ئەوەی یوسوف ملی نەداوە، لە جیاتی ئەوەی دەستخۆشیی لێبکات، کەچی ئەوی بەند کردوەو ئافرەتەکەش لە ماڵی خۆی، وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچووە !!

هەڵبەتە ئێستاش لەم ڕۆژگارەدا ئەو جۆرە ستەمانە هەر هەن، وەك لە فەرمایشتێکی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ستكُونُ قَبْلَ السَّاعَةِ سِنُونَ خَدَّاعَةٌ، يُكَذَّبُ فِيهَا الصَّادِقُ، وَيُصَدَّقُ فِيهَا الْكَاذِبُ، وَيُخَوَّنُ فِيهَا الأَمِينُ، وَيُؤْتَمَنُ فِيهَا الْخَائِنُ}، {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم:

(٧٨٩٩)، تعليق شعيب الأرنؤوط: إِسْنَادُهُ حَسَنٌ، وَابن ماجَهْ برقم: (٤٠٣٦)، وَصَحَّحَهُ الألباني، وَالحَاكِمُ برقم: (٨٤٣٩) وَقَالَ: صَحِيحُ الإِسْنَاد} .

واتە: ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: پێش دنیا تێکچوون، سالآنێکی فریودەر دێن، کە بابای ڕاستبێژ بە درۆزن دادەنرێ‌و، بابای درۆزنیش بە ڕاستبێژ دادەنرێ، هەروەها بابای ئەمیندارو پاك بە خائین لە قەڵەم دەدرێ‌و، ئینسانی خائین‌و ناپاك، بە ئەمیندار دادەندرێ .

خوا پەنامان بدات، کە بێگومان ئەگەر ئەو کاتە وا بووە، ئێستا زۆر بە تۆختر ئەوە هەیەو، بەشەر لە ڕووی ڕەوشت‌و ئاکارو دوور کەوتنەوە لە بەها بەرزەکان، زۆر زیاتر تووشی خلیسکان‌و لادان بووە .

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی شەشەم

پێناسـەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمـان حەوت (٧) ئـایـەت دەگـرێتـە خـۆی، ئـایـەتـەکـانی: (٣٦ تا ٤٢)، لـەم (٧) ئـایەتـەدا، ئاڵقـەی پێنجەمی زنجیـرەی بەسەرهاتی یوسـوف عليه السلام هەیە، کە بریتیـە لە بەسەرهاتی یوسوف لەگەڵ دوو هـاوەڵـە بـەندییـەکـەی (دوو هـاوەڵـە زیندانییـەکەی)، کـە بـەهـۆی خـەون دیتـنیـانـەوە، دەچن بـۆ لای یوسـوف، تـەعبیـری خـەونـەکـانیـان بـۆ بکات، ئـەویش لەمیـانی ئەوەدا کە خۆییـان پێ دەنـاسێـنێ، کـە کێیەو لـەسـەر چ ئایینو بـەرنـامـەیـەکەو، بـابو بـاپیـرانی کێنو، چـۆن بـوون ؟ دوایـی لـەبارەی پووچەڵـیی شیـرکو، ڕاستیی خـوا بەیەك گـرتنـەوە، قسـەیان بۆ دەکات، ئنجا دێتـە سـەر تەعـبیـری خـەونـەکـانیـانو هـەردوو خـەونـەکـەیـان بـۆ تـەعـبیـر دەکات، ئـەومیـان کـە لـە خـەوندا بینیـویـەتی: تـرێـی گوشـیوەو کـردوویـەتی بـە شـەڕاب بـۆ خـاوەنـەکـەی خـۆی، ئـەوە دەربازی دەبێو، دەچێتەوە سەر پیشەکەی خۆی، بەڵام هی دووەمیان کە خەونی بینیوە: خـواردنێکی لەسەر سـەر بـووەو بـاڵـندان لـەو خـواردنـەیـان خـواردوە، هـەڵدەواسـرێو، بـاڵـندە (واتـە: بـازو داڵو خـەرتـەڵو داڵاش) لـە گۆشـتی سـەرو گـوێلاکـی دەخۆن .

ئنجا لـە کـۆتایی دا بـەوەیـان دەڵێت کـە پێـی وایـە دەربـازی دەبێ: - کـەوا پێدەچێ مەیگێڕی پادشا بووبێ، وەك دوایی باسی دەکەین - لەلای گەورەکەت، لەلای خاوەنەکەت باسم بکە، کە بە زوڵم لێرەو بوختانم پـێ کـراوەو بـە نـاهـەق بەنـد کـراوم، کـەچـی شـەیتان لـەبیـری ئـەو هـاوەڵـەی دەبـاتەوە، کە باسی یوسوف بکـات، بۆیە چـەند سـاڵێك لـە زینـدانـدا دەمێنێتـەوە، ﴿فَلَبِثَ فِي ٱلسِّجۡنِ بِضۡعَ سِنِينَ ۝٤٢﴾ یوسـف، (بِضۡعَ)یـش، وەك دوایی بـاسی دەکـەین، لـە (٣ تا ٩)یـە، ئنجا ئـایا چوار سـاڵ بـووە ؟ پێنج بـووە ؟ شەش بووە ؟ زۆرێك دەڵێن : حەوت سـاڵ بـووە، لـە زینداندا دەمێنێتـەوە بە ناهەق .

﴿ وَدَخَلَ مَعَهُ ٱلسِّجۡنَ فَتَيَانِۖ قَالَ أَحَدُهُمَآ إِنِّيٓ أَرَىٰنِيٓ أَعۡصِرُ خَمۡرٗاۖ وَقَالَ ٱلۡأٓخَرُ
إِنِّيٓ أَرَىٰنِيٓ أَحۡمِلُ فَوۡقَ رَأۡسِي خُبۡزٗا تَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ مِنۡهُۖ نَبِّئۡنَا بِتَأۡوِيلِهِۦٓۖ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ
ٱلۡمُحۡسِنِينَ (٣٦) قَالَ لَا يَأۡتِيكُمَا طَعَامٞ تُرۡزَقَانِهِۦٓ إِلَّا نَبَّأۡتُكُمَا بِتَأۡوِيلِهِۦ قَبۡلَ أَن يَأۡتِيَكُمَاۚ
ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّيٓۚ إِنِّي تَرَكۡتُ مِلَّةَ قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ
كَٰفِرُونَ (٣٧) وَٱتَّبَعۡتُ مِلَّةَ ءَابَآءِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَۚ مَا كَانَ لَنَآ أَن نُّشۡرِكَ
بِٱللَّهِ مِن شَيۡءٖۚ ذَٰلِكَ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ عَلَيۡنَا وَعَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا
يَشۡكُرُونَ (٣٨) يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ (٣٩)
مَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسۡمَآءٗ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا
مِن سُلۡطَٰنٍۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ
أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ (٤٠) يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ أَمَّآ أَحَدُكُمَا فَيَسۡقِي رَبَّهُۥ خَمۡرٗاۖ
وَأَمَّا ٱلۡأٓخَرُ فَيُصۡلَبُ فَتَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ مِن رَّأۡسِهِۦۚ قُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ ٱلَّذِي فِيهِ تَسۡتَفۡتِيَانِ
(٤١) وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُۥ نَاجٖ مِّنۡهُمَا ٱذۡكُرۡنِي عِندَ رَبِّكَ فَأَنسَىٰهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ
ذِكۡرَ رَبِّهِۦ فَلَبِثَ فِي ٱلسِّجۡنِ بِضۡعَ سِنِينَ (٤٢) ﴾.

مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکـان

{یوسـوف چووە بەندیخانـەوەو، دوو لاو (ی خزمـەتکـار)یش لەگەڵـیدا چوونـە گرتووخانـە، (خـەونیـان دیبوو)، یـەکیـان گـوتـی : خـۆمم (لـە خـەونـدا) بیـنـی، کە ترێی مـەیـیم دەگوشی، ئـەوی دیکەشیـان گـوتـی : مـن خـۆمم (لـە خـەونـدا) بینـی کـە لەسـەر سـەرم نـانم هەڵگرتبـوو، باڵنـدان لێیـان دەخـوارد، ئەنجـام (وتـەعبیـر)ەکەیمـان پـێ بڵـێ: بـە دڵنیـایی ئێمـە لـە چاکەکـارانت دەبینیـن ﴿٣٦﴾ (یوسـوف) گوتـی : خـواردنێك کـە وەك بژیـو (ی ڕۆژانـە) بۆتـان دێ، بـەر لـەوەی بۆتـان بـێ، مـن (تـەعبیـرو) ئەنجامـەکەیتـان پـێ دەڵـێم، ئـا ئـەو (تـەعبیـر زانـین)ەش کـە پێتـان دەڵێم، لـەو زانستـەیـە کـە پەروەردگـارم فێری کـردووم، (لـە سۆنگەی ئـەوەوە کـە) مسۆگـەر مـن وازم لـە ڕێبـازی کۆمـەڵـێك هێنـاوە {خـەڵـکی وڵاتـی میسـر} ، کە بڕوا بـە خـوا نـاهێنـن و، بـە ڕۆژی دوایش بێبـڕوان ﴿٣٧﴾ هـەروەها شـوێن (بـەرنـامـەو) ڕێبـازی بـاوانـم: ئیبـراهیمو ئیسحاقو یـەعقووب کەوتـووم، ئێمـە بۆمـان نیـە کـە هیچ شـتێك بکەینـە هاوبـەشی خـوا، ئـەوەش چاکـەو بـەخششـی خوایـە لەسـەر ئێمەو لەسـەر خـەڵکیش، بـەڵام زۆربـەی خـەڵـکی سـوپاس (ی خـوا) نـاکەن ﴿٣٨﴾ ئـەی دوو هاوەڵەکەی گرتـووخـانـەم! ئـایـا چەند پەروەردگارێکی جیـاواز بـاشـتـرە (بپەرسـتـرێن)، یـان خـوای تـاکی (بـاڵا دەسـتـو) مـل پـێ کـەچکـەر؟ ﴿٣٩﴾ ئێوە هیچ نـاپەرسـتن جگە لـە چەند نـاوێك (ی بـێ نێـومڕۆك)، کـە خـۆتانو بـابـو بـاپیـرانتـان کـردووتـانن بـە نـاو (بـۆ چەند پەرستـراوێکی ساختـەو بـێ نێـومڕۆك)، خـوا هیچ بـەڵگـەیـەکی لەسـەر نـەنـاردوونـە خـوارو، بڕیـار بـەس هـی خـوایـە (لـە بوونـدا)، فـەرمـانی کـردوە کـە جگـە لـەوی (هـیچ شـتێك) نـەپەرسـتن، ئـا ئـەوە بـەرنـامـەی ڕێكو ڕاسـتـە، بـەڵام زۆربـەی خـەڵـکی نـازانن ﴿٤٠﴾ ئـەی دوو هاوەڵەکـەی بـەندیخانـەم! یـەکێکتان (مانای نەخەوتوەکە ئەوەیە کـە: ڕزگـاری دەبێو دەچێتـەوە

سەر پیشەکەی پێشووی‌و) مەی بەسەر خاوەنەکەی دا دەگێڕێ، بەلاّم (خەونی) ئەوی دیکە (ئەوە دەگەیەنێ کە سزا دەدرێ‌و) هەڵدەواسرێ، ئیدی سەرەنجام باڵندە لە (گۆشتی سەرو گوێلاکی) دەخۆن‌و، ئەوەی لەبارەیەوە پرسیارتان دەکرد، تێپەڕی (و تەواو بوو) ﴿٤١﴾ ئنجا بە وەیانی گوت: کە پێی وابوو قوتار بوویە: لە لای خاوەنەکەت (واتە: پادشا) باسم بکە، (کە بە ناهەق زیندانیی کراوم)، بەلاّم شەیتان لە بیری بردەوە، (کە بۆ خاوەنەکەی باس بکات)، بۆیە سەرەنجام چەند ساڵێك لە بەندیخانەدا مایەوە ﴿٤٢﴾} .

شیكردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(فَتَيَانِ): (الفَتَى: الطريُّ مِنَ الشَّبابِ وَالأُنْثَى فَتَاة، وَيُكَنَّى بهِما عَنِ العَبْدِ وَالأَمَة) (فَتَى)، واتە: لاو، گەنجێك كە تازە سمێڵی بۆر بووبێ‌و، بە مێینەكەی دەگوترێ: (فتاة)، كچێك كە تازە عازەب دەبێ‌و پێدەگات، وشەی (فَتَى) و (فَتَاة)یش بەكار دەهێنرێن، بۆ كۆیلەو كەنیزەك، كاتی خۆی وەك كینایە بۆ ئەو دووانە بەكار هاتوون، وەك جۆرێك لە رێز لێگرتن، كە وەك دوایی ئامازەی پێدەكەین، فەرمایشتی پێغەمبەری خوای ﷺ لەسەرە .

(أَعْصِرُ خَمْرًا): واتە: شەراب دەگوشی، بەلام مەبەست ئەوەیە: ترێ، یاخود خورمام دەگوشی‌و دەمكردە شەراب، دەڵێ: (العَصْرُ: مَصْدَرُ عَصَرْتُ، وَالمَعْصُور: الشيء العَصِيرُ، والعُصَارَةُ: نفَايَة ما يُعْصَرُ، وأَصْلُ الخَمْرِ: سَتر الشيء، وَالخِمارُ ما يُسْتر بهِ، والخَمْرُ سُمِّيت لِكونِها خامِرَةً لِمَقرّ العَقْل) .

(عَصْر) چاوگی (عَصَر)یە، دەگوترێ: (عَصَرْتُ العِنَبَ)، واتە: ترێیەكەم گوشی، (معصور) بریتیە لەو شتەی كە گوشراوە، لە ئەنجامی گوشراندا ئەو ئاوەی كە پەیدا دەبێ، ئەو شیلەیەی كە پەیدا دەبێ، پێی دەگوترێ: (عَصِير) یان (معصور)، (عُصارَة)یش، بریتیە لە تلْتی ئەو شتەی كە دەگوشرێ، تڵتەكەی كە فرێ دەدرێ، پێی دەگوترێ: (عصارة)، یان (نفاية).

(خمر)یش، بۆیە پێی گوتراوە: (خمر)، چونكە یانی: داپۆشینی شتێك، (خِمار) كە كۆیەكەی (خُمُر)ە، بە سەرپۆش دەگوترێ، لەبەرئەوەی سینگ‌و بەرۆكی، یان سەرو قژی ئافرەتی پێ دادەپۆشرێ، (خمر)یش بۆیە پێی گوتراوە، چونكە داپۆشەری عەقڵە .

(خُبْزًا): بە عەرەبی (رغيف)یشی پێ دەڵێن، واتە: نان، كولێرە، (اسْمٌ لِقِطْعَة مِنْ دَقِيقِ البُرِّ أَو الشَّعِير، أَوْ نَحْوِهِما، يُعْجَنُ بالماءِ وَيُوضَعُ قُرْبَ النارِ، حَتَّى يَنْضَج

ليُؤْكَلَ)، بە پارچەیەك دەگوترێ لە ئاردی گەنم، یان جۆ، یاخود هاوێنەكانیان، لەگەڵ ئاودا تێكهەڵدەشێلرێو دەكرێتە هەویر، دوایی پان دەكرێتەوەو لە نزیك ئاگرەوە ڕادەگیرێ تاكو تۆزێ دەبرژێو دەخورێ .

(تُرْزَقَانِهِۦٓ): (الرِّزْقُ: يُقَالُ للعَطَاء الجاري تَارَةً، دُنيَويا كانَ أو أُخْرَويا، وللنَّصِيب تَارَةً ، وَلِما يَصِل إلى الجَوْف وَيُتَغذَّى به تارة)، (رزق)، بەو بژیوە دەگوترێ كە لە ڕووی دنیاییەوە تەرخان دەكرێ، یان لە ڕووی دواڕۆژەوە، جاری وایە (رزق) بەو پشكو بەشە دەگوترێ: كە بۆ ئینسان دادەنرێ، جاری واش هەیە بەو خواردنە كە دەچێتە نێو گەدەی ئینسانەوە .

(مِلَّةَ): (المِلَّة: كالدِّين وَالفَرْقُ بَيْنَهُمْا أَن المِلَّة لا تُضَافُ إلاَّ إلى النبي الَّذِي تُسْنَدُ إلَيْهِ)، وشەی (مِلَّة)، وەك دین وایە، واتە: ڕێبازو بەرنامە، بەلاّم (دین) پاڵدەدرێتە لای خوا، بەلاّم (مِلة)، پاڵ دەدرێتە لای ئەو پێغەمبەرە (عليه الصلاة والسلام)، كە لەگەڵیدا باس دەكرێ، وەك: (میللەتی ئیبراهیم) .

(ءَأَرْبَابٌ مُّتَفَرِّقُونَ): (أَربـاب) كۆی (رب)ە، واتە: خاوەن، پەروەردگار، گەورە، ئنجا (الربّ: مَصْدَرٌ مُسْتَعَارٌ للفَاعِل، ولا يُقَال الربّ مُطْلَقاً، إلاَّ للهِ تَعَالى، وَمِنْ حَقّ (رَبّ) ألاَّ يُجْمَع لكن جُمِعَ عَلَى حَسَبِ اعْتِقَادِهِم)، وشەی (رب)، چاوگە خوازراوەتەوە بۆ بكەر (فاعل) یانی: پەروەردەكەرو خاوەن، بە ڕەهایی بە كەس ناگوترێ: (رب)، بێجگە لە خوا، وشەی (رب)یش، نەدەبوو كۆ بكرێتەوە، وەك چۆن (الله) كۆ ناكرێتەوە، چونكە هەر یەك (رب) هەیە كە خوایە، بەلاّم بە پێی بۆچوونی خەڵك كە پێیان وابووە: چەند پەروەردگارێكیان هەن، لێرەدا كۆكراوەتەوە بە (أَرْباب).

(ٱلْقَهَّارُ): (القهر: الغَلَبَة وَالتَّذْلِيلُ مَعَاً، وَلِكُلّ وَاحِدٍ مِنْهُما)، وشەی (قَهار) لە (قَهر)ەوە هاتوە، (قَهر)، بریتیە لە زاڵ بوونو مل پێكەچ كردن پێكەوە، بە هەر كامێكیشیان، واتە: هەم بە زاڵ بوونو، هەم بە مل پێكەچ كردن. دەگوترێ: (قَهر)، (قَهّار)یش، واتە: كەسێك كە زۆر بەرانبەرەكانی، یان دروستكراوەكانی، مل پێكەچ دەكاتو بەسەریاندا زاڵە (كە خوای پەروەردگارە).

(سُلۡطَـٰنٍ): لێرەدا بە مانای بەڵگە دێ، بەلام لە چیەوە هاتوە؟ (السَّلاَطة: التَّمَكُّنُ مِنَ القَهرِ)، (سَلاَطة)، واتە: دەست ڕۆیشتوویەتی لە ڕووی مل پێکەچکردنەوە، (وَسُمِّي الحُجَّةُ سُلْطاناً لِهُجُومِهِ عَلَى القُلُوبِ)، بەڵگە بۆیە پێی گوتراوە (سُلْطان)، چونکە هێرش دەکاتە سەر دڵو عەقڵی خەڵكو داگیری دەکاتو، دەیخاتە ژێر ڕکێفو کۆنترۆڵی خۆیەوە، وەك کوردەواریی دەڵێن: (لە هەقێ ئاو ڕادەوەستێ) .

(ٱلۡحُكۡمُ): (الحُكْمُ بالشيءِ: أَنْ تَقْضِي بِأَنَّهُ كَذَا أَوْ لَيْسَ بكَذَا)، كە دەگوترێ: (حَكَمْتُ بالشيء، أو لشيء)، واتە: بڕیارمدا کە ئەو شتە وایە، یان وانیە.

(ٱلدِّينُ): (المَنْهَج، الجزاء، الخضوع، الطاعة)، دیارە وشەی (دین) بە مانای بەرنامە دێو، بە مانای سزاو پاداشت دێ، بە مانای ملکەچیی دێ، بە مانای بە قسەکردن دێ، وە چەند مانایەکی دیکەشی هەن، بەلام لێرەدا (دین) بە مانای بەرنامە دێ .

(ٱلۡقَيِّمُ): (أَي: الثابتُ المقوّم لأمورِ مَعَاشِهِم وَمَعَادِهِم)، (قَيّم)، بە مانای چەسپاوو نەگۆڕو ڕاگر دێ، بۆ کاروباری ژیانو دنیاو دوارۆژیان .

(فَيُصۡلَبُ): (الصَّلْبُ: تَعْلِيقُ الإِنْسانِ بالقَتْلِ، قِيلَ: هُوَ شدُ صَلْبِهِ عَلَى خَشَبٍ)، (صَلْب) بریتیە لە هەڵواسینی ئینسان بۆ ئەوەی کە بیکوژن، گوتراویشە بەوە دەگوترێ: کە پشتی ئەو کەسە لە تەختەیەك قایم بکرێ، (نەهێڵن بجووڵێ، تاکو گیانی دەردەچێ) .

(قُضِيَ): واتە: تەواو بوو، تێپەڕی (القَضَاءُ: فَصْلُ الأَمْرِ، قَوْلاً ذَلِكَ كانَ، أَوْ فِعْلاً)، (قَضَاء) بریتیە لە تێپەڕاندنی شتێك، ئەنجامدانی شتێك، بە قسە بێ، یان بە کردەوە .

(تَسۡتَفۡتِيَانِ): واتە: دەپرسن، پرسیار دەکەن، داوای زانیاریی دەکەن، (الفُتْيا: الفَتوى: الجَوَابُ عَما يُشْكِلُ مِنَ الأَحْكامِ)، (فُتِيا)و (فَتوى)، وەلامی حوکمێکە کە بۆ خەڵك نەزانراوەو لە خەڵك ئالۆز بووە، ئنجا بەهۆی فەتواوە، ڕوون دەبێتەوە.

مانـای گـشـتـی ئایـەتەکـان

خـوا ﷻ لێرەدا باسی ڕووداوی لەگەڵ یوسوفدا بەندکرانی دوو کەس دەکات، کە بە (فَتَيَانِ)، واتە: دوو گەنجەکان، یان دوو کۆیلەکان، یان دوو غولامەکان، ناویان دێنێ، بەڵام ناویان نەهاتوە لە قورئاندا، تەماشای پەیمانی کۆنیشم کرد، لەوێشدا ناویان نەهاتوەو، خوای پەروەردگار ئاوا دەست پێدەکات: ﴿ وَدَخَلَ مَعَهُ ٱلسِّجْنَ فَتَيَانِ ﴾، لە دەرسی پێشوودا باسی ئەوە کرا کە عەزیزی میسرو دەوروبەرەکەی، دوای ئەوەی ئەو هەموو نیشانەو بەڵگانەشیان کەوتنە بەرچاو، لەسەر ڕاستیی‌و پاکیی‌و بێ خەتایی یوسوف‌و، بار بەلاداکەوتنی هاوسەرەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاریان دا کە پێویستە یوسوف بۆ ماوەیەکی دیاریی نەکراو، بەند بکەن، بیخەنە بەندیخانەوە، بۆ ئەوەی عەیبی خۆیانی پێ داپۆشن، ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَدَخَلَ مَعَهُ ٱلسِّجْنَ فَتَيَانِ ﴾، دوو گەنج، دوو لاو لەگەڵی چوونە بەندیخانەوە.

(فَتَيَانِ) دووانە(مُثَنَّى)ی (فتى)یە، (فتى): واتە: لاو، گەنجی تازە پێگەیشتوو، بۆ کوڕە کە تازە سمێڵی خەتێ دەدا، بۆ کچ (فتاة) کە تازە عازەب دەبێ، کوڕو کچ کە تازە عازەب دەبن‌و دەکەونە نێو قۆناغی باڵغ بوونەوە، بەڵام بە (کنایة)یان وەك خواستنەوە (إستعارة)ش، وشەی (فتى) و (فتاة)، بەکاردەهێنرێن بۆ خزمەتکارو بۆ کۆیلە، هی نێر (فتى)، هی مێ (فتاة)، کە وا دیارە دوو کۆیلەو خزمەتکار بوونە، لەگەڵی چوونە بەندیخانەوە، ﴿قَالَ أَحَدُهُمَآ إِنِّيٓ أَرَىٰنِيٓ أَعۡصِرُ خَمۡرٗاۖ ﴾ (دیارە خەونیان دیوە)، یەکێکیان خەونەکەی وابوو گوتی: من خۆمم دەبینی کە شەڕابم دەگوشی .

هەندێك لە زانایان دەڵێن: (خمر)، بە مانای (عنب)ە، واتە: ترێم دەگوشیو دەمکردە شەراب، هەندێکیش دەڵێن: ﴿أَعۡصِرُ خَمۡرٗا﴾، یانی: (أَعۡصِرُ عِنَباً فَيَصِيرُ خَمۡراً)، ترێم دەگوشیو دەبوو بە مەی، شەراب، خەونەکەی ئەوەندە بوو، ﴿وَقَالَ ٱلۡأٓخَرُ﴾، ئەوەی دیکەشیان گوتی: ﴿إِنِّيٓ أَرَىٰنِيٓ أَحۡمِلُ فَوۡقَ رَأۡسِي خُبۡزٗا تَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ مِنۡهُۗ﴾، من خۆمم بینی لەسەر سەرم نانم هەڵدەگرت، نانم هەڵگرتبوو لەسەر سەرم، باڵندە لێیان دەخوارد، ﴿نَبِّئۡنَا بِتَأۡوِيلِهِۦٓۖ﴾، هەواڵی سەرەنجامەکەیمان پێ بدە، هەواڵی ماناو مەبەستو تەعبیری ئەو خەونەمان پێ بڵێ، ﴿إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾، بێگومان ئێمە تۆ لە چاکەکاران دەبینین، واتە: بەگشتی چاکەکاری، هەندێکیشیان گوتوویانە: واتە: لەوانەت دەبینین کە چاك تەعبیری خەونان دەکەی، بەڵام مانایەکەی گشتییتر بێ، ڕێکتر دێتەوە لەگەڵ کەسایەتی یوسوف ﷺو لەگەڵ کۆی بەسەرهاتەکەشداو، هەڵبەتە یوسوف، پیاوێکی چاکەکار بووە بە گشتی، ڕووی خۆش بووە لەگەڵ خەڵکداو قسەی خۆش بووەو هاوکاریان بووەو لەگەڵیان بە ڕەحم بووە، بە دەمیانەوە چووەو، بە گشتی چاکەکار بووە لەگەڵیان، جا ئەوان گوتوویانە: مادام یوسوف بە گشتی چاکەکارە، مەزەندەی ئەوەشیان لێکردوە، کە دەشتوانێ واتاو هەواڵی ئەو خەونانەشیان پێ بدات .

بۆیەش گوتوویانە: (بِتَأۡوِيلِهِۦٓ)، چونکە هەرچەندە (رؤيا)، (مؤنث)ە، بەڵام مێینەی مەجازیی (المؤنَّث المجازي)یە، یاخود: (بِتَأۡوِيلِهِۦٓ)، یانی: (بتأويل المنام) یان (بتأويل حديث المنام)، ئەو قسەیەی کە لە خەوندا لەگەڵمان کراوە، یاخود کردوومانە، یان ئەوەی کە لە خەوندا بینیومانە، بەو شێوەیە دەچن بۆ لای یوسوفو خەونەکانی خۆیانی بۆ دەگێڕنەوەو داواشی لێدەکەن کە سەرەنجامو تەعبیری خەونەکەیانیان پێ بڵێ، کە دەشڵێن: ئێمە تۆ لە چاکەکاران دەبینین، واتە: ئەو ئومێدی خێرەی کە بە تۆمان هەیە، کە خەونەکانمان بۆ مانا بکەی، لەبەر ئەوەیە کە تۆ پیشەت چاکەکارییە .

یوسوف ﷺ وەڵام دەداتەوە: ﴿ قَالَ لَا يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِۦٓ إِلَّا نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِۦ قَبْلَ أَن يَأْتِيَكُمَا ﴾، یوسوف گوتی: خواردنێك كە بۆتان دیاریی كراوە وەك بژیو، بۆتان نایەت، مەگەر من هەواڵی خەونەكەی خۆتانتان پێ دەڵێم، پێش ئەوەی ئەو خۆراكە دیارییكراوە بۆتان بێ، دیارە ئەوانەی لە بەندیخانە دان، بە زۆریی كات بە ڕووداوەكان دیاریی دەكەن، چونكە زۆر جار بەندیخانەكان وان، كە نازانی كەی خۆر هەڵدێ، كەی خۆرئاوا دەبێ، شەوو ڕۆژ لێك ناكەیەوە، بۆیە بە ڕووداوەكان كات دیاریی دەكەن: كاتێ خواردنیان بۆ دێ، كاتێ دەرگا دەكرێتەوە...هتد، (یوسوف)یش، دەڵێ: بەر لەوەی : خواردنێ كە بۆتان دیارییكراوە ڕۆژانە وەك بژیو، بۆتان بێ، من تەعبیری خەونەكەتان پێ دەڵێم، واتە: دڵیان خۆش دەكات، یانی: بەرلەوەی كاتی ژەمە خواردنەكەتان بێ، من مانای خەونەكەتانم بە ئێوە گوتوە، بۆیەش وا دەڵێ، چونكە بە تەمایە هەندێ قسەی دیكەیان لەگەڵدا بكات، بەر لەوەی مانای خەونەكەیان پێ بڵێ، ئیدی لە سەرەتاوە دڵیان خۆش دەكات، بۆ ئەوەی وانەزانن دەیانخافڵێنێ‌و، دواییش مانای خەونەكەیان پێ نالێ، كە ئەم مانایە زیاتر بە عەقڵەوە دەنووسێ، هەڵبەتە توێژەرەوانی قورئان زۆریان خۆ ماندوو كردوە بۆ مانا لێكدانەوەی ئەم ڕستەیە:

﴿ قَالَ لَا يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِۦٓ إِلَّا نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِۦ قَبْلَ أَن يَأْتِيَكُمَا ﴾.

١/ زۆربەیان وایان لێكداوەتەوە كە: هەر خواردنێكتان بۆ بێ، پێش ئەوەی بۆتان بێ، من پێتان دەڵێم چ جۆرە خواردنێكتان بۆ دێ، هەندێكیان وایان لێكداوەتەوە، واتە: هیچ خواردنێكتان بۆ نایەت، مەگەر من دەڵێم: كاتی نیوەڕۆ ئەو خواردنەتان بۆ دێ، ئێوارە ئەو خواردنەتان بۆ دێ، بەیانی ئەو خواردنەتان بۆ دێ، پێش ئەوەی بۆتان بێ، من پێتان دەڵێم: چیتان بۆ دێ.
ك عیسا ﷺ یەكێك لە موعجیزەكانی ئەوە بووە، وەك خوا دەفەرموێ:
﴿ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِى بُيُوتِكُمْ ﴿٤٩﴾ ﴾آل عمران، واتە: هەواڵتان پێ دەدەم بەو خواردنانەی كە لە ماڵەوەتان پاشەكەوتتان كردوەو. ئەوەی كە ڕۆژانە دەیخۆن، ژەماو ژەم دەیخۆن، پێتان دەڵێم چییەو چۆنە؟ پێش

ئەوەی بۆتان بێ، واتە: هەواڵ پێدان بە نادیار بە شتێك كە نایزانن، هەڵبەتە ئەوە وەك موعجیزەیەك خوای پەروەردگار داویەتی بە عیسا لە ڕیزی كۆمەڵێك موعجیزەی دیكەشدا، صەڵاتو سەلامی خوای لەسەر بێ، بۆ ئیسپاتی پێغەمبەرایەتیی خۆی .

٢/ هەندێكی دیكە وا مانایان لێكداوەتەوە، هەر خواردنێك لە خەوندا بینیوتانە، هەواڵتان پێ دەدەم، پێش ئەوەی لە دنیای واقیعدا ئەو خواردنەتان بۆ بێ، واتە: كە خەون بە خواردنێكەوە دەبینن، من پێتان دەڵێم مانایەكەی چییە؟ بەرلەوەی لە دنیای واقیعو لە حاڵەتی بێدارییدا بۆتان بێ.

٣/ بەڵام ئەو مانایەی كە سەرەتا لێكمان دایەوە، ئەوە زیاتر گونجاوە، دەڵێ: من بەرلەوەی خواردنی ڕۆژانە كە بۆتان دانراوە، وەك بژیوی ڕۆژانەو بۆتان دێ، یاخود لە چەند كاتێكی دیاریكراودا بۆتان دێ، بەرلەوەی ئەو خواردنەتان بۆ بێ، من هەواڵی مانای خەونەكەتان پێ دەڵێم، بێ خەم بن، خاتر جەم بن.

ئنجا دوایی دەڵێ: ﴿ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّيٓ﴾، ئا ئەوەشتان، واتە: زانینی مانای ئەو خەونانەتان، بەشێكە لەو زانیارییەی كە پەروەردگارم فێری كردووم، واتە: زانیاریی من هەر ئەوەندەش نیە، بەڵكو زانیاریی دیكەشم هەیە، ئەوە تەنیا بەشێكە لەو زانیارییەی پەروەردگارم فێری كردووم، دیارە خەڵكی ئەو كۆمەڵگایە خوایان ناسیوە، بەڵام وا پێدەچێ عەقیدەیان وابووبێ كە خوا ﷻ سەروكاری لەگەڵ بەشەردا نیە، بەڵكو سەروكاری لەگەڵ ئەو پەرستراوانەدا هەیە كە پەرستوویانن، نەك ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ بەشەردا بكات، بۆیە یوسوف عليه السلام پێشی پێیان دەڵێ: ئەو مانای خەون زانینە، بەشێكە لەو زانیارییەی كە پەروەردگاری من، خاوەنو بەخێوكەری من، خوای پەروەردگاری ڕاستەقینە، كە هەر ئەو پەروەردگارە، فێری كردووم .

ئنجا بۆیان باسی كەسایەتیی خۆی دەكاتو باسی ڕێبازی خۆیو، پێشینانو بابو باپیری خۆیو، ڕەچەڵەكی خۆی، دەكات، تاكو زیاتر متمانەی پێ بكەنو باشتر گوێی بۆ بگرن، دەفەرموێ: ﴿إِنِّي تَرَكۡتُ مِلَّةَ قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ

هُمْ كَٰفِرُونَ ﴾، بێگومان من دەستبەرداری ڕێبازی كۆمەڵێك بووم كە بڕوایان بە خوا نیەو، ئەوان بە دواڕۆژیش بێبڕوان، واتە: پێیان وایە دواڕۆژ نایەت .

كە لێرەدا مەبەستی پێی گەلی میسرە، كە گەلو كۆمەڵگای ئەو دوو هاوەڵە زیندانییەكەیەتی، بەلاّم بۆیە ناوی گەلەكە ناهێنێ، تاكو هەستیان بریندار نەكات، نالێ: (إنِّي تركْتُ مِلةَ قَوْمِكُم)، یان (قَوْم مِصْر)، بەڵكو دەڵێ: من وازم لە ڕێبازو ئایینی كۆمەڵێك هێناوە، یانی: بە لایدا نەچووم، نەگەرنا بەو واتایە نا، كە لەسەری بوومو وازم لێ هێناوە! یانی: هەر بەلایدا نەچووم، چونكە وازلێهێنان (ترك)، وەك دوایی باسی دەكەین، دوو حاڵەتی هەن:

أ - یان لەسەر شتێكەو وازی لێدێنێ .

ب - یاخود هەر بەلای دا ناچێ .

﴿وَٱتَّبَعْتُ مِلَّةَ ءَابَآءِىٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ ﴾، وە كەوتوومە شوێن بەرنامەو ڕێبازی باوانی خۆم، پێشینانو بابو باپیرانم: ئیبراهیمو ئیسحاقو یەعقووب، واتە: بابیو باپیریو باپیری بابی .

﴿مَا كَانَ لَنَآ أَن نُّشْرِكَ بِٱللَّهِ مِن شَىْءٍ ﴾، ئێمە بۆمان نیەو شایستەمان نیەو بۆمان ڕەوا نیە، كە هیچ شتێك بكەینە هاوبەشی خوا، ئەم تەعبیرە زۆر بەهێزە بۆ نەفی كردنی (شرك)، وەك دوایی باسی دەكەین، نالێ: (لا نُشرك بالله)، دەڵێ: هەر ئەسڵەن بۆمان نیە، یانی: شایستەمان نیەو لێمان ناوەشێتەوە، كە هیچ شتێك بكەینە هاوبەشی خوا، ﴿ذَٰلِكَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى ٱلنَّاسِ ﴾، ئەوەش لە بەخششی خوایە لەسەر ئێمەو لەسەر خەڵكیش، واتە: ئەو ڕێبازی خوا بەیەك گرتنو، تەنیا خوا پەرستنو، تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا كردنو، هیچ كەس نەهێنانە ناستو ڕیزی خوا لە پەرستنو لە بەندایەتیی بۆ كردندا، ئا ئەوە بەخششی خوایە لەسەر ئێمە، وەك بنەماڵەی ئەو زنجیرە پێغەمبەرە (علیهم الصلاة والسلام)و لەسەر خەڵكیش، چونكە بێگومان وەحییو پێغەمبەرایەتیی. نیعمەتی هەرە ڕەهاو گەورەو مەزنی خوایە لە ژیانی بەشەردا، ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ

ٱلنَّاسِ لَا يَشۡكُرُونَ ﴾، بەلام زۆربەی خەڵکی سوپاس ناکەن، واتە: سوپاسی خوا ناکەن، لەسەر چاکەو نیعمەتو بەخششەکانی .

ئنجا دوای ئەوەی خۆی پێ ناساندنو، پێشینانی خۆی پێ ناساندنو، ڕێبازی خۆی بۆ پێناسە کردن، دێتە سەر ئامانجە سەرەکییەکەی لە قسەکانی، کە بریتیە لەوەی بیرۆکەی چەند پەرستراوێتیی لە مێشکی ئەوان دەربێنێو، خوا بەیەکگرتن (توحید)و تەنیا خوا پەرستن، لە عەقڵو دڵیاندا بچەسپێنێ.

دەڵێ: ﴿ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ ﴾! ئەی دوو هاوەڵەکەی بەندیخانەم! ئەی دوو هاوەڵە زیندانییەکەم! کە ئەوە جۆرێکە لە لاواندنەوە (ملاطفة)و دڵخۆش کردنو ڕێز لێگرتنو خۆشەویستیی بۆ دەربڕین، واتە: منیش وەك ئێوە لە زیندان دامو بەند کراوم، ﴿ ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ ﴾، ئایا چەند خاوەنو پەروەردگارێکی جیاوازو جۆراو جۆر، باشترە بپەرسترێن، یاخود خوای تاکی مل پێ کەچکەر؟ خوایەکی تواناو دەستڕۆیشتوو بەسەر هەموو شتێکدا؟! ئاشکرایە: تەنیا خوا ﷻ کە تاکەو دەستڕۆیشتوویەو، هەمە کارەیەو، هەموو شت بەدەستە، تەنیا ئەو شایستەی پەرستنە، نەك چەند پەروەردگارێكو چەند پەرستراوێك کە لە وەهمو زەینی بە هەڵەدا چووی مرۆڤەکاندا، بە پەرستراوو پەروەردگار دانراون، ئەگەرنا فریان بەسەر پەرستراوێتییو پەروەردگارێتییەوە نیە .

دوایی یەکسەر لە ئامانج دەداو دەڵێ: ﴿ مَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسۡمَآءٗ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم ﴾، ئێوە لە خوار خواوە، یان: لە جیاتی خواو جگە لە خوا، تەنیا چەند ناوێك دەپەرستن، کە خۆتانو بابو باپیرانتان ئەو ناوانەتان بەکارهێناون، بۆ چەند شتێك، کە نێوەڕۆکیان لە قەدەر ئەو ناوانە نیە، ﴿ مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍ ﴾، خوا هیچ بەڵگەی لەسەر نەناردوونە خوار، هەر عەقیدەیەکیش پشت ئەستوور نەبێ بە بەڵگەی خوایی، بە بەڵگەی وەحیی لەلایەن خواوە هاتوو، مانای وایە شتێکی پووچەو مالی قەڵبەو سەر بە خاوەنیەتی .

﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾، یاسادانانو بڕیاردان، یان: حوکمڕانیی بە مانای جێبەجێ کردنی کارەکانی گەردوون، تەنیا هی خوایە، ﴿أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ﴾، ئنجا چونکە هەر ئەو بڕیار بە دەستەو کاروباری بوونی بە دەستە، بۆیە فەرمانی کردوە، کە تەنیا ئەو بپەرستنو جگە لەو کەس نەپەرستن، بەندایەتیی بۆ هیچ شتێکی دیکەو، هیچ کەسی دیکە، نەکەن، ﴿ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ﴾، ئا ئەوە ئایینی ڕاستە، ئا ئەوە ئایینێکە کە ژیانی ئێوەو بەرژەوەندییەکانی ئێوە، لە دنیاو دواڕۆژدا جێگیر دەکاتو دێنێتە دی، ﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ﴾، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن، زۆربەی خەڵکی ئەو ڕاستییە نازانن کە تەنیا خوا شایستەی پەرسترانە، بۆیە لە نێو دروستکراوەکانی خوادا، هاوبەشان بۆ خوا دادەنێن .

دووبارە جارێکی دیکە بە ناوونیشانی هاوبەندێتییو هاوپیشەییو هاوچارەنووسیی، بانگیان دەکاتو، دێتە سەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکەیانو. تەعبیر کردنی خەونەکانیان، دەفەرموێ: ﴿يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ﴾! ئەی دوو هاوەڵە زیندانییەکەم! ئەی دوو هاوەڵەکەی بەندیخانەم! ﴿أَمَّآ أَحَدُكُمَا فَيَسۡقِي رَبَّهُۥ خَمۡرًاۖ﴾، هەرچی یەکێکتانە (ئەوە ئازاد دەبێ، قوتار دەبێ لەم بەندیخانەیەو دەگەڕێتەوە سەر ئیشی پێشێی)، شەراب دەدات بە گەورەکەی خۆیو، بە خاوەنەکەی خۆی، کە وەك دوایی باسی دەکەین: مەبەست پێی پادشا بووە، پادشای میسر، چونکە ئەو دووانە وەك لە پەیمانی کۆنیشدا هاتوە، یەکێکیان بەرپرسی ئاوگێڕەکانی کۆشکی پادشا بووە، ئەویدیکەش بەرپرسی چێشتخانەو بەرپرسی ئەوانە بووە کە نانو چێشتیان ساز کردوە، بەڵام بۆیان دیاریی ناکات کامەیانەو تەنیا دەڵێ: یەکێکتان دووبارە شەراب دەداتەوە بە خاوەنەکەی، بە پادشا، کە خاوەنو گەورەیەتی، ﴿وَأَمَّا ٱلۡأٓخَرُ﴾، بەڵام ئەوی دیکەتان ﴿فَيُصۡلَبُ فَتَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ مِن رَّأۡسِهِۦۚ﴾، هەڵدەواسرێ، ئیعدام دەکرێو، باڵندە لە گۆشتی

سەرو گوێلاکی دەخۆن، ﴿ قُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ ٱلَّذِي فِيهِ تَسۡتَفۡتِيَانِ ﴾، ئەو کارەی کە ئێوە تێیدا پرسیارتان کردو داوای زانیارییتان کرد، تەواو بوو، واتە: مانایەکەی بەو شێوەیەو کۆتایی هات .

﴿ وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُۥ نَاجٖ مِّنۡهُمَا ﴾، ئنجا بە یەکێك لەو دووانەی کە پێی وابوو دەرباز دەبێ، گوتی: ﴿ ٱذۡكُرۡنِي عِندَ رَبِّكَ ﴾، لەلای خاوەنەکەت، پەروەردگارەکەت، کە تۆ بە پەروەردگارتی دەزانی باسم بکە .

(ربّ)، بە مانای خاوەن و گەورەو سەروەر دێ، لەلای خاوەن و گەورەو سەروەرەکەی خۆت باسم بکە : کە من لێرەدا بە ستەم گیراوم، بوختانم پێکراوەو بە زوڵم لەو بەندیخانەیە دام، بۆ ئەوەی لێرە بێمە دەرێ.

﴿ فَأَنسَىٰهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ ذِكۡرَ رَبِّهِۦ ﴾، کەچی شەیتان ئەوە کە دەبووایە بۆ خاوەنەکەی خۆی باسی بکات، لەبیری بردەوە، واتە: لە بیر کابرای بردەوە، ﴿ فَلَبِثَ فِي ٱلسِّجۡنِ بِضۡعَ سِنِينَ ﴾، لە ئاکامی ئەوەدا، چەند ساڵێك لە بەندیخانەدا مایەوە.

(بِضۡعَ) لە نێوان (سێ) تاکو (نۆ)یە، هەندێك گوتوویانە: (پێنج) بۆ (حەوت)ە، گرنگ ئەوەیە چەند ساڵێك، واتە: لە (سێ) بە پشتەوەو لە (نۆ) بە خوارەوە، ئەوەندە ماوەتەوە، ئنجا سێ ساڵ بووە، چوار بووە، پێنج بووە، حەوت بووە، گرنگ ئەوەیە لە نێوان: (٣ – ٩) ساڵ دا لە بەندیخانەدا ماوەتەوە.

ئنجا لێرەدا بەشێك لە توێژەرەوان جۆرێك لە ڕەخنە لە یوسوف ﷺ دەگرن، هەندێك ڕیوایەت و شوێنەوار دێنن، گوایە یوسوف لەسەر ئەوەی پەنای بە جگە لە خوا بردوەو، داوای لەو هاوەڵە بەندییەی کردوە کە، لە لای گەورەکەی خۆی باسی بکات، لەسەر ئەوە خوا سزای داوە! ئنجا گوتوویانە: ﴿ فَأَنسَىٰهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ ذِكۡرَ رَبِّهِۦ ﴾، واتە: شەیتان لە بیر (یوسوف)ی بردەوە یادی پەروەردگاری خۆی بکات و، ئەو داوایە ئاراستەی خوای پەروەردگاری بکات، لە ئەنجامی

ئەوەشدا لە زینداندا ئەوەندە مایەوە، وەك سزادانێك!! بەڵام وەك لە مەسەلە گرنگەكاندا باسی دەكەین، ئەوە شایستەی یوسوف ﷺ نیە، سیاقی ئایەتەكانیش نایگەیەنێ‌و، من بەڵگەیەكم هێناوەتەوە لە تەفسیرەكاندا نەمبینوە ئاماژەی پێكرابێ، ئەویش ئەوەیە كە خوا ﷻ لە ئایەتی ژمارە (٤٥)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِى نَجَا مِنْهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ ﴿٤٥﴾ ﴾یوسف، واتە: ئەو كەسەی لە دووەكان دەرباز بوو بوو، دوای كۆمەڵە ساڵێك، وە بیری هاتەوە، گوتی كەواتە: ئەوەی كە لە بیری چۆتەوە، هاوەڵەكەی بووە، نەك یوسوف خوای لەبیر بچێتەوە، پەروەردگاری لە بیر بچێتەوە، بەڵكو هاوەڵەكەی بووە، لە بیری چۆتەوە، باسی یوسوف بكات لەلای گەورەكەی خۆی، چونكە خوا ﷻ باسی (یوسوف)ی نەكردوە، شتی هاتبێتەوە بیر، بەڵكو لەوبارەوە باسی یەكێ لە دوو هاوەڵە زیندانییەكەی كردوە: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِى نَجَا مِنْهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ ﴿٤٥﴾ ﴾یوسف .

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: گیرانی دوو خزمەتکاری لاو، یان دوو کۆیلەی لاو، لەگەڵ یوسوفـدا، خەون دیتنیانو، گێڕانەوەی خەونەکانیان بۆ یوسوف ﷺ، بۆ ئەوەی بۆیان تەعبیر بکات.

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ وَدَخَلَ مَعَهُ ٱلسِّجْنَ فَتَيَانِۖ قَالَ أَحَدُهُمَآ إِنِّيٓ أَرَىٰنِيٓ أَعْصِرُ خَمْرٗاۖ وَقَالَ ٱلۡأٓخَرُ إِنِّيٓ أَرَىٰنِيٓ أَحۡمِلُ فَوۡقَ رَأۡسِي خُبۡزٗا تَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ مِنۡهُۖ نَبِّئۡنَا بِتَأۡوِيلِهِۦٓۖ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٣٦ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە چوار بڕگەدا :

١) - ﴿ وَدَخَلَ مَعَهُ ٱلسِّجْنَ فَتَيَانِ ﴾، ئنجا دوو گەنج، یان دوو کۆیلە، یان دوو خزمەتکار لەگەڵیدا چوونە بەندیخانەوە - وەك دوایی باسی دەکەین - ئەو دوو گەنجە، یاخود ئەو دوو کۆیلە، یان ئەو دوو خزمەتکارە، سەرۆکی ئاوگێڕەکانی کۆشکی پادشاو، سەرۆکی چێشتخانەو ئەوانەی کە نانو خواردنیان ساز کردوە، بوون، کە دیارە پادشا بە هەر هۆیەکەوە بووە، لێیان تووڕە بووەو خستوونیە بەندیخانەوە، لەوبارەوەش هەندێ بەسەرهات هەن، دوایی ئاماژەیەکی کورت بە هەندێکیان دەکەین.

٢) - ﴿ قَالَ أَحَدُهُمَآ إِنِّيٓ أَرَىٰنِيٓ أَعۡصِرُ خَمۡرٗا ﴾، یەکێکیان گوتی: من خۆمم دەبینی کە شەڕابم دەگوشی .

(العصر: الضَّغْط باليدِ أو بِحَجَرٍ أو بنحوه على شيء فيه رطوبة لإخراج ما فيه من المائع)، (عصر): بریتیە لەوە کە بە دەست، یان بە بەرد، یان بە هەر شتێکی دیکەی ڕەق، شتێك کە تەڕە، یان شلەمەنییەکی تێدایە، یاخود تەڕاییەکی تێدایە، بیگوشیو فشاری بۆ بێنی، تاکو ئەو ماددە شلە، یاخود ئەو تەڕایەتییەی لێ بێتە دەرو لێ بچۆڕێ، ئینسان کاتێك ترێ هەڵدەگوشێ، یاخود ئیسفەنجێك هەڵدەگوشێ، ئەو ئاوەی پێیەوەیە، ئەو تەڕاییەی تێیدایە، لێی دێتە خوارێ، ئەوە پێی دەگوترێ: (عصر) .

کە دەڵێ: ﴿أَعۡصِرُ خَمۡرًا﴾، واتە: شەڕابم دەگوشی، واتە: ترێ، یاخود خورما، یان ئەو شتانەی کە شەڕابیان لێ دروست دەکرێ، هەڵمدەگوشین، سەرەنجام دەبوو بە شەڕاب، هەندێك لە زانایانیش گوتوویانە: وشەی (خمر) هەر بە مانای ترێو خورماو ئەو شتانە دێ، کە دەگوشرێنو دوایی شەڕابیان لێ دروست دەکرێ .

٣) - ﴿وَقَالَ ٱلۡأٓخَرُ إِنِّيٓ أَرَىٰنِيٓ أَحۡمِلُ فَوۡقَ رَأۡسِي خُبۡزٗا تَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ مِنۡهُۖ﴾، ئەوی دیکەیان گوتی: من خۆمم بینی: کە لەسەر سەرم خواردنێکم هەڵگرتبوو، نانم هەڵگرتبوو، {ئنجا ئایا هەر نانی بە تەنیا بووە، یان چێشتو پێخۆریشی لەگەڵدا بووە؟} لەسەر سەرم هەڵگرتبوو، ﴿تَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ مِنۡهُۖ﴾، باڵندە لێیان دەخوارد، لەو نانەی کە لەسەر سەری خۆم هەڵمگرتبوو، {دیارە سینییە خواردنێك بووە} .

٤) - ﴿نَبِّئۡنَا بِتَأۡوِيلِهِۦٓۖ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾، هەواڵمان پێبدە، هەواڵی مانای ئەو خەونەی کە بۆمان گێڕایەوە، پێمان بدە، ئەو سەرەنجامەی کە لێی وەدی دێ، پێمان بڵێ، ﴿إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾، بێگومان ئێمە تۆ لە چاکەکاران دەبینین .

وەك گوتم : لە (التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهدالقديم، سفر التكوين، الإصحاح : ٤٠، ص ١٠٣)یشدا هاتوە خەونەکانیان گێڕاوەتەوە، وەك ئەوەی کە لە قورئاندا هاتوە، هەر بەو شێوەیە، واتە: لە نێوەڕۆکدا وەك

یەکن‌و جیاوازییەکیان لە نێواندا نیە، بەڵام لە پەیمانی کۆندا، دەڵێ: ئەو دووانە (رئیس السُقَاة و رئیس الخَبّازِین)، سەرۆکی ئاوگێڕەکان، ئەوانەی سەرپەرشتیی ئاوو شەراب‌و ئەو شلەمەنیانەیان کردوە، کە خوراونەوە لە کۆڕو مەجلیسی پادشادا، یەکیان سەرۆکی ئەو ئاوگێڕانە بووەو (رئیس السُقَاة)، ئەویدیکەش سەرۆکی نانەواکان (رئیس الخَبّازِین)، یاخود ئەوانەی کە سەرپەرشتیی نان‌و خواردن‌و خواردەمەنیی‌و چێشتیان کردوە، بوون .

ئنجا لە هەندێك لە تەفسیرەکاندا دەڵێ: بەند کردنەکەشیان بە هۆی ئەوەوە بووە کە پادشا هەواڵی پێدەگات: ئەو دووانە دەیانەوێ دەرمانداوی بکەن، ئەویش دێنێت هەردووکیان بانگ دەکات :

١- ئەوەیان کە سەرۆکی ئاوگێڕەکانە، لەو شەرابەی کە بۆ پادشای ئامادە کردوە، بۆی دادەنێن .

٢- بۆ ئەوی دیکەش لەو خواردنەی بۆ پادشای ئامادەکردوە، خواردن دادەنێ، ئنجا بە ئاوگێڕەکە دەڵێ: دەی لەو شەرابە بخۆوە، کە تۆ سەرپەرشتیی دروستکردنی شەراب‌و شلەمەنیەکان دەکەی، ئەویان دەیخواتەوە، چونکە دەزانێ کە هیچی تێنەکراوە، ئنجا بەوەی دیکەش کە سەرپەرشتیی نان‌و چێشت‌و یاخود نانکەران‌و نانەواکان دەکات، بەویش دەڵێ: لەو نان‌و چێشتە بخۆ، بەڵام ئەو ئامادە نابێ لێی بخوات، دوایی ئەو خواردنە دەدەن بە ئاژەڵێك‌و مردار دەبێ، ئیدی دەزانن کە ژەهری تێکراوە، بۆیە دەیاننێرن بۆ بەندیخانە، ئنجا دوای ئەوەی دادگایی دەکرێن، سەرەنجام ئەوەیان کە بێ خەتا بووە، تەبریە دەبێ‌و دەچێتەوە سەر ئیشەکەی خۆی، بۆیە دەڵێ: من بینیم کە شەرابم هەڵدەگوشی، واتە: دەگەڕێتەوە سەر ئیشەکەی خۆی، ئەویدیکەشیان ئیعدام دەکرێ، کە گوتوویەتی: لە خەومدا خواردنم لەسەر سەرم هەڵگرتبوو، باڵندە لێیان دەخوارد، واتە: ئیعدام دەکرێ‌و باڵندە لە گۆشتی سەرو گوێلاکی دەخۆن، لە پەیمانی کۆندا هەندێ لەو شتانە هاتوون، بەڵام لە تەفسیرەکاندا حیکایەت‌و وردەکاریی زۆر هاتوە .

لێرەدا پێویستە چەند سەرنجێك بخەینە ڕوو.

پێنج وردە سەرنج

<u>یەك</u>: وشەی (فتی)، کە لە ئەسڵی زماندا بە مانای گەنج، لاو، تازە پێگەیشتوو، دێ، بەڵام خوازراویشەتەوە بۆ خزمەتکارو بۆ کۆیلە، وەك لە فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە، فەرموویەتی: {لا يَقُولَنَّ أَحَدُكُمْ عَبْدِي وَأَمَتِي، كُلُّكُمْ عَبِيدُ اللهِ، وَكُلُّ نِسائِكُمْ إِماءُ اللهِ، وَلَكِنْ لِيَقُلْ: غُلامِي وَجارِيَتِي، وَفَتَايَ وَفَتَاتِي}، {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٩٩٦٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٢٤٩)، وَالنَّسائِي فِي الكُبْرَى برقم: (١٠٠٧٠)، وَأَبو يَعْلَى برقم: (٦٥٠٦)}.

واتە: با یەکێك لە ئێوە نەڵێ: کۆیلەکەمو کەنیزەکەکەم، هەمووتان کۆیلەی خوانو، هەموو ئافرەتانتان بەندەی مێینەی خوان، بەڵکو با بڵێ: کوڕە لاوەکەمو کچە لاوەکەم!

واتە: لە ڕووی بانگ کردنیشەوە، هەستو نەستی ئەوانەی کە لەبەر دەستانن، بپارێزن، ئنجا ئێمە لە سوورەتی (النساء)دا، بە درێژیی باسی حوکمی کۆیلەو کەنیزەكو بە کۆیلە کردنی مرۆڤ و، هەڵوێستی شەریعەتی ئیسلام، لەوبارەوەمان کردوە.

<u>دوو</u>: وشەی (فتی) بۆ کوڕە، بۆ نێرینەیە، بەڵام (فتاة)، بۆ مێینەیە، بۆ کچ. پیشەکانیان بە پێی قسەی تەورات: یەکیان سەرۆکی ئاوگێڕو مەیگێڕەکان بووەو، ئەویدیکەشیان سەرۆکی چێشتخانەو نانو خواردن سازکردن بووە. ئنجا هەرچەندە ئەوە لە قورئاندا نەهاتووە، بەڵام زۆر پێدەچێ وابێ، بە بەڵگەی ئەوە کە یوسوف عليه السلام دەڵێ: ﴿ٱذۡكُرۡنِي عِندَ رَبِّكَ﴾، لەلای گەورەکەت، خاوەنەکەت باسم بکە، دەبێ ئەو خاوەنە حوکمڕان بووبێو بە دەستی بووبێ: خەڵك زیندانیی بکاتو خەڵك لە بەندیخانە بێنێتە دەرێ، کە ئەویش پادشا (ملك)ە، چونکە پادشا کە خەون دەبینێ: ﴿وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ إِنِّيٓ أَرَىٰ سَبۡعَ بَقَرَٰتٖ سِمَانٖ ﴿٤٣﴾﴾یوسف، ئنجا پادشا کە

خەونەکەی دەگێڕێتەوەو، دەستڕۆیشتووەکانو ئەوانەی کە لە دەورنی، دەڵێن: ئێمە تەعبیرەکەی نازانین، ئەو دووەمەیان کە دەربازی بووە، کە ناوگێڕەکەیە، وەك خوا فەرموویەتی : ﴿وَقَالَ ٱلَّذِى نَجَا مِنْهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِۦ فَأَرْسِلُونِ ﴿٤٥﴾﴾يوسف، واتە: مـن هەواڵـی تەعبیرەکەیتان پێ دەدەم، بمنێرن، کەواتە: ئەو کەسە لەلای پادشا بووە، کە حوکمڕانی ئەو وڵاتە بووە، بۆیە دەڵێ: بمنێرن، ئنجا دوایی کە دەینێرن بۆ لای یوسوفو، (یوسوف)یش خەونی پادشا لێکدەداتەوە، کەواتە: دیارە ئەو کابرایە لە بارەگای پادشاداو لە کۆشکی حوکمڕان دا خزمەتی کردوە، ئنجا بە پێی خەونەکەشی دیارە کە بەرپرسی نانو چێشتخانەو زادو زەخیرە بووە، هەروەك چۆن ئەوەی دیکەشیان بەرپرسی ناوگێڕانو مەی گێڕان بووە .

سێ :- ئێمە پێشتر باسی خەونمان کرد، لە سەرەتای دەستپێکی سوورەتی (یوسوف)دا، باسێکی تێرو تەسەلمان دەربارەی خەونو تەعبیری خەون کرد، خەون چ سوودێکی لێ وەردەگیرێ؟ تا چ ڕاددەیەك پشتی پێ دەبەسترێ؟ لێرە دووبارەی ناکەینەوە .

چوار :- لە بەندیخانەکاندا خەون زۆر ڕۆڵ دەگێڕێ، چونکە بە زۆریی وایە کە هیچ ڕێیەکی دیکە نیە بۆ گیراوەکان، بۆ بەندییەکان، کە ئاگاداری دەنگو باسی دەرەوە بن، بۆیە خوای میهرەبان لەو ڕێیەوە بەرچاو ڕوونییان پێدەدات، هەر کەسێك بەندیخانەی بینیبێ، دەزانێ کە بە کردەوە مەسەلەی خەون بینین، کاریگەریی زۆری هەیە بۆ بەندییەکانو، بە ناچاریی پشتی پێدەبەستن، چونکە ڕێیەکی دیکەیان نیە، خوای پەروەردگاریش لەگەڵ بەندەکانی خۆیدا بە کەرەمو بە بەزەییە، مسوڵمان بن، یان نامسوڵمان، دەرووی خێریان لێدەکاتەوەو، بە دەنگیانەوە دێو، بەرچاو ڕوونییان پێدەدات، ئەگەر دەرگایەکیان لێ دابخات، دەرگایەکی دیکەیان بۆ دەکاتەوە .

پێنج :- ﴿إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾، ئەو دوو هاوەڵەی پێی دەڵێن: ئێمە تۆ لە چاكەكاران دەبینین، واتە: چاكەكار بە گشتی، هەندێكیان گوتوویانە: واتە: چاك خەونان تەعبیر دەكەی، (مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ : أي مِنَ الـمُحْسنِين فِي تَعْبِير الرؤيا)، بەڵام بێگومان مانای یەكەمیان گونجاوترە لەگەڵ كەسایەتیی (یوسوف)دا ﷺ، چونكە لەوانەیە ئەوە یەكەم جار بووبێ كە یوسوف ﷺ خەونی ئەو هاوەڵەی بەندیخانەیەی تەعبیر دەكات، كەواتە: دەبێ چاكەكارییەكە شتێكی دیكە بێ، جیا لە تەعبیر كردنی خەونەكان، ئەویش وا پێدەچێ مەبەست پێی: ڕووی خۆش، قسەی خۆش، ڕەحمو بەزەیی، هاوكاریی بۆ هاوەڵەكانی بەندیخانەی، لەگەڵ دا بەڕێزبوونیان، بەدەمەوە چوونیان، كە بێگومان بابای گیراوو لە كونجی بەندیخانە بەندكراودا، هەموو جۆرە چاكەیەكی لەلا بە قیمەتە، ئەگەر ڕوویەكی خۆشە، ئەگەر قسەیەكی خۆشە، ئەگەر هاندانێكە، ئەگەر مەعنەوییات بەرزكردنەوەیەكە، ئەگەر سڵاو لێكردنێكی گەرمو گوڕە، ئەگەر هاوكاریی كردنێكی بچووكیشە، ئەگەر پێدانی شتێكی ماددییە، یاخود هاوكاری كردنێكی مەعنەوییە .

یوسوف ﷺیش كە دوو هاوەڵەكەی دەڵێن: ﴿إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾، بێگومان ئێمە تۆ لە ڕیزی چاكەكاراندا دەبینین، دیارە هەر زۆر زۆر چاكەكار بووە لە هەموو ڕوویێكەوە، لە بواری ماددیی‌و مەعنەویی دا، هەرچی لە دەستی هاتوە لە چاكە كردن لەگەڵ دەوروبەرەكەی خۆیدا، كردوویەتی، بە شێوەیەك كە ئەو سیفەتەی هێندە تێدا تۆخ بۆتەوە، جۆتە ڕیزو قوولایی چاكەكارانەوە .

مەسەلەی دووەم : دڵنیا كردنەوەی یوسوف عليه السلام بۆیان، كە بەر لە هاتنی خواردنەكەیان، كە ڕۆژانە بۆیان دیاریكراوە، تەعبیری خەونەكانیان بۆ دەكاتو، خۆ ناساندنی پێیان، وەك خوا پەرستێكی شوێنكەتووی ڕێبازی خوا بەیەكگرانەی باب و باپیرانی خۆی: ئیبراهیمو ئیسحاقو یەعقووب :

وەك خوا دەفەرموێ : ﴿ قَالَ لَا يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِۦٓ إِلَّا نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِۦ قَبْلَ أَن يَأْتِيَكُمَا ۚ ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِى رَبِّىٓ ۚ إِنِّى تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَهُم بِٱلْـَٔاخِرَةِ هُمْ كَٰفِرُونَ ﴿٣٧﴾ وَٱتَّبَعْتُ مِلَّةَ ءَابَآءِىٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ ۚ مَا كَانَ لَنَآ أَن نُّشْرِكَ بِٱللَّهِ مِن شَىْءٍ ۚ ذَٰلِكَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٣٨﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم دوو ئایەتە بەپێزە لە هەشت بڕگەدا :

١) - ﴿ قَالَ لَا يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِۦٓ ﴾، یوسوف گوتی: خواردنێك كە وەك بژیو بۆتان دانراوەو، كاتێكی دیاریكراوی هەیە، بۆتان نایەت .

٢) - ﴿ إِلَّا نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِۦ قَبْلَ أَن يَأْتِيَكُمَا ﴾، مەگەر بەرلەوەی ئەو خواردنە دیاریی كراوە، لەو كاتە دیاریی كراوەی خۆیدا، كە ڕۆژانە بۆتان دێ، بۆتان بێ، من هەواڵو سەرەنجامو تەعبیری خەونەكەتانم بە ئێوە ڕاگەیاندوە .

كە دەڵێ: ﴿ طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِۦٓ ﴾، دەڵێ: خواردنێك كە وەك بژیو بۆتان دانراوە، بەرلەوەی ئەوە بۆتان بێ، من تەعبیری خەونەكەتان بۆ دەكەم، دەڵێ: (جَعَلَ لَهُمـا وَقْتـاً مَعْلُومـاً، وَقْتَ إِحْضَارِ طَعَام المَسـاجِين)، كاتێكی دیاریكراوی بۆ دانان، ئەویش كاتی ئامادەكردنی خواردنی بەندییەكان،

زیندانییەكان، یانی: بەرلەوەی خواردنەكەتان بۆ بێ، من مانای خەونەكەتانم پێ گوتوون، خاترجەم بن و دڵنیابن .

٣) - ﴿ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّيٓ﴾، یوسوف ﷺ زۆر لێزانانەو كارامانە دەیەوێ : هەم خۆی بەوان بناسێنێو، هەم پێشینانی خۆیشی بەوان بناسێنێو، هەم بەرنامەو ڕێبازی خۆشی بەوان بناسێنێ، بۆ ئەوەی زیاتر متمانەی پێ بكەنو، باش گوێی بۆ بگرن، نەك هەر بۆ تەعبیری خەونەكەیان، بەڵكو بۆ ئەو پەیامەش كە دەیەوێ پێیان ڕابگەیەنێ، وەك پێغەمبەرێكی خوا، كە دیارە بەندەكانی خوا، بە تایبەت پێغەمبەرانی خوا صەلاتو سەلامی خوایان لەسەر بێ، هەر هەلو دەرفەتێك دەقۆزنەوە بۆ گەیاندنی پەیامی خواو، ڕوون كردنەوەی بەرنامەو ڕێبازی خۆیان بۆ خەڵك، بۆیە دەڵێ: ﴿ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّيٓ﴾، ئا ئەوەتان، واتە: ئەم زانینی تەعبیری ئەو خەونەتان، ئەوە كە من ماناو سەرەنجامی خەونەكەتان بە ئێوە دەڵێم، بەشێكە لەوەی كە پەروەردگارم فێری كردووم، بۆیان ڕوون دەكاتەوە كە چۆن مانای خەونەكان دەزانێ؟ دەڵێ: پەروەردگارم فێری كردووم، كە بە زانیاریی تایبەتی خوایەو، وەك وەحییو ئیلهامێكی خوایی بە منی ڕاگەیاندوە .

كەواتە: وەك پێشتر باسم كرد: ئەوەی كە زۆربەی تەفسیرەكان گوتوویانەو، تێیدا كەوتوونە كێشەو مشتومڕەوە، ئەو دوو مانایە هیچ كامیان لەگەڵ ڕواڵەتی ئایەتەكانیش دا ناگونجێن :

١- یەكەمیان ئەوەیە: هەر خواردنێكتان بۆ بێ، پێش هاتنی، هەواڵتان پێدەدەم، كە چییەو چۆنە ؟

٢- دووەمیان ئەوەیە: هەر خواردنێكتان لە خەوندا، بووبێو خەونی پێوە ببینن، من لە كاتی بێدارییدا هەواڵتان پێدەدەم، كە لە خەوندا واتان بینیوە، یان ئەوەی كە لە خەوندا بینیوتانە، ماناكەی ئاوایە .

لە ڕاستییدا ئەو دوو واتاو لێكدانەوەیە، هیچیان لەگەڵ سیاقی ئایەتەكانو ڕواڵەتی ئایەتەكاندا ناگونجێن .

ئنجا کە دەڵێ: (بِتَأْوِيلِهِۦ)، (أي: المنام، أو المرئي)، واتە: تەئویلی خەوەکەتان، یاخود بینراوەکەتان، واتە: وشەی (منام)، یان (مرئي)، لێرەدا ڕەچاو کراوە، بۆیە ڕاناوی نێرینە (مذکر) بۆ بەکارهاتوە، نەك وشەی (رؤیا)، تاکو ڕاناوی مێینەی (واتە: مێینەی مەجازیی)ی بۆ بەکاربێ، دیارە هەر کام لە :

أ- (منام)، یانی: خەو، نووستن .

ب- (مرئي)، واتە: لە خەودا بینراو.

هەردووکیان بێژەیەکن، لە ڕووی زمانی عەرەبییەوە بە (المذکر المجازي) دادەنرێن، بۆیە ڕاناوی نێرینە، بەکارهێنراوە: (بِتَأْوِيلِهِۦ)، (أي: بتأويل المنام، أو بتأويل المرئي)، واتە: ئەو خواردنە کە عادەت وایە لە کاتێکی دیاریکراودا بۆتان بێ، بەرلەوەی خواردنەکەتان بۆ بێ، من مانای خەونەکەتانو سەرەنجامی خەونەکەتانم بە ئێوە گوتوە .

ئنجا کە دەڵێ: ﴿ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّيٓ﴾، وەك پێشتر باسمان کرد، واتە: من تەنیا ئەوەندەش نازانم، بەڵکو زانیاریی دیکەش پەروەردگارم فێری کردووەو، ئەوە تەنیا بەشێکە لەو زانیارییە، ﴿ذَٰلِكُمَا مِمَّا﴾، چونکە ئەو (م)ی سەر (مِما) (مِن)ەو لە (ما)دا دەغم کراوەو بۆ (تبعیض)ە، واتە: بەشێکە لەو زانیارییەی کە پەروەردگارم فێری کردووم، زانیارییەکانی دیکەش، ئیمانو عەقیدەی ڕاستو دروست بووە، زانیاریی بە شەریعەتو حەڵاڵو حەرامو، زانیاریی بە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو، کاروباری ئابووریی و، هەموو ئەو شتانەی دیکە بوون، کە دوایی لە ژیانی (یوسوف)دا، بەرجەستە بوون .

٤) - ﴿إِنِّي تَرَكۡتُ مِلَّةَ قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ كَٰفِرُونَ﴾، بێگومان من دەستبەرداری ڕێبازی کۆمەڵە خەڵکێك بووم، کە بڕوایان بە خوا نیەو بە دواڕۆژیش، ئەوان بێبڕوان، لێرەدا یوسوف ﷵ زۆر لێزانانەو وەستایانە، ویستوویەتی لە پەنای تەعبیری خەونەکانیاندا، هەم خۆییان پێ

بناسێنێ، هەم بانگیشیان بکات بۆ خوا بە یەکگرتن، چونکە دیارە ئەوانە ئەهلی شیرك‌و، هاوبەش بۆ خوا دانەر بوون .

وشەی (مِلَّةَ)یش، هەر بە مانای (دین) دێ، واتە: بەرنامەی ژیان، ڕێباز، ئەوەندە هەیە (مِلَّةَ)، پاڵ دەدرێتە لای بەشەر، بەڵام (دین) پاڵ دەدرێتە لای خوا، دەگوترێ: ﴿دِينِ ٱللَّهِ﴾، بەڵام دەگوترێ: (ملة محمد)، یان ﴿مِّلَّةِ إِبْرَٰهِيمَ﴾.

وشەی (ترك)، کە دەڵێ: ﴿إِنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ﴾، واتە: وازهێنان لە شتێك، وازهێنان، دوو واتای هەن :

١- یان ئەوەی لەسەری بووە، وازی لێهێناوە، کە بە تەئکید لێرەدا مەبەست ئەوە نیە، چونکە یوسوف ﷺ پێشتریش لەسەر ئەو ڕێبازی بێ بڕوایی‌و کوفرو شیرکە هەر نەبووە .

٢- مانای دووەمی ئەوەیە کە وێڕای ئەوەی دەتوانێ وەریبگرێ، ئیهمالی بکات‌و وازی لێبێنێ‌و وەرینەگرێ، کە دیارە مەبەستی پشتگوێ خستن‌و وازلێهێنانی بووە، لە ڕێبازی میسرییەکان، کە بت پەرست بوون‌و بە ڕۆژی دواییش بێبڕوا بوون .

٥) - ﴿وَٱتَّبَعْتُ مِلَّةَ ءَابَآءِيٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ﴾، شوێن ڕێبازو بەرنامەی باوانی خۆم، باب‌و باپیرانی خۆم کەوتووم: ئیبراهیم‌و ئیسحاق‌و یەعقووب، صەڵات‌و سەلامی خوایان لەسەر بێ، کە وەك زانایان دەڵێن: (حَصَلَ لَهُ الشَّرَفُ العِظَامِي مَعَ الشَّرَف العِصَامِي)، واتە: هەم لە ڕووی نەسەب‌و ڕەچەڵەکەوە، خاوەن شەرەف‌و پێگە بووە، هەم لە ڕووی ئەوەوە کە خۆشی خاوەن کەسایەتییەکی بەرزو ناوازە بووە، کەواتە: خۆییان پێ دەناسێنێ، کە ئەو پیاوێکی لە مێژینەو خاوەن ڕیشەیە لە خوا پەرستییداو، پێشینی چاکیشی هەن .

٦) - ﴿مَا كَانَ لَنَآ أَن نُّشْرِكَ بِٱللَّهِ مِن شَيْءٍ﴾، بۆمان نیە هیچ شتێك بکەین بە هاوبەش بۆ خوا .

هەڵبەتە لێرەدا ئەم تەعبیرە: (أبلغ صيغة للمبالغة في انتفاء الوصف)، صیغەیەکە ئەوپەڕی مانایەکەی دەگەیەنێ، لەوەدا کە ئەوەی وەسف دەکرێ، ئەو وەسفە بە هیچ شێوەیەك قبوول ناکات، واتە: بە هیچ شێوەیەك لە ئێمە ناوەشێتەوە کە هاوبەش بۆ خوا دابنێین، هیچ جۆرە هاوبەشێك .

٧) - ﴿ذَٰلِكَ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ عَلَيۡنَا وَعَلَى ٱلنَّاسِ﴾، ئا ئەوەش لە بەخششی خوایە، لەسەر ئێمەو لەسەر خەڵك، واتە: بەخششی خوا هەر ئەوەندەش نیە، ئەم (مِن)ەش، بۆ بەشکردن (تبعيض)ە، یانی: ئەوە بەخششی خوایە لەسەر ئێمەو لەسەر خەڵکیش، ڕەخساندنی پێغەمبەرایەتیی‌و وەحیی‌و، ئەوە کە خوا ﷻ بەرنامەی تایبەتی خۆی بنێرێ، بەڵکو گەورەترین بەخششی خوایە، بەڵکو بەخششی ڕەهای خوا لە ژیانی بەشەردا، بریتیە لە وەحی‌و پێغەمبەرایەتیی، چونکە هەموو نیعمەت‌و بەخششەکانی دیکە، لە سایەی ئەو نیعمەت‌و بەخششەدا، ئینسان لێیان بەهرەمەند دەبێ، بەڵام مرۆڤ ئەگەر هەموو نیعمەتەکانی دیکەی هەبن: نیعمەتی لەش ساغیی، دەستەڵات، سەروەت‌و سامان، چی‌وچی، ئەگەر نیعمەتی هیدایەتی خوای نەبێ‌و، نیعمەتی شوێنکەوتنی بەرنامەی خوای نەبێ، کە ئەویش تەنیا لە ڕێی پێغەمبەرانەوە (عليهم الصلاة والسلام)و، لە ڕێی وەحیی خواوە دەزانرێ، ئەو کاتە لەسەر هەموو نیعمەتەکانی دیکە قەرزار دەبێتەوەو لێیان بەهرەمەند نابێ .

٨) - ﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشۡكُرُونَ﴾، بەڵام زۆربەی خەڵکی سوپاس ناکەن، واتە: سوپاسگوزار نین بۆ خواو، قەدری نیعمەتەکانی خوا نازانن، واتە: زۆربەی خەڵکی ئەو چاکەیەی خوا کە پێغەمبەرایەتیی‌و وەحییە، وەریناگرن، چونکە شوکری نیعمەتی خوا ئەوەیە کە تۆ نیعمەتەکە لە خوا وەربگری‌و، لە ڕەزامەندیی خوادا بەکاری بێنی .

مەسەلەی سێیەم : وتوویژی یوسوف عليه السلام لەگەڵ دوو هاوەڵەکەیدا، واتە: دوو هاوەڵەکەی بەندیخانەی، لەبارەی خوا بە یەکگرتن و هاوبەش بۆ خوا دانانەوەو، ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە (شیرکـ)، بیرۆکەیەکی بۆشی بێ بنەمایە، چونکە هەر خوا بڕیار بە دەستو هەمەکارەی بوونە، بۆیە پێویستە بەس ئەویش بپەرستری و بەندایەتیی بۆ بکری :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ ﴿٣٩﴾ مَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسۡمَآءٗ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٤٠﴾ ﴾.

توێژینەوەی ئەم دوو ئایەتە لە هەشت بڕگەدا:

١) - سەرەتا یوسوف عليه السلام دوو هاوەڵە زیندانییەکەی دەدوێنێ و دەڵێ :

﴿ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ ﴾، ئەی دوو هاوەڵەکەی بەندیخانەم! واتە: ئەی ئەو دوو کەسەی کە لەگەڵ مندا پێکەوە لە بەندیخانەین، زانایان دەڵێن: شتێکی ئاشکراو ڕوونیشە: زۆرجار هاوپیشەیی، هاومەشرەبیی، هاوەڵێتیی لە شتێکدا، لە ئیشێکدا، لە شوێنێکدا، هاودەردیی و هاوچارەنووسیی، جێگای پەیوەندیی خزمایەتیی و ڕەچەڵەك دەگرێتەوە، بەڵکو جاری وا هەیە بەهێزتریشە، هەروەك گوتراوە: (براش دەبێ برادەر بێ)، جاری وا هەیە دراوسێیەك، یان هاوەڵێك لە خزمێك، لە کەسێك، کە لە ڕووی خوێن و گۆشت و ڕەچەڵەکەوە، زۆر لە تۆ نیزیکە، باشتر کەلێنت بۆ دەگرێ، مادام هاوکارتر بێ و دڵسۆزتر بێ و چاکتر بێ .

دیارە دۆستی ڕۆژی تەنگانەو میحنەت، جیایە لە هی کاتی فەڕحانییو ئیسراحەت، هیچ گومانی تێدا نیە ئەوانەی لە تەنگانەیەك دا، لە دەروویەکدا، لە نارەحەتییەکدا، پێك ئاشنا دەبن، ئەو پەیوەندییەی لە نێوانیاندا دروست دەبێ، جیایە لەو پەیوەندییە سادەیەی کە لە حاڵەتی ئاسایی دا دروست دەبێ .

٢) - پێشی بانگیان دەکات : ﴿ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ ﴾، ئایا چەند خاوەن (پەروەردگار، سەرپەرشتیار، مشوورخۆر)ێکی جۆراوجۆرو جیاوازو پرشو بڵاو، باشترن، بپەرسترێنو بەندایەتیان بۆ بکرێ، یاخود خوای تاکی مل پێ کەچکەر؟

هەڵبەتە یوسوف ﷺ کە بەو شێوەیە دوو هاوەڵە زیندانییەکەی دەدوێنێ، لەبەر ئەوە بووە کە کۆمەڵگای میسر، کۆمەڵگایەکی هاوبەش بۆ خوادانەر بووە، مێژوو نووسان دەڵێن: زیاتر لە سی (٣٠) پەرستراوو پەروەردگاریان هەبووە، ئەوەی لە هەموویان گەورەتر، پێیان گوتوە: (ئامون ڕەع)، کە ئەوە گەورەترینیان بووە، هەروەها هەر کامێك لە: (أوزوریس، أزریس، هوروس)، ئەو سێیانەش هەر گەورە بوون، وردە پەرستراوی دیکەشیان زۆر بوون، هەتا ژمارەیان گەیشتۆتە سی (٣٠) دانە !

ئنجا لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ ﴾، ئەم وشەی (خَيۡرٌ)، زانایان دوو واتایان بۆ لێکداونەوە :

یەك : ئایا چەند سەرپەرشتیارو پەروەردگارێك باشترن بۆ مرۆڤ ، سەرپەرشتیی بکەنو، ڕوویان تێبکاتو، بیانپەرستێو بەندایەتییان بۆ بکات، یاخود یەك، کە ئەویش بریتیە لە خوای تاکی مل پێ کەچکەرو باڵادەست ؟

دوو: ئایا بڕوا بوون بە چەند پەروەردگارێك لە عەقڵدا زاڵترە، عەقڵ زیاتر پەسندی دەکات، یاخود یەك خوا، کە بریتیە لە خوای تاكو پاكو بێ وێنەو بێ هاوەڵ .

واتــە: وشــەی (خَيْرٌ) یــان لەســەر ئــەسڵی واتایەکــەی خۆیــەتی، واتــە:

باشتــرەو چاکتــرە، یاخــود (خَيْرٌ)، واتــە: لــە ڕووی عەقڵــەوە، عەقــڵ زیاتــر پەسندی دەکاتو زاڵی دەکات، کامیان زیاتـر بـە عەقڵەوە دەنووسێ؟ کەواتـە: (خیـر) یـان بـۆ (تفضیل)ە، واتـە: باشتـر، یاخـود (خیر)، واتـە: زیاتـر دەچێتـە عەقڵەوەو، لە ڕووی لۆژیکەوە، پەسندتـرە ؟

٣) - ﴿ مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسْمَآءً سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم ﴾،

ئنجـا یوســوف ﷺ یەکســەر لــە نیشانــە دەدا، دوای ئــەوەی ئــەو پرسیــارە ورووژێنـەرەیـان لێدەکـات: کـە ئـایـا ئینسـان ڕوو بکاتـە یـەك پەروەردگـاری ڕاستـەقینـە، کە خـوایـە ﷻ باشتـرە، یـان کۆمـەڵێك پەروەردگاری هـەبـن کـە هەر کامێکیان مـەشرەبێکە؟ هەڵبـەتـە ئـەو پەروەردگـارانـە کـە پەرستـراون، ئـەو پەرستـراوانـە، هیچ نـەبوون، وەك دوایی یوسوف دەفـەرمـوێ: ئـەوانـە هـەر نـاون، بـەڵام هـەر کامێك لـەوانـە (سادِن)ی هـەبـووە، خزمـەتچییـەکی هـەبـووە، وەك چـۆن ئێسـتا زۆر لــەو گـۆڕو پیــرو چاکانــەی کــە خـەڵـك دەچـێ بـۆ سـەردانیـانو، بـە داخـەوە تـووشـی جـۆرێك لـە (شیرك) دەبـن بـە هـۆیـانـەوە: لـێیـان دەپاڕێنـەوە، داوای شیفایـان لێدەکـەن، داواکاریی جۆراوجۆریـان لێدەکەن، هـەر کامێك لـەو گۆڕو پیـرو چاکانـە، خزمـەتچییـەکی هـەیـە، کـەسێك هـەیـە سـەرپەرشتیی دەکاتو، ئێستاش هـەر (سادِن)ی پێ دەڵێن بـە عـەرەبی، (سدنة) کۆی (سادِن)ە، کـە کـاتی خـۆی سـەرپەرشتیی ئـەو بتـانـەیـان کـردوە، (كهنة)ش کۆی (كاهن)ە، ئـەوانیش هـەر جۆرێـك لـە پەیوەندییـان هـەبـووە بـە بـتو صـەنـەمـەکـانـەوەو، بـە نـاوی ئـەوانـەوە قسـەیـان کـردوە.

ئنجـا کــە دەفـەرمــوێ: ﴿ مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسْمَآءً سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم ﴾، واتـە: ئێـوە هیچ نـاپەرستن، جگـە لـە چەند نـاوێـك، کە خـۆتـانو بابو باپیـرانتـان ئەو نـاوانـەتان هـەڵداوە لـەو شتـانـە، واتـە: ئـەو شتـانە وەك پەرستـراوێتیـیو پەروەردگـارێتیـی، هـیچ بـوونێکـی واقیعیـیو دەرەکییـان

نیە، تەنیا لە وەهمو خەیاڵی ئێوەدا بوونیان هەیە، ئێوەش لاسایی کردنەوەی کوێرانەی پێشینانتان کردۆتە پیشە، بە شوێنکەوتنی بیرو بۆچوونو خەیاڵو وەهمی بابو باپیرانتان، ئێوەش ئەو شتانە دەپەرستن، کە تەنیا ناوی ڕووتنو، هیچ نێوەڕۆکێکیان نیە .

٤) - یوسوف ﷺ زیاتر بەردەوام دەبێ بۆ پووچەڵکردنەوەی بیرۆکەی (شیرك)و هاوبەش بۆ خوا دانان، دەفەرموێ: ﴿مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍ﴾، ئەو پەرستراوانەی ئێوە، کە تەنیا ناوی ڕووتنو، نێوەڕۆکیان نیە، واتە: نێوەڕۆکێك لە قەدەر ناوەکە، ئەگەرنا ئەوە دار بووە، ئەوە بەرد بووە، ئەوە هەیکەل بووە، ئەوە بەشەر بووە، یان وەك ئێستا: ئەوە مشکە، ئەوە مانگایە، ئەوە مارە، هەروەها : ئەوە حوکمێکی خۆسەپێنە، ئەوە حیزبێکی بەرنامە دژ ئیسلامە، ئەوە ڕژێمێکی طاغووتییە، دەپەرسترێن، ئەو شتانە نێوەڕۆکێکیان هەیە، بەڵام ئەو نێوەڕۆکە نا کە لە وەهمی ئەوان دایە، کە ئەوانە پەروەردگار بنو، پەرستراو بنو، کاروباری بوونیان بە دەست بێ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍ﴾، خوا هیچ جۆرە بەڵگەیەکی لەسەر نەناردوونە خوار، (سُلۡطَٰنٍ)، بە مانای خاوەن دەسەڵاتو حوکمڕان دێ، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ بەڵگەو دەلیل، کە دەسەڵاتی هەیە بەسەر عەقڵو دڵی مرۆڤدا، ئەگەر مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا ڕاست بکاتو لە هەق لانەدا، وەك کوردەواریی خۆمان دەڵێن: (لە هەقێ ناو ڕادەوەستێ)، وەك چۆن حوکمڕانو سوڵتانی ڕواڵەتیی دەسەڵاتی هەیە بەسەر خەڵكو وڵات (عباد و بلاد)دا، بە هەمان شێوە بەڵگەو دەلیلیش دەسەڵاتی هەیە بەسەر عەقڵو دڵی مرۆڤەکاندا، بۆیە ناوی لێنراوە سوڵتان، دەفەرموێ: ئەو پەرستراوانەی ئێوە، خوا هیچ بەڵگەی لەسەر نەناردوونە خوار .

کەواتە: ئیمانو عەقیدە دەبێ لەلایەن خاوەنی بوونەوەرەوە دابنرێو بەڵگەی خوای پەروەردگاری لەسەربێ، ئەگەرنا بە پووچ لە قەڵەم دەدرێ، چونکە ئیمانو عەقیدە، بریتیە لە مامەڵە کردن لەگەڵ خاوەنی بووندا،

كە ئەویش پەنهانو نادیارە، ئنجا نادیارو پەنهانیش، تۆ نازانی چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بكەی، مەگەر ئەو خاوەنەی پێت بڵێ، كە خوایە ﷻ، مەگەر خوا خۆیت پێ بناسێنێ، ئەگەرنا تۆ لە خۆوە ناتوانی بڵێی: ئاوایەو ئەوە سیفەتیەتیو ئەوە ناویەتیو، دەبێ بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بكرێو، بپەرسترێو بەندایەتیی بۆ بكرێ .

٥) - ئنجا دەفەرموێ: ﴿إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾، (حُكْم)، لێرەدا یان بە مانای یاسادانانە لە بواری عەقیدەو عیبادەتو هەڵسوكەوتەكان دا، كە حوكمو یاسادانان تەنیا مافی خوایە .

یاخود (حُكْم) ماناكەی گشتییەو، هەم یاسادانان دەگرێتەوە، هەم تەصەڕووف لە بووندا دەگرێتەوە، واتە: (حُكْم)، لێرەدا دەگونجێ هەم مەبەست پێی حوكمی تەشریعیی بێ، هەم حوكمی تەكوینیی، حوكمی تەشریعیی ئەوەیە: كە خوا ﷻ دایدەنێ لە شەریعەتی خۆیدا، بەڵام دوایی مرۆڤەكان بە ئیرادەی خۆیان كاری پێ دەكەن، یان كاری پێ ناكەن، بەڵام حوكمی تەكوینیی ئەوەیە: كە خوا لە بووندا دایناوە، مرۆڤو غەیری مرۆڤیشو هەموو دروستكراوەكان، چار ناچار ملكەچن بۆ حوكمو بڕیاری تەكوینیی خوای باڵادەست .

﴿إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾، دیارە (إِنِ) لێرەدا (إِنِ)ی (نافیة)یە، یانی: (ما الحكمُ إلاّ لله)، یانی: حوكمو تەصەڕووف كردن لە بووندا، لە ژیانی مرۆڤیش دا، لە بەشە ئازادو ئیرادییەكەی دا، (كە مەبەست پێی حوكمی تەشریعیی: دانانی حەڵاڵو حەرامو یاساكانی ڕێكخستنی ژیانی تاكو خێزانو كۆمەڵگایە)، تەنیا هی خوایە، واتە: بێجگە لە خوا هیچ كەسی دیكە دەست وەرنەداتە كاروباری بوون، هیچ كەسی دیكە هیچی بە دەست نیە، نە هیچ دروست دەكات، نە هیچ شتێك لە حاڵێكەوە بۆ حاڵێكی دیكە دەگۆڕێ، جگە لە خوا هیچ كەس نە كاروباری وەدیهێنانی بە دەستە، نە كاروباری بەڕێوەبردنی بوونی بە دەستە، واتە: خوا هیچ هاوبەشی نین.

٦) - بۆیەش ﴿أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ﴾، فەرمانیشی کردوە کە جگە لەو نەپەرستن، واتە: مادام وەك بەدیهێنان (تکوین) هەر خوا ﷻ هەمەکارەی بوونە، پێویستە لە ژیانی ئێوەشدا، تەنیا خوا پەرستراو و بەندایەتیی بۆ کراو بێ، مادام خوا ﷻ بە تەنیا هەمەکارەی کەونو کائینات بێ، کەواتە: پێویستە تەنیا ئەویش بپەرسترێ: ﴿أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ﴾، فەرمانی کردوە کە جگە لەوی نەپەرستن .

٧) - ﴿ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ﴾، ئا ئەوە (کە تەنیا خوا بەندایەتیی بۆ بکرێ، سەرەتا تەنیا خوا بە بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەنی بوون بزانی، پاشان هەر بەندایەتیی بۆ وی بکەی)، ئا ئەوە ئایینو بەرنامەی ڕێكو ڕاستو چەسپاوە، یاخود ئایینو بەرنامەیەك کە ڕاگری کاروباری دنیاو دوارۆژی ئێوەیە .

(القَيِّم: أي الثابت)، نەگۆڕ چەسپاو .

یاخود (المُقَوِّم لأمور معاشهم و معادهم)، یانی: ڕاگری کاروباری ژیانو گوزەرانی دنیاو، دوارۆژیشتان .

٨) - ﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ﴾، بەلام زۆربەی خەلکی نازانن، هەلبەتە لێرەدا کە دەفەرموێ: زۆربەی خەلکی نازانن، هەرچەندە بە گشتی فەرموویەتی، زۆربەی خەلکی نازانن، بەلام بە پێی سیاق بۆمان دەردەکەوێ کە زیاتر مەبەستی خەلکی میسر بووە، واتە: ئەو خەلکەی میسر، زۆربەی هەرە زۆریان نازانن، واتە: ئەو ڕاستییە نازانن، بەشێکیشیان دیارە دەیزانن، بەلام بەزمو بازاڕی فیرعەونانەو خۆسەپێنانەیان لێ تێکدەچێ، ئەگەر بێتو بەندایەتیی بۆ خوا بکەنە بەرنامەی ژیانیان، چونکە بە پێی بەندایەتیی بۆ خوا، مرۆڤەکان هەموویان یەکسان دەبنەوە، بەلام لە سایەی (شیرك)و پەرستنی (طاغوت)و فیرعەونەکاندا، چینایەتییو بەرزییو نزمییو ئیمتیازی ناشەرعیی پەیدا دەبێ، کەچی لە سایەی خوا بە یەکگرتنو تەنیا خوا پەرستندا: یەکسانییو ئازادییو وەك یەك بوون،

پەیدادەبێ، بۆیە هەمیشە فیرعەونەکانو خۆ بە پەرستراوو پەروەردگار زانەکان، دوژمنی سەرسەختی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) بوون، چونکە ئەگەر پەیامو بەرنامەی پێغەمبەران بچەسپێ، ئەوان ئەو بەزمو بازاڕەیان لێ تێکدەچێ، خەڵك ئەو کاتە هۆشیار دەبێتەوەو دەڵێ: فیرعەون! نەمروود! قارِوون! فلان! فلان! تۆش وەك من مرۆڤیو هەمووومان بەندەی خواین، خوا بە یەکگرتن ئاوا بانگی ئازادیی بە گوێی خەڵکدا دەداتو، خەڵك حورمەتو ڕێزو کەرامەتی خۆی دەزانێ، بەڵام شیركو بت پەرستیی، بەرزیيو نزمیی چینایەتیی پەیدا دەکات: ئەوانە چینی سیاسیین، ئەو بنەماڵەیە، ئەو عەشیرەتە، ئەو حیزبە، ئەو شەخسە، بەرزترەو دەبێ تەقدیس بکرێ، بەڵام لە سایەی خوا بەیەکگرتن (تـوحید)دا: بە پیرۆز گیراو (مُقَدَّس)و، بە پاك گیراو، تەنیا خوایە، بێ هەڵە تەنیا خوایە، بەڵام مرۆڤەکان هەموویان هەڵەکارن، هەمووشیان یەکسانن، مەگەر کەسێك مرۆڤەکان لە نێوان خۆیاندا، ڕێزێکی زیادەی لێ بنێنو بیکەنە بەرپرسی خۆیانو، پێش خۆیانی بدەن، خۆیان دەستەڵاتی پێ بدەن، ئەگەرنا لە ئەسڵدا مرۆڤەکان هەموویان یەکسانن .

لێرەدا ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ دێنین کە دەفەرموێ: {مَنْ جَعَلَ الْهُمُومَ هَمـا وَاحِداً هَمَّ الْمَعَادِ، كَفَاهُ اللهُ هَمَّ دُنْيَاهُ، وَمَنْ تَشَعَّبَتْ بِهِ الْهُمُومُ فِي أَحْوَالِ الدُّنْيَا لَمْ يُبَالِ اللهُ فِي أَيِّ أَوْدِيَتِهِ هَلَكَ}، {أَخْرَجَهُ ابن أَبِي شَيْبَة برقم: (٣٤٣١٣)، وَابن ماجَهْ برقم: (٢٥٧)، وَحَسَّنَهُ الألباني}.

واتە: هەر کەسێك هەموو جێی بایەخ پێدانو خەمەکانی خۆی کردنە یەك خەم، (یەك چەقی بایەخ پێدان) خەمی دواڕۆژی، خوا ﷻ خەمی دنیای لە کۆڵ دەخاتو، هەر کەسێك لە کاروباری دنیادا خەمو جێی بایەخ پێدانەکانی جۆراو جۆربن پرشو بڵاوبن، خوا ﷻ بایەخی پێ نادات، لە کام لەو دۆڵو شیوانەی دنیادا دەفەوتێ .

ئێمە خوا پشتیوان بێ لە کاتی تەفسیرکردنی ئایەتی ژمارە (١٠٦)ی ئەم سوورەتەدا، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم

مُّشۡرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾، زۆربەیان بڕوا بە خوا ناهێنن، مەگەر هاوبەش بۆ خوا دانەر بن، لەوێدا باسێكی تایبەت لەبارەی شیركەوە دەكەین، بۆیە لێرەدا بەوەندە وازی لێدێنین .

مەسەلەی چوارەم : لێكدانەوەی یوسوف بۆ خەونەكانیان، واتە: خەونی دوو هاوەڵە زیندانییەكەی، كە یەكەمیان دەربازی دەبێ‌و، دەگەڕێتەوە سەر پیشەی پێشووی، شەڕاب دەداتەوە گەورەكەی خۆی، ئەوی دیكەشیان لە سێدارە دەدرێ‌و باڵندە گۆشتی سەرو گوێلاكی دەخۆن :

دوای ئەوەی یوسوف ﷺ ئەوەی كە زۆر بە لایەوە گرنگ بوو، كە گەیاندنی پەیامی خوایە، بەوانی ڕاگەیاند، ئنجا دێتە سەر جێبەجێكردنی ئەو بەڵێنەی كە پێشتر پێیدان‌و گوتی: بەرلەوەی ژەمە خواردنی ڕۆژانە كە بۆتان دیاریكراوە، بۆتان بێ، من مانای خەونەكانتان بۆ لێك دەدەمەوە، دیارە دوای ئەوەی كە خۆی پێناساندن‌و، بەرنامەو ڕێبازی خۆی پێ ناشنا كردن‌و، بۆی باسی حەقانیەتی خوا بە یەكگرتن‌و پووچەڵیی (شیرك)كردن، ئنجا دێتەوە سەر باسی وەڵامدانەوەی پرسیارەكەی ئەوان‌و، تەعبیركردنی خەونەكانیان، دەفەرمووێ: ﴿ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ أَمَّآ أَحَدُكُمَا فَيَسۡقِي رَبَّهُۥ خَمۡرٗاۖ وَأَمَّا ٱلۡأٓخَرُ فَيُصۡلَبُ فَتَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ مِن رَّأۡسِهِۦۚ قُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ ٱلَّذِي فِيهِ تَسۡتَفۡتِيَانِ ﴿٤١﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەكە لە چوار بڕگەدا:

١) - ﴿ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ ﴾، یوسوف جارێكی دیكە بانگیان دەكاتەوە، كە دیارە لە تەنیشتیشنی، بەڵام ئەوە جۆرێكە لە دڵخۆشكردن‌و لاواندنەوە (ملاطفة)و نەرمیی لەگەڵ نواندن، وەك پێشتر گوتمان: لەبەر ئەوەی لەو كاتەدا هاوچارەنووس بوون‌و هاودەرد بوون، هەموویان لە بەندیخانە بوون، هەرچەندە یوسوف ﷺ بە ستەم‌و بە ناهەق بەند كراوە، هی ئەوانیش

ڕوون نەکراوەتەوە کە چۆنە؟ گرنگ ئەوەیە کە یەکێکیان دەربازی دەبیؒو یەکێکیان لە سێدارە دەدریؒ .

٢) - دەڵیؒ: ئەی دوو هاوەڵە زیندانییەکەم ! یەکێکیان (دەربازی دەبیؒو) مەی بەسەر گەورەو خاوەنکەیەوە دەگێڕیؒ ﴿ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ أَمَّآ أَحَدُكُمَا فَيَسۡقِي رَبَّهُۥ خَمۡرٗاۖ ﴾، ئەمە کە خوا ﷻ لێرەدا وا بە کورتیی دەیگێڕێتەوە، وا پێدەچیؒ یوسوف ﷺ وەك ڕیؒ خۆش کردنو پێشەکیی هەندیؒ قسەی دیکەی بۆ کردبن، دوایی لە درێژەی قسەکانیدا دەفەرمویؒ: یەکێکتان شەڕابو مەی دەدا بە سەرپەرشتیارەکەی خۆی، کە مەبەست پێی پادشایە، ئەو پیاوەش، دیارە پێشتر پیشەکەی بریتی بووە لە مەیگێڕانو سەرپەرشتیکردنی ئەوانەی کە ئاوو شەربەتو شەڕاب دابەش دەکەن لە کۆشکی پادشادا، واتە: یەکێکتان دەگەڕێتەوە سەر پیشەکەی پێشێی، کە بریتیە لە: مەی گێڕان بەسەر گەورەکەیەوە .

٣) - ﴿ وَأَمَّا ٱلۡأٓخَرُ فَيُصۡلَبُ فَتَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ مِن رَّأۡسِهِۦۚ ﴾، بەڵام ئەوەی دیکە، هەڵدەواسریؒو باڵندە لەسەری دەخۆن، هەندێك لە توێژەرەوان دەڵێن: یوسوف ﷺ نەیویستوە کتوپڕ پێیان بڵیؒ: تۆ لە سێدارە دەدرێیو، تۆش دەرباز دەبی، بۆیە بەو شێوەیە گوتوویەتی: لەو دووانەتان یەکێکتان شەڕابو مەی دەدا بە گەورەکەی خۆی، مانای وایە دەربازی دەبیؒو دەچێتەوە سەر ئیشی پێشێی، یەکێکیشتان هەڵدەواسریؒ، لە سێدارە دەدریؒو، باڵندە لە گۆشتی سەرو گوێلاکی دەخۆن .

٤) - ﴿ قُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ ٱلَّذِي فِيهِ تَسۡتَفۡتِيَانِ ﴾، ئەو مەسەلەیەی ئێوە لەبارەیەوە پرسیارتان دەکرد، تەواو بوو، واتە: تەعبیری خەونەکە بەو شێوەیەیە .

(تَسۡتَفۡتِيَانِ)، (الإسْتِفْتَاءُ: مَصْدَرُ اسْتَفْتَى إذَا طَلَبَ الإفْتَاء، وَهُوَ: الإخْبَارُ بِإزَالَةِ مُشْكِلٍ، أَوْ إرْشَادٌ إلى إزَالَةِ حَيْرَةٍ، وَفِعْلُهُ أَفْتَى مُلازِمٌ للهَمْزِ، والفَتوى والفُتوى والفُتْيَاء، اسمٌ للخبر الصادر مِنَ المُفْتِي).

(إستفتاء): چاوگی (إستفتى)یە، (إستفتى، يستفتي، إستفتاء)، (إستفتى)، یانی: داوای فەتوای کرد، فەتوا چییە؟ بریتییە لە هەواڵدان بە لابردنی ئیشکالێك، گرێ کوێرەیەك، یاخود ڕێنمایی‌و ڕێ پێشاندان بۆ کەسێك کە لە سەر سەراسیمەیی دەربازی بێ، کرداری (إستفتاء)یش، بریتییە لە (أَفْتَى)، (أَفْتَى) یانی: فەتوای دا، کە هەمیشە دەبێ (همزة)ی لە پێشەوە بێ، ئنجا ناوەکەشی، ئەو ناوەی کە لە (أَفْتَى)وە دێ، هەم فەتوای پێ دەگوترێ، هەم (فوتوای)ی پێ دەگوترێ، هەم (فوتیای)ی پێ دەگوترێ، کە ناوە بۆ ئەو هەواڵەی لە (موفتي)یەوە دەردەچێت، ئەو زانیارییەی کە لە فەتوادەرەوە دەردەچێ، پێی دەگوترێ: (فَتوى، فُتوى، فُتْيا) .

ئنجا یەکێك بۆی هەیە پرسیار بکات، بڵێ: یوسوف ﷺ چۆن وا بە زەقیی بەو کابرایەی گوتوە : دەکوژرێی؟ چونکە کە دەڵێ: یەکێکتان دەربازی دەبێ، دەبێ لە خۆیان حاڵی بووبن، کامەیان سەقاو بووە، یانی: سەرپەرشتیاری دابەشکردنی ئاوو شەراب بووە، لە کۆشکی پاشادا، یەکسەر ئەویان لە خۆی حاڵی بووە کە ئەو دەربازی دەبێ، ئەوەی دووەمیان کە دەڵێ: بەڵام ئەوی دیکەتان هەڵدەواسرێ‌و باڵندەکان لە گۆشتی سەری دەخۆن، چۆن وا بە زەقیی پێی گوتوە ؟

وەڵامەکەی بە بۆچوونی من ئەوەیە کە هەق دەبێ بگوترێ، ئینسان نابێ لە کاتێکدا کە هەقێکی لەلایەو، پێویستە لە کاتو شوێنی خۆیدا بگوترێ، نابێ بهێڵێ ئارەزوو و عاتیفە تێکەڵی بێو، سەرەنجام ئەو زانیارییە بگۆڕدرێ، چونکە ئەوە :

<u>یەکەم:</u> پێچەوانەی ئەمانەتی زانستییەو، زانیاریی دەبێ وەك خۆی بگەیەنرێ .

<u>دووەم:</u> جۆرێکیشە لە ناپاکیی کردن لە لایەنی بەرانبەر، لایەنی بەرانبەر پێویستە بەرچاوی ڕوون بکرێتەوە .

(یوسف)یش ﷺ هەر ئەوەندەی پێکراوە کە پێشێ وەك گوتم: دەگونجێ زەمینە سازییەکی بۆ کردبێ، پێشەکییەکی گوتوە، بۆچیش پێشێ باسی

تەعبیری خەونەکەی بۆ نەکردوون؟ هەڵبەتە ئەوە لە تەفسیرەکاندا نەمبینیوە، پێشێ هەڵساوە بۆی باسی خواپەرستیی کردوون، بۆی باسی ڕۆژی دوایی کردوون، پاشان بۆی باسی خۆی کردوون کە خۆی کێیە؟ دوایی بۆی باسی خوا بە یەکگرتن کردوونو بۆی باسی پووچەڵیی (شیرك) کردوونو، هەوڵیداوە کە شیرکیان لە دڵو مێشك دەرێنێو، خوا بە یەکگرتنیان لە دڵدا بچەسپێنێ، چونکە ئەگەر ئینسان بوو بە خاوەنی ئیمانو عەقیدەی ڕاستو دروستو، پەیوەست بوو بە خوای پەروەردگارەوەو، زانی ڕۆژی دوایی هەیە، دنیای لەلا بچووك دەبێتەوە، واتە: یوسوف ﷺ ویستوویەتی پێشێ دەربازیان بکات لە چاڵی شیركو کوفرو گومڕایی، بۆ ئەوەی کە دوایی ئەو هەواڵەی پێگوتن، مادام بوونە خاوەنی ئیمانو خوا بە یەکگرتن، ئەو کاتە زۆر دەربەستی مردن نابن، وەك چۆن جادووگەرەکانی کە فیرعەون هێنانی، بۆ دژایەتیی مووسا ﷺ پێشێ دەیانگوت: ﴿إِنَّ لَنَا لَأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ الْغَالِبِينَ ﴿١١٣﴾﴾الأعراف، واتە: ئایا کرێو پاداشتمان دەبێ ئەگەر ئێمە زاڵبووین ؟

پێش ئەوەی ئیمان بێنن، چاوەڕێی تۆزە تەماعێكو زار چەور کردنو ئافەرینێکیان دەکرد لە فیرعەون، بەڵام دوای ئەوەی کە ئیمانیان هێناو فیرعەون هەڕەشەی لێکردن، کە نەك خەڵاتو بەراتیان ناداتێ، بەڵکو گوتی: ﴿لَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١٢٤﴾﴾ الأعراف، هەمووتان هەڵدەواسم، ﴿وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِي جُذُوعِ النَّخْلِ وَلَتَعْلَمُنَّ أَيُّنَا أَشَدُّ عَذَابًا وَأَبْقَىٰ ﴿٧١﴾﴾طه، واتە: بە گڵۆفکی دارخورماوە هەڵتاندەواسمو، دەزانن کێ سزایەکەی بەهێزترەو زیاتریش دەمێنێتەوە !

ئەو کاتە نەك هەر هیچ چاوەڕوانییەکیان لە فیرعەون نەبوو، بەڵکو لە هەڕەشەو گوڕەشەو لە خراپترین جۆری کوشتنیش، کە پێشانی ئەوانی داو هەڕەشەی پێ لێکردن، کە بریتی بوو لەوەی دەستو پێیان ڕاستو چەپ ببڕێ: ﴿ لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَافٍ ثُمَّ لَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١٢٤﴾ ﴾ الأعراف، دەستو پێی ڕاستو چەپتان دەبڕمو، هەمووتان هەڵدەواسم، بە

کوێشەوە؟ بە گلۆفکی دارخورماوە، تاکو خوێنیان لێدەبڕێو، بە ئازارەوە دەمرن، کەچی ئەوان چییان گوت ؟ ﴿ فَٱقۡضِ مَآ أَنتَ قَاضٍۖ إِنَّمَا تَقۡضِي هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَآ ۝٧٢ ﴾طه، واتە: هەرچی لە دەستت دێ بیکە، تۆ هەرچی دەیکەی، لەم چوارچێوەی ژیانی دنیایەدا دەیکەی !

بۆیە من پێم وایە یوسوف ﷺ زۆر حەکیمانەو، لێزانانەو، زۆر میهرەبانانە بەرلەوەی کە خەونەکەیان بۆ تەعبیر بکات، هەڵساوە بۆی باسی ئیمانو تەوحیدو عەقیدە کردوون، بۆ ئەوەی کە پێشێ ئەوانە دەربازبن لە چاڵی شیرك‌و کوفرو گومڕاییو، لە چوارچێوەی تەسکی دنیا، تاکو دوایی کە ئەو هەواڵەیان پێدەدا، کە بۆ یەکەمیان تۆزێ خۆشەو تۆزێکی دیکە دەژی لەم ژیانە دنیاییەدا، بەلام بۆ دووەمیان دیارە شتێکی زۆر ناخۆشە، بەلام ئەگەر ئیمانو عەقیدەی خوا بە یەکگرتن لە دڵو دەروونی دا بچەسپێ، دیارە ئەو کاتە مردنو مەرگی لەلا ئاسایی دەبێتەوە، چونکە دەزانێ کە ژیانی دنیا شتێکی زوو تێپەڕەو، مەنزڵگای دوا ڕۆژ، شوێنی تێدا نیشتەجێ بوونو ئیسراحەتە .

<u>مەسەلەی پێنجەمو کۆتایی</u> : داواکردنی یوسوف ﷺ لەوەیان کە پێی وابووە قوتاری دەبێ، لەو دوو هاوەڵەی، کە لەلای گەورەکەی، لەلای پادشایەکەی باسی بکات، واتە: باسی بکات کە: کابرایەك هەیە لە بەندیخانەدا، بە زوڵم گیراوەو بوختانی پێکراوەو هیچی لەسەر نیە، بەلام شەیتان لە بیری بردەوە کە باسی یوسوف ﷺ بکات، بۆیە یوسوف چەند ساڵێك لە بەندیخانەدا ماوەتەوە :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُۥ نَاجٖ مِّنۡهُمَا ٱذۡكُرۡنِي عِندَ رَبِّكَ فَأَنسَىٰهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ ذِكۡرَ رَبِّهِۦ فَلَبِثَ فِي ٱلسِّجۡنِ بِضۡعَ سِنِينَ ۝٤٢ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە لە چوار بڕگەدا:

١) - ﴿ وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُۥ نَاجٍ مِّنْهُمَا ﴾، ئنجا بەوەیانی گوت : کە پێی وابوو دەرباز دەبێ لەو دووانە .

لێرەدا وشەی: (ظَنَّ)، لە: ﴿ ظَنَّ أَنَّهُۥ نَاجٍ مِّنْهُمَا ﴾دا، وەك پێشتریش باسمانکرد، لە قورئاندا جاری وایە (ظَنَّ) بە مانای ئەگەرێکی زاڵ دێ، جا بە باری بووندا، یان بە باری نەبووندا، (شك)، واتە: دوودڵیی، ئەوەیە کە لە نێوەڕاستێ دابێ، بە هیچ لایاندا نەیخەی، نە بوونی، نە نەبوونی، بەڵام (ظَنَّ)، ئەوەیە کە بە باری بووندا بیخەی، یان بە باری نەبووندا، بە لایەکیاندا بیخەی، بۆیە دەگوترێ: (ظَنَّ)، بریتیە لە (إحتمال راجح)، یانی: ئەگەرێکی زاڵ، ئەوە ئەسڵی واتاکەیەتی، بەڵام جاری وایە (ظَنَّ) بە پێی سیاقەکە بە مانای یەقینو عیلمیش دێ، کە لێرەدا وا پێدەچێ بە مانای زانیاریی‌و یەقین‌و دڵنیایی بێ، چونکە یوسوف ﷺ ئەو تەعبیری خەونەی کە کردوە، پێشتر گوتوویەتی: ﴿ ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّيٓ ﴾، ئا ئەوەتان لەوەیە کە پەروەردگارم فێری کردووم، کەواتە: وەحیی یان ئیلهامێکی خوایی بووەو. یوسوف ﷺ زۆر بە دڵنیایی: هەم خەونەکەی ئەو دووانە، هەم خەونەکەی پادشا تەعبیر دەکات، بەڵکو لەبەر ڕۆشنایی خەونەکەی پاشاداو بە بناغە گرتنی خەونەکەی پادشا، نەخشەیەکی ئابووریی پازدە ساڵیی دادەنێ، ئنجا بێگومان ئەگەر دڵنیا نەبووبێ، ناچێت بەو شێوەیە ئەو خەونانە تەعبیر بکات .

کەواتە لێرەدا: ﴿ وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُۥ نَاجٍ مِّنْهُمَا ﴾، هەرچەندە بە (ظَنَّ)ە هێناویەتی، بەڵام لێرەدا یانی: (وقال للذي إستيقن)، یاخود (قال للذي علم أنه ناج منهما)، بەوەیانی فەرموو کە دڵنیا بوو، یان زانی ، دەرباز بوویە، لەو دووانە .

ئنجا ئایا حیکمەتەکەی چییە، کە نەیفەرموە: (وقال للذي إستيقن)، یاخود (علم أنه ناج منهما) !

پێم وایە حیکمەتەکەی ئەوەیە: کە لە بواری تەعبیری خەونانندا، دەبێ مرۆڤ وریا بێو ئەگەری بە هەڵەداچوون دابنێ، هەڵبەتە بۆ یوسوف ﷺ نا، بەلام یوسوف سەرمەشقە، پێغەمبەران سەرمەشقن بۆ خەڵکی دیکە، بۆیە هەندێك شتیان کردوە، کە خەڵکی دیکە بەو شێوەیە چاویان لێبکات، پێغەمبەری خوا ﷺ جاری وایە شتێکی کردوە، مۆڵەت بووە، بۆ ئەوەی ئۆممەت چاوی لێبکات لە ئاسانگیرییدا، جاری واشبووە شتێك کە قورس بووە، نەیکردوە، نەوەك لەسەر ئۆممەتەکەی فەرز بێ، وەك نوێژی تەراویح کە دوای ئەوەی سێ شەوان لەسەر یەك کردوویەتی، شەوی چوارەم فەرموویەتی: بۆیە نەمکرد نەوەكو لەسەرتان پێویست بێ[1]، کەواتە: پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) هەندێك شتیان فەرمووەو هەندێك شتیان کردوە، چونکە زانیویانە دوایی خەڵك تەماشایان دەکات، ئنجا بۆ ئەوەی خەڵك بە تەماشاکردنو پەیڕەویی کردن لە یوسوف، نەچێ هەر لەخۆوە مەسەلەی تەعبیری خەون لەلای خۆیەوە بکات بە شتێکی یەکلاییکەرەوە، بۆیە وشەی گومانی بەکارهێناوە، ئەگەرنا بە نسبەت خۆیەوە، ئەو گومانە بە مانای دڵنیاییو زانیارییە.

ئنجا ئایا چی پێگوت بە یەکێك لەو دووانە، کە پێی وابوو، دەرباز بوویە؟

٢) - ﴿أَذْكُرْنِي عِندَ رَبِّكَ﴾، لە لای پەروەردگارت، باسم بکە .

وشەی (رب)، ئەگەر بە رەهایی بەکار بێ، تەنیا بۆ خوا بەکاردێ، چونکە تەنیا خوا پەروەردگارو مشوورخۆرو هەمەکارەیە، بەلام ئەگەر (رَبّكَ، رَبّي، رَبُّهُ، رَبِّهِ) پاڵ بدرێتە لای نادیار، یان لای دوێنراو، یان بۆ خۆت، واتە: بە بەنددار (مُقَيَّد)یی بەکاربێ، ئەوە بۆ غەیری خوای پەروەردگاریش بەکاردێ، بۆیە لێرەدا دەڵێ: لە لای مشوورخۆرو خاوەنەکەت، باسم بکە، (أي: سيدك ومالكك) کە بریتییە لە پادشا، وەك پێشتر باسمان کرد.

---

١) وەك لە (صحيح البخاري)دا هاتوە، بە ژمارە :

ئنجا ئایا چۆنی باس بکات ؟ لێرەدا تەفسیلی نەدراوەتێ، بەلام بە سیاقو سەلیقە دیارە کە: باسی ستەم لێکراویی‌و بە ناهەق گیراویی یوسوف بکاتو، باسی ئەوە بکات کە ئەوە ڕێی تێدەچێ یوسوف ﷺ گێڕابیەتەوە: من کاتی خۆی بەو شێوەیە برایەکانم لە بیریان هاویشتووم، دوایی کاروان هەڵیگرتوومەوەو کردوویانم بە کۆیلەو، فرۆشتوویانم، دوایی بوختانم پێکراوەو بە ناهەق زیندانیی کراوم، وادیارە ئەو باسو خواسانەی کردوون بۆ دوو هاوەڵەکانی، باسی مەزلوومیەتی خۆی کردوە، ئنجا گوتوویەتی: ئەوە باس بکە لە لای پادشا .

٣) - ﴿فَأَنسَىٰهُ ٱلشَّيْطَٰنُ ذِكْرَ رَبِّهِۦ﴾، شەیتان باسکردنی (یوسوف)ی لەلای خاوەنەکەی لە بیر بردەوە، یانی: (فأنسى الشيطانُ الذي نجا، أن يذكر يوسف لربه)، شەیتان لەبیر ئەوەیانی بردەوە کە دەرباز بوو لە بەندیخانە، کە باسی یوسوف بکات لەلای گەورەو خاوەنەکەی .

ئەوە ئەو واتایەیە کە من جگە لەوەم بە دڵ نیە .

بەلام هەندێك لە توێژەرەوان، بەڵكو زۆربەیان، واتایەکی دیکەیان بۆ لێکداوەتەوە، کە من پێم وایە نەگونجاوە، ئەویش ئەوەیە دەڵێ: (أنسى الشيطانُ يوسفَ ذِكر الله تعالى)، شەیتان لە بیر (یوسوف)ی بردەوە کە باسی پەروەردگاری خۆی بکاتو، یادی خوای بەرز بکات .

بەلام بێگومان هەر یەکەمیان مەبەستە .

بە بەڵگەی ئەوە کە دوایی یوسوف ﷺ نە داوای لێبوردنی لە خوا کردوە. بڵێ: خوایە! لێم ببوورە کە من لە بیرم چوو لە جیاتی ئەوەی یادی تۆ بکەم. داوام لەو هاوەڵە زیندانییەم کرد، کە بۆ خاوەنەکەی خۆی باسم بکات، ئەوە باس نەکراوە، بەلام ئەگەر هەڵەیەك بووایە یوسوف کردبایو لەسەری سزا درابایە، وەك هەندێ لە توێژەران دەڵێن! بە تەئکید داوای لێبوردنی لە خوای پەروەردگاری دەکرد، بۆ ئەو هەڵەیەی کە کردوویەتی، ئنجا هەر لە سووڕەتی (یوسوف)دا کە دوایی دەیگەینێ، لە ئایەتی ژمارە (٤٥)دا هاتوە: ئەو کەسەی باسکردنی (یوسوف)ی لای خاوەنەکەی لەبیرچۆتەوە، هاوەڵە زیندانییەکەی

بووە، چونکە دەفەرموێ : ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِى نَجَا مِنْهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِۦ فَأَرْسِلُونِ ﴿٤٥﴾ ﴾یوسف، ئنجا ئەوەی کە لەو دووانە دەربازی بووو، دوای چەند ساڵێك وە بیری هاتەوە، {واتە: (یوسوف)ی وە بیرهاتەوە} ، گوتی: من تەعبیری ئەو خەونەتان پێدەڵێم، بمنێرن، واتە: بمنێرن بۆ لای (یوسوف)، دیارە بۆی باسکردوون: کابرایەك لە بەندیخانەدا گیراوە، بە ناوی (یوسوف کوڕی یەعقووب کوڕی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم)، پیاوێکی ئاواو ئاوایە، هێندە چاکەکارە، کاتی خۆی منو هاوەڵێکم دوو خەونمان بینیبوون، خەونەکانی ئێمەی تەعبیر کردن، من دەربازم بوو ئەوەی دیکە ئیعدام کرا، تەعبیرەکەی ڕاست دەرچوو، ئێستاش من بنێرن بۆ ئەوەی تەعبیری ئەو خەونەی پادشاش بکات .

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِى نَجَا مِنْهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ ﴾، {(وَٱدَّكَرَ)، ئەسڵی خۆی (واذتکر)ە} ، یانی: ئەو کەسەی دەربازی بوو لە دوو کەسەکان ، دوای چەند ساڵێك وە بیری هاتەوە، گوتی: دیارە کەسێك وە بیری دێتەوە، کە لە بیری چووبێتەوە، کەواتە: هاوەڵە بەندییەکەی بووە، چونکە لە بیری چۆتەوە؟ ئەوەی کە وەبیری هاتۆتەوە، ئەو هاوەڵەی بەندیخانەی بووە، ئنجا دیارە ئەوەی لە بیریشی چۆتەوە، هەر ئەو بووەو لەبیری چۆتەوە: باسی یوسوف بکات بۆ پادشایەکەی .

کەواتە: ئەوەی کە ڕوونکەرەوانی واتایەکانی قورئان، بنیاتیان ناوە لەسەر ئەوەی گوایە: خوا سزای (یوسوف)ی داوە بەهۆی ئەوەوە کە لە جیاتی ئەوەی باسی خوا بکاتو یادی خوا بکاتو، هاوکاریی لە خوای پەروەردگار وەربگرێ، پەنای بردۆتە بەر ئەو هاوەڵە زیندانییەی، کە لای خاوەنەکەی باسی بکات، لە ڕاستییدا ئەوە هیچی وانیە، چونکە جارێ هۆکار وەرگرتن (الأخذ بالأسباب) هیچ گوناهی تێدانیە، پێغەمبەری خاتەمیش ﷺ هەر وایکردوە، پێغەمبەرانیش هەر وایانکردوە .

پاشان ئەو ڕیوایەتانەی کە لەوبارەیەوە هاتوون، پسپۆڕانی فەرموودەناس هەموویان دەڵێن: هیچیان سەنەدیان ڕاست نیەو بەهێزنین، ئنجا یوسوف

عليه السلام خوا لەسەر ئەوە سزای نەداوە، کە پەنای بردۆتە بەر غەیری خوا، چونکە یوسوف عليه السلام شتێکی زۆر شەرعیی و ڕەوای کردوە، کە ویستوویەتی داواکردن لەو برادەرەی، وەك هۆکارێك بگرێتەبەر، ئەگەرنا دڵی هەر بە خواوە پەیوەست بووە .

ئنجا ئەوەش کە بەهۆی لە بیرچوونەوەی ئەو هاوەڵە زیندانییەیەوە، کە بۆ خاوەنەکەی باسی یوسوف بکات، چەند ساڵی دیکە ماوەتەوە، ئەوە سزایەکی خوایی نەبووە، چونکە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) کە بەڵاو گرفتارییان بەسەردێ، سزا نیە لەسەر گوناهیان، بەڵکو بەرزییە بۆ پلەکانیان، وەك لەم دەقەدا هاتوە: {عَنْ مُصْعَبِ بن سَعْدٍ عَنْ أبيهِ قَالَ: قُلْتُ: يـا رَسُولَ اللهِ أيُّ النـاسُ أشـد بَلاَءً؟ قَالَ: الأنْبيـاءُ، ثُمَّ الأمْثَلُ فَالأمْثَلُ} ، {رَوَاهُ أحْمَد برقم: (١٤٩٤)، وَالترمِذِيُّ برقم: (٢٣٩٨)، وَابن ماجَهْ برقم: (٤٠٢٣)، وَابن حِبانَ برقم: (٦٩٩)، وَالحَاكِمُ برقم: (١٢١)، وَقَالَ: الألباني حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ. في (السلسلة الصحيحة) برقم: (١٤٣)} .

واتە: ئەو هاوەڵە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! صلى الله عليه وسلم کێ لە هەموو کەس تاقیکردنەوەی قورسترە، یاخود: نارەحەتییەکانی کە دێنە ڕێی، بەمەبەستی تاقیکردنەوە، زەحمەتترن؟ فەرمووی: پێغەمبەران، دوایی پێ بە پێ (واتە: هەتا زیاتر مرۆڤ وەك پێغەمبەران بچێت، لە ئیمان و عەقیدەو دینداریی و مسوڵمانەتییدا، تاقیکردنەوەکەشی قورستر دەبێت) .

بەڵێ ئەوەی کە لە هەموو کەس تاقیکردنەوەی سەختترە، پێغەمبەرانن. دوایی زانایانن، دوایی پێ بە پێ، بۆچی تاقیکردنەوەی پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) سەختترە ؟ چونکە لە خوا نزیکترن و، تاقیکردنەوەکەشیان قورسترە، نەك تاقیکردنەوەکانیان بریتی بن لە سزادان، لەسەر ئەوەی کە گوناهیان کردوە! بەڵکو بۆ ئەوەیە بۆ خەڵك ببنە سەرمەشق، کە خۆڕاگر بن. ئنجا ئەگەر یوسوف هێندە لە سجندا نەمابایەوە، نەدەبوو بە سەرمەشق بۆ ئەوانەی کە بە ناحەق زیندانیی دەکرێن و، دەچنە بەندیخانەوەو دوایش بە عیززەتەوەو بە کەرامەتەوە، بەبێ ئەوەی پەیام و بەرنامەی خۆیانیان

لەبیر بچێ، تەنانەت لە نارەحەتترین کاتدا ! بەڵام ئێستا یوسف بۆیان دەبێتە سەرمەشق، کە ئەگەر ئەو چەند ساڵەیە لەوێدا نەمابایەوە، هەر چەند ڕۆژێك بووایە، نەدەبوو بە سەرمەشقی ئەوانەی کە بە ستەم دەخرێنە بەندیخانەکانەوەو، خۆڕاگرانەو سەربەرزانەش لێی دەردەچن .

٤) - ﴿فَلَبِثَ فِي ٱلسِّجۡنِ بِضۡعَ سِنِينَ﴾، ئیدی چەند ساڵێك لە بەندیخانەدا مایەوە. (البضع من الثلاث إلى التسع)، پێشتریش باسمانکرد (بِضۡعَ) لە زمانی عەرەبییدا لە (٣) تا (٩) دەگرێتەوە، کە زۆربەیان دەڵێن: یوسوف حەوت ساڵ ماوەتەوە لە بەندیخانەدا .

لەم ئایەتەش وەردەگیرێ کە کاروباری بەندیخانەکانی ئەو کاتە، زۆر بێسەروبەرو ستەمکارانە بووەو، ماوەی زۆر لە خەڵك نەپێچراوەتەوە، ئەوەتا یوسوف حەوت ساڵان بە هەندێك ریوایەتان، پێنج ساڵان ماوەتەوە، هەر نەشیانزانیوە بۆچی لەوێیە، کە دیارە لە گرتووخانەکانی ئەم ڕۆژگارەی ئێستاشماندا، ئەو زوڵمو ستەمانە هەر هەن، بەڵام بە پێی شەریعەتی ئیسلام دەڵێ: (ینظر القاضي أول ما ینظر فیه، كلَّ یوم أمرَ المساجین)[1] واتە: دادوەر یەکەمین شتێك کە هەموو ڕۆژێ تەماشای دەکات، کاروباری گیراوەکانە، کاروباری بەندیخانەکانە .

ئایا هەر کەسە لەسەر چی هاتوە بۆ بەندیخانە ؟ چەند بەند کراوە ؟ چەندی ماوە ؟ چی کردوە ؟ چۆنی کردوە ؟ دەبێ هەموو ڕۆژێ یەکەمین شتێك کە قاضی تەماشای دەکات، ئەوە بێ .

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

١) التحرير و التنوير، ج ١٢، ص ٢٧٩.

دەرسی حەوتەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە حەوت (٧) ئایەت پێك دێ، کە شەشەمین ئاڵقەی زنجیرەی بەسەرهاتی یوسوف ﷺ دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٤٣ تا ٤٩)، کە تێیاندا باسی خەون دیتنی پادشا کراوە، بە حەوت ڕەشە وڵاخی قەڵەوو، حەوت گوڵە دانەوێڵەی سەوز، کە حەوت ڕەشە وڵاخی لەڕو، حەوت گوڵە دانەوێڵەی وشك. ئەو حەوتانەی دیکەیان خواردوون، داواشی کردوە لە قسە ڕۆیشتووان و ڕاوێژ پێکراوانی دەوروبەری کە هاونشینی بوون، لە کۆڕو مەجلیسەکەیدا بوون، کە بۆی تەعبیر بکەن، بەڵام ئەوان گوتوویانە: ئەم خەونانەی تۆ لە جۆری خەونانی تێکەڵ پێکەڵن، ئێمەش لێکدانەوەی ئەو جۆرە خەونانە نازانین .

بەڵام ئەو هاوەڵە زیندانییەی یوسوف ﷺ، لە دوو هاوەڵەکەی، کە قوتاری بووو دوای چەند ساڵێك (یوسوف)ی دەکەوێتەوە یاد، بە پادشا دەڵێ: بمنێرن من تەعبیرەکەیتان بۆ دێنم، کە مەبەستی ئەوەبووە، دەچێ لە یوسوف دەپرسێ و لێکدانەوەی خەونەکەیان بۆ دێنێ .

سەرەنجام دەچێتە لای یوسوف و خەونەکەی پادشای وەك خۆی بۆ باس دەکات. ئەویش لەمیانی تەعبیرکردنی خەونەکەی پادشادا، نەخشەیەکی ئابووریی گرنگی پازدە ساڵەییان بۆ دادەڕێژێ، کە حەوت ساڵ لەسەر یەك دەغڵ و دان ڕەنێو بێنن و. ئەو دانەوێڵە لە گوڵەکانیدا عەمبار بکەن و هەڵگرن، پاشان حەوت ساڵی وشکە ساڵ و گرانیی و قاتو قڕیی دێن، ئنجا پێیان دەڵێ: کە لەو ئازووخەو دانەوێڵە پاشەکەوت کراوە، پێویستیی خۆیان دابین بکەن، پاشان ساڵێکی دیکە، دێ، واتە: ساڵی پازدەیەم ساڵێکی هەرزانیی و فەرحانیی دەبێ و لەو قەیرانە ئابووریی و گرانییە ڕزگاریان دەبێ، بارانیان بۆ دەبارێ، تێیدا دەکەونەوە نێو عەیش و نۆش و ژیانی خۆش .

﴿ وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ إِنِّيٓ أَرَىٰ سَبۡعَ بَقَرَٰتٖ سِمَانٖ يَأۡكُلُهُنَّ سَبۡعٌ عِجَافٞ وَسَبۡعَ
سُنۢبُلَٰتٍ خُضۡرٖ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٖۖ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ أَفۡتُونِي فِي رُءۡيَٰيَ إِن كُنتُمۡ لِلرُّءۡيَا
تَعۡبُرُونَ ﴿٤٣﴾ قَالُوٓاْ أَضۡغَٰثُ أَحۡلَٰمٖۖ وَمَا نَحۡنُ بِتَأۡوِيلِ ٱلۡأَحۡلَٰمِ بِعَٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾ وَقَالَ ٱلَّذِي
نَجَا مِنۡهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعۡدَ أُمَّةٍ أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأۡوِيلِهِۦ فَأَرۡسِلُونِ ﴿٤٥﴾ يُوسُفُ أَيُّهَا ٱلصِّدِّيقُ
أَفۡتِنَا فِي سَبۡعِ بَقَرَٰتٖ سِمَانٖ يَأۡكُلُهُنَّ سَبۡعٌ عِجَافٞ وَسَبۡعِ سُنۢبُلَٰتٍ خُضۡرٖ
وَأُخَرَ يَابِسَٰتٖ لَّعَلِّيٓ أَرۡجِعُ إِلَى ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَعۡلَمُونَ ﴿٤٦﴾ قَالَ تَزۡرَعُونَ سَبۡعَ سِنِينَ دَأَبٗا
فَمَا حَصَدتُّمۡ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تَأۡكُلُونَ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ سَبۡعٞ
شِدَادٞ يَأۡكُلۡنَ مَا قَدَّمۡتُمۡ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تُحۡصِنُونَ ﴿٤٨﴾ ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ عَامٞ فِيهِ
يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعۡصِرُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾.

مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکـان

{پادشا گوتی: (خـەونم بینی) من حەوت ڕەشـە ولاخی قـەڵـەوم دەبیـنین، حـەوتی لـەڕو لاواز دەیانخواردن، وە حـەوت گوڵـە دانـەوێڵـەی سـەوزو حـەوتی دیکـەی وشـك، (وشکەکان سەوزەکانیـان دەخـوارد)، ئـەی برِیـار بـە دەستانو دەست ڕۆیشتـووان! ئـەگەر خـەون لێکدەدەنـەوە، لەبـارەی خـەونـەکەمـەوە، هـەواڵو زانیـارییم بدەنـێ ﴿٤٣﴾ گـوتیـان: (خـەونـەکەت لـە جۆری) خـەونـانی تێکـەڵ پێکەڵە، ئێمەش لێکدانـەوەی خـەونـانی تێکـەڵ پێکـەڵ نـازانیـن ﴿٤٤﴾ ئـەو کـەسـەی کـە قوتـاری بـوو بـوو لـە دوو {هاوەڵە بـەندی} مکە {ی یوسـوف} و، پـاش چـەند سـاڵێـك وەبیـری هاتـەوە (کـە یوسـوف پێـی گوتبـوو: لـە لای خاوەنـەکـەت باسـم بکـە!)، گوتـی: مـن هـەواڵـی لێکدانـەوەکـەیتان دەدەمێ، بمـنێرن (بـۆ لای یوسـوف) ﴿٤٥﴾ (چوو بـۆ لای یوسـوفو گـوتـی:) یوسـوف ئـەی هـەرە ڕاستبێـژ! هەواڵمـان بدەیـە لەبـارەی (لـە خەونـدا دیتـنی) حەوت ڕەشـە ولاخی قەڵەو، کـە حـەوتی لـەڕ دەیانخـواردنو، حـەوت گوڵـە دانـەوێڵەی سـەوزو حەوتـی دیکەی وشـك، بـەڵـکو بگـەڕێمـەوە لای خـەڵـك بـەڵکو بزانـن، (چۆن لـەگەڵ ئـەو خـەونـەی پاشادا مـامـەڵە بکـەن؟) ﴿٤٦﴾ (یوسـوف) گوتـی: (بـە گوێرەی ئـەو خـەونــە دەبـێ بـەم جـۆرە بکـەن)، حـەوت سـاڵان شـێلگیرانـە کشتـوکاڵی دەغڵو دان بکەن، ئنجـا هـەرچی ڕەنێوتـان هێنـا، (درەوتـان کرد) جگـە لـە کـەمێـك لـەوەی دەیخۆن، هـەر لـە گوڵـەکـەیدا بیهێڵنـەوە، لـە عەمبـاراندا هـەڵیگـرن (باشتـر دەپارێـزرێ) ﴿٤٧﴾ ئنجـا دوای ئـەوە حــەوت (ســاڵ)ی سـەخـت (و وشکـە سـاڵیو بێ دەرامـەت) دێن، کـە هـەرچی بـۆتـان پێشخستـوون (و پاشـەکەوتتان کـردود لـە دەغڵو دان لـە عەمبـارەکـانتاندا هەڵـتان گرتـوە) جگـە لـەوەی هـەڵیدەگـرنو دەیپـارێزن، هـەمووی دەخۆن (و تـەواوی دەکـەن) ﴿٤٨﴾ ئنجا دوای ئـەوە، سـاڵێـك (ی پڕ بـەرەکـەت) دێ، کـە خـەڵك هـاوکاریی دەکـرێن، بـارانیـان بـۆ دەبـارێنـرێو تێیـدا میوە دەگوشـن، (وە سرکـەو شـەربـەتو شـەڕاب دروست دەکـەن) ﴿٤٩﴾}.

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(بَقَرَٰتٍ): (جَمْـعُ بَقَرَة، البَقَـرَ اسْم جِنْسٍ، وَالبَقَـرَةُ تَقَـعُ عَلَـى الذَّكَـرِ والأُنْـثَى)، وشەی (بقرات)، كۆی (بقرة)یە، وشەی (البقر)، ناوی جینسە بۆ ڕەشە وڵاخ بەگشتی، كە هەم گا، هەم مانگا، هەم كەڵ، هەم گامێش، هەر چواریان دەگرێتەوەو، وشەی (بقرة)، بۆ نێرو مێ بەكاردێ، وەك لە سووڕەتی (الأنعام)دا، لە بەرگی پێنجەمی ئەم تەفسیرەدا: (تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز) باسم كردوە، لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا كە دەفەرموێ: ﴿ ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ مِّنَ ٱلضَّأْنِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْمَعْزِ ٱثْنَيْنِ ﴿١٤٣﴾ ﴾، دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلْإِبِلِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ ٱثْنَيْنِ ﴿١٤٤﴾ ﴾، لەوێدا باسم كردوە، كە نێرەی ڕەشە وڵاخ (ثور)ی بۆ بەكاردێو، مێیەكەشی (ثورة)ی بۆ بەكاردێ، كە بە كوردیی ئێمە دەڵێین: (گا) بۆ نێر، (مانگا) بۆ مێ، بە نسبەت كەڵو گامێشیشەوە دەگوترێ: (جاموس)و (جاموسة) .

(سِمَانٍ): (السِّمَنُ: ضِدُّ الهُزَالِ، يُقَالُ سَمِين وَسِمان، سِمان جَمْعُ سَمِين وَسَمِينة)، (سِمَن)، واتە: قەڵەویی، دژی (هُزَال)ە، (هُـزَال)، واتە: لەڕیی، لاوازیی، دەگوترێ: (سَمِين وَسِمان)، یانی: وشەی (سِمان)، كە كۆیە، دەگونجێ كۆی (سَمِين) بێ، واتە: ڕەشە وڵاخێكی نێری قەڵەو، دەشگونجێ كۆی (سَمِينة) بێ، واتە: ڕەشە وڵاخێكی مێینەی قەڵەو، واتە: هەم بۆ گا، هەم بۆ مانگا، بۆ گایەكان، (سِمان)، واتە: چەند گایەكی قەڵەو، هەروەها دەشگونجێ مەبەست پێی چەند مانگایەكی قەڵەو بێ، بە كوردیی ئێمە دەڵێین: ڕەشە وڵاخ، ئەو كاتە نێرو مێی دەگرێتەوەو، وێڕای گاو مانگا گامێشو كەڵگامێشیش دەگرێتەوە .

(عِجَافٌ): (جَمْعُ أَعْجَف وَعَجْفَاء)، (عِجاف) كۆی (أَعْجَفَ)ە، بۆ ڕەشە ولاخی نێر کە لەڕو لاواز بێ‌و، (عَجْفَاء)یش، ڕەشە ولاخی مێ، کە لەڕو لاواز بێ، واتە: گاو کەڵگامێشی لەڕو لاوازو، مانگاو گامێشی لەڕو لاواز .

(سُنۢبُلَٰتٍ) و(سنابل) هەردووکیان کۆی (سنبلة)ن، یانی: گوڵ، گوڵە گەنمە، گوڵە جۆیە، گوڵە هەرزنە، گوڵە داروجانە، گوڵە زوڕاتە، گوڵە مەرەزەیە، واتە: برنج، هەموویان دەگرێتەوە، دەگوترێ (سَنْبَلَ الزَّرْعُ: خَرَجَ سَنْبُلُهُ)، (سَنْبَلَ الزَّرْعُ) واتە: کشتوکاڵەکە گوڵیدا، گوڵی دەرکرد .

(تَعۡبُرُونَ): (التعبير مُخْتَصٌّ بتعبير الرؤيا، وَهُوَ العَابِرُ مِنْ ظَاهِرِها إِلَى باطِنِها)، (تعبیر) تایبەتە بە مانا لێکدانەوەی خەون، ئەویش ئەوەیە کە بابای مانا لێکدەرەوەی خەون، لە ڕواڵەتی خەونەکە، لە ڕواڵەتی ڕەمزو هێمایەکانەوە، دەچێ بۆ دیوی پەنهانیان .

(أَضۡغَٰثُ): (جَمْعُ ضِغْث، وَهُوَ قَبْضَةُ أَو حُزْمَة مِنْ رِيحَانٍ أَوْ حَشِيشٍ أَوْ قُضْبانٍ)، (أَضْغَاث)، کۆی (ضِغْث)ە، (ضِغْث)، بە چەپك دەگوترێ، یان بە دەسك، دەسکە ڕیحان، یان دەسکە گیا، یاخود دەسکە شوڕك .

(أَحۡلَٰمِ): (جَمْعُ حُلُم وَحُلْم، حَلَمَ فِي نَوْمِهِ يَحْلُمُ حُلْما وَحُلُما وَحُلَما وَتَحَلَّمَ وَاحْتَلَمَ)، (أَحْلام)، کۆیە، کۆی (حُلُم وحُلْم وحُلَم)ە، هەرسێکیان هاتوون. واتە: خەون، دەگوترێ: (حَلَمَ فِي نَوْمِهِ يَحْلُمُ وَتَحَلَّمَ وَاحْتَلَمَ) هەموویان بەکارهاتوون، واتە: خەونی بینی .

(وَٱدَّكَرَ): (أَصْلُهُ إذْتَكر، وَهُوَ افْتِعَالٌ مِنَ الذِّكر)، (إدَّکر) ڕیشەکەی بریتیە لە (إذْتَکر)، کە لە (إفتِعَال)ەو، ئەویش لە (ذکر)ەوە هاتوە، (ذکر)، واتە: هاتنەوە بیر، یادکردن .

(أُمَّةٍ): (المُدَّةُ الطَّوِلة، لأنَّها زَمَنٌ يَنْقَرِض فِي مِثْلِهِ جِيلٌ، والجيل أُمة)، (بَعْدَ أُمة)، واتە: دوای چەند ساڵێك، (أمة)، لێرەدا، واتە: ماوەیەك كاتی درێژ، چونكە لە ماوەی چەند ساڵێكدا، پشتێك، جیلێك دەڕوا، (جیل)یش، ئۆممەتی پێ دەگوترێ، بەو ئیعتیبارە كە ئۆممەتێك لەو چەند ساڵەدا دەژی، بەو ئیعتیبارە بە چەند ساڵێك گوتراوە ئۆممەت .

(ٱلصِّدِّيقُ): (أَصْلُهُ صِفة مُبالَغة مُشتقة مِنَ الصدق)، (صِدّيق) لە ئەسڵدا بریتیە لە سیفەتێك كە زێدەڕۆیی تێدا كراوەو لە (صدق)ەوە هاتوە، واتە: زۆر ڕاست بێژ، {یاخود زۆر بەڕاست دانەر، یاخود كەسێك كە كردەوەكانی قسەكانی وەڕاست دەگێڕنو بە ڕاست دەزانن، كردەوەكانی پشتگیریی قسەكانی دەكەن، كە ڕاستن} .

(دَأَبًا): (الدأبُ: العَادَةُ والإستمْرَارُ عَلَيْها)، (دَأب)، بریتیە لە نەریتێك كە عادەتی پێوە گیراوەو، دەوامی لەسەر بكرێ .

(حَصَدتُّمْ): (حَصَدتُّمْ)، واتە: ڕەنیێوتان هێنا، یانی: هەڵتانگرتو درەوتان كرد، چونكە (أَصْلُ الحَصْدِ: قَطْعُ الزَّرْعِ)، (حَصْد)، ئەوەیە كە كشتوكاڵ ببڕدرێ واتە: درەو بكرێ .

(تُحۡصِنُونَ): (أَي: تُحْرِزُون فِي المَواضِع الحَصِينة الجارِية مَجْرَى الحِصْن، تَدَّخِرُون)، (تُحْصِنُون)، واتە: لەو شوێنانەدا كە وەك قەڵا وان، وەك چۆن قەڵا مرۆڤان دەپارێزێ، ئەو شوێنانەش، ئەو عەمبارانەش كە ئازووخەیان تێدا هەڵدەگیرێ، ئازووخەو دەغڵو دانەكە دەپارێزن، مەگەر لەوەی كە دەیپارێزن، واتە: پاشەكەوتی دەكەن .

(يُغَاثُ ٱلنَّاسُ): واتە: خەڵك بارانیان بۆ دەبارێنرێ، یاخود خەڵك هاوكاریی دەكرێنو وەڵامیان دەدرێتەوە، (الغَوْثُ: يُقَالُ فِي النُّصْرَة وَالغَيْثُ : المَطر)، (غَوْث) بۆ هاوكاریی كردنو سەرخستن بەكاردێ، بەڵام (غَيْث)، بۆ باران،

کەواتە: (یغاث)، هەم دەگونجێ مەبەست ئەوە بێ، کە وەلامیان دەدرێتەوەو هاوکاریی دەکرێن، دوای ئەوەی بە زمانی وتار (مقال) یان بە زمانی حالْ، داوای هاوکاریی‌و یارمەتییان لە خوا کردوە، یان واتە: بارانیان بۆ دەبارێنرێ، کە دیارە هاوکاریی کرانەکەش بەشێکی سەرەکیی هەر بریتی بووە لە ئاو دابەزێنران لە ئاسمانەوە، لە شێوەی باران‌و بەفرو تەرزەدا .

(يَعۡصِرُونَ): (العَصْرُ: مَصْدَرُ عَصَرْتُ، وَالـمَعْصُورُ: الشيءُ العَصِيرُ، يَعْصِرون: يَسْتَنْبطونَ مِنْهُ الخَيْر، وقُرِئَ يُعْصَرُون، أَي: يُمْطَرون)، (عصر) بریتیە لە چاوگی (عَصَرْتُ)، واتە: گوشیم (مَعْصُور)یش، ئەو شتەیە کە بگوشرێ‌و لە ئەنجامی گوشینەکەیدا، ئەو شیلەیەی کە لێی پەیدا دەبێ، پێی دەگوترێ: (معصور)، یاخود (عصیر)، واتە: گوشراو یان شیلە، هەروەها (يَعْصِرون)، واتە: خێرو چاکەی لێوەدەست دێنن، لەو ساڵەدا، خوێنراویشتەوە: (يُعْصَرُون، أَي: يُمْطَرون)، واتە: بارانیان بۆ دەبارێنرێ .

مانــای گــشـــتـــی ئـایـەتەکـــان

لێرەدا باسی خەونەکەی پادشا دەکرێ، کە دواتر یوسوف بۆی لێك دەداتەوە:
﴿ وَقَالَ ٱلْمَلِكُ إِنِّيٓ أَرَىٰ سَبْعَ بَقَرَٰتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعَ سُنۢبُلَٰتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٍ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي رُءْيَٰيَ إِن كُنتُمْ لِلرُّءْيَا تَعْبُرُونَ ﴾،
واتە: ئنجا پادشایەکە گوتی: من لە خەوندا حەوت ڕەشە ولاخی قەڵەوم دەبینین، حەوت ڕەشە ولاخی لەڕ دەیانخواردن، هەروەها حەوت گوڵە دانەوێڵەی سەوزم دەبینین، حەوت گوڵە دانەوێڵەی وشك دەیانخواردن، ئەی دەستڕۆیشتووان‌و قسە بەدەستان! هەواڵم پێبدەن دەربارەی خەونەکەم، ئەگەر ئێوە خەون لێکدەدەنەوەو، دەتوانن تەعبیری بکەن .

بێگومان (أل)ی سەر (ٱلْمَلِكُ)، بۆ ناساندن (تعریف)ە، بەلاّم ناساندنی (عهد)، کە وەك پێشتریش گوتوومانە: (ألف) و (لام)ی (عهد)، لە کوردییدا دەکەوێتە بەرانبەر وشەی (کە)، ئەگەر گوتم: کتێبم بۆ بێنە، نازانی چ کتێبێکە، بەلاّم کە گوتم: کتێبەکەم بۆ بێنە، واتە: ئەو کتێبەی کە زانراو (معهود)ەو دەزانین کامەیە، لێرەشدا: ﴿ وَقَالَ ٱلْمَلِكُ ﴾، یانی: پادشایەکە گوتی، واتە: پادشای میسر، کە وەك پێشتر گوتمان: ئەو پادشایە لە فیرعەونەکانی میسر نەبووە، بەڵکو لە هۆزی، یاخود لە گەلی هەکسۆس (الهکسوس) بووە، کە ئەویش لە (عمالقة) بووەو ئەوانیش یان (کەنعانیی) بوون، یاخود (عەرەب) بوون، کە مێژوو نووسانی یۆنانیی‌و ئیغریقیی گوتوویانە: گەلی هەکسۆس، ماوەی (٣٧٥) ساڵ، (میسر)ی باشووریان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیان‌و، مێژوونووسانی یۆنانیی بە (الملوك الرعاة)، واتە: پادشا شوانکارەکان، یاخود پادشا مەڕدارەکان، یاخود پادشا بیابانییەکان، ناویان هێناون‌و، لە ساڵی (١٩٠٠) تاکو (١٥٢٥)ی پێش زایین، واتە:

(٣٧٥) ساڵ حوكمی (میسر)یان كردوەو، ئەو كاتە پادشایەكانی گەلی (قبط)، پادشا قیبتییەكان {كە ئەوان وشەی فیرعەونیان بۆ پادشای خۆیان بەكارهێناوە ، یانی: فیرعەون ناوی شەخسیی نەبووە، بەڵكو نازناوی پادشایەتیی بووە، وەك چۆن دواتر ڕۆمەكان نازناوی پادشاییەتیان بریتی بووە لە (هیرەقل)و هی فارسەكان بریتی بووە لە (كیسرا) هەروەها هەر شوێنە نازناوێكیان هەبووە بۆ پادشایەكانیان} ، كە فیرعەونیان پێ گوتراوە، تەنیا (میسر)ی سەروویان لە ژێر ڕكێفدا بووەو، شاری (طیبة)، كە پایتەخت بووە، بە دەستیانەوە بووە، بەڵام (میسر)ی خواروو (المصر السفلی)، لە ڕۆژگاری (یوسوف)داو پێش ئەوەش بەدەست ئەوانەوە بووە كە وەك گوتمان: پێیانگوتراوە: (هەكسوس)و پادشا شوانكارەكان، (الملوك الرعاة)، ئنجا چ لە كەنعانییەكان بووبن، چ لە گەلی عەرەب بووبن، مێژوونووسان لەوبارەوە ڕاجیاییان هەیە .

ئنجا ئەو گەلە، لە خێزانی سێزدەیەمەوە تاكو خێزانی هەژدەیەم، بە نسبەت حوكمی قیبتییەكانەوە، چونكە قیبتییەكان كە پادشاكەیان نازناوی فیرعەونی هەبووە، حوكمی میراتیی بووە، هەموویان بە خێزان خێزان ژماردوون، ئنجا ئەو ماوەی (٣٧٥) ساڵە، كەوتۆتە بەرانبەری حوكمڕانی خێزانی سێزدەیەم تاكو خێزانی هەژدەیەم، لە حوكمی قیبتییەكان، (واتە: فیرعەونیەكان لە (میسر)ی باكوردا)، بەڵام (میسر)ی باشوور بەدەست ئەو هۆزەوە بووەو، ڕووداوی (یوسف) علیه الصلاة والسلام، لە سەردەمی خێزانی حەڤدەیەمدا بووە، واتە: ماوەیەكی كەم پێش ئەوەی كە كۆتایی بە حوكمی ئەو هۆزە بێ، كە (الهكسوس) یان (الملوك الرعاة)یان پێ گوتراوە .

ئنجا دوای ئەوەی پادشا خەونەكەیان بۆ دەگێڕێتەوە، تاكو كۆڕی ڕاوێژكارانی بۆی مانا بكەن، دیارە ئەوانیش ماناكەی نازانن، بەڵام پێشیان نەنگیی دەبێ بڵێن: نازانین، چونكە خۆیان بە شارەزا لە قەڵەم داوەو، ڕەنگە شارەزاش بووبن، بەڵام سەریان لەو خەونەی پادشا دەرنەچووە، بۆیە دەڵێن: ﴿قَالُوٓاْ أَضۡغَٰثُ أَحۡلَٰمٍ﴾، گوتیان: ئا ئەوانە خەونی تێكەڵ پێكەڵن، ﴿وَمَا نَحۡنُ بِتَأۡوِيلِ ٱلۡأَحۡلَٰمِ بِعَٰلِمِينَ﴾، ئێمەش بە مانا لێكدانەوەو تەعبیر كردنی ئەو جۆرە خەونانەی كە

تێکەڵو پێکەڵن، زانانین، زانایان گوتوویانە: بۆچی گوتوویانە: ﴿أَضْغَٰثُ أَحْلَٰمٍ﴾؟ لە حاڵێکدا پادشا تەنیا یەك خەونی بینیوە ؟

دەڵێن: لەبەر ئەوەی خەونەکەی بە چەند خەونێك دانراوە، چونکە هەم حەوت ڕەشە وڵاخی قەڵەوی بینیون، هەم حەوت ڕەشە وڵاخی لەڕی بینیون، کە لەڕەکان قەڵەوەکانیان خواردوە، پاشان حەوت گوڵە دانەوێڵەی سەوزی بینیونو حەوت گوڵە دانەوێڵەی وشکی بینیون، کە وشکەکان سەوزەکانیان خواردوە، کەواتە: کۆمەڵێك شتی بینیوە، بۆیە گوتوویانە: ﴿أَضْغَٰثُ أَحْلَٰمٍ﴾، ئەوانە خەونی تێکەڵ پێکەڵن .

دەشگونجێ بڵێین: گوتوویانە: ئەو خەونەی تۆ، لە جۆری خەونانی تێکەڵو پێکەڵە، ئێمەش لێکدانەوەو تەعبیری ئەو جۆرە خەونانە، نازانین .

ئنجا دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِى نَجَا مِنْهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ﴾، بەڵام ئەوەیان لە دووەکان، یانی: لە دوو هاوەڵە بەندییەکەی یوسوف، کە دەربازی بوو بووو، دوای چەندساڵێك وەبیری هاتەوە، چی وەبیر هاتەوە؟ ئەوەی یوسوف پێی گوتبوو: ﴿ٱذْكُرْنِى عِندَ رَبِّكَ﴾، لە لای خاوەنەکەت، یانی: پادشایەکەت باسم بکە، کە من بە ستەم لێرەدا گیراومو، تۆمەتم بۆ هەڵبەستراوەو بوختانم پێ کراوە، دوای چەند ساڵێك یەکێك لەو دووانەی کە دەربازی بوو بوو، ئەو داوایەی یوسوفی بیرکەوتەوەو گوتی: ﴿أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِۦ فَأَرْسِلُونِ﴾، من سەرەنجامەکەیتان، لێکدانەوەیتان پێ دەڵێم، بمنێرن، واتە: بمنێرن بۆ لای یوسوف کە لە بەندیخانەیە.

بێگومان پادشا لێی پرسیوە، کێیەو چۆنە؟ حەتمەن ڕوونکردنەوەی لەبارەوە داوە، بەڵام خوای زاڵو زانا لە قورئاندا ئەو وردەکارییە باس ناکات، کە بە عەقڵو سەلیقە مرۆڤ دەتوانێ بیزانێ، بەڵکو تەنیا ئەو شتانە باس دەکات، کە جێی مەبەستنو پێویستە باس بکرێن .

ئنجا باسی ئەوە ناکات کە چۆن مۆڵەتی خواست‌و، ڕۆیشت‌و لە دەرگای بەندیخانەی داو، داوایکردو پادشا ناردوومی‌و، دەرگایان بۆ کردەوەو، ئەوانە هەمووی دەقرتێنێ، یەکسەر دەفەرموێ: ﴿ يُوسُفُ أَيُّهَا ٱلصِّدِّيقُ ﴾! چوو بۆ بەندیخانەو، گوتی: یوسوف! ئەی پیاوی زۆر ڕاست بێژ! ﴿ أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَٰتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنۢبُلَٰتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٍ ﴾، هەواڵمان پێبدە، زانیاریمان بدەیە، دەربارەی خەونێك، کە بریتیە لەوەی حەوت ڕەشە وڵاخی قەڵەو، حەوتی لەڕو لاواز دەیانخۆن‌و، حەوت گوڵە دانەوێڵەی سەوزیش، حەوت گوڵە دانەوێڵەی وشك دەیانخۆن، لە بارەی خەونێکی ئاواوە هەواڵمان پێبدە .

کە بە تەئکید پێی گوتوە: پادشا خەونی وای بینیوە، بەڵام خوا ئەو وردەکاریانە باس ناکات، چونکە بە عەقڵ دەزانرێن ﴿ لَّعَلِّيٓ أَرْجِعُ إِلَى ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾، بەڵکو بگەڕێمەوە بۆ لای خەڵك بەڵکو بزانن، واتە: خەڵکێکی زۆر چاوەڕێی تەعبیرو مانا لێکدانەوەی ئەو خەونەی پادشایە، چاوەڕێم دەکەن‌و شتێکی زۆر گرنگە، پێم بڵێ: با ماناو تەعبیرەکەی بزانم‌و، منیش بچم بەو خەڵکەی بڵێم کە چاوەڕێ دەکەن، تاکو بزانن چۆن لەگەڵ ئەو خەونەی پادشادا مامەڵە بکەن .

یوسوف ﷺیش دەفەرموێ: ﴿ قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا ﴾، ئیدی یوسوف ﷺ یەکسەر جێی ئامانج دەخاتە ڕوو، هەڵبەتە خوای پەروەردگار قسەکانی یوسوف کورت‌و پوخت دەکاتەوە، ئەگەرنا بێگومان چەند شتێکیان باسکردوەو پێشێ گوتوویەتی: خەونی پادشا ئەوە دەگەیەنێ، بەڵام یەکسەر خوای زاناو کارزان ئەوە دەخاتە ڕوو کە جێی مەبەستە، کە بریتیە لەوەی: یوسوف لەبەر ڕۆشنایی خەونەکەی پادشادا نەخشەیەکی ئابووریی پازدەساڵیان بۆ دادەنێ: یوسوف گوتی: سەرەنجامی خەونی پادشا ئەوەیە کە بێنن بەو شێوەیە بکەن :

﴿ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا ﴾، حەوت ساڵی ڕەبەق بەردەوام‌و شێلگیرانە کشتوکاڵ بکەن‌و دانەوێڵە ڕەنێو بێنن، ﴿ فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ ﴾، ئنجا

هەرچی درەوتان كردو ڕەنێوتان هێنا، لێی گەڕێن با هەر لە گوڵەكەی دابێ، ﴿إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تَأْكُلُونَ﴾، مەگەر كەمێك لەوەی كە دەیخۆن، واتە: ئەوەی پێویستتان پێیەتی، لە گوڵەكەی بیهێننەدەر، بە گاگێرە، یان هەر شێوازێكی دیكەو دانەكەی لە كایەكەی جیابكەنەوە، دوایی بیبەنە ئاشو وردی بكەنو بە شێوەی ساوارو گەنمە كوتاو ئاردو ... هتد بیخۆن .

جگە لە كەمێكی كە دەیخۆن، واتە: دەستی پێوە بگرن، ئەوی دیكە هەمووی لە گوڵەكەیدا هەڵبگرن، ﴿ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ﴾، ئنجا دوای ئەوە، یانی: دوای ئەو حەوت ساڵە فەڕحانیی‌و هەرزانییە كە باران باش دەباری‌و كشتوكاڵێكی باش دەكەن‌و، دانەوێڵەیەكی باش ڕەنێو دێنن، ئنجا حەوت ساڵی سەختو قورس دێن، هەرچی كە بۆتان پێشخستوون، بۆ ئەو حەوت ساڵەو هەرچی هەڵتانگرتوەو پاشەكەوتتان كردوەو عەمبارتان كردوە، هەمووی دەخۆن، واتە: ئێوە لەو حەوت ساڵانەدا كە ساڵی گرانیین، ئەوەی كە هەڵتانگرتوە پێشتر، لە حەوت ساڵی فەڕحانییدا، خەلاسی دەكەن‌و دەیخۆن، ﴿إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تُحْصِنُونَ﴾، جگە لە كەمێك كە دەیپارێزن‌و، دەستی پێوە دەگرن‌و، هەڵیدەگرن .

﴿ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ﴾، ئنجا دوای ئەوە، واتە: دوای ئەو حەوت ساڵە گرانیی‌و قاتو قڕییەش، ساڵێك دێ كە خەڵك بارانیان بۆ دەبارێنرێ‌و، خەڵك لەو ساڵەدا میوە دەگوشن: كونجی دەگوشن‌و دەیكەنە ڕۆن، زەیتوون دەگوشن، زەیتی لێ پەیدا دەكەن، ترێ دەگوشن دۆشاوی لێ پەیدا دەكەن، هەنار دەگوشن، شەڕاب دروست دەكەن، چی‌و چی دروست دەكەن، دیارە یوسوف بە پێی عادەتو عەقڵی وان قسەی كردوە، واتە: دەكەونە نێو خۆشیی‌و عەیش‌و نۆش‌و فەڕحانیی‌و هەرزانییەوە، چونكە بە دڵنیایی میوە گوشین‌و بەرهەمی لەو جۆرە، بۆ كاتی فەڕحانییەو، زیاتر لە كەمالیاتی ژیان لە قەڵەم دەدرێ‌و، لەو جۆرە شتانە نیە كە خەڵكی پێیان نازی‌و لە پێداویستییەكانی ژیان (ضروريات الحياة)ن !

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: خەون دیتنی، پادشای میسر، بە حەوت ڕەشەو لاخی قەڵەوەوە، کە حەوتی لەڕ خواردوویانن‌و، حەوت گوڵە دانەوێڵەی سەوز، کە حەوتی وشک خواردوویانن‌و، داواکردنی لە بڕیار بە دەستان‌و ڕاوێژ پێکراوانی کۆڕو مەجلیسەکەی دەوری، کە تەعبیرەکەی پێ بڵێن :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ وَقَالَ ٱلْمَلِكُ إِنِّيٓ أَرَىٰ سَبْعَ بَقَرَٰتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعَ سُنۢبُلَٰتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٍۖ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي رُءْيَٰيَ إِن كُنتُمْ لِلرُّءْيَا تَعْبُرُونَ ﴿٤٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە لە پێنج بڕگەدا:

١) - ﴿ وَقَالَ ٱلْمَلِكُ ﴾، ئنجا پادشایەکە گوتی: پێشتریش گوتوومانە: کە ئەمە ئیعجازێکی مێژوویی قورئانەو، پەیمانی کۆن (تەوڕات)، تووشی ئەو هەڵەیە بووە، کە ناوی (ملک)ی بە (فیرعەون) هێناوە، لە حاڵێکدا کە ئەو هۆزەی، یاخود ئەو نەتەوەیەی کە پێیان گوتراوە: (الهکسوس) یان (الملوك الرعاة)، پادشا شوانکارەکان کە کەنعانیی بوون، یان عەرەب بوون‌و (عمالقة)یان پێگوتراوە، هیچ گومانی تێدا نیە کە لە (قبط) نەبوون‌و خەڵکی میسر نەبوون، تاکو نازناوی پادشایەتییەکەیان (فیرعەون) بێ، بەڵام پەیمانی کۆن لەوەدا بەهەڵەداچووە، هەڵبەتە ئەوانەی کە نووسیویانەتەوەو دەستکارییان کردوە، ئەگەرنا کتێبەکانی خوا، چ ئەوەی بۆ مووسای ناردوە، چ ئەوەی بۆ عیسای ناردوە، چ ئەوەی بۆ موحەممەدی ناردوە، بۆ هەموو

پێغەمبەران، فەرمایشتی خوا هەمووی وەك یەك ڕاستە، بەلام جگە لە قورئان کە خوا پاراستوویەتی، سەرجەم کتێبەکان، دەستکاریی کراون .

٢) - ﴿إِنِّيٓ أَرَىٰ سَبۡعَ بَقَرَٰتٖ سِمَانٖ يَأۡكُلُهُنَّ سَبۡعٌ عِجَافٞ﴾، من دەبینم، واتە: لە خەونمدا، دەمبینی حەوت ڕەشە وڵاخی قەڵەو، حەوت ڕەشەوڵاخی لەڕ دەیانخواردن، پێشتر گوتمان: (سِمان) کۆی (سمین) و (سمینة)یە، کەواتە: هەم گا دەگرێتەوە، هەم مانگا، (عجاف)یش، کۆی (عَجیف)و (عَجْفاء)ە، (عَجیف)، واتە: ڕەشە وڵاخی نێری لەڕو، (عَجْفاء)، واتە: ڕەشەوڵاخی مێی لەڕ، (عجاف)، هەردووکیان دەگرێتەوە، هەروەك چۆن (سِمان)یش، هەردووکیان دەگرێتەوە، واتە: بۆ نێرو مێ بەکاردێن، بۆیە ئەگەر بڵێین: حەوت ڕەشەوڵاخی قەڵەو، حەوت ڕەشەوڵاخی لەڕ دەیانخواردن، ئەوە ڕێکترە، نەك بڵێین: حەوت مانگای قەڵەو حەوت مانگای لەڕ دەیانخواردن، چونکە (بقرات)، وەك پێشتر گوتمان: کۆی (بقرة)یە، (بقرة)ش، بە ڕەشە وڵاخ دەگوترێ، چ نێر بێ، چ مێ بێ، بەلام ئەگەر بیانەوێ نێرو مێی لێك جیاکەنەوە، دەڵێن: (ثور) و (ثورة) .

٣) - ﴿وَسَبۡعَ سُنۢبُلَٰتٍ خُضۡرٖ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٖ﴾، هەروەها حەوت گوڵە دانەوێڵەی سەوزو، حەوت گوڵە دانەوێڵەی وشکیشم بینین، دیارە وشکەکان سەوزەکانیان خواردوە .

٤) - ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ أَفۡتُونِي فِي رُءۡيَٰيَ﴾، ئەی ئەوانەی عەقڵو چاوی خەڵك پڕ دەکەن لە سامو هەیبەت، دەست ڕۆیشتوون، قسە بە دەستن، کار بەدەستن! دەربارەی ئەو خەونەم هەواڵم پێبدەن، زانیاریم پێ بدەن .

٥) - ﴿إِن كُنتُمۡ لِلرُّءۡيَا تَعۡبُرُونَ﴾، ئەگەر ئێوە مانای خەون دەکەن .

لێرەدا دەگونجێ ئەو (ألف) و (لام)ە، بۆ (أل)ی جینس بێ، واتە: ئەگەر ئێوە جینسی خەونان لێك دەدەنەوە، هەروەها دەشگونجێ (ألف)و (لام)ی، (عهد) بێ، واتە: ئەگەر خەونەکەی من دەزانن مانابکەن، هەواڵم پێبدەن،

هەڵبەتە کۆی (رؤیا)، (رؤی)یە، (رؤی)، یانی: خەونەکان، (رؤیا) یانی: یەك خەون: دەگوترێ: (عَبَرْتُ الرؤیا، أي: أوَّلْتُها)، واتە: سەرەنجامەکەیم دەرخست، ماناو مەبەستەکەیم خستە ڕوو.

ئنجا لێرەدا کە دەڵێ: ﴿إِن كُنتُمْ لِلرُّءْيَا تَعْبُرُونَ﴾، وا پێدەچێ پادشا گومانی هەبووەو متمانەی تەواوی نەبووە، کە ئەوان بتوانن ئەو خەونەی تەعبیر بکەنو، سەرەنجامەکەیو ماناو مەبەستەکەی بخەنە ڕوو، بۆیە بە جۆرێك لە دوودڵییەوە گوتوویەتی: ئەگەر دەزانن مانای لێکبدەنەوە، هەواڵم پێبدەن: خەونەکەم چی دەگەیەنێ؟ هەڵبەتە دوودڵییەکەی پادشاو متمانە پێنەکردنەکەی، بەو دەستوپێشتووانەی دەوروبەری، لە شوێنی خۆیدا بووە، چونکە دوایی خۆیان گوتیان: ئەمە خەونی تێکەڵو پێکەڵەو، ئێمەش مانای خەونی تێکەڵو پێکەڵ نازانین .

مەسەلەی دووەم : دەمڕاستانو بڕیار بە دەستانی دەوری پادشا، خەونەکەی پادشایان بە چەند خەونێکی تێکەڵو پێکەڵ داناو گوتیان: ئێمە تەعبیرو لێکدانەوەی ئەو جۆرە خەونانە، نازانین :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿قَالُوٓاْ أَضۡغَٰثُ أَحۡلَٰمٖۖ وَمَا نَحۡنُ بِتَأۡوِيلِ ٱلۡأَحۡلَٰمِ بِعَٰلِمِينَ ٤٤﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە دوو بڕگەدا:

١) - ﴿قَالُوٓاْ أَضۡغَٰثُ أَحۡلَٰمٖ﴾، دوای ئەوەی پادشا گوتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ أَفۡتُونِي فِي رُءۡيَٰيَ إِن كُنتُمۡ لِلرُّءۡيَا تَعۡبُرُونَ ٤٣﴾یوسف، واتە: ئەی قسە بە دەستانو ڕاوێژ پێکراوان ! هەواڵم پێ بدەن دەربارەی مانای خەونەکەم، ئەگەر ئێوە

دەتوانن مانای خەون لێکبدەنەوە؟ ئەوانیش ئاوا وەڵامیان دایەوە: ﴿قَالُوٓاْ أَضْغَٰثُ أَحْلَٰمٍ﴾، واتە: گوتیان: ئەوانە چەند خەونێکی تێکەڵو پێکەڵن .

(الأَضْغَاثُ: جَمْعُ ضِغْثٍ وَهُوَ مـا جُمِعَ فـي حزمـة واحِدَةٍ مِن أخلاط نَباتٍ وَأعواد الشَّجَرِ، وَإضافَتُهُ لِلأحلامِ على تقديرِ لامٍ أَي: أَضغَاثٌ لِلأحلامِ)، وشەی (أَضْغَاث) کۆی (ضِغْث)ە، (ضِغْثٍ)، هەر چەپکێکە، هەر دەسکێکە، کە کۆکرابێتەوە لە ڕووەکی تێکەڵ پێکەڵ، واتە: لە ڕووەکی جۆراو جۆرو لە شورکی درەخت، شورکی باریك باریکی درەخت، ئنجا کە (أضغاث) پاڵدەدرێتە لای (أَحْلاَم)، (أَحْلاَم) کۆی (حُلُمَ)، یان (حُلْمَ)ە، واتە: خەون، ئنجا ئەمە (ل)لامێکی بۆ تەقدیر کراوە: (أي: أَضغَاثٌ لِلأحلامِ)، ئەوانە چەند چەپکێکن چەند دەسکێکن هی خەونان، واتە: چەند خەونێکی لە شێوەی چەپك‌و دەسکی گیاو گۆڵو شورکی تێکەڵو پێکەڵن .

واتە: بۆ نەزانینی تەعبیری خەونەکەی پادشا، بیانوویان بەوە هێنایەوە گوتیان: ئەوانە خەونی تێکەڵو پێکەڵن، هەڵبەتە دوایی باس دەکەین کە پادشا چ خەونێکی بینیوە ! کە ئەوان بە: ﴿أَضْغَٰثُ أَحْلَٰمٍ﴾، خەونی تێکەڵو پێکەڵیان ناساندوە !

٢) - ﴿وَمَا نَحْنُ بِتَأْوِيلِ ٱلْأَحْلَٰمِ بِعَٰلِمِينَ﴾، ئێمەش بە لێکدانەوەی ئەو جۆرە خەونانە زانانین .

(التَعريفُ لِلعَهدِ أَي: ما نَحْنُ بِتأويلِ أَحْلاَمِكَ بعالِمِين، شُبِّهَ تِلكَ الرُؤيا بالأَضغَاثِ وَجُمِعَت الأَحْلاَمُ باعتِبار تَعَدُّدِ الأَشياءِ المَرئِيَةِ فِي ذَلِكَ الحلُمِ، فَهِيَ عِدَّةُ رؤى)، دیارە ئەو (ال) ئەلیفو لامەی چۆتەسەر (أحلام) کە دەڵێن: ﴿وَمَا نَحْنُ بِتَأْوِيلِ ٱلْأَحْلَٰمِ﴾، ئەوە بۆ (تعریف)ە، بەڵام (تعریف)ەکە بۆ (عهد)ە، واتە: ئێمە بە مانا کردنو تەعبیرکردنی ئەو جۆرە خەونەی تۆ، زانا نین، ئەو خەونەی پادشاش تەشبیە کراوە بە چەپکێکەوە لە ڕووەك‌و گیایی جۆراو

جۆر، وشەی (أحلام)یش، بۆیە بەکارهێنراوە بۆ خەونی پادشا، بە ئیعتیباری ئەوەی خەونەکەی پادشا چەند شتێکی تێدا بینراون، حەوت ڕەشە ولآخی قەڵەوو حەوتی لەڕو، حەوت گوڵە دانەوێڵەی سەوزو حەوت گوڵە دانەوێڵەی وشك، ئنجا ئەمان ئەوانیان خواردوە، ئیدی لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵە شتێك بووە، بۆیە وەك کۆمەڵە خەونێك تەعبیریان لێکردوەو ناساندوویانە .

هەڵبەتە لێرەدا پێویستە ئەوە بزانرێ کە ئیددیعای ئەعیانو قسە ڕۆیشتووانو بڕیار بە دەستان، کە گوتوویانە: ئەو خەونەی تۆ لە خەونانی تێکەڵو پێکەڵە، هەڵە بووە، زۆرجاریش وایە کەسێك کە لە شتێك نەشارەزایە، لە جیاتی دانپێدا هێنانی نەشارەزایی خۆی، ئەو شتە کە پێی ئاشنا نیەو پێی شارەزا نیە، تانەی لێدەداتو بە شێوەیەکی وا پێناسەی دەکات، کە بیکاتە پاساوو، نەزانینو نەشارەزاییەکەی خۆی، پێ دابپۆشێ، بۆ وێنە: کەسێك نازانێ مەسەلەیەك حەل بکات، وەلآمی پرسیارێك بداتەوە، دەڵێ: کەی ئەوە پرسیارە! ئەوانیش لێرەدا وایان کردوە .

مەسەلەی سێیەم : داواکردنی یەکێك لە دوو هاوەڵە گیراوەکەی یوسوف، کە دەربازی بووە، کە بینێرن بۆ لای یوسوف، بۆ زانینی تەعبیری خەونەکەی پادشاو، چوونی بۆ لای یوسوفو گێڕانەوەی خەونەکەی پادشا بۆ یوسوف، وەك خۆی :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِى نَجَا مِنْهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِۦ فَأَرْسِلُونِ ﴿٤٥﴾ يُوسُفُ أَيُّهَا ٱلصِّدِّيقُ أَفْتِنَا فِى سَبْعِ بَقَرَٰتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنۢبُلَٰتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٍ لَّعَلِّىٓ أَرْجِعُ إِلَى ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٤٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە موبارەکە لە پێنج بڕگەدا:

١) - ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِى نَجَا مِنْهُمَا ﴾، ئەوەیان لە دووەکان کە دەربازی بوو بوو، واتە: لە بەندیخانە هاتبوە دەرێ‌و ڕزگاری بوو بوو، کە یوسف ﷺ خەونەکەی هەردووکیانی تەعبیر کرد، کە بریتیە لە مەی گێڕان، یاخود سەرپەرشتیکردنی ئاوو شەرابو ئەوانە لە کۆشکی پادشادا، وەك لە پەیمانی کۆن دەڵێ: (رَئِيسُ السُّقَاة).

٢) - ﴿ وَٱدَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ ﴾، ئنجا دوای چەند ساڵێك وە بیری هاتەوە: قسەکەی یوسف ﷺی وە بیرهاتەوە، کە گوتی: ﴿ ٱذْكُرْنِى عِندَ رَبِّكَ ﴾، لەلای مشوورخۆرو خاوەنەکەی خۆت، (لەلای پادشا) باسم بکە کە من بە ستەم گیراومو، بە ناهەق تۆمەتبارکراومو لەم بەندیخانەیە دام.

﴿ بَعْدَ أُمَّةٍ ﴾، ﴿ أُمَّةٍ ﴾، یانی: کۆمەڵێك، کە لێرەدا مەبەست پێ کۆمەڵە ساڵێکە، جاری وایە مەبەست پێی کۆمەڵە خەڵکێکە، یان کۆمەڵە شتێکە، کە زۆربەی توێژەرەوان دەڵێن: ئەو ماوەیە لە سێ (٣) ساڵ زیاتر بووەو لە دەو نۆ (١٠و٩)ش کەمتر بووە، ئنجا زۆربەیان لەسەر حەوت (٧)ن، هەندێکیشیان دەڵێن: پێنج (٥) ساڵ بووە، ئنجا ئایا بۆچی کۆمەڵە ساڵێك ناویان لێنراوە (أُمَّةٍ)؟

دەڵێ: (لأَنَّ كُلَّ جيلٍ أُمة، وَالـمُدَّةُ الطَّوِيلة يَنْقَرِضُ فِيها جِيلٌ)، چونکە: هەر پشتێك لە بەشەر، بە کۆمەڵێك لە قەڵەم دەدرێن، ماوەیەکی زۆریش پشتێکی تێدا دەبڕێتەوەو وەفات دەکەن‌و لە بەین دەچن.

٣) - ﴿ أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِۦ فَأَرْسِلُونِ ﴾، من هەواڵی تەعبیرو ماناو سەرەنجامی ئەم خەونەتان پێ دەڵێم، (ئەم خەونەی پادشا) ڕەوانم بکەن،

بمنێرن، بۆ کوێی بنێرن؟ بمنێرن بۆ بەندیخانە لەوێ من هاوەڵێکی زیندانییم هەبوو، بە ناوی یوسوف، پیاوێکی ئاواو ئاوا بوو، حەتمەن بۆی باسکردوون، پیاوێکی زۆر چاکەکار بوو، ئینسانێکی زۆر نەجیب بوو، باسی دەکرد کە بە ناحەق تۆمەتی پێکراوەو زیندانیی کراوەو بە منی گوتبوو کە: لەلای سەروەرو خاوەنەکەی خۆم باسی بکەم، بەڵام من لە بیرم چوو بۆوەو، ئێستا هاتەوە یادم، کە زۆر لە تەعبیری خەونان شارەزایە، بە بەڵگەی ئەوەی منو هاوەڵێکم یەکێ خەونێکمان بینیبوو، خەونەکەی بۆ تەعبیر کردینو تەعبیرەکەی ڕاست دەرچوو: من دەربازم بوو بە پێی لێکدانەوەکەی وی کە گوتی: تۆ دەربازت دەبێو دەگەڕێیەوە سەر ئیشەکەی پێشێت، بە هاوەڵەکەشمی گوت: تۆش لە سێدارە دەدرێی، هەردوو تەعبیری خەونەکەش ڕاست دەرچوون.

حەتمەن ئەو وردەکارییانەی بۆ باس کردوونو بۆی ڕوون کردوونەوە، بەڵام – وەك چەند جارێك باسمان کرد – لە قورئاندا خوا ﷻ هەرچی بە عەقڵو سەلیقە دەزانرێ، باسی ناکات، بۆ ئەوەی ئەو فەرمایشتەی خوا کورتو پوخت بێ، ئنجا ئەگەر هاتباو ئەو وردەکارییانەی بە عەقڵو سەلیقە دەزانرێن، هەموویانی باس کردبان، قورئان ئێستا چەندە، دەبوو بیست بەرانبەری ئەوە بووایە، ئەو کاتەش بێگومان لەبەرکردنیو مامەڵە لەگەڵ دا کردنیو هەڵگرتنی، زۆر بە زەحمەت دەبوو! بۆیە ئەوە هەمووی دەپێچرێتەوەو، یەکسەر دێتە سەر ئەسڵی مەبەست !

٤) - ﴿ يُوسُفُ أَيُّهَا ٱلصِّدِّيقُ ﴾، یوسوف ئەی پیاوی زۆر ڕاست بێژ! زۆر ڕاستگۆ، ئەو کەسەی کە قسەکەت بە کردەوە بە ڕاست دەگێڕێ، چونکە (صِدِّیق):

١- هەم بە مانای (الدائِمُ التَّصْدِیق)، ئەوەی کە هەمیشە هەق بە ڕاست دەزانێو نکووڵیی لە هەق ناکات، دێ .

٢- هەم بە مانای ئەو کەسەی زۆر ڕاستبێژەو درۆو خیلاف لە قسەیدا نیە .□

٣- هەروەها بە مانای کەسێکیش کە قسەکانی بە کردەوە پشت ئەستوور دەکات‌و پشت ڕاست دەکاتەوە، هەر قسەیەك دەکات، کردەوەی پێ دەکات .

وشەی (صِدّیق)، بە هەر سێ واتایەکەیە.

هەندێکیش دەڵێن: (صِدّیق)، کەسێکە زۆر ڕەوشت بەرز بێ، زۆر نەجیب‌و چاکەکار بێ، کە دیارە بە هەموو واتایەکانی: یوسوف ﷺ (صِدّیق) بووە .

ئنجا ئەوە هەمووی دەپێچێتەوە کە: پادشا ناردی‌و، چوو بۆ بەندیخانەو، داوای کردو دەرگای بەندیخانەیان بۆ کردەوەو، لەگەڵ یوسوف دانیشت‌و...هتد، ئەوانە هەمووی دەپێچێتەوەو یەکسەر دەڵێ .

٥) - ﴿أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَٰتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنۢبُلَٰتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٍ﴾، هەواڵمان پێ بدە، زانیاریمان پێ بدە، دەربارەی ئەوە کە حەوت ڕەشە ولاخی قەڵەو، حەوتی لەڕ لە خەوندا بیانخۆن‌و، حەوت گوڵە دانەوێڵەی وشك، حەوت گوڵە دانەوێڵەی سەوز بخۆن، هەواڵمان پێ بدە، ئەوە چی دەگەیەنێ ؟

وەك دەبینین ئەو نوێنەرە، ئەو هاوەڵەی یوسوف ﷺ کە کاتی خۆی هاوەڵی بووە لە زیندان دا، زۆر بە وردیی، وەك خۆی، خەونەکەی پادشای گێڕاوەتەوە، چونکە خەون‌و هەر قسەیەکی دیکەش، بە گۆڕینی وشەیەك مانایەکەی تێکدەچێ‌و دەگۆڕێ، بۆیە وەك دەبینین زۆر بە ئەمانەتەوە: پادشا خەونەکەی چۆن بۆ گێڕاونەوە، ئەویش ئاوا بۆ یوسوفی گێڕاوەتەوەو گوتوویەتی پێم بڵێ: داخۆ تەعبیرەکەی چۆنە ؟

٦) - ﴿لَّعَلِّيٓ أَرْجِعُ إِلَى ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ﴾، بەڵکو بگەڕێمەوە بۆ لای خەڵك، بەڵکو ئەوانیش بزانن، واتە: بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو خەونەی پادشادا بکەن، بزانن ئەو خەونەی پادشا چی دەگەیەنێ ؟

مەسەلەی چوارەم : لێکدانەوەی یوسوف ﷺ بۆ خەونەکەی پادشاو هاوکات دانانی نەخشەیەکی ئابووریی پازدە ساڵیی، حەوت ساڵیان بە پیتو پێزو هەرزانیی دەبن‌و، دەبێ دانەوێڵەیان تێدا پاشەکەوت بکەن، حەوت ساڵیش بێ بەرهەم‌و گرانیی‌و قاتو قڕیی، کە لەوەی لە حەوت ساڵی پێشوودا پاشەکەوتیان کردوە، لە دانەوێڵەو ئازووخە، بەهرەمەند دەبن، ساڵی پازدەیەمیش دەروولێکرانەوەو هاتنەوەی فەرحانیی‌و هەرزانیی :

یوسوف ﷺ لێرەدا کە خەونەکەی پادشا تەعبیر دەکات، هەر بەوەندە لێناگەڕێ یەکسەر لێکی بداتەوەو بڵێ ئاوایە، بەڵکو وێرایی ئەوە، وەك مشوورخۆرێکی ئەو وڵاتەو دڵسۆزێکی ئەو خەڵك‌و وڵاتە، دێنێ نەخشەیەکی ئابووریشیان لەبەر ڕۆشنایی خەونەکەی پادشاو لێکدانەوەو تەعبیرکردنی دا، بۆ دادەنێ .

وەك خوا دەفەرموێ : ﴿ قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تَأْكُلُونَ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تُحْصِنُونَ ﴿٤٨﴾ ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە موبارەکە لە حەوت بڕگەدا :

١) - ﴿ قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا ﴾، هەڵبەتە پێشی خەونەکەی بۆ لێکداونەوە: کە بە پێی ئەو خەونەی پادشا: حەوت ساڵی هەرزانیی دێن. دەبێ دانەوێڵەی زۆریان تێدا بکەن، ئەو دانەوێڵەش دەبێ لە گوڵەکانی خۆی دا هەڵبگیرێ، ئنجا پاش ئەو حەوت ساڵە هەرزانیی‌و فەرحانییە. حەوت ساڵی گرانیی دێن‌و، ئەوەی کە لە حەوت ساڵی پێشوودا پاشەکەوتتان کردوە، لەو حەوت ساڵەی گرانیی‌و قاتو قڕیی دا، لێی

بەهەرەمەند دەبن، دوایی ساڵی پازدەیەم جارێکی دیکە هەرزانییو فەرحانیی دێتەوە پێش‌و، لەو گرانیی‌و قات‌و قڕییە دەربازتان دەبێ .

پێشێ خەونەکەی ئاوا بۆ تەعبیرکردوون، ئنجا هاتوە لەبەر ڕۆشنایی لێکدانەوەی خەونەکەدا، یەکسەر ڕێنماییشیان دەکات‌و نەخشەیەکی ئابووریی پازدە ساڵییان بۆ دادەنێ، خوای پەروەردگاریش قسەکانی یوسوفی کورت کردۆتەوەو، نەخشە ئابوورییەکە کە بۆی داناون، وەك ڕێنمایی کردن‌و ئامۆژگاریی کردن، ئەوە دەگێڕێتەوە :

﴿ قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا ﴾، یوسوف گوتی: دەبێ حەوت ساڵی بەردەوام کشتوکاڵ بکەن، واتە: فەلاحەتی بکەن، دەغڵ‌و دان ڕەنێوبێنن .

(الدَّأَبُ: إدَامـة السَّير، دَأَبَ فِي السَير دَأبـا، وَالدَّأبُ: العَادَةُ المُستَمِرَّةُ دائِماً على حالة)، وشەی (دَأب)، ئەوەیە کە بەردەوام ئینسان، یان وڵاخ، بەو ڕێیەدا بڕوات، (دَأَبَ في السَّيرِ دَأَباً)، واتە: بەردەوام بوو، لەسەر ڕۆیشتن، (دَأب)، وێڕای بەردەوام بوونی ڕۆیشتن، بە عادەت‌و نەریتێکی بەردەوام دەگوترێ، کە هەر لەسەر یەك حاڵ بمێنێتەوە .

کە خوا دەفەرموێ: ﴿ كَدَأْبِ ءَالِ فِرْعَوْنَ ﴾، واتە: وەك عادەت‌و نەریتی بەردەوام‌و سەقامگیریی دەستەو دایرەی فیرعەون .

٢) - ﴿ فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ ﴾، ئنجا ئەوەی کە درەوتان کرد لە بەروبووم‌و کشتوکاڵ‌و دەغڵ‌و دانی ئەو حەوت ساڵە هەرزانییە، ﴿ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ ﴾، (هەرچی درەوتان کردو ڕەنێوتان هێنا) لە گوڵەکەی خۆیدا لێی گەڕێن، وازی لێ بێنن .

دەگوترێ: (حَصَدَ الزَّرعَ أي: قَطَعَ)، واتە: دەغڵەکەی بڕی، ئێمە بە کوردیی دەڵێین: درەو کردن، ڕەنێو هێنان، حاصەڵات هەڵگرتنەوە، ئنجا ئەو دەغڵ‌و دانە، جۆو گەنم بووە، نیسك‌و نۆك بووە، هەرزن بووە، هەرچی بووە، لێی گەڕێن لە گوڵەکەی خۆی دا، بۆ ئەوەی سووس لێی نەدا،

(سووس)یش: (دودٌ يَقَعُ فِي الصوفِ وَالطَّعامِ)، جۆرە کرمێکە لە خوریی‌و لە خواردن دەدا، دیارە لە کوردەواریی دا پێی دەڵێین: ئەسپێ، ڕەنگە ناوی دیکەشی هەبن، بە پێی ناوچەو دەڤەرەکان، دیارە دانەوێڵە ئەگەر لە گوڵەکەی بێتە دەرێ، ئەسپێ لێی دەدا، بەڵام ئەگەر هەر لە گوڵەکەی دابێ، لەوە پارێـزراو دەبێ .

٣) ـ ﴿إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تَأْكُلُونَ﴾، جگە لە کەمێکی کە دەیخۆن، ئەگەرنا ئەوەی دیکە، هەمووی با لە گوڵەکەی دابێ‌و بە گوڵەکەیەوە عەمباری بکەن‌و لە شوێنی تایبەت دا هەڵیبگرن، بۆ ئەوەی ئەسپێ‌و سووس‌و ... هتد، لێی نەدات‌و پارێـزراو بێ، واتە: جگە لە کەمێك کە دەیخۆن، لە ماوەی ئەو حەوت ساڵە هەرزانییەدا، ئەوەی دیکە هەمووی پاشەکەوت بکەن‌و هەڵیبگرن، ئەمە ئامۆژگاریی‌و ڕێنماییشە کە کەمی بخۆن‌و، دەست پێوە بگرن، چونکە هەروا هەرزانیی نابێ‌و، دوای ئەو حەوت ساڵە هەرزانیی‌و فەرحانیی‌و بە بەروبوومە، حەوت ساڵی دی قات‌و قڕیی‌و گرانیی‌و بێ بارانیی دێن .

٤) ـ ﴿ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ﴾، ئنجا دوای ئەوە، واتە: دوای ئەو حەوت ساڵە هەرزانیی‌و بە باران‌و بە بەرهەمە، حەوت ساڵی سەخت دێن .

(شداد)، کۆی (شديدَة)یە، (وَصفٌ لِسني الجَدْبِ، لِأنَّ الجَدبَ حَاصِلٌ فِيها. فوَصَفَها بالشدةِ على طريقِ المَجازِ العَقلِي)، لەبەر ئەوەی گرانیی‌و قات‌و قڕییەکە لە ساڵەکاندا دێ، بۆیە خودی ساڵەکان بە شیددەت‌و سەختیی وەسف کراون، بە مەجازی عەقڵیی .

٥) ـ ﴿يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ﴾، ئەو حەوت ساڵە گرانیی‌و بێ بارانیی‌و وشکە ساڵییە، هەرچی کە بۆتان پێش خستوون، لە حەوت ساڵی هەرزانیی دا، هەمووی دەخۆن .

پسپۆڕانی زمان دەڵێن: (أُطلِقَ الأكْلُ على الإفْناءِ)، دیارە ساڵە گرانەکان ئازووخەکە ناخۆن، بەڵام یانی تەواوی دەکەن، ئێوە لەو حەوت ساڵە

گرانییەدا، هەرچی لە حەوت ساڵە هەرزانییەکەدا، حەوت ساڵە بەرهەم دارەکەدا، پاشەکەوتتان کردوە، تەواوی دەکەن .

٦) - ﴿ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تُحْصِنُونَ ﴾، مەگەر کەمێك لەوەی کە هەڵیدەگرن‌و دەیپارێزن .

بۆیە دەفەرموێ: ﴿ تُحْصِنُونَ ﴾، وەك بڵێی لە قەڵادا هەڵگیراوە، وەك چۆن مرۆڤەکان ئەگەر بچنە نێو قەڵاوە، پارێزراوو سەلامەت دەبن، ئەو خواردنەش لەو شوێنانەدا کە ئەوان تێیاندا پاراستوە، پارێزراو بووە، وەك چۆن ئێستا دەغڵ‌و دان لە سایلۆدا دەپارێزرێ، کاتی خۆی ئەوانیش لە چاڵیان کردەو زەوییان بۆ هەڵکەندوە، یان بە شێوەیەك لە شێوەکانی ئەو کاتە، بەتایبەتی مادام لە گوڵەکەی دا بووە، شوێنێکی فراوانتری ویستوە، گرنگ ئەوەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان کە ئێستا ڕەنگە بۆ ئێمە زۆر ڕوون نەبێ ئەو دەغڵ‌و دان‌و دانەوێڵەیان لە گوڵەکەی خۆیدا پاراستوە .

٧) - ﴿ ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ ﴾ ئنجا دوای ئەوە، ساڵێك دێ کە خەڵك بارانیان بۆ دەبارێنرێ ﴿ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ ﴾، هەروەها لەو ساڵەدا دەگوشن، واتە: میوە دەگوشن، زەیتوون دەگوشن‌و ڕۆنەکەی‌و شیلەکەی وەردەگرن، یاخود ترێ‌و خورما دەگوشن‌و، دەیکەن بە شەڕاب، هەمووی دەگرێتەوە.

﴿ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ : أي يُعطَونَ الغَيْثَ وَيُمطَرون)، (غَيث)، واتە: بارانێك کە لە فریای خەڵکی دێ، دوای ئەوەی خەڵك چاوەڕوانیی کردوە، ﴿ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ ﴾، واتە: بارانیان بۆ دەبارێنێ بارانێك کە چاوەڕێیان کردوە، لە فریایان دێ، یاخود ﴿ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ ﴾، واتە: هاوکاریی خەڵك دەکرێ‌و وەڵامی خەڵك دەدرێتەوە، ئەوەی کە چاوەڕێیان کردوەو بۆی پاڕاونەوە، بە زمانی حاڵ، یاخود بە زمانی قسەو گوتار .

کە دەفەرموێ: ﴿ وَفِيهِ يَعۡصِرُونَ ﴾، دیارە خوا بە گشتی فەرموویەتی:

﴿ وَفِيهِ يَعۡصِرُونَ ﴾، لەو ساڵەدا، لە ساڵی پازدەیەمدا دەگوشن، کە دەگونجێ مەبەست گوشینو ڕاپازنینی کونجی بێ، بۆ ڕۆنەکەی، یان زیتوون بێ بۆ زەیتەکەی، یاخود تریٚو خورما بێ، بۆ شەرابەکەیان، یاخود بۆ سرکەکەیانو بۆ دۆشاوەکەیان .

هەندێکیش گوتوویانە: واتە: لەو ساڵەدا ئاژەڵەکان، مەڕو بزنو مانگاو حوشترو گامێش، گوانەکانیان پڕ دەبن لە شیرو چاك دەیاندۆشن .

بەڵام لە حەقیقەتدا هەموو ئەوانەش پێکەوە دەگرێتەوە، واتە: لەو ساڵەدا پیتو پێزو بەرەکەتو بەرهەم زۆر دەبێ، هەم هی دانەوێڵە، هەم هی ئاژەڵ، هەم هی میوە، هەمووی دەگرێتەوە .

هەروەها خوێنراویشەتەوە: (تُعْصَرُون) یان (يُعْصَرُون)، واتە: (تُمطرون)، (يُمْطرون)، چونکە خوا لە سوورەتی (النبأ)، لە ئایەتی (١٤)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلۡمُعۡصِرَٰتِ مَآءٗ ثَجَّاجٗا ١٤ ﴾، واتە: لە هەورە گوشراوەکانەوە ئاوێکی بە خوڕەممان ناردۆتە خوار، کەواتە: (تُعصَرُون) یان (يُعصَرُون)، یانی: بارانیان بۆ دەبارێنرێ، ئنجا ئەگەر وابێ، دەبێ ئەوەی پێشێ: ﴿ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ ﴾، مانایەکەی ئاوا بێ : لە فریای خەڵکی دێن، هاوکاریی خەڵك دەکرێ، خەڵك وەڵامی داواکانیان دەدرێتەوە .

حەوت سەرنجی گرنگ لە میانی تەعبیرکردنی یوسوف بۆ خەونەکەی پادشادا

﴿ قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تَأْكُلُونَ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تُحْصِنُونَ ﴿٤٨﴾ ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾:

سەرنجی یەکەم : دەگونجێ خەونی کافریش ڕاست دەربچێت، وەك پێشتر بینیمان خەونی دوو هاوەڵەکەی یوسوف، دوو هاوەڵەکەی بەندیخانەی، هەردووکیان خەونەکەیان ڕاست دەرچوون، خەونەکەی پادشاش هەر ڕاست دەرچوو، کەواتە: دەگونجێ ئینسانی بێبڕواش خەونەکەی ڕاست دەربچێ، ئێمە پێشتر لە سەرەتای دەست پێکردنی تەفسیری ئەم سوورەتی یوسوفەدا، باسێکی تێروتەسەلمان دەربارەی خەون کرد، بۆیە لێرەدا هەر بەو ئاماژەیە وازی لێ دێنین .

سەرنجی دووەم: ڕاوێژ کردن عادەتێکی لە مێژینەی گەلان بووە، کە پادشا دەڵێ : ﴿ أَفْتُونِي فِي رُءْيَٰيَ ﴾ ، دەربارەی خەونەکەم هەواڵم پێ بدەن، کەواتە: ڕاوێژی پێکردوون پرسو ڕای پێکردوون، ئەمەش عادەتێکی لە مێژینەی گەلان بووە، وەك لە بۆنەی دیکەشدا گوتوومە، کەواتە: ئەوەی کە

ڕۆژئاواییەکان وا ڕەواجی پێدەدەن و بانگەشەی بۆ دەکەن و ئیددیعا دەکەن، کە هەتا دیموکراسی یۆنانییەکان پەیدا نەبووەو، دوایی دیموکراسی لە فۆرمی تازەی دا نەهاتۆتەوە ئاراوە، حیساب بۆ خەڵك نەکراوەو، ڕای خەڵك وەرنەگیراوە، لەلایەن حوکمڕانانەوە، ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نیە، بەڵکو ئەوە عادەتێکی لە مێژینەی گەلان بووە، کە کەمو زۆر حیساب بۆ ڕای خەڵك کراوەو کۆڕو مەجلیسیان بووەو، لەو کۆڕو مەجلیسەدا، بابەتەکان تویژراونەوەو قسەیان لەسەر کراوە، بەڵێ هەبووە، وەك فیرعەون گوتوویەتی: ﴿مَآ أُرِيكُمۡ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهۡدِيكُمۡ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ٢٩﴾ غافر، واتە: هەر ئەوەتان پێ دەڵێم کە خۆم دەیبینم و، هەرچی منیش دەیڵێم، هەمووی ڕاستە، بەڵێ هەندێ لە حوکمڕانەکان ئاوا فیرعەونانە بیریان کردۆتەوەو، هەر قسەی خۆیان پێ ڕاست بووەو هەر قسەی خۆیان سەپاندوە، بەڵام بە گشتی لە نێو گەلاندا، حیساب کردن بۆ ڕاوێژو پرس و ڕاو، تویژینەوەو تاوتوێکردنی باس و بابەتەکان، کەمو زۆر هەبووە .

<u>سەرنجی سێیەم:</u> پادشایەکە متمانەی بە هاونشینەکانی خۆی، کە لە کۆڕو مەجلیسی حوکمڕانییەکەی دا بوون، بڕیار بەدەستەکان، متمانەی پێیان نەبووە، تەعبیری خەونەکەی بزانن، ڕایەکەشی ڕاست دەرچووە، بە بەڵگەی ئەوە، کە دەڵێ: ﴿أَفۡتُونِي فِي رُءۡيَٰيَ إِن كُنتُمۡ لِلرُّءۡيَا تَعۡبُرُونَ﴾ دەربارەی خەونەکەم هەواڵم پێ بدەن، زانیارییم بخەنە بەر دەست. ئەگەر ئێوە تەعبیری خەون دەزانن، ئەگەر دەتوانن مانای خەون لێك بدەنەوە، دیارە گومانی هەبووە کە بتوانن ئەو خەونەی لێکبدەنەوەو دواییش ئەوەی کە پێش بینیی کردوە، ڕاست دەرچووە .

<u>سەرنجی چوارەم:</u> هاوەڵە زیندانییەکەی هەرچەندە کەمتەرخەم بووە. بەرانبەر بە یوسوف، بەڵام زۆر بە لە خۆ ڕادیتوویی چووە بۆ لای یوسوف و هەر لەوێوە گوتوویەتی: ﴿أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأۡوِيلِهِۦ فَأَرۡسِلُونِ ٤٥﴾ من هەواڵ و سەرەنجامی ئەو خەونەتان پێ دەڵێم، بمنێرن، وەك دەبینین هەر لەڕێوە دڵنیای

کردوونەوە، کە دەتوانێ تەعبیرو لێکدانەوەی ڕاستو دروستی خەونەکەی پادشایان بۆ بێنێ، کە بە تەئکید مەبەستیشی ئەوە نەبووە: خۆی دەیزانێ، بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە کە دەچێ بۆ لای یوسوفو خەونەکەی پادشای بۆ دەگێڕێتەوەو لێکدانەوەو تەعبیری خەونەکەی پادشا لە یوسوف وەردەگرێو بۆیان دێنێتەوە، ئنجا ئایا ئەمە چی دەگەیەنێ ؟

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو کابرایە هەرچەندە ئەو داوایەی یوسوفی جێبەجێ نەکردوەو، بەهۆی لە بیرچوونەوەو کەمتەرخەمیی خۆیەوە، ئەو هاوەڵە زیندانییەی (یوسوف) شەش حەوت ساڵ لە زینداندا ماوەتەوە بە ناهەق، بەڵام هێندە لە یوسوفی ڕابینیوەو زانیویەتی هێندە جوامێرە، هێندە ڕەوشت بەرزە، هێندە ئینسانێکی باشە، کە هەر لە ڕێیەوە لێی دڵنیا بووە: ئەو داوایەی بۆ جێبەجێ دەکات، هەرچەندە ئەو (واتە: ئەو هاوەڵە زیندانییەی) داوایەکەی یوسوفی جێبەجێ نەکردوە!! هەڵبەت هەر ئەوەش لە کەسانی بۆ خوا صوڵحاو، دەوەشێتەوە، کەسانێك کە دنیا وەك شوێنێ تێدا تاقی کردنەوە دەبینن، کەسانێك کە بۆ خوا دەژینو بە گرێو گۆڵی دەروونییو بە بوغزو کینەو تۆڵەستاندنەوەوە لەگەڵ خەڵکدا مامەڵە ناکەن، بەڵکو بە جوامێرییو ڕەوشت بەرزیی، وا لەگەڵ خەڵکدا مامەڵە ناکەن، کە چاکە بە دەستەوا بێ: چاکەم لەگەڵ بکەو، چاکەت لەگەڵ دەکەم، مادام خراپەت کرد، من چاکەت لەگەڵ ناکەم!! ئنجا ئەو کابرایە کە هێندەی لە خۆی ڕابینیوە، ئەو لە خۆ ڕابینینەی، بریتی بووە لەوە کە لە یوسوف ﷺی ڕابینیوەو زانیویەتی هێندە جوامێرە، هێندە ڕەوشت بەرزە، کاتێك کە چوو داوایەکەی ئاڕاستە کرد، نەك هەر ئەو کەمتەرخەمییەی بە چاو دانەداتەوە، بەڵکو یەکسەر داواکارییەکەشی بۆ جێبەجێ دەکات .

<u>سەرنجی پێنجەم:</u> یوسوف ﷺ هیچ گلەیی لێ نەکردوە، هەرچەندە شەش حەوت ساڵ بەهۆی لە بیرچوونەوەو کەمتەرخەمیی ئەو هاوەڵە زیندانییەیەوە، لە بەندیخانەدا ماوەتەوە، بەڵام هەر نابیسترێو نابینرێ کە یوسوف بە ئاماژەش گلەییەکی لێ کردبێ، ئەوەش ڕەوشت بەرزیی

پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)و لە نێویاندا یوسوف ﷺ دەردەخات، کە ئینسان خۆش گلەیی نەبێ باشە، واباشە ئینسان هەمیشە مافی خۆی لە بیر بچێتەوەو، هەرگیز چاوەڕوانیی لە خەڵك نەبێ، یاخود بەلای کەمەوە چاوەڕوانیی کەم بێ لە خەڵك، ئەو کاتە هەم خەڵكیش لە دەستی سەلامەتو ئاسوودە دەبنو، هەم خۆیشی ئاسوودە دەبێ .

سەرنجی شەشەم: یوسوف ﷺ نەیگوتوە: مادام ستەمیان لێکردوومو ئەوانە بە ستەم منیان چەندان ساڵ لە بەندیخانەدا هێشتۆتەوە، مادام ئەوان خراپەیان لەگەڵ من کردوە، با منیش ئەگەر خراپەشیان لەگەڵ نەکەم، چاکەیان لەگەڵدا نەکەم، واینەگوتوە، چونکە خوای کاربەجێ لە سوورەتی (المؤمنون) ئایەتی (٩٦)دا، دەفەرموێ: ﴿ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ٱلسَّيِّئَةَ﴾، بە کام سیفەتو ڕەوشتی باشترە، کردەوەو هەڵوێستو سیفەتی خراپی بەرانبەرەکەت پاڵ پێوە بنێ .

دیارە پێش هەموو کەس پێغەمبەران ئەو ڕەوشتە بەرزانەیان هەیە، بەڵکو پێغەمبەرانی خوا لە لووتکەی هەر بەرزی ڕەوشتو خووی پەسندو ئاکاری جوان دابوون، بۆیە یوسوف ﷺ هەر باسی نەکردوە کە: بۆچی لە زینداندامو بۆچی لە بەندیخانەدا منتان هێشتۆتەوە، لەسەر بناغەی بوختانێکی درۆ؟ بەڵکو یەکسەر نەك هەر تەعبیری خەونەکەشی بۆ کردوون، بەڵکو لە میانی تەعبیر کردنی خەونەکەشدا، نەخشەیەکی ئابووریی پازدە ساڵیی داناوە، بۆ کۆمەڵگایەك کە یەك تاکە مسوڵمانی تێدا نیە، بێجگە لە خۆی (یوسوف ﷺ) لەو کاتەدا بڕوادارێکی دیکە لە میسردا نەبووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پیاوانی خوا، دەبێ بەبێ بەرانبەر چاکە لەگەڵ خەڵکدا بکەنو لە بەرانبەری خراپەشدا خراپەیان لەگەڵدا نەکەن .

سەرنجی حەوتەمو کۆتایی: هەرچەندە پێشێش ئاماژەمان پێدا: یوسوف ﷺ نەخشەیەکی ئابووریی پازدە ساڵەیی بۆ گەلو کۆمەڵگایەك داناوە. بۆ وڵاتێك داناوە کە بێجگە لە خۆی بڕوادارێکی دیکەی تێدا نەبووە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بۆ خوا صوڵحاوان، بەندەکانی خوا، دۆستەکانی خوا، هەوڵدەدەن بە گشتی چاکە لەگەڵ بەندەکانی خوادا بکەن، نەك چاکەو خێریان قەتیس بکەن تەنیا بۆ بڕواداران، بەڵکو بە گشتی هەوڵ دەدەن سوود بگەیەنن بە بەندەکانی خوا، بگرە سوود بگەیەنن بە دروستکراوەکانی خوا، ئەوە زۆر گرنگە .

یوسوف ﷺ لە وڵاتێکدا کە ستەمی لێکراوە، لە وڵاتێکدا کە کراوە بە کۆیلە، دوایی بوختانی پێکراوە، دوایی چەند ساڵ خراوەتە بەندیخانەوەو کەس لێی نەپێچاوەتەوە، کەس نەهاتوە بڵێ: لەسەرچی گیراوی؟ کەچی لەو وڵاتەدا کە ئەو هەموو مەینەتییانەی بینیوون، ئەو هەموو ستەمەی لێکراوە، نەخشەیەکی ئابووریی پازدە ساڵیی، بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە دادەنێ، بۆ ئەوەی ئەو گرانییو قاتو قڕییەو، ئەو کێشەو قەیرانە ئابوورییەی دێتە پێشیان، لێی دەرباز بن، بەڕاستیی ئەوە لووتکەی هەرە بەرزی ڕەوشتی جوانە، کە بێجگە لە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)و کەسانێك کە بە ڕێی پێغەمبەراندا دەڕۆن، هیچ کەس ناگاتە ئەو لووتکە بەرزە .

خوا بە لوتفو کەرەمی خۆی هیدایەتی ئێمەش بدات، کە ئێمەش چاو لە پێغەمبەران بکەینو، بیانکەینە سەر مەشقو پێشڕەوی خۆمانو، ڕەوشتو ئاکارو هەڵوێستو سیفەتە بەرزەکانیان لە خۆماندا بێنینە دی، هەڵبەتە هەر ئەو کاتەش لێمان دەوەشێتەوە بڵێین : بەندەی خواو شوێنکەوتووی پێغەمبەرانی خواین .

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی هەشتەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان هەشت (٨) ئایەت دەگرێتە خۆی، کە بریتین لە ئایەتەکانی: (٥٠ تا ٥٧)، لەم دەرسەماندا ئاڵقەی حەوتەمی زنجیرەی بەسەرهاتی یوسوف ﷺ باس دەکەین، کە تێیدا باسی شەش بابەتی سەرەکیی کراوە :

١- ناردنی پادشا بە دوای یوسوف داو، نەچوونە دەری یوسوف لە بەندیخانە، هەتا پادشا لە ڕووداوی دەستو پەلی خۆ بڕینی ژنەکان، نەکۆڵێتەوەو، سەرەنجام پەرێز پاکیی یوسوف، دەرنەکەوێ .

٢- لێکۆڵینەوەی پادشا لەو ژنانەو، شایەدیی دانیان بەوە کە هیچی خراپیان لە یوسوف ﷺ نەبینیوەو، دان پێداهێنانی ژنی عەزیز کە ئەو هەوڵی لەگەڵ یوسوف داوە، پەلکێشی دەست تێکەڵیی بکاتو، یوسوف ڕاستگۆیەو بێ خەتایە، لەوەدا کە گوتوویەتی: مـن دەست پێشخەرییم نەکردوە. بەڵکو وەڵامی دەستپێشخەرییەکەی ئافرەتەکەشی نەداوەتەوە .

٣- پاساو هێنانەوەی یوسوف بۆ ئەو لێکۆڵینەوە کردنە، بەوە کە عەزیزی میسر بزانێ یوسوف ناپاکیی پێ نەکردوە، لە کاتێکدا کە خۆی ئامادەی ماڵ نەبووە، هاوکات دەربڕینی ئەو ڕاستییەش کە پاکانە بۆ نەفسی خۆی ناکات، کە هیچ هەڵەو پەڵەیەکی نیە، چونکە نەفس زۆر فەرمان بە خراپە دەکات، مەگەر کەسێك خوا ڕەحمی پێ بکاتو بیپارێزێ .

٤- دووبارە ناردنەوەی پادشا بە دوای یوسوفدا، کە بیکاتە هاوکاری تایبەتیی خۆی لە حوکمڕانیی داو، پاش دواندنی، پێ ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە:

یوسوف لەلای وی خاوەن پێگەی تایبەتەو، ڕێزو حورمەتی تایبەتیی هەیەو، متمانەو باوەڕی پێیەتی .

٥- پێشنیارکردنی یوسوف بۆ پادشا، کە بیکاتە بەرپرسی کاروباری ئابووریی، چونکە هەم پارێزەرە، بۆ شتێك کە پێی بسپێردرێ، هەم زاناو شارەزایە، لە چۆنیەتی سەرافەتییو سەرپەرشتیکردنو مشوورلێخواردنی دا .

٦- ڕاگەیاندنی خوای کارزان کە: وەك چۆن یوسوفی لە ڕێی کاروانەکەوە لە بیر هێنایە دەر، لە کۆشکی عەزیزی میسردا حەواندیەوە، پاشان لە زیندان هێنایە دەر، هەر بەو جۆرەش یوسوفی لە میسردا دەست ڕۆیشتوو کردوەو، پاداشتی دوارۆژیشی باشترە، چونکە ئیماندارو پارێزکارو چاکەکار بووە .

﴿ وَقَالَ ٱلْمَلِكُ ٱئْتُونِى بِهِۦ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُ ٱلرَّسُولُ قَالَ ٱرْجِعْ إِلَىٰ رَبِّكَ فَسْـَٔلْهُ مَا بَالُ
ٱلنِّسْوَةِ ٱلَّٰتِى قَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ ۚ إِنَّ رَبِّى بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ ﴿٥٠﴾ قَالَ مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَٰوَدتُّنَّ
يُوسُفَ عَن نَّفْسِهِۦ ۚ قُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِن سُوٓءٍ ۚ قَالَتِ ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ
ٱلْـَٰٔنَ حَصْحَصَ ٱلْحَقُّ أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٥١﴾ ذَٰلِكَ لِيَعْلَمَ
أَنِّى لَمْ أَخُنْهُ بِٱلْغَيْبِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى كَيْدَ ٱلْخَآئِنِينَ ﴿٥٢﴾ وَمَآ أُبَرِّئُ نَفْسِىٓ ۚ إِنَّ ٱلنَّفْسَ
لَأَمَّارَةٌۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّىٓ ۚ إِنَّ رَبِّى غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥٣﴾ وَقَالَ ٱلْمَلِكُ ٱئْتُونِى بِهِۦٓ
أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِى ۖ فَلَمَّا كَلَّمَهُۥ قَالَ إِنَّكَ ٱلْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ ﴿٥٤﴾ قَالَ ٱجْعَلْنِى
عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلْأَرْضِ ۖ إِنِّى حَفِيظٌ عَلِيمٌ ﴿٥٥﴾ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِى ٱلْأَرْضِ
يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَآءُ ۚ نُصِيبُ بِرَحْمَتِنَا مَن نَّشَآءُ ۖ وَلَا نُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ
﴿٥٦﴾ وَلَأَجْرُ ٱلْءَاخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿٥٧﴾ ﴾.

مانای وشە بە وشەی ئایەتەکان

{ئنجا پادشای میسر (گوتی) بۆمی بێنن، (واتە: یوسوف)، جا کاتێک نێردراوەکە هاتە لای یوسوف، پێی گوت: بگەڕێوە بۆ لای خاوەنەکەت لێی بپرسە: حاڵو بەسەرهاتی ئەو ژنانەی دەستو پەلی خۆیانیان بڕی بوو، چۆن بوو؟ بە دڵنیایی پەروەردگاری من (خوا ﷻ) بە پیلانەکەیان زانایە ﴿٥٠﴾ (پادشاش ژنەکانی کۆکردەوەو) گوتی: ئەو حاڵەتان چۆن بوو، مەبەستتان چی بوو کە هەوڵی پەلکێش کردنی یوسوفتان داو ویستتان لە خشتەی بەرن؟ گوتیان: پاکیی بۆ خوا، هیچ خراپەیەکمان لە بارەیەوە نەزانیوە، ژنەکەی عەزیز گوتی: ئا ئێستا هەق ئاشکرا بوو، من هەوڵی پەلکێش کردنی ویمدا بۆ دەست تێکەڵیی‌و، بە دڵنیایی ئەو لە ڕاستگۆیانە (کە هیچی خراپی لێ نەپشکوتۆتەوە) ﴿٥١﴾ یوسوف گوتی: بۆیە داوای ئەو لێکۆڵینەوەیەم کرد، تاکو ئەو (عەزیز) بزانێ‌و دڵنیابێ کە بە پەنامەکیی (کاتێک کە لە ماڵ نەبووە) ناپاکییم لەگەڵ دا نەکردووەو، مسۆگەر خوا پیلانی ناپاکان بەرەو ئامانج ڕێنمایی ناکات ﴿٥٢﴾ پاکانەش بۆ نەفسی خۆم ناکەم، (کە هیچ هەڵەو پەڵەم نیە)، بێگومان نەفس زۆر دنەی خاوەنەکەی دەداتو فەرمان بە خراپە دەکات، مەگەر لە حاڵێکدا پەروەردگارم بەزەیی بنوێنێ‌و بمپارێزێ، بەڕاستیی پەروەردگارم لێبوردەی بە بەزەییە، ﴿٥٣﴾ پادشا گوتی بۆمی بێنن، تایبەتی دەکەم (بە هاوکاریی کردنی) خۆمەوە (لە حکومڕانیی دا)، ئنجا کاتێك هاتو دواندی، پادشا گوتی: بە دڵنیایی تۆ ئێستا لە لامان بەڕێزو پایەدارو جێی متمانەو باوەڕی ﴿٥٤﴾ یوسوف گوتی: لەسەر عەمبارەکانی ئازووخەی سەر زەمینی میسرم دابنێ (بمکە بە بەرپرسی ئابووریی وڵات) چونکە من پارێزەر(ی هەر شتێك)م (پێم بسپێردرێ‌و) زاناو شارەزاشم (بۆ چۆنیەتی سەرپەرشتیکردنی) ﴿٥٥﴾ بەو شێوەیە کە باسکرا، یوسوفمان لەسەر زەمینی میسردا دەستڕۆیشتوو کرد، هەر کوێیەکی

مەبەست بووایە دەیکردە نشینگە، بەزەیی خۆمان دەگەینە پشکی هەر کەسێك بمانەوێ و پاداشتی چاکەکاران بە فیڕۆ نادەین و زایەناکەین، ﴿٥٦﴾ پاداشتی دوارۆژ چاکتریشە بۆ کەسانێك کە بڕوایان هێناوە (بەوەی پێویستە بڕوای پێ بهێنرێ)و، پارێزیان دەکرد (لە هەموو ئەو شتانەی پێویستە پارێزیان لێ بکرێ) ﴿٥٧﴾ } .

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(بَالُ) : (البـالُ: الحَالُ الَّتِي يُكْتـرثُ بِهـا، مـا بـالَيْـتُ بِكَذا بـالَـةً: مـا اكتـرثت بـهِ، ﴿ فَمَا بَالُ ٱلْقُرُونِ ٱلْأُولَىٰ ۝٥١ ﴾طـه، أي: مـا حَالُـهُم وَخَبَـرُهُم)، وشـەی (بـال) بـە حاڵەتێك دەگوترێ کە گرنگیی پێ بدرێ، دەگوترێ: (مـا بـالَيْتُ بِكَذا بـالـة)، واتە: هیچ بایەخم پێ نەداو گرنگییم پێ نەدا، خوا کە دەفەرموێ: ﴿ فَمَا بَالُ ٱلْقُرُونِ ٱلْأُولَىٰ ﴾، واتە: حاڵو بەسەرهاتو هەواڵی سەدە پێشووەکان، (واتە: کۆمەڵگا پێشووەکان کە لە سەدەکاندا ژیاون) چۆن بوو؟

(خَطْبُكُنَّ) : (الخَطْبُ: الأَمْرُ العَظِيمُ الَّذِي يَكـثُرُ فِيهِ التَّخـاطُبُ)، (خَطْب)، بریتیە لە کارێکی مەزن کە قسەی زۆر تێدا دەکرێن، کارێك کە مەزن بێ، خەڵك زۆر مشتومڕو وتووێژی تێدا دەکەن.

(حَصْحَصَ ٱلْحَقُّ) : دوو واتای هەن :

١- واتە: (وَضَحَ وتَبَيَّنَ)، هەق دەرکەوتوو، ئاشکرا بوو .

بە مانای: (ثَبَتَ وَاسْتَقَرَّ)، واتە: چەسپاو سەقامگیر بوو .

ئنجا وشەی (حَصَّ)، لەگەڵ (حَصْحَصَ)، وەك (كَفَّ)، و (كَفْكَفَ)، (كَبَّ)، و (كَبْكَبَ)، وایە، (كَفّ)و (كَفْكَف) یانی: وازی هێنـا، (كَبَّ)، و (كَبْكَبَ)، واتە: لەپەوڕوو خرایە دۆزەخەوە .

وشەی (حَصَّهُ: أي قَطَعَهُ)، کەواتە: ﴿ حَصْحَصَ ٱلْحَقُّ ﴾، بریتیە لەوە کە بەشی هەق لە بەشی ناهەق جیابێتەوە: (أَن تَتَبَيَّنَ حِصَّةُ الحَقِّ مِنْ حِصَّةِ الباطِلِ)، هەندێك دەڵێن لەوەوە هاتوە .

(ٱلْخَآئِنِينَ): واتە: ناپاکان، (الخِيانة: مُخالَفة الحَقّ بنقض العَقدِ فِي السِّرِّ، وَنَقيضُهُ: الأَمانة)، (خیانة)، بریتیە لە پێچەوانەی هەق جوولانەوە، بەوە کە بە پەنهانییو بە پەنامەکیی پەیمان بشکێندرێو، پێچەوانەکەی بریتیە لە (أمانة)، واتە: دەست پاکییو پاراستنی پەیمانو پاراستنی هەر شتێك، کە دەست پێردرێ .

(وَمَآ أُبَرِّئُ نَفْسِىٓ): واتە: پاکانە بۆ خۆم ناکەم، نەفسی خۆم بە پاك نازانم، (أَصْلُ: البُرْءِ وَالبَرَاءَةِ والتَّبَرِّي: التَّقَصِّي مَمَا يُكرهُ مُجاوَرَتُهُ)، وشەی (بُرْء وَبَرَاءةِ وتَبرِّي)، هەر سێکیان واتە: دووریی گرتن لە شتێك کە پێت ناخۆش بێ، لێت نیزیك بێ، دەگوترێ: (بَرِئْتُ مِنَ المَرَضِ، وبَرِئتُ مِن فُلانٍ، وتَبَرَّأتُ مِنْهُ، وَأبرَئتُهُ، وَبَرَّئتهُ مِن كَذا، وَرَجُلٌ بَرِيءٌ)، (بَرَئت مِنَ المَرَضِ)، واتە: لە نەخۆشییەکەم چاك بوومەوە، واتە: دووریم لە نەخۆشیی گرت .

(بَرِئت مِن فُلانٍ وتَبَرَّأتُ مِنْهُ)، واتە: دوورییم لە فلان کەس گرتو حاشام لێکرد، (وَأبرَئتُهُ)، واتە: ئەوم بە بەریی لە قەڵەمدا، هەروەك: (بَرَّئتهُ مِن كَذا)، بە هەمان شێوە، (وَأبرَئْتُهُ وَبَرَّئتهُ مِن كَذا)، واتە: ئەوم بە دوور دانا، بە کوردییش دەڵێن: تەبریەی کرد، (وَرَجلٌ بَرِيءٌ)، پیاوێکی پاك، واتە: دوور لە تۆمەتو تاوان .

(أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِى): (أَجْعَلُهُ خالِصاً لِنَفْسي وَخاصًّا بي، أَخْلَصَهُ وَاسْتَخْلَصَهُ أي: جَعَلَهُ خاصًّا بِهِ)، (أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِى)، واتە: بۆ خۆمی ساغ دەکەمەوەو تایبەتی دەکەم بە خۆمەوە، کە بەشی کەسی دیکەی تێدا نەبێ، بە تەئکید مەبەستی پادشای میسر ئەوە بووە، کە تایبەتی دەکەم بە هاوکاریی خۆمەوە لە حکومڕانییداو، ڕاوێژی پێ دەکەمو لە خۆمی وە نیزیك دەخەم. بە شێوەیەك کە بە هیچی دیکەوە سەرقاڵ نەبێ، جگە لە ڕاپەڕاندنی ئەو کارانەی کە من پێی دەسپێرم، وەك هاوکارێکم لە حوکمڕانیی دا .

(مَكِينٌ): (صِفَـة مُشَبَّهَـة مِـن مَكُـنَ إذَا صَـارَ ذَا مَكانَـة، وَهِـيَ المَرتَبَـة العَظِيمَـة)، (مَكِينٌ)، (صِفَة مُشَبَّهَة)یە، واتە: سیفەتێکە دەشوبهێنرێ بە کردارەوە، لە چییەوە هاتوە؟ (مِنْ مَكُـنَ إذَا صَـارَ ذَا مَكانَـة)، کە دەگوترێ: (مَكُنَ فُلاَنٌ)، واتە: بوو بە خاوەن پێگە، (مَكانَة)، بریتیە لە پلەیەکی مەزن .

(أَمِينٌ): (فَعِيلٌ بِمَعْنَى مَفْعُول، أي: مَـأمُـونٌ عَلَى شَيءٍ مـوثُـوقٌ بِـهِ فِي حِفْظِهِ)، (أَمِين) لەسەر کێشی (فَعِيل)ە، بەلاّم بە مانای (مَفعُول)ە، واتە: بە ئەمین دانراو، دەگوترێ: (فُلان مَأمُونٌ عَلَى كَذَا)، واتە: متمانەی پێ دەکرێ کە بیپارێزێ .

(مَكَّنَّا): (مَكَّنَهُ تَمكِيناً، جَعَلَهُ ذَا مَكانَة أو قَوَّاهُ عَلَيْهِ)، (مَكَّنَّا)، دەگوترێ: (مَكَّنَاهُ وَمَكَّنا لَهُ)، هەردووکیان، واتە: کردی بە خاوەن پێگە، دەستڕۆیشتووی کرد، بالاّدەستی کرد .

(يَتَبَوَّأُ مِنْهَا): (التَبَـوُّأ: إتِّخَـاذُ مَكَـانٍ لِلبَـوءِ أي الرُّجُـوعِ، فَمَعْنَى التَّبَـوءِ: النُـزُولُ وَالإقَامَة)، (تَبَوّأ): بریتیە لە ئەوە کە ئینسان شوێنی بۆ لا گەڕانەوە دیاری بکات، کەواتە: (تَبوأ)، واتە: دابەزین لە شوێنێکو نیشتەجێ بوون تێیدا .

مانای گشتی ئایەتەکان

ئەم هەشت ئایەتە - وەك گوتمان - حەوتەمین ئاڵقەیی زنجیرەی بەسەرهاتی یوسوفیان گرتۆتە خۆیان، کە باسی ئەوەیە: پادشا لە دوای یوسوف ﷺ ناردوە، دوای ئەوەی کە تەعبیری خەونەکەی بۆ کردوون، نەخشەیەکی پازدە ساڵەیی ئابووریی بۆ داناون.

خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ ٱئۡتُونِي بِهِۦ ﴾، پادشایەکە (ئەوەی کە زانراوە (معهود)ە، واتە: پادشای میسرٍ کە پێشتر باسی کراوە)، گوتی: بۆمی بێنن، واتە: یوسوفم بۆ بێنن، کە دوایی دەردەکەوێ بۆ چیەتی !

﴿ فَلَمَّا جَآءَهُ ٱلرَّسُولُ ﴾، کاتێك کە نێرراوەکە هاتە لای، ئایا ئەو نێرراوە کێ بوو ؟ باس نەکراوە کە کێ بووە، گرنگ ئەوەیە پادشا نوێنەرێکی خۆی رەوانەکردۆتە لای، وەك نێردەی خۆی، کاتێك کە نێردراوەکە هات بۆ لای یوسوف ﷺ: ﴿ قَالَ ٱرۡجِعۡ إِلَىٰ رَبِّكَ فَسۡـَٔلۡهُ مَا بَالُ ٱلنِّسۡوَةِ ٱلَّٰتِي قَطَّعۡنَ أَيۡدِيَهُنَّ ﴾، دیارە نوێنەرەکە هاتۆتە لای یوسوفو گوتوویەتی: لە زیندان وەرە دەر، پادشا لە دوایی ناردووی، لەگەڵم وەرە، بەلام ئەو لەگەڵی نەچووەو گوتوویەتی: بگەرێوە بۆ لای خاوەنەکەت (بۆ لای پادشا)، ﴿ فَسۡـَٔلۡهُ مَا بَالُ ٱلنِّسۡوَةِ ٱلَّٰتِي قَطَّعۡنَ أَيۡدِيَهُنَّ ﴾، لێی بپرسە: حاڵی ئەو ژنانەی کە دەستو پەلی خۆیان بری (لە کاتی میوە سپی کردندا لەماڵی عەزیز)، حاڵو بەسەرهاتیان چی بووو چۆن بووو؟ با لێکۆڵینەوە لەو رووداوە بکات، ﴿ إِنَّ رَبِّي بِكَيۡدِهِنَّ عَلِيمٞ ﴾، بێگومان پەروەردگاری من (کە خوایە ﷻ) بە پیلانو نەخشەو فێڵی وان زانایە .

بەڵام با خاوەنەکەی تۆ، {کە پادشایە}، لێبکۆڵێتەوە بزانێ داخۆ ئەو ڕووداوە چی بوو و چۆن بوو؟ لێرەدا یوسوف ﷺ نەجابەتو نەزاکەتی خۆی پێشان دەدا، کە باسی ژنەکەی عەزیز هەر ناکات، کە دەورو خولی یوسوفی داوەو، داوای دەست تێکەڵیی لێ کردوەو، ویستوویەتی لە خشتەی بەرێ، باسی ئەو هەر ناکات، بەڵکو ڕووداوەکە بە گشتی باس دەکات، دەڵێ: ئەو ژنانەی کە دەستو پەلی خۆیان بڕی، با پادشا لێ بکۆڵێتەوە، داخۆ بەسەرهاتەکەیان چی بوو؟ چییان بەسەرهات؟ چونکە لە دوای ئەو ڕووداوە، بڕیاردرا کە یوسوف بە ناهەق زیندانیی بکرێ .

لێرەش دا ئەوە هەمووی پێچراوەتەوە کە:

پادشا لە دوای، ئەو ژنانەی نارد کە فلانو فلانو فلان ...هتد بوون، بێگومان دیارییکراو بوون، ژنانی پیاوانی ناسراوی وڵات بوون، چونکە عەزیزی میسر، ئەگەر سەرۆکی پاسەوانەکانی پادشا بووبێ، یان سەرپەرشتیاری ئەو پایتەختە بووبێ، کە پادشا لێیەتی، هەر چۆن بێ، پیاوێکی ناودار بووە، پیاوێکی دەستڕۆیشتوو بووە، ئەو ئافرەتانەش کە لەگەڵ ژنەکەی ئەودا کەینو بەینیان بووەو، کۆی کردوونەوەو، کۆڕی بۆ سازکردوونو، میوەی بۆ داناون، ئنجا شوێنی پاڵدانەوەو شاندادانی بۆ داناون، دیارە ئەوانەش ئافرەتانی ناسراو بوون، هاوسەرانو ژنانی پیاوانی دەستڕۆیشتووی وڵات بوون، بۆیە دیار بوون کێو کێن ؟

باسی ئەوە هەمووی پێچراوەتەوە: لە دوای ناردنو کۆی کردنەوە: ﴿ قَالَ مَا خَطْبُكُنَّ ﴾، پادشا پێی گوتن: هەواڵتان، ئیشو حاڵتان چی بوو؟ کاری ئێوە چی بوو؟ ﴿إِذْ رَٰوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفْسِهِۦ ﴾، کاتێك کە ئێوە داوای دەست تێکەڵییتان لە یوسوف کرد ؟ داواتان لە یوسوف کردو هەوڵتان لەگەڵ یوسوفدا، کە لەسەر ڕای خۆی لای بدەنو خۆیتان تەسلیم بکاتو بیهێننە سەر ڕاوو قەناعەتی خۆتان، کە ڕای یوسوف بریتی بووە لە پاکییو، ڕای ئێوەش بریتی بوو لە کاروکردەوەی خراپ ؟!

مەرج نیە لێرەدا مەبەست ئەوە بێ، کە هەر کامێکیان داوای لە یوسوف کردبێ دەستی لەگەڵ تێکەڵ بکات، بەڵام بێگومان هەموویان بوونە یەك تیمو بە هەرەوەزیی داوایان لە یوسوف کردوە، کە داخوازیی ژنەکەی عەزیز جێبەجێ

بكـات، وەك كۆیلەیەك، ڕەنگە عورفو عادەتیان وا بوو بێ، كە كۆیلەو خزمەتكار نابێ لە قسەی گەورەی خۆی دەرچێو، مادام لە ماڵی وان دایە، هەر داوایەكی لێبكەن، دەبێ بۆیان جێبەجێ بكات ! بۆیە پادشا پاڵی دەداتە لای هەمووان، واتە: بە هەمووتان گەلە كۆمەكییتان لە یوسوف كرد، بۆ ئەو كارەو ئەویش ملی بۆ نەدا !

﴿قُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ﴾، دوای ئەوەی پرسیاری لێكردن چی بوو؟ چۆن بوو؟ گوتیان: پاكیی بۆ خوا، واتە: ئێمە خوا بە دوور دەگرین، بە پاك دەگرین، لەوەوە كە قسەیەكی ناهەق بكەین، یاخود: خوا بە پاك دەگرین، لەوەدا كە پیاوی وەك یوسوف خراپەی لێ بوەشێتەوە، یان: ﴿حَٰشَ لِلَّهِ﴾، واتە: نا بە خوا، یان: ئەو شتە بەو شێوەیە نیە، ﴿مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِن سُوٓءٍ﴾، ئێمە هیچی خراپمان لەبارەیەوە نەزانیوە، هیچی خراپمان لەسەر نەبیستوە، واتە: هیچ شتێك كە زیان بەخش بێ بۆ یوسوفو، حاڵی خراپ بكاتو، ناوو سومعەو ناوبانگی خراپ بكات، ئێمە لەبارەیەوە نەمانزانیوە .

﴿قَالَتِ ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْـَٰٔنَ حَصْحَصَ ٱلْحَقُّ﴾، ژنەكەی عەزیز گوتی: ئا ئێستا هەق چەسپا، هەق دەركەوتو ڕوون بۆوە، ئەو هەقە چییە؟ ﴿أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ﴾، من ویستم ئەو پەلكێش بكەم، من ویستم ئەو دەستبەرداری نەفسی خۆی بێتو خۆی تەسلیمی من بكات، ئەوەی پێی دەڵێم ئەوەم بۆ جێبەجێ بكات، كە بریتی بوو لە دەست تێكەڵیو داوێن پیسیی، ﴿وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾، بێگومان ئەو لە ڕاستگۆیانە، ئەوەی گوتوویەتی: كە من هیچی خراپم نەكردوە، ڕاستە، یانی : كە كاتی خۆی گوتی : ﴿هِىَ رَٰوَدَتْنِى عَن نَّفْسِى﴾، ئەو ژنە ویستی من لە خشتە بەرێو من پەلكێش بكات، ڕاستی گوتوە، من دەست پێشخەر بووم، من ویستم ئەو پەلكێش بكەم .

ئنجا یوسوف ﷺ پاساو دێنێتەوە كە بۆچی داوای لە پادشا كرد: لێكۆڵینەوە لەو ڕووداوە بكات .

﴿ ذَٰلِكَ ﴾، ئەوەم بۆیە کرد، ئەوەم بۆ ئەوە بوو: ﴿ لِيَعْلَمَ أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِالْغَيْبِ ﴾، بۆئەوەی بزانێ، (یانی: عەزیز بزانێ، کە یوسوف کۆیلەی ئەو بووەو لە ماڵی واندا بووە)، کە کاتێك ئەو لە ماڵ نەبووە، یان: بە پەنامەکیی، چونکە (بِالْغَيْبِ):

١- دەگونجێ پەیوەندیی بە یوسوفەوە بێ، واتە: کاتێك کە من لە حاڵەتی پەنامەکیی دا بووم‌و عەزیزم لێ دیار نەبوو .

٢- یان پەیوەندیی بە عەزیزەوە بێ، یانی: کاتێك عەزیز ئاگای لێ نەبووەو نادیار بووە لە ماڵ .

٣- یاخود پەیوەندیی بە شوێنەکەوە بێ، لە شوێنێکی پەنامەکیی دا، من خیانەت‌و ناپاکییم پێ نەکردوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت، کە هیچ لەسەر دەستی من ڕووی نەداوە، وەك خیانەت‌و ناپاکیی .

﴿ وَأَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي كَيْدَ الْخَائِنِينَ ﴾، ئەو لێکۆڵینەوەشم بۆ ئەوە بوو، بزانێ کە خوا فێڵ‌و پیلانی ناپاکان ڕێنمایی ناکات‌و بە ئامانج ناگەیەنێ .

ئنجا یوسوف ﷺ بەردەوام دەبێ‌و دەڵێ : ﴿ وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي ﴾، نەفسی خۆشم بە پاك ناگرم، واتە: بۆیە وا ناڵێم، پاکانە بۆ خۆم بکەم، کە: من زۆر پاك‌و چاکم، چونکە ئینسان هەرچەندە زۆر پاك‌و چاك بێ، نابێ خۆی بە پاك‌و چاك بزانێ، ﴿ إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّي ﴾، بێگومان نەفس زۆر فەرمان دەکات بە خراپە، مەگەر لە حاڵێکدا پەروەردگارم بەزەیی بنوێنێ‌و مرۆڤ لە شەڕی نەفسی، لە دنە دانی نەفسی بەرەو خراپە، بپارێزێ، ئەگەرنا نەفس زۆر فەرمانکەرە بە خراپە، ئەگەر خوا لە بەندەی خۆی بگەڕێ‌و وێڵی بکات، نەفس‌و شەیتان زەفەری پێ دەبەن‌و تووشی تەڵەو داوی خۆیانی دەکەن، ﴿ إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، بێگومان پەروەردگاری من زۆر لێبووردەی بە بەزەیی‌و میهرەبانە .

هەڵبەتە وەك من تەفسیرم كرد، ئەوەم بە دڵە كە ئەم قسەیە، قسەی یوسوف ﷷ، چونكە وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەكاندا زیاتر تیشكی دەخەینە سەر، ئەم قسانە لە یوسوف دەوەشێنەوە .

هەندێك لە توێژەرەوانیش بەڵكو زۆربەیان گوتوویانە: ئەمە قسەی ژنی عەزیزەو، دەڵێ: بۆیەش ئەو شایەدییە دەدەم، تاكو یوسوف بزانێ كە كاتێك ئەو لێرە نەبووە، (پشتە ملە) ناپاكییم پێ نەكردوە، خواش ڕێنمایی پیلانو فێڵی ناپاكان ناكات، خۆشم بە پاك نازانم، چونكە نەفس زۆر فەرمان دەكات بە خراپە، مەگەر پەروەردگارم بەزەیی بنوێنێ، بێگومان پەروەردگارم لێبوردەی بە بەزەییە .

ئەم ڕایەش هەیەو زۆربەی توێژەرەوانی قورئان ئەم ڕایەی دووەمیان هەڵبژاردوە، بەڵام بە سەرنجدانی سیاقەكەو بە سەرنجدانی قسەكانو لێ وردبوونەوەیان، پێم وایە ئینسان دەگاتە ئەو قەناعەتەی كە ئەو قسانە لە یوسوف ﷷ دەوەشێنەوە، نەك لەو ژنە .

(طَبَري)یش، هەر ئەم ڕایەی هێناوەو ژمارەیەك لە توێژەرەوان ئەم ڕایەیان هێناوە، بەڵام زۆربەیان ڕایەكەی دووەمیان هێناوە : كە من پێم وایە نەگونجاوە، بەڵام هەر چۆنێك بێ، ئەویش هەر ڕێی تێدەچێ .

﴿ وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ ٱئۡتُونِي بِهِۦٓ أَسۡتَخۡلِصۡهُ لِنَفۡسِيۖ ﴾، بۆ جاری دووەم پادشا گوتی : بۆم بێنن، تایبەتی دەكەم بە خۆمەوە، هەڵیدەبژێرم بۆ خۆم، واتە: بۆ هاوكاریی خۆم لە حوكمڕانیی دا .

﴿ فَلَمَّا كَلَّمَهُۥ ﴾، ئنجا باسی ئەوە هەمووی پێچراوەتەوە كە لە دوایان ناردو هاتو، پادشا قسەی لەگەڵدا كردو... هتد، یەكسەر هاتۆتە سەر ئەسڵی مەبەست: ﴿ فَلَمَّا كَلَّمَهُۥ ﴾، ئنجا كاتێك پادشا دواندیو تەماشای نەزاكەتو نەجابەتو حیكمەتو لێزانییو دامەزراویی یوسوفی كرد: ﴿ قَالَ إِنَّكَ ٱلۡيَوۡمَ لَدَيۡنَا مَكِينٌ أَمِينٞ ﴾، پێی گوت: تۆ ئەمڕۆ لەلای ئێمە زۆر بەڕێزو حورمەتو خاوەن پایەی، زۆریش ئەمینی، واتە: لەلای ئێمە متمانەو باوەڕ پێكراوی .

﴿ قَالَ ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ ﴾، واتە: یوسوف گوتی: لەسەر عەمبارەکانی سەر زەمینی میسرم دابنێ، واتە: کاروباری ئابووریی و دەرامەت و ئازووخەم پێ بسپێرە، بێگومان من پارێزەری زانام .

ئیدی باس نەکراوە کە پادشا وەڵامەکەی داوەتەوە، چونکە هەر لە سەرەتاوە دیارە، کە پادشا خوای بووە یوسوف هاوکاری بێ و دەستبار گری بێ، ئنجا وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکانیشدا باس دەکەین: لە پەیمانی کۆندا وردەکاریی زیاتر لەوبارەوە باس کراوە، کە چ ڕێزو حورمەتێك لە یوسوف نراوە، لەلایەنی پادشاو حوکمڕانانی ئەو کاتی میسرەوە .

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، ئاوا بەو شێوەیە، واتە: بەو شێوە دەست ڕۆیشتوو کردنە، یوسوفمان دەست ڕۆیشتوو کرد، ئەوە واتایەکی، یاخود: ئاوا بەو شێوەیە وەك چۆن یوسوفمان لە بیر هێنایە دەرو، دوایی بردمانە کۆشکی عەزیزی میسرو، دوایی لە زیندان هێنامانە دەرو، دوایی پەرێز پاکییمان دەرخست، وەك چۆن ئەوانەمان بۆ کرد، ئێستاش دەستڕۆیشتوومان کرد لە زەوی دا، واتە: لەسەر زەمینی میسرو وڵاتی میسردا، دەستمان کردەوە، دەستڕۆیشتوومان کرد، پێگەو دەستەڵاتمان پێدا، ﴿ يَتَبَوَّأُ مِنۡهَا حَيۡثُ يَشَآءُۚ ﴾، لە هەر شوێنێکی پێی خۆش بوو بێت و ویستبێتی، کردوویەتی بە نشینگەو شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی .

کەواتە: لە چوارچێوەی وڵاتی میسردا، یوسوف ﷺ دەستڕۆیشتوو بووەو وەك حوکمڕانێك لە کوێی پێ خۆش بووە، لەوێ نیشتەجێ بووە، ﴿ نُصِيبُ بِرَحۡمَتِنَا مَن نَّشَآءُۖ ﴾، ئێمە هەر کەسێکمان بوێ بەهرەمەندی دەکەین لە بەزەیی خۆمان، واتە: بەزەیی خۆمان بە قسمەت هەر کەسێك دەکەین و، دەبەخشین بە هەر کەسێك کە بمانەوێ، ﴿ وَلَا نُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾، پاداشتی چاکەکارانیش بە فیڕۆ نادەین، ونی ناکەین و زایەی ناکەین .

﴿ وَلَأَجْرُ ٱلْآخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴾، بێگومـــــان پاداشـــــتی دوارۆژیش باشـتـره بۆ کەسانێك کە بڕوایان هێناوەو، بەردەوامیش پارێـز دەکـەن، ئەگەر بڕواهێنان یەکجار دەبێ، بێگومان تەقوا پێویستی بە حاڵەتێکی بەردەوام هەیە، بۆیە بە کرداری ڕابردوو، باسی ئیمانی کردوە : (ءَامَنُواْ)، واتە: ئیمانیان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە ئیمانیان پێ بهێنرێ، (وَكَانُواْ يَتَّقُونَ)، پارێزیشیان دەکرد، بە کرداری ئێستا (فعلِ المُضارِع)، هێناویەتی، کە ئێستاو بەردەوامیی دەگەیەنێ، چونکە پارێز کردن شتێکە تازە دەبێتەوە لەگەڵ هەموو هەڵویستێکداو، لەگەڵ هەموو هەڵس و کەوتێکدا، مرۆڤ دەبێ لە خۆی وریا بێ و، پارێز لە خوا بکاتو، شتێك نەکات کە خوا پێی ناخۆش بێ، چ بە جواندنی ئەرکێك، چ بە تـوخن کەوتنی قەدەغەو حەرامێك .

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم : لە دوا ناردنی یوسوف لەلایەن پادشاوەو ڕەتکردنەوەی یوسوف کە لە بەندیخانە بچێتە دەرێ، هەتا لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو ژنانەدا نەکرێ، کە دەستو پەنجەی خۆیانیان بڕی بوو، لە کاتی میوە خواردندا، لە ماڵی ژنەکەی عەزیزی میسر، تاکو پاکیەتیی خۆی دەربخات، لەو بوختانەی کە پێی زیندانیی کراوە :

وەك خوا دەفەرموێ : ﴿ وَقَالَ ٱلْمَلِكُ ٱئْتُونِى بِهِۦ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُ ٱلرَّسُولُ قَالَ ٱرْجِعْ إِلَىٰ رَبِّكَ فَسْـَٔلْهُ مَا بَالُ ٱلنِّسْوَةِ ٱلَّٰتِى قَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ ۚ إِنَّ رَبِّى بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ ﴿٥٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە لە پێنج بڕگەدا

١) - ﴿ وَقَالَ ٱلْمَلِكُ ٱئْتُونِى بِهِۦ ﴾، پادشا گوتی: بە دوای دا بچن بۆمی بێنن، واتە: یوسوفم بۆ بێنن، دیارە بە پلەی یەکەم بۆ ئەوەی خۆی ڕاستەوخۆو ڕووبەڕوو گوێی لێ بێتو خەونەکەی بۆ تەعبیر بکات، چونکە ئەو خەونە پەیوەندیی بە پازدە ساڵی داهاتووی وڵاتی میسرەوە هەیە، بەتایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە، پاشان تەماعی ئەوەشی لە یوسوفدا هەبووە، کە کاری پێ بسپێرێ، دوای ئەوەی دەیناسێو شارەزای دەبێو تواناکانی دەبینێ، بە بەڵگەی ئەوە کە لە ئایەتی (٥٤)دا، دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا كَلَّمَهُۥ قَالَ إِنَّكَ ٱلْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ ﴾، واتە: دوای ئەوەی کە دواندیو لە نیزیکەوە ناسیو پێی شارەزا بوو، ئنجا گوتی: تۆ ئەمڕۆ لەلای ئێمە بەڕێزیو متمانەپێکراوی .

٢) - ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُ ٱلرَّسُولُ ﴾، ئنجا کاتێك کە نێرراوەکە هاتە لای، ئەو نێردراوە کێ بووە؟ ناوی چی بووە؟ باس نەکراوە، گرنگ ئەوەیە پادشا نێردراوێکی تایبەتی خۆی بە دوای یوسوفدا ناردوە بۆ بەندیخانە، کە: وەرە دەرێ! پادشا لە دوای ناردوویو کاری پێتە .

٣) - ﴿ قَالَ ٱرۡجِعۡ إِلَىٰ رَبِّكَ ﴾، یوسوف ﷺ بە نێردراوەکەی گوت: بگەڕێوە بۆ لای گەورەکەت .

(رَبّ)، لێرەدا بە مانای سەروەر(سید)و سەرپەرشتیار (متولّي الأُمور)و خاوەن (مالِك)و سەرۆك (رَئیس) دێ، بەڵام بە تەئکید بە مانای خوای پەروەردگار نایەت، چونکە وەك پێشتریش باسمان کرد: وشەی (رَبّ)، بە ڕەهایی تەنیا بۆ خوا بەکاردێ، بەڵام بە شێوەی گوێرەیی (نِسْبي)، بە پاڵدانە لای ڕاناوی دوێندراو، یاخود نادیار، یان قسەکەر: (رَبَّك، رَبَّهُ، ربِّي)، ئەوە دەگونجێ، چونکە خاڵی هاوبەشی بەینی پەروەردگارێتیی ڕەهای خوا ﷻو سەرپەرشتیکردنی بەندەکان، بریتیە لە سەرپەرشتیکردنو کاروبار هەڵسووڕاندن، کەواتە: لێرەدا: ﴿ قَالَ ٱرۡجِعۡ إِلَىٰ رَبِّكَ ﴾، دەگونجێ بڵێین، واتە: بگەڕێوە لای سەییدەکەت، لای سەرپەرشتیارەکەت، لای خاوەنەکەت، لای سەرۆکەکەت، لای پادشایەکەت، هەموویان دەگرێتەوە .

٤) - ﴿ فَسۡـَٔلۡهُ مَا بَالُ ٱلنِّسۡوَةِ ٱلَّٰتِي قَطَّعۡنَ أَيۡدِيَهُنَّ ﴾، لێی بپرسە: حاڵو بەسەرهاتی ئەو ژنانەی دەستی خۆیانیان بڕی، چی بوو؟ چۆن بوو؟ واتە: ئەو ژنانەی دەستو پەنجەی خۆیان بڕی، لە کاتی میوە خواردندا، کە میوەیان قاش کردوەو سپیان کردوەو ئامادەیان کردوە بۆ خواردن .

لێرەدا ئێمە چوار هەڵوەستە دەکەین، لەبەردەم ئەم ڕستەیەدا:

یەك/ یوسوف دەیەوێ لەو ڕێیەوە، پەرێز پاکیی خۆی دەربخات، بەڵام باسی ژنەکەی عەزیزو ماڵی عەزیز ناکات، سەرنج بدەن! یوسوف چەند جوامێرو بە نەزاکەتو چەند بە سەلیقەو لێزان بووە، باسی ژنەکەی عەزیزی

میسر ناکات، کە بوختانی پێکردوەو لەسەر داواو بوختان پێکردنی وی، تووشی زیندان بووە، کەچی ئاگاداری سومعەی ئەوانە، نایەوێ باسیان بکات، بەڵام دەشیەوێ پەرێز پاکیی خۆیو ئەستۆ پاکیی خۆی دەربخات، بۆیە بە گشتیی دەڵێ: لە گەورەکەت بپرسە! حاڵی ئەو ژنانەو رووداوو بەسەرهاتی ئەو ژنانە، کە دەستو پەنجەی خۆیان بڕی، با لێی بکۆڵێتەوە داخۆ چۆن بووە ؟!

دوو/ دیارە ئەو بەسەرهاتە: بەسەرهاتی دەستو پەنجەی خۆ بریندارکردنی ژنەکان، شتێکی زانراو بووە، یوسوف ﷺیش زانیویەتی لەو سەرە داوەوە، پاکیەتیی وی دەردەکەوێ، بۆیە بەو نێردراوەی پادشای گوتوە : با لەو رووداوە بکۆڵێتەوە .

سێ/ دیارە یوسوف ﷺ دڵنیاش نەبووە کە ژنەکەی عەزیز، لەسەر هەڵوێستی بوختان کردنی خۆی بەردەوام نابێ، بۆیە کەمو زۆر بە لای وێدا[1] نەچووە، بەڵام گوتوویەتی: ئەگەر ئەو ژنانە کۆبکاتەوەو پادشا لە رووداوەکە بکۆڵێتەوە، ئومێدی هەبووەو جۆرێك لە متمانەی هەبووە، ئەگەر هەمووشیان نەبێ، هەندێك لەو ژنانە ویژدانو ئینصاف لەگەڵ یوسوفدا بەکاردێننو، حەقیقەتی رووداوەکە چۆن بووە، ئاوا باسی دەکەن .

چوار/ لە تەوراتدا ئەم بەسەرهاتە نەهاتوە، وەك لە: (التفسيرُ التَّطبيقِي للكِتابِ المقَدَّسِ، سفرُ التكوين، الإصحاح: ٤١، ص ١٠٥و ١٠٦)دا، دیارە، باسی ئەو رووداوە نەکراوە، کە رووداوێکی زۆر گرنگیشە، ئەوەش یەکێکە لەو کەمو کوڕییانەی کە خاوەن کتێبەکان لە کتێبەکانی خۆیاندا پەیدایان کردوون، کە بریتیە لەوەی هەندێك شتیان فەرامۆش کردوە، یان لە بیر کردوە، بەڵام قورئان ئەوەی بە پێویستی زانیبێ، راستیکردۆتەوە، وەك لە سوورەتی (النمل)دا خوا دەفەرموێ : ﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَقُصُّ عَلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ

١) (وێ) بۆ ئافرەتو (وی) بۆ پیاو بەکاردێن لە زار (لهجة)ی موکریانیی دا.

أَكْثَرَ ٱلَّذِى هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٧٦﴾ ﴾، ئەم قورئانە زۆرێك لەوەی بەنو ئیسرائیل تێیدا كەوتوونە ڕا جیایی، بۆیان باس دەكات.

هەروەها لە سوورەتی (المائدة)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ قَدْ جَآءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَيَعْفُوا۟ عَن كَثِيرٍ ﴿١٥﴾ ﴾، واتە: ئەی خاوەن كتێبینە! لە پەروەرگارتانەوە ڕەوانەكراوێك پێغەمبەرێكتان بۆ هاتووە كە (موحەممەد ﷺ) زۆرێك لەوەی كە لە كتێبی خوا پەنهانتان دەكرد، بۆتان ڕوون دەكاتەوە، زۆرێكیش (كە پێویست ناكات)، چاوپۆشیی لێدەكاتو نادیدەی دەگرێ (و پێویست ناكات ڕاستی بكاتەوە).

٥) - ﴿ إِنَّ رَبِّى بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ ﴾، یوسوف ﷺ دەیەوێ پێیان بڵێ: كە پەروەردگاری من، كە هەر ئەو پەروەردگاری ڕاستەقینەیە، (خوا ﷻ) بە پیلانو فێڵی ئەو ژنانە زانایە، خواﷻ وردو درشتی پیلانو فێڵەكەی ئەوان دەزانێ، بەڵام گەورەكەی تۆ (پادشا) هەتا لێ نەكۆڵێتەوەو لێ ورد نەبێتەوەو، گوێیان لێ نەگرێ، بۆی دەرناكەوێ، بەڵام خوا پەروەردگاری ڕاستەقینە، تاكە پەروەردگار كە شایستەی ئەوەیە كە پێی بگوترێ: پەروەردگار، هەموو شتێك دەزانێ .

دەیەوێ ئاگاداریان بكاتەوە كە پەروەردگاری ڕاستەقینە، دەبێ زانیاریی خودیی و بێ سنووری هەبێ، بە هەموو كەسو بە هەموو شتێك، نەك تاكو نەپرسێ، نەزانێ !!

لەم بارەوە ئەم دەقە هاتووە كە یوسوف ﷺ چەند لێزانانەو كارزانانە، چەند خۆڕاگرانە لەگەڵ لە دوانادرنی پادشادا، مامەڵەی كردوە، یەكسەر نەچووە كە دەرگای زیندانیان لێكردەوە، بڵێ : زۆر چاكەو بە پەلە بچێتە دەرێ! بەڵكو ویستوویەتی پەرێز پاكیی خۆی دەربخات، خەڵك هەمووی بزانێ كە بوختانی پێكراوە، ئنجا لەو بەندیخانەیە بێتە دەرێ، تاكو دوایی كەس نەتوانێ پەنجەی خیانەتی بۆ درێژ بكات، لەوبارەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی :

{يَرْحَمُ اللهُ لُوطا، لَقَدْ كانَ يأوِي إلَى رُكْنٍ شَدِيدٍ، وَلَوْ لَبِثْتُ فِي السِّجْنِ طولَ ما لَبِثَ يُوسُفُ، لأَجَبْتُ الدَّاعِيَ، ونَحْنُ أَحَقُّ بالشَّكِّ مِنْ إبْراهِيمَ، إذْ قَالَ: ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِى كَيْفَ تُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِى ...﴿٢٦٠﴾ ﴾البقرة}، {أَخْرَجَهُ أحْمَد برقم: (٨٣١١)، وَالبُخارِيُّ برقم: (٤٢٦٣)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٥١)، وَالنَّسائِي برقم: (١١٠٥٠)} .

واتە: خوا بەزەیی بە لووط دا بێ، پشتی بە هێزێکی مەحکەمەوە بەستبوو، کاتێك کە گەلە خراپەکارەکەی هاتن دەورو خولی میوانەکانی هەڵهاتن، کە خراپەیان لەگەڵدا بکەن، لووط گوتی : ﴿ قَالَ لَوْ أَنَّ لِى بِكُمْ قُوَّةً أَوْ ءَاوِىٓ إِلَىٰ رُكْنٍ شَدِيدٍ ﴿٨٠﴾ ﴾، واتە: ئەگەر خۆم هێزێکم ببووایە، یاخود پشتم بە پاڵ پشتێکەوە بەستبایە، پێغەمبەر دەفەرموێ: خوا بەزەیی پێدابێ، پاڵ پشتێکی مەحکەمی لە پشت بوو، (بەڵام لووط ﷺ نەیدەزانی کە ئەوانە فریشتەنو، هاتوون بۆ لە بەینبردنی گەلە خراپەکەی)و، ئەگەر ئەوەندەی کە یوسوف لە بەندیخانەدا ماوەتەوە، منیش هێندە مابامەوە، یەکسەر کە ئەو بانگکەرە بە دوامدا دەهات، دەچوومە دەرێ، {واتە: ڕانەدەوەستام تاکو لێکۆڵینەوە دەکرێ، لێرەدا پێغەمبەری خوا ﷺ وەك خاکیی بوونو خۆ بە کەمگریی وا دەفەرموێ، ئەگەر نا بە تەئکید پێغەمبەری خاتەم، لە پێش هەموو پێغەمبەرانەوە بووە، لە هەموو ڕەوشتێکی بەرزو جوان دا، بەڵام لێرەدا دەیەوێ مەدحی یوسوف بکات، کە یوسوف زۆر خۆڕاگر بووە} .

(القُرطُبي)، دەڵێ: مەبەستی پێغەمبەر ﷺ ئەوەیە کە ئەگەر من بوومایە لە جێی یوسوف ، لە جیاتی ئەوەی داوا بکەم پادشا لێ بکۆڵێتەوە، بۆ خۆم دەچوومە دەرو بۆ پادشام ڕوون دەکردەوە، ئەوە باشتر بوو لەوەی کە یوسوف کردوویەتی، چونکە دەگونجێ پادشا ئیهمالیی کردبایە !

بەڵام من پێم وایە پێغەمبەری خوا ﷺ تەنیا وەك خۆ بە کەمگرییو مەدح کردنی یوسوف، کە زۆر خۆڕاگر بووە، ئەوەی فەرمووە، چونکە ئەوەی دیکەش هەر وا ئەوە دەگەیەنێ، کە دەفەرموێ :

(ونَحْنُ أَحَقُّ بالشَّكِّ مِنْ إبْرَاهِيمَ)، ئێمە لە ئیبراهیم شایستەترین بە دوو دڵیی، کە کاتێك داوا لە پەروەرگاری دەکات: ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ ﴾، واتە: کاتێك ئیبراهیم بە پەروەردگاری فەرموو : پەروەردگارم پێشانم بدە ! چۆن مردووان زیندوو دەکەیەوە، خواش دەفەرمووێ: ﴿ أَوَلَمْ تُؤْمِن ﴾، ئایا بڕوات نەهێناوە؟ ئەویش دەفەرمووێ: ﴿ قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي ﴾، با بڕوام هێناوە، بەڵام دەمەوێ دڵم ئارام بگرێ، واتە: دوای ئەوەی زانیاریی دڵنیاکەر (عِلم اليقين)م، هەیە بەوە کە تۆ دەتوانی مردووان زیندوو بکەیەوە، دەمەوێ (عين اليقين)یشم، هەبێ‌و بە چاوی سەریش ببینم، بۆ ئەوەی دڵم زیاتر ئارام بگرێ .

کەواتە: ئیبراهیم لەبەر دوو دڵیی نەبووە، ئەگەرنا ئێمە لە ئیبراهیم شایستەترین بە دوو دڵیی، واتە: لێرەشدا پێغەمبەری خوا دیسان دەیەوێ: مەدحی ئیبراهیم بکات، کە لە ڕووی دوو دڵیی‌و گومانەوە نەبووە کە گوتوویەتی: خوایە پێشانم بدە! بەڵکو وەك بۆخۆی ڕوونی کردۆتەوە، بۆ ئەوە بووە دڵی زیاتر ئارام بێ، ئینسانی ئیمانداریش دەبێ هەمیشە هەوڵبدات، زیاتر بە ئیماندا ڕۆ بچێ‌و ئیمانەکەی کامڵترو دامەزراوتر بێ .

مەسەلەی دووەم : پرسیارکردنی پادشا لە ژنەکان، ئەو ژنانەی کە هاوسەری عەزیزی میسر بانگێشتیماڵی خۆیانی کردبوون، لەبارەی ڕووداوی هەوڵدانی دەست تێکەڵییەوە لەگەڵ یوسوف داو، ڕاگەیاندنیان بۆ پاکیی یوسوف و. دانپێدانانی ژنی عەزیز کە خۆی هەوڵی ڕام کردنی یوسوف‌و پەلکێش کردنی داوەو، یوسوف ڕاست دەکات: هیچ خراپەیەکی لێ نەپشکوتۆتەوە:

وەك خوا دەفەرمووێ : ﴿ قَالَ مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَٰوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفْسِهِۦ ۚ قُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِن سُوٓءٍ ۚ قَالَتِ ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْـَٰٔنَ حَصْحَصَ ٱلْحَقُّ أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٥١﴾ ﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە بە پێزە لە نۆ بڕگەدا

١) - ﴿ قَالَ مَا خَطْبُكُنَّ ﴾، ﴿ مَا خَطْبُكُنَّ ﴾، (الخَطْبُ: الشأنُ المُهِمُّ مِنْ حَالـةِ حَادِثَـةٍ، قِيلَ سُمِّيَ خَطْباً لأنَّـهُ يَكثُر فيـهِ التَخاطُبُ، وَقِيلَ سُمِّيَ خَطْبا لأنَهُ يُخْطَبُ فِيهِ، وَإِنَّما تَكونُ الخُطْبة فِي أَمْرٍ عَظِيمٍ)، پادشا لە ئافرەتەکانی پرسی : ﴿ مَا خَطْبُكُنَّ ﴾، واتە: حاڵتان چی بوو؟ چیتان کرد؟ چۆن بوو؟ چۆن گوزەرا؟ وشەی (خَطب) بریتیە لە کارێکی گرنگ، حاڵەتێك، ڕووداوێك، بۆیەش ناوی لێنراوە : (خَطب)، چونکە قسەکردنی تێدا زۆر دەبێ، یەکدی دواندنی تێدا زۆر دەبێ، هەندێکیش گوتوویانە: بۆیە پێی گوتراوە: (خَطْب)، چونکە گوتاری تێدا دەدرێ، گوتاریش لە کارو ڕووداوی گرنگدا نەبێ، نادرێ .

٢) - ﴿ إِذْ رَٰوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفْسِهِۦ ﴾، واتە: حاڵی ئێوە چی بوو؟ ئەو ڕووداوە چۆن بوو؟ بۆچی واتان کرد، کاتێك کە هەوڵتان لەگەڵ یوسوف دا: خۆیتان تەسلیم بکاتو ویستتان ڕامی بکەنو لە خشتەی بەرن؟!

٣) - ﴿ قُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ ﴾، ئافرەتەکان گوتیان: پاکیی بۆ خوا، یان وەك لە کوردیی دا دەڵێن: نا بە خوا، واتە: شتی وا نەبووە، یان: پاکیی بۆ یوسوف لەبەر خوا، (حَاشَ لِيوسُف عَنِ السوءِ لِله)، لەبەر خوا، ئێمە پاکیی یوسوف دەردەبڕین، کە هیچ خراپەیەکی نەهاتۆتەوە سەرێ، یان وەك پێشتریش باسمان کرد، یانی: پاکیی بۆ خوا ﷻ لەوەی کە بەندەیەکی وەك یوسوفی، خراپەیەکی بوو بێ، واتە: (تَنْزِيهاً لِلهِ عَن أن يَتَلَبَّسَ يُوسُفُ بالسوء)، پاکیی بۆ خوا، کە یوسوف خراپەیەکی هاتبێتەوە سەر .

٤) - ﴿ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِن سُوٓءٍ ﴾، هیچ خراپەیەکمان لەبارەیەوە نەزانیوە .

ئەم ڕستەیەش لە ئەسڵدا بریتیە لە: (ماعَلِمْنا عَنْهُ) یان: (ما عِلْمنا مِنْهُ)، بەڵام لێرەدا کە دەڵێ: ﴿ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ ﴾، لەبەر ئەوەیە کە وشەی:

(عَلِمْنا)، مانای (إطَّلَعْنا)ی خراوەتە نێو، {(ضُمِّنَ عَلِمنا: مَعْنَى اطَّلَعْنا، أي: ما عَلِمْنا مِنْهُ سوءً)، ولا اطَّلَعْنا عَلَى شيٍ مِنَ السوءِ مِنْ جانِبِهِ} ، هیچ خراپەیەکمان لەبارەیەوە نەزانیوەو، ئێمە ئاگاداری هیچ خراپەیەك نەبووین لەبارەی ئەوەوە.

ئەو (مِنْ)ەش لەسەر: (مِنْ سوء)، واتە: هیچ جۆرە خراپەیەك، نە زۆر، نە کەم، بەو شێوەیە ئافرەتەکان شایەدیی دەدەن، کە ئەوان هیچ خراپەیەکیان لە بارەی یوسوفەوە، نەزانیوە .

٥) - ئنجا ژنەکەی عەزیز دێتە دەنگ : ﴿قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ ٱلۡعَزِيزِ﴾، ژنەکەی عەزیز، گوتی، دیارە لە تەوراتیشدا ناوی ئەو ژنەی عەزیزی میسر نەهاتوە داخۆ ناوی چی بووە؟ ئیدی ئەوە کە لە هەندێك لە کتێبەکاندا، دەڵێ: ناوی زەلێخا بووە، نازانم لە چ سەرچاوەیەکەوە هاتوە، گرنگ ئەوەیە لە پەیمانی کۆنیشدا، لە تەوراتیشدا، ئەوە نەهاتوە .

٦) - ژنەکەی عەزیز گوتی: ﴿ٱلۡـَٔـٰنَ حَصۡحَصَ ٱلۡحَقُّ﴾، وشەی: ﴿ٱلۡـَٔـٰنَ﴾، (ظَرفَ)ە، بۆ کاتی ئێستا، یانی: هەر ئائێستا، ﴿حَصۡحَصَ ٱلۡحَقُّ﴾، هەق دەرکەوت، یاخود: هەق چەسپا، بۆچی گوتوویەتی: ﴿ٱلۡـَٔـٰنَ﴾؟ واتە: ئائێستا نەك پێشتر، چونکە پێشتر کاتێکی ناهەق بوو، کاتێکی بە تاڵ بوو، کە یوسوفی تێدا تۆمەتبار کرا بوو، بەوە کە هەوڵی پەلکێش کردنی ئەو ئافرەتەی داوەو، لە دەورو خولی هەڵاتووەو هەوڵی ڕامکردنی داوە! بۆیە لێرەدا کە دەڵێ: ﴿ٱلۡـَٔـٰنَ حَصۡحَصَ ٱلۡحَقُّ﴾، واتە: هەر ئائێستا، چونکە دیارە پێشتر: لەلایەکەوە: ژنەکەی عەزیز یوسوفی تۆمەتبار کردووەو، لەلایەکی دیکەوە: یوسوفیش گوتوویەتی: نەخێر، ئەو ویستوویەتی من ڕام بکاتو دەست پێشخەریی کردووەو، ویستوویەتی من پەلکێش بکات، بۆیە لەو کاتەدا هەق ون بووەو شێردراوەتەوە، بۆیە ئەو ئافرەتە دەڵێ: ئائێستا، کە هەم ئافرەتەکان بە کۆ دەنگیی، شایەدیی بۆ پاکیی یوسوف دەدەنو.

هەم ژنەکەی عەزیزیش شایەدیی بۆ یوسوفو بە زیانی خۆی دەدات، هەق زۆر بە زەقیی دەرکەوتوە .

٧) - ﴿أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفۡسِهِۦ﴾، من ویستم ئەو ڕام بکەم، ویستم ئەو لە قەناعەتی خۆی لا بدەمو، بیهێنمە سەر قەناعەتی خۆم، کە دەستم لەگەڵ تێکەڵ بکات بە حەرامیی .

وشەی ﴿حَصۡحَصَ﴾، لە ڕیشەدا لە (حَصَصَ)ەوە هاتوە، واتە: دەرکەوت، ئنجا بۆچی گوتراوە: ﴿حَصۡحَصَ﴾؟ وەك چۆن (كَبَّ)، واتە: لەسەر دەمو چاو کەوت، بەڵام (كَبكَبَ)، بۆ زێدەڕۆیی تێدا کردنی ماناکەیەتی، (كَفَّ)، واتە: وازی هێنا، (كَفكَفَ)ش هەروایە، ئەوەش بە هەمان شێوە: ﴿حَصۡحَصَ﴾و (حَصَصَ)، واتە: دەرکەوت، بەڵام ﴿حَصۡحَصَ﴾، واتە: زۆرباش دەرکەوتو زێدەڕۆیی زیاتری تێدایە .

هەندێکی دیکە گوتوویانە: وشەی ﴿حَصۡحَصَ﴾، لە (حَصَّ)ەوە هاتوە، (حَصَّ)یش، بریتیە لە ڕیشە کێش کردنو بنبڕ کردنی شتێك، دەگوترێ: (حَصَّ شَعْرَهُ، إِذَا اسْتَأْصَلَهُ جَزًّا)، واتە: کاتێك کەسێك قژی خۆی بە تەواویی لە بنەوە ببڕێ، دەگوترێ: (حَصَّ شَعرَهُ).

هەندێکیش گوتوویانە: وشەی: ﴿حَصۡحَصَ﴾، (مُشتَقٌ مِنَ الحِصَّةِ، فَالْمَعْنَى: بَانَتْ حِصَّةُ الحَقِّ مِن حِصَّةِ البَاطِل)، (حِصَّةُ) یانی: بەشو پشك، یانی: بەشی هەق لە بەشی ناهەق، جیا بۆوە.

٨) - ئنجا ئافرەتەکە بەڕاشکاویی دەڵێ : ﴿أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفۡسِهِۦ﴾، من بووم ویستم ئەو لە ڕای خۆی لا بدەم بۆ ڕای خۆم، پەلکێشی زینای بکەم .

٩) - ﴿وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾، بە دڵنیاییەوە: ئەو (یوسوف) لە ڕاستگۆیانە، واتە: بێگومان ئەو لە ڕاستانە کە گوتبووی: من هەوڵم لەگەڵ ئەو ژنە

نەداوەو دەورم نەداوە، بۆ دەست تێکەڵیی، بەڵکو ئەو ویستوویەتی من پەلکێش بکاو من ڕام بکات، بۆ ئەو مەبەستە خراپەی خۆی.

مەسەلەی سێیەم : یوسوف ﷺ حیکمەتو هۆکاری داواکردنی ئەو لێکۆڵینەوەیە لە پادشا، بەوە دەخاتە ڕوو، کە مەبەستی دڵنیا کردنەوەی عەزیز بووە، کە ناپاکیی بە پەنامەکیی لەگەڵدا نەکردووەو ڕاشیدەگەینێ کە پاکانەی خۆی ناکات لە هەڵەو پەڵە، مەگەر خوا بەزەیی پێدا بێو بیپارێزێ :

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ لِيَعْلَمَ أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِٱلْغَيْبِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِي كَيْدَ ٱلْخَآئِنِينَ ﴿٥٢﴾ وَمَآ أُبَرِّئُ نَفْسِيٓ ۚ إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةٌۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓ ۚ إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥٣﴾ ﴾.

خستنە ڕووی چەمك و مەبەستی ئەم دوو ئایەتە لە حەوت بڕگەدا

١) - کە (یوسوف) دەڵێ: ﴿ ذَٰلِكَ ﴾، ئا ئەوە، ئەمە ئاماژەیە بۆ دوور، واتە: ئەو داواکردنەی من کە لێکۆڵینەوە بکرێ دەربارەی ئەو ژنانەی دەستو پەنجەی خۆیان بڕیوە، لە کاتی میوە سپی کردنو میوە قاشکردن دا، ئا ئەوەم بۆچی بوو؟

٢) - ﴿ لِيَعْلَمَ أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِٱلْغَيْبِ ﴾، بۆ ئەوەی بزانێ ! (کێ بزانێ؟ بە پێی سیاق دیارە: دیارە عەزیزی میسر بزانێ، چونکە یوسوف لە ماڵی ئەواندا بووە)، کە من بە پەنامەکیی خیانەتو ناپاکییم بەو نەکردوە .

وشەی: ﴿ بِٱلْغَيْبِ ﴾یش، لێرەدا سێ حاڵەتی هەن :

١ – دەگونجێ پەیوەست بێتەوە بە بکەر (فاعل)ەوە، یانی: کاتێك کە من لەو نادیار بووم، ناپاکییم پێ نەکردوە .

٢ – دەگونجێ ﴿بِٱلۡغَيۡبِ﴾، پەیوەست بێتەوە بە بەرکار (مَفعُول بِهِ)ەوە، یانی: کاتێك کە ئەو نادیار بووەو لە ماڵ نەبووە، من ناپاکییم پێ نەکردوە .

٣ – یاخود پەیوەست بێتەوە بە شوێن (مکان)ەوە، یانی: لە شوێنێکدا کە ئەوی لێ نەبووە، من ناپاکییم پێ نەکردوەو، بە حەرامیی دەستم لەگەڵ ژنەکەی دا تێکەڵ نەکردوە، هەرچەندە ئەو زۆریش داوای کردوەو، دەورو خولم هەڵاتوەو، هەوڵی پەلکێشکردنی منی داوە !!

ئنجا دوای ئەو لێکۆڵینەوەیە، با بۆی دەربکەوێ، کە من ناپاکییم بەرانبەر نەکردوە .

٣) – ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي كَيۡدَ ٱلۡخَآئِنِينَ﴾، بۆ ئەوەش کە بزانرێ: خوا فێڵی ناپاکان ڕێنمایی ناکاو بە ئامانجی ناگەیەنێ، واتە: تاکو خەڵك ئەو یاسایەی خوای بۆ دەربکەوێ، کە هەر کەسێ بیەوێ: ناپاکیی بکات، بە ئامانج ناگاو فێڵو پیلانەکەی بێ ئاکام دەبێ، ئەوەش یاسایەکی خوایە، واتە: لێرەدا یوسوف دوو حیکمەتان دەخاتە ڕوو، کە داوای کردوە لێکۆڵینەوە لەو ژنانە بکرێ، کە دەستو پەلی خۆیان بڕیوە :

یەکەم : بۆئەوەی عەزیزی میسر دڵنیابێ کە: یوسوف ناپاکیی پێ نەکردوە .

دووەم : بۆ ئەوەی خەڵکیش بزانن: هەر کەسێك خیانەتو ناپاکیی بکا، فێڵو پیلانەکەی بە ئامانج ناگاو بێ ئاکام دەبێو، خوا ناهێڵێ ئەو فێڵو پیلانەی تا سەر بێت، وەك کوردەواریی خۆمان دەڵێن : (مەیدانی درۆیە کورتە)، واتە: سەرەنجام بابای درۆکار، درۆیەکەی لێ ئاشکرا دەبێ .

٤) – ﴿وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓ﴾، من نەفسی خۆشم بە پاك ناگرم، ئەمە جۆرێکە لە خۆ بە کەم گرتن لەلایەن یوسوفەوە، واتە: وەك ئیددیعایەك ناڵێم:

نەفسی من پاکەو چاکەو گوناهان ناکات، مەگەر لە کاتێکدا کە خوا بەزەیی بەو نەفسەی من دابێتەوەو بیپارێزێ، واتە: بە شانو شەوکەتی خۆم نانازمو، بە پشتو قوەتی خۆم نەبووە کە پاك بوومو، تووشی گوناهو تاوان نەبووم، بەڵکو خوا پاراستوومی .

٥) - ﴿ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ ﴾، بێگومان نەفس زۆر فەرمانکەرە بە خراپە: (كَثِيرَةُ الأَمْرِ بالسوء)، زۆر دنەدەرو هاندەری خاوەنەکەیەتی بۆ خراپەو تاوان، نەفسێك کە تەزکیە نەکرابێو ئیمانو تەقوای تێدا نەچەسپا بێ، وەك حاڵەتی ئاسایيو سروشتیی خۆی، زۆر فەرمان دەکات بە خراپەو، زۆر هاندەرو دنەدەری خاوەنەکەیەتی بەرەو خراپە، بەڵام نەفسێك کە پاك بووبێتەوەو، ئیمانو تەقوای تێدا چەسپا بێو تەزکیە بوو بێ، بێگومان حاڵەتەکەی لە زۆر فەرمان کردن بە خراپەوە، دەگۆڕێ بۆ حاڵەتی ئارامیی، چونکە خوا ﷻ لە قورئاندا، نەفسی بە سێ تەعبیر پێناسە کردوە :

أ- لێرەدا کە دەفەرموێ : ﴿ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ ﴾، نەفس زۆر فەرمان دەکات بە خراپە .

ب- لە سوورەتی (القیامة)دا، کە دەفەرموێ: ﴿ لَآ أُقۡسِمُ بِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ۝١ وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ ۝٢ ﴾، واتە: نەخێر، سوێند دەخۆم بە ڕۆژی قیامەتو، سوێند دەخۆم بە نەفسێك کە زۆر سەرزەنشتو سەرکۆنەی خاوەنەکەی دەکات .

ج- لە سوورەتی (الفجر)یشدا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفۡسُ ٱلۡمُطۡمَئِنَّةُ ۝٢٧ ﴾ واتە: ئەی نەفسی ئارامگرتوو!

کەواتە: نەفس لە ئەسڵی سروشتی خۆیدا: زۆر فەرمانکەرە بە خراپە. دوایی کە خاوەنەکەی لەگەڵی خەریك بوو، وای لێدەکات، هەر کات فەرمانی کرد بە خراپە، لۆمەی خۆی بکاتو سەرزەنشتی خۆی بکاتو پەشێمان بێتەوە .

ئنجا لە کۆتایی دا دەگاتە حاڵەتی ئارامگرتنو ئۆخژن بۆ هاتنو سەقامگیر بوون لەسەر جادەی شەریعەت، کە ئەوە حاڵەتی ئارامگرتنەو ئەوەش بەرزترینو چاکترین حاڵەتو قۆناغە، کە نەفسی بەشەر پێی دەگات، لە ئەنجامی ئیمانو تەقوادا.

٦) - ﴿إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓ﴾، واتە: نەفس زۆر فەرمانکەرە بە خراپە، مەگەر لەو کاتەدا کە پەروەردگارم بەزەیی بنوێنێ، یەکێك لە تەفسیرەکان دەڵێ: (إلاّ وَقْتَ رَحمةِ رَبِّي عَبدَهُ بأَنْ يُفِيضَ عَلَيْهِ من الإيمان والتقوى: ما يَصْرِفه عَنِ السوء)، مەگەر لەو کاتەدا کە پەروەردگارم بەزەیی بە بەندەکەی خۆیدا بێ، کە ئیمانو تەقوایەکی بەسەردا بڕێژێ: لە خراپە دووری بخاتەوە.

٧) - ﴿إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾، بێگومان پەروەردگارم لێبووردەی بە بەزەییە، لێبووردەی میهرەبانە، واتە: لێبووردەیە بۆ کەسێك کە گوناه بکات، میهرەبانو بە بەزەییشە بۆ کەسێك کە بیەوێ هەر لە ئەسڵدا تووشی گوناه نەبێ، بەڵکو گوناهانی لێ لابداتو لە گوناهان لای بدات .

ئێمە وامان تەفسیر کرد، کە ئەوە قسەی یوسوف ﷺە، کە دەڵێ: ﴿ذَٰلِكَ لِيَعْلَمَ أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِالْغَيْبِ وَأَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي كَيْدَ الْخَائِنِينَ ﴿٥٢﴾ وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِيٓ﴾، بەشێك لە توێژەرەوانیش، کە زۆربەیانن، گوتوویانە: ئەوە قسەی ژنەکەی عەزیزەوە هەر درێژەی قسەکەی ئەوە، کە پێشتر گوتی : ﴿قَالَتِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ الْآنَ حَصْحَصَ الْحَقُّ أَنَا رَاوَدتُّهُ عَن نَّفْسِهِ وَإِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ ﴿٥١﴾ ذَٰلِكَ لِيَعْلَمَ أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِالْغَيْبِ﴾، ئنجا ئەگەر قسەی ژنەکە بێ، واتە: من بۆیە ئەو شایەدییە دەدەم بۆ یوسوف، تاکو بزانێ کە کاتێك ئەو لێرە نەبووە، من ناپاکییم بەرانبەر نەکردوەو بەرانبەری خائین نەبوومو، کاتێك هاتۆتە دەمی شایەدیی دان، بە هەق شایەدییم داوە .

دەڵێن: ئەوە هەر لەوێ دەوەشێتەوە بڵێ: ﴿ وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓۚ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ ﴾، من نەفسی خۆم بە پاك ناگرم، نەفس زۆر فەرمان دەكات بە خراپە، چونكە نەفسی ئەو فەرمانی پێ كرد بە خراپەو، ئەو قسەیە لەوێ دەوەشێتەوە، زۆر لە توێژەرەوانی قورئان وایان لێكداوەتەوە، بەڵام وەك پێشتریش باسم كرد: من پێم وایە ئەو قسەیە قسەی یوسفە ﷺ بە چەند بەڵگەیەك:

بەڵگەی یەكەم : ئەو ژنە بۆی نیە بڵێ: ﴿ ذَٰلِكَ لِيَعۡلَمَ أَنِّي لَمۡ أَخُنۡهُ بِٱلۡغَيۡبِ ﴾، بۆیە ئەو شایەدیە دەدەم، تاكو یوسف بزانێ كە كاتێ ئەو لێرە نەبووە، خیانەتم پێ نەكردوە، چونكە ئەو ژنە خیانەتی بە یوسف كرد، لە غیابی وی داو بوختانی پێ كرد، چەند ساڵان یوسف، بە هۆی بوختان پێكردنی ئەو ژنەوە، لە بەندیخانەدا مایەوە !

بەڵگەی دووەم : لە قورئاندا سیاق زوو زوو دەگۆڕێ‌و، بە سەلیقە دەزانرێ كە ئایا ئەو قسەیە، هی قسەكەرەكەی پێشێیە، یاخود هی قسەكەرێكی دیكەیەو، هەر كەسێك سەرنجی ئایەتەكانی قورئان بدات، ئەوە زۆر بە ئاشكرا دیارە .

بەڵگەی سێیەم: لەو ژنە ناوەشێتەوە بڵێ: ﴿ وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓۚ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓۚ إِنَّ رَبِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾، لەبەر چی! لەبەر ئەوەی ئەو خوای نەناسیوەو بتپەرست بووە، كەواتە: لێرەدا باس‌و خواسی خواو باسی سیفەتەكانی خوا وەك: لێبووردەیی‌و میهرەبانیی بەزەیی نواندن، ئەوە بەڕاستیی قسەی بابایەكی خواناسەو، ئەو ئافرەتەو قەومەكەشی بە گشتی، (واتە: خەڵكی میسر) بتپەرست بوون‌و، شتانی دیكەیان بە پەروەردگاری خۆیان زانیون .

بەڵگەی چوارەم: (القُرطبي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[١] هەردوو ڕایەکەی هێناون، دوایی گوتوویەتی: (قُلْتُ: إذَا احْتَمَلَ أَن يَكُونَ مِنْ قَوْلِ الْمَرْأَةِ، فَالقَوْلُ بِهِ أَوْلَى حَتَى نُبَرِّئَ يوسُفَ مِن حَلِّ الإِزَار وَالسَّرَاوِيل)، واتە: گوتم: ئەگەر گوتمان: دەگونجێ ئەوە قسەی ژنەکە بێ، وا باشترە بە قسەی وێی دابنێین، تاکو یوسوف لەوە دوور بخەینەوە کە وەك لە هەندێ حیکایەتاندا، هاتوە: دۆخینی کردبێتەوەو، شەڕواڵی دانابێ!

واتە: بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوە حیکایەتانە، ئەو ڕایە پەسند دەکرێ کە قسەی ژنەکە بێ.

بەلام ئێمە وەك گوتمان ئەو حیکایەتو بەسەرهاتانە، هەرچەندە لە کۆمەڵێك ڕیوایەتیشدا هاتوون بەلام هیچیان ئەسڵو ئەساسیان نیەو، هەموویان لە خاوەن کتێبان وەرگیراونو، هیچیان سیاقی ئایەتەکانو بێژەی ئایەتەکان نایانگەیەنن، وەك پێشتر باسمان کردو دووبارەی ناکەینەوە، کەواتە: ئەگەر ئەوە پاساوی ئەوە بێ، کە ئەو قسەیە بە قسەی ژنەکە دابنرێ، تاکو ئەوەی لەو حیکایەتانەدا هاتوە، لە یوسوفی دوور بخەینەوە، کە گوایە: خەریك بووە لەگەڵ ئەو ئافرەتە دەست تێکەڵ بکات! ئەوە پاساوێکی بێهێزە، چونکە ئەو حیکایەتانە ئەسڵو ئەساسیان نیە .

بەڵگەی پێنجەم: لەسەر ئەوە کە ئەو قسەیە قسەی یوسوفە ﷺ ئەوەیە کە : یوسوف مەبەستی بووە پاکیی خۆی بۆ عەزیزی میسر دەربخات، نەك ژنەکە، ژنەکە مەبەستی نەبووە پاکیی خۆی بۆ یوسوف دەربخات، چونکە دوای ئەوەی کە شەش حەوت ساڵان یوسوف لەسەر بوختانی ئەو ژنە گیراوە، ئێستا پاکیی چی بۆ دەردەخات! هەڵوێستەکەی زۆر ئاشکرایەو، پێویست بە حیکایەتان ناکات، وەك کوردەواریی خۆمان دەڵێن : (پاش بارانان کەپەنەك)، دوای ئەوەی یوسوف شەش حەوت ساڵان لە زیندان دا بووە، بە هۆی بوختانی ئافرەتەکەوە، ئێستا ئەو ئافرەتە بە

١) الجامع لأحكام القرآن، ج ٩، ص ١٧١.

دێرو ژوانەوە[1] بڵێ: من ناپاکییم پێ نەکردوە، ئەدی ئەوە نیە ناپاکیی پێ کرد! بەڵێ یوسوف پێویستی بەوە بووە عەزیزی میسر بزانێ کە یوسوف پاکە، نەك ئەو ئافرەتە ویستبێتی یوسوف قەناعەت پێ بێنێ، کە خیانەتی پێ نەکردوە، چونکە یوسوف تازە قەناعەتی نایەتو بەهۆی ئەو خیانەتو بوختان پێکردنەی ئەوەوە، شەش حەوت ساڵ لە بەندیخانەدا ماوەتەوە .

ئنجا بێگومان ئەو قسەیەی یوسوف ﷺ هەر بریتیە لە خۆ بە کەمگریی‌و خاکیی بوونی، کە دەڵێ : ﴿ وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓ ﴾، چونکە زۆر لە توێژەرەوانی قورئان ئەوەیان لێ بۆتە ئیشکال، کە چۆن یوسوف گوتوویەتی: نەفسی خۆم بە پاك ناگرم! بەڵام هیچ ئیشکال نیەو، مرۆڤی مسوڵمان نابێ خۆی پێ چاك بێ، دواییش کە دەڵێ: ﴿ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓ ﴾، نەفس زۆر فەرمان دەکات بە خراپە، مەگەر پەروەردگارم بەزەیی بنوێنێ، قسەکەی زۆر ڕاستەو، یوسوفیش ئەگەر خوا نەیپاراستبایە، تووشی گوناح دەبوو، هەر کامێك لە ئێمەش ئەگەر خوا نەمانپارێزێ، شەیتان‌و نەفس بەسەرماندا زاڵ دەبن، قسەکەی زۆر واقیعییە، ئەوە هەم بۆ پێغەمبەرانیش وایەو، هەم بۆ غەیری پێغەمبەرانیش، ئنجا بەڕاستییش ئەگەر هاتباو پێغەمبەران بە بێ زەحمەت‌و ئەرك کێشان، تاعەتیان ئەنجامدابایەو، لە گوناح دوور بوونایە، ئەو کاتە پاداشتیان نەدەبوو. وەك چۆن بۆ فریشتەکان ئازایەتیی نیە، کە گوناح ناکەن، چونکە هەر سروشتیان وایە گوناح نەکەن، کەواتە، گوناه نەکردنی کەسێك، ئازایەتییە. کە بتوانێ گوناح بکات، بەڵام کە گوناح کردنی لە ئەسڵ لە باراندا نەبێ. لە سروشتیدا نەبێ، ئەو کاتە ئازایەتیی نیە گوناح نەکات، هەروەك تاعەت کردنی کەسێك ئازایەتییە، کە بتوانێ تاعەت نەکات، بەڵام کەسێك کە نەتوانێ تاعەت نەکات، تاعەت کردنەکەی ئازایەتیی نیە، هی فریشتان ئازایەتیی نیە، کە تاعەت بۆ خوا ئەنجام دەدەن، سروشتەکەیان وایە کە دەبێ تاعەت بۆ خوا ئەنجام بدەن .

---

[1] دێرو ژوانەوە : بە درەنگەوە، بەکاوەخۆ .

مەسەلەی چوارەم : دووبارە ناردنەوەی پادشا بە دوای یوسوف دا، تاکو بیکاتە هاوکاری تایبەتیی خۆی لە حوکمڕانیی دا، ئنجا پاش دواندنی : (دوای ئەوەی لە دوای ناردوەو دواندوویەتیو لەگەڵی دانیشتوە) ڕاگەیاندنی ئەوە کە یوسوف لەلای وی بەڕێزو ئەمینداره :

وەك خوا دەفەرمووێ : ﴿ وَقَالَ ٱلْمَلِكُ ٱئْتُونِي بِهِۦٓ أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي ۖ فَلَمَّا كَلَّمَهُۥ قَالَ إِنَّكَ ٱلْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ ﴿٥٤﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە لە چوار بڕگەدا

١) - ﴿ وَقَالَ ٱلْمَلِكُ ٱئْتُونِي بِهِۦٓ ﴾، پادشایەکە، گوتی: بۆمی بێنن، واتە: بۆ جاری دووەم دوای ئەوەی پادشا لەسەر داوای یوسوف لێکۆڵینەوەی کرد، لە ڕووداوی دەستو پەنجەی خۆ بڕینی ژنەکان، لە ماڵی عەزیزی میسردا، لە کاتی میوە خواردندا، ئنجا چاوکەوتنیان بە یوسوف ﷺو سەرسام بوونیان پێی. کە گوتیان: ئەوە بەشەر نیەو فریشتەیەکی بەڕێزە، دوای ئەوەی پادشا لێکۆڵینەوەی لەوبارەوە کردو، پاکیەتیی یوسوف دەرکەوت، بە شایەدیی ئافرەتەکان هەموویانو، بە شایەدیی دانی ژنەکەی عەزیزی میسریش، لەسەر خۆی، وەك ئەستۆ پاکییو پەرێز پاکیی بۆ یوسوف، دوای ئەوە دووبارە پادشا گوتی: بۆمی بێنن، یوسوفم بۆ بێنن .

٢) - ﴿ أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي ﴾، واتە: تایبەتی دەکەم بە خۆمەوە، بۆ خۆمی هەڵدەبژێرم، ﴿ أَسْتَخْلِصْهُ ﴾، (أي: أجْعَلَهُ خالِصاً لِنَفسي خاصّاً، فلا يُشارِكُ فيهِ أحَد)، واتە: تایبەتی دەکەم بە خۆمەوە، کە هیچ کەس بەشی پێوە نەبێ، واتە: تایبەتی دەکەم کە لەلای من بێ، بۆ ئەوەی ڕاوێژی پێ بکەمو هاوکارم بێ لە حکومڕانیی دا، وەك سەرۆك وەزیران، ئەگەر پادشا هەبێ، سەرۆك وەزیران هەموو کارەکان هەڵدەسووڕێنێ، وەك جێگری پادشا کاروبارەکان لە جیاتی پادشا هەڵدەسووڕێنێو، دەبێتە هاوکاری.

٣) - ﴿ فَلَمَّا كَلَّمَهُۥ ﴾، دوای ئەوەی دواندی، واتە: دوای ئەوەی یوسوفی بانگ کرد، قسەی لەگەڵدا کردو دواندی، لە عەقڵو سەلیقەی تێگەیشت، زانی چەند کارامەو دانایە! چەند پاکە! چەند سیفەت بەرزو ئاکار پەسندە!

﴿ فَلَمَّا كَلَّمَهُۥ ﴾ ئەوە هەمووی دەگرێتەوە، بەڵام خوای شارەزا زۆر بە کورتیی فەرموویەتی، واتە: دوای ئەوەی دواندی، لێی تێگەیشتو پێی ئاشنا بوو .

٤) - ﴿ قَالَ إِنَّكَ ٱلْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ ﴾، (پادشا) گوتی: تۆ ئەمڕۆ لە لای ئێمە خاوەن پێگەی‌و خاوەن پایەی‌و، تۆ ئەمینداریشی، متمانە پێکراوو باوەڕ پێکراوی .

﴿ مَكِينٌ ﴾، (صِفَة مُشَبَّهَة مِنْ مَكُنَ، أَي صَارَذا مَكانَةٍ)، (مَكُنَ)، واتە: ئەو کەسە بوو بە خاوەن پێگە، خاوەن پایە، ئنجا ﴿ مَكِينٌ ﴾، (صِفَة مُشَبَّهَة بالفعل) لە کرداری (مَكُنَ) .

﴿ أَمِينٌ ﴾، (الأَمِين: فَعِيلٌ بِمَعْنَى مَفْعُول، أَي مأمونٌ عَلَى شيء، أَي: موثَقٌ بِهِ فِي حِفْظِهِ)، (أَمِين) لە سەرکێشی (فَعِيل)ە، بەڵام بە مانای (مَفْعُول)ە، واتە: بە ئەمیندار دانراو، بە پاك دانراو، متمانەپێکراو بۆ پاراستنی شتێك .

هەڵبەتە پادشا کە بە یوسوف دەڵێ: ﴿ إِنَّكَ ٱلْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ ﴾، ئەم دوو سیفەتە کۆکەرەوەی هەموو خەسڵەتەکانی حوکمڕانیین، چونکە کەسێك خاوەن پێگەو پایەو دەستڕۆیشتوو بێ‌و، بەڕێزو بە حورمەت بێ‌و، متمانە پێکراو بێ، کە ئەو شتەی پێی دەسپێردرێ، پارێزەریەتی، ئەوە ئەم دوو سیفەتە کۆکەرەوەی هەموو ئەو سیفەتانەن، کە بۆ حوکمڕانیی پێویستن .

مەسەلەی پێنجەم : داواکردنی یوسوف ﷺ لە پادشا کە کاروباری ئابووریی ولاتی پێ بسپێردرێ، چونکە پارێزەری زانایە :

وەك خوا دەفەرموێ :﴿ قَالَ ٱجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلْأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ ﴿٥٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە دوو بڕگەدا

١) - ﴿ قَالَ ٱجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلْأَرْضِ ﴾، یوسوف بە پادشای گوت: لەسەر عەمبارەکانی زەوی دامبنێ، بمکە بە بەرپرسی ئەو شتانەی کە ئازووقەیان تێدا عەمبار کراوەو هەڵگیراوە، هەڵبەتە لێرەدا کە دەڵێ : ﴿ خَزَآئِنِ ٱلْأَرْضِ ﴾، ئەم وشەیە: ﴿ ٱلْأَرْضِ ﴾، ئەلیف و لام (أل)ی تەعریفە، بەلام بۆ (عهد)، واتە: سەر زەمینی ولاتی میسر.

٢) - ئنجا پاساوو بەڵگە دێنێتەوە، کە بۆچی ببێتە بەرپرسی کاروباری ئابووریی و دارایی، دەڵێ: ﴿ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ ﴾، بێگومان من پارێزەری زانام، واتە: پارێزەرم بۆ هەر شتێك کە پێم بسپێردرێ، زاناو شارەزاشم بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی .

کورتە باسێک لەبارەی ڕەوایی و ناڕەوایی داواکردنی بەرپرسیارێتییەوە

لێرەدا پێویستە کورتە باسێك بکەین، دەربارەی ڕەوایی و ناڕەوایی داواکردنی بەرپرسیارێتییەوە :

کە یوسوف ﷺ داوا دەکات بکرێتە بەرپرسی کاروباری دارایی وڵاتی میسر، بە زاراوەی ئێستا: بیکاتە وەزیری ئابووریی، یان وەزیری دارایی، کە ڕەنگە ئەو کارەی بە یوسوف سپێردراوە، هەر کام لە کاروباری ئابووریی و دارایی پێکەوە کۆبکاتەوە، زانایان ئیشکالێکیان بۆ پەیدا بووە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا دەگونجێ ئینسان خۆی داوای بەرپرسیارێتیی بکات ؟

بۆ وێنە (إبن العربي) لە کتێبی (أحكام القرآن)[1]دا، دەڵێ: {كَيْفَ سَأَلَ الإمارَةَ وَطَلَبَ الْوِلايةَ، وَقَدْ قَالَ ﷺ لِسَمُرَةَ: (لا تَسأَلِ الإمـارَةَ، فَإِنَّكَ إنْ سألْتَها وُكِلْتَ إلَيْها ، وَإِنْ لَمْ تَسأَلْها أُعِنْتَ عَلَيْها)[2] وَقَدْ قَالَ النَّبيُّ ﷺ: (لَنْ أَوْ لا نَسْتَعْمِلُ عَلَى عَمَلِنا مَنْ أَرادَهُ)؟![3]} .

واتە: چۆن یوسوف داوای بەرپرسیارێتیی کردوە، لە حاڵێکدا کە پێغەمبەر ﷺ بە عەبدوڕڕەحمانی کوڕی سەمورەی فەرمووە: داوای بەرپرسیارێتیی مەکە، چونکە ئەگەر تۆ بەرپرسیارێتیی و سەرپەرشتیارێتییت پێ بسپێردرێ، لەسەر بناغەی ئەوەی خۆت داوات کردوە، حەواڵەی ئیشەکەت دەکرێی، بەڵام

١) ج ٣ ، ص ٥٩.
٢) أخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٦٦٢٢)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٦٥٢).
٣) أخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٦٩٢٣).

ئەگەر بێ ئەوەی خۆت داوای بکەی، بەرپرسیارێتییت پێ بسپێردرێ، لەسەری هاوکاریی دەکرێی .

هەروەها پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هەرگیز ئێمە ئەو کارەی خۆمان بە کەسێك ناسپێرین کە بیەوێ‌و داوای بکات .

لێرەدا (إبن العربي) ئەو پرسیارە دەکات، دوایی دەڵێ: {وَعَنْ ذَلِكَ أَرْبَعَةُ أَجْوِبَة :

الأَوَّلُ : أَنَّهُ لَمْ يَقُلْ: إِنِّي حَسِيبٌ كَرِيمٌ، وَإِنْ كَانَ، كَمَا قَالَ النَّبِيُّ ﷺ : (الْكَرِيمُ ابنُ الْكَرِيمِ ابنِ الْكَرِيمِ ابنِ الْكَرِيمِ يُوسُفُ بنُ يَعْقُوبَ بنِ إِسْحَاقَ بنِ إِبْرَاهِيمَ)[1] ، وَلا قَالَ: إِنِّي مَلِيحٌ جَمِيلٌ، إِنَّمَا قَالَ: إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ، سأَلَهَا بِالْحِفْظِ وَالْعِلْمِ، لا بِالْحَسَبِ وَالْجَمَالِ .

الثَّانِي : سأَلَ ذَلِكَ لِيُوَصِّلَ إِلَى الْفُقَرَاءِ حُظُوظَهُمْ لا لَحَظٍّ نَفْسِهِ .

الثَّالِثُ : إِنَّمَا قَالَ ذَلِكَ، عِنْدَ مَنْ لا يَعْرِفُهُ، فَأَرَادَ التَّعْرِيفَ بِنَفْسِهِ، وَصَارَ ذَلِكَ مُسْتَثْنَى مِنْ قَوْلِهِ : ﴿فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡ﴾ النجم .

الرَّابِعُ : أَنَّهُ رَأَى ذَلِكَ فَرْضًا مُتَعَيِّنًا عَلَيْهِ، لأَنَّهُ لَمْ يَكُنْ هُنَالِكَ غَيْرُهُ} .

واتە : بۆ ئەو پرسیارو ئیشکالە، چوار وەڵام هەن :

<u>یەکەم</u>: یوسوف نەیگوت : من خاوەن ڕەچەڵەکێکی بەرزم‌و پیاوێکی بەڕێزم هەرچەندە واشبووە، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: بەڕێزی کوڕی بەڕێزی کوڕی بەڕێزی کوڕی بەڕێز: یوسوفی کوڕی یەعقووبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم، وەك لە صەحیحی بوخاریی دا هاتوە، هەروەها نەشیگوت: لەبەرئەوەی قۆزو جوانم، بەڵکو گوتی: من پارێزەری زانام، واتە: ئەو دوو سیفەتەی خۆی، کردنە پاساوی بەرپرسیارێتیی کردن، کە ئەو شتەی پێی بسپێردرێ، دەیپارێزێ‌و لێشی شارەزایە، نەك بە ڕەچەڵەك‌و بە جوانیی‌و دیمەنی خۆی داوای بەرپرسیارێتیی بکات .

---

١) أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٩٦٨١)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٢١٤٢)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٧٣٣)، وَأَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٥٧٩)، وَالنَّسَائِيُّ فِي (الكبرى) برقم : (٨).

دووەم : بۆیە داوای بەرپرسیارێتیی كرد، تاكو بەشی هەژارو نەدارەكان بگەیەنێتە ئەوان، نەك بۆ هێنانەدی ئامانجێكی تایبەتی خۆی .

سێیەم : بۆیە وایگوتوە تاكو خۆی بە كەسێك بناسێنێ‌و بە خەڵكێك بناسێنێ، كە نایناسن، كەواتە: لێرەدا ئەوە هەڵاوێردراوە لە حوكمی ئەو قسەیەی خوای دادگەر كە دەفەرموێ: ﴿فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡۖ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ﴿٣٢﴾﴾ النجم، واتە: خۆتان بە چاك دامەنێن، خوا دەزانێ كێ پارێزی لێ دەكات .

چوارەم : یوسوف زانیویەتی كە لەو كاتەدا ئەو كارە لەسەر ئەو بۆتە پێویستییەكی تایبەت‌و بۆتە فەرزی عەین، چونكە كەسی دیكە نەبووە ئەو كارە وەئەستۆ بگرێ .

ئنجا كاتێك ئینسان بزانێ كارێكی پێویست‌و بەرژەوەندییەكی گشتی خەڵك، یەكی لەسەر وی كەوتوە، لەسەری پێویستە شانی بداتە بەر، با بە داواكردنی خۆشی بێ، مادام بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی نەبێ .

(القُرطبي) لەوبارەوە لە (الجامع لأحكام القرآن)دا،[1] هەندێ قسە دێنێ دەڵێ: {قَالَ بَعْضُ أَهْلِ العِلْمِ: فِي هَذِهِ الآيَةِ مَا يُبِيحُ لِلرَّجُلِ الفَاضِلِ أَنْ يَعْمَلَ لِلرَّجُلِ الفَاجِرِ، وَالسُّلْطَانِ الكَافِرِ، بِشَرْطِ أَنْ يَعْلَمَ أَنَّهُ يُفَوِّضُ إِلَيْهِ فِي فِعْلٍ لا يُعَارِضُهُ فِيهِ، فَيُصْلِحُ مِنْهُ مَا شَاءَ، وَأَمَّا إِذَا كَانَ عَمَلُهُ بِحَسَبِ اخْتِيَارِ الفَاجِرِ وَشَهَوَاتِهِ وَفُجُورِهِ، فَلاَ يَجُوزُ ذَلِكَ} .

واتە: هەندێك لە زانایان گوتوویانە: لەم ئایەتەدا بەڵگەی ئەوە هەیە كە بۆ پیاوی باش دروستە كار بكات لە لای بەرپرسێكی تاوانبارو دەستەڵاتدارو حوكمڕانێكی كافر، بە مەرجێك بزانێ: لەو كارەدا كە پێی دەسپێرێ، دەستكراوەی دەكات‌و بەرهەڵستیی ناكات، ئەویش دەستی ئاوەڵا دەبێ، بە كەیفی خۆی ئەو شتەی كە بە چاكی دەزانێ بیكات، بەڵام ئەگەر كارەكەی بە پێی هەڵبژاردنی بابای حوكمڕانی خراپەكار بووو بە پێی ئارەزووی وی‌و تاوانەكانی بوو، ئەو كاتە بۆی نیە، هیچ كارێكی بۆ وەئەستۆ بگرێ .

---

١) ج ١٠، ص ١٧٥.

هەروەها (القرطبي) هەر لە سەرچاوەی پێشوو: (الجامع لأحكام القُرآن)[1]دا، دەڵێ: {وَدَلَّتِ الآيَة أَيْضَاً عَلَى جَوَازِ أَنْ يَخْطُبَ الإِنْسَان عَمَلاً ، يَكونُ لَهُ أَهْلاً} ، واتە: ئەو ئایەتە ئەوەش دەگەیەنێ کە دروستە مرۆڤ کارێك داوا بکات، کە شایستەی بێ، (واتە: مادام لە بارانیدا هەبێ و لێی بوەشێتەوە، دروستە بۆ خۆی هەوڵی بۆ بدات) .

(محمد الطاهر بن عاشور)یش لە تەفسیرەکەی خۆی: (التحرير والتنوير)[2]دا دەڵێ : {وَهَذِهِ الآيَة أَصْلٌ لِوُجُوبِ عَرْضِ المَرْءِ نَفْسَهُ لِوِلاَيَة عَمَلٍ مِنْ أُمُورِ الأُمَةِ، إِذَا عَلِمَ أَنَّهُ لاَ يَصْلُحُ لَهُ غَيْرُهُ، لأَنَّ ذَلِكَ مِنَ النُّصْحِ للأُمَةِ، وَخاصَّة إِذَا لَمْ يَكُنْ مِمَّن يُتَّهَمُ عَلَى إِيثَار مَنْفَعَة نَفْسه عَلَى مَصْلَحَةِ الأُمَةِ} .

واتە: ئەم ئایەتە بنچینەیەکە بۆ ئەوە کە پێویستە (نەك هەر دروستە) مرۆڤ خۆی ڕابنوێنێ و، خۆی پێشنیار بکات، بۆ وە دەستی خۆگرتنی کارێك لە کارەکانی کۆمەڵگا، مادام بزانێ کە ئەو کارە تەنیا بۆ ئەو باشەو تەنیا ئەو دەتوانێ وەك پێویست ڕایپەڕێنێ، چونکە ئەوە بریتیە لە دڵسۆزیی بۆ کۆمەڵگاو بۆ ئۆممەت، بە تایبەت ئەگەر ئەو کەسە لەو جۆرە نەبوو کە تۆمەتبار بکرێ، بەوەی بەرژەوەندیی و سوودی تایبەتی خۆی هەڵدەبژێرێ بەسەر بەرژەوەندیی گشتی خەڵك و کۆمەڵگادا .

مەسەلەی شەشەم و کۆتایی : ڕاگەیانرانی ئەوە کە خوا یوسوفی لەسەر زەمینی میسردا دەستڕۆیشتوو کردوە، چونکە چاکەکار بووەو، پاداشتی دوارۆژیشی بۆ بڕوادارانی پارێزکار باشتریشە :

وەك خوا دەفەرموێ : ﴿ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلْأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَآءُ نُصِيبُ بِرَحْمَتِنَا مَن نَّشَآءُ وَلَا نُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٦﴾ وَلَأَجْرُ ٱلْءَاخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿٥٧﴾ ﴾.

---

١) ج ٩، ص ١٧٥.
٢) ج ١٣، ص ٩.

توێژینەوەی ئەم ئایەتە لە شەش بڕگەدا

١) - ﴿ وَكَذَٰلِكَ ﴾، واتە: هەر بەو شێوەیە، یانی: وەك ئەو چاکە لەگەڵدا کردنانەی پێشوو، چاکەمان لەگەڵ یوسوف کرد، کە بریتی بوو لە نیزیك خستنەوەی یوسوف لە دڵی پادشا، پێشتریش دەربازکردنی لە بیرو دەربازکردنی لە بەندیخانە، ئاوا بەو شێوەیە: یوسوفمان دەست ڕۆیشتوو کرد لەسەر زەمینی میسردا .

٢) - ﴿ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، واتە: یوسوفمان دەستڕۆیشتوو کرد لەسەر زەمیندا، کە مەبەست پێی وڵاتی میسرە، واتە: کردمانە خاوەن دەسەڵات .

٣) - ﴿ يَتَبَوَّأُ مِنۡهَا حَيۡثُ يَشَآءُ ﴾، لە هەر شوێنێك کە ویستبای، تێیدا نیشتەجێ دەبوو، واتە: دەهاتو دەچووو تەصەڕووفی دەکرد لە وڵاتی میسردا .

ئەمەش مەبەست ئەوەیە کە لە وڵاتی میسردا بە کەیفی خۆی تەصەڕووفی دەکرد: لە هەر شوێنێکی ویستبای، تێیدا نیشتەجێ دەبووو، کاروبارەکانی سەرجەم وڵاتەکەی بەڕێوەدەبرد .

٤) - ﴿ نُصِيبُ بِرَحۡمَتِنَا مَن نَّشَآءُ ﴾، ڕەحمەتو بەزەیی خۆمان دەکەینە پشكو بەشی هەر کەسێك کە بمانەوێ .

بەڵام بێگومان ویستی خوای پەروەردگاریش بە دوای زانیاریی و حیکمەتەکەی دەکەوێ و، کاری خوا هیچی لە گۆترە نیە، لە خۆوە پشكو بەش نادات بە کەس و، لە خۆوەش کەس بێ بەش ناکات .

٥) - ﴿ وَلَا نُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾ پاداشتی چاکەکارانیش بە فیڕۆ نادەین و زایەی ناکەین .

٦) - ﴿ وَلَأَجْرُ ٱلْآخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴾، پاداشتی دواڕۆژیش باشترە بۆ ئەوانەی كە بڕوایان هێناوەو بەردەوام پارێزیان دەكرد، بۆیەش ئیمانی بە كرداری ڕابردوو (فعل الماضي) هێناوە: ﴿ ءَامَنُواْ ﴾، چونكە: (فَهُوَ عَقْدُ القَلْبِ الجازِمِ دَفعَةً وَاحِدة)، ئیمان بریتیە لە دڵ چەسپاندنی یەكلاییكەرەوە، بە یەكجار، لەسەر بڕوا پێهێنانی هەموو ئەو شتانەی دەبێ بڕوایان پێ بهێنرێو، بۆیەش باسی تەقوای بە (فعل المُضارع) كردوە: ﴿ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴾، چونكە تەقوا هەمیشە تازە دەبێتەوە، بەهۆی تازەبوونەوەی هۆكارەكانی فەرمانو قەدەغەو، جیاوازیی كاتەكانو كردەوەكانو شوێنەكانەوە .

لە پەیمانی كۆندا ئاوا باسی ئەوە كراوە، كە چۆن یوسوف لە وڵاتی میسردا كراوە بە دەستڕۆیشتووو خاوەن دەسەڵات، لەلایەن پادشاوە، لە ژێر ئەم ناوونیشانەدا :

(يُوسُفُ يُصبحُ حاكِمَ المِصر) {یوسوف دەبێتە حوكمڕانی میسر} :

{ثُمَّ قَالَ فِرعَونُ لِيُوسُفَ: هـا أنـا قد ولّيتُك عَلَى كُلِّ أَرْضِ المِصْر. وَنَزَعَ فِرْعَوْنُ خاتِمَهُ مِنْ يَدِهِ وجَعَلَهُ فِي يَدِ يُوسُفَ، وَأَلْبَسَهُ ثِيابَ كَتَّان، وَوَضَعَ طَوْقَ ذَهَبٍ فِي عُنُقِهِ، وَطَوَّقَ عُنُقَهُ بقِلادَة مِنْ ذَهَبٍ، ثُمَّ أَرْكَبَهُ مَرْكَبَته الثانية، ونادوا: اركعوا أمامَهُ، وَأَقامَهُ فِرعَونُ عَلَى كُلِّ أَرْضِ مِصْر. وَقَالَ فِرعَونُ لِيُوسف: ((أَنا فِرْعَون، ولا أحَدَ يمكن أن يُحَرِّك ساكنا فِي كُلِّ أَرْض مِصْر بغير إذنك، وَدَعَى فِرْعَوُن اسْمَ يُوسُفَ: (صَفْناتِ فَعْنِيحَة) ومعناه بالمصرية مُخَلصُ العَالَم وحافِظُ حياة))، وَزَوَّجَهُ مِنْ أَسْنَاتَ بنتَ فُوطِي فَارَع كاهِنَ أُونَ، فَدعى اسمَ يُوسُفَ فِي جَمِيع أَرْجاء مِصْر}[1].

واتە: دوایی فیرعەون بە یوسوفی گوت: ئەوە من هەرچی سەر زەوی میسرە خستمە ژێر ڕكێفی تۆ، ئنجا فیرعەون {پێشتر گوتمان: حوكمڕانی ئەو بەشەی

١) التفسير التطبيقي للكتابِ المُقَدس العَهدُ القديم، سفرُ التَكوين الإصحاح : ٤١، ص ١٠٦.

کە یوسوفی لێ بووە، فیرعەون نەبووە، پێی نەگوتراوە: فیرعەون و پێی گوتراوە: مەلیك، بەڵام بە هەر حاڵ لەوێدا وا هاتوە} ئەنگوستیلەکەی خۆی لە پەنجەی دارنی و خستیە پەنجەی یوسوفەوەو بەرگ و پۆشاکێکی فاخیرو زۆر نایابی کەتانی کردە بەری و، گەردن بەندێکی زێڕی کردە گەردنی {دیارە عادەتی حوکمڕان و پادشایەکان وابووە} ، وە لە دووەمین عارەبانەی خۆیدا سواری کرد، {واتە: لەوەی خۆی دا نا، لەوەی دوای خۆی} و، بانگیان کرد بۆ ئەوەی (خەڵك) لەبەردەم یوسوفدا بچەمێنەوەو، کردیە سەرپەرشتیاری هەموو سەرزەمینی میسڕ، ئنجا فیرعەون بە یوسوفی گوت: من فیرعەونم، هیچ کەسێك لەسەر زەمینی میسڕدا، بە بێ مۆڵەتی تۆ دەست ناداتە هیچ شتێك و هیچ شتێك ناجووڵێنێ، ئنجا فیرعەون ناوی لە یوسوف نا: صەفنات فەعنیحە، ئەمەش مانایەکەی لە میسری کۆندا، (واتە: دەربازکەرو ڕزگارکەری دنیاو پارێزەری ژیان)، ئەسناتی کچی فوتی فارەعیشی کردە هاوسەری، کە کاهینی ئوون بووەو، ناوی یوسوف لە هەموو سەر زەمینی میسڕدا بڵاوبۆوە .

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی نۆیەم[٧٠]

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان پێنج (٥) ئایەت دەگرێتە خۆی، ئاڵقەی هەشتەمی زنجیرەی بەسەرهاتی یوسوف لەو پێنج ئایەتەدا خراوەتە ڕوو، کە ئایەتەکانی: (٥٨ تا ٦٢)ن، لەو پێنج ئایەتەدا باسی هاتنی برایەکانی یوسوف ﷺ کراوە، واتە: دە (١٠) برایەکانی کە لە دایکی خۆی نەبوون، هاتنیان بۆ میسر لە کاتێکدا کە حەوت ساڵی گرانیی دەستیان پێکردووە، پاش ئەوەی کە حەوت ساڵی هەرزانیی پڕ بەرهەمو دەرامەت، تێپەڕیون، هاتوون بۆ میسر بۆ کڕینی ئازووقە، ئنجا کاتێك وەژوور کەوتوون لە یوسوف، لەو شوێنەی کە یوسوف لێی بووە، یەکسەر ئەوانی ناسیوەتەوە، بەڵام ئەوان بەو ئاشنا نەبوونو، نەیانناسیوەو نەیانزانی ئەوە یوسوفە .

ئنجا کاتێك بارەکانی ئازووقەی بۆ ئامادەکردوون، پێی گوتوون: دەبێ برایەك کە لە بابتانەو دایکتان جیایە، بۆم بێنن، ئەگەرنا جارێکی دیکە ڕوو لەم وڵاتە نەکەنەوە بۆ ئازووقە، کە بێگومان ئەو قسەیەی یوسوف، قسەی دیکەی لە پێشدا کراون، وەك دوایی لە درێژەی تەفسیرکردنی ئەم ئایەتانەدا باسی دەکەین، ئەوانیش بەڵێنی پێدەدەن: هەوڵ لەگەڵ بابیان بدەن، بۆ ئەوەی ئیقناعی بکەنو، ئەو برایەیان لەگەڵ بنێرێ .

ئنجا یوسوف بە غوڵامە بەردەستەکانیشی دەڵێ: نرخی ئازووقەکەیان بۆ بخەنەوە نێو بارەکانیان، ئەو دەست مایەی کە ئازووقەیان پێ کڕیوە، بۆیان بخەنەوە نێو بارەکانیان، بەڵکو کە زانییان نرخەکەیان بۆ گێڕدراوەتەوەو،

دەست مایەکەیان خراوەتە نێو بارەکانیان، بگەڕێنەوە بۆ میسر، واتە: زیاتر متمانە پەیدا بکەنەوە، بەو حوکمڕانەی میسر، یاخود لەبەر ئەوەی بە حەرامی دەزانن ئەو ئازووقەیان بەبێ بەرانبەر وەرگرتوە، پێیان وابوو بێ: بە هەڵە خراوەتە نێو بارەکانیان، ئەوە هاندەریان بێتو پاڵنەریان بێ بۆ گەڕانەوە .

﴿ وَجَآءَ إِخْوَةُ يُوسُفَ فَدَخَلُوا۟ عَلَيْهِ فَعَرَفَهُمْ وَهُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴿٥٨﴾ وَلَمَّا
جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ قَالَ ٱئْتُونِى بِأَخٍ لَّكُم مِّنْ أَبِيكُمْ ۚ أَلَا تَرَوْنَ أَنِّىٓ أُوفِى ٱلْكَيْلَ وَأَنَا۠
خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ ﴿٥٩﴾ فَإِن لَّمْ تَأْتُونِى بِهِۦ فَلَا كَيْلَ لَكُمْ عِندِى وَلَا تَقْرَبُونِ ﴿٦٠﴾ قَالُوا۟
سَنُرَٰوِدُ عَنْهُ أَبَاهُ وَإِنَّا لَفَٰعِلُونَ ﴿٦١﴾ وَقَالَ لِفِتْيَٰنِهِ ٱجْعَلُوا۟ بِضَٰعَتَهُمْ فِى رِحَالِهِمْ
لَعَلَّهُمْ يَعْرِفُونَهَآ إِذَا ٱنقَلَبُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾.

مانای وشــە بە وشـەی ئایەتەکـان

{ {برایەکانی یوسوف هاتن بۆ میسر بۆ ئازووقە کرین، کە لێی وەژوور کەوتن یەکسەر ئەو (یوسوف) ئەوانی ناسیەوە، بەڵام ئەوان ئەویان نەناسی ﴿٥٨﴾ ئنجا کاتێك ئەو ئازووقەو پێداویستییەی بۆی هاتبوون، بۆی ئامادەکردن، گوتی: برایەکتان کە لە بابتانە، {بەڵام دایکتان جیایە} بۆم بێنن، {بزانم ڕاست دەکەن کە دەڵێن: دوازدە برا بووین و یەکێکمان فەوتاوە، دایکی جیابوو و برایەکی ماوە لە دایکی خۆی} ، ئایا نابینن کە من پێوانە بە تەواویی بۆ کریاران دەپێوم ﴿٥٩﴾ هەروەها من باشترین خانە خوێم، ئنجا ئەگەر بێتو بۆمی نەهێنن، ئەوە لەلای من {ئازووقەتان چنگ ناکەوێو} بۆتان ناپێورێو توخنی من (وڵات)یش مەکەون ﴿٦٠﴾ گوتیان: بێگومان هەوڵ لەگەڵ بابی دەدەین ئیقناعی بکەینو، لەگەڵمان بینێرێو ئێمە هەر دەیهێنین ﴿٦١﴾ یوسوف بە گەنجە خزمەتکارەکانی خۆی گوت: دەستمایەکەیان بۆ بخەنەوە نێو بارەکانیانەوە، بەڵکو کە گەڕانەوە لای کەسوکاریان، پێی بزانن، بەڵکو بگەڕێنەوە بۆ میسر {بۆ کرینی ئازووقەی دیکە} ﴿٦٢﴾} } .

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان

(فَعَرَفَهُمْ)، واتە : ئەو یەکسەر ئەوانی ناسییەوە، (المَعْرِفَة وَالعِرْفَانُ: إدْرَاكُ الشيءِ بِتَفَكُّر وتَدَبُّرٍ لإثَرِهِ، وَهو أخَصُّ مِنَ العِلْمِ، ويُضادُّهُ الإنْكارُ، وَأصْلُهُ مِنْ عَرَفتُ أي: أصَبْتُ عَرْفَهُ أي: رِيحَهُ أو أصَبْتُ عُرْفَهُ، أي: خَدَّهُ)، دەڵێ: (مَعْرِفة) و (عِرفان)، بریتییە لە پەیبردن بە شتێك‌و زانینی شتێك لە ئەنجامی بیرلێکردنەوەو تێڕامانی شوێنەوارەکەی دا، (مَعرِفة)ە، لە (علم)، تایبەتترەو پێچەوانەی (مَعرِفة)، بریتییە لە نکوولّیی لێکردن‌و نەناسین، وشەی (مَعرِفة)ش، ئەسڵەکەی بریتییە لە (عَرَفتُ)، واتە: (أصَبتُ عرْفَهُ)، بۆنیم کرد، یاخود (أصَبتُ عُرفَهُ)، واتە: لە کوڵمەیم دا، واتە: ناسیم، لەوەوە هاتوە.

(وَهُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ) : بەڵام ئەوان بۆ ئەو نەزان بوون، نەناسەر بوون، (الإنْكارُ: ضِدّ العِرْفَانِ وَيُقَالُ أنْكرتُ كَذَا وَنَكرتُ، وَأصلُهُ أن يَرِدَ على القَلبِ ما لا يَتَصوَّرُ)، ئینکار پێچەوانەی عیرفانە، عیرفان، واتە: ناسین، ئینکار، واتە: نەناسین، دەگوترێ: (أنْكرتُ كَذا وَنَكرت)، هەردووکیان بە یەك واتان، یانی: ئەو شتەم نەناسی، ئەسڵەکەشی ئەوەیە کە شتێك بێتە سەر عەقڵ‌و دڵ، کە نەتوانێ وێنای بکاو پێی ئاشنا نەبێ .

(جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ) : (الجَهازُ: ما يُعَدُّ مِنْ مَتَاعٍ وَغَيرِهِ، وَالتَّجْهِيزُ: حَمْلُ ذَلِكَ أو بَعثُهُ، الجِهازُ والجَهاز بِفَتحِ الجِيمِ أو بكَسْرِها: ما يَحْتَاجُ إلَيْهِ المُسافِرُ، وأوَّلُهُ ما سافَرَ لِأجْلِهِ مِنَ أحمالِ، وَالتَّجهِيز: إعْطاءُ الجِهاز)، وشەی (جِهاز)، یان (جَهاز)، بریتییە لە هەر کەلوپەلێك کە ئامادە دەکرێ، (تَجهِيز)یش، بریتییە لە هەڵگرتنی ئەو شتە، یاخود ناردنی ئەو شتە، (جِهاز)، هەروەها (جَهاز)، (واتە: بە فەتحەی جیم، یان بە کەسرەی جیمەکەی) بریتییە لە هەر شتێك

کە بابای ڕێبوار پێویستیی پێیەتی، لە پێش هەموو شتێکدا، ئەو شتەی کە سەفەری بۆ کردوە، لە بارەکان، (تَجهِیز)یش، بریتیە لە پێدانی ئەو شتەی کە بابای ڕێبوار بۆی هاتوە، (تَجهِیز)ی کرد، واتە: پێداویستییەکەی بۆ ئامادە کرد .

(أُوفِي ٱلْكَيْلَ) : واتە: من پێوان بە تەواویی دەکەم، (أُوفِي)، (أي أُتِمُّهُ)، تەواوی دەکەم، (الكَيْل)، واتە: پێوان، (الكَيْلُ وَالمِكيالُ اسْمٌ، والكَيلُ: المَصدَرُ)، (كَيْلُ)و (مِكيال)، ناون، بۆ ئەوەی کە شتی پێ دەپێورێ، هەروەها (كَيل)، بە مانای چاوگیش دێ، واتە: پێوان .

(سَنُرَٰوِدُ عَنْهُ أَبَاهُ) : واتە: هەوڵ لەگەڵ بابی دەدەین، (أَرَادَ الرَّجُلُ كَذَا إِرادَةً، وَهُوَ الطَّلَبُ والإخْتِيارُ، وإِسْمُ المَفعولِ: مُرَاد، وَرَاوَدتُهُ عَلَى الأَمْرِ مُرَاوَدَةً، ورِوَاداً: طَلَبْتُ مِنْهُ فِعْلَهُ، وَكَأنَّ فِي المُرَاوَدَةِ مَعَنى المُخادَعَةِ، لأَنَّ الطالِبَ يَتَلَطَّفُ فِي طَلَبِهِ، تَلَطُّفَ المُخادِعِ وَيَحْرِصُ حِرْصَهُ)، دەگوترێ: ئەو پیاوە ئەو شتەی ویست بە ویستن، کە بریتیە: لە داواکردنی شتێك و هەڵبژاردنی ئەو شتە، (إِسْمِ المَفْعول)ی (أَرادَ)ش، بریتیە لە (مُراد)، واتە: ویستراو، (وَرَاوَدتُهُ عَلَى الأَمْرِ مُرَاوَدَةً، ورِوَاداً)، واتە: ئەو شتەم لێ ویست، لە (مُراودَةً)دا، مانای هەڵخەڵەتاندن و فێڵ لێکردن هەیە، چونکە بابای داواکەر زۆر بە پەنهانکاریی و بە لێزانیی، داواکەی خۆی دەکات، وەك چۆن کەسێك بیەوێ کەسێك هەڵخەڵەتێنێ و فێڵی لێ بکات، ئنجا سووریشە لەسەر ئەوەی کە داواکەی خۆی بێنێتەدی .

(لِفِتْيَٰنِهِ) : (فِتْيان)، کۆی (فَتَى)یە، دەڵێ: (الفَتَى)، لای کەمی کۆیەکەی بە (فِتْيَة)یە، ئەگەر بە زۆر کۆ بکرێتەوە، واتە: کۆمەڵە گەنجێکی زۆر، دەگوترێ: (فِتْيان)، (الفَتَى: الشابُ الحَدَث، وَاسْتُعِيرَ لِلعَبْدِ)، (فَتَى)، بە گەنجێك کە تازە پێدەگات و هەرزەتی لاویەتی و، تازە دێتە نێو قۆناغی گەنجیەتییەوە، پێی دەگوترێ: (فَتَى)، خوازراویشەتەوە بۆ خزمەتکارو کۆیلەو، کەسێك کە لەبەر دەستەو ئیشێکی پێ دەکەی، کەواتە: ﴿لِفِتْيَٰنِهِ﴾،

واتە: بە خزمەتکارەکانی، یاخود ئەو گەنجانەی کە لەبەر دەستی بوونو کاروبارەکانیان بۆ ڕادەپەڕاند، کە دیارە مەبەستی کاروباری پێوانی دەغڵو دانو ئازووقە بووە .

(بِضَٰعَتَهُمْ) : (البِضَاعَةُ: المَالُ أَوِ المَتَاعُ المُعَدُّ للتِّجارَة)، (بِضَاعَة)، بریتیە لە ماڵێك، یاخود کەلوپەلێك کە ئامادە کراوە بۆ بازرگانیی، (والمُرَادُ: هُنا الدَّرَاهِم)، واتە: ئەو درەمە زیوانەی کە نرخی پێ کڕینی ئازووقەکە بوون، ئەوەیان بۆ بخەنە نێو بارەکانیان .

(فِى رِحَالِهِمْ): (الرِّحَالُ: جَمْعُ رَحْل، وَهُوَ ما يُوضَعُ عَلَى ما البَعِير مِن مَتاعِ الرَّاكِبِ، إذ سُمِّي البَعِيرُ رَاحِلَة)، (رِحَال)، کۆی (رَحْل)ە، (رَحْل) ئەو بارەیە کە دەخرێتە سەر پشتی وشتر لە کەلوپەلی بابای سوار، کە سواری دەبێ، هەر بۆیەش وشترێك کە بە کەڵکی سواریی دێ، پێی گوتراوە: (رَاحِلَة)، واتە: وشترێك کە بە کەڵکی بارو سواریی بێ، چونکە هەموو وشترێك بە کەڵکی ئەوە نایەت باری بخرێتە سەر پشتیو خەڵك سواری پشتی بێ .

(انقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمْ): واتە: گەڕانەوە بۆ لای خاووخێزانیان، (الإنْقِلابُ: تَحَوّلُ شيء عَنْ وَجهِهِ)، (إنقلاب) بریتیە لەوە کە شتێك ڕووی لە کوێیە، پشت لەو شوێنە بکات، واتە: وەرسووڕانەوە، یانی: گەڕانەوە بۆ لای ماڵو خێزانیان، (إنْقَلَبَ إلَيْهِ)، یانی: (رَجَعَ)، بەڵام (إنْقَلَبَ عَلَيْهِ)، یانی: (إنْعَكَسَ) لێی هەڵگەڕایەوە .

مانـای گشـتـی ئایـەتەکـان

هەڵبەتە کە خوا دەفەرموێ : ﴿ وَجَآءَ إِخْوَةُ يُوسُفَ فَدَخَلُوا۟ عَلَيْهِ فَعَرَفَهُمْ وَهُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴾، لێرەدا شتی زۆر قرتێنراوەو باس نەکراوە، کە بە عەقڵو سەلیقەو سیاق دەزانرێن، واتە: حەوت ساڵەکەی هەرزانییو فەرحانیی هاتن، ئازووخەیەکی زۆر پەزمەندەکرا لە وڵاتی میسر، بە پێی ئەو نەخشەیەی کە یوسوف دایناببوو، بۆ وڵاتی میسرو بۆ پادشای میسر، ئازووقەی زۆر لە عەمبارانـدا داکـرا، دەغڵو دانو ئازووقە پاشەکەوت کرا، پاشان حەوت ساڵی گرانییو قاتو قڕیی دەستیان پێکردو، خەڵك کەوتنە سەغڵەتی .

ئنجا بۆ کڕینی ئازووخەو بژیو، کوڕەکانی یەعقووب کە بیستیان لە میسر حوکمڕانێکی بەو شێوەیە هەیەو، ئازووخە دەفرۆشێ بە نرخێکی گونجاوو، ئازووخەی هەڵگرتوەو پێشتر پاشەکەوتی کردوەو پێشبینیی کردوە بۆ ئەو ساڵە گرانییانەی دێن، ئەوانیش ڕوویان کردە میسرو، چوون بۆ ئەوەی ئازووخە بێنن.

ئەوە هەمووی بە عەقڵو سەلیقە دەزانرێ، بۆیە خوا ﷻ باسی نەکردوەو یەکسەر فەرموویەتی: ﴿ وَجَآءَ إِخْوَةُ يُوسُفَ فَدَخَلُوا۟ عَلَيْهِ ﴾، برایەکانی یوسوف هاتن لێی وەژوور کەوتن، (لێی وەژوور کەوتن) مانای وا نیە لە ژوورێکی تایبەتدا بووە، یانی: هاتنە ژووری کۆشکەکەیەوە، هاتنە ژووری ئەو شوێنەی کە یوسوف لێی دادەنیشتو، لەوێوە سەرپەرشتی فرۆشتنی ئازووخەی دەکرد، ﴿ فَعَرَفَهُمْ ﴾، یەکسەر یوسوف ئەوانی ناسییەوە، ئەو (فـ)یە، بۆ بەدوا داهاتن (تعقیب)ە، یانی: کە ئەوانی بینی، یەکسەر ناسینیەوە، چونکە ئەو کاتە کە یوسوفیان خستۆتە بیرێ، یوسوف بچووك بووە، مێر منداڵ بووە، دە (١٠)، دوازدە (١٢) ساڵە بووە، بەڵام ئەوان هەموویان پیاو بوون، ئنجا کە ئینسان کە دەکەوێتە قۆناغی پیاوەتیی، دوایی

کەمتر دەگۆڕێ، بەڵام لە قۆناغی منداڵیی دا، دوایی کە دەبێتە پیاو، زۆر دەگۆڕێ، پاشان یوسوف زانیویەتی برایەکانی هەر ماون، بەڵام ئەوان نەیانزانیوە، ئایا یوسوف ماوە، فەوتاوە چی لێهاتوە؟ بە هەر حاڵ یوسوف یەکسەر ئەوانی ناسی، ﴿ وَهُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴾، بەڵام ئەوان بۆ یوسوف نەناس بوون، واتە: نەیاندەناسی، کە وەك دوایی باسی دەکەین، ﴿ وَهُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴾، یانی: سیفەتی نەناسینی ئەوان بۆ یوسوفو نەناسینەوەی ئەوان بۆ یوسوف، زۆر ڕۆچوو بووە تێیاندا .

﴿ وَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ ﴾، ئنجا دوای ئەوەی ئەوەی کە بۆی هاتبوون، (ئەو پێداویستییە کە بریتی بوو لە ئازووخە) بۆی ئامادە کردن، ﴿ قَالَ ٱئْتُونِى بِأَخٍ لَّكُم مِّنْ أَبِيكُمْ ﴾، پێی گوتن: برایەکتان کە لە بابتانە، بۆم بێنن، واتە: لە بابتانە، بەڵام لە دایکتان نیە، دایکتان جیایە، ئەو برایەتانم بۆ بێنن، ﴿ أَلَا تَرَوْنَ أَنِّىٓ أُوفِى ٱلْكَيْلَ وَأَنَا۠ خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ ﴾، ئایا نابینن من چۆن پێوانە بە تەواویی دەکەم، بە تەواویی ئازووخە بۆ خەڵك دەپێوم، ﴿ وَأَنَا۠ خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ ﴾، هەروەها من باشترین خانە خوێم، باشترین کەسانێکم کە میوانان لەلای خۆم دادەبەزێنم، (مُنزِل)، یانی: (مُضیف)، کەسێك کە خەڵك دەکاتە میوانی خۆی .

هیچ گومانی تێدا نیە کە یوسوف ﷺ لێرەدا هەر یەکسەر بەبێ پێشەکیی نەیگوتوە: ئەو برایەتان کە دایکتان جیایەو، لە بابتانە بۆم بێنن، ئەگەرنا دەکەوتنە گومان، ئەدی ئایا چۆن یوسوف ئەوەی گوتوە؟ وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین، بێگومان ئەوە چەند پێشەکییەکی هەبوون :

ڕەنگە لێی پرسی بن :

١/ ئێوە کێن ؟

ئەوانیش گوتوویانە: ئێمە هەموومان دە (١٠) کەسینو هەمووومان براین .

٢/ باشە کوڕی کێن ؟

گوتوویانە : ئێمە کوڕانی یەعقووبین .

٣/ باشە ئایا یەعقووب هەر ئەو دە کوڕەی هەن ؟

گوتوویانە: نەخێر دوو برای دیکەشمان هەبوون .

٤/ ئەوان لە کوێن ؟

یەکێکیان لە ئێمە بچووکترە، هەر لە لای بابیەتی

٥/ ئەدی ئەوی دیکە؟

گوتوویانە : ئەوی دیکەمان کاتی خۆی ون بوو .

٦/ ئنجا کێ دەڵێ: ڕاست دەکەن ؟

ئێمە ڕاست دەکەین .

٧/ باشە ئەو برایەتانم کە دەڵێن: برایەکی دیکەی هەیە لە دایکی خۆیەتی، ون بووە، ئەو برایەتانم بۆ بێنن، بۆ ئەوەی لێی بپرسم داخۆ ڕاست دەکەن، یان نا ؟

حەتمەن ئەو گفتوگۆو وتوێژەیان بووە، بەڵام خوای کارزان بە پێویستی نەزانیوە ئەو هەموو تەفاصیلو وردەکارییە باس بکات، وەك چەندان جار باسمان کردوە، یەکسەر هاتۆتە سەر شوێنی مەبەست، کە دەڵێ: برایەکتانم بۆ بێنن کە لە بابتانە، واتە: دایکتان جیایە، یانی: بە زمانی عەرەبی: (شَقِيق)، نیە (شَقيق)، ئەوەیە کە بابو دایکیان یەکبن، بەڵام (غَيرَ شَقيق)، ئەوەیە کە بابیان یەك بێ، دایکیان جیابێ، یاخود دایکیان یەك بێو، بابیان جیابێ، بەڵام لێرەدا واتە: ئەو برایەتان کە لە بابتانە، بەڵام دایکتان جیایە، بۆم بێنن، دیارە خۆیان پێشتر باسیان کردوە، کە ئێمە دوازدە برا بووینو، یەکێکمان بەو شێوەی لێهاتوەو، ئێستا لەو دایکەی کە ئەو برایەمان ون بووە، برایەکی دیکەمان هەیە، ناوی بنیامینە حاڵو حیسابی ئاوایە، ئەویش گوتوویەتی: بۆم بێنن .

ئنجا پێیان دەڵێ : ﴿ فَإِن لَّمْ تَأْتُونِي بِهِۦ فَلَا كَيْلَ لَكُمْ عِندِى وَلَا تَقْرَبُونِ ﴾، ئەگەر بۆم نەهێنن، لەلای من نە ئازووخەتان بۆ دەپێورێ، (واتە: ئازووخەتان پێ

نافرۆشین‌و بۆشتان ناپێوین)، ﴿ وَلَا تَقۡرَبُونِ ﴾، هەروەها نیزیکیشم مەکەونەوە، واتە: مەیەنە ولاتی منیشەوە، چونکە مانای وایە ئێوە ڕاست ناکەن، کە دەڵێن ئێمە وا بووین .

﴿ قَالُواْ سَنُرَٰوِدُ عَنۡهُ أَبَاهُ وَإِنَّا لَفَٰعِلُونَ ﴾، گوتیان: ئێمە هەوڵ لەگەڵ بابی دەدەین، ﴿ سَنُرَٰوِدُ عَنۡهُ ﴾، یانی: بە شێوەیەکی پەنهان هەوڵ دەدەین، کە وەك جۆرێك لە هەڵخەڵەتاندن، ئیقناعی بکەین‌و پەلکێشی بکەین، بۆ ئەو مەبەستەی کە ئێمە دەمانەوێ، ﴿ وَإِنَّا لَفَٰعِلُونَ ﴾، بێگومان ئێمە ئەنجامدەری ئەوە دەبین، واتە: پێشێ دەڵێن: هەوڵ لەگەڵ بابی دەدەین، دوایی دەڵێن: ئێمە بە تەئکید ئەو برایەمان هەر دێنین‌و هەر چۆن بێ بابمان ئیقناع دەکەین .

﴿ وَقَالَ لِفِتۡيَٰنِهِ ﴾، ئنجا یوسوف بە گەنجەکانی خۆی گوت، واتە: ئەو گەنجانەی کە لەبەردەستی بوون، ئەو خزمەتکارانە کە لەبەردەستی بوون: ﴿ ٱجۡعَلُواْ بِضَٰعَتَهُمۡ فِي رِحَالِهِمۡ ﴾، دەستمایەکەیان (کەلوپەلەکەیان) کە هاتوون ئازووخەیان پێ کڕیوە، کە مەرج نیە تەنیا دراوو پارە بوو بێ، بۆیەش دەفەرموێ: ﴿ بِضَٰعَتَهُمۡ ﴾، چونکە ئەو کاتە مەرج نەبووە، شت تەنیا بە پارە بکڕدرێ، جاری وا بووە کەلوپەلێکیان هێناوەو، ئازووخەیان پێ کڕیوە، بۆ نموونە : پێستە، یان قوماشێکیان هێناوە، یاخود شتێکی دیکەیان هێناوە، شتیان پێ کڕیوە، بۆیە (بِضَاعَة)، واتە: دەست مایە، سەرمایە ئەو نرخەی کە هێناویانە ئازووخەکەی پێ بکڕن، بۆیان بخەنەوە نێو بارەکانی خۆیان، ﴿ لَعَلَّهُمۡ يَعۡرِفُونَهَآ ﴾، بەڵکو بیناسن، یانی: کە بارەکانیان دەکەنەوە، دەزانن ئەوە نرخەکەی خۆیانە بۆیان خراوەتەوە نێو بارەکانیان، ﴿ إِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمۡ ﴾، کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ لای ماڵ‌و خێزان‌و کەسوکاریان، ﴿ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴾، ئەوە نیزیکە کە بگەڕێنەوە، واتە: وە تەماع بکەون کە ئەو حوکمڕانە چەندە لەگەڵیان بە لوتف بووە:

پارەکەشی وێداونەوە، یاخود لەبەر ئەوەی ئەوانە حەلاڵ خۆر بوون، گوتوویانە: ئەو نرخە بە هەڵە خراوەتە نێو بارەکانمان، ئێمەش حەرام ناخۆین، با بۆیان بەرینەوە، هەر نەبێ لەبەر ئەوە دێنەوە، یاخود لەبەر ئەوەی هەرچۆن بێ، وای تەفسیر دەکەن کە بە باری چاکە دایە، ئنجا ئەوە دەبێتە هاندەرو پاڵنەریان بۆ ئەوەی هاتنەوەیان مسۆگەر بێ‌و، ئەو برایەیان بێنن، کە یوسوف دیارە پێویستیی بەو کارەیە، وەك دوایی لە دەرسەکانی داهاتوودا بۆمان دەردەکەوێ .

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم : هاتنی برایەکانی یوسوف بۆ کرینی ئازووخە لە میسرڕ، چوونیان بۆ لای یوسوف، ناسینەوەی یوسوف بۆیان، نەناسینەوەی ئەوان بۆ یوسوف :

خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَجَآءَ إِخْوَةُ يُوسُفَ فَدَخَلُوا۟ عَلَيْهِ فَعَرَفَهُمْ وَهُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە لە چوار برگەدا

١) - ﴿ وَجَآءَ إِخْوَةُ يُوسُفَ ﴾ ئنجا برایەکانی یوسوف هاتن .

وەك پێشتر باسمان کرد: یانی: حەوت ساڵی هەرزانیی تێپەڕین، لە میسرڕ ئازووخەیەکی زۆر پاشەکەوت کرا، دەغڵو دانێکی زۆر کراو، دوای ئەوەی ڕمنێو هێنرا، لە گوڵەکەی خۆیدا لە عەمبارەندا هەڵگیراو پاشەکەوت کرا، ئنجا ساڵانی گرانیی هاتن، حەوت ساڵە گرانییەکان دەستیان پێکرد، لە هەموو ئەو دەڤەرو دەوروبەرە، بوو بە قاتو قڕیی گرانیی، ئنجا بیستیان کە لە میسرڕ حوکمڕانێك هەیە ئازووخە دەفرۆشێ، بە نرخێکی گونجاو، ئەوانیش هەموویان بە دە (١٠) وڵاخەوە، هەر دە (١٠) برایەکە چوون بۆ میسرڕ، لە یوسوف وە ژوور کەوتنو چوونە ژووری کۆشکەکەی .

کەواتە: ﴿ وَجَآءَ إِخْوَةُ يُوسُفَ ﴾ یانی: لەو شوێنەی کە لێی بوون، برایەکانی یوسوف لەوێوە لە بیابانەوە هاتن، ئەو برایانە کێ بوون؟ بە تەئکید دە (١٠) برایەکە بوون، چونکە دوایی بۆمان دەردەکەوێ: هەر دە

(١٠) برایەکە کە کاتی خۆی یوسوفیان خستۆتە نێو بیر، هەر دە (١٠)یان بوون کە بۆ ئازووخە هاتوون .

٢) - ﴿ فَدَخَلُوا۟ عَلَيْهِ ﴾، واتە: یەکسەر هاتنە ئەو شوێنەی کە یوسوف لێی بوو، لێی وە ژوور کەوتن، چۆن دەزانین یانی: (دَخَلُوا عَلى يوسُف)؟ چونکە پێشێ دەفەرموێ : ﴿ وَجَآءَ إِخْوَةُ يُوسُفَ فَدَخَلُوا۟ عَلَيْهِ ﴾، یانی: (فَدَخَلُوا عَلى يوسُف)، برایەکانی یوسوف هاتنو لێی وە ژوور کەوتن، واتە: چوونە ئەو شوێنەی کە یوسوف لێی دادەنیشت، لەوێدا حوکمڕانیی دەکردو سەرپەرشتیی پێوانو فرۆشتنی ئازووخەی دەکرد .

٣) - ﴿ فَعَرَفَهُمْ ﴾، یەکسەر ناسینی، ئەو فاء (ف)ە، بۆ بەدواداهاتن (تعقیب)ە، (أي : حَصَلَت مَعرِفَتُهُ إيّاهُم، بِحدَثان رؤيتِهِ إياهُم دونَ توسُّم وتأمّل)، لە زمانی عەرەبی دا (ف):

١) جاری وایە بۆ (عطف)ە .

٢) جاری وایە بۆ (جزاء)ە .

٣) جاری وایە بۆ بە دوای یەکدا هاتن (تعقیب)ە .

یانی: کە بینینی، یەکسەر ناسینیەوە، بێ ئەوەی کە تێیانەوە ڕا بمێنێو سەرنجیان بدا، پێشتر باسمان کرد کە یوسوف ئەو کاتە بچووك بووە، ئەوانە هەموو پیاو بوون، بۆیە بە ئاسانیی توانیویەتی بیانناسێتەوە .

٤) - ﴿ وَهُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴾، بەلاّم ئەوان بۆ ئەو نەناس بوون، نەناسەر بوون، واتە: سیفەتی نەناسینەوەی ئەوان بۆ یوسوف سیفەتێکی ڕۆچوو بوو، چونکە دەڵێ : (جاءَ بالجُملة الإسمية لِلدَّلالة على أَنَّ عَدَمَ مَعرِفَتِهِم بِهِ، أمرٌ ثابِتٌ مُتَمَكِّنُ فِيهِم، وَتَقديمُ المَجرورِ ﴿ وَهُمْ لَهُۥ ﴾، للتنبيهِ على أن ذَلِكَ مِن صُنعِ اللهِ تعالى، وَإلاّ فَشَمائِلُ يوسُفَ ليسَ مِما شأنُهُ أن يُجهَلَ وَيُنسى)[1]، واتە:

---

١) التحرير والتنوير، ج ١٣.

بۆیە بە ڕستەی ناویی هێناویەتی: ﴿ وَهُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴾، تاکو ئەوە بگەیەنێ کە نەناسینەوەی ئەوان بۆ یوسوف، سیفەتێکی ڕۆچوو بووە لەواندا، بۆیەش (مجرور)ەکە پێش خراوە، ﴿ وَهُمْ لَهُۥ ﴾، بۆ ئاگادار کردنەوەی لەوە، کە ئەوە هەر ساز کردنێکی خوای بەرز بوو، ئەگەرنا سیفەتەکانی یوسوفو حاڵو وەزعی یوسوف، ئەوە نەبوو کە نەزانرێو لە بیر بکرێ .

دەبوو بیناسنەوە، بەلام وەك لە کوردەواریی خۆماندا دەڵێن: لە کوولەکەی تەرپشدا فکری ئەوەیان نەکردوە، کە ئەو حوکمڕانەی میسر ئەو کەسەی کە لەوێ بۆتە فەرمانڕەوای میسر، ئەو برایەیان بێ، کە کاتی خۆی بێ ڕەحمییان لەگەڵدا کردوەو، خستوویانەتە بیرەوە !

وەك گوتم: دوایی دەزانرێ: ئەو برایانەی کە هاتوون دە (١٠) بوونو بنیامینیان لەگەڵدا نەبووە، لەبەرئەوەی لەوان بچووکتر بووە، یاخود لەوانەیە بابیان بەهۆی ئەوەوە کە یوسوفیشی لێ ون بووە، دڵی بەو برایەیان خۆش بوو بێ، کە هەر ئەو لە دایکی خۆی ماوە، ئیدی ئەوە هەمووی دوایی دەردەکەوێ، بەلام بە پێی سیاق دەزانرێ، کە ئەوانە دە (١٠) برا بوون، چونکە دوایی کە یوسوف دەڵێ: برایەکی دیکەی خۆتانم بۆ بێنن، برایەکان کە دەچنەوە دەڵێن: بابە ئەو برایەشمان لەگەڵ بنێرە، چونکە ئەو بارانەی ئێمە، کەمن .

مەسەلەی دووەم : دابین کردنی ئازووخەو پێداویستیی سەفەر بۆ برایەکانی، لەلایەن یوسوفەوە، ئنجا داواشی لێکردن: برایەکیان کە لە بابیانەو لە دایکیان نیە، لەگەڵ خۆیان بیهێنن، ئەگەر نا ئازووخەیان پێناداو ڕێگاش نادات بێنە وڵاتی میسر:

خوا عزوجل فەرموویەتی: ﴿ وَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ قَالَ ٱئْتُونِى بِأَخٍ لَّكُم مِّنْ أَبِيكُمْ ۚ أَلَا تَرَوْنَ أَنِّىٓ أُوفِى ٱلْكَيْلَ وَأَنَا۠ خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ ﴿٥٩﴾ فَإِن لَّمْ تَأْتُونِى بِهِۦ فَلَا كَيْلَ لَكُمْ عِندِى وَلَا تَقْرَبُونِ ﴿٦٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە بەپێزە لە شەش بڕگەدا

١) - ﴿ وَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ ﴾، ئنجا کاتێك کە پێداویستیی سەفەری بۆ ئامادە کردن، واتە: ئەو دەغڵو دانو ئازووخەیەی کە بۆی هاتبوون، هەر کەسە باری خۆی بۆ ئامادە کردن، (جَهاز)، یان (جِهاز)، هەردووکیان هاتوون، (ما يَحْتاجُ إليهِ المُسافِرُ، وَما سافَرَ لأَجْلِهِ مِنَ الأَحْمالِ، وَالتجهِيز: إِعْطاءُ الجِهاز) .

(جَهاز) و (جِهاز)، هەر شتێکە کە بابای ڕێبوار سەفەری لە پێناودا دەکات، بە تایبەت ئەوەی کە بۆی چووە بۆ سەفەرێ، ئەو بارە کە لەگەڵ خۆی بیهێنێتەوە .

(تَجهِيز)یش بریتیە لە پێدانی بارو پێداویستیی سەفەر، بەو کەسەی کە بۆ ئەو مەبەستە هاتوە، کاتێك کە بارەکانی بۆ ئامادە کردن، واتە: ئازووخەی تەواوی بۆ پێوانو، ئەوەی کە بۆی هاتبوون، کە بریتی بوو لە کڕینی ئازووخە، بۆی ئامادە کردن .

٢) - ﴿ قَالَ ٱئْتُونِي بِأَخٍ لَّكُم مِّنْ أَبِيكُمْ ﴾، گوتی: برایەکتانم بۆ بێنن کە لە باوکتان بێ، واتە: لە دایکتان نەبێ، وەك پێشتریش باسمان کرد: هیچ گومانی تێدا نیە کە پێشتر قسەو باسی دیکە کراون، هەڵبەتە ئێمە دوایی باس دەکەین کە لە پەیمانی کۆندا، لە تەوراتدا باس دەکات، کە بۆچی یوسوف ﷺ گوتوویەتی: برایەکی باوکیتانم بۆ بێنن، یانی: لە دایکتان نەبێ؟ بەڵام ئەگەر ئەوەی تەوراتیش ڕاست نەبێ، گرنگ ئەوەیە هەندێك قسەو باس کراون .

بەم شێوەیە :

١) ئێوە کێن ؟

ئەوانیش گوتوویانە: ئێمە دە (١٠) براین .

٢) ئایا هەمووتان برای یەکدین ؟

بەڵێ .

٣) کوڕی کێن ؟

کوڕی یەعقووبین، یەعقووبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم، ئێمە بابو باپیرانمان پێغەمبەرن .

٤) ئایا ئێوە هەر ئەو دە (١٠) برایەن ؟

نەخێر، ئێمە یازدە (١١) براین .

٥) برایەکەی دیکەتان لە کوێیە ؟

لە ماڵەوەیە .

٦) هەر تەنیا ئەو یازدەیەن ؟

نەخێر ئێمە دوازدە برا بووین، بەڵام یەکێك لە برایەکانمان فەوتا ! لە بیابان فەوتا !

٧) ئەدی ئەو برایەی دیکەتان کە دەڵێن : دایکیان یەك بوو، ماوە ؟

بەڵێ .

٨) ناوی چییە ؟

بنیامین .

٩) لە ماڵێیە ؟

بەڵێ .

١٠) ئەگەر ڕاست دەکەن ئەمجارە کە هاتنەوە بۆم بێنن، بۆ ئەوەی بزانم کە ئێوە ڕاستگۆنو ڕاست دەکەن هەمووتان بران .

دەبێ ئەو قسەو باسانە كرابن، بە پێی سیاق دیارە، بەڵام لە (التفسیر التَّطبیقِي للكِتابِ المُقَدَّس، العَهدُ القَدیم سفرُ التكوین)، لە لاپەڕە (١٠٨ و ١٠٩)دا، هاتوە: كە یوسوف تۆمەتباری كردوون : ئێوە بۆ سیخوڕیی هاتوون، هاتوون جاسووسیی بكەن، ئنجا لەوێدا دەڵێ : سێ ڕۆژان هەر دە (١٠) برایەكەی خستنە زیندانەوەو، دوای سێ ڕۆژان شەمعوونی بە بارمتە گرتو كەلەبچەی كردو، گوتی ئەمە لێرە دەبێ، هەتا ئێوە دەچنەوەو ئەو برایەی دیكەتان دێنن، تاكو بزانم ڕاست دەكەن، یان نا ؟ ئنجا ئەگەر ئەوتان هێنا، ئەو كاتە ئەم برایەشتان كە لێرەدا بە بارمتە گیراوە، وێتان دەدەمەوەو ئازادی دەكەم .

لە پەیمانی كۆن، لە تەوراتدا ئاوا دەڵێ، گرنگ ئەوەیە هەر چۆن بێ یوسوف ﷵ یەكسەر نەیگوتوە: برایەكتانم بۆ بێنن، بە بێ پێشەكیی و ڕێخۆش كردن، حەتمەن دیارە قسەو باسی دیكەش بوونو وەك دەڵێن: قسە قسە دێنێ، ئنجا لە ئەنجامی قساندا، گەیشتۆتە ئەوەی كە پێیان بڵێ: برایەكتانم كە لە بابتانەو دایكتان جیایە، بۆم بێنن، تاكو دڵنیابم كە ئێوە ڕاست دەكەن .

٣) - دوایی هانیان دەداو، دەفەرموێ: ﴿أَلَا تَرَوۡنَ أَنِّيٓ أُوفِي ٱلۡكَيۡلَ وَأَنَا۠ خَيۡرُ ٱلۡمُنزِلِينَ ﴾، ئایا نابینن من چۆن پێوانە تەواو دەكەم بە تەواویی و، بە چاكیی ئازووخە بۆ خەڵك دەپێوم، ﴿وَأَنَا۠ خَيۡرُ ٱلۡمُنزِلِينَ ﴾، هەروەها من باشترینی كەسانێكم كە میواندارییی دەكەنو خەڵك بە میوان لەلای خۆیان دادەبەزێنن؟ چونكە (مُنزِل)، واتە: دابەزێنەر، (مُضیف)، واتە: بەمیوانكەر. یانی: كەسێك كە خەڵك میوان دەكا لەلای خۆی، واتە: خانەخوێ، ئایا نابینن من باشترین خانەخوێم، واتە: مادام من هەم ئازووخەتان باش بۆ دەپێومو، هەم خانەخوێیەكی باشیشم، ئەو برایەشتان بێننو، جارێكی دیكەش وەرنەوەو ئازووخەی دیكە بەرن .

(كَیـْلَ)، هەم بە مانای ئەو دەفرە دێ، كە شتی پێ دەپێورێو، هەم بە مانای پێوانیش دێ، لێرەدا بە مانای پێوانە .

٤) - ﴿ فَإِن لَّمۡ تَأۡتُونِي بِهِۦ ﴾، ئەگەر ئەو برایەتانم بۆ نەهێنن .

٥) - ﴿ فَلَا كَيۡلَ لَكُمۡ عِندِي ﴾، واتە: لە لای من بۆتان ناپێورێ .

لێرەدا ﴿ كَيۡلَ ﴾، چاوگە بە مانای (الإكتيالْ)، (أي لا يُكالُ لَكُم)، بۆتان ناپێورێ، واتە: ئازووخەتان پێ نافرۆشین، تاکو دوایی بپێورێو نرخەکەی دیاری بکرێ، (الكيل هنا كِناية عَن ابتياعِ الطعَامِ)، واتە: لێرە ئازووخە ناکڕنو ئازووخەتان پێ نافرۆشرێ .

٦) - ﴿ وَلَا تَقۡرَبُونِ ﴾، (أَي: لا تَقرَبونِي بِدُخولِ بِلادِي مَرة ثانية)، جارێکی دیکە نەیەنو نیزیکی من نەبن کە بێنە ولاتی منەوە، بەلام لێرەدا ﴿ وَلَا تَقۡرَبُونِ ﴾، دەڵێ: (الياء: مَحذُوفة وَالنونُ نونُ الوِقاية)، یانی: ئەسڵی خۆی (وَلاَ تَقرَبوني)یە، بەلام دیارە ئێستا (ي)ەکە فرتێنراوەو ئەو (ن)ەش، (ن)ی (وِقاية)ی پێ دەڵێن، لە کاتێکدا کە (الفعل المُضارِع) جەزم دەبێ، (ي)کەی (حَذف) دەبێ .

مەسەلەی سێیەم : بەڵێندانی برایەکانی یوسوف بە هێنانی ئەو برایەیان (بنیامین)، کە هەر چۆن بووە بابیان ئیخفاڵ دەکەنو، بە تەئکید ئەو برایەیان دەهێنن .

وەك خوا دەفەرموێ : ﴿ قَالُواْ سَنُرَٰوِدُ عَنۡهُ أَبَاهُ وَإِنَّا لَفَٰعِلُونَ ٦١ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە لە دوو بڕگەدا

١) - ﴿ قَالُواْ سَنُرَٰوِدُ عَنۡهُ أَبَاهُ ﴾، گوتیان: ئێمە بابی دێنینە سەر قەناعەتی خۆمانو هەر چۆن بێ ئیقناعی دەکەین، یان: ئیخفاڵی دەکەینو فێڵی

لێدەگەین و، بە هەر شێوەیەك با هەوڵ دەدەین: ئەو کوڕەی لە دەست دەربێنین و لەگەڵ خۆمانی بێنین .

٢) - ﴿ وَإِنَّا لَفَٰعِلُونَ ﴾، ئێمە بێگومان ئەنجامدەری ئەوەین، واتە: ئەنجامدەری ئەو هەوڵ لەگەڵ دانەی بابمانین، یاخود: ئێمە ئەنجام دەری هێنانی ئەو برایەمانین، پێشان هەر بەڵێنیان پێدا، کە هەوڵ لەگەڵ بابیان بدەن و لەگەڵی تێبکۆشن، بابیان پەلکێش بکەن بۆ قەناعەتەکەی خۆیان، کە ئەو برایەیان لەگەڵ بنێرێ، دوایی چوونە سەرترو بە جەزمیی گوتیان: بێگومان ئێمە ئەو برایەمان هەر دەهێنین .

ئەگەر (فاعلون) بگەڕێتەوە بۆ هێنانی برایەکەیان، واتە: بە تەئکید ئێمە ئەو برایەمان هەر دێنین و ئەنجامدەری هێنانی برایەکەمان دەبین .

بەڵام ئەگەر بچێتەوە بۆ (نُراوِدُ)، واتە: بە تەئکید ئێمە ئەنجامدەری هەوڵدان دەبین لەگەڵ بابمان، کە ئیخفاڵی بکەین و قەناعەتی پێ بێنین و، ئەو برایەمان لەگەڵ بنێرێ .

مەسەلەی چوارەم و کۆتایی : فەرمانکردنی یوسوف بە گەنجە بەردەستەکانی کە سەرپەرشتیی فرۆشتن و پێوانی ئازووخەیان بۆ کردوە، کە دەستمایەکانیان، {دەستمایەکانی برایەکانیان: نرخەکەیان} بۆ بخەنە نێو بارەکانیان، بەڵکو پاش ناسینەوەی نرخی ئازووخەکەیان کە پێیان کڕیوە، لە نێو بارەکانیاندا، بگەڕێنەوە بۆ میسر :

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ لِفِتْيَـٰنِهِ ٱجْعَلُوا۟ بِضَـٰعَتَهُمْ فِى رِحَالِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَعْرِفُونَهَآ إِذَا ٱنقَلَبُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە لە چوار بڕگەدا

١) - ﴿ وَقَالَ لِفِتْيَـٰنِهِ ﴾ ئنجا بە گەنجەکانی خۆی گوت .

القاسمي دەڵێ: (أي لِخُدَّامِهِ الكَيَّالين)، واتە: خزمەتكارەكانی كە ئازووخەیان دەپێوا .

(الفَتَى: مَن كانَ في مَبدَأ الشَّبابِ ومُؤَنَّثُهُ: فَتاة، وَيُطلَقُ عَلَى الخادِمِ تَلَطُّفاً)، (فَتَى)، گەنجێكە كە تازە پێدەگا لە سەرەتای تەمەنی گەنجیەتییدا، (فَتَى)، بۆ نێرە، (فَتَاة) بۆ كچە، بۆ مێیە، واتە: لاوی كوڕو كچ، بەلام وشەی (فَتَى)، بۆ خزمەتكاریش بەكاردێ، وەك نەرمیی نواندن لە تەعبیرداو ڕێزلێگرتن كە لە جیاتی بڵێ: خزمەتكار، دەڵێ: گەنج، لاو، هەروەك بۆ كۆیلەش بەكارهاتوە، لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: {لا يَقُولَنَّ أَحَدُكُمْ: عَبْدِي وَأَمَتِي، وَلكِنْ لِيَقُلْ: فَتَايَ وَفَتَاتِي} {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٨١٨٢)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٢٤١٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٢٤٩)، وَأَبودَاوُدَ برقم: (٤٩٧٥)، عَنْ أَبي هريْرَةَ ﷺ}، واتە: با یەكێك لە ئێوە نەڵێ: بەندەكەمو كەنیزەكەكەم (بەندە نێرینەكەم، یان بەندە مێینەكەم) بەڵكو با، بڵێ: گەنجەكەمو كچەكەم .

بۆ ئەوەی وشەی (عَبْد)و وشەی (أمة) بەكارنەهێنرێ، چونكە خەڵك هەمووی تەنیا بەندەی خوایە.

٢) - یوسوف چی پێگوتن؟ ﴿ ٱجْعَلُواْ بِضَٰعَتَهُمْ فِى رِحَالِهِمْ ﴾، دراوەكەیان، یاخود ئەو شتەی كە ئازووخەكەیان پێ كڕیوە، بیخەنە نێو بارەكانیان، ئنجا ئەو (بِضاعَةَ)یە :

پارەیە یان هەر شتێكە، (البِضاعَةُ: المالُ أو المُتاعُ المُعَدُّ للتِّجارَة)، (بِضَاعَة)، بریتیە لە سامانێك یاخود كەلوپەلێك كە ئامادە كراوە بۆ بازرگانیی .

لێرەدا وا پێ دەچێ زیاتر مەبەست پێی ئەو پارە زیوە بوو بێ، كە خواردنو ئازووخەكەیان پێ كڕیوە، ﴿ رِحَالِهِمْ ﴾یش، پێشتریش گوتمان (رِحَال)، (جَمعُ رَحْل: ما يُوضَعُ على البَعيرِ مِن مَتاعِ الراكِبِ)، لە شوێنێكی دیكە لە جیاتی (رِحَالهم) دەفەرموێ: (أمتِعتِهم)، یانی: ئەو تێرو جەواڵو

شتە كە كەلوپەلی تێ دەهاویشترێو دەخرێتە سەر پشتی ولاّخ، (رِحَال)یش، كۆی (رَحْل)ە، واتە: بار، ئەو شتەی دەخرێتە سەر پشتی ولاّخ .

٣) - ﴿ لَعَلَّهُمْ يَعْرِفُونَهَآ إِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمْ ﴾ بەڵكو بیناسنەوە، واتە: دراوەكەی خۆیان، نرخو دەست مایەكەی خۆیان بناسنەوە، كاتێك كە گەڕانەوە لای ماڵو خێزانیان، واتە: بزانن كە: ئەوە خودی دراوەكەو خودی دەستمایەكەی خۆیانە، چ لەبەر ئەوەی دراوی شوێنی خۆیان بووە، چ لەبەر ئەوەی ئەو پرێسكەو توورەكەی دراوەكەی تێدا بووە، دەیناسنەوە، وەك لە تەوراتدا واهاتوە، واتە: دەزانن كە ئەوە بە ئەنقەست خراوەتە نێو بارەكانیان، یاخود بە لەبیرچوونو لێیان تێكچووەو، دراوەكەیان خراوەتە نێو بارەكانیان .

ئنجا لەبەر ئەوەی ئەوانیش حەرام ناخۆن، دەگەڕێنەوە، یاخود لەبەر ئەوەی پێیان وابێ : عەزیزی میسر چاكەی لەگەڵدا كردوونو رێزی گرتوون، ئەوانیش پێویستە لە بەرانبەر چاكەدا چاكە بكەنو، جارێكی دیكە بگەڕێنەوە لای، ئەوە ببێتە هاندەریان، ئنجا بە هەر بارێكیان دابێ، ئەوە دەبێتە هاندەریان بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ میسر .

٤) - ﴿ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴾ بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە .

دەشگونجێ بۆیە یوسوف دراوو نرخەكەی بۆ خستبنەوە نێو بارەكانیان، لەبەرئەوەی هەستی كردبێ، كە هەژارو نەدارن، رەنگە پارەیان نەبێ جارێكی دیكە بێنەوە، ئازووخەی پێ بكڕن، بۆیە گوتوویەتی: با پارەكەیان بۆ بخەینە نێو بارەكانیان، بۆ ئەوەی دەستمایەكیان هەبێو بێنەوە جارێكی دیكە ئازووخەی پێ بكڕن، یاخود هەر لەبەرئەوە كە برای بوونو بەزەیی بەوانو بە بابیشو بە خزمو كەسی دا هاتۆتەوە .

هەر چۆن بێ، یوسوف مەبەستی ئەوە بووە، كە ئەوە ببێتە هاندەریان بۆ هاتنەوە، ئنجا :

١- چ وەك چاكە لەگەڵدا كردن .

٢- چ وەك هاوكاریی كردن .

٣- چ وەك منەت بارکردنیان .

٤- چ وەك ئەوەی واداریان بکات کە مادام ئەو دراوە خراوەتە نێو بارەکانیان، ئنجا بە لەبیرچوون بێ، یاخود بە پێ بەخشین بێ، ئەوە ببێتە هاندەریان کە جارێکی دیکە بێنەوە بۆ میسرو، بێنەوە بۆ لای یوسوفو برایەکەشیان لەگەڵ خۆیاندا بێنن .

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی دەیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە شەش (٦) ئایەت پێك دێ، ئایەتەکانی: (٦٣ تا ٦٨)، ئەم دەرسەش ئاڵقەی نۆیەمی زنجیرەی بەسەرهاتی یوسوف ﷺ دەگرێتە خۆی، کە تێیدا باسی گەڕانەوەی دە (١٠) کوڕەکانی یەعقووب، واتە: دە (١٠) برایەکانی یوسوف کە لە دایکی خۆی نەبوون، گەڕانەوەیان بۆ لای بابیان، باسی ئەوە کراوە، کە پێیان ڕاگەیەنراوە: ئەگەر بێتو برایەکەیان، بنیامینی برای دایکیی‌و بابیی یوسوف، لەگەڵ خۆیان نەبەن بۆ میسر، ئازووخەیان پێ نادرێ، بەڵکو ئاگادار کراونەوە کە نابێ هەر نیزیکی میسریش بکەونەوەو بچنە نێو وڵاتی میسرەوە، دیارە بابیشیان کەمتەرخەمییان لەبارەی یوسوفەوە، دەخاتەوە یادیان، کە چۆن بەحیساب زەمانەتیی پاراستنییان کرد، بەڵام دوایش نەیانپاراست، ڕاشیدەگەیەنێ کە هەر خوا دەیپارێزێ، ئەگەرنا متمانەم بە ئێوە نیە .

ئنجا کە کوڕەکان بارەکانیان دەکەنەوە، دەبینن دەست مایەکەیان ئەو نرخەی کە ئازووخەکەیان پێ کڕیوە، بۆیان گێڕدراوەتەوەو خراوەتە نێو بارەکانیانەوە، گفتیش بە بابیان دەدەن کە ئەگەر برایەکەیان لەگەڵ بنێرێ، بیپارێزن‌و بارێکیش ئازووخە زیاد دەکەن، کە زیادکردنی ئەو بارە ئازووخەیە، شتێکی کەمە بۆ ئەو بەرپرسەی ئازووخە لە میسرو، بە ئاسانیی پێیان دەدات، بابیشیان پێیان دەڵێ: هەتا پەیمانێکم بە ناوی خواوە نەدەنێ، کە مەگەر بێ چارە بکرێن‌و دەورتان بگیرێ‌و، هیچ دەرفەتتان نەبێ، ئەگەرنا برایەکەتان هەر دێننەوە، لەگەڵتان نانێرم، ئەوانیش بەو جۆرە بەڵێنی پێدەدەن .

ئنجا بابیان ئامۆژگارییان دەکات کە لە یەك دەروازەوە نەچنە ژوور بۆ شار، بەڵکو لە دەروازەی جۆراوجۆرە، بچن، دیارە شارەکە چەند دەروازەیەکی هەبوون، وەك ئەو شارە لە مێژینانە، ئێستاش هەروانە .

پاشان خوای پەنهانزان ڕایدەگەیەنێ کە بەو جۆرەی بابیان فەرمانی پێکردن، چوونە نێو شارەوە، هەرچەندە ئەو ڕێنمایی‌و ئامۆژگارییەی یەعقووب بۆ کوڕەکانی لە بەرانبەر ویستی خوادا، سوودیان پێ ناگەیەنێ‌و، ئەگەر خوا بیەوێ شتێك بێتە پێش، هەر دێ، کە ئەمەش مەبەست پێی ئەوەیە، کە ئینسان هەمیشە چاوی لەسەر ئەوە بێ : ئیرادەی ڕەهای خوا ﷻ کارەکان هەڵدەسووڕێنێ، ئەگەرنا هۆکارەکانیش هەر خوا وای کردوە: کاریگەرییان هەبێ .

﴿ فَلَمَّا رَجَعُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَبِيهِمْ قَالُوا۟ يَٰٓأَبَانَا مُنِعَ مِنَّا ٱلْكَيْلُ فَأَرْسِلْ مَعَنَآ أَخَانَا
نَكْتَلْ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٦٣﴾ قَالَ هَلْ ءَامَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلَّا كَمَآ أَمِنتُكُمْ عَلَىٰٓ
أَخِيهِ مِن قَبْلُ ۖ فَٱللَّهُ خَيْرٌ حَٰفِظًا ۖ وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٦٤﴾ وَلَمَّا فَتَحُوا۟ مَتَٰعَهُمْ
وَجَدُوا۟ بِضَٰعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ ۖ قَالُوا۟ يَٰٓأَبَانَا مَا نَبْغِى ۖ هَٰذِهِۦ بِضَٰعَتُنَا رُدَّتْ
إِلَيْنَا ۖ وَنَمِيرُ أَهْلَنَا وَنَحْفَظُ أَخَانَا وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ ۖ ذَٰلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ ﴿٦٥﴾ قَالَ لَنْ
أُرْسِلَهُۥ مَعَكُمْ حَتَّىٰ تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ لَتَأْتُنَّنِى بِهِۦٓ إِلَّآ أَن يُحَاطَ بِكُمْ ۖ فَلَمَّآ ءَاتَوْهُ
مَوْثِقَهُمْ قَالَ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ ﴿٦٦﴾ وَقَالَ يَٰبَنِىَّ لَا تَدْخُلُوا۟ مِنۢ بَابٍ وَٰحِدٍ وَٱدْخُلُوا۟
مِنْ أَبْوَٰبٍ مُّتَفَرِّقَةٍ ۖ وَمَآ أُغْنِى عَنكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ ۖ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۖ عَلَيْهِ
تَوَكَّلْتُ ۖ وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿٦٧﴾ وَلَمَّا دَخَلُوا۟ مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُم مَّا
كَانَ يُغْنِى عَنْهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ إِلَّا حَاجَةً فِى نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَىٰهَا ۚ وَإِنَّهُۥ
لَذُو عِلْمٍ لِّمَا عَلَّمْنَٰهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾

مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکـان

{ئنجـا کاتێـك (دە کورەکـان) گەڕانـەوە بـۆ لای بابیـان، گوتیـان: ئـەی بـابی خـۆمـان! پێشگیـریی (کـڕیـنو) پێوان (ی ئـازووخـە)مـان لێکـراوە، دەجـا (ئـەگـەر دەتـەوێ ئـازووخـەمـان بدەنـێ) برایـەکەمـانمـان لـەگـەڵ بنێـرە (ئـازووخـە دەکـڕینو) دەپێـوینو، بێگومـان ئێمـە پارێزەریشـی دەبـین ﴿٦٣﴾ (بابیـان) گوتـی: (ئـەگـەر بـە ئـەمینـدارتـان دابـنێم)، ئـایـا هـەر بـەو جـۆرە بـە ئـەمینـدارتـان دابـنێمو لـەبارەیـەوەو لێتـان دڵنیـابم، کـە پێشتـر بـە ئـەمیندارم دانـان، لـە بـارەی برایـەکـەیـەوە؟! (واتـە: یوسوف)، هـەر خـوا باشتـرین پارێـزەرەو، ئـەویش بـە بـەزەیتـرینی بـە بـەزەییانـە ﴿٦٤﴾ کـاتێـك بـارەکـانیـان کـردنـەوە (ئـازووخـەی نێـو بارەکـانیـان تـەماشـا کـرد) دەستمـایـەکەیانیـان بینی بـۆ لایـان گێڕدرابـۆوە، گوتیـان: ئـەی بابی خـۆمـان! لـەوە زیاتـر چیمـان دەوێ، (بـۆ دڵنیـایی لـە سـەلامـەت بـوون لـەو سـەفـەرەمـاندا) ئـەمـە دەستمـایـەکەمـانـە بـۆمـان گێڕدراوەتـەوە، (کـەواتـە: بـا بچین بـۆ ئـەو سـەفـەرە)، ئـازووخـەش بـۆ کـەسوکـارمـان دێنیـنو، برایـەکـەشـمـان دەپارێـزینو بـاری پێـوراوی حوشتـرێکیش زیـاد دەکـەیـن، ئـەو بـارە پێـوراوە (زیـادەیـە) کـەمـە (بـۆ ئـەو بەرپرسـەی ئـازووخـە لـە میسـڕو، بـە ئـاسـانیی دەمـانداتێ) ﴿٦٥﴾ بابیـان گوتی: هـەتـا لـەلایـەن خـواوە (بـە نـاوی خـواوە) بـەڵێنو پەیمـانم نـەدەنـێ کـە: بـە دڵنیـایی بـۆم دێننـەوە، مـەگـەر بـێ چـارەو دەرەتـان بـن، ئـابڵووقـە بدرێـن، هـەرگیز لـەگـەڵتـان نـانێـرم، ئنجا کاتێك بـەڵێنی خـۆیـانیـان پێدا، بـەو جـۆرەی بـابیـان داوای کـردبـوو، گـوتـی: خـوا لـەسـەر ئـەو قسـەیەی دەیڵێیـن، کـار پێسپێـرراو (و شـایـەد) بـێ ﴿٦٦﴾ (بـابیـان) گـوتی: ئـەی کورەکـانـم ! لـە یـەك دەروازەوە مـەچنـە ژوور (شـار)و، لـە چـەند دەروازەیـەکی جیـا جیـاوە بچنـە ژوورو، مـن بـەم ئـامۆژگـارییـەم هـیچ

سوودێکتان پێ ناگەیەنم لە بەرانبەر (بەڵای) خوادا، بڕیار هەر هی خوایە، پشتم هەر بەو بەستوە، پشت بەستووانیش با هەر پشت بەو ببەستن ﴿٦٧﴾ کاتێك لەو شوێنەوە کە بابیان فەرمانی پێ کردن، چوونە ژوور شار، (کە بێگومان ئەوەی پێی گوتبوون) لە بەرانبەر ویستی خوادا، هیچ سوودی پێ نەدەگەیاندن، ئەگەر خوا نەیویستبایە سەلامەت بن، تەنیا ئەوەندە بوو یەعقووب پێویستییەکی دەروونیی خۆی بوو، دەریبڕیو جێبەجێی کردو، ئەو (یەعقووب) بەهۆی فێرکردنو شارەزاکردنی ئێمەوەو، خاوەن زانیارییەکی گرنگو مەزن بوو، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن. (کە زانیاریی ڕاستو بێخەڵتە، تەنیا لە ڕێی وەحیی خواوە دەستگیر دەبێ) ﴿٦٨﴾} .

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(ٱلْكَيْلُ) : (الكَيلُ ما يُكالُ بهِ، وَكذلِكَ المِكيالُ، كالَ كَيْلاً: مَصْدَرٌ)، وشەی (كَيل)، بە دوو واتا بەكاردێ :

١- ئەو دەفرەی كە شتی پێ دەپێورێ، كە لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێك، لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێك جیایە، بۆ وێنە: لە نێو كوردەواریی خۆماندا بە تەنەكە شت دەپێون، بە ڕبە دەیپێون، وەك دەڵێ: (كەس بە ڕبەی كەس ناپێوێ)، یان دەڵێ: (فلان كەس بۆتە ڕبە شرە، كەس پێی ناپێوێ، لەخۆڕا دەڵێ: شازدەو نیو)، دیارە (ڕبە): ئەندازەیەك بووە، دەفرێك بووە، شتیان پێ پێواوە، كەواتە: (كیل) ئەو ئامرازەیە كە شتی پێ دەپێورێ‌و (مِكیال)یشی پێ دەگوترێ، (مِكیال)یش یانی: پێوەر، دەفرێك كە دەغڵی پێ دەپێون، ئازووخەی پێ دەپێون، شتی شل، یان شتی وشكی پێ دەپێون .

٢- هەروەها دەگوترێ: (كالَ كَيلاً)، واتە: پێوای بە پێوان، كەواتە: (كَيْل) وەك چۆن بە پێوەر دەگوترێ، ئەوەی ئازووخەیەك، شتێكی پێ دەپێورێ، بە هەمان شێوە چاوگیشەو (كَيْل)، یانی: پێوان .

(نَكْتَلْ) : یانی: دەپێوین، ئازووخە دەكڕین‌و دەیپێوین، ئەو كاتە دیارە زیاتر لەو وڵاتە عادەتی پێوانی ئازووخەو خواردەمەنی هەبووە، نەك كێشانی بە تەرازوو (میزان) كە بۆ كێشانەو (كَیل)یش بۆ پێوانە، چونكە شت یان دەبێ بكێشرێ، یان دەبێ بپێورێ، دیارە ئەو كاتە لەو شوێنە زیاتر عادەتیان وا بووە شتیان پێواوە .

(هَلْ ءَامَنُكُمْ عَلَيْهِ): ئایا دڵنیابم، بە ئەمیندارتان دابنێم، لێتان دڵنیابم بەنسبەت بنیامینەوە، دەڵێ: (الإستِفهامُ لِلإنكارِ)، یانی: (ما ءَاتَمِنُكُم عَلَيهِ)،

ئەو هەمزە (أ)یە (إستِفهامية)یە، بۆ پرسیارکردنی نکوولّیی لێکەرانەیە، واتە: من بە ئەمیندارتان دانانێم بەرانبەر بەو کوڕەم کە تەسلیمتان دەکەم، دەگوترێ: (آمَنَهُ عَلَيْهِ، وَائتَمَنَهُ عَلَيْهِ)، هەردووکیان بە یەك واتان، واتە: ئەو کەسەی بە ئەمیندار داناو، بە دەست پاکی دانا بەرانبەر بەو کەسە، یاخود بەرانبەر بەو شتە، کە پێی سپاردوە .

(مَتَٰعَهُمْ): (أَصْلُ المَتَاعِ ما يُتَمَتَّعُ بِهِ، وَأُطْلِقَ هُنا عَلَى أَعْدَالِ الطَّعَامِ، وَأَحْمالِهِ مِن تَسْمِيَةِ الشَّيءِ باسمِ الحَالِّ فِيهِ)، (مَتَاع)، لە ئەسڵدا هەر شتێکە کە ئینسان بەهرەی لێوەربگرێ، سوودی لێوەربگرێ بە شێوەیەکی کاتیی، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی بارەکانی خواردنو ئازووخەیەو، ئەو بارانەیەو ئەو جەواڵو تێرو شتانەیە کە خواردنیان تێکراوە، وەك چۆن ئێستا لە لادێ ئازووخەو شت بە گونیەو تەلیسو جەواڵ، دەگوازنەوە، ئەوەش ناونرانی شتێکە بە ناوی ئەو شتەوە کە تێیدایە، ئەگەرنا (مَتاع)، بریتیە لەو خواردنو ئازووخەیە کە لە نێو بارەکاندا بووە، ﴿فَتَحُواْ مَتَٰعَهُمْ﴾، واتە: بارەکانیان کردنەوە کە خواردنەکەی تێدایە .

(مَا نَبۡغِي): دەگوترێ: (بَغَى ضالَّتَهُ يَبْغِيها: طَلَبَها، وَأَبغَاهُ الشَيءَ: طَلَبَها لَهُ)، (بَغَى ظالَّتَهُ يَبْغِيها)، واتە: ئەو شتەی لێی ونبوو بوو، بە دوایدا گەڕا، داوای کرد، (وَأَبغَاهُ الشَّيءَ)، واتە: ئەو شتەی بۆ ئەو داوا کرد ﴿مَا نَبۡغِي﴾، واتە: چی دیکەمان پێویستە، چی دیکە داوا دەکەین ؟

هەندێکیش گوتوویانە: ﴿مَا نَبۡغِي﴾، یانی : (ما نَظلِمُ، ما نَتَجاوَز)، ستەم ناکەین، کە دەڵێ: برایەکەمان وێدە، زێدەڕۆیی ناکەین، بەڵکو هەق دەڵێین: بە بەڵگەی ئەوەی ئەو نرخو دراوەی کە ئازووخەکەمان پێ کڕیوە، بۆمان نێردراوەتەوە .

(وَنَمِيرُ أَهۡلَنَا): واتە: ئازووخە بۆ ماڵو منداڵمان بۆ کەسوکارمیان دێنین، (المِيرَةُ: الطَّعَامُ المَجْلُوبُ)، (مِيرَة)، واتە: ئازووخەیەکی هێنراو، کە لە

شوێنێکەوە هێنرابێ. ﴿ وَنَمِيرُ ﴾ واتە: ئازووخە دێنین، خواردن دێنین، پەندێکی عەرەبی هەیە، دەڵێ: (ما عِنْده خَيرُ ولا مَيْرُ)، واتە: فلان کەس نە خێرێکی لە لایە، نە ئازووخەیەکی لەلایە .

(مَوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ): واتە: پەیمانێك لە خواوە، دەڵێ: (الموثِقُ: الميثاقُ)، (موثِقْ) بە مانای (مِیثاقْ) دێ، واتە: پەیمانێکی پتەو، (مَصْدَر مِیميٌّ مِنَ التوثِيقِ، وأُطلِقَ هُنا على المَفعولِ)، (موثِق)، چاوگێکی (م) میمییە بۆ (توثِيق)، (وَثَّقَ، يُوَثِّقُ توثِيقاً وَموثِقاً)، واتە: بەڵێنێکی پتەوی دا، لێرە بە مانای (مَفعول) بەکارهاتوە (موثِق)، یانی: بەڵێنو پەیمانێکی مەحکەم کراو، بەهۆی سوێند خواردن بە خواوە، ﴿ مَوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ ﴾، واتە: پاڵدراوەتە لای خوا، سوێندی لەسەر خوراوەو، خوای لەسەر کراوەتە شایەد .

(إِلَّآ أَن يُحَاطَ بِكُمْ) : (الإحاطة: الأخذُ بالأَسْرِ والهَلاك مِما هُوَ خارِجٌ عَنْ قُدْرَتِهِم، إلا أَنْ يُحاطَ بِكُم : إلا مُحَاطاً بِكُم)، (إحَاطة) بریتییە لە گرتن، ئەوە کە بە دیل بگیرێ، یاخود لە بەین ببرێ، بە شێوەیەك کە لە دەرەوەی ویستو توانای ئەوان بێ .

کەواتە: ﴿ إِلَّآ أَن يُحَاطَ بِكُمْ ﴾، یانی: (إلاَّ مُحَاطاً بِكُم) مەگەر دەورە بدرێن، لە حاڵێکدا کە بێ چارە بکرێنو بێ دەرەتان بن، هیچ دەستەڵاتتان نەبێ، ئەو کاتە ئەگەر برایەکەتان نەهێننەوە، ئەوە مانای وایە پەیمانتان نەشکاندوە .

(وَكِيلٌ) : (فَعِيلُ بِمَعْنَى المَفْعُولِ، أَي: موكَّلُ إِلَيهِ)، لێرەدا (وَكِيل)، لەسەر ڕێژگەی (فَعِیل)ە، بەڵام بە مانای (مَفعول)ە، واتە: کار پێ سپێردراو (موكَّلُ إِلَيْهِ).

(يُغْنِي) : دەگوترێ: (أَغْنَى: عَنْهُم، يُغنِي عَنْهُم إغْناءً، الإِغْناءُ مُشتَقٌّ مِنَ الغَناءِ وَهو الإجزاءُ والإصلاحُ وَكِفايةُ المُهِمَّ، وَأَصلُهُ مُرادِفُ غِنى، لأَنَّ مَنْ أَجْزى وَكَفى، فَقَد أَذهَبَ عَنْ نَفسِهِ الحَاجَةَ إِلَى المُغْنِينِ)، (إِغْناء)، واتە: دەفریا هاتن،

یاخود بێ نیاز کردن، لە (غَناءَ)ەوە هاتوە، (غَناء)، واتە: کەلێن بۆ گرتنو لە فریا هاتن، کەسێك کارێکی گرنگی بێ، ئنجا هۆکارێك لە فریای بێ، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، ئەویش هاوواتای (غِنی)یە، (غِنی)، واتە: دەوڵەمەندیی، چونکە کەسێك لە فریای کەسێك بێو کەلێنی بۆ بگرێو دادی بدات، مانای وایە ئەو پێویستییەی هەبووە، جێبەجێ بووە .

(حَاجَةً) : (الحَاجَةُ: الأَمْرُ المَرْغُوبُ فِيهِ، سُمِّيَ حَاجَةً، لأَنَّهُ مُحْتَاجُ إِلَيْهِ، فَهِيَ مِنَ التَّسْمِيَةِ بِاسمِ المَصدَرِ (حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ)حِرْصُهُ عَلَى تَنَبُّهِهِم للأَخطارِ الَّتِي تَحْدُثُ لأَمْثَالِهِم)، وشەی (حَاجَة)، بریتیە لە شتێك کە خەڵك ئارەزووی بکات، یانی: ئارەزوو بۆلا کراو بێ، بۆیە پێی گوتراوە: (حَاجَة)، چونکە پێویستییان پێیەتی، کەواتە: ناونرانی شتێکە بە ناوی چاوگەکەیەوە، ئنجا ئەو پێویستییەی کە لە دڵی یەعقووبدا بووە، کە ئامۆژگاریی کوڕەکانی کردوە، ئەوە بووە کە سوور بووە لەسەر ئەوەی وریابن، هۆشیاربن، بۆ ئەو مەترسییانەی کە دێتە ڕێی ئەوانو هاو وێنەی ئەوان .

مانــای گـشـتـی ئـایـەتەکـان

خـوا ﷻ لێرەدا، هەمـوو ئـەوەی - وەك پێشـتریش گوتـوومانـە - کـە بـە عەقـڵو سەلیقـە دەزانـرێ- بـاسی نەکـردوە، دوای ئـەوەی کـە لـە ئایـەتـەکـانی پێشـوودا، یوسـوف ﷺ پێی گوتـن: دەبـێ برایەکـتانـم بـۆ بێنن کە لـە دایکـتان نـەبـێ، واتـە: دایکی جیـا بـێ، هەڵبـەتـە وەك پێشـتـر گـوتمان: دەبـێ ئـەوان بـاسو خـواسی خـۆیـان بـۆ کـردبـێ، کـە ئـەوان دوازدە (١٢) بران، بـەڵام یـەکـێکیـان ون بـووەو ئـەو برایـەیـان کـە ونـبووە، یـەك بـرای هـەیـە لـە دایکـی خـۆی، نـاوی (بنیـامین)ەو هەمـووشیـان کوڕی یـەعـقووبـن، دیـارە یوسـوفیش گوتـوویـەتی: دەبـێ ئـەو برایـەم بـۆ بێنـن، بـۆ ئـەوەی دڵـنیـابم کـە ڕاسـت دەکـەن، ئنجا ئـەوە کـە لـە میسرەوە بـە ڕێکـەوتن‌و، چـۆن چـوونـەوەو گـەیشتنـەوەو، بارەکـانیـان خسـتن‌و چـی‌و چییـان کـرد، هـەمـووی قـرتێنراوە، چونکـە بـە عەقـڵو سەلیقـە دەزانـرێ کـە: لـە میسر بـەڕێ کەوتـوون، بـەرەو نشینگـەی خـۆیـان، ئـەو شـوێنـەی کـە بـابیـان لـەوێ بـووە، سـەر زەمینـی کـەنعـان، گـەڕاونـەوە .

دەفـەرمـوێ: ﴿ فَلَمَّا رَجَعُوٓاْ إِلَىٰٓ أَبِيهِمۡ ﴾، کـاتێك گـەڕانـەوە بـۆ لای بـابیـان، کـێ‌و کـێ گـەڕانـەوە؟ دیـارە دەزانین کـە دە (١٠) برایـەکـان بـوو، واتـە: ئـەو دە بـرایـەی کـە یوسـوفیـان خستـە نێـو بیـرەوە، کـاتێك گـەڕانـەوە بـۆ لای بـابیـان، ﴿ قَالُواْ يَـٰٓأَبَانَا مُنِعَ مِنَّا ٱلۡكَيۡلُ ﴾، گوتیـان: ئـەی بـابی خـۆمـان! ئێمـە پێوانمـان لـێ قـەدەغـەکـراوە، پێشـگیـریی پێوانـمـان لـێ کـراوە، دیـارە ئـەو کـاتـە ئـازووخـە بـە شـێوەی پێـوان پێـوراوەو فرۆشـراوە، کەواتە: لێرەدا لـەجیاتی ئەوەی بڵێن: ئـازووخـەمـان پـێ نافرۆشـن، ئـەو ئـازووخـەیـەی کـە دەبـێ بپێـورێ، یـەکسـەر گوتـوویـانـە: پێـورانمـان لـێ قـەدەغـە کـراوە، چـونکـە ئـەگـەر نـەهـێڵن بیـپێون، دیـارە پێیـان نـەفرۆشتـوون، ئـەگـەر پێیـان

بفرۆشرێ، بۆشیان دەپێورێ، واتە: ئازووخە هێنانمان لێ قەدەغە کراوە لە میسرەوەو ناهێڵن بیپێوین‌و بیهێنین، ﴿ فَأَرْسِلْ مَعَنَآ أَخَانَا نَكْتَلْ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴾، دەجا برایەکەمانمان لەگەڵ بنێرە (ئەگەر دەتەوێ ئازووخەمان هەبێ‌و، ئازووخە بێنین) تاکو بپێوین، (واتە: ئازووخە بکڕین‌و بیپێوین، یاخود بۆمان بپێورێ)، بێگومان ئێمە بۆ وی (بۆ برایەکەمان)یش پارێزەر دەبین .

هەڵبەتە لێرەشدا ئەو وردەکارییە باس نەکراوە، ئەگەرنا دیارە دە (١٠) کوڕەکان بۆ بابیان گێڕاوەتەوە، کە ئەو بەرپرسەی ئازووخە لە میسر، لێی پرسیووین : ئێوە کێن؟ ئێمەش خۆمانمان پێ ناساندوە .

چەند بران ؟ ئێمەش گوتمان: دوازدە (١٢) برا بووین .

ئەدی بۆچی ئێستا تەنیا دە (١٠)ن؟ گوتمان: ئاخر یەکێکمان لەماڵێیە .

گوتی: ئەدی ئەوی دیکە ؟

گوتمان: ئەوی دیکەمان ونبووە، دیارە یان بەو شێوەیە لێی پرسیون، یان وەك لە پەیمانی کۆندا هاتوە، تۆمەتبار کراون، بەوەی هاتوون سیخوڕیی بکەن، ئەوانیش گوتوویانە: سیخوڕ نین‌و، لێمان ناوەشێتەوە .

بۆچی لێتان ناوەشێتەوە؟ لەبەر ئەوەی ئێمە بابمان پێغەمبەرێکی خوایە، ناوی یەعقووبە، یەعقووبیش کوڕی ئیسحاقە ئەویش کوڕی ئیبراهیمە، کە دیارە خەڵکی دنیای ئەو کاتە، مەگەر لە گۆشەو کەنارێکی دووری دنیا، ئەگەرنا ناوو ناوبانگی ئیبراهیمیان بیستوە، ئەگەر هی ئیسحاق‌و یەعقووبیشیان نەبیستبێ .

ئنجا یوسوف گوتوویەتی: من چۆن دڵنیابم کە ئێوە ڕاست دەکەن؟ دەبێ ئەو برایەتانم بۆ بێنن .

یان وەك پەیمانی کۆن دەڵێ: تۆمەتبار کراون کە سیخوڕو جاسووسن، ئیدی بۆ پاکانەی خۆیان، داوای لێکردوون کە برایەکەیان بێنن .

ئنجا کە ئەوە بە بابیان دەڵێن، ئەویش وەڵامیان دەداتەوە: ﴿قَالَ هَلْ ءَامَنُكُمْ عَلَيْهِ﴾، یەعقووب، بابیان، گوتی: ئایا بە ئەمیندارتان دابنێم لەسەری، لە بەرانبەر بنیامیندا لێتان دڵنیابم، ﴿إِلَّا كَمَآ أَمِنتُكُمْ عَلَىٰٓ أَخِيهِ مِن قَبْلُ﴾، مەگەر بەو شێوەیە کە لێتان دڵنیابووم‌و بە ئەمیندارم دانان، سەبارەت بە برایەکەی، لەمەو پێش، واتە: یوسوفی برای؟ ﴿فَٱللَّهُ خَيْرٌ حَٰفِظًا﴾، خوا باشترین پارێزەرە، هەروەها خوێنرایشەتەوە: (فَاللهُ خَيْرُ حِفْظًا)، واتە: خوا باشترین زاتێکە کە شت دەپارێزێ، ﴿وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾، هەروەها ئەو بە بەزەییترینی بە بەزەییانە، واتە: ئەگەر دڵنیابم، هەر لە پاراستنی خوا دڵنیام‌و هەر پشتم بەو بەستوە، ئەگەرنا ئێوەم ئەزموون کردوە، کە ئەهلی ئەمانەت نین، بۆیە منیش بە ئەمیندارتان دانانێم‌و، ئەگەر برایەکەتانتان لەگەڵ بنێرم، لەبەر ئەوەی زۆر پێویستییمان بە ئازووخە هەیەو ناچارین، ئەوە بە پشت بە خوا بەستن‌و، بە ئومێدی خێر بە خوا بوون، کە کوڕەکەم بپارێزێ، لەگەڵتان دەنێرم، نەك بە متمانە بە ئێوە بوون، چونکە وەك گوتراوە: (مَنْ جَرَّبَ الـمُجَرَّبَ حَلَّتْ بِهِ النَّدَامَة) هەر کەسێك ئەزموونکراو ئەزموون بکاتەوە، پەشێمانیی دەکێشێ .

هەڵبەتە یەعقووب ﷺ ناهەقی نەبووە، لە کوڕەکانی بکەوێتە دوو دڵیی‌و گومانەوەو متمانەی پێیان نەمێنێ، چونکە جارەکەی دیکەش هەر بە هەمان تەعبیر گوتیان: ﴿وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿١٢﴾﴾، بە نسبەت یوسوفەوە: ئێمە بێگومان پارێزەر دەبین بۆی، لێرەش دەڵێن: بێگومان ئێمە پارێزەر دەبین بۆ بنیامین! ئنجا جاری پێشێ ڕاستیان نەکردو، ئەو درۆو سیناریۆیەیان بۆ بابیان ڕێك خست، ئێستاش دوورنیە دیسان لەگەڵیدا ڕاست نەکەن‌و، دووبارە سیناریۆیەکی دیکە بۆ بنیامینی برای یوسوفیش ڕێك بخەن‌و، ئەو کوڕەشی لێ دوور بخەنەوە، یان بیفەوتێنن، ناهەقی نەبووە، هەرچەندە دیارە ئەمجارە کوڕەکان مەبەستیان فێڵ‌و فەرەج نەبووەو، مەبەستیان پیلان نەبووە، بەڵام

گوتراوە: (ئەگەر کراسێکی پیست درِی، سەدی پاکی پێوە دەچێ)، بۆیە بابیان ناهەقی نەبووە، متمانەی پێیان نەبێ.

﴿ وَلَمَّا فَتَحُواْ مَتَٰعَهُمْ ﴾، ئنجا کاتێك ئازووخەکەیانیان کردەوە (کە لە بارەکاندا بوو) تەماشایان کرد، ﴿ وَجَدُواْ بِضَٰعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ ﴾، تەماشایان کرد ئەو کەلوپەلەی کە لە بەرانبەر ئازووخەکەدا دابوویان، (ئەگەر دراو بوو، ئەگەر هەرچی بوو، زۆربەی زانایان دەڵێن: درەمی زیو بووە، ئەو دەستمایە کە ئازووخەکەیان پێ کرِی بوو)، تەماشایان کرد، بۆیان خراوەتە نێو ئازووخەکەوە، لە نێو بارەکانداو بۆ لایان گێرِدراوەتەوە .

وشەی (مَتَاعَ)یش هەر شتێکە کە ئینسان سوودی لێ ببینێ، ئنجا لێرەدا: ﴿ فَتَحُواْ مَتَٰعَهُمْ ﴾، بێگومان ئازووخەکە نەکراوەتەوەو بارەکە کراوەتەوە، بەلاَم ئەوە وەك زانایان گوتوویانە: (مِن تَسمية الشيء باسم الحالِّ فيهِ)، لەبەر ئەوەی ئازووخەکە لە نێو بارەکەدا بووە، ئەگەرنا بارەکەیان کردۆتەوە، ئنجا کە بارەکەیان کردۆتەوە: تەماشا دەکەن ئەو نرخو دەستمایەی کە ئازووخەکەیان پێ کرِیوە، خراوەتەوە نێو بارەکەیانو بۆ لایان گێرِدراوەتەوە .

﴿ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا مَا نَبْغِي ﴾، گوتیان: ئەی بابی خۆمان! چی دیکە داوا بکەین، یاخود ئێمە سنووربەزێنیی ناکەین کەمدەڵێین: برایەکەمانمان لەگەڵ بنێرە، مەبەستمان ستەم نیە، مەبەستمان سنوورشکێنیی نیە، بە بەڵگەی چی ؟ ﴿ هَٰذِهِۦ بِضَٰعَتُنَا رُدَّتْ إِلَيْنَا ﴾، ئا ئەمە دەستمایەکەی خۆمانە کە بازرگانییمان پێکردوە، ئازووقەمان پێ کرِیوە، نرخو بەهایەکەیە، بۆ لامان گێرِدراوەتەوە .

کەواتە: ئەو بەرپرسەی ئازووخە لە میسر، بابایەکی هێندە باشە، کە ئەوەتا دەستمایەکەشی بۆ خستووینە نێو بارەکان، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە لەو سەفەرەدا، ئێمە سەلامەت دەبینو، هیچ مەترسییەکمان لەسەر نیە .

﴿ وَنَمِيرُ أَهْلَنَا ﴾، واتە: تۆ برایەکەمانمان لەگەڵمان بنێرە، ئازووخەش بۆ ماڵو خێزانمانو بۆ خزمو کەسمان دێنین، ﴿ وَنَحْفَظُ أَخَانَا ﴾، برایەکەشمان دەپارێزین، ﴿ وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ ﴾، پێوراوی حوشترێکیش زیاد دەکەین، بارێك کە دەپێوریو دەخرێتە سەر پشتی حوشترێك، ئەوەندەش زیاد دەکەین، ﴿ ذَٰلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ ﴾، ئا ئەو بارە پێوراوە، ئەو باری حوشترە، شتێکی کەمەو ئاسانە کە بماندرێتێ .

دیارە زۆریان لە بەرپرسی ئازووخەی میسڕ ڕا بینیوە، کە ڕەوشتو ڕەفتارو ئاکاریان بینیوەو، خانە خوێیەکی زۆر باش بووە، باش بارەکانی بۆ پێواون، دیارە زۆر لەگەڵیان بە لوتفو بەڕێز بووەو، زۆریان تێڕا بینیوە، بۆیە گوتوویانە: ئەوە شتێکی ئاسانە بۆ وی .

هەندێکیش ئاوایان لێکداوەتەوە: ﴿ ذَٰلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ ﴾، واتە: ئەو دە (١٠) بارەی دیکە، کەمنو بەشمان ناکەن، با بارێکی دیکەی یازدەمینیان بخەینە گەڵ، کە باری بنیامینی برامانە .

بەڵام ئەو مانایەی دیکە بەهێزترە، چونکە دە (١٠) بار کەم نین، بەڵام بارێك کەمە، ﴿ ذَٰلِكَ ﴾، ئەو بارە پێوراوەی کە زیادی دەکەین، بە هۆی بنیامینی برامانەوە، ئەوە شتێکی کەمەو ئاسانەو بە ئاسانیی بەرپرسی ئازووخەی میسڕ، دەماندانێ .

﴿ قَالَ لَنْ أُرْسِلَهُ مَعَكُمْ حَتَّىٰ تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِّنَ اللَّهِ لَتَأْتُنَّنِي بِهِ إِلَّا أَن يُحَاطَ بِكُمْ ﴾، (یەعقووب ﷺ بابیان)، گوتی: هەرگیز لەگەڵتاندا نایننێرم، مەگەر لەلایەن خواوەو بە ناوی خواوە پەیمانێکی پتەوم پێ بدەن، کە هەر دەبێ بیهێننەوە لەگەڵ خۆتان، مەگەر بێ چارە بکرێنو، ئابڵووقە بدرێن.

لێرەدا مەبەست لە ئابڵووقە دران، ئەوە نیە کە بە کردار ئابڵووقە بدرێن، بەڵام مەبەستی ئەوەیە: کە وەك چۆن کەسێك ئابڵووقە دەدرێو ڕێی دەرەتانو ڕاکردنی نیەو هیچ چارەی نیە، مەگەر ئێوەش ئاوا بێ چارەو بێ دەرەتان بکرێن،

وەزعێك بێتە پێش لە توانای خۆتاندا نەبێ‌و، هیچ چارتان نەبێ، ئەگەرنا هەر دەبێ لەگەڵ خۆتانی بێننەوە، ئەگەرنا ئەگەر بەو شێوەیە نەبێ‌و، کەمتەرخەمیی بکەن، لە هێنانەوەی دا، ئەوە مانای وایە ئەو پەیمانەی بە ناوی خواوە بە منتان داوە، پەیمانەکەتان شکاندوە، دوایی دەڵێ: ﴿ فَلَمَّآ ءَاتَوۡهُ مَوۡثِقَهُمۡ ﴾، ئنجا دوای ئەوەی پەیمانەکەی خۆیانیان پێدا، واتە: بەو شێوەیەی کە بابیان داوای کرد بوو، بە ناوی خواوەو پەیمانێکی پتەویان پێدا، کە مەگەر بێ چارەو بێ دەرەتان بین‌و، هیچ دەرفەتمان نەبێ، ئەگەرنا برایەکەمان دێنینەوە، ﴿ قَالَ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٞ ﴾، (یەعقووب) گوتی: خوا لەسەر ئەوەی دەیڵێین: کار پێ سپێردراوە، واتە: شایەدو ئاگادارەو سەرپەرشتیاری هەموو لایەکمانەو ئاگای لێیە .

ئنجا یەعقووب ﷺ ئامۆژگاریی یازدە (١١) کوڕەکەی دەکات، چونکە ئەو جارە بنیامینیشیان کەوتە پاڵ: ﴿ وَقَالَ يَٰبَنِيَّ لَا تَدۡخُلُواْ مِنۢ بَابٖ وَٰحِدٖ ﴾، گوتی: ئەی کوڕەکانم ! لە یەك دەروازەوە مەچنە ژوور .

دیارە ئەو کاتە ئەو شارەی کە پایتەختی میسر بووە، دەبێ چەند دەروازەیەکی بووبن، وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین، کە یەکێك بووە لە شارە هەرە قەڕەباڵغ‌و گەورەکانی دنیاو، چەندان دەروازەی بوون، ﴿ وَٱدۡخُلُواْ مِنۡ أَبۡوَٰبٖ مُّتَفَرِّقَةٖ ﴾، بەڵکو لە چەند دەروازەیەکی جیاجیاوە بچنە ژوور، یەك لەولا، یەك لەولا، یەك لەولا،....هتد، نەك هەر یازدەتان لە یەك دەروازەوە بچنە ژوور .

زانایان زۆر قسەیان لەوبارەوە کردوە: بۆچی یەعقووب وایگوتوە؟ دەگونجێ مەبەستی پێ ئەوە بووبێ، کە گومانی خراپیان لێ نەکەن، یازدە برا کە هەمووشیان شێوەی یەکدییان کردوە، بە شان‌و شەوکەت‌و نەجیب دیار بوون، ئەوە چییە ئەو یازدە کەسە هەموویان وەك یەك دەچن ! لێشیان بپرسن: کێن ؟ دەڵێن : ئێمە براین! یاخود مەترسییان لێ بکەن: ئایا دەبێ بۆ ئاژاوەیەك، کودەتایەك، هاتبن ؟ ئەو واتایە زۆر دەچێتە عەقڵ‌و دێتە بەرچاو .

هەندێکیش گوتوویانە: لە چاوو زار لێیان ترساوە کە بە چاوەوە نەبن، بە هەر حاڵ هەر دووك لای دەگرێتەوە، دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أُغْنِي عَنكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ ﴾، من لە بەرانبەر خوادا، هیچ سوودتان پێناگەیەنم، بەو ڕێنمایی‌و ئامۆژگارییەم، ﴿ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ﴾، حوکم تەنیا هی خوایە، یانی: بڕیاردان‌و کاروبار بەڕێوەبردنی گەردوون، ﴿ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ ﴾، پشتم تەنیا بەو بەستوە، ﴿ وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴾، با پشت بەستووانیش هەر پشت بەو ببەستن، هەر ئەو شایستەی ئەوەیە، ئینسان کاری خۆی پێ بسپێرێ‌و پشتی خۆی پێوە بدات.

﴿ وَلَمَّا دَخَلُواْ مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُم ﴾، ئنجا کاتێك لەو شوێنەوە کە بابیان فەرمانی پێکرد بوون، چوونە ژوور شار، واتە: لە دەروازەی جیاجیاوە، چوونە نێو شارەکەوە، ﴿ مَّا كَانَ يُغْنِي عَنْهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ ﴾، دیسان خوا ﷻ دووبارەی دەکاتەوە، دەفەرموێ: یەعقووب بە ڕێنماییەکەی‌و ئامۆژگارییەکەی (کە گوتی: لە یەك دەروازەوە مەچنە ژوور) هیچ سوودی پێ نەدەگەیاندن لە بەرانبەر خوادا، واتە: لە بەرانبەر بڕیارو ویستی ڕەهای خواو لە بەرانبەر بەڵای خوادا، ئەگەر خوا ویستبای بەڵایان بۆ بنێرێ‌و، نەیویستبێ سەلامەتیان بکات، بەو ڕێنمایی‌و ئامۆژگارییەی یەعقووب، بە تەنیا سەلامەت نەدەبوون، بەڵێ هۆکار بوو، بەڵام لە پشت هۆکارەکانەوە، بەدیهێنەری هۆکارەکانیش هەیە، هۆکارساز (مسبِّب)ەکەش هەیە، کە خوایە ﷻ، ئەدی بۆچی ئەو ڕێنماییەی کردن؟ ﴿ إِلَّا حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَىٰهَا ﴾، ئەوە تەنیا پێویستییەك بوو لە دەروونی یەعقووب دا، کە جێبەجێی کرد، کە بریتی بوو لەوەی ئاگاداریان بکاتەوە: هۆشیاربن‌و ئاگاداربن، لە مەترسییەکان کە دێنە ڕێیان، دیارە کوڕو جگەر گۆشەی خۆی بوو ون، بە تەنگیانەوە بووەو پەرۆشی بوون، چی بە چاکی زانیوە، پێی گوتوون، بەڵام زانیوشیەتی کە سەرەنجامەکان تەنیا بەدەست خوان، ئنجا دواییش هەر وا دەرکەوتوەو، بنیامینی کوڕی کە یوسوف ﷺ لەلای خۆی گلی

دەداتەوە، هەروەها برا گەورەکەشیان، - وەك دوایی باسی دەکەین - چاوو ڕووی نابێ بچێتەوە لای بابیو لە میسر دەمێنێتەوە .

﴿ وَإِنَّهُۥ لَذُو عِلۡمٖ لِّمَا عَلَّمۡنَٰهُ ﴾، بێگومان ئەو خاوەن زانیاریی بوو، واتە: خاوەن زانیارییەکی تایبەتو گەورە بوو، ﴿ لِّمَا عَلَّمۡنَٰهُ ﴾، بەهۆی ئەوەوە کە ئێمە فێرمان کرد بووو شارەزامان کرد بوو، لە ڕێی وەحییەوە، ﴿ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾، بەلاّم زۆربەی خەڵکی نازانن، واتە: زۆربەی خەڵکی نازانن کە باشترین جۆری زانست، ئەو جۆرەیە کە لە ڕێی وەحییەوە دێو لەلایەن خوای زاناو تواناوە، چونکە خوا ﷻ هەموو شتێك دەزانێو خاوەنی زانیاریی بێ سنوورە، کەواتە: لەو زانیارییە بێ سنوورو ڕەهایەی خۆی کە بە یەکێك لە بەندەکانی دەبەخشێ لە ڕێی وەحییەوە، ئەوە بێگومان باشترین پشكو بەشی لە زانیاریی دا هەیە، بەلاّم زۆربەی خەڵکی ئەو ڕاستییە نازانن .

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم : گەڕانەوەی کوڕەکانی یەعقووب، واتە: دە (١٠) کوڕەکەی بۆ لای بابیانو ئاگادارکردنەوەی: کە ئەگەر بنیامینی برایان لەگەڵ نەنێرێ، ئازووخەیان نادرێتێو، ناهێڵن ئازووخە بکڕنو بپێوون، ئنجا داواکردنیان لە بابیان کە لەگەڵیان بنێرێو بەڵێندانیشیان: کە پارێزەری برایەکەیان دەبن:

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ فَلَمَّا رَجَعُوٓاْ إِلَىٰٓ أَبِيهِمْ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا مُنِعَ مِنَّا ٱلْكَيْلُ فَأَرْسِلْ مَعَنَآ أَخَانَا نَكْتَلْ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٦٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە لە پێنج بڕگەدا

١) - ﴿ فَلَمَّا رَجَعُوٓاْ إِلَىٰٓ أَبِيهِمْ ﴾، وەك گوتم: ئەوەی دیکە هەمووی پێچراوەتەوەو قرتێنراوە، چونکە: بە عەقڵو سەلیقە دەزانرێ، واتە: لە میسر بەڕێکەوتنو بەس خوا دەزانێ چەند شەوو ڕۆژیان پێچوون ! سەرەنجام لەگەڵ کاروانی خەڵکی دیکەدا، کاروانەکەیان گەڕایەوە بۆ سەر زەمینی کەنعانو ناوچەی شام، ئنجا کاتێك گەڕانەوە بۆ لای بابیان.

٢) - ﴿ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا مُنِعَ مِنَّا ٱلْكَيْلُ ﴾، گوتیان: ئەی بابی خۆمان! پێوانمان لێ قەدەغەکراوە، پێشگیریی ئازووخە پێوانمان لێ کراوە، واتە: ناهێڵن بپێوینو پێمان نافرۆشن، کە نەفرۆشرا یانی: ناشپێورێ .

﴿ مُنِعَ مِنَّا ٱلْكَيْلُ ﴾، یانی: (مُنِعَ مِنّا أنَ نَكِيلَ، أو أنْ يُكالَ لَنا)، ﴿ مُنِعَ مِنَّا ٱلْكَيْلُ ﴾، یان پەیوەندیی بە (فاعِل)ەوە هەیە، واتە: کە ئێمە بپێوین، (أنَ نَكِيلَ) یاخود بە (مَفعول)ەوە هەیە، واتە: کە بۆمان بپێورێ (أنَ يُكالَ لَنا)، بەلاَم دیارە لێرەدا بەمانای پالْدانیەتی بۆ لای (مَفعول) واتە: لێمان قەدەغە کراوەو پێشگیریی ئەوەمان لێکراوە، کە بۆمان بپێورێ، چونکە پێوانەکە بەدەست وان نەبووە، بەلْکو بەدەست ئەو کەسە بووە کە پێیان دەفرۆشێ، ئنجا ئەگەر پێیان نەفرۆشێ، مانای وایە ناشهێڵێ کە بۆیان بپێورێ .

لێرەش بە کورتیی باسکراوە، ئەگەرنا بێگومان بە تەفصیلْ قسەیان بۆ بابیان کردوە، کە چی گوزەراوەو؟ چی بووەو؟ چۆن بووەو؟ چۆن ئەو بەرپرسەی ئازووخە لە میسرِ لێی پرسیون؟ بە چ بەلْگەیەكو بە چ بیانوویەکەوە گوتوویەتی: دەبێ برایەکەتانم بۆ بێنن، دیارە وردەکارییەکەیان بۆ بابی گێڕاوەتەوە، کە کورتەکەی ئەوە بووە: ئەگەر بێتو برایەکەیان لەگەلْ خۆیان نەبەن، ئازووخەیان چنگ ناکەوێ .

٣) - ﴿ فَأَرْسِلْ مَعَنَآ أَخَانَا ﴾، مادام وایە برایەکەمانمان لەگەلْ بنێرە (بۆ ئەوەی ئازووخەمان چنگ بکەوێ، گرانییو قاتو قڕیی بووەو، لە میسرِیش نەبێ ئازووخە چنگ نەکەوتوە).

٤) - ﴿ نَكْتَلْ ﴾، واتە: دەپێوین، یانی: ئازووخە دەکڕینو، دەیپێوینو باری دەکەینو دەیهێنینەوە .

خوێندراویشەتەوە: (يَكْتَلْ)، واتە: برایەکەشمان لەگەلْ ئێمەدا ئازووخە دەکڕێو دەپێوێ، تاکو ئێستا دە (١٠) بار بووین، ئەوجار ئەویش دەپێوێو باری یازدەیەمیش دێنینەوە لەگەلْ خۆمان.

٥) - ﴿ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَـٰفِظُونَ ﴾، بێگومان ئێمە بۆ وی پارێزەر دەبین .

لێرەدا پێنج جۆرە جەختکردنەوە بەکارهێنراون :

١ ـ هەم بە ڕستەی ناوی دەستی پێکردوە: ﴿ وَإِنَّا ﴾ کە چەسپاویی دەگەیەنێ .

٢ ـ بە پیتی تەئکید: ﴿ وَإِنَّا ﴾ چونکە لە ئەسڵ دا (إِنَّـنا)یە .

٣ ـ ئنجا: ﴿لَهُۥ﴾ ئێمە بۆ وی .

٤ ـ ﴿لَحَـٰفِظُونَ ﴾ (ل)، لامەکەش بۆ تەئکیدە .

٥ ـ هەروەها (حَافِظُون)یش، ئێمە پارێزەری وی دەبین .

پێنج جۆرە جەخت کردنەوەی تێدان، واتە: زۆر بە دڵنیایی دڵنیابە کە ئێمە ئەو برایەمان دەپارێزینو پارێزەری دەبینو بە سەلامەتیی بۆت دێنینەوە، لەگەڵمان بنێرە، بۆ ئەوەی زەخیرەو ئازووخە بۆ ماڵو خێزانمان بێنینەوە .

مەسەلەی دووەم : وەڵامدانەوەی بابیان (یەعقووب ﷺ) بە تاڵیی و نیگەرانییەوەو بیرهێنانەوەی یوسوف بۆیانو، خستنە ڕووی ئەو ڕاستییە کە تەنیا متمانەی بە پاراستنی خوا هەیە، خواش باشترین پارێزەرە، هەروەك بە بەزەیترینی خاوەن بەزەییانیشە :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿قَالَ هَلْ ءَامَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلَّا كَمَآ أَمِنتُكُمْ عَلَىٰٓ أَخِيهِ مِن قَبْلُ فَٱللَّهُ خَيْرٌ حَـٰفِظًا وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٦٤﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە لە سێ بڕگەدا

١) - ﴿قَالَ هَلْ ءَامَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلَّا كَمَآ أَمِنتُكُمْ عَلَىٰٓ أَخِيهِ مِن قَبْلُ﴾، لێرەدا ﴿هَلْ﴾ هەرچەندە ئامرازی پرسیارکردنە، بەڵام پرسیار کردنەکە بۆ نکووڵیی لێکردنەو، مانای لابردن (نفـي)ی تێدایە .

دەگوترێ: (أَمِنتُكُم وَائتَمَنتُكُم أَي: اعتَبَرتُكُم أُمَنَاءَ عَلَيْهِ)، (أَمِنتُكُم وَائتَمَنتُكُم)، هەردووکیان یەك واتایان هەیە: من ئێوەم بە ئەمیندار دانا، واتە: لە بەرانبەر ئەودا، ئێوەم بە ئەمیندار دانا .

لێرەدا یەعقووب ﷺ فەرموویەتی: ئەگەر بە ئەمیندارتان دابنێم بەرانبەر بە بنیامین، هەروەك بە ئەمیندار دانانی ئێوەیە بەرانبەر بە یوسوف، واتە: ئەگەر من لێتان دڵنیابمو متمانەتان پێ بکەم، هەروەك دڵنیابوونو متمانە پێکردنتانە، کاتێك بە نسبەت یوسوفەوە، ئێوەم بە ئەمیندار داناو متمانەم پێتان کرد، کە گوتتان: دەیپارێزین، یانی: ئەگەر بە تێرا دیتنی ئێوەو متمانە پێکردنی ئێوە بینێرم، ئەوە لە ڕاستییدا مانای وایە: من پەندم لەو هەڵوێستەی پێشوو وەرنەگرتوە، لەو هەڵەیەی پێشووم، کە ئێوەم بە ئەمیندار دانا بەرانبەر بە یوسوفو، ئەمیندارو پاکیش دەرنەچوون !

٢) - ﴿فَٱللَّهُ خَيۡرٌ حَٰفِظٗا﴾، هەر خوا باشترین پارێزەرە.

خوێنراویشەتەوە: (فاللهُ خَيرٌ حِفْظاً)، واتە: خوا باشترین زاتێکە کە خاوەن پاراستن بێ، خاوەن پارێزگاریی بێو پارێزگاریی لە شت بکات، واتە: ئەگەر خوا بیپارێزێ، ئەوە دەپارێزرێ، بەڵام ئەگەر خوا نەیپارێزێ، ئەوە متمانەم بە ئێوە نیە، کە بیپارێزن .

٣) - ﴿وَهُوَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾، ئەویش (خوا) بە بەزەییترینی بە بەزەییانە .

بێگومان بەزەیی خوا ﷻ بێ سنوورە، وەك لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: بەزەیی خوا بەرانبەر بە بەندەکەی، لە بەزەیی دایك بەرانبەر بە منداڵە شیرە خۆرەکەی، جگەر گۆشەکەی، زیاترە: (أَللهُ أرحم من هذه بولَدِها) متفق عليه .

هەڵبەتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە یەعقووب دڵی نەرم بووە بینێرێ لەگەڵیان، ئاشکراشە کە ئاتاجییو بێ ئازووخەیی پاڵنەر بووە، چونکە قاتو قڕییو گرانیی بووەو، دیارە دەبێ گرانییەکە ئەو ناوچەیەی هەموو

گرتبێتەوە، نازانین تاکو کوێی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست ئەو کاتە ڕۆیشتوە! بەلام دیارە گرانییەکە شامی گرتۆتەوە، ڕەنگە عێراق‌و حیجازو ئەو ناوچانەی هەموو گرتبێتەوە، بە دلنیایی حەوت وشکە سالیی‌و بێ دەرامەتیی‌و بێ کشتوکالیی، زەخت‌و فشارێکی گەورەی لەسەر دروست کردوون .

لە قسەکانی دا وا پێدەچێ کە دلی نەرم بوو بێ، کە بە ناچاریی کوڕەکەیان لەگەل بنێرێ، بەلام نەك بە دلخۆشیی ئەوەوە کە ئەوان دەیپارێزن، لەبەر ئەوەی بەلێن دەدەن، بەلکو بە پشت بەستنی بە خواو، دلخۆش بوونی بە بەزەیی خواو، پاراستنی خوا بۆی .

مەسەلەی سێیەم : کوڕەکان – دە (١٠) کوڕەکە - کاتێك بارەکانیان دەکەنەوەو دەستمایەکانیان لە نێو ئازووخەی کە لە نێو بارەکاندا بووە، دەبینن، ئەوە دەکەنە بەلگەی ئیقناع کردنی بابیان‌و دووبارە باسی پاراستنی برایەکەیان‌و، زیادکردنی بارێك ئازووخە بۆ مال‌و خێزانیان دەکەن، دەشلێن: زیادکردنی ئەو بارە بۆ ئەو بەرپرسەی ئازووخە لە میسر، شتێکی ئاسانە، پیاوێکی سەخی تەبیعەتەو، پیاوێکی زۆر بە ماریفەت‌و جوامێرە، ئاسانە بارێکی یازدەیەممان بۆ زیاد بکات‌و، خۆیشی داوای کردوە ئەو برایەمان بەرین :

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَمَّا فَتَحُوا مَتَاعَهُمْ وَجَدُوا بِضَاعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ قَالُوا يَا أَبَانَا مَا نَبْغِي هَذِهِ بِضَاعَتُنَا رُدَّتْ إِلَيْنَا وَنَمِيرُ أَهْلَنَا وَنَحْفَظُ أَخَانَا وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ ذَلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ ﴿٦٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە هەشت بڕگەدا

١) - ﴿ وَلَمَّا فَتَحُوا مَتَاعَهُمْ ﴾ واتە: کاتێك بارەکەیان کردەوە .

هەر دە (١٠) بارەکانی بە بارێك لە قەڵەم داون، وا دیارە پێکەوە بارەکانیان کردۆتەوە .

(مَتاعَ) بە هەر شتێك دەگوترێ کە بەهرەی لێوەربگیرێ، کەواتە: (مَتاعَ)ەکە، ئەو ئازووخەیە بووە کە لەنێو بارەکەدا بووە، ئنجا ئازووخە ناکرێتەوە، بەڵکو (رَحْلَ)ەکە، کراوەتەوە، واتە: بار، ئنجا تێر بووە، جەواڵ بووە، شتێك بووە، ئازووخەکەیان تێدا هەڵگرتوە، دەمەکەیان کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئازووخەکە سوود لێ ببینن و بیکەنە ئاردو باراش، یان: ساوارو گەنمە کوتاوو برۆێش، بیکەن بە خۆراك، کاتێك کە بارەکەیان کردۆتەوەو ئازووخەکەیان بینیوە .

لێرەدا کە دەفەرموێ : ﴿ فَتَحُواْ مَتَٰعَهُمْ ﴾، یانی: ئەو بارەیان کردەوە کە (مَتاعَ)ەکەی تێدایە، کە ئازووخەکەیە، ئەمە وەك پێشتریش گوتمان: (مِن تَسمیةِ الشيءِ باسم الحَالِّ فِيهِ)، ناونرانی شتێکە، بەو شتەوە کە تێیدایە، وەك چۆن ناوی ئاوەدانییەك دەهێنرێ و مەبەست پێی خەڵکەکەیە: (فَسأل القَريةَ)، (قَريَة) بە خانووەکان دەگوترێ، کەسیش لە خانووو دیوار ناپرسێ، بەڵکو مەبەست پێی ئەو خەڵکەیە کە لە نێو دێیەکە دان .

جاری واش هەیە ئەو شتەی کە لە نێو شتەکە دایە دەکرێتە ناو: (﴿ وَلَمَّا فَتَحُواْ مَتَٰعَهُمْ ﴾: أي: فَتَحُوا رَحلَهُم الَّذِي فيهِ مَتاعَهُم)، یانی: ئەو بارەیان کردوە، کە ئەو شتەی لێی بەهرەمەند دەبن، کە ئازووخەکەیە، تێیدایە .

٢) - ﴿ وَجَدُواْ بِضَٰعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ ﴾، دەستمایەکەیانیان بینی، ئەوەی بازرگانییان پێ دەکرد، بۆیان گێڕراوەتەوە، (بِضَاعَة)، دراوە، یان هەر کەلوپەلێکە کە بۆ بازرگانیی پێکردن دادەنرێ، هەم پارەو دراو دەگرێتەوە، هەم ئەو شمەکەش کە لە بەرانبەر ئەو شتەدا کە دەیکڕی، دەدرێ، ئەویش دەگرێتەوە، یانی ئەمە دەق نیە لەسەر ئەوە کە (بضاعة)کە حەتمەن دراوو پارە بوو بێ، وەك لە پەیمانی کۆندا هاتوە دەڵێ: درەمی زیو بوون و لە نێو پڕێسکەیەکەوە بەستراون، دەڵێ: کە دەمی جەواڵەکانیان، بارەکانیان

کردۆتەوە، تەماشا دەکەن: پرێسکەکانیان کە درەمەکانیان تێدایە، لە زاری جەواڵەکە دان.

٣) - ﴿ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا مَا نَبۡغِي ﴾، گوتیان: ئەی بابی خۆمان ! ئێمە چی دیکە دوای ئەمە داوا بکەین ؟ واتە: چی دیکەمان دەوێ، یانی: (ما) بە مانای پرسیارکردنی نکوولّییکەرانە (الإستِفهامِ الإنكاري)یە، ﴿ مَا نَبۡغِي ﴾، واتە: (أيَّ شيءٍ نَطلُب بَعدَ هَذَا ؟)، چی دیکە دوای ئەو داوا بکەین، تاکو تۆ دڵنیابی کە ئێمە ئەو سەفەرەمان بە سەلامەتیی دەکەین ؟

دەشگونجێ (ما)، (نافية)، بێ ﴿ مَا نَبۡغِي ﴾، یانی: (ما نطلب شيئاً)، دوای ئەوەی ئەو دەستمایەشیان بۆ ناردووینەوەو بۆیان خستووینە نێو بارەکان، هیچی دیکە داوا ناکەین، بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە ئەم سەفەرەمان (إن شاء الله) سەفەرێکی سەلامەت دەبێ‌و، برایەکەمان بە سەلامەتیی دەهێنینەوەو بارێکیش زیاد دەکەین‌و، بیانووی ئەو بەرپرسەی ئازووخەی میسریش دەبڕین، چونکە گوتوویەتی: تاکو برایەکەتان نەهێنن، چاوەڕێی ئازووخەو ئازووخە پێوران‌و پێفرۆشران مەکەن .

٤) - ﴿ هَٰذِهِۦ بِضَٰعَتُنَا رُدَّتۡ إِلَيۡنَا ﴾، ئا ئەمە دەستمایەکەمانە، بۆ لامان گێڕدراوەتەوە، یوسوف ﷺ وەك لە دەرسی پێشوودا گوتمان : ﴿ وَقَالَ لِفِتۡيَٰنِهِ ٱجۡعَلُواْ بِضَٰعَتَهُمۡ فِي رِحَالِهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَعۡرِفُونَهَآ إِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴿٦٢﴾ ﴾، بە گەنجە بەردەستەکانی خۆی گوت: دەستمایەکەیانیان بۆ بخەنە نێو بارەکانیان، بەڵکو بیناسنەوە کە گەڕانەوە بۆ لای ماڵ‌و خێزانیان‌و کەسوکاریان، بەڵکو بگەڕێنەوەو بیێتە هاندەریان .

ئەوەتا کوڕەکانی یەعقووب ئەو نرخ بۆ گێڕانەوەیان، دەکەنە بەڵگەو پاساوی ئەوەی بابیان دڵنیابێ، کە ئەو سەفەرەیان سەفەرێکی سەلامەت دەبێ، کەواتە: با برایەکەیان لەگەڵ بنێرێ .

٥) - ﴿وَنَمِيرُ أَهْلَنَا﴾، واتـە: (أي نـأتيهم بـالـميرة)، (المِيـرة: الطَّعام المَجلُوب)، (حيـرة) خـۆراكـی هێنـراوە، واتـە: ئـازووخـەش بـۆ مـاڵو خێـزانو كـەسوكـارمـان دێنیـن .

٦) - ﴿وَنَحْفَظُ أَخَانَا﴾، برایـەكـەشـمـان دەپارێـزیـن، ئـەمـە وەك دڵنیاكـردنەوەو جەخـت كـردنـەوەیـە، كـە زۆر مـەبـەستیشیـانـە برایـەكـەی خـۆیـان بپارێـزن .

٧) - ﴿وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ﴾، بـاری حوشتـرێكـیش زیـاد دەكـەین، دیـارە ئـەو وڵاخـانـەی كـە پێیـان بـوون، حوشتـر بـوون، ڕێیـەكـەیـان ڕێیـەكـی دوور بـووە، ئـەو ڕێـیـە دوورەش هـەر بـە حوشتـر دەبڕدرێ، چونكـە بیابـانیش بـووە، ئنجـا تاكو لـە میسـرەوە دەچـن بـۆ شـام، ئـەوە بـە حوشتـر نـەبـێ نـابڕدرێو، بـە حوشتـریش گوتـراوە: (سَفينـة الصَّحراء)، كـەشتیی بیابـان، چونكـە حوشتـر چـەند ڕۆژان دەتـوانـێ بـە بـێ خـواردنو ئـاو بژی، تـوانـاو تـەحەمـولـێكی زۆری هـەیـە بـۆ بـە ڕێ دا ڕۆیشتن، بـۆ سـەرمـا، بـۆ گـەرمـا، بـۆ بـە نێو لـەو بیابـانـدا ڕۆیشتن، كـوڕەكـان دەڵێن: ئێمـە بـاری حوشتـرێكیش زیـاد دەكـەین، بـەڵام لێرەدا نـەیـانـگوتـوە: (وَنَـزدَادُ حِمْلَ بَعِيرٍ)، (حِمْلْ)، واتـە: بـار، بـەڵكـو گوتـوویـانـە: ﴿كَيْلَ بَعِيرٍ﴾، واتـە: ئـەو بـارە ئـازووخـەیـەی دەپێورێو دەخرێتـە سـەر پشتی حوشتـرێك، كـە بریتیـە لـەو بـارەی كـە بـەهـۆی بنیـامینـەوە چنگیـان دەكـەوێ، كـە تاكو ئێستا دە (١٠) بـار بـوون، ئنجـا دەبـنـە یـازدە (١١) بـار.

٨) - ﴿ذَٰلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ﴾، ئـا ئـەو بـاری یـازدەیـەمـە، ئـەو ئـازووخـەیـە كـە دەپێورێ بـۆ بنیـامین، ئـەوە بـارێكی ئـاسـانو كـەمـە، واتـە: كـەمـە بـە نسبـەت ئـەو بـەرپرسـەی ئـازووخـە لـە میسـر، كـە بمـانـداتێو پێمـان ببـەخشـێ، كـەواتـە :

١- ئـەمجـارەش دەچینـەوە بـۆ ئـازووخـە .

٢- برایـەكـەشـمـان دەپـارێـزیـن .

٣- بـارێكیش زیـاد دەكـەیـن .

٤- ئاسانیشە ئەو بارەی کە زیادی دەکەین، چنگمان بکەوێ، دیارە زۆریان لەو بەرپرسەی ئازووخەی میسر ڕا بینیوەو تێراپینینەکەشیان لە جێی خۆیدا بووە .

مەسەلەی چوارەم : مەرج گرتنی بابیان کە سوێندی بۆ بە خوا بخۆن و بەڵێنی پێبدەن کە مەگەر هیچ چارەیان نەبێ، ئەگەرنا برایەکەیان بهێننەوەو بەڵێندانیان بە بابیان بەو شێوەیە کە داوای لێکردوون :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ قَالَ لَنْ أُرْسِلَهُۥ مَعَكُمْ حَتَّىٰ تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ لَتَأْتُنَّنِى بِهِۦٓ إِلَّآ أَن يُحَاطَ بِكُمْ ۖ فَلَمَّآ ءَاتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ قَالَ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ ﴿٦٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە چوار برگەدا

١) - ﴿ قَالَ لَنْ أُرْسِلَهُۥ مَعَكُمْ حَتَّىٰ تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ لَتَأْتُنَّنِى بِهِۦٓ ﴾، واتە: (یەعقووب، بابیان ﷺ) گوتی: هەرگیز لەگەڵتاندا ناینێرم، ﴿ حَتَّىٰ تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ لَتَأْتُنَّنِى بِهِۦٓ ﴾، هەتا بە ناوی خواوەو لەلایەن خواوە، بەڵێنێکی پتەوم پێ نەدەن، کە بە دڵنیاییەوە بۆم دەهێننەوە .

٢) - ﴿ إِلَّآ أَن يُحَاطَ بِكُمْ ﴾، مەگەر دەورتان بدرێ، ئابڵووقە بدرێن .

کە لێرەدا مەبەست پێی ئەوەیە ئەگەر هیچ چارەو دەرەتانتان نەبێ و، هۆکارێکی لە توانا و برستی خۆتان بەدەر بێ و بێ چارەتان بکات، ئەو جار ئەگەر نەیهێننەوە، مانای وایە پەیمانتان نەشکاندوە، ئەگەرنا بە پەیمان شکێن لە قەڵەم دەدرێن و بەڵێنەکەتان نەبردۆتە سەر.

پێشتریش هێنامان: (محمد الطاهر بن عاشور) دەڵێ: {المـوثِقُ: مَصْدَرٌ مِيمِيّ للتوثيق، أُطْلِقَ هُنا عَلَى المَفْعُول، وَهُوَ ما بِهِ التوثِيق، يَعْنِي اليَمِين،

وَمِنَ اللهِ صِفَةٌ لـ (مُوثِقاً) صَادِراً مِنَ اللهِ تَعَالَى، بِأَن يَجْعَلُوا اللهَ شَاهِداً عَلَيْهِم فِيمَا وَعَدُوا بِهِ، بِأَن يَحْلِفُوا بِاللهِ، فَتَصِير شَهَادَةَ اللهِ عَلَيْهِم كَتَوثِيقٍ صَادِرٍ مِنَ اللهِ تَعَالَى بِهَذَا الإِعْتِبَار، وَذَلِكَ أَن يَقُولُوا: لَكَ مِيثَاقُ اللهِ أَو عَهْدُ اللهِ}[1].

واتە: (موثِق) چاوگێکی میمییە لە (توثیقَ)ەوە هاتوە، یانی: (وَثَّقَ يُوَثِّقُ تَوثِيقاً وَموثِقاً)، ئەویش هەر چاوگە وەك چۆن (توثیقَ) چاوگە، واتە: پتەوکردن، (موثِق)یش، بە هەمان شێوە، بەلام لێرەدا مەبەست پێی پەیمانێکی پتەوەو بە مانای (مَفعول) بەکارهاتوە، ئنجا لێرەدا مەبەست پێی ئەوەیە کە پەیمانەکەی پێ پتەو دەکرێ، کە بریتیە لە سوێند، کە دەڵێ: (مِنَ الله)، ئەوە سیفەتە بۆ ئەو بەڵێنو پەیمانە پتەوەیە، واتە: ئەو بەڵێنو پەیمانە پتەوە لە خواوە پەیدا دەبێ، کە خوا ﷻ بکرێتە شایەد لەسەر ئەوەی بەڵێنی لەسەر دەدەن بە بابیان، کە سوێند بە خوا بخۆن، بە شێوەیەك کە شایەدییدانی خوا لەسەریان، وای لێ دێتەوە کە: ئەو پەیمانە پتەوە، لە خواوە ﷻ دەرچووە، بۆ وێنە کە بڵێن: (لَكَ ميثاقُ اللهِ أو عَهدُ اللهِ)، پەیمانی خوا، بەڵێنی خوا بۆ تۆ بێ، لەسەر ئێمە، (کە ئێمە ئەو کوڕە بە سەلامەتیی بێنینەوە).

کە دەفەرموێ: ﴿إِلَّآ أَن يُحَاطَ بِكُمۡ﴾، وەك پێشتریش گوتمان: مەگەر دەورە بدرێن، عادەت وایە کە شتێك دەورەو ئابڵووقە درا، ڕێی هەڵاتنو دەربازبوونی نیە، واتە: مەگەر بێ چارەو بێدەرەتان بکرێن، بارودۆخێکی واتان بۆ بێتە پێشێ، هیچ چارتان نەبێ، نەك بەهۆی کەمتەرخەمییتانەوە: کوڕەکەم شتێکی لێبێ، ئەگەر هیچ کەمتەرخەمییتان نەبوو، ئەو کاتە مانای وایە ئەوە هەڵداوێردرێ لەوە، کە ئێوە پەیمان شکێن بوون، ئەو کاتە بە پەیمان شکێن لە قەڵەم نادرێن .

١) التحرير والتنوير ج ١٣، ص ١٩.

٣) - ﴿فَلَمَّآ ءَاتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ﴾، کاتێك کە پەیمانەکەی خۆیانیان پێدا، واتە: بەو شێوەیەی کە باببان داوای لێکرد بوون، ئاوا بەڵێنو پەیمانیان پێدا .

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دروستە ئەگەر ئینسان لە کەسێك لە کۆمەڵێك دڵنیا نەبوو، سوێندیان پێ بخواتو پەیمانیان لێوەربگرێو لێیان جەخت بکاتەوەو، چۆن دڵنیا دەبێ ئاوا شتیان پێ بنووسێ، وەك دیکۆمێنت لای بێ، ئەمە هەرچەندە لە تەفسیرەکاندا نەمبینیوە باسی کرابێ، بەڵام ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەیە کە ئینسان ئەگەر لە کەسێك، یاخود لە کۆمەڵێك دڵنیا نەبوو، بۆی هەیە چۆن دڵنیای بکەنەوە، داوایان لێبکات کە دڵنیای بکەنەوە .

کە لەم ڕۆژگارەشدا شێوەی (توثیقُ)و دیکۆمێنت کردن هەر زۆر زۆر بووە :

١- پەنجە مۆریان پێ بکات .

٢- پێیان ئیمزا بکات .

٣- بە دەنگو وێنە قسەکانیان لێوەربگرێ .

٤- بارمتەیان لێوەربگرێ .

٥- سوێندیان پێ بخوات .

٦- پێیان بنووسێ .

هەرچۆنێکی ببێتە مایەی زیاتر دڵنیاکردنی وی، بۆی هەیە، چونکە ئەوەتا پێغەمبەرێکی پایە بەرزی خوا کە یەعقووبە ﷺ بەرانبەر بە کوڕەکانی خۆی، ئاوا بەو شێوەیە دوور بینیی کردوەو ویستوویەتی دڵنیای بکەنەوە، کەواتە: دروستە کەسێك هۆکارەکانی دڵنیایی بۆ خۆی بڕەخسێنێ، لە کاتی مامەڵەکردن یان هەر جۆرە هەڵسوکەوت کردنێك، لەگەڵ هەر کەسێکدا، کە پێویستیی بەوە بێ دڵنیای بکاتەوە، داوای دڵنیا کردنەوەی لێ بکات .

ئنجا دوای ئەوەی بەو شێوەیە پەیمانەکەیان و بەڵێنەکەیان پێدا، کە بابیان داوای کرد بوو.

٤) - ﴿قَالَ اللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ﴾، (یەعقووب) گوتی: خوا لەسەر ئەوەی کە ئێمە دەیڵێین: (وَكِيل) بێ، واتە: کار پێسپێردراوو شایەدو ئاگادار بێ، کە نەچن کارێك بکەن، دوایی وێڕای پەیمان شکاندن لەگەڵ من دا، خوای پەروەردگاریش لە خۆتان تووڕە بکەن .

مەسەلەی پێنجەم : ئامۆژگاریی کردنی یەعقووب ﷺ بۆ کوڕەکانی کە هەموویان لە یەك دەروازەوە نەچنە نێو شارو، جەخت کردنەوەی لەسەر ئەوە کە بڕیار هەر هی خوایە، هەرچی خوا بیەوێ، دێتە دیو، ڕێنمایی و ئامۆژگاریی وی بۆ کوڕەکانی، هیچ لەو نەخشەو پلانە ناگۆڕێ کە بە ویستی ڕەهای خوای پەروەردگار جێبەجێ دەبێ، بەڵام دیارە دەست بە هۆکار گرتنیش، هەر لە نێو ویستی ڕەهای خوای توانا دایە :

وەك خوا دەفەرموێ : ﴿ وَقَالَ يَٰبَنِيَّ لَا تَدْخُلُواْ مِنۢ بَابٍ وَٰحِدٍ وَٱدْخُلُواْ مِنْ أَبْوَٰبٍ مُّتَفَرِّقَةٍ ۖ وَمَآ أُغْنِى عَنكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ ۖ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۖ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ ۖ وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە حەوت بڕگەدا

١) - ﴿ وَقَالَ يَٰبَنِيَّ ﴾، (یەعقووب) گوتی: ئەی کوڕەکانم! یانی: ئەی یازدە کوڕەکەم! جگە لە یوسوف کە لەگەڵیاندا نەبووە، ئەو جار بنیامینیشیان کەوتە گەڵ، ئەی کۆمەڵە کوڕەکەم !

٢) - ﴿لَا تَدۡخُلُواْ مِنۢ بَابٖ وَٰحِدٖ﴾، لە یەك دەرگاوە، كە ئەو كاتە بە كوردیی زیاتر دەروازەی پێ گوتراوە، بەڵام دەرگاشی هەر پێ دەگوترێ، لە زمانی عەرەبی دا: (باب) هەم بە مانای دەرگای ژوورێك بەكاردێ، هەم بە مانای دەروازەی شارێكیش دێ، بەڵام ئێمە لە كوردییدا كەمتر وایە بڵێین: لە دەرگای شارەكەوە چووە ژوورێ، دەرگا زیاتر بۆ ژوور بەكاری دێنن، بۆیە ئەگەر بڵێین: دەروازە باشترە .

كوڕەكانم ! لە یەك دەرگاوە مەچنە ژوور، واتە: مەچنە ژوور شار، دیارە ئەو شارە كە پایتەختی میسری خواروو بووە، ئەو كاتە بە دەست ئەو نەتەوەیە بووە، كە هەكسۆسیان پێگوتراوە، یان پادشا شوان كارەكانیان پێ گوتراوە، پایتەختەكەی شاری (مەنفیس) بووە، كە لە گەورەترین شارەكانی دنیا بووە، لەو كاتەداو، چەندان دەروازەی هەبوون، ئنجا ئەو كاتە شارەكان، هەموویان وا بوون: قەڵایان بە دەورەوە كراوە، ئنجا شوورەیان هەبووەو، شوورەكان بورجیان لەسەر بووەو، بورجەكانیش ئێشكچیی‌و پاسەوانیان لەسەر بووە، لە دەروازەكانەوە نەبێ هیچ كەس نەیتوانیوە بێتە ژوور، دیارە بۆ خۆ پاراستن لە دوژمنان وایان كردوە .

٣) - ﴿وَٱدۡخُلُواْ مِنۡ أَبۡوَٰبٖ مُّتَفَرِّقَةٖ﴾، ئنجا لە چەند دەروازەی جیا جیاوە، وە ژوور بكەون، بچنە ژووری شارەكە، هەر یەكێك لە دەروازەیەكەوە، دیار نەكراوە ئەو شارە چەند دەروازەی هەبوون؟ بەڵام بە تەئكید هێندەی دەروازە هەبوون كە بە كۆ ناو بهێنرێن، ئنجا سێ بوون، چوار بوون، دە بوون، كەمتر بوون، دیار نیە .

٤) - ئنجا كە ئەو ئامۆژگاریی‌و ڕێنماییەشیان دەكات، ئەو ڕاستییەشیان دەخاتەوە یاد، كە هەر ئەوە شایستەی پێغەمبەرێكی پایە بەرزی وەك یەعقووبە ﷺ، كە هەمیشە ئاگای لەلایەنی خوای پەروەردگار بێ‌و، هەمیشە ئاگای لەوە بێ، كە خەڵك پێی وا نەبێت لەگەڵ هۆكارەكانی ڕەچاوكردن، تازە بە مەرام دەگات‌و بە ئامانج دەگات ! بەڵكو ئەوە ویستی

ڕەهای خوایە کە هۆکارەکانیش کار پێ دەکات، ئنجا کاتێك تۆ هەندێ هۆکاران دەگری، ڕەنگە ئاگات لێ نەبێ: هەندێ هۆکاری دیکەی پەنهانی پێچەوانەی ئەو هۆکارانە، مەفعوولی ئەو هۆکارانە هەڵبوەشێننەوە، بۆ وێنە: کەسێك هەموو هۆکارەکانی تەندروستیی دەگرێتە بەر، بەلاّم ئاگای لێ نیە هۆکارێکی دیکەی پەنهانی دژی ئەو هۆکارانەی تەندروستیی هەیە، لەوان بەهێزترەو بەسەر ئەو هۆکارانەدا زاڵ دەبێ ! بەلاّم هەموویان: چ هۆکارە ئاشکرایەکان کە تۆ دەیانگریەبەر، چ هۆکارە پەنهانەکان، کە تۆ نایانگریە بەرو لێیان بێئاگای، ویستی خواو زانیاریی خواو دەسەلاّتی خوا، دەورەی هەموویانی داوە، بۆیە دەڵێ: ﴿ وَمَآ أُغۡنِي عَنكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٍ ﴾، من لە بەرانبەر خوادا، لە بەرانبەر ویستی ڕەهای خوادا، هیچ سوودێکتان پێ ناگەیەنم .

واتە: لە پشت هۆکارەکان (أسباب)ەوە هۆکارساز (مُسَبِّبُ الأسباب) هەیە، ڕەخسێنەری هۆکارەکانیش هەیە، وەك هۆکارەکان هەن، ڕەخسێنەری هۆکارەکانیش هەیە .

هەڵبەتە دوایی کورتە باسێك لەوبارەوە دەکەین، کە مەبەست ئەوە نیە هۆکارەکان سوودیان نیە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە یەعقووب دەیەوێ ئاگاداریان بکاتەوە: ئەوەی کە من پێتان دەڵێم، هۆکارێکە بیگرنەبەر، بەلاّم دیسان ئەگەر خوا بیەوێ شتێکتان بەسەر بێنێ، هەرچەندە ئەو هۆکارەی ئێوە ڕۆڵی خۆی دەبینێ، بەلاّم دەبینی هۆکارێکی دیکەی، یان چەند هۆکارێکی دیکەی پەنهان هەن، کە کاریگەریی ئەو هۆکارەی ئێوە گرتووتانەتە بەر، هەڵیدەوەشێنێتەوەو پووچەڵی دەکاتەوە، مەبەست پێی ئەوەیە، کە دەڵێ: ﴿ وَمَآ أُغۡنِي عَنكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٍ ﴾: (أُغْني)، لە (غَناءَ)ەوە هاتوە، (غَناء)یش، واتە: کەلێن بۆ گرتن، قەرەبوو کردنەوە، دەور بۆ بینین، واتە: من هیچ سوودێکتان پێ ناگەیەنم لە بەرانبەر ویستی خوادا، لە بەرانبەر بەلاو نەخشەو پلانی خوادا، ئەگەر خوا بیەوێ سەلامەت نەبن، تەنیا بەو ئامۆژگارییەی من سەلامەت نابن، بەلاّم ئەوەش هۆکارێکە، دەبێ بیگرنە بەر .

کـە دەفـەرمـوێ: ﴿ مِن شَيۡءٍ ﴾، (مِن)ی بـۆچـی خراوەتـە سـەر؟ تـاکـو هـەمـوو جــۆرە شــتێك بگـرێتــەوە، یـانی: هــەر شــتێك هـەرچــەندە بچـووکیش بــێ، سوودتـان پێ نـاگـەیـەنــێ، سـوودێکی بچووکیشتان پێ نـاگـەیـەنـێ، لـە بـەرانبـەر ویسـتی ڕەهـای خـوادا .

٥) - ﴿ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ ﴾، بڕیـار تـەنیـا هی خـوایـە، لێرەدا (ٱلۡحُكۡمُ)، بـە مـانـای: (التَّصَــرُّفُ والتقــدیر)، دەســـت تێـــوەردانو بڕیـــاردانو هـەڵســــووڕاندنو ئـەندازەگیـریـی کـردن، ئـەوە تـەنیـا هـی خـوایـە ﷻ .

لـێرەدا (حُکم)، بـە مـانــای حوکمـی شــەرعیی نیــەو، بێگـومـان بـە مـانــای حوکمـی قـەدەریـیـە، واتـە: بڕیـارو تـەصـەڕڕوف تـەنیـا هی خـوایـە .

کـە دەشفـەرمـوێ: ﴿ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ ﴾، (إن نـافیــة)یـە، یـانی: (مـا الحُکمُ إلاَّ لله)، بڕیــار بــەس هــی خـوایــە ﷻ، بڕیــار نیــە مـەگــەر بــۆ خــوا، ئــەم تـەعبیـرەش بڕیارو تـەصـەڕڕوف لـە خـوای پەروەردگـاردا کـورت هـەڵـدێنــێ .

٦) - ﴿ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ ﴾، مـادام بڕیـار هـەر هی خـوا بێ، خـوا هـەمـەکارەی کـەونو کـائینـات بــێ، کـەواتـە: شـایسـتـەی ئـەوەیـە کـە هــەر پشـت بــەو ببـەسـتــرێو، هـەر دڵ بـەو خـۆش بکـرێ، ﴿ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ ﴾، ئنجا لێرەدا (جـارّو مجـرور) کـە پێش (فعـل) و (فـاعـل) دەکـەوێ، کـورت هـەڵهێنــان دەگـەیـەنــێ، واتـە: بــەس پشـتم بـەو قـایمـەو بـەس پشتی خـۆم بـەو سـپاردوەو بەسـتـوە، تـەنیـا ئـەوم کـردوە بـە کـار پێسـپێردراوی خـۆم .

٧) - ﴿ وَعَلَيۡهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ ﴾، هـەروەها پشـت بـەسـتـووان بــا تـەنیـا پشــت بـەو ببـەســتن، تـەنیـا کـاری خـۆیـان بـەو بسـپێرن .

لێرەشـدا دیسان کـە (جـارّو مجـرور) پـێش خـراون، مـانــای کــورت هـەڵهێنــان دەگـەیـەنــێ .

مەسەلەی شەشەمو کۆتایی : چوونە نێو شاری، هەر یازدە (١١) کوڕەکە، بە گوێرەی ڕێنمایی بابیان (یەعقووب) واتە: لە دەروازەی جیا جیاوە، کە بێگومان ئەو ڕێنماییەی هیچ سوودی لە بەرانبەر ویستی خوادا پێ نەدەگەیاندن، بەڵام ئەوە هەر پێویستییەك بوو یەعقووب لە دڵی دابوو کە بە کوڕەکانی بڵێ، تاکو بە وریایی مامەڵە بکەن، هەر ئەوەی ئەنجام داوە، ئەگەرنا هیچ لە بڕیاری خوا ناگۆڕێ، چۆن خوای بەرز ویستی بوو، چۆن لە بڕیاری خوادا هەبوو، هەر ئەوە هاتە دی، کە بریتی بوو لەوەی یەعقووب بنیامینی کوڕیشی لە میسر گل بدرێتەوە، بەڵکو کوڕە گەورەکەشی {کە ناوی (یەهوزا) بووە بە پێی پەیمانی کۆن} ، ئەویش دیسان گل بدرێتەوە، واتە: ئەو هەر لە بنیامین دەترسا، بەڵام یەهوزاش گل درایەوە لە میسرو ئەویشی لێ دوورکەوتەوە، پاشان خوا ڕایدەگەیەنێ کە یەعقووب زانا بوو بەهۆی فێرکردنی تایبەتی خواوە، هەرچەندە زۆربەی خەڵکی نازانن :

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَمَّا دَخَلُوا۟ مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُم مَّا كَانَ يُغْنِى عَنْهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ إِلَّا حَاجَةً فِى نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَىٰهَا ۚ وَإِنَّهُۥ لَذُو عِلْمٍ لِّمَا عَلَّمْنَٰهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٦٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە لە پێنج بڕگەدا

١) - ﴿ وَلَمَّا دَخَلُوا۟ مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُم ﴾، ئنجا کاتێك وەژوور کەوتن، واتە: چوونە نێو شارەکە بەو جۆرەو لەو شوێنەوە کە بابیان فەرمانی

پێکرد بوون، (حَيْثُ)، دەڵێ: (ظَرفُ مَكانٍ بمَنزلة حِين فِي الزَّمان، وَهِيَ اسْمٌ مَبني)، (حَيْثُ)، ناوە بۆ شوێن هەروەك چۆن (حين)، ناوە بۆ کات، واتە: کاتێکی نەزانراو، یاخود شوێنێك کە نەزانراو بێ‌و، (مَبني)یشە، واتە: هەمیشە هەر دەگوترێ: (حَيْثُ)، (حين)ش، بە هەمان شێوە هەر دەگوترێ: (حِينَ)، هەردووکیان (مَبنيّ)ن، واتە: یەك حاڵەتی (إعراب) بە خۆوە دەگرن .

کاتێك چوونە نێو شارەکەوە لەو شوێنەوە کە بابیان فەرمانی پێکرد بوون، ئەو شوێنە کوێ بوو؟ دەروازەی جیا جیا بوون، نەك یەك دەروازە، (أي دَخَلوا مِنَ الجِهة أو الجِهاتِ الَّتِي أَمَرَهُمْ بها أبوهُم، وَهِيَ الأَبوابُ المُتَعَدِّدة)، یانی : لەولایەوە یان لەو لایانەوە کە بابیان فەرمانی پێکردبوون، کە دەروازە جۆراو جۆرەکان بوون، چوونە ژوور، ئنجا ئەو ڕستەیەی کە پاڵ دەدرێتە لای (حَيْثُ)، ماناو چەمکی (حَيْثُ)، کە ناوی شوێنە، ڕوون دەکاتەوە .

کە دەفەرموێ: ﴿مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُم ﴾، لەو شوێنەوە کە بابیان فەرمانی پێکردن، بابیشیان فەرمانی پێکرد بوون کە لە دەروازەی جۆراو جۆرەوە بچنە ژوور، نەك لە یەك دەروازەوە، واتە: ئەمجارە فەرمانی بابیان، زۆر پیاوانەو جوامێرانە جێبەجێ کرد .

٢) - ﴿مَّا كَانَ يُغْنِي عَنْهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ ﴾، واتە: ئەو شێوە چوونە ژوورە، کە بە پێی فەرمانی بابیان بوو، هیچ سوودی لەلایەن خواوە پێ نەدەگەیاندن، واتە: ئەگەر خوا سەلامەتیی بۆ بڕیار نەدابان، بەو چوونە ژوورەی کە فەرمان پێکراوی بابیان بوو، ئەو چۆنیەتییە چوونە ژوورە، سەلامەت نەدەبوون .

مەبەست لەم ڕستەیە ئەوەیە کە شتەکان هەموو ببەسترێنەوە بە ویستی ڕەهای خوای پەروەردگارەوەو، چاو لەسەر هۆکارەکان چڕدا نەگرین، دەستیان پێوە بگرین، بەڵام دڵیان پێوە نەبەستین، دڵنیا بین کە لە پشت

هۆکارەکانەوە، هۆکار سازیش هەیە، کە خوایە ﷻ، هەروەها جگە لەو هۆکارانەی کە ئێمە دەیانبینین، هۆکاری دیکەی پەنهانیش هەن، کە خوا دەیانزانێ و ئێمە نایانزانین، ئنجا تۆ ئەگەر هەموو هۆکارە زانراوەکانیش بگریە بەر، ئەدی هۆکارە پەنهانەکان! کە زۆرجار هۆکارە پەنهانەکان مەفعوولی هۆکارە زانراوو بەرهەستەکان ناهێڵن، بۆیە ئەو دەرەنجامەی کە بە ڕواڵەت دەبێ بکەوێتەوەو، ببێتە بەرهەمی ئەو هۆکارە دەستەبەر کراوانە، ئەو ئەنجامە نایەتەدی، لەبەرچی؟ نەك لەبەرئەوەی هۆکارەکان سوودیان نیە، وەك دوایی باسی دەکەین، بەڵکو لەبەر ئەوەی هۆکاری دیکە پەنهان هەن، کە ئێمە لێیان بێ ئاگا بووین .

٣) - ﴿إِلَّا حَاجَةً فِى نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَىٰهَا﴾، واتە: هیچ سوودی پێ نەدەگەیاندن، ئەو شێوە چوونە ژوورە، (یان ئەو ئامۆژگارییەو ڕێنماییەی بابیان)، لە بەرانبەر ویستی خوادا، بەڵام پێویستییەك بوو لە دڵی یەعقووبدا جێبەجێی کرد .

پسپۆڕانی زمان گوتوویانە: {الإِسْتِثْنَاءُ فِي (إلاَّ حَاجَةً) مُنقَطِعٌ، لأَنَّ الحَاجَةَ الَّتِي فِي نَفْسِ يَعقُوب، لَيْستْ بَعْضَاً مِن الشيءِ المَنْفيِّ إغناؤه عَنْهُم مِنَ اللهَ، فَالتَّقْدِيرُ: لكِنْ حَاجَةً فِي نَفسِ يَعقُوبَ عليه السلام قَضَاهَا)، واتە: ئەو هەڵاواردنەی کە لە ﴿إِلَّا حَاجَةً﴾دا هەیە، هەڵاواردنێکی دابڕاوی پێ دەڵێن، نەك پەیوەست، {چونکە (الإِستثناءِ المنقطع)، ئەوە یەکە ئەوەی جیا دەکرێتەوە، لە جینسی ئەوە نەبێ کە لێی جیاکراوەتەوە، بەڵام (الإستثناءِ المُتَّصل)، ئەوەیە کە جیاکراوەکە، لەگەڵ لێ جیاکراوەکەدا، یەك جۆر بن، بۆ نموونە: ئەگەر گوترا: (جاءَ القَومُ إلاَّ مُحَمَّدٌ)، ئەوە هەڵاواردنی پەیوەستی پێ دەڵێن، بەڵام ئەگەر گوترا: (جاءَ القَومُ إلاَّ الحِمار)، دیارە (حِمار)، لە جۆری خەڵکەکە نیە، بۆیە پێی دەگوترێ: هەڵاواردنێکی لێك پچڕاو، یاخود هەڵاواردنێکی لێك دابڕاو} ئنجا لە ئایەتەکەشدا :

چونکە ئەو ﴿حَاجَةً﴾، کە لە دڵی یەعقووب دا بووە، بریتی نەبووە لەو شتەی نەفی کراوە، کە لە بەرانبەر خوادا سوودیان پێ بگەیەنێ، {واتە: شتە نەفی کراوەکە لە بەرانبەر ویستی خوادا، کە سوود ناگەیەنێ، ئەو پێویستییەی لە دڵی یەعقووب دا بووە، بەشێك نەبووە لەو} ، کەواتە: هیچ سوودی پێ نەگەیاندن ئەوەی کە یەعقووب ﷺ گوتی: لە بەرانبەر ویستی خوادا، بەڵام تەنیا یەعقووب پێویستییەك لە دڵی دا بوو، جێبەجێی کرد .

کە بریتی بوو لە دڵسۆزیی نواندن بۆ کوڕەکانیو ئامۆژگاریی کردنیانو سوور بوون لەسەر سەلامەتییان، ئیدی ئەو چی لە توانای دا هەبوو جێبەجێی کرد، بەڵام هەر ئەوە هاتە دی کە خوا ﷻ دەیویست، نەك لەبەر ئەوەی ئەو هۆکارەی یەعقووب گوتبووی، ناکاریگەر بووو سوودی نەبوو! نا، بەڵکو لەبەر کۆمەڵێ هۆکاری دیکە، کە یەعقووبو کوڕەکانیشیو هیچ کەس ئاگای لێیان نەبوو، تەنیا خوای زاناو تواناو پەنهانزان ئاگای لێیان هەبووو، لە نەخشەی ئەزەلییو گشتگیری وی دا هەبوون .

کە دەفەرمووێ: ﴿إِلَّا حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَاهَا﴾، گوتراوە: (القَضَاء: الإنْفَاذُ، وَمَعَنى قَضَاها أنْفَذَها، يُقَالُ: قَضَى حَاجَةً لِنَفسِهِ، إذَا أَنْفَذَ ما أَضْمَرَهُ فِي نَفْسِهِ، أَي: نَصِيْحَةً لأَبنائِهِ، أَدَّاها لَهُم وَلَم يَدَّخِرْها عَنْهُم، لِيَطْمَئِنَّ قَلْبُهُ بِأَنَّهُ لَمْ يَتْرُك شَيئاً يَظُنُّهُ نافِعاً إلاَّ أَبْلَغَهُ إلَيْهِم) .

(قضاء) لێرەدا بە مانای جێبەجێ کردنە، {هەڵبەتە (قضاء)، جاری وایە بە مانای بڕیاریش دێ} ، (قضاهُ)، واتە: جێبەجێی کرد، دەگوترێ: (قَضَى حَاجَةً لِنَفسِهِ)، ئەگەر شتێك کە لە دڵی دا پەنهانی کرد بوو، جێبەجێی کردو دەریخست، کە لێرەدا مەبەست دڵسۆزیی نواندنی یەعقووب بووە بۆ کوڕەکانی، دڵسۆزییەکەی پێ گەیاندنو لەلای خۆی نەیهێشتەوە، بۆ ئەوەی دڵی ئارام بێ، کە هیچ شتێك کە پێی وابێ سوودیان پێ دەگەیەنێ، کەمتەرخەمیی نەکردوە لە گەیاندنیدا پێیان.

(حَاجَةً)ش، وەك پێشتـــر گوتـوومـانــــە: (الحاجـة: الأَمْـرُ الـمَرْغُوب فِيـهِ)، (حَاجَةً)، یـانی: شـتێك كـە ئـارەزووی بـۆ بكرێ، بـۆچی پێـی گوتـراوە: (حَاجَةً)؟ لـەبـەر ئـەوەی پێویسـتیی پێیـەتی، بۆیـە ئـەو نــاوەی لێنـراوە .

ئـەو پێویسـتییـەش كـە لـە دڵی یـەعقـووبدا بـووە، بریـتـی بـووە لـە سـوور بوونی لەسـەر ئـەوەی كورەكانی ئـاگـادار بكاتـەوە، لـەو مـەترسـییـانـەی كـە لـە رێیـان دان .

٤) - ﴿وَإِنَّهُۥ لَذُو عِلْمٍ لِّمَا عَلَّمْنَـٰهُ﴾، بێگومـان ئـەو خـاوەن زانیـارییـەكی تایبـەت بـوو، بـە هۆی فـێركـردنی ئێمـەوە، واتـە: بـە هۆی ئـەوەی كـە ئێمـە فێرمـان كـرد بـوو، ئـایـا خـوا چـۆنی فێركـردبـوو؟ بێگومـان لـە رێـی وەحییـەوە، زانیـاریی تـایبـەتی پێغـەمبـەران (علیهم الصلاة والسلام) وەحییـە، پێغـەمبـەران بـەوە لـە خـەڵكی دیكـە جیـادەبـنـەوە، كـە خـوا زانیـاریی تایبـەتییـان پێ دەدات، ئـەگـەرنـا ئـەوانیش وەك خـەڵكی دیكـە، دەستیـان لـە زانیـاری دیكـەش گیـر دەبـێ، كـە خـەڵـكی دەسـتی لـێ گیـر دەبـێ، لـە رێـی ئـاسـاییـەوە: لـە رێـی ئـەزمـوونو بـەكـارهێنـانی عەقڵو هـەسـتـەوەرەكـانـەوە، بـەڵام پێغـەمبـەران (علیهم الصلاة والسلام) بـەوە لـە خـەڵكی دیكـە جیـادەبـنـەوە، كـە زانیـاریی تایبـەتی خـوایـان پێ دەدرێ، ئنجا یـان لـە رێی فریشـتـەوە بۆیـان دێ، یـان خـوا دەیخـاتـە دڵیـان، یـان لـە رێی خـەونـەوە، گـرنگ ئـەوەیـە زانیـارییـەكی تـایبـەتییـان لـە خـواوە پـێ دەدرێ.

كـە لێرەدا دەفـەرمـوێ: ﴿وَإِنَّهُۥ لَذُو عِلْمٍ لِّمَا عَلَّمْنَـٰهُ﴾، واتـە: بێگومـان ئـەو (یـەعقـووب)خـاوەن زانیـاریـی بـوو، زانیـارییـەكی تـایبـەتو مـەزنو گـرنگ، بەهۆی ئـەوەوە كە ئێمـە فێـرمـان كـردبوو .

٥) - ﴿وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾، بەڵام زۆربەی خـەڵكی نـازانـن .

ئـەمـە دەگونجـێ بـە زۆر شـێوە مـانـا بكرێ، زۆربـەی خـەڵكی چی نـازانن ؟

١- من ئاوام مانا کردوە، واتە: زۆربەی خەڵکی نازانن کە باشترینو ڕاسترینو ساغترینو بێ خلّتەترین زانیاریی، ئەو زانیارییەیە کە لە وەحییەوە سەرچاوە دەگرێ، لەلایەن خواوە بە تایبەت دەدرێ بە پێغەمبەران، من ئەو مانایەم پێ گونجاوترە، کە نەمبینیوە لە تەفسیرەکاندا باس کرابێ، بۆ وێنە :

٢- هەندێکیان گوتوویانە: زۆربەی خەڵك پێیان وایە: کاروبارەکان تەنیا لە ژێر ڕکێفی ویستی ئەواندانو، پێیان وایە کە هۆکارەکان مەبەستەکانیان بۆ دێننە دی .

بەڵام من پێم وایە ئەوەی کە گوتم چاکتر دێتەوە لەگەڵ سیاقی ئایەتەکەدا، چونکە خوا ﷻ مەدحی یەعقووب ﷺ دەکات کە پێی گوتن: ڕۆڵەکانم ! هۆکارەکان بگرنە بەر، هەمووتان لە یەك دەروازەوە مەچنە نێو شارەوە، لە دەروازەی جۆراو جۆرەوە بچن، هەر خۆشی گوتوویەتی: من هیچ سوودێکتان پێ ناگەیەنم لە بەرانبەر ویستی ڕەهای خوادا، دواییش خوا مەدحی دەکاتو دەفەرموێ: ئەو چوونە ژوورەی کوڕەکانی یەعقووب بۆ نێو شارەکە، بەو شێوەیەی بابیان فەرمانی پێکرد بوون، یان ئەو ڕێنماییو ئامۆژگارییەی یەعقووب بۆ کوڕەکانی، لە بەرانبەر ویستی خوادا، هیچ سوودی پێ نەدەگەیاندنو، ئەو خاوەن زانیارییەکی تایبەت بوو، بە هۆی ئەوەوە کە ئێمە فێرمان کردبوو، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن، چی نازانن؟ ئەوە نازانن کە باشترین زانیاریی، بێ خلّتەترینو، ڕاسترین زانیاریی ئەوەیە کە خوا لەڕێی وەحییەوە دەیدا بە هەندێك لە بەندەکانی خۆی، داویەتی بە هەندێك لە بەندەکانی خۆی، کە پێغەمبەرانن صەڵاتو سەلامی خوایان لەسەر بێ .

کورتە باسێک لە بارەی هۆکارەکان و کاریگەرییانەوە

هەندێك لە زانایان وا لەم ڕستەیە حاڵی بوون کە دەفەرموێ: ﴿مَّا كَانَ يُغْنِي عَنْهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ إِلَّا حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَىٰهَا﴾، واتە: ئەو قسەیەی یەعقووب ﷺ کە بە کوڕەکانی، دەڵێ: لە یەك دەروازەوە مەچنە نێو شارو، لە چەند دەروازەیەکی جیاوازەوە بچن، ئەوە هیچ سوودی پێ نەدەگەیاندن لە بەرانبەر ویستی خواو قەدەری خواداو، تەنیا پێویستییەکی نێو دڵو دەروونی یەعقووب بوو خستیە ڕوو، وا لەو ڕستەیە حاڵی بوون کە هۆکارەکان هیچ کاریگەرییان نیە !

لە بەرانبەریشدا هەندێکی دیکەش وا حاڵی بوون، کە کاریگەریی هۆکارەکان کاریگەرییەکی خودی سەربەخۆیە، بەو واتایە کە پەیوەست نین بە ئیرادەو ویستی ڕەهاو بێ سنووری خوای باڵادەستو تواناوە !

بەلام ئێمە دەڵێین: لە ڕاستییدا ئەو دوو ڕایە یەکێکیان بریتیە لە کورت هێنان، ئەوی دیکەش بریتیە لە تێپەڕاندن، ئەوەیان کە دەڵێ: هۆکارەکان هیچ کاریگەرییان نیە لە بەرانبەر ویستی خوادا، ئەوە کورت هێنانە، وەك مەلای گەورەی کۆیی لە شیعرێکی دا دەڵێ :

چونکە سەلبی تەئسیریان لە قودرەتی عەبدی کرد

ئۆممەتی وا زەبەلاح هەمووی بە زیندوویی مرد

کە مەبەستی جەبرییەکان بووە کە گوتوویانە: هۆکارەکان کاریگەریی خود (ذاتـي)یيان نیە، بۆیە دەڵێ: چونکە سەلبی تەئسیریان لە قودرەتی مرۆڤ کردو، گوتیان: بەندە تواناو دەسەلاتەکەی کاریگەریی خودیی نیە، بەلکو هەر کاتێك مرۆڤ شتێك ئەنجام دەدات، ئیرادەی خوا بۆی دەکات، دەڵێ: لە ئەنجامی ئەوەدا ئۆممەتی وا زەبەلاح (گەورەو زۆر)، هەمووی بە زیندوویی مرد! قسەکەی تا رادەیەکی زۆر ڕاستە، ئەو بیرۆکەی جەبرییەکانو، مورجیئەکانە کە گوتوویانە: کردەوە بەشێك نیە لە ئیمان، ئیمانی ئیبلیسو ئیمانی فریشتان وەك یەکن ! ئیمانیان تەنیا بە زانینو بە ڕاستزانینو دانپێداهێنان زانیوە، ئەوە کاریگەریی خراپی زۆری بووە .

هەروەك بە بارەکەی دیکەش دا: قەدەرییو موعتەزیلەش کە زێدەڕۆییان کردوە لەوەدا کە گوتوویانە: هۆکارەکان کاریگەرییەکی زاتییان هەیە، بە نادیدەگرتنی ویستی خواو تواناو دەستەلاتی بێسنووری خوا، ئەوەش بێگومان تێپەڕاندنە.

هەق ئەوەیە کە هۆکارەکان چ پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەبێ، یان گشتی بن، هۆکارەکان کاریگەریی زاتییان هەیە، بەلام لە چوارچێوەی ویستو تواناو سیفەتە بێسنوورو ڕەهایەکانی خوای پەروەردگاردا، وانیە کە ناکاریگەر بن، مرۆڤ دەستە پاچە نیە، پەڕە مریشکێك نیە ویستی خوای پەروەردگار بیجوولێنێ، بێ ئەوەی بۆخۆی هیچی لە توانادا هەبێ، بەلام ویستی مرۆڤ و سیفەتەکانی مرۆڤ ، هەروەها هۆکارەکان بە گشتی کاریگەرییەکی زاتیی سەربەخۆ (مستقل) بەدەر لە ویستی خوای پەروەردگاریشیان نیە، چونکە خوا ﷻ ویستوویەتی ئەو هۆکارانە کاریگەرییان هەبێ، ئنجا هەر کاتێکیش ویستی خوا کەوتە کار، بۆ ئەوەی هۆکارێك ئەو کاریگەرییەی کە هەیەتی، نەیبێ، پەکی دەخا، وەك دوایی باسی دەکەین، ئەدی مەبەست لەو تەعبیرە قورئانییە چییە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿مَّا كَانَ يُغْنِي عَنْهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ﴾، دوای ئەوەی کە یەعقووب دەڵێ: ﴿ وَقَالَ يَٰبَنِيَّ لَا تَدْخُلُواْ مِنۢ بَابٖ وَٰحِدٖ وَٱدْخُلُواْ مِنْ أَبْوَٰبٖ مُّتَفَرِّقَةٖۖ وَمَآ

أُغْنِي عَنكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ ﴾، کە خۆشی هەروا دەڵێ: ﴿إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾، دوایی دەفەرمووێ: ﴿ وَلَمَّا دَخَلُواْ مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُم مَّا كَانَ يُغْنِي عَنْهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ إِلَّا حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَىٰهَا ﴾، یانی: کاتێ کە بەو شێوەیەو لەو شوێنەوە کە بابیان فەرمانی پێکردبوون، چوونە ژووری شارەکە، لە شارەکە وەژوور کەوتن، کە ئەوە هیچ سوودی پێ نەدەگەیاندن، واتە: بەو شێوە چوونە ژوورە، یاخود ئەو فەرمانەی بابیان، هیچ سوودی پێ نەدەگەیاندن، لە بەرانبەر ویستی خوادا، بەڵام ئەوە هەر شتێك بوو یەعقووب لە دڵی دا بوو، ویستی دەریببڕێ .

مەبەست لەو تەعبیرە ئەوەیە کە: مرۆڤ تەنیا دەبێ پشتی بە خوا ببەستێو، دڵی تەنیا بە خواوە پەیوەست بێو، دڵنیا بێ کە بەبێ ویستی رەهای خوا، هیچ شتێك روونادات، ئەگەرنا مەبەست ئەوە نیە کە هۆکارەکان هیچ دادی مرۆڤ نەدەنو، هیچ کاریگەرییان نەبێ، چونکە ئێمە دەقی قورئانمان زۆرن، هەروەها دەقی سوننەتی پێغەمبەر ﷺیش، کە هۆکارەکان دەبێ بگیرێنە بەرو، دەست بە هۆکارەکانەوە بێ، بەڵام دەبێ دڵ بە خواوە پەیوەست بێ، هەم وەك واقیعیش دیارەو، ئەوە پێویستیی بە بەڵگەی نەقڵیش ناکات، مادام بە عەقڵو ئەزموونو لە واقیعدا دیارە، بۆ نموونە:

١ـ کەسێك تینووی بێ، دەبێ ئاو بخواتەوە، بۆ ئەوەی تینوویەتی بشکێ .

٢ـ کەسێك برسیی بێ، دەبێ خواردن بخوات، بۆ ئەوەی برسیەتییەکەی لابچێ .

٣ـ ئەگەر سەرمای بوو، دەبێ بە بەرگو پۆشاك خۆی داپۆشێ، یان بە ئاگر خۆی گەرم بکاتەوە... هتد، ئنجا هەر شتێك کە عەقڵی سەلیمو ئەزموون، بیسەلمێننو لە واقیع دا بەرجەستە ببێ، پێویستییمان بە بەڵگەی نەقڵیی ناکات بۆ سەلماندنی راستیی ئەو شتە، کە عەقڵ بە ئاشکرا دەلالەتی لەسەر دەکاتو، بە شێوەیەکی بەرهەست (محسوس) دیارە .

بەڵام وێڕای ئەوەش: با تەماشا بكەین :

یەكەم: خوا ﷻ لە بەسەرهاتی (ذِى ٱلْقَرْنَيْنِ)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَن ذِى ٱلْقَرْنَيْنِ قُلْ سَأَتْلُوا۟ عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا ﴿٨٣﴾ إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾ ﴾الكهف، واتە: دەربارەی (ذِى ٱلْقَرْنَيْنِ)، پرسیارت لێ دەكەن، بڵێ: لەمەو دوا هەواڵیتان بەسەردا دەخوێنمەوە: ئێمە دەستڕۆیشتوومان كرد بوو لە زەوییداو بۆ هەر كارێك، هۆكارێكمان پێ دابوو (واتە: بۆ ئەنجامدانی هەر كارێك، هۆكارێكمان بۆ ڕەخساند بوو)، ﴿ فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴾، شوێنی هۆكارەكە دەكەوت، بۆ ئەنجامدانی كارەكەی .

ئنجا دوایی باس دەكاتو دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ ٱلشَّمْسِ ﴿٨٦﴾ ﴾ الكهف، دوایی دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَطْلِعَ ٱلشَّمْسِ ﴿٩٠﴾ ﴾الكهف، دوایی دەفەرموێ: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ بَيْنَ ٱلسَّدَّيْنِ ﴿٩٣﴾ ﴾الكهف، كەواتە: بە هۆی شوێنكەوتنی هۆكارەكانەوە (ذِى ٱلْقَرْنَيْنِ)، گەیشتۆتە ئەو شوێنەی كە خۆری لێ ئاوا دەبێ، هەروەها ئەو شوێنەی كە خۆری لێ هەڵدێ، هەروەها گەیشتۆتە نێوان دوو چیایەكان، كە وەك دوو بەنداو (سد) وا بوون، ئەوە لە سووڕەتی (الكهف)دا .

دووەم : لە سووڕەتی (الأنفال) لە ئایەتی (٦٠)دا، خوا ﷻ فەرمان بە ئێمەی مسوڵمان دەكات، دەفەرموێ: ﴿ وَأَعِدُّوا۟ لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ ٱلْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعْلَمُهُمْ ﴾، واتە: ئنجا هەرچی لە تواناتاندا هەیە لە هێز بۆیان ئامادە بكەن، {واتە: بۆ دوژمنو ناحەزانتان}، هەروەها لە ئەسپی

بەستراوە، ڕاگیراوو ئامادە، (بۆچی؟) بۆ ئەوەی دوژمنی خواو دوژمنی خۆتانی پێ بترسێنن .

کەواتە: لێرەشدا فەرمانکراوە بە ئامادەکردنی هێز، کە بێگومان هێزیش هۆکارە .

سێیەم : ئنجا لە سوورەتی (النساء) لە ئایەتی (٥)دا، خوا ﷻ لە باسی ماڵو سامانداا دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تُؤْتُوا۟ ٱلسُّفَهَآءَ أَمْوَٰلَكُمُ ٱلَّتِى جَعَلَ ٱللَّهُ لَكُمْ قِيَـٰمًا ﴾، واتە: ئەو ماڵو سامانەتان کە خوا گێڕاویەتی بە مایەی ڕاوەستانتان، (واتە: ژیانتانی پێوە بەندەو ڕاوەستاوە)، مەیدەن بە نەفامەکان .

ئنجا ئایا پشت بە خوا بەستن و، خوا کردنە وەکیلی خۆمان، مانای وایە ئێمە گوێ نەدەینە هۆکارەکان؟ نەخێر، وەك لەم فەرموودەیەدا دەردەکەوێ:

{عَنْ أنَسِ بنِ مالِكٍ رضي الله عنه قَالَ: جاء رَجُلٌ إلى النَّبيِّ ﷺ وَأَرَادَ أَنْ يترك ناقتَهُ وَقَالَ: أَأَعْقِلُها وأتوكَّلُ أَوْ أُطْلِقُها وأتوكَّلُ؟ فَقَالَ النَّبيّ ﷺ: إعْقِلْها وَتوكَّلْ}، {أَخْرَجَهُ ابنِ حِبانَ برقم: (٧٣١)، والترمِذِي برقم: (٢٦١٧)، وَابن ماجَه برقم: (٤١٦٤)، وَقَالَ شعيب الأرنؤوط: حَدِيثٌ حَسَنٌ، وَحَسَّنَهُ الألباني} .

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ ویستی حوشترەکەی بەڕەڵا بکات لە دەرێ و، بە پێغەمبەری ﷺ گوت: ئایا بیبەستمەوەو پشت بە خوا ببەستم، یاخود بەرهەڵدای بکەمو پشت بە خوا ببەستم؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بیبەستەوەو پشت بە خوا ببەستە .

کەواتە: بەستنەوە، پێچەوانەی پشت بە خوا بەستن نیە، بەڵکو ئەگەر پشتت بە خوا بەست، دەبێ دڵت بە خواوە پەیوەست بێ، بەڵام دەبێ دەستت بە هۆکارەکانەوە بێ، پێغەمبەری خوا ﷺ وایکردوە، کەواتە: ئەوەی کە هەندێ لە ئەهلی تەریقەت و تەصەووف بە هەڵە تێیگەیشتوونو، پێیان وایە کە بابای پشت بە خوا بەستوو، کەسێکە کە هۆکارەکان وێڵ بکات! ئەوە لە ڕاستیی دا هەر لە بنچینەدا لە مانای (توکّل) حاڵی نەبوون، چونکە:

ئەوەی کە دەستی بە هۆکارەکانەوە نەبێ، ڕاست ناکات بڵێ: دڵی بە خواوە پەیوەستە، لە سۆنگەی ئەوەوە ئەو خوایەی کە دڵت پێوەی پەیوەستە، ئەو پێت دەفەرموێ: هۆکارەکان ڕەچاو بکە، وەك پێشتر گوتمان خوای پەروەردگار دەربارەی (ذو القرنين) دەفەرموێ: ﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَن ذِى ٱلْقَرْنَيْنِ ۖ قُلْ سَأَتْلُوا۟ عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا ﴿٨٣﴾ إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾ ﴾الكهف، واتە: پرسیارت لێدەکەن دەربارەی (ذو القرنين) پێیان بڵێ: هەواڵی ئەوتان بۆ دەخوێنمەوە، ئێمە ئەومان دەستەڵاتدار کردبوو لە زەویداو، بۆ هەموو شتێك هۆکارێکمان پێدابوو، ئنجا بە دوای هۆکارەکە دەکەوت ...

کەواتە: پشت بە خوا بەستن لەگەڵ پەنا بۆ هۆکار بردن دا، نەك هەر ناکۆك نیە، بەڵکو تەواوکەری یەکدین، چونکە ئینسان تەنیا لایەنە مەعنەوییەکەی نیە، هەروەك تەنیا لایەنە جەستەییەکەش نیە، بەڵکو بە لایەنە جەستەییەکەی هۆکار پەیدا دەکاتو، بە لایەنە مەعنەوییەکەشی، دڵ پەیوەست دەکات بە خواوە .

ئنجا ئەگەر ئێمە تەماشای سیرەو ژیانی پێغەمبەری خاتەم بکەین ﷺ بۆ نموونە: کاتێك کە لە مەککەوە کۆچ دەکات بۆ مەدینە، هەرچی هۆکارەو بە زەینی مرۆڤ دادێ، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەچاوی کردوە :

١- پێشێ ڕەفیق پەیدا دەکا، کە ئەبو بەکری صیددیقە نیزیکترینو متمانە پێکراوترین هاوەڵیو دڵسۆزترین هاوەڵی .

٢- پاشان وڵاخ دابین دەکات دوو وڵاخ .

٣- ئنجا کەسێك کە دەلیلەو، بە ڕێیە دەزانێو شارەزایە (عبدالله ابن أُريقط)، کە هەرچەندە ئەو کاتە موشریك بووە، بەڵام شارەزا بووەو، متمانە پێکراویش بووە، پێغەمبەر ﷺ نەچووە مسوڵمانێکی دڵسۆزی متمانە پێکراو، بەڵام نەشارەزا بکات بە دەلیل، هەڵساوە کافرێکی متمانە پێکراو کە شارەزایە، ئەوی کردوە بە ڕێ پێشاندەر .

٤- دوایی چۆنیەتی خواردنو خۆراکیان چۆن چۆنی بۆ بێ ؟ ئامادەکاری بۆ کردوە .

٥- ئنجا هەوالّو دەنگو باسیان چۆن بۆبێ ؟ لە ڕێی کورو کچەکانی ئەبوبەکری صیددیقەوە خوا لێی ڕازی بێو لە ڕێی شوانەکەیەوە، شوانی ئەبوبەکری صیددیق کە مێگەلە مەڕێکی پێ بووە، هەموو ئەو زەمینەسازیانەی کردوون .

٦- ئنجا سێ شەوو سێ ڕۆژان لە ئەشکەوتی (ثَور)دا ماوەتەوە، کە کەوتۆتە خوارووی شاری مەککە، لە حاڵێکدا کە مەدینە دەبێ بەرەو ڕۆژهەلاّتی باکووری مەککە بڕۆی، بەلاّم پێغەمبەر ﷺ بۆ شوێنە ونیی، چۆتە شوێنێك کە ئاڕاستەکەی پێچەوانەی ئاڕاستەی ئامانجی سەفەرەکەیەتی، بۆ ئەوەی فیکری ئەوێ هەر نەکەن .

٧- هەروەها بە شەو لە ماڵ دەرچووە .

کەواتە: هەرچی هۆکارە پێغەمبەری خوا ﷺ گرتوویەتە بەر، هیچ کەسیش گومانی لەوەدا نیە کە پێغەمبەری خوا، گەورەی پشت بە خوا بەستووان (سیدُ المُتوكِّلين) بووە .

هەروەها جەنگەکانی کە کردوونی، هەرچی هۆکارە ڕەچاوی کردوە :

١/ هاوەلاّنی باش پەرومردە کردوە .

٢/ هەوڵی داوە نەخشەی جەنگەکە زۆر بە وردیی دابنێ .

٣/ هەواڵو زانیاریی باشی لە بارەی دوژمنەوە پەیداکردوە: ژمارەی دوژمن چەندە؟ هی کوێن؟ چۆنن؟ توانایان چەندە؟ هەموو ئەو هۆکارانەی کە پێویستن بۆ بردنەوەی جەنگەکە، ڕەچاوی کردوونو، بێگومان لە هەموو کەسیش زیاتر پشتی بە خوا قایم بووە .

ئایا کاریگەریی هۆکارەکان کاریگەرییەکی خودییە یان نا؟

ئایا هۆکارەکان کاریگەریی (تأثیر)ەکەیان، شتێکە لە خودی خۆیان دایە، یاخود لەو کاتەدا کە کارەکە ئەنجام دەدرێ، خوای بەدیهێنەر کاریگەرییان پێدەدا؟ لەوبارەوە سێ ڕا هەن :

ڕای یەکەم: دەڵێن: کاریگەریی هۆکارەکان خودیی نیە، زاتیی نیە، جەبرییەکان وا دەڵێن، واتە: نە ئاو تینوێتی دەشکێنێ، نە ئاگر دەسووتێنێ، نە هیچ شتێك هیچ ئەنجامێکی دەبێ، مەگەر خوا لەو کاتەدا شتەکەی پێ بکاتو بۆ بکات، کە ئەوە کورت هێنانە .

ڕای دووەم: دەڵێن: کاریگەریی هۆکارەکان کاریگەرییەکی خودییو سەربەخۆیە، بە ڕەهایی، وەك سروشتو هیچ پەیوەست نیە بە ویستی خوای پەروەردگارەوە، هەڵبەتە ناڵێن: خوا دروستی نەکردوون، بەڵام دەڵێن: خوا ﷻ کاریگەریی خستۆتە نێو ئەو هۆکارانەوەو، هەقی بە سەریانەوە نیە، کە ئەوەش قسەی موعتەزیلەکانەو پێچەوانەی قسەی جەبرییەکانە .

ڕای سێیەم: کە قسەی ڕاستە، نە تێپەڕاندنی تێدایە، نە بەزایەدانی تێدایە، قسەی زۆربەی هەر زۆری زانایانی ئیسلامە، کە بە ئەهلی (سوننەتو جەماعەت)، ناسراون، دەڵێن :

یەك: کاریگەریی هۆکارەکان کاریگەرییەکی خودییە، بەڵام خوا ئەو کاریگەرییەی لەوێ دا داناوە .

دوو: هەر کاتێك خوا ویستی لە هەر حاڵێکداو لە هەر کاتێکدا، ئەو کاریگەرییەیان لێ وەردەگرێتەوە.

١ – بە بەڵگەی ئەوەی کە ئاگر دەسووتێنێ، بێگومان، بەڵام خوا ﷻ هەرچەندە ئیبراهیم خرایە نێو ئاگر، بەڵام نەیهێشت بسووتێ، وەك دەفەرموێ : ﴿ قُلْنَا يَٰنَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ ﴾الأنبياء، واتە:

گوتمان: ئەی ئاگر! سارد بەو سەلامەت بە لەسەر ئیبراهیم، کەواتە: ئاگر دەسووتێنێ، بەڵام ئەگەر خوا بیەوێ نەسووتێنێ، ناسووتێنێ، ئاگر وەك خۆی دەسووتێنێ خوای باڵادەست ئەو کاریگەرییەی تێدا ناوە، بەڵام هەتا ئەو کاتە، ئەو کاریگەرییەی دەبێ، تاکو خوا دەیەوێ، ئەگەر خوا نەیەوێ، ئەو کاریگەرییەی لێ دەستێنێتەوە، وەك ئاگرەکەی ئیبراهیمی خرا بووە نێو، کاریگەریی سووتاندنی لێ ستاندەوە .

٢- ئاو خەڵك دەخنکێنێو نقووم دەکات، نغرۆ دەکات، بەڵام ئەگەر خوا بیەوێ، ئەو کاریگەرییەی لێ وەردەگرێتەوە، وەك دەریای سوور بۆ مووسا ﷺو گەلە ستەم دیدەکەیو ڕاوەدونراوەکەی لەلایەن فیرعەونو سوپایەکەیەوە، شەق بوو، لە جیاتی ئەوەی نغرۆیان بکات، ئاوەکە بۆیان شەق بوو، ئەوان لێی دەرباز بوونو فیرعەونو سوپایەکەی نغرۆ کردو خنکان .

جیاوازیی ئەم ڕایەش لەگەڵ ئەوەی موعتەزیلەکان، هەر ئەوەیە کە ڕای موعتەزیلەکان زیاتر دەشوبهێتە ڕای فەیلەسووفەکانی یۆنانەوە، کە ئەوان گوتوویانە: بوون (وجود) وەك سەعاتێك وایە، خوا قوڕمیشی کردووەو لێی گەڕاوە، ئیدی هەقی بەسەریەوە نیە، بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە: بەڵێ خوا گەردوونی دروستکردوە، بەڵام وەك سەعاتێك قوڕمیشی نەکردووەو لێی بگەڕێ، بەڵکو بەردەوام خوا ﷻ ئاگاداری وردو درشتیەتی. ئاگاداری هەموو گەردیلەکانو لە گەردیلەش بچووکترە، ئنجا لە هەر کاتێكو لە هەر حاڵێکدا خوای پەروەردگار بیەوێ، تەدەخول دەکاتو کاریگەریی هۆکارەکان پەك دەخاو ڕادەگرێ، وەك نموونەمان هێنایەوە.

بەڵگەمان لەسەر ئەوە چیە ؟

١) خوا ﷻ لە سوورەتی (المؤمنون)دا دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعَ طَرَآئِقَ وَمَا كُنَّا عَنِ ٱلْخَلْقِ غَٰفِلِينَ ﴿١٧﴾ ﴾، واتە: بەدڵنیایی لە سەرووی ئێوەوە حەوت چینمان دروست کردوون، حەوت ئاسمانو، ئێمە لە دروستکراوەکان بێ ئاگا نین .

٢) هەروەها لە سووڕەتی (الرحمن)دا، خوا دەفەرمووێ: ﴿كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ ﴿٢٩﴾﴾، واتە: هەموو کاتێك ئەو (خوا) لە کاردایە، هەموو کاتێك خوای پەروەردگار لە کاردایە، بەو واتایە وەك زانایان تەفسیریان کردوە: یەکێك بەرز دەکات، یەکێك نزم دەکات، یەکێك هەژار دەکات یەکێك، دەوڵەمەند دەکات، یەکێك ساغ دەکات، یەکێك نەخۆش دەکات، یەکێك سەردەخات، یەکێك ژێر دەخات، یانی: خوا بەردەوام لەگەڵ دروست کراوەکانی خۆیدا خەریکە، سەرافەتیان دەکاتو سەرپەرشتییان دەکاتو، ئاگای لێیانە، ئەوە نیە کە دروستی کردبنو لێیان گەڕابێ[1].

بەڵێ سروشت کارەکانی خۆی دەکات، خوای بەرزو مەزن داو، وای داناوە، بەلام لە چوارچێوەی ویستی ڕەهای خوای پەروەردگاردا، وە هەر کاتێك خوا بیەوێ یەکێك لە هۆکارەکان کاریگەریی نەبێو پەکی بخات، پەکی دەخاتو، خوا لە بەرانبەر دروستکراوەکانی خۆیدا، دەستە پاچە نیە، واتە: وانیە کە خوا ئەو شتانەی دروست کردبنو وەگەڕی خستبنو، دوایی لە دەستی دەرچوو بن! تا هەر لە ژێر ڕکێفی ئیرادەی بێ سنوورو ڕەهای خوای تاكو پاك دان .

کەواتە: پوختەی قسان ئەوەیە گرتنەبەری هۆکارەکان فەرزە، کە ئەوە کاری جەستەیە، بەلام کاری دڵو دیوی پەنهانی مرۆڤ، بریتیە لە پشت بە خوا بەستن، واتە: دەست بە هۆکارەکانەوە گرتن، لەگەڵ دڵ بە خواوە پەیوەست کردنو، پشت بە خوا بەستن، نەك هەر پێچەوانە نین، بەڵکو تەواوکەری یەکدین، پێغەمبەرانیش (علیهم الصلاة والسلام) کە بێگومان لە هەموو کەس باشتر خوایان ناسیوەو، لە هەموو کەس باشتر لە ئایینو بەرنامەی خوا، تێگەیشتوون، هەر وایان کردوە: ویستبیان هەر کارێك بکەن، هۆکاریان

---

١) وشەی (طبیعة) وەك لە کتێبی یەکەمی مەوسووعەی (الإسلام كَما يَتَجَلّى في كتاب الله)دا، باسم کردوە: (طبیعة) لەسەر کێشی (فَعِيلَة)یە، بەلام بە مانای (مَطبُوعَة)یە، چونکە (طبیعة) واتە: (طبع) کراو، کەواتە: (فَعِيلَة)یە، بەلام بە مانای (مَفعُول)، (مَطبُوع)، یانی: (طبع) کراو، ئنجا ئایا کێ ئەو سروشتەی سروشتاندوە؟! بێگومان خوا ﷻ ؟ کێ ئەو (طبیعة) جوانەی ئەو (وجود)ەی کردوە؟ بێگومان خوا ﷻ .

بـۆ گـرتـوونــە بــەر، هـەروەهــا خــوا ﷻ مـەدحــی (ذي القَـرنـین)، دەکــاتو لــە مـەقـامی مـەدحو سـەنـادا دەفـەرمـوێ: ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾﴾ الكهف، بۆ هـەر شـتێك، بـۆ هێنـانــەدی هــەر ئـامــانجێك، هـۆكـارێكمـان بـۆ ڕەخساند بـوو، بــە دوای هـۆكـارەكــە دەكــەوت، كـەواتــە: ئــا ئــەوە شـێوازی ڕاستی مـامـەڵەكـردنــە لـەگــەڵ دنیــای هـۆكـارەكــاندا، بــەڵام دەبــێ دڵـیشــت بــە خــواوە پەیوەسـت بێو، پێت وانـەبێ كـە هـۆكـارەكـان بـۆخـۆیـان سـەربـەخـۆ كـار دەكـەنو، دڵـنیـابی كـە لـە پشت هۆكـارەكـانـەوە، هـۆكـارسـازیش هـەیـە (أسبـاب) هـەن، بـەڵام (مُسَـبِّبُ الأسبـاب)یـش، هـەیـە، كـە ئـەو كـاریگـەریـیـە زاتیـیــەی بـە هـۆكـارەكـان بـەخشـیوەو، هۆكـارەكـان لـە سنووری ویستو دەسـتـەڵاتی ڕەهـاو بـێ سنووری خـوای پەروەردگـاردا، كـار دەكـەن .

کورتە باسێک لە بارەی چاووزار (العين)ەوە

وەك پێشتــر ئـامـاژەمـــان پێــدا کــە یـەعقــووب ﷺ بــە کـورەکــانی دەڵــێ: ﴿ وَقَالَ يَـٰبَنِيَّ لَا تَدۡخُلُواْ مِنۢ بَابٖ وَٰحِدٖ وَٱدۡخُلُواْ مِنۡ أَبۡوَٰبٖ مُّتَفَرِّقَةٖ ﴾، ئــــــەی کورەکــانم! لــە یــەك دەروازەوە مـەچنــە ژوور شارەکــە، بەڵکــو لــە چــەند دەروازەیـەکی جیا جیاوە بچـن .

هـەندێك لـە تـوێژەرەوان وایـان لێکداوەتـەوە، گوتـوویـانـە: (خـافَ عَلَيْهِم مِنَ العَيْنِ وَالحَسد)، مـەتـرسـیی بــە چـاوەوە بـوونو چاوێنـیی بـوونی، لـێیـان هـەبـووە، تـرسی هـەبـووە کە بـە چـاوەوە ببـن، خـەڵك لە چـاویـان بـەرێ، چـاوو زار کـاریگـەریی خـراپیـان لـەسەر دابـنـێ .

هـەڵبـەتـە من وام تـەفـسیـرکـرد کە پەیـوەندیی بـە چاوو زارەوە نـەبێ، بـەڵکو گوتـم: – وەك هـەندێك لـە تـوێـژەرەوان وایان لێکداوەتـەوە – کە یـەعقـووب ﷺ ئـامۆژگــاریی کورەکــانی خــۆی دەکــات، یــازدە کورەکـــەی کــە ئــەو جــارە بـنـیـامینیـشیــان کـەوتــە گــەڵ، دەڵـێ: ڕۆڵەکـانم! کـورەکـانم! لــە یــەك دەروازەوە مـەڕۆنــە نێــو شــار، یــازدە کــوڕی هـەڵکـەوتــوو، کــوڕانی یـەعقــووبو نــەوەی ئیسحـاقو نـەوەی ئیبـراهیم ﷺ دەبێ زۆر بە شانو شـەوکەتو جـوانو ڕێــكو پێـك بـوو بـن، نـەوەك دەسـەڵاتی ئـەو شــارو وڵاتــە گومـانی خراپتـان پێ بــەرێو تۆمـەتبـارتـان بکـات، یـان لێتـان بتـرسـن بڵێن: ڕەنگـە ئـەوانـە بـۆ کودەتایـەك هـاتبـنو، پیلانێکیـان بـە دەستـەوە بێ، ئـەو کوڕە بـە شانو شـەوکـەتانـە.

زۆر پێدەچێ مـەبـەستی ئـەوە بـووبێ، کـە دەستـەڵاتی ئـەوێ گومـانی خراپیان پێ نـەباتو تۆمـەتباریـان نـەکات، کە بـۆ مـەبـەستێکی خـراپ چـوون، بـەڵام لـە پاڵ ئـەوەدا، ئـەوەش دەگـرێتەوە – هەرچەنـدە من بـۆ ئێـرە بـە دووری دەزانـم – کە

ترسی ئەوەشی بوو بیّ: بە چاوەوە ببن، چاوێنیی ببن، چاوو زار لێیان بدات، بۆیە من لێرەدا ئەو کورتە باسە دەکەم، کە ئایا مەسەلەی (چاوو زار) کە لە هەندیّ شوێنان وا دەڵێن، بەڵام لە هەندێك شوێن دەڵێن: چاوێنیی بووە، چاو لێیداوەو، لە هەندیّ شوێن دەڵێن: بە چاوەوە بوو، یان چاوی پیس کاری لێکرد .

لە دوو برگەی سەرەکیی دا، باسی ئەو بابەتە دەکەم :

برگەی یەکەم : چەند بەڵگەیەك لەسەر ڕاستیی چاو لێدان، بە چاوەوە بوون، چاوێنیی بوون، چاوو زار کاری خراپ تێکردن :

بەڵگەی یەکەم: ئایەتی ژمارە (٥١)ە، لە سووڕەتی (القَلَم)، کە خوا دەفەرمویّ: ﴿ وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَٰرِهِمْ لَمَّا سَمِعُواْ ٱلذِّكْرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُۥ لَمَجْنُونٌ ﴿٥١﴾ ﴾، واتە: نیزیکە ئەوانەی بێبڕوان، بە چاوەکانیان تۆ بخلیسکێنن، کاتێك کە گوێیان لە قورئان (ٱلذِّكۡرَ)، دەبیّو دەڵێن: ئەو (موحەممەد) شێتە.

(إبن كَثِير) ئاوای تەفسیر دەکات، دەڵیّ: (أَي: لِيُعِينُونك بِأبْصَارِهِم، بمَعْنَى: يحسدونَك لِبغضهِم إِياك ، لولا وِقَايَة الله لَك، وَحِمايتهُ إِياك مِنْهُمْ. وَفِي هذه الآية دليل على أن العَيْن إصابتها وتأثيرها حق، بأمر الله، عز وجل، كما وردت بذلك الأحاديث المروية من طرق متعددة كثيرة)[1]، واتە: کە دەفەرمویّ : ﴿ وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَٰرِهِمْ ﴾، واتە: چاوت لێدەدەن، چاوێنییت دەکەن بە چاوەکانیان، یانی: حەسوودییت پیّ دەبەن، چونکە ڕقیان لە تۆ هەڵدەستیّ، ئەگەر خوا تۆ نەپارێزیّو چەپاڵەت نەدا لەوان (ئەوان بەهۆی کاریگەریی چاویان تۆ دەخلیسکێننو، زیانت پیّ دەگەیەنن)،

١) المصباح المنير في تهذيب تفسير ابن كثير، ص ١٤٣٤.

لەم ئایەتەدا بەڵگە هەیە لەسەر ئەوە کە چاو هەقە، (چاو لێدان، بە چاوەوە بوون، چاوو زار لێدان ڕاستە)و، کاریگەرییەکەی ڕاستە بە فەرمانی خوای بالاّ دەستی مەزن، هەروەك لەوبارەوە فەرموودەی زۆر، لە زۆر ڕێوە هاتوون .

<u>بەڵگەی دووەم :</u> چەند فەرموودەیەك، کە من سەرجەم نۆ (٩) فەرموودە ئاماژە پێ دەکەم، بۆ ئەوەی باش تیشك بخرێتە سەر ئەم مەسەلەیە:

<u>فەرموودەی یەکەم :</u> {لا رُقْيةَ إلاَّ مِنْ عَيْنٍ أَوْ حُمَةٍ} {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٤٤٨)، وَابن ماجَهْ برقم: (٣٥١٣)، وَابن حِبان برقم: (٦٤٣٠)، وَأَخْرَجَهُ أَيْضاً مُسْلِم برقم : (٢٢٠) موقوفاً عَنْ بُرَيْدَةَ بن حُصَيْبٍ الأَسْلَمِيِّ} .

واتە: پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : نزا کردن نیە، مەگەر بۆ چارەسەر لە کاریگەریی چاوو، بۆ پێوەدان (پێوەدانی دووپشك) .

چونکە: (الحُمَةُ: العَقَرَبُ)، دوو پشك، یانی دوعا تەنیا بۆ ئەو دووانە زۆر کاریگەریی هەیە، یەکەم: بۆ چاو، کە کەسێك چاوی خراپ لێی بداتو بە چاویەوە بکات، دووەم: کەسێك کە دوو پشك پێوەی بدا.

<u>فەرموودەی دووەم:</u> {عَنِ ابن عَباسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُما عَنِ النَّبيِّ ﷺ قَالَ: (الْعَيْنُ حَقٌّ وَلَوْ كَانَ شَيْءٌ سابَقَ الْقَدَرِ ، سَبَقَتْهُ الْعَيْنُ، وَإِذَا اسْتُغْسِلْتُمْ فَاغْسِلُوا)} {أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (٢١٨٨)، وَابن حِبانَ برقم: (٦١٠٧)، وَأَخْرَجَهُ أَيْضاً: التِرمِذِيُّ برقم: (٢٠٦٢) وَالنَّسائِي فِي (الكبرى) برقم: (٧٦٢٠)، وَالدَّيْلَمِيُّ برقم: (٤٢١٦)} .

واتە: عەبدوڵلای کوڕی عەبباس خوا لە خۆیو بابی ڕازی بێ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: چاو هەقە، (واتە: کاریگەریی چاو هەقە)و، ئەگەر شتێك پێش قەدەر کەوتبایەوە، چاو (کاریگەریی خراپی چاو) پێشی دەکەوتەوەو، ئەگەر داواتان لێکرا خۆتان بشۆن، خۆتان بشۆن .

(دوایی زیاتر ڕوونی دەکەینەوە، کە مەبەست لەو خۆ شۆردنە چییە ؟).

فەرمـوودەی سێیـەم: {عَنِ ابـنِ عَبـاسٍ قَالَ: كـانَ النَّبِيُّ ﷺ يُعَوِّذُ الْحَسَنَ وَالْحُسَيْنَ: (أُعِيذُكُما بِكَلِماتِ اللهِ التَّامـة، مِنْ كُلِّ شَيْطانٍ وَهامَّة، وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لاَمَّـة)، ثُمَّ يَقُولُ : (كـانَ أَبُوكُمْ يُعَوِّذُ بِهِمـا إِسْمـاعِيلَ وَإِسْحاقَ)} {أَخْرَجَهُ بـرقم: (٣١٩١)، وَابـن حِبانَ بـرقم: (١٠١٣)، وَأَبـو دَاوُدَ بـرقم: (٤٧٣٩) وَاللَّفْظُ لَهُ}.

واتـە: عـەبدوڵڵای كوڕی عەبباس خـوا لـە خـۆیو بـابی ڕازی بـێ دەڵێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ دوعـای پاراسـتنی بەسـەر حەسـەنو حوسـێن دا دەخـوێند، دەیفـەرمـوو: ئێـوە دەپـارێزم، ئێـوە چەپاڵـە دەدەم، بـە وشـە تـەواوەكانی خـوا، (واتـە: بـە نـاوەكانی خـوا)، لـە هـەر شـەیتانێكو لـە هـەر زینـدەوەرێكو، لـە هـەر چاوێكی پیسـی كـە كـاریگـەریی خـراپی هـەبێ، ئنجا دەیفـەرمـوو: بـەم شێوەیـە ئیبـراهیم ﷺ : ئیسحاقو ئیسمـاعیلی كـوڕی چەپاڵە دەداو دوعـای بـەسەردا دەخـوێنـدن، بۆ پاراسـتنیـان .

فـەرمـوودەی چـوارەم : {عَنْ أَبِي أُمامـة بـن سَهْلِ بـن حُنَيْفٍ، قَالَ: مَـرَّ عَامِـرُ بـن رَبِيعَـةَ بِسَـهْلِ بـن حُنَيْفٍ وَهُوَ يَغْتَسِلُ، فَقَالَ: لَمْ أَرَ كَالْيَـوْمِ، وَلاَ جِلْدَ مُخَبَّـأَةٍ، فَمـا لَبِثَ أَنْ لُبِطَ بِـهِ، فَـأُتِيَ بِـهِ النَّبِـيَّ ﷺ، فَقِيلَ لَـهُ: أَدْرِكْ سَـهْلاً صَرِيعًا، قَالَ: مَـنْ تَتَّهِمُـونَ بِـهِ؟ قَـالُوا: عَـامِرَ بْـنَ رَبِيعَـةَ، قَالَ: عَـلاَمَ يَقْتُلُ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ! إِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ مِنْ أَخِيهِ ما يُعْجِبُهُ، فَلْيَدْعُ لَهُ بِالْبَرَكَـة، ثُمَّ دَعَـا بِمـاءٍ، فَأَمَـرَ عَـامِرًا أَنْ يَتَـوضَّأَ فَيَغْسِلَ وَجْهَـهُ وَيَدَيْـهِ إِلَـى الْمِـرْفَقَيْنِ وَرُكْبَتَيْـهِ وَدَاخِلَـة إِزَارِهِ، وَأَمَـرَهُ أَنْ يَصُبَّ عَلَيْـهِ} {أَخْرَجَـهُ إِبـن مـاجَهْ بـرقم: (٣٥٠٩)، قال الشيخ الألبـاني: صحيح}.

واتـە: لـە ئـەبی ئومـامـە كـە نـاوی سـەهـلی كـوڕی حونـەیفـە دەڵـێ: عامیـری كـوڕی ڕەبیعـە بـە لای سـەهلـی كـوڕی حونـەیفدا تێپـەڕی، كـە سـەهلی كوڕی حونـەیف لـەو كاتـەدا خـۆی دەشـۆرد (دیـارە لـە دەشـتێك، لـە شـوێنێك خـۆی شـۆردوە، جەستـەی دیـار بـووە) عامیـری كـوڕی ڕەبیعــە، گوتی: ئـەمڕۆ تا ئێسـتا بـە دەنی وا سپیو جوانم نـەدیوە، تـەنانـەت پێستی كچی پشت پـەردەش، ئـاوا سـپیو جوان نیـە، (واتـە: زۆر پێی مـوعجـەب بـووە،

کە جەستەیەکی سپیو جوانی هەیە)، ئیدی زۆری نەبرد، یەکسەر کەوتە عەرزێ، (واتە: سەهلی کوڕی حونەیف کەوت)، بردیان بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺو پێیان گوت: فریای سەهل بکەوە، ئەوە کەوتوە (وەك دەڵێن: سەرو ملی شکاوە، ئاگای لە خۆی نیە)، فەرمووی: کێ تۆمەتبار دەکەن؟ گومانتان لە کێیە؟ گوتیان: عامیری کوڕی ڕەبیعە، ئەو بە لایدا ڕۆیشتوەو ئەو قسەیەی کردوە.

فەرمووی: بۆچی یەکێك لە ئێوە برایەکەی خۆی دەکوژێ؟ ئەگەر یەکێك لە ئێوە لە برایەکەی خۆی شتێکی بینی، کە سەرسامی کرد، (ئەگەر سپیەتیی جەستەی بوو، ئەگەر بەهێزیی جەستەی بوو، ئەگەر جوانیی دەموچاوی بوو، ئەگەر ماڵو سامانی بوو، هەر شتێکی لێ بینی، کە پێی سەرسام بوو) با دوعای بۆ بکات خوا پیتو پێزی بۆ تێبخات، (ئەو کاتە ئەو پێ سەرسامبوونەی کاریگەریی خراپی بۆی نابێ)، دوایی داوای کرد، ئاوێکی بۆ بێننو، فەرمانی کرد بە عامیری کوڕی ڕەبیعە کە دەستنوێژ بگرێ، دەموچاوی بشواو، هەردوو دەستەکانی تاکو ئەنیشکەکانیو، پێیەکانیشی تاکو ئەژنۆیەکانیو، لە پشتێن بەرەو ژێری ئاو بە خۆی دا بکات، (ئنجا ئەو ئاوە چۆڕاوەتەوە نێو تەشتێك)و فەرمانی پێکرد کە ئەو ئاوە بە سەهلی کوڕی حونەیف دا بکات، دەڵێ: یەکسەر سەهلی کوڕی حونەیف هەڵسایەوە .

وشەی (لُبِطَ)، دەڵێ: (لَبَطَ: فُلانا يَلبِطُ لَبْطا: صَرَعَهُ)، واتە: خستی، کەوت، (لُبِطَ بفُلانٍ: سَقَطَ على الأرضِ مِن قِيامٍ فَهُوَ مَلْبوطٌ بِهِ)، دەڵێ: (لُبِطَ بە)، خرایە سەر زەوی، یانی: کەسێك چۆن تیرێکی لێ دەدرێ، جا کوردەواریی خۆمان دەڵێن (تیری چاوو زار لێی داوە)، چۆن کەسێك کە فیشەکێك، تیرێکی لێ بدرێ، یەکسەر دەکەوێ، ئەوەش ئەزموون کراوەو هەبووە، کابرا چاوی پیسی ئاراستەی شتێك کردوە، یەکسەر خستوویەتی .

فەرموودەی پێنجەم : {عَنْ أَبي سَعِيدٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ كَانَ رَسولُ اللهِ ﷺ يَتَعَوَّذُ مِنْ عَيْنِ الْجانِّ، ثُمَّ أَعْيُنِ الإِنْسِ، فَلَما نَزَلَتْ الْمُعَوِّذَتَانِ، أَخَذَهُما

وَتـركَ مـا سـوى ذَلِـكَ} {أَخْرَجَـهُ التـرمِذِيّ بـرقم: (٢٠٥٨)، وَالنَّسـائِي بـرقم: (٥٤٩٤)، وَابـن مـاجَـهْ برقم: (٣٥١١) قال الشيخ الألباني: صحيح} .

واتـە: ئـەبـو سـەعیدی خـودریـی خـوا لـێی ڕازی بـێ، دەڵێ: پێغـەمبـەری خـوا ﷺ پەنـای بـە خـوا دەگـرت، دوعـای دەکـرد بـۆ ئـەوەی کـە چاوی جنـدەکان کاریگـەریی خراپی بۆ سەری نەبێ، هـەروەها چاوی مرۆڤـەکـانیش، بـەڵام دوای ئـەوەی (معـوِّذتان) هـاتنـە خـوار، (واتـە: سـووڕەتی: ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ۝١﴾ و ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١﴾)، ئـــەو دووانـــەی بـەکارهێنـانو، دوعایـەکـانی دیکـەی واز لـێهێنـان. (چونکـە: ئـەو دووانـە کـەلێنـی ئـەو دوعایـانـەش دەگـرن) .

فـەرمـوودەی شـەشـەم: {عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ أَنَّ جِبْـرِيلَ عليه السلام أَتَـى النَّبِـيَّ ﷺ، فَقَالَ: اشـتَكَيْتَ يـا مُحَمَّدُ! قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: بِسْمِ اللهِ أَرْقِيكَ، مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ، مِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ وَعَيْنٍ يَشْفِيكَ، بِسْمِ اللهِ أَرْقِيكَ} {أَخْرَجَهُ ابـن أَبِي شَيْبـة بـرقم: (٢٣٥٧٦)، وَأَحْمَد برقم: (١١٥٧٤)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢١٨٦)، وَالتـرمِـذِيُّ برقم: (٩٧٢)، وَقَالَ حَسَنٌ صَحِيح، وَابـن مـاجَهْ برقم: (٣٥٢٣)} .

واتـە: ئـەبـو سـەعیدی خـودریی خوا لـێی ڕازی بـێ، دەڵـێ: جبـریـل هـاتـە لای پێغـەمبـەر ﷺ گـوتی: ئـەی مـوحەممـەد! نـەخـۆشـی (تـووشـی حـاڵ تێکچونێـك، بووی)؟ پێغـەمبـەری خـوا ﷺ فـەرمـووی: بـەڵـێ، ئـەویش ئـەو دوعایـەی بـۆ خـوێنـد: بـە نـاوی خـوا دوعـات بـۆ دەکـەم، لـە هـەر شـتێك کـە ئـازارت دەداو، لـە خراپـەی هـەر نـەفـسێكو، هـەر چاوێك کـە ڕقـی لـە تـۆ هـەڵدەسـتێ، خـوا تۆ چـاك بکاتـەوە، بـە نـاوی خـوا بـۆت دەپاڕێمـەوەو داوای چارەسـەرت بـۆ دەکـەم .

فـەرمـوودەی حـەوتـەم : {عن أبـو هـريرة رضي الله عنـه أن رسـول الله ﷺ قَالَ: (إن العَـيْنَ حَـق)} {أَخْرَجَـهُ أَحْمَـد بـرقم: (٨٢٢٨)، وَالبُخـارِيُّ بـرقم: (٥٤٠٨) وَلِمُسْلِمٍ مِنْ حَدِيثِ ابـن عَبـاسٍ (الْعَيْنُ حَقٌّ، وَلَوْ كَـانَ شَـيْءٌ سـابَقَ الْقَدَرَ، لَسَبَقَتْهُ الْعَيْنُ، وَإِذَا اسْتُغْسِلْتُمْ فَاغْسِلُوا)} .

واتـە: ئەبـو هـورەیرە خـوا لـێی ڕازی بـێ، دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا فەرموویـەتی: بێگومـان چـاو هەقـە. (چـاو لێـدان، کاریگـەریی خراپـی هەیەو چاو هەقەو، شتێکی چەسپاوە).

<u>فـەرموودەی هـەشتـەم:</u> {عَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ عُمَيْسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْها، قَالَتْ قُلْتُ: أَي رَسُولَ اللهِ! إِنَّ بَنِي جَعْفَرٍ تُصِيبُهُمُ الْعَيْنُ، أَفَأَسْتَرْقِي لَهُمْ؟ قَالَ: (نَعَمْ، وَلَوْ كَانَ شَيْءٌ يَسْبِقُ الْقَدَرَ لَسَبَقَتْهُ الْعَيْنُ)} {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بـرقم: (٢٧٥١٠)، وَالتِرمِذِيُّ بـرقم: (٢٠٥٩)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيح، وَالطَّبَرَانِي بـرقم: (٣٧٩)، وَالبَيْهَقِيُّ برقم: (١٩٣٧١)}.

واتـە: ئەسمائی کچی عومەیس خوا لێیـان ڕازی بـێ، دەڵـێ: گوتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! منداڵەکـانی جەعفـەر، چـاو کاریـان تێـدەکـات، (دیـارە جـوانو بەرچـاو بـوون) بـە چـاوەوە دەبـن چاوێنیـی دەبـن، ئـایـا دوعـایـان بـۆ بکەم، (واتـە: دوعایەکیـان بـۆ بکەم لە چاو پارێـزراو بـن)[1]، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمـووی: بەڵـێ، (واتـە: دوعایـان بـۆ بکـە، دوعـای پاراسـتن لـە چـاو)، چونکە ئەگەر شتێك پێش قەدەری خـوا کەوتبـایـەوە، چاو پێشـی دەکەوتـەوە، یـانی: کاریگـەرییەکەی هێنـدە خێـرایە .

بەڵـێ: نـەفـەرێك لەو سەری دنیا بـێ، یەکێکی دیکـە لـێرە بـێو بـۆی بـاس بکەن، مەرج نیـە بیبینـێ، وەك دوایی باسی دەکەین، بەڵکو لە زەینـی خۆیدا، لە خەیـاڵی خۆیـدا، وێنـای بکـاتو، نـەفسـی خـۆی ئـاراسـتـە بکـات، لەوێ لەو کـاتەدا کـە ئـەو لـە نـەفسـی خـۆیدا ئـامـادەی دەکـات، دەگونجـێ کـاریگـەریی خراپی تێبکـات، واتە: کاریگەریی چاو، ڕەنگە لە تیشکیش خێراتر بـێ، بۆیـە پێغەمبـەر ﷺ فەرموویـەتی: ئـەگـەر هـەر شـتێك پـێش قـەدەر کەوتبـایـەوە، ئـەوە چاو پێشی دەکەوتـەوە، واتـە: کـاریگـەریی چاو، هـەڵبـەتـە

---

[1] (استـرقی رُقیـةً)، واتـە: داوای دوعـای کـرد، زانایـان بـە گـشتی دەڵێن: دروسـتـە دوعـا بـە زارەکیـی بخـوێندرێو، ئـەوە هـیچ ئیشکـالـی تێدا نیـە، بەڵام ئایـا دروسـتـە بشنووسـرێ؟ لەوبارە ڕاجیایـی هەیـە، هەندێکیـان ڕایـان وایـە، کـە بەڵـێ دروسـتـە بشنوسـرێ، بەڵام زۆربـەیـان دەڵێن: دەبـێ تـەنیا بەسەریدا بخوێنـرێ .

كاریگەریی چاویش هەر بەشێكە لە قەدەری خوا، چونكە هیچ شتێك لە قەدەرو لە چوار چێوەی ویستی خوای پەروەردگار ناچێتە دەرێ.

فەرموودەی نۆیەمو كۆتایی : {عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ أَمَرَهَا أَنْ تَسْتَرْقِيَ مِنَ الْعَيْنِ} {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بِرقم: (٢٧٥١٠)، وَمُسْلِمٌ: (٥٨٤٩)، وَابن حِبان برقم: (٦١٠٣)} .

واتە: دایكمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێكردوە كە داوای دوعا بكات بۆ چاو .

واتە: ئەگەر چاوی پیس لێیداو كاریگەریی خراپی لەسەری بوو، دوعا بكات، داوای دوعا بكات بۆ ئەوەی چاك ببێ، یاخود بۆ خۆی دوعا بكات بۆ ئەوەی چاك ببێ، دەشگونجێ مەبەست ئەوە بێ: بۆ ئەوەی چاوی پیس كاریگەریی لەسەری نەبێو بە چاوەوە نەبێ، چاوێنیی نەبێ چاوو زار كاریگەریی خراپی لەسەری نەبێ، دوعای پاراستن بكات، واتە: ئەو دوعایە هەم دەگونجێ دوای كاریگەریی چاوەكە بێ، هەم دەشگونجێ پێش ئەوە بێ، وەك قەڵغانێكو سوپەرێك لەسەر سەری خۆی ڕایبگرێ.

ئەمەش بەڵگەی دووەم لەسەر ڕاستییو كاریگەریی چاو .

بەڵگەی سێیەم: كە بریتیە لە قسەی زانایان لەسەر كاریگەریی چاو، یان چاوو زار، ئێمە قسەی دوو لە زانایان بۆ نموونە دێنینەوە :

یەكەمیان : (الشوكاني) لە تەفسیرەكەی خۆی دا[1] دەڵێ: (وَقَدْ أَنْكَر بَعْضُ المُعْتَزِلَة كأبي هاشم والبَلْخِي أن للعَيْن تَأثِيراً، وبالجُمْلَة: فَقَول هَؤلاءِ مَدْفُوعٌ بالأَدِلة المتَكاثِرَة وإجْماع من يُعْتَدُّ بهِ ، مِنْ هَذِهِ الأُمة سَلَفاً وَخَلَفاً، وَبِما هُوَ مُشاهَدٌ فِي الوُجُودِ، فَكَمْ مِنْ شَخْصٍ مِنْ هَذَا النَّوْعِ الإنْسانِي وَغَيْرِهِ مِنْ أَنْوَاعِ الحَيْوَان، هَلَكَ بهَذَا السَّبَبِ) .

---

١) فَتحُ القَدير: ج ٣، ص ٤٨ .

دوای ئـەوەی بـاسی کاریگـەریی چـاو دەکـاتو، لەوبـارەوە ئامـاژە بـە هەندێ فەرمـوودە دەکات، دەڵێ: هـەندێك لـە موعـتـەزیلەکـان، وەك ئـەبـو هاشمو بەڵخـیی، نکووڵـیـان لـەوە کـردوە، کـە چـاو کاریگـەریی خراپـی هەبـێ، دوایی دەڵـێ: بـە کورتیـی: قسەی ئـەوانـە ڕەتکـراوەیـە، بـە بـەڵگـەی زۆرو بـە یـەکدەنگیی هەمـوو ئـەوانـەی لـە زانـایـانـی پێشـینو پاشـین کـە لـە ئۆممـەتی ئیسـلام، ئیعـتیبـار بـە قسـەیـان دەکـرێو بـایـەخیـان پـێ دەدرێ .

بـەوەش کـە دەبینـرێ لـە دنیـای واقیعـدا، {واتـە: ئـەگـەر زانـایـانیش، وا نـەڵێنو بـەڵگـەش لـەوبـارەوە نـەبـێ، بـەڵگـەی نـەقڵـیی} ، ئـەوەندە بـەسـە کە لـە دنیـای واقیعدا ئـەوە دەبینـرێ، چەندان کـەسی وا هـەبـوون لـەم جـۆری مرۆڤ، هـەروەها لـە جـۆری ژیـانـدارانی دیکـە، کـە بـەهـۆی چـاو لـێدانـەوە، {بـەهـۆی بـە چـاوەوە بـوونـەوە} لـە بـەیـن چـووە .

دووەمیـان: (إبـن القَیِّـم) کـە ئـەو وردتـرو ڕوونتـر بـاس دەکـات لـە کـتێبی (زاد الـمعـاد فِي هَدي خير العبـاد)، لـە ژێـر نـاوونیشـانی: (البحث مِن هَدیه فِي عِلاج العَیْـنِ)، باسـێك دەربـارەی ڕێبـازی پێغـەمبـەر ﷺ بـۆ چارەسـەری چـاو، واتـە: بـۆ چارەسـەری چـاو لـێدانو بـە چـاوەوە بـوون .

(جمال الدين القاسمي) لـە تەفسیـرەکەی خـۆیدا[١] ، چەند قسـەیـەکی زۆر جوان لـە (إبـن القیم)ەوە، لـە کـتێبـی : (زادُ الـمَعاد)ەوە، نـەقڵ دەکات، دەڵـێ :

{فأبطلت طائفـة ممن قلَّ نصيبُهم مِن السمع والعقل، أمْرَ العَيْن، وقالوا: إنما ذلك أوهامٌ لا حقيقـة لهـا، وهؤلاء مِن أجهل النـاس بـالسَّمعِ والعقل، ومِن أغلظهم حِجاباً، وأكثفِهم طِباعاً، وأبعدِهم عن معرفة الأرواح والنفوسِ، وصفاتهـا وأفعالِهـا وتأثيراتهـا، ولا يمكـن لعاقـل إنكـارُ تـأثير الأرواح فـي الأجسام، فإنَّه أمر مُشاهَدٌ محسوس، وأنت تـرى الوجهَ كيف يحمَرُّ حُمرةً شديدة ، إذا نظر إليه مَن يحتشِمُه ويَستحي منه، ويَصفَرُّ صُفرةً شديدة، عند نظر مَن يَخافُه إليه، ولشدَّة ارتباطها بـالعَيْـن، يُنسب الفعل إليها، وليست

١) محاسن التأويل: ج ٦، ص (٢٥٣، ٢٥٤، ٢٥٥).

هي الفاعلة، والتأثيرُ غيرُ موقوف على الإتصالات الجسمية، كما يظنُّه مَن قلَّ علمُه ومعرفته بالطبيعة والشريعة، بل التأثيرُ يكون تارةً بالإتصال، وتارةً بالمقابلة، وتارةً بالرؤية، وتارةً بالوهم والتخيُّل، ونفسُ العائن لا يَتَوقَّفُ تأثيرُها على الرؤية، بل قد يكون أعمى، فيُوصف له الشيُء، فتؤثِّرُ نفسه فيه، وإن لم يره، وقد قال تعالى لنبيه: ﴿ وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَٰرِهِمْ لَمَّا سَمِعُواْ ٱلذِّكْرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُۥ لَمَجْنُونٌ ۝٥١ ﴾القلم، وقال: ﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ۝١ ﴾، فكلُّ عائنٌ حاسد، وليس كلُّ حاسد عائناً، فلما كان الحاسد أعمَّ من العائن، كانت الإستعاذةُ منه، استعاذةً من العائن} .

واتە: کۆمەڵێك لەوانەی کە پشكو بەشیان کەم بووە، هەم لەو زانیارییەی کە لە ڕێی بیستنەوە وەردەگیرێ، (واتە: زانیاریی نەقڵو وەحیی)، هەم لەو زانیارییەی کە لە ڕێی عەقڵو ئەزموونەوە پەیدا دەبێ، نکووڵییان کردوە لە کاریگەریی چاوو گوتوویانە: ئەوە هەر هەندێ وەهمو خەیاڵەو هیچ ڕاستیی و نێوەرۆکێکی نیە، ئنجا ئەوانە لە نەزانترینی خەڵکین، هەم بەو زانیارییانەی لە ڕێی بیستنەوە وەردەگیرێن، هەم بەو زانیارییانەی بە عەقڵ وەردەگیرێن، ئەوانە لە هەموویان زیاتر پەردەیەکی ئەستووریان لەبەر چاوەو لە هەموویان سروشتیان زبرترە، (واتە: سروشتیان وا نیە کە زانیاریی وەربگرێو ڕوون بێ) لە هەمووشیان دوورترن لە شارەزایی بە ڕووحەکانو نەفسەکانو سیفەتیانو کردەوەیانو کاریگەرییان، هەروەها هیچ کەسێکی ژیر ناتوانێ کاریگەریی ڕووحەکان لە جەستەکاندا، نکووڵیی لێبکات، چونکە شتێکی بینراوو هەست پێکراوە، تۆ مرۆڤ دەبینی: ئەگەر کەسێك کە شەرمی لێدەکات، تەماشای بکات، ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕێو، ئەگەر کەسێك تەماشای بکات، کە لێی دەترسێ: ڕەنگی ڕەنگی زەرد دەبێ، {ڕەنگی سوور دەبێتەوە لە کاتی شەرم کردنداو، لە کاتی ترساندا، ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ، ئاشکراشە: ڕووحەکەیە کە شەرم دەکات یان دەترسێ بەڵام کاریگەرییەکە لەسەر ڕووی دەردەکەوێ} ئنجا لەبەر ئەوەی ئەو کاریگەرییەی ڕووح زۆر پەیوەندیی بە چاوەوە هەیە،

بۆیە پاڵدراوەتە لای چاو، ئەگەرنا چاوەکە نییە کە کاریگەرییەکەی دەبێ {لە کاتێکدا کە زیان بە شتێك دەگات، کە دەڵێن: بە چاوەوە بوو، چاوێنیی بوو چاوو زار لێیدا، بەڵکو کاریگەرییەکە هی ڕووحە، قسەکەشی زۆر ڕاستە، زانایانی پێشێ، هەڵبەتە هی ئێستا بۆیان دەرکەوتوە: وانییە، بەڵام هی پێشێ گوتوویانە: ماددەیەك لە چاوەوە دەچێ لەو شتەی بەرانبەر دەدا، هەندێکی دیکە گوتوویانە: نەخێر ڕەسمێك لەوەو دێ بۆ نێو چاو، ئنجا ئەویش لە وەهمی خۆی دا وێنەی دەگات، بەلام بە حەقیقەت کاریگەرییەکە هی ڕووحە، بەلام لە ڕێی چاوەوە کە دەیبینێو سەرسام بوونەکەو ئیعجابەکە دەردەبڕێ} ، ئنجا کاریگەرییەکە پەکی نەکەوتوە لەسەر ئەوە کە جەستەکان، بە یەکدی بکەونو ماددە بە ماددە بکەوێ، وەك هەندێك لەوانەی کە زانیارییان کەمە، سەبارەت بە سروشتو شەریعەت وا دەڵێن، بەڵکو کاریگەرییەکە جاری وا هەیە بە هۆی پێکەوە پەیوەست بوونێك دەبێو، جاری وایە بە هۆی ڕووبەڕوو بوونەوەوە دەبێو، جاری وایە بە هۆی هێنانە نێو وەهمو خەیاڵەوە دەبێ، نەفسی بابای چاو لێدەریش کاریگەرییەکەی لەسەر بینین پەکی نەکەوتوە، بەڵکو جاری وایە بابایەکی کوێر شتێکی بۆ وەسف دەکرێ، یەکسەر نەفسی کاریگەریی خراپی لەسەر دادەنێ، با نەشیبینێ، {یان جاری وایە چاویشی هەیە، بەلام شتێکی بۆ وەسف دەکەن کە لەوێ نیە، دەڵێن: فلان کەس گایەکی وای هەیە، یان فلان کەس ماڵێکی وای هەیە، فلان کەس کوڕێکی وای هەیە، ئەویش دەیهێنێتە نێو وەهمو خەیاڵی خۆیو دەتوانێ کاریگەریی خراپی لەسەر دابنێ} ، بۆیەش خوای بەرز بە پێغەمبەری خۆی ﷺ فەرمووە: ﴿ وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَٰرِهِمْ ...﴿٥١﴾ ﴾القلم، واتە: ئەوانەی بێبڕوان خەریکە بە چاویان تۆ بخلیسکێنن ....، هەروەها بۆیە خوا پێی فەرمووە : ﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ﴿١﴾ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴿٢﴾ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴿٣﴾ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِى ٱلْعُقَدِ ﴿٤﴾ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴿٥﴾ ﴾الفلق.

واتە: بڵێ: پەنا دەبەم بە پەروەردگاری لێك جیاكەرەوەی بوونو نەبوون، (یان تاریكیی‌و ڕووناكیی) لە خراپەی هەر شتێك كە دروستی كردوە، لە خراپەی شەوی تاریك كە دادێو، لە خراپەی ئەو ئافرەتە جادووگەرانەی كە فوو لە گرێیەكان دەكەنو، لە خراپەی بابای حەسوود كە ئیش بە حەسەدەكەی دەكات. {حەسوودییەكەی دەخاتە بواری جێبەجێكردنەوە} هەموو چاو لێدەرێك، هەموو چاو پیسێك (عائن)، {واتە: ئەو كەسەی كە بە چاو، كاریگەریی خراپ لەسەر بەرانبەر دادەنێ} حەسوود (حاسد)یشە، بەڵام هەموو حەسوودی بەر(حاسد)ێك، مەرج نیە چاو پیس بێ، ئنجا لەبەر ئەوەی حەسوودیی، گشتیترە لە چاو پیس بوون، بۆیە پەنا بردن بە خوا، لە خراپەی حەسوودیی، شەڕو خراپەی چاویش دەگرێتە نێو خۆی .

بڕگەی دووەم: حوكمی بابای چاو پیس چییە ؟

دیسان قسەیەكی (إبن القَیمِّ)، دێنین هەر لە (زادُ المَعادَ)ەكەی خۆی دا، كە (القاسمي)[١] لێی دەخوازێتەوە، دەڵێ: (وَقد قَالَ أصحابنا وَغَیرُهُم مِن الفُقَهاءِ: إنَّ مَنْ عُرِفَ بِذلِكَ، حَبِسَهُ الإمامُ وأجرَى لهُ ما يُنفَقُ عَليهِ إلى الموتِ، وَهَذا هُوَ الصَّوابُ قَطعاً).

دەڵێ: هاوەڵانی ئێمەو غەیری ئەوانیش لە شەرعزانان، {هاوەڵانی ئێمە، واتە: حەنبەلییەكان، چونكە هەم (إبن تَیمیة)، هەم (إبن القَیِّم) حەنبەلیی مەذهەب بوون، واتە: شوێنكەوتووانی قوتابخانەی ئەحمەدی كوڕی حەنبەل بوون، خوا لە هەموویان ڕازی بێو لێیان خۆش بێ}، گوتوویانە: هەر كەسێك بەوە بناسرێ كە بە چاو كاریگەریی خراپ لەسەر خەڵك دادەنا، یان لەسەر شتەكان دادەنێو بە چاویانەوە دەكات، دەبێ حوكمڕان، بیخاتە بەندیخانەوەو نەفەقەیەكی بۆ ببڕێتەوە، بژیوێكی بۆ دیاریی بكاتو نەیەتە دەرێ، بۆ ئەوەی خەڵك بەهۆیەوە تووشی زیان نەبن، تاكو مەرگی دەگاتێ، هەرئەوەش قسەی ڕاستە بە دڵنیاییەوە .

---

١) ج ٦، ص ٢٥٦.

هەڵبەتە کەسێك کە ئەزموون کراوبێ وایە، دەڵێن: هی وا هەیە کە چاوی لە مرۆڤدا، ڕەنگە هەر بیشیکوژێ، کاریگەرییەکەی هێندە بەهێزە، یاخود تووشی نەخۆشییەکی خراپ، یان تووشی بەڵایەکی زۆر خراپی دەکات، کە ئەوە لە نێو هەموو میللەتاندا شتێکی باوەو شتێکی بە ئاشکرا زانراوە .

(الشوكاني) لە (الفَتحُ القَديرَ)ەکەی، خۆی دا[1]، دەڵێ: {وَقَدِ اخْتَلَفَ العُلَماء فِيمَن عُرِفَ بالإِصَابة بالعَيْنِ، فَقَالَ قَوْمٌ: يُمْنَعُ مِنَ الإتِّصَالِ بالناسِ دَفْعاً لِضَرَرِهِ بحَبْسٍ أَوْ غَيْرِهِ، مِنْ لُزُومِ بَيْتِهِ، وَقِيْلَ: يُنْفَى، وَأَبْعَدَ مَنْ قَالَ: إِنَّهُ يُقْتَلُ إِلاَّ إِذَا كَانَ يَتَعَمَّدُ ذَلِكَ، وَتَتَوقَّفُ إِصَابَتَهُ عَلَى اخْتيارِهِ وَقَصْدِهِ، وَلَمْ يَنْزجِر عَنْ ذَلِكَ، فَإِنَّهُ إِذَا قَتلَ، كَانَ لَهُ حُكْمُ القَاتِلِ} .

واتە: زانایان کەوتوونە ڕاجیاییەوە، لەبارەی کەسێکەوە کە بەوە ناسراوە: خەڵك بە چاوەوە دەکات، چاو لە خەڵك دەدا، خەڵك چاوێنیی دەکات، کۆمەڵێك گوتوویانە: ڕێی لێدەگیرێ بچێتە نێو خەڵك، بۆ ئەوەی زیان بە خەڵك نەگەیەنێ، جا چ بخرێتە بەندیخانەوە، چ لە ماڵی خۆیدا، دەستبەسەر بێ {بڵێن: مەچۆ دەرێ‌و ڕێی لێبگیرێ} ، هەروەها هەندێ گوتوویانە: لەو وڵاتە نەفی دەکرێ‌و دوور دەخرێتەوە بۆ شوێنێکی دی .

بەڵام هەندێکی دیکە دوورتر ڕۆیشتوون، (یانی: نەیانپێکاوە) کە گوتوویانە: دەبێ بکوژرێ، مەگەر بە ئەنقەست وا بکات، چاو لە خەڵك بداو، چاو لە خەڵك دانەکەشی پەیوەست بێ بە ویستی خۆیەوە، پاشان هەرچەندە پێی گوترا بێ‌و سەرزەنشت کرابێ، وازی نەهێنا بێ، ئەوە ئەگەر لەسەری چەسپا کە خەڵکی کوشتوە (بە هۆی چاو لێدانیەوە) ئەو کاتە حوکمی بکوژی هەیە .

هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بزانرێ کە: چاوو زار، چاو لێدان، جاری وا هەیە ئەو مرۆڤە ئاگای لە خۆ نیەو بەبێ ویستی خۆی، چاو لە خەڵك دەدات، ئنجا ئەگەر بەبێ ویستی خۆی بێ، ئەو کاتە حوکمێکی دیکەی هەیە .

---

١) فتح القدير، ج ٣، ص ٤٨.

من بیستوومە: ئافرەت، پیاو گوتوویەتی: جاری وا هەیە زیان بە منداڵەکانی خۆشم دەگەیەنم، زیان بە مەڕوماڵی خۆم دەگەیەنم، زیان بە بەرژەوەندییەکانی خۆشم دەگەیەنم، دوایی بۆم دەرکەوتووەو هەستم پێ کردوە کە چاو لە شتی خۆشم دەدەم، لە کوردەوارییی دا بەو حاڵەتە دەروونییە دەڵێن: پێی هەڵکاڵی، واتە: پێی سەرسام بوو، مرۆڤ کە بە شتێك زۆر سەرسام بوو، سەرنجی ڕاکێشا، ئەو کاریگەرییەی لەسەر دادەنێ، بەڵام هەیە بە خۆی دەزانێ‌و ویستو ئیرادەی خۆی ئاڕاستەی ئەو شتە دەکات، ئەو کاتە حوکمەکەی جیایە، لەوەی بە خۆی نەزانێ‌و ئەو کاریگەرییە خراپەی هەبێ، ئەو کاتە ئەگەر گریمان خەڵك بە دەستی بچێ، ئەوە وەك کوشتنی هەڵە وایەو، دیارە حوکمەکەی دەگۆڕێ، بەڵام ئەوەی هەستی بە خۆی کرد، کە ئەو حاڵەتەی هەیە، دەبێ حیسابی خۆی بکاتو، ئاگای لە خۆی بێ، ئەگەرنا بەرپرسیار دەبێ .

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی یازدەیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان یازدە (١١) ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٦٩ تاکو ٧٩)، کە ئاڵقەی دەیەمی زنجیرەی بەسەرهاتی یوسوف ﷺی گرتۆتە خۆی، لەو یازدە ئایەتەدا، باسی دووبارە چوونەوەی برایەکانی یوسوف بە بنیامینیشەوە، بۆ میسر کراوە، کە یوسوف خۆی بە بنیامینی برای دەناسێنێ .

پاشان لە کاتی ئامادەکردنی ئازووخەدا بۆ برایەکانی، دوای ئەوەی کە بارەکانیان بۆ ئامادە دەکەن، پێوەری ئازووخە (سقایة)، کە جامێك بووە، قاپێك بووە، پادشا ئاو یان شەرابی پێ خواردۆتەوەو، دوایی کراوە بە پێوەر بۆ ئازووخە، دەخاتە باری بنیامینی برایەوە، دواتر جارچیی جاڕ دەدا: ئەی کاروان! ئێوە دزن، ئەوانیش بەرەو ڕوویان دێن‌و دەڵێن: بۆچی؟ چیتان لێ ونبووە! دەڵێن: ڕبە، یان ئاو خۆری پادشامان لێ ون بووە، ئەو شتەی کە ئازووخەکەی پێ دەپێورێ، هەر کەسێکیش بیهێنێتەوە، باری حوشترێکی ئازووخە دەدەمینێ وەك خەڵات‌و دیاریی‌و، جارچییەکە دەڵێ: منیش کەفیلی ئەوەم کە ئەو ئازووخەیەی دەدەمینێ بە خەڵات، ئەگەر ئەو قاپەمان بۆ بێنێتەوە .

ئەوانیش سوێند دەخۆن کە بۆ خراپەکاریی نە هاتووون بۆ میسرو، هەرگیز دزییشیان نەکردووەو دەڵێن: ئێوەش ئێمە دەناسن، لایەنی بەرانبەریش یوسوف ﷺو جارچییەکە پێیان دەڵێن: ئەدی ئەگەر ڕاستتان نەکرد، ئایا ئەو کەسەی ئاو خۆرەکە لە بارەکەیدا دۆزرایەوە سزای چییە ؟! دەڵێن: هەر کەسێ لە بارەکەی دا دۆزرایەوە، خۆی دەبێتە سزای دزییەکەی، واتە: دەبێتە کۆیلە بۆ ئەو کەسەی کە دزییەکەی لێ کردوە .

ئیدی بە فەرمانی یوسوف دەست دەکرێ بە پشکنینی بارەکانو لە بارەکانی برایەکانیەوە دەست پێ دەکات، (بۆ ئەوەی هیچ گومانیان بۆ ئەوە نەچێ کە ئەوە شتێکی پلان بۆ دارێژراوو نەخشە بۆ کێشراوی پێشێیە) .

سەرەنجام دوای ئەوەی کە لە پشکنینی بارەکانی برایەکان هەموویان دەبێتەوە، دەفرەکە لە باری بنیامینی برای دەردێنێ، ئەوانیش دەڵێن: ئەگەر ئەمە دزیی بکات، برایەکی دیکەشی پێشتر دزیی کردوە، یوسوفیش ئەوە لە دڵی خۆیدا پەنهان دەکات، واتە: پێناخۆش بوونی ئەو قسەیە، کە تۆمەتبارکردنی خۆشیەتیو بنیامینیشە .

ئنجا یوسوف دەڵێ: ئێوە لەوە خراپترن، هەر خواش زانایە بەوەی کە دەیڵێن، ئایا ڕاستە، یان درۆیە؟ ئنجا زۆر داوا لە یوسوف دەکەن کە : لەبەر ئەوەی بنیامین بابێکی پیری بەساڵداچووی هەیە، با یەکێکمان لە جێی بین، واتە: یەکێکمان لە جێی بنیامین گل بدەوە، لەبەر ئەوەی بابمان زۆر دڵی پێوەیە، بەڵام یوسوف قبووڵ ناکاتو دەڵێ: پەنا بە خوا دەگرم کە جگە لەو کەسەی شتەکەمان لە بارەکەی دا دۆزیوەتەوە، گل بدەینەوە، چونکە ئەو کاتە ئێمە بە ستەمکار لە قەڵەم دەدرێین، ئێمەش خۆمان لە ستەم بە دوور دەگرین .

﴿ وَلَمَّا دَخَلُوا۟ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيْهِ أَخَاهُ ۖ قَالَ إِنِّىٓ أَنَا۠ أَخُوكَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا
كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٦٩﴾ فَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ جَعَلَ ٱلسِّقَايَةَ فِى رَحْلِ أَخِيهِ ثُمَّ أَذَّنَ
مُؤَذِّنٌ أَيَّتُهَا ٱلْعِيرُ إِنَّكُمْ لَسَـٰرِقُونَ ﴿٧٠﴾ قَالُوا۟ وَأَقْبَلُوا۟ عَلَيْهِم مَّاذَا تَفْقِدُونَ ﴿٧١﴾ قَالُوا۟
نَفْقِدُ صُوَاعَ ٱلْمَلِكِ وَلِمَن جَآءَ بِهِۦ حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَا۠ بِهِۦ زَعِيمٌ ﴿٧٢﴾ قَالُوا۟ تَٱللَّهِ لَقَدْ
عَلِمْتُم مَّا جِئْنَا لِنُفْسِدَ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا كُنَّا سَـٰرِقِينَ ﴿٧٣﴾ قَالُوا۟ فَمَا جَزَٰٓؤُهُۥٓ إِن كُنتُمْ
كَـٰذِبِينَ ﴿٧٤﴾ قَالُوا۟ جَزَٰٓؤُهُۥ مَن وُجِدَ فِى رَحْلِهِۦ فَهُوَ جَزَٰٓؤُهُۥ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّـٰلِمِينَ
﴿٧٥﴾ فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ قَبْلَ وِعَآءِ أَخِيهِ ثُمَّ ٱسْتَخْرَجَهَا مِن وِعَآءِ أَخِيهِ ۚ كَذَٰلِكَ كِدْنَا
لِيُوسُفَ ۖ مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِى دِينِ ٱلْمَلِكِ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ۚ نَرْفَعُ دَرَجَـٰتٍ مَّن نَّشَآءُ ۗ
وَفَوْقَ كُلِّ ذِى عِلْمٍ عَلِيمٌ ﴿٧٦﴾ ۞ قَالُوٓا۟ إِن يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُۥ مِن
قَبْلُ ۚ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِى نَفْسِهِۦ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ ۚ قَالَ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا ۖ وَٱللَّهُ
أَعْلَمُ بِمَا تَصِفُونَ ﴿٧٧﴾ قَالُوا۟ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْعَزِيزُ إِنَّ لَهُۥٓ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا فَخُذْ أَحَدَنَا
مَكَانَهُۥٓ ۖ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٧٨﴾ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِ أَن نَّأْخُذَ إِلَّا مَن وَجَدْنَا
مَتَـٰعَنَا عِندَهُۥٓ إِنَّآ إِذًا لَّظَـٰلِمُونَ ﴿٧٩﴾ ﴾.

مانای وشـــە بە وشـەی ئایەتەکـان

{ کاتێك (یازدە برایەکە) چوونە ژوور ئەو شوێنەی یوسوف، برایەکەی خۆی (بنیامین)ی بردە لای خۆی (و بە پەنامەکیی) گوتی: من برایەکەی خۆتم، دەجا بەوەی کاتی خۆی (برایەکانمان دژ بە هەردووکمان) کردیان، خەمبارو پەژموردە مەبە ﴿٦٩﴾ ئنجا لە کاتی ئازووخە بۆ ئامادەکردنیاندا، ئاوخۆر (ی پادشا)ی خستە نێو باری برایەکەی (بنیامین)ەوە، پاشان جارچییەك جاڕی دا: ئەی کاروان! بە دڵنیاییی ئێوە دزن ﴿٧٠﴾ بە ڕوو تێکردنیانەوە گوتیان: چیتان لێ ونبووە؟ (چ شتێکتان دیار نیە) ﴿٧١﴾ گوتیان: پێوانەی پادشامان لێ ون بووەو هەر کەسێك بیهێنێتەوە، بارێکی حوشتر (ئازووخە)ی وەك خەڵات هەیە، منیش ئۆباڵداری (دابینکردنی) ئەو (خەڵات)ەم ﴿٧٢﴾ (یازدە برایەکە) گوتیان: بە خوا ئێوە دەزانن کە ئێمە نەهاتووین خراپەکاریی و تێکدان لە زەمین (ی میسر)دا بکەین، ئێمەش هەرگیز دز نەبووین، ﴿٧٣﴾ گوتیان: ئەگەر ئێوە درۆکار بوون (لە بارەکانی ئێوە دابوو) سزاو تۆڵەی چییە؟ ﴿٧٤﴾ (کوڕەکانی یەعقووب) گوتیان: سزایەکەی ئەوەیە هەر کەسێك ئەو (پێوانەیە) لە نێو بارەکەیدا دۆزرایەوە، بۆ خۆی دەبێتە تۆڵەو قەرەبووی (یانی دەبێتە کۆیلەی بابای دزیی لێکراو، ئێمەی کوڕانی یەعقووب بە بۆچوونی خۆمان) بەو شێوەیە سزای ستەمکاران دەدەین ﴿٧٥﴾ {ئیدی (یوسوف) دەستیکرد بە پشکنینو} لە (پشکنینی) جەواڵەکانی ئەوانەوە، (دە برایەکانیەوە) دەستی پێکرد، پێش جەواڵی برایەکەی (بنیامین) دوایی لە جەواڵی برایەکەی دەریهێنا، بەو شێوەیە پلانمان بۆ یوسوف دانا، چونکە بە پێی بەرنامەو ئایینی پادشا، بۆی نەبوو برایەکەی لە لای (خۆی) گل بداتەوە (بیکاتە کۆیلە) مەگەر خوا بیەوێ کارێك بکات (ئەو کاتە هەر جێبەجێ دەبێ) هەر کەسێکمان بوێ چەندان پلە بەرزی دەکەینەوەو، لە

سەرووی هەر خاوەن زانیارییەکەوە، زاناتر هەیە ﴿٧٦﴾ (دە برایەکانی) گوتیان: ئەگەر (بنیامین) دزیی بکات بێگومان برایەکیشی لەوەو بەر دزیی کردوە، یوسوفیش لەبەرخۆیەوە بە پەنهانیی، بێ ئەوەی بۆیان ئاشکرا بکات، گوتی: ئێوە خراپترن (لەو دوو برایەتان کە بە ناهەق تۆمەتباریان دەکەن بە دزیی) خواش زاناترە بەوەی باسی دەکەن، ﴿٧٧﴾ (دە برایەکان) گوتیان: ئەی عەزیز! بە دڵنیایی ئەو (برایەمان کە پێوانەکەی پادشا لە بارەکەی دا بوو) باوێکی پیری بەساڵداچووی هەیە، دەجا یەکێك لە ئێمە لە شوێنی بگرە (گل بدەوە) بەڕاستیی ئێمە لە چاکەکارانت دەبینین (ئەو چاکەیەشمان لەگەڵدا بکە) ﴿٧٨﴾ (یوسوف) گوتی: پەنا بە خوا کە هیچ کەس بگرین، جگە لەو کەسەی کە کەلوپەلی خۆمان لەلای دۆزیوەتەوە، ئەگەر وا بکەین کەواتە: ئێمە ستەمکارین ﴿٧٩﴾} .

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(ءَاوَىٰٓ إِلَيۡهِ أَخَاهُ)، واتە : برایەكەی لە خۆی نیزیك خستەوە، (ضَمَّ أخاهُ إليهِ، أوَى إلى كَذا: إنضَمَّ إليهِ، يأوي أُوِيّاً وَماوىً، وآواهُ غيرُهُ يُؤويهِ إيواءً)، (أوَى إلى كَذا)، واتە: چووە پاڵی، لێی نیزیك بۆوە، (يأوي أوياً وَمأوى) هەردووكیان چاوگن، (وآواهُ غيرُهُ يُؤويهِ إيواءً)، واتە: غەیری خۆی ئەوی پەناداو پەنای دەداو پەنادان .

(فَلَا تَبۡتَئِسۡ) : (أي لا تَلزَمِ البؤسَ وَلا تَحزَن، البؤسُ والبأسُ والبأساءُ: الشدة وَالمَكروهُ)، (فلا تبتئس) واتە: خەمبار مەبە، پەیوەست مەبە بە پەژموردەییو خەمباریییەوە، وشەی (بؤسُ وبأسُ وبأساءُ)، هەر سێكیان بە مانای سەختییو، بە مانای شتێكی ناخۆشویستراو دێن .

(فَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمۡ) : (جهازوجَهاز: ما يُعَدُّ مِن مَتاعٍ وَغَيرِهِ)، (جِهاز وجَهاز) هەر شتێكە كە ئامادە بكرێ لە كەلوپەل، كە لێرەدا بە تەئكید مەبەست پێی ئازووخەیە، كاتێك كە ئازووخەكەی بۆ ئامادە كردن، (التَجهيزُ: حَملُ ذلِكَ أو بَعثُهُ)، (تَجهيز)، بریتیە لەوەی كە ئەو شتەی بۆ بار بكرێ، یاخود بنێردرێ .

(ٱلسِّقَايَةَ) : (تَسمية السِّقاية تَنبيهاً على أنَّهُ كان يُسقَى بِهِ)، (سقاية) دەگونجێ بڵێین: ئاوخۆر، یان ئاو پێخۆرەوە، دەفرێكە كە ئاوی پێدەخورێتەوە، بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە، چونكە هەرچەندە ئێستا ئازووخەی پێ پێوراوە، پێوانە بووە بەڵام پێشتر دیارە ئاو پێخوراوە بووە، ئاوخۆر بووە، پادشا ئاوی یان مەی پێ خواردۆتەوە .

(مُؤَذِّنٌ) : (المُؤَذِّنُ: كُلُّ مَن يُعلِمُ بِشيءٍ نِداءً)، (مؤذن) هەر كەسێكە كە بەهۆی بانگ كردنەوە، خەڵك لە شتێك ئاگادار بكاتەوە .

(أَيَّتُهَا ٱلۡعِيرُ) : وشەی (العیر) بە مانای کاروان دێ، بەڵام لێرەدا بە (مؤنث) هاتوە، لەبەرئەوە، دەڵێ: (العِيرُ: القَومُ الّذِينَ مَعَهُم أحمالُ الميرَةِ، وذلِكَ اسمُ للرجالِ وَالجِمالِ الحَامِلَة للمِيرَةِ)، (عِیر) کۆمەڵە خەڵکێکن کە باری ئازووخەیان هەڵگرتوە، ئازووخەیەك کە دەبرێتەوە بۆ کەسوکاریان، لێرەدا وشەی (عِیر) ناوە بۆ پیاوەکانیش‌و بۆ حوشترەکانیش کە بارەکانیان هەڵگرتوون، بۆ خودی بارەکانیش، بۆ هەر سێکیان.

(تَفۡقِدُونَ) : (الفَقدُ: عَدمُ الشيءِ بَعدَ وُجودِهِ، فَهُو أخَصُ مِنَ العَدَمِ)، (فَقْد)، بریتیە لەوەی شتێك دوای ئەوەی بووە، نەمێنێ، کەواتە: تایبەتترە لە نەمان . (عَدَمْ)، ئەوەیە کە شتێك هەر نەبووبێ، بەڵام (فَقْد)، ئەوەیە کە شتێك بووبێ‌و دوایی نەمابێ، ﴿ مَاذَا تَفۡقِدُونَ ﴾، واتە: چیتان نەماوە، چیتان لێ ونبووە ؟

(صُوَاعَ) : (صُوَاعَ)، و (صَاع) هەر یەکن، ﴿ صُوَاعَ ٱلۡمَلِكِ ﴾، واتە: پێوانەی پادشا، ئەوەی کە دەغڵ‌و دانەوێڵەکەی، ئازووخەکەی پێ پێوراوە، گوتراوە: (كانَ إناءً يَشرَبُ بِهِ وَيُكالُ بِهِ)، قاپێك بووە، دەفرێك بووە پادشا هەم ئاوی پێخواردۆتەوە، یاخود شەراب، هەم ئازووخەو دانەوێڵەشی پێ پێوراوە، ئنجا وشەی (صَاع) یان (صُوَاعَ)، هەم بە (مُذكر)، (المُذَكر المجازي)، هەم بە (مؤنث)یش دێ، ﴿ صُوَاعَ ٱلۡمَلِكِ ﴾، لێرەدا مەبەست پێی پێوانە (مكيال)یە، ئەو جام‌و دەفرەی کە پێی دەپێوردرێ، جاری واش هەیە (صَاع) بە خودی پێوراوەکە دەگوترێ، وەك پێغەمبەر ﷺ کە باسی فیدیەی کردوە، یان کەفارەت فەرموویەتی: {صَاعٍ مِنْ تَمْرٍ أَوْ صَاعٍ مِنْ شَعِيرٍ}، (صاع)ێك لە خورما، یاخود (صاع)ێك لە جۆ، (صاع) واتە: ڕبەیەك، (صاع)ێکیش چوار مستە .

(حِمۡلُ بَعِيرٖ) : واتە: بارێکی حوشتر، (الحِملُ: المَحمولُ على ظَهرِ البَعِيرِ)، واتە: ئەو ئەندازەیەی کە لەسەر پشتی حوشتر بار دەکرێ، بارێکی حوشتر، ئازووخەو دانەوێڵە .

(زَعِيمٌ) : واتە: کەفیل، ئۆ بالْدار، (الزَّعامة: الكَفالة).

(بِأَوۡعِيَتِهِمۡ) : (أَوعِيَه)، کۆی (وِعاء)ە، هەر شتێکە کە شتی تێ بکرێ، کە من لێرە بە جەوالْم هێناوە، چونکە کاتی خۆی جەوالْ هەبووە بە دەست چنراوەو، دەغلْو دانەوێڵەو گەنمو جۆو ئەوانەی تێکراوە، بۆ ڕێی دوور زۆر قایمو پتەوە، یان هەر شتێکی دیکە بوو بێ، گرنگ ئەوەیە هەر توورەکەیەك هەر شتێك، کە شتی تێبکرێ، پێی دەگوترێ: (وِعاء)، کە بە (أَوعِيَة)، کۆدەکرێتەوە، ئەویش لە چیەوە هاتوە؟ (الإِيعاء: حِفظُ الأمتِعَةِ فِي الوِعاءِ، وَهُوَ الظَّرْفُ، مُشتَقٌّ مِنَ الوَعي وهو الحِفظ)، (إيعاء)، بریتیە لەوەی کەلوپەلێك، شتێك، دانەوێڵەیە، خواردنە هەر شتێکە لە (وعاء)دا، کە بریتیە لە زەرفێك تووەکەیەك بپارێزرێ، ئەویش لە (وعي)ەوە هاتوە، (وعي)، واتە: پاراستن، لە فەرمووەدەدا هاتوە: (أن يحفظ القَلبُ وَما وَعَاهُ)، واتە: لە دڵو ئەوەی کە دڵ دەیپارێزێو وەریدەگرێ، بیپارێزێ .

(شَرٌّ مَّكَانًا) : (شَرّ) (إسم تَفضيل) لە (أَشَرّ)ەوە هاتوە، (ومَكاناً : التمييزُ لنِسبة الأشَرِّ، أي: أَنتُم شَرُّ حالة مِنهُما، أو شَرُّ المَكان)، واتە: ئێوە حالْتان خراپترە لەوان، یاخود ئێوە دزیی خراپترتان کردوە، کە مەبەستی ئەوە بووە: ئێوە برایەکەی خۆتانتان لە باپتان دزییو شوێنە ونتان کرد (کە مەبەست یوسوف خۆیەتی) .

(شَيۡخًا) : بە مانای پیر دێ، (کبیر)یش هەر بە مانای بە تەمەن گەورە دێ، بەلآم یانی: زۆر بە تەمەن لە پیریدا، زۆر بە سالْداچوو، یان (شیخ)، یانی: بە تەمەن، پیر، (کَبیر)یش، یانی: گەورەی ئەو خەڵکو بنەماڵەو هۆزەی خۆی.

(مَعَاذَ ٱللَّهِ) : (إنتُصِبَ هذا المَصدرُ على المَفعوليِة المُطلَقة نائِباً عَن فِعلِه المَحذوف، والتقديرُ: أَعوذُ باللهِ مَعاذاً، كَما قال: سُبحانَ اللهِ، عِوضاً عن أُسَبِّحُ اللهَ..)، (مَعَاذَ ٱللَّهِ)، (مَعاذ) چاوگە، مەنصووب بووە، وەك (المَفعُول

المُطلَقَ)و لە جێی کردارەکە دانیشتوە کە فرتێنراوە، ئەسڵی خۆی ئاوا بووە، (أَعُوذُ بِاللهِ مَعَاذاً)، وەك چۆن گوتراوە: (سُبحانَ الله)، واتە: (أُسَبِّحُ اللهَ)، لە جیاتی ئەوەی بڵێن: (أُسَبِّحُ اللهَ)، گوتوویانە: (سُبحانُ الله)، ئنجا (سُبحانَ)، یان (مَعَاذاً)، هەردووکیان چاوگن، بەڵام لە شوێنی (مَفعول بِهِ)، دانیشتوون و پاڵدراونە لای (الله) .

مانای گشتی ئایەتەکان

دوای ئەوەی یوسوف عليه السلام برایەکانی بە ئازووخەوە ڕەوان دەکاتەوە، بەڵام داوایان لێدەکات، کە برایەکەیان لەگەڵ خۆیان بێنن، دەچنەوەو هەر چۆن بێ (بنیامین) لە بابیان دەستێننو، بابیان ئیقناع دەکەن بنیامینیان لەگەڵ بنێرێ، دێنەوە بۆ میسر.

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَمَّا دَخَلُوا۟ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيْهِ أَخَاهُ ﴾، کاتێك هاتنە ژوور ئەو شوێنەی یوسوف تێیدا دادەنیشت: کۆشکەکەی، ئەو شوێنەی لێیەوە سەرپەرشتیی فرۆشتنو پێوانی دەغڵو دانو ئازووخەی دەکرد لە میسر، ﴿ ءَاوَىٰٓ إِلَيْهِ أَخَاهُ ﴾، برایەکەی، واتە: برایەکەی کە لە دایکیو لە بابیشیەتی، خستە پاڵ خۆیو لە خۆی وە نیزیکی خست، ﴿ قَالَ إِنِّىٓ أَنَا۠ أَخُوكَ ﴾، خۆی پێ ناساندو گوتی: من برایەکەتم، یانی: ئەو برایەت کە برایەکانت گوتیان: گورگ خواردوویەتی، من ئەوم، یوسوفم، ﴿ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾، ئنجا دڵتەنگو خەمبار مەبە، بەهۆی ئەوەوە کە ئەو کاتە دەیانکرد، نەزانانەو نەفامانە، کە دەرهەق بە منو تۆ کەم لوتف بوون، دڵتەنگ مەبە، ئەوە بەسەرچوو .

﴿ فَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ جَعَلَ ٱلسِّقَايَةَ فِى رَحْلِ أَخِيهِ ﴾، دوای ئەوەی ئەوەی کە بۆی هاتبوون، پێداویستیی سەفەری بۆ پێچانەوەو بۆ ئامادەکردن، کە بریتی بوو لە ئازووخەو دەغڵو دان، ئاوخۆرەکەی خستە نێو باری برایەکەیەوە، ئەو دەفرەی کە پادشا ئاوی پێ دەخواردەوە، کە دوایی بۆمان دەردەکەوێ، کە هی پادشا بووە، هەندێك دەڵێن: زیو بووە، هەندێك دەڵێن: زێڕ بووە، خستیە نێو باری برایەکەیەوە، کە مەبەست (بنیامین)ە .

﴿ ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ أَيَّتُهَا ٱلْعِيرُ إِنَّكُمْ لَسَـٰرِقُونَ ﴾، دوایی بانگ کەرێك، بانگی کرد جارچییەك جاڕیدا، هۆی کاروان! بێگومان ئێوە دزن، ﴿ قَالُوا۟ وَأَقْبَلُوا۟ عَلَيْهِم مَّاذَا

تَفۡقِدُونَ ﴾، ئەوانیش ڕوویان تێکردن، بەرەو ڕوویان هاتنو گوتیان: چیتان ون کردوە؟ چیتان دیار نیە، بۆچی بە دز تۆمەتبارمان دەکەن؟ ﴿ قَالُواْ نَفۡقِدُ صُوَاعَ ٱلۡمَلِكِ ﴾، گوتیان: پێوانەی پادشامان دیار نیەو ون کردوە، ﴿ وَلِمَن جَآءَ بِهِۦ حِمۡلُ بَعِيرٖ وَأَنَا۠ بِهِۦ زَعِيمٞ ﴾، هەر کەسێك بیهێنێتەوە، باری حوشترێکی بۆ هەیە، باری حوشترێك چی؟ بە پێی سیاق دەزانین: ئازووخەو دەغڵو دانە، ﴿ وَأَنَا۠ بِهِۦ زَعِيمٞ ﴾، جارچییەکە دەڵێ: منیش ئۆ باڵداری ئەوەم، من بەڵێندەری ئەوەم، ئەو داوایەی بۆ جێبەجێ دەکەم، هەر کەسێك ئەو (پێوانە)یە بهێنێتەوە، کە کاتی خۆی دەفری ئاو پێخواردنەوە، یان شەڕاب پێ خواردنەوەی پادشا بووەو، ئێستا کردوویانە بە پێوانە بۆ دەغڵو دان، ﴿ قَالُواْ تَٱللَّهِ لَقَدۡ عَلِمۡتُم مَّا جِئۡنَا لِنُفۡسِدَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، (براکان) گوتیان: سوێند بە خوا، ئێوە دەزانن کە ئێمە نەهاتووین تێکدانو خراپەکاریی بکەین لە زەوی دا، واتە: سەر زەمینی میسڕ، ﴿ وَمَا كُنَّا سَٰرِقِينَ ﴾، هەروەها ئێوە دەشزانن کە ئێمە دز نەبووین، یانی: جاری دیکەش هاتووینو ئەوە جاری دووەممانە، ئێمە دزیمان لێ دەرنەکەوتوە، بەڵکو ئێمە ئەو پارەیەی بە هەڵە خرابووە نێو بارەکانمان، ئەویشمان هێناوەتەوە، ئەگەر دزباین، ئەومان پەنهان دەکرد، ﴿ قَالُواْ فَمَا جَزَٰٓؤُهُۥٓ إِن كُنتُمۡ كَٰذِبِينَ ﴾، گوتیان: ئایا سزاو تۆڵەی چییە، ئەگەر ئێوە درۆکەر بوون، ئەگەر ئێوە درۆتان کرد، سزای ئەو کردەوەیە چییە؟ سزای دزینی ئەو پێوانەی پادشا چییە؟ ﴿ قَالُواْ جَزَٰٓؤُهُۥ مَن وُجِدَ فِي رَحۡلِهِۦ فَهُوَ جَزَٰٓؤُهُۥ ﴾، گوتیان: سزایەکەی: هەر کەسێك ئەوە لە بارەکەی دا بدۆزرێتەوە، ئەوە خۆی دەبێتە تۆڵەو سزای ئەو کردەوەی خۆی، واتە: دەبێتە کۆیلەی ئەو کەسەی کە دزییەکەی لێکردوە، {کە ئێوەن، حوکمڕانانی میسڕ}، ﴿ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ ئێمە بەو شێوەیە سزای ستەمکاران دەدەین، ئەوانەی کە دزیی دەکەن، واتە: بە ڕای ئێمەی کوڕانی یەعقووب عليه السلام، سزای دزیی ئاوایە .

﴿ فَبَدَأَ بِأَوۡعِيَتِهِمۡ قَبۡلَ وِعَآءِ أَخِيهِ ﴾، ئیدی دەستیکرد بە پشکنینی بارەکانیان پێش باری برایەکەی، هەڵبەتە یوسوف بۆ خۆی نا، ئەمە مەجازیی عەقڵییە، یانی: ئەو کەسەی یوسوف ڕای سپارد بوو، دەستیکرد بە پشکنینی جەواڵەکانیان، یان ئەو شتانەی کە دانەوێڵەو ئازووخەکەیان تێکرد بوون، پێش جەواڵی برایەکەی (بنیامین)، ﴿ ثُمَّ ٱسۡتَخۡرَجَهَا مِن وِعَآءِ أَخِيهِ ﴾، دوای ئەوەی هی هەمووانی پشکنی، گەیشتە سەر هی بنیامینو، لەوێدا، ئەو دەفرە، ئەو پێوانەیەی پادشای دەرهێنا، ﴿كَذَٰلِكَ كِدۡنَا لِيُوسُفَ ﴾، ئاوا بەو شێوەیە ئێمە پلانمان بۆ یوسوف دانا، کە هەر بە زاری خۆیان مەحکوومیان بکات، کە دەبێ بنیامین لەلای خۆی گل بداتەوە، ﴿ مَا كَانَ لِيَأۡخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ ٱلۡمَلِكِ ﴾، یوسوف بۆی نەبوو بەپێی ئایینو بەرنامەی پادشای میسر، برایەکەی بگرێتە لای خۆی، لەلای خۆی گلی بداتەوە، چونکە وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکان دا باسی دەکەین، سزای دزیی لە حکوومەتی ئەو کاتی میسردا، جۆرێکی دیکە بووە، ئەوە نەبووە کە دز ببێتە کۆیلەی بابای دزیی لێکراو، یاخود ببێتە بەردەستی ئەو کەسەی کە دزیی لێکردوە، ﴿ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ﴾، بۆی نەبوو کە برایەکەی بە پێی ئایینو بەرنامەی پادشا لەلای خۆی گل بداتەوە، مەگەر خوا بیەوێ شتێك بکات، ئەگەر خوا ویستی شتێك بکات، ئەگەر ئەو تەگبیرو پلانەش نەبووایە، خوای کارزان پلانێکی دیکەی دادەنا، بۆ ئەوەی یوسوف برایەکەی لەلای خۆی گل بداتەوە، ﴿ نَرۡفَعُ دَرَجَٰتٖ مَّن نَّشَآءُ ﴾، بە چەندان پلە هەر کەسێك بمانەوێ بەرزی دەکەینەوە، خوێنراویشەتەوە: (نَرفَعُ دَرَجاتِ مَنْ نَّشاء)، بە پاڵدان (إضافة)ی (درجات) بۆ لای (مَنْ)، واتە: پلەکانی هەر کەسێك کە بمانەوێ، بەرز دەکەینەوە، ﴿ وَفَوۡقَ كُلِّ ذِي عِلۡمٍ عَلِيمٞ ﴾، لە سەرووی هەر خاوەن زانستێکەوە، زاناتر هەیە، شارەزاتر هەیە، تاکو دەگاتە خوا ﷻ .

﴿ قَالُوٓاْ إِن يَسۡرِقۡ فَقَدۡ سَرَقَ أَخٞ لَّهُۥ مِن قَبۡلُۚ ﴾، دە برایەکان کە ئەوەیان بینی، هیچیان پێنەما، مەگەر داخی دڵی خۆیان بە دوو برایەکەیان بڕێژن، کە لە دایکی خۆیان نین، دیارە هەر لەسەر نەفامیی خۆیان مابوون، گوتیان:

ئەگەر ئەم برایە دزیی بکات، (واتە: بنیامین)، ﴿ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُۥ مِن قَبْلُ ﴾، برایەکی دیکەشی پێشتر دزیی کردوە، مەبەستیان یوسوف بووە، کە ئەوە تۆمەتبار کردنی یوسوف بووە، بە ناهەق، ﴿ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِۦ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ ﴾، ئەو قسەیەی کە ئەوان کردیان، زۆر تاڵ بوو لەسەر دڵی یوسوف، بەڵام یوسوف تاڵییەکەی لە دڵی خۆیدا پەنهان کرد، کاریگەرییە خراپەکەی لە دڵی خۆیدا پەنهان کردو، بۆی دەرنەخستن، بەسەر خۆی نەهێنا، ئەوە واتایەکی .

واتایەکی دیکەی ئەو قسەیەی کە یوسوف ئەوەی لە دڵی خۆیدا پەنهان کردو بۆی دەرنەخستن : ﴿ قَالَ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا ﴾، گوتی: ئێوە خراپترن، حاڵتان خراپترە، ﴿ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَصِفُونَ ﴾، خواش زاناترە بەوەی کە باسی دەکەن، ئایا ئەو برایەی دیکەی پێش بنیامین، دزیی کردوە، یان نەیکردوە، خوا زاناترە، ئێوە وا پێدەچێ هەر تۆمەتی بۆ هەڵببەستن، ﴿ قَالُوا يَا أَيُّهَا الْعَزِيزُ إِنَّ لَهُۥ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا ﴾ گوتیان: ئەی عەزیز! بێگومان ئەو برایەمان بابێکی پیری بە ساڵداچووی هەیە، بابێکی پیری گەورەی هەیە، ﴿ فَخُذْ أَحَدَنَا مَكَانَهُۥ ﴾، ئنجا یەکێك لە ئێمە لە شوێنی ئەو بگرە، لەلای خۆت گلی بدەوە، ﴿ إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ ﴾، بێگومان ئێمە تۆ لە چاکەکاران دەبینین، ئەو چاکەیەشمان لەگەڵدا بکە، ﴿ قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ أَن نَّأْخُذَ إِلَّا مَن وَجَدْنَا مَتَاعَنَا عِندَهُۥ ﴾، گوتی: پەنا بە خوا دەگرم، کە جگە لەوەی شتی خۆمانمان لەلا دۆزیوەتەوە، کەلوپەلی خۆمانمان (کە ئاو خۆرەکەیە، پێوانەکەی پادشایە) لە بارەکەیدا دۆزیوەتەوە، جگە لەو لەلای خۆمان گل بدەینەوە، ﴿ إِنَّا إِذًا لَّظَالِمُونَ ﴾، ئەگەر وا بکەین ئەو کاتە، کەواتە: ئێمە ستەمکارین، ئێمەش ستەم ناکەین، بۆیە نەخێر ڕازی نابین، هیچ کام لە ئێوە لەلای خۆمان گل بدەینەوە، چونکە ئەوەی ئێمە هەقمان لەسەریەتی، ئەو برایەتانە کە کەلوپەلەکەی ئێمە لە بارەکەیدا دۆزراوەتەوە .

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم : چوونی یازدە کوڕەکەی یەعقووب ﷺ بۆ لای یوسوفی برایانو، خۆ گرتنی یوسوف بۆ بنیامینی برایو دڵدانەوەی :

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيۡهِ أَخَاهُۖ قَالَ إِنِّيٓ أَنَا۠ أَخُوكَ فَلَا تَبۡتَئِسۡ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە بەپێزە لە چوار بڕگەدا

١) - ﴿ وَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَىٰ يُوسُفَ ﴾: ئنجا کاتێك لە یوسوف وە ژوور کەوتن، واتە: چوونە ئەو دیوەخانو هۆڵو شوێنە، کە جێگای تایبەتیی یوسوف ﷺ بوو، لەوێوە سەرپەرشتیی فرۆشتنو پێوانو دابەشکرنی دەغڵو دانو ئازووخەی دەکرد.

٢) - ﴿ ءَاوَىٰٓ إِلَيۡهِ أَخَاهُ ﴾، برایەکەی لە خۆی نیزیك خستەوە، برایەکەی خستە پاڵ خۆی، لە خۆی وە نیزیکی خست، دەڵێ: (أَوَى)، واتە: پەنای برد، (أَوَى)، واتە: پەنایدا، (الإِيوَاءُ: الإِرْجَاعُ، وَأُطْلِقَ هُنَا عَلَى الإِدْنَاءِ والتَّقْرِيب)، (إیواء)، بە مانای گێڕانەوەیە، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی لەخۆ وە نیزیك خستنو خستنە پاڵ خۆیە، دیارە بە شێوەیەك لە شێوەکان، لە هەندێك سەرچاواندا هاتوە کە یوسوف گوتوویەتی: ئێوە ئەو یازدە کەسەتان دوو دوو بچنە ژوورێکەوە، یان دوو دوو پێکەوە بن، دیارە ئەوانیش یازدە بوون، دە برایەکە کە کاتی خۆی یوسوفیان خستە نێو بیر، دوو دوو پێکەوە بوون،

مایەوە بنیامین، بنیامین بە تەنیا تاق کەوتەوە، یوسوف گوتی: با ئەوەتان بێتە لای من، هەندێك وا دەڵێن، بە هەر حاڵ بە شێوەیەك لە شێوەکان یوسوف ﷺ ئەو برایەی بردۆتە پەنایەك‌و خۆی پێ ناساندوە .

٣) - ﴿قَالَ إِنِّىٓ أَنَا۠ أَخُوكَ﴾، پێی گوت: بێگومان من براتم، واتە: ئەو برایەتم کە هەواڵیان پێدا بوون، گورگ خواردوویەتی، شارەزایانی زمانی عەرەبی دەڵێن: ئەم تەعبیرە ئاوای لێ دێتەوە: (﴿إِنِّىٓ أَنَا۠ أَخُوكَ﴾: أَي: أَنا المَقصُورُ عَلى الكَونِ أَخاكَ، لاَ أَجنَبِيٌّ عَنكَ)، واتە: من لەسەر ئەوە کورت هەڵاتووم، برات بم، من بە تۆ بێگانە نیم، دەڵێ: (أَكَّدَ الخَبَرَ بِإِنَّ، وَبِالجُملَةِ الإِسْمِيَةِ، وَبِالقَصْرِ الَّذِي أَفَادَهُ ضَمِيرُ الفَصْل)، هەواڵی ئەوە کە برایەتی، تەئکیدی کردۆتەوە بە (إِنَّ)، کە دیارە بۆ تەئکیدو جەختکردنەوەیەو، بە ڕستەی ناویی: ﴿إِنِّىٓ أَنَا۠ أَخُوكَ﴾، ئنجا بە کورت هەڵێنان: ﴿إِنِّىٓ أَنَا۠ أَخُوكَ﴾، کە دیارە (أَنا)، ڕاناوی جیاکردنەوە (فَصْل)یە، کە ئەمەش کورت هەڵێنان دەگەیەنێ، دەڵێ: (أَفَادَهُ أَنَّهُ هُوَ أَخوهُ الَّذِي ظَنَّهُ: أَكَلَهُ الذِّئْبُ)، لێی حاڵی کردوە کە ئەو ئەو برایەیەتی کە گومانی وابووە، پێی وابووە کە گورگ خواردوویەتی، چونکە دە برایەکە دوای ئەوەی کە چووبوونەوە، وەك کاتی خۆی باسمان کرد، وایان کردە بانگەشە کە یوسوف گورگ خواردوویەتی، هەرچەندە بابی یوسوف بڕوای نەکردو، هیچ خاوەن عەقڵێکیش بڕوای بەوە نەکردوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بۆتە جۆرێك لە بانگەشەو دەنگۆ کە یوسوف گورگ خواردوویەتی .

٤) - ﴿فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾، واتە: پەژارەدارو خەمبار مەبە بەوەی کە کاتی خۆی دەیانکرد .

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو دە (١٠) برایە، خراپەکەیان تەنیا یوسوفی نەگرتۆتەوە، بەڵکو بنیامینیشی گرتۆتەوە .

کە دەفەرمووێ: ﴿فَلَا تَبۡتَئِسۡ﴾، هەرچەندە (لا)، بۆ (نهي)یە، یانی: نارەحەت مەبە، هەڵبەتە ئینسان ئەگەر نارەحەت بوو، بە دەست خۆی نیە، بەڵام لێرەدا مەبەست ئەوەیە: واز لە نارەحەتیی بێنەو خۆتی لێ دوور بگرە .

کە دەفەرمووێ: ﴿بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾، بەهۆی ئەوەوە کە دەیانکرد، بە (فعل)ی (مضارع)، هاتوە، کە دلالەت لەسەر ئێستاو بەردەوامیی دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەو کوڕانە، تەنیا جارێك یوسوفو برایەکەیان ئەزیەت نەداوە، یاخود: لە دوای یوسوفیش، لەگەڵ بنیامینی برایان دا، هەر بێ لوتف بوون، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، چونکە ئەگەر یەکجار بووایە، تەنیا خستنە بیرەکە بووایە، دەیفەرموو: (بما عمِلوا)، بەوەی کە کردیان، بەڵام بە پێی: ﴿بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾، دیارە لەسەر ئەو بێ لوتفییەیان بەردەوام بوون، وەك دوایی دەیبینین، کە دوایش پاش ئەوەی ئەو دەفرە کە ئاوی پێخوراوەتەوەو ئازووخەی پێ پێوراوە، لە باری بنیامین دا ئاشکرا دەبێ، دیسان ئەو کۆنە غەرەزو قینەیان، هەر لێ دەردەکەوێتەوە، کە دەڵێن : ﴿قَالُوٓاْ إِن يَسۡرِقۡ فَقَدۡ سَرَقَ أَخٞ لَّهُۥ مِن قَبۡلُۚ﴾ ئەگەر ئەمە دزیی بکات، برایەکیشی پێشتر هەر دزیی کردوە، کە مەبەستیان پێی یوسوفە ، کەواتە: دیارە ئەوانە لەسەر کینەو بوغزو غەرەزی خۆیان هەر بەردەوام بوون .

مەسەلەی دووەم : ئامادەکرانی ئازووخەی یازدە برایەکە، لەلایەن یوسوف ﷺەوەو، ئاو خۆری پادشا خستنە نێو باری بنیامینەوە، ئەو دەفرەی پادشا پێشتر ئاوی پێ خواردۆتەوە، بەڵام دوایی کراوە بە پێوانە، وەك ڕبە، بۆ پێوانی دەغڵو دانو ئازووخەو، تۆمەتبارکرانیان بە دزینی پێوانەی پادشاو، داکۆکیی کردنی کوڕەکانی یەعقووب، لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو تۆمەتەو بڕیار هاتنە سەر ئەوە، کە ئەگەر ئەو پێوانەیە لە باری هەر کامێکیاندا دۆزرایەوە، لە تۆڵەیدا بکرێتە کۆیلە :

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ جَعَلَ ٱلسِّقَايَةَ فِى رَحْلِ أَخِيهِ ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ أَيَّتُهَا ٱلْعِيرُ إِنَّكُمْ لَسَٰرِقُونَ ﴿٧٠﴾ قَالُوا۟ وَأَقْبَلُوا۟ عَلَيْهِم مَّاذَا تَفْقِدُونَ ﴿٧١﴾ قَالُوا۟ نَفْقِدُ صُوَاعَ ٱلْمَلِكِ وَلِمَن جَآءَ بِهِۦ حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَا۠ بِهِۦ زَعِيمٌ ﴿٧٢﴾ قَالُوا۟ تَٱللَّهِ لَقَدْ عَلِمْتُم مَّا جِئْنَا لِنُفْسِدَ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا كُنَّا سَٰرِقِينَ ﴿٧٣﴾ قَالُوا۟ فَمَا جَزَٰٓؤُهُۥٓ إِن كُنتُمْ كَٰذِبِينَ ﴿٧٤﴾ قَالُوا۟ جَزَٰٓؤُهُۥ مَن وُجِدَ فِى رَحْلِهِۦ فَهُوَ جَزَٰٓؤُهُۥ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٧٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم شەش ئایەتە لە یازدە بڕگەدا

١) - ﴿فَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ﴾، ئنجا کاتێك ئەوەی بۆی هاتبوون، پێداویستییەکەی بۆ ئامادەکردن .

(إِسْنَادُ التجهِيزِ إلى يوسُف مَجازٌ عَقْلِيٌّ ، إِذْ هُوَ عَمَلُ الفِتيانِ)، کە دەفەرموێ: ئەوەی بۆی هاتبوون، کە دەغڵو دان ئازووخەیە، بۆی ئامادە کردن، ئەمە کە پاڵدراوەتە لای یوسوف، ئەوە مەجازێکی عەقڵییە، ئەگەرنا کاری ئەو گەنجانە بووە کە لەبەر دەستی بوون، کاری غوڵامەکانی

بووە، بەڵام پاڵدراوەتە لای یوسوف، چونکە ئەو سەرپەرشتیاری کۆی پرۆسەی فرۆشتنی دەغڵو دانو ئازووخە پێوانو ئامادە کردنی بووە .

وشەی (جِهاز)، کە بە (جَهاز)یش، هاتوە، هەردووکیان بە مانای ئەو شتەیە کە بابای رێبوار سەفەری لە پێناودا کردوە، واتە: ئەو شمەکە، ئەو کەلوپەلە، کە لێرەدا مەبەست پێی دەغڵو دانو ئازووخەیە، بۆی ئامادە کردن.

٢) - ﴿ جَعَلَ ٱلسِّقَايَةَ فِي رَحْلِ أَخِيهِ ﴾، (سِقایة)کەی خستە باری برایەکەیەوە، واتە: ئەو برایەی کە هەم لە دایکیەتیو هەم لە بابیەتی، کە بنیامینە، (السِّقَايَة: إناءٌ كَبير يُسقَى بهِ الماءُ والخَمْرُ)، (سقایة) قاپێکی گەورە بووە، کە هەم ئاوی پێ خوراوەتەوە، هەم شەراب، بە کوردیی: تاس، دەفر، قاپ، جام، ئاو خۆر، ئەو وشانە هەموویان بەکاردێن، ئنجا ئایا بۆچی ئەو دەفرە کە ئاوی پێ دەخورێتەوە، پێی گوتراوە: (سِقَایة) ؟ دەڵێین :

١ - وشەی (سقَایة)، هەم بە مانای ئاو پێدان دێ، وەك لە سوورەتی (التوبة) لە ئایەتی (١٩)دا دەفەرموێ: ﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ ٱلْحَآجِّ وَعِمَارَةَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ كَمَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ ﴾، واتە: ئایا ئاو پێدانی حاجییانو ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتی حەرامتان بەراورد کرد، یەکسان کرد، خستە تەرازووەوە لەگەڵ (کردەوەی) کەسێکدا کە بڕوای بە خواو رۆژی دوایی هەیەو لە پێناوی خوادا جیهاد دەکات؟...، کەواتە: (سِقَایة)، بە مانای ئاو پێدان دێ .

٢ - (سِقَایة)، بە مانای شوێنی ئاو لێ خواردنەوەش دێ، یان شوێنی ئاو پێدان، دێ .

٣ - (سِقَایة)، بە مانای ئەو قاپو دەفرەش، دێ، کە ئاوی پێ دەخورێتەوە، یان هەر شلەمەنیەکی پێ دەخورێتەوە، ئاو بێ، شەراب بێ، شەربەت بێ، هەرچی بێ.

(وَإسْنادُ جَعْلِ السِّقَايَة فِي رَحْلِ أَخِيهِ إلى يُوسُفَ أَيْضاً من المَجاز العَقلِيِّ)، ئەوە کە دەڵێ: یوسوف ئاو خۆرەکەی خستە باری برایەکەیەوە، کە دیسان پاڵدراوەتە لای یوسوف، ئەوەش هەر مەجازێکی عەقڵییە، چونکە خۆی لە

ئەسڵدا کاری ئەو غولامو بەردەستانەو ئەو گەنجانە بووە، کە لەبەر دەستیدا کاریان کردوە .

شایانی باسیشە : (سِقَایة)، لە تەوراتدا[1] بە (كأس)، هاتوە، بە (الكَأْسِ الفِضِّي)، هاتوە، واتە: قاپە زیوینەکە .

٣) - ﴿ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ أَيَّتُهَا ٱلۡعِيرُ إِنَّكُمۡ لَسَٰرِقُونَ﴾، دوایی جارچییەك جارِیدا، بانگکەرێك بانگی کرد : هۆ کاروان ! بێگومان ئێوە دزن، واتە: دزیتان کردوە .

بۆیەش فەرموویەتی: ﴿أَيَّتُهَا ٱلۡعِيرُ﴾، (لأنَّ العِيرَ مُؤَنَّثٌ)، دیارە کاروان لێرەدا بە مێینەی مەجازیی دانراوە، بۆیە ڕاناوی مێینەی بۆ بەکارهاتوە: ﴿أَيَّتُهَا﴾، ئەگەرنا دەیفەرموو: (أَيُّها العِيرُ) .

﴿ٱلۡعِيرُ﴾: (العِيرُ: إسْمٌ لِلحمولة مِنْ إبْلٍ وَحَمِيرٍ وَما عَلَيْها مِنَ أَحْمالٍ وَما مَعَها مِن رُكَّابِها، فَهَو اسْمٌ لِمَجموعِ هَذِهِ الثَّلاثَة)، وشەی ﴿ٱلۡعِيرُ﴾، لێرەدا ناوە بۆ ئەو بارە بەرانەی کە وەك حوشترو گوێدرێژو وڵاخانە کە باریان لێدەنرێ، هەروەها ناوە بۆ ئەو بارانەی کە لەسەر پشتیانن، وە ناویشە بۆ ئەو سوارو کاروانچییانەی کە لەگەڵ کاروانەکەن، واتە: وشەی ﴿ٱلۡعِيرُ﴾، ناوە بۆ هەر سێکیان: هەم بۆ وڵاخەکانو، هەم بۆ بارەکانی سەر پشتیانو، هەم بۆ ئەو خەڵکەی کە بارەکانیان خستوونە سەر پشتیانو وڵاخەکان لێ دەخورِن .

کە دەفەرموێ : ﴿أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ﴾، (التأذِينُ: النِّداءُ المُتَكرر)، (تأذِينُ)، یانی: ئاگادارکردنەوە، بانگدان، جارِدان، بەڵام لێرەدا بە مانای بانگکردنی دووبارە دێ، کەواتە: بە پێی ئەمە، دوای ئەوەی بارەکانیان خستوونە سەر پشتی وڵاخەکانیانو ڕەنگە بەرِێش کەوتبن، ئنجا بانگکەرەکە، جارچییەکە بە دوایان کەوتوە: هۆی کاروان ! ئێوە دزن ! دیارە دەبێ تۆزێك دووریش کەوتبنەوە، وەك وشەی (أيتها) دەیگەیەنێ.

---

١) التفسير التَّطبيقي للكِتاب المُقَدَّس، العَهْدُ القَدِيم، سِفرُ التكوين، الإصحاح: ٤٤، ص ١١٢.

لە تەوراتدا دەڵێ: ماوەیەکیش دووركەوتبوونەوە، ئنجا جارچیی بە دوایان کەوتن‌و، لەوێڕا گێڕایاننەوەو بارەکانیان پێ خستن‌و ...هتد، بەڵام مادام وشەی: ﴿ ٱلۡعِيرُ ﴾، ناو بێ، بۆ بارەبەرەکان، وڵاخەکان، ئنجا حوشتر بن، یان ئێستر، یان گوێدرێژ، هەروەها بۆ بارەکان‌و، بۆ کاروانچییەکانیش، دەگونجێ هەر لەوێ بووبن‌و، پێش ئەوەی بارەکان بخەنە سەر پشتی وڵاخەکانیان، بانگیان کردبن .

٤) - ﴿ قَالُواْ وَأَقۡبَلُواْ عَلَيۡهِم مَّاذَا تَفۡقِدُونَ ﴾، واتە: کوڕەکانی یەعقووب ﷺ، مەبەست یازدە کوڕەکانن، چونکە ئەمجارە بنیامینیشیان لەگەڵە، ڕوویان تێکردن‌و بەرەو ڕوویان هاتن‌و گوتیان: چیتان لێ ونبووە؟ چیتان دیار نیە؟ دەگوترێ: (فَقَدْتُـهُ فَهوَ مَفقـودٌ)، یانی: لێم ونبوو، کە ئەو ونبوویە، بزربوویە، لێم دیار نیە، بەڵام (تَـفَقَّدْتُـهُ)، واتە: داوام کرد، بە دوایدا گەڕام .

٥) - ﴿ قَالُواْ نَفۡقِدُ صُوَاعَ ٱلۡمَلِكِ ﴾، جارچییەکەو ئەوانەی لایەنی یوسوف ﷺ بوون، ئەوانەی کە سەرپەرشتیی دابەشکردنی دەغڵ‌و دان‌و، فرۆشتن‌و پێوانیان دەکرد، گوتیان: پێوانەی پادشامان دیار نیە، ﴿ صُوَاعَ ﴾، هەروەها (صَاع)یش، هەر هاتوە، وەك پێشتریش گوتمان: هەردووکیان هەر مەبەست پێیان: (سِقَایة)ی پێشێیە، کە دیارە پێشتر ئاوی پێ خوراوەتەوە، (سِقَایة)، واتە: ئاو خۆر، ئاو پێ خوراوە، ﴿ صُوَاعَ ﴾و (صَاع)یش، واتە: پێوانە، هەڵبەتە ئەو دەفرە، دەبێ دەفرێکی گران قیمەت بووبێ‌و، دەفرێکی ناسراو زانراویش بوو بێ، کە پێشتر پادشا بۆ ئاو پێ خواردنەوە، یان شەراب پێ خواردنەوە، بەکاری هێناوەو دواتر بۆ پێوانی ئەو ئازووخەیە کە فرۆشتوویانە، بەکارهاتوە، یانی: وێڕای ئەوە کە ئاوی پێ خوراوەتەوە، پێوانە (مِکیال)یش، بووە، وەك پێوانەش بەکارهاتوە .

٦) - ﴿ وَلِمَن جَآءَ بِهِۦ حِمۡلُ بَعِيرٖ ﴾، هەر کەسێك ئەو پێوانەیە بهێنێتەوە: باری حوشترێکی هەبێ، باری حوشترێك خەڵاتی دەدرێتێ، واتە: باری حوشترێك ئازووخە، دەبێتە خەڵاتی‌و دەبێتە موڵکی وی .

٧) - ﴿ وَأَنَا۠ بِهِۦ زَعِيمٞ ﴾، جارچییەکە، دەڵێ: منیش زامینی ئەوەم، ئۆباڵداری ئەوەم‌و گرەنتیی ئەوە دەکەم، کە ئەو بارە ئازووخەیەی بە خەڵات بدەینێ، لە بەرانبەر ئەوەدا کە ئەو دەفرەمان بۆ دێنێتەوە .

کورتە باسێک دەربارەی ڕەوابوونی (جعالة) و (کفالة)

ئێستاش پێش ئەوەی بچینە سەر برگەکانی دیکە، لەم برگەیەدا هەندێك قسەی (القُرطبي)، دێنین لە (الجامع لأحكامِ القُرآن)[1]، کە گوتوویەتی: ئەم ئایەتە بەڵگەی هەر کام لە (جعالة)و (کفالة)ی تێدان، دەڵێ :

(قَالَ بَعْض العُلَماء: فِي هَذِهِ الآيَة دَلِيلاَن، أَحَدَهُما: جَوَاز الجُعْل وَقَد أُجِيزَ للضرورَةِ، فَإِنَّهُ يَجُوزُ فِيهِ مِنَ الجَهالة ما لاَ يَجُوزُ فِي غَيْرِهِ، فَإِذَا قَالَ الرَّجُلُ: مَنْ فَعَلَ كَذَا فَلَهُ كَذَا صَحَّ، وَشَأنُ الجعْلِ أنْ يَكُونَ أَحَدُ الطرفَيْنِ مَعْلُوما وَالآخَر مَجْهُولاً للضرورَةِ إلَيْهِ، بخِلافِ الإجارَةِ، فَإِنَّهُ يَتَقَدَّرُ فِيها العِوَضُ وَالمُعَوَّض مِنَ الجِهَتَيْنِ، وَهُوَ مِنَ العُقُودِ الجائِزَة الَّتِي يَجُوزُ لأَحَدِهِما فَسْخَهُ، إلاَّ أَنَّ المَجْعُولَ لَهُ، يَجُوزُ أنْ يَفسَخَهُ قَبْل الشروع وبَعْدَهُ، إذَا رَضِيَ بإسْقَاطِ حَقِّهِ، وَلَيْسَ للجاعِل أنْ يَفْسَخَهُ إِذَا شَرَعَ المَجْعُول لَهُ فِي العَمَلِ، وَلاَ يُشترطُ فِي عَقْدِ الجعْل حُضُورُ المُتَعَاقِدِين، كَسائِر العُقُودِ، لِقَوْلِهِ: ﴿ وَلِمَن جَآءَ بِهِۦ حِمۡلُ بَعِيرٖ ﴾.

الدَّليلُ الثَّانِي: جَوَاز الكَفَالة عَلَى الرَّجُل لأن المؤَذِّن الضَامِنَ هُوَ غَيْرُ يُوسُف ﷺ، قَالَ عُلَماؤُنا: إِذَا قَالَ الرَّجُل: تَحَمَّلْتُ، أَوْ تَكَفَّلْتُ، أو ضَمِنْتُ، أو وَأنا حَمِيل لَكَ، أو زَعِيم، أو كَفِيل، أو ضَامِن، أو قَبِيل، أو هُوَ لَكَ عِنْدِي، أو عَلَيَّ، أو إلَيَّ، أَوْ قِبَلِي، فَذَلِكَ كُلُّهُ: حَمالة لازِمة).

---

١) ج ٩، ص ١٨٨ و ١٨٩.

واتە: لەم ئایەتەدا دوو بەڵگە هەن :

بەڵگەی یەکەم : یەکێکیان کە لەم ئایەتە وەردەگیرێ بە پێی قسەی هەندێك لە زانایان بریتیە لە دروست بوونی (جَعَالة)، (جَعْل)، ئەوەیە: کەسێك ئەندازەیەك پارە، یان ئەندازەیەك خەڵات، ئەندازەیەك دیاریی دابنێ، بۆ کەسێك کە کارێکی بۆ دەکات، ئنجا دیارە (جاعِلَ)ەکە، کە (جَعْلَ)ەکەی، داناوە، واتە: شتەکەی دیاریی کردوە، تەرەفێکی دیارە، بەڵام تەرەفی بەرانبەر جارێ دیارە نیە، {داخۆ کێ ئامادە دەبێ ئەو کارە بکات، بۆ وێنە: دەڵێ: هەر کەسێك ئەو میوەیەم بۆ بچنێ، هەر کەسێك ئەو دەغڵەم بۆ بدروێتەوە، یان هەر کەسێك کە ئەو وڵاخەم بۆ بدۆزێتەوە، یان هەر کەسێك سەیارەکەم بۆ بدۆزێتەوە، کە لێم ون بووە، فلان شتەی دەدەمێ} لەبەر ناچاریی (جعالة) بە دروست دانراوە کە (جَعْلُ)یشی پێ دەڵێن، چونکە تێیدا نەناسینی تەرەفی دووەم بەرەوا دانراوە، کە لە گرێبەستەکانی دیکەدا، ئەوە دروست نیە، ئەگەر پیاوێك گوتی: هەر کەسێك فلان کارە بکات، فلان شتەی دەدەمێ، ئەوە سەوداو مامەڵەیەکی دروستە، (جَعْل)یش، ئەوەیە کە یەکێك لە دوو لایەنەکان دیارە زانراوە، بەڵام لایەنەکەی دیکە نەزانراوە، ئەویش لەبەر ناچاریی لەبەر ئەوەی پێویستیی دەبێ بەو جۆرە مامەڵەیە، دروستە، بە پێچەوانەی (إجارَة)وە، کە هەم ئەو شتە کە دادەنرێ، دیارە، هەم ئەو کەسە کە دایدەنێ، دیارە، هەم تەرەفە بەرانبەرەکەش، دیارە، {بۆ نموونە: یەکێك بە یەکێك دەڵێ: ئەو خانووەت دەدەمێ ساڵانە بە کرێ بەوەندە، نەفەرەکە دیارە کە خانووەکە بە کرێ دەدا، تەرەفەکەی بەرانبەریش دیارەو، ئەندازەی پارەکەش دیارەو، خانووەکەش دیارو لەبەرچاوە} ، ئنجا ئەو (جَعالة)یە، لەو گرێبەستە دروستانەیە کە بۆ یەکێك لە دوو لایەکە هەیە، هەڵیوەشێنێتەوە، بەڵام ئەو کەسەی کە شتەکەی بۆ دادەنرێ: خەڵاتەکە، دیارییەکە، هەقەکەی بۆ دادەنرێ، لە بەرانبەر ئەوەدا کە کارەکە بکات، ئەو بۆی هەیە پێش ئەوەی دەست بە هەوڵدان بکات بۆ کارەکە، هەڵیوەشێنێتەوە، دواییش کە دەستیشی پێکرد، هەر

بۆی هەیە هەڵیبوەشێنێتەوە، بە مەرجێك چاوپۆشیی لە هەقەکەی خۆی بکات، ئەوەندە ئیشەی کە کردوویەتی لێی دەچێتە بەلاش، بەڵام بابای (جاعِل)، کە شتەکە دادەنێ، هەقەکە دادەنێو دەڵێ: ئەو هەقە دەدەم بە هەر کەسێك فلان کارەم بۆ بکات، ئەو کەسە دوای ئەوەی بابای هەق بۆ دانراو دەست بە کارەکەی دەکات، بابای هەق دانەر (جاعِل)، بۆی نیە هەڵیبوەشێنێتەوە، بە مەرجیش نەگیراوە کە هەردوو تەرەفەکە ئامادەبن، وەك باقی گرێبەستەکان، چونکە خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿ وَلِمَن جَآءَ بِهِۦ حِمۡلُ بَعِيرٖ وَأَنَا۠ بِهِۦ زَعِيمٞ ﴾، هەر کەسێك هێنای (دیار نیە کێیە) باری حوشترێك ئازووخەی هەبێو من ئۆبالْدارمو گرمنتیی دەکەم .

<u>بەڵگەی دووەم :</u> بریتیە لە ڕەوا بوونی کەفالەت کە بریتیە لەوەی کەسێك ببێتە کەفیلی کەسێكو لە جیاتی وی کارێك بکاتو ببێتە ئۆبالْداری، چونکە بابای جارچیی کە جاری داوەو بۆتە کەفیل، غەیری یوسوف ﷺ بووە، واتە: لە جیاتی یوسوف گوتوویەتی: من ئەوە دەکەم، کەواتە: ڕەوایە کەسێك ببێتە کەفیلی کەسێکی دی، بەڵام بە مەرجێك مۆڵەتی ئەو کەسەی پێ بێت، کە دەبێتە کەفیلیو ڕازی بێ ببێتە ئۆبالْداریو دەستی کراوە بێ، زانایانمان گوتوویانە: ئەگەر پیاوێك گوتی: (تَحَمَّلْتُ أَوْ تَكَفَّلْتُ أَو ضَمِنْتُ أَو وَأَنا حَمِيل لَكَ، أَو زَعِيم أَو كَفِيل أَو ضَامِن أَو قَبِيل، أَو هُوَ لَكَ عِنْدِي أَو عَلَيَّ أَو إِلَيَّ أَوْ قِبَلِي فَذَلِكَ كُلُّهُ حَمالة لازِمة)، ئەو وشانە هەموویان کە مانایان زۆر لێك نیزیکە، واتە: من ئەو بەرپرسیارییەتەم هەڵگرت، من بوومە ئۆبالْدار، من ئەو شتەم خستە ئەستۆی خۆم، من کەفیلی تۆم، ئەو شتە عایدی من بێ، یاخود لەسەر من بێ، ئەو شتە بێ بۆ لای من بێ، ئەو شتە بێ لەسەر من بێ، ئەوە هەموو دەبێتە کەفالەتێك، لەسەر بابای کەفیل پێویست دەبێ ئەو جۆرە مشووره بخوات، لە جیاتی ئەو کەسەی کە مۆڵەتی داوە .

<u>٨) -</u> ﴿ قَالُواْ تَٱللَّهِ لَقَدۡ عَلِمۡتُم مَّا جِئۡنَا لِنُفۡسِدَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا كُنَّا سَٰرِقِينَ ﴾، دوای ئەوەی کە ئەوان تۆمەتباریان دەکەن، بەوەی کە دزن، کوڕەکانی

یەعقووب هەر یازدە کورەکە دەڵێن: سوێند بە خوا ! ئێوە دەزانن کە ئێمە نەهاتووین لە زەویدا خراپەکاریی‌و تێکدان بکەین، واتە، لەسەر زەمینی میسردا، ﴿ وَمَا كُنَّا سَٰرِقِينَ ﴾، هەروەها ئێمە هەرگیز دز نەبووین دەزانن کە ئێمە جاری دیکەش هاتووین‌و دز نەبووین .

لێرەدا ئەوانە دوو شتیان لە خۆیان دوورخستوونەوە: (الإفساد والسَرِقة)، تێکدان‌و خراپەکاریی‌و دزیی، بەڵام بۆ خراپەکارییەکە تەنیا گوتوویانە: ﴿ لَقَدْ عَلِمْتُم مَّا جِئْنَا لِنُفْسِدَ فِي ٱلْأَرْضِ ﴾، ئێوە دەزانن کە ئێمە نەهاتووین خراپەکاریی بکەین لە زەویدا، بەڵام زۆر جەختیان نەکردۆتەوەو بەس گوتوویانە: ئێوە دەزانن ئێمە بۆ خراپەکاریی‌و تێکدان نەهاتووین، بۆچی ؟

زانایان دەڵێن: چونکە خراپەکاریی‌و تێکدان، چەمکێکی فراوانی هەیە، رەنگە هەندێك لە دەستەڵاتدارو حوکمڕانان، هەر جۆرە جموجۆڵێ بە تێکدان لە قەڵەم بدەن، بۆیە زۆر جەختیان نەکردۆتەوە، گوتوویانە: نەوەك هەر هاتنەکەی ئێمەیان بە تێکدان لە قەڵەم دابێ، پاشان عەیب‌و عاریش نیە، جاری وا هەیە کابرا شانازیی پێوە دەکات، دەڵێ: بەڵێ، من بووم ئەو کارەم کرد، من شۆڕشم کرد، من کودەتام کرد، من ڕاپەڕیم، کە بەرانبەرەکە بە خراپی دەزانێ، بەڵام دیارە ئەو کەسەی دەیکات بە خراپی نازانێ .

بەڵام بە نسبەت دزییەکەوە، چونکە شتێکی نەنگەو عەیبە، لەوێ زۆر جەختیان کردۆتەوە: ﴿ وَمَا كُنَّا سَٰرِقِينَ ﴾، ئێوە دەزانن کە ئێمە پێشتریش دز نەبووین، دیارە ئەو کوڕانەی یەعقووب ﷺ بەڵگەشیان ئەوەیە کە لە سەرەتاوە دەیڵێن : ﴿ لَقَدْ عَلِمْتُم ﴾، مەبەستیشیان دوو شتن:

یەکەم: ئێمە پێشتریش هاتووین، ئنجا ئەگەر دزییمان کردبایە، تێکدان‌و خراپەکارییمان کردبایە، جاری پێشێش دەمانکرد .

دووەم: ئێوە خۆتان ئاگادارن جاری پێشێ کە دەستمایەکە، خرابۆوە نێو بارەکان بە هەڵە، یان بە ئەنقەست، ئێمە هێنامانەوە، کەواتە: ئێمە

ئەگەر دزبایـن، نەدەهاتینەوەو پارەکەمان دەخوارد، یاخود دەشهاتینەوە، بەلام نکوولییمان دەکرد کە ئەو دراوە، یاخود ئەو دەستمایە، لە بارەکانی ئێمەدا بووە، چونکە ئێوە بەڵگەو شایەدتان لەسەر نەگرتووین، کە ئەو شتانەتان خستۆتە ئەو بارانەوە .

٩) - ﴿ قَالُواْ فَمَا جَزَٰٓؤُهُۥٓ إِن كُنتُمۡ كَٰذِبِينَ ﴾، (تەرەفی یوسوف ﷺ تەرەفی جارچیی) گوتیان: ئەدی سزای چییە، ئەگەر ئێوە درۆکار بوون، قسەکەتان ڕاست نەبوو، ئەو پێوانەیە ئەو ئاوخۆرەی پادشا، لە بارەکانی ئێوە دابوو ؟

١٠) - ﴿ قَالُواْ جَزَٰٓؤُهُۥ مَن وُجِدَ فِي رَحۡلِهِۦ فَهُوَ جَزَٰٓؤُهُۥ ﴾، گوتیان: هەر کەسێك ئەو پێوانەیە لە بارەکەی دا بدۆزرێتەوە، خۆی دەبێتە تۆڵەی‌و دەبێتە سزای .

کە دەڵێن: ﴿ فَهُوَ جَزَٰٓؤُهُۥ ﴾، یانی: (فَهُـوَ ذَاتُـهُ جَزَاؤُهُ، أي: هُوَ عِوَضٌ عَن هَذِهِ الجَرِيمـة فَيَصِيرُ رَقِيـقاً لِصَاحِبِ الصواعِ)، واتـە: خـودی خـۆی دەبێتە تۆڵەی دزییەکەی، دەبێتە سزای دزینی ئەو دەفرە ئەو پێوانەیە .

ڕستەی: ﴿ فَهُوَ جَزَٰٓؤُهُۥ ﴾، {توكِيدٌ لَفظيٌّ لِجُملـة: ﴿ جَزَٰٓؤُهُۥ مَن وُجِدَ فِي رَحۡلِهِۦ ﴾} ، واتە: ئەوە جەختکردنەوەیەکی بێژەیی یە بۆ ڕستەی ﴿ جَزَٰٓؤُهُۥ مَن وُجِدَ فِي رَحۡلِهِۦ ﴾، یانی: سزایەکەی هەر کەسێك ئەو پێوانەیە لە بارەکەی دا دۆزرایەوە، خۆی دەبێتە سزاو تۆڵەی دزینی ئەو دەفرە .

١١) - ﴿ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، ئاوا بەو شێوەیە ئێمە سزای ستەمکاران دەدەین، کە لێرەدا مەبەست لە ستەمکاران، ئەوانەن کە ستەمیان لە خۆیان‌و لە خەڵك کردوە بەهۆی دزییەوە .

ئەمەش لێرەدا دوو واتای هەن :

١/ واتە: ئێمەی کوڕانی یەعقووب ﷺ ئایینەکەمان‌و بەرنامەکەمان وایە، کە بەو شێوەیە سزای دز بدەین: هەر کەسێك دزیی لە کەسێك کرد،

دەبێتە بەردەستو خزمەتکارو کۆیلەی ئەو کەسە کە دزیی لێکردوە، واتە: دزەکە دەبێتە کۆیلەی دزیی لێکراوەکە، ئەوە واتایەکی .

٢/ واتایەکی دیکە، کە من ئەوەی دووەمیانم پێ ڕاستترە، هەرچەندە زۆربەی هەرە زۆری توێژەرەوانی قورئان، مانای یەکەمیان هێناوە، بەلام من پێموانیە لە هیچ ئایینو بەرنامەیەکی خوای پەروەردگاردا، سزای دزیی بریتی بووبێ لە بە کۆیلەکردنی بابای دز، بەڵکو وا پێدەچێ لەوێ ئەو بۆچوونو ئیجتهادەیان بۆ پەیدا بوو بێ، یانی: ئێمە ئاوا بڕیار دەدەین: هەر کەسێك ئەو دەفرە، ئەو پێوانەیە لە بارەکەیدا دۆزرایەوە، با بکرێتە کۆیلە بۆ ئەو لایەنەی دزییەکەی لێکراوە .

مەسەلەی سێیەم : فەرمان کردنی یوسوف بە پشکنینی باری برایەکان، پێش باری بنیامین، پاشان دەرهێنانی پێوانەکە، دەفرەکە لە باری برایەکەی، خوای کارزان ﷻ بەو جۆرە پلانی لە لای خۆ هێشتنەوەو گلدانەوەی برایەکەی بۆ یوسوف ﷺ دانا، چونکە بە پێی بەرنامەی پادشا، ئەوە سزای دز نەبووە :

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ قَبْلَ وِعَآءِ أَخِيهِ ثُمَّ ٱسْتَخْرَجَهَا مِن وِعَآءِ أَخِيهِۚ كَذَٰلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَۖ مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِى دِينِ ٱلْمَلِكِ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُۚ نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُۗ وَفَوْقَ كُلِّ ذِى عِلْمٍ عَلِيمٌ ﴿٧٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە بەپێزە لە حەوت بڕگەدا

١) - ﴿ فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ قَبْلَ وِعَآءِ أَخِيهِ ﴾، لێرەدا کە پشکنینی چەواڵەکان پاڵدراوەتە لای یوسوف، ئەوە مەجازێکی عەقڵییە، واتە: ئەوەی کە یوسوف ڕایسپارد بوو، دەستی کرد بە پشکنینی (وِعَآءِ)کانیان، پێش (وِعَآءِ)ی، برایەکەی .

(أَوْعِيـة جَمْـع وعَـاء، وَهُوَ الظـرف) (أَوعِيـة) كـۆی (وعـاء)ە، بریتیـە لـە هـەر شتێك، كە شتی تێبكرێ، ئنجا گونیەیە، جەواڵە، تێرە، كەندوویە، كووپەیە، هەر شتێك شتی تێ بكرێ، پێی دەگوترێ: (وعاء)، بەڵام لێرەدا بە پێی سیاق‌و مەقام، دەزانین كە ئەو شتە وا پێدەچێ جەواڵ بوو بێ، بە زاراوی ئێستا تەلیس یان گونیە بوو بێ، هەڵبەتە جەواڵ لە دێر زەمانەوە هەبووە، لەبەرئەوە كە بە دەست چنراوە، ئەو كاتە وەك ئێستا كارگە نەبووە، تاكو گونیەو تەلیس‌و ئەوانە بچنن، بەڵكو هەرچی بووە بە دەست چنراوە .

دەفەرموێ: دەستیكرد بە پشكنینی جەواڵەكانی ئەوان، (برایەكان)، پێش هی برایەكەی، (بنیامین).

(وعاء)، دەڵێ: (مُشتَقٌّ مِنَ الوَعـيِ وَهوَ الحِفظُ)، (وعي) واتە: لەبەر كردن، پاراستن، وەك لە شوێنەوارێكدا هاتوە: ئەبو ئومامە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ :

{اقـرَؤُوا الْقُـرْآنَ وَلا تَغُرَّنَّكُـمْ هَـذِهِ الْمَصَـاحِفُ الْمُعَلَّقَـة، فَإِنَّ اللَّـهَ لَـمْ يُعَـذِّبْ قَلْبـاً وَعَـى[1] الْقُـرْآنَ} {أَخْـرَجَهُ تمـام برقـم: (١٦٩٠)، وَابـن أَبـي شَـيْبـة برقـم: (٣٠٠٧٩)، وَالـدَّارِمِـيُّ برقـم: (٣٣١٩)} .

واتە: قورئان بخوێننەوەو بەو پەڕە هەڵواسراوانە - كە قورئانیان تێدا نووسراوەتەوە – فریوتان نەدەن، چونكە خوا دڵێك ئازار نادات قورئانی لەبەر كردبێ .

٢) - ﴿ ثُمَّ ٱسۡتَخۡرَجَهَا مِن وِعَآءِ أَخِيهِ ﴾، دوایی لە جەواڵی برایەكەی خۆی دەریهێنا .

پێشێ بە ڕاناوی نێرینەی مەجازیی هێناویەتی: ﴿ مَن وُجِدَ فِي رَحۡلِهِۦ ﴾، ﴿ وُجِدَ ﴾، ڕاناوی نێری بۆ بەكارهێناوە، لێرەدا وشەی (صُوَاعَ)، لەبەرچاو گیراوە، واتە: هەر كەسێك كە ئەو پێوانەیە لە جەواڵەكەیدا، لە بارەكەیدا دۆزرایەوە،

---

[1] وعـى القـرآن: أي حَفِظَـهُ وتدبَّـره وعمِـلَ بمـا فيـه، واتـە : قورئانـی لەبـەركردو تێـوەی ڕامـاو كاری پێكرد .

بەڵام لێرەدا ڕاناوی مێینەی مەجازیی بۆ بەکارهاتوە: ﴿ ثُمَّ ٱسۡتَخۡرَجَهَا ﴾، چونکە لێرەدا ڕاناوەکە دەچێتەوە بۆ (سقَايَة)، واتە: بۆ ئەو دەفرو پێوانەیەی کە لە ئەسڵدا دەفرێك بووە، ئاوی پێخوراوەتەوە .

خاوەنی (التَحريرُ والتَنوير)[1]، دەڵێ: (وَهَذا التأنيث فِي تَمام الرشاقة إذ كانَت الحَقِيقة أنَّها سِقَاية جعلت صواعاً، فَهُوَ كردّ العجز على الصَّدْر).

واتە: ئەم ڕاناوی مێینە بۆ بەکارهێنرانە بۆ ئەو دەفرە، لێرەدا زۆر شتێکی جوانو ڕێکە، چونکە ئەو دەفرە پێشتر ئاوی پێخوراوەتەوە، دوایی کراوە بە پێوانە بۆ ئازووخەو دەغڵو دان، کەواتە: ئەوە وەك گێڕانەوەی دواوەیە بۆ پێشەوە .

٣) - ﴿كَذَٰلِكَ كِدۡنَا لِيُوسُفَ﴾، ئەمە قسەی خوای پەروەردگار خۆیەتیو، لێرەدا خوا ئەو قسەیەی خۆی نێو ئاخن دەکات، دەفەرموێ: ئاوا تەگبیرمان بۆ یوسوف کرد، پلانمان بۆ دانا .

(الكَيدُ: فِعلٌ يُتوصَّلُ بِظاهِرهِ إلى مَقْصَدٍ خَفيٍّ، والمَقْصودُ بِهِ إلهامُ يوسف...)، (كَيد)، بریتیە لە کردارێك کە بەهۆی ڕواڵەتەکەیەوە ئامانجێکی پەنهان دەستەبەر دەکرێ ، کە لێرەدا مەبەست پێی ئەو خورپەیە کە خوا خستیە دڵی یوسوفەوە، کە بەو شێوەیە دەتوانێ برایەکەی گل بداتەوە .

٤) - ﴿مَا كَانَ لِيَأۡخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ ٱلۡمَلِكِ﴾، (یوسوف) بۆی نەبوو بە پێی بەرنامەو ئایینی پادشا کە وڵاتی پێ بەڕێوە دەبرد، برایەکەی لەلای خۆی گل بداتەوە، بیکاتە کۆیلە، یان لە لای خۆی بیهێڵێتەوەو بیگرێ .

خاوەنی (التَحريرُ والتَنوير)[2]، دەڵێ: (ولولا ذلك لما كانت شريعة القبط تُخوِّلُهُ ذلك، فقد قيل: إن شرعهم في جزاء السارق، أن يؤخذ منه شيء ويضرب ويُغَرَّمَ ضِعْفَي المسروق أو ضِعْفَي قيمته) .

---

١) ج ١٣، ص ٣١.

٢) ج ١٣، ص ٣٢.

واتە: ئەمە لە بەرنامەی قیبتییەکاندا (کە لە میسڕ بوون) سزای دزیی نەبوو، گوتراوە: سزای دز ئەوە بووە کە شتەکەی لێ وەربگیرێتەوە (ئەو شتەی کە دزیویەتی)و، لێی بدرێ‌و، دوو بەرانبەریش شتە دزراوەکەشی پێ ببژێردرێ، یاخود نرخەکەی .

واتە: ئەگەر مەڕێکی دزیوە، دوو مەڕانی لێ بستێنن، ئەگەرنا دوو بەرانبەری نرخی ئەو مەڕەی لێ بستێنرێ، ئەوە سزای دز بووە لە ئایین‌و بەرنامەی پادشای میسردا، ئنجا ئەگەر بە پێی ئەوە ڕەفتار کرابایە، یوسوف بۆی نەبوو، بنیامین لەلای خۆی گل بداتەوە، بەلام یوسوف دێنێ توێ دەخاتە گۆڵی ئەوانەوەو دەڵێ: سزایەکەی چییە؟ ئەوان سەرپشك دەکات، ئەوانیش دەڵێن: سزایەکەی ئەوەیە هەر کەسێك دەفرەکە لە بارەکەی دا دۆزرایەوە، خۆی ببێتە تۆڵەو سزای دزییەکەی خۆی، واتە: بە زمانی خۆیان دەیانگرێ، ئەگەر وا نەبووایە، بە پێی بەرنامەو یاسای پادشا بۆی نەبوو برایەکەی لەلای خۆی گل بداتەوە، هەڵبەتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە: وشەی (دین) کە لە قورئان دا بەکارهاتوە، یەکێك لە مانایەکانی ئەو بەرنامەو سیستەم (نظام)ەیە، کە ولاتی پێ بەڕێوەدەچێ‌و مەرج نیە (دین) تەنیا لە خواوە هاتبێ، چونکە ئەوە مەفهوومە عورفییەو باوەکەیەتی، ئەگەرنا (دین)، واتە: بەرنامەی ژیان، ئەوەی ژیان‌و کۆمەڵگای پێ بەڕێوە دەچێت .

٥) – ﴿ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ﴾، مەگەر خوا بیەوێ، واتە: خوا ویستی کە سزای دۆزرانەوەی ئەو دەفرە، لە باری بنیامیندا بریتی بە لەوەی کە برایەکانی یوسوف بە زمانی خۆیان بیڵێن، کە سزایەکەش جۆرێك بوو ئامانجی یوسوف بێنێتەدی.

٦) – ﴿ نَرۡفَعُ دَرَجَٰتٖ مَّن نَّشَآءُ ﴾ بە چەندان پلە هەر کەسێك بمانەوێ بەرزی دەکەینەوە، واتە: لە ڕووی زانست‌و شارەزایی‌و حیکمەت‌و کارامەییەوە .

خوێنراویشەتەوە: (نَرفَعُ دَرَجاتِ مَن نشاء)، واتە: (دَرَجات)، پاڵ بدرێتە لای (مَن) هی پێشی: ﴿ دَرَجَٰتٖ مَّن نَّشَآءُ ﴾ ئەمە (دَرَجاتِ مَن نشاء)، واتە: پلەکانی هەر کەسێك کە بمانەوێ، بەرزیان دەکەینەوە .

٧) - ﴿ وَفَوْقَ كُلِّ ذِى عِلْمٍ عَلِيمٌ ﴾، لە سەرووی هەموو خاوەن زانستێکەوە، زانایەك هەیە، واتە: زاناتر هەیە، ئەمەش ئەوەی لێوەردەگیرێ کە زۆریی زانست، مایەی بەرزبوونەوەیە، چونکە دەفەرموێ: ﴿ وَفَوْقَ كُلِّ ذِى عِلْمٍ عَلِيمٌ ﴾، لە سەرووی هەر خاوەن زانیارییەکەوە، زاناتر هەیە .

کەواتە: ئینسان بەهۆی زانیارییەوە بەرزدەبێتەوەو لە خوا نیزیك دەبێتەوەو لە ژیانیدا بەرز دەبێتەوە، بەڵام بە ئەندازەی ئەوە کە زانیارییەکەی ڕاستەو کاریشی پێ دەکات .

مەسەلەی چوارەم : داخی دڵی خۆ ڕشتنی برایەکانی یوسوف ﷺ بە خۆیو بنیامینی برای، کە لە دزیی کردندا وەك یەکنو، وەڵامدانەوەی یوسوف لە دڵی خۆیدا بەبێ دەربڕین: کە ئێوە خراپترن: کردەوەتان خراپترە، هەڵوێستتان خراپترە، خواش زاناترە بەوەی کە دەیڵێن، ئایا ڕاستە یان نا؟ بە تایبەت تۆمەتبارکردنی یوسوف ﷺ بە دزیی :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ قَالُوٓاْ إِن يَسۡرِقۡ فَقَدۡ سَرَقَ أَخٞ لَّهُۥ مِن قَبۡلُۚ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِى نَفۡسِهِۦ وَلَمۡ يُبۡدِهَا لَهُمۡۚ قَالَ أَنتُمۡ شَرّٞ مَّكَانٗاۖ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا تَصِفُونَ ٧٧ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە لە چوار بڕگەدا

١) - ﴿ قَالُوٓاْ إِن يَسۡرِقۡ فَقَدۡ سَرَقَ أَخٞ لَّهُۥ مِن قَبۡلُ ﴾، واتە: دە برایەکانی یوسوف، دە کوڕەکەی یەعقووب ﷺ کە دایکیان جیایە لە دایکی یوسوفو بنیامین، گوتیان: ﴿ إِن يَسۡرِقۡ ﴾، ئەگەر ئەم برایە، واتە: برایەکەی کە لە

دایکی یوسوفە (بنیامین) دزیی بکات، ﴿ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُۥ مِن قَبْلُ ﴾، ئەوە بێگومان برایەکی خۆشی، (برایەکی دایکیی)، پێشتر دزیی کردوە .

لێرەدا ئەوان بەوە پاساوو پۆزشیان هێناوەتەوە، کە ئەو (بنیامین)ە، برایەکی هەبوو (لە دایکی خۆی)، ئەویش پێشتر دزیی کردوە، دەیانەوێ تانە لە دایکیان بدەن، واتە: هەردووکیان لەو ئافرەتە بوون، کە بریتیە لە (راحیل)ی کچی (لابان)، کە خاڵی یەعقووب بوو، کە لە سەرەتای تەفسیری ئەم سوورەتەدا باسمان کرد، واتە: ئەوانە کوڕی ئەو ئافرەتەن، کوڕی ئەو دایکەنو عادەتیانە دزیی بکەن .

پێش ئەوەی زیاتر ئەمە شی بکەینەوە، با جارێکی دیکە سەرنجی ئەوە بدەینەوە کە هاوسەرەکانی یەعقووب چەند بوونو کوڕەکانی هەر کامیان لە کام دایکە بووە؟ بە گشتی وەك لە : (التفسير التطبيقي للكِتابِ المقدس، العَهد القَدِيم، سِفرُ التَكوِيَن، الإصحاح: ٣٥، ص٩٣)، دا هاتوە کە پێشتریش هێناومانە، یەعقووب ﷷ بە گشتی چوار هاوسەری بوون :

یەکێکیان (راحیل) کە کچی (لابان)ە کە خاڵی یەعقووب بووە، واتە: کچی خاڵی خۆی هێناوە، کە (راحیل) دایکی یوسوفو بنیامینە، ئەوە دووان.

هاوسەری دووەمی بریتی بووە لە (لەیئە)، یان (لییا)، ئەویش هەر کچی (لابان) بووە، واتە: ئەویش هەر کچی خاڵی خۆی بووە، ئەو کاتە دروست بووە، دوو خوشك ببنە هاوسەری مرۆڤ، لە یەك کاتدا، هەندێکی دیکەش گوتوویانە: دایکی یوسوفو بنیامین، دەبێ پێش ئەو لەیئە وەفاتی کردبێو دوایی ئەوی هێنابێ .

بەلام ئەوە بە پێی شەریعەتی پێغەمبەری خاتەم ﷺ وایە، وا پێدەچێ هەردووکیانی پێکەوە هەبوو بن، وەك پێشتر بەسەرهاتەکەیمان هێنا: کە دوای ئەوەی یەعقووب حەوت ساڵ شوانیی دەکات بۆ خاڵی، (لەیئە)ی دەداتێ، دوایی حەوت ساڵی دیکە شوانیی دەکات، چونکە زیاتر دڵی بە (ڕاحیل)ەوە دەبێ، ئنجا ئەویشی دەداتێ .

ئنجا (لەیئە) دایکی هەر کام لە (ڕەئووبین، شەمعوون، لاویی، یەهوودا، یەساکیر، زەبوولوون)ە، کەواتە: دایکی شەش کوڕان بووە، ئەو شەشەیان دیارە لە (لەیئە) بوون .

هاوسەری سێیەمی (بولهە)، بولهەش کەنیزەکی (ڕاحیل) بووە، ئەویش دایکی (دان، نەفتالی)، ئەویش دوو کوڕی بوون، ئەوە بوونە دە (١٠) .

هاوسەری چوارەمی (زولفە)، زولفەش کەنیزەکی لەیئە بووە، دیارە کە (بولهەو زولفە)، هەردووکیان کەنیزەکی ڕاحیلو لەیئە بوون، هەر کام لە ڕاحیلو لەیئە، کەنیزەکەکانی خۆیان داوە بە یەعقووب کە لەگەڵیاندا وەك ژنو مێرد ڕەفتار بکات، بۆ ئەوەی منداڵیان ببێ، زیاتر هاندەرەکەیان ئەوە بووە، زولفەش دایکی (جاد، ئەشیر) بووە، ئەو دووانەش کە کوڕانی یازدەیەمو دوازدەیەمن .

ئنجا کە گوتوویانە: ﴿إِن يَسۡرِقۡ فَقَدۡ سَرَقَ أَخٞ لَّهُۥ مِن قَبۡلُ﴾، ئەگەر ئەو (یوسوف) دزیی بکات، برایەکیشی پێشتر دزیی کردوە .

بێگومان ئەوە بوختانێك بووە، بە یوسوفیان کردوەو ویستوویانە ئەو عەیبە لە خۆیان دووربخەنەوە، بەوەی کە بڵێن: ئەو بنیامینە کە دزیی کردوە، برایەکیشی هەبووە هەر وا بووە، یانی: ئەوە لەلایەن دایکیانەوە ئەو عەیبەیان بۆ ماوەتەوە، ئیدی ئەو عەیبەیان لە خۆیان دوورخستۆتەوە !

واتە: ئێمە کە دایکمان جیایە، ئەو عەیبەمان تێدا نیە! هیچیان بۆ نەماوەتەوە، ئەوە نەبێ کە نەك هەر بنیامین، یوسوفیش تۆمەتبار بکەنو دایکیشیان تۆمەتبار بکەن، بۆ ئەوەی ئەو عەیبە لە خۆیان دوور بخەنەوە، یانی: ئەوە لە دەماری ئێمەوە نیەو، ڕەچەڵەکی ئێمە وا نیە .

ئنجا لەو بارەوە لە پەیمانی کۆندا هەندێ حیکایەت هاتوونو، هەندێ لە توێژەرەوانی قورئانیش هەندێك حیکایەتی دیکەیان بۆ زیاد کردوون !

بۆ وێنە: یەکێك لە حیکایەتەکان دەڵێ: یوسوف کاتی خۆی کە منداڵ بووە، بتێکی دزیوە لە باپیری، واتە: بابی دایکی، بتێکی زێڕ بووە، شکاندوویەتیو فڕێی داوە !

هەندێکی دیکە گوتوویانە: یەعقووب پشتێنێکی هەبووە، پشتێنەکە زێڕ بووە، یان زیو بووە، ئنجا نەنکی یوسوف، یوسوفی زۆر خۆشویستوە، بەلاّم یوسوفیان وێ نەداوە، لەلای بێ، ئەویش هەڵساوە پشتێنەکەی لە بن جلان لێ بەستوە، دوایی گوتوویەتی: ئەو پشتێنەم دیار نیە، ئنجا یوسوفی پشکنیوەو گوتوویەتی: پشتێنەکەم یوسوف بردوویەتی، کەواتە: بۆم هەیە مادام ئەو پشتێنەی دزیوە، یوسوف لەلای من بێ‌و ببێتە کوڕی من !

ئەو جۆرە ئەو حیکایەتانە هەن .

بەلاّم من پێم وایە: کۆمەڵە برایەك دەستیان بچێتە برای خۆیان‌و بیخەنە بیرێوەو بیفەوتێنن، بە تەئکید ئەوەشیان لە دەست دێ، بوختانی دزییشی بۆ بکەن، ئیدی پێویست بەو حیکایەتانە ناکات، چونکە ئەگەر گریمان یوسوف بە بچووکیی شتێکی دزیی بێ، دیارە منداڵ هیچی لەسەر حیساب نیە، تاکو تەمەنی پازدە ساڵیی، بە تایبەتی ئەوەی دووەمیان، ئەگەر نەنکی پشتێنەکەی لێ بەستبێ، یاخود ئەگەر بتێکی دزیی بێ، بۆ ئەوەی بیشکێنێ، ئەوە بێگومان کارێکە (يُشَرِّفُهُ)، شەرەفە بۆ یوسوف، کە بتێك بدزێ‌و بیشکێنێ بە بچووکیی! بەلاّم بە هەر حاڵ، پێم وایە ئێمە پەکمان لەسەر ئەو حیکایەتانە نەکەوتوە، چونکە ئەو برایانە هێندە هەڵوێستێکی ڕێك‌و پێکیان نەبووە، ئێمە بێنین یوسوف تۆمەتبار بکەین: گوایە بە منداڵیی دزییەکی لێ واقیع بووە، تاکو بڵێین: ئەوان تۆمەتیان پێ نەکردوە، چونکە ئەوان کە ئامادەبن برای خۆیان بکوژن، حەوجار حەوجار ئامادەن تۆمەتی پێبکەن، بۆ ئەوەی ئەو عەیبەیە لە خۆیان دووربخەنەوەو بڵێن: هەر ئەمە وای نەکردوە (هەڵبەتە بنیامینیش کە دزیی نەکردوە) ئەوە برایەکەشی کاتی خۆی، هەر دزیی کردوە، بۆ ئەوەی ئەو شتە لە خۆیان دووربخەنەوە، کە ئەوە لە ڕەچەڵەك‌و نەسەبی ئێمە دوورە، ئێمە دایکمان جیایەو شتی وامان لە نێودا نەبووە، بەلاّم ئەوانە دایکیان جیایە، بۆیە ڕەفتاریشیان لە ئێمە جیا بووە !

٢) - ﴿فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِۦ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ﴾، ئەم ڕستەیە سێ مانای هەن :

١ - یوسوف لەلای خۆی ئەوەی پەنهان کرد، {بە ڕاناوی مێینە هێناویەتی، مێینەی مەجازیی}، واتە: ئەو تۆمەتە، یانی: (فَأَسَرَّ یوسوف هذِهِ التهمة فِي نَفسِهِ)، یوسوف ئەو تۆمەتە کە درایە پاڵ خۆیو برایەکەیشی، لەلای خۆی پەنهانی کردو بۆی دەرنەخستن، یاخود بۆی دەرنەخستن کە ئەوە من یوسوفمو ڕاست ناکەن، ئێوە تۆمەتم پێ دەکەن، ئەوە واتایەکی .

٢ - یاخود: ئەو تووڕەییو ڕق هەڵسانو پێناخۆش بوونەی کە لە دڵیدا پەیدا بوو، بەهۆی ئەو قسەیانەوە، ئا ئەو پێناخۆش بوونو حاڵناخۆش بوونەی، لەلای خۆی پەنهان کردو کپ کردو بۆی دەرنەخستن، واتە: وای نەکرد کە هەست پێ بکەن کە زۆری پێ قەڵسەو پێی ناخۆشە، چونکە ئەو کاتە لێی دەکەوتنە گومان .

(الإسَرارُ: إخفاءُ الكَلامِ عَن أن يَسمَعَهُ السامِعُ)، (إسَرار)، بریتییە لە شاردنەوەی قسە بە شێوەیەك كە بیسەر نەیبیستێ، بەڵام بە دڵنیایی لێرەدا مەرج نییە هەر قسە بێ، واتە: ئەو پێناخۆش بوونە، ئەو حاڵەتە کە بۆی دروست بوو، لە ئەنجامی تۆمەتبار کرانیدا، ئەو حاڵەتەی لەلای خۆی پەنهان کرد، یانی: تووڕەییەکەی، دڵتەنگییو ناڕەحەت بوونەکەی لەلای خۆی پەنهان کرد .

٣ - واتایەکی دیکەی سێیەمی ئەم ڕستەیە: ﴿فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِى نَفْسِهِۦ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْۚ﴾، ئەوەیە کە قسەکەی خۆی: ﴿أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًاۖ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَصِفُونَ ﴿٧٧﴾﴾ ئائەوەی پەنهان کردووە لەبەرخۆیەوە یان لە دڵی خۆیدا گوتوویەتیو ئاشکرای نەکردوە، وەك لە برگەی سێیەم دا دەیخەینە ڕوو :

٣) - ﴿قَالَ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًاۖ﴾، گوتی: حاڵەتی ئێوە خراپترە، پێگەی ئێوە، لە هی ئەو دوو برایەتان، کە ئاوا تۆمەتباریان دەکەن، خراپترە .

پسپۆڕانی زمـان دەڵێن: (أُطلِقَ الـمَكـان عَلى الحَالـة، وَهـيَ السَّرِقـة، وَإطلاقُ المَكـانِ والـمَكانـة علـى الحَالــة، شـائِعٌ)، ﴿ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا ﴾، وشـەی (مَكان)، واتـە: جێگا، بـەكـارهێنـراوە بـۆ حاڵەت كە لێرەدا بریتیـە لـە دزیـیو، بـەكارهێنـانی وشـەی (مَكان)و (مَكانـة)، بـۆ حـاڵەت، شتێكی بـاوە .

كـەواتـە: یوسـوف چی پەنهان كرد؟ ئەوە كە گوتی: ﴿ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا ﴾، ئا ئەوە یوسـوف ئـەو قسەیەی لە دڵی خـۆیـدا كـرد، كـەواتـە: ﴿ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِى نَفْسِهِۦ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ ﴾، واتــە: ئـەو گوتـراو (مَقول)ەی، لـە دوای گـوتـی: (قَالَ)یەوە، دێ، قال: ﴿ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا ﴾، یوسـوف ئائەوەی لە دڵی خـۆیـدا، شـاردەوەو پەنـهان كـردوەو بـۆی دەرنـەخسـتوون .

ئنجـا مـەبـەسـت لـە گوتنـی : ﴿ قَالَ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا ﴾، {گوتـی: ئێـوە حـاڵتـان خراپتـرە} دوو ئەگـەری هـەنو دەشـگونجێ لە یەك كـات دا هـەردووكیـان مەبەست بـن :

<u>یەكـــەم :</u> ئـەو دوو برایـەتـان هـەرچــەندە لـە دایكێكـی دیكـەش بـن، مــادام هـەمـووتان كـوڕی بـابێـكـن، ئنجا ئێوەش لـەوان گـەورەتـرن، ئێـوە دەبـووایـە نـەتانهێـشتبـایە - ئـەگـەر ڕاسـت دەكەن - ئـەوانە عادەتی دزیی بگـرنە بـەر.

<u>دووەم :</u> ئێـوە خراپتـرن كە لێـرە لـەلای بێگـانــە زەمـی بـرای خـۆتـان دەكـەن، چونكـە: بـنیـامین بـەڵـێ پێوانـەكـەی لـە بـارەكـەدا دەركـەوتـوە، بـەڵام خـۆ یوسـوف ئێمـە نـایـنـاسـین، ئێوە لێرە بـاسـی عەیبـی برای خـۆتان بكـەنو زەمو غـەیبـەتی بـرای خـۆتـان بكـەن، كـە دیـاریش نیـەو لـێتــان ونـبـووە ! مـانـای وایـە ئێوە بـەو كـردەوەیـەتان لـەوانیش خراپتـرن، ئـەگـەر ڕاسـت بــێ ئـەوان دزییشیـان كـردبـێ.

٤) - ﴿ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَصِفُونَ ﴾، خــواش زانـاتــرە بـــەوەی ئێـــوە بـاســی دەكـــەن .

واتە: ئەوەی کە دەیڵێن دەربارەی ئەو برایەتان کە ونبووە، گوایە ئەویش دزیی کردوەو، دەربارەی ئەمەشتان کە ئەو شتە لە بارەکەی دا دۆزراوەتەوە، بە دزی دادەنێن‌و دەڵێن دزیی کردوە، خوا زاناترە بەوەی کە دەیڵێن، چونکە :

أ ـ جارێ بە نسبەت یوسوفەوە: دیار نیەو وەك گوتراوە: درۆی پاش مردوویە .

ب ـ بە نسبەت بنیامینیشەوە: ئەو شتە تەنیا لە بارەکەی داو لە نێو جەواڵەکەی دا دۆزراوەتەوە، ئەوەندەش بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی دزیوەتی، بە بەڵگەی ئەوە کە ئەدی ئێوەش دەستمایەکە لە نێو بارەکانی خۆتاندا نەبوو، کاتێك چوونەوە لە ماڵێ جەواڵەکانتان کردەوەو بارەکانتان کردوە، دەستمایەکانتان نەدۆزیەوە ! ئایا ئەوەش بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی ئێوە ئەو پارەیەتان دزیوە؟ نەخێر، ئەدی چۆن ئەوە دەکەنە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە بنیامین ئەو پێوانەیەی دزیوە ؟

ئەوەی باسم کرد هەرچەندە نەمدیوە لە تەفسیرەکاندا باس کرابێ[1]، بەلاّم بە سەرنجدانی سیاقی ئایەتەکان‌و لێ وردبوونەوەی وشەکان، دەفامرێتەوە، چونکە یوسوفعليه السلام کە دەڵێ: ﴿ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا ﴾، ئێوە حاڵتان خراپترە لەو دوو برایەتان، دەبێ مەبەستێکی هەبێ‌و پاساوێکی هەبێ ئەو قسەیەی کردبێ، کە پێم وایە مەبەستەکەی هەر ئەوەیە کە پێیان دەڵێ: ئێوە نەدەبوو زەم‌و سەرزەنشتی دوو برای خۆتان بکەن‌و، نەدەبوو هەروا لەوگۆڕە، بە دز ناوزەدیان بکەن، کە ئەگەری شتی دیکەش هەیە، دیارە وەك واقیعیش هەر وابووەو، بنیامین دز نەبووەو شتەکە خراوەتە نێو بارەکەی، یانی: ئەگەر هەر کەسێك شتێك لە هەگبەکەیدا، شتێك لە جەواڵەکەیدا، شتێك توورەکەکەیدا دۆزرایەوە، بەڵگە بووایە لەسەر دزیی کردنی، ئێوەش هەر دە (١٠)تان ئەو دەست مایەی کە جاری پێشوو ئازووخەکەتان پێ کڕی بوو، خرابووە نێو جەواڵەکانتان، نێو بارەکانتان، کەواتە: دەبوو ئێوەش بە

---

[1]) ڕەنگە هەشبێ‌و من نەمدیبێ و پێم نەزانیبێ، وەك : (بەرچاوورووونییەك)دا باسمان کردوە .

دز لە قەڵەم بدرێن، کە ئەگەر ئەو یەکێکە، ئێوە دە (١٠) کەس بوون! کەواتە: ئەگەر دە (١٠) کەس پێکەوە دزیی بکەن، زۆر خراپترە لەوەی کە یەك نەفەر بە تەنیا دزیی بکات، یاخود بە دز ناوزەند بکرێ .

هەروەها دەشگونجێ بگوترێ: کە ئەوان دەڵێن : ﴿إِن يَسۡرِقۡ فَقَدۡ سَرَقَ أَخٞ لَّهُۥ مِن قَبۡلُۚ ﴾، ئەگەر ئەمە دزیی بکات، برایەکی پێشتریش دزیی کردوە .

دەیانەوێ بڵێن: ئەمە بۆیە دزیی کردوە، چونکە برایەکەشی پێشتر وا بووە، واتە: خەتایەکە دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی دایکیان، ئنجا ئەگەر بەڵگەی خراپیی ئەم (بنیامین)ە، ئەوە بێ کە برایەکەی پێشتر دزیی کردوە، بێگومان ئەو دووانەش هەردووکیان برای ئێوەن، ئنجا ئەگەر برایەك کە پێشتر دزیی کردوە، ببێتە هۆی ئەوەی ئەو برایەش دزیی بکات، ئەدی دە (١٠) برا کە دوو برایان دزیی بکەن، بە تەئکید لە پێشترن کە ئەوانیش بە دز لە قەڵەم بدرێن، چونکە ئەگەر دزیی کردنی برایەك ببێتە هۆی تۆمەتبارکردنو بە دز دانانی برایەکی دیکەی، ئەدی دزیی کردنی دوو برایان، چۆن نابێتە هۆی تۆمەتبارکردنو بە دز دانانی دە (١٠) برایەکانی دی ؟!

__مەسەلەی پێنجەم :__ داواکردنی برایەکانی یوسوف کە لەبەرئەوەی بنیامین بابێکی پیری بە ساڵداچووی هەیە، با یەکێکیان لە جیاتی وی بگرێو گل بداتەوەو، ڕەتکردنەوەی یوسوف بۆ داواکەیان، بە بەڵگەی ئەوە کە ستەمە ئێمە جگە لەو کەسەی پێوانەکە لە بارەکەی دا دۆزراوەتەوە، گل بدەینەوە :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ قَالُواْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡعَزِيزُ إِنَّ لَهُۥٓ أَبٗا شَيۡخٗا كَبِيرٗا فَخُذۡ أَحَدَنَا مَكَانَهُۥٓۖ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٧٨﴾ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِ أَن نَّأۡخُذَ إِلَّا مَن وَجَدۡنَا مَتَٰعَنَا عِندَهُۥٓ إِنَّآ إِذٗا لَّظَٰلِمُونَ ﴿٧٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە موبارەکە لە حەوت بڕگەدا

١) - ﴿ قَالُوا۟ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْعَزِيزُ ﴾، گوتیان: ئەی عەزیز! (عزیز) لە زمانی عەرەبیی دا بە مانای زاڵ، دەستەڵاتدار، دەستڕۆیشتوو، دێ، بەڵام لێرەدا دوو حاڵەت هەن :

١- یان مەبەست هەر بەرپرسێکە، وەك بڵێی: ئەی خاوەن شکۆ، دەستەڵاتدار، بەڕێز، گەورە .

٢- یاخود مەبەست ئەوە بووە کە یوسوف ﷺ وێڕای بەرپرسیاریەتیی سەرپەرشتیی کاروباری ئابووریی‌و ئازووخە لە میسردا، بەرپرسیاریەتیی کاری عەزیزیشی پێ سپێردراوە، کە لە پەیمانی کۆندا هاتوە: سەرۆکی پاسەوانەکانی پادشا بووە .

٢) - ﴿إِنَّ لَهُۥٓ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا ﴾، بێگومان ئەم کوڕە، کە ئەو شتە لە بارەکەی دا دۆزراوەتەوە، باوکێکی بە تەمەنی گەورەی هەیە .

وەك دەبینین، سێ وشەیان بەکارهێناون: (إِنَّ لَهُۥٓ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا)، (أَبًا)، واتە :

أ- باوکێکی هەیە کە ڕەحم‌و عەطفی باوکیش زۆر بەقوەتە .

ب- (شَيْخًا)، باوکەکەی بە تەمەنەو بە ساڵداچوویە .

ج- (كَبِيرًا)، زۆریش کەوتۆتە تەمەنەوە، یاخود (كَبِيرًا)، واتە: سەرۆکی بنەماڵەو خزمەکانی خۆشیەتی، ئەو واتایەشی هەیە، ئنجا کەسێکیش سەرۆك بێ‌و گەورەی قەومێك بێ، دەبێ زیاتر دڵی ڕابگیرێ‌و موڕاعاتی بکرێ‌و ڕێزی بگیرێ .

٣) - ﴿فَخُذْ أَحَدَنَا مَكَانَهُۥٓ ﴾، دەجا یەکێك لە ئێمە لە شوێنی ئەو بگرەو گلی بدەوە، با لێرە بێ، یەکێك لە ئێمە بێ لە شوێنی ئەو برایەمان بێ.

﴿ مَكَانَهُۥٓ ﴾، (المَكانُ: أَصْلُهُ مَحَلُّ الكونِ، أَي: ما يَسْتَقِرُّ فيهِ الجِسْمُ، وَهَوَ هُنا مَجازٌ في العِوَضِ لأَنَّ العِوَضَ يَضَعُهُ آخِذُهُ فِي مَكانِ الشيءِ المُعَوَّضِ عَنْهُ)، وشەی (مَكانَ)، یانی: شوێن، لە بنەڕەتدا بریتییە لە شوێنی تێدا بوون، واتە: ئەو شوێنەی کە جەستەیەك تێیدا سەقامگیر دەبێ، بەڵام لێرەدا بە مەجاز بەکارهێنراوە لە جیاتی قەرەبوو، چونکە قەرەبوو بابای وەرگر لە شوێنی شتە قەرەبووکراوەکە دایدەنێ، واتە: یەکێك لە ئێمە لە شوێنی ئەو بگرەو لە جیاتی وی لەلای خۆت بیهێڵەوە .

٤) - ﴿ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾، بێگومان ئێمە تۆ لە چاکەکاران دەبینین .

ویستوویانە یوسوف هانبدەن بۆ ئەوەی داوایەکەیان وەربگرێ، واتە: تۆ مادام چاکەکاریو ئێمە لە چاکەکارانت دەبینین، بابای چاکەکار کە داوایەکی لێ دەکرێ، ڕەتی ناکاتەوە، واتە: تۆش ئەو داوایەمان ڕەت مەکەوە، یەکێك لە ئێمە لە جیاتی ئەو برایەمان لەلای خۆت بهێڵەوە، بەڵام ئەو مۆڵەت بدە لەبەر بابمان .

٥) - ﴿ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِ ﴾، یوسوف ﷺ گوتی: پەنا بە خوا، یانی: (أَعُوذُ بِاللهِ مَعَاذاً)، پەنا بە خوا دەگرم، بە پەنا گرتن، واتە: پەنا بە خوا دەگرم کە شتێکی وا بکەم .

٦) - ﴿ أَن نَّأْخُذَ إِلَّا مَن وَجَدْنَا مَتَٰعَنَا عِندَهُۥٓ ﴾، (پەنا بە خوا دەگرم) کە ئێمە جگە لەوەی کەلوپەلی خۆمان لە لای دۆزیوەتەوە، بگرینو گل بدەینەوەو بیکەینە کۆیلە، ئێمە پەنا بە خوا دەگرین کە کاری وا بکەین، واتە: بابای بێ خەتا لە شوێنی بابای تاوانبار بگرین .

٧) - ﴿ إِنَّآ إِذًا لَّظَٰلِمُونَ ﴾، ئەگەر وا بکەین، کەواتە: ئێمە لە ستەمکارانین، ئێمەش ستەم ناکەین، بۆیە ئەو داوایەی ئێوە ڕەت دەکەینەوە، نەك لەبەر ئەوەی من چاکەکار نیم، لەبەر ئەوەی کە ستەمکار نیم، ئەوەش کە ئێوە بە چاکەی دەزانن، ئەگەر بیکەم، دەبێتە ستەم لەو کەسەی لەلای خۆمان

گلی دەدەینەوەو، كە هیچیشی نەكردوە بەرییەو بێ تاوانە، ئەوەش كە شتەكەمان لە بارەكەیدا دۆزیوەتەوەو تاوانبارە، ئەویان وەك بەرزەكی بانان بۆی دەردەچێ !

(الظُّلْمُ: وَضْعُ الشيء فِي غَيرِ موضِعِهِ)، (ظُلمُ)، بریتیە لە دانانی شتێك كە لە شوێنی خۆیدا نەبێ، هەروەها (ظُلمُ) بە مانای سنوور شكاندن دێ‌و، (ظُلمُ) بە مانای موتڵەقی گوناحكردن‌و تاوانكردنیش دێ .

كەواتە: داواكەیان ڕەت دەكاتەوەو بەڵگەشیان بۆ دێنێتەوە، كە جێبەجێكردنی ئەو داوایەی ئێوە، دەبێتە ستەم، ئێمەش ستەم لە خۆمان ناوەشێنینەوە، كە ئەوە هۆشداریی پێدان‌و، ئاگادار كردنەوەیەكیشە بۆ ئەوان، كە ئێوەش ئاگاداربن! ئەو ستەمانەی تا ئێستا كردووتانن لە یوسف‌و، لەو برایەتان كە بە ناهەق تۆمەتباری دەكەن‌و، هەروەها لە بابتان‌و لە دایكتان، ئێوەش دەست لەو ستەمانە هەڵبگرن، ئەوەتا ئێمە ستەم لە خۆمان ناوەشێنینەوە، ئێوەش هەوڵبدەن بەو شێوەیە بن .

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی دوازدەیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان هەشت (٨) ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٨٠ تاكو ٨٧)، ئەم دەرسە ئاڵقەی یازدەیەمی زنجیرە بە سەرهاتی یوسوف ﷺ دەگرێتە خۆی.

لەم هەشت ئایەتەدا خوا ﷻ باسی ئەوەی کردوە، کە پاش نائومێدبوونی دە (١٠) کوڕەکانی یەعقووب ﷺ کە بنیامینی برایان ڕزگار بکەن و، یوسوف لەگەڵیان بنێرێتەوەو، یەکێکی دیکەیان لە جیاتی بگرێ و گل بداتەوە، دوای ئەوەی کە لە ئەوە نائومێد دەبن کە برایەکەیان ڕزگار بکەن، خۆیان کەنار دەگرن و کۆدەبنەوە: برا گەورەکەیان کە لە پەیمانی کۆندا دەڵێ: ناوی (ڕەئوبین) بووە، بە سەرزەنشت کردنەوە پێیان دەڵێ: مادام بابتان پەیمانی لێ وەرگرتبوون، پێشتریش لە بارەی یوسوفەوە کەمتەرخەمییتان کرد، (کە خستتانە بیرەوە)، من ئێرە بەجێ ناهێڵم، هەتا بابم مۆڵەتم نەدات، یاخود خوا بڕیارم بۆ نەدا، داخۆ چی بکەم ؟

ئنجا پێیان دەڵێ: ئێوە بگەڕێنەوە لای بابتان و ڕووداوی دزیی کردنی کوڕەکەی، واتە: بنیامینی بۆ بگێڕنەوە، پێشیبڵێن: ئێمە چیمان بینیوە ئەوەمان گوتوە، ئەگەر بڕواش ناکات، با لە خەڵکی ئەو شارەی کە لێی بوون و، لەو کاروانەش کە لەگەڵی بوون، پرسیار بکات، دڵنیاش بێ کە ئێمە ڕاستگۆین .

دیارە بابیشیان تۆمەتباریان دەکات بەوەی : خۆیان شتێکیان پێ چاك بووەو کردوویانە، دوایی ڕوویان لێ وەردەگێڕێ و پشتیان تێدەکات و، یادی یوسوف دەکات ﷺ و خەفەتی ئەویشی بۆ تازە دەبێتەوەو، کۆنە برینی دەکولێتەوەو، لە داخان

چاوەکانیشی سپی هەڵدەگەڕێن، یانی: پەردەی سپیان دەچێتە سەر، کوڕەکانیشی لەسەر ئەو باسکردنەی یوسوفو زۆر خەفەت خواردنەی، سەرزەنشتی دەکەنو، پێی دەڵێن: تۆ بەهۆی یادکردنی یوسوفەوە، بە بەردەوامی کەنەفت دەبی، یاخود دەمری.

ئەویش پێیان دەڵێ: من سکاڵای خەفەتو پەژارەی زۆری خۆم تەنیا بۆ لای خوا دەکەم، ئەوەی منیش دەیزانم، ئێوە نایزانن .

دیارە یەعقووب ﷺ هەمیشە گەشبین بووە وەك پێغەمبەرێکی پایە بەرزی خوا، خوای پەروەردگاریش بە گشتی شتێکی لێ حاڵی کردوە، کە یوسوف نەفەوتاوەو، کاتێك دێ پێك شادببنەوە، بۆیە گوتوویەتی: ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن .

لە کۆتایی دا پێیان دەڵێ: بچن لە یوسوفو برایەکەی بخەفتێنو بە دوایاندا بگەڕێنو، لە دەرووی خوا، لە دەرووکردنەوەی خواو لە بەزەیی و سۆزی خوا، نائومێد مەبن، چونکە جگە لە کافران، هیچ کەس لە بەزەیی بێسنوورو ڕەهای خوای بەرز، نائومێد نابێ .

﴿ فَلَمَّا ٱسْتَيْـَٔسُوا۟ مِنْهُ خَلَصُوا۟ نَجِيًّا ۖ قَالَ كَبِيرُهُمْ أَلَمْ تَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ أَبَاكُمْ قَدْ
أَخَذَ عَلَيْكُم مَّوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ وَمِن قَبْلُ مَا فَرَّطتُمْ فِى يُوسُفَ ۖ فَلَنْ أَبْرَحَ ٱلْأَرْضَ حَتَّىٰ
يَأْذَنَ لِىٓ أَبِىٓ أَوْ يَحْكُمَ ٱللَّهُ لِى ۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٨٠﴾ ٱرْجِعُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَبِيكُمْ فَقُولُوا۟ يَٰٓأَبَانَآ
إِنَّ ٱبْنَكَ سَرَقَ وَمَا شَهِدْنَآ إِلَّا بِمَا عَلِمْنَا وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَٰفِظِينَ ﴿٨١﴾ وَسْـَٔلِ
ٱلْقَرْيَةَ ٱلَّتِى كُنَّا فِيهَا وَٱلْعِيرَ ٱلَّتِىٓ أَقْبَلْنَا فِيهَا ۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿٨٢﴾ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ
لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا ۖ فَصَبْرٌ جَمِيلٌ ۖ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِيَنِى بِهِمْ جَمِيعًا ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَلِيمُ
ٱلْحَكِيمُ ﴿٨٣﴾ وَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَٰٓأَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ وَٱبْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ ٱلْحُزْنِ
فَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٨٤﴾ قَالُوا۟ تَٱللَّهِ تَفْتَؤُا۟ تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا أَوْ تَكُونَ
مِنَ ٱلْهَٰلِكِينَ ﴿٨٥﴾ قَالَ إِنَّمَآ أَشْكُوا۟ بَثِّى وَحُزْنِىٓ إِلَى ٱللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا
لَا تَعْلَمُونَ ﴿٨٦﴾ يَٰبَنِىَّ ٱذْهَبُوا۟ فَتَحَسَّسُوا۟ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَا۟يْـَٔسُوا۟ مِن رَّوْحِ
ٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ لَا يَا۟يْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾.

مانای وشـە بە وشـەی ئایـەتـەکـان

{ئنجا دوای ئەوەی لێی نائومێد بوون، (کە برایەکەیان لێ گل نەداتەوە)، بۆ ڕاوێژکردن بە چپە، کەناریان گرت، گەورەکەیان گوتی: ئایا نازانن کە بابتان پەیمانی لە خواوە لێ وەرگرتن (کە کوڕەکەی بۆ ببەنەوە)، پێشتریش کە لە بەرانبەر یوسوفدا کەمتەرخەمییتان کرد، (ئێستا بە چ ڕووێک بچمەوە لای بابم!) هەتا بابم مۆڵەتم نەدات، یان خوا بڕیارم بۆ نەدات، کە ئەو چاکترینی بڕیاردەرانە ﴿٨٠﴾ ئەم زەمینەی میسرِ بە جێ ناهێڵم، ئێوەش بگەڕێنەوە لای بابتان بڵێن: ئەی بابی خۆمان! بێگومان کوڕەکەت دزیی کرد، ئێمەش هەر بەوە شایەدیی دەدەین کە زانیومانەو، پارێزەری نادیار نەبووین (تاکو سوور نەبین لەسەر بردنی برایەکەمانو، تووشی ئەو بەڵایە ببێ) ﴿٨١﴾ ئەگەر بڕواشمان پێ ناکەی، لە خەڵکی ئەو شارەی کە لێی بووینو، ئەو کاروانەی لەگەڵی هاتین، لەوبارەوە پرسیار بکەو، بە دڵنیایی ئێمە لە ڕاستگۆیانین ﴿٨٢﴾ بابیان گوتی: بەڵکو نەفسەکانتان کارێکیان بۆ جوانو ئاسان کردنو کردتان، خۆڕاگرییەکی جوان (شایستەی منە)، بەڵکو خوا هەموویانم بۆ بێنێتەوە، بێگومان هەر ئەو زانای کارزانە ﴿٨٣﴾ ئیدی ڕووی لێوەرگێڕانو گوتی: هەی داخو خەفەت بۆ یوسوفو، بەهۆی خەمبارییەوە هەردوو چاوی سپی هەڵگەڕان (پەردەیەکی سپییان پەڕییە سەرو) خەمو تووڕەیی خۆی کپ کردەوە (پیشی خواردەوە) ﴿٨٤﴾ کوڕەکانی گوتیان: بە خوا بەردەوام یادو باسی یوسوف دەکەی (هەتا لە زۆر نەخۆشییان) کەنەفت دەبی، یان لە فەوتاوان دەبی ﴿٨٥﴾ یەعقووب گوتی: سکاڵای پەرێشانییو مەراقی خۆم، تەنیا بۆ لای خوا دەبەمو، لە خواوە شتێك دەزانم، ئێوە نایزانن (لەبارەی پێك شادبوونەوەی هەموو لایەك) ﴿٨٦﴾ گوتی: ئەی کوڕەکانم! بڕۆن بە دوای یوسوفو برایەکەیدا بگەڕێن (لێیان بخەفتێنو) لە بەزەییو دەروو کردنەوەی خوا، نائومێد مەبن، بە دڵنیایی جگە لە کۆمەڵی بێبڕوایان، کەس لە بەزەییو دەرووکردنەوەی خوا، بێ هیوا نابێ ﴿٨٧﴾}.

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(ٱسْتَيْـَٔسُوا۟) : واتە: زۆر نائومێد بوون، (اليَأسُ: إنقطاعُ الطمَعِ، يَئِسَ وَاستَيأسَ، مِثْلُ سَخِرَ وَاستَسْخَرَ)، (يَأسْ)، بریتیە لەوە كە ئینسان تەمای نەمێنێ، ئومێدی نەمێنێ، دەگوترێ: (يَئِسَ وَاستَيأسَ)، وەك (سَخِرَ وَاسْتَسْخَرَ)، (سَخِرَ)، گاڵتەی پێكرد، (اسْتَسخَرَ)، واتە: زۆری گاڵتە پێكرد، (يَئِسَ)، نائومێد بوو، (وَاستَيأسَ)، واتە: زۆر نائومێد بوو .

(خَلَصُوا۟) : (إنفَرَدُوا خالِصينَ عَن غَيْرِهِم)، واتە: تاك كەوتنەوە، كەناریان گرت، خۆیان لە خەڵكی دیكە جیاكردەوە لە پەنایەكدا .

(نَجِيًّا) : (أَصْلُ النَجاءِ: الإِنْفِصَالُ مِنَ الشيءِ وَمِنْهُ: نَجا فُلانٌ مِنْ فُلانٍ، وَأَنْجَيْتُهُ وَنَجَيّتُهُ، وَالتَّناجِي: المُحادَثَةُ سِرًّا، وَالنَّجِيُّ: المُناجِي، وَيُقالُ: للوَاحِدِ، وَالجَمْعِ، قَرَّبناهُ نَجِيًّا)، لە ڕیشەدا (نَجاءَ)، بەمانای جیاكردنەوەی شتێك لە شتێك دێ، دەگوترێ: (نَجا فُلانٌ مِنْ فُلانٍ)، واتە: فلانكەس لە فلانكەسی دەربازی بوو، (وَأَنْجَيْتُهُ وَنَجَيّتُهُ)، هەردووكیان بە مانای دەربازم كرد، ڕزگارم كرد، دێن، (وَالتَّناجِي: المُحادَثَةُ سِرًّا)، (تَناجِي)، ئەوەیە كە بە پەنهانییو بە چپە قسە بكرێ، سركە سرك بكرێ، (وَنَجِيُّ)، یانی: (المُناجِي)، كەسێك كە بە سركە قسەی لەگەڵدا دەكرێ، كە بۆ تاكو بۆ كۆ بەكاردێ، (قَرَّبناهُ نَجِيًّا)، واتە: لە خۆمانمان نیزیك خستەوەو بە چپەو بە پەنهانیی قسەمان لەگەڵدا كرد .

(فَرَّطتُمْ فِى يُوسُفَ) : واتە: كەمتەرخەمییتان كرد دەربارەی یوسوف، (التَّفْرِيطُ: أَن يُقَصِّرَ فِي الفَرْطِ)، (فَرْط)، واتە: پێشكەوتن، (تَفْرِيط) ئەوەیە كە ئینسان كەمتەرخەمیی بكات لە پێشكەوتندا، دەڵێ: (ما فَرَّطتُ فِي كَذا، أي: ما قَصَّرتُ)، لەو شتەدا كەمتەرخەمییم نەكرد، كورتم نەهێنا.

(فَلَنْ أَبْرَحَ ٱلْأَرْضَ) : واتە: ئەم زەمینە بەجێ ناهێڵم، کە مەبەست پێی وڵاتی میسرە، (لا أزَالُ: أَثْبُتُ)، واتە: بەردەوام دەبم، لێرە دەچەسپێم، یانی (لَنْ أُفَارِقَ أَرْضَ مِصْر)، سەر زەمینی میسر بەجێ ناهێڵم .

(يَٰأَسَفَىٰ) : واتە: هەی داخو خەفەت وەرە، ئێستا کاتیەتی من خەفەتان زۆر بخۆم، (الأَسَفُ: الحُزنُ وَالغَضَبُ مَعَاً)، (أَسَف)، بریتیە لە خەمباریی‌و توورەیی پێکەوە .

(كَظِيمٌ) : (الكَظَمُ: مَخْرَجُ النَّفَسِ)، (كَظَم)، بریتیە لەو شوێنەی کە ئینسان هەناسەی لێوە دەدات، ئنجا (كَظْمُ الغَيْظ)، ئەوەیە کە ئینسان توورەیی خۆی، پەستی خۆی قوتبداتەوەو ڕایبگرێ، (وَيُعَبَّرُ بِهِ عَنِ السُّكوتِ)، مەبەست پێی بێ دەنگییە، (كَظْم)، ئەوەیە ئینسان پەستو توورە بێ، بەڵام دەری نەبڕێ.

(تَفْتَؤُا) : واتە: تۆ بەردەوام دەبی، دەڵێ: (ما فَتِئتُ أفعَلُ كَذا، أي: ما زِلْتُ) واتە: بەردەوام دەبم لەسەر ئەوە، (وَما فَتَئتُ، وفَتِئْتُ)، هەردووکیان هاتوون، (تَفْتَؤُا : تَذكر يوسف، والمَعنى: لا تَفتر عَنْ كونِكَ تَذْكر يُوسُف)، واتە: تۆ دانابڕێی لەوەی کە باسی یوسوف بکەی، یانی: هەمیشە باسی دەکەی .

(حَرَضًا) : واتە: زۆر نەخۆش‌و کەنەفت، (الحَرَضُ: مَصْدَرٌ: وَهُوَ شِدَّةُ المَرَضِ، المُشْفِي عَلَى الهلاكِ)، نەخۆشییەك کە ئینسان بەرێتە کەناری مردن .

(أَشْكُوا) : (الشَّكوى وَالشكو وَالشِكاية وَالشَّكاةُ: إظْهارُ البَثِّ)، ئەو چوار وشەیە: (شَكوى، شَكو، شكاية، شَكاة)، هەمووی دەرخستنی خەفەت‌و ناڕەحەتییە، کە مرۆڤ نەتوانێ لە دڵی خۆیدا ڕایبگرێ‌و، بڵاوی بکاتەوە .

(بَثِّي) : (البَثُّ: أَصْلُ البَثّ : التَّفْرِيقُ وإثَارَةُ الشيءِ، وَبَثُّ النَّفْسِ: ما انطوت عَلَيهِ مِنَ الغَمّ)، وشەی (بَثّ)، یانی: بڵاوکردنەوە، پرش‌و بڵاوکردنی شتێك، (بَثُّ النَّفْسِ) ئەوەیە ئەو خەفەتەی دەروون دەیگرێتە خۆی، ئینسان تاقەتی پێ ناشکێ‌و دەبێ بڵاوی بکاتەوە، ئنجا عادەت وایە کەسێك خەم‌و ناڕەحەتیی زۆرو پەژارەی زۆری هەبێ، وەختێ بۆ کەسێکی باسکرد، یان لەبەر خۆیەوە باسی کرد، یان لە

موناجاتو ڕازو نیاز لەگەڵ خوادا، باسی کرد، باری شانو دڵو دەروونی سووك دەبێ .

(وَحُزْنِيٓ) : (الحُزْنُ: الغَمُّ عَلَى الشيءِ الفَائت، وَيُضَادُّهُ الفَرَحُ)، (حُزْن)، بریتیە لە خەمو پەژارە بۆ شتێك كە ڕابردوە، پێچەوانەی شادمانییە، (وَالحُزْنُ: الأَسَفُ عَلَى الفَائِتِ)، هەروەها (حُزْن) بە (أَسَف)یش دەگوترێ، واتە: زۆر خەفەت خواردن لەسەر شتێك كە ڕابردوە .

(فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ) : واتە: لە یوسوف بخەفتێن، لێی بگەڕێن، لە خۆیو لە برایەكەی بگەڕێن، واتە: بە دوایاندا بچن، (التحَسُّسُ: شِدَّةُ الطَلَبِ وَالتعَرُّفِ وَهُوَ أَعَمُّ مِنَ التَجَسُّسِ: فَهُوَ تَطَلُّبُ مَعَ اخْتِفَاءٍ وَتَسَتر)، (تَحَسُّسُ)، بریتیە لەوەی ئینسان زۆر بەدوای شتێكدا بگەڕێو بیەوێ بیبینێتەوەو (تَحَسُّسُ)، گشتیترە لە (تَجَسُّسِ)، چونكە (تَجَسُّسِ) بریتیە لەوەی كە ئینسان بە شێوەیەكی پەنهانو پەنامەكیی لە شتێك بگەڕێ، بەلام (تَحَسُّسُ)، گشتییە، چ بە پەنامەكیی، چ بە ئاشكرا .

(رَّوْحِ ٱللَّهِ) : دەڵێ: (الرَّوْحُ: النَّفَسُ)، (رَوْح)، بە مانای هەناسەدان دێ، (واسْتُعِيرَ لِكَشْفِ الكربِ، لأَنَّ الكربَ وَالهَمَّ يُطْلَقُ عَلَيْهِما: الغَمُّ وَضِيقُ النَّفسِ وَضِيقُ الصَّدْرِ، وَمِنْهُ قَوْلُهم: تَنَفَّسَ الصبْحُ، إذا زَالَت ظُلْمَةُ اللَيْلِ)، (رَوْح) بە مانای هەناسەیە، بەلام لێرەدا بە مانای لاچوونی خەمو خەفەتو دەروو لێكرانەوەیە، چونكە خەفەتو دڵ ناڕەحەتیی، وشەی: تەنگەنەفەسییو، وشەی سینە تەنگیی، بۆ بەكاردێن، لەوەشەوە گوتراوە: (تَنَفَّسَ الصُّبْح)، بەرە بەیان هەناسەیدا، واتە: تاریكیی شەو لاچووو بەرەبەیان دەركەوت .

(راغب الأصفهاني)یش گوتوویەتی: (الرَّوحُ وَالرُّوحُ فِي الأَصْلِ وَاحِدٌ)، وشەی (رَوحُ) و (رُوح) لە ڕیشەدا هەر یەكن، گوتوویەتی: (الرَّوحُ: التَّنَفُّسُ، وَقَدْ أَرَاحَ الإِنْسَانُ إِذَا تَنَفَّسَ)، (رَوح)، بە مانای هەناسەدان دێ، دەگوترێ: (أَرَاحَ الإِنْسانُ)، ئەگەر هەناسەیدا (وَمِنَ رَوْحِ اللهِ أي: مِنْ فَرَجِهِ وَرَحْمَتِهِ، وَذلِكَ بَعْضُ الرَّوْحِ) كە دەڵێ: ﴿مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ﴾، واتە: لە دەروو لێكرانەوەی خواو بەزەیی خوا، كە بەشێكە لە هەناسەدانو بەشێكە لە دڵخۆشییو دەروو لێكرانەوە .

مانای گشتی ئایەتەکان

لە دەرسی پێشوودا باسی ئەوە کرا: دوای ئەوەی ئەو دەفرەی پادشا ئاوی پێخواردۆتەوەو دواتر کراوە بە پێوانە (مکیال) بۆ ئازووخەو دەغڵو دان، لە باری بنیامیندا دەدۆزرێتەوەو، یوسوف ﷺ وەك سەرپەرشتیاری ئازووخە لە میسر، برایەکانی بنیامین سەرپشك دەکات، کە ئایا سزای چی بێ ؟ ئەوانیش دەڵێن: سزای ئەوەیە کە هەر کەسێك ئەو دەفرە لە بارەکەی دا دۆزرایەوە، خۆی دەبێتە سزاو تۆڵەی، واتە: دەبێتە کۆیلە، یان دەگیرێ لە بەرانبەر ئەو دزییەدا کە کردوویەتی .

دوایی هەرچەندە برایەکانی زۆر داوای لێدەکەنو، دەڵێن: لەبەر ئەوەی بابێکی پیرو بە ساڵداچووی هەیە، یەکێك لە ئێمە لە جیاتی وی بگرە، بەڵام ئەو دەڵێ: پەنا بە خوا کە ئێمە جگە لەو کەسەی کە کەلوپەلەکەی خۆمان لە لای دۆزیوەتەوە، یەکێکی دیکە بگرینو گل بدەینەوە، ئەگەر وا بکەین ئێمە لە ستەمکاران دەبین .

ئنجا لێرەدا دەفەرموێ : ﴿ فَلَمَّا ٱسْتَيْـَٔسُوا۟ مِنْهُ خَلَصُوا۟ نَجِيًّا ﴾، ئنجا کاتێك بە تەواویی لێی نائومێد بوون، ڕۆیشتنو، چوونە کەنارێکەوە، چوونە پەنایەکەوەو، پێکەوە دەستیان کرد بە چپە چپ، واتە: ڕاوێژێك کە تەنیا خۆیان لە بەینی خۆیاندا بزانن چی دەڵێن! بۆیە چوونە کەنارێکەوەو دەستیان بە ڕاوێژ کرد، بەڵام بە چپە، ﴿ قَالَ كَبِيرُهُمْ أَلَمْ تَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ أَبَاكُمْ قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُم مَّوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ ﴾، گەورەکەیان، واتە: ئەوەی کە لە هەموویان بە تەمەنتر بوو، کە لە پەیمانی کۆندا دەڵێ: ناوی (ڕەئوبین)یان (روبین) بووە، بەڵام لە تەفسیرەکاندا دەڵێ: ناوی (شەمعوون) بووە، بە هەر حاڵ ئەوەیان کە لە هەموویان بە تەمەنتر بوو، کە لە قورئاندا ناوی نەهاتووە، پێی گوتن: ﴿ أَلَمْ تَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ أَبَاكُمْ قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُم مَّوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ ﴾، ئایا نازانن کە بابتان پەیمانێکی پتەوی بە

ناوی خواوە لە ئێوە وەرگرتبوو، واتە: پەیمانی لێ وەرگرتبوون کە کوڕەکەی بە سەلامەتیی بۆ ببەنەوە، ﴿ وَمِن قَبْلُ مَا فَرَّطتُمْ فِي يُوسُفَ ﴾، دەشزانن پێشتر کەمتەرخەمییتان کرد لە بارەی یوسوفەوە، {کە بردتانە دەشتو، بە بیانووی پیاسەو گەشتو گەڕانەوە، خستتانە چاڵو بیرەوەو دواییش ئەو سیناریۆیە درۆیەتان ڕێکخست لە لای بابتان: کە گورگ خواردوویەتیو کەمتەرخەمییەکی گەورەتان کرد} .

﴿ فَلَنْ أَبْرَحَ الْأَرْضَ حَتَّىٰ يَأْذَنَ لِي أَبِي ﴾، بۆیە من ئەم سەر زەمینە، (سەر زەمینی میسر)، بەجێ ناهێڵم هەتا بابم مۆڵەتم نەدا، وەك لە کوردەوارییدا دەڵێ: (ڕووم نیە بچمەوە لای بابم)، (بە چ چاوو ڕوویێك بابم ببینمەوە)، هەتا بابم مۆڵەتم نەدا، نایەمەوەو لێرە دەبم، ﴿ أَوْ يَحْكُمَ اللَّهُ لِي ﴾، یان ئەوەتا خوا بڕیارم بۆ بدات، واتە: خوا ﷻ دەرووێکم لێ بکاتەوەو بە بارێکی دیکەدا هەلومەرجەکە بسووڕێنێ، کە ئێمە نازانین چۆنە؟ ﴿ وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ ﴾، خواش باشترینی بڕیاردەرانە، باشترینی کەسانێکە کە تەصەڕڕوف دەکەنو بڕیار دەدەن، بەڵام لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە غەیری خوا (حاکم) هەبێ، بە واتای دەستوەردانە کاروباری بوونو بڕیاری ڕەها بە دەست بوون، بەڵام لە زمانی عەرەبییدا تەعبیرەکە بەو شێوەیە هاتوە، وەك: ﴿ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ ﴿١٤﴾ ﴾المؤمنون، هەمووشمان دەزانین جگە لە خوا بەدیهێنەرێکی دیکە نیە: ﴿ اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ ﴿١٦﴾ ﴾الرعد.

یان هەر لەو سووڕەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ ﴿٩٢﴾ ﴾، خوا بە بەزەیترینی بە بەزەییانە، لە حاڵێکدا بەزەیی ڕەهاو بێسنوور، تەنیا هی خوایە ﷻ، و بەزەیی دروستکراوەکان لەگەڵ هی خوای پەروەردگاردا ناچێتە تەرازووەوە، تاکو پێکەوە هەڵبسەنگێنرێنو بگوترێ: بەزەیی خوا لە هی ئەوان زیاترە، بەڵام تەعبیرەکە وا هاتوە .

کەواتە: کوڕە گەورەی یەعقووب دوو مەرجان دادەنێ بۆ گەڕانەوە :

یەکەم: دەبێ بابم مۆڵەتم بدات کە بگەڕێمەوە .

دووەم: یاخود خوا بڕیارم بۆ بدات، کە خواش باشترین بڕیاردەری بڕیاردەرانە.

ئنجا برا گەورەکەیان ئامۆژگارییو، ڕێنماییان دەکات دەڵێ: ﴿ ٱرْجِعُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَبِيكُمْ ﴾، بگەڕێنەوە بۆ لای بابتان، بگەڕێنەوەو دەنگو باسی بۆ بگێڕنەوە، ﴿فَقُولُوا۟ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّ ٱبْنَكَ سَرَقَ ﴾، بڵێن: ئەی بابی خۆمان! بێگومان کوڕەکەی تۆ دزیی کردوە، واتە: بنیامین، بۆیە نەهاتۆتەوەو گل دراوەتەوە لە میسر، چونکە دزیی لێ ئاشکرا بووە، هەڵبەتە لێرەدا ئەو تەعبیرەیان زۆر زەقو ڕەقە، چونکە یەکسەر برای خۆیان تۆمەتبار کردوە کە دزیی کردوە، هەر لەبەر ئەوەی ئەو دەفرە لە بارەکەی دا دۆزراوەتەوە، کە ئەوە لە ڕاستییدا تفەنگ بە تاریکییەوە نانە، چونکە ئەگەر وا بێ، ئەوانیش هەر دە برایەکە، دەبێ بە دز لە قەڵەم درابن، لەبەر ئەوەی ئەو دەست مایەی کە جاری یەکەم دەغڵو ئازووخەکەیان پێ کڕی، خرابۆوە نێو بارەکانیان، ئنجا ئەگەر ئەو بەوە ببێتە دز، ئەوانیش هەر بوونە دز !
﴿وَمَا شَهِدْنَآ إِلَّا بِمَا عَلِمْنَا ﴾، ئنجا ئێمە شایەدییمان تەنیا بەوە داوە، کە زانیومانە، واتە: ئەوەی کە بە ڕواڵەت بۆ ئێمە دەرکەوتوە: ئەو دەفرە، ئەو پێوانەیە لە باری بنیامیندا دۆزرایەوە، ﴿وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَٰفِظِينَ ﴾، ئێمەش پارێزەری نادیارو پەنهان نەبووین، تاکو بزانین حەقیقەت چۆنە؟ ئەوە واتایەکی .

یاخود ئێمە غەیبزانو پەنهانزان نەبووین، ئەگەر پەنهانمان زانیبایە، هێندە سوور نەدەبووین لەسەر تۆ، کە بنیامینمان لەگەڵ بنێریو، لەوێ بە داوی کۆیلایەتییەوە ببێ !

ئنجا برا گەورەکەیان پێیان دەڵێ: بە بابتان بڵێن: ﴿ وَسْـَٔلِ ٱلْقَرْيَةَ ٱلَّتِى كُنَّا فِيهَا وَٱلْعِيرَ ٱلَّتِىٓ أَقْبَلْنَا فِيهَا ﴾، وە لەو شارە بپرسە، واتە: لە خەڵکی ئەو شارە بپرسە، کە ئێمە تێیدا بووین، نەفەر بنێرە : ئەرێ ڕووداوێکی ئاوا بووە، ئەوە چۆن بووە؟ ﴿وَٱلْعِيرَ ٱلَّتِىٓ أَقْبَلْنَا فِيهَا ﴾، هەروەها لەو کاروانەش کە ئێمە لەگەڵیان هاتینەوە

بۆ ئێرە، بپرسە، ئەو کاروانەش کە لە میسرەوە هاتۆتەوە بۆ سەر زەمینی کەنعان، کە یەعقووبو کوڕەکانی لێی نیشتەجێ بوون، کاروانێکی گەورە بووە، ﴿ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾، وە دڵنیاش بە ئێمە لە ڕاستگۆیانینو، هیچ درۆو خیلاف لە قسەکەماندا نیە .

بۆیەش هێندە داکۆکیی دەکەن، چونکە پێشتر درۆیان لەگەڵ بابیان کردووەو، لە خۆیان بە گومانن، چونکە لە قەفەسی تۆمەتباریی دان .

ئنجا ئەوە هەمووی قرتێندراوە کە برایەکان مانەوە نۆ (٩)، چونکە یوسوف خۆیو بنیامینی برای، ئەوە دووانو، ئنجا برا گەورەکەشیان (رەئوبین) ئەوە سێ، مانای وایە: لە دوازدان (١٢) نۆ (٩) ماونەوە، دوایی چوونەوەو بۆ بابیان گێڕایەوەو، هەموو ئەوەی کە برا گەورەکەیان پێی گوتبوونو ئامۆژگارییانی پێ کرد بوون، هەموویان عەرزی بابیان کرد، ئەویش ئاوا وەڵامی دانەوە: ﴿ قَالَ بَلۡ سَوَّلَتۡ لَكُمۡ أَنفُسُكُمۡ أَمۡرًا ﴾، (بابیان) گوتی: بەڵکو نەفسەکانتان شتێکی بۆ ئاسانو جوان کردن، ئێوەش ئەنجامتاندا .

لێرەدا یەعقووب بە نەزانراویی دەیڵێ، چونکە نازانێ چییان بەسەر بنیامین هێناوەو، بنیامین بۆچی لەوێ گل دراوەتەوەو، ئەو مەسەلەی شت دۆزرانەوە لە بارەکەی ئەودا، چۆن بووە؟ کوڕەکەی خۆی ناسیوە، کە کوڕی دزیی نیە، بۆیە قسەیەکی گشتی دەڵێ: ﴿بَلۡ سَوَّلَتۡ لَكُمۡ أَنفُسُكُمۡ أَمۡرًا ﴾، بەڵکو نەفسەکانتان شتێکی بۆ جوانو ئاسان کردن (ئێوەش ئەنجامتانداوە)، ﴿ فَصَبۡرٌ جَمِيلٌ ﴾، کاری منیش بریتیە لە خۆڕاگرییەکی جوان، یاخود هەڵوێستی منیش بریتیە لەوە کە بە جوانیی خۆڕاگربم، خۆڕاگریی جوانیش ئەوەیە کە سکاڵاو ئاخو ئۆفو، دەربڕینی نارەحەتی تێدا نەبێ، ﴿عَسَى ٱللَّهُ أَن يَأۡتِيَنِي بِهِمۡ جَمِيعًا ﴾، نیزیکە خوا هەموویانم بۆ بێنێتەوە، وێکڕا بە هەموویان شاد ببمەوە، ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾، بێگومان هەر ئەو زانای کارزانە .

وەك دەبینین یەعقووب ﷺ لە ناڕەحەتترین کاتدا، ئومێدی خێرو چاوەڕوانیی خێر، لە دەست نادات، دڵی بە خوای پەروەردگارو بەزەیی خوا هەر خۆشە .

بەڵێ چەندان بەڵای بەسەر هاتوون: ئەوە یوسوفی ونبووە، ئنجا ئەوە بنیامینیش بەو دەردە چووە، ئەویش دزیی لێ ئاشکرا بووو بە کۆیلە کراوە، ئنجا ئەوە کوڕە گەورەکەشی لەوێ ماوەتەوە، لەلایەکی دیکەوەش: قاتو قڕیو گرانییو وەزعێکی قورس بەسەر دەڤەرەکەدا هاتووە، بەڵام ئومێد بەرنادا، هەمیشە بە بەزەیی خوا دڵخۆشو شادمانو گەشبینە .

﴿ وَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ ﴾، ئیدی ڕووی لێوەرگێڕانو ڕووی لێ وەچەرخاندن، ﴿ وَقَالَ يَٰٓأَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ ﴾، گوتی: ئەی داخو خەفەت بۆ من، لەسەر یوسوف .

(الأَسَفُ: الحُزنُ الشديد) (أسف) بریتیە لە دڵ تەنگییەکی سەخت، هەندێك لە شارەزایانی زمانی عەرەبی دەڵێن: (أسَفِي) بووە، ئەی خەفەتو داخی من! وەرن، هەندێکیش دەڵێن: ئەوە هەر وەك (نُدْبة)، وایە: (وا محمداه)، بەڵام بزوێنەکەی قرتێنراوە: ﴿ يَٰٓأَسَفَىٰ ﴾، ئەی هاوار! ئەسەفو خەفەتو ناڕەحەتیی، ﴿ عَلَىٰ يُوسُفَ ﴾، لەسەر یوسوف .

لێرەدا بۆیە باسی یوسوف دەکات بە تایبەت، هەرچەندە بنیامینیشو کوڕە گەورەکەشی لەوێ ماونەوە، چونکە هەرچی بنیامینە، ئەوە چارەنووسی دیارە، کە لەلای عەزیزی میسر گل دراوەو کراوە بە کۆیلە، کوڕە گەورەکەشی دیارە بۆ خۆی نەهاتۆتەوە، بەڵام ئەوەی کە زۆر جێی داخو خەفەتە، یوسوفە، کە هیچ سەرەنجامی دیار نیە، سۆراخی نیە، لەلایەك، ئنجا بە هۆی یوسوف ﷺیشەوە ئەو خەمو شتانەی دیکەش بوونە سەر بارو، ئەگەر ئەو ون نەبووانە، بنیامینش نەدەچوو بۆ وێو، ئەویش گل نەدەدرایەوەو، کوڕە گەورەکەشی بەو شێوەیە سوێندی نەدەخوارد، کە نەگەڕێتەوە تاکو بابی مۆڵەتی نەدات، یان خوا بڕیارێکی بۆ نەدا، ﴿ وَٱبْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ ٱلْحُزْنِ ﴾، ئنجا هەردوو چاوی

سپی هەڵگەڕان، لـە خەفەتـان ﴿ فَهُوَ كَظِيمٌ ﴾، واتـە: زۆر تـووڕەو پەست بـوو، یـاخـود زۆر خەفەتبـار بـوو، خەفەتـخان بـوو .

وشـەی ﴿كَظِيمٌ ﴾، یـان (فَعِيل)ی بـە مانـای (فَاعِل)ە، واتـە: زۆر خەفەتی خـوارد، زۆر خەفەتخـانو دڵتـەنگ بـوو، یاخـود (فَعِيل)ی بـە مانـای (مَفعُول)ە، واتـە: پـڕ بـوو بـوو لـە تـووڕەییو پەستییو دڵتـەنگیی، (فَهُوَ مَملوءٌ غَضَباً وَغَيظاً)، بـەڵام تـووڕەییو پەسـتییو خەفەتـەکەی خۆی کـپ دەکـردەوە .

کە دەفەرمـوێ: دوو چـاوی سپی هەڵگەڕان، پەردەی سپی پەڕییـە سـەر چاوان، واتـە: کوێـر بـوو، هەمـوو زانـایـان وایـان لێکداوەتـەوە، دوایی بـاسـی دەکـەین لـە مـەسـەلە گـرنگەکانـدا، لە ڕووی پزیشکییـەوە چۆنـە ؟

﴿قَالُواْ تَاللَّهِ تَفْتَؤُاْ تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا أَوْ تَكُونَ مِنَ ٱلْهَٰلِكِينَ ﴾، کوڕەکـانی پێیـان گـوت: سوێنـد بـە خـوا، تـۆ بـەردەوام بـاسـی یوسـوف دەکـەیو یـادی دەکەیـەوە، تاکـو زۆر نـەخـۆش دەبـی، ﴿حَرَضًا ﴾، یـانی: نـەخۆشـیی کەلەلا، کەنـەفـت، یـانی: زۆر نـاڕەحەت دەبی لـە ئەنجامی زۆر خەفەت خواردندا، نـەخۆش دەبی، نـەخـۆشێکی کەنـەفـتی کـە لـەلای کەوتـوو لـە جێگـادا، ﴿أَوْ تَكُونَ مِنَ ٱلْهَٰلِكِينَ ﴾، یـاخـود: هـەر لە بـەیـن دەچی .

﴿ٱلْهَٰلِكِينَ ﴾ (جمـع هـالـك، هَلَكَ أي: مـاتَ)، لێـرەدا مـەبـەستیـان پـێ ئـەوەیـە: گیـان دەسـپێری، نـەك هـەر نـەخۆشو کەنـەفـت دەبی، بـەڵکو یـەکجارییش مـاڵئـاوایی لـە دنیـا دەکـەی، گلـەیی لێدەکـەن کـە بـۆچـی هێنـدە بـاسی یوسـوف دەکەیو، هێنـدە خەفـەتی لـێ دەخۆی ؟

﴿ قَالَ إِنَّمَآ أَشْكُواْ بَثِّي وَحُزْنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ ﴾، یـەعقـووب ﷺ گوتـی: بێگومـان خـەفـەتی زۆری خـۆمو دڵتـەنگییو پەژارەی خـۆم، تـەنیـا بـۆ لای خـوا سکـاڵا دەکـەم، ﴿ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾، لـەلایـەن خـواوەش شتێك دەزانـم، کـە ئێـوە نـایـزانـن .

وشەی (بثّ)، بریتیە لە خەمو خەفەتێك كە ئینسان نەتوانێ لە دڵی خۆیدا پەنهانی بكاتو، ناچار بێ بڵاوی بكاتەوە، دەفەرموێ: من سكاڵای ئەو خەفەتە زۆرانەی خۆم بۆ لای خوا دەبەم، واتە: تەنیا لە ڕازو نیاز لەگەڵ خوادا، خەمەكانی خۆم بڵاودەكەمەوەو، نارەحەتییەكانی خۆم دەردەبڕم، نەك بۆ لای بەندەكان، ﴿وَحُزْنِيٓ﴾ (حُزن) بریتیە لە خەفەت خواردن لە شتێكی ڕابردوو، واتە: پەژارەی خۆمو خەفەتو مەراقی خۆم، تەنیا بۆ لای خوا دەردەبڕمو، ئەوەی من لە لایەن خواوە دەیزانم، ئێوە نایزانن .

ئنجا لە كۆتایی دا ئامۆژگارییان دەكات، دەفەرموێ: ﴿يَٰبَنِيَّ ٱذۡهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ﴾، ئەی ڕۆڵەكانم! ئەی كوڕەكانم! بڕۆن لە یوسفو لە برایەكەی بخەفتێن، بە دوایاندا بگەڕێن، سۆراخیان بكەن، بزانن چییان لێهاتوەو سەرەنجامیان چۆنە؟ ﴿وَلَا تَاْيۡـَٔسُواْ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ﴾، لە بەزەیی خواش، یاخود لە دەرووی خێری خواش، نائومێد مەبن، (رَّوۡح)، یان بە مانای ڕەحمەتە، یان بە مانای دەرووی خێرە، لە ئەسڵدا وشەی: (رَّوۡح) بە مانای نەفەس كێشانو هەناسە هەڵمژینە، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ ١٨﴾التكوير، چونكە ئینسان لە ئەنجامی نەفەس وەرگرتندا، جۆرێك لە فەرەحنایی بۆ دێ، هەروەها بە پێچەوانەوە، ئەگەر مەجالی نەفەس كێشانو هەناسەدانی نەبوو، لە ئەنجامی نەمانی ئۆكسجین، یان كەمیی ئۆكسجیندا، بەدەنی ڕێك دێو، چاوی تاریك دادێ، واتە: لە دەرووی خێری خوا، نائومێد مەبنو، لە بەزەیی خوا نائومێد مەبن، ﴿إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾، بێگومان تەنیا كۆمەڵی بێبڕوایان لە بەزەیی خوا نائومێد دەبن، چونكە ئەوان خوا ناناسن كە بەزەییەكەی چەند فراوانو مەزنو ڕەهایە، چەند بێ سنوورە، بەشی هەموو كەسو هەموو شتێك دەكات، بۆیە ئەوان نائومێد دەبن، بەڵام ئەوانەی خوا بناسنو خوا پەرست بن، هەرگیز لە بەزەییو لوتفی خواو، لە بەخششو كەرەمی بێ سنووری خوا، لە دەرووی خێری خوا، نائومێد نابن، لە تەنگانەترین كاتیشدا .

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم : پاش نائومێد بوونی دە (١٠) برایەکانی یوسوف ﷺ لەوەی کە بنیامینیان لەگەڵ بنێرێ، بە چپە، پێکەوە ڕاوێژیان کردو برا گەورەکەیان سەرزەنشتی کردن، کە بابیان بە ناوی خواوە پەیمانی لێ وەرگرتوون، کە دەبێ بنیامین بە سەلامەتیی بهێننەوە، پێشتریش بەرانبەر بە یوسوف کەمتەرخەم بوون، بۆیە گوتی: ئێستا ناگەڕێمەوە، هەتا بابم مۆڵەتم نەدا، یاخود خوا بڕیارم بۆ نەدا، بۆیەش بگەڕێنەوە لای بابتان و، مەسەلەی دزیی کردنی بنیامینی بۆ باس بکەن، بڵێن با لە خەڵکی شارەکەو لەو کاروانەش پرسیار بکات، کە لەگەڵیان گەڕاینەوەو، با دڵنیابێ کە ئێمە لە ڕاستگۆیانین :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ فَلَمَّا ٱسْتَيْـَٔسُوا۟ مِنْهُ خَلَصُوا۟ نَجِيًّا ۖ قَالَ كَبِيرُهُمْ أَلَمْ تَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ أَبَاكُمْ قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُم مَّوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ وَمِن قَبْلُ مَا فَرَّطتُمْ فِى يُوسُفَ ۖ فَلَنْ أَبْرَحَ ٱلْأَرْضَ حَتَّىٰ يَأْذَنَ لِىٓ أَبِىٓ أَوْ يَحْكُمَ ٱللَّهُ لِى ۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٨٠﴾ ٱرْجِعُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَبِيكُمْ فَقُولُوا۟ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّ ٱبْنَكَ سَرَقَ وَمَا شَهِدْنَآ إِلَّا بِمَا عَلِمْنَا وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَٰفِظِينَ ﴿٨١﴾ وَسْـَٔلِ ٱلْقَرْيَةَ ٱلَّتِى كُنَّا فِيهَا وَٱلْعِيرَ ٱلَّتِىٓ أَقْبَلْنَا فِيهَا ۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم سێ ئایەتە لە شازدە بڕگەدا

١) - ﴿ فَلَمَّا ٱسْتَيْـَٔسُوا۟ مِنْهُ ﴾، واتە: كاتێك كە زۆر لێی تەمابڕاو بوونو نائومێد بوون. (اليأسُ: إنْقِطاعُ الطمَع)، (يأس) ئەوەیە كە ئینسان تەمای بە شتێك نەمێنێو لێی دەستبڕاو بێ، لێی نائومێد بێ .

ئنجا ﴿ فَلَمَّا ٱسْتَيْـَٔسُوا۟ ﴾، یانی: (فَلَما يَئِسوا)، بەڵام ئەو (س) و (ت)یە، بۆ زیاتر تۆخ كردنەوەو جەخت كردنەوەی مانایەكەیەتی، چونكە لە زمانی گەلی عەرەبدا بنچینەیەكە كە دەڵێ: (إنَّ زِيادَةَ المَبنى تَدُلُّ عَلَى زِيادَةِ المَعْنَى)، وشەیەك تاكو پیتەكانی زیاتر بن، ماناكەی بەهێزتر دەبێ .

ئایا كوڕەكانی یەعقووب لە چی نائومێد بوون؟ ﴿ فَلَمَّا ٱسْتَيْـَٔسُوا۟ مِنْهُ ﴾، لە یوسوف نائومێد بوون، یانی: نائومێد بوون لەوەی كە یوسوف برایەكەیان بۆ بەربدات، دەڵێ: (فَهُوَ مِنْ تَعْلِيقِ الحُكْمِ بالذَّاتِ، وَالمُرَادُ بَعْضُ أَحْوَالِها بقَرينة المَقَامِ لِلمُبالَغة)، واتە: حوكمەكە بەستراوەتەوە بە خودی یوسوفەوە، بەڵام مەبەست پێی هەندێك لە حاڵەكانی یوسوفە، واتە: نائومێد بوون، لەوەی كە یوسوف برایەكەیان بۆ بەر بداتو، یەكێك لە خۆیان لەجیاتی وی بگرێ .

٢) - ﴿ خَلَصُوا۟ نَجِيًّا ﴾، (خَلَصُوا: اعْتَزَلُوا وَانْفَرَدُوا، وَأَصْلُهُ مِنَ الخُلُوص، وَهُوَ الصَّفَاءُ مِنَ الأَخْلاَطِ)، واتە: گۆشەگیر بوونو پەنایان گرت، تاق بوونەوەو لە خەڵكی جیابوونەوە، وشەی (خَلَصُوا)، لە ئەسڵدا لە (خُلُوص)ەوە هاتوە، كە بریتیە لە ساف بوونەوە لە خڵتە، ساف بوونەوەی شتێك لەو خڵتەو شتانەی كە ڕەگەڵی كەوتوون .

ئنجا كە دەفەرموێ: ﴿ نَجِيًّا ﴾، (النجيُّ: اسْمٌ مِنَ المناجاةِ، وَانْتِصَابه على الحال والتَّناجي: المحادثة سِراًّ، أي: مُتَناجين)، وشەی (نَجِي) ناوە لە (مُناجاة)ەوە، ﴿ خَلَصُوا۟ نَجِيًّا ﴾ (منصوب) بووە لەسەر (حالية)، واتە:

خۆیان جیاکردۆتەوە تاك کەوتوونەوە، لە حاڵێکدا کە پێکەوە بە پەنهانیی چپەیان دەکرد، دەڵێ: (تَناجي) بە پەنهانیی بە چپە پێکەوە قسەکردنە، واتە: بە چپە پێکەوە کردنەوە، خۆیان جیاکردەوە لە خەڵك و کەناریان گرت و، چوونە پەنایەك و دەستیان کرد بە ڕاوێژکردن، وشەی ﴿نَجِيًّا﴾، هەم بۆ تاك بەکاردێ، هەم بۆ کۆ .

٣) - ﴿قَالَ كَبِيرُهُمْ﴾، گەورەکەیان گوتی، وشەی (كَبير)، لە زمانی عەرەبیدا هەم بۆ تەمەن بەکاردێ، کەسێك تەمەنی لە بەرانبەرەکانی زیاتر بێ، هەم بۆ پلەو پایە بەکاردێ، کەسێك کە لە ڕووی پلەو پایەو بەرپرسێتییەوە، لە بەرانبەرەکانی پلەی زیاتر بێ، بۆ هەردووکیان بەکاردێ .

لێرەدا دیارە مەبەست پێی لە ڕووی تەمەنەوەیە، ئەوەیان کە بە تەمەنتر بوو، لە پەیمانی کۆن لە تەوراتدا دەڵێ: ناوی (ڕەئوبین) یان (ڕوبین) بووە، لە هەندێ لە تەفسیرەکاندا دەڵێ: ناوی (شەمعوون) بووە، هەر چۆن بێ لە قورئاندا ناوی نەهاتوە، تەنیا دەفەرموێ: ئەوەیان کە لە هەموویان بە تەمەن گەورەتر بوو، کە وەك پێشتریش باسمان کرد، هەر ئەو برا گەورەیەشیان بووە کە کاتی خۆشی هەڵوێستی هەر جیاواز بوو: ﴿اقْتُلُوا يُوسُفَ أَوِ اطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا مِنْ بَعْدِهِ قَوْمًا صَالِحِينَ ﴿٩﴾﴾، واتە: برایەکان گوتیان یوسوف بکوژن (ڕاستەوخۆ) یاخود فڕێیدەنە دەشت و بیابانێك چۆڵەوانییەك (با لەوێ بفەوتێ: لە تینووان بخنکێ، یان لە برسان بمرێ، یان دڕندەیەك بیخوا)، بەڵام ئەو برا گەورەیە هەڵوێستی جیا بوو: ﴿قَالَ قَائِلٌ مِنْهُمْ لَا تَقْتُلُوا يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَتِ الْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ السَّيَّارَةِ إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ ﴿١٠﴾﴾، واتە: بێژەرێکیان گوتی: یوسوف مەکوژن، بەڵکو بیخەنە بیرێکەوە، هەندێ لە کاروانان هەڵیدەگرنەوە، ئەگەر هەر دەتانەوێ شتێکی لە دژ بکەن، (ئاوە بکەن)، لێرەش برا گەورەکەیان گوتی :

٤) - ﴿أَلَمْ تَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ أَبَاكُمْ قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُم مَّوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ﴾، لێرەوە دیارە سەرزەنشتیان دەکات، چونکە ئەم پرسیارکردنە پرسیارکردنی تەقریری پێ دەڵێن، واتە: دەیەوێ کە دانی پێدابێنن، ئایا نازانن کە بابتان پەیمانێکی لە خواوە لێ وەرگرتن، پەیمان لێ وەرگرتن لە خواوە، پێشتر باسمان کرد ئاوا بوو: ﴿قَالَ لَنْ أُرْسِلَهُۥ مَعَكُمْ حَتَّىٰ تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِّنَ ٱللَّهِ لَتَأْتُنَّنِى بِهِۦٓ إِلَّآ أَن يُحَاطَ بِكُمْ ۖ فَلَمَّآ ءَاتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ قَالَ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٌ ﴿٦٦﴾﴾، (یەعقووب) گوتی: هەرگیز ئەو (بنیامین)تان، لەگەڵ نانێرم، تاکو پەیمانێکی پتەوم بە ناوی خواوە پێ نەدەن، {واتە: خوا بکەنە شایەد بەسەر خۆتانەوە، یاخود سوێندم بۆ بە خوا بخۆن}، کە هەر بۆم دێننەوە، مەگەر دەورتان بگیرێو ئابڵووقە بدرێنو بێ چارەو بێ دەرەتان بن، ئنجا کاتێك کە پەیمانەکەیان پێدا گوتی: خوا چاودێرو ئاگادارە بەسەر ئەو بەڵێنو پەیمانەی ئێوەوە، کە بە منتاندا، ئاوا برا گەورەکەیان ئەوەیان بە چاودا دەداتەوە: بابتان پەیمانێکی ئاوای لێ وەرنەگرتن ؟!

٥) - ﴿وَمِن قَبْلُ مَا فَرَّطتُمْ فِى يُوسُفَ﴾، پێشتریش کە دەربارەی یوسوف کەمتەرخەمیتان کرد .

(مَا)، لە: (مَا فَرَّطتُمْ)دا، {(ما) مَصْدَرِية، أي: تَفْريطكم فِي يُوسُف عليه السلام كانَ مِن قبل الموثق)، کەمتەرخەمییشتان دەربارەی یوسوف عليه السلام پێشتر ئەویشتان بوو، ئێستا ئەوەش بوو بەسەر بار، بۆیە لەبەر ئەو دوو هەڵوێستە :

٦) - ﴿فَلَنْ أَبْرَحَ ٱلْأَرْضَ﴾، ئەم سەرزەمینە بە جێ ناهێڵم.

(القُرطُبي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] دەڵێ: (فَلَنْ أَبْرَحَ ٱلْأَرْضَ: أي: أَلْزَمُها وَلاَ أَبْرح مُقِيماً فِيها، يُقَال: بَرِحَ براحاً وبروحاً أي: زَالَ، فَإِذَا دَخَلَ

١) الجامع لأحكام القرآن، ج ٩، ص ٢٤٢.

النّفِي صَارَ مُثْبَتَاً)، من وازی لێناهێنم لەم سەر زەمینە، هەر دەبێ لێرە بم، (بَرِحَ بَرَاحَاً بروحَاً)، واتە: (زَالَ)، یانی: لاچوو، (فَإذَا دَخَلَ النَّفِيُ صَارَ مُثْبَتَاً)، (بَرِحَ)، واتە: لاچوو، (لا أَبرَحُ)، واتە: لا ناچم، (لَن أَبرَحَ)، ئەوە بۆ زیاتر جەخت کردنەوەیە، یانی: هەرگیز ئەم سەر زەمینە بەجێ ناهێڵم، مەبەست پێی سەر زەمینی میسرە، ئەو شارەیە کە لێی بوون .

٧) - ﴿ حَتَّىٰ يَأْذَنَ لِيٓ أَبِيٓ ﴾، هەتا بابم مۆڵەتم دەدا، واتە: مۆڵەتم دەدا کە بگەڕێمەوە بۆ لای، چونکە من شەرمی لێدەکەم، ڕووم نیە، بە چ چاوو ڕوویەک بچمەوە بۆ لای، کە ئەو دوو کوڕی بەهۆی ئێمەوە فەوتان: یەکێکیان شوێن بزر بوو، ئەوی دیکەشیان کرا بە کۆیلە، بۆیە تاکو مۆڵەتم نەدا، ناگەڕێمەوە .

٨) - ﴿ أَوۡ يَحۡكُمَ ٱللَّهُ لِي ﴾، یان خوا بڕیارم بۆ بدات، واتە: نازانێ خوا ﷻ چی بۆ بڕیار دەدات؟ چی لە قەدەری خوادا هەیە؟ بۆیە بە شێوەیەکی نادیارو نەزانراو باسی دەکات، کە دەڵێ: ﴿ أَوۡ يَحۡكُمَ ٱللَّهُ لِي ﴾، (وَالَّلامُ للأجل، أي: يَحْكُم الله بما فِيهِ نَفْعِي)، واتە: خوا بڕیارێك دەدا کە سوودی منی تێدابێ، مادام من بەو شێوەیە، خۆم دەپارێزم لەوەی بچمەوە بۆ لای بابم، ئەو هەواڵە ناخۆشەی بۆ بەرمەوە .

ئەوەش هەر چۆن بێ هەڵوێستێکە نواندوویەتی .

٩) - ﴿ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡحَٰكِمِينَ ﴾، ئەو (خوا)یش باشترین بڕیاردەرە .

دەگونجێ لێرەدا مەبەست لە حوکم کە لە (ٱلۡحَٰكِمِينَ)دا، شێردراوەتەوە، مەبەست پێی حوکمی تەشریعیی بێ، واتە: خوا باشترین کەسێکە کە یاسا دادەنێ، یاخود مەبەست پێی حوکمی تەکوینیی‌و قەدەریی بێ، واتە: خوا باشترین بڕیاردەرە، تەصەڕووف دەکات لە بووندا .

١٠) - ئنجا برا گەورەکەیان پێیان دەڵێ: ﴿ ٱرۡجِعُوٓاْ إِلَىٰٓ أَبِيكُمۡ ﴾، بگەڕێنەوە بۆ لای بابتان، واتە: بگەڕێنەوە، بارو ئازووخەکانیش بەرنەوەو هەواڵەکانیشی بۆ بەرنەوە .

١١) - ﴿فَقُولُواْ يَـٰٓأَبَانَآ إِنَّ ٱبۡنَكَ سَرَقَ﴾، بڵێن: ئەی بابی خۆمان! بێگومان کوڕەکەت دزیی کرد.

یانی: بە پێی ڕواڵەتێك کە ئێمە بینیومانە، وامان لێحاڵی بووە، کە بنیامینی کوڕی تۆ دزیی لێ ئاشکرا بووە، لێرەدا جێی سەرنج ئەوەیە کە دەڵێن: ﴿إِنَّ ٱبۡنَكَ﴾، بێگومان کوڕەکەی تۆ، دەشیان توانی بڵێن: (إِنَّ أَخانا) برایەکەمان، چونکە وەك چۆن کوڕی یەعقووبە، برای ئەوانیشە، بەڵام مەبەستیان بووە بڵێن: ئەو کوڕەی تۆ کە زیادە مەحەببەتت لەگەڵی هەیەو، پەیمانت لە ئێمە وەرگرت، کە بۆت بێنینەوە، ئەوەتا دزیی لێ ئاشکرا بوو، واتە: شایستەی ئەوە نەبوو هێندەت خۆش بوێ‌و، هێندە بە تەنگیەوە بی !!

من ئاوا لەو تەعبیرە تێدەگەم، هەرچەندە لە تەفسیرەکاندا نەمبینیوە، باسیان کردبێ .

ئنجا کە دەڵێن: ﴿يَـٰٓأَبَانَآ إِنَّ ٱبۡنَكَ سَرَقَ﴾، لە ڕاستییدا ئەوە تەعبیرو دەربڕینێکی زۆر زەق‌و ڕەق‌و بێ ئینصافانەشە، چونکە وەك پێشتریش باسم کرد لە مانا گشتییەکەیدا: خۆ ئەگەر کە ئەو پێوانەیە، (پێشتر ئاو پێخۆرەوەی پادشا بووە) لە باری بنیامیندا دۆزراوەتەوە، بەڵگە بووایە لەسەر ئەوەی بنیامین، دزە، دەبووایە ئەوانیش کە یەکەمجار ئازووخەو دەغڵ‌و دانەکەیان بردەوەو، دەستمایەو بەهایەك کە دەغڵەکەیان پێ کڕی بوو، خرا بووە نێو بارەکانیان، دەبووایە ئەوانیش دز بن، کە دیارە خۆیان بە دز نەزانیوە، ئەدی چۆن برایەکەیان بە دز دەزانن، کە لە تاریکێن‌و جارێ نازانن داخۆ مەسەلەکە چۆن بووە؟ ئایا ناگونجا وەك چۆن دەستمایەکە خرابووە نێو بارەکەی ئەوان، هەر بەو شێوەیەش، ئەو پێوانەیە خرابێتە نێو بارەکەی بنیامینەوە، واتە: بۆیان نەبوو ئەو تەعبیرە بەکاربێنن، بەڵام بە هەر حاڵ جۆرێك لە غەلل‌و غەش‌و بوغزو غەرەزیان هەر لە دڵدا بووە، بەرانبەر بە یوسوفیش‌و بە برایەکەشی، وەك لە دەرسی پێشووتریشدا باسمان کرد، بە بەڵگەی ئەوە کە لە ئایەتی

(٧٧)دا، گوتیان: ﴿إِن يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُۥ مِن قَبْلُ﴾، ئەگەر ئەوە دزیی بکات، برایەکیشی پێشتر دزیی کردبوو .

١٢) - ﴿وَمَا شَهِدْنَآ إِلَّا بِمَا عَلِمْنَا﴾، ئێمەش تەنیا بەوە شایەدیی دەدەین (کە دەڵێین: کوڕەکەت دزیی کردوە) بەوەی کە زانیومانەو بۆ ئێمە دەرکەوتوە .

١٣) - ﴿وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَٰفِظِينَ﴾، ئنجا ئێمە پارێزەری پەنهان نەبووین، واتە: نازانین لە پەنهاندا، چۆنە؟ بەلام ئەوەی بۆ ئێمە دەرکەوتوە، ئەوەیە کە دزیی لێ ئاشکرا بووە .

واتایەکی دیکەی ئەوەیە کە ئێمە پارێزەری پەنهان نەبووین، تاکو ئیلحاح لە تۆ نەکەین کە بنیامینمان لەگەڵ بنێری‌و، سەرەنجام بە داوی کۆیلایەتییەوە ببێ .

واتە: کە دەڵێن : ﴿وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَٰفِظِينَ﴾، یان پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە دەڵێن: ﴿إِنَّ ٱبْنَكَ سَرَقَ﴾، واتە: کە دەڵێین کوڕەکەت دزیی کردوە، ئێمە ئاگاداری پەنهان نین، ئەگەر ئەو ماستە موویێکی تێدا بێ، وەك چۆن دەستمایەکان خرابوونە نێو بارەکانمان، ئەو دەفرەش بەبێ ئاگاداری بنیامین خرابێتە بارەکەیەوە، مانای وایە ئێمە ناڵێین: دزیی کردوە .

یاخود: ﴿وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَٰفِظِينَ﴾، پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە کاتی خۆی داوایان لە بابیان کردو ئیلحاحیان لێکردو، بەڵێنیان بە یوسف داو گوتیان: ﴿سَنُرَٰوِدُ عَنْهُ أَبَاهُ وَإِنَّا لَفَٰعِلُونَ ﴿٦١﴾﴾یوسف، دوایی ئەوە بوو کە زۆر داکۆکییان لە بابیان کردو جەختیان لێ کردەوە، کە دەبێ بنیامینیان هەر لەگەڵدا بنێرێ، دەڵێن: ئەوەی ئێستا دەیبینین، ئەگەر ئەوەمان زانیبایەو پارێزەری نا دیار بووینایە، ئەو کاتە ئێمە زۆرمان لە تۆ نەدەکرد کە بنیامینمان لەگەڵ بنێری‌و، تووشی ئەو شەرمەزارییە ببین .

دەشگونجێ کە گوتوویانە: ﴿وَمَا شَهِدۡنَآ إِلَّا بِمَا عَلِمۡنَا وَمَا كُنَّا لِلۡغَيۡبِ حَٰفِظِينَ﴾، هەر جۆرێك بێ لە تەعبیری جوان بەکارهێنان لەگەڵ بابیاندا، وەك ڕێزی بابو کوڕایەتیی، یاخود بە جۆرێك خۆیان پاراستوە لەوەی برایەکەیان یەکجاریی تۆمەتی دزیی بخەنە پاڵ، چونکە متمانەیان پێی بووەو زانیویانە: بنیامین لەو کوڕانە نیە، لەو پیاوانە نیە کە دزیی بکات .

١٤) - ﴿وَسۡـَٔلِ ٱلۡقَرۡيَةَ ٱلَّتِي كُنَّا فِيهَا﴾، لەو شارەش بپرسە کە تێیدا بووین .

کە دیارە مەبەست پێی خەڵکەکەیە .

(وَسُؤَال القَرية: مَجاز عَن سُؤال أَهْلِها، وَالمُرَادُ بها مَدِينة مِصْر)[1]، دیارە مەبەستیان پێی خەڵکی شارەکەیە، واتە: لە خەڵکی میسر بپرسە، پرسیار بکە .

١٥) - ﴿وَٱلۡعِيرَ ٱلَّتِيٓ أَقۡبَلۡنَا فِيهَا﴾، هەروەها لەو کاروانەش بپرسە کە لەگەڵیان هاتینەوە، واتە: ئەو کاروانەش کە لەگەڵ واندا گەڕاینەوە، بەرەو ئەم دەڤەری خۆمان، سەر زەمینی کەنعانو شام، لەوانیش پرسیار بکە، واتە: دوو جۆرە پرسیار کردن بۆ بابیان پێشنیار دەکەن :

أ/ دەتوانی خەڵکی بنێری بۆ میسرو لەوێ بپرسن: داخۆ ئەو ڕووداوە چۆن بووە ؟

ب/ لە کاروانەکەش کە لەگەڵیان هاتووینەوە، لەوانیش بپرسی .

١٦) - ﴿وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ﴾، دڵنیاش بە ئێمە لە ڕاستانین، واتە: هیچ گومانت لەوەدا نەبێ کە ڕاست دەکەین، بۆیەش وایان گوتوە، چونکە پێشتر درۆیان لەگەڵ بابیان کردوە، بۆیە پێویست بەوە بووە کە زۆر داکۆکیی بۆ بکەنو، زۆر بۆی جەخت بکەنەوە، تاکو متمانەیان پێ بکات .

---

١) التحرير والتنوير ج١٣، ص٤٠.

دیارە ئەم ئایەتە ئەوەی لێوەردەگیرێ کە هەر کاتێك مرۆڤ لەسەر هەق بوو، زانیشی کە گومانی خراپی پێ دەبردرێ، مافی خۆیەتی کە لایەنی بەرانبەر دڵنیا بکاتەوەو چۆن قەناعەتی دێ، ئەو شێوازە بەکاربێنێ، ئەگەر سوێندی بۆ بخوا، ئەگەر بڵێ: فەرموو پرسیار بکەو بێ منەتی بکات، بۆ ئەوەی دڵنیابێ‌و دڵ لە دڵدان‌و دوو دڵیی نەمێنێ .

مەسەلەی دووەم : تۆمەتبار کردنی یەعقووب بۆ کوڕەکانی‌و، ڕاگەیاندنی ئەوە کە خۆڕاگرییەکی جوانی دەبێ‌و، ئومێدەوار بوونی بە دیتنەوەی کوڕەکانی‌و، پێ شاد بوونەوەیان‌و، دەروو لێکرانەوەی لەلایەن خوای بە بەزەییەوە :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ عَسَى اللَّهُ أَن يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ ﴿٨٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە چوار بڕگەدا

١) - ﴿ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا ﴾، یەعقووب ﷺ گوتی: بەڵکو نەفسەکانتان کارێکیان بۆ ڕازاندنەوەو بۆ ئاسان کردوون، ئێوەش ئەنجامتان داوە، ئایا ئەو کارە چی بووە؟ یەعقووب ﷺ هەر گومانی پێ بردوون، ئەگەرنا نازانێ چییان کردوە، بەڵام بە قیاس لەسەر ئەوە کە کاتی خۆی خیانەتیان بە یوسوف کردوە، یوسوفیان خستۆتە بیرەوەو گوتیان: گورگ خواردوویەتی‌و ڕاستیشیان نەکرد بوو، ئنجا بە قیاس لەسەر ئەوە، هەقی بووە کە گومانی خراپیان پێ بەرێ، گوتراوە: (هەر کەس کراسێکی پیسی دڕاند، سەدی پاکی پێوە دەچێ)، بابای گەزراو، ئەگەر گومانی خراپ بەرێ بە تەڕەفی بەرانبەری کە گەزتوویەتی‌و فێڵی لێکردوە، ناهەقی نیە، وەك دەڵێ: (ئەگەر جارێك هەڵتخەڵەتاندم خوا بتگرێ، ئەگەر دووجار هەڵتخەڵەتاندم خوا بمگرێ)، یانی: جاری دووەم دەبێ وریا بی .

هەڵبەتە ئەوە کە برا گەورەکەیان ئاوا ڕێنماییان دەکاتو ئامۆژگارییان دەکات: بچنەوە لای باباتانو ئاوای پێ بڵێنو، ئاوای پێ بڵێن، ئەوە هەمووی پێچراوەتەوەو قرتێنراوە، چونکە بە سیاقو سەلیقە دیارە، واتە: کوڕەکان چوونەوە بۆ لای بابیانو، هەموو شتەکەیان بۆ گێڕایەوەو جوان بۆیان ڕوون کردەوە، ئنجا ئەویش گوتی: بەڵکو نەفسەکانتان شتێکیان بۆ ڕازاندوونەوە، واتە: گومانی خراپی پێ بردوون، کە ئێوە شتێکتان بەسەر کوڕەکەم هێناوە، بە پاڵنەرو هاندەری بوغزو غەرەزێك، کە لە نەفسەوە هەڵدەقوڵێ .

ئنجا هەرچەندە گومانە خراپەکەی یەعقووب ﷺ لێرەدا نەیپێکاوە لێرەدا، بەڵام گوناهباریش نیە، چونکە پێشتر لەو جۆرە کارانەی لێ بینیون، هەڵبەتە خوای پەروەردگار تەنیا باسی یوسوفمان بۆ دەکات کە خستوویانەتە چاڵەوە، بەڵام وەك پیاو چاکان دەڵێن: کەسێك خراپەیەکت لە لای بینی، بزانە کە دەستە خوشکی دیکەشی لەلا هەن، وە کەسێك چاکەیەکت تێدا بینی، بزانە دەستە خوشکی دیکەشی لەلا هەن، واتە: کەسێك کە چاکەیەکت لێ بینی، بزانە کە چاکەی دیکەشی هەنو، کەسێکیش خراپەیەکت لێ بینی، بزانە خراپەی دیکەش هەن، یەعقووب ﷺ یش کوڕەکانی چاك ناسیوەو ئەو کوڕانە خراپەکەیان هەر ئەوە نەبووە، کە یوسوفیان خستۆتە بیرەوە، دیارە هەڵەی دیکەو کەمو کوڕیی دیکەشیان هەر بووە، ئیدی بە قیاس لەسەر هەموو ئەو شتانە، گوتوویەتی: ئێوە نەفسەکانتان شتێکی بۆ جوان کردوونو ئەنجامتانداوە .

ئەدی ئایا هەڵوێستی چییە ؟

٢) - ﴿فَصَبْرٌ جَمِيلٌ﴾، خۆڕاگرییەکی جوان، هەڵوێستمە. واتە: (شَأْنِي صَبْرٌ جَمِيلٌ، أَوْ صَبْرٌ جَمِيلٌ أَولَى بِي)، (شَأْنِي)، دەبێتە (مُبتَدأ)، (صَبرُ جَمِيل)، دەبێتە (خَبَر)ەکەی، واتە: هەڵوێستی من، حاڵی من بریتیە لە خۆڕاگریی، جوان، یاخود خۆڕاگرییەکی جوان، بۆ من شایستەترە .

٣) - ﴿عَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا﴾، نیزیکە خوا هەموویانم بۆ بێنێتەوە، تێکڕاو وێکڕا بە دیداریان شاد ببمەوەو پێك شادبینەوە، ئیماندار

دەبێ هەمیشە گەشبینو هیوادار بێ، بە رەحمەتی خواو، هیچ کات دەست لە پچکی ئومێد بەرنەدا .

٤) - ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ﴾، بێگومان هەر خوا زانای کاربەجێیە، واتە: خوا زانایە هەموو شتەکان دەزانێ، کاربەجێشە دەزانێ چۆن کارەکانی خۆی دەکا ؟

لێرەدا کە دەڵێ: ﴿بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا﴾، خاوەنی (مَحاسِنُ التأويل)[1] دەڵێ: (قَالَ الزَّمَخْشَرِيُّ: أَرَدْتُمُوهُ وَإِلاَّ فَمَا أَدْرى ذَلِكَ الرَّجُلَ، أَنَّ السارِقَ يُؤْخَذُ بِسَرِقَتِهِ، لَوْلاَ فَتْواكُمْ وَتَعْلِيمُكُم)، واتە: (زَمَخْشَري) گوتوویەتی: ئەوە کارێك بوو هەر خۆتان ویستتان بیکەن، ئەگەرنا ئەو پیاوە چۆنی زانی کە بابای دز بەهۆی دزییەکەیەوە، دەگرێتە کۆیلەو دەگیرێ، ئەگەر ئێوە فەتواتان بۆ نەدابایەو فێرتان نەکردبایە؟

واتە : دیارە ئێوە پێشی کەوتوون، بۆیە ئەو بڕیارەی بەسەر بنیامیندا جێبەجێ کردوە، کەواتە: هەر چۆن بێ شتەکە سەری ئێوە دەگرێتەوە .

مەسەلەی سێیەم : ڕوو وەرگێڕانی یەعقووب عليه السلام لە کوڕەکانیو یادکردنەوەی یوسوف عليه السلام و چاو سپی هەڵگەڕانی لە خەمانو خەفەتخان بوونی :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿وَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَٰٓأَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ وَٱبْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ ٱلْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٨٤﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە چوار بڕگەدا

١) - ﴿وَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ﴾، کاتێك یەعقووب عليه السلام ئەو هەواڵەی بنیامینی کوڕی بیست لە کوڕەکانی، ئەو قسانەی پێشێی کردن، ئنجا ڕووی لێ وەرگێڕان.

---

١) ج ٦، ص ٢٦٤.

واتە: وەك چۆن كەسێك لە كەسێك تووڕە دەبێو لێی بە گلەییە، ڕووی لێ وەردەگێڕێو ڕوو لەولا دەكات، ئەویش ڕووی لێ وەچەرخاندن .

٢) - ﴿ وَقَالَ يَٰٓأَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ ﴾، هەروەها گوتی: ئەی خەفەتی زۆرم لەسەر یوسوف !

(الأَلِفُ بَدَل مِن ياءِ المُتَكَلِّمِ للتخْفِيفِ)، لە جیاتی بفەرموێ: (يا أَسَفِي)، گوتوویەتی: (يَٰٓأَسَفَىٰ) تاكو سووكتر بێ لەسەر زمان.

هەندێكیش گوتوویانە: (يَٰٓأَسَفَىٰ)، بۆ (نُدبة)یە، بەلام هایەكەی (هـ)، فرتێنراوە، (وا مُحَمَّداه)، یانی: ئەی موحەممەد ! لە فریام وەرە، (يَٰٓأَسَفَىٰ)، یانی: ئەی داخو خەفەتەكەم لەسەر یوسوف، وەرە، ئێستا كاتیەتی زۆر خەفەتان بخۆم .

دیارە دووبارە باسكردنەوەی یوسوف ﷺ، بەڵكو هەمیشە لە یادی بووە، بەلام لێرە كە باسی دەكات، لەبەر دوو هۆكاران بووە :

یەكەم : یوسوف ﷺ هیچ سۆراخی نەبووەو شوێن بزر بووە، نەیزانیوە لە كوێیە؟ ئێستا كوڕەكانی دی دەزانێ : هەرچی بنیامینە، كراوەتە كۆیلە لەلای عەزیزی میسر، لە بەرانبەر ئەوەدا كە ئەو پێوانەیە لە بارەكەیدا دۆزراوەتەوە، كوڕە گەورەكەشی دەزانێ كە بۆخۆی نەهاتۆتەوە، لەبەر ئەوەی چاوو ڕووی نیە بێتەوە، بەلام یوسوف بێ سەرو سۆراخە .

دووەم : ئەوەیە كە شوێن بزربوونی یوسوف، كانگای هەموو خەمو خەفەتەكانی دیكەی یەعقووب ﷺ بووە، ئەگەر یوسوف ون نەبووبایە، دوایی ئەوانە بنیامینیان نەدەبرد بۆ ئەوێو، بنیامین نەدەكرایە كۆیلەو ئەو بەلایەی بەسەر نەدەهات، دوایی كوڕە گەورەكەشی بەو دەردە نەدەچوو، كە ڕووی نەبێ بێتەوە لای بابی .

٣) - ﴿ وَٱبْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ ٱلْحُزْنِ ﴾، ئنجا (یەعقووب) چاوەكانی سپی هەڵگەڕان لە خەمو پەژارە، (ٱلْحُزْنِ)، خەمێكە پەیوەندیی بە ڕابردووەوە

هەیە، واتە: شتێك كە لە ڕابردوودا لە دەست چووە، بۆچی دەفەرمویّ: ﴿ وَٱبۡيَضَّتۡ عَيۡنَاهُ ﴾، چاوەكانی سپی هەڵگەڕان؟ چونكە دیارە زۆر گریان دەبێتە مایەی زیان گەیاندن بە چاو، بە تایبەتی زۆر گریانی بە خەمو پەژارەوە .

٤) - ﴿ فَهُوَ كَظِيمٌ ﴾، سەرەنجام یەعقووب (كَظِيمٌ) بوو، (كَظِيمٌ)، (أي مَمْلُوءٌ مِنَ الغَيظِ مِنْ أولادِهِ، فَعِيل بِمَعْنى مَفعول)، یانی: پڕ بوو لە تووڕەیی‌و پەستیی لە كوڕەكانی، كەواتە: لێرەدا (كَظِيمٌ)، (فَعِيل)ی بە مانای (مَفْعُول)ە، واتە: (مَكْظُوم)، واتە: پڕ بوو لە تووڕەیی (غَيْظ) .

دەشگونجیّ (كَظِيمٌ)، هەر (فَعِيل)ی بە مانای (فَاعِل)بیّ، (أي شديدِ التوجُّعِ للغَيْظِ أو الحُزْنِ، لأنَّهُ لَمْ يَشْكُهُ إلى أحَد)، یاخود زۆری خەفەت خوارد، زۆری پەژارە لە دڵی خۆیدا جیّ كردەوە، چونكە سكاڵای بۆ لای كەس نەكرد .

کورتە باسێک لەبارەی گریانەوە، بەهۆی خەم و پەژارەوە

لێرەدا توێژەرەوانی قورئان باسی ئەوەیان کردوە: ئایا دەگونجێ ئینسان کە شتێکی دنیایی بەسەر دێ، خەمو پەژارەیەك ڕووی تێدەکات، ببێتە هۆی زۆر خەفەت خواردنی، پاڵی پێوە بنێ بگری ؟

بەڵام ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە، یانی: نەدەبوو زۆر لە خۆیانی بکەن بە ئیشکال، بڵێن: چۆن یەعقووب کە پێغەمبەری خوایە ﷺ، دەبێ بگری؟! چونکە پێغەمبەرانیش هەر بەشەرن، گەورەیی پێغەمبەران لەوە دایە کە بەشەر بوون، ئەوانیش وەك خەڵك هەموو هەستو نەستەکانی دیکەی بەشەریان هەبوون: تووڕە بوون، ڕازی بوون، ئازاریان پێگەیشتوە، خەویان هاتوە، ناڕەحەت بوون، ماندوو بوون، یانی: هەموو ئەو شتانەی کە بەسەر بەشەران هاتوون، بەسەر وانیش هاتوون، بەڵام پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو شتانەی بەسەر خەڵکی هاتوون، بەسەریان هاتوون، لە شیرازەی شەریعەت دەرنەچوونو، هەمیشە پەیوەندییان لەگەڵ خوای پەروەردگاردا، پەیوەندیی دۆستانەو دڵسۆزانە بووەو، بەندەیەکی ڕاستو ساغ بوون، جیاوازیی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) ئەوە بووە، ئەگەرنا وەنەبێ ئەوان دڵیان نەبوو بێو، خەفەتیان نەخوارد بێو، ئازاریان پێ نەگەیشتبێو، خەویان نەهاتبێو، سەرمایان نەبوو بێو، گەرمایان نەبوو بێو، سەریان نەئێشا بێو، ناڕەحەت نەبوو بن! ئەگەر وا بووایە، ئەو کاتە ئازایەتیی نەبوو بۆ پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) کە لە خەڵکی دیکە خۆڕاگرتربن .

لەوبارەوە ئەم دوو فەرموودەیە ئاماژە پێ دەکەین:

یەك : {بكى رسولُ الله ﷺ على وَلِده إبراهيم، وقال: إنَّ الْعَيْنَ تَدْمَعُ، وَالْقَلْبَ يَحْزَنُ، وَلاَ نَقُولُ إِلاَّ ما يَرضى رَبَّنا، وَإنّا بِفِرَاقِكَ، يا إِبْرَاهِيمُ لَمَحْزُونُونَ} {أخرجه البخاري برقم: (٦٩٢)، ومسلم برقم: (٦٢)} .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر ئیبراهیمی کوڕی گریا، کە وەفاتی کرد، {دیارە پارچەڵە بووە، ڕەنگە پێنج، شەش ساڵە بووبێ} و. فەرمووی: چاو فرمێسکی لێدێ‌و، دڵ خەمبار دەبێ، بەڵام ئێمە هەر ئەوە دەڵێین: کە پەروەردگارمان لێی ڕازییەو، ئێمە ئەی ئیبراهیم! بە هۆی جیابوونەوەی تۆوە، دڵتەنگو خەمبارین .

دوو : {عن عَبْدِ اللهِ بن عُمَرَ، قَالَ: اشتكَى سَعْدُ بن عُبادَةَ شَكوى لَهُ، فَأَتَاهُ النَّبِيُّ ﷺ، يَعُودُهُ، مَعَ عَبْدِ الرَّحْمنِ بن عَوْفٍ، وَسَعْدِ بن أَبي وَقَّاصٍ، وَعَبْدِ اللهِ بن مَسْعُودٍ، فَلَما دَخَلَ عَلَيْهِ، فَوَجَدَهُ فِي غَاشِيَةِ أَهْلِهِ، فَقَالَ: قَدْ قَضَى قَالُوا: لاَ يا رَسولَ اللهِ، فَبَكَى النَّبِيُّ ﷺ فَلَما رَأَى الْقَوْمُ بُكاءَ النَّبِيِّ ﷺ بَكوا، فَقَالَ: أَلاَ تَسْمَعُونَ، إنَّ اللهَ لاَ يُعَذِّبُ بِدَمْعِ الْعَيْنِ وَلاَ بِحُزْنِ الْقَلْبِ. وَلكِنْ يُعَذِّبُ بِهذَا وَأَشارَ إِلَى لِسانِهِ، أَوْ يَرْحَمُ} {أخرجه البخاري برقم: (٩٢٤)، ومسلم برقم: (١٢٤٢)} .

واتە: سەعدی کوڕی عوبادە نەساغ بوو پێغەمبەریش ﷺ لەگەڵ (عبدالرحمن بن عوف)و (سعد بن أبي وقاص)و (عبدالله بن مسعود)دا سەردانی کرد، کە چوو فەرەبالغیی خزمو کەسی بە دەورەوە بوو. فەرمووی: تەواو بووە؟ گوتیان: نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا ! ئنجا پێغەمبەر ﷺ گریاو کاتێك خەڵکەکە گریانی پێغەمبەریان بینی، گریان، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: بێگومان خوا بەهۆی فرمێسکی چاوو بەهۆی پەژارەی دڵەوە، خەڵك سزا نادات، بەڵکو بەهۆی ئەمەوە سزایان دەدا، ئاماژەشی کرد بە زمانی، یاخود بەزەیی پێیاندا دێ .

ئەگەر زمانەکەی لە کاتی بەڵاو موصیبەتو نارەحەتییدا بە خراپە بگەڕێ‌و، سکاڵا بۆ لای غەیری خوا بکاتو ناشوکریی بکات، ئەوە خوا سزای

دەدات، بەڵام ئەگەر زمانەکەی بە چاکە بگەڕێ‌و، بگەڕێتەوە بۆ لای خوا، بڵێ: هەرچی بەسەرم بێ، لەو ڕووەوە کە لەلایەن خواوەیە، خوایە! من ڕازییم بەندەی تۆم، چۆنم تاقی دەکەیەوە ڕازییم، ئەوە خوا بەزەیی پێدادێ، وەك لە فەرموودەیەکی صەحیح دا هاتوە کە پێشتریش هێناومانە:

{إنَّ اللهَ إذَا أَحَبَّ قَوْمـاً ابْتَـلاهُمْ، فَمَـنْ رَضِـيَ فَلَـهُ الرِّضَـا، وَمَـنْ سَـخِطَ فَلَـهُ السُّخْطُ} {أخرجه الترمذي برقم: (٢٣٩٦)، وقال: حسن غريب، وابن ماجه برقم: (٤٠٣١)، والبيهقي في شعب الإيمان برقم: (٩٧٨٢) عن أَنَسِ بن مالِكٍ}.

واتە: هەر کاتێك خوا کۆمەڵێکی خۆشویستن تاقییان دەکاتەوە، ئنجا هەر کەسێك ڕازی بوو، خوا لێی ڕازییەو، هەر کەسێك تووڕە بوو، تووڕەیی خوای دێتە سەری.

دەربارەی چاو سپی هەڵگەڕان، لە ئەنجامی خەم‌و خەفەت‌و گریان‌و نارەحەتی دا، (د. محمد راتب النابلسي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا، دەڵێ:

{وَأَما ابيضَاضُ العَيْنِ، فَهُوَ المَرَض الذي سَماه عُلَماءُ الطِّبِّ: (دَاءُ الزَّرق) فَالقَرنيـة مـادَّةٌ شَفَافـة تَتَغَذَّى بالحلـولِ، وَحينَما يَرتَفِعُ ضَغْطُ الدَّمِ بسَبَبِ إجتِماعِ الهَمِّ، تَضْطربُ الأَوْعِية الشَّعْرِية فِي العَيْنِ وَتُصْبحُ القَرَنية الشَّفَّافة ظَلامِية بَيْضَاءَ وَتُعِيقُ الرؤية، فيُصابُ الإنسانُ بالعَمَى بسَبَبِ الحُزنِ}[1].

واتە: چاو سپی هەڵگەڕان، نەخۆشییەکە زانایانی پزیشکی پێی دەڵێن: (دَاءُ الزَّرقَ)، واتە: دەردی شین هەڵگەڕان، چونکە (قَرنية)، گلێنەی چاو، ماددەیەکی ڕوونە کە بە جۆرە ماددەیەك لە بەدەندا (کە دەچێتە نێو چاوەوە) دەژی، جا کاتێك فشاری خوێن بەرز دەبێتەوە بەهۆی خەم‌و دڵ نارەحەتییەوە ئەو مولوولانەی کە ئەو خۆراکەیان لێوە دەچێ بەرەو چاو (ئەوانەی لە چاودا هەن) ئەوانە حاڵەتی ئاساییان نامێنێ‌و، گلێنەی چاو لەجیاتی ڕوونیی تاریکدا دێ‌و سپی هەڵدەگەڕێ، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە ئینسان نەبینێ‌و، ئینسان بەهۆی ئەوەوە (بەهۆی خەم‌و پەژارەوە) تووشی کوێریی دێ.

---

١) (التفسير النّابلسي) ج ٤، ص ٥٣٢.

مەسەلەی چوارەم: گلەیی کردنی کوڕەکانی یەعقووب لە بابیان، کە هەر یادی یوسوف دەکات، هەتا نەخۆش و کەنەفت دەبێ، یاخود دەفەوتێ:

وەك خوا دەفەرمووێ: ﴿قَالُوا۟ تَٱللَّهِ تَفۡتَؤُا۟ تَذۡكُرُ يُوسُفَ حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا أَوۡ تَكُونَ مِنَ ٱلۡهَٰلِكِينَ ﴿٨٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە سێ بڕگەدا

١) - ﴿قَالُوا۟ تَٱللَّهِ تَفۡتَؤُا۟ تَذۡكُرُ يُوسُفَ﴾، گوتیان: بە خوا تۆ هەر بەردەوام باسی یوسوف دەکەی، یادی یوسوف دەکەی.

(تَفۡتَؤُا۟)، (لا تَفتَؤُا)، (تَفۡتَؤُا۟ تَذۡكُرُ يُوسُفَ)، یانی: (لا تَفتَؤُا تَذكر یوسف)، واتە: تۆ واز ناهێنی، هەر باسی یوسوف دەکەی.

٢) - ﴿حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا﴾، هەتاکو زۆر نەخۆش دەبی.

(حَرَضْ: مَصْدَرٌ، هُوَ شِدَّةُ المَرَضِ المُشْفِي على الهَلاَكِ: أي بالِياً لا شُعُور لَك)، وشەی (حَرَضْ) چاوگە، مەبەستیش پێی نەخۆشییەکە نیزیکە ئینسان بەرێتە سەر کەناری فەوتان، واتە: وات لێدێ شڕو کەنەفت دەبیو، هەستو ئاگات لە خۆت نامێنێ.

٣) - ﴿أَوۡ تَكُونَ مِنَ ٱلۡهَٰلِكِينَ﴾، یاخود لە فەوتاوان دەبی، واتە: لە پەلو پۆ دەکەویو دەمری.

مەبەستیان پەرۆشیی دەربڕینو سەرزەنشت کردنو گلەیی بووە، هەموویان پێکەوە، چونکە ئەو قسەیە کە ئەوان بەرانبەر بە بابیان کردوویانە، هەم جۆرێك لە دڵسۆزییو پەرۆشیی پێوە دیارە، هەم گلەییو سەرزەنشتی پێوە دیارە، واتە: هەردوو شتەکە بە تێکەڵیی دیارن: لە لایەکەوە گلەیی لێدەکەن

کە بۆچی هێندە باسی یوسوف دەکەی، کە بێگومان تا ئەو کاتەش بوغزو خەرەزو حەسەدیان بەرانبەر بە یوسوف هەر هەبووە .

ئنجا کە دەڵێن: تۆ بەردەوام دەبی لەسەر باسکردنی یوسوف، تاکو زۆر نەخۆش و کەنەفت دەبی، یاخود دەفەوتێی، گلەیی لێدەکەن کە شتێك بکات، ببێتە هۆی زۆر نەخۆش و کەنەفت بوونی، یاخود فەوتانی، کەواتە: ئەو قسەیان لە بەزەیی و سۆزو پەرۆشەوەیە .

مەسەلەی پێنجەم : ڕاگەیاندنی یەعقووب کە سکاڵای خەم و پەژارەی خۆی، تەنیا لەلای خوا دەکات و، ئەوەی ئەو دەیزانێ لە خواوە، کوڕەکانی نایزانن :

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالَ إِنَّمَآ أَشْكُواْ بَثِّي وَحُزْنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٨٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە دوو بڕگەدا

١) - ﴿ قَالَ إِنَّمَآ أَشْكُواْ بَثِّي وَحُزْنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ ﴾، (یەعقووب) گوتی: بێگومان من تەنیا سکاڵای (بَثّ و حُزن)ی خۆم تەنیا بۆ لای خوا دەبەم .

پێشتر باسمان کرد (شَکوی)، بە کوردیی سکاڵایە، (بَثّ)یش، بریتییە لە خەمێکی زۆرو دڵتەنگەییەکی زۆر، (البَثُّ: الهَمُّ الشدیدُ، وَهُوَ التَّفكیرُ فِي الشيءِ المُسيءِ)، بیرکردنەوەیە لە شتێکی خراپ، شتێك کە خراپت بکا، دڵتەنگت بکات .

بەڵام (حُزن)، (الحُزنُ: الأسَفُ علی الفائِتِ)، بریتییە لە خەفەت و پەژارەدار بوون بۆ شتێکی ڕابردوو .

کەواتە: خەفەتی زۆر، بۆیە ناوی لێنراوە (بثّ)، کە (بث)، یانی: بڵاوکردنەوە، (بَثَّهُ یَبُثُّهُ یعني: نَشَرَهُ یَنشُرَهُ، أو فَرَّقَهُ یُفَرِّقُهُ)، چونکە

خاوەنەکەی، خاوەنی ئەو خەفەتە زۆرە، هیچ چاری نیە، هەر دەبێ باسی بکات، بەڵام یەعقووب عليه السلام دەڵێ: من ئەو خەمە زۆرەی خۆم کە ئێستا هەمە، سکاڵایەکەی دەبەمە لای خوا، بۆ خوای باس دەکەم، هەروەها پەژارەو دڵتەنگییەکەی خۆشم، کە پەیوەندیی بە ڕابردووەوە هەیە، ئەویش هەر سکاڵایەکەی دەبەمە لای خوا، واتە: خەمەکەی ئێستاءو پەژارەکەی ڕابردووم، هەردووکیان سکاڵایەکەیان تەنیا دەبەمە لای خوا، چونکە ﴿إِنَّمَآ﴾ (أَدَاةُ الحَصْرِ والإِثْبَات)ە، ئامرازی کورتهەڵهێنان و چەسپاندنە.

٢) - ﴿وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾، لە خواوەش شتێك دەزانم، کە ئێوە نایزانن، کە مەبەستی ئەوەیە، خوا لە ڕێی ئیلهام و وەحییەوە، جۆرێك لەبەر چاوڕوونیی داوە بە یەعقووب عليه السلام، کە هەم یوسوفیش دەبینیەوە، هەم بنیامینیش و هەم ئەو کوڕەی دیکەشت و، ئەو بەڵایە کۆتاییەکی هەیە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ ﴿٣٨﴾﴾ الرعد، واتە: هەموو شتێك هەموو کاتێکی دیارییکراوو نووسینێکی هەیە، یانی: کاتێکی هەیە لێی کۆتایی دێ .

بێگومان خوا ﷻ هەر لە سەرەتاوە بەر چاوڕوونییەکی داوە بە یەعقووب عليه السلام، ئنجا بێگومان ئەو بەرچاو ڕوونیی پێدانەی خوا، بۆ یەعقووب عليه السلام و، بۆ بەندەکانی، دیکەشی زۆر هاوکارو یارمەتییدەریان دەبێ، کە خۆ ڕاگربن لە بەرانبەر بەڵاو گرفتەکاندا، چونکە بەرچاویان ڕوونە، هەڵبەتە بەرچاو ڕوونیی ڕەها، هەر ئەوەیە کە ئینسان لە قیامەتدا پاداشتی ئەو خەم و نارەحەتییانەی خۆی دەبینێتەوە، ئەوەیان مسۆگەرە، بەڵام جاری وایە خوا ﷻ هەر لە دنیاشدا، جۆرێك لە بەرچاوڕوونیی دەدا بە هەندێك لە بەندەکانی. کە هەر لە دنیاشدا، ئەو خەمەی کە تۆ ئێستا تێیدای و، ئەو هەورازەی تۆ ئێستا بە بەریەوەی، کاتێك دێ، لێی دەربازو ڕزگار دەبی، ئەوەش زۆر یارمەتیدەری مرۆڤە کە ڕاوەستاوو خۆڕاگر بێ و بە چۆکدا نەیەت .

مەسەلەی شەشەم و کۆتایی: ئامۆژگاریی کردنی یەعقووب بۆ کوڕەکانی، کە بچن بە دوای یوسوف و برایەکەی دا بگەڕێن و، لێیان بخەفتێن و، لە بەزەیی و دەرووی خێری خوا نائومێد نەبن:

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ يَٰبَنِيَّ ٱذۡهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَاْيۡـَٔسُواْ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ٨٧ ﴾.

توێژینەوەی ئەم ئایەتە لە چوار بڕگەدا

١) - ﴿ يَٰبَنِيَّ ٱذۡهَبُواْ ﴾، ئەی کوڕەکانم! بڕۆن، بۆ کوێ بچن؟ یانی: (اذهَبوا إلى مِصرَ)، بچنەوە بۆ میسر، بچنەوە بۆ ئەو وڵاتەی هەر سێ کوڕەکانی لێ گرفتار بوون، دیارە یەعقووب ﷺ گومانێکی زاڵی بووە، یان ڕەنگە لەلایەن خواوە دڵنیا کرابێتەوە، کە یوسوفیش هەر لە میسرە، بۆیە دەڵێ: ﴿ يَٰبَنِيَّ ٱذۡهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ ﴾، ئنجا یان گومانێکی زاڵی بووە، یاخود خوا دڵنیای کردۆتەوە کە یوسوفیش هەر لە میسرە ماوە.

٢) - ﴿ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ ﴾، بخەفتێن، بگەڕێن بە دوای یوسوف و برایەکەی دا.

(التحَسُّسُ: شدَّةُ الطَّلَبِ وَالتعَرُّفِ، وَهُوَ أَعَمُّ مِنَ التَجَسُّسِ، فَهُوَ تَطَلُّبٌ مَعَ اخْتِفَاءِ وَتَسَتر)، (تَحَسُّسُ)، بریتیە لە زۆر بەدوای شتێکدا گەڕان و، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی، بەڵام (تَحَسُّسُ)، گشتییترە لە (تَجَسُّس)، چونکە (تَجَسُّس) بریتیە لەوەی کە ئینسان لە کاتی پەنهان داو، بە شێوەیەکی پەنهان و پەنامەکی لە شتێك بگەڕێ، بەڵام (تَحَسُّسُ)، گشتییە، چ بە پەنامەکیی، چ بە ئاشکرا.

هەڵبەتە بۆیە باسی برا گەورەکەیان ناکات، چونکە ئەو بۆ خۆی نەهاتۆتەوەو لە میسرەو، دەزانن ئەوە لەوێ ماوەو سەرەنجامی دیارەو، بۆ خۆی نەگەڕاوەتەوە، بۆیە یەعقووب ﷺ باسی کوڕە گەورەکەی ناکات .

٣) - ﴿ وَلَا تَاْيْـَٔسُوا مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ ﴾، لە بەزەیی خواش، لە دەرووی خێری خوا، نائومێد مەبن .

(رَّوْحِ ٱللَّهِ): (الـرَّوْحُ: الـنَّفَسُ، واسْـتُعِيرَ لِكَشْـفِ الكـربِ، لأَنَّ الكـربَ وَالـهَمَّ يُطْـلَقُ عَلَيْهِـما الغَـمُّ وَضِـيقُ الـنَّفَسِ وَضِـيقُ الصَّـدْرِ، وَمِنْـهُ قَوْلـهـم: تَـنَفَّسَ الصبْحُ، إذا زَالَـت ظُلْمَــة اللَّيْـلِ)، واتــە: (رَوْح) بــە مانــای هەناسەدانــەو، خوازراوەتــەوە بــۆ لاچوونی خــەمو خەفــەتو دەروو لێکرانــەوە، چونکــە خەفــەتو دڵ نارەحەتیــی، وشــەی (غــم)یــان بــۆ بەکــاردێو، وشــەی تەنگەنەفەسییو، سینە تەنگییو تەنگە نەفەسییان بۆ بەکاردێ، ئنجا (رَوح)، بریتیە لە هەناسەدان، (چونکە ئینسان بەچی دڵی تەنگ دەبێو پشووی سوار دەبێ ؟ بێگومان بە هۆی کەمیی هەواوە، کە مەجالی نیە هەناسە هەڵکێشێ، بەلام کە هەناسەی هەڵکێشا، کە ئۆکسجینە، ئەو کاتە جۆرێك لە فەرەحنایی بۆ دێ، ئەگەر پێشێ سینەی هاتۆتەوە یەكو پشووی سوار بووە، ئنجا دڵی دەکرێتەوەو سینەی گوشاد دەبێ)، یاخود مەبەست لە (رَوح)، بەزەیی خوایە، چونکە بەزەیی خوا هۆکارە بۆ ئاسوودەیی مرۆڤو فەرەحنایی هاتن بۆ مرۆڤ، بۆیە توێژەرەوانی قورئان وشەی (رَوح)یان بە دەرووی خێر، یان بە بەزەیی خوا، لێك داوەتەوە، کە لە ئەسڵدا وشەی (رَوح)، یانی نەفەس کێشانو هەناسە هەڵمژین .

٤) - ﴿ إِنَّهُۥ لَا يَاْيْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴾، بێگومان هیچکەس لە دەرووی خێری خواو فەرەحنایی خواو لە بەزەیی خوا، نائومێد نابێ، بێجگە لە کۆمەڵی کافران، چونکە ئیماندار خوای پەروەردگار دەناسێ، کە خاوەنی بەزەییو کەرەمی بێسنوورو لوتفو بەخششی بێسنوورە، بۆیە هەرگیز نائومێد نابێ، دەستی لە هەموو پچکان نابڕێو، قەت پێی وانیە

کە لە ژێر درەختێکە هیچ گەڵای پێوە نین ! ئەوانەی کە نائومێد دەبن لە بەزەیی خوا، لەبەر ئەوەیە کە خوا ناناسن، هەر کەسێك خوا بناسێ، دەزانێ کە سیفەتەکانی خوا، چ بەزەیی خوا، چ زانیاریی خوا، چ حیکمەتی خوا، چ دەستەڵاتی خوا، چ کەرەمو بەخششی خوا، سنووری نیە، ئنجا کە سنووری نیە، یانی: بەشی هەموو کەسو هەموو شتێك دەکاتو، بەشی هەموو حاڵان دەکات، ﷻ خوا لە بەزەییو بەخششو کەرەمی بێسنووری خۆی زیاترمان پێ بدات.

خوایە ! هەمیشە بە رەحمەتی خۆتەوە بمانژیێنەو، هەمیشە بە کەرەمو سۆزو بەزەیی خۆت، مامەڵەمان لەگەڵدا بکەو، بە خراپەو بە کردەوە خراپەکانی ئێمە، لەگەڵ ئێمەدا مامەڵە مەکە.

ئیدی بەو شێوەیە یەعقووب ﷺ ئامۆژگاریی کورەکانی دەکات، کە بچن خەفتان بکەن لە یوسوفو لە برایەکەیو سۆراخیان بکەن، کە لە دەرسی داهاتوودا ، ئاکامی ئەو سۆراخ کردنو لێ خەفتانەمان بۆ دەردەکەوێ.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی سێزدەیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان ئاڵقەی دوازدەیەمی زنجیرەی بەسەرهاتی یوسوفی تێدایەو، لە یازدە (١١) ئایەت پێك دێ، ئایەتەكانی: (٨٨ تاكو ٩٨)، لەو یازدە ئایەتەدا: باسی چوونەوەی كوڕەكانی یەعقووب ﷷ بۆ میسر، بۆ جاری سێیەم كراوە، كە بۆ ئازووخە چوو بوون‌و، بە دەستمایەیەكی خراپ‌و كەم‌و كورتەوە چوو بوون، یوسوف ﷷیش خۆییان پێ دەناسێنێ‌و، نەرمە گلەیەكیشیان لێدەكات‌و، ئەوانیش پۆزشی بۆ دێننەوەو، دان بە هەڵەی خۆیاندا دێنن، ئەویش دەڵێ: گلەییتان لێناكەم لەمڕۆ بە دواوەو، خواش لێتان ببوورێ .

دوایی كراسەكەی خۆییان دەداتێ كە بۆ بابی ببەن، تاكو چاوی چاكببنەوەو، پێشیان دەڵێ: كە هەموویان بێن بۆ میسر، لەبەر ئەوەی لە وڵاتی خۆیان گرانیی‌و قات‌و قڕیی بووە.

پاشان بابیان لە دوورەوە بۆنی كراسەكەی یوسوف دەكات، بەڵام كوڕەكانی ڕەخنەی لێ دەگرن، كە تۆ هەر لە بە هەڵەداچوونی پێشووت دای، بەڵام كە مزگێنییدەر دێ‌و، كراسەكەی یوسوف بەسەر دەموچاوی یەعقووبدا دەدا، یەكسەر چاوەكانی چاك دەبنەوەو، كوڕەكانیشی داوای لێبوردنی لێ دەكەن، داواشی لێدەكەن كە داوای لێبوردنیان لە خوا بۆ بكات، ئەویش گفتیان پێ دەدات كە لە كاتی گونجاودا، داوای لێبوردنیان لە خوا بۆ دەكات، چونكە خوا خاوەنی ئەوپەڕی لێبوردەیی‌و میهرەبانییە .

﴿ فَلَمَّا دَخَلُوا۟ عَلَيْهِ قَالُوا۟ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهْلَنَا ٱلضُّرُّ وَجِئْنَا بِبِضَـٰعَةٍ مُّزْجَىٰةٍ
فَأَوْفِ لَنَا ٱلْكَيْلَ وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَآ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ يَجْزِى ٱلْمُتَصَدِّقِينَ ﴿٨٨﴾ قَالَ هَلْ عَلِمْتُم مَّا
فَعَلْتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنتُمْ جَـٰهِلُونَ ﴿٨٩﴾ قَالُوٓا۟ أَءِنَّكَ لَأَنتَ يُوسُفُ ۖ قَالَ أَنَا۠
يُوسُفُ وَهَـٰذَآ أَخِى ۖ قَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْنَآ ۖ إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ
أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٩٠﴾ قَالُوا۟ تَٱللَّهِ لَقَدْ ءَاثَرَكَ ٱللَّهُ عَلَيْنَا وَإِن كُنَّا لَخَـٰطِـِٔينَ
﴿٩١﴾ قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ ۖ يَغْفِرُ ٱللَّهُ لَكُمْ ۖ وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٩٢﴾
ٱذْهَبُوا۟ بِقَمِيصِى هَـٰذَا فَأَلْقُوهُ عَلَىٰ وَجْهِ أَبِى يَأْتِ بَصِيرًا وَأْتُونِى بِأَهْلِكُمْ
أَجْمَعِينَ ﴿٩٣﴾ وَلَمَّا فَصَلَتِ ٱلْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّى لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ ۖ لَوْلَآ
أَن تُفَنِّدُونِ ﴿٩٤﴾ قَالُوا۟ تَٱللَّهِ إِنَّكَ لَفِى ضَلَـٰلِكَ ٱلْقَدِيمِ ﴿٩٥﴾ فَلَمَّآ أَن جَآءَ ٱلْبَشِيرُ
أَلْقَىٰهُ عَلَىٰ وَجْهِهِۦ فَٱرْتَدَّ بَصِيرًا ۖ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّىٓ أَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ
﴿٩٦﴾ قَالُوا۟ يَـٰٓأَبَانَا ٱسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَآ إِنَّا كُنَّا خَـٰطِـِٔينَ ﴿٩٧﴾ قَالَ سَوْفَ أَسْتَغْفِرُ لَكُمْ
رَبِّىٓ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٩٨﴾ ﴾.

مانای وشــه به وشـەی ئایـەتـەکـان

{ئنجا کاتێك (برایەکانی یوسوف) لێی وە ژوور کەوتن، (چوونە ئەو شوێنەی کە یوسوف تێیدا دادەنیشت بۆ سەرپەرشتیکردنی فرۆشتنو پێوانی ئازووخە)، گوتیان: ئەی عەزیز! خۆمانو کەسوکارمان برسیەتییو نەدارییمان تووش بووەو، دەستمایەیەکی کەمو نەویستراومان پێیە، دەسا بەتەواویی ئازووخەمان بۆ بپێوەو خێرمان پێ بکە، بەدڵنیایی خوا پاداشتی بەخشەران دەداتەوە ﴿٨٨﴾ (یوسوف) گوتی: ئایا دەزانن چیتان بەسەر یوسوفو برایەکەی هێنا، لە کاتێکدا کە ئێوە نەزان بوون! ﴿٨٩﴾ گوتیان: ئایا بەڕاستیی تۆی یوسوف؟ گوتی: من یوسوفمو ئەمەش برایەکەمە (بنیامین) مسۆگەر خوا چاکەی لەگەڵمان دا کرد، بە دڵنیایی هەر کەس پارێز بکاتو خۆڕاگر بێ، بێگومان خوا پاداشتی چاکەکاران نافەوتێنێ ﴿٩٠﴾ گوتیان: بە خوا خوا تۆی بەسەرماندا هەڵبژاردو، بێگومان ئێمە خراپەکار بووین ﴿٩١﴾ (یوسوف) گوتی: ئەمڕۆ (لەلایەن منەوە) هیچ گلەییو سەرزەنشتتان لەسەر نیە، خواش لێتان ببووریو، ئەو بە بەزەییترینی بە بەزەییانە ﴿٩٢﴾ ئەم کراسەم ببەن بەسەر ڕووی بابمی دا بدەن (کوێرییەکەی نامێنێو) بینا دەبێتەوەو، تێکڕای کەسوکارتانم بۆ بێنن (بۆ میسر) ﴿٩٣﴾ کاتێك کاروانەکە (لە سنووری شار دەرچوو و) جیابۆوە، بابیان گوتی: ئەگەر بە خەڵەفاوم دانەنێن، بە دڵنیایی من بۆنی یوسوف دەکەم ﴿٩٤﴾ (خزمو کەسەکانی) گوتیان: بە خوا هەر لە بە هەڵەدا چوونەکەی پێشووت دای! ﴿٩٥﴾ ئنجا کاتێك مزگێنی هێن هاتو کراسەکەی (یوسوفی) بەسەر دەموچاوی دادا، یەکسەر یەعقووب بینا بۆوە، گوتی: ئەدی پێم نەگوتن: شتێك لەلایەن خواوە دەزانم، کە ئێوە نایزانن! ﴿٩٦﴾ گوتیان: ئەی بابی خۆمان! بێگومان ئێمە تاوانبار بووین، دەجا داوای لێبوردنمان لە گوناهەکانمان (بۆ لە خوا) بکە ﴿٩٧﴾ گوتی: بە دڵنیایی داواتان بۆ لە پەروەردگارم دەکەم، بە ڕاستیی ئەو لێبوردەی بە بەزەییە ﴿٩٨﴾}.

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(مَسَّنَا): واتە: تووشمان بوو، بەسەرمان هات، (المَسُّ: يُقَالُ في كُلِّ ما يَنالُ الإنسانَ من أذىً)، وشەی (مَس)ی بەكاردێ بۆ هەر ئازارێك كە تووشی مرۆڤ دێ، ﴿مَسَّنَا وَأَهْلَنَا ٱلضُّرُّ﴾، خۆمانو ماڵو خێزانمان، یان خۆمانو كەسوكارمان زیانمان پێ گەیشت، ئازارمان پێ گەیشت، واتە: ئازاری برسیەتیی‌و نەداریی‌و تەنگ دەستیی.

(وَجِئْنَا بِبِضَٰعَةٍ مُّزْجَىٰةٍ): واتە: بەهایەكی، دەستمایەیەكی نەویستراومان هێناوە، (البِضَاعَةُ: قِطعَةٌ وافِرَةٌ مِنَ المالِ تُقتَنَى للتِّجارة)، واتە: (بِضَاعَة) بریتیە لە ئەندازەیەك لە ماڵو سامان كە بۆ بازرگانیی پێكردن هەڵدەگیرێ.

(والتَّزجية: دَفعُ الشيءِ لِيَنساقَ)، (تَزْجِية) بریتیە لە پاڵ پێوەنانی شتێك بۆ ئەوەی بڕوا، (المُزْجاة: القَليلة التي لا يُرغَبُ فيها، فكأنَّ صاحِبَها يُزْجيها أي يدفعها بكُلْفَةٍ لِيُقبَلَ)، (مُزْجاة) شتێكی كەم‌و نەویستراوەو خەڵك ئارەزووی بۆ نیە، خاوەنەكەی هەر پاڵی پێوە دەنێ، بۆ ئەوەی وەربگیرێ .

(وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَآ): واتە: خێرمان پێ بكە، چاكەمان لەگەڵ دا بكە، (صَدَّقَ وَتَصَدَّقَ، الصَّدَقة: ما يُخرجُهُ الإنْسانُ مِن مالِهِ على وَجهِ القُرْبة)، (صَدَقة)، بریتیە لەو ماڵو سامانەی كە مرۆڤ بە شێوەی لە خوا وەنیزیك كەوتنەوە، لە ماڵی خۆی دەیبەخشێ .

(ءَاثَرَكَ ٱللَّهُ عَلَيْنَا): واتە: خوا تۆی بەسەر ئێمەدا هەڵبژاردوە، چونكە دەڵێ: (الإيثَارُ: التَّفْضيلُ بالعَطاء)، (إيثار) ئەوەیە كە تۆ لە بەخشیندا، كەسێك بەسەر كەسێكدا هەڵبژێری، خوا دەفەرموێ: ﴿بَلْ تُؤْثِرُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿١٦﴾﴾ الأعلى، واتە: بەڵكو ئێوە ژیانی دنیا بەسەر دواڕۆژدا هەڵدەبژێرن .

(لَا تَثۡرِيبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡيَوۡمَ): واتە: ئا ئەمڕۆ هیچ گلەییو سەرزەنشتتان لەسەر نیەو، لۆمەو سەرکۆنە ناکرێن، دەڵێ: (التَّثرِيبُ: التَّقْرِيعُ والتَقرِيرُ بالذَّنْبِ، والثَّرْبُ: شَحْمَةٌ رَقِيقَةٌ)، (تثریب)، بریتیە لەبەر چاودادانەوەو سەرکۆنە کردنو سەرزەنشت کردن، وابکەی کە کەسی بەرانبەر دان بە هەڵەکەی دابنێ، وشەی (ثَرْب)یش بە چەورییەکی تەنك دەگوترێ .

(تُفَنِّدُونِ): (التَفْنِيدُ: نِسبةُ الإِنْسانِ إلى الفَنَدِ وَهُوَ ضَعْفُ الرَّأيِ)، (تَفنید) بریتیە لەوە کە ئینسان پاڵبدرێتە لای (فَنَد)، (فَنَد)یش، بریتیە لەوە کە ئینسان ڕایەکەی بێهێز بێ، بۆچوونەکەی بێهێز بێ، یان تێگەیشتنەکەی بێهێز بێ، لە مەسەلەیەکی دیاریی کراودا، یان بە گشتی .

(ٱلۡبَشِيرُ): (البَشيرُ: فَعِيلُ بمَعْنى مُفْعِلْ: المُبَشِر)، (بشیر)، (فَعِیل)ە، بەلاّم بە مانای (مُفْعِل)ە، واتە: مـوژدەدەر، یاخود مزگێنیی هێن، لە کوردیی دا هەردووکیان بەکاردێن، موژدانە ئەوەیە کە لە بەرانبەر موژدە پێدانێکدا دەدرێ .

(رِيحَ): (الريحُ والرَّائِحَةُ: هِيَ ما يَعْبَقُ مِن طِيبٍ تُدْرِكُه حَاسةُ الشَّمِ)، (رِیح) یانی: (رَائِحَة)، بریتیە لەو بۆنە خۆشەی کە هەستی بۆنکردن، دەرکی پێدەکات .

مانـای گـشــتـی ئـایـەتەکــان

لێرەشدا دیسان قرتێنراوی بە سیاق و سەلیقە زانراو زۆرە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَيۡهِ ﴾، کاتێك لێی وەژووركەوتن، واتە: دوای ئەوەی بابیان ئامۆژگاریی کردنو ڕێنمایی کردن، ڕۆڵە گیان! بچن لە یوسوفو لە برایەکەی بخەفتێن، سۆراخیان بکەن، پرسیار بکەن، ئەوە هەمووی قرتێنراوە کە: کوڕەکان ئامۆژگاریی بابیان وەرگرتو دووبارە خۆیان پێچایەوەو، لە کەنعانەوە بە ڕێکەوتن بەرەو میسر، و، گەیشتنە وێ، ئنجا کە گەیشتنە وێ، بارو ولاخەکانیان تاقەت کردو... هتد، بەلام هیچ پێویستی نەکردوە باس بکرێ، چونکە بە سیاقو سەلیقە دەزانرێو، یەکسەر دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَيۡهِ ﴾، کاتێك لێی وە ژوور کەوتن، واتە: چوونە ژوور ئەو شوێنەی کە یوسوفی تێدا بوو، کە دیارە بارەگایەك بووە، مەنزڵگایەك بووە، بۆ یوسوف ﷺ وەك عەزیزی میسر، وەك بەرپرسی ئازووقە لە وڵاتی میسرداو، سەرپەرشتیاری دابەشکردنو کۆکردنەوەو پاراستنیو فرۆشتنیو پێوانی .

کاتێك لێی وە ژوور کەوتن، ﴿ قَالُواْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلۡعَزِيزُ ﴾، گوتیان: ئەی عەزیز! ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لەو کاتەدا یوسوف ﷺ بۆتە عەزیری میسر، ئنجا وەك زانایان دەڵێن: یان هەر بەرپرسێك وشەی عەزیزی بۆ بەکارهێنراوە، عەزیز یانی: دەستڕۆیشتوو، بالا دەستو، زاڵ، یان ئەوەتا: (عەزیز) بەرپرسیارێتێکی ئیداریی بووە، پلەو پۆستێك بووە، کە بە یوسوف دراوە ﷺ، دەبێ وێڕای ئەو ئیشەی خۆی، کە بریتی بووە لە سەرپەرشتییکردنی ئازووخەو دەغڵو دانو کاروباری ئابووریی لە میسردا، ئەو پلەیەشی وەرگرتبێ، یاخود بە حوکمی ئەو پلەیە، سەرپەرشتیی ئازووخەو دەغڵو دانی کردوە لە میسردا.

گوتیان: ئەی عەزیز! ﴿مَسَّنَا وَأَهْلَنَا ٱلضُّرُّ﴾، زیان تووشی خۆمانو ماڵو خێزانمان بووە.

وشەی (ٱلضُّرُّ)، هەر ئازارێکە کە تووشی مرۆڤ دێ، بەڵام بە پێی سیاقو شوێن دەوردەکەوێ، کە ئەو (ٱلضُّرُّ)ە، لێرەدا مەبەست پێی برسیەتیو هەژارییو نەدارییە، خۆمانو ماڵو خێزانمانو کەسوکارمان، تووشی هەژارییو نەداریی بووین، ﴿وَجِئْنَا بِبِضَٰعَةٍ مُّزْجَىٰةٍ﴾، دەستمایەیەکی نەویستراوو کەمو کورتمان هێناوە، دیارە ئەو دەستمایەی پێیان بووە، کە ئازووخەو دەغڵو دانی پێ بکڕن، کەم بووەو، بارتەقای ئەو دەغڵو دانە نەبووە، کە ویستوویانە لەگەڵ خۆیانی بەرنەوە، بۆیە گوتوویانە: کەلوپەلێك، یاخود دراوێك، یاخود دەستمایەیەکی نەویستراوو پاڵ پێوەنراوو کەمو کورتمان هێناوە، ﴿فَأَوْفِ لَنَا ٱلْكَيْلَ وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَآ﴾، بەڵام تۆ پێوانەمان بۆ تەواو بکە، خێریشمان پێ بکەو چاکەمان لەگەڵدا بکە، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَجْزِى ٱلْمُتَصَدِّقِينَ﴾، بێگومان خوا پاداشتی خێرکەرانو بەخشەرانو چاکەکاران دەداتەوە، واتە: لێی دەپاڕێنەوە! بێگومان حاڵو مەقامەکە، حاڵو مەقامێکی زۆر هەست جووڵێن بووە، زۆر وروژێنەر بووە، بۆیە یوسوف وا پێدەچێ عاتیفەو سۆزی برایەتییو، سۆزو پەرۆشی مرۆڤایەتییو خزمایەتیی، بۆ ئەوانو بۆ بابو دایكو خزمەکانی، لەوێ بەسەریدا زاڵ بووە، کە هێندە باسی هەژارییو نەدارییو کولە مەرگیی خۆیانیان بۆ کردوە، ئیدی یەکسەر خۆییان لێ ئاشکرا دەکات.

﴿قَالَ هَلْ عَلِمْتُم مَّا فَعَلْتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنتُمْ جَٰهِلُونَ﴾، (یوسوف ﷺ) گوتی: ئایا دەزانن چیتان بەسەر یوسوفو برایەکەی هێنا، لە کاتێکدا کە نەزان بوون؟ ئەمە جۆرێکە لە پۆزش بۆ هێنانەوەشیان، جۆرێکە لە ئاگر بڕلێکردنیان، واتە: ئەو کاتەی ئەوەتان کرد: ئێوە نەزان بوون، نەتاندەزانی، نەفام بوون، تازە دەگەیشتنێ، هەر خوا دەزانێ: چل (٤٠) ساڵ، یان سی (٣٠) ساڵی کەوتۆتە

بەینێ، یان لانی کەم: بیست (٢٠) ساڵی کەوتۆتە بەینێ، چەندی کەوتۆتە بەین، کە دیارە ئەوانیش ئەو کاتە گەنج بوونو، بە تەئکید دوای ئەو بیست، سی، چل (٢٠ – ٣٠– ٤٠) ساڵە، کە یوسوف لێیان دوورکەوتۆتەوە، عەقڵو هۆشیان کامڵتر بووەو ئەزموونیان زیاتر وەرگرتوە، واتە: لێرەدا یوسوف جۆرێك لە ئاگر بڕیان بۆ دەکات، کە ئێوە ئەو کاتە نەزان بوونو نەتاندەزانی بۆیە واتان لە یوسوفو برایەکەی کرد، ئایا دەزانن چیتان بەسەر هێنان؟ ﴿ قَالُوٓاْ أَءِنَّكَ لَأَنتَ يُوسُفُ ﴾، گوتیان: ئایا تۆ یوسوفی؟ ﴿ قَالَ أَنَا۠ يُوسُفُ وَهَٰذَآ أَخِي ﴾، گوتی: بەڵێ من یوسوفمو ئەوەش برایەکەمە، واتە: برای دایکیمە، دەنا ئەوانیش لە باببییەوە هەر براینی، ﴿ قَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَآ ﴾، بە مسۆگەریی خوا چاکەی لەگەڵ ئێمەدا کرد، ﴿ إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصۡبِرۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾، بێگومان هەر کەسێك پارێز بکاتو، خۆڕابگرێ، بەدڵنیاییی خوا پاداشتی چاکەکاران ون ناکات، زایەی ناکات، نافەوتێنێ .

﴿ قَالُواْ تَٱللَّهِ لَقَدۡ ءَاثَرَكَ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا ﴾، گوتیان: بە خوا، خوا تۆی بەسەر ئێمەدا هەڵبژارد، واتە: بەهۆی ئەو کردەوە چاکانەو، بەهۆی ئەو سیفەتە بەرزانەو، بەهۆی ئەو مەعدەنە پاکەتەوە، خوا تۆی بەسەر ئێمەدا هەڵبژاردوەو لە ئێمە چاکتری، ﴿ وَإِن كُنَّا لَخَٰطِـِٔينَ ﴾[1]﴿ وَإِن كُنَّا لَخَٰطِـِٔينَ ﴾، یانی: بە تەئکیدیش ئێمە تاوانبارو گوناهبار بووین بەرانبەر بە تۆ، ﴿ قَالَ لَا تَثۡرِيبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡيَوۡمَ ﴾، (یوسوف) گوتی: ئەمڕۆ هیچ سەرزەنشتو گلەییتان لێ ناکرێ، واتە: لەلایەن منەوە، نابیستن گلەییتان لێ بکەمو سەرزەنشتتان بکەم، ئەوەی پێشێشی لە ڕاستییدا، ئاگر بڕبوو لێیان .

سبحان الله! تەماشای ئەو کەرەمەی یوسوفو، ئەو ڕەوشتە بەرزەی یوسوف ﷺ بکەن! خوا لە خۆوە ڕێز لە کەس نانێ !

---

[1] ئەم (إن)ە، (إن)ی (مُخَفَّفَة)یە لە (مُثَقَّلَة)و بۆ تەئکیدە.

ئەوەی پێشێشی کە دەڵێ: ﴿ هَلْ عَلِمْتُم مَّا فَعَلْتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ ﴾، ئایا دەزانن چیتان کرد بە یوسفو بە برایەکەی، چیتان بەسەر هێنان ! ئەمە تەنیا بە بیرهێنانەوەیەو هیچی دی، ئنجا ئاگر بڕیشیان لێ دەکات، ﴿ إِذْ أَنتُمْ جَٰهِلُونَ ﴾، ئەو کاتە ئێوە نەزان بوون، نەفام بوون، ئەگەر زانیباتانو وەك ئێستا تێگەیشتووبان، پێگەیشتووبان، ئەوەتان نەدەکرد، یانی: گلەیی لێکردنەکەشی بڕیتی بووە لە ئاگربڕ !

ئنجا دەڵێ: ﴿ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ ﴾، لە مڕۆ بەدواوە گلەییتان لێ ناکرێ، واتە: لەلایەن منەوە، ﴿ يَغْفِرُ ٱللَّهُ لَكُمْ ﴾، یانی: بە نسبەت هەقی خۆمەوە، گلەییتان لێ ناکەم، بە نسبەت مافی خواشەوە: داواتان بۆ دەکەم کە خوا لێتان ببووری، ﴿ وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴾، خواش بە بەزەییترینی خاوەن بەزەییانە .

ئەوە بە نسبەت خۆیانەوە .

پاشان دەفەرموێ: ﴿ ٱذْهَبُوا۟ بِقَمِيصِى هَٰذَا فَأَلْقُوهُ عَلَىٰ وَجْهِ أَبِى يَأْتِ بَصِيرًا ﴾، ئەم کراسەم بەرن، بەسەر دەم وچاوی بابمی دا بدەن، یەکسەر بینەر دەبێتەوەو چاوەکانی چاك دەبنەوە، ﴿ وَأْتُونِى بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ ﴾، ئنجا تێکڕای ماڵو خێزانو کەسوکارتانم بۆ بێنن، لەو دەشتو بیابانی کەنعانە مەمێنن، شوێنێکی بێ دەرامەتو قاقڕو دێمەکارە، وەرنە میسڕەوە، ﴿ وَلَمَّا فَصَلَتِ ٱلْعِيرُ ﴾، ئنجا کاتێك کاروانەکە جیابۆوە، واتە: لە دەروازەی شار، لە سنووری شار هاتە دەرو جیابۆوە لە شار، بەرەو کەنعان، هەر خوا دەزانێ چەند ڕۆژە ڕێ بووە! ﴿ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّى لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ ۖ لَوْلَآ أَن تُفَنِّدُونِ ﴾، بابی (کوڕەکان) گوتی: من بۆنی یوسف دەکەم، ئەگەر ئێوە بە خەلەفاوم دانەنێنو پاڵم نەدەنە لای بەهەڵەداچوون.

(فَنَد)، بریتییە لە ڕای بێهێز، بۆچوونی بێهێزو، نەزانییو نەفامیی لە مەسەلەیەکی دیاریکراودا .

﴿ قَالُواْ تَٱللَّهِ إِنَّكَ لَفِى ضَلَٰلِكَ ٱلْقَدِيمِ ﴾، گوتیان: بە خوا تۆ هەر لە بەهەڵەداچوونەکەی پێشووت دای .

لێرەشدا وشەی (ضَلال)، وەك لەم سوورەتەدا بە گشتی، وشەی (ضَلال) بە مانای بەهەڵەداچوون هاتوە، نەك گومڕا بوون لە ڕێی خوا، چونکە بە تەئکید کوڕەکانی ئەگەر بابیان بە گومڕاو سەرگەردانو سەرلێشێواو بە نسبەت خواوە، دانابایە، پێی کافر دەبوون، بە تەئکید مەبەستیش ئەوە نیە، واتە: تۆ هەر لەسەر هەڵەی پێشووت دەڕۆی، کە پێتوایە یوسوف هەر ماوە، یوسوف فەوتاوە، گورگ خواردوویەتیو، چی دیکە بە دوای کڵاوی خوار مەکەوەو، لە دوای چووان مەچوو .

ئنجا بە (ف)ی (تَعقِیب)، واتە: یەکسەر دوای ئەوە: ﴿ فَلَمَّآ أَن جَآءَ ٱلْبَشِيرُ ﴾ کاتێك کە مۆزدەدەر، هات، ﴿ أَلْقَىٰهُ عَلَىٰ وَجْهِهِۦ ﴾ فڕێیدایە سەر دەموچاوی، واتە: کراسەکەی یوسوفی هاویشتە سەر دەموچاوی یەعقووب، ﴿ فَٱرْتَدَّ بَصِيرًا ﴾ یەکسەر بینەر بوو، یەکسەر گەڕایەوە بۆ حاڵەتی بینینو حاڵەتی کوێرییەکەی لاچوو، هەڵبەتە ئەوە وەك حاڵەتێکی موعجیزە بووە، ئنجا بێگومان بە نسبەت خوای پەروەرگارەوە کە موعجیزەکانیش ڕوودەدەن، ئەویش بێگومان یاسای خۆی هەیە، بەلام بۆ ئێمە: یاسا دڕ (خارق العادة)ە، یانی: وەك: حاڵەتی ئاسایی: کەسێك کوێر بێ، کراسێك بەسەر دەموچاوی دابدرێ، چاك نابێتەوە لە ڕووی پزیشکییەوە.

کەواتە: موعجیزەیە، بەلام موعجیزەش مانای وانیە لەلای خوای باڵادەستو زاڵ، یاسایەکی نیە، هەیەتی، بەلام بێگومان بۆ ئێمە، شتێکی نادیارە، بۆیە ئێمە بە موعجیزەکان دەڵێین: یاسادڕ (خارق العادة)، واتە: ئەو یاسایەی کە ئێمە دەیزانینو بۆ ئێمە زانراوە، ئەو یاسایە دەدڕێو، ڕوودانی موعجیزە بە پێی جۆرە یاسایەکی دیکەیە، کە ئێمە نازانین چۆنە ؟

﴿ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّيٓ أَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾، (یەعقووب عليه السلام) پێی گوتن: ئەدی پێم نەگوتن : من لەلایەن خواوە شتێك دەزانم، كە ئێوە نایزانن ؟ من دەمزانی كە یوسوف هەر ماوە .

﴿ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا ٱسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَآ إِنَّا كُنَّا خَٰطِـِٔينَ ﴾، گوتیان: ئەی بابی خۆمان! داوای لێبوردنمان لە خوا بۆ گوناهەكانمان بكە، بێگومان ئێمە خەتابار بووین، تاوانبار بووین: بە نسبەت تۆوەو بە نسبەت یوسوفەوە، واتە: دان بە هەڵەی خۆیاندا دێنن، ﴿ قَالَ سَوْفَ أَسْتَغْفِرُ لَكُمْ رَبِّيٓ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾، گوتی: بێگومان داوای لێبوردنتان بۆ لە پەروەردگارم دەكەم، بە دڵنیاییەوە ئەو لێبوردەی بە بەزەییە، بۆیە: لێتان دەبووریٚو بەزەیی پێتان دادیٚ .

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم: چوونی برایەکانی یوسوف ﷺ بۆ میسرو، لێ وە ژوور کەوتنیو، داوا لێکردنی کە هەرچەندە دەستمایەیەکی کەمو کورتیان پێیە، بەڵام ئازووخەی تەواویان بداتێو، بە تەواویی بۆیان بپێوێو، خێرو چاکەیان لەگەڵدا بکات:

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَيْهِ قَالُواْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهْلَنَا ٱلضُّرُّ وَجِئْنَا بِبِضَـٰعَةٍ مُّزْجَىٰةٍ فَأَوْفِ لَنَا ٱلْكَيْلَ وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَآ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ يَجْزِى ٱلْمُتَصَدِّقِينَ ﴿٨٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە حەوت برگەدا

١) - ﴿ فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَيْهِ ﴾، ئنجا دوای ئەوەی لێی وە ژوورکەوتن، چوونە ژوور ئەو شوێنەی کە ئەو لێی بوو، واتە: یوسوف لێی بوو، شوێنی حوکمڕانیی.

بۆچی بە (ف) دەستی پێکردوە؟ دەڵێ: (الفاءُ عاطِفة لكَلامٍ مُقَدَّرٍ دَلَّ عَلَيهِ المَقَام)، (ف)ی سەر﴿ فَلَمَّا ﴾، ئەو ڕستەیە دەگێڕێتەوەو بای دەداتەوە، بۆ سەر قسەیەکی پێشوو، کە بە پێی سیاقو مەقام دەزانرێ، واتە: لە کەنعانەوە بە ڕێکەوتنو ڕێگایان بڕی، ڕۆیشتن گەیشتنە میسرو لە دەروازەکان چوونە ژوور، ﴿ فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَيْهِ ﴾، ئنجا دوای ئەو قۆناغانە: کاتێك لێی وەژوور کەوتن.

٢) - ﴿قَالُواْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْعَزِيزُ﴾، گوتیان: ئەی عەزیز! عەزیز لە زمانی عەرەبیدا بە مانای دەستڕۆیشتوو و حوکمڕانو باڵادەست دێ، ئنجا ئایا مەبەستیان هەر ڕێز لێنان بووەو، ئەو کاتە لە میسر هەر کەسێك کە بەرپرس بووبێ، حوکمڕانو دەستڕۆیشتوو بووبێ، لە هەر پلەیەکدا بووبێ، پێی گوتراوە: عەزیز، یاخود یوسوف وێڕای ئەوەی کە بەرپرسی کاروباری ئابووریی‌و دارایی بووە، لە میسردا، ئەو پێگەیەی عەزیزی میسریشی پێ سپێردراوە، کە بە پێی پەیمانی کۆن بێ، دەڵێ: سەرۆکی پاسەوانەکانی پادشا بووە، هەردوو لای ئەگەریان هەیە، گوتیان: ئەی عەزیز! واتە: پیاوی دەستڕۆیشتوو، یان ئەو کەسەی کە ئەو پێگەو پۆستە دیاریکراوەت هەیە، لە میسردا .

٣) - ﴿مَسَّنَا وَأَهْلَنَا ٱلضُّرُّ﴾، خۆمانو خاوو خێزانمان، خۆمانو کەسوکارمان زیانو ئازارمان پێگەیشتوە .

(ٱلضُّرُّ)، بریتیە لە هەر ئازارێك کە تووشی ئینسان دێ، بەڵام بە پێی سیاق‌و شوێن دیاریی دەکرێ، ماناکەی چییە؟ کە لێرە بە تەئکید مەبەست پێی: هەژاریی‌و نەداریی‌و کەم دەرامەتییە، واتە: خۆمانو خاووخێزانمانو کەسوکارمان، تووشی هەژاریی‌و نەداریی بووین .

٤) - ﴿وَجِئْنَا بِبِضَـٰعَةٍ مُّزْجَىٰةٍ﴾، ئنجا کەلوپەلێکی نەویستراومان هێناوە .

(بِضَاعَة) پێشتریش باسمان کرد: بە مانای کەلوپەلێکە کە بۆ بازرگانیی پێکردن، دانراوە، ئنجا چ دراوو پارەی نەختینە بێ، چ کەلوپەلو شمەك بێ، هەردووکیان دەگرێتەوە، واشپێدەچێ، زیاتر مەبەست پێی دراوو پارە بوو بێ .

(مُزْجاة)، یانی: نەویستراو، (المُزْجاةُ: القَلِيلَةُ الَّتِي تُدْفَعُ إلى الطالِبِ دَفْعاً لِيَقْبَلَهُ)، (مُزْجاة) ئەو پارەو بەهاو دەستمایە کەمەیە کە بە پاڵ پێوەنران پاڵ پێوەدەنرێ، بۆ لای بەرانبەر، ئەو کەسەی داوای دەکات، بۆ ئەوەی قبووڵی بکاتو وەریبگرێ، واتە: دەستمایەیەکی کەممان هێناوە، پارەیەکی کەمو کورتمان هێناوەو، زۆریش ئاتاجو موحتاجین .

٥) - ﴿ فَأَوۡفِ لَنَا ٱلۡكَيۡلَ ﴾، پێوانەمان بۆ تەواو بکە، یانی: (أَتِمَّ لَنَا الكَيْلَ)، ئنجا (ٱلۡكَيۡلَ)، یان چاوگە (مصدر)ە، یاخود (مَفعُولٌ بهِ)یە :

١- ﴿ فَأَوۡفِ لَنَا ٱلۡكَيۡلَ ﴾، واتە: پێوانمان بۆ تەواو بکە.

٢- یاخود ﴿ فَأَوۡفِ لَنَا ٱلۡكَيۡلَ ﴾، یانی: ئەوەی پێوراومان بۆ تەواو بکە، ئەوەی کە دەپێورێ، کە هەر یەك مانایان هەیەو، دەچنەوە سەر یەك واتا .

٦) ﴿ وَتَصَدَّقۡ عَلَيۡنَآ ﴾، چاکەشمان لەگەڵ بکە، لێرەدا ﴿ وَتَصَدَّقۡ عَلَيۡنَآ ﴾، یانی: خێرمان پێبکە، چاکەمان لەگەڵ بکە، (صَدَقـة)ش، بریتیە لە بەخشینێك بە بێ بەرانبەر، بەبێ ئەوەی ئەو کەسەی پێی دەبەخشرێ، مافی بێ، لە کوردییدا پێی دەڵێن: خێرکردن، چاکەکردن، بەخشین .

ئنجا لێرەدا کە دەڵێن : ﴿ وَتَصَدَّقۡ عَلَيۡنَآ ﴾، دوو واتای هەن :

یەکەم : واتە: باش بۆمان بپێوە، هەرچەندە دەستمایەکەمان، پارەکەمان، بایی ئەوەندە نیە، بەڵام تۆ وەك ئەوەی قیمەتو دەستمایەی تەواومان هێنابێ، ئاوا ئازووخەمان بۆ بپێوە.

دووەم : ﴿ وَتَصَدَّقۡ عَلَيۡنَآ ﴾، یانی: چاکەو خێرمان پێ بکەو، برایەکەمان کە لە لای خۆت گلتداوەتەوەو کردووتە بە کۆیلە، بۆمان ئازاد بکە، یاخود لەگەڵمان بنێرە .

ئیشکالێک و وەڵامەکەی

(إبن العَرَبي)، لە (أحكامُ القُرآن)[1]دا، پرسیارێك دەوروژێنێ، دەڵێ: (فَإنْ قِيلَ : فَكَيْفَ جازَ لَهُمْ أَنْ يَطْلُبوا الصَّدَقة وَهُم الأَنْبياءُ؟) .

چۆن بۆیان دروست بووە داوای خێر پێکران بکەن، لە حاڵێکدا کە ئەوانە پێغەمبەرن؟ (قُلْنا : عَنْهُ خَمْسَة أَجْوِبة:

أَحَدُها : لا يَعْلَمُ الْعُلَماءُ أَنَّهُمْ أَنْبياءٌ، وَآمَنا باللهِ وَمَلائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ.

الثَّاني : أَنَّهُمْ لَمْ يَكونُوا بَعْدُ أَنْبِياءَ .

الثَّالِثُ : أَنَّهُ لا يُعْلَمُ حَالُهُمْ مَعَ الصَّدَقة فِي شَرْعِهِمْ، فَلَعَلَّ ذَلِكَ كانَ مُباحاً لَهُمْ .

الرَّابِعُ : مَعْنَى تَصَدَّقْ: سامِحْ، لا أَصْلُ الصَّدَقة.

الْخامِسُ: قِيلَ: تَصَدَّقْ عَلَيْنا بِأَخِينا .

وَبِالْقَوْلَيْنِ الأَخِيرِينَ أَقُولُ).

پێنج جۆرە وەڵام دەداتەوە بۆ پرسیاری: چۆن ئەوانە داوای خێرپێکران و چاکە لەگەڵ کرانیان کردوە لە حاڵێك دا کە پێغەمبەریش بوون ؟!

<u>یەکەم</u> : زانایان نەیانزانیوە، کە ئەوانە پێغەمبەر بوو بن و بڕواسمان بە خوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی هەیە .

<u>دووەم</u> : ئەوانە ئەو کاتە کە داوای خێر پێکرانیان کردوە، جارێ نەبوونەتە پێغەمبەر و دوایی بوون بە پێغەمبەر .

---

١) ج ٣، ص ٧٧.

سێیەم : نازانرێ لە شەرعو بەرنامەی یەعقووبدا ﷺ کە لە بارەی بەخشینو خێر پێکردنەوە، حاڵیان چۆن بووە ؟ ڕەنگە لە بەرنامەی ئەواندا ڕەوا بووبێ .

چوارەم : کە دەڵێن: (تَصَدَّق)، واتە: لێمان ببوورە، نەك خێرمان پێبکە، واتە: چاوپۆشیمان لێبکە، کە ئەوەش لەگەڵ هەموو کەسدا دەگونجێ ببێ.

پێنجەم : گوتراوە: چاکەمان لەگەڵ بکە، بەهۆی برایەکەمانەوە، واتە: برایەکەمان وێبدەوە، پێمان ببەخشەوە .

ئنجا (إبن العَرَبي) دەڵێ : (وَبالْقَوْلَيْنِ الأَخِيرِينَ أَقُولُ)، واتە: من ڕام لەگەڵ دوو قسەی کۆتایی دایە، واتە : چوارەمو پێنجەم .

منیش دەڵێم : ئەو دووانە گونجاون، بەلاّم وەك پێشتر باسمان کرد: ئەو کوڕانە ناگونجێ پێغەمبەر بووبن، نە ئەو کاتەو نە دواییش، هیچ بەڵگەیەك نیە لەوبارەوە، چونکە بۆ بە پێغەمبەر لەقەڵەم دانی کەسێك، دەبێ بەڵگەی دڵنیاکەری لەسەر بێ، ئەسڵ ئەوەیە کە پێغەمبەر نینو بۆ ئیسپاتی ئەوە کە فلانکەس پێغەمبەرە، دەبێ بەڵگەیەکی دڵنیاکەرو یەکلایی کەرەوەمان هەبێ، کە بۆ کوڕەکانی یەعقووب جگە لە یوسوف ﷺ بەڵگەیەکی ئەوتۆ نیە، کەواتە: ئەو ئیشکالە هەر ئەسڵدا دروست نابێ، چونکە ئەو ئیشکالە لە کاتێکدا دروست دەبێ، کە دەڵێ: چۆن بۆیان دروست بووە داوای صەدەقە بکەن، کە پێغەمبەرن؟ بەلاّم کە سەلماندمان پێغەمبەر نین، کەواتە: وەك خەڵکی دیکەنو، چۆن خەڵکی دیکە بۆی ڕەوایە داوای خێر پێکرانو چاکە بکات، ئەوانیش بۆیان هەبووە .

کەواتە: هەر ئەسڵەن ئیشکالەکە ـ بە بۆچوونی من ـ لە جێی خۆیدا نیە، چونکە ئیشکالەکە لەسەر ئەوە دروست دەبێ، کە ئەوانە پێغەمبەر بن، بەلاّم مادام پێغەمبەر نەبوون، ئیشکالەکە دروست نابێ .

هەرچەندە مەرجیش نیە کە لەو وردەکارییانەدا، بەرنامەکانی پێغەمبەران وەك یەك بن، بە تایبەتیش پێغەمبەری کۆتایی (محمد)

کۆمەڵێك تایبەتمەندیی هەبوونو، دوورنیە صەدەقە پێ نەشیانیش لەو تایبەتمەندیانەی بوو بێ .

بڕگەی حەوتەم :- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَجۡزِى ٱلۡمُتَصَدِّقِينَ ﴾، بێگومان خوا پاداشتی خێرکەران، چاکەکەران، بەخشەران دەداتەوە، ئەمە بەڵگە هێنانەوەو هۆکار هێنانەوەیە، بۆئەوەی چاکەیان لەگەڵدا بکاتو، خێریان پێبکاتو، هاوکارییان بکات .

(القُرطُبي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، لەوبارەوە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ مَسَّنَا وَأَهۡلَنَا ٱلضُّرُّ ﴾، برسیەتیو ئاتاجییمان تووشبووە، دەڵێ: (وَفِي هَذَا دَلِيل عَلَى جَوَازِ الشَّكوى عِنْدَ الضرّ، أي الجُوعِ، بَل وَاجِبٌ عَلَيْهِ، إِذَا خَافَ عَلَى نَفْسِهِ الضرّ مِنَ الفَقْرِ وَغَيْرِهِ، أن يُبْدِي حَالَتَهُ إِلَى مَنْ يرجو مِنْهُ النَّفْع، كَمَا هُوَ وَاجِبٌ عَلَيْهِ أَنْ يَشْكو ما بِهِ مِنَ الأَلَمِ إِلَى الطَّبِيبِ لِيعالِجَه، وَلاَ يَكُون ذَلِكَ قَدْحاً فِي التوكّل، وَهَذَا ما لَمْ يَكُن التَشَكّي عَلَى سَبِيلِ التَسَخُّطِ، وَالصَّبْرُ وَالتجلُّدُ فِي النَوَائِب أَحْسَنُ وَالتَعَفّفُ عَنِ المَسألة أَفْضَلُ، وَأَحْسَنُ الكَلاَمِ فِي الشكوى: سُؤَالُ المولَى: زَوَال البَلْوَى) .

واتە: لەوەدا کە دەڵێن: ﴿ مَسَّنَا وَأَهۡلَنَا ٱلضُّرُّ ﴾، بەڵگە هەیە لەسەر ئەوە کە دروستە لە کاتی ئاتاجییو هەژارییو برسیەتییدا، ئینسان سکاڵا بکات، باسی برسیەتیی خۆی بکات، بەڵکو لەسەری پێویستە، بە تایبەت ئەگەر مەترسیی هەبوو لە نەفسی خۆی کە لە برسان، بمرێ، بەهۆی هەژارییەوە، یان ئەگەر مەترسیی هەبوو لەوەی تووشی هەر شتێکی دیکە ببێ، لەسەری پێویستە سکاڵا بکاتو، داوا بکات، بۆ ئەوەی کە ئەو بەڵاو گرفتارییە لە خۆی دووربخاتەوە، بەڵام سکاڵاکەی خۆی بۆ کەسێك بکاتو حاڵی خۆی بۆ کەسێك دەربڕێ، کە بزانێ سوودێکی پێ دەگەیەنێ، هەر وەك چۆن لەسەری پێویستە ئەگەر ئازارێکی هەبوو ئازارەکەی بۆ پزیشك باس بکات، بۆئەوەی

---

١) الجامِعُ لأحكامُ القُرآن، ج ٩، ص ٢٠٥.

چارەسەری بکات، ئەوەش زیان بە پشت خوا بەستن (توکلّ) لە مرۆڤدا ناگەیەنێ، بەلاّم بە مەرجێك کە ئەو سکالاّکردنە بە شێوەی نارەزایی دەربڕینو تووڕە بوون نەبێ لە بەلاّو تاقی کردنەوەی خوا، ئنجا بێگومان خۆڕاگرییو دامەزراویی لە بەرانبەر بەلاّو گرفتارییەکاندا باشترە، هەروەك خۆ پاك ڕاگرتنو نەفس بەرزیی لە سوالّ کردنو داواکردن، باشترە .

ئنجا دەڵێ: باشترین قسەیەکیش کە لە بارەی سکالاّکردنەوە گوتراوە: ئەوەیە کە گوتراوە: (سُؤَال المولَى: زَوَالُ البَلْوَى)، داواکردن لە سەرپەرشتیار (خوا ﷻ) مایەی لاچوونی بەلاّو گرفتارییە .

هەروەها (القُرطُبي)، لە تەفسیرەکەیدا[١]، دەڵێ: (يُكرهُ لِلرَّجُلِ إن يَقُولَ فِي دُعائِهِ: اللَّهُمَّ تَصَدَّقْ عَلَيَّ، لأَنَّ الصَّدَقَةَ إِنَّما تَكونُ مِمَّن يَبتَغِي الثَّوابَ، وَاللهُ تَعالى مَتَفضِّلٌ بالثَّوابِ وَبِجَمِيعِ النِّعَمِ) .

واتە: ناپەسندە بۆ پیاو، (هەروەها دیارە بۆ ئافرەتیش بەلاّم لێرەدا مەقامەکە باسی پیاوان بووە) کە لە پاڕانەوەکەیدا بڵێ: خوایە! خێرم پێبکە، چونکە خێر پێکردن لە کەسێکەوە دەبێ، کە چاوەڕێی پاداشت بێ، خوای بەرزیش پاداشت دەبەخشێ، نەك چاوەڕێی پاداشت بێ، هەموو نیعمەتەکانیش خوا بەخشەریانە.

مەسەلەی دووەم : نەرمە گلەییەکی تێکەڵ بە پۆزشی یوسوف لە برایەکانیو، خۆ ناساندنی پێیانو، دان بە هەڵەی خۆداهێنانی برایەکانیو، ڕاگەیاندنی یوسوف کە هیچ گلەییو سەرکۆنەی لێیان نیەو، داوای لێبوردنیشیان بۆ لە خوا دەکات :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ قَالَ هَلۡ عَلِمۡتُم مَّا فَعَلۡتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذۡ أَنتُمۡ جَٰهِلُونَ ٨٩ قَالُوٓاْ أَءِنَّكَ لَأَنتَ يُوسُفُۖ قَالَ أَنَا۠ يُوسُفُ وَهَٰذَآ أَخِيۖ قَدۡ مَنَّ

١) الجامعُ لأحكام القُرآن ج ٩، ص ٢٠٧.

ٱللَّهُ عَلَيْنَآ ۖ إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٩٠﴾
قَالُوا۟ تَٱللَّهِ لَقَدْ ءَاثَرَكَ ٱللَّهُ عَلَيْنَا وَإِن كُنَّا لَخَٰطِـِٔينَ ﴿٩١﴾ قَالَ لَا
تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ ۖ يَغْفِرُ ٱللَّهُ لَكُمْ ۖ وَهُوَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٩٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم چوار ئایەتە بەپێزە لە یازدە بڕگەدا

١) - ﴿ قَالَ هَلْ عَلِمْتُم مَّا فَعَلْتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ ﴾، یوسوف گوتی: ئایا دەزانن چیتان کرد بە یوسوفو برایەکەی! ئەمە سەرزەنشتێکی زۆر نەرمو نیانە، بۆیە من گوتوومە: نەرمە گلەیی، یانی سەرزەنشتێکی تێکەڵ بە پۆزش بۆ هێنانەوەشیانە، وەك دوایی باسی دەکەین .

بێگومان شێوازی پرسیارکردنیش: ﴿ هَلْ عَلِمْتُم ﴾، ئایا دەزانن؟! مەبەست لەو پرسیارکردنە، ئەوە نیە چاوەڕێی وەڵام بێ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە: بە دڵنیایی ئێوە ئاگادارن چیتان بە یوسوفو بە برایەکەی کرد .

ئنجا ئەمە لێشی وەردەگیرێ، کە تەنیا ئەوە نەبووە یوسوف بخەنە بیرەوە، بەڵکو دیارە پێشتریش هەر ناڕێك بوون، بەرلەوەی یوسوفیش بخەنە بیرەوە، هەروەها وێڕای یوسوف : بێ لوتفییان لەگەڵ بنیامینیشدا هەر کردوە !

٢) - ﴿ إِذْ أَنتُمْ جَٰهِلُونَ ﴾، لە کاتێکدا لە حاڵێکدا کە ئێوە بێئاگا بوون، نەزان بوون، ئەمە جۆرێکە لە پۆزش بۆ هێنانەوەیان، یانی: ئەو کاتە سادەو گەنجو نەزان بوون، یاخود: نەتاندەزانی: ئەو خستنە بیرە، ئەو هەموو میحنەتو گرفتارییەی بە دوا دادێ .

هەڵبەتە لێرەدا کە یوسوف ﷺ ئاوایان پێ دەڵێ، کتوپڕ، کە دیارە شتێکی چاوەڕوان نەکراو بووە بۆیان، ئەوە هاتنەدی ئەو فەرمایشتەی خوای بەرزە، کە لە ئایەتی (١٥)ی، سووڕەتی (یوسوف)دا هاتوە، دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا ذَهَبُوا۟

بِهِۦ وَأَجۡمَعُوٓاْ أَن يَجۡعَلُوهُ فِي غَيَٰبَتِ ٱلۡجُبِّۚ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمۡرِهِمۡ هَٰذَا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿١٥﴾ ﴾، واتە: کاتێك بردیانو هەموویان ڕایان هاتە سەر ئەوەی: بڕیاریاندا بیخەنە بنی تاریکی بیرەکەوەو، وەحییمان بۆ کردو پێمان ڕاگەیاند، کە تۆ ئەم کارەی ئێستایان، هەواڵیان پێ دەدەیو بیریان دێنیەوە، بێئەوەی هەست پێ بکەن (کە تۆ یوسوفی)، ئنجا ئەوەتا یوسوف ﷺ وەك تەحقیقی ئەو بەڵێنەی خوای پەروەردگار، ئەو هەواڵەیان پێدەدا: ئایا دەزانن چیتان بە یوسوفو بە برایەکەی کرد، لە کاتێکدا کە ئێوە نەزان بوون؟ ئەوەش وەك گوتم: دوو واتای هەن :

١/ یانی: سادەو گەنجو نەزان بوون، کە ئەمە جۆرێکە لە پۆزش بۆ هێنانەوەیان .

٢/ نەتاندەزانی کە ئەو خستنە بیرە، ئەو هەموو میحنەتو گرفتارییەی بۆ بابتانو بۆ دایکتانو بۆ خۆتانو بۆ یوسوفو بۆ برایەکەیو بۆ هەمووان، بە دوا دادێ .

٣) - ﴿ قَالُوٓاْ أَءِنَّكَ لَأَنتَ يُوسُفُ ﴾، واتە: (دە برایەکان)، گوتیان: ئایا تۆی یوسوف! ئایا تۆ یوسوفی! (بە سەرسوڕمانەوە!).

٤) - ﴿ قَالَ أَنَا۠ يُوسُفُ وَهَٰذَآ أَخِي ﴾، گوتی: بەڵێ من یوسوفم، ئەمەش برایەکەمە، واتە: برای دایکییمە، ئەگەر نا ئەوانیش هەر برای بوون، یانی: ئەو برایەمە کە لە سۆنگەی ئەوەوە دایکی لە دایکی ئێوە جیابوو لەگەڵ من، ئەو هەموو بێ لوتفییەتان لەگەڵدا کردین !

٥) - ﴿ قَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَآ ﴾، ئەوە بێگومان خوا چاکەی لەگەڵ کردین .

لێرەدا بێگومان یوسوف ﷺ مەبەستی ئەوە نەبووە خۆی بەسەر ئەواندا هەڵکێشێ، بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە کە چاکەی خوا باس بکات، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَأَمَّا بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثۡ ﴿١١﴾ ﴾ الضحى، بەلام چاکەی

پەروەردگارت باس بکە، لێرەدا یوسوف ﷺ ویستوویەتی چاکەی خوا لەسەر خۆیو لەسەر برایەکەی بخاتە ڕوو، کە ئەوە چاکەی خوایە، لەسەر ئێمە کە ئاوا ئێمەی ڕزگار کرد، ئێمەی دەرباز کردو، منی بەو پێگەو مەقامە گەیاند.

٦) - ﴿إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصۡبِرۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾، بە دڵنیایی کەسێك پارێز بکاتو خۆڕاگر بێ، ئەوە مسۆگەر خوا پاداشتو کرێی کردەوەی چاکی چاکەکاران، بزر ناکات، نافەوتێنێ .

هەندێك لە زانایان ئاوایان لێکداوەتەوە: ﴿إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ﴾، وەك یوسوف کە پارێزی کرد، ﴿وَيَصۡبِرۡ﴾، وەك بنیامین کە خۆڕاگر بوو.

بەلام من دەڵێم: بەدڵنیایی یوسوف ﷺ هەم ئەهلی تەقوا بووە، هەم ئەهلی صەبریش بووە، دیارە بنیامینیش دەبێ هەر وا بوو بێ.

ئنجا ئەمە ئەوەشی لێوەردەگیرێ، کە بێگومان یوسوف ﷺ نەیویستووە خۆی بەسەرواندا هەڵکێشی، کە: ئێمە ئەهلی تەقواو صەبر بووین، نا، بەڵکو ویستوویەتی فێریان بکات کە ئەی برایەکانم! ئەوە ئازایەتیی خۆمان نەبوو، بەڵکو چاکەی خوا بوو لەسەرمان، کە خواش ﷻ لە گۆترە چاکە لەگەڵ کەسدا ناکاو، منەت نانێتە سەر کەسو نیعمەت بە کەس نابەخشێ، بەڵکو لە ئەنجامی ئەوەدا کە ئێمە پارێزکار بووینو خۆڕاگر بووین، بۆیە خوا ﷻ ئەو چاکەیەی لەگەڵ ئێمەدا کردوە، چونکە خوا پاداشتو کرێی چاکەکاران نافەوتێنێو زایە ناکات .

هەڵبەتە لێرەدا یوسوف ﷺ وەك یاسایەکی گشتییش دەیخاتە ڕوو، نالێ: منو برایەکەم ئەهلی تەقواو صەبر بووین، بەڵکو بە گشتی وەك یاسایەك دەیخاتە ڕوو، کە هەر کەسێك ئەهلی تەقواو صەبر بێ، ئەوە خوا پاداشتەکەی زایە ناکاتو، بە چاکەکار لە قەڵەم دەدرێ، خواش پاداشتی چاکەکاران زایە ناکات، کە وەك گوتم: ئەمە بە حەقیقەت مەقامی باسکردنو یادکردنی چاکەی خوایە، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَأَمَّا بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثۡ ١١﴾الضحى، واتە: بەلام چاکەی پەروەردگارت باس بکە، یادی بکە، ئنجا ئەمە وەك

فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ وایە، کە دەفەرمووێ : {وَاللهِ إِنِّي لأَتْقَاكُمْ للهِ وَأَعْلَمُكُمْ بِهِ}، {أخرجه مسلم برقم: (١١٠٨)، والبيهقي برقم: (٧٨٩٤)}.

واتە: بێگومان من لە هەمووانتان زیاتر پارێز لە خوا دەکەمو، لە هەمووشتان بە خوا زاناترمو خواناسترم.

٧) - ﴿ قَالُوا۟ تَٱللَّهِ لَقَدْ ءَاثَرَكَ ٱللَّهُ عَلَيْنَا ﴾، واتە: (برایەکان)ی گوتیان: سوێند بە خوا، تۆ خوا بەسەر ئێمەی دا هەڵبژاردی .

(الإيثَارُ: التَفضِيلُ بالعَطاء)، (إيثار)، بریتیە لە زێدەیی پێدان، زێدەیی پێ بەخشین، واتە: خوا ﷻ زێدەیی بە تۆ داوەو تۆی بەسەر ئێمەدا هەڵبژاردوە، لە پێ بەخشیندا، لەبەر ئەوەی لێوەشاوەو شایستە بووی .

٨) - ﴿ وَإِن كُنَّا لَخَٰطِـِٔينَ ﴾، بێگومان ئێمەش لە تاوانباران بووین، ئێمە لە خەتاکاران بووین، (الخاطِىءُ: فَاعِلُ الخَطِيئة أي: الجَريمة)، (خاطِىء)، واتە: کەسێك کە (خَطِيئة) ئەنجام دەدا، (خَطِيئة)یش، واتە: گوناهو تاوان، لێرەدا هەم دان بە چاکەی یوسوف دادێنن، کە تۆ خاوەن چاکە بوویو، خوا تۆی هەڵبژاردوەو خواش ﷻ لە گۆترە کەس هەڵنابژێرێ، خوا زێدەیی بە تۆ داوەو، خواش لە گۆترە زێدەیی بە کەس نادات، هەم دان بە هەڵەی خۆشیان دا دێنن، ﴿ وَإِن كُنَّا لَخَٰطِـِٔينَ ﴿٩١﴾ ﴾، واتە: بێگومان ئێمە هەموومان تاوانبار بووین، خەتابار بووین، (دەرهەق بە تۆ) .

کەواتە: هەم دانیان بە چاکەی یوسوف داهێناوە، هەم پێشیان لە هەڵەو گوناهی خۆیان ناوە، بۆیە لێرەدا وەك عەرەب دەڵێن: (العُذرُ عِندَ كِرام النـاسِ مَقبولٌ)، پۆزش هێنانەوە لەلای خەڵکی بەرێز، قبووڵ دەکرێ، یوسوفیش پیاوێکی بەرێزە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {الْكَرِيمُ ابْنُ الْكَرِيمِ، ابْنِ الْكَرِيمِ، ابْنِ الْكَرِيمِ: يُوسُفُ بْنُ يَعْقُوبَ، ابْنِ إِسْحَاقَ، ابْنِ إِبْرَاهِيمَ}، {البخاري برقم : (٣٣٨٢)}.

واتە: بەڕێزی کوڕی بەڕێزی کوڕی بەڕێز کوڕی بەڕێز: یوسوفی کوڕی یەعقووبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم .

٩) - ﴿ قَالَ لَا تَثۡرِيبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡيَوۡمَ ﴾، یوسوف گوتی: ئەمڕۆ هیچ سەرزەنشتو گلەییو سەرکۆنەتان لەسەر نیە، واتە: لەلایەن منەوە، هیچ گلەییو سەرزەنشتێکتان لەسەر نیەو لێناکرێ، تەنانەت نەرمە گلەییەکەشی کە لێی کردن، بە شێوەی پرسیار بوو، نەك ڕووشکێن کردن، وەبیرهێنانەوەیان بوو، بۆ خۆ پێناساندنی پێیان، ئنجا جۆرێك لە پۆزش هێنانەوەشی تێدا بوو، کە فەرمووی: ﴿ إِذۡ أَنتُمۡ جَٰهِلُونَ ﴿٨٩﴾ ﴾، لەو کاتە نەتاندەزانی، بێئاگا بوون، سادە بوون، گەنج بوون .

یاخود نەتاندەزانی کە ئەو خستنە بیرەی مـن، ئەو هەموو بەلاو میحنەتەتان بەسەر دێنێو بە دوای دادێ .

١٠) - ﴿ يَغۡفِرُ ٱللَّهُ لَكُمۡ ﴾، خوا لێتان ببوورێ .

لێرەدا دەگونجێ یوسوف ﷺ خوا ﷻ ئاگاداری کردبێتەوە بە وەحیی، کە تۆ مادام لە هەقی خۆت لێیان دەبووری، خواش لێیان دەبوورێو لێیان بوردوە، لە ئەنجامی ئەوەدا کە دانیان بە هەڵەی خۆیاندا هێناوە، چونکە: دان بە هەڵەی خۆ داهێنان، بریتیە لە تۆبەو گەڕانەوە، دەگونجێ یوسوف ﷺ بەس ئاگاداری کردبنەوە کە: ئەوە خوا لێتانی بورد، خوا چاوپۆشیی لێکردن، چونکە ئێوە دانتان بە هەڵەی خۆتاندا هێناو، پێتان لە گوناهی خۆتان نا.

واتایەکی دیکەی ئەوەیە کە: ﴿ يَغۡفِرُ ٱللَّهُ لَكُمۡ ﴾، کە (يَغۡفِرُ) کرداری ئێستا (فِعل المُضارِع)ە، بۆ داهاتوو و بۆ ئێستایە، بەلام مەبەست پێی دوعایە، واتە: خوا لێتان ببوورێو چاوپۆشییتان لێ بکات .

١١) - ﴿ وَهُوَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴾، بێگومان ئەو (خوا) بە بەزەییترینی خاوەن بەزەییانە .

لەوبارەوە ئەو شوێنەوارە دێنین :

{عَنِ إبن عَباسٍ رضي الله عَنهُ أنَ رسول اللهِ ﷺ أخَذَ بعُضَادَتَي البابِ يَوْمَ فَتحِ مَكة وَقَد لاذ الناس بالبيت، فقال: الحَمدُ لِلَهِ صَدَقَ وَعْدَهُ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَهَزَمَ الأَحْزَابَ وَحْدَهُ، ثُمَّ قَالَ: ماذا تَظنُّون يا مَعْشَرَ قُرَيْشٍ؟ قَالُوا: خَيْراً، أَخٌ كريمٌ وَابن أخٍ كريمٍ، وقد قَدَرْتَ، قال: فَإنّي أَقُولُ كَما قَالَ أخِي يُوسُفُ: ﴿لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ﴾، فقال عمر: فَفِضْتُ عَرَقاً من الحياء من قول رسول الله ذلك، أنِّي قد كنت قلت لهم حين دخلنا مكة: اليوم نَنْتَقِم منكم وَنَفْعَلُ، فَلَما قال رسول الله ما قال، استحييت من قولي}، {رواه البيهَقي في السُنَن الكُبرى ج ٩، ص ١١٨، والطحاوي فِي شَرح مَعاني الآثار ج ٣ ص ٣٢٥} .

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەڵێ: پێغەمبەر خوا ﷺ هەردوو شیپانەی دەرگای مزگەوتی (کە لە دەوری کەعبەیە) گرتن، لە ڕۆژی ئازادکردنی مەککەدا، لە حاڵێکدا خەڵك پەنایان برد بوو بۆ کەعبە، ئنجا فەرمووی: ستایش بۆ ئەو خوایەی کە بەڵێنی خۆی هێنایە دیو، بەندەی خۆی سەرخستو، بە تەنیا پێڕو کۆمەڵەکانی ئەهلی کوفری تێکشکاند، دوایی فەرمووی: ئەی کۆمەڵی قورەیش! چ گومانێك دەبەن، (واتە: پێتان وایە چیتان لێ دەکەم؟) گوتیان: هەر گومانی چاکەت پێ دەبەین، برایەکی بەڕێزیو برازایەکی بەڕێزیو خاوەن دەستەڵاتیشی، فەرمووی: هەر ئەوە دەڵێم، کە یوسوفی برام گوتی: ﴿لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ﴾، ئەمڕۆ هیچ گلەییو سەرکۆنەتان لەسەر نیە، گلەییتان لێ ناکەم، عومەر خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی فەرموو، وە سەر ئارەقە[1] گەڕام لە شەرمان، چونکە کاتێك کە چووینە نێو مەککەوە، بە قورەیشییەکانم گوت: ئەمڕۆ تۆڵەتان لێ دەستێنینەوەو ئاواو ئاواتان لێ دەکەین، ئنجا کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی فەرموو، شەرمم لە قسەکەی خۆم کرد، {کە شتێکم گوتوە، پێچەوانەی هەڵوێستی پێغەمبەری خوا ﷺ بووە} .

---

١) وەسەر ئارەقە گەڕام : ئارەقەم زۆرکرد ، ئارەقەم لێ چۆڕا .

مەسەلەی سێیەم: کراسی خۆ ناردنی یوسوف بە برایەکانیدا بۆ بابی، تاکو چاوی چاك ببنەوەو، داواکردنی لێیان کە بە خاوو خێزانیانەوە بێن بۆ میسرو، لەوێدا نیشتەجێ بن:

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ٱذْهَبُوا۟ بِقَمِيصِى هَـٰذَا فَأَلْقُوهُ عَلَىٰ وَجْهِ أَبِى يَأْتِ بَصِيرًا وَأْتُونِى بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٩٣﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە چوار بڕگەدا

١) - دوای ئەوەی کە یوسوف ﷺ لەگەڵ برایەکانی ئاشت بۆوەو، بەو شێوە بەڕێزو حورمەتانەیە مامەڵەی لەگەڵدا کردن، ئنجا پێی فەرموون: ﴿ٱذْهَبُوا۟ بِقَمِيصِى هَـٰذَا﴾، ئەم کراسەی من بەرن، ئەو کراسە چ کراسێك بووە؟

هەندێك دەڵێن: ئەو کراسە بووە کە کاتی خۆی هی ئیبراهیم ﷺ بووە، بۆ ئیسحاق بەجێماوە، ئیسحاق بۆ یەعقووبو یەعقووبیش داویەتی بە یوسوف! بەڵام لەڕاستییدا ئەوە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیەو کراسی خۆی بووەو کراسێکی ئاسایی بووە، چونکە ئەوەی دیکە دەبێ بەڵگەی هەبێ، کە بەڵگە نەبوو، مانای وایە هەر ئەو کراسەیە کە خۆی لەبەری بووە لەو کاتەدا .

بۆیەش کراسەکەی دەنێرێ، تاکو یەکەم بابی دڵنیابێ کە ئەمجارە کوڕەکانی ڕاست دەکەن، چونکە هەر جارێ کە قسەیان لەگەڵی کردوە، ڕاست نەبووە! هەروەها بۆ ئەوەی دڵیشی خۆش بێ .

٢) - ﴿فَأَلْقُوهُ عَلَىٰ وَجْهِ أَبِى﴾، ئەم کراسە فڕێدەنە سەر ڕووی بابم، لەناکاو فڕێدەنە سەر دەمو چاوی .

هەندێك لە زانایان گوتوویانە: لەبەر ئەوەی (یەعقووب) چاوی بەهۆی دڵتەنگیی‌و خەم‌و پەژارەی دووریی یوسوفەوە کوێر بووە، ئەگەر بێت‌و کتوپڕ ئەو کراسەی یوسوف بخرێتە سەر دەم‌و چاوی‌و بۆنی بکات، یەکسەر چاوی چاك دەبێتەوە، بەڵام بە حەقیقەت ئەو چاك بوونەوەی چاوی یەعقووب ﷺ بەو کراسەی یوسوف ﷺ، هەروەها بۆن کردنی کراسەکەی لە دوورڕا، وەك دوایی باسی دەکەین، هەمووی دەچێتە قاڵبی موعجیزەوەو، هیچ پێویست ناکات شیکردنەوەی زانستییانەی بۆ بکەین، چونکە موعجیزە یاسادڕەو لە سەرووی ئەو یاسایانەوەیە کە ئێمە پێیان ئاشنایین، بۆیەش پێی دەگوترێ موعجیزە، واتە: دەستەوسانکەر، چونکە ئەگەر بە پێی ئەو یاسایانە بێ کە ئێمە دەیانزانین، خەڵکی دیکەش دەتوانێ وا بکات، هەر شتێك کە خەڵکی دیکە توانی بیکات، ئەو کاتە ئەو شتە بە موعجیزە لەقەڵەم نادرێ، موعجیزە، واتە: دەستەوسانکەر، واتە: شتێك بکەی، کە کەس نەتوانێ ئەو شتە بکات .

٣) - ﴿يَأْتِ بَصِيرًا﴾، واتە: یەکسەر چاوی چاك دەبنەوە .

بە تەئکید یوسوف ئەوەی لە ڕێی وەحییەوە زانیوە، لە ڕێی وەحییەوە خوا پێی ڕاگەیاندوە، کە ئەو کراسەی خۆت بنێرە، با بیخەنە سەر دەم‌و چاوی بابت، یەکسەر چاوی کە کوێر بوون‌و سپی هەڵگەڕاون، چاك دەبنەوە .

٤) - ﴿وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ﴾، ئنجا هەمموو کەسوکارو خاوو خێزانتانم بۆ بێنن، واتە: لەوێرا بگوازنەوە (کە لە بیابان بوون، لە ناوچەی کەنعانییەکان)، وەرن لە میسر نیشتەجێ بن .

جا هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان دەڵێن: هەموویان حەفتاو شەش (٧٦) کەس بوون، واتە: خۆیان‌و خێزانەکانیان‌و کە یازدە کوڕ بوون، جگە لە یوسف‌و یازدە ئافرەت کە خێزانەکانیان، بوون، باب‌و دایکیان، ئنجا چەند کوڕو کچیان بوون‌و، ڕەنگە پوورو خاڵ‌و... هتدیشیان لەگەڵدا بووبن، بەڵام بە هەر حاڵ ئەوەش دیسان زۆر جێی دڵنیایی نیە، قسەیەکە کراوە، دەگونجێ (٧٦) بووبن‌و دەگونجێ کەمتر بووبن، دەگونجێ زیاتر بووبن .

مەسەلەی چوارەم : بۆنکردنی یەعقووب بۆ یوسوف، پاش هاتنەوەی کاروان بەرەو کەنعان‌و، باسکردنی ئەو بۆنکردنە بۆ کوڕەکانی بە ترسەوە، کە ڕەخنەی لێبگرن‌و، ڕەخنە لێگرتنی کوڕەکانی، کە هەر لەسەر هەڵەی پێشووی سوورە :

وەك خوا دەفەرموێ : ﴿ وَلَمَّا فَصَلَتِ ٱلْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّى لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَآ أَن تُفَنِّدُونِ ﴿٩٤﴾ قَالُوا۟ تَٱللَّهِ إِنَّكَ لَفِى ضَلَٰلِكَ ٱلْقَدِيمِ ﴿٩٥﴾ ﴾.

توێژینەوەی ئەم دوو ئایەتە لە سێ بڕگەدا

١) - ﴿ وَلَمَّا فَصَلَتِ ٱلْعِيرُ ﴾، کاتێك کاروانەکە جیابۆوە، واتە: لە سنووری وڵاتی میسر جیابۆوە، بەرەو سەر زەمینی شام‌و کەنعان، وەك ئێستا دەڵێن: لە سنووری شارەوانی میسر ترازا بەرەو کەنعان .

٢) - ﴿ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّى لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَآ أَن تُفَنِّدُونِ ﴾ باییان گوتی: من بۆنی یوسوف دەکەم، ئەگەر ئێوە من بە عەقڵ سووك، یان من بە خەڵەفاو دانەنێن .

دیارە کە دەفەرموێ: ﴿ لَوْلَآ أَن تُفَنِّدُونِ ﴾، وەلامەکەی فرتێنراوە، واتە: ئەگەر ئێوە من بە خەڵەفاو دانەنێن‌و نەڵێن: عەقڵی تێکچووەو ڕایەکەی هەڵەیە، دڵنیا دەبوون کە من ڕاست دەکەم‌و بۆنی یوسوفم بۆ دێ .

(التَّفْنِيدُ: نِسبة للفَنَدِ وَهُوَ اختِلاَلُ العَقْلِ مِنَ الخرفِ)، (تَفْنِيد)، بریتیە پاڵدرانی کەسێك بەرەو لای (فَنَد)، (فَنَد)یش، بریتیە لە تێکچوونی عەقڵ بەهۆی زۆریی تەمەنەوە، بە کوردیی پێی دەڵێن: خەڵەفاوە، کە لە ئەسڵدا لە (خرف)ەوە، هاتوە لە زمانی عەرەبییدا، کە بریتیە لەوەی لە ئەنجامی تەمەندا، ئینسان عەقڵی بگۆڕێ .

٣) - ﴿ قَالُواْ تَٱللَّهِ إِنَّكَ لَفِى ضَلَٰلِكَ ٱلْقَدِيمِ ﴾، کوڕەکان گوتیان: سوێند بە خوا تۆ هەر لە بەهەڵە داچوونەکەی پێشووت دای .

لێرەدا وشەی (ضَلال)، وەك لە سووڕەتی یوسوفدا هەمووی، وشەی (ضَلال)، کە کوڕەکانی یەعقووب بۆ بابیانی بەکاردێنن، واتە: بە هەڵەداچوون، چونکە: (الضَّلاَلُ: البُعْدُ عَنِ الطـريقِ الموصلة) (ضَلال)، بریتیە لە دوورکەوتنەوە لە ڕێیەك کە ئینسان بە ئامانج دەگەیەنێ، بەلام لێرەدا، یانی: (إِنَّكَ مستَمِرٌ فـي التَّلَبُّسِ بِتَطَلُّبُ شَيء مِن غَيرِ طـريقِهِ الصَّحِيح، ووَصـفُهُ بـالقَدِيمِ، لطُـولِ مُدَّتِـهِ)، لێرەدا کە دەڵێن: ﴿إِنَّكَ لَفِى ضَلَٰلِكَ ٱلْقَدِيمِ ﴾، واتە: تۆ بەردەوامی لەسەر ئەوەی تۆ چاوەڕوانیی شتێك دەکەی‌و شتێك داوا دەکەی، بەلام لە ڕێیەکی نادروستەوە، بۆیەش دەڵێن: تۆ لە بە هەڵەداچوونێکی لە مێژینەدای، چونکە ماوەیەکی زۆرە، لەوەتی یوسوف ﷺ لێی دوورکەوتۆتەوەو گوتوویانە: گورگ خواردوویەتی، یەعقووب ﷺ هەر گوتوویەتی: یوسوف ماوە، دەیبینمەوەو پێی شاد دەبمەوە، بە دوای دا بگەڕێن، کە هەندێك گوتوویانە: ئەو ماوەیەی لێك دابڕانە بیست‌و دوو (٢٢) ساڵ بووەو، هەندێکی گوتوویانە: سی‌و پێنج (٣٥) ساڵ بووەو، هەندێکی کە گوتوویانە: چل (٤٠) ساڵ بووەو، هەندێکی دیکە گوتوویانە: هەشتا (٨٠) ساڵ بووە.

مەسەلەی پێنجەم: هاتنی مزگێنیدەرو، کراسی یوسوف هەڵدانە سەر ڕووی یەعقووب‌و، چاکبوونەوەی چاوەکانی‌و، گوتنی: ئەدی نەمگوت: لە خواوە شتێك دەزانم ئێوە نایزانن ؟

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّآ أَن جَآءَ ٱلْبَشِيرُ أَلْقَىٰهُ عَلَىٰ وَجْهِهِۦ فَٱرْتَدَّ بَصِيرًا ۖ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّىٓ أَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾ .

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە دوو بڕگەدا

١) - ﴿فَلَمَّآ أَن جَآءَ ٱلْبَشِيرُ أَلْقَىٰهُ عَلَىٰ وَجْهِهِۦ فَٱرْتَدَّ بَصِيرًا﴾، کاتێك مـوژدەدەر هـات .

(ٱلْبَشِيرُ)، کەسێك کە موژدە دێنێ، بـە کوردیـی دەڵێـین: مـوژدەهێنـەر، مـوژدەپێـدەر، ﴿أَلْقَىٰهُ عَلَىٰ وَجْهِهِۦ﴾، فـڕێیـدایە سـەر دەمو چـاوی (یەعقـووب)، هـاویشتیـە سـەر دەمو چاوی، چی هاویشتە سـەر دەمـوچاوی؟ بە سیـاق دەزانرێ مـەبەسـت پێی کـراسـەکـەیـە، یـانی: (ألقَى قَميصَ يوسفَ عَلَى وَجهِ يَعقُوب)، کراسەکەی یوسوفی هەڵدایـە سـەر دەمو چاوی یـەعقـووب، ﴿فَٱرْتَدَّ بَصِيرًا﴾، یـەکسـەر گـەڕایـەوە بـۆ حاڵەتی بینـیـن، بـۆوە بـە بیـنـەر.

﴿فَلَمَّآ أَن جَآءَ ٱلْبَشِيرُ﴾، وشـەی (أن)، بـۆ تـەئکـیدی ئـەوە زیـاد کـراوە، کـە ئـەو حالـەتـە، کـە بـە کـراس هـەڵدانـە سـەر ڕووی یـەعـقـووب، چـاوی چـاك ببـنـەوە، ئـەوە کـەرامـەتێکە بـۆ یـەعقـووب پەیدا بـووە، لـە نێوان یـەعـقـووبو یوسـوف: بـابو کـوڕدا پـەیـدا بـووە، ئـەگـەرنـا شـتێکی یـاسـادڕەو پێچەوانـەی عـادەتـە: بـە کـراس هـەڵدرانـە سـەردەمو چـاو، چـاوی کوێـر چـاك بێتـەوە .

ئنجا ئـایـا ئـەو مـوژدەدەرە، کـامـەیـان بـووە؟ هـەندێك گوتـوویـانـە: (ڕەئوبیـن) بـووە، کـوڕە گـەورەکـەی یـەعـقـووب، هـەندێك گوتـوویـانـە: (شـەمعـوون)بـووەو، هـەندێك گوتـوویـانـە: (یهـوذا) بـووە، چونکـە دەڵێـن: (یهـوذا) ئـەو کـەسـە بـووە کـە کـراسـە خـوێنـاوییـەکـەی بـۆ یـەعقـووب بردۆتـەوە، ئنجا گوتـوویـەتی: کـاتی خـۆی هـەواڵێکی ناخـۆشـم بـۆ بابـم بردەوەو، گوتم: یوسـوف گورگ خـواردوویـەتی، کـراسـە خـوێنـاوییـەکـەیم بـۆ بـردەوە، بـا ئێسـتـاش هـەر من کـراسـەکـەی یوسـوفی بـۆ بـەرمو مـوژدەی خـۆشـی پـێ بدەم، بـە هـەر حاڵ گـرنـگ ئـەوەیـە مـوژدە دەر بـە تـەئکید هـەر یـەکێك بـووە لـە کـوڕەکـانو قبـووڵیـان نـەکـردوە ئـەو مـوژدە خـۆشـە، جگـە لـە خـۆیـان هیـچکـەس بـۆ بـابیـانی ببـاتـەوە.

٢) - ﴿ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّيٓ أَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾، (یەعقووب) گوتی: ئەدی پێم نەگوتن: ئەوەی من لە خواوە دەیزانم ئێوە نایزانن!

لێرەدا ئەوەی بیرخستوونەوە کە کاتی خۆی پێی گوتن، وەك لە ئایەتی (٨٦)دا، هاتووە: ﴿ قَالَ إِنَّمَآ أَشْكُواْ بَثِّي وَحُزْنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾، واتە: گوتی من خەمو پەژارەی خۆم هەر بۆ لای خوا رادەگەیەنمو، ئەوەی من لە خواوە دەیزانم، ئێوە نایزانن .

لێرەدا بابیان ئەومیان دەخاتەوە بیر کە کاتی خۆی پێی گوتوون .

مەسەلەی شەشەم: داواکردنی کورەکانی لە بابیان کە داوای لێبوردنیان بۆ لە خوا بکاتو بەڵێن پێدانی ویش :

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا ٱسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَآ إِنَّا كُنَّا خَٰطِـِٔينَ ﴿٩٧﴾ قَالَ سَوْفَ أَسْتَغْفِرُ لَكُمْ رَبِّيٓ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٩٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە چوار برگەدا

١) - ﴿ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا ٱسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَآ ﴾، گوتیان: ئەی بابی خۆمان! داوای لێبوردن بۆ گوناهەکانمان (لە خوا) بکە .

٢) - ﴿ إِنَّا كُنَّا خَٰطِـِٔينَ ﴾، بێگومان ئێمە خەتاکارو تاوانبار بووین .

ئەمەیان دان پێداهێنانیانە بە گوناهەکانیان، کەواتە: هەر دان بە گوناهی خۆداهێنانو خۆ بەخەتابارزانین، خۆی تۆبەیە، بەڵام داوا لە بابیشیان دەکەن کە داوای لێبوردنیان بۆ لە خوای لێبوردە بکات، چونکە بەوە کە دانیان بە هەڵەو تاوانی خۆیاندا هێناوە، لە نێوان خۆیانو خوادا، پاك دەبنەوە، مادام

لێی پەشێمان بن‌و، بڕیاربدەن نەگەڕێنەوە سەری، بەلام هەقی بابیان هەر لەسەر دەمێنێ، بۆیە داواشیان لە بابیان کردوە کە داوای لێبوردنیشان بۆ لە خوا بکات، واتە: خۆشی بیانبەخشێ‌و داوای لێبوردنیشیان بۆ لە خوا بکات .

٣) - ﴿قَالَ سَوۡفَ أَسۡتَغۡفِرُ لَكُمۡ رَبِّيٓۖ﴾، گوتی: بێگومان لەمەو دوا، یاخود (سَوۡفَ)، بۆ تەئکیدە، بێگومان داوای لێبوردنتان بۆ لە پەروەردگارم دەکەم، واتە: بۆ گوناهەکانتان .

٤) - ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾، کە بێگومان ئەو زۆر لێبوردەی میهرەبانی بە بەزەییە، ئنجا ئایا بۆچی گوتوویەتی: ﴿سَوۡفَ أَسۡتَغۡفِرُ لَكُمۡ رَبِّيٓۖ﴾، هەندێك لە توێژەرەوان هەر لەخۆوە هەندێ قسە دەکەن، کە لە ڕاستییدا جێی نیە !

بۆ وێنە دەڵێن: تەماشا بکەن! گەنج بەخشندەترە لە پیاوی بە تەمەن، یوسوف یەکسەر گوتی : ﴿يَغۡفِرُ ٱللَّهُ لَكُمۡۖ وَهُوَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ۝٩٢﴾ بەلام بابیان دەڵێ : ﴿سَوۡفَ أَسۡتَغۡفِرُ لَكُمۡ رَبِّيٓۖ﴾!! بەلام هیچ پێویست بەوە ناکات، بەڵکو ئەو دوو قسەیە هەر یەك واتایان هەیە، ئەوەی یوسوفیش دوعا بووە، یاخود لە خواوە هەواڵی پێداون، وەك باسمان کردو، ئەوەی یەعقووب عليه السلامیش دەزانێ کە هەقی بابو دایك زۆرە لەسەر منداڵ، کوڕو کچ، ئەوانەش زۆر دڵی بابیان هێشاندوەو ماوەی چەندان ساڵ، بابیان لەو ئازارو میحنەت‌و ناڕەحەتییەدا بووە، ویستوویەتی بەتەئکید کردنەوە لە خوای میهرەبان بپاڕێتەوە، کە لەو هەموو گوناهو تاوانەو، لەو هەموو هەق‌و مافەی بابیان کە خواردوویانە، خوا لێیان خۆش بێ .

هەندێك لە زانایانیش گوتوویانە: کاتی پاڕانەوەکەی دواخستوە بۆ کاتی سەحەر، واتە: پێش بەرەبەیان .

هەندێکیش گوتوویانە: بۆ ئەوە بووە: ئاگاداربنەوە کە ئەوانە تاوانێکی گەورەیان کردوە دەرهەق بە بابیان‌و، وا نەزانن هەروا شتێکی سادەیەو یەکسەر بە دوعایەکی سادە گوناهەکەیان لە کۆڵ دەکەوێ !

کۆتایی ئەم دەرسەش بەو فەرمایشتەی پێغەمبەر دێنین ﷺ کە دەفەرموێ: {مَنْ كَانَتْ عِنْدَهُ مَظْلَمةٌ لأَخِيهِ مِنْ عِرْضِهِ أَوْ مالِهِ، فَلْيُؤَدِّها إلَيْهِ قَبْلَ أنْ يأْتِيَ يَوْمُ الْقِيامة، لاَ يُقْبَلُ فِيهِ دِينارٌ ولاَ دِرْهَمٌ، إنْ كانَ لَهُ عَمَلٌ صَالِحٌ أُخِذَ مِنْهُ وَأُعْطِي صَاحِبُهُ ، وَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ عَمَلٌ صَالِحٌ، أُخِذَ مِنْ سَيِّئَاتِ صَاحِبِهِ، فَحُمِلَتْ عَلَيْهِ} {أخرجه البخاري برقم: (٢٦٤٩)} .

پێغەمبەری ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك ستەمی برایەکی لایە، (واتە: ستەمی لە برایەکی کردوە،) لە کەسایەتییدا، یان لە سامانی دا، (واتە: حەقێکی مەعنەویی لەلایە، یان حەقێکی مادديی) با ئەمڕۆ گەردنی خۆی پێ ئازاد بکاو، خۆی دەرباز بکات لەو مافەی، پێش ئەوەی ڕۆژێك بێتە پێش، نە دینار هەبێ‌و نە درەم، (واتە: نە زێڕو نە زیو هیچیان نەبن)، ئەگەر کردەوەی باشی هەبێ، لە کردەوە باشەکانی بە ئەندازەی ستەمەکەی کە کردوویەتی لە برایەکەی، هەڵدەگیرێ‌و دەدرێ بەو، ئەگەر چاکەشی نەبن، لە خراپەی برایەکەی (کە هەقی لە لایەتی) وەردەگیرێ‌و دەخرێتە سەر شانی وی)، {پێش ئەوەی ئەو ڕۆژە بێ، با ئێستا مرۆڤ خۆی لە هەق‌و مافی ئەو خەڵکانە، کە هەقیان لەسەریەتی دەرباز بکاو، گەردنی خۆییان پێ ئازاد بکات} .

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی چواردەیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە سێ (٣) ئایەت پێکدێ، ئایەتەکانی: (٩٩،١٠٠،١٠١)و، ئاڵقەی سێزدەیەمو کۆتایی لە زنجیرەی بەسەرهاتی یوسوفو برایەکانی گرتۆتە خۆی، کە بۆ جاری چوارەمو کۆتایی باسی چوونی برایەکانی یوسوف ﷺ بۆ میسرو، هاوڕێ لەگەڵ بابو دایکیو سەرجەم ماڵو خێزانو کەسوکاریان، دەکات، کە یوسوف بابو دایکی بەرزکردۆتەوە بۆ سەر تەختو بارەگایەکەی خۆی، ئەو شوێنەی کە لەسەری دانیشتوەو شوێنێکی بەرز بووە .

ئنجا دوایی بابو دایکیو یازدە برایەکەی، کڕنووشی ڕێزگرتنیان بۆ یوسوف بردوەو، یوسوف گوتوویەتی: ئەی بابە گیان! ئەمە تەعبیرو سەرەنجامی خەونەکەی پێشوومە، پەروەردگارم هێنایە دیو چەسپاندی .

پاشان یوسوف ﷺ یادی چاکەکانی خوا لەسەر خۆیو بابو دایکیو برایەکانی دەکاتەوە، ئاماژەش بە بەین تێکچوونی خۆیو برایەکانی دەکات، بەهۆی خوتخوتەی شەیتانەوە .

لە کۆتایی دا یوسوف ﷺ لە پەروەردگاری دەپاڕێتەوەو، چاکەو نیعمەتەکانی یاد دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەوە کە کردوویەتی بە حوکمڕان، بەشێك لە حوکمڕانی پێداوە لە میسرداو، فێری تەعبیری خەونانی کردوەو، لێی دەپاڕێتەوە کە بە مسوڵمانیی بیمرێنێو بیخاتە ڕیزی صالحانەوە .

﴿ فَلَمَّا دَخَلُوا۟ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ وَقَالَ ٱدْخُلُوا۟ مِصْرَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ
ءَامِنِينَ ﴿٩٩﴾ وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى ٱلْعَرْشِ وَخَرُّوا۟ لَهُۥ سُجَّدًا ۖ وَقَالَ يَٰٓأَبَتِ هَٰذَا تَأْوِيلُ رُءْيَٰىَ
مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّى حَقًّا ۖ وَقَدْ أَحْسَنَ بِىٓ إِذْ أَخْرَجَنِى مِنَ ٱلسِّجْنِ وَجَآءَ بِكُم مِّنَ ٱلْبَدْوِ
مِنۢ بَعْدِ أَن نَّزَغَ ٱلشَّيْطَٰنُ بَيْنِى وَبَيْنَ إِخْوَتِىٓ ۚ إِنَّ رَبِّى لَطِيفٌ لِّمَا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَلِيمُ
ٱلْحَكِيمُ ﴿١٠٠﴾ رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِى مِنَ ٱلْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِى مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ ۚ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِ أَنتَ وَلِىِّۦ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ تَوَفَّنِى مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِى بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٠١﴾ ﴾.

مانای وشــە بە وشــەی ئــایــەتەکــان

{ئنجا کە لە شوێنی تایبەتی یوسوف وەژوورکەوتن، یوسوف بابو دایکی لە باوەش گرتنو گوتی: ئەگەر خوا بیەوێ بە دڵنیاییو ئاسوودەیی وەرنە میسرەوە ﴿٩٩﴾ ئنجا بابو دایکی بردنە سەر تەختەکەی خۆیو، هەموویان بۆی بە کرنووشی ڕێزگرتندا کەوتنو، گوتی: ئەی بابە گیان! ئەمە تەعبیرو ئاکامی خەونەکەی پێشوومە، پەروەردگارم هێنایە دیو چەسپاندی، خواش چاکەو میهرەبانیی لەگەڵدا کردم، کە منی لە بەندیخانە دەرهێناو، ئێوەشی لە بیابانەوە هێنا بۆ شار، دوای ئەوەی شەیتان بە دنەدانو خوتخوتەکەی، بەینی منو برایەکانمی تێکدا، بە دڵنیایی پەروەردگارم بۆ هەر چییەك بیەوێ بیهێنێتە دی، پەنهانکارە، مسۆگەر هەر ئەو زانای کاربەجێیە ﴿١٠٠﴾ پەروەردگارم! بەشێك لە حوکمڕانییو دەستەڵاتت پێداومو، لە تەعبیری خەونان شارەزات کردووم، بەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەوی! هەر تۆ دۆستو پشتیوانمی لە دنیاو دواڕۆژدا، هەر کات مراندتم بە ملکەچیی تەواو بۆ خۆت، بمرێنەو، بە کاروانی چاکانم بگەیەنە ﴿١٠١﴾} .

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەكان

(ءَاوَىٰٓ إِلَيۡهِ أَبَوَيۡهِ): واتە: بابو دایکی لە خۆی وە نیزیك خستن، لە باوەش گرتن، بردنیە تەنیشت خۆی، هەر سێ واتایەکان دەگەیەنێ، (أَوَى، يَأْوِي، أُوِيّاً، وإِيواءً)، واتە: پەنایدا، لە خۆی وە نیزیك خست، لە باوەشی گرت، ئەگەر بگوترێ: (آوَى غَيرَهُ إِيواءً، أي: أَنْزَلَهُ عنده)، واتە: بەرانبەرەكەی، یان یەكێكی دیكەی پەناداو لە خۆی وە نیزیك خست، بەلام ئەگەر بگوترێ: (آوَى فُلانٌ أَخاهُ، أَو أَباهُ، أو فُلانٌ فُلاناً)، یانی: فلانكەس برایەكەی، یان بابی، یان دایكی، یان فلان كەسی لە خۆی وە نیزیك خست، یان لە باوەشی گرت، یان لە تەنیشت خۆی داینا.

(ءَامِنِينَ): واتە: بە دلنیایی، (الأَمْنُ: طُمَأْنينَةُ النَّفْسِ وَزَوَالُ الخوفِ)، (أَمْنُ)، بریتیە لە دڵ ئارامیی‌و، لاچوونی ترس‌و دڵە ڕاوكە.

(ٱلۡعَرۡشِ): (العَرْشُ: شَيٌ مَسْقَّفٌ، وَسُمِّي مَجلِسُ السُّلْطانِ عَرْشاً، اعتباراً بعلُوِّهِ، وُكُنِّي بهِ عَنِ العِزِّ والسُّلْطان)، وشەی (عرش) لە بنچینەدا هەر شتێكە كە سەربانێكی هەبێ، ئەو شوێنەی كە حوكمڕان لێی دادەنیشێ، ناوی لێنراوە (عَرْش)، بەو ئیعتیبارەی كە بەرزترە لە ئاستی ئەوانەی دادەنیشن لەسەر كورسییەك، یان لەسەر تەختەیەك، وشەی (عَرْش) بە كینایە بەكارهێنراوە بۆ بالادەستیی‌و حوكمڕانیی .

(وَخَرُّواْ لَهُۥ سُجَّدٗاۖ): واتە: بۆی بە سەجدەدا كەوتن، بۆی بە كڕنووشدا كەوتن، (خَرَّ: سَقَطَ سُقُوطاً يُسْمَعُ مِنْهُ خَرِيرٌ، وَالخَرِيرُ: هُوَ صَوْتُ الماءِ وَالريحِ، وَغَيْرِ ذَلِكَ)، (خَرَّ) كەوتنێك كەوت، دەنگێكی وەك خوڕەی ئاوو دەنگی (با)ی، لێهات، یانی: بە خێرایی كەوتنە سەر زەوی، (سُجَّدًا) كڕنووش بردن، (خَرِير) بە دەنگی (با)و خوڕەی (ئاو)و هاو وێنەیان دەگوترێ .

(تَأۡوِيلُ رُءۡيَٰيَ): (التَّأْوِيلُ: الرُّجُوعُ إِلى الأَصْلِ)، (تأويل): گەڕانەوەیە بۆ بنچینە، بنەڕەت، (المَوئِل: الموضِع الَّذِي يُرْجَعُ إِلَيْهِ)، (موئِل) واتە: ئەو شوێنەی كە خەڵكی بۆ لا دەگەڕێتەوە، (وَذَلِكَ هُوَ رَدُّ الشيء إلى الغَايةِ المُرَادَةِ مِنْهُ، عِلْماً كانَ أَوْ فِعْلاً)، دەڵێ : (تأويل)، بریتیە لە گەڕانەوەی شتێك بۆ ئەو مەبەستەی كە بۆی ویستراوە، جا چ لە ڕووی زانیارییەوە بێ، چ لە ڕووی كردەوەوە بێ، لە ڕووی زانیارییەوە: قسەیەك دەكرێ، واتایەكەی ڕوون نیە، دوایی دەگێڕدرێتەوە بۆ ئەو مەبەستەی كە لەو قسەیەدا لەبەر چاو گیراوە، بۆیە دەگونجێ ﴿تَأۡوِيلُ﴾ بە سەرەنجامو ئاكام لێك بدرێتەوە.

(حَقّٗا): (أَصْلُ الحَقِّ المُطابَقة والموافقة، وَالحَقُّ: الشَيءُ الثَّابِتُ المُتَحَقِّق)، (حَق) بە مانای ئەوە دێ: شتێك لەگەڵ شتێكدا جووت بێو، بە پێی ئەو بێ، هەروەها هەق بە شتێكی چەسپاوی هاتوەدی، دەگوترێ .

(ٱلۡبَدۡوِ): (الحَضَرُ خِلافُ البَدْوِ)، (حَضَر)، واتە: نیشتەجێ بوو، (بَدو)، واتە: كۆچەریی‌و بیابانشین، (البادِيَ: المُقِيمُ في البادية)، لە قورئانیش دا هاتوە، خوا دەفەرمووێ: ﴿سَوَآءً ٱلۡعَٰكِفُ فِيهِ وَٱلۡبَادِۚ﴾[1]، واتە: ئەوەی كە نیشتەجێیە (لە حەرەمی بەیتدا)، ئەوەش كە لە دەرەوە دێ، هەموویان تێیدا یەكسانن، (باد)، واتە: كەسێك كە نیشتەجێیە لە بیابان (بادیة)، دەڵێ: (بادیة)یش، بۆیە پێی گوتراوە: (بادیة)، لەبەر ئەوەی ئەو خەڵكەی كە لەوێیە، ئاشكراو دیارن، دیوارو خانوو نایان شارێتەوە.

(نَّزَغَ): (النَّزْغُ: دُخولٌ فِي أَمْرٍ لإفْسادِهِ)، (نَزْغ) بریتیە لەوەی شتێك بچێتە نێو شتێك بۆ تێكدانی، هەر بۆیەش بە نەقیزە كە لە ئاژەڵ دەدرێ، بۆ ئەوەی بڕوا، پێی دەڵێن: (نَزغ)، یان (نَخْس)، هەردووكیانی پێ دەگوترێ، وەسوەسەی شەیتانیش وەك تێوە ژەنینێك‌و دنەدانێكە، بۆ مرۆڤ بەرەو خراپە .

---

١) سورة الحج، الآية : ٢٥.

مانای گشتی ئایەتەکان

زۆر جاران گوتوومانە: خوای زاناو شارەزا لە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتەو، بەسەرهاتەکانی دیکەشدا، ئەوەی کە بە سیاق و سەلیقەو عەقڵ دەزانرێ، باسی ناکات، بەڵکو دەیپێچێتەوە دەیقرتێنێ، لێرەش کە دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَىٰ يُوسُفَ ﴾، دوای ئەوەی کە لە یوسوف وەژوور کەوتن، واتە: پاش ئەوەی: بابو دایكو برایەکانیو ماڵو خێزانو کەسوکاریان، لە کەنعانەوە، لەسەر زەمینی شامەوە، خۆیان پێچایەوەو بەرێکەوتنو ڕێیان بڕی، بەرەو میسر هاتنو لە دەروازەکانی میسرِ ئەو دیوو بوونو، چوونە نێو شار، قۆناغ بە قۆناغ: ﴿ فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَىٰ يُوسُفَ ﴾، ئنجا دوای ئەوەی لە یوسوف وە ژوور کەوتن، واتە: چوونە ئەو شوێنەی کە یوسوف تێیدا دادەنیشت، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی خۆی، کە ئەو کاتە یوسوف عەزیزی میسرِ بووەو سەرپەرشتیی کاروباری ئابوورییو ئازووخەی کردوە لە میسرو، پێگەو دەسەڵاتێکی زۆری بووە، شوێنێکی بووە کە وەك شوێنی حوکمڕانیی تێیدا دانیشتوە، هاتنە ئەو شوێنە، ﴿ ءَاوَىٰٓ إِلَيۡهِ أَبَوَيۡهِ ﴾، یوسوف بابو دایکی لە خۆی وەنیزیك خستن، یاخود لە تەنیشت خۆی داینان، یاخود لە باوەشی گرتن، هەموو مانایەکانی هەنو، هەموویان دەگرێتەوە، واتە: لە خۆی وەنیزیکی خستن، یان لە تەنیشت خۆی داینان، لەملاولای خۆی، ﴿ وَقَالَ ٱدۡخُلُواْ مِصۡرَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ ﴾، ئنجا پێی گوتن : وەرنە میسرەوە، ئەگەر خوا بیەوێ، بە دڵنیایی بەبێ ئەوەی کە ترسو بیمتان لەسەر بێ، واتە: بۆ خۆتان دەربازتان بوو لە ژیانی سەختو کولە مەرگیی بیابانشین، ﴿ وَرَفَعَ أَبَوَيۡهِ عَلَى

ٱلۡعَرۡشِ ﴾، بابو دایکی بەرزکردنەوە بۆ سەر تەختەکە، ئەو تەختەی کە خۆی لەسەری دادەنیشت، کە دیارە لە ئاستی مەجلیسەکە بەرزتر بووە، بۆیە پێی گوتراوە: (ٱلۡعَرۡشِ)، ئەگەرنا کورسییەك نەبووە، چونکە کورسییەك کە جێی نەفەرێکە، جێی سێ نەفەری لەسەر نابێتەوە، ئنجا ئەو تەخت (عرش)ەش، دیارە شوێنێکی فراوان بووە، بابو دایکی بەرزکردنەوە بۆ سەر ئەویو لە تەنیشت خۆی دانان، ﴿ وَخَرُّواْ لَهُۥ سُجَّدٗا ﴾، ئنجا هەموویان بۆی بە کڕنووشدا کەوتن، (خَرُّوا)، واتە: (سَقَطُوا) کەوتن، (سُجَّدًا)، کۆی (ساجِد)ە، واتە: هەموویان بۆی بە کڕنووشدا کەوتن، هەموویان کێ ؟ بابو دایکیو هەر یازدە برایەکەی .

ئنجا یوسف قسەی دڵی خۆی دەکات: ﴿ وَقَالَ يَٰٓأَبَتِ هَٰذَا تَأۡوِيلُ رُءۡيَٰيَ مِن قَبۡلُ ﴾، (یوسوف)یش گوتی: ئەی بابە گیان! ئەمە سەرەنجامی خەونەکەی پێشوومە، ﴿ قَدۡ جَعَلَهَا رَبِّي حَقّٗاۖ ﴾، بێگومان پەروەردگارم، بەڕاستی گێڕاو چەسپاندی، وەك لە سەرەتای سوورەتی یوسفەوە باسمان کرد، کە یوسوف خەونی بینیبوو: ﴿ إِذۡ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ إِنِّي رَأَيۡتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوۡكَبٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ رَأَيۡتُهُمۡ لِي سَٰجِدِينَ ٤ ﴾ یوسف، واتە: کاتێك یوسوف بە بابی گوت: ئەی بابە گیان! من یازدە ئەستێرەو خۆرو مانگم بینین، کە کڕنووشیان بۆ من برد بوو .

ئنجا ئەمە هاتنە دی ئەو خەونەیەتی، کە کاتی خۆی پێش باڵغ بوون بە منداڵیی ئەو خەونەی بینیبوو، ئێستا دوای ئەو تەمەنە، خەونەکەی هاتە دی، ئەوەتا هەر یازدە برایەکەیو بابو دایکی کڕنووشی، ڕێز گرتنی بۆ دەبەن، کە وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین، وشەی (سَجْدَة) لە زمانی عەرەبییدا بە مانای ملکەچیی، دێو، بە مانای ڕێزلێنان لە بەرانبەر، دێ، هەروەك چۆن بە مانای نێوچەوانو تەوێڵ خستنە سەر زەوی، دێ، کە ئەوە بێجگە لە خوا ﷻ بۆ کەسی دیکە دروست نیە، هەروەها بە مانای چەمینەوەش دێو، بە مانای ئامازە کردنیش، دێو، بە مانای سڵاو لێکردنیش، دێ، وەك دوایی

باسی دەکەین، کە بە تەئکید ئەوەی کە بابو دایكو یازدە برایەکە بۆ یوسوف کردوویانە، ڕێز لێگرتن بووە، سڵاو لێکردنو حورمەت لێنان بووە، ﴿وَقَدْ أَحْسَنَ بِىٓ إِذْ أَخْرَجَنِى مِنَ ٱلسِّجْنِ﴾، چاکەشی لەگەڵ کردم، واتە: پەروەردگارم چاکەی لەگەڵ کردم، لوتفی لەگەڵ کردم، کە کاتێك منی لە بەندیخانە دەرهێنا.

تەماشای ئەو جوامێرییەی یوسوف ﷺ، بکەن! باسی هێنرانە دەری لە بیرەکە ناکات، چونکە ئەوە برینی برایەکانی دەکولێنێتەوە، پێشتریش یوسوف گوتی: ﴿قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ ٱلْيَوْمَ﴾، ئەمڕۆ، واتە: لە مڕۆ بە دواوە گلەییتان لەسەر نیە، کە ئەو کاتەش هەر گلەیی لێنەکردنو سەرزەنشتی نەکردن، هەر شتێك بووە بە بیری هێنانەوە، ئایا لە بیرتانە ئەوەتان لەگەڵ یوسوفو برایەکەی دا کرد، کاتێك کە ئێوە نەزان بوون؟! ئنجا کە ئەو بەڵێنەی داوە، تازە ناچێ قسەی خۆی بشکێنێ، بۆیە باسی لە بیر هێنرانەدەری خۆی هەر ناکات، باسی ئەوە ناکات کە چۆن لە بیر هێنراوەتە دەر، کە ئەوە بەڵای گەورە بووە بەسەری هاتوە، بەڵکو دەڵێ : ﴿إِذْ أَخْرَجَنِى مِنَ ٱلسِّجْنِ﴾، کاتێك پەروەردگارم منی لە بەندیخانە هێنایەدەر، ﴿وَجَآءَ بِكُم مِّنَ ٱلْبَدْوِ﴾، ئێوەشی لە بیابانەوە هێنا، ﴿مِنۢ بَعْدِ أَن نَّزَغَ ٱلشَّيْطَٰنُ بَيْنِى وَبَيْنَ إِخْوَتِىٓ﴾، دوای ئەوەی کە شەیتان خوتخوتەی خراپی خستە نێوان منو برایەکانمەوە، خۆیشی پێش دەخاتو، تاوانەکەش لە ملی شەیتان دەکات، وەك برایەکانی هیچ دەستیان تێیدا نەبوو بێ! بۆ ئەوەی بە هیچ جۆرێك ئەوە لە قسەکانی نەفامرێتەوە، کە لێرەدا گلەیی لە برایەکانی دەکاتو سەرکۆنەیان دەکات، ﴿إِنَّ رَبِّى لَطِيفٌ لِّمَا يَشَآءُ﴾، بێگومان پەروەردگارم بۆ هەر شتێك کە بیەوێ، زۆر پەنهانکارە، زۆر بە پەنهانییو بە لە باریی دەیکات، ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ﴾، بێگومان هەر ئەو زانای کارزانە.

تەماشا بکەن! چەند بە پەنهانکارییو کارامەیی خوا ﷻ یوسوفی لە کوێوە هێنا بۆ کوێ ؟!

ئنجا یوسوف لە کۆتایی دا، لە پەروەردگاری دەپاڕێتەوە، دەڵێ : ﴿ رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِي مِنَ ٱلْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِي مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ ﴾، پەروەردگارم! لە موڵكو حوكمڕانیی پێت داومو، لە تەعبیرو لێكدانەوەی خەونانت فێر كردووم .

ئەمانە دوو نیعمەتی هەرە گەورەی خوای پەروەردگار بوون بۆ یوسوف كە:

١- كردوویەتی بە حوكمڕانو بەشێك لە حوكمڕانیی لە میسڕدا كەوتۆتە دەست یوسوف .

٢- ئەویش لە ڕێی ئەوەوە بوو، كە خوا لێكدانەوەی خەونانی فێر كردبوو، چونكە زانستەكەی، ئەو زانستە تایبەتییەی كە خوا پێی دابوو، بوو بە هۆكاری ئەوەی ئەو موڵكو حوكمڕانییەشی دەست بكەوێ، بۆیە دەڵێ: ﴿ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، بەدیهێنەرو پەیداكەری ئاسمانەكانو زەوی، ﴿ أَنتَ وَلِيِّۦ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْأٓخِرَةِ ﴾، هەر تۆ سەرپەرشتیارو مشوورخۆرو دۆستو یاوەری منی ، لە دنیاو لە دوارۆژدا، ﴿ تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴾، بە ملكەچیی بممرێنەو، بمخە ڕیزی صاڵحانەوە، واتە: كاتێك كە دەممرێنی با وا بمرم بە تەواویی ملكەچبم بۆ تۆ، ئنجا كە مراندیشتم، بمخە ڕیزی ئەو مرۆڤە صاڵحو چاكانەوە، كە لە تەرازووی تۆدا بە شایستەو چاك لە قەڵەم دراون .

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم : چوونی باب‌و دایك‌و برایەکانی یوسوف‌و سەرجەم خاوو خێزانیان، بۆ میسرٍ بۆ لای یوسوف، ئنجا لە خۆوە نیزیك خستن‌و لە باوەش گرتنی یوسوف بۆ باب‌و دایکی‌و فەرموو لێکردنیان بۆ نیشتەجێ بوون بە ئاسوودەیی لە میسرِدا :

وەك خوا فەرموویەتی : ﴿ فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيۡهِ أَبَوَيۡهِ وَقَالَ ٱدۡخُلُواْ مِصۡرَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ ﴿٩٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە لە چوار بڕگەدا

١) - ﴿ فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَىٰ يُوسُفَ ﴾، واتە: دوای ئەوەی لە یوسوف وەژوور کەوتن، واتە: لەو شوێنەی کە تێیدا نیشتەجێ بووو لەوێوە حوکمڕانیی دەکرد، واتە: لە شوێنی تایبەتیی یوسوف وە ژوور کەوتن.

٢) - ﴿ ءَاوَىٰٓ إِلَيۡهِ أَبَوَيۡهِ ﴾ باب‌و دایکی لە خۆی وەنیزیك خستن‌و بردنیە تەنیشت خۆی‌و لە باوەشی گرتن .

مەبەست لە باب‌و دایکی : بابی ئەوە دیارە یەعقووب عليه السلام‌ە، دایکیشی وەك پێشتر باسمان کرد، لە پەیمانی کۆندا بە (راحیل) ناوی هاتوە، کچی (لابان)، لابانیش خاڵی یەعقووب بووەو، یەعقووب کچی خاڵی خۆی هێناوە .

هەندێکیش گوتوویانە: (راحیل)، کە دایکی یوسوفە، لەسەر بنیامین وەفاتی کردوە (جاری وایە ئافرەت لەسەر منداڵ دەمرێ) دوایی یەعقووب (لەیئە)ش دێنێ، کە هەر خوشکی (راحیل) بووەو ئەو کاتەش دوو خوشك دروست بووە لە لای پیاوێك ببن، ئەویش هەر هاوسەری یەعقووب ﷺ بووە، کەواتە: ئەوە کە دەفەرموێ: ﴿أَبَوَيۡهِ﴾، ئەوە یەعقووبو لەیئەن، کە دەکاتە پووری یوسوفو بنیامین، واتە: خوشکی دایکیان، (خالە)ی، یوسوفو بنیامین، لە پەیمانی کۆندا ئاوا دەڵێ، بەڵام لە ڕاستییدا هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە، بۆیە ئێمە هەر دەڵێین: ﴿أَبَوَيۡهِ﴾، دایكو بابی، ئیدی هیچ پێویست ناکات تەئویلی بکەین، بینا لەسەر قسەی پەیمانی کۆن ، کە جێی متمانە نیە، نەگۆڕدرا بێ .

٣) - ﴿وَقَالَ ٱدۡخُلُواْ مِصۡرَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ﴾، (یوسوف) گوتی: وەرنە میسرەوە، ئەگەر خوا بیەوێ، هەڵبەتە خوا ویستوویەتیو تازە هاتوونە میسرەوە، بۆیە زانایان گوتوویانە: یانی: خوا ویستوویەتیو بە ویستی خوا، هاتوون، هەندێکیش گوتوویانە: ئەوە بۆ بەپێزکردن (تبرُّك)ە .

٤) - ﴿ءَامِنِينَ﴾، بە دڵنیاییو با ئەوەی ترستان لەسەر بێ.

(الأمنُ: حَالة اطمِئنانِ النَّفسِ وَراحَةِ البالِ، وَانتِفاءِ الخوفِ مِن كُلِّ ما يُخافُ منهُ)، (أمن) بریتیە لە حاڵەتێکی ئارامیی بۆ دەروونی مرۆڤ و، دڵ ئاسوودەییەكو، لاچوونی ترس لە هەموو ئەو شتانەی کە جێگای مەترسیین، یانی: نە لە قاتو قڕیو برسیەتیی، کە لە ژیانی بیابانشینیی دا تووشتان بووەو، نە لە هیچ دوژمنێك بترسێن، چونکە ئێستا یوسوف کە کوڕی ئەو بابو دایکەیەو، برای ئەو برایانەیە، خاوەن پێگەو دەسەڵاتە لە میسردا، بۆیە هیچ مەترسییەکتان لەسەر نیە، وەرن نیشتەجێ بن .

مەسەلەی دووەم : بەرزکردنەوەی یوسوف ﷺ بۆ باب و دایکی بۆ سەر تەختەکەی خۆی‌و، بە کڕنووشدا کەوتنی باب‌و دایکی‌و، یازدە برایەکەی بۆی‌و، یاد کردنەوەی یوسوف بۆ چاکەکانی پەروەردگاری: وەك هاتنە دی خەونەکەی‌و، ڕزگار بوونی لە زیندان‌و، هێنانی کەسوکاری لە بیابانەوە بۆ شارو، چاکبوونەوەی لەگەڵ برایەکاندا :

وەك خوای بەخشەر فەرموویەتی : ﴿ وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ وَخَرُّوا لَهُ سُجَّدًا وَقَالَ يَا أَبَتِ هَذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا وَقَدْ أَحْسَنَ بِي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ وَجَاءَ بِكُم مِّنَ الْبَدْوِ مِن بَعْدِ أَن نَّزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِّمَا يَشَاءُ إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ (١٠٠) ﴾ .

تویژینەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە لە دە بڕگەدا

١) - ﴿ وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ ﴾ ، ئنجا باب‌و دایکی بەرزکردنەوە بۆ سەر تەختەکەی.

(العَرشُ: سَرِيرٌ للقُعُودِ فيكون مُرتَفِعاً على سوق، وَفيهِ سعة تُمَكِّنُ الجالِسَ مِنَ الإتِكاءِ، أي: أجلَسَهما مَعَهُ على سَريرِ المُلك تَكريماً لَهُما) .

(عرش) بریتیە لە تەختێك کە حوکمڕان لەسەری دانیشتووەو بەرزتر بووەو لەسەر چەند پێیەك، بووە، لەسەر چەند گۆشەیەك وەستاوەو فراوانیش بووە، شوێنی ئەوەی تێدا هەبووە کە ئینسان پاڵی لێبداتەوە، (یان چەند کەسێك لە تەنیشت خۆی دابنێ)، واتە: لەسەر تەختەکەی خۆی داینان لە تەنیشت خۆی، وەك ڕێز لێگرتنیان ، کە مەبەست لە باب‌و دایکی - وەك پێشتر گوتمان - یەعقووب‌و ڕاحیلن، هەندێکیش گوتویانە:

لەیئەیە کە دەکاتە پلك (خالة)ی، واتە: خوشکی دایکی یوسوف، بەلام ڕاستتر ئەوەیە کە هەر دایکی خۆی بووە .

٢) - ﴿ وَخَرُّوا۟ لَهُۥ سُجَّدًا ﴾، ئنجا بۆی بە کڕنووشدا کەوتن .

(الخُرور: الهُوِيُّ والسقوط مِن عُلوٍّ إلى الأرضِ)، (خرور)، بریتیە لە کەوتنو لەپەوڕو کەوتن لە بەرزییەوە بۆ نزمیی، یانی: بۆی بە کڕنووشدا کەوتن .

﴿ سُجَّدًا ﴾، یان (حال)ە، لەبەر ئەوەی (خرور) واتە: کەوتنە سەر زەوی، چەند حالەتێکی هەنو، ئەمەیان بە شێوەی چوونە کڕنووشە، یاخود ﴿ سُجَّدًا ﴾، (حال) نیە، بەڵکو کۆی (ساجِدْ)ە، (، أي: ساجِدِينَ)، یانی: هەموویان کەوتنە سەر زەویو لەپەو ڕوو بۆی بە کڕنووشدا کەوتن، دیارە کڕنووش بردووەکان یەعقووبو ڕاحیلو یازدە کوڕەکانیان بوون، کە پێشتر ناوەکانیانمان هێنان .

٣) - ﴿ وَقَالَ يَـٰٓأَبَتِ هَـٰذَا تَأْوِيلُ رُءْيَـٰىَ مِن قَبْلُ ﴾، یوسوف گوتی: ئەی بابە گیان! ئەمە سەرەنجامی خەونەکەمە، خەونە پێشووەکەمە، کە کاتی خۆی بینیبووم، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە ئایەتی ژمارە (٤)دا : ﴿ إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَـٰٓأَبَتِ إِنِّى رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِى سَـٰجِدِينَ ﴿٤﴾ ﴾، واتە: ئا ئەم کڕنووش بردنە سەرەنجامو هاتنەدی خەونەکەی پێشوومە، یاخود ئەم حالەتەی ئێستا کە ئێوە هاتوونو ڕێز لە من دەگرن، ئەم وەزعە، سەرەنجامی خەونەکەی پێشوومە .

ئنجا ئایا لە نێوان خەون بینینەکەیو هاتنەدی خەونەکەیدا، چەند ساڵ بووە؟ توێژەرەوان زۆریان قسە لێکردوە، کە پێم وایە هەمووی لە گۆترەیەو هەر دیاریشە شتێك کە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەی لەسەر نەبوو، قسەی جیا جیای تێدا دەبن :

١- هەندێکیان گوتوویانە: (١٨) ساڵ بووە .

٢- هەندێکیان گوتوویانە: (٢٠) ساڵ بووە .

٣- هەندێکیان گوتوویانە: (٢٣) بووە .

٤- هەندێکیان گوتوویانە: (٣٠) بووە .

٥- هەندێکیان گوتوویانە: (٣٥) بووە .

٦- هەندێکیان گوتوویانە: (٤٠) بووە.

٧- هەتا (٨٠)ش ڕۆیشتوون، لە تەفسیرەکاندا، ئەو قسانە هەموویان هەن، بەڵام هیچیان بەڵگەی یەکلایی کەرەوەیان پێ نیە، بەڵام بە لای کەمەوە بیست سی (٢٠ ـ ٣٠) ساڵێك هەر بووە، چونکە: یوسوف چەند ساڵان لە ماڵی عەزیزی میسردا ماوەتەوە، بەر لەوەی باڵغ بێو گەورە بێو ژنەکەی عەزیز تەماعی تێبکاتو دەورو خولی هەڵبێ، پاشان ماوەیەکیش لە بەندیخانەدا ماوەتەوە، دوای بەندیخانەش ماوەیەك وەك بەرپرسی ئازووخە لە میسردا ماوەتەوە، تاکو برایەکانی چەندجاران چوون، ئەوە بە لای کەم: بیست سی (٢٠ ـ ٣٠) ساڵێکی پێچووە، بە تەقدیرو بە مەزندە، دەتوانین ئەوەندە هەر بڵێین .

٤) - ﴿قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا﴾، ئەوە خەونەکەم پەروەردگارم هێنایە دی.

(حَقًّا)، (أي: صِدْقاً مُطابِقاً لِلواقِعِ فـي الحس)، واتە: بەڕاستی دانـاو خەونەکەم، ڕێك هاتە دی، لەگەڵ واقیعێکی بەرهەست دا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە خەونەکان هەیە کە هەقە، هەشە کە پووچەو بێ بنەمایەو نایەتە دی.

٥) - ﴿وَقَدْ أَحْسَنَ بِيٓ﴾، هەروەها پەروەردگارم چاکەی لەگەڵ مندا کرد .

(أَحْسَنَ بِيٓ)، (أي: أَحسَنَ إلَيَّ)، لە زمانی عەرەبییدا دەگوترێ : (أَحْسَنَ بِيٓ)و (أي أَحسَنَ إلَيَّ)، (مِن غَيْرِ تَضمِينِ مَعنَى فِعلٍ آخر)، کە دەگوترێ: (أي أَحسَنَ إلَيهِ)، ئەوە دیارە چاکەی لەگەڵدا کرد، (أَحْسَنَ بِهِ)، دیسان بە مانای

چاکەی لەگەڵدا کرد، ئەمجارە بەبێ ئەوەی کە مانای کردەوەیەکی دیکە خرابێتە نێو (أَحۡسَنَ)، بۆیە تەعەددای کردوە بە (ب)، لە جیاتی بە (إلى)، تەعەددا بکات، جاری واش هەیە دەگونجێ بڵێین: (أَحۡسَنَ بِیٓ)، مانای (لَطَفَ)ی، خراوەتە نێو، (أي: أحسَنَ إلـيَّ ولَطَفَ بـي)، چونکە لە زمانی عەرەبییدا بنچینەیەك هەیە، کە جاری وایە (فِعل)ێك، کە بە پیتێك تەعەددا دەکات بۆ (مَفعولٌ بهِ) کە عادەت نیە، بەو پیتە تەعەددا بکات، ئەو کاتە: هەم مانای ئەسڵیی خۆی دەگەیەنێ، هەم مانایەکی دیکەش دەگەیەنێ، بە پێی ئەو پیتە کە تەعەددای پێ کردوە، ئێستا (أَحۡسَنَ)، یانی: چاکەی لەگەڵدا کردم، (أَحۡسَنَ بِیٓ)، واتە: چاکەی لەگەڵدا کردمو لوتفی لەگەڵدا نواندم .

٦) - ﴿إِذۡ أَخۡرَجَنِی مِنَ ٱلسِّجۡنِ ﴾، کاتێك کە منی لە بەندیخانە دەرهێنا، وەك پێشتر باسمان کرد، نالێ: منی لە بیر دەرهێنا، چونکە ئەوە دەکاتە جۆرێك لە برین کولاندنەوەی برایەکانیو، شەرمەزار کردنەوەیانو، پاشان برین کولاندنەوەی بابو دایکیشی، کە چەند خەفەتیان خواردوە، لەو زوڵمو ستەمەی کە برایەکانیان لێیان کردوە، یەکسەر دەڵێ: خوا چاکەی لەگەڵ کردم، لوتفی لەگەڵ نواندم، کە منی لە بەندیخانە دەرهێنا، بە لای بیردا هەر ناچێ !!

٧) - ﴿وَجَآءَ بِكُم مِّنَ ٱلۡبَدۡوِ ﴾، ئێوەش لە بیابانەوە هێنا .

(البَدو: ضِدُّ الحضَرِ، سُمِّيَ بَدواً، لأنَّ سُكانَهُ بادون، أي: ظاهِرون لِكُلِّ وَارِدٍ)، (بَدوْ)، دژی (حَضَرْ)ە، (حَضَر)، واتە: شارنشین، (بَدوْ)، واتە: بیابانشین، یان دەشتو کۆسار نشین، لادێی، بۆیەش ناوی لێنراوە (بدو)، چونکە دانیشتووانی بیابان، بیابانشین، ئاشکران، خەڵك هەمووی دەیانبینێ، خانووو دیوارو پەنهانیان ناکات .

٨) - ﴿مِنۢ بَعۡدِ أَن نَّزَغَ ٱلشَّیۡطَـٰنُ بَیۡنِی وَبَیۡنَ إِخۡوَتِیٓ ﴾، دوای ئەوەی شەیتان خوتخوتەی خستە نێوان منو برایەکانم، واتە: نێوان منو برایەکانمی تێکدا،

(النَّزْغُ: مَجازٌ فِي إِدْخالِ الفَسادِ فِي النَّفسِ شُبِّهَ بِنَزْغِ الراكِبِ الدابةَ وَهُوَ نَخْسُها)، (نَزْع) خوازراوەتەوەو مانایەکی مەجازیی هەیە، بۆ ئەوە کە شتێکی خراپ بخرێتە نێو نەفسەوە، هەروەك چۆن بابای سوار لە وەڵاخەکەیەوە دەژەنێ، بۆ ئەوەی بڕوا، نەقیزەی تێوە دەژەنێ، یاخود قامچی لێدەدا، شەیتانیش کە خوتخوتە دەخاتە دڵی مرۆڤەوە، وەك ئەوە وایە دنەی بداو پاڵی پێوە بنێ‌و، لێی بخوڕێ بەرەو خراپە .

ئنجا لێرە یوسوف ﷺ هۆکاری ئەو دوژمنایەتیی‌و ناکۆکییە، کە دوژمنایەتیی‌و ناکۆکییەکی یەك سەرە بووەو، دوو سەرە نەبووە ! چونکە ئەو ڕقی لە برایەکانی نەبووەو ئەوان ڕقیان لەو بووە، ئەوان حەسوودییان بەو بردوە، ئەوان پیلانیان لە دژی ئەو گێڕاوە، بەڵام تەماشای ئەو هەموو جوامێرییەی یوسوف بکەن! جارێ پێشێ خۆی پێش دەخات ﴿مِنۢ بَعۡدِ أَن نَّزَغَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بَيۡنِي وَبَيۡنَ إِخۡوَتِيٓۚ﴾، وەك بڵێی: شەیتان پێشێ زەفەری بەو بردبێ، لە بەرانبەر برایەکانیدا، کە ناکۆکیی هەبێ لەگەڵیانداو، دژایەتییان بکات! کە ئەو هیچیشی نەکردوە لە دژی برایەکانی، ئنجا خەتایەکەش لە ملی برایەکانی دێنێتە دەرو دەیخاتە ملی شەیتانەوە، کە بە تەئکید هەر خراپەیەك مرۆڤ دەیکات، شەیتان پێی دەکا، بەڵام مرۆڤ خۆیشی پشك‌و بەشی تێیدا هەیە، ئنجا لێرەدا ئەهلی تەزکیەو تەسەووف قسەیەکی جوانیان هەیە دەڵێن: (ذِكر الجفاءِ فِي وَقتِ الصفاءِ جَفَاءٌ)، واتە: باسی جەفاو دووریی، لە کاتی ئاشتیی‌و صاف بوونەوەدا، بە جەفاو لێك دووریی لە قەڵەم دەدرێ، بۆیە یوسوف ﷺ بە لای هیچ وشەیەك دا نەچووە، کە مایەی نیگەرانیی برایەکانی‌و دڵ کولاندنەوەیان‌و شەرمەزار کردنەوەیان بێ .

٩) - ﴿إِنَّ رَبِّي لَطِيفٞ لِّمَا يَشَآءُۚ﴾، بێگومان پەروەردگارم، بۆ هەر شتێك کە بیەوێ، زۆر پەنهانکارە، زۆر بە پەنهانیی‌و لێزانیی‌و کارامەیی، دەیکات، بەبێ ئەوەی خەڵك هەر هەستی پێ بکات :

١- خوای پەروەردگار ئەو کەسەیە کە یوسوف لە چاڵ‌و بیرەوە دێنێ‌و، لە بەندیخانەوە دەیهێنێ‌و، دەیکاتە حوکمڕان لە میسڕ .

٢- پەروەردگار ئەو كەسەیە كە مووسا ﷺ لە ماڵی فیرعەوندا پەروەردە دەكات، دواییش تەختو تاجی فیرعەونیشی پێ لە بەین دەبات‌و، بەنی ئیسرائیلی پێ لە چنگاڵی زۆردارانەی فیرعەون دەرباز دەكات !!

(اللُّطْفُ: التَدْبیر الملائِمُ، وَهُوَ یَتَعدّی بالَّلام عَلَی تَقدیرِ: لَطِیفٌ لأَجلِ ما یَشاءُ اللُّطْفَ بِهِ، وَیَتَعَدَّی بالباءِ: لَطَفَ بِهِ)، (لُطْف) بریتیە لە نەخشەدانانێكی گونجاوو لە بار، وشەی (لَطَفَ)یش تەعەددا دەكات :

١/ بە لام (ل) : ﴿إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِّمَا يَشَآءُ﴾، یانی: (لَطِیفُ لأَجلِ ما یَشاءُ اللُّطْفَ بِهِ)، خوا پەنهانكارە، بۆ كەسێك كە بیەوێ لوتفی لەگەڵدا بكات، میهرەبانیی لەگەڵ بنوێنێ‌و هاوكاری بێ‌و پشتیوانی بێ .

٢/ جاری واش هەیە بە باء (ب)، تەعەددا دەكات: (لَطَفَ بِهِ)، واتە: لەگەڵیدا میهرەبان‌و هاوكار بوو .

١٠) - ﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْحَكِيمُ﴾، بێگومان هەر خوا زانای كارزانە، دەزانێ چۆن كارەكانی دەكات‌و، كارزانە دەزانێ چۆن جێبەجێیان دەكات .

کورتە باسێک لەبارەی چۆنیەتی سەجدەبردنی باب و دایکی یوسوف و یازدە برایەکانی، بۆ یوسوف

بەڕێزان !

پێویست دەکات ئێمە ڕوونکردنەوەیەکی باش بدەین، لە بارەی ئەو ئایەتەوە کە دەفەرموێ: ﴿ وَخَرُّواْ لَهُۥ سُجَّدًا ﴾، باب و دایکی یوسوف و یازدە برایەکەی بۆی بە کڕنووش دا کەوتن، کە ئایا ئەو کڕنووش بردنە چۆن بووە؟ لە چەند بڕگەیەکدا شی دەکەینەوە :

١) - مانای (سُجُودُ)، (سَجْدَة)، لە زمانی عەرەبیدا :

أ/ فەرهەنگەکانی زمان[١] دەڵێن: (سَجَدَ سُجُوداً: تَطامَنَ، وَكُلُّ شَيء ذلَّ، فَقَد سَجَدَ.. وَسَجَدَ البَعيرُ: خَفَضَ رَأسَهُ عِنْدَ الرُّكوبِ، وسَجَدَ الرَّجُلُ: وَضَعَ جَبهَتَهُ عَلى الأَرْضِ وَالسجُودُ لِلَهِ في الشَّرْع: عِبارَةٍ عَن هَيئَة مَخصُوصة)، وشەی (سَجَدَ سُجُوداً)، واتە: خۆی بە کەمگرت، یاخود ملی نەوی کرد، هەر شتێك کە ملکەچ بێ، وشەی (سَجَدَ)ی بۆ بەکاردەهێنرێ، دەگوترێ: (سَجَدَ البَعیر)، کاتێك کە حوشتر ملی خۆی نەوی دەکات بۆ ئەوەی بابایەك کە دەیەوێ سواری بێ و، بچێتە سەر پشتی، ئەگەر خۆی دانەنوێنێ و یەخ نەبێ، کەس ناتوانێ بچێتە سەر پشتی .

---

١) المصباحُ المنِير، ص١٤٠، ومختارُ الصحاح، ص٢٨٦، والمُعجَم الوَسِيط، ص٤١٦.

هەروەها دەگوترێ : (سَجَدَ الرَّجُلُ)، پیاوەکە سەجدەی برد، ئەگەر نێوچەوانو تەوێڵی خۆی بخاتە سەر زەوی‌و، سەجدە بردن بۆ خوا لە زاراوی شەرعدا بریتیە لە حاڵەتێکی دیاریکراو (ئەویش ئەوەیە کە ئینسان تەوێڵی خۆی، نێوچەوانی خۆی، بخاتە سەر زەوی‌و، هەردوو لەپە دەستی، لەگەڵ هەردوو ئەژنۆی‌و، هەردوو سینگی دوو پێی)، ئەوە لە فەرهەنگەکانی زماندا .

ب/ لە قورئاندا سێ نموونە دێنینەوە، بۆ مانای وشەی (السجدة) :

نموونەی یەکەم :

ئایەتەکانی: (٤٨ و ٤٩ و ٥٠) لە سووڕەتی (النحل)دا، کە خوا دەفەرموێ:
﴿ أَوَلَمْ يَرَوْاْ إِلَىٰ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ يَتَفَيَّؤُاْ ظِلَـٰلُهُۥ عَنِ ٱلْيَمِينِ وَٱلشَّمَآئِلِ سُجَّدًا لِّلَّهِ وَهُمْ دَٰخِرُونَ ﴿٤٨﴾ وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ مِن دَآبَّةٍ وَٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٤٩﴾ يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوْقِهِمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾.

واتە: ئایا ناڕوانن بۆ هەر شتێك خوا دروستی کردوە، کە سێبەرەکەیان لەلای ڕاستو چەپیان کڕنووش بۆ خوا دەبەن‌و بۆ خوا ملکەچن‌و، هەرچی لە ئاسمانەکان‌و لە زەویدا هەیە، لە ئاژەڵو لە فریشتە، کڕنووش بۆ خوا دەبەن‌و خۆیان بە زل ناگرن، ترسی پەروەردگاریان هەیە لە سەروویانەوەو، هەر شتێك کە فەرمانیان پێبکرێ، ئەنجامی دەدەن.

وەك دەبینین خوا ﷻ لێرەدا نوشتانەوەی سێبەری شتەکان لە لای ڕاستو چەپ، کاتێك کە خۆر هەڵدێ لەولاوە لەلای ڕاستەوە سێبەر دەردەکەوێ‌و، وەختێك ئاواش دەبێ، لەولاوە لەلای چەپەوە سێبەر دەردەکەوێ[1]، خوای پەروەردگار ئەو هاتن‌و چوونەی سێبەری بە جۆرێك لە کڕنووش بردن بۆ خوا، لە قەڵەم داوە.

---

١) لە کاتێك دا مرۆڤ ڕووەو کەعبە بووەستێ‌و، لە عێراق‌و دەوروبەری بێ .

نـمـوونـەی دووەم :

هـەروەهـا لـە سـوورەتی (الحج)دا، دەفـەرمـوێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَسْجُدُ لَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ وَٱلنُّجُومُ وَٱلْجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ وَٱلدَّوَآبُّ وَكَثِيرٌ مِّنَ ٱلنَّاسِ ۖ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ ٱلْعَذَابُ ۗ وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكْرِمٍ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ ﴿١٨﴾ ﴾، واتـە: ئـایـا سـەرنـج نـادەی! چـۆن هـەر کـەسـێك کـە لـە ئـاسـمـانـەکـانو، هـەر کـەسـێك کـە لـە زەویـدا هـەیـە، کـڕنووش بـۆ خـوا دەبـاتو، خـۆرو مـانگو ئـەسـتێرەکانو، چـیایـەکانو درەخـتـەکانو ئـاژەڵـەکانو، زۆرێك لـە خـەڵـکی، (واتـە: زۆر لـە خـەڵـکـیش کـڕنووش دەبـەن کـە بـڕوادارانـن)و، زۆرێکیشیـان سـزای خـوایـان لـەسـەر پێویـسـت بـووەو، هـەر کـەسـێك خـوا بـێ ڕێـزی بکات، هیچ ڕێـزگـرێکی بـۆ نـابـێ، (هیچ کـەسـێك نـاتـوانـێ ڕێـزی لـێ بگـرێ)، بێگومـان خـوا هـەر شـتـێ بیـەوێ دەیکات .

کـەواتـە: لـێرەدا خـوا کـڕنووش بردنی، بـۆ هـەرچی لـە ئـاسـمـانـەکـانو زەویـدا هەیە، نـاو بردوە، هـەروەهـا بـۆ خـۆرو مـانگو ئـەسـتێرەکان، دیسان بـۆ چیایەکانو درەخـتـەکانو ئـاژەڵـەکانو، بـۆ زۆرێك لـە خـەڵکی، ئنجا ئەگـەر زۆرێك لـە خـەڵکی کـە بڕوادارانن، نێوچەوانیـان بخـەنـە سـەر زەویو، ئـەوە کڕنووش بردنـەکـەیان بـێ، فریشـتـەکانیش بـەو شێوەیـە کـڕنووش بـەرن کـە خـوا دەزانـێ چـۆنـە؟ بێگومـان کـڕنووش بردنـی خـۆرو مـانگو ئـەسـتێرەکـانو درەخـتو چیـاکـانو ئـاژەڵـەکـان، بریتیـە لـە ملکـەچییـان بـۆ خـوا، کـەواتـە: ملـکـەچـیـی یـانـی: سـەجدە بردن .

نـمـوونـەی سـێـیـەم :

لـە سـوورەتی (الرعد)دا، دەفـەرمـوێ : ﴿ وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَظِلَٰلُهُم بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْءَاصَالِ ﴿١٥﴾ ﴾، واتـە: هـەرچی لـە ئـاسـمـانـەکـانو زەویدا هـەیـە، چارو نـاچارو بـەپێخۆش بوونو بـەپێنـاخۆش بوون، کـڕنووش بـۆ خـوا دەبـەن، هـەروەهـا سـێبـەرەکـانیشیـان بـەیـانیـانو ئێـواران .

یانی: کە خۆر هەڵدێ لە لای ڕاستەوە سێبەر پەیدادەبێ و، ئەو سێبەرە بە کڕنووش بردنی درەختەکان دادەنێ، چونکە سێبەرەکەیان لە زەوییە، ئێوارانیش کە خۆرئاوا دەبێ، سێبەرەکانیان لەلای چەپەوە بە زەوییەوە دەنووسێن، ئەوەشی بە کڕنووش بردن ناو بردوە .

کەواتە: لە ڕاستییدا کڕنووش، بردن هەم لە زمانی عەرەبیداو هەم لە بەکارهێنانی قورئاندا، تەنیا ئەوە نییە کە نێوچەوان بخرێتە سەر زەوی، بەڵکو (سجود) بریتییە لە ملکەچیی، هەروەها بریتییە لە ڕێزلێگرتن لە بەرانبەرو، ملکەچ کردنو، لە بەرانبەری دا خۆ بە کەم پیشاندان، ئەوە مانای کڕنووش بردنە، هەم لە زمانی عەرەبیو هەم لە بەکارهێنانی قورئاندا .

٢) - چۆنیەتی سەجدە بردنی بابو دایکی یوسفو برایەکانی بۆی:

زانایان لەوبارەوە مشتومڕی زۆریان کردوە کە : ئایا چۆن بابو دایکی یوسوف کە بابی یەعقووب ﷺ کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمە، یەکێکە لە پێغەمبەرە پایە بەرزەکانی خواو، دایکیشی کە دایکی یوسوفەو، یوسوفیش خۆی پێغەمبەرەو، خێزانی[1] پێغەمبەرێکیشە، هەروەها یازدە برایەکەی، چۆن کڕنووشیان بۆ بردوە؟ چۆن بۆی بە سەجدەدا کەوتوون ؟

بەڵام ئێمە پێشتر باسمان کرد کە: (سجدة)و (سُجُود)، {(سجود)، یانی: کڕنووش بردنو (سَجْدَة)، یانی: یەکجار کڕنووش بردن}، بە مانای ملکەچیی دێو، بە مانای نوشتانەوە دێو، بە مانای سڵاو لێکردنو ڕێز لێگرتن دێ، بە گشتی لە قورئانداو لە زمانی عەرەبییدا .

بۆیە ئەو مشتومڕو ئیشکالەی کە بۆ زانایان دروستبووە، ئەگەر تەماشای مانای وشەی (سُجُود) و (سَجدَة)یان کردبایە، پێموایە دروست نەدەبوو، چونکە مانای عورفیی و باوی سەجدە بردن، ئەوەیە: مرۆڤ نێوچەوانی خۆی بخاتە سەر زەوی، لە بەرانبەر کەسێك یان شتێکدا، کە ئەوە تەنیا بۆ خوا دروستە، بەڵام لە ڕووی زمانەوانییەوە، وەك پێشتر باسمان کرد، سەجدە بریتییە لە ڕێز لێگرتن، مل بۆ کەچکردن، با مل بۆ کەچکردنی مەعنەوییش بێ، ئەگەرنا

---

١) واتە: دایکی یوسوف (راحیل) کە هاوسەری یەعقووب بووە .

مانگو خۆرو ئەستێرەکان، کە خوا وشەی سەجدەی بۆ بەکارهێناون، چیایەکان کە خوا وشەی سەجدەی بۆ بەکارهێناون، درەختەکانو ئاژەڵەکان، ئاشکرایە هیچیان تەوێڵو نێوچەوان ناخەنە سەر زەوی، ئەدی مەبەست چییە؟ مەبەست ملکەچییانە بۆ ئەو یاساو سیستەمەی کە خوا بۆی داناون .

ئنجا زانایان سێ ڕای گشتییان هەن، دەربارەی چۆنیەتی سەجدە بردنی بابو دایکی یوسوفو برایەکانی بۆ یوسوف، صەڵاتو سەلام لەسەر یەعقووبو یوسوف بێ‌و، خوا لەوانی دیکەش ڕازی بێ‌و لێیان خۆش بێ .

<u>ڕای یەکەم :</u>

(قَـالَ سَعِيد بن جُبير عَنْ قَتَادَة عَن الحَسَن، فِي قَـوْلِهِ: ﴿ وَخَرُّواْ لَهُۥ سُجَّدًا ﴾ قَالَ: لَمْ يَكُنْ سُجُوداً، لَكِنَّهُ سُنَـة كَـانَتْ فِيهِم يُومِئُونَ برءوُسِهِم إيمَـاءً، كَذَلِكَ كَـانَتْ تَحِيَّتُهُمْ)[1].

واتە: سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەویش لە قەتادەوە لە حەسەنی بەصرابییەوە هێناویەتی، دەربارەی قسەی خوای بەرز کە دەفەرموێ: ﴿ وَخَرُّواْ لَهُۥ سُجَّدًا ﴾، لەپەوڕوو بۆی کەوتنە کڕنووش، دەڵێ: مەبەست کڕنووش بردن نیە، بە مانا باوو عورفییەکەی کە تەوێڵو نێوچەوان بخرێتە سەر زەوی، بەڵکو ئەوە یاسایەكو عادەتێك بووە لە نێویاندا، کە بریتی بووە لەوەی بە سەریان ئاماژەیان بۆ یەکدی کردوە، وەك چۆن ئێستا لە نێو میللەتاندا باوە: یەکێکیان دەست دەخاتە سەر چاو، یان هەیە دەست دەخاتە سەر سەر، یان دەست بە سینگەوە دەنا، یان بەسەر ئاماژەیەك دەکات، دەڵێ: ئەوەش سڵاو لێکردنی ئەوان بوو، وەك عورفو عادەتی خەڵکی میسر، یاخود ئەو خەڵکەی کە لەو کاتەدا بوون .

کەواتە: ئەسڵەن سەجدە بردنێك بە مانای تەوێڵو نێوچەوان خستنە سەر زەوی، لە ئارادا نەبووە، بەڵکو بریتی بووە لە ئاماژەی سەر .

---

١) الجَامِع لأحكامِ القُرآن ج ٩، ص ٢١٥ - ٢١٧.

رای دووەم :

(وَقَالَ الثَّورِيُّ وَالضَّحَّاكُ وَغَيْرُهُما: كانَ سُجُوداً كالسجُودِ المَعْهُودِ عِنْدَنا، وَهُوَ كانَ تَحِيَّتَهُمْ).

واتە: (ثَورِيُ وَضحَاك)و جگە لەوانیش گوتوویانە: کڕنووش بردنەکە، وەك کڕنووش بردنی زانراوی لای ئێمە بووە، بەلاّم ئەوە سلاّو لێکردنی ئەوان بووە .

واتە: نەك مەبەستیان پێ کڕنووش بردنی عیبادەتو پەرستن بێ، کە تەنیا بۆ خوای پەروەردگار دروستە.

رای سێیەم :

(وَقِيلَ: كانَ انحِناءً كالرّكوعِ وَلَمْ يَكُنْ خُرُوراً عَلَى الأَرْضِ، وَهَكَذَا كانَ سَلامُهُم بالتكفّي والإِنْحِناء، وَقَدْ نَسَخَ الله ذَلِكَ كُلَّهُ فِي شَرْعِنا، وَجَعَلَ الكَلامُ بَدَلاً عَنِ الإِنْحِناءِ).

واتە: گوتراوە: ئەوە تەنیا چەمانەوە بووەو بریتی نەبووە لە کەوتنە سەر زەوی، ئەوەش عادەتی وان لە سلاّو لێکردندا بووە، کە دەستیان لە دەستی یەکدی داوە (وەك ئێستا سوودانییەکان بە زۆریی بەو شێوەیە دەکەن)و، بۆ یەکدی چەماونەوەو دەستیان بە سینگەوە ناوەو، سەریان بۆ یەکدی نەوی کردوە، کە ئەوە هەمووی خوا لە شەرعی ئێمەدا، لە دوایین بەرنامەی خۆی دا، هەمووی نەسخ کردۆتەوەو، قسەی داناوە لە جیاتی چەمینەوەو، لە جیاتی دەست لە دەست دان : (السَّلامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ الله)، ئەوەی داناوە، وەك دوایی باسی دەکەینو، تەوقە کردنیش هەر هەیە .

ئنجا (القُرطُبي)، دەڵێ: (وَأَجْمَعَ المُفَسّرونَ أَنَّ ذَلِكَ السُّجُودَ عَلَى أَي وَجْهٍ كانَ، فَإِنَّما كانَ تَحِيةً لا عِبادَةً، قالَ قَتَادَةَ: هَذِهِ كانَت تَحِيةُ المُلُوكِ عِنْدَهُمْ وَأَعْطَى اللهُ هَذِهِ الأُمةُ: السَّلام، تَحِيةُ أَهْلِ الجنة، قُلْتُ: هَذَا الإِنْحِناء وَالتَكَفّي الَّذِي نُسِخَ عَنا، قَدْ صارَ عَادَةً بالديارِ المِصْرِيةِ، وَعِنْدَ العَجَمِ، وَكَذَلِكَ قِيامُ بعْضِهِم إِلى بَعْضٍ، حَتَّى أَنَّ أَحَدَهُمْ إِذَا لَمْ يُقَم لَهُ، وَجَدَ فِي نَفْسِهِ كأَنَّهُ لا يُؤْبَهُ بِهِ، وَأَنَّهُ لاَ قَدْرَ لَهُ، وَكَذلِك إِذَا التقوا: انْحَنَى بعْضُهُمْ لِبَعْض، عَادَةٌ مُسْتَمِرَةٌ.

وَوِرَاثَةٌ مُسْتَقِرَّةٌ، لا سِيَّمَا عِنْدَ التِقَاءِ الأُمَرَاءِ والرُّؤَسَاءِ، نَكَبُوا عَنِ السَّنَنِ وَأَعْرَضُوا عَنِ السُّنَنِ) .

واتە: ڕوونکەرەوانی ماناو مەبەستەکانی قورئان، یەك دەنگن لەسەر ئەوەی ئەو کرنووش بردنە، هەر چۆنێکی بووبێ، (ئاماژەی سەر بوو بێ، چەمینەوە بوو بێ، یاخود سەر خستنە سەر زەوی بوو بێ)، هەر چۆنێك بێ سڵاو لێکردن بووە، نەك پەرستن، کە تەنیا بۆ خوا دروستە، قەتادە گوتوویەتی: ئەوە نەریتی پادشایەکان بووە، لە لای وان، خواش ﷻ سەلام کردنی کردوە بە سڵاو لێکردنی ئەم ئۆممەتە، ئۆممەتی پێغەمبەر ﷺ کە ئەویش سڵاو لێکردنی خەڵکی بەهەشتەو، ئەو چەمینەوەیە، {واتە: سەر زۆر نەوی کردن، کە ئێستا بەداخەوە خەڵکی وڵاتی مەغریب بۆ پادشایەکەیان، بۆ مەلیکەکەیان وا دەکەن‌و زۆر بە داخەوە بۆیان دەچنە ڕوکووع} ، هەروەها ئەو دەست لە دەست دانە کە لەلای ئێمە نەسخ کراوەتەوە، ئێستا {لە سەردەمی (قُرطُبي)دا} ، لە وڵاتی میسرو لەلای عەجەمەکان، (واتە: غەیری عەرەب)، بۆتە نەریتێك، هەروەها هەڵسانی هەندێکیان بۆ هەندێکیان، ئەوەش بۆتە نەریتێك کە کەسێك دێتە مەجلیسێك، ئەوانەی دیکە دەبێ لەبەری هەڵسن، هەتا ئەگەر یەکێکیان خەڵك لەبەری هەڵنەستێ، دڵی پێی نارەحەت دەبێ، وەك بڵێی ڕێزی نەگیرابێ‌و حورمەتی لە لای ئەو کەسە نەبێ، کە لەبەری هەڵنەستاوە، هەروەها کاتێك دەگەنە یەکدی هەندێکیان بۆ هەندێکیان دەچەمنەوە، ئەوە بۆتە نەریتێکی بەردەوام‌و، بۆتە میراتێکی سەقامگیر لە نێویاندا، بە تایبەت لە کاتی پێکگەیشتنی بەرپرسان‌و سەرۆکەکاندا، لە ڕاستە شەقام لایانداوەو، وازیان لە ڕێ‌و شوێنی پێغەمبەر ﷺ هێناوە .

ئەوە هەمووی قسەی (القُرطُبي)یە، کە لەم ڕۆژگاری ئێمەشدا، ئەو جۆرە نەریتانە هەر هەن .

٣) - چەند دەقێکی سوننەت لە بارەی چۆنیەتی چاك‌و چۆنی پێکەوە کردنەوە :

لەوبارەوە پێنج دەق دێنینەوە :

١) {عَن أَنَس بن مَالِكٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ قِيلَ: يَا رَسولَ اللهِ! أَيَنْحَنِي بَعْضُنا لِبَعْضٍ إِذَا الْتَقَيْنا؟ قَالَ: (لاَ)، قِيلَ: فَيَلْتَزِمُ بَعْضُنا بَعْضًا؟ قَالَ: (لاَ)، قِيلَ: فَيُصَافِحُ بَعْضُنا بَعْضًا؟ قَالَ: (نَعَمْ)}، {أخرجه عبد بن حميد برقم: (١٢١٧)، والترمذي برقم: (٢٧٢٨)، وابن ماجه برقم: (٣٧٠٢) والبيهقي في الكبرى برقم: (١٣٣٥١)، وحسنه الألباني} .

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: گوترا: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! کاتێك دەگەینە یەکدی، پێکدەگەین، ئایا هەندێکمان بۆ هەندێکمان بچەمێینەوە؟ فەرمووی: نەخێر، گوترا: ئەدی هەندێکمان دەست لە ملی هەندێکمان بکەین؟ فەرمووی: نەخێر، گوترا: ئەدی هەندێکمان دەست بخەینە نێو دەستی یەکدیو تەوقە بکەین، فەرمووی: بەڵێ.

٢) {مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَتمثَّل لَهُ الرِّجالُ قِياماً، فَلْيَتَبوأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النارِ}، {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٦٩٦٢)، تعليق شعيب الأرنؤوط: إِسْنَادُهُ صَحِيح رجالُهُ ثِقَات رِجال الشَّيْخَين، وَعَبْدُ بن حُمَيْد برقم: (٤١٣)، وَالبُخارِيُّ في (الأدب المفرد) برقم: (٩٧٧)، وَأَبو دَاوُدَ برقم: (٥٢٢٩)، وَالترمِذِيُّ برقم: (٢٧٥٥) وَصَحَّحَهُ الألباني} .

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: هەر کەسێك پێی خۆش بێ، خەڵك بە پێوە بۆی بوەستن، با جێگای خۆی لە ئاگردا دابنێ .

واتە: ئەگەر ئەو دابنیشێو خەڵکیش دەستەو نەزەر بەپێوە بوەستن، نەك کە هات، لەبەری هەڵسن، کە ئەوە حوکمێکی دیکەی هەیە، وەك دوایی باسی دەکەین .

بەڵێ مەبەست ئەوەیە کەسێك کە دانیشتوە، ئەوانی دیکە دەستەو نەزەر بوەستن، وەك بە داخەوە هەندێك لە شێخەکان ئاوایان بۆ دەکرێ، بەڵکو هەندێك لە بەرپرسەکان ئاوایان بۆ دەکرێ، هەڵبەتە ڕاوەستانی تازیە جیایە، کەسوکاری مردووەکە خاوەنی تازیەکە ڕادەوەستن، خەڵك دێ سڵاویان لێدەکەن، بۆیان دەوەستن وەك ڕێز لێگرتن، چونکە ناکرێ هەموو جارێ هەڵسنو دانیشن، ئەوە جیایە، بەڵام ئەوە کە کابرا دانیشتبێو، ئەوانی دیکەش دەستەو نەزەر، یان جاری وایە ملیش نەوی دەکەن، جاری وایە دەستیش دەخەنە سەر سینگ، بە تەئکید ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ

نەهی لێکردوەو، هەرچەشی لەو کەسە کردوە، کە ئەوەی پێ خۆش بێ‌و فەرموویەتی: با جێگای خۆی لە ئاگری دۆزەخدا دابنێ .

٣) {قُومـوا إِلَـى سَيِّدِكُمْ أَوْ إِلَـى خَيْـرِكُمْ} (أَخْرَجَـهُ الْبُخَـارِيُّ بـرقم: (٢٨٧٨)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٦٤)، وَأَبـو دَاوُدَ برقم: (٥٢١٥)).

دیارە ئەم دەقەش بەسەرهاتێکی لەگەڵ دایە: دوای جەنگی خەندەق، دوای ئەوەی کە (بنو قریظة) پەیمانیان شکاند، پێغەمبەری خوا ﷺ لە دژیان جەنگا، تاکو تەسلیم بوون‌و، ڕازی بوون بە دادوەریی سەعدی کوڕی موعاذ، ئنجا سەعدی کوڕی موعاذیش بریندار بوو بوو، لەو شەڕەدا، لە شەڕی خەندەقداو تیرێك بە قۆڵی کەوتبوو، پێغەمبەر ﷺ بە دوای سەعدی دا نارد، سەعدیش بریندار بووە، بەلام بە سواری گوێدرێژێك هاتوە، کە نیزیك بۆتەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (قُومـوا إِلَـى سَيِّدِكُمْ أَوْ إِلَـى خَيْرِكُمْ)، هەڵسن بۆ گەورەکەتان یان چاکترینتان، واتە: بیهێننە خوارو هاوکاریی بکەن .

هەندێك لە زانایان دەڵێن: پێغەمبەری خوا ﷺ بۆیە وای فەرمووە، چونکە سەعد بریندار بووەو پێویستی بە هاوکاریی بووە، دەبوو هەڵسن‌و بیهێننە خوار، هەندێکیش دەڵێن: وەك ڕێز لێگرتنی بووە، هەردووك ڕایەکەش دەگونجێن .

کەواتە: گەر ئینسان هەڵسا بۆ گەورەیەك، بۆ کەسێك کە ڕێزی لێبنێ، وەك دوایی باسی دەکەین، بە مەرجێك بزانێ، کە پێی ناگۆڕێ‌و پێی لە خۆی بایی نابێ، ئەوە دروستە .

٤) {عَنِ الْبَرَاءِ بن عازب، قَالَ: لَقِيتُ رَسولَ اللهِ ﷺ فأخذ بيدي فَقُلْتُ: يا رَسولَ اللهِ! إِنْ كُنْتُ لأَحْسَبُ أَنَّ الـمصافحة للأعَاجِم، فقَالَ: (نَحْنُ أَحَقُّ بالْمُصَافَحَةِ مِنْهُمْ، ما مِنْ مُسْلِمَيْنِ يلتَقَيان فَيأخُذُ أَحَدُهُما بيدِ صَاحِبِهِ مودَّةً بَيْنَهُما وَنَصِيحَةً، إِلاَّ أُلْقِيَتْ ذُنُوبُهُما بَيْنَهُما)}[1].

---

١) الإخوان لآبنُ أبي الدنيا، ص١١٠.

واتە: بەرائی کوڕی عازیب خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: بە پێغەمبەری خوا گەیشتم ﷺ دەستی گرتم (یان تەوقەی لەگەڵ کردم) منیش، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! من پێم وابوو کە تەوقە کردنو دەست خستنە نێو دەستی یەکدی، بۆ غەیری مسوڵمانان (أعاجِم)ە [1]، فەرمووی: ئێمە شایستەترین بە تەوقە کردن پێکەوە، چونکە نیشانەی مەحەببەتو خۆشەویستییە پێکەوە، ئنجا فەرمووی: هیچ کاتێك دوو مسوڵمان پێك ناگەن، یەکێکیان دەستی ئەوی دیکە بگرێ، وەك یەکدی خۆشویستنو دڵسۆزیی بۆ یەکدی نواندن، مەگەر گوناهەکانیان لە بەینیاندا هەڵدەوەرێن .

٥) {مَا مِنْ مُسْلِمَيْنِ يَلْتَقِيَانِ، فَيَتَصَافَحَانِ، إِلا غُفِرَ لَهُمَا قَبْلَ أَنْ يَتَفَرَّقَا} {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بِرقم: (١٨٥٧٠)، وَأَبُو دَاوُدَ بِرقم: (٥٢١٢)، وَالتِرمِذِيُّ بِرقم: (٢٧٢٧) وَقَالَ: حَسَنٌ غَرِيب، وَابن مَاجَهْ بِرقم: (٣٧٠٣)، وَصَحَّحَهُ الألبانِي}.

واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هیچ کاتێك دوو مسوڵمان پێك ناگەن، {دیارە دوو مسوڵمانی پیاو، یان ئافرەت، یان دوو مسوڵمان کە پێکەوە مەحرەم بن، وەك دایكو کوڕ، خوشكو برا، هیچ کاتێك دوو مسوڵمان پێك ناگەن} و بەیەکەوە تەوقە ناکەن، مەگەر لێیان دەبووردرێ، بەر لەوەی لە یەکدی جیاببنەوە .

لە فەرموودەی دیکەدا هاتوە کە دەفەرموێ: هەتا دەستیان لە نێو دەستی یەکدی دا بێ، گوناهیان لێ دەوەرێ، وەك چۆن درەختی پایز گەڵای لێ دەوەرێ[2] .

(إبن العَرَبِي) لە کتێبەکەی خۆیدا[3] دەڵێ: (أَنَّ رَدَّ السَّلَامِ فَرْضٌ، وَابْتِدَاؤُهُ سُنَة فِي مَشْهُورِ الأَقْوَالِ، وَلَكِنْ يَجُوزُ الْقِيَامُ لِلرَّجُلِ الْكَبِيرِ بِدَاءَةً، إِذَا لَمْ يُؤَثِّرْ

---

١) لەبەر ئەوەی ئەو کاتە بە غەیرە عەرەبیان گوتوە: عەجەم کۆیەکەی (أعاجِم)، ئەوانەش بە زۆریی نامسوڵمان بوون.

٢) تحاتَّت عنهما ذنوبهما كما يتحات الورق من الشجر في الخريف} ١٩.

٣) أحكامُ القرآن، ج ٣، ص ٧٨.

ذَلِكَ فِي نَفْسِهِ، كَمَا قَالَ النَّبِيُّ لِجُلَسَائِهِ حِينَ جَاءَ سَعْدٌ: (قُومُوا إِلَى سَيِّدِكُمْ) فَإِنْ أَثَّرَ فِيهِ، لَمْ يَجُزْ عَوْنُهُ عَلَى ذَلِكَ) .

واتە: وەڵامدانەوەی سڵاوکردن فەرزەو، دەست پێکردنی سڵاو کردن، {واتە: کە لە سەرەتاوە کەسێك سڵاو دەکات} سوننەتە بە پێی قسەی باوی زانایان، بەڵام دروستە بۆ پیاوی بە تەمەن، {هەڵبەتە باسی پیاوی بە تەمەنی کردووەو ئافرەتی بە تەمەنیش هەروایە} دروستە کە لەبەری هەڵسن بە مەرجێك کە ئەوە کاریگەریی خراپی نەبێ بۆ سەر نەفسیو پێی لە خۆبایی نەبێو لە کەوڵی خۆی دەرنەچێ، وەك پێغەمبەر ﷺ ئەوانەی کە لە خزمەتی دانیشتبوون، کاتێك سەعدی کوڕی موعاذ هات پێی فەرموون: (قُومُوا إِلَى سَيِّدِكُم)، واتە: هەڵسن لەبەر گەورەکەتان، کە سەعدی کوڕی موعاذ بوو.

کەواتە: وەك زانایان گوتوویانە: هەڵسان (قِيام)، بۆ هاتوو (قَادِم)، دروستە، ئەگەر سوننەتیش نەبێ، بەڵام (قِيام)، بۆ دانیشتوو (قَاعِد)، نەهی لێکراوە، (قَاعِد)، کەسێکە دانیشتووەو خەڵك ڕابوەستێ دەستەو نەزەر لە خزمەتی دا، ئەوە نەهی لێکراوە، بە دەقی فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ، بەڵام (قِيام)، بۆ (قَادِم)، کەسێك کە دێ، ئەگەر بە پیریەوە بچیو ڕێزی لێبگریو پێشوازیی بکەی، دیارە دروستە .

هەڵبەتە دەستکردنە ملی یەکدیو، یەکدی ماچ کردنیش، وەك لە هەندێك فەرمووداندا هاتووە، ئەویش لە هەندێ حاڵەتی هەڵاوێردراودا دروستە، وەك دایکمان عائیشە دەگێڕێتەوە: هەر جارێك کە فاتیمەی کچی دەهات، پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵدەستا پێشوازیی دەکردو ماچی دەکرد .

هەروەها کاتێ کە جەعفەری کوڕی ئەبی طالیب لەگەڵ ئەوانەی کە لە حەبەشە بوون، لە ڕۆژی گرتنی خەیبەردا، گەیشتنەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: {ما أَدْرِي بِأَيِّهِما أَنَا أَفْرَحُ ، بِفَتْحِ خَيْبَر، أَوْ بِقُدُومِ جَعْفَر}[1]. واتە:

---

١) أَخْرَجَهُ إِبْنُ أَبِي شَيْبَة برقم: (٣٧٧٩٨)، وَالطَّبَرَانِي فِي الكبير برقم ١٤٧٠)، وَأَخْرَجَهُ أَيْضاً فِي الأوسط برقم: (٢٠٠٣)، وفي الصغير برقم: (٣٠)، قال الهيثمي: في رجال الكبير أنس بن سلم، ولم أعرفه، وبقية رجاله ثقات .

نازانم من بە کامیان دڵخۆشتر بم، بەوە کە خەیبەرمان گرت، (کە شارێکی جولەکەکان بوو)، یاخود بە هاتنەوەو گەڕانەوەی جەعفەرو کۆمەڵەکەی کە لە حەبەشە بوون !

کە کاتی خۆی لە قۆناغی مەککەدا کۆچیان بۆ ئەوێ کرد بوو.

بە هەر حاڵ ئەوە باسێکە چەند لقو پۆپێکی دیکەی هەن، بەڵام لێرەدا هەر ئەوەندە بە پێویست دەزانین بیڵێین .

مەسەلەی سێیەم : لە خوا پاڕانەوەی یوسوف ﷺو یادکردنەوەی چاکەو نیعمەتەکانیو، داوا لێکردنی کە بە مسوڵمانیی بیمرێنێو بیخاتە ڕیزی چاکان :

وەك خوا فەموویەتی: ﴿رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِى مِنَ ٱلْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِى مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ ۚ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَنتَ وَلِىِّۦ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ تَوَفَّنِى مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِى بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٠١﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە شەش بڕگەدا

١) – یوسوف ﷺ لە کۆتایی بەسەرهاتەکەی دا، خوای پەروەردگار ئەو پاڕانەوەیەی لێ دەگێڕێتەوە: ﴿رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِى مِنَ ٱلْمُلْكِ﴾، پەروەردگارم! بێگومان تۆ لە موڵكو حوكمڕانیی بە منت بەخشیوە .

﴿مِنَ ٱلْمُلْكِ﴾، یانی: (بَعْضاً مِنَ المُلْكِ)، هەندێك لە حكومڕانییت بە من داوە، بە نسبەت موڵكی خواوە، ئەوە دیارەو، بەنسبەت موڵكو حوكمڕانیی میسڕەوە، کە ئەوەیان زیاتر پێ دەچێ، چونکە یوسوف ﷺ لە قورئاندا دیار نیە بووبێ بە حاکمو حوكمڕانی ڕەهای میسڕ، بەڵکو لە سەرووی ئەوەوە پادشا هەر هەبووە، بەڵام ئەویش هاوکاری پادشا بووەو، دەستکراوەو

دەستـڕۆیشتوو بووەو، کاروباری ئابووریی بە دەست بووە، ڕەنگە زۆر کاروباری دیکەشی بە دەست بووبێ‌و، زۆر جێی متمانەی ئەو پادشایە بووە.

هەڵبەتە وشەی: ﴿ رَبِّ ﴾، لە ئەسڵدا (رَبِّيْ)یە، (ي)ی هەیە، بەڵام لێرەدا (ي)ەکەی، پەڕێنراوە لە کاتی دوعاداو، لە قورئاندا ئەوە زۆر هاتوە.

٢) - ﴿ وَعَلَّمْتَنِي مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ ﴾، (ئەی پەروەردگارم!) هەروەها تۆ منت لە مانا لێکدانەوەو تەعبیری خەونان فێرکردوەو شارەزات کردووم، لێرەش دا دیسان (مِنْ)ی چۆتە سەر، واتە: مەرج نیە ئەویش تەعبیری هەموو خەونانی زانی بێ، هەڵبەتە هەر خوا ﷻ هەموو شتێك دەزانێ .

٣) - ﴿ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، پەیداکەری ئاسمانەکان‌و زەوی، ئاوای لێدێتەوە: (يا فَاطِر السَّمواتِ وَالأَرْضِ)، ئەی پەیداکەری ئاسمانەکان‌و زەوی! چونکە ئەوە لە مەقامی دوعاو پاڕانەوە دایە .

وشەی (فَاطِرَ)، (الفَطْر: الإبتداءُ والإختراع)، (فَطر)، بریتیە لە دەست پێکردنی شتێك‌و وەدیهێنانی، بەبێ ئەوەی کە پێشینەی هەبووبێ .

لەوبارەوە ئەم شوێنەوارە هەیە: (عَنِ ابن عَبَاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُما، أَنَّهُ قَالَ: كُنْتُ لا أَدْرِي ما: ﴿ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، حَتَّى أَتَانِي أَعْرَابِيانِ، يَخْتَصِمانِ فِي بِئْرٍ، فَقَالَ أَحَدُهُما: أَنا فَطرتُها أَيْ: أَنا ابْتَدَأْتُها)[1].

واتە: عەبدوڵلای کوڕی عەبباس خوا لە خۆی‌و بابی ڕازی بی دەڵێ: من نەمدەزانی مانای: ﴿ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، چییە؟ هەتا ڕۆژێك دوو عەرەبی دەشتەکیی (بیابانشین) هاتن بۆ لام، لە بارەی بیرێکەوە ناکۆکیی‌و مشتومڕیان بوو، یەکێکیان گوتی: (أَنا فَطرتُها أَيْ: أَنا ابْتَدَأْتُها)، من

---

١) تفسير الطبري، الآية ١٤ من سورة الأنعام، وابن كثير: أول سورة فاطر، ومختار، الصحاح ٧٨١/٢، وانظر: العين ٤١٧/٧ ، ٤١٨، ولسان العرب ٥٥/٥، ٥٨، المصباح المنير ٤٧٦/٢ - ٤٧٧.

یەکەمجار ئەو بیرەم لێداوە، کەواتە: (فَاطِرَ)، یانی: پەیداکەری شتێك لە نەبوونەوە، بەبێ ئەوەی کە پێشینەی هەبووبێ.

٤) - ﴿أَنتَ وَلِىِّۦ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ﴾، تـــۆ سەرپەرشتیـــارو دۆســـتو مشوورخۆری منی (ئەی خوایە! ئەی پەروەردگار!) لە دنیاو لە دواڕۆژدا.

کە هەر واشبووەو سەرپەرشتیارێتیی خوا ﷻو مشوورخۆریی خواو دۆستایەتیی خوا بۆ یوسوف ﷺ، وەك مانگی چواردە لە شەودا دروشاوەتەوە.

هەڵبەتە خوا ﷻ لە گۆترە مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا ناکات، هەڵبەتە یوسوف شایستە بووە کە خوا بەو شێوەیە مشووری لێ بخوا، بۆیە چاك مشووری لێ خواردوە، چاك پشتی گرتوە، چاك سەرپەرشتیی کردوەو ئاگای لێی بووە، ئەگەر تووشی نارەحەتییانیشی کردوە، نارەحەتییەکانیش هەر پلە بوون بۆ سەرکەوتن، ئەگەر خوا لوتفی بوو لەگەڵ بەندەی خۆی دا، ئەو نارەحەتییانەی دێنە ڕێی ، بۆی دەبن بە قادرمە بۆ بەرزبوونەوە، بۆی دەبن بە پەیژە بۆ هەڵکشین، ئەگەر لوتفیشی لەگەڵیدا نەبێ، بۆی دەبن بە قادرمە بەرەو خوار، لە جیاتی (دَرَجْ) بن، بۆی دەبن بە (دَرَكْ)و شۆڕدەبێتەوە، هەڵبەتە خوای دادگەر لە گۆترە نە لەگەڵ خەڵکدا لوتف دەنوێنێ، نە لە گۆترەش لەگەڵیاندا پێچەوانەی لوتف دەنوێنێ، کە بریتیە لە تووڕەییو گوێ پێنەدانو ئیهمال کردن.

٥) - ﴿تَوَفَّنِى مُسْلِمًا﴾، یوسوف ﷺ هەر لەسەر پاڕانەوەکەی بەردەوام دەبێ دەڵێ: بە مسوڵمانەتیی بمرێنە، واتە: بە ملکەچیی، یانی: با تەواو ملکەچ بم بۆ تۆ .

کەی ئینسان بە مسوڵمانەتییو بە ملکەچیی بۆ خوا گیان دەسپێرێ؟ کاتێك کە ژیانەکەی هەموو ملکەچیی بووبێ بۆ خوا، کەسێك لە ژیانیدا بۆ خوا ملکەچ بێ، دیارە کۆتایی ژیانەکەشی هەر بە ملکەچیی بۆ خوا، دێ، کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿تَوَفَّنِى مُسْلِمًا﴾، یانی: خوایە ! هەر بە مسوڵمانەتییو بە

ملکەچییەوە بۆ خۆت، بمژیێنە، بۆ ئەوەی کە کۆتایی تەمەنەکەشم هەر بەو شێوەیە بێ .

٦) - ﴿وَأَلْحِقْنِي بِٱلصَّـٰلِحِينَ﴾، هەروەها بمخە ڕیزی چاکانەوەو، بمگەیەنە بە کاروانی چاکان .

(الإلحاقُ: جَعلُ الشَّيء لاحِقاً، أي: مُدرِكاً ما سَبَقَه في السَّيرِ، وَالصَّالِحُون المتَّصِفُونَ بالصَّلاح)، (إلحاق): ئەوەیە کە شتێك بگەیەنی بە شتێك، کە لە ڕۆیشتندا پێشی کەوتۆتەوە، (صَالِحُونَ)یش، واتە: ئەوانەی کە سیفەتی صەلاح و چاکیەتیی و پەسندییان هەیە .

کەواتە: یوسوف ﷺ هەم چاکەکانی خوا، یاد دەکاتەوە، هەم بە سیفەتی زۆر گەورەی خوا، کە بریتیە لە: پەیداکردنی بۆ ئاسمانەکان و زەوی و سەرپەرشتییکردنی بۆ بەندەکانی لە دنیاو دوارۆژدا، بەوە مەدح و ستایشی خوا دەکات، دوایش لێی دەپاڕێتەوە کە بە ملکەچیی بۆ خۆی بیمرێنێ و، بە کاروان و قافڵەی چاکانیشی بگەیەنێ .

ئێمە لە کۆتایی بەسەرهاتی یوسوفدا، ئەم قسەیە لە پەیمانی کۆنەوە[1] نەقڵ دەکەین، دەڵێ: (وأقَامَ يوسف في مصرَ هو وأهلُ بَيتِ أبيهِ، وَعَاشَ يوسف مِئةَ وَعَشرَ سِنِينَ حَتَّى شَهِدَ الجيلَ الثَّالِثَ مِن ذُرِّيةِ أفرايم)، واتە: یوسوف و کەسوکاری بابی، (واتە: برایەکانی و هەموو ئەوانەی لە بابیەوە هاتبوون) لە میسر نیشتەجێ بوون و، یوسوف (١١٠) ساڵان ژیا، {تەمەنەکەی هەمووی (١١٠)} ساڵ بوو تاکو وەچەی سێیەمی ئەفرایمی بینی {ئەفرایم دیارە کوڕی یوسوف بووە، بە پێی پەیمانی کۆن، واتە: نەك هەر کوڕی ئەفرایمی بینی، بەڵکو کوڕی کوڕی و، بگرە نەوەی کوڕی ئەفرایمیشی بینی} .

هەڵبەتە لە هەندێك لە سەرچاوەکاندا دەڵێ: یوسوف (١٢٠) ساڵ ژیاوە، هەندێکیش گوتوویانە: (١٨٠)، ساڵ بەڵام ئەوە هیچی جێی دڵنیایی نیەو ئینسان لێی مسۆگەر نیە، گرنگ ئەوەیە دوای ئەوەش، کە باب و دایکی و

١) التَفسير التطبيقي لِلكِتابِ المقَدَّس العَهدُ القَديم، سفرُ التكوين، ص١٢٥.

برایەكانی هاتوونە میسر، تەمەنێكی بردۆتە سەر، ئیدی (١١٠)ساڵ، بووە (١٢٠)، بووە، كەمتر بووە، زیاتر بووە؟ بەس خوای پەروەردگار دەزانێ، ئنجا خۆیشیو هەموو كەسوكارەكەشی لە میسر نیشتەجێ بوونو، بوونەتە گەلی (بەنو ئیسرائیل) كە فیرعەون چەوساندوونیەوەو، دوایی خوا مووسای لە نێو پەیداكردوونو بۆ ڕەخساندوون، لەگەڵ هاروونی برای سەلامی خوایان لێ بێ، كە گەلی بەنو ئیسرائیلیان دەرباز كردوە لە چنگی فیرعەون، چونكە (بنو إسرائیل) دەچنەوە سەر یەعقووب، ئیسرائیل بە زمانی عیبریی: (ئیسرا) واتە: (عبد)، (ئیل) واتە: (الله)، واتە: (عبدالله)و ئیسرائیل نازناوی یەعقووب ﷺ بووە، كەواتە: بەنو ئیسرائیل، واتە: وەچەی ئیسرائیل، كوڕانی ئیسرائیل، كە دیارە ئەوە وەك زاڵكردنی نێرینەیە بەسەر مێینەداو بنچینەیەكە لە زمانی عەرەبییدا، ئەگەرنا مەبەست هەموو ئەو وەچەیەیە كە لە یەعقووب پەیدا بوون، بە نێرو مێ وە، كە وەك خوا لە ئایەتی: (١٦٠)ی سووڕەتی (الأعراف)دا باس دەكات: ﴿ٱثۡنَتَيۡ عَشۡرَةَ أَسۡبَاطًا أُمَمٗا﴾، دوازدە تیرە بوون، هەر تیرەیەی لە كوڕێكیان بوون، چونكە یەعقووب دوازدە كوڕی بوون، یوسوفو بنیامینو دە (١٠) كوڕەكانی دیكە، هەر كامێكیان وەچەی بووە، ئنجا ئەو وەچەیەی ئەو دوازدە كوڕە، زۆر بووەو، نەتەوەیەكیان لێ پێكهاتوە بە ناوی (بەنو ئیسرائیل) .

ئنجا كاتێك كە گەلی بەنو ئیسرائیل زۆر بوون لە وڵاتی میسردا، فیرعەون چەوساندوونیەوەو، نێرینەكانی سەربڕیونو، مێینەكانی هێشتوونەوە، تاكو خوا مووسا ﷺی بۆ ڕەخساندوون لەگەڵ هاروونی برایو، لە چنگی فیرعەون دەربازیان كردوون، فیرعەونو سوپایەكەشی لە دەریای سووردا خنكاون، وەك لە بەرگی شەشەمی ئەم تەفسیرەدا، كە بۆ سووڕەتی (الأعراف) تەرخان كراوە، بە وردیی باسمان كردوە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی پازدەیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان ئایەتەکانی: (١٠٢ تاکو ١١١)، واتە: (١٠) ئایەت دەگرێتە خۆی، کە ئایەتەکانی کۆتایی سوورەتی (یوسف)ن، وەك چۆن شەش ئایەتی سەرەتای سوورەتەکە ئایەتی (١ تاکو ٦)، پێشەکی بوون بۆ بەسەرهاتی پڕ پەندو عیبرەتی یوسوفو یەعقووبو کوڕەکانی دیکەی یەعقووب ﷺ، ئەم دە ئایەتەش، وەك ئەنجامگیریی و کۆتایی پێهێنانی ئەم بەسەرهاتە وان، کە چەند بابەتێکیان گرتوونە خۆیانو، سەرجەم دە (١٠) بابەتن :

١) ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە بەسەرهاتی یوسوفو برایەکانی لە هەواڵی نادیارەو خوا بە وەحیی بە پێغەمبەری خاتەمی ﷺ ڕاگەیاندوە، بەو وردەکارییەوە، بەو شێوە ڕاستو دروستە، کە لە پەیمانی کۆنیشدا بەو شێوەیە نیە .

٢) ڕاگەیاندنی ئەوە کە هەرچەندە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ سووریش بێ لەسەر بڕوا هێنانی خەڵك، زۆربەی خەڵکی هەر بڕوا ناهێنن .

٣) ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ هیچ کرێو پاداشتێك لە خەڵك داوا ناکاتو، هیچ چاوەڕوانییەکی لێیان نیە، لەسەر گەیاندنی پەیامی خوا پێیانو، بە بێ بەرانبەر ئەو دڵسۆزییەیان بۆ دەنوێنێ .

٤) ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە زۆر نیشانەو بەڵگە لە ئاسمانەکانو زەویدا هەن، لەسەر خوناسیی، لەسەر بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتیی و

خاوەنداریێتیی خوا، بۆ بوون، بەلام بێبڕوایەکان سەرنجی ئەو بەڵگەو نیشانانە نادەن .

٥) ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە زۆربەی خەڵکی لە خوا ناسیینیاندا، تووشی شیرك دەبنو، هاوبەش بۆ خوا دادەنێن، چ لە بەدیهێنەرایەتییو پەروەردگاریێتیی خوادا، چ لە ناووسیفەتەکانی دا، چ لە پەرستنی پەروەردگاردا .

٦) ترساندنی خەڵك لە هاتنی سزای دنیایی خوا، یاخود هاتنی ئاخیر زەمان، بەبێ ئەوەی هەست بکەن .

٧) فەرمان کردنی خوا بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ کە ڕێبازی خۆیو، شوێنکەوتووانی بۆ خەڵکی پێناسە بکات، بەوە کە بە بەرچاوڕوونییەوە بانگەواز بۆ لای خوا دەکاتو، خوا بە پاك دەگرێو، هاوبەش بۆ خوا دانانێ .

٨) ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە سەرجەم پێغەمبەرانی خوا (علیهم الصلاة والسلام) لە پیاوان بوونو، خەڵکی ئاوەدانییە قەرەباڵغەکان بوونو، داواکردن بە سەرنجدانی شوێنەوارەکانیانو، پەند وەرگرتن لە سەرەنجامیان .

٩) ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە لە کاتی بێ هیوایی پێغەمبەراندا، کاتێك پێیان وابووە گەیشتوونە بن بەست، یارمەتی خوایان بۆ هاتوەو، دەربازکراون .

١٠) ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە لە بەسەرهاتی پێغەمبەراندا (علیهم الصلاة والسلام) زۆر پەندو عیبرەت هەنو، قورئان هەڵبەستراو نیە، بەڵکو بەڕاست دانەری کتێبەکانی پێش خۆیەتیو، ڕوونکردنەوەی هەموو ئەو بابەتو باسانەیە، کە مرۆڤ بۆ ژیانی دنیای پەکی لەسەریان کەوتوەو، ڕێنماییەو، مایەی ڕەحمەتو بەزەیی خوایە بۆ بڕواداران .

﴿ ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ نُوحِيهِ إِلَيۡكَۖ وَمَا كُنتَ لَدَيۡهِمۡ إِذۡ أَجۡمَعُوٓاْ أَمۡرَهُمۡ وَهُمۡ
يَمۡكُرُونَ ﴿١٠٢﴾ وَمَآ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوۡ حَرَصۡتَ بِمُؤۡمِنِينَ ﴿١٠٣﴾ وَمَا تَسۡـَٔلُهُمۡ عَلَيۡهِ
مِنۡ أَجۡرٍۚ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٠٤﴾ وَكَأَيِّن مِّنۡ ءَايَةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ
يَمُرُّونَ عَلَيۡهَا وَهُمۡ عَنۡهَا مُعۡرِضُونَ ﴿١٠٥﴾ وَمَا يُؤۡمِنُ أَكۡثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم
مُّشۡرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ أَفَأَمِنُوٓاْ أَن تَأۡتِيَهُمۡ غَٰشِيَةٞ مِّنۡ عَذَابِ ٱللَّهِ أَوۡ تَأۡتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغۡتَةٗ وَهُمۡ لَا
يَشۡعُرُونَ ﴿١٠٧﴾ قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِيۖ وَسُبۡحَٰنَ
ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿١٠٨﴾ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِم مِّنۡ
أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰٓۗ أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن
قَبۡلِهِمۡۗ وَلَدَارُ ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿١٠٩﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسۡتَيۡـَٔسَ
ٱلرُّسُلُ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ قَدۡ كُذِبُواْ جَآءَهُمۡ نَصۡرُنَا فَنُجِّيَ مَن نَّشَآءُۖ وَلَا يُرَدُّ بَأۡسُنَا
عَنِ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴿١١٠﴾ لَقَدۡ كَانَ فِي قَصَصِهِمۡ عِبۡرَةٞ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِۗ مَا كَانَ
حَدِيثٗا يُفۡتَرَىٰ وَلَٰكِن تَصۡدِيقَ ٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَتَفۡصِيلَ كُلِّ شَيۡءٖ
وَهُدٗى وَرَحۡمَةٗ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴿١١١﴾ ﴾.

مانای وشە بە وشەی ئایەتەکان

{ئەوە (ی کە باسکرا) لە هەواڵەکانی نادیارە، بۆ تۆی سروش دەکەین‌و، تۆ لەلایان نەبووی کە (برایەکانی یوسوف) بڕیاریاندا (یوسوف بخەنە بیرەوە)، هەروەها کاتێك کە پیلانیان لە دژی دەگێڕا، لەوێ ئامادە نەبووی ﴿١٠٢﴾ زۆربەی خەڵکی هەرچەندە لەسەر بڕواهێنانیان سووریش بی، هەر نابنە بڕوادار ﴿١٠٣﴾ تۆش لەسەر گەیاندنی ئەو پەیامە هیچ کرێ‌و پاداشتێکیان لێ داوا ناکەی، ئەم (قورئان)ە تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ جیهانییان ﴿١٠٤﴾ زۆر نیشانەو بەڵگەش (لەسەر ڕاستیی خواو ئاینەکەی) لە ئاسمانەکان‌و زەویدا هەن، بێبڕوایەکان بە ڕوو وەرگێڕانەوە بە لایاندا ڕەت دەبن ﴿١٠٥﴾ زۆربەشیان بڕوا بە خوا ناهێنن، مەگەر لە حاڵێکدا کە هاوبەشدانەر بن ﴿١٠٦﴾ ئایا ئەو بێبڕوایانە دڵنیا بوون، کە بەڵایەکی داپۆشەر لە سزای خوایان بۆ بێ، یاخود کتوپڕ بێ ئەوەی هەست پێ بکەن، ئاخیر زەمانیان بەسەر دابێ؟ ﴿١٠٧﴾ بڵێ: ئا ئەمە ڕێبازی منە، خۆم‌و ئەوانەی شوێنم کەوتوون، لەبەر ڕۆشنایی دا بانگەواز بۆ لای خوا دەکەین‌و، پاکیی بۆ خواو، من لە هاوبەش بۆ خوا دانەران نیم ﴿١٠٨﴾ لە پێش تۆشدا (ئەی موحەممەد ! ﷺ) تەنیا پیاوانێکمان لە خەڵکی ئاوەدانییەکان بە پێغەمبەر ڕەوانە کردوە، ئنجا ئایا بە زەمیندا نەڕۆیشتوون، سەرنج بدەن! داخۆ سەرەنجامی ئەوانەی پێش وان چۆن بووە؟ مەنزڵگای دواڕۆژیش بۆ ئەوانەی پارێز دەکەن لە ژیانی دنیا، باشترە ئایا نافامن ! ﴿١٠٩﴾ (ئیدی حاڵ‌و بەسەرهاتی پێشووان هەر وابووە)، کە هەتا کاتێك کە پێغەمبەران لە سەرکەوتن‌و دەروو لێکرانەوە نائومێد بوون‌و، خەڵکەکەش پێیان وابوو پێغەمبەران درۆیان لەگەڵدا کراوە، (کە بەڵێنی دەربازبوونیان پێدراوە)، یارمەتی ئێمەیان بۆ هات، ئنجا ئەوەی

ویستمان ڕزگار کرا لە سزاو بەڵای خواو، بەڵاو سزای ئێمە لە کۆمەڵی تاوانباران ناگێڕدرێتەوە ﴿١١٠﴾ بە دڵنیایی لە بەسەرهاتی ئەوان (پێغەمبەران)دا بۆ خاوەن عەقڵان پەند هەیە، قورئان قسەیەکی هەڵبەستراو نیە، بەڵکو بە ڕاست دانانی هەر کتێبێکی خوایە کە لە پێشیەوە بووەو، ڕوونکردنەوەی هەموو شتێکە (کە پێویست بێ بۆ بەشەر ڕوون بکرێتەوە لەلایەن خواوەو) ڕێنمایی‌و بەزەیی خوایە بۆ کۆمەڵێك کە بڕوا بێنن ﴿١١١﴾} .

شیکردنەوەی هەندێك لە وشەکان

(حَرَصْتَ): واتە: سووربی، مکوڕ بی، (الحِرْصُ: فَرْطُ الشَّرَهِ وَفَرْطُ الإِرَادَةِ)، (حرص) بریتیە لەوە کە ئینسان زۆر ئارەزووی بۆ شتێك بێ‌و، زۆر شتێکی بوێ، لە کوردیدا دەڵێین: سوور بوون مکوڕ بوون لەسەر شتێك، (وَلَوْ حَرَصْتَ) هەرچەندە سوور بی، مکوڕ بی سامەرستوو بی .

(أَجْرٍ): (الأَجْرُ والأُجْرَةُ: مَا يَعُودُ مِنْ ثَوَابِ العَمَلِ دُنيوياً كَانَ، أَوْ أُخْرَوِياً)، (أجر) و (أجرة) هەردووکیان بریتین لە بەرهەم‌و پاداشتی کردەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ لای مرۆڤ ، چ لە ڕووی دنیاییەوە، چ لە ڕووی ڕۆژی دواییەوە .

(ذِكْرٌ): یان بە مانای بیرخەرەوە دێ، یان بە مانای شەرەف‌و پێگەو پایەبەرزی دێ.

(وَكَأَيِّن): {اسْمٌ مُرَكَّبٌ مِنْ كَافِ التشْبيهِ، وَأَيٍّ المنَوَّنة، يُفِيدُ تَكْثِيرَ العَدَدِ وَبِمَعْنَى (كَم) الخَبَرِيَة}، (كأينَّ) وشەیەکی لێکدراوە، لە (ك) تەشبیه، و(أيٍّ)ی تەنویندار، مانای زۆریی ژمارە دەگەیەنێ‌و، ماناکەی لە (کَم)ی هەواڵپێدانەوە نیزیکە، وەك دەفەرموێ: ﴿وَكَم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا فَجَاءَهَا بَأْسُنَا بَيَاتًا أَوْ هُمْ قَائِلُونَ ﴿٤﴾﴾ الأعراف.

(غَاشِيَةٌ): (أي: نائِبة تَغْشَاهُمْ وَتُجَلِّلهُم، كِنَايَة عَنِ القِيامَة، جَمْعُها غَوَاشٍ)، (غاشية) بەڵایەك کە دایان بپۆشێ‌و، دایان بگرێ، کە کینایەیە لە قیامەت، کۆیەکەی (غَوَاش)یە.

(السَّاعَةُ): (الساعَةُ: جُزْءٌ مِنْ أَجْزَاءِ الزَّمانِ، وَيُعَبَّرُ بِهِ عَنِ القِيامَة)، ڕاغیبی

ئەصفەهانیی دەڵێ: (ساعة) بەشێکە لە بەشەکانی کاتو، تەعبیری پێ دەکرێ لە قیامەت، جاری دیکەش باسم کردوە، کە لێرەدا ڕاغیب هەڵەی کردوە، چونکە (قیامة) و (ساعة) هەردووکیان لە قورئاندا هاتوون، (ساعة) واتە: ئاخیر زەمان، ئەو کاتەی کە دنیای تێدا کۆتایی دێ، (قیامة) واتە: سەرەتای ڕۆژی دوایی، ڕۆژی هەڵسانەوەی خەڵك بۆ سزاو پاداشت .

(بَغۡتَةً): (البَغْتُ: مفَاجَئة الشيء مِنْ حِيْثُ لاَ يُحْتَسَب)، (بغة) بریتیە لە کتوپڕو لە نەکاو هاتنی شتێك، بە شێوەیەك کە چاوەڕوان نەکرێ .

(بَصِيرَةٍ): واتە : ڕۆشنایی، (مَعْرِفة وَتَحَقّق) واتە: زانینو دڵنیابوون لە شتێك .

(ٱلۡقُرَىٰٓ): (جَمْعُ قَريـة، وَهِيَ اسْمٌ للموضِع الَّذِي يَجْتَمِعُ فِيهِ الناسُ ولِلناسِ جَمِيْعَاً)، وشەی (قُرى) کۆی (قرية)یە، (قرية) ئەو شوێنەیە کە خەڵك لێی کۆدەبنەوە، بە شوێنەکەو خەڵکەکە پێکەوەو، بە هەر کامێکیشیان بە تەنیا : دەگوترێ، بەڵام وشەی (قرية) لە قورئاندا، واتە: شاری گەورە، قەڵەبالغ، پێچەوانەی مانا باوو عورفییەکەی، کە بە مانای لادێو ئاوەدانیی بچووك دێ، مەککە پێی گوتراوە: (أم القرى) واتە : دایکی ئاوەدانییەکان، لەبەر ئەوەی شارێکی گەورە بووە .

(بَأۡسُنَا): (البـأْسُ وَالبـؤسُ والبأسـاءُ: الشـدَّةُ وَالـمَكـروه)، وشەکانی: (بأْس، بؤس، بأْساء) بە مانای توندیی‌و سەختیی‌و ناڕەحەتییەك دێ، کە ئینسان پێی ناخۆش بێ .

(قَصَصِهِمۡ): (القَصَصُ: الأَخْبار الـمُتَتَبَّعَة) واتە: هەواڵەکان کە شوێنیان بکەوترێ، واتە: بە دواداچوونیان بۆ بکرێ .

(عِبۡرَةٞ): (الإِعْتِبارُ وَالعِبْرَةُ: الحَالـة الَّتِي يُتـوصَّلُ بها مِنْ مَعْرِفـة المُشـاهَدِ إلـى ما لَيْسَ بمُشاهَدٍ)، (إعتبار) و (عبرة) هەردووکیان مانایان حاڵەتێکە کە بەهۆی شتی زانراوەوە بگەی بە شتێك کە نەزانراوە .

مانای گشتی ئایەتەکان

خوا ﷻ - وەك لە پێناسەی ئەم دەرسەشدا گوتمان - ئەم دە (١٠) ئایەتە دەکاتە ئەنجامگیریی‌و، کۆتایی پێهێنانی بەسەرهاتەکەی یوسوف‌و یەعقووب بابی یوسوف (علیهما السلام) هەروەها دایکی‌و، برایەکانی کە بەسەرهاتی هەموویانە، وەك چۆن شەش ئایەتی سەرەتای سووڕەتی (یوسف) پێشەکیی بوون، ئەمانەش ئەم دە (١٠) ئایەتەش ئەنجامگیریین، ئیدی خۆی سووڕەتەکە (١١١) ئایەتە، شەشی پێشەکییە، مایەوە (١٠٥)و، (١٠)شی ئەنجامگیرییە، مایەوە (٩٥) کەواتە: (٩٥) ئایەت تەرخانکراون بۆ بەسەرهاتی یوسوف ﷺ بابی‌و برایەکانی، دیارە لەم (١٠) ئایەتەدا، خوا ﷻ (١٠) بابەتی گرنگ بەڵکو دەگونجێ زیاتریش بکرێن، دەخاتەڕوو .

سەرەتا دەفەرمووێ: ﴿ ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ ﴾، ئا ئەوە، یانی: گێڕانەوەی بەسەرهاتی یوسوف ﷺ ئەو باس‌و خواسە، لە هەواڵەکانی نادیارە، کە بۆ تۆی سروش دەکەین، (ئەی موحەممەد!) بە شێوەی پەنهان بۆ تۆی دەنێرین .

ئەمە ئاماژەیە بەوە کە تۆ ئەگەر پێغەمبەری خوا نەبی، ئەو هەواڵە نادیارە کە زیاتر لە دوو هەزارو پێنج سەد ساڵ پێش سەردەمی پێغەمبەر (محمد) ﷺ بووە، ئنجا پێغەمبەری خوا ﷺ نەخوێندەوار، نە شارەزا لە کتێبەکان، چۆن ئەوە بزانی! ئەگەر خوا بە شێوەی تایبەت پێیڕانەگەیەنێ؟ کەواتە: وردەکارییەکانی ئەو بەسەرهاتەو، گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتە بەڕێو جێ، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تۆ ئەی موحەممەد! پێغەمبەری خوای‌و پەیوەندیی تایبەتییت لەگەڵ خوادا هەیە، ﴿وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ أَجْمَعُوٓاْ أَمْرَهُمْ وَهُمْ يَمْكُرُونَ ﴾،

هەروەها تۆ لە لایان نەبووی (لەلای برایەکانی یوسوف) کە بڕیاریان دەداو پیلانیان دەگێڕا، نە کاتێك بڕیاریان دەدا لە لایان بووی، نە کاتێك لە لایان بووی کە پیلانەکەیان دەگێڕاو پیلانەکەیان جێبەجێ دەکرد، {کە بریتی بوو لەوەی یوسوف بخەنە بیرەوە}، ئەدی کێ ئەو بەسەرهاتەی وا بە وردیی بۆ گێڕایەوە؟ بەڵکو هەستو نەستی مرۆڤەکانیشی بۆ تۆ گێڕایەوە؟ ئەوە دیارە خوای پەنهانزان ئەو خوایەی کە ئاگای لە هەستو خوستی مارو مێروو هەیە .

هەروەها دەشگونجێ - وەك دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا باس دەکەین - کە دەفەرموێ: ﴿إِذْ أَجْمَعُوٓاْ أَمْرَهُمْ وَهُمْ يَمْكُرُونَ﴾، تەنیا برایەکانی یوسوف نەگرێتەوە کە پیلانیان لە دژی یوسوف ﷺ گێڕاو، بڕیاریان لە بارەیەوەدا، بەڵکو نافرەتەکانیش بگرێتەوە کە پیلانیان گێڕا، بۆ ئەوەی یوسوف بە تەڵەو داوی گوناهو تاوانەوە بکەن، هەروەها ئەوانەی کە بڕیاریاندا، یوسوف بخەنە بەندیخانەوە بە ناهەق، هەموو ئەوانەی کە فێڵیان کردو پیلانیان گێڕا، تۆ لە لای هیچ کامیان نەبووی، بەڵام کە هەواڵەکانیانت زۆر بە ڕاستیی‌و دروستی‌و بە ڕوونیی بۆ دەگێڕدرێنەوە، دیارە ئەوە لە لایەن خوایەکەوەیە، کە ئێستاو داهاتووو ڕابردوو، بۆ وی هەمووی ڕوونە .

ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ ﴾، زۆربەی خەڵکی هەرچەندە تۆ سوورو مکوڕ بی، لەسەر بڕوا هێنانیان، لەسەر هیدایەت دانیان، هەر بڕوا ناهێننو لە بڕواداران نابن.

وشەی ﴿ٱلنَّاسِ﴾یش، کە دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ ﴾، (ال)ی سەر (ناس) کە دیارە (ال)ی تەعریفە، بەڵام دەگونجێ مەبەست پێی : (ال)ی (جِنْس) بێ، واتە: زۆربەی خەڵکی سەر زەوی، بڕوا ناهێنن، دەشگونجێ مەبەست پێی : (ال)ی (عَهد) بێ، واتە: ئەو خەڵکەی ڕۆژگاری تۆ، ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەرانە، زۆربەیان بڕوا ناهێنن، هەرچەندە مکوڕیش بی لەسەر بڕوا هێنانیان، ﴿وَمَا تَسْـَٔلُهُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴾، ئنجا کە بڕواش ناهێنن، وە نەبێ لەبەر بارگرانییەك بێ، کە تۆ دەیخەیە سەر شانیانو، داواو تەکلیفێکت لێیان

هەبێ، بەڵکو تۆ هیچ کرێو پاداشتێکیان لێ داوا ناکەی، لەسەر ئەم قورئانە، لەسەر گەیاندنی ئەم پەیامە ﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾، ئەم قورئانە ئەم ئیمانو ئیسلامە: تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ جیهانییانو، شەرەفو رێزو حورمەتە بۆ جیهانییان، بۆ هەر کەسێك بڕوای پێ بێنێو لە باوەشی بگرێ، واتە: خوا ﷻ بەبێ بەرانبەر ئەو خەڵاتەی بۆ ناردوون، ئەو بیرخەرەوەیەی بۆ ناردوون .

کەواتە: کە بڕوا ناهێنن، سووچی تۆ نیە، هیچی ناگەڕێتەوە بۆ تۆ، کە تۆ بارگرانییەکت لەسەریان هەبێ، لەبەرئەوەی چاوەڕوانییەکت لێیان هەیە، بڵێن : ئەگەر بێتو بڕوا بێنین : باری شانمان گران دەبێ، نەخێر، بە بەلاش ئەو هیدایەتەی خوایان دەخەیە بەردەست .

پاشان دەفەرموێ: ﴿وَكَأَيِّن مِّنۡ ءَايَةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ يَمُرُّونَ عَلَيۡهَا وَهُمۡ عَنۡهَا مُعۡرِضُونَ ۝١٠٥﴾، {پێشتر باسی وشەی: (كَایِّن)مان کرد (كَأَيِّن) واتە: زۆر}، یانی: زۆر نیشانە هەن لە ئاسمانەکانو زەویدا، ئەوانە بە لایاندا ڕەت دەبن، تێدەپەڕن، گوزەر دەکەن، بەلام لە حاڵێکدا کە ڕوویان لێ وەرگێڕاونو ڕوویان لێ وەرچەرخاندوون .

هەڵبەتە مەرج نیە تەنیا مەبەست: ڕوو وەرچەرخاندنی بەرهەست بێ، واتە: ڕوو لەولا بکەنو سەرنج نەدەنە: مانگو خۆرو بارانو دەریاو چیاو گوڵو گوڵزارو باغو باغاتو میوەجاتو دارو درەختو دانەوێڵەو ئاژەڵو چییو چی!! کە هەموویان نیشانەی خوان، وەك دوایی ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین، بەڵکو مەبەست ئەوەیە: وەك چۆن کەسێك کە بەرەو ڕووی شتێك بێت، ئەگەر ڕووی لێ وەرگێڕێ، نایبینێ، ئەوانەش لەو دروستکراوانەی خواو، لەو بەڵگەو نیشانانەی بەهرەمەندن نابن، کە بیانکەنە بەڵگەی ناسینی خاوەنەکەیان، کە خوای پەروەردگارەو، بەڵگەی بەندایەتیی کردن بۆ خاوەنەکەیان، وەك چۆن کەسێك کە ڕوو لە شتێك وەرچەرخێنێو ڕووی لێ وەرگێڕێ، نایبینێ، ئەوانیش وان، واتە: مەبەست لێرەدا ڕوو وەرگێڕانی مەعنەوییە، یانی: سەرنجیان نادەن، لێیان ورد نابنەوەو، وەك نیشانەی خوا تەماشایان ناکات .

﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴾، زۆربەیان بڕوا بە خوا ناهێنن، مەگەر لە حاڵێکدا هاوبەش بۆ خوا دانەرن، واتە: کە دانیش بە بوونی خوادا دێنن، خوا دەناسن، بەلام لە پەرستنیدا، لە بەندایەتیی بۆ کردنیدا، هاوبەشی بۆ دادەنێن، یاخود دان بە بوونی خوادا دێنن، وەك پەروەردگارو خاوەن، بەلام هاوبەشی بۆ دادەنێن لە بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگارێتییو خاوەندارێتییدا، یان ناوو سیفەتەکانی خوا، بۆ خوا بەکاردێنن، بەلام هاوبەشی بۆ دادەنێن لە ناوو سیفەتەکانیدا، ئەو ناوو سیفەتانە بۆ غەیری خواش بەکاردێنن، یان بەندایەتیی بۆ خوا دەکەن، بەلام وێڕای خوا، بەندایەتیی بۆ شتەکانی دیکەش دەکەن، واتە: هاوبەش بۆ خوا دادەنێن لە پەرسترانیو بەندایەتیی بۆ کرانیدا .

ئنجا خوا ﷻ هەڕەشەیان لێدەکات، دەفەرموێ: ﴿ أَفَأَمِنُوا أَن تَأْتِيَهُمْ غَاشِيَةٌ مِّنْ عَذَابِ اللَّهِ ﴾، ئایا دڵنیا بوون، ئەمینن، پشتێنیان لێ کردۆتەوە، مەترسیی ئەوەیان نیە، کە داپۆشەرێك لە سزای خوا بەسەریان بێ، واتە: بەلایەك کە دایانپۆشێو دەوریان بداو، ئابلووقەیان بداو ڕێی دەرباز بوونو هەلاتنیان نەبێ، ئایا دڵنیان کە ئەوەیان بەسەر نەیەت لە دنیادا؟! ﴿ أَوْ تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴾، یان ئایا دڵنیان ئەگەر بەلایەکی دەورەدەرو داگیرکەرو داپلۆسێنەریشیان بەسەر نەیەت! دڵنیان کە ئاخیر زەمان (ساعة) کتوپڕ نەیەت، (دنیا تێکچوون) بەبێ ئەوەی کە هەستی پێ بکەن، یانی: ئەویان، یان ئەمیان، یەکێکیان هەر دێ، یان بەلایەکیان بۆ دێو دەوریان دەداو ئابلووقەیان دەداو دایاندەپۆشێ، یاخود ئاخیر زەمان (ساعة) هەر دێو، ئەم دنیایە هەر تێك دەچێ، کەواتە: دەبوو وا بە دڵنیایی پشتی لێ نەکەنەوەو، ئاوا بێباك نەبن .

ئنجا دوایی فەرمان بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکات: کە ڕێبازی خۆیو شوێن کەوتووانی، بە مرۆڤایەتیی بناسێنێ: ﴿ قُلْ هَٰذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي ۖ وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴾، بڵێ: ئا ئەمە ڕێبازی منە، (ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ چییە؟!) بانگەواز بۆ لای خوا دەکەم، (نەك بۆ لای

خۆی)، بانگەواز بۆ لای خوا، واتە: خەڵك بانگ دەكەم، كە بێن بەندایەتیی بۆ خوا بكەن، ئنجا چۆنیش ئەو بانگەوازە دەكات؟ ﴿عَلَىٰ بَصِيرَةٍ﴾، لەبەر ڕۆشنایی داو بە بەڵگەوە، هەروا لە گۆترە نیە، لەبەر ڕۆشنایی داو بە بەرچاو ڕووونیی دەربارەی بەرنامەكەی خۆی، دەزانێ خەڵك بۆچی بانگ دەكات! بە بەرچاوڕوونیی لە شێوازی بانگەوازەكەی، دەزانێ چۆنیان بانگ دەكات! بە بەرچاوڕوونیی دەربارەی خەڵكەكە، دەزانێ ئەوانەی كە بانگیان دەكات چین‌و چۆنن؟ كەم‌و كوڕییەكانیان، نەخۆشییە فیكرییی‌و دەروونییەكانیان چین؟! نەخۆشییە كۆمەلایەتیی‌و سیاسییەكانیان چین؟ ﴿أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِي﴾، خۆم‌و ئەوانەش كە شوێنم كەوتوون، هەموومان هەر واین، خۆم‌و شوێن كەوتووانیشم لەبەر ڕۆشناییدا، خەڵك بەرەو خوا بانگ دەكەین، ﴿وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ﴾، (تۆ بڵێ): پاكیی بۆ خوا یانی: (أُسَبِّحُ الله) یانی: من خوا بە پاك دەگرم، بە دووری دەگرم لە هەر كەم‌و كوڕییەك، لە هەر ناتەواوییەك، ﴿وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾، (ئنجا بشڵێ): من لە هاوبەش بۆ خوا دانەران نیم، لەوانە نیم كە كەسێك، شتێك دێننە ئاستی خوا، چ لە بەدیهێنەرایەتیی‌و پەروەردگارێتیی‌و خاوەندارێتییدا، چ لە ناوو سیفاتەكانیدا، چ لە پەرسترانیدا .

ئنجا بۆ ئەوەی بۆ مرۆڤایەتیی دەربخات، كە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ بیدعەتێك نەبووە، لەو گۆڕە پەیدابێ، تەنیا خۆی بوو بێ، ڕوونی دەكاتەوە كە موحەممەد ﷺ ئاڵقەیەكە لە زنجیرەیەك‌و، كۆتا ئاڵقەی زنجیرەی كاروانی پێغەمبەرانە صەلات‌و سەلامی خوایان لەسەر بێ، دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا﴾، لە پێش تۆدا تەنیا پیاوانێكمان ڕەوانە كردوە .

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێغەمبەران تەنیا لە ڕەگەزی نێر بوون، تەنیا پیاوان بوون، ﴿نُّوحِيٓ إِلَيۡهِم﴾، كە ئێمە پەیاممان بۆ دەناردن، سروشمان بۆ دەكردن، بە شێوەی پەنهان فەرمایشتمان لەگەڵدا كردوون، ﴿مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰٓ﴾،

لە خەڵکی ئاوەدانییە گەورەکان، شارە قەرەباڵغەکان، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە چ ژینگەیەکدا بژی، ئەو ژینگەیە، ئەو هەلومەرجە کاریگەریی هەیە لەسەر کەسایەتیی، لەسەر جۆری بیرکردنەوەو ئاسۆی فیکریی، کەسێك کە لە دێیەکی بچووکدا، یان لە پەڕگەیەکدا، لە بیابانێکدا بژی، بێگومان ئەو ژینگەو دەوروبەرو هەلومەرجە، کاریگەریی هەیە لەسەر جۆری بیرکردنەوەی، بۆیە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) لە شارە قەرەباڵغەکان، لە ئاوەدانییە گەورەکاندا ڕەوانە کراون‌و، ئاسۆی فیکرییان فراوانتر بووەو شارەزاتر بوون، وردتر بوون، سەرناستر بوون، زیاتر شارەزای خەڵك‌و دنیا بوون .

ئنجا دەفەرمووێ: ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾، ئایە بە زەمیندا نەڕۆیشتوون، سەرنج بدەن، سەرەنجامی ئەوانەی پێش خۆیان چۆن بووە ؟!

وەك زانایان دەڵێن: (سَیر)، ڕۆیشتن، ڕۆیشتنی بەرهەست هەیەو، ڕۆیشتنی مەعنەویی هەیە، ڕۆیشتنی بەرهەست ئەوەیە کە ئینسان بڕوا بە زەویدا، وڵاتان ببینێ، شوێنەوارەکان ببینێ، ڕۆیشتنی مەعنەوییش ئەوەیە کە ئینسان مێژوو بخوێنێتەوەو سەرنجی مێژوو بدات، سەرنجی بەسەرهاتی پێغەمبەران‌و گەلەکانیان بدات، ئەوەش هەر ڕۆیشتنە، بەڵام ڕۆیشتنی مەعنەویی‌و فیکریی .

ئنجا بۆیەش دەبێ بە زەویدا بڕۆن، جا چ ڕۆیشتنی بەرهەست‌و ماددیی، یان چ ڕۆیشتنی مەعنەویی‌و فیکریی، کە سەرنج بدەن: سەرەنجامی پێش ئەوان چۆن بووەو پەندیان لێ وەربگرن، ﴿وَلَدَارُ ٱلْءَاخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾، بێگومان مەنزڵگای دواڕۆژ بۆ ئەوانەی کە پارێز دەکەن، باشترە لە دنیا، ئایا نافامن !

ئنجا خوا ﷻ باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) لەگەڵ کۆسپ‌و تەگەرەو لەمپەرو ناڕەحەتیی‌و نسکۆو ناسۆری زۆردا، ڕووبەڕوو دەبنەوە، دەفەرمووێ: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسْتَيْـَٔسَ ٱلرُّسُلُ﴾، واتە: پێغەمبەران (علیهم الصلاة

والسلام) رەوانە كران لەگەڵ گەلەكانیاندا لەگەڵ كۆمەڵگاكانیاندا خەریك بوون، مشووریان لێ خواردن، پەیامی خوایان پێگەیاندن، بەبێ ئەوەی كە هیچ چاوەڕوانییەكیان لێیان هەبێ، دڵسۆزییان بۆ نواندن، بەڵام ئەوانە بە دەنگیانەوە نەهاتن و، لەگەڵیاندا زۆر بێ نەزاكەتانە - زۆربەی هەرە زۆری كۆمەڵگاكان - لەگەڵ پێغەمبەراندا مامەڵەیان كرد، ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسْتَيْـَٔسَ ٱلرُّسُلُ ﴾، تاكو كاتێك كە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) نائومێد بوون، لە چی نائومێد بوون ؟!

دیارە هەر لەم سوورەتەدا هاتوە: ﴿ إِنَّهُۥ لَا يَاْيْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ٨٧ ﴾یوسف، بێگومان تەنیا كۆمەڵی بێبڕوایان لە بەزەیی خوا نائومێد دەبن، لە دەرووی خێری خوا نائومێد دەبن .

كەواتە: پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) لەوە بەرزتر بوون، كە لە بەزەیی خواو، لەوە كە خوا دەرووی خێریان لێ دەكاتەوە، نائومێد بن، ئەدی لە چی نائومێد بوون؟! لە بڕوا هێنانی گەل و كۆمەڵگاكانیان نائومێد بوون، یاخود لە سەركەوتنی دنیایی نائومێد بوون، چونكە خوا ﷻ بە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)ی نەفەرمووە، حەتمەن لە دنیادا سەرتان دەخەین، هەندێ لە پێغەمبەران شەهید كراون، هەندێكیان گیراون، هەندێكیان كەس بڕوای پێ نەهێناون، كەواتە: لە شتێك نائومێد بوون، كە دیار نەبووە خوای پەروەردگار گفت و بەڵێنی پێدابن، ئەگەرنا پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) شتێك خوا پێی فەرمووبن: ئاواتان بۆ دەكەم، بێگومان هەرگیز نائومێدیی و بێ هیوایی لەو ڕووەوە، ڕووی تێ نەكردوون.

﴿ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُواْ ﴾، خەڵكەكەش وایانزانی: پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) درۆیان لەگەڵ كراوە، لەلایەن خواوە، واتە: ئەو بەڵێنەی كە پێیان دراوە، بۆیان نابرێتە سەر، لەگەڵیاندا نابرێتە سەر، هەڵبەتە ئەم ئایەتە مشت و مڕی زۆری زانایانی لەسەرە، كە دوایی لە مەسەلە گرنگەكاندا باسی دەكەین، چونكە هەندێك لە زانایان گوتوویانە: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسْتَيْـَٔسَ ٱلرُّسُلُ ﴾،

واتە: پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) لەوە نائومێد بوون کە خوا سەریان بخات، یان لەوبارەوە: خەتەرەی خراپیان بە دڵدا هاتو، خوتخوتەی شەیتانیی بە دڵیاندا هات، نەك دڵیان لەسەر چەسپاندبێ، مرۆڤیش شیاوە بۆ ئەو جۆرە حاڵەتانە لە کاتی تەنگانەو سەغڵەتیی زۆردا، ﴿وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ قَدۡ كُذِبُواْ﴾، پێغەمبەران وە پێیان وابوو کە ڕاستیان لەگەڵ نەکراوە، یانی: خەتەرەی شەیتانیی بە دڵیاندا هات .

بەلام من ئەو مانایە بە دوور دەزانم، بەڵکو: ﴿وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ قَدۡ كُذِبُواْ﴾، خەڵکەکە وایانزانی کە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)، ڕاستیان لەگەڵ نەکراوە، لە لایەن خواوە .

خوێنراویشەتەوە: (وَظَنُّوا أَنَّهُم قَدْ كُذِّبوا)، ﴿وَظَنُّوٓاْ﴾، یانی: (إستَيْقَنوا) یان (عَلِموا) پێغەمبەران (علیهم السلام) دڵنیا بوون، زانییان کە بە درۆ دانراون لە لایەن گەلەکەیانەوە .

هەروەها خوێنراویشەتەوە: (وَظَنُّوا أَنَّهُم قَدْ كَذَبوا)، پێغەمبەران یەقینیان وا بوو کە خەڵکەکە درۆیان لەگەڵدا کردوون، ئەوانەی کە گوتوویانە: بڕوامان پێ هێناوە، ڕاستیان نەکردوە .

یاخود: ﴿وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ قَدۡ كُذِبُواْ﴾، واتە: خەڵکەکە گومانیان وابوو، پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) ڕاستیان لەگەڵ نەکردوون، کە گوتوویانە: سزاو بەڵای خواتان بۆ دێ، ئەگەر ئیمان نەهێنن.

ئا لەو حاڵەتەدا: ﴿جَآءَهُمۡ نَصۡرُنَا﴾، یارمەتی ئێمەیان بۆ هات، هاوکاریی ئێمەیان بۆ هات، ﴿فَنُجِّيَ مَن نَّشَآءُ﴾، ئەوەی کە ویستمان دەرباز کرا، ڕزگار کرا، لەو بەڵایەی خوا ناردوویەتی، ﴿وَلَا يُرَدُّ بَأۡسُنَا عَنِ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ﴾، بەڵای ئێمە، سزای ئێمە لە کۆمەڵی تاوانباران بەرپەرچ نادرێتەوەو ناگێڕدرێتەوە، دەبێ بیچێژن .

لە كۆتایی دا خوا دەفەرمویَ: ﴿ لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ ﴾، بێگومان لە بەسەرهاتەكانیاندا، واتە: بەسەرهاتی پێغەمبەراندا (علیهم الصلاة والسلام) پەند هەیە بۆ خاوەن عەقڵان .

عیبرەت لە (عَبَرَ)ەوە هاتوە، واتە: پەڕییەوە، عیبرەت ئەوەیە كە ئینسان لە شتێكەوە كە دەیبینیَ، بپەڕێتەوە بۆ شتێك، كە نایبینیَ، لە شتێكەوە كە دەیزانیَ بپەڕێتەوە، بۆ شتێك كە نایزانیَ .

كە بەسەرهاتی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) دەخوێنیەوە، دەزانی كە ئەوان چییان هاتۆتە ڕیَ، بەهۆی وانیشەوە دەزانی بۆ خۆشت چیت دێتە ڕیَ! گەلەكانیان كە بێبڕوا بوونو بڕوایان پیَ نەهێناونو، دژایەتییان لەگەڵ كردوون، سەرەنجامیان چۆن بووە؟ تۆ دەبیَ خۆتو حاڵو وەزعەكەی خۆت قیاس بكەی لەسەر هی ئەوان .

كەواتە: خەڵكی ڕۆژگاری تۆش ئەی موحەممەدو ئەی خوێنەری قورئان! كە دژایەتیی ئایینو بەرنامەی خوا دەكەن، سەرەنجامیان هەروەك ئەو خەڵكە دەبیَ، كە دژی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) وەستاونو لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو بوونەوە .

﴿ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ ﴾ واتە: ئەم قورئانە قسەیەك نیە هەڵبەسترابیَو، گوترابیَ بە ناوی خواوە، ﴿ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ ﴾ بەڵكو بەڕاست دانانی ئەو كتێبو پەیامانەیە كە لە پێشیەوە بوون، لە پێش قورئاندا هاتوون، واتە: هەموو كتێبەكانی پێش خۆی، هەموو پەیامو بەرنامەكانی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) كە لە پێش قورئاندا هاتوون، هەمووان بە ڕاست دەزانیَ، ﴿ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ ﴾ هەروەها ڕوونكردنەوەو شیكردنەوەی هەموو شتێكە، واتە: هەموو شتێكە كە ژیانی مرۆڤ پێویستی پێی بیَ، چونكە كەسێك كە بەسەر كێڵیی تەماشای ئەم ئایەتە بكات، دەڵیَ : چۆن ؟! قورئان كوا باسی دروستكردنی شەمەندەفەرو سەیارەو تەیارەو چیو چی تێدایە ؟ بەلام :

﴿ كُلِّ شَيْءٍ ﴾، واتە: هەر شتێك كە ڕوونكردنەوەی لەلایەن خواوە پێویست بێ بۆ ژیانی مرۆڤو، لە مەودای عەقڵی مرۆڤدا نەبێ، مرۆڤ نەتوانێ پەی پێ بەرێ، ئەوە خوای كارزان لە قورئاندا ڕوونی كردۆتەوە، چ پەیوەندیی بە بووناسییەوە هەبێ، چ پەیوەندیی بە ئیمانو عەقیدەوە هەبێ، چ پەیوەندیی بە خوا پەرستییەوە هەبێ، چ پەیوەندیی بە لایەنی ڕەوشتو باری كەسێتیی‌و خێزانییەوە هەبێ، چ پەیوەندیی بە حەلاڵو حەرامەوە هەبێ، چ بە حوكمو سیاسەتەوە هەبێ، هەمووی ڕوون كراوەتەوە، ئەوەی پێویست بكات بە كورتیی، بە كورتیی‌و، ئەوەی پێویست بكات بە درێژیی، بە درێژیی ڕوونكراوەتەوە، ﴿ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴾، هەروەها ئەم قورئانە ڕێنماییەو بەزەییە بۆ كۆمەڵێك كە بڕوا بێنن .

ئەوەی كە بڕوا نەهێنێ، دیارە لە قورئان بەهرەمەند نابێ‌و، خەتای خۆشیەتی كە لێی بەهرەمەند نابێ، وەك چۆن كەسێك كە كوێر بێ، یان كەڕ بێ، دیارە كوێر ڕەنگەكان نابینێ‌و، كەڕ دەنگەكان نابیستێ، لە حاڵێكدا كە دەنگەكانو ڕەنگەكان هەن، بەڵام ئەو خەتای خۆیەتی، كەسانی كەڕو كوێر سووچ لە خۆیانە، كە دەنگەكان نابیستنو ڕەنگەكان نابینن .

چەند مەسەلەیەکی گرنگ

مەسەلەی یەکەم : باسکردنی ئەو ڕاستییە کە بەسەرهاتی یوسف ﷺ لەو هەواڵە پەنهانانەیە، کە لە ڕێی وەحییەوە نەبێ نازانرێن:

وەك خــوا فەرموویەتی: ﴿ ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ نُوحِيهِ إِلَيۡكَۖ وَمَا كُنتَ لَدَيۡهِمۡ إِذۡ أَجۡمَعُوٓاْ أَمۡرَهُمۡ وَهُمۡ يَمۡكُرُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە لە چوار بڕگەدا

١) - ﴿ ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ ﴾، واتە: ئەوەی باسکرا، لە هەواڵەکانی نادیارە .

بۆیە ئاماژەی دوورە، چونکە لە مێژە باسکراوە، لە قووڵایی مێژوودایەو ماوەیەکیشی بەسەرداچووە، کە ئەو بەسەرهاتە دەگێڕدرێتەوە، لە میانەی (٩٥) ئایەتی پێشوودا، بۆیە بە ئاماژەی دوور ئاماژەی بۆ دەکات.

وشەی: ﴿ أَنۢبَآءِ ﴾ کۆی (نبأ)ە، کە بریتیە لە هەواڵێك گرنگ بێو، مرۆڤ بگەیەنێ بە ئەنجامێك .

(الغَيْبُ: ما غَابَ عَنْ عِلْمِ الناسِ، وَأَصْلُهُ مَصْدَرُ غَابَ، فَسُمِّيَ بِهِ شيءٌ لا يُشاهَد)، (غَيب) ئەوەیە کە لە زانیاریی خەڵك پەنهان بێ، ئەسڵەکەشی لە چاوگی (غابَ)ەوە هاتوە، (غَابَ يَغِيبُ غَيْباً) واتە: پەنهان بوو، پەنهان دەبێ، پەنهان .

ئنجا ئەو شتەی کە نابینرێو، هەستی پێ ناکرێو، نازانرێ، ناوی لێنراوە: (غَیب)، ﴿ ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ ﴾، واتە: ئا ئەوەی باسکرا، لە هەواڵەکانی نادیارو پەنهانە .

٢) - ﴿ نُوحِيهِ إِلَيۡكَ ﴾، ئێمە بۆ تۆی سروش دەکەین، ﴿ نُوحِيهِ إِلَيۡكَ ﴾، واتە: ئێمە بەشێوەیەکی پەنهان بۆ لای تۆی دەنێرین، بۆچی فەرموویەتی: ﴿ نُوحِيهِ إِلَيۡكَ ﴾ و نەیفەرمووە، (نوحيها إليك)؟ چونکە: ئەوە ڕەچاو کراوە کە: ﴿ ذَٰلِكَ ﴾، لە ڕووی زمانەوانییەوە بە: (المُذَكر المجازِي) دادەنرێ، ئنجا (هـ) لە وشەی ﴿ نُوحِيهِ ﴾دا، دەچێتەوە بۆ ﴿ ذَٰلِكَ ﴾.

٣) - ﴿ وَمَا كُنتَ لَدَيۡهِمۡ إِذۡ أَجۡمَعُوٓاْ أَمۡرَهُمۡ ﴾، ئنجا تۆ لەلایان نەبووی، کە بڕیاری خۆیانیان دەدا، ئایا مەبەست کێیە لێرەدا؟ چەند ئەگەرێکی هەن :

١- ئەوەی زیاتر دێتە زەینەوە : برایەکانی (یوسف)ن کە بڕیاریان لە دژدا .

٢- دەشگونجێ مەبەست پێی ژنەکان بێ، کە بڕیاریان دەداو پیلانیان لە دژی یوسف دەگێڕا .

٣- دەشگونجێ مەبەست پێی کاروانەکە بێ، کە بڕیاریاندا: یوسف ﷺ وەك کۆیلەیەك مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، وەك ماڵێکی بازرگانیی .

٤- دەشگونجێ مەبەست ژنەکەی عەزیز بێ .

٥- دەشگونجێ مەبەست ئەوانە بێ کە خوا لەبارەیانەوە دەفەرموێ : ﴿ ثُمَّ بَدَا لَهُم مِّنۢ بَعۡدِ مَا رَأَوُاْ ٱلۡأٓيَٰتِ لَيَسۡجُنُنَّهُۥ حَتَّىٰ حِينٖ ٣٥ ﴾يوسف، واتە: ئنجا دوای ئەوەی نیشانەکانیان دیتن، بۆیان دەرکەوت کە هەتا ماوەیەك بەندی بکەن .

ئەوانەی بڕیاریاندا یوسف بخەنە بەندیخانەوە، بۆ ئەوەی بەرگریی لە سومعەو کەرامەتی ڕووشاوی خۆیان بە دەستی خۆیان، بکەن، یوسفیان بە ناهەق خستە زیندانەوە .

٤) - ﴿وَهُمْ يَمْكُرُونَ﴾، لە حاڵێكدا كە پیلانیان دەگێڕا، (وَهُمْ يَمْكُرُونَ: حَالٌ مِنْ ضَمِير أَجْمَعوا)، لە حاڵێكدا كە پیلانیان دەگێڕا، دەچێتەوە بۆ ڕاناوی: (أَجْمَعُوا) بەڵام بۆیە بە شێوەی (مُضارِع) هاتوە، بۆ ئەوەی وێنەكە بخاتە بەرچاوو خەیاڵ تێوەی ڕابمێنێ .

ئنجا ئەگەر بشگوترێ: ئەدی ئەگەر مەبەست پێی ئافرەتەكان بێ، كە لەگەڵ ژنی عەزیزدا ئەوەیان كردوە، بۆچی فەرموویەتی: ﴿وَهُمْ يَمْكُرُونَ﴾و نەیفەرمووە: (وَهُنَّ يَمكرنَّ) ؟

دەڵێین: لە زمانی عەرەبییدا بنچینەیەك هەیە پێی دەگوترێ: (تَغْليب الذكور على الإناث) زاڵ كردنی نێرینە بەسەر مێینەدا، لە كاتێكدا كە پێكەوە باس دەكرێن، ڕاناوی نێرینە بەكاردێ، بەڵام مێینەكانیش دەگرێتەوە .

وەك پێشتریش باسمان كرد: لەم ئایەتە موبارەكەدا، ئاماژە هەیە بە ئیعجازی مێژوویی، واتە: ئا ئەوەی باسكرا بەو وردەكارییە، بەو ڕوونییە، سەرچاوەكەی وەحییو پەیامی خوای پەروەردگارە .

كەواتە: با ئەوانەی كە ئەو بەسەرهاتە دەبیستن، بزانن كە ئەوە لە لایەن خوای پەنهانزانەوە، ئەم بەسەرهاتە بەسەر تۆدا خوێنراوەتەوەو بۆ تۆ گێڕدراوەتەوە .

مەسەلەی دووەم : ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە كە زۆربەی خەڵكی، یان زۆربەی خەڵكی ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ بڕوا ناهێنن، وێڕای هەوڵدانو سوور بوونیو، داوا نەكردنی كرێو پاداشتیش لێیان :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٣﴾ وَمَا تَسْـَٔلُهُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠٤﴾﴾.

تویژینەوەی ئەم دوو ئایەتە لە سێ بڕگەدا

١) - ﴿ وَمَآ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوۡ حَرَصۡتَ بِمُؤۡمِنِينَ ﴾، زۆربەی خەڵکی هەرچەندە تۆ مکوڕ بی لەسەر بڕوا هێنانیان، نابنە بڕوادار .

لێرەدا زۆربەی خەڵکی، دەگونجێ مەبەست پێی تێکڕای خەڵك بێو، ئەلیفو لام (أل)ی سەر: ﴿ ٱلنَّاسِ ﴾، دەكرێ ئەلیفو لامی (تعریف) بێ بۆ جینس، واتە: خەڵکی سەر زەوی، زۆربەیان بڕوا ناهێنن، یاخود (أل)ی سەر ﴿ ٱلنَّاسِ ﴾، (أل)ی (عهد) بێ، واتە: ئەو خەڵکە زانراوەی لە ڕۆژگاری تۆدا هەن، هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، زۆربەیان بڕوا ناهێنن، هەرچەندە تۆ سووریش بی .

(الحِرصُ: شدَّةُ الطَّلَبِ لتَحْصِيلِ شيءٍ وَمُعَاوَدَتُهُ) (حِرْص) بریتیە لە زۆر بە دوای شتێکدا گەڕان، بۆ پەیدا کردنی شتێكو، جار لە دوا جار هەوڵ بۆ دانی .

حیکمەت لەم ئایەتە موبارەکەش ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ نائومێد بێ لە بڕوا هێنانی هەموویان، بۆ ئەوەی کە هەموویان بڕوایان نەهێنا، لە خۆیو پەیامەکەی نەکەوێتە گومان:

١- لە خۆی، کە کەمتەرخەمیی کردوەو، چاك پەیامەکەی نەگەیاندوە .

٢- لە پەیامو بەرنامەکەی کە کەمو کوڕیی تێدایە .

بەڵێ بۆ ئەوەیە کە: هەرچەندە بڕوا ناهێنن، بەڵام ڕێبازەکەی تۆ، بەرنامەکەی تۆ هیچ عەیبی نیەو، تۆش ئەرکی خۆت ئەنجام داوەو جێبەجێ کردوە، کەواتە: کە بڕوا ناهێنن، خەتا لە خۆیانەوەیە، وەك چۆن بابایەك کە ئاوی شیرینو زوڵاڵ دەخواتەوە، لە زاری تاڵە، لەبەرئەوەیە نەخۆشەو گرانەتای گرتوەو میزاجی تێکچووە، خەتای ئاوەکە نیە، خەتای خۆیەتی .

٢) - ﴿ وَمَا تَسۡـَٔلُهُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍ ﴾، تۆ لەسەر گەیاندنی ئەم قورئانە، لە بەرانبەر ئەم پەیامو قورئانەدا کە پێیان دەگەیەنی، هیچ کرێیەکیان لێ داوا ناکەیو، هیچ پاداشتێکیان لێ چاوەڕوان ناکەی .

ئەمەش لێی وەردەگیرێ: کە لە پەنای دیندا ژیان، تاوانەو، نابێ دین بکرێتە ئامرازی ژین، بەلاّم مەبەست ئەوە نیە: ئەوانەی بانگخوازنو خزمەتی دینی مسوڵمانان دەکەن، لەسەر مسوڵمانان پێویست نەبێ، کە ئەوانیش مشووری ژینەکەیان بخۆن، ئەوانیش پێویستە مشووری ژینەکەیان بخۆن، بەلاّم بابایەك کە دەبێتە پێشەوای ئیسلامو دەبێتە بانگخوازو شارەزاکەری خەڵك لە ئایینو بەرنامەی خوادا، نابێ بە بەرانبەر ئەوەیان بۆ بکات، بەلاّم خەڵك دەبێ هەست بە ئەرکی سەرشانیان بکەن لە بەرانبەریدا، ئنجا ئەگەر مامۆستایەکە، ئەگەر بانگخوازێکە، ئەگەر نووسەرێکە، هەرکەسێك بێ، کەسێك کە خۆی یەکلایی دەکاتەوە بۆ خزمەتی دینی خوا، نابێ هیچ چاوەڕوانییەکی لە خەڵکی هەبێ، بەلاّم دەبێ خەڵك دەستبارێکی بگرنو هاوکاریی بکەن، ئەوەش ئەرکی سەرشانی خۆیانە، بەلاّم ئەو نابێ بە بەرانبەر بیکات، چونکە ئەوەتا خوا ﷻ زۆر بە ڕوونیی دەفەرمووێ: ﴿ وَمَا تَسۡـَٔلُهُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍ ﴾، هەروەها لە شوێنی دیکەدا دەفەرمووێ: ﴿ قُلۡ مَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُتَكَلِّفِينَ ٨٦ ﴾ص. واتە: بڵێ: من هیچ کرێیەکتان لێ داوا ناکەمو، من هیچ بارگرانییەکتان ناخەمە سەرشان .

بەڕاستیی ئەوەش زۆر گرنگە، وەك من لە کتێبی: (زانایانی ئیسلام کێنو چۆنن)دا، باسم کردوە لەوبارەوە، کە بەڵێ خەڵك بەرپرسیارە بەرانبەر بە ژیانو گوزەرانی مامۆستایانو زانایانی میراتگرانی پێغەمبەر ﷺ، بەلاّم ئەوان نابێ هیچ چاوەڕوانییەکیان لە خەڵك هەبێو، نابێ لە بەرانبەر دابینکردنی ژیانو گوزەرانو هێنانە دی بەرژەوەندییەکدا، ئایینو بەرنامەی خوای پەروەردگاریان بۆ شی بکەنەوەو ڕوون بکەنەوە .

٣) - ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ﴾، ئەم قورئانە تەنیا بیرخەرەوەیە بۆ جیهانییان، دەشگونجێ مەبەست لە: ﴿ذِكْرٌ﴾، شەرەفو رێزو پایەو حورمەت بێ، واتە: هەر کەسێك لە جیهانییان دەست بەم قورئانەوە بگرێ، پێی بەرز دەبێتەوە، رێزو حورمەتی پێ پەیدا دەکات، دەشگونجێ مانایەکەی ئەوە بێ کە بیرخەرەوەیە بیریان دەخاتەوە، ئەو ڕاستییانەی کە خوا لەگەڵ فیطرەتیاندا تێکی هەڵشێلاون، ئەو ڕاستییانەیان بیر دەخاتەوە .

لێرەدا چەند قسەیەکی (محمد متولّي الشعراوي) ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە تەفسیرەکەی خۆیدا، بە ناوی (خواطر)[1] کە تەعبیری جوانی هێناون، دەهێنم، دەڵێ :

(إنَّ الإنْسانَ لَهُ آلاتُ اسْتِقْبالٍ هِيَ الحَواسّ الإنْسانِية، وَتَنْتَقِلُ المَعْلُوماتُ أَوِ الخِبُراتُ مِنْها إلى العَمَلِيات العَقْلِية، وَتَمُرُّ تِلْكَ المَعْلُومات بِبؤرَةِ الشعُورِ، لِتُحْفَظَ لِفَتْرة فِي هَذِهِ البؤرَة، ثُمَّ تَنْتَقِلُ إلى حَاشِيةِ الشعُورِ، إلى أَن تَسْتَدعِيها الأَحْدَاثُ، فَتَعُودُ مَرَّةً أُخْرَى إلى بؤرَةِ الشُّعُورِ).

واتە: بێگومان مرۆڤ چەند ئامرازێکی هەن، کە زانیارییان پێ وەردەگرێ، کە بریتین لە هەستەوەرەکانی کە لە مرۆڤدا دانراون {هەستی بیستنو دیتنو بۆنکردنو تامکردنو دەست لێکوتان، هەروەها خەیاڵ} ئنجا ئەو زانیارییانە، یاخود ئەو شارەزاییانە لە هەستەوەرەکانەوە دەگوازرێنەوە بۆ پرۆسە عەقڵییەکانو بیرکردنەوەو ڕامانو هەڵهێنجان، دوایی ئەو زانیارییانە دەچنە نێو نێوەڕاستی هەستکردن (واتە: لە نێو مێشکدا) دەپارێزرێن بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەك لەوێدا هەڵبگیرێن، دوایی ئەو زانیارییانە دەچنە پەراوێزی هەستەوە، هەتا ڕووداوێك، بەسەرهاتێك، دێتە پێشێ، پێویست بەوە دەکات کە ئەو زانیارییانە بهێندرێنەوە، دووبارە دێنەوە نێو چەقی دەماغو مێشك (واتە: مرۆڤ بەکاریان دێنێ) .

---

١) ج ١٢، ص ٧١٠٨ و ٧١٠٩.

دوایی دەڵێ : (فَالذّكر إذَن يَكونُ لِلْعَاقِلِ مَعْونَة لَهُ، وَهُوَ مِنْ ضِمْنِ رَحْمَة اللهِ بالخلْق، فَلَمْ يَترك الخلْقَ مُنْشَغِلِينَ بالنِّعْمة عَنْ مَنْ أَنْعَمَها عَلَيْهِ، فَهَذا الكونُ مُنْظَّم بدِقة بدِيْعَة، وَفِيه كُلّ مُقوِّمات حَياة البَشَر، وَمِنْ فَضْلِ اللهِ عَلَيْهِم أنَّهُ أَرْسَلَ الرُّسُلَ مُذَكِّرين لَهُمْ بهَذَا العَطاءِ الربانِي، وَقَدْ قَدَّرَ اللهُ غفْلة الأحْدَاثِ، فَجَعَلَ لَهُمْ الذكر كُلَّهُ فِي القُرآن الكريم) .

دەڵێ : کەواتە: (ذِكر) بیرخستنەوەیە بۆ بابای عاقڵو، هاوکاریی کردنیەتی، هەروەها لە ڕەحمەتو بەزەیی خوایە بە خەڵك، کە خوا وازی لە خەڵك نەهێناوە: سەرقاڵبن بە نیعمەتەکانەوەو، ئەو زاتەی کە چاکەکانی لەگەڵدا کردوون، لێی بێ ئاگابن‌و، ئەم بوونەوەرە زۆر بە وردییەکی سەرسوورهێنەر ڕێکخراوەو، هەموو پێداویستییەکانی ژیانی بەشەری تێدان‌و، لە چاکەی خوا بەسەر خەڵکەوە ئەوەیە، کە پێغەمبەرانی ناردوو ون کە ئەو بەخششەی پەروەردگاریان بیر بخەنەوەو، خوا ﷻ ڕووداوەکانی وا لێکردوون کە مرۆڤەکان جارجار بێ ئاگا دەبن، بۆیە هەرچی مەبەستی گرنگو پێویستە کە بیریان بکەوێتەوە، لە قورئاندا داینـاوە، بۆیە یەکێك لە ناوەکانی قورئان بریتیە لە (ذِكر) واتە: بیرخەرەوە .

چونکە لە ڕاستییدا مرۆڤ خوای خۆی دەناسێ‌و، خۆی دەناسێ‌و، ڕاستییەکان لەگەڵ فیطرەتی مرۆڤدا تێك هەڵشێلدراون، بەڵام پێغەمبەران هاتوون ئەو ڕاستییە بنەڕەتییانەیان بیر بخەنەوەو، لە ڕێی وەحییشەوە تەفاصیل‌و وردەکاریی ئەوەی کە لە ڕێی عەقڵەوە پەی پێ نابردرێ، فێریان بکەن‌و بیانخەنە بەر چاویان .

مەسەلەی سێیەم : بەڵگەو نیشانەکانی ناسینی خوا (عز و جل) لە ئاسمان‌و زەویدا زۆرن، بەڵام بێبڕوایان لێیان بێ ئاگان‌و، سەرەنجیان نادەن‌و تێیانەوە ڕانامێنن :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿وَكَأَيِّن مِّنْ ءَايَةٍ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ ﴿١٠٥﴾﴾.

تویژینەوەی ئەم ئایەتە لە دوو بڕگەدا

١) - ﴿ وَكَأَيِّن مِّنْ ءَايَةٍ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، واتە : زۆر نیشانەو بەڵگە هەن لە ئاسمانەکانو زەویدا، نیشانەو بەڵگە هەن، لەسەر چی؟ لەسەر ناسینی خوا، لەسەر پەروەردگارێتیی خوا، لەسەر خاوەندارێتیی خوا بۆ بوون.

پێشتریش باسمان کرد: وشەی: (كأيِّن) کە بە مانای {زۆر} دێ، لە (ك)ی (تَشبیه)و (أي) پێکهاتوە، کە مانای (كَمْ) دەگەیەنێ، واتە: زۆر هەن .

(آیة)یش بە مانای نیشانە دێو، بە مانای بەڵگەش دێ، واتە: زۆر بەڵگەو نیشانە هەن، لەسەر تەنیا پەرستراوێتیی خوا، پەروەردگارێتیی خوا، بەلآم زیاتر وا پێدەچێ: مەبەست پەروەردگارێتییو تەنیا پەرستراوێتیی خوا بێ، نەك بوونی خوا ﷻ، بە بەڵگەی ئەوەی دوای ئەم ئایەتە باسی هاوبەش بۆ خوا دانان کراوە : ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾.

بڕگەی دووەم : - ﴿ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ ﴾، بە لایاندا ڕەت دەبن بە لای ئەو نیشانەو بەڵگانەدا، لە حاڵێکدا ڕوویان لێ وەرچەرخاندوون، پێشتریش باسمان کرد، ئەو ڕوو لێ وەرچەرخاندنە، مەرج نیە مەبەست پێی ڕوو وەرچەرخاندنی بەرهەستو جەستەیی بێ، بەڵکو دەگونجێ مەبەست پێی ڕوو وەرچەخاندنی مەعنەویی بێ، چونکە ئەگەر ئینسان لە دەروونەوە، بە قەلبو قەناعەتەوە، سەرنجی شتێك نەدا، با تەماشاشی بکاتو تێشی ڕابمێنێ، هەروەك ئەوە وایە ڕووی لێ وەرگێڕابێ .

ئنجا بۆیەش وا گوتراوە، چونکە کاتێك کە ئینسان ڕووی لە شتێك وەردەگێڕێ، نایبینێ، کاتێك ئینسان سەرنجی شتێك نەداو تێوەی ڕانەماو، لێی ورد نەبووەوە، وەك سەرنجی نەدابێو تەماشای نەکردبێ، بە چاوی سەر وایە، کەواتە : ﴿ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ ﴾ یانی :

بەلایاندا دەگوزەرێن‌و ڕەت دەبن، لە حاڵێکدا کە ڕوویان لێ وەرگێڕاون، واتە: گرنگیی‌و بایەخ نادەنە ئەو ئایەتانەو ئەو دیاردەو دیمەنانە کە نیشانەو بەڵگەن، لەسەر تەنیا پەرستراوێتیی خوا، لەسەر پەروەردگارێتیی خواو لێیان بەهرەمەند نابن، چونکە لێیان ورد نابنەوە .

هەڵبەتە ئێمە پێشتریش بە پێی موناسەبەتی هەندێك لە ئایەتەکان، ئاماژەمان کردوە بۆ ژمارەیەك لە نیشانەو بەڵگەکانی پەروەردگارێتیی خوا، ئەو دیاردەو دیمەنانەی کە سیفەت‌و ناوە بەرزو بێ وێنەکانیانی خوای پەروەردگاریان تێدا دەدرەوشێنەوە، وەك من کاتی خۆی لە شیعرێکدا گووتومە :

سروشت ئاوێنەی تەجەللای خوایە

باش سەرنجی بدە بزانە چی تیایە

لە ڕێی (کر)ەوە کرگار دەناسرێ

سروشت (کر)ێکەو کردگاری خوایە

چەند زانیارییەک لەبارەی هەندێک لە دیاردە گەردوونییەکان

(د. محمد راتب النابلسي) لە تەفسیرەکەی[1]دا، ئاماژەی بە هەندێک شت داوە، منیش بە کورتیی لێم وەرگرتوون :

خۆر

کە پێشتریش لە چەند شوێنێکدا باسمان کردوە: ملیۆنێكو سێ سەد هەزار (١,٣٠٠,٠٠٠) جار هێندەی زەوییە، واتە: ئەو خۆرەی کە ئێمە دەیبینینو لە پێش چاوی ئێمە بە قەد بێژینگێکە، ملیۆنێكو سێ سەد هەزار زەوی وەك ئێمە دەگرێتە خۆی .

مانگ

(٣٦٣,٠٠٠ کلم – ٤٠٦,٠٠٠ کلم) (معدّل)ەکەی (٣٨٤,٤٠٠) کلم لە زەوییەوە دوورەو بە کەمتر لە چرکەیەكو (٤/١)ی چرکەیەك تیشکەکەی دەگاتە زەوی، چونکە تیشك لە چرکەیەکدا (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار کیلۆمەتر دەبڕێ، ئنجا ڕووناکیی مانگ، بە کەمتر لە چرکەیەكو چواریەکی چرکەیەك دەگاتە سەر زەوی .

---

١) ج ٤ ، ص ٥٤١ و ٥٤٢.

کەهکەشان

ئەوەی کە بە کوردیی پێی دەڵێن: ڕێی کاکێشان، بە عەرەبی پێی دەڵێن: (دَرْبُ التَبّان) واتە: ڕێی کا پێدا کێشراو، وا دیارە کوردیش هەر لەوەوە وەریانگرتوە، یان بە پێچەوانەوە عەرەب لە کوردیان وەرگرتوە، بە ئینگلیزیی پێی دەڵێن: (Milk Way)، بە فارسی پێی دەڵێن: (ڕاهی شیری) ڕێی شیری، کە دیارە ئەوانیش لە زمانیی ئینگلیزییەوە وەرگرتوە، یان بە پێچەوانەوە، گرنگ ئەوەیە ئەوانە وایان تەصەووڕ کردوە کە ئەوە (کا)ی پێداکێشراو لێی ڕژاوە، یان ڕێیەکەو شیری پێدا براوەو، شیری پێدا ڕژاوە بۆیە سپی دەچێ .

ئنجا کەهکەشانەکەی ئێمە، کە یەکێکە لە ملیۆنان کەهکەشان کە پێشتر باسمان کردوە، درێژیی (طول)ی سەدو پەنجا هەزار (١٥٠,٠٠٠) ساڵی تیشکییە، یانی تیشك بە (١٥٠,٠٠٠) هەزار ساڵ ئنجا ئەو سەرو ئەو سەری کەهکەشانەکەی خۆمان دەکات .

ئەستێرەی قوتب

کە دوای خۆر نزیکترین ئەستێرەیە لە ئێمەوە، واتە: لەو کەهکەشانەدا کە ئێمە تێیداین، چونکە خۆریش بۆخۆی ئەستێرەیەکەو نیزیکترین ئەستێرەیە لێمانەوە، ئنجا ئەستێرەی (قطب) چوار هەزار (٤,٠٠٠) ساڵیی تیشکی دوورە لە زەوی، یانی: دوای چوار هەزار ساڵ، ئنجا تیشکەکەی دەگاتە ئێمەو، ئەو تیشکەی ئێستا دەیبینین، هی چوار هەزار ساڵ لەمەو پێشە!

کەهکەشانی دیکە

کەهکەشانی وا هەیە کە هەژدە ملیار (١٨,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ساڵی تیشکیی لە ئێمەوە دوورە، ساڵی تیشکییش وەك پێشتر باسمان کردوە، واتە: ئەو ماوەیەی کە تیشك لە ساڵێکدا دەیبڕێ، کە ئەویش چۆن بۆمان دەردەکەوێ ؟

ئاشکرایە کە تیشك لە چرکەیەك دا سێ سەد هەزار (٣٠٠,٠٠٠) کلم، دەبڕێ، ئنجا دەبێ ئەو (٣٠٠,٠٠٠) جارانی (٦٠) بکەین بۆ ئەوەی بزانین داخۆ لە خولەکێکدا، چەندە؟ چونکە خولەکێك (٦٠) چرکەیە، پاشان ئەنجامەکەی کە هەژدە ملیۆن (١٨,٠٠٠,٠٠٠)ە، جارێکی دیکە جارانی (٦٠) بکەین، بۆ ئەوەی بزانین لە سەعاتێکدا چەندە؟ کە (١,٠٨٠,٠٠٠,٠٠٠) ئنجا دوایی ئەنجامەکەی جارانی (٢٤) بکەین کە دەکاتە (٢٥,٩٢٠,٠٠٠.٠٠٠) چونکە شەوو ڕۆژێك (٢٤) سەعاتە، دوایی ئەنجامەکەی جارانی (٣٦٥) بکەین، کە ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵە، ئنجا ئەنجامەکەیمان بۆ دەردەکەوێ کە لە ساڵێکدا تیشك چەند دەبڕێ؟ کە نۆ تریلیۆن‌و چوار سەدو شەست ملیارو هەشت سەد ملیۆنە، بەم شێوەیە :

.٩,٤٦٠,٨٠٠,٠٠٠,٠٠٠=٣٦٥×٢٤×٦٠×٦٠×٣٠٠.٠٠٠

واتە : تیشك (ضوء) لە ساڵێك دا نیزیکەی نۆ ترلیۆن‌و نیو کیلۆمەتر دەبڕێ .

ئـــاو

ئاوی شیرین تەنیا لە ڕێی ئاوی ئاسمانەوەیە، هەرچی ئاوی شیرینەو بەکەڵکی خواردنەوە دێ، هەمووی دەبێ لە ئاسمانەوە بێ : پێشێ هەڵمی دەریاکان کە تیشکی خۆر لێی دەداو بەرز دەبێتەوەو، دەبێتە هەور، پاشان لە ڕێی باران‌و بەفرو تەرزەوە دێتە خوار، بە شێوەی باران‌و بەفرو تەرزە، ئاوی شیرین تەنیا ئەوە ڕێگەکەیەتی، ئەگەرنا ئاوی ئۆقیانووسەکان (المحیطات) هەمووی تاڵ‌و سوێرە، تاکە ڕێگای وەدەستکەوتنی ئاوی شیرین، ئەوەیە کە باسمان کرد، دەبێ خوای بەرز بیپاڵێوێ‌و، لە شێوەی بەفرو تەرزەو باراندا بێتە خوار، تەنیا ئەوە ڕێگەکەیەتی.

شـــیـــر

ئەو شیرەی کە لە ئاژەڵان دەدۆشرێ، ئێستا بە مەزندە، لە هەر چرکەیەکدا سێ سەد هەزار مەتر سێجا (٣٠٠,٠٠٠)م٣ شیر دەدۆشرێ، کە ئەوە ئەگەر کۆبکرێتەوە، بە ئەندازەی ڕووبارێکی گەورەیە، بە ئەندازەی

ڕووباری (ئەمازۆن)ە، کە ڕووبارێکی زۆر گەورەیە، ئەو شیرەی کە لە دنیادا دەدۆشرێ‌و، مرۆڤ لێی بەهرەمەند دەبێ، هێندە دەبێ !

خوێن و گۆشتی ئاژەڵ

ئنجا تەنیا (گۆشتی ئاژەڵ) مەڕو بزن (ئاژەڵی ورد) کە سەر دەبڕدرێن، دەڵێ: ئەگەر هەر (٥،٠٠٠) هەزار کەس ڕۆژانە مەڕێکیان بگاتێ، یەك سەر مەڕ، دەبێ ڕۆژانە یەك ملیۆن سەر مەڕ سەر ببڕدرێ، ساڵانە دەکاتە: (٣٦٥،٠٠٠،٠٠٠) ملیۆن، ئنجا ئەوە ئەگەر بێت‌و خوێنەکەیان ڕووبارێکیان لێ پێکبێ، ڕووبارێکی قەبەی دنیا دەبێ .

میوەو دانەوێڵە

ئەگەر باسی میوە بکەین، میوەو دانەوێڵە ئێمە لە یەك پارچە زەوی دەبینین یەك زەویمان هەیە، سەدان جۆرە، میوە، دانەوێڵە، درەخت، تەڕەکاڵ، وەك: شووتی‌و کاڵەك‌و ترۆزیی‌و خەیار، کە هەریەکەی تامێك، هەریەکە ڕەنگێك، هەریەکەی بۆنێك، هەریەکەی جۆرە ڤیتامینێك‌و ئەو ماددانەی کە جەستەی مرۆڤ پێویستی پێیانە، لە خۆیدا جێ دەکاتەوە، وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (الرعد)دا ئاماژەی پێداوە: ﴿ وَفِي الْأَرْضِ قِطَعٌ مُّتَجَاوِرَاتٌ وَجَنَّاتٌ مِّنْ أَعْنَابٍ وَزَرْعٌ وَنَخِيلٌ صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ يُسْقَىٰ بِمَاءٍ وَاحِدٍ وَنُفَضِّلُ بَعْضَهَا عَلَىٰ بَعْضٍ فِي الْأُكُلِ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٤﴾ ﴾الرعد، هەڵبەتە بەڵگەو نیشانە لەسەر پەروەردگاریێتیی خواو تەنیا پەرستراوێتیی خواو، لەسەر ئەوە کە چاکەکانی خوا نایەنە ئەژمار، وەك لە سوورەتی (إبراهیم) لە ئایەتی (٣٤)دا، فەرموویەتی: ﴿ وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَتَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا ﴾، کە بێگومان هەموو نیعمەتەکانی خوا نیشانەن لەسەر پەروەردگارێتیی‌و پەرستراوێتیی خوا .

مەسەلەی چوارەم : ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە زۆربەی خەڵکی بڕوا ناهێنن، مەگەر لە حاڵەتی هاوبەش بۆ خوا داناندا :

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾
واتە: زۆربەیان بڕوا بە خوا ناهێنن، مەگەر لە حاڵێكدا كە هاوبەش بۆ خوا دانەر بن .

(الشوكاني) ئاوا ئەم ئایەتە موبارەكە مانا دەكا: (أي: وَما يُصَدِّقُ وَيُقِرُّ أَكْثَرُ الناسِ بِاللهِ مِنْ كونِهِ الخالِق الـرَّزاق المحيى المميت ﴿إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ﴾ بِاللهِ، يَعْبُدونَ مَعَهُ غَيْره)[1].

واتە: زۆربەی خەڵكی بڕوا بە خوا ناهێنن، كە هەر ئەو بەدیهێنەرو ڕۆزیدەرو ژیێنەرو مرێنەرە، مەگەر لە حاڵێكدا كە جگە لە خۆی لەگەڵیدا دەپەرستن .

ئێمە لێرەدا باسێكی گرنگ لە بارەی هاوبەش بۆ خوا دانان (الشرك)ەوە، دەخەینە ڕوو، كە من ئەو باسەم لە مەوسووعەی: (الإسلامُ كما يتجلّى في كِتاب الله) هێناوە، كە لە چاپی یەكەمیدا، بەرگی هەشت، لاپەڕەكانی: (١٩٦ تا ٢٥٤) واتە: نیزیكەی (٦٠) لاپەڕەم بۆ تەرخان كردوە، ئێمە لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرچاوەیەدا بە كورتو پوخت كردنەوەوە، ئەو باسە دەخەینە ڕوو:

---

١) فَتحُ القدير ج ٣، ص ٦٩.

باسێكی گرنگ لەبارەی هاوبەش بۆ خوا دانان (شرك)ەوە

دەستپێك:

سەرەتا دەڵێین: هاوبەش بۆ خوا دانان (الشرك بالله) ڕێك و ڕاست : دژو پێچەوانەی خوا بە یەكگرتنە، خوا بەیەكگرتن (توحیدالله) واتە: تەنیا خوا بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەن زانینو، ئەو ناوو سیفەتانەی بۆ خوا بەكاردەهێنرێن، بۆ جگە لە خوا بەكارنەهێنرێنو، بەندایەتیی و پەرستش تەنیا بۆ خوا ئەنجام بدرێ .

(شرك) واتە: هاوبەش بۆ خوا دانان، ڕاست دژو پێچەوانەی خوا بە یەكگرتن (توحید)ە، واتە:، هەڵبەتە خوا بە یەكگرتن، بریتیە لە چەقو بناغەی ئایینو بەرنامەی خوا، ئەو ئایینو بەرنامەیەیەی خوا كە بۆ هەموو پێغەمبەرانی ناردوەو بە هەموو پێغەمبەراندا ناردوویەتی صەڵاتو سەلامی خوایان لەسەر بێ، بەڵكو خوا ﷻ كتێبەكانی نەناردوەو، پێغەمبەرانی (علیهم الصلاة والسلام) ڕەوانە نەكردوون، مەگەر ئامانجو مەبەستی سەرەكیی: دابەزێنرانی كتێبەكانی خواو، ڕەوانە كرانی پێغەمبەران، ئەوە بووە كە خوا بە یەك بگیرێ، تەنیا خوا وەك تاكە بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەن، هەروەها وەسفكراوو ناوبراو بەو ناوو سیفەتانەی كە تەنیا شایستەی ئەون، دابنرێو، پەرستشو بەندایەتیی تەنیا بۆ وی ئەنجام بدرێ، هەموو پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) بۆ ئەوە هاتوونو، كتێبەكان تەنیا بۆ ئەوە دابەزێنراون، هەر بۆیە دوا كتێبی خوا

کە قورئانە، گرنگیی و بایەخێکی زۆری داوە بە ڕوونکردنەوەی خوا بەیەکگرتن و، پووچەڵکردنەوەی پێچەوانەکەی و دژەکەی، کە بریتیە لە هاوبەش بۆ خوا دانان، ئنجا ئێمە هەوڵ دەدەین لە حەوت تەوەردا، باسی هاوبەش بۆ خوا دانان بکەین :

تەوەری یەکەم :

نێوەڕۆك و کرۆکی هاوبەش بۆ خوا دانان (حَقيقة الشِّرْكِ بالله تعالى):

تەوەری دووەم :

هاوبەش بۆ خوا دانان، ئەو گوناهە مەزنەیە کە هەرگیز خوا لێی نابووریّ.

تەوەری سێیەم :

پێناسەی هاوبەش بۆ خوا دانانی گەورەو، هاوبەش بۆ خوا دانانی گچکە.

تەوەری چوارەم :

هۆکارە ڕاستەقینەکانی هاوبەش بۆ خوا دانان و، پاساوەکانی هاوبەش دانەران، بۆ هاوبەش بۆ خوا دانانیان و، پووچەڵ کردنەوەیان.

تەوەری پێنجەم :

جۆرەکانی هاوبەش بۆ خوا دانەران .

تەوەری شەشەم :

هەڵوێستی هاوبەش بۆ خوا دانەران، لە بەرانبەر ئیسلام و مسوڵمانان دا .

تەوەری حەوتەم :

گیرۆدە بوونی هەندێك لە مسوڵمانان بە هاوبەش بۆ خوا دانان (الإشراك بالله)ـەوە .

تەوەری یەكەم:

نێوەڕۆك و كرۆكی هاوبەش بۆ خوا دانان

(حَقِيقَةُ الشِّرْكِ بِاللهِ تَعالى):

لە زمانی عەرەبییدا دەگوترێ: (شَرِكَ فُلانٌ فُلاناً فِي كَذَا، إِذَا اشترك مَعَهُ فِي أَمْرٍ وَسَاهَمَهُ فيهِ، ويُقَالُ: أَشْرَكَ فُلانٌ فُلاَناً فِي كَذَا، إِذَا جَعَلَهُ سَهِيماً وَشَرِيكاً لَهُ فيهِ)[1].

واتە: دەگوترێ: فلانكەس بوو بە هاوبەشی فلانكەس لە فلان شتەدا، واتە: بوو بە خاوەن پشك و بەش لەگەڵی لەو شتەدا، هەروەها دەگوترێ: فلانكەس فلانكەسی كردە بەشدارو هاوبەش لە فلان شتەدا، واتە: كردیە خاوەن پشك و بەش و هاوبەش .

ئنجا كتێبی كاربەجێی پەروەردگار، وشەی (شِرك)ی هەر لەسەر بناغەی مانا زمانەوانییەكەی بەكارهێناوە، كەواتە: (الشِّرْكُ بالله) یان (الإِشْرَاكُ بالله) دەبێتەوە بە چی ؟

دەبێتەوە بەوە كە: خوا ﷻ هاوبەشێك، یاخود پشكدارێك، یاخود كەسێك كە لەگەڵیدا یەكسانە لە كارێك لە كارەكانی دا، كە تایبەتن بە خواوە، بۆی دابنرێ، ئنجا چ كەسێك بكرێتە هاوبەشی، چ كەسێك لەگەڵیدا یەكسان بكرێ، لە شتێكدا كە تایبەتە بە خواوەو، بكرێتە خاوەن پشك و بەش .

هاوبەش بۆ خوا دانانیش بە گشتی سێ جۆرە :

---

١) مُفردات ألفاظ القُرآن، ص ٤٥١ و ٤٥٢.

<u>جۆری یەکەم</u> : هاوبەش بۆ دانانی لە بەدیهێنەرایەتیی و پەروەدگارێتیی و خاوەندارێتییدا :

ئەویش بریتییە لەوەی جگە لە خوا، (کە جگە لە خواش، تەنیا دروستکراوەکانی خوان و، تەنیا ئەو شتانەن کە خوا دروستیکردوون و، بەخێویان دەکات و، سەرپەرشتییان دەکات و، خاوەندارێتییان دەکات)، جگە لە خوا بە جۆرێك لە بەدیهێنەرایەتیی، یان پەروەردگارێتیی، یان خاوەندارێتیی وەسف بکرێ .

<u>جۆری دووەم:</u> بریتییە لە هاوبەش بۆ خوا دانان لە ناوو سیفەتەکانی، یان لە کارەکانیدا، ئەویش ئەوەیە کە کەسێك یان شتێك، وەصف بکرێ، بە یەکێك لە ناوو سیفەتە هەرە بەرزو چاکەکانی خوا، یاخود کەسێك یان شتێك یەکێك لە کارەکانی خوای پاڵ بدرێنە لا .

<u>جۆری سێیەم:</u> بریتییە لە هاوبەش بۆ خوا دانان، لە پەرستراوێتیی و سەرپەرشتیارێتیی و بڕیار بە دەستێتیی دا :

ئەویش ئەوەیە کە جگە لە خوا بکرێتە پەرستراو، یان بکرێتە سەرپەرشتیار، یان بکرێتە بڕیار بە دەست و حوکمڕان، بە مانای دانەری حەڵاڵ و حەرام، لە شتێك لە شتەکاندا، مەرج نیە بە ڕەهاییش .

هەڵبەتە جگە لە خوا کردن بە پەرستراو، چەمکەکەی فراوانەو هەمیشە پەرستراوێتیی (الألوهیة) هەر کام لە :

١- سەرپەرشتیارێتیی (الولایة).

٢- بڕیار بە دەستێتیی (الحاکمیة)ش پەلکێش دەکات و خوازیاریانە .

مەبەست لە جگە لە خوا پەرستنیش، ئەوەیە کە شتێك لەو پەرستشە کە تایبەتە بە خواوە، بۆ غەیری خوا پێشکەش بکرێ، وەك: لێ پاڕانەوە، هاوار تێبەستن، فەرمانبەریی ڕەها، ئەوپەڕی خۆشویستن، ئەوپەڕی لێترسان، ئەوپەڕی پشت پێ بەستن، ئەوپەڕی بە مەزن گرتن، نەزر بۆ کردن، ئاژەڵ بۆ سەربڕین، سوێند پێ خواردن ... هتد .

لە قورئانی بەرزو مەزندا خوا ﷻ زۆرباش تیشکی خستۆتە سەر مەسەلەی پووچەڵ کردنەوەی شیرك‌و هەڵوەشاندنەوەی بیرۆکەی هاوبەش بۆ خوا دانان، بەڵام ئێمە دەرفەت نیە هەموو ئەو ئایەتانە بێنین، کە من لەو سەرچاوەیەی ئاماژەم پێدا، لە پازدە (١٥) بڕگەدا هێناومن‌و بڕگەی واش هەیە حەوت هەشت ئایەتی تێدان، بۆیە یەکسەر ئێمە دێینە سەر ئەو ئەنجامگیرییەی کە لە ئایەتەکانی قورئان وەردەگیرێ، بۆ پێناسەکردنی هاوبەش بۆ خوا دانان، بە کورتیی‌و پوختیی وەریدەگرین، کە ئایا هاوبەش بۆ خوا دانان یانی چی ؟!

دەڵێین: هەروەك چۆن خوا بە یەکگرتن لە پەرستراوێتیی دا، ئەوە کە دەبێ تەنیا خوا بپەرسترێ، (یستند إلى التوحید) پاڵ وە خوا بەیەکگرتن دەدا لە بەدیهێنەرایەتیی‌و پەروەردگارێتیی‌و خاوەندارێتییدا، بە هەمان شێوەش، هاوبەش بۆ خوا دانانیش لە پەرستراوێتیی‌و لە بەندایەتیی کردن دا، لە هاوبەش بۆ خوا دانانەوە پەیدا دەبێ، لە بەدیهێنەرایەتیی‌و پەروەردگارێتیی‌و خاوەندارێتییدا، واتە: وەك چۆن خوا بە یەکگرتن لە پەرستراوێتییدا لەسەر بناغەی خوا بە یەکگرتن لە بەدیهێنەرایەتیی‌و پەروەردگارێتیی‌و خاوەندارێتییدا، بنیات دەنرێ، بە هەمان شێوەش هاوبەش بۆ خوا دانانیش لە پەرستراوێتییدا، لەسەر بناغەی هاوبەش بۆ خوا دانان لە بەدیهێنەرایەتیی‌و پەروەردگارێتیی‌و خاوەندارێتییدا، بنیات دەنرێ، یانی: کەسێك هاوبەش بۆ خوا دادەنێ لە پەرستنیدا، کە پێشتر هاوبەشی بۆ دانابێ، لە بەدیهێنەرایەتیی‌و پەروەردگارێتیی‌و خاوەندارێتییدا، ئەگەرنا بۆچی دەیکاتە هاوبەش بۆ خوا؟ بۆچی دەیهێنێتە ئاستی خوا؟ دیارە یان بەدیهێنانی شتێك لە شتەکان لەو شتە، یان لەو کەسە، دەزانێ، یان پەروەردەکردن‌و سەرپەرشتییکردن، لەو کەسە یان لەو شتە دەزانێ، یان خاوەندارێتیی لەو کەسە یان لەو شتە دەزانێ، بۆیە دەیهێنێتە ئاستی خوا، لە بەندایەتیی بۆ کردن‌و پەرستندا.

ئنجا ئەوە کە: خوا بە یەکگرتن لە پەرستنی خواو تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا کردن دا، لەسەر بناغەی : تەنیا خوا بە بەدیهێنەرو، بە پەروەردگارو، بە خاوەن، زانین، بنیات دەنرێ، ئەمە لە زۆر ئایەتاندا ڕوونکراوەتەوە، بۆ وێنە:

١- لە ئایەتەکانی (٢١ و ٢٢)ی سووڕەتی (البقرة)دا، خوا ﷻ دەفەرمووێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ٢١ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فِرَٰشٗا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءٗ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزۡقٗا لَّكُمۡۖ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٢٢ ﴾، واتە: ئەی خەڵکینە! ئەو پەروەردگارەتان بپەرستن کە ئێوەو ئەوانی پێش ئێوەی هێناوەتە دی، بەڵکو پارێز بکەن، ئەو (خوا) پەروەردگارەتان کە زەوی بۆ ڕاخستوون‌و، ئاسمانی بۆ کردوونە سەربان‌و، لە سەرێوە ئاوی بۆ ناردوونە خوار، جۆرەها میوەی پێ دەرهێناوە، کە ببێتە بژیو بۆتان، کەواتە: هاوتایان بۆ خوا دامەنێن، لە کاتێکدا دەزانن .

واتە: لە کاتێکدا دەزانن کە تەنیا خوا بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەن‌و مشوورخۆرتانە، هاوتاو هاووێنانی بۆ دامەنێن لە پەرستنیدا .

٢- لە ئایەتەکانی: (١٦٣ و ١٦٤ و ١٦٥) لە سووڕەتی (البقرة)دا، کە خوا ﷻ لە ئایەتی (١٦٣) دا تاکیەتیی (وحدانیة)ی خۆی لە پەرستراوێتییدا، ڕادەگەیەنێ‌و دەفەرمووێ: ﴿ وَإِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ١٦٣ ﴾، واتە: پەرستراوی ئێوە، یەك پەرستراوە، جگە لەوە هیچ پەرستراوێك نیە، خاوەنی ئەوپەڕی بەزەییە لە دنیاو دواڕۆژدا .

ئنجا دوایی لە ئایەتی (١٦٤)دا واتە: ئایەتی دوای وی، بۆ سەلماندنی ئەوە کە دەبێ تەنیا خوا بپەرسترێ‌و بەندایەتیی بۆ بکرێ، بەڵگە بەوە دێنێتەوە کە خوا ﷻ دە (١٠) جۆرە نیشانە لەسەر تەنیا بەدیهێنەرایەتیی‌و، تەنیا پەروەردگارێتیی ڕەهای خۆی، لە هەموو شتێك دا دەخاتە ڕوو:

وەك فەرموویەتی : ﴿إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱلۡفُلۡكِ ٱلَّتِي تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٖ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٖ وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ

وَٱلسَّحَابِ ٱلۡمُسَخَّرِ بَيۡنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ﴿١٦٤﴾ ﴾، کە ئەو دە (١٠) نیشانانەش ئەمانەن :

١و٢– دروستکردنی ئاسمانەکانو زەوی.

٣و٤– جێ گۆڕکێو جیاوازیی شەو ڕۆژانو، بە دوای یەکدا هاتنیان .

٥– ئەو کەشتییانەی کە بە دەریاکاندا دێنو دەچن .

٦– ناردنە خواری ئاو لە ئاسمانەوە .

٧– زیندوو کردنەوەی زەوی بە ڕووەكو دانەوێڵەو میوەی جۆراوجۆر.

٨– بڵاوکردنەوەی زیندەوەرو ئاژەڵانی جۆراو جۆر لە هی ئاوییو هەواییو زەمینیی، کە بە هەزاران جۆر دەژمێردرێن .

٩– جیاوازیی هەڵکردنی بایەکان .

١٠– ئەو هەورانەی کە لە نێوانی ئاسمانو زەوییدا ڕام کراونو هەڵدەگیرێن .

دوایی خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴾، ئایا نافامن، واتە: ئەگەر عەقڵتان هەبێو فامیدە بن، خوایەك کە ئەو هەموو کارانە بۆ ئێوە دەکات. ئەو هەموو مشوورەی ئێوەی خواردوە، دەبێ هەر ئەویش بپەرستن .

هەر بۆیەش لە ئایەتی ژمارە (١٦٥)دا، خوا ﷻ ئاماژە دەکات بە لادانی هەندێك لە خەڵك لە تەنیا پەرستنی خواداو، تەنیا تایبەت کردنی خوا بە بەندایەتییو پەرستنەوە، ئەویش بەوە کە جگە لە خوا، دەکەن بە هاوتای خوا، لە خۆشویستنیاندا، وەك دەفەرموێ: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادٗا يُحِبُّونَهُمۡ كَحُبِّ ٱللَّهِۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبّٗا لِّلَّهِۗ وَلَوۡ يَرَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ إِذۡ يَرَوۡنَ ٱلۡعَذَابَ أَنَّ ٱلۡقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعٗا وَأَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعَذَابِ ﴿١٦٥﴾ ﴾البقرة، واتە: لە خەڵکی کەسانێك هەن: جگە لە خوا هاوتایان دەگرن.

وەك خۆشویستنیان بۆ خوا، خۆشیان دەوێن، بەڵام ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە، خۆشەویستی ئەوان بۆ خوا، زیاترە لە خۆشەویستی ئەو جۆرە کەسانە بۆ پەرستراوەکانی خۆیانو، ئەگەر ئەوانەی ستەمیان کردوە دەیانبینی کاتێك کە ئازاری دۆزەخ دەبینن کە هێز هەمووی هی خوایەو ئازاری توندی هەیە (بۆ ستەمکاران) {بێگومان زۆر پەشێمان دەبنەوە} .

لە کۆتایی ئەم تەوەری یەکەمەش دا دەڵێم :

پێم وایە ڕوونترین پێناسە بۆ هاوبەش بۆ خوا دانان (الإشراك بالله) ئەو ڕستە قورئانییەیە، کە خوای زاناو شارەزا لەسەر زمانی هاوبەشدانەرەکان (المشركين) فەرموویەتی: ﴿ تَاللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٨﴾ ﴾ الشعراء، واتە: بە خوا بە دڵنیایی ئێمە لە گومڕاییەکی ڕووندا بووین، کە ئێوەمان لەگەڵ پەروەردگاری جیهانییاندا یەکسان دەکردو دەمانهێنانە ئاستی خوا.

بەڵێ، شیرك بریتیە لە یەکسان کردنو، وەك یەك تەماشاکردنی دروستکراوێك یان زیاتر لە دروستکراوەکانی خوا، لەگەڵ خوادا، چ بە ڕەهایی و لە هەموو ڕووێکەوە، چ لە بوارێك لە بوارەکان دا، یان یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی خوادا سبحان و تعالى .

تەوەری دووەم:

هاوبەش بۆ خوا دانان، ئەو گوناهە مەزنەیە کە هەرگیز خوا لێی نابووریٚ:

ئەوە کە خوا ﷻ لە شیرك نابووریٚ، هەروەك چۆن لە کوفرو لە نیفاقی گەورەش نابووریٚ، لە چەندان ئایەتدا ڕوون کراوەتەوە، بۆ وێنە:

١) لە ئایەتی ژمارە (٤٨)ی سوورەتی (النساء)دا، دەفەرمویٚ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾ ﴾، واتە: بێگومان خوا لەوە نابووریٚ هاوبەشی بۆ دابنریٚو، جگە لەوە لە هەر کەسێك دەبووریٚ کە بیەویٚ، هەر کەسێکیش هاوبەش بۆ خوا دابنیٚ، ئەوە بوختانێکی مەزن، یاخود گوناهێکی مەزنی هەڵبەستوە .

٢) هەر لە سوورەتی (النساء)دا، دەفەرمویٚ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَـٰلًۢا بَعِيدًا ﴿١١٦﴾ ﴾، واتە: بێگومان خوا لەوە نابووریٚ هاوبەشی بۆ دابنریٚ، بەڵام لەوە خوارو جگە لەوە، بۆ هەر کەسێك بیەویٚ، لێی دەبووریٚ، هەر کەسێکیش هاوبەش بۆ خوا دابنیٚ، گومڕاییەکی دوور گومڕا بووە .

٣) لە سوورەتی (الزمر)دا، دەفەرمویٚ: ﴿ وَلَقَدْ أُوحِىَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴿٦٥﴾ ﴾، واتە: بێگومان سروش بۆ لای تۆ کراوەو، بۆ لای ئەوانەی پێش تۆش کراوە، {واتە: پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) کە لە پێش تۆدا هاتوون} کە ئەگەر هاوبەش بۆ خوا دابنێی، کردەوەکەت هەڵدەوەشێتەوەو، لە زیانباران دەبی .

٤) لە سووڕەتی (الحج)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخْطَفُهُ ٱلطَّيْرُ أَوْ تَهْوِى بِهِ ٱلرِّيحُ فِى مَكَانٍ سَحِيقٍ ﴿٣١﴾﴾، واتە: هەر کەسێك هاوبەش بۆ خوا دابنێ، وەك ئەوە وایە لە ئاسمانێ کەوتبێتە خوارو، باڵندە ڕفاندبیان، یاخود با خستبیە خوارو بردبی بەرەو شوێنێکی دوور .

٥) هەروەها لە سووڕەتی (الروم)دا، دەفەرموێ: ﴿ضَرَبَ لَكُم مَّثَلًا مِّنْ أَنفُسِكُمْ هَل لَّكُم مِّن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُم مِّن شُرَكَآءَ فِى مَا رَزَقْنَٰكُمْ فَأَنتُمْ فِيهِ سَوَآءٌ تَخَافُونَهُمْ كَخِيفَتِكُمْ أَنفُسَكُمْ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٢٨﴾﴾، واتە: خوا لە خۆتاندا وێنەیەکی بۆ هێناونەوە: ئایا ئەوانەی کە لەبەر دەستتانن : دەبنە هاوبەش لەو بژیوەدا کە پێمان داون، ئێوە تێیدا یەکسان بن، لێیان بترسێن، مەترسییتان لە بەرانبەریاندا هەبێ، وەك ترستان بەرانبەر بە خۆتان هەیە؟! ئاوا ئایەتەکانمان ڕووندەکەینەوە بۆ کۆمەڵێك کە بفامن .

ئنجا ئێمە لەم پێنج ئایەتە موبارەکەدا چوار ڕاستیی گرنگ، دەربارەی ئەوە کە گوناهی هاوبەش بۆ خوا دانان (الشرك باللە) هەرگیز قەڵەمی عەفووی بەسەردا نایەت، وەردەگرین :

چوار ڕاستیی گرنگ دەربارەی هاوبەش دانان بۆ خوا ﷻ

<u>ڕاستیی یەکەم :</u> هاوبەش بۆ خوا دانان، تاکە گوناهێکە کە ناچێتە نێو بازنەی بەخشران و لێبوردرانەوە .

کە ئایەتەکانی: ژمارە (٤٨ و ١١٦) لە سووڕەتی (النساء)، هەروەها ئایەتی (٦٥) لە سووڕەتی (الزمر)و، ئایەتی (٨٨) لە سووڕەتی (الأنعام)، زۆر بە ڕوونیی و جوانیی ئەوەیان گەیاندوە .

راستیی دووەم: هاوبەش بۆ خوا دانان، گەورەترین درۆ هەڵبەستنە بە ناوی خواوەو، گومڕاییەکی دوورە، کە لەوە گومڕایی دوورتر نیە .

ئەمیش دیسان هەر لە ئایەتی ژمارە (٤٨)ی سوورەتی (النساء)و، لە ئایەتی ژمارە (١١٦)ی (النساء)دا هاتوە، لە ئایەتی ژمارە (٤٨)دا دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ﴾، هەروەها لە ئایەتی ژمارە (١١٦)دا دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ﴾، هەڵبەتە بۆیە هاوبەش بۆ خوا دانان، بە درۆ هەڵبەستنێکی مەزن دانراوە، چونکە بابای هاوبەش بۆ خوا دانەر، شتێك دەڵێ کە لە ڕاستییدا لە جگە لە وەهم و خەیاڵی ئەودا، بوونی بناغەیەکی نیە، چونکە چۆن دروستکراو دەچێتە ئاستی بەدیهێنەرەوە؟ کە بێگومان ئەوە درۆ هەڵبەستن و ئیفتڕایەکی گەورەیەو، گومڕاییەکی دووریشە، واتە: زۆر دوور کەوتۆتەوە لە ڕاستە ڕێ.

راستیی سێیەم: هاوبەش بۆ خوا دانان، یەکسانە لەگەڵ کەوتنە خواری مرۆڤ لە ئاسمانەوە، بەهۆی ئەوەوە کە باڵندەیەك بیڕفێنێ، یاخود بایەك بیباتە شوێنێکی دوورو قووڵ :

ئەمیش لە ئایەتی ژمارە (٣١)ی سوورەتی (الحج)دا زۆر بە ڕوونیی ئەو وێنەیە هێنراوەتەوە، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: بابای هاوبەش بۆ خوا دانەر، وەك ئەوە وایە لە ئاسمان کەوتبێتە خوار، کە باڵندەیەك بیڕفێنێ، یاخود بایەك بیباتە شوێنێکی دوورو قووڵەوە.

هەڵبەتە بابای هاوبەش بۆ خوا دانەریش، کە جڵەوی خۆی دەداتە دەست شەیتان و وەسوەسەکانی شەیتان و طاغووت و خۆ بە پەروەردگارو بە پەرستراو زانەکان و، پیلانەکانیان، ئەویش دیارە وەك ئەو کەسەی لێدێ کە لە ئاسمان دەکەوێتە خوار، یاخود باڵندەیەك دەیڕفێنێ، وەك پارچە گۆشتێك. یاخود بایەك بایدەداو ڕایدەماڵێ و دەیباتە شوێنێکی دوورو قووڵەوە.

راستیی چوارەم: خوا ﷻ زۆر وێنەی هێناوەتەوە بۆ دەرخستنی ناقۆڵایی هاوبەش بۆ خوا دانان و، خراپیی سەرەنجامی هاوبەش بۆ خوا دانان،

یەکێك لەو وێنانەش: ئایەتی ژمارە (٢٨)ی سووڕەتی (الروم)ە، کە پێشتر باسمان کرد .

خوا ﷻ دەفەرموێ: ئایا ئێوە لەگەڵ ئەوانەی کە لەبەر دەستتانن (ئنجا ئەگەر کۆیلەتان، یان خزمەتکارتانن) ئایا ئەو سامانو موڵکەی کە بە ئێوەمان داوە، لەگەڵ ئەوانەدا کە لەبەر دەستتانن، بە یەکسانیی دابەشی دەکەن، کە ئێوە هیچ پلەو ئیمتیازتان بەسەریاندا نەبێ؟ وەڵامەکەی ئاشکرایە، کە هیچ کەس قبووڵ ناکات، ئەو کەسەی لەبەر دەستیەتیو خزمەتکاریەتیو، خۆی خاوەنو گەورەیەتی، ببێتە هاوبەشی لە هەموو شتێکداو لەگەڵیدا یەکسان بێ .

کەواتە: ئێوە کە هەمووتان دروستکراونو بەندەی خوان، قبووڵ ناکەن بەردەستەکانتان، خزمەتکارەکانتان بێنە ئاستی ئێوەو لەگەڵتاندا یەکسان بن، لە خاوەنداریێتیی دا، ئەدی چۆن ئەوە بە خوا ڕەوا دەبینن، کە هەندێ لە دروست کراوەکانی ببەنە ئاستی خواوە ؟!

بۆیە دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْأَيَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾ الروم، ئاوا ئایەتەکان ڕوون دەکەینەوە، بۆ کۆمەڵێك بفامن .

یانی: ئەگەر بفامن هەرگیز توخنی هاوبەش بۆ خوا دانان ناکەونو، شتێکی زۆر نامەنتیقییو پێچەوانەی لۆژیکە .

تـەوەری سـێـیـەم:

هـاویـەش بـۆ خـوا دانـانی گـەورەو، هـاویـەش بـۆ خـوادانـانی گـچـكـە:

دیارە ئـەم تـەعبیـرە: هـەردووكیـان پێكـەوە، نـە لـە قورئـان نـە لـە سـوننـەتی پێغـەمبـەردا ﷺ - ئـەوەنـدەی مـن بـزانم - پێكـەوە نـەهاتـوون، هەڵبـەتـە لـە هـەندێك لـە فـەرمـایشـتـاندا وشـەی (الشـرك الأصـغر) هـاتـوە، بـەڵام وەك گـوتم: هـەردووكيـان پێكەوە: (الشِّرْك الأَكْبَر والشِّرْك الأَصْغَر) ئـەوە هیچ لـە قورئـانـدا نـەهاتـوە، لـە سـوننـەتی پێغـەمبـەر ﷺیشـدا نـەهاتـوە، بـەڵكـو زاراوەیـەكـە زانـایـان دایـانـهێـنـاوە، بـۆ جیـاوازیی خـستنـە نێوان ئـەو شـیـركـەی كـە جۆرێكـە لـە جـۆرەكانی كـوفـرو، خـاوەنـەكـەی لـە بـازنـەی ئیسلام دەبـاتـە دەرو، ئـەو جـۆرە شـیـركـەی، كـە بـە گونـاح دادەنرێ، بـەڵام بـە وەدەرخـەری خـاوەنـەكـەی دانـانرێ لـە بازنـەی ئیمـانو ئیسـلام، ئـەویش بریتیـە لـە هـەندێك وشـەو، هـەندێـك هـەڵسوكـەوت، كـە بـە شـیـرك نـاونـراون، بـەڵام بـە وەدەرخـەری خـاوەنـەكـانیـان دانـانرێـن، لە بـازنـەی ئیمـانو ئیسلام، كـە ئێمـە دەتـوانین لـە سوننـەتی پێغەمبەردا ﷺ لـەوبـارەوە چـەنـد وێنـەیـەك بێنینـەوە: واتـە بـۆ شـیـركی گـچكـە، چونكـە شـیـركی گەورەمان پێشتـر پێنـاسە كردو، دواتـریش زیاتـر تیشكی دەخـەینـە سـەر .

جـۆرەكـانـی شـیـركی گـچـكـە :

دەتـوانیـن ئـامـاژە بـە پێـنـج جـۆر لـە جـۆرەكانی شـیـركی گـچكـە بكـەین:

<u>یـەك</u>: سـوێند خـواردن بـە جگـە لـە خـوا، واتـە: بـە جگـە لـە نـاوو سیفـەتـەكـانی خـوا: پێغـەمبـەر ﷺ دەفـەرمـوێ: ﴿مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ اللهِ، فَقَدْ كَفَرَ أو أَشْرَكَ﴾ {أَخْرَجَـهُ أَحْمَـد بـرقم: (٦٠٧٢)، وَالترمِـذِيُّ بـرقم: (١٥٣٥) وَقَـالَ: حَسَـنٌ، وَالحَاكِمُ بـرقم: (٤٥) وَقَالَ: صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَين، وَأَبـو دَاوُدَ بـرقم: (٣٢٥١)، وَأَبـو عَـوَانـة برقم: (٥٩٦٧)، وَابـن حِبـانَ برقم: (٤٣٥٨) عَنْ عَبْدِ اللّهِ بـن عُمَـرَ ﷺ، وَصَحَّحَهُ الألبـاني} .

واتە: هەر کەسێك سوێند بە غەیری خوا بخوات، ئەوە کوفری کردوە، یاخود شیرکی کردوە.

یانی: کوفرو شیرکی گچکە، بەلاّم بە مەرجێك نیەتەکەی وانەبێ، کە ئەو شتەی پێ وەك خوا، یان پێی لە خوا گەورەتر بێ، ئەگەر نا ئەو کاتە بە شیرکی گەورە دادەنرێ.

دوو : بریتیە لە هەندێ قسەو هەڵسوکەوت کە لە سەر زمانو ئەندامەکان دەردەکەونو، بۆنی ئەوەیان لێدێ، کە غەیری خوا، وەك خوا تەماشا بکرێ؟ بۆ وێنە: ئەم حەدیسە دێنینەوە: {عَنِ ابنِ عَبَاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُما، قَالَ: جاءَ رَجُلٌ إلى النَّبيِّ ﷺ: فَحَدَّثَهُ بِبَعْضِ الْكَلامِ، فَقَالَ: ما شاءَ اللهُ وَشِئْتَ، فَقَالَ: أجَعَلْتَنِي للّهِ عِدْلاً، بَلْ ما شاءَ اللهُ} {أخْرَجَهُ الطَّبَرَاني برقم: (١٣٠٠٥)، وَالبُخارِيُّ في (الأدب المفرد) برقم: ٧٨٣، وَصَحَّحَهُ الألباني}.

واتە: عەبدوڵلاّی کوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێ دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ هەندێ قسەی بۆ کرد، پاشان گوتی: مەگەر خوا بیەوێو تۆ بتەوێ، فەرمووی: ئایا منت کردە هاوتای خوا؟! بڵێ: مەگەر خوا بیەوێ بە تەنیا .

سێ : پێغەمبەری خوا ﷺ ڕیابازیی (ئەنجامدانی کردەوەیەکی باش بۆ سەرنج ڕاکێشانی خەڵك بە ڕووپامایی)، بە شیرکی بچووك داناوە، لەو بارەوەش ئەم فەرمایشتە هەیە: {عَنْ مَحْمودِ بنِ لَبيدٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسولُ اللهِ ﷺ: إنَّ أخوفَ ما أخافُ عَلَيْكُمْ: الشِّرْكُ الأَصْغَرُ! قَالُوا يا رَسولَ اللهِ وَما الشِّرْكُ الأَصْغَرُ؟! قَالَ: الرِّياءُ} {أخْرَجَهُ أحْمَد برقم: (٢٣٦٨٦)، والطّبراني والبَغَوي في (شرح السُنة)، وَقَالَ: شُعيب الأرنؤوط: إسنادُهُ صَحِيح}.

واتە: مەحموودی کوڕی لوبەید دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: شتێك کە زۆر مەترسییم لێی هەیە بەرانبەرتان، شیرکی بچووکە، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ! شیرکی بچووك چییە؟ فەرمووی: ڕیابازیی (ئەوەیە شتێك بکەی، بە ڕواڵەت بۆ خوا بێو بەشی غەیری خوای تێبخەی).

چوار: زانایان بۆ شیرکی بچووك ئەوەشیان بە وێنە هێناوەتەوە، کە کەسێ بڵێ: (لولا اللهُ وفلانٌ) ئەگەر خواو فلانکەس نەبوونایە، ڕاست ئەوەیە کە بگوترێ: (لولا اللهُ ثُمَّ فُلانٌ) ئەگەر خوا نەبووایە، پاشان فلان کەس .

پێنج: پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێك لە هەڵسوکەوتەکانی بە شیرك داناون، بۆ وێنە: فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الرُّقَى وَالتَّمائِمَ وَالتِّوَلَةَ شِرْكٌ﴾، ﴿أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٣٦١٥)، وأبو داود برقم: (٣٨٨٣)، وَابن ماجَهْ برقم: (٣٥٣٠)، وَالحَاكِمُ برقم: (٨٢٩٠)، وَقَال: صَحِيح الإِسناد عَلَى شَرْطِ الشَيْخَين، وَابن حِبانَ برقم: (٦٠٩٠)، وَأَبو يَعلى برقم: (٥٢٠٨) عَنْ عَبْدِ اللَّهِ، وَصَحَّحَهُ الألباني﴾ .

واتە: ڕوقیەکانو تەمیمەکانو تیوەلە، شیرکن .

١/ ﴿(رُقى) کۆی (رقیة)یە، واتە: دوعایەکی نووسراوو نوشتەیەك کە شەرعیی نەبێ، یانی: لە قورئانو سوننەت وەرنەگیرابێ، وەك ئەوەی کە جادووگەرو نوشتەچییەکان دەیکەن، ڕەمزو هێمای تێدان، یان هەندێك ناوی تێدان، نازانرێ ناوی شەیتانانن، ناوی چین؟

٢/ (تَمائم)یش، کۆی (تَميمة)یە، ئەویش ئەوەیە کە بەخۆوە هەڵبواسرێ .

٣/ (تولة)ش، نوشتەیەکە بۆیە دەکرێ: ژن لە لای مێرد خۆشەویست بێ، یان مێرد لە لای ژن، خۆشەویست بێ، یاخود ئافرەتێك لە لای پیاوێك، یان پیاوێك لە لای ئافرەتێك، خۆشەویست بکرێ﴾ .

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوانەی هەموو بە شیرك داناوە، بۆچی؟ چونکە بە زۆریی ئەو شتانە کە دەکرێن، بە هاوکاریی‌و پشت بەستن بە شەیتانەکانن، ناوی شەیتانانیان تێدا دەنووسرێ، یاخود هەندێ ژمارەو ڕەمزو هێمایان تێدا دەنووسرێ، کە مەبەستی ناشەرعیی‌و خراپیان گرتۆتە خۆیان .

هەروەها لەوبارەوە ئەم دەقەش هەیە: ﴿عَنْ عَبْدِ اللهِ ابن مَسْعُودٍ رضي الله، عَنِ النَّبيِّ ﷺ، قَالَ: الطِّيَرَةُ مِنَ الشِّرْكِ، وَما مِنّا إِلاّ، وَلكِنَّ اللهَ يُذْهِبُهُ بالتوكّل﴾ ﴿أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٣٦١٥)، والترمذي برقم: (٢٠٧٢)، وَصَحَّحَهُ الألباني﴾ .

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (طیرة) لە شیرکە، {(طیرة) یانی: ڕەشبینیی، کاتی خۆی عەرەب عادەتیان وا بووە کە ویستوویانە کارێك، سەفەرێك بکەن، باڵندەیان هەڵفڕاندوە، ئەگەر بە لای ڕاستدا ڕۆیبێ، گوتوویانە: (تیامنوا) کارەکەمان، سەفەرەکەمان بەرەو خێر (یُمن)و بەرەکەتەو، ئەگەر بە لای چەپدا ڕۆیبێ، گوتوویانە: (تَشائموا) کارو سەفەرەکەمان بەرەو نەگبەتییە با نەکرێ}، دەفەرموێ: (وَما مِنّا إلا، وَلكِنَّ اللهَ يُذْهِبُهُ بالتوكُّلِ) هیچ کامێك لە ئێمە نیە، مەگەر (جار جار خەتەرەیەکی خراپی بە دڵدا دێ)، بەڵام خوا عزو جل بە پشت بە خوا بەستن، ئەو خەتەرەو خوتخوتەو خەیاڵە خراپانە لە دڵی ئینسان، دەر دەکات .

ئنجا من پێم وایە: ئەو جۆرە ڕەفتارو هەڵسوکەوتانە، شێوەی شیرکیان هەیە، بەڵام شیرك نین، مەگەر خاوەنەکەیان نیەتو عەقیدەیەکی وەك هی موشریکەکانی هەبێ، ئەو کاتە بە شیرك لە قەڵەم دەدرێن، بەڵکو دەبنە شیرکی گەورەش، ئەگەر نا خودی ئەوانە شیرك نین، بەلام پێغەمبەری خوا ﷺ ئۆممەتەکەی ئاگادار کردۆتەوە، کە لەو شتانەش وریا بن، هەرچەند وردە شتن، چونکە ئەوانە دەروازەو هۆکارن بۆ ئەوەی ئینسان بەرەو شیرك بچێ .

تـەوەری چـوارەم:

هـۆکـارە ڕاسـتـەقینـەکـانی هـاوبـەش بـۆ خـوا دانـانو، پاسـاوەکـانی لـەلای هـاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران:

کـەواتـە: ئێمـە ئـەم تـەوەرە لـە دوو بـەشـدا دەخـەینـە ڕوو :

<u>بـەشـی یـەکـەم:</u>

هـۆکـارو پـاڵـنـەرە ڕاسـتـەقینـەکـانی هـاوبـەش بـۆ خـوا دانـانی هـاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران:

خـوا ﷻ لـە قورئـانـدا بـاش ئـەوەی ڕوون کـردۆتـەوە، بـۆ ئـەوەی دیـار بێـت کەسانێك کە هاوبەش بـۆ خـوا دادەنێن، هۆکاری چییـە؟ چ شـتێك پاڵیـان پێـوە دەنێو دەبێتـە هانـدەریـان؟! لەوبـارەوە ئـایـەت زۆر زۆرن، بـەڵام ئێمـە تـەنیـا ئـەو ئـایـەتانـەی سوورەتی (النجـم) دێنین، کە خـوا دەفـەرمـوێ: ﴿ أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّـٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ ﴿١٩﴾ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ ﴿٢٠﴾ أَلَكُمُ ٱلذَّكَرُ وَلَهُ ٱلْأُنثَىٰ ﴿٢١﴾ تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَىٰٓ ﴿٢٢﴾ إِنْ هِىَ إِلَّآ أَسْمَآءٌ سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَـٰنٍ ۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهْوَى ٱلْأَنفُسُ ۖ وَلَقَدْ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلْهُدَىٰٓ ﴿٢٣﴾ ﴾

واتـە: ئـایـا لاتو عـوززاتـان بینیون، هـەروەهـا مـەنـات (پەرسـتـراو)ی سێیـەمی دیکە؟ ئـایـا ئێـوە خـۆتـان نێرینـەتان دەوێو، ئـەو (خـوا)یش مێینـەی بـۆ دادەنێـن! بـەڕاسـتیی ئـەوە دابـەشکـردنێکی نـادادگـەرانـەیـە، ئـەو پەرسـتـراوانـەی ئێـوە تـەنیـا چەند نـاوێکن خـۆتـانو بـابو بـاپیـرانتـان ئـەو نـاوانـەتـان هـەڵـداون، خـوا هیـچ بـەڵگەی لـەسـەر نـەنـاردوونـە خـوار، ئـەوانـە تـەنیـا شـوێن گـومـانو ئـەوەی کـە نـەفسیـان ئـارەزووی دەکـات، دەکـەون، بـە دڵنیـایی لـە پەروەردگـاریـشیـانـەوە ڕێنمـاییـان بـۆ هـاتـوە .

ئەگەر سەرنجی کۆی ئەو ئایەتانە بدەین کە لەبارەی هۆکارەکانی شیرکەوە دەدوێن، دەبینین کە هۆکارەکانی هاوبەش بۆ خوا دانان و پاڵنەرو هاندەرەکانی هاوبەش بۆ خوا دانەران، کە هاوبەش بۆ خوا دابنێن، لەو دە (١٠) هۆکارەدا خۆیان دەبیننەوە، کە ڕەنگە زیاتریش بن، بەڵام بەپێی سەرنجدانی من ئەو دە (١٠) یەن :

<u>یەکەم و دووەم</u>: شوێنکەوتنی گومان و، ئارەزوو :

کە لە ئایەتی (٢٣)ی سوورەتی (النجم)دا خراونە ڕوو، خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهْوَى ٱلْأَنفُسُ﴾، ئەوانە تەنیا شوێنی گومان دەکەون و، تەنیا شوێنی ئەوە دەکەون کە نەفسیان پێی خۆشەو ئارەزووی دەکات.

<u>سێیەم</u>: گومڕا کردنی هاوبەشە گومڕاکەرەکان بۆ پەرستەرەکانیان و فریودان و ئیخفاڵ کردنیان .

وەك لە ئایەتی ژمارە (١٣٧)ی سوورەتی (الأنعام)دا خوا ﷻ ڕوونی دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَٰدِهِمْ شُرَكَآؤُهُمْ﴾، واتە: هەر ئاوا بۆ زۆرێك لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، هاوبەشەکانیان (ئەوانەی کە کردوویانە بە هاوبەش بۆ خوا) کوشتنی منداڵەکانیان لەلا جوان کردبوون و، بۆیان ڕازاندبوونەوە .

<u>چوارەم و پێنجەم</u>: نەفامیی و نەزانیی، نەفامیی پێچەوانەی عاقڵێتییەو نەزانییش پێچەوانەی زانیارییە :

وەك لە ئایەتی ژمارە (١٤٠)ی سوورەتی (الأنعام)دا خوای تاك و پاك ڕوونی کردۆتەوە، کە دەفەرموێ: ﴿قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوْلَٰدَهُمْ سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُواْ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفْتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِ ۚ قَدْ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ ﴿١٤٠﴾﴾، واتە: بە ڕاستیی ئەوانەی کە منداڵەکانی خۆیان کوشتن، نەفامانە بەبێ زانیاریی، زیانبارن (هەم نەفام بوون، هەم بێ زانیاریی بوون) .

شەشەم: دنەدانو خوتخوتەی ڕازێنراوەی شەیتانە فریودەرەکان :

وەك لە ئایەتی (١١٢)ی سووڕەتی (الأنعام)، هەروەها لە ئایەتی (١٢١)ی سووڕەتی (الأنعام)دا هاتوە، وەك خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الْإِنسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا ... ﴾، واتە: هەر بەو شێوەیە بۆ هەر کام لە پێغەمبەران دوژمنێکمان لە مرۆڤ و جند، ڕەخساندوە کە هەندێکیان قسەی ڕازاوەو بریقەداری فریودەرانە فێری هەندێکیان دەکەن .

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ ۗ وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰ أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ ۖ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴿١٢١﴾ ﴾، واتە: وە لەوە مەخۆن کە ناوی خوای لەسەر نەهاتوە (واتە: سەربڕاو)وە ئەوە لادان، وە بەدڵنیایی شەیتانەکان خوتخوتە بۆ دۆستەکانی خۆیان دەکەن تاکو شەڕە قسەتان لەگەڵ بکەنو، ئەگەر بە قسەیان بکەن (لە بەحەڵاڵ دانانی حەرام دا) ئێوەش دەبنە هاوبەشدانەر.

حەوتەمو هەشتەمو نۆیەمو دەیەم: خۆ بە زلگرتن لە بەرانبەر وەرگرتنی هەقداو، ئارەزوو هەبوون بۆ ناکۆکیی و دووبەرەکیی و، لاسایی کردنەوەی کوێرانەی پێشینانو، ئێرەیی و حەسوودیی بردن :

ئەم چوار هۆکارەش لە ئایەتەکانی : (١ ــ ٨) لە سووڕەتی (ص)دا، خوا ﷻ ڕوونی کردوونە، وەك دەفەرموێ :

بسم الله الرحمن الرحيم : ﴿ ص ۚ وَالْقُرْآنِ ذِي الذِّكْرِ ﴿١﴾ بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ ﴿٢﴾ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ فَنَادَوا وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ ﴿٣﴾ وَعَجِبُوا أَن جَاءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ ۖ وَقَالَ الْكَافِرُونَ هَٰذَا سَاحِرٌ كَذَّابٌ ﴿٤﴾ أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَٰهًا وَاحِدًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ ﴿٥﴾ وَانطَلَقَ الْمَلَأُ مِنْهُمْ أَنِ امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَىٰ آلِهَتِكُمْ ۖ

إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ ﴿٦﴾ مَا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِي الْمِلَّةِ الْآخِرَةِ إِنْ هَٰذَا إِلَّا اخْتِلَاقٌ ﴿٧﴾
أَأُنزِلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ مِن بَيْنِنَا ۚ بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِّن ذِكْرِي ۖ بَل لَّمَّا يَذُوقُوا عَذَابِ ﴿٨﴾﴾.

واتە :

بەناوی خودای بە بەزەیی بەخشندە .

صاد، سوێند بە قورئانی خاوەن بیرخستنەوە ﴿١﴾ .

(بڕوانەهێنانی بێبڕوایان هیچ بەڵگەو پاساوی نین) بەڵکو ئەوانەی بێبڕوان لە خۆ بەزلگریی‌و ئارەزووی دووبەرەکیی دان ﴿٢﴾ .

لەپێش وان دا گەلێك سەدەمان فەوتاندوون، (لە کاتی هاتنی بەلادا) بانگیان کرد (هاواریان کرد) بەلام کاتی دەرباز بوون تێپەڕیبوو ﴿٣﴾ .

سەریان سوڕما کە خۆیان ورياكەرەوەيان بۆ هات‌و ئەوانەی بێبڕوا بوون گوتیان : ئەمە جادووگەرێکی زۆر درۆزنە ﴿٤﴾ .

ئایا هەموو پەرستراوەکانی کردوونە یەك پەرستراو ؟ بێگومان ئەوە شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەرە ﴿٥﴾ !

مشوورخۆرو بڕیاربەدەستەکانیشیان دەستبەکاربوون (بۆ دژایەتیی)و بە خەڵکەکەیان گوت : بەردەوام بن‌و لەسەر پەرستراوەکانتان خۆڕاگربن، ئەو ئایینە نوێ)ە پیلانێکە مەبەستی دیکەی لە پشتەوەیە ﴿٦﴾ .

لە خاوەن کتێبە پێشووەکان شی وامان نەبیستوە، ئەمە تەنیا شتێکی هەڵبەستراوە (بەناوی خواوە) ﴿٧﴾ .

ئایا لەنێو هەموو ئێمەومانانو، پەیامی بیرخەرەوە (ی خوا) لە سەروی (: موحەممەد) دابەزیوە ؟! بەڵکو ئەوان لەبارەی کتێب‌و پەیامی منەوە لە دوودڵیی دان، بەڵکو (هۆکاری بێبڕواییەکەیان ئەوەیە کە) جاری سزای منیان نەچێژتوە ﴿٨﴾ .

٧و٨ : خۆ بە زلگرتنو ئارەزوومەندیی دوو بەرەکیی: ﴿ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي عِزَّةٖ وَشِقَاقٖ ﴾.

٩ : لاسایی کردنەوەی کوێرانەی پێشینان: ﴿مَا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِي ٱلۡمِلَّةِ ٱلۡأٓخِرَةِ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا ٱخۡتِلَٰقٌ ﴾، ئێمە ئەوەمان پێشتر نەبیستوە لە پێشینانی خۆمان، ئەوە هەر شتێکی هەڵبەستراوە .

١٠ : حەسوودییو ئێرەیی بردن: ﴿ أَءُنزِلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ مِنۢ بَيۡنِنَا ﴾، ئایا لە نێو ئێمەدا ئەو (موحەممەد) بەرنامە (ذِکر)ی بۆ دابەزێنراوە ؟

واتە: ئایا لە هەموومان چاکترە؟ حەسوودییان پێ بردوە .

ئەمانە هۆکارو پاڵنەرو هاندەرە ڕاستەقینەکانی هاوبەش بۆ خوا دانەرانن، کە هاوبەش بۆ خوا دادەنێن .

بەشی دووەم:

پاساوەکانی هاوبەشدانان لەلای هاوبەش بۆ خوا دانەران:

بزانین داخۆ موشریکەکان بیانوویان چییەو چی بە بیانوو دێننەوە، بۆ هاوبەش بۆ خوا دانانیان ؟ خوای زاناو زاڵ باسی برو بیانووەکانی ئەوانیشی کردوە، کە ئێمە لە پێنج برگەدا ئەوانیش دەخەینە ڕوو:

برگەی یەکەم : - پێیان وابووە هاوبەشەکانیان، (واتە: ئەوانەی کە کردوویانن بە هاوبەش بۆ خوا، یان هێناویانن ئاستی خوا) لە خوایان نیزیک دەخەنەوە :

وەك لە ئایەتی ژمارە (٣)ی سوورەتی (الزمر)دا خوا ﷻ لەسەر زمانی ئەوان فەرموویەتی: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا

لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ﴾، واتە: ئەوانەی پەرستراوانێك لە جیاتی خوا دەكەنە سەرپەرشتیارو دۆستو پشتیوانی خۆیان، دەڵێن: ئێمە نایانپەرستین، مەگەر بۆ ئەوەی لە خوامان نیزیك بخەنەوە .

بڕگەی دووەم :- گومانیان وابووە كە ئەو پەرستراوە وەهمییانە، تكایان بۆ لە لای خوا بەرز دەكەن :

وەك خوا لە ئایەتی (١٨)ی سوورەتی (یونس)دا، دەفەرمویٚ: ﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ﴾، واتە: لە خوار خواوە (جگە لە خوا) شتانێك دەپەرستن، كە نە زیانیان لێدەدەن، نە سوودیان پێ دەگەیەنن‌و، دەڵێن: ئا ئەوانە تكاكارمانن لە لای خوا .

بڕگەی سێیەم :- گوایە : ئەوانە شوێن پێشینانی خۆیان دەكەون‌و، ڕێبازی ئەوان دەپارێزن :

وەك لە ئایەتەكانی (٥ و ٦ و ٧) لە سوورەتی (ص)و، ئایەتی (٧٤) لە سوورەتی (الشعراء)دا باسكراوە :

أ- لە سوورەتی (ص)دا، خوا لەسەر زمانیان دەفەرموێ: ﴿ أَجَعَلَ ٱلۡأٓلِهَةَ إِلَٰهٗا وَٰحِدًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عُجَابٞ ۝٥ وَٱنطَلَقَ ٱلۡمَلَأُ مِنۡهُمۡ أَنِ ٱمۡشُواْ وَٱصۡبِرُواْ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمۡۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٞ يُرَادُ ۝٦ مَا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِي ٱلۡمِلَّةِ ٱلۡأٓخِرَةِ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا ٱخۡتِلَٰقٌ ۝٧ ﴾، واتە: گوتیان: ئایا پەرستراوەكانی كردنە یەك پەرستراو! ئەوە شتێكی زۆر سەیرە، ئنجا قسە ڕۆیشتووەكانیان، بڕیار بەدەستەكانیان، دەرچوون‌و گوتیان: بڕۆن‌و بەردەوام بن، خۆڕاگربن، لەسەر پەرستراوەكانتان ئەوە پیلانێكە لە دژی ئێمەو مەبەستی خراپی لە پشتەوەیە، ئێمە شتی وامان نەبیستوە لە پێشووانمان، بێگومان ئەوە شتێكی هەڵبەستراوە.

ب- لە سوورەتی (الشعراء)یشدا، دەڵێن: ﴿ قَالُواْ بَلْ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا كَذَٰلِكَ يَفْعَلُونَ ﴿٧٤﴾ ﴾، واتە: بەڵکو ئێمە بابو باپیرانی خۆمان وا بینیو وایان دەکرد، ئێمەش وەك وان دەکەین، (ئەوەش لاسایی کردنەوەی کوێرانەیە).

برگەی چوارەم :- چاوەڕێ کردنی زیان، لە کاتی تووڕەیی پەرستراوەکانداو، ئومێدەواربوونی سوود وەرگرتنو بەهرە وەرگرتن، لە کاتی ڕازی بوونیاندا. واتە: ترساون کە پەرستراوەکانیان ئەگەر لێیان تووڕە بن، زیانیان پێ بگەیەننو، ئومێدیان پێ بوون، ئەگەر لێیان ڕازی بوون، سوودیان پێ بگەیەنن :

وەك لە ئایەتەکانی: (٥٣ و ٥٤)ی سوورەتی (هود)دا هاتوە: ﴿ قَالُواْ يَٰهُودُ مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِيٓ ءَالِهَتِنَا عَن قَوْلِكَ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿٥٣﴾ إِن نَّقُولُ إِلَّا ٱعْتَرَىٰكَ بَعْضُ ءَالِهَتِنَا بِسُوٓءٍ ۗ قَالَ إِنِّيٓ أُشْهِدُ ٱللَّهَ وَٱشْهَدُوٓاْ أَنِّي بَرِيٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿٥٤﴾ ﴾.

واتە : (گەلی عاد) گوتیان : ئەی هوود ! هیچ بەڵگەیەکی ڕوونت بۆ نەهێناوینو، ئێمە بەهۆی قسەی تۆوە دەستبەرداری پەرستراوەکانمان نابینو بۆ تۆ نابینە بڕوادار، ئێمە تەنیا دەڵێین: (پێمان وایە) پەرستراوەکانی ئێمە تۆیان تووشی زیان کردوە ، (هوود) فەرمووی : من خوا بە شایەد دەگرمو ئێوەش شایەدبن کە من لەوەی دەیکەنە هاوبەشی خوا، بەریم .

هەروەها لە ئایەتەکانی: (٦٩ - ٨٢)ی سوورەتی (الشعراء)دا، کە ئیبراهیم ﷺ موناقەشە لەگەڵ گەلە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکەی خۆیدا دەکات : ﴿ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ إِبْرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَا تَعْبُدُونَ ﴿٧٠﴾ قَالُواْ نَعْبُدُ أَصْنَامًا فَنَظَلُّ لَهَا عَٰكِفِينَ ﴿٧١﴾ قَالَ هَلْ يَسْمَعُونَكُمْ إِذْ تَدْعُونَ ﴿٧٢﴾ أَوْ يَنفَعُونَكُمْ أَوْ يَضُرُّونَ ﴿٧٣﴾ قَالُواْ بَلْ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا كَذَٰلِكَ يَفْعَلُونَ ﴿٧٤﴾ قَالَ أَفَرَءَيْتُم مَّا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ ﴿٧٥﴾ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمُ ٱلْأَقْدَمُونَ ﴿٧٦﴾ فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِّيٓ إِلَّا رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ

﴿ ٱلَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهْدِينِ ۝٧٨ وَٱلَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ ۝٧٩ وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ
يَشْفِينِ ۝٨٠ وَٱلَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ يُحْيِينِ ۝٨١ وَٱلَّذِيٓ أَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لِي خَطِيٓـَٔتِي
يَوْمَ ٱلدِّينِ ۝٨٢ ﴾.

وەك دەبینین :

ئیبراهیم ﷺ دوای ئەوەی سەرزەنشتی گەلە هاوبەشدانەرەکەی دەکات لەسەر پەرستنی شتانێك کە :

أ ـ نە پاڕانەوەی پەرستەرەکانیان دەبیستن، چ جای وەڵامدانەوەو بەدەنگەوە هاتنیان !

ب ـ نەسوودیان پێدەگەیەنن ، ئەگەر گریمان لێیان ڕازی بوون !

ج ـ نە زیانیان لێ دەدەن ، ئەگەر گریمان لێیان تووڕە بوون !

دوای ئەوە : پێناسەی پەروەردگاری شایستەی پەرستراني خۆی دەکات بە هەشت (٨) لە کردەوەو سیفەتەکانی کە جگە لەو هیچ شتێك و هیچکەس نینی :

١ ـ بەدیهێنان ﴿ ٱلَّذِي خَلَقَنِي ﴾.

٢ ـ ڕێنمایی کردن و ڕاستەڕێ کردن ﴿ فَهُوَ يَهْدِينِ ﴾.

٣ ـ خۆراك بۆ دابین کردن ﴿ وَٱلَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي ﴾.

٤ ـ خواردنەوە بۆ دابین کردن ﴿ وَيَسْقِينِ ﴾.

٥ ـ شیفادان دوای نەخۆشبوون ﴿ وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ﴾.

٦ ـ مردانەن ﴿ وَٱلَّذِي يُمِيتُنِي ﴾.

٧ ـ زیندووکردنەوە ﴿ ثُمَّ يُحْيِينِ ﴾.

٨ ـ ئومێدەواربوون بە لێبوردن لە ڕۆژی دوایی دا ﴿ وَٱلَّذِىٓ أَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لِى خَطِيٓـَٔتِى يَوْمَ ٱلدِّينِ ﴾.

بڕگەی پێنجەم :- بیانوو هێناوەنەوە بە ویستی خوا گوایە : خوا ویستی وابووەو ئەو پەرستراوانە بپەرستن و تێکەڵکردنی ویستو ڕەزامەندیی خواو، گەیشتن بەم ئەنجامگیرییە هەڵەیە : ئەگەر خوا لەم کردەوانەی ئێمەو لەو پەرستنانەی ئێمە، ڕازی نەبووایە، نەیدەویستن، ئنجا مادام ویستوونی، دیارە لێشیان ڕازییە :

ئەمە کە لە ئایەتی ژمارە (١٤٨)ی سوورەتی (الأنعام)و ئایەتی (٣٥)ی سوورەتی (النحل)دا هاتوە .

١) بۆ وێنە: لە سوورەتی (الأنعام)، ئایەتی (١٤٨)دا دەفەرموێ: ﴿ سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَىْءٍ... ﴾، واتە: ئەوانەی کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە دەڵێن: ئەگەر خوا ویستبای ئێمە هاوبەشمان بۆ دانەدەنا، نە خۆمانو نە بابو باپیرانمانو، هیچ شتێکیشمان قەدەغە نەدەکرد .

یانی: خوا ویستوویەتی بۆیە ئێمە هاوبەشمان بۆ خوا داناوەو شتانێکیش قەدەغە دەکەین، مەبەستیشیان ئەوە بووە کە مادام خوا ویستوویەتی، دیارە لێشی ڕازییە، پێیان وا بووە کە خوا هەر شتێکی بوێ، لێشی ڕازییە، کەواتە: خوا لەو کارو کردەوانەی ئێمە ڕازییە .

٢) هەروەها لە سوورەتی (النحل)یشدا هەر هاتوە لە ئایەتی ژمارە (٣٥)دا کە دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ نَّحْنُ وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ ﴾، واتە: ئەوانەی کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، گوتیان: ئەگەر خوا ویستبای : ئێمە هیچ

شتێکمان جگە لەو نەدەپەرست، نە خۆمانو نە بابو باپیرانمانو، هیچ شتێکیشمان بەبێ مۆڵەتی خوا قەدەغە نەدەکرد .

وەك گوتم ئەوانە گوتوویانە: خوا ئەو شتانەی ویستوە، بۆیە ئێمە دەنکەین کە بێگومان ئەوە ڕاستەو، هیچ شتێك بەبێ ویستی خوا نابێ، بەڵام مەرج نیە خوا هەر شتێکی ویست، لێی ڕازی بێو پێی خۆش بێ، وەك لە ئایەتی (٧)ی سوورەتی (الزمر)دا دەفەرمووێ: ﴿وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلْكُفْرَ وَإِن تَشْكُرُواْ يَرْضَهُ لَكُمْ﴾، واتە: خوا بۆ بەندەکانی، کوفری پەسند نەکردوە، کوفری پێ خۆش نیە بۆ بەندەکانی، بەڵام ئەگەر شوکرانە بکەنو سوپاسگوزاریی بکەن، خوا ئەوەی بۆ ئێوە پێ خۆشە .

کەواتە: ویستی خوا جیایە لە ڕەزامەندیی خوا، شایانی باسیشە : ئێمە هەم مەوسووعەی : (ئیمانو عەقیدەی ئیسلامیی)دا[1]، هەم لە مەوسووعەی: (الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله)دا[2] بە تەفصیل باسمان کردوە، کە ڕەزامەندیی خوا بە پێی شەریعەتی خوا، بۆمان دەردەکەوێ: ئایا خوا لە چی ڕازییەو چی پێ خۆشە؟ بەهۆی وەحیی خواوە ئەوە دەزانرێ، بەڵام ویستی خوا وەك ئاسمان وایە: ئینسان هەرچی بیکات، هەر لە ژێر ئاسماندا دەیکات، فەرمانبەریی (طاعة) بکات، یان سەرپێچی (مَعصية) بکات، چاکە بکات، یان خراپە، ویستی خوای باڵادەست وەك چەترو سایەیەك وایە کە ئینسان لە ژێری ناچێتە دەر، ئینسان کوفر بکات، هەر بە ئیرادەی خوا دەیکاتو، ئیمان بێنێ هەر بە ویستی خوایە، بەڵام چۆن دەزانین ئایا خوا لە چی ڕازییەو لە چی ناڕازییە ؟ بەهۆی شەریعەتو بەرنامەکەیەوە دەزانین .

دیارە خوا ﷻ وەڵامی ددان شکێنی ئەو بیانوو پاساوانەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەداتەوە، کە پاساوی هاوبەش بۆ خوا دانانی، پێ دەدەنەوە :

---

١) لە بەرگی پێنجەم دا .

٢) لە کتێبی هەشتەم (الكتاب الثامن) ی، لە چاپی دووەمی / ٢٠١٨ ز دا .

هەڵوەشاندنەوەی بیانوو و پاساوی یەکەم :

کە دەڵێن: ئێمە بۆیە ئەو پەرستراوانەمان دەپەرستین، تاکو لە خوامان نیزیك بخەنەوە !

١/ خوا ﷻ هەر لە سوورەتی (الزمر)دا یەکسەر کە دوا بە دوای قسەی ئەوان کە دەیلێن، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ ﴿٣﴾﴾ واتە: بێگومان خوا دادوەرییان لە بەیندا دەکات، لەوەدا کە تێیدا کەوتوونە کێشەوە، یاخود: بڕیاریان بۆ دەدات، بێگومان خوا ڕێنمایی کەسێك ناکات، کە درۆزنەو زۆر بێبڕوایە، یاخود: زۆر سپڵەیە .

کەواتە: ئەوەی کە ئەوان دەیکەن لە ڕاستییدا ناکۆکییو دووبەرەکییە لەگەڵ پێغەمبەراندا، لەگەڵ وەحیی خواداو، ئەوانەی ئەو قسەیە دەڵێن: درۆزنو زۆر سپڵەو ناسوپاسیشن .

٢/ لە سوورەتی (الإسراء)دا دەفەرموێ: ﴿ قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِ فَلَا يَمْلِكُونَ كَشْفَ الضُّرِّ عَنكُمْ وَلَا تَحْوِيلًا ﴿٥٦﴾ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ ۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا ﴿٥٧﴾﴾ واتە: تۆ بڵێ: لەوانە بپاڕێنەوە کە پێتان وایە: جگە لە خوا پەرستراون، کە ئەوان ناتوانن نە زیانێك کە تووشتان دێ، لایبەرنو، نە لێشتان لا بدەن، پێش ئەوەی بتانگاتێ، ئا ئەوانەی کە لێیان دەپاڕێنەوە، هەر کامێکیان هۆکار بەرەو پەروەردگاری دەگرێتەبەر، کامەیان لە خوا نیزیکترە، {خوا خوایەتی تۆزێك لە خوا نیزیك بێتەوە}، بە ئومێدی بەزەیی خوانو لە سزای خوا دەترسێن، بێگومان سزای پەروەردگارت جێگای مەترسییە .

کەواتە: ئەوانەی کە ئێوە لێیان دەپاڕێنەوە، ئەگەر پێغەمبەرانن (علیهم الصلاة والسلام)، ئەگەر دۆستانی خوان، هەر کامێك لەوانە، کامەیان لە خوا نیزیکترە، زیاتر ئومێدی بە ڕەحمەتی خوا هەیەو، زیاتر مەترسیی سزاو تۆڵەی خوای دادگەری هەیە .

هەڵوەشاندنەوەی بیانوو و پاساوی دووەم:

پاساوێکی دیکە کە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، کردوویانەتە بیانووی ئەوە کە هاوبەشەکانیان پەرستوە، ئەوەیە کە تکاو ڕجایان بۆ لە لای خوا بکەن !

ئنجا خوا ﷻ لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا، ئەوەی هەڵوەشاندۆتەوە، بۆ وێنە :

١/ لە سووڕەتی (الروم)دا دەفەرموێ : ﴿ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُبْلِسُ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿١٢﴾ وَلَمْ يَكُن لَّهُم مِّن شُرَكَآئِهِمْ شُفَعَٰٓؤُا۟ وَكَانُوا۟ بِشُرَكَآئِهِمْ كَٰفِرِينَ ﴿١٣﴾ ﴾

واتە: ئنجا ڕۆژێك کە ئاخر زەمان (ساعة) دێ، تاوانبارەکان نائومێد دەبن و، هاوبەشەکانیان بۆیان نابن بە تکاکار، بەڵکو هاوبەشەکانیان بێبڕوا دەبن و، حاشا دەکەن لەو کەسانەی کردوویانن بە هاوبەش بۆ خوا، (ئەو درۆو بوختانەیان بۆ هەڵبەستوون) .

٢/ لە سووڕەتی (الزمر)یشدا خوا دەفەرموێ: ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ ۚ قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا۟ لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَعْقِلُونَ ﴿٤٣﴾ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعًا ۖ لَّهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾.

واتە: یان ئایا جگە لە خوا تکا کاریان پەیدا کردوون، بڵێ : ئەدی ئەگەر ئەوانەی ئێوە پێتان وایە تکاتان بۆ لە خوا دەکەن، هیچیان بە دەست نەبێ و، نەشفامن و، ئاگاشیان لە هیچ نەبێ!! (ئایا کەڵکی ئەوەیان هەیە بپەرسترێن ؟!) (کە دیارە مەبەست پێی بت و صەنەمەکانن کە لە ماددەی بێ ژیان دروستیان کردوون)، بڵێ تکاکردن هەمووی هی خوایە، موڵکی ئاسمانەکان و زەوی هی خوایەو هەر بۆ لای ویش دەگێڕدرێنەوە.

هەڵوەشاندنەوەی بیانووو پاساوی سێیەم :

کە گوتوویانە: ئێمە هەر لەسەر ڕێبازی پێشینانمان دەڕۆین !

هەڵبەتە لاسایی کردنەوەی کوێرانەی پێشینانیش، کردنە پاساوی پەرستن جگە لە خوا، لە زۆر شوێندا خوای زاناو توانا هەڵیوەشاندۆتەوە، بۆ وێنە :

١- لە سوورەتی (البقرة)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴿١٧٠﴾ ﴾.

واتە: ئەگەر پێیان بگوترێ: شوێن ئەوە بکەون کە خوا ناردوویەتە خوار، دەڵێن: بەڵکو دەکەوینە شوێن ئەوەی بابو باپیرانمان لەسەری بینیوە (بڵێ:) ئایا ئەگەر بابو باپیرانیان هیچیان نەفامیبێ‌و، ڕێی ڕاستیشیان پێ نەزانیبێ، (هەر بە دوایان دەکەون)؟!

٢- لە سوورەتی (الزخرف)یشدا، هەر لەوبارەوە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَلِكَ مَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِم مُّقْتَدُونَ ﴿٢٣﴾ ﴾.

واتە: هەروەها بەو شێوەیە لە پێش تۆشدا، لە هیچ ئاوەدانییەکدا، هیچ ترسێنەرێکمان ڕەوان نەکردوە، مەگەر خۆشگوزەرانەکانی گوتوویانە: ئێمە باوباپیرانمان لەسەر ڕێیەك بینیوە، بۆیە ئێمە هەر بە دوای شوێن پێی ئەواندا دەڕۆین .

ئنجا کورتەی ئەو بەرپەرچدانەوەیە ئەوەیە : کە چاو لێکردنی پێشینانێك، کە گومڕاو سەرگەردان بوون، لە ڕاستییدا شتێکی بێ بەڵگەیەو مایەی نەزانیی‌و نەفامییە، باشە بابو باپیرانت، پێشینانت لە شتی چاکدا

شوێنیان بکەوەو ڕێزیان بگرەو بە دوایاندا بڕۆ، بەلام ئەگەر خۆیان بە ڕێیان نەزانیبێ‌و، تۆش بە دوایان بکەوی، خۆیان لە چ چالێك کەوتوون، تۆش لە هەمان چال دەکەوی! کە ئەوەش هەر لە ئاژەل دەوەشێتەوە، لە ئاژەلیشدا لە هەمووان، نا، تەنیا لە هەندێك جۆریان، بۆ نموونە: مەڕ[1]، بەلام لە مرۆڤ ناوەشێتەوە، بۆیە خوا ﷻ لە سووڕەتی (البقرة)دا دەفەرموێ :

﴿ وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ كَمَثَلِ ٱلَّذِى يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَآءً وَنِدَآءً ۚ صُمٌّۢ بُكْمٌ عُمْىٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٧١﴾ ﴾.

واتە: وێنەی بێبڕوایان، وەك کەسێك وایە کە لە ئاژەلانێکەوە دەخوڕێ، تەنیا گوێیان لە دەنگەکەیەو هیچی لێ تێناگەن کەڕن، لالن، کوێرن، نافامن .

هەلوەشاندنەوەی بیانووو پاساوی چوارەم:

کە بریتیە لەوەی: ئەو پەرستراوانە بتوانن زیانیان لێ دوور بخەنەوە، یاخود سوودیان پێ بگەیەنن !

خوا ﷻ لە زۆر شوێنی قورئاندا ئەو گومانو وەهمەیان دەڕەوێنێتەوە، بۆ وێنە :

١/ لە سووڕەتی (الفرقان)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً لَّا يَخْلُقُونَ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلَا حَيَوٰةً وَلَا نُشُورًا ﴿٣﴾ ﴾.

واتە: جگە لە خوا پەرستراوانێکیان پەیدا کردوون، کە هیچ دروست ناکەنو، خۆشیان دروستکراونو، بۆ خۆشیان زیانو سوودیان بە دەست نیە، هەروەها مردنو ژیانو زیندووکردنەوەیان بە دەست نیە .

---

١) ئەگەر مەڕێك ڕێ هەلە بکات، ڕانە مەڕەکە هەمووی بەدوای دا دەچێ، ئەگەر هەلدێران لە چیاش بێ !!

واتە: ئەوانە هیچ کام لەو شتانەی کە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، بە وەهمو خەیاڵ تێیاندا دەبینین، هیچیان کام لەو سیفەتانەیان تێدا نین .

٢- لە سوورەتی (الحج)دا خوا وێنەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش دێنێتەوە، بۆ ئەو کەسانەی غەیری خوا دەپەرستن و، بە تەمان لێیان بەهرەمەندبن، یاخود زیانیان لێ دووربخەنەوە، یاخود قازانجیان پێ بگەیەنن، دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخْلُقُوا۟ ذُبَابًا وَلَوِ ٱجْتَمَعُوا۟ لَهُۥ ۖ وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ ﴿٧٣﴾﴾.

واتە: ئەی خەڵکینە! وێنەیەك هێنراوەتەوە، گوێی بۆ بگرن ! ئەوانەی کە جگە لە خوا، لێیان دەپاڕێنەوە، تەنانەت مێشێکیش دروست ناکەن، ئەگەر هەمووشیان بۆی کۆببنەوەو ئەگەر مێشەکەش شتێکییان لێ بستێنێ، ناتوانن لێی بستێننەوە، هەم ئەوەی کە بە دوای مێشەکە کەوتوە بێهێزەو، هەم داوا لێکراوەکەش (کە مێشەکەیە) ئەویش هەر بێهێزە !

هەڵبەتە لە زۆر جێی دیکەشدا خوا ﷻ ئەو وەهمە دەڕەوێنێتەوە، کە پەرستراوانی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، هیچیان بە دەست بێ و هیچ کارە بن .

هەڵوەشاندنەوەی بیانووو پاساوی پێنجەم :

کە گوتوویانە: ئەوەی دەیکەین لە هاوبەش بۆ خوادانان و، جگە لە خوا پەرستن و، حەلاڵ حەرامکردن، مادام بەویستی خوایە، کەواتە: خوا لێی ڕازییەو لەلای پەسندە !

بەلام لە ڕاستیی دا بیانووگرتن بۆ شیرك و گوناه ، بە ویستی ڕەهای خواو پاشان تێکەڵکردنی ویست و ڕەزامەندیی خوا، عادەتی ئیبلیسە، چونکە: کاتی خۆی ئیبلیس دوای ئەوەی بۆخۆی بە ویستی خۆی کڕنووشی ڕێزگرتنی بۆ ئادەم نەبرد، کەچی بیانووی بە ویستی خوا گرت :

﴿ قَالَ فَبِمَآ أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَٰطَكَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴿١٦﴾ ﴾الأعراف .

واتە: (ئیبلیس) گوتی: بەهۆی ئەوەوە کە تۆ منت گومڕاو بێمراد کرد، منیش لەسەر ڕاستە شەقامی تۆ بۆیان دادەنیشم! خۆی کڕنووشی بۆ ئادەم نەبردوە، کڕنووشی ڕێزگرتن، دوای ئەوەی خوا فەرمانی پێ کردوە، کەچی شتەکەی گەڕاندۆتەوە بۆ خوا !!

ئنجا خوا ﷻ لە چەند شوێنێك دا ، بەرپەرچی ئەو بیانوومیان دەداتەوە، بۆ وێنە :

١- لە سوورەتی (النحل)دا، دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ فَهَلْ عَلَى ٱلرُّسُلِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿٣٥﴾ ﴾.

واتە: ئەوانەی پێش وانیش هەر وایانکرد، ئایا پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) جگە لە گەیاندنی ڕوونکەرەوە، ئاشکرا[١]، شتێکی دیکەیان لەسەرە! واتە: هەر کات پێغەمبەران پێیان ڕاگەیاندن کە خوا ئەو شتەی پێ خۆشەو ڕقی لەو شتەیە، تۆش ئەوەی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) گەیاندوویانە، وەریبگرە، چونکە لە ئاوێنەی وەحیی خوادا بۆت دەردەکەوێ: خوا چی پێ خۆشەو، چی پێ ناخۆشە؟ نەك بیانوو بە ویستی خوا بگری، چونکە هەموو شتێك بە ویستی خوایە، ئەو شتانەی کە خوا پێی خۆشن‌و، ئەو شتانەش کە پێی ناخۆشن، هەموویان هەر بە ویستی خوان، ویستی خوا هەر وەك ئاسمان وایە، تۆ ناتوانی لە ژێر سایەی ئاسمان بچیە دەرێ، بەڵام تۆ بەهۆی ئەو پەیامەوە کە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) گەیاندوویانە، ئەو پەیامە ڕوونکەرەوەو ڕوونە، کە خوا پێیدا ناردوون، ئەوە ئاوێنەیەکە لەوێدا بۆت دەردەکەوێ: خوا چی پێ خۆشەو چی پێ ناخۆشە؟ حەڵاڵەکەی پێ خۆشەو، حەرامەکەی پێ ناخۆشە،

---

١) چونکە وشەی (مبین) ئەگەر لە (أبان)ی (لازم) بێ، یانی : ڕوون‌و ، ئەگەر لە (ابان)ی (متعدّي)یش بێ ، یانی: ڕوونکەرەوە .

فەرمانپێکراوەکان (مامورات)ی پێخۆشن، بۆیە فەرمانی پێکردوون‌و، ڕێ لێگیراوەکان (منهیات)ی پێناخۆشن بۆیە نەهی لێکردوون .

٢- لە سووڕەتی (الأنعام)دا، دوای ئەوەی کافرەکان دەڵێن: ﴿لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَىْءٍ﴾.

واتە: ئەگەر خوا ویستبای (هاوبەشدانەر نەبین) خۆمان‌و باب و باپیرانمان هاوبەشمان (بۆ خوا) دانەدەناو هیچ شتێکیشمان قەدەغە نەدەکرد .

خوا ﷻ ئاوا بەرپەرچیان دەداتەوە : ﴿كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُوا۟ بَأْسَنَا ۗ قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَآ ۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴿١٤٨﴾﴾.

واتە: ئەوانەی پێش وانیش هەرئاوا پێغەمبەرانیان بە درۆ دانا، تاکو سزای ئێمەیان چێژت، بڵێ : ئایا لەوبارەوە زانیارییتان لەلایە بۆمان بێننە دەرێ ! بەڵکو ئێوە تەنیا شوێن گومان دەکەون‌و، تەنیا درۆ دەکەن {کە دەڵێن: خوا پێی خۆشە: ئێمە هاوبەشی بۆ دابنێین‌و خوا پێی خۆشە: ئێمە ئەو شتانە لە خۆمان قەدەغە بکەین} .

دوایی دەفەرموێ: ﴿قُلْ فَلِلَّهِ ٱلْحُجَّةُ ٱلْبَٰلِغَةُ ۖ فَلَوْ شَآءَ لَهَدَىٰكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١٤٩﴾﴾ الأنعام، واتە: بڵێ: خوا بەڵگەی تەواوی هەیە، ئەگەر ویستبای هەمووتانی وێکڕاو تێکڕا ڕێنمایی دەکردو دەیخستنە سەر ڕێی ڕاست.

واتە: ئەگەر ویستبای زۆرتان لێ بکات‌و تۆبزییتان لێ بکات، بە زۆر هەمووتانی دەکردە ئیماندار، بەڵام نەیویستوە زۆرتان لێ بکات‌و، ویستوویەتی ئازادتان بکات، ئنجا کە ئازادی کردوون: هەتان بووە بە ویستی خۆی ڕێی ڕاستی گرتوەو، پابەند بووە بە حەڵاڵ‌و حەرامی خواوەو، هەشتان بووە بە ویستی خۆی، ڕێی چەوتی گرتوەو، پابەند نەبووە بە حەڵاڵ‌و حەرامی خوای پەروەردگارەوە .

تـەوەری پـێـنـجـەم:

جۆرەکـانی هـاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرانو، خـاڵـە هـاوبـەشـەکـانی نێوانیـان:

ئێمە پێشتر پێناسەی هاوبەش بۆ خوا دانانمان کرد، ئێستا دووبارە بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی چەمكو واتای هاوبەش بۆ خوا دانان، پێناسەی هاوبەش بۆ خوا دانەر (مُشرِك) دەکەین:

هاوبەش بۆ خوا دانەر (مشرك): بابایەکە کە هاوبەش بۆ خوا دادەنێو شتێك، یان کەسێك، یان شتانێك، یان کەسانێك دێنێتە ئاستی خواو، وەك خوا ﷻ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، لە یەکێك یان زیاتر لەو سێ بوارەدا :

١- بەدیهێنەرایەتیو پەروەردگارێتییو خاوەندارێتیی (الخالقیة والربوبیة والمالکیة) .

٢- پەرستراوێتیی (الألوهیة) .

٣- ناوو سیفەتە هەرە چاكو پەسندەکان (الأسماء الحُسنی والصفات العلیا).

١/ <u>بواری بەدیهێنەرایەتیو پەروەردگارێتیو خاوەندارێتیی :</u>

وەك کەسێك کە شتێك لە دروستکردن، یاخود مشوور خواردن لەسەر ئاستی بوونەوەر، یان خاوەندارێتیی لەسەر ئاستی بوون، پاڵدەداتە لای غەیری خوا، بۆ وێنە: ئەوانەی کە کاتی خۆی لە فەیلەسووفەکانی یۆنان، بەدیهێنانی هەندێك شتیان، یان خاوەندارێتییو سەرپەرشتییکردنی هەندێك لە دروستکراوەکانیان، پاڵ دەدایە لای ئەستێرەو خڕۆکەکان، ئەوەی لە ئەفسانەی نۆ فەلەکەکان (الأفلاك التسعة)و دە عەقڵەکان (العقول العشرة)دا، هاتوە .

هەروەها وەك مەجوسییەكان كە ئەوانیش دروستكردنی زیانو خراپە، پاڵ دەدەنە لای ئەهریمەن، یاخود (ئاهورامەزدا)، كە ڕەمزو هێمایەكەی بریتیە لە تاریكییو، خێرو چاكە پاڵ دەدەنە لای (یەزدان) كە ڕەمزەكەی بریتیە لە ڕووناكیی، بۆیەش ناویان لێنراوە: (الثنويّة) چونكە بڕوایان بە دوو بەدیهێنەرو پەروەردگاران هەبووە .

هەروەها نەصرانییەكان شوێنكەوتووانی بەرنامەی مەسیح ﷺ دوای ئەوەی تێكدراو دوای خۆی گۆڕدرا، ئەوانیش دیسان گیرۆدەن بە شێوەیەك لە شێوەكانی ئەم جۆرە شیركەوە: هاوبەش بۆ خوا دانان لە بواری بەدیهێنەرایەتییو پەروەردگارێتییو خاوەنداریێتییدا، چونكە وێڕای ئەوەی كە مەسیح ﷺو بگرە دایكیو (رُوح القُدُس)یش، دەپەرستنو دیانهێننە ڕیزی خوا، وێڕای ئەوە عیساش وەك پەروەردگارو بەدیهێنەر دادەنێنو دەڵێن: كوڕی خوایەو، دەڵێن: عیسا لە دوو حەقیقەتان پێكهاتوە: لاهووتو ناسووت، ئنجا وەدیهێنانو شیفادانو لێخۆش بوون لە گوناهان، پاڵ دەدەنە لای عیسا ﷺ، كە ئەوانە هەموویان تایبەتن بە خوای بەرزی بێ وێنەوە، ئەوە زۆر بە زەقیی لە چوار ئینجیلەكاندا: (متَّى، مَرْقُس، لُوقا، يوحنـا) دا، هەیەو دیارە .

كەواتە: مەسیحییەكانیش، {یان نەصرانییەكانیش كە ڕاستترە بڵێین: نەصرانییەكان، چونكە لە قورئاندا هەر ئەو ناوە بۆ ئەوان بەكارهاتوە (النَصارى)، چونكە ئەوانە شوێنكەوتووی مەسیح ﷺ نین، مەسیح هیچ كاتێك ئیدعای پەروەردگارێتییو پەرستراوێتیی بۆخۆی نەكردوە، هەر گوتوویەتی: من بەندەی خوام} ، بەڵێ نەصرانییەكان وێڕای هاوبەش بۆ خوا دانان لە پەرستندا، هاوبەشیشی بۆ دادەنێن لە بەدیهێنەرایەتییو پەروەردگارێتییو خاوەنداریێتییشدا، بەڵكو لە ناوو سیفەتەكانیشیدا، چونكە ئەوان وێڕای ئەوەی كە عیسا بە كوڕی خوا دادەنێن، وشەی (الله)شی بۆ بەكاردێننو، وشەی (رَبّ)یشی بۆ بەكاردێننو، وشەی (مالك المَلَكوت)یشی بۆ بەكاردێنن، چونكە كە كوڕی خوا بێ، بە پێی وەهمو گومانی ئەوان، كەواتە: هەموو ئەو ناوانەی كە خوا هەیەتی، نەقڵ دەبن

بۆ ویش[١]. ئەوە بواری یەکەم کە کەسێك پێی دەبێتە هاوبەش بۆ خوا دانەر، ئەویش ئەوەیە کە هاوبەش بۆ خوا دابنێ :

أ- لە بەدیهێنەرایەتییدا .

ب- لە پەروەردگارێتییدا .

ج- لە خاوەندارێتییدا .

٢/ بواری دووەم: ئەوەیە کەسێك هاوبەش بۆ خوا دابنێ، لە پەرستراوێتی (الألوهیة)دا :

هەڵبەتە هەموو ئەوانەی جگە لە خوا دەپەرستن، ئنجا بەرد بێ، بەشەر بێ، مانگا بێ، (شیطان) بێ، فریشتە بێ، ئەستێرە بێ، ڕووەك بێ، ئاژەڵ بێ، هەموو ئەوانە بە هاوبەش بۆ خوا دانەر، (مُشرِك) دادەنرێن، پەرستنیش ئەوەیە کە بەشێك لە پەرستنەکان، کە تەنیا بۆ خوا ﷻ شایستەن، بۆ جگە لە خوا پێشکەش بکرێن، چ لە بواری بوونناسییدا، چ لە بواری ئیمانو عەقیدەدا، چ لە بواری دروشمەکانی خواپەرستییدا، چ لە بواری بەرنامەکانی ژیانو گوزەرانددا .

ئنجا ئەم جۆرە لە شیرك، یاخود ئەم بوارەی هاوبەش بۆ خوا دانان، کە بریتیە لە هاوبەش بۆ خوا دانان لە پەرستنیدا، هەموو جۆرەکانی هاوبەش بۆ خوا دانان بە تێکرا دەگرێتەوە، بۆچی ؟

چونکە هاوبەش بۆ خوا دانان لە پەرستنیدا، هەمیشە پەلکێشی هاوبەش بۆ خوا دانان دەکات، لە بەدیهێنەرایەتییو پەروەردگارێتییو ناوو سیفەتەکانیشیدا، چونکە هەروەك چۆن: ئەو کەسەی کە هاوبەش بۆ خوا دادەنێ، لە بەدیهێنەرایەتییو پەروەردگارێتییو خاوەندارێتییدا، بە هەمان شێوە هاوبەشی بۆ دادەنێ لە پەرستنیشدا، بە هەمان شێوەش: هەر کەسێك

---

١) لە (الكتاب الخامس : الإيمان بكتب الله عزّ وجلّ) لە مەوسووعەی: (الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله)دا بە درێژیی باسی ئەو بابەتە کراوەو لە چوار ئینجیلەکانو کۆی (پەیمانی نوێ)دا بەڵگەی لەسەر هێنراونەوە .

جگە لە خوا بپەرستێ، دیارە ئەو پەرستراوەی خۆی: شتێك لە وەدیهێنان ، (خالقیة) یان پەروەردەکردن، (ربوبیة) یان خاوەنداریتیی، (مالكیة) کە تایبەتن بە خواوە، پاڵی داوەتە لای ئەو پەرستراوەی خۆی، هەروەها هەر کەسێکیش بەو جۆرە مامەڵە بکات لەگەڵ کەسێكو لەگەڵ شتێکدا، دیارە ئەو ناوو سیفەتانەش کە تایبەتن بە خواوە، هەموویانی یان هەندێکیانی بۆ بەکاردێنێ .

ئنجا کە پێشتر وەك دوو نموونەی هاوبەش بۆ خوا دانەران، باسی مەجووسییەکانو نەصرانییەکانمان کرد، لەبەر ئەوەیە کە : مەجووسییەکان ئاگر دەپەرستنو بە پیرۆزی دەزانن، هەروەها نەصرانییەکانیش عیسا دەپەرستنو، چەند جۆر لە پەرستشی پێشکەش دەکەن، بۆ وێنە: لێی دەپاڕێنەوە لە گوناهەکانیان خۆش بێ، لێی دەپاڕێنەوە کە شیفایان بدات، لێی دەپاڕێنەوە کە لە قیامەتدا لە فریایان بێ !!

٣/ <u>بواری سێیەم: کە بریتییە لە ناوو سیفەتو کارە تایبەتییەکانی خوای پەروەردگار.</u>

کە دیارە ئەمیش دەگەڕێتەوە نێو بواری یەکەمو دووەمو، پەیوەندیی بە هەردووکیانەوە هەیە، بەڵکو هەر کەسێك هاوبەشێك بۆ خوا دابنێ، لە بەدیهێنەرایەتییو پەروەردگارێتییو خاوەندارێتییدا، ئەوە بێگومان دەشیپەرستێو، ئەو ناوو سیفەتانەشی بۆ بەکاردێنێ، کە تایبەتن بە خوای پەروەردگارەوە، چونکە هەر کەسێك جگە لە خوا بپەرستێ، دیارە بە پەرستراو (إلـه)ی داناوە، (إلـه)یش خوا دەفەرموێ: (لا إله إلا الله) بێجگە لە خوا (الله) هیچ پەرستراو (إلـه)ی دیکە نین، کەواتە: تەنیا بەوە کە جگە لە خوا دەپەرستێ، سیفەتی پەرستراوێتیی (أُلُوهیة)ی بۆ داناوە، چونکە: سیفەتی (أُلُوهیة)و، ناوی (إلـه)یش تایبەتە بە خواوە ﷻ .

ئنجا دیارە کەسێك کە جگە لە خوا دەپەرستێ، بە تەمایە :

١) گوێی لە پاڕانەوەکەی بێ .

٢) شیفای نەخۆشییەکەی بدات .

٣) زیانی لێ دوور بخاتەوە .

٤) سوودی بۆ بێنێ .

٥) بەسەر دوژمنانیدا سەری بخات .

٦) لە فریای بێ .

٧) پشتی بگرێ .

هەموو ئەو جۆرە مامەڵانەش دەبێ تەنیا لەگەڵ خوای پەروەردگاردا بکرێن‌و، هەموو ئەو سیفەتانەش کە بریتین لە: وەڵامدانەوەی پاڕانەوەو، شیفادانی نەخۆش‌و، دوورخستنەوەی زیان‌و، هێنانی بەرژەوەندیی‌و، سەرخستنی بەسەر دوژمنانداو، پشت پێ بەستران، تایبەتن بە خوای بەرزی بێ وێنەوە .

خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هاوبەش بۆ خوا دانەران، بە هەموو جۆرەکانیانەوە :

ئەگەر تەماشای قورئانی بە پێز بکەین، بە لایەنی کەم، حەوت جۆر لە هاوبەش بۆ خوا دانەرانمان دەکەونە بەرچاو، بەڵام پێنج خاڵی هاوبەش هەن، لە نێوان هەموو جۆرەکانی هاوبەش بۆ خوا دانەراندا، کە بریتین لە :

١/ هەموو هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، دان بە بوونی خوادا دێنن و، دان بە بەدیهێنەرایەتیی و خاوەندارێتیی خوای پەروەردگاردا دێنن، بۆ بوون:

ئەمەش لە زۆر ئایەتان لە قورئاندا، جەختی لەسەر کراوەتەوەو ڕوونکراوەتەوە، بۆ وێنە :

أ) لە سووڕەتی (الزخرف)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ ﴿٨٧﴾ ﴾، واتە: ئەگەر پرسیاریان لێ بکەی: کێ دروستی کردوون؟ زۆر بە جەخت کردنەوە دەڵێن: خوا ﷻ، واتە: دان بە بەدیهێنەرایەتیی خوادا دێنن، کە هەر خوا بەدیهێنەرە .

ب) لە سووڕەتی (الزخرف)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ ﴿٩﴾ ﴾، واتە: وە ئەگەر لێیان بپرسی: کێ ئاسمانەکان و زەوی هێناونە دی؟ زۆر بە داکۆکیی کردنەوە دەڵێن: خوای زاڵی زانا، هێناونیە دی .

ج) لە سووڕەتی (المؤمنون) لە ئایەتەکانی: (٨٤ تا ٨٩)دا، خوا بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: چەند پرسیارێك ئاڕاستەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بکە، دەفەرموێ: ﴿ قُل لِّمَنِ الْأَرْضُ وَمَن فِيهَا إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٤﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٨٥﴾ قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ ﴿٨٦﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٨٧﴾

قُلْ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٨﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ ﴿٨٩﴾ ﴾.

واتە: پێیان بڵێ: زەوی‌و هەر کەسێك لە زەویدا هەیە هی کێیە، ئەگەر بزانن؟ بە جەختکردنەوە دەڵێن: هەمووی هی خوایە، بڵێ: ئەدی بیر ناکەنەوە؟! بڵێ: کێ پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکانەو پەروەردگاری بارەگای مەزنە؟ دەڵێن: هەر هی خوان، بڵێ: ئەدی بۆچی پارێز ناکەن؟! بڵێ: موڵکی فراوانی هەموو شتێك، بە دەست کێیەو، کێیە تەنیا خۆی پەنا دەداو، هیچ کەسێك ناتوانێ لە دژی وی کەس پەنا بدات، ئەگەر بزانن؟! بە جەخت کردنەوە دەڵێن: هەمووی هی خوایە، بڵێ ئەدی بۆچی جادووتان لێ دەکرێ (وەك جادووتان لێ بکرێ ئاوا بە لارێدا دەبردرێن) ؟!

کەواتە: خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، ئەوەیە کە : وەدیهێنانو لە نەبوون هێنانە دیو، پەروەردگارێتییو خاوەندارێتیی بوون، تەنیا بە هی خوا دەزانن .

هەڵبەتە تەنیا مەجووسییەکان لێرەدا جیادەبنەوە، کە ئەوان لە جیاتی یەك بەدیهێنەر، دوو زات بە بەدیهێنەر دەزانن :

١- (یەزدان) کە دەڵێن: تەنیا چاکەکانی دروست کردوون .

٢- (ئەهریمەن) کە دەڵێن: تەنیا خراپەکانی دروستکردوون.

٢/ هەموو هاوبەش بۆ خوا دانەران، پەرستراوێك، یاخود زیاتر لەگەڵ خوادا دەپەرستن، هەر بۆیەش ناویان لێنراوە: هاوبەش بۆ خوا دانەر (مشرك) :

(أَشْرَكَ يُشْرِكُ إِشْرَاكاً، فَهُوَ مُشْرِكٌ) (مُشرِك) دیارە (إِسْم الفَاعِل)ە، واتە: کەسێك کە شتێکی کردۆتە هاوبەش، ئنجا لێرەدا دیارە کە مەبەست پێی کەسێکە کە شتێك، یان کەسێك، دەکاتە هاوبەش بۆ خوا ﷻ، لە هەر کام لەو شتانەدا کە تایبەتمەندیی خوای بەرزی مەزنن، وەك :

١- بەدیهێنەرایەتییو پەروەردگارێتییو خاوەندارێتیی .

٢- پەرستراوێتیی .

٣- ناوو سیفەتە بەرزو بێ وێنەکان .

ئنجا وەك پێشتریش گوتمان: هەمیشە بە پەرستراو (معبود ـ إله) تەماشاکردنی کەسێك، شتێك: پەلکێشی هەموو یان بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی وەك: بەدیهێنەرایەتییو خاوەنداریێتییو... هتدیش دەکات، چونکە: دەبێ بابای هاوبەشدانەر (مشرك) کەسێك، یان شتێك جگە لە خوا بە بەدیهێنەر بزانێ، یان بە خاوەن بزانێ، یان بە پەروەردگار بزانێ... هتد، ئنجا لە بەرانبەر ئەوەدا کە بەدیهێنەر یان پەروەردگار یان خاوەنی دەزانێ، بەو شێوەیەش مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، کە دەبێ لەگەڵ بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەندا بکرێ .

ئەو ڕاستییەش لە زۆر ئایەتی قورئاندا خراوەتەوە ڕوو، واتە: ئەوە کە جگە لە خوا پەرستن (عبادة غیرالله) خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو هاوبەش بۆ خوا دانەرانە، بۆ وێنە :

لە سوورەتی (الحجر) ئایەتەکانی: (٩٤ و ٩٥ و ٩٦)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ فَٱصۡدَعۡ بِمَا تُؤۡمَرُ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿٩٤﴾ إِنَّا كَفَيۡنَٰكَ ٱلۡمُسۡتَهۡزِءِينَ ﴿٩٥﴾ ٱلَّذِينَ يَجۡعَلُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَۚ فَسَوۡفَ يَعۡلَمُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾.

واتە: ئەوەی فەرمانت پێ کراوە، بە دەنگی بەرزو بە زەقیی ڕایبگەیەنە، {بە شێوەیەك ڕایبگەیەنە هەموو لایەك بیبیستن} و پشت لە هاوبەش بۆ خوا دانەران بکە، {ڕوویان لێ وەرگێڕە} ، گاڵتە پێکەران، بە ئێمە بسپێرە {ئێمە ئەوانەت بۆ چارە دەکەین، یان: زیانی ئەوانت لێ دوور دەخەینەوە} ، ئەوانەی کە لەگەڵ خوادا ﷻ پەرستراوێکی دیکە دادەنێن، لەمەودوا دەزانن .

کەواتە: هاوبەشدانەران (مُشرکین) ئەوانەن کە لەگەڵ خوادا پەرستراوێکی دیکە دادەنێن .

لێرەدا دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە زۆرجار لە کتێبە کوردییەکاندا، هەتا هەندێك لە بانگخوازو مامۆستایەکانیش کە وتار دەدەن، جیاوازیی ناخەنە

نێوان وشەی : (الله)و (إله)، کە ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە: (الله) ﷻ یانی: خوای بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەن‌و، ئەوەی کە دەبێ هەر ئەو بپەرسترێ، بەڵام (إله) یانی پەرستراو، ئنجا وشەی (الله) نە دەکرێتە دووان‌و نە کۆش دەکرێتەوە، بەڵام (إله) دووانە (تَثنیة)ش دەکرێ‌و کۆ (جمع)یش دەکرێتەوە (إلهین ، إلاهان ، آلِهة)، بەڵام (الله) نە دەکرێتە دووان‌و نە کۆش دەکرێتەوە، چونکە هەریەك خوا هەیە، بەڵام دەگونجێ چەندان پەرستراو (إله) هەبن، هەڵبەتە یەك پەرستراوی ڕاستەقینەی شایستەی پەرستران هەیە، کە خوایە ﷻ (لا إله إلا الله) یانی: (لا إله بحقٍّ إلا الله) یەك پەرستراوی بە هەق هەیە، ئەویش خوایە ﷻ، بەڵام بە ناهەق دەگونجێ پەرستراوی زۆر هەبن، بۆیە وشەی (إله) واتە: پەرستراو، بەڵام (الله) یانی: خوا ﷻ .

٣/ هەموو هاوبەش بۆ خوا دانەران، یان زۆربەی هەرە زۆریان، بڕوایان بە زیندوو کرانەوەو بڵاو کرانەوەی مرۆڤەکان‌و، جند نیە، یان بەلای کەمەوە لێی دوودڵن:

لە زۆر ئایەتەکانی قورئاندا ئەو ڕاستییە خراوەتە ڕوو، بۆ وێنە :

لە سوورەتی (المؤمنون)دا، خوا ﷻ لە سیاقێکدا کە باسی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەکات، دەفەرموێ : ﴿ بَلْ قَالُوا۟ مِثْلَ مَا قَالَ ٱلْأَوَّلُونَ ﴿٨١﴾ قَالُوٓا۟ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَـٰمًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ﴿٨٢﴾ لَقَدْ وُعِدْنَا نَحْنُ وَءَابَآؤُنَا هَـٰذَا مِن قَبْلُ إِنْ هَـٰذَآ إِلَّآ أَسَـٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٨٣﴾ ﴾

واتە: بەڵکو گوتیان: وەك چۆن پێشووەکانیان، گوتیان: ئایا ئەگەر *ئێمە مردین‌و بووینە گڵ‌و ئێسقان، (واتە: ئێسقانی پرتووکاوو رزیو) ئایا ئێمە زیندوو دەکرێینەوە؟ ئا ئەم گفتە بە ئێمەش‌و بە باب‌و باپیرانی* پێشووشمان درابوو، ئەمە جگە لە ئەفسانەی پێشینان، هیچی دیکە نیە .

دواییش خوا ﷻ لە کۆتایی ئەم ئایەتانەداو، لە ئایەتی ژمارە (٩٢)دا دەفەرموێ : ﴿ عَـٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَـٰدَةِ فَتَعَـٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٩٢﴾ ﴾

المؤمنون، واتە: (خوا) زانای پەنهانو ئاشكرایە، بەرزی بۆ وی لەوەی كە دەیكەنە هاوبەشی .

كەواتە: ئەوانە هاوبەش بۆ خوا دانەرەكانن، كە بڕواشیان بە ڕۆژی دوایىو زیندووبوونەوەو، ڕۆژی سزاو پاداشت، نیە، یان بەلای كەمەوە : لێی لە گومانو دوودڵیی دان .

٤/ هەموو هاوبەش بۆ خوا دانەرەكان لە حاڵەتی دۆگمایی فیكریىو دەمارگیریىو لاسایی كردنەوەی كوێرانەی پێشینانیان دان، هەرچەندە بۆشیان دەركەوتبێ كە هەڵەیە :

بۆ وێنە: خوا ﷻ لەوبارەوە لە سووڕەتی (المائدة)دا دەفەرموێ: ﴿ مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٍ وَلَا سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ وَلَٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۖ وَأَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٣﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ قَالُوا۟ حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۚ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴿١٠٤﴾ ﴾ .

١) واتە: خوا ﷻ هیچ (بَحیرة)یەكو (سائبة)یەكو (وَصیلة)یەكو (حام)ێكی دانەناوە، {ئەوانە چوار جۆرە ئاژەڵ بوون، هاوبەش بۆ خوا دانەرەكان بە بڕو بیانووی جۆراو جۆرەوە، سوود لێ وەرگرتنیانیان لە خۆیان قەدەغە دەكرد: وەك: سەربڕینو دۆشینو بارلێنانو... هتد}، بەلام ئەوانەی بێبڕوان درۆ بەناوی خواوە هەڵدەبەستن‌و، زۆربەیان نافامن. ئنجا ئەگەر پێیان بگوترێ: وەرن بۆ ئەوەی خوا ناردوویەتە خوارو، بۆ شوێن كەوتنی پێغەمبەر ﷺ دەڵێن: ئەوەمان بەسە كە بابو باپیرانی خۆمانمان، (پێشینانی خۆمانمان) لەسەر بینیوە (هەر بە دوای ئەود دەكەوین)، ئایا ئەدی ئەگەر بابو باپیرانو پێشینانیان شتێكیان نەزانیبێ‌و، ڕێی ڕاستیان نەگرتبێ، (هەر دەبێ شوێنیان بكەون) ؟!

٢) هەروەها ئەم ڕاستییە، لە ئایەتەکانی: (١٩ـ ٢٥)ی سوورەتی (الزُخرف)یش دا هاتووە، ئەوە دەگەیەنن، کە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، حاڵەتێکی دۆگمایی فیکرییان هەیەو دەمارگیرن بۆئەوەی لەسەرنیو، لاسایی پێشینانی خۆیان دەکەنەوە، هەرچەندە بۆشیان دەرکەوتبێ، کە لەسەر ڕێیەکی پووچو هەڵە بوون .

﴿ وَجَعَلُوا۟ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمْ عِبَـٰدُ ٱلرَّحْمَـٰنِ إِنَـٰثًا ۚ أَشَهِدُوا۟ خَلْقَهُمْ ۚ سَتُكْتَبُ
شَهَـٰدَتُهُمْ وَيُسْـَٔلُونَ ﴿١٩﴾ وَقَالُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱلرَّحْمَـٰنُ مَا عَبَدْنَـٰهُم ۗ مَّا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ
عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿٢٠﴾ أَمْ ءَاتَيْنَـٰهُمْ كِتَـٰبًا مِّن قَبْلِهِۦ فَهُم بِهِۦ مُسْتَمْسِكُونَ
﴿٢١﴾ بَلْ قَالُوٓا۟ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَـٰرِهِم مُّهْتَدُونَ ﴿٢٢﴾ وَكَذَٰلِكَ
مَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَآ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ
أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَـٰرِهِم مُّقْتَدُونَ ﴿٢٣﴾ ۞ قَـٰلَ أَوَلَوْ جِئْتُكُم بِأَهْدَىٰ مِمَّا وَجَدتُّمْ عَلَيْهِ
ءَابَآءَكُمْ ۖ قَالُوٓا۟ إِنَّا بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ كَـٰفِرُونَ ﴿٢٤﴾ فَٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ
عَـٰقِبَةُ ٱلْمُكَذِّبِينَ ﴿٢٥﴾ ﴾ .

٥/ هەموو هاوبەش بۆ خوا دانەران، یان زۆربەی هەرە زۆریان، دەستی خۆیان دەدەنە دەست ئەو هاوبەشە وەهمییانەی کە بە هاوبەشی خۆیانیان دادەنێن لە طاغووتەکان و سەرۆکەکان و سادینەکان :[1]

با لەوبارەوەش سێ نموونە لە ئایەتەکانی قورئان بهێنینەوە :

---

١) (سادن) کە کۆیەکەی (سَدنة)یە.

(سادن) کە کۆیەکەی (سدنة)یە، واتە: ئەوانەن کە مەزارگەوان بوون، بتەوان بوونو خزمەتی بتەکانیان کردووەو، بتپەرستەکانیان ئیخفاڵ کردووەو فریو داوە، فەرمانیان پێ کردوونو نەهیان لێ کردوون، شتیان بۆ حەلاڵ کردوونو شتیان لێ قەدەغە کردوون، بە پێی ئارەزووی خۆیان، بتپەرستەکانیش ڕێشمەی خۆیان داوەتە دەستیان .

١) لە ئایەتی (٢١)ی سوورەتی (الشوری)دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴾.

واتە: یان ئایا هەندێ هاوبەشیان هەن، کە شتێکیان بۆ لە دین داناون، خوا مۆڵەتی پێ نەداوە ؟!

کەواتە: هەر کەسێك ڕوو لە کەسێك بکات، کە بەرنامەی ژیانی بۆ دابنێ‌و حەڵاڵ‌و حەرامی بۆ دابنێ، ئەوە لە ڕاستییدا کردوویەتی بە هاوبەش بۆ خوا، کە بێگومان خوا هاوبەشی نین لەسەر ئەرزو لە دنیای واقیعدا، بەڵکو بەس لە وەهم‌و خەیاڵی ئەواندا، ئەوانە هاوبەشی خوا بوون .

٢) هەروەها لە سوورەتی (التوبة) لە ئایەتی (٣١)دا، خوا ﷻ دەربارەی جوولەکەو نەصرانییەکان دەفەرموێ: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُوٓاْ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣١﴾ ﴾.

واتە: جوولەکەو نەصرانییەکان، زانایەکان‌و ڕەبەنەکانی خۆیان. لە جیاتی خوا، کردنە پەروەردگارو پەرستراو و مشوورخۆری خۆیان. هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیشیان کردە پەروەردگارو پەرستراوی خۆیان، لە حاڵێکدا کە فەرمانیشیان پێ نەکرا بوو، جگە لە یەك پەرستراو، هیچی دیکە بپەرستن، جگە لەو هیچ پەرستراو نین، پاکیی بۆ وی، لەوەی دەیکەنە هاوبەشی خوا .

٣) هەروەها لە سوورەتی (الأحزاب) ئایەتی (٦٧)دا، خوا ﷻ دەربارەی ئەوانەی کە سەرۆك‌و دەمڕاستەکانی خۆیان‌و، حوکمڕانە ناشەرعیی‌و ناڕەوایەکانی خۆیان، دەکەنە پەرستراوو پەروەردگاری خۆیان، فەرموویەتی :

﴿ وَقَالُواْ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴿٦٧﴾ ﴾.

واتە: (بێبڕوایەکان لە کاتێکدا لە دۆزەخدا سزا دەدرێن) گوتیان: پەروەردگارمان ! ئێمە بە قسەی سەرۆکەکان و گەورەکانی خۆمانمان کرد، {کە تۆمان نەپەرست}، ئەوانیش لە ڕێی ڕاست لایان داین و ونیان کردین .

لەویّ دان پێدا دێنن کە: ئەوانە بە قسەی (سادة) و (کُبراء)، یان کردوە، (سادة) کۆی (سَیِّد)ە، (کُبراء)یش کۆی (کَبیر)ە، کە دەگونجێ مەبەست لە (سادة) ئەوانە بن، کە لە بەرگی سیاسییدا پەرستراون، وەك ئەو طاغووت و فیرعەون و حوکمڕانە خۆ بە زل گرانەی، خۆیان بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن، لە ڕێی کودەتایەکی سەربازیی، یان حوکمێکی میراتیی، یان خۆ فەرز کردنەوە، یان لە ڕووی ئیددیعاو لاف لێدانێکەوە، کە: ئێمە لە خەڵك جیاین، بنەماڵەی ئێمە، عەشیرەتی ئێمە، حیزبی ئێمە، نەتەوەی ئێمە، جیایە !!

(کُبراء)یش کە کۆی (کَبیر)ە، لەوانەیە مەبەست پێی ئەوانە بن، کە لە بەرگی دیندا خۆیان لە خەڵك دەکەنە پەرستراو، خۆیان بە موقەددەس و پیرۆز ڕا دەنوێنن لەسەر خەڵك، دەشگونجێ بە پێچەوانەوە بێ، گرنگ ئەوەیە هەموو ئەوانەی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆیان لە خەڵك دەکەنە گەورە، خۆیان بەسەردا فەرز دەکەن و، خەڵك ناچارو وادار دەکەن، بیانپەرستن و بە پیرۆزیان بگرن و، بۆیان ملکەچ بن، بە ڕەهایی هەموو ئەوانە بە هاوبەش (شریک) بۆ خوا دادەنرێن، بەڵام دیارە ئەوە تەنیا لە خەیاڵ و وەهمی ئەوانەدا وایە، کە دەیانپەرستن، نەك لە دنیای واقیعدا .

جۆرەکانی هاوبەش بۆ خوا دانەران:

دوای ئەوەی زۆر سەرنجی ئایەتەکانی کتێبی کارزانی خوای پەروەردگارم داوەو، تەماشای واقیعیشم کردوە، گەیشتوومە ئەو قەناعەتە، کە سەرجەم هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، حەوت جۆرن، هەڵبەتە دەشگونجێ لە هەر جۆرێکیشدا، زیاتر وردبیەوەو، چەند جۆرێکی دیکەی لێ پەیدا بکەی، بەڵام بە بۆچوونی بەندە ئەو حەوت جۆرە، هەموویان کۆ دەکەنەوە :

<u>جۆری یەکەمیان</u>: ئەوانەی شەیتانو شەیتانەکان دەپەرستن (عَبَدَةُ الشَّيْطَانِ والشَّيَاطِينِ):

واتە: ئەوانەی ڕاستەوخۆ شەیتانو شەیتانەکان دەپەرستن، ئەگەرنا هەرکەسێك جگە لە خوا بپەرستێ، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەر شەیتانی پەرستوە، چونکە هەر شەیتانە کە پەرستنی جگە لە خوا، بۆ هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان جوان دەکات، هەروەها جۆرەکانی کوفرو تاوانو خراپەیان بۆ جوان دەکات، ئنجا ئەوەش لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا هاتوە، کە هەموو بێبڕوایەکان، نەك هەر هەموو هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان. بەڵکو هەموو جۆرەکانی ئەهلی کوفر، بە پەرستاری شەیتان دادەنرێن. بۆ وێنە :

١- لە سووڕەتی (یس) لە ئایەتی (٦٠)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا۟ ٱلشَّيْطَٰنَ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٦٠﴾﴾.

واتە: ئەی وەچەی ئادەم! ئەدی پێم ڕانەگەیاندن کە: شەیتان نەپەرستن، ئەو بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکراو ڕوونە !

کەواتە: هەرکەسێك جگە لە خوا بپەرستێ، بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ. شەیتانی پەرستوە، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوانەیە، کە ڕاستەوخۆ شەیتان دەپەرستن .

٢- هەروەها لە سووڕەتی (النحل)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴿٩٨﴾ إِنَّهُۥ لَيْسَ لَهُۥ سُلْطَٰنٌ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٩٩﴾ إِنَّمَا سُلْطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشْرِكُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾.

واتە: هەر کاتێك قورئانت خوێند، پەنا بە خوا بگرە، لە شەیتانی دوورخراوە لە ڕەحمەتی خوا، بێگومان ئەو دەسەڵاتی نیە بەسەر ئەوانەدا کە بڕوایان هێناوەو پشت بە پەروەردگاریان دەپەرستن، ئەو تەنیا دەسەڵاتی بەسەر ئەوانەدا دەشکێ، کە شوێنی دەکەونو، ئەوانەی کە دەیکەنە هاوبەش، (واتە: دەیکەنە هاوبەش بۆ خوا).

٣- هەروەها لە سووڕەتی (سبأ)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ أَهَٰٓؤُلَآءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا۟ يَعْبُدُونَ ﴿٤٠﴾ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم ۖ بَلْ كَانُوا۟ يَعْبُدُونَ ٱلْجِنَّ ۖ أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ ﴿٤١﴾ ﴾.

واتە: ئەو ڕۆژەی کە خوا کۆیان دەکاتەوە، پاشان بە فریشتەکان دەفەرموێ: ئا ئەوانە ئێوەیان دەپەرست (ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەرانە)؟! (فریشتەکان) گوتیان: پاکیی بۆ تۆ، تۆ لە جیاتی ئەوان سەرپەرشتیارو پەرستراوی ئێمەی، بەڵکو ئەوانە جندیان دەپەرست، (واتە: شەیتانەکانی جیننیان دەپەرست)، زۆربەیان پێیان بڕوادار بوون .

دیارە پاساو هێنانەوەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیش، کە شەیتانە جیننەکانیان[1] پەرستوە، ئەوە بووە کە گوتوویانە: جند (واتە: شەیتانەکان)، کوڕانی خوان، وەك خوا ﷻ لەوبارەوە لێیان دەگێڕێتەوەو، لە سووڕەتی (الأنعام)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ ۖ وَخَرَقُوا۟ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتٍۭ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٠٠﴾ ﴾.

---

١) من هەر کام لە وشەی (جینن) و (جند) بەکاردێنم، چونکە هەردووك بێژەکان بۆ واتای (جن) بەکاردێنێ

واتە: (كافرەكان) هاوبەشانی جندیان بۆ خوا بڕیاردان، هەرچەندە خواش دروستیكردبوون، هەروەها كوڕانو كچانیان بەبێ زانیاریی بۆ خوا هەڵبەستن، (دەیانگوت: شەیتانەكان كوڕەكانی خوانو، فریشتەكانیش كچانی خوان)، پاكیی‌و بەرزیی بۆ خوا لەوەی ئەوان خوای پێ وەسف دەكەن .

٤- هەروەها لە سووڕەتی (الصافات)دا، خوا دەفەرمووێ: ﴿ وَجَعَلُواْ بَيْنَهُۥ وَبَيْنَ ٱلْجِنَّةِ نَسَبًاۚ وَلَقَدْ عَلِمَتِ ٱلْجِنَّةُ إِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ ﴿١٥٨﴾ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٥٩﴾ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿١٦٠﴾ ﴾، دەفەرمووێ: (كافرەكان) ڕەچەڵەكێكیان لە نێو خواو جینن دا دانا، (گوتیان: جین كوڕانی خوان)، جندەكانیش دەزانن كە ئەوان ئامادە دەكرێن، (واتە: لە ڕۆژی دوایی دا ئامادە دەكرێن‌و دەهێنرێن بۆ دادگایی كرانو لێپرسرانەوە)، پاكیی بۆ خوا لەوەی كە ئەوان خوای پێ وەصف دەكەن (كە كوڕو كچی هەبن)، جگە لە بەندە هەڵبژاردەكانو بەندە ساغەكانی خوا (ئەوانە لە سزاو لێپرسینەوەی خوا دوورن) .

كەواتە: هەموو كافرەكان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، شەیتانو شەیتانەكان دەپەرستن، بەڵام مەبەست لێرەدا، ئەوانەن كە ڕاستەوخۆ شەیتان دەپەرستن، وەك یەزیدییەكان، كە بە شەیتان دەڵێن: (طاوس مَلَك)، هەروەها ئێستا لە ڕۆژئاوا (غرب)دا كەسانێك پەیدا بوون، كە هەر ڕاستەوخۆ شەیتان دەپەرستن‌و پەرستشی (تَعَبُّد)ی بۆ دەكەنو، شتانێك دەكەن كە پێیان وایە لە شەیتان نیزیكیان دەخەنەوە، هەروەها جادووگەرەكانیش مەگەر چۆن، دەنا شەیتان دەپەرستنو، شتانێك دەكەن كە لە شەیتانیان نیزیك بخەنەوە، بۆ ئەوەی بەهرەی خراپیان لێ وەربگرن .

<u>جۆری دووەمیان:</u> ئەوانەی فریشتەكان دەپەرستن (عَبَدَةُ الملائكة) :

دیارە ئەمیش لە چەند شوێنێكی قورئاندا خوا باسی كردوە، كە هەندێ لە موشریكەكان، فریشتەكان دەپەرستن، بۆ وێنە :

١- لە سوورەتی (الزخرف)دا، دەفەرمویّ: ﴿ وَجَعَلُوا الْمَلَائِكَةَ الَّذِينَ هُمْ عِبَادُ الرَّحْمَٰنِ إِنَاثًا ۚ أَشَهِدُوا خَلْقَهُمْ ۚ سَتُكْتَبُ شَهَادَتُهُمْ وَيُسْأَلُونَ ﴿١٩﴾ وَقَالُوا لَوْ شَاءَ الرَّحْمَٰنُ مَا عَبَدْنَاهُم ۗ مَّا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنْ عِلْمٍ ۖ إِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾.

واتە: (کافرەکان) ئەو فریشتانەی کە بەندەی خوای خاوەن بەزەیین، بە مێینەیان لە قەڵەم دان، ئایا ئاگادار بوون، کە دروستکراون، (یان: ئایا دەیانبینن، کە مێینەن، یاخود نێرینەن)؟! ئەو شایەدیی دانەیان دەنووسریّ (کە بە ناهەق شایەدیی دەدەن بەبیّ زانیاریی)، لێشیان دەپرسرێتەوەو، گوتیان: ئەگەر خوای خاوەن بەزەیی ویستبای: نەیانپەرستین، نەمان دەپەرستن، (فریشتەکانمان نەدەپەرستن) لەوبارەوە هیچ زانیارییەکیان نیە، بەس درۆ دەکەن .

بەڵیّ هەموو شتێك بە ویستی خوایە، وەك پێشتر گوتمان، بەڵام ئەوان مەبەستیان ئەوە بووە: خوا پێی خۆشە ئێمە فریشتەکان بپەرستین، بۆیە ڕێی لێی نەگرتووین!! نەیانزانیوە کە خوا ﷻ بە مەبەستی تاقیکردنەوەی مرۆڤەکان، دەستی مرۆڤەکانی ئاوەڵا کردوەو، زۆریی لیّ نەکردوون و ناچاری نەکردوون، کە فلان شتە بکەن، یان نەیکەن، بەڵکو ئازادی کردوون و سەرپشکی کردوون، بۆیە ئەوان بە ویستی ئازادانەی خۆیان فریشتەکان دەپەرستن، مەرجیش نیە هەرشتێك بە ویستی خوا بوو، بە ڕەزامەندیی خواش بیّ، خوا ﷻ هیچ شتێکی خراپی پیّ خۆش نیەو، لە هیچ کردەوەیەکی خراپ ڕازیی نیە، بە تایبەتی لە شیرك، ئنجا ئەو شیرکە، ئەو پەرستنە، کە بۆ جگە لە خوا ئەنجام دەدریّ :

١) چ بۆ فریشتان ئەنجام بدریّ .

٢) چ بۆ شەیتانان ئەنجام بدریّ .

٣) چ بۆ دارو بەرد .

٤) چ بۆ مرۆڤ .

٥) چ بۆ هەر شتێك .

بە تەئکید خوا پێی ناخۆشە، وەك لە ئایەتی (٧)ی سوورەتی (الزمر)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلْكُفْرَ وَإِن تَشْكُرُواْ يَرْضَهُ لَكُمْ ﴾، واتە: خوا ڕازیی نیە بۆ بەندەکانی کە بێبڕوابن، بەلام ئەگەر سوپاسگوزاربن (و تەنیا بەندەی خوابن)، خوا ئەوەی پێ خۆشە .

هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان کە گوتوویانە: (ئەگەر خوا ویستبای نەماندەپەرستن) مەبەستیان ئەوە بووە: دیارە خوا پێی خۆشە! خواش بە درۆیان دەخاتەوەو دەفەرموێ: زانیارییان نیە لەوبارەوە، واتە: درۆ دەکەن، خوا پێی خۆش نیە، بەلام هەموو شتێك بە ویستی خوایە، چونکە هیچ شتێك بەبێ ویستی خوا نایەتە دی .

٢- هەروەها خوا لە سوورەتی (الأنبیاء)دا، هەر لەوبارەوە، کە هەندێك لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، فریشتەکان دەپەرستن، دەفەرموێ : ﴿ وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَٰنُ وَلَدًاۗ سُبْحَٰنَهُۥۚ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ ﴿٢٦﴾ لَا يَسْبِقُونَهُۥ بِٱلْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِۦ يَعْمَلُونَ ﴿٢٧﴾ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِۦ مُشْفِقُونَ ﴿٢٨﴾ وَمَن يَقُلْ مِنْهُمْ إِنِّىٓ إِلَٰهٌ مِّن دُونِهِۦ فَذَٰلِكَ نَجْزِيهِ جَهَنَّمَۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾.

واتە: (هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان) گوتیان: خوای خاوەن بەزەیی ڕۆڵەی هەیە، پاکیی بۆ خوا، بەڵکو ئەوانە بەندەی ڕێز لێگیراوی خوان، (مەبەست فریشتەکانن) هیچ قسەیەك لە پێش خوادا ناکەن، بە فەرمانی خوا دەجووڵێنەوەو کار دەکەن، خوا هەموو شتێك لە بارەی ئەوانەوە دەزانێ: ئەوەی لە پێشیانەوەیەو ئەوەی لە دوایانەوە هەیە، (یان: ئەوەی جارێ نەهاتوەو، ئەوەی کە ڕابردوە، هەموو شتێکیان لەبارەوە دەزانێ)و، ئەوان تکا ناکەن مەگەر بۆ کەسێك کە خوا لێی ڕازی بێ تکای بۆ بکرێ، ئەوان لە ترسی خوا هەڵدەلەرزن، (ترس و سام و بیم و هەیبەتی خوای پەروەردگاریان لە دڵدایە)و، هەرکەسێك لەوان بڵێ: من پەرستراوم جگە

لە خوا، ئا ئەوە بە دۆزەخ سزای دەدەین، بەو شێوەیە ئێمە سزای ستەمکاران دەدەین .

کەواتە: بەشێك لە هاوبەش بۆ خوا دانەران، فریشتەکانیان پەرستوونو، لە ڕاستییدا عەرەبەکان کە (هُبَل و لات و مناة عُزَّى)یان هەبووە، وەك شارەزایانی زمان دەڵێن: (لات) (مُؤنَّث)ی (إله) بووەو، (عُزَّى) (مُؤنث)ی (عزیز) بووەو، (مناة) (مُؤنث)ی (مَنّان) بووە، ئەوانەش هەموویان سیفەتی خوای پەروەردگارن .

ئنجا نەك هەر ئەوەندە، بەڵكو میسرییەکانو یۆنانییەکانو هیندییەکانو کلدانییو ئاشوورییەکان، ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین، زۆرجار پەرستراوەکانیان بە مێیینە وەسف کردوون، کە وا پێدەچێ ئەوانیان هەموو بە فریشتە لە قەڵەم دابێو، فریشتەکانیشیان بە مێیینە لە قەڵەم داون، بە کچانی خوایان لە قەڵەم داون، بەو وەهمە پەرستوویانن .

<u>جۆری سێیەم:</u> ئەوانەی کە خۆرو مانگو خڕۆکەو ئەستێرەکان دەپەرستن :

لەوبارەوەش دوو نموونە لە ئایەتەکانی قورئان دێنینەوە :

١) وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (فصلت)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿٣٧﴾ ﴾.

واتە: هەروەها لە نیشانەو بەڵگەکانی پەروەردگارێتیی خوا : شەوگارو ڕۆژگارو خۆرو مانگە، ئێوە کڕنووش بۆ خۆرو بۆ مانگ مەبەن، بەڵکو کڕنووش بۆ ئەو خوایە ببەن کە دروستیکردوون، ئەگەر بەڕاستیی دەتانەوێ خوا پەرست بن، (نابێ هاوبەشی بۆ پەیدا بکەن) .

٢) هەروەها لە ئایەتەکانی: (٧٥ - ٧٩)ی سوورەتی (الأنعام)دا، کە لە بەرگی پێنجی تەفسیرە کوردییەکەی خۆماندا، بە تەفصیلێ شەرحمان کردوون، خوا ﷻ باسی ئیبراهیم دەکاتو دەفەرموێ :

﴿ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ٧٥ فَلَمَّا جَنَّ عَلَيۡهِ ٱلَّيۡلُ رَءَا كَوۡكَبٗاۖ قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلۡأٓفِلِينَ ٧٦ فَلَمَّا رَءَا ٱلۡقَمَرَ بَازِغٗا قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمۡ يَهۡدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلضَّآلِّينَ ٧٧ فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمۡسَ بَازِغَةٗ قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكۡبَرُۖ فَلَمَّآ أَفَلَتۡ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ٧٨ إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ حَنِيفٗاۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٧٩ ﴾.

لێرەدا خوا ﷻ باسی ئیبراهیم دەکات، کە لە سەرەتای تەمەنیەوە، بە فیطرەتو دڵو دەروونو عەقڵی سەلیمی، زانیویەتی: ئەم بوون (وجود)ە، خاوەنێکی هەیە، پەروەردگارو مشوورخۆرێکی هەیە، بەڵام جارێ نەبۆتە پێغەمبەر ﷺ و نەیزانیوە کە ئەو خوایە، ئەو بەدیهێنەرە ئەو خاوەنو پەروەردگارە کێیەو ؟ چۆنەو ؟ سیفەتەکانی چیین ؟

خوا دەفەرموێ: بەو شێوەیە ئێمە موڵکی ئاسمانەکانو زەوییمان پێشانی ئیبراهیم دا، بۆ ئەوەی لە دڵنیایان بێ (لەوانە بێ کە دەبنە خاوەنی دڵنیاییو ئیمانی دامەزراو سەبارەت بە خوا) ﴿٧٥﴾.

کاتێک شەوگاری لێ داهات: ئەستێرەیەکی بینی، گوتی: ئا ئەوە پەروەردگارمە، کاتێ ئاوا بوو، گوتی: من ئاوا بووانم خۆش ناوێن ﴿٧٦﴾ .

کاتێک مانگی بینی، درەوشاوە بوو، گوتی: ئا ئەوە پەروەردگارمە، کاتێک ئەویش ئاوا بوو، گوتی: ئەگەر پەروەردگارم (کە بە عەقڵو فیطرەتم دەزانم: خاوەنی هەموو شتێکە) رێی راستم پێشان نەدا، من لە گومرایان دەبم ﴿٧٧﴾ .

کاتێک کە خۆری بینی، درەوشاوە بوو، گوتی: ئا ئەمە پەروەردگارمە، ئەمە لە هەموویان گەورەترە، کاتێک خۆریش ئاوا بوو، گوتی: ئەی خەڵکەکەم!

گەلەکەم! من بەریم، دوورم لەو شتانەی ئێوە دەیانکەن بە هاوبەش بۆ خوا، (ئەوانەی ئەستێرەیان پەرستوە، مانگیان پەرستوە، خۆریان پەرستوە، من دوورم لەو شتانەی کە ئێوە دەیانکەنە هاوبەش بۆ خوا) ﴿٧٨﴾ .

من ڕووی خۆم بە پاکیی کردە ئەو کەسەی کە ئاسمانەکانو زەوی هێناونە دی‌و، من لە هاوبەش بۆ خوا دانەران نیم ﴿٧٩﴾ .

کەواتە: جۆرێك لە هاوبەش بۆ خوا دانەرانیش، ئەوانە بوون کە خرۆکەکانیان پەرستوونو، ئەستێرەکانو مانگو خۆریان پەرستوون .

<u>جۆری چوارەم:</u> ئەوانەی کە بتو صەنەمەکانیان پەرستوون، ئەو پەیکەرانەی کە دروستیان کردوون (عَبَدَةُ الأصنامِ والأوثان) :

وا پێدەچێ ئەم پۆلە، ئەم جۆرە لە هاوبەش بۆ خوا دانەران، زۆرینەی هاوبەش بۆ خوا دانەران بن، هەر بۆیەش کتێبی کاربەجێی خوا ﷻ زۆر باسی ئەم جۆرە لە هاوبەش بۆ خوا دانەرانی کردوەو، زۆربەی وتوێژو مشتومڕی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)یش لەگەڵ ئەم جۆرە لە هاوبەش بۆ خوا دانەران دا بووە، وەك خوا ﷻ بۆی گێڕاوینەوە، بە تایبەت لە بارەی ئیبراهیمەوە ﷺ کە بەسەرهاتی ئیبراهیم‌و وتووێژو شەڕە قسەی ئیبراهیمی بۆ گێڕاوینەوە، لەگەڵ بتپەرستو پەیکەر پەرستەکاندا، لە هەرکام لە سوورەتەکانی: (الأنعام)و (مریم)و (الشعراء)و (العنكبوت)و (الصافات)و (الزخرف)دا، لە هەر کام لەو سوورەتانەدا، خوا ﷻ باسی شەڕە قسەو وتووێژو دیالۆگی ئیبراهیم ﷺی لەگەڵ ئەو بتپەرستو پەیکەر پەرستانەدا، بۆ گێڕاوینەوە .

با بۆ نموونە ئایەتەکانی سوورەتی (الصافات) ببینین، کە تێیان دا (ابراهیم) وتووێژ و شەڕەقسە لەگەڵ بتپەرستەکانی گەلەکەی دا دەکات:

﴿وَإِنَّ مِن شِيعَتِهِۦ لَإِبۡرَٰهِيمَ ﴿٨٣﴾ إِذۡ جَآءَ رَبَّهُۥ بِقَلۡبٖ سَلِيمٍ ﴿٨٤﴾ إِذۡ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوۡمِهِۦ مَاذَا تَعۡبُدُونَ ﴿٨٥﴾ أَئِفۡكًا ءَالِهَةً دُونَ ٱللَّهِ تُرِيدُونَ ﴿٨٦﴾ فَمَا ظَنُّكُم بِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ

﴿فَنَظَرَ نَظْرَةً فِي ٱلنُّجُومِ ﴿٨٨﴾ فَقَالَ إِنِّي سَقِيمٌ ﴿٨٩﴾ فَتَوَلَّوْا۟ عَنْهُ مُدْبِرِينَ ﴿٩٠﴾ فَرَاغَ إِلَىٰٓ ءَالِهَتِهِمْ فَقَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ ﴿٩١﴾ مَا لَكُمْ لَا تَنطِقُونَ ﴿٩٢﴾ فَرَاغَ عَلَيْهِمْ ضَرْبًۢا بِٱلْيَمِينِ ﴿٩٣﴾ فَأَقْبَلُوٓا۟ إِلَيْهِ يَزِفُّونَ ﴿٩٤﴾ قَالَ أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ ﴿٩٥﴾ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾ قَالُوا۟ ٱبْنُوا۟ لَهُۥ بُنْيَٰنًا فَأَلْقُوهُ فِي ٱلْجَحِيمِ ﴿٩٧﴾ فَأَرَادُوا۟ بِهِۦ كَيْدًا فَجَعَلْنَٰهُمُ ٱلْأَسْفَلِينَ ﴿٩٨﴾﴾ الصافات .

هەڵبەتە ئەو بتانەی کە لە قورئاندا ناویان هاتوە، ئەم نۆ (٩)یەن :

أ/ {(١- لات، ٢- عزَّى، ٣-: مناة) لە سوورەتی (النجم)} دا.

ب/ {(٤- وَدّ، ٥- سواع، ٦- يغوثُ، ٧- يعوقُ، ٨- نَسر) لە سوورەتی (نوح)} دا.

ج/ {٩- (بَعل) لە سوورەتی (الصافات)} دا.

ئنجا ئەوانە عادەتیان وا بووە بتەکانی خۆیانیان لە ماددەی جۆراو جۆر دروست کردوون: وەك: بەرد، قور، ئاسن، مس، تەختە، بەڵکو جاری وابووە لە جۆرێك لە (خورما)و شیریان بەسەردا کردوە، هەر کات برسیشیان بووە، خواردوویانە، بەتایبەت عەرەبەکان ئەو جۆرە عادەتەیان هەبووە .

<u>جۆری پێنجەم:</u> ئەوانەی هەواو ئارەزوو دەپەرستن (عَبَدَةُ الهَوَى) :

لەوبارەوەش دوو ئایەت بە نموونە دێنینەوە:

١- وەك خوا ﷻ لە سوورەتی (الفرقان) ئایەتی (٤٣)دا، دەفەرموێ: ﴿أَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ ...﴾، واتە: ئایا ئەو کەسەت بینیوە، کە ئارەزووی خۆی کردۆتە پەرستراوی خۆی !

٢- هەروەها لە سوورەتی (الجاثية) ئایەتی (٢٣)دا، دیسان دەفەرموێ: ﴿أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ ...﴾، واتە: ئایا ئەو کەسەت بینیوە، کە ئارەزووی خۆی کردۆتە پەرستراوی خۆی!

هەڵبەتە پەرستنی ئارەزوو (هوی) بە چەمکە گشتییەکەی، (هوی)، هەموو هاوبەش بۆ خوا دانەران دەگرێتەوە، چونکە بابای هاوبەش بۆ خوا دانەر، کە جگە لە خوا دەپەرستێ، بینا لەسەر شوێنکەوتنی ئارەزووی خۆی، جگە لە خوا دەپەرستێ، بەڵام چەمکێ کە زیاتر پڕ بە پێستە بە بۆ چوونی من، پڕ بە پێستی ئەو کەسانەیە کە: پەیکەرێك‌و پەرستراوێکی ڕواڵەتیی‌و دەرەکیی، وەك: مانگ‌و خۆرو مرۆڤ‌و دارو بەردو ئاژەڵ، ناپەرستن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوا ناپەرستن، بەڵکو هەرچی نەفسیان ئارەزووی کرد، ئەوە دەکەن، ئنجا وەك شاعیر دەڵێ :

وَمَـنْ أَبـاحَ النَّفْسَ ما تَـهْوَاهُ   فَإِنَّمــا إلـهَــهُ هَـــوَاهُ

هەر کەسێك نەفسی چی ئارەزووی کرد، پێی داو بۆی ڕەوا کرد، ئەو بێگومان ئارەزووی خۆی کردوە بە پەرستراوی خۆی .

کەواتە: زۆرێك لەوانەی پەرستراوێکی ڕواڵەتیی ناپەرستن، پەرستراوێکی بەرهەست (محسوس) ناپەرستن، بەڵام خواش ناپەرستن، ئەوانە لە ڕاستییدا ئارەزوو پەرستن، ئارەزووی خۆیان، بۆچوونی خۆیان‌و، خۆیان دەپەرستن‌و، لە چوارچێوەو لە سوورگەی خۆیاندا دەخولێنەوە، خۆیان چییان پێ خۆش بوو، وا دەکەن، نەفسیان چی پێگوتن بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەن، کەواتە: ئەوانە پەرستاری ئارەزووەکانی خۆیانن .

<u>جۆری شەشەم :</u> ئەوانەی طاغووت‌و لە خوا یاخییەکان دەپەرستن، لە سەرۆکە دنیاییەکان، وەك پادشاو حوکمڕانەکان، یاخود لە بەرپرسە دینییەکان، وەك: زانایان‌و ڕەبەنەکان :

واتە: هەموو ئەوانەی کە لە بەرگی: حیزب دا، عەشیرەت دا، حوکم‌و سیاسەتدا، دیندارییەکی موزەییەف‌و ساختەدا، خۆیان لە خەڵك دەکەنە پەرستراوو، خەڵك وادار دەکەن کە بە بەرزیان بگرن، بە پیرۆزیان بگرن‌و، بە ڕەهایی بۆیان ملکەچ بن‌و، هەرچی ئەوان گوتیان: ڕەتی نەکەنەوە، کە لە ڕاستییدا ئەوەش جۆرێکە لە پەرستراوێتیی، ڕەفتاری پەیڕەوانی ئەو جۆرە کەسانەش جۆرێکە لە پەرستنی غەیری خوا .

لە زۆر جێگای قورئانیش دا باسی ئەو جۆرە شیركە كراوە، بۆ وێنە :

١- خوا ﷻ لە سوورەتی (آل عمران)دا، لەوبارەوە دەفەرمویْ: ﴿ مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ اللَّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا عِبَادًا لِّي مِن دُونِ اللَّهِ وَلَٰكِن كُونُوا رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا الْمَلَائِكَةَ وَالنَّبِيِّينَ أَرْبَابًا ۗ أَيَأْمُرُكُم بِالْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿٨٠﴾ ﴾.

وەك لە بەرگی دووی ئەم تەفسیرەدا، بە تەفصیل ئەم ئایەتانەمان شی كردۆتەوە، لە تەفسیری سوورەتی (آل عمران)دا .

واتە: هیچ مرۆڤێك بۆی نیە خوا ﷻ كتێبو حیكمەتو پێغەمبەرایەتیی پیْ بدات، پاشان بە خەڵك بڵیْ: ببنە بەندەی من جیا لە خوا، بەڵكو دەبیْ پێیان بڵیْ: ببنە كەسانی ڕەببانیی (سەر بە پەروەردگارو پەرستاری خوا) بەهۆی ئەوەوە كە كتێب فێری خەڵك دەكەنو، بەهۆی ئەوەوە كە موتالأی كتێب دەكەنو لێی دەكۆڵنەوە .

هەروەها هیچ مرۆڤێك بۆی نیە فەرمانتان پیْ بكات كە فریشتەكانو پێغەمبەران لە جیاتی خوا، بكەنە پەروەردگارو پەرستراو، ئایا دەبیْ فەرمانتان پیْ بكەن، بە كوفر دوای ئەوەی ئێوە بۆ خوا ملكەچن ؟!

٢- هەروەها لە سوورەتی (التوبة) ـ كە پێشتریش هێنامان ـ لە ئایەتی ژمارە (٣١) دا، خوا دەربارەی خاوەن كتێبەكان، بەگشتیو جوولەكەو نەصرانییەكان بە تایبەت، دەفەرمویْ : ﴿ اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَٰهًا وَاحِدًا ۖ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣١﴾ ﴾.

واتە: ئەوان {جوولەکەو نەصرانییەکان} زانایەکانی خۆیانو رەبەنو گۆشەگیرەکانی خۆیان لە جیاتی خوا، (لە خوار خواوە) کردنە پەروەردگارو پەرستراوی خۆیان، هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیشیان کردە پەروەردگاری خۆیان، لە حاڵێکدا کە فەرمانیان پێ نەکرابوو، جگە لە یەك پەرستراو کەسی دیکە بپەرستن، جگە لەو هیچ پەرستراو نین، پاکیی بۆ وی لەوەی دەیکەن بە هاوبەش بۆ خوا .

٣- هەروەها لە سوورەتی (الشوری)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴿٢١﴾ ﴾.

واتە: یان ئایا هەندێك هاوبەشیان هەن، بەبێ ئەوەی خوا مۆڵەتی لەسەر بێ، ئایینو بەرنامەیەکیان بۆ داناون ؟!

ئنجا ئێمە پێشتریش باسمان کرد کە (طاغوت) هەر کەسێکە بەرنامە بۆ خەڵك دادەنێو، فەرمانیان پێ دەکاتو، شتیان لێ قەدەغە دەکات، بە ئارەزووی خۆی، یان ئارەزووی غەیری خۆی، هەر بۆیە دەتوانین لە پێناسە کردنی (طاغوت)دا بڵێین : (هُوَ كُلُّ مُطاعٍ مِنْ غَيْرِ إِذْنِ الشَّرْعِ) هەر فەرمانبەریی بۆ کراوێکە بەبێ مۆڵەتی شەرع، ئنجا ئەمە هەم سەرۆکە دنیاییەکان دەگرێتەوە، لە پادشاو سەرکردەو حوکمڕانان، هەروەها ئەوانەی کە بەرنامە بۆ خەڵك دادەنێن، تیۆریستەکان (المُنَظِّرون)، هەروەها سەرۆکە دینییو ڕووحییەکان لە زانایانو شێخەکانو، ئەوانە کە بە حیساب هەر خەریکی گۆشەگیریو ڕەبەنایەتیین، ئەوانەی کە شوێنکەوتووانی خۆیان، بە پێی بۆچوونەکانی خۆیانو ئارەزووی خۆیان ، ڕێنمایی دەکەن، بەبێ گەڕانەوە بۆ شەریعەتو وەحیی خوا، کە ئێستا لە قورئانو سوننەتدا بەرجەستەیەو، بەبێ پابەندیی بەو شتانەوە، کە شەریعەت وەك خەتی سوور دایناون .

هەڵبەتە ئێمە پێشتریش باسمان کرد کە چەمکی پەرستن (عبادة) لە زاراوی قورئاندا، تەنیا لەسەر دروشمەکانی پەرستن (شعائر التعبُّد) کورت

هەڵنەهاتوە، وەك: پاڕانەوەو ڕكووعو سەجدەو تەحییاتو طەوافو قوربانیی سەربڕینو نەزرو... هتد، بەڵكو عیبادەت هەموو جۆرەكانی ملكەچیی‌و فەرمانبەریی بۆ كردن، دەگرێتەوە، هەمووی بە پەرستن لە قەڵەم دەدرێ، چ پەیوەندیی بە درووشمەكانەوە هەبێ، چ پەیوەندیی بە یاساكانی ڕێكخستنی ژیانەوە هەبێ، پێش ئەوانیش: چ پەیوەندیی بە بووناسیی‌و بیروبۆچوونەكانو، بەهایەكانو، ئیمانو عەقیدەوە هەبێ، هەر بۆیە: هەر كەسێك ملی كەچ بكات بە ڕەهایی بۆ كەسێك، یان بۆ لایەنێكو بەبێ مۆڵەتی شەرع، بە قسەی بكاتو فەرمانبەریی بكات، ئەوە ئەو ملكەچ بۆ كراوەی پەرستوەو، جگە لە خوا، ئەوی پەرستوە، چونكە مانای پەرستن (تعبُّد) لە ئەسڵی زمانی عەرەبییدا، بریتیە لە ملكەچ كردنو فەرمانبەریی بۆ كردنو زەبوونیی، هەروەك ئایەتەكانی قورئان زۆر بە ڕوونیی ئەوە دەگەیەنن، بۆ وێنە :

أ) ئایەتی ژمارە (٢٢) لە سووڕەتی (الشعراء) كاتێك فیرعەون منەت دەكات لەسەر مووسا ﷺ: ﴿قَالَ أَلَمۡ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدٗا وَلَبِثۡتَ فِينَا مِنۡ عُمُرِكَ سِنِينَ ١٨﴾، واتە: (فیرعەون) گوتی: ئایا لە ماڵی ئێمەدا تۆمان بە منداڵیی بەخێو نەكردو، چەند ساڵان لە نێو ئێمەدا نەمایەوە ؟!

مووساش ﷺ لە وەڵامی ئەو منەت كردنەیدا، دەفەرموێ: ﴿وَتِلۡكَ نِعۡمَةٞ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أَنۡ عَبَّدتَّ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٢٢﴾، واتە: ئەو چاكەیەش كە تۆ بە چاوی منیدا دەدەیەوە، بەهۆی ئەوەوە بوو، كە تۆ بەنی ئیسرائیلت كردبوو بەندەی خۆت، واتە: ملكەچی خۆتو ژێر دەستەی خۆت.

ئەگەرنا بەنی ئیسرائیل نەچوون ڕكووعو سەجدە بۆ فیرعەون بەرن، بەڵكو ناچاری كردوونو سۆغرەو بێگاری پێ كردوونو، ملی پێ كەچ كردوون بە ناچاریی، كەواتە: هەر كەسێك مل بۆ لایەنێك كەچ بكات، بە خۆشیی یان بە ناخۆشیی، ئەوە ئەو كردەوەیەی ئەو، بە پەرستن لە قەڵەم دەدرێ[١].

١) بەڵام ئەگەر لە سەری ناچار بكرێ، گوناهی ناگات، مادام پێی ناخۆش بێ .

ب) هەروەها هەر لەوبارەوە لە سوورەتی (المؤمنون) ئایەتی (٤٧)دا، کاتێك کە مووساو هاروون صەلاتو سەلامی خوایان لەسەر بێ، دەچن بۆ لای فیرعەونو، پەیامی خوای پێ ڕادەگەیەننو، داوای لێ دەکەن کە: چی دیکە گەلەکەیان (گەلی بەنو ئیسرائیل) نەچەوسێنێتەوە، فیرعەونو دارودەستەکەی دەڵێن: ﴿ فَقَالُوٓا۟ أَنُؤْمِنُ لِبَشَرَيْنِ مِثْلِنَا وَقَوْمُهُمَا لَنَا عَـٰبِدُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾.

واتە: ئایا ئێمە بڕوا بۆ دوو کەسی وەك خۆمان بێنین، کە گەلەکەشیان بۆ ئێمە ملکەچن ؟!

کە بە تەئکید فیرعەونو دارودەستەکەی مەبەستیان لە ملکەچیی و بەندایەتیی بەنی ئیسرائیل ئەوە بووە، کە بە قسەمان دەکەنو، لە قسەمان دەرناچنو ملکەچی ئێمەن، ئەگەرنا مەبەستیان ئەوە نەبووە: لێیان بپاڕێنەوەو ڕکووعو سەجدەو تەحییاتیان بۆ ئەنجام بدەن !

بەڵام بێگومان هەر کەسێك بەبێ ئەوە کە ئازادیی هەبێ، بەبێ ئەوە کە بە دەستی بێ، بەبێ ئەوەی سەربەست بێ لەوەدا، کە ملی پێ کەچ دەکرێو، فەرمانبەریی پێ دەکرێ، وەك بەنی ئیسرائیل، ئەو کاتە بەو ملکەچییو ژێردەستەیی و فەرمانبەرییە ناچارییەی، گوناهبار نابێ، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە بە ویستی ئازادانەی خۆیو، بە هەڵبژاردنی خۆی مل بۆ کەسێك کەچ دەکاتو، فەرمانبەریی ڕەهای بۆ دەکات .

هەڵبەتە ئەوەش کە: ملکەچ کردنو فەرمانبەریی بۆ کردنی ڕەها، بۆ هەر کەسێكو هەر لایەنێك: حیزب بێ، ڕژێم بێ، شەخص بێ، لە بەرگی دیندا بێ، لە بەرگی دنیادا بێ، بریتییە لە پەرستن، مادام بە ویستی ئازادانەوە بێ، ئەوە ڕاستییەکی گەورەو گرنگەو لە قورئاندا زۆر ڕوونکراوەتەوە، هەر بۆیەش هەموو ئەو مسوڵمانانەی کە بە داخەوە ڕێیان لێ تێکدەچێو، فیرعەونو طاغووتەکان وایان لێ دەکەن کە بکەونە شوێن ئەو بەرنامە طاغووتییانەی لە ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاواوە هاتوون، وەك: سیکۆلاریزمو سوسیالیزمو کاپیتالیزمو لیبڕالیزمو... هتدو، بێگومان ئەو جۆرە کەسانە ئەگەر ویستی ئازادانەیان لە ئارادا هەبێ، بە پەرستەری ئەو بەرنامانەو

ئەو کەسانەو ئەو لایەنانە، کە ئەو بەرنامانەیان بۆ داناون، دادەنرێن، بەڵام دیارە ئەگەر ناچاربن، ئەو کاتە ناچاریی، حوکمێکی دیکەی هەیە، مادام قەلبو قەناعەتی لەگەڵدا نەبێ، واتە: ئەو میللەتانەی کە ناچار دەکرێن، ملیان پێ کەچ دەکرێو پێیان ناخۆشە، بەڵام بێچارەو بێ دەرەتانن‌و، بە پێی تواناش خۆیان دەپارێزن لەوەی کە ملکەچ بکەن بۆ غەیری خواو کاتی کە بۆشیان دەگونجێ: هەڵوێست وەردەگرن‌و دژایەتیی ئەو لایەنانە دەکەن، کە دەیانەوێ خۆیان لێ بکەنە پەرستراوو پەروەردگار، ئەو کاتە حوکمەکەیان جیایە .

<u>جۆری حەوتەم‌و کۆتایی :</u> ئەوانەی ژیانداران دەپەرستن (عَبَدَةُ الحیوانات) :

دیارە ئەوانیش زۆر جۆرن، لەم رۆژگارەی ئێستای ئێمەداو، لە مێژووشدا هەر زۆر بوون، بۆ وێنە: هیندۆسەکان کە لە (هند) مانگا دەپەرستن‌و، بە پیرۆزی دەزانن، هەڵبەتە هەم لە هیندو هەم لە وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ئاسیاو، لە ئەفریقیا زۆر گەل‌و نەتەوە هەن کە جۆرەکانی ئاژەڵ‌و زیندەوەران‌و ژیانداران دەپەرستن، وەك: مارو مشك .

من سەفەرێکم کرد لە ساڵی (٢٠١٠)ز دا، بۆ بەشداریی کردن لە (کۆنگرەی پەرلەمانتارە ئاسیاییەکان) کە بە مالیزیادا تێپەڕین، بە (کوالالامپور) پایتەختی مالیزیادا، پاشان چووینە (فنوبنە) کە پایتەختی کەمبۆدیایە، ئنجا چ لە پایتەختی کەمبۆدیا، چ لە کوالالامپوور دەمبینی چۆن کەسانێك ماری کوبرا دەپەرستن، پەیکەریان بۆ دروست کردووەو، لە بەرانبەر پەیکەرەکەدا، یان لە بەرانبەر پەیکەری (بوذا)دا بە چۆکدا دەهاتن‌و کرنووشیان بۆ دەبرد، لێی دەپاڕانەوەو بخوورو، جۆرێك لە بۆنی خۆشیان بۆ دەسووتاند! ئنجا قسەم لەگەڵدا کردن، ئەوان پێیان سەیر بوو کە ئێمە پێمان سەیرە، ئەو شتانە بپەرستن، واتە: پێ سەیر بوونی ئێمەیان پێ سەیر بوو، گوتم: ئەو پەیکەرە هیچ نابیستێ! دەیانگوت: ئاخر ئەوانە تکامان بۆ دەکەن، رووحەکەیان داواکانی ئێمە دەگەیەنن بە خوا! بە هەر

حاڵ جۆری حەوتەمی ئەوانە کە هاوبەش بۆ خوا دادەنێن، ئەوانەن کە ژیانداران دەپەرستن .

ئنجا وەك گوتم: هەیە مشك دەپەرستێ، هەیە مار دەپەرستێ، هەیە مانگا دەپەرستێ، هەندێکیان هەندێك جۆرە ڕووەك دەپەرستن! کاتی خۆشی گەلی بەنو ئیسرائیل (گۆلك)یان پەرستوە، ئەو گۆلکەی کە سامیریی لە زێڕ، لەو خشڵەی کە پێیان بوو، بۆی دروست کردن، لە سەردەمی مووسادا ﷺ وەك خوا ﷻ لە ئایەتی (٥٤) سووڕەتی (البَقَرة)، هەروەها لە سووڕەتی (الأعراف) و سووڕەتی (طه)دا بە تەفصیل بەسەرهاتەکەی هاتوە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُم بِٱتِّخَاذِكُمُ ٱلْعِجْلَ فَتُوبُوٓاْ إِلَىٰ بَارِئِكُمْ فَٱقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٤﴾ ﴾.

واتە: کاتێك مووسا بە گەلەکەی خۆی گوت: ئەی گەلەکەم! ئێوە ستەمتان لە خۆتان کرد کە گۆلکتان کردە پەرستراو، بەرەو بەدیهێنەرتان بگەڕێنەوەو خۆتان بکوژن، (واتە: هەندێکتان هەندێکتان بکوژن)، ئا ئەوە چاکترە لەلای بەدیهێنەرتان، ئنجا پەروەردگارتان گەڕایەوە سەرتان، تەوبەی لێ قبووڵ کردن، بێگومان ئەو زۆر تەوبە وەرگری میهرەبانە .

بەرپەرچدانەوەی کتێبی خوا بۆ شیرکی هاوبەش بۆ خوادانەران:

ئێستاش کە جۆرەکانی هاوبەش بۆ خوا دانەرانمان باسکردن، کە وەك گوتمان : حەوت جۆری سەرەکیین و، خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیانمان باس کردن، کە پێنج خاڵی هاوبەشی بنەڕەتیی بوون، با بزانین کتێبی بێ وێنەی خوا ﷻ چۆن بەرپەرچی بیرۆکەی هاوبەش بۆ خوا دانان و، سەرجەم هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەداتەوە :

هەڵبەتە ئێمە لەوبارەوە لە قورئاندا ئایەتمان زۆر زۆرن، بەڵام ئیکتیفا دەکەین بە هێنانەوەی :

یەکەم: دوو ئایەت لە سووڕەتی (الأنعام)، کە خوا ﷻ بیرۆکەی پەرستنی (شەیتانەکان و، پەرستنی فریشتەکان، پێکەوە هەڵدەوەشێنێتەوەو پووچەڵی دەکاتەوە، واتە: ئەوانەی کە (شەیتانەکانیان دەپەرست بە بیانووی ئەوەی کە کوڕانی خوان و، ئەوانەی کە فریشتەکانیان دەپەرست بە بیانووی ئەوەی کە کچانی خوان)، خوا ﷻ بەرپەرچیان دەداتەوە .

دووەم: دوایش دوو ئایەت لە سووڕەتی (سبأ) دێنینەوە، کە خوای زاڵی بالادەست بەرپەرچی سەرجەم هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەداتەوە، بە هەموو شێوەکانیانەوەو، بیرۆکەی شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانان لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێ .

یەکـــەم :

سەرەتا با دوو ئایەتەکەی سوورەتی (الأنعام) بێنین :

﴿ وَجَعَلُواْ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ وَخَرَقُواْ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتٍۭ بِغَيْرِ عِلْمٍ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٠٠﴾ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ صَٰحِبَةٌ وَخَلَقَ كُلَّ شَىْءٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١٠١﴾ ﴾.

واتە: هاوبەشیان لە جنند بۆ خوا دانان، لە حاڵێکدا کە خوا جنندەکانیشی هەر دروست کردوون (وەك باقی دروستکراوەکانی دیکە)، هەروەها کوڕانو کچانیان بۆ هەڵبەستن بە بێ زانیاریی، پاکیی‌و بەرزیی بۆ خوا، لەوەی خوای پێ وەسف دەکەن، پەیداکەری ئاسمانەکان‌و زەوییە، چۆن ڕۆڵەی دەبێ لە حاڵێکدا هاوسەری نیە؟! هەموو شتێکی وەدیهێناوەو بە هەموو شتێکیش زانایە .

لێرەدا هەڵوەشاندنەوەی خوای زاڵی زانا بۆ بیرۆکەی ئەفسانەیی شیرك‌و هاوبەش بۆ خوا دانان، لە شەیتانەکان‌و لە فریشتەکان لە شەش بڕگەدا دەخەینە ڕوو:

١) - خوا ﷻ سەرەتا ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، واتە: ئەوانەی کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە لە پەروەردگارێتیی‌و لە پەرستراوێتییدا، ئەوانەی کە هاوبەشیان لە نێو جنندەکاندا بۆ خوا داناوە، ئەوانیش هەر خوا دروستیکردوون، سەرەتا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلُواْ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ ﴾، واتە: لەگەڵ ئەوەشدا کە خوا جنندو شەیتانەکانی دروستکردوون، کەچی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، دەیانکەنە هاوبەشی خوا، یانی: دروستکراو چۆن دەچێتە ئاستی دروستکەرو بەدیهێنەرو، چۆن دەبێتە هاوبەشی خوا ﷻ ؟!

کەواتە: فیکرەکەیان هەر لە بناغەوە هەرەس دێنێ، کە ئەوان دروستکراو (مخلوق) دەبنە ئاستی بەدیهێنەرەوە!

٢) - دەفەرموێ: ﴿ وَخَرَقُوا۟ لَهُۥ بَنِینَ وَبَنَٰتٍۭ بِغَیۡرِ عِلۡمٍۚ ﴾، هەروەها (هاوبەش دانەرەکان) کوڕانو کچانیان بۆ (خوا) هەڵبەستن بەبێ زانیاریی .

(خَرَقُوا) یانی : (إفتروا واختَلَقُوا) هەڵیانبەست، کە مەبەست لە کوڕ، شەیتان (شیطان)ەکانن و، مەبەست لە کچان، فریشتەکانن، واتە بەبێ ئەوەی کە زانیارییان لەوبارەوە هەبێ، کەواتە: قسەکەیان لە ڕیشەدا درۆو هەڵبەستنەو، شتێکە لە وەهمی خۆیاندا هەڵیانبەستوە، واتە: لە دنیای واقیعدا بوونی نیە، بیناش کراوە لەسەر نەزانیی و نەفامیی و بێئاگایی .

٣) - دەفەرموێ: ﴿ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا یَصِفُونَ ﴾، (خوا) پاکەو بەرزە لەوەی کە ئەوان خوای پێ وەسف دەکەن، واتە: ئەو شتانەی ئەوان خوای پێ وەسف دەکەن، ئاستی خوا زۆر لەوە پاکترو بەرزترو دوورترە، لە ئاستی ئەو وەسفانەی بۆ خوای پەروەردگاریان بەکاردەهێنن، واتە: بە جۆرێك خوا وەسف دەکەن و، بە جۆرێك باسی خوا دەکەن، ئاستی خوا زۆر لەوە بەرزترو پاکترە .

٤) - دەفەرموێ: ﴿ بَدِیعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ ﴾، پەیداکەرو وەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەوییە .

وشەی ﴿ بَدِیعُ ﴾ واتە: پەیداکەر بەبێ پێشینە، یانی: خوا ئاسمانەکانو زەوی بەدیهێناون، نەك تەماشای شتێکی پێشتر بکات، جاری وایە کەسێك شتێك دروست دەکات، بەڵام لاسایی پێش خۆی دەکاتەوە، هەڵبەتە لە نێوان ئاسمانەکانو زەویشدا، شەیتانەکان هەن و فریشتەکانیش هەن، کەواتە: خوا ﷻ هەموویانی لە نەبوونەوە پەیدا کردوون .

٥) - دەفەرمووێ: ﴿أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُۥ صَـٰحِبَةٌ﴾، خوا ﷻ چۆن رۆڵەی دەبێ لە حاڵێکدا کە هاوسەری نیە؟ یانی: رۆڵە لە ئەنجامی پێکگەیشتنی نێرو مێیەك، ژنو مێردێك، باب‌و دایکێکدا، پەیدا دەبێ، بەلام خوا ﷻ هاوسەری نیە.

ئنجا بۆیەش وشەی: ﴿صَـٰحِبَةٌ﴾ی بەکارهێناوە، چونکە هەر کام لە (زوج) و (زوجة) یان (زوجین) دەبێ هاوەڵی ئەوەی دیکە بێ‌و وەك ئەو بێ‌و هاوتای بێ، بەلام خوا ﷻ لە نێو دروستکراوەکانیدا، هیچ شتێك هاوتای نیە، هیچ شتێك هاوەڵی نیە، کەواتە: ئەگەر خوا هاوسەری نەبێ، چۆن رۆڵەی دەبێ؟ بەڵکو هەرچی هەیە، هەمووی دروستکراوی خوایەو، هەمووی موڵکی خوایەو، هەمووی پەروەردەکراوی خوایە ﷻ .

٦) - لە کۆتایی دا دەفەرمووێ: ﴿وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾، (خوا) هەموو شتێکی وەدی هێناوەو بە هەموو شتێکیش زانایە.

خوا بەدیهێنەری هەموو شتێکە، کەواتە: ناگونجێ هیچ شتێك وەك خوا بێ لە ئاستی خوادا بێ، ئنجا بە هەموو شتێکیش زانایەو کاتێك کە دەفەرمووێ: من هاوبەشم نین، ئەگەر هەبووایە خوا دەیزانی .

دووەم :

بێینە سەر دوو ئایەتەکەی سوورەتی (سبأ) کە خوا ﷻ لەو دوو ئایەتەدا، وەك پێشتر گوتمان، بیرۆکەی هاوبەش بۆ خوا دانانو ڕێبازی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بە گشتی، هەڵدەوەشێنێتەوە، وەك دەفەرموێ: ﴿ قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ ﴿٢٢﴾ وَلَا تَنفَعُ الشَّفَاعَةُ عِندَهُ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُ حَتَّىٰ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ قَالُوا الْحَقَّ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ ﴿٢٣﴾ ﴾.

ئێمە سەرەتا ئەم دوو ئایەتە بە کورتیی مانا دەکەین، دوایی شەش بەڵگان لە شەش بڕگەدا، لەو دوو ئایەتە دەردێنین، لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بیرۆکەی هاوبەش بۆ خوا دانان .

خوا بە پێغەمبەر (محمد) ﷺ دەفەرموێ: بڵێ: ئێوە لەوانە بپاڕێنەوە کە پێتان وایە لە جیاتی خوا دەپەرسترێن، ئەوانە بەقەدەر گرانایی گەردێکیان، نە لە ئاسمان، نە لە زەویدا بە دەست نیەو، هیچ هاوبەشێتییەکیشیان نیە لە ئاسمانەکانو زەویدا، لە نێو ئەوانەشدا (کە لە نێو ئاسمانەکانو زەویدان) هیچ کەس پشتگیریی (خوا) ناکات .

(ئنجا نەك هەر ئەوەندە) بەڵکو تکا کردن لەلای خوا سوودی نیە (هی هەر کەسێك کە تکای لەلا بکات) مەگەر بۆ کەسێك کە خوا مۆڵەتی بدا (کە تکا بکات)، هەتا کاتێك ترس لە دڵیان ڕەوییەوە (کە مەبەست پێی فریشتەکانن، فریشتەکان لە نێو خۆیاندا) دەڵێن: (خوا) چی فەرمووی؟ گوتیان: (خوا) هەقی فەرمووو، خوا بەرزی گەورەیە .

ئنجا با ئەو شەش بەڵگەیەی گوتمان: لەم دوو ئایەتە وەردەگیرێن، بە کورتیی بخەینە ڕوو:

بەڵگەی یەکەم :- سەرەتا خوا ﷻ فەرمان بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکات، کە تەحەددای هەمووی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بکات، هەموویان وێکڕاو تێکڕا : ﴿ قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، بڵێ: ئەوانەی پێتان وایە لە جیاتی خوا پەرستراون، بانگیان بکەن، واتە: داوایان لێ بکەنو لێیان بپاڕێنەوە، هەموو ئەوانەی کە ئێوە پێتان وایە بەشیان لە: پەرستراوێتیی، یاخود بەشیان لە بەدیهێنەرایەتییو پەروەردگارێتییدا هەیەو، لە جیاتی خوا دەیانپەرستن، بە گومانو بۆچوونی خۆتان، بانگیان بکەن، لێیان بپاڕێنەوەو داوایان لێ بکەن، با لە فریاتان بێن .

دیارە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، ئەوانەی کە پێتان وایە لە جیاتی خوا پەرستراون، دەپەرسترێن، ئەو تەعبیرە هەموو پەرستراوەکان دەگرێتەوە، هەموو پەرستراوە درۆو ساختەکان کە لە جیاتی خوا دەپەرسترێن، ئنجا بەرد بن، مرۆڤ بن، مانگا بن، خڕۆکەبن، ڕووەكو درەخت بن، ئاژەڵ بن، زیندەوەر بن، هەرچی بن، هەموویان دەگرێتەوە .

بەڵگەی دووەم :- دوایی خوا ﷻ حەقیقەتو چییەتی ئەو پەرستراوە ساختەو ناڕاستانە دەخاتە ڕوو، کە تەنیا لە وەهمو گومانی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکاندا هەن، دەفەرموێ: ﴿ لَا يَمۡلِكُونَ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، بە قەدەر گرانایی گەردێك، خاوەنی هیچ شتێك نین، نە لە ئاسمانەکان نە لە زەویدا .

واتە: ئەو پەرستراوانە کە لە گومانو وەهمی ئێوەدا هەن، هێندە پووچن، هێندە دەستە پاچەن، کە بە هەموویان خاوەنی گەردێك نین، نە لە ئاسمانەکانداو نە لە زەویدا، کە پڕن لە دروستکراوو، هێندەیان دروستکراو تێدا هەن، کە هەر بەدیهێنەریان ژمارەیان دەزانێ، کەچی ئەوان خاوەنی تەنانەت گەردێکیش نین، واتە: خاوەنی بچووکترین شت نین، هیچ شتێکیان بە دەست نیە، کەواتە: کەسێك هیچ شتێکی بە دەست نەبێ،

خاوەنی هیچ شتێك نەبێ، بە تەئكید بەكەڵكی پەرستران نایەتو بەكەڵكی ئەوە نایەت، كە وەك پەرستراو (إلە) مامەڵەی لەگەڵدا بكرێ، چونكە پەرستراو دەبێ خاوەن بێ، بەدیهێنەر بێ، حوكمڕان بێ، بالآدەست بێ، دەسەڵاتی ڕەهای هەبێ، ئەویش تەنیا خوایە ﷻ .

بەڵگەی سێیەم :- ﴿وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ﴾، هەروەها (ئەو پەرستراوە وەهمییانە) خاوەنی هاوبەشێتییش نین، لە دروستكرانی ئاسمانەكانو زەویدا .

واتە: ئەوە هیچ كە خاوەنی ڕاستەوخۆو سەربەخۆی هیچ شتێك نین، بەڵكو هەر هاوبەشیش نین، لە موڵكایەتیی هیچ شتێكدا، پشكیان نیە، جاری وایە كەسێك خاوەنی سەربەخۆی (مُستَقِلّ)ی شتێكەو بە سەربەخۆیی ئەو شتە هی ئەوە، دەربەست هی ئەوە، بەڵام جاری وایە، خاوەنێكی دەربەستو سەربەخۆ نیەو، خاوەنێكی هاوبەشە، دەڵێ: فلان شتە، منیش بەشم تێیدا هەیە، پشكم تێیدا هەیە، ئنجا ئەوانە نە خاوەنی سەربەخۆی هیچ شتێكن، لە ئاسمانەكانو زەویدا، بگرە تەنانەت پشكو بەشیان نیە لە هیچ شتێكیشدا .

بەڵگەی چوارەم :- ﴿وَمَا لَهُۥ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ﴾، خوا ﷻ لە نێو ئەو پەرستراوانەدا (كە لە وەهمی نێوەدا پەرستراون)، هیچ پشتیوانێكی نیە، واتە: خوا ﷻ بێنیازە لێیان، ئەوانە هیچ شتێكیان بە دەست نیە، هیچیان لە باراندا نیە، كە هاوكاریی خوای پەروەردگار بكەن، لە هیچ شتێكدا .

بەڵگەی پێنجەم :- ئەوانە نەك هەر خاوەنی هیچ شتێك نینو، تێشیدا خاوەن پشكو بەش نینو، پشتیوانو هاوكاریی خوای پەروەردگاریش نین، بەڵكو ناتوانن تكاش لەلای خوا بكەن: ﴿وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَـٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُۥ﴾، تكا كردن لەلای خوا سوودی نیە، مەگەر بۆ كەسێك كە خوا مۆڵەتی بدات، دیارە خواش بۆ كەسێك مۆڵەت دەدات، شایستەی ئەوە بێت

تکا بکات، کە پێغەمبەرانن (علیهم الصلاة والسلام)و فریشتەکانن‌و، بۆ خوا صوڵحاوانن، بەڵام ئەو پەرستراوە ساختەو وەهمییانە، هی ئەوە نین‌و شایستە نین کە خوا مۆڵەتیان بدات: تکای لە لا بکەن .

کەواتە: ئەوانە تەنانەت توانای ئەوەیان نیە لای خوای بەرزو مەزن تکاش بکەن، بۆیە شایستەی پەرستران نین .

بەڵگەی شەشەم :- ئنجا خوا ﷻ دوایی باسی ئەوە دەکات، کە تەنانەت ئەو فریشتە پاک‌و بێگەردانەی تکا لای خوا دەکەن‌و، خوا مۆڵەتیان دەدا تکا بکەن، ئەوانیش حاڵەتی تکا کردنەکەیان‌و، حاڵەتی مامەڵە کردنیان لەگەڵ خوای پەروەردگاری بالادەستی بێ وێنەدا، یەکجار ملکەچانەو بەندانەیە: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمۡ قَالُواْ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمۡۖ قَالُواْ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ ﴿٢٣﴾ ﴾.

واتە: ئەو فریشتانە کاتێك کە خوا ﷻ فەرمانێك دەکات، فەرمایشتێك دەفەرموێ، دڵیان پڕ دەبێ لە سام‌و هەیبەت، دوایی کە ترس‌و سام‌و هەیبەتەکە لا دەچێ، لە بەینی خۆیاندا دەڵێن: ئەرێ پەروەردگارتان چی فەرموو؟ دوایی ئەوانەیان کە لە خوا نیزیکترن، دەڵێن: پەروەردگارتان هەقی فەرموو، هەر ئەویش بەرزی گەورەیە .

کەواتە: ئەوە هەڵوێست‌و حاڵی فریشتەکانە، کە پاکترین دروست کراوانی خوان، نیزیکترین دروستکراوانی خوان لە خواوە ﷻ، بۆیە: ئێوە بە تەما مەبن، ئەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان ! ئەوانەی کە لە وەهمی ئێوەدا هاوبەشی خوان، هیچ سوودێکتان پێ بگەیەنن، چونکە لە ڕاستییدا بەس لە وەهم‌و گومانی ئێوەدا هاوبەشی خوان، بە پێی زەعم‌و بۆچوونی ئێوە، ئەگەرنا لە دنیای واقیعدا، خوای بالادەست هیچ هاوبەشێکی نیەو، هەرچی کە هەیە، جگە لە خوا، هەموو دروستکراوی خوایەو، موڵکی خوایەو، هەمووی خوا دەیژیێنێ‌و دەیمرێنێ‌و، هەموو کاروبارێکی بەدەست خوای بەرزی بێ وێنەیە .

تەوەری شەشەم :

هەڵوێستی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، لە بەرانبەر ئیسلامو موسوڵمانانداا :

خوا ﷻ لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا، باسی هەڵوێستی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانی کردوە، لە بەرانبەر ئیسلامو موسوڵمانانداا، کە ئێمە لە سێ برگەدا، هەندێك ئایەت بە نموونە دێنینەوە، لەوبارەوەو، دواتریش هەشت (٨) سیفەتی خراپی موشریکەکان لە بواری مامەڵە لەگەڵ ئەهلی ئیماندا، لەو سێ کۆمەڵە ئایەتە هەڵدەهێنجین :

١) - لە ئایەتی (١٠٥)ی سوورەتی (البقرة)دا، خوا رقو قینی خاوەن کتێبەکانو هاورەسدانەکان، بەرانبەر بە موسوڵمانانو حەز لە بەرژەوەندیی نەکردنییان، دەخاتە ڕوو و، دەفەرموێ: ﴿مَا يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَلَا ٱلْمُشْرِكِينَ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْ ۗ وَٱللَّهُ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴿١٠٥﴾﴾.

واتە: ئەوانەی کە بێبڕوان لە خاوەن کتێبەکان، هەروەها هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیش، حەز ناکەن لە پەروەردگارتانەوە هیچ خێرو چاکەیەك بۆ ئێوە دابەزێ، خواش هەر کەس بیەوێ، تایبەتی دەکات بە بەزەیی خۆیەوەو، خوا خاوەن بەخششی مەزنە .

٢) - لە ئایەتی (٨٢)ی سوورەتی (المائدة)دا، خوا ﷻ باسی ئەوە دەکات کە ئایا کێ زۆر دوژمنی سەرسەختی موسوڵمانانە؟ دەفەرموێ: ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْ﴾.

واتە: تۆ دەبینی ئەوانەی کە لە هەموو کەس زیاتر دوژمنی سەرسەختی ئەوانەن، کە بڕوایان هێناوە (مسوڵمانان): جوولەکەکانو ئەوانەن کە هاوبەشیان بۆ خوا پەیدا کردوە .

٣) - لە سوورەتی (التوبة)شدا خوا ﷻ باسی هاوبەش بۆ خوا دانەرانو هەڵوێستیان بەرانبەر ئەهلی ئیسلامو مسوڵماناندا دەکاتو، دەفەرموێ:

﴿ كَيْفَ يَكُونُ لِلْمُشْرِكِينَ عَهْدٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ رَسُولِهِۦٓ إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّمْ عِندَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۖ فَمَا ٱسْتَقَٰمُوا۟ لَكُمْ فَٱسْتَقِيمُوا۟ لَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٧﴾ كَيْفَ وَإِن يَظْهَرُوا۟ عَلَيْكُمْ لَا يَرْقُبُوا۟ فِيكُمْ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً ۚ يُرْضُونَكُم بِأَفْوَٰهِهِمْ وَتَأْبَىٰ قُلُوبُهُمْ وَأَكْثَرُهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٨﴾ ٱشْتَرَوْا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِهِۦٓ ۚ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩﴾ لَا يَرْقُبُونَ فِى مُؤْمِنٍ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُعْتَدُونَ ﴿١٠﴾ ﴾.

واتە: چۆن دەبێ هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان پەیمانیان هەبێ لە لای خواو لە لای پێغەمبەرەکەی! (ﷺ) جگە لەوانەی کە لە لای مزگەوتی حەرام پەیمانتان لەگەڵدا بەستن، هەتا ئەوان ڕاوەستاو بن لەسەر پەیمانەکەیان، ئێوەش ڕاوەستاو بن بۆیان، بێگومان خوا پارێزکارانی خۆشدەوێن ﴿٧﴾ .

چۆن دەبێ هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان پەیمانیان لەگەڵ خواو پێغەمبەری خوادا هەبێ ! لە حاڵێکدا ئەگەر بەسەرتاندا زاڵ بنو زەفەرتان پێ بەرن، هیچ پەیمانێکو هیچ خزمایەتییەك، لەگەڵ ئێوەدا ڕەچاو ناکەن، بەزاریان ڕازییتان دەکەن، بەڵام بەدڵیان پێیان ناخۆشە، زۆربەشیان لاڕێن ﴿٨﴾ .

ئایەتەکانی خوایان بە نرخێکی کەم کڕیوەو، خەڵك لە ڕێی خوا لادەدەن، خراپترین کردە ئەوەیە کە دەیکەن ﴿٩﴾ .

لە هیچ بڕوادارێکدا ڕەچاوی هیچ خزمایەتییەكو هیچ بەڵێنو پەیمانێك ناکەنو، هەر ئەوانە دەستدرێژکارن ﴿١٠﴾ .

کەواتە: خوا ﷻ بە هەشت (٨) سیفەت هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان وەسف دەکات، کە بەو جۆرە دژایەتیی ئیسلامو مسوڵمانان دەکەن :

یەکەم : هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، هیچ خێر و سوودێك بۆ مسوڵمانان بە ئاوات ناخوازن و، ئەگەر بەدەستوانبێ، هیچ قازانج و هیچ خێرو خۆشییەکیان پێ ناگات :

وەك لە ئایەتی ژمارە (١٠٥)ی سوورەتی (البقرة)دا، خوا ﷻ زۆر بە ڕوونو ڕاشکاویی ئەوەی ڕاگەیاندوە: ﴿مَا يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَلَا ٱلْمُشْرِكِينَ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْ﴾، هەڵبەتە (مِصداق)و هاتنە دیو بەرجەستە کردنی ئەو فەرمایشتەی خوای بەرزی بێ وێنەش، لە مێژووی مسوڵمانانی ڕابردووو لە واقیعی ئێستاشیاندا، لە خۆر درەوشاوەترە، کە هەمیشە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، بە هەموو جۆرەکانیانەوە، بەتایبەتیی بتپەرستەکانو، بە گشتی تێکڕای ئەوانەی جگە لە خوا دەپەرستن، وێڕای جوولەکەکان، دوژمنی هەرە سەرسەختی ئیسلامو مسوڵمانانن .

دووەم : هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان و جوولەکەکان، سەرسەختترین دوژمنی مسوڵمانانن :

ئەویش ئایەتی ژمارە (٨٢)ی سوورەتی (المائدة)، زۆر بە ڕوونی ڕایگەیاندوە: ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُواْ﴾.

کەواتە: هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، نەك هەر ئەوەندە کە هیچ چاکەو خێرو خۆشییەك بۆ مسوڵمانان بە ئاوات ناخوازن، بەڵکو هەر کاتێك هەلو دەرفەتیان دەست بکەوێ، زۆر سەرسەختانە دژایەتییان دەکەن، وەك بینیمان بووذییە بتپەرستەکان: لە هەرێمی ئەراکان {لە بۆرماو میانمار} چۆن مسوڵمانان دەسووتێنن ! هەروەها لە ئەفریقیا، بتپەرستەکان چۆن مسوڵمانان قەتڵعام دەکەنو دەسووتێنن، ئەو دڵڕەقییەی کە لەو بت

پەرستانەدا هەیە، بەرانبەر بە ئەهلی ئیسلام، مەگەر هەر لە جوولەکەکاندا هەبێ!! ئەوەش هەم لە مێژووی کۆنو هەم لە واقیعی ئێستاماندا، زۆر بە ئاشکرا، دیارە، کە بەڕاستیی هەم جوولەکەکان، هەم هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، ئنجا چ هیندۆسە گا پەرستەکان، چ بتپەرستەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، هەروەها بتپەرستەکانی ئەفریقیا، هەروەها بەشێك نەصرانییەکانی کە عیسا ﷺ دەپەرستن، چەند دڵ پڕ لە قینو بوغزن بەرانبەر بە مسوڵمانان .

<u>سێیەم</u> : هەر کاتێك بوارێك و دەرفەتێکیان دەست بکەوێ، بۆ زیان گەیاندن بە مسوڵمانان، ئەوە ڕەچاوی هیچ جۆرە خزمایەتیی و پەیوەندییەك، هەروەها هیچ جۆرە بەڵێن و پەیمانێك ناکەن :

وەك ئایەتی ژمارە (٨) لە سوورەتی (التوبة)دا ڕوونی کردۆتەوە، کە دەفەرموێ: ﴿لَا يَرْقُبُواْ فِيكُمْ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً﴾، کە وشەی (إلّ) بە مانای : صیلەی ڕەحمو پەیوەندیی خزمایەتیی دێ، هەروەك ﴿ذِمَّةً﴾ەش بەمانای : بەڵێنو پەیمان دێ، واتە: ئەوانە: نە ڕەچاوی خزمایەتیی دەکەن، نە بەڵێنو پەیمان، کاتێك کە دەرفەتیان دەست بکەوێ، بۆ زیان گەیاندن بە مسوڵمانان .

<u>چوارەم</u> : بە زمان و زار دەیانەوێ مسوڵمانان قەناعەت پێ بێنن و، ڕازییان بکەن، بەڵام دڵیان پڕە لە ڕق و کینە بەرانبەریان :

وەك ئایەتی (٨) لە سوورەتی (التوبة)دا، زۆر بە ڕوونیی دەفەرموێ: ﴿يُرْضُونَكُم بِأَفْوَٰهِهِمْ وَتَأْبَىٰ قُلُوبُهُمْ﴾، بە زاریان ڕازییتان دەکەن، (واتە: بە موجامەلەو قسەی سەر زارەکیی)، بەڵام دڵیان پێی ناخۆشە، واتە: دڵیان پڕە لە کینەو بوغزو غەرەز بەرانبەرتان .

پێنجەم و شەشەم: ئایەتەکانی خوا بە بەرانبەرێکی کەم دەگۆڕنەوە، خەڵکیش لە ڕێی ڕاستی خوا لا دەدەن :

وەك لە ئایەتی ژمارە (٩)ی سوورەتی (التوبة)دا هاتوە، کە دەفەرموێ:

﴿ اشْتَرَوْا بِآيَاتِ اللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَصَدُّوا عَن سَبِيلِهِ ﴾.

واتە: ئایەتەکانی خوا بە نرخێکی کەم دەکڕن، یان نرخێکی کەم بە ئایەتەکانی خوا دەکڕن، واتە: ئایەتەکانی خوا دەدەن، لە بەرانبەر نرخێکی کەمدا، خەڵکیش لە ڕێی خوا لادەدەن .

کە بە تەئکید لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان دەسەڵاتیان هەیەو دەستیان دەڕوات، ناهێڵن خەڵك ڕوو بکاتە ئیسلامو ئیمان، ئنجا جاری وایە ڕاستەوخۆ، جاری واش هەیە ناڕاستەوخۆ، هەندێ گرووپو خەڵك دروست دەکەن، کە ئیسلامیان پێ ناشیرین بکەن، کە ئەوەش فێڵێکی زۆر شەیتانانەی کافرەکانە: کەلەکەیان بۆ قووڵ دەکەنو[1]، زەمینە خۆش دەکەن، بۆ گەشەکردنی هەندێك گرووپو خەڵکی توندڕەوو لاڕێو پەڕگیر، کە مایەی ناشیرین کردنی ئیسلامو مسوڵمانانن‌و، مایەی سڵەماندنەوەی خەڵکن لە ئیسلام، کە ئەوەش جۆرێکە لە دژایەتیکردنی ئەهلی کوفرو شیرك، بۆ ئیسلامو مسوڵمانان .

حەوتەم و هەشتەم: ڕەچاوی هیچ خزمایەتیی و هیچ پەیمانێك ناکەن، لەبارەی هیچ بڕوادارێکەوە و ، هەمیشە دژایەتییکردن و دەستدرێژیی و سنوور بەزێنیی ، دەکەنە عادەت ، لە مامەڵەیان لەگەڵ ئیسلام و مسوڵمانانیدا :

ئایەتی پێشتر باسی ئەوەی کرد، کە بەگشتی لە مامەڵەیان لەگەڵ ئیسلامو مسوڵماناندا، ڕەچاوی هیچ خزمایەتیی‌و هیچ پەیمانێك ناکەن، بەڵام ئەمەیان لە مامەڵە لەگەڵ هەر مسوڵمانێکدا بە تاك، ڕەچاوی هیچ

---

١) کەلەکە : تەنیشت، کەلەکەیان بۆ قووڵ دەکەن، واتە: بواریان بۆ دەڕەخسێنن‌و ناڕاستەوخۆ هاوکاریان دەکەن .

خزمایەتیی‌و، هیچ پەیمانێك ناکەن، پاشان دژایەتیی‌و، دەستدرێژیی‌و، سنوورشکێنیی، لە مامەڵەیان لەگەڵ ئیسلام‌و مسوڵمانانda، دەکەنە عادەت‌و نەریتی چەسپاوی خۆیان، وەك لە ئایەتی (١٠)ی سوورەتی (التوبة)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُعۡتَدُونَ ﴾، هەر ئا ئەوانە دەستدرێژكارو سنوور بەزێنن (لە مامەڵەیان لەگەڵ ئیسلام‌و مسوڵماناندا) .

تەوەری حەوتەمو کۆتایی:

جاری وا هەیە مسولمانانیش گیرۆدە دەبن بە هاوبەش بۆ خوا پەیدا کردنەوە : (قَدْ يَتَلَبَّسُ المُسلمون بالشِّرك) :

هەڵبەتە خوا بە یەکگرتن (التوحيد) لەگەڵ هاوبەش بۆ خوا پەیدا کردن (الشرك)، دوو شتی پێچەوانەی یەکدین، واتە: هەر دڵێك خوا بە یەکگرتنی تێدا بێ، جێگای هاوبەش بۆ خوا پەیدا کردنی، تێدا نابێتەوە، هەروەك هەر دڵێك بڕوای تێدا بێ، جێگای بێبڕوایی، تێدا نابێتەوە، چونکە: کوفرو ئیمان پێچەوانەی یەکدیین، هەروەها (شِرك) و (تـوحید)یش، دژی یەکدیین، بەڵام جاری وا هەیە: جۆرێك لە شیرك - کە مەرج نیە یەکسەر ئیمانەکە هەڵبوەشێنێتەوە - زەفەر بە دڵو دەروونی هەندێك لە مسوڵمانان دەبات، لە کاتێکدا کە وەك پێویست، ئیمانو خوا بە یەکگرتن لە دڵو دەروونیاندا سەقامگیرو جێگیر نابێ، وەك ئایەتەکەی سوورەتی (یوسف) - کە ئێمە ئەم بابەتی لێکۆڵینەوە دەربارەی هاوبەش بۆ خوا پەیداکردنمان، هەمووی لەبەر ڕۆشنایی ئەودا هێنا - دەفەرموێ: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴿١٠٦﴾ ﴾.

واتە: زۆربەیان بڕوا بە خوا ناهێنن، مەگەر لە حاڵێکدا کە هاوبەش بۆ خوا دانەر بن .

کە دیارە ئەگەر لێرەدا مەبەست پێی مرۆڤەکان بێ بەگشتی، یاخود هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بێ، بەتایبەت ئەو کاتە مەبەست لە (إيمان)، لە:

﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ ﴾دا، چەمكو واتای زاراوەیی‌و باوی ئیمان نیە، مانا عورفیی‌و زاراوەییە ئیسلامییەکەی، چونکە ئەوە لەگەڵ شیرکدا ناگونجێ، بەڵکو مەبەست پێی مانایەکی زمانەوانیی ئیمانە، واتە: قەناعەت هەبوون (إعتقاد) بە بوونی خوا، یانی: ئەوانە بڕوا ناهێنن بە بەدیهێنەرایەتیی‌و پەروەردگارێتیی خوا، مەگەر لە حاڵێکدا کە هاوبەشی بۆ دادەنێن، لە بەندایەتیی بۆ کردنیی‌و پەرستنیدا .

ئنجا جاری وا هەیە مسوڵمانان لە ئەنجامی بێئاگاییان لە ئیمان‌و لە خوا بە یەکگرتنەکەی خۆیان‌و، چاك ڕۆ نەچوون‌و دانەمەزرانی ئیمان‌و خوا بە یەکگرتن لە عەقڵ‌و دڵیاندا، کەم‌و زۆر جۆرێك، یان چەند جۆرێك لە شیرك، کە مەرج نیە یەکسەر ئیمان‌و تەوحیدەکەیان هەڵبوەشێنێتەوە، دەچێتە عەقڵ‌و دڵیانەوە، هەر بۆیەش خوا ﷻ لە زۆر ئایەتدا، هەروەها پێغەمبەری خواش لە کۆمەڵێك لە فەرمایشتەکانیدا، ئێمەیان ئاگادار کردۆتەوە، ئێمەیان وریا کردۆتەوە، لە گیرۆدە بوون بە شیرکەوە، با چەند ئایەتێك بە نموونە بێنینەوە .

دە (١٠) نموونە لە ئایەتەکانی قورئان، لەبارەی وریابوون لە شیرکەوە

١) خوا ﷻ لە سوورەتی (الزمر)دا، لە ئایەتەکانی: (٦٤و٦٥ و٦٦)دا دەفەرموێ:

﴿ قُلْ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ تَأْمُرُوٓنِّىٓ أَعْبُدُ أَيُّهَا ٱلْجَـٰهِلُونَ ﴿٦٤﴾ وَلَقَدْ أُوحِىَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴿٦٥﴾ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعْبُدْ وَكُن مِّنَ ٱلشَّـٰكِرِينَ ﴿٦٦﴾ ﴾.

{دیارە خوا بە پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ دەفەرموێ:} بڵێ: ئایا ئەی نەفامەکان! فەرمانم پێ دەکەن، کە جگە لە خوا بپەرستم ﴿٦٤﴾ ؟

بە دڵنیاییەوەش سروش کراوە بۆ لای تۆو بۆ لای ئەوانەی پێش تۆش (پێغەمبەرانی پێش تۆش) کە ئەگەر هاوبەش دابنێی (واتە هەر شتێك، یان هەر کەسێك بکەیە هاوبەش لە پەرستنی خوادا) کردەوەکەت هەڵدەوەشێتەوەو تۆ لە زیانباران دەبی ﴿٦٥﴾.

بەڵکو تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا بکەو، لە سوپاسگوزاران بە ﴿٦٦﴾.

٢) هەروەها لە سوورەتی (القصص)، لە ئایەتەکانی: (٨٦ و٨٧ و ٨٨)دا، خوا ﷻ پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەدوێنێ و دەفەرموێ: ﴿ وَمَا كُنتَ تَرْجُوٓا۟ أَن يُلْقَىٰٓ إِلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبُ إِلَّا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ۖ فَلَا تَكُونَنَّ ظَهِيرًا لِّلْكَـٰفِرِينَ ﴿٨٦﴾ وَلَا يَصُدُّنَّكَ

عَنْ ءَايَـٰتِ ٱللَّهِ بَعْدَ إِذْ أُنزِلَتْ إِلَيْكَ ۖ وَٱدْعُ إِلَىٰ رَبِّكَ ۖ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ
﴿٨٧﴾ وَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَـٰهًا ءَاخَرَ ۘ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ كُلُّ شَىْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُۥ ۚ لَهُ ٱلْحُكْمُ
وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٨٨﴾ ﴾.

واتە: تۆ هیچ ئومێدەوار نەبووی كە كتێبت بۆ لا بهاویشترێ، (كتێبت بۆ لا سروش بكرێو بنێردرێ) مەگەر بەهۆی بەزەیی پەروەردگارتەوە (ئەم قورئانەت بۆ هات، ئەگەرنا تۆ هیچ ئومێدەوارییەكت نەبوو، هیچ چاوەڕوانییەكت نەبوو)، بۆیە بە هیچ جۆرێك پشتیوانیی لە بێبڕوایان مەكە ﴿٨٦﴾ .

با هیچ شتێك تۆ لە ئایەتەكانی خوا لانەدات، دوای ئەوەی ئایەتەكانت بۆ نێردراونەتە خوارو، بانگەواز بۆ لای پەروەردگارت بكەو، لە هاوبەش بۆ خوا دانەران نەبی ﴿٨٧﴾ .

لەگەڵ خوادا، لە هیچ پەرستراوێكی دیكە مەپاڕێوە، جگە لەو هیچ پەرستراو نین، هەموو شتێك لە بەین دەچێ، تەنیا ڕووی خوا، (تەنیا زاتی خوا) دەمێنێتەوە، بڕیار هەر هی ئەوەو هەر بۆ لای ویش دەگێڕدرێنەوە ﴿٨٨﴾ .

٣) وە لە سووڕەتی (یونس)، لە ئایەتەكانی: (١٠٤ و ١٠٥ و ١٠٦ و ١٠٧)دا، لەو چوار ئایەتەدا، كە ئێمە لە تەفسیری سووڕەتی (یونس)دا، بە درێژیی توێژیومانەوە، دیسان خوا ﷻ ڕوو لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەكاتو دەفەرمووێ : ﴿ قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمْ فِى شَكٍّ مِّن دِينِى فَلَآ أَعْبُدُ ٱلَّذِينَ تَعْبُدُونَ
مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَـٰكِنْ أَعْبُدُ ٱللَّهَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُمْ ۖ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٤﴾ وَأَنْ أَقِمْ
وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٥﴾ وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا
لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ ۖ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ
فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ ۚ يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ
مِنْ عِبَادِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٧﴾ ﴾.

واتە: بڵێ: ئەی خەڵکینە! ئەگەر ئێوە لە دوو دڵییدان دەربارەی دینداریی‌و بەندایەتیی کردن‌و بەرنامەی من، من ئەو شتانە ناپەرستم کە ئێوە لە جیاتی خوا دەیانپەرستن، بەڵکو بەس ئەو خوایە دەپەرستم، کە ئێوە دەمرێنێ‌و، فەرمانم پێ کراوە کە لە بڕوادارن بم ﴿١٠٤﴾.

فەرمانم پێکراوە کە: ڕووی خۆت ڕێك بکە، بەرانبەر بە ئایین‌و بەرنامەی خوا، بە ساغیی (بە لادانەوە لە هەرچی بەرنامەی ڕێچکەو کوێرە ڕێ هەیە)و، پێم گوتراوە: لە هاوبەش بۆ خوا دانەران نەبی ﴿١٠٥﴾ !

هەروەها پێم گوتراوە: لە جگە لە خوا، مەپاڕێوە، (لە شتێك یان لە کەسێك) کە نە سوودت پێ دەگەیەنێ، نە زیانت لێ دەدات، ئەگەر وا بکەی، بێگومان تۆ لە ستەمکاران دەبی ﴿١٠٦﴾.

ئنجا ئەگەر لە خواوە زیانت پێ بگات، جگە لە خۆی هیچ لا بەرێکی نیەو ئەگەر خوا بیەوێ چاکەیەکیشت بێنێتە ڕێ، ئەوە هیچ بەرپەرچدەرەوەیەك بۆ چاکەو بەخششی خوا نیە، (خوا) هەر کەسێك کە بیەوێ لە بەندەکانی تووشی (خێرو چاکەی) دەکات، ئەو لێبوردەی بە بەزەییە ﴿١٠٧﴾.

٤) هەروەها لە سووڕەتی (الأنعام)، لە ئایەتەکانی: (١٤ و١١٤ و ١٦٤)دا، خوا ﷻ هەر کام لە :

أ- بە دۆستگرتنی ، خوا .

ب- بە حەکەم‌و دادوەرو بڕیار بە دەست ، گرتنی خوا .

ج- بە پەروەردگار گرتنی خوا ﷻ بە تەنیا .

بە پێکهێنەرەکانی ئیمان‌و مسوڵمانەتیی‌و خوا بە یەکگرتن دادەنێ :

١/ لە ئایەتی (١٤)دا، دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا ﴾، واتە: بڵێ: ئایا جگە لە خوا بکەم بە دۆست‌و پشتیوان‌و مشوورخۆرو هاوکاری

خـوّم ؟ واتـه: دەبـێ هـەر خـوا ﷻ دۆسـتو پشـتیـوانو هاوكـارو خۆشەویستو سەرپەرشتیارم بێ .

٢/ لە ئایەتی (١١٤)شدا، دەفەرموێ: ﴿ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْتَغِى حَكَمًا ﴾، واتە: ئایا جگە لە خوا بكەم بە حەكەمو دادوەرو بڕیار بەدەستی خۆم ؟ یانی: هەر دەبێ خوا بە حەكەمو بڕیار بەدەستو بە دادوەر دابنرێ .

٣/ لە ئایەتی (١٦٤)شدا، دەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِى رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَىْءٍ ﴾، واتە: بڵێ: ئایا جگە لە خوا، بە پەروەردگارو خاوەن بخوازم، كە ئەو پەروەردگارو خاوەنی هەموو شتێكە ؟!

٥) وە لە سووڕەتی (الروم) ئایەتەكانی: (٣٠ و ٣١)دا، خوا ﷻ ڕوو لە پێغەمبەری خاتەم دەكات، یاخود ڕوو لە هەر كەسێك دەكات كە قورئان دەخوێنێ، دەفەرموێ: ﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَٱتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَلَا تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ ﴾.

واتە: دەجا ڕووی خۆت ڕێك بكە بەرەو بەرنامە (بەرنامەی خوا)، بە پاكیی‌و بێ خەوشیی ئەو سروشتەی كە خوا خەڵكی لەسەر سروشتاندوە (واتە: ئەو ئایینو بەرنامەیە، پڕ بە پێستە لەگەڵ ئەو سروشتە (فِطرة)ی خوا خەڵكی لەسەر دروست كردوە) گۆڕین نیە بۆ دروستكراوی خوا، ئا ئەوە ئایینو بەرنامەی ڕێكو ڕاستە، بەڵام زۆربەی خەڵكی نازانن ﴿٣٠﴾.

بۆ لای خوا بگەڕێنەوەو پارێزی لێ بكەنو، نوێژ بەرپا بكەنو، لە هاوبەش بۆ خوا دانەران مەبن ﴿٣١﴾.

كەواتە: دەگونجێ مسوڵمانان گیرۆدە ببن بە جۆرێك لە هاوبەش بۆ خوا دانانەوە، چ جۆری گەورەی، كە پێچەوانەی خوای بە یەكگرتنە، كە دیارە ئەو

کاتەش ئەهلی ئیمان نامێننو، لە بازنەی ئیمانو ئیسلام دەچنە دەرێ، - مەگەر مەرجەکان (شروط) نەچەسپابنو پەرچەکان (موانع) لانەچووبی - چ جۆری بچووکی، کە ئەو کاتە وەك نەخۆشییەك دادەنرێ، بۆ ئیمانو خوا بە یەکگرتن، بەلاّم یەکجاریی نابێتە هۆی لەبەینبردنی ئیمانو خوا بە یەکگرتن .

٦) لە سوورەتی (لقمان) ئایەتی (١٣)دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِذۡ قَالَ لُقۡمَٰنُ لِٱبۡنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَٰبُنَيَّ لَا تُشۡرِكۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ﴿١٣﴾ ﴾.

واتە: وە کاتێك لوقمان بە کوڕەکەی خۆی کە ئامۆژگاریی دەکرد، گوت: ئەی کوڕیژگەکەم! ئەی ڕۆڵە شیرینەکەم! هاوبەش بۆ خوا دامەنێ، بێگومان هاوبەش (بۆ خوا) دانان، ستەمێکی مەزنە .

کە بێگومان کوڕەکەی ئیماندار بووەو لوقمان ئامۆژگاریی کردوە، کە خۆی بپارێزێ لە هاوبەش بۆ خوا دانان .

٧) لە سوورەتی (یوسف) ئایەتی (١٠٨)دا، کە پێشتر تەفسیرمان کرد، دەفەرموێ: ﴿ قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِيۖ وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾.

واتە: بڵێ: ئا ئەمە ڕێبازی منە، بانگەواز بۆ لای خوا دەکەم لەبەر ڕۆشنایی دا (بە بەڵگەوە) خۆمو ئەوانەی شوێنم کەوتوونو، پاکیی بۆ خواو، من لە هاوبەش بۆ خوا دانەران نیم .

٨) لە سوورەتی (النساء) ئایەتی (٣٦)دا، خوا ﷻ ڕوو لە مسوڵمانان دەکاتو دەفەرموێ: ﴿ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا وَبِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡجَارِ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡجَارِ ٱلۡجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلۡجَنۢبِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخۡتَالٗا فَخُورًا ﴿٣٦﴾ ﴾.

واتە: خوا بپەرستن‌و هیچ شتێك مەكەنە هاوبەشی‌و، چاکە لەگەڵ باب‌و دایکتاندا بکەن‌و، لەگەڵ ئەوانەی کە نیزیکایەتییتان لەگەڵیان هەیەو لەگەڵ هەتیوان‌و، لەگەڵ نەداران‌و، لەگەڵ دراوسێیەك کە خزمایەتی لەگەڵتان هەیەو، لەگەڵ دراوسێیەك کە بە تەنیشتانەوەیە، {یاخود دراوسێیەکی نیزیك‌و، دراوسێیەکی دوور} و، هاوەڵێك کە هەمیشە لە تەنیشتتەو، ڕێبوارو، ئەوانەی کە لەبەر دەستتانن (دیارە بە پلەی یەکەم کۆیلەو کەنیزەکەکان دەگرێتەوەو، دەشگونجێ هەرکەسێك کە لەبەر دەستتە، وەك خزمەتکارو شاگردو بەردەست بگرێتەوە)، بێگومان هەر کەسێك کە بەفیزو کەشخە بێ‌و، شانازییکەر بێ، بەسەر خەڵکەوە، خوا خۆشی ناوێ .

کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا﴾، دیارە دەگونجێ کە ئینسانی مسوڵمانیش گیرۆدە ببێ بە شیرك‌و هاوبەش بۆ خوا دانانەوە .

٩) هەر لە سوورەتی (الزمر) ئایەتەکانی: (١١ و ١٢ و ١٣ و ١٤ و ١٥)دا، خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنِّىٓ أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿١١﴾ وَأُمِرْتُ لِأَنْ أَكُونَ أَوَّلَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٢﴾ قُلْ إِنِّىٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّى عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٣﴾ قُلِ ٱللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَّهُۥ دِينِى ﴿١٤﴾ فَٱعْبُدُوا۟ مَا شِئْتُم مِّن دُونِهِۦ ۗ قُلْ إِنَّ ٱلْخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْخُسْرَانُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٥﴾﴾.

واتە: بڵێ: من فەرمانم پێکراوە، کە خوا بپەرستم، ملکەچیی خۆمی بۆ ساغ بکەمەوەو خڵتەی پێوە نەهێڵم ﴿١١﴾ .

هەروەها فەرمانم پێکراوە یەکەمینی مسوڵمانان بم، یان: یەکەمینی ئەوانە بم کە بە تەواویی گەردن کەچن بۆ خوا ﴿١٢﴾ .

بڵێ: ئەگەر من سەرپێچیی لە پەروەردگارم بکەم، مەترسیی سزاو ئازاری ڕۆژێکی مەزنم هەیە ﴿١٣﴾ .

بڵێ: من خوا دەپەرستم، گەردن کەچیی خۆمی بۆ ساغ دەکەمەوە ﴿١٤﴾.

ئێوەش ئەوەی کە دەتانەوێ جگە لە خوا (لە خوار خواوە) بیپەرستن، بڵێ: بێگومان زیانبارانی ڕاستەقینە، ئەوانەن کە لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا خۆیانو کەسوکاریان (خۆیانوماڵو خێزانیان) لە دەست دەدەن، ئاگادار بن ! هەر ئەوە زیانباریی ڕوونو ئاشکرایە ﴿١٥﴾ .

١٠) دەقی کۆتایی ئایەتی (٨٢)ی سوورەتی (الأنعام)ە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٨٢﴾﴾.

واتە: ئەوانەی بڕوایان هێناوەو ستەمیان تێکەڵ بە ئیمانەکەیان نەکردوە، ئا ئەوانە هێمنییو دڵنیاییان بۆ هەیەو ئا ئەوانە ڕێگای ڕاستگرتووانن .

وەك دوایی باسی دەکەین: مەبەست لە ستەم (ظُلم) کە دەفەرموێ: ﴿وَلَمْ يَلْبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ﴾، ستەمیان لەگەڵ ئیمانەکەیان تێکەڵ نەکردوە، هاوبەش بۆ خوا دانان (شرك)ە.

بێگومان ڕووی دواندن لەم ئایەتانەدا هەموویان، بەگشتی لە ئەهلی ئیسلامو ئەهلی ئیمانە، یان هەر مرۆڤێکە کە دەویستری ببێتە ئەهلی ئیمانو ئەهلی ئیسلامو بەندایەتیی ڕاستەقینە بۆ خوا بکات، یاخود بە تایبەت ڕووی دواندن لە پێغەمبەری خاتەمە ﷺ، بەڵام بێگومان پێغەمبەرەکەی خاتەم لە لووتکەی خوا بە یەکگرتنو ئیماندا بووە، کەواتە: کە خوا عزّوجل پێغەمبەری ﷺ دەدوێنێ، مەبەست پێی شوێن کەوتووانی، یاخود مەبەست پێی خەڵکە بەگشتی، کە: ئەوەتا خوا ﷻ لە پێغەمبەری خاتەمیش، کە سەروەری پێغەمبەرانەو باشترین ئینسانەو، چاکترین بەندەی خوا بووەو، لە هەموو کەس لە خوا نیزیکتر بووە، لەویش قبووڵ ناکات، کە کەمو زۆر گیرۆدە ببێ بە هاوبەش بۆ خوا دانانەوە، کەواتە: خەڵکی دیکە لە پێشترە کە لێیان قبووڵ نەکرێ، ئنجا دیارە ئەگەر هاتباو نەگونجابایە: بڕواداران کەمو زۆر گیرۆدە ببن بە هاوبەش بۆ خوا دانانەوە، ئەو کاتە هیچ پێویستیی

نەدەکردو، هیچ پاساو نەبوو، کە خوا ﷻ بەو شێوەیە پێغەمبەری خاتەم ﷺ و بڕواداران بدوێنێ .

هەڵبەتە وەك پێشتریش گوتمان: مەبەست لە وشەی (ظُلم) لە قسەی خوای بەرزدا، کە دەفەرموێ: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ﴾، شیرکە، وەك لەو بارەوە لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە، کە ئێمە دوو ڕیوایەتی لێ دێنین :

یەکەم: {عَن عبدالله بن مَسْعُودٍ رضي الله عَنْهُ، قَالَ: لَما نَزَلَتْ: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ ﴿٨٢﴾﴾، قَالَ أَصْحابهُ وَأَيُّنا لَمْ يَظلِم نَفْسَهُ! فَنَزَلَت: ﴿إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ﴾} {أَخْرَجَهُ البُخارِيُّ برقم: (٤٨٢٨)} .

واتە: عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: کاتێك ئەم فەرموودەیەی خوا هاتە خوار: (ئەوانەی بڕوایان هێناوەو، ئیمانەکەیان لەگەڵ ستەمدا تێکەڵ نەکردوە)، هاوەڵەکانی (پێغەمبەر ﷺ) گوتیان: ئنجا کام لە ئێمە ستەمی لە خۆی نەکردوە! (وایانزانیوە مەبەست لە زوڵم، گوناح کردنە، بۆیە گوتوویانە: کام لە ئێمە گوناهێکی نەکردوە؟! ئنجا ئەگەر ئەوانە دڵنیاییان بۆ نەبێ، مانای وایە کەسمان دەرناچین)، بۆیە ئەم ئایەتە هاتە خوار: ﴿إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ﴿١٣﴾﴾لقمان، بێگومان هاوبەش بۆ خوا دانان ستەمێکی مەزنە .

دووەم: {عَنْ عَبْدِ اللهِ قَالَ: لَما نَزَلَتْ هَذِهِ الآيَة: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ ﴿٨٢﴾﴾، شَقَّ ذَلِكَ عَلَى الناسِ، وَقَالُوا: يا رَسولَ اللهِ! فَأَيُّنا لا يَظْلِمُ نَفْسَهُ، قَالَ إِنَّهُ لَيسَ الَّذِي تَعْنُونَ، أَلَمْ تَسْمَعُوا ما قَالَ الْعَبْدُ الصَّالِحُ: ﴿يَٰبُنَيَّ لَا تُشۡرِكۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ﴿١٣﴾﴾لقمان، إِنَّما هُوَ

الشِّرْكُ}، {أخرجه أحمد برقم: (٣٥٨٩) تعليق شعيب الأرنؤوط : إسناده صحيح على شرط الشيخين }.

واتە: عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: کاتێك ئەم ئایەتە هاتە خوار: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ ﴿٨٢﴾﴾، ئەوە لەسەر دڵی خەڵك زۆر قورس بوو، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! کام لە ئێمە ستەمی لە خۆی نەکردوە ! (واتە: کام لە ئێمە تووشی گوناح نەبووە !)، ئەویش فەرمووی: مەبەست پێی ئەوە نیە کە ئێوە لێی تێگەیشتوون، ئایا گوێتان لێ نەبووە بەندە چاکەکەی خوا (مەبەست لوقمانە) چی گوتوە ! (ئەی ڕۆڵە شیرینەکەم ! هاوبەش بۆ خوا دامەنێ، بێگومان هاوبەش دانان ستەمێکی مەزنە) ؟!

مەبەست لە (ظُلم) لە ئایەتەکەدا شیرك‌و هاوبەش بۆ خوا دانانە، هەڵبەتە وشەی (ظُلم) وەك پێشتریش باسمان کردوە، بە مانای گوناح دێ، بە ڕەهایی، چ گوناهێك کە ئینسان لە مابەینی خۆی‌و خوای خۆیدا بیکات، چ لە نێوان خۆی‌و خەڵکدا بیکات، کە ئەو کاتە دەبێتە دەستدرێژیی، هەروەها بە مانای شیرکیش دێ، کە دیارە شیرك گەورەترین جۆری گوناحە، بەڵام بە پێی سیاق دەزانین کە ئایا (ظُلم) گوناهێکە لە نێوان بەندەو خوای پەروەردگاردا، یاخود لە نێوان بەندەو بەندەکانی دیکەدا، یاخود مەبەست پێی شیرکە، کە گەورەترین جۆری گوناهە .

ئەمانە دە (١٠) نموونە بوون لەو ئایەتانەی قورئان، کە زۆر بە ڕوونیی دەریدەخەن: دەگونجێ مسوڵمانان گیرۆدە ببن بە جۆرێك لە هاوبەش بۆ خوا دانانەوە، کە وەك گوتم ئەگەر هاوبەش بۆ خوا دانانی گەورە بێ (الشرك الأكبر)، ئەو کاتە ئیمانەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام ئەگەر شیرکی گچکە بێ، هەرچەندە تێکەڵ بە ئیمانەکەیان دەبێ، بەڵام ئیمانەکەیان لەبەین نابات‌و بەس نوقسانی دەکات .

حەوت فەرموودە وەك نموونە لە بارەی شیركەوە :

با چەند فەرموودەیەكی پێغەمبەر ﷺیش بێنینەوە لەوبارەوە، كە من حەوت فەرموودەم بە نموونە هێناون :

یەكەم: {مَنْ ماتَ يُشْرِكُ باللهِ شَيْئاً دَخَلَ النارَ}،{مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البُخارِيُّ برقم: (١١٨١)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٢٧٨)}.

واتە: هەر كەسێك بمرێ لە حاڵێك دا هاوبەش بۆ خوا دابنێ، شتێك بكاتە هاوبەشی خوا، دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە .

كەواتە: بابای هاوبەش بۆ خوا دانەر، دەربازی نابێ‌و، لە دواڕۆژدا شوێنی دۆزەخە، كە بە تەئكید لێرەدا مەبەست پێی شیركی گەورەیە .

دووەم: {أَنـا أَغْنَى الشُّرَكاءِ عَنِ الشِّرْكِ، فَمَنْ عَمِلَ لِي عَمَلاً أَشْرَكَ فِيْهِ غَيْرِيْ، فأَنا مِنْهُ بَرِيْءٌ}،{أَخْرَجَهُ مُسْلِم برقم: (٢٩٨٥)، وَابن ماجَهْ برقم: (٤٢٠٢)}.

واتە: من دەوڵەمەندترینی دەوڵەمەندانم، لە هاوبەشێتیی دا، هەر كەسێك كردەوەیەك بكات بەشی جگە لە منی تێبخات، ئەوە من بەرییم لەو، (بەشەكەی خۆشم دەدەم بەو).

واتە: خوای پەروەردگار ڕازی نابێ عیبادەتێك بۆ خوا بكرێ، بەشی غەیری خوای تێبخرێ، هەر كردەوەیەك شیرك‌و ڕیای تێكەڵ بوو، ئەوە خوای پایەدار نایەوێ .

سێیەم: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {أَللَّهُمَّ لا تَجْعَلْ قَبْرِي وَثَنا، لَعَنَ اللَّهُ قَوْما اتَّخَذُوا قُبورَ أَنْبِيائِهِمْ مَساجِدَ}،{أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٧٣٥٢)، تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده قوي}.

واتە: ئەی خوایە! گۆڕەكەی من مەكە بە بت‌و صەنەم، نەفرینی خوا لە كۆمەڵێك بێ كە گۆڕەكانی پێغەمبەرانی خۆیانیان ﷺ كردنە مزگەوت .

چوارەم: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {اَللَّهُمَّ لا تَجْعَلْ قَبْرِي وَثَناً يُعبَدُ} {أَخْرَجَهُ مالِك برقم: (٥٩٣)، عَن عطاءِ بن يسار مرسلاً، وَصَحَّحَهُ الألباني} .

واتە: ئەی خوایە! گۆڕەکەم مەکە بە صەنەمێك کە بپەرسترێ .

ئەمە مالیك لە (عطاء)ەوە بە مورسەلیی هێناویەتی .

پێنجەم: {لَعَنَ اللهُ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى، اتَّخَذوا قُبورَ أَنْبِيائِهِمْ مَساجِدَ}، {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١٨٨٤)، وَالبُخارِيُّ برقم: (٤٢٥)، وَمُسْلِمٌ برقم: (٥٣١)، وَالنَّسائِيُّ برقم: (٧٠٣)} .

واتە: نەفرینی خوا لە جوولەکەو نەصرانییەکان بێ، کە گۆڕەکانی پێغەمبەرانی خۆیانیان کردنە مزگەوت .

واتە: کردنە پەرستگاو وەك بتو صەنەمێك مامەڵەیان لەگەڵدا کردن .

شەشەم: {لا تُشرِك بِاللهِ شَيْئاً، إن عُذِّبتَ وحُرِّقتَ}، {أَخْرَجَهُ البَيْهَقِيُّ برقم: (١٤٥٥٤)، وَعَبْدُ بن حُمَيْد برقم: (١٥٩٤)، وَالبَيْهَقِيُّ فِي (شعب الإيمان) برقم: (٧٨٦٥) وَحَسَّنَهُ الألباني في (صحيح الترهيب والترغيب) رقم (٥٦٩)} .

واتە: هیچ شتێك مەکە هاوبەشی خوا، ئەگەر ئەشکەنجەش بدرێی‌و بشسووتێنرێی .

حەوتەم: کۆتا دەق کە لەوبارەوە دەیهێنین، ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ کە دەفەرمووێ: {اَللَّهُمَّ! إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أُشْرِكَ بِكَ وَأَنا أَعْلَمُ، وَأَسْتَغْفِرُكَ لِما لاَ أَعْلَمُ}، {أَخْرَجَهُ البُخارِيُّ في (الأدب المُفرد) برقم: (٥٥٤)، وَصَحَّحَهُ الألباني} .

واتە ئەی خوایە! من پەنات پێ دێنم کە شتێکت بکەمە هاوبەش، کە بیزانم‌و، داوای لێبوردنت لێ دەکەم بۆ شتێك کە نەیزانم .

هەڵبەتە لێرەدا ئەو پاڕانەوەیەی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەیە کە ئێمە فێربکات، ئەگەرنا بێگومان پێغەمبەر ﷺ هەمیشە زانیویەتی کە شیرك

پەنهانەکەی‌و ئاشکرایەکەی، جۆری گەورەی جۆری بچووکی چییە؟ بەلاَم ویستوویەتی ئێمە فێری ئەو دوعایە بکات .

یاخود پێغەمبەر ﷺ دووربینیی کردوەو زێدە (إحتیاط)ی کردوە لەوەدا کە نەوەك خەتەرمیەك قسەیەك، ڕەفتارێکی لێ بپشکوێتەوە، بۆنی شیرکی لێ بێ، با شتێکی زۆر بچووکیش بێ، ئنجا هیچ گومانی تێدا نیە کە مسولّمان هەتا ئیمان لە عەقلّ‌و دلّیدا ڕۆچووترو دامەزراوتر بێ‌و، خوا بە یەکگرتن لە دەروونییدا ڕیشەدارتر بێ، بەهۆی شوێنکەوتنی بۆ کتێبی خوا ﷻ‌و پەیڕەویی کردنی لە ڕێبازی پێغەمبەرەکەیەوە ﷺ، دوورتر دەبێ لە بۆنی شیرك‌و لە هەموو جۆرەکانی شیرك، چ ئاشکرا بن، چ پەنهان بن، چ گەورە بن، چ گچکە بن، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە: تاکو ئینسان ئیمانەکەی بێ هێزتر بێ‌و، خوا بە یەکگرتن لە عەقلّ‌و دلّیدا دانەمەزراوتر بێ، بێگومان لە هاوبەش بۆ خوا دانانەوە، نیزیکتر دەبێ .

شایانی باسیشە: لە مێژووی ئۆممەتی ئیسلامیی دا، بەشێك لە مسولّمانان: کەم‌و زۆر جۆرەکانی شیرك بە گەورەو بە بچووکیانەوەو بە ئاشکراو بە پەنهانیانەوە، هاتۆتە نێو دینداریيانەوە .

دوو ڕێی سەرەکییش کە شیرك لێیانەوە، هاتۆتە نێو دینداریی مسولّمانانەوە، بریتین لە: شیعەگەریی‌و صۆفییگەریی، شیعە بەگشتی جگە لە زەیدیی‌و، ئەو ئەهلی تەصەووفەش کە پابەند نەبوون بە قورئان‌و سوننەت‌و شەریعەتەوەو، داهێنان‌و لادانیان کردۆتە پیشە، لەو دوو ڕێیەوە، خەلّتەو خالّی زۆر هاتۆتە نێو دینداریی مسولّمانانەوە، بەلاَم دووبارەی دەکەمەوە: صۆفییگەرییەکی دوور لە قورئان‌و سوننەت، ئەگەرنا زۆرێك لە پێشەوایانی بواری تەزکیەو تەصەووف، لە لووتکەی هەرە بەرزی خوا بە یەکگرتندا بوون‌و، بە هەموو شێوەیەك دوور بوون لە هەموو جۆرەکانی شیرك بە گەورەو بچووکیەوە، بەلاَم لە ئەنجامی لادانی شوێنکەوتووانیاندا، یاخود زێدەڕۆیی‌و تێپەڕاندنیان لە خۆشویستن‌و بە ڕێزگرتن‌و بە بەرزو پیرۆزگرتنی شێخەکانیاندا، تووشی شیرك بوون .

بە نسبەت شیعەشەوە: ئەوە هەر دیارە کە ئەسڵی بیرۆکەو ڕێچکەکەیان بە داخەوە، بریتیە لە تێپەڕاندن لە خۆشویستنی ئەهلی بەیتو لە زانایانی بنەماڵەو خانەوادەی پێغەمبەری خوادا ﷺ، کە ئەوانیش هەروەك زانایانی دیکە بوون، بەلام ئەوانە دوازدەیانیان بە پارێزراو زانیون لە گوناهو هەڵەو، زۆر بە بەرزیان گرتوون، بەڵکو هەندێکیان، هەندێك لە زاناو پێشەوایەکانی خۆیانیان پێ وابووە لە پێغەمبەرانیش بەرزترنو پێیان وایە: پایە (شان)ێکیان هەیە، گوتوویانە: هیچ فریشتەیەکی لە خوا نیزیكو، هیچ پێغەمبەرێکی ڕەوانەکراو، نایگاتێ (لَهم مقامٌ لا يَبْلُغُهُ ملَكٌ مُقَرَّب ولا نبيٌ مُرسَلٌ)[1] کە ئەوە قسەیەکی بێ بنەمایەو، لە ڕاستییدا خەیاڵو وەهمێکەو، پشت ئەستوور نیە بە هیچ بەڵگەیەکی شەرعیی !.

لە کۆتاییدا دەڵێم: زۆر خوێندنی هەردووك سووڕەتی خوا بەیەکگرتن (التوحيد)، (الكافرون) و (الإخلاص) لەگەڵ تێوە ڕامانو لێوردبوونەوەدا، کاریگەرییەکی زۆر مەزنی هەیە، لەوەدا کە خوا بە یەکگرتن، هەم لە ڕووی زانستییو هەم لە ڕووی کردەییو حاڵەوە، زیاتر لە عەقڵو دڵی ئینساندا بچەسپێو، تارمایی هاوبەش بۆ خوا پەیدا کردن، بە هەموو شێوەکانیەوە، دوور بکەوێتەوە، هەر بۆیەش پێغەمبەری خاتەم ﷺ ئەو دوو سووڕەتەی لە نوێژە سوننەت (مَندوب)ەکانی دا، زۆر دەخوێندن .

سووڕەتی (الإخلاص)یش ئەمە دەقەکەیەتی :

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ
۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤﴾.

---

١) بڕوانە (الحكومة الإسلامية) للخميني، ص ٥٢ ، ط : القاهرة : ١٩٧٩، کە ئەوە دەقی قسەکەیەتی : { وقد ورد عنهم عليهم السلام : إن لنا مع الله حالاتٍ لا يَسَعُها ملَكٌ مقرَّب ولا نبيٌّ مرسل} .

سوورەتی (الکافرون)یش ئەمە دەقەکەیەتی :

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١﴾ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ﴿٢﴾ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٣﴾ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ﴿٤﴾ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ﴿٥﴾ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ ﴿٦﴾﴾.

سوورەتی (الإخلاص) بە بێ (بسم الله الرحمن الرحيم)، چوار ئایەتەو سوورەتی (الکافرون) بە بێ (بسم الله الرحمن الرحيم)، شەش ئایەتە.

ئنجا سوورەتی (الإخلاص) خوا بە یەکگرتنی زانیاریی (التوحيد العلمي) دەگرێتە خۆی، بە باشترین شێوە، مانایەکەشی بە کورتیی بەم شێوەیە :

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە .

بڵێ: ئەو خوایەکی تاکە (خوایەکە) ﴿١﴾، جێی نیازەو بێ نیازە ﴿٢﴾ ، کەسی لێ نەبووە، لە کەسیش نەبووەو ﴿٣﴾، هیچ کەسیش هاوتای وی نیە ﴿٤﴾ }.

مانای کورتیی: ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ﴾یش، بەم شێوەیە :

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە .

بڵێ: ئەی ئەوانەی بێبڕوان ! ﴿١﴾، ئەوە ناپەرستم کە ئێوە دەیپەرستن﴿٢﴾، ئێوەش پەرستەری ئەوە نین، کە من دەیپەرستم ﴿٣﴾، منیش پەرستەری ئەوە نابم (لە داهاتوودا) کە ئێوە پەرستووتانە ﴿٤﴾، ئێوەش پەرستەری ئەوە نابن، کە من پەرستوومە، (یان دەیپەرستم لە داهاتوودا) ﴿٥﴾، بەرنامەی خۆتان بۆخۆتان، بەرنامەی خۆشم بۆخۆم ﴿٦﴾ .

هەڵبەتە ئەم ئایەتەی کۆتایی سوورەتی (الکافرون) کە دەفەرموێ: ﴿لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ﴾، کە پێشتر کافرەکانی دواندوون، ئەوە دەگەیەنێ کە هەرچی مرۆڤی کافرو بێ بڕوایە، هەمووی دینێکی هەیە، بەرنامەیەکی

هەیە، لەسەری دەڕوات، چونكە مانا عورفییەكەی (دین)، واتە: دینێك كە لە خواوە هاتبێ، بەڵام (دین) لە ئەسڵی زمانی عەرەبییداو لە بەكارهێنانی قورئاندا، كە ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوە، یانی: بەرنامەی ژیان، ئنجا ئەو بەرنامەی ژیانە، ئەگەر لە خواوە هاتبێ، ئەوە دەگوترێ: ئایینو بەرنامەیەكی خوایی، ئنجا ئەگەر لە خواوە هاتبێو وەك خۆی مابێتەوە، ئەوە دەگوترێ: دینی ڕاستو ساغو دەستكاریی نەكراو، كە لەم ڕۆژگارەدا تەنیا ئیسلامە، بەڵام ئەگەر دەستكاریی كرابێ، وەك هەموو ئەو بەرنامە ئاسمانییانەی كە دەستكاریی كراون، كتێبەكانیان گۆڕدراون، بەتایبەت جوولەكەیی (یهودیة)و گاورایەتیی (نصرانیة)و هەموو ئەوانەی دیكە كە خۆیان بە خاوەنی ئایینی خواییو ئاسمانیی دەزانن، ئەوە دەگوترێ: ئایینێكی خواییو ئاسمانیی هەیە، بەڵام شێوێنراوەو تێكدراوە .

ئەگەر لە ئەسڵیشدا خوا داینەنابێو مرۆڤ دابینابێ، پێی دەگوترێ: دینێكی مرۆڤكرد، كە بێگومان هەر كام لە: لیبرالیزمو سۆسیالیزمو كاپیتالیزمو سیكۆلاریزمو گلۆبالیزمیشن، دەچنە نێو ئەو چوارچێوەیەوە، چونكە هەموویان بەرنامەی ژیانن، هەروەها سەرجەم ئەو بیرۆكانەی كە دەكرێنە بەرنامەی ژیانو، جۆرێك لە بووننناسیی (جیهانبینیی) بە مرۆڤ دەدەنو، جۆرێك لە ئیعتیقادو عەقیدەی پێدەدەن، هەروەها چەند بەهایەكی پێ دەدەن، كە بە بەهای بەرزیان دەزانێو، حەڵاڵو حەڕامی بۆ دیاریی دەكەنو، چاكەو خراپەی بۆ دیاریی دەكەن، ئەوانە هەموویان بە دینو بە بەرنامەی ژین، لەقەڵەم دەدرێن .

بەڵێ وەك گوتمان: خوێندنی ئەم دوو سوورەتە، سوورەتی (الكافرون)، سوورەتی (الإخلاص) زۆر دەبنە مایەی ئەوە، كە خوا بە یەكگرتن (توحید) لە عەقڵو دڵی ئینساندا ڕۆ بچێو ڕیشەدار بێ، بۆنو تارماییو سێبەری شیركو هاوبەش بۆ خوا دانانی لێ دوور بكەوێتەوە .

ئنجا دیارە زانیاریی (علم) لە پێش كردەوە (عَمَل)ەوەیە، زانین لە پێش توانینەوەیە، بەڵام ئایا بۆچی سوننەتە: سوورەتی (الكافرون) لە ڕكاتی یەكەمداو لە ڕكاتی دووەمدا سوورەتی (الإخلاص) بخوێندرێ، لە نوێژە سوننەتەكاندا ؟!

چونکە : ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئینسان بە کردەوە خوا بە یەکگر (موحِّد)بێو، بە کردەوە بەندایەتیی تەنیا بۆ خوا بێ، ئنجا لە ڕاستییدا زانینەکەش هەر بۆ توانینەکەیە، بۆیە پێویستە مرۆڤ حەق بزانێ، بۆ ئەوەی حەق بتوانێو، ئینسان پێویستە حاڵی بێ، تاکو حاڵی بوونەکە لە خۆیدا بکاتە حاڵ، ئنجا ئەوەیان کە گرنگترە، کە خوا بەیەکگرتنی کردەیی (التوحید العَمَلِيّ)یەو، لە سوورەتی (الكافرون) دایە، پێغەمبەری خوا ﷺ پێشی خستوەو، ئەوی دیکە کە خوا بە یەکگرتنی زانستییو ئیعتقادیی ڕوون دەکاتەوە، کە سوورەتی (الإخلاص)ە، خستوویەتە ڕکاتی دووەمەوە .

لێرەشدا دێینە کۆتایی توێژینەوەمان دەربارەی هاوبەش بۆ خوا دانان .

<u>مەسەلەی پێنجەم</u> : هەڕەشە کردنی خوای باڵادەست لە بێبڕوایان، کە نەدەبوو دڵنیابن لە بەڵای داپۆشەری خوا لە دنیادا، یان: کە ئاخیر زەمانی کتوپڕیان بەسەردابێ :

وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ أَفَأَمِنُوٓاْ أَن تَأۡتِيَهُمۡ غَٰشِيَةٞ مِّنۡ عَذَابِ ٱللَّهِ أَوۡ تَأۡتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغۡتَةٗ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿١٠٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە لە سێ بڕگەدا

<u>١) -</u> ﴿ أَفَأَمِنُوٓاْ أَن تَأۡتِيَهُمۡ غَٰشِيَةٞ مِّنۡ عَذَابِ ٱللَّهِ أَوۡ تَأۡتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغۡتَةٗ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴾، دیارە ئەم هەمزەیە (أ) پێی دەگوترێ: هەمزەی پرسیار کردنی نکوولیی لێکەرانە، واتە: ئایا دڵنیان کە داپۆشەرێك لە سزای خوا بەسەریاندا بێ؟ یانی: نەدەبوو دڵنیابن .

(الغاشية: الحادثة التي تحيط بالناس، والعرب يؤنّثون هذه الحوادث: الطامة، الصاخة، الداهية، المصيبة)، وشەی (غاشية) ناوێکە کە دەورەی خەڵك دەداتو خەڵك دادەپۆشێ، عەرەب عادەتیان وایە کە ئەو کارەساتە

مەزنانەی خەڵك لە دەستیان ڕزگاری نابێ‌و لە بەینیان دەبات، بە شێوەی مێینەی مەجازیی دەیانهێنن، وەك:

١/ (الطامة) بەڵایەك كە زۆر گەورەو بێ ئامانە .

٢/ (الصاخة) دەنگێك‌و بەڵایەكی گەورە كە گوێی خەڵك كەڕ بكات .

٣/ (الداهية) كارەساتێكی بیرەزا .

٤/ (المصيبة) بەڵایەكی گەورە .

ئەو جۆرە وشانەش زۆرن.

كەواتە: ﴿ أَفَأَمِنُوٓاْ أَن تَأۡتِيَهُمۡ غَٰشِيَةٞ مِّنۡ عَذَابِ ٱللَّهِ ﴾، ئایا دڵنیان كە بەڵایەكی داپۆشەر لە سزای خوا بۆیان بێ؟ واتە: نەدەبوو دڵنیابن؟ ئەوان ئەگەر لەسەر ئەو بێبڕواییە بەردەوام بن، دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بكەن: خوا سزایان بدات، بەڵایەكیان بۆ بنێرێ كە دایان بپۆشێ‌و، لە چنگی قوتار نەبن .

٢) - ﴿ أَوۡ تَأۡتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغۡتَةٗ ﴾، یاخود ئاخیر زەمان (ساعة) كتوپڕ بۆیان بێ، زۆربەی تەفسیرەكان وشەی (ساعة) هەر بە (قيامة) لێكدەدەنەوە، كە لە ڕاستییدا (ساعة) ئەو كارەساتەیە كە دەبێتە هۆی تێكچوونی ئەو سیستەمەی دنیا، كە ئێستا هەیە، ئەم كەون‌و كائیناتە هەمووی لەبەین دەچێ، (ساعة)ش بەهۆی فووی یەكەمی ئیسرافیل بە كەڕەنادا، دێتەدی، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخۡرَىٰ فَإِذَا هُمۡ قِيَامٞ يَنظُرُونَ ٦٨ ﴾الزمر، واتە: فوو بە كەڕەنادا كرا (یانی : بۆ جاری یەكەم) یەكسەر هەر كەس لە ئاسمانەكان‌و زەویدایە، بێهۆش كەوتن، جگە لەوانەی خوا بیەوێ، (بێهۆش نەبن) دوایی بۆ جارێكی دیكە فووی پێدا كرا، یەكسەر هەموویان هەڵسانەوە، تەماشایان دەكرد .

كەواتە: (قيامة) یانی: هەڵسانەوە، بەڵام (ساعة) واتە: ئەو كاتە دیاریی كراوەی، كە دنیای تێدا كۆتایی دێ .

ئنجا دەفەرموێ: یاخود ئایا دڵنیان کە کتوپڕ، لەنەکاو، دنیایان بەسەردا وێران بێ ؟!

ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (الأعراف)، لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا، کە دەفەرموێ: ﴿لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً ﴿١٨٧﴾﴾، واتە: ساعەتان بۆ نایەت، مەگەر زۆر بە کتوپڕیی‌و لەنەکاو بەبێ چاوەڕوان کردن، لەوێدا بە تەفصیلێ، باسمان کردوەو فەرمایشتی پێغەمبەرمان ﷺ لەوبارەوە هێناوە .

(البغتة: الفجأة وإصابة من حيث لم يُتوقَّعْ)، (بغة) واتە: کتوپڕ، بەڵایەك کە تووشت ببێ، بەبێ ئەوەی پێشبینیی بکەی .

٣) - ﴿وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾، واتە: لە حاڵێکدا کە ئەوان هەست پێناکەن، پێشبینیی ناکەن، ئەمە هەر وەك جەخت کردنەوەو تۆخکردنەوەی ئەوەی پێشێیە، کەواتە: یان بەڵای دەورە دەری قوتار نەکەر، یاخود ئاخیر زەمانی ناگەهان، دڵنیا مەبن کە یەکێك لەم دووانەتان بەسەر نەیەت، چ لە دنیادا سزای داپۆشەری دەورە دەرتان بۆبێ، چ دواتان بخات تاکو (ساعة) دێ، کە بە تەئکید ئەگەر ئەوەی یەکەمیشیان نەیەت، ئەوەی دووەمیان دێ‌و مسۆگەرە .

کە دیارە ئەوەش هەمووی بۆ هۆشداریی پێدان‌و وریا کردنەوەو ڕاچڵەکاندنیانە، لە خەوی بێئاگایی .

مەسەلەی شەشەم : فەرمان کردنی خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ کە ڕێبازی خۆی‌و شوێنکەوتووانی بە خەڵك بناسێنێ، کە بریتییە لە: بانگەوازکردن بۆ لای خوا، بە بەڵگەوەو لەبەر ڕۆشنایی داو خوا بە پاکگرتن‌و، دووریی گرتن لە هاوبەش بۆ خوا دانان :

وەك خوا فەرموویەتی : ﴿قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾﴾.

تـوێـژیـنـەوەی ئـەم ئـایـەتـە لـە پـێـنـج بـڕگـەدا

١) - ﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ ﴾، خوا ﷻ بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: تۆ بڵێ: ئا ئەمە ڕێبازی منە، واتە: ئەوەی کە ڕابردو باسکرا، ئا ئەوە ڕێبازی منە، یاخود ئەوەی کە دوایی دێ، ئەوە ڕێبازی منە، ئنجا لێرەدا وشەی (سبیل) بە مێینە (مؤنَّث) هاتوە، لە زمانی عەرەبییدا هیچ وشەیەك نیە کە بە نێرینە، یان مێینە لە قەڵەم نەدرێ، بەڵام (مُذكَّر) و (مؤنَّث)ی مەجازیی، ئنجا لێرەدا وشەی (سبیل) بە مێینە هاتوە، جاری واش هەیە ئەم وشەیە بە نێرینە هاتوە، وەك لە سوورەتی (الأعراف)دا دەفەرموێ: ﴿وَإِن يَرَوْاْ سَبِيلَ ٱلرُّشْدِ لَا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا وَإِن يَرَوْاْ سَبِيلَ ٱلْغَىِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا ﴿١٤٦﴾﴾، واتە: ئەگەر ئەوانە سەر ڕاستیی ببینن، نایکەنە ڕێبازی خۆیانو نایگرنە بەر، بەڵام ئەگەر ڕێی بێمرادیی ببینن دەیکەنە ڕێبازیان .

لێرەدا وشەی (سبیل) بە نێرینە (مذكَّر) هاتوە .

٢) - ﴿ أَدْعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ ﴾، بانگەواز بۆ لای خوا دەکەم بە بەڵگەوە، بە بەرچاو ڕۆشنییەوە .

(البَصِيرَةُ: فَعِيلة بمعْنَى فَاعِلة، أي: الحُجَّة الواضحة)، (بصيرة) لەسەر کێشی (فعيلة)یە، بە مانای (فاعلة) دێ، (بصيرة) واتە: بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشکرا، یاخود (البصيرة: المعرفة التي يتميَّز بها الحق من الباطل)، (بصيرة) بریتیە لەو زانستەی کە بەهۆیەوە هەقو بەتاڵ، ڕاستو چەوت، لێك جیادەبنەوە .

کەواتە: ڕێبازی من ئەوەیە کە لەبەر ڕۆشنایی دا خەڵك بەرەو لای خوا بانگ دەکەم، ئنجا بۆچییان بەرەو خوا بانگ دەکات؟ بۆ ئەوەی بەندەی خوابن، چونکە مرۆڤ ئەگەر بەندەی خوابێ، ئازادو ئازا دەبێ،

سەرفرازو بەختەوەر دەبێ، لە دنیاو دوارۆژدا، بەڵام ئەگەر بەندەی خوا نەبێ، دەبێتە کۆیلەی مرۆڤێکی وەك خۆی، یان لە خوار مرۆڤیشەوە، وەك شەیتانێك، ماددەیەکی بێ ژیان، ئەستێرەو خڕۆکەیەك، ژیاندارێك، ڕووەکێك، هەواو ئارەزوویەك .

٣) - ﴿أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِي﴾، (خەڵك بەرەو خوا بانگ دەکەم)، خۆمو ئەوانەی شوێنم کەوتوون، ئەوە پیشەمانە، کەواتە: شوێنکەوتووانی پێغەمبەر ﷺیش لەسەریان فەرزە: بەرچاو ڕوونو شارەزاو ئاگاداربن لە بەرنامەکەی خۆیان، کە خەڵکی بۆ بانگ دەکەن، پاشان لەسەریان پێویستە، هەمان ئەو پەیامو بەرنامەیەی کە پێغەمبەری خاتەمی پێشەوایانو سەر مەشقیانو پەیڕەویی لێکراویان، گەیاندوویەتی بە خەڵك، ئەوانیش لە قەدەر خۆیان ئەوەندەی کە لێی دەزانن، ئەو پەیامو بەرنامەیە بە خەڵك بگەیەنن، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتوە، کە فەرموویەتی: {بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً}، {أَخْرَجَهُ أَحْمَد بِرقم: (٦٤٨٦)، وَالبُخَارِيُّ بِرقم: (٣٢٧٤)، وَالتِرمِذِيُّ بِرقم: (٢٦٦٩)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيح، وَابن حِبانَ بِرقم: (٦٢٥٦)} .

واتە: لە منەوە ئەگەر ئایەتێکیش بێ، بیگەیەنن .

یانی: بیگەیەنن بە خەڵك، کە دیارە هەر کام لە بڕوادارانی شوێنکەوتووی پێغەمبەر ﷺ کەمو زۆر میراتگری پێغەمبەرو جێگریەتی .

٤) - ﴿وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ﴾، (هەروەها بڵێ): پاکیی بۆ خوا .

یانی: خوا بە پاكو بە دوور دەگرم، لە هەموو ئەو شتانەی کە شایستەی خوا نین، لە هەموو ئەو سیفەتو ڕەفتارو کردەوانەی شایستەی خوا نینو، لە خوا ناوەشێنەوە .

٥) - ﴿وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾، بێگومان من لە هاوبەش بۆ خوا دانەران نیم .

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە هاوبەش بۆ خوا دانەران، کەسانێکن، بەبێ بەڵگەو، بەبێ بەرچاو ڕوونیی، ڕێگا دەگرنە بەرو بە دوای کوێرە ڕێو

ڕێچکان دەکەون، نازانن چی دەکەن و چۆن دەکەن ؟ ڕاستو چەپو دۆستو دوژمنی خۆیان لێك ناکەنەوە، ئەوە عادەتو پیشەی هاوبەش بۆ خوا دانەرانە، بەڵام بڕواداران و خوا بە تاك دانەران، وەك پێغەمبەرەکەی خۆیان ﷺ بە ڕێی خوادا دەڕۆن، بە بەرچاو ڕوونییو بە تێگەیشتنەوە، بە شارەزاییو بە کارامەییەوە، هەر قسەیەك دەیکەن بە بەڵگە پشت ئەستوورە، چونکە بێگومان دینداریی کردن بەبێ زانیارییو، بەبێ بەڵگە ماڵێکی قەڵبەو بەسەر خاوەنی دا دەڕێتەوە، هەر بۆیە خوا ﷻ لە سوورەتی (محمد)دا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مُتَقَلَّبَكُمۡ وَمَثۡوَىٰكُمۡ ﴿١٩﴾ ﴾.

واتە: بزانە ! کە جگە لە خوا هیچ پەرستراو نیین و، داوای لێبوردن بۆ گوناهت (لە خوا) بکەو، بۆ بڕوادارانی پیاوو ئافرەت، خواش شوێنی نیشتەجێ بوونتان و شوێنی هەڵگێڕو وەرگێڕو هاتن و چوونتان دەزانێ .

کەواتە : پێشێ دەبێ ئینسان زانیاریی و بەرچاو ڕوونیی هەبێ، زانایان گوتوویانە :

(وَكُلُّ مَنْ بِغَيْرِ عِلْمٍ يَعْمَلُ
أَعْمَالُهُ مَرْدُودَةٌ لا تُقْبَلُ)

واتە: هەر کەسێك کار بکات بەبێ زانیاریی، کردەوەکانی ڕەت دەکرێنەوەو لێی وەرناگیرێن .

بەڵێ لە ڕاستییدا خوا بە بەرچاو ڕوونییو، بە بەڵگەو زانیارییەوە دەپەرسترێ، بە نەزانییو لاسایی کردنەوە کوێرانەو نەفامیی، خوا ناپەرسترێ .

مەسەلەی حەوتەم : ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە لە پێش پێغەمبەری خاتەم ﷺ دا، تەنیا پیاوان لە خەڵکی ئاوەدانییە قەڵەباڵغەکان بە پێغەمبەر ڕەوانە کراون‌و، فەرمان کردنی خوا ﷻ بە گەڕان‌و پشکنین لە زەویدا، بۆ سەرنجدانی شوێنەوارو سەرەنجامی گەلانی پێشوو، ئەوانەی کە لەگەڵ پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) دا دانوویان نەکوڵیون‌و لەگەڵیاندا ناکۆک بوون، سەرنجی سەرەنجامیان بدەن، چییان بەسەر هاتوە !

وەك خوا دەفەرمووێ : ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِم مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰٓۗ أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۗ وَلَدَارُ ٱلۡأٓخِرَةِ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿١٠٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە لە حەوت بڕگەدا

١) - ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا ﴾، لە پێش تۆدا تەنیا پیاوانمان ڕەوانە کردوون، واتە: ڕەوانەمان کردوون، وەك پێغەمبەرو نوێنەری خۆمان، لێرەدا کە دەفەرموێ: پیاوان، واتە: خەڵك (الرِّجالُ: اسْمُ جنْسٍ جامِدٍ، أي: أُناس) لێرەدا مەبەست پێی ئەوە نەبووە، کە ئافرەتان پێغەمبەر نەبوون، هەرچەندە شتێکی دیارە کە هیچ ئافرەتێك پێغەمبەر نەبووە، بەلاّم مەبەست پێی ئەوەیە کە ئێمە تەنیا خەڵکی وەك تۆمان لە پێش تۆدا کردۆتە پێغەمبەر، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەمیشە هاوبەش بۆ خوادانەرو کافرەکان، هەم بۆ پێغەمبەری خاتەم ﷺ و هەم بۆ پێغەمبەرانی دیکەش، ڕەخنەیان ئەوە بووە کە: خوا بۆچی فریشتان نانێرێ؟ بۆچی فریشتەیەکی نەناردوە؟ خوای پەروەردگار ویستوویەتی

لێیـان حاڵی بکات، کە لە پێش پێغەمبەر خاتەمیشدا ﷺ هەر مرۆڤەکان، پیـاوانی وەك تۆمـان کـردوە بـە پێغەمبــەر ﷺ، کەواتــە: تـۆ بیدعــەتو داهێنـراوێك نـی، پێشـینەت نەبێ .

بـڕگـەی دووەم : - ﴿ نُّوحِىٓ إِلَيۡهِم ﴾، سروشو نیگامـان بـۆ لا دەکـردن، پەیـامی پەنهـانمـان بـۆ دەنـاردن، چونکە وەحیـی بریتیـە لـە ئـاگادار کـردنەوەیـەکی بـە پەنـامەکـیو پەنهـان، کـە لـێرەدا مـەبەسـت پێی ئـەوەیـە واتـە: ئێمـە بـە شێوەیـەکی پەنـهان، بەبێ ئەوەی کە بۆ خەڵك زانـراوبـێ، پەیامو بـەرنـامەی خۆمـان بـۆ پێغەمبـەر ﷺ دەنـارد .

ئنجا ئایا ئـەو پێغەمبـەرانـە کە پیاوانێك بـوو ون، خەڵکی کوێ بـوون ؟

بـڕگـەی سـێـیـەم : - ﴿ مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰٓ ﴾، (قری) کـۆی (قریـة)یـە، بـە مـانـای شــاری قەڵەبالـغو گــەورە دێ، واتــە: لــە خەڵـکی ئاوەدانییــە گــەورەو قەڵەبالغەکان، پێغەمبەرانمان ناردوونو لە ڕەگەزی پیاوانیش بـوون .

حەسەنی بەصـڕایـی گوتوویـەتی[1]: (لَمْ يَبْعَث الله نَبياً مِنْ أهْلِ البادِيـة قَـطُّ، وَلاَ مِنَ النِّسـاء، وَلاَ مِنَ الجِـنِّ)، واتـە: خـوا لـە خەڵـکی بیابـاننشــین هەرگیـز پێغەمبەرێکی نـەنـاردوە، هەروەها لە ئافرەتانیش نەینـاردوەو، لـە جینـیش پێغەمبـەرانی نـەنـاردوون .

هەروەها (القرطبـي) لـە تـەفسیـرەکەی خـۆی[2]دا، دەڵـێ: (وَلَمْ يَبْعَث الله نبيّـاً مِنْ أهْـل البادِيـة، لِغَلَبـة الجَفَـاء والقَسـوة عَلَـى أهْل البَـدو، ولأَنَّ أهْـل الأَمْصَار أعْـقَل وأَحْـلَم وَأفْضَل وَأعْـلَم).

واتـە: خـوا هیچ پێغەمبـەرێکی لـە خەڵکی بیـابـاننشــین نـەنـاردوە، لەبـەر ئـەوەی ئـەوانـە حاڵەتی کـەم سـەلیقـەییو دڵـڕەقیـی بـەسـەریـانـدا زاڵەو، خەڵکی شـارەکـان فـامیـدەتـرنو هێـدیـیو مـەنـدتـرنو چـاکـتـرنو زانـاتـرن .

---

١) تەفسیـری (القرطبي) ج ٩ ، ص ١٢٣.

٢) ج ٩ ، ص ١٢٣.

واتە: بە گشتی، ئەگەرنا دیارە لە نێو شارەکانیشدا، خەڵکی بە کەڵك نەهاتوو هەیە، وە لە نێو خەڵکی بیابانشینیشدا خەڵکی فامیدە هەیە، بەڵام حاڵەتی گشتی بەو شێوەیە .

(محمد متولّي الشعراوي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]دا، دەڵێ: (وَالفَارِقُ بَيْنَ أَهْلِ القَرْيَةِ وَأَهْلِ البادِيَةِ، أَنَّ أَهْلَ القَرْيَةِ لَهُمْ تَوطُّنٌ، وَيَمْلِكُونَ قُدْرَةَ التَّعَايُشِ مَعَ الغَيْرِ، وَتَرتَبِطُ مَصَالِحُهُمْ بِبَعْضِهِمُ البَعْض، وَتَرِقُّ حَاشِيَةُ كُلٍّ مِنْهُمْ لِلآخَر، وَتَتَّسِعُ مَدَارِكِهُم بِمَعَارِف مُتَعَدِّدَة، وَلَيْسَ فِيهِم غِلْظَةُ أَهْلِ البادِيَة).

شەش جیاوازیی هێناون، دەڵێ: جیاوازیی نێوان خەڵکی شارەکان و خەڵکی بیابانشین ئەوەیە :

یەك : کە خەڵکی شارەکان و ئاوەدانییە قەڵەباڵغەکان، لە شوێنێکی دیاریی کراودا نیشتەجێن، بەڵام بیابانشینەکان، کۆچەریین، دێن و دەچن .

دوو : خەڵکی شارەکان توانای پێکەوە ژیانیان هەیە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.

سێ : هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیان بەرژەوەندییان پێکەوە پەیوەستە، (بەڵام بابای کۆچەریی وبیابانشین، زۆر پێویستییان بە یەکدی نیە، هەر کەسە بۆ خۆیەتی) .

چوار : هەر کامێکیان لەگەڵ ئەوی دیکەدا، جۆرێك لە زەوق و سەلیقەی نەرم و هەستی ناسکیان پێکەوە هەیە .

پێنج : ئاسۆی فیکریان بەهۆی زانیاریی جۆراو جۆرەوە، فراوانە .

شەش : ئەو دڵڕەقیی و زبرییەی کە لە خەڵکی بیابانشیندا هەیە، لەواندا نیە .

---

١) الخواطر، ج١٢، ص٧١٣٠.

بۆیە خوا ﷻ لە خەڵکی شارە قەڵەباڵغەکاندا، پێغەمبەرانی (علیهم الصلاة والسلام) ناردوە .

هەمیشەش خەڵکی شار، خۆیان بە هۆشیارترو بێدارترو شارەزاتر دەزانن، لە خەڵکی لادێو کۆچەریی‌و بیابانشین‌و ڕەوەند .

٤) - ﴿ أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، ئایا بە زەویدا نەڕۆیشتوون؟ واتە: بۆچی بە زەویدا ناڕۆن؟ دیارە بە زەویدا ڕۆیشتن، دوو چەمکی هەن :

١- بە کردەوە بە زەویدا بڕۆن‌و شوێنەوارەکانیان ببینن، وەك دوایی دەفەرموێ: ﴿ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ ﴾، ئنجا سەرنج بدەن: سەرەنجامی ئەوانی پێش وان چۆن بووە ؟ واتە: تەماشای شوێنەوارەکانیان بکەن، تەماشای قەڵاو بورجەکانیان بکەن، تەماشای دارو دیوارو ئەو شوێنەوارانە بکەن، کە بەجێیان هێشتوون، ئەوە ڕۆیشتنی کردەیی .

٢- ڕۆیشتنێکی دیکە هەیە، ڕۆیشتنی فیکریی‌و زیهنیی، ئەویش ئەوەیە کە مێژوو بخوێننەوەو، لە سەرەنجام‌و لە شوێنەواری ئەو پێشینانە ڕابمێنن .

(محمد متولّي الشعراوي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1]، قسەیەکی جوان دەکات، دەڵێ: خوا فەرموویەتی: ﴿ أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، نەیفەرمووە: (أَفَلَم يَسِيرُوا عَلَى الأَرْضِ) بۆچی وایفەرمووە؟ دەڵێ: (إِنَّ هُناكَ غِلافاً جَوِيّاً يُحِيطٌ بالأَرْضِ، مِنْ كُلّ الجوانب، كما أن هناك غلافاً مائياً محيطاً بالأَرْضِ، وَالغِلافُ الجَوِيُّ مِنْ ضِمْنِ تَمامِ الأَرْضِ، وَإِنَّكَ حِيْنَ تَسِيرُ عَلَى اليابسة، فَالغِلافُ الجَوِي يَكونُ فَوقَكَ، وَبِذَلِكَ فَأَنْتَ تَسِيرُ فِي الأَرْضِ، لأَنَّ ما فَوْقَكَ مِنْ غِلافٍ جَوِيٌّ، هُوَ مِنْ مُلْحقَاتِ الأَرْضِ)، عیبارەتەکەی بە کورتیی مانا دەکەم، دوایی تۆزێ شی دەکەمەوە، چونکە شیکردنەوەی دەوێ .

واتە: بەرگێکی هەوایی هەیە دەوری زەوی داوە، {بە بەرزیی ٥٠٠ — ٦٠٠ کلم} لە هەموو لایەنەکانەوە، هەروەك چۆن بەرگێکی ئاوییش هەیە، کە

---

١) الخواطر، ج١٢، ص١١٣١ و ١١٣٢.

ئەویش دەوری زەوی داوە (کە دیارە سێ لەسەر چواری ڕووبەرو پانتایی زەوی بە ئاو داپۆشراوە) بەڵام لە هەر چوار لاوە، زەوی ئەو بەرگە هەواییە دەورەی داوە، ئنجا ئەو کیفەی دەوری زەوی داوە، هەر لە میانی زەوی دایە، زەوی بەوەوە تەواو دەبێ، بۆیە کاتێك تۆ بەسەر وشکانیی دا دەڕۆی، بەرگە هەواییەکە لە سەرووتەوە دەبێ، کەواتە: تۆ بە نێو زەویدا دەڕۆی، چونکە ئەو بەرگە هەواییەی کە لە سەرووتەوەیە لە پاشکۆیەکانی زەوییە .

مەبەستی ئەوەیە کە دەگوترێ: زەوی، لە ڕاستییدا بەو ئاوەوە کە دەوری داوەو، بەو هەوایەشەوە کە دەوری داوە، بە هەموویان دەگوترێ: زەوی، چونکە ئەگەر هەوا نەبووایە، مرۆڤ لەسەر زەوی نەدەژیاو، هیچ ژیاندارێك نەدەبوو، نە ڕووەكو نە ئاژەڵو نە زیندەوەرو نە پەلەوەرو نە مرۆڤ، هەروەها ئەگەر ئاویش نەبووایەو دەوری زەوی نەدابووایە، بە هەمان شێوە ژیان لەسەر زەوی نەدەبوو .

کەواتە: ئەگەر تۆ لە دوورەوە تەماشای زەوی بکەی، بە تایبەتی ئەگەر لەسەر مانگەوە، یان لە دەرەوەی چوار چێوەی زەوییەوە، تەماشای دەکەی، زەوی شین دەچێ، لەبەر ئەوەی سێ لەسەر چواری زەوی، بە ئاو دەورە دراوە، ئنجا ئەگەر دوورتر بکەویەوە، ئەو بەرگە هەوایەی کە دەوری زەویشی داوە، هەمووی لە بازنەی زەوی دایە، کەواتە: کەسێك بە هەر شوێنێکی زەمین دا بڕوات، هەر بەنێو زەویدا دەڕوات، چونکە بەرگە هەوایەکەش هەر بەشێکە لەو زەوییە .

٥) - ﴿فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾، (بڕۆن) سەرنج بدەن، ئایا سەرەنجامی ئەوانی پێش وان چۆن بووە؟ واتە: پەندیان لێوەربگرن، بزانن ئەوان چییان بەسەرهاتوە، ڕەنگە بەسەر خۆشیان بێ !

٦) - ﴿وَلَدَارُ ٱلْأَخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ﴾، مەنزڵگای دوارۆژیش باشترە، بۆ ئەوانەی پارێز دەکەن .

٧) - ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾، ئایا ئێوە نافامن! خوێنراویشەتەوە: (أَفَلاَ يَعْقِلُون)، ئایا ئەوان نافامن !

هەروەك چۆن ڕستەی: (نوحي إليهم) خوێنراویشەتەوە: (يوحي إليهم) واتە: ئێمە وەحییان بۆ دەنێرین، یاخود: خوا وەحییان بۆ دەنێرێ .

لێرەدا بە پێویستی دەزانم هەندێ وردەکاریی ڕەوانبێژیی لەم ئایەتە موبارەکەدا باس بکەین، ئێمە سێ وردەکاریی باس دەکەین، کە لە کتێبی: (دُرَّة التنزيل، وغُرَّة التأويل)[1] وەریان دەگرین :

یەکەم : نوکتەی ڕەوانبێژیی : خوا ﷻ لەم ئایەتەی سوورەتی یوسوف دا، دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِم مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰٓۗ ... ١٠٩ ﴾.

لە ئایەتی ژمارە (٤٣)ی سوورەتی (النحل)یش دا، هەمان عیبارەت دووبارە بۆتەوە، دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۚ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٤٣ ﴾، لێرەدا بە وشەی (مِن) هاتوە، دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ ﴾.

بەڵام لە سوورەتی (الأنبياء)دا دەفەرموێ: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا قَبۡلَكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۖ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٧ ﴾، لەوێدا وشەی (مِن) نەهاتوە، ئنجا ئایا حیکمەت چییە ؟

(من قبلك) واتە: لە پێش تۆدا، هەر لەو سەرەتایەوە کە لە پێش تۆوە دەست پێدەکات، هیچ کەسێکمان نەناردوە، جگە لە پیاوانێك لە خەڵکی ئاوەدانییەکان، ئنجا کە (مِن)ەکەی دەخرێتە سەر، دەیباتەوە سەرەتای سەرەتا، واتە: لە دەستپێکەوە ئێمە تەنیا پیاوانمان ناردوون، لە ئاوەدانییەکان، بەڵام دیارە ئەگەر (مِن)ەکەی لەگەڵدا نەبێ، واتە: لە پێش تۆدا، بەڵام نایباتەوە عەینی سەرەتا .

---

١) للخطيب الإسكافي، ص ١٧٢ - ١٧٣ .

ئنجا (الإسكافِي) دەڵێ: {ولم يجِيءْ بدون (مِن) إلاَّ في موضعين، أحدهما هـذا، والآخـر : ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّآ إِنَّهُمْ لَيَأْكُلُونَ ٱلطَّعَامَ ﴿٢٠﴾﴾الفرقان} ، واتە: لە هەموو قورئاندا ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا﴾ هەميشە (مِن)ى لەگەڵدايە، تەنيا لە دوو شوێندا (مِن)ى لەگەڵدا نيە :

١) يەكێكيان سوورەتى (الأنبياء)ە، كە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ إِلَّا رِجَالًا نُّوحِىٓ إِلَيْهِمْ ۖ فَسْـَٔلُوٓا۟ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٧﴾﴾.

٢) لە شوێنەكەى ديكەش، ئەوەيە كە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّآ إِنَّهُمْ لَيَأْكُلُونَ ٱلطَّعَامَ ﴿٢٠﴾﴾الفرقان.

يانى : مادام لە هى پێشىَ دا (مِن) هاتوە، ديارە ئەم (مِن)ە، بە كافى زانراوە .

بەلام هى دووەم :

لە سوورەتى (الفرقان)دا كە دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّآ إِنَّهُمْ لَيَأْكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَيَمْشُونَ فِى ٱلْأَسْوَاقِ ﴿٢٠﴾﴾.

واتە: لە پێش تۆدا هيچ كام لە پێغەمبەرانمان نەناردوە، مەگەر خواردنيان خواردوەو بە بازاڕدا ڕۆيشتوون .

واتە: لێرەدا جێى مەبەست هەر ئەوە بووە : ئەو پێغەمبەرانە صەلاتو سەلامى خوايان لەسەر بێ، كە لە پێش موحەممەددا ﷺ هاتوون، وەك موحەممەد ﷺ بوون: خواردنيان خواردوەو بە بازاڕدا ڕۆيشتوون، مرۆڤ بوونو، فريشتە نەبوون، هەر ئەوەندە مەبەست بووە، ئەو هەواڵە بگەيەنرێ، بۆيە پێويستى بەوە نەكردوە كە (من)ى بۆ بەكاربهێنرێ .

<u>دووەم</u> : نوكتەى ڕەوانبێژيى : هى ئەم ئايەتەيە كە دەفەرموێ: ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴿١٠٩﴾﴾.

بەلاّم لە سوورەتی (الروم)دا دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ يَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْۚ كَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَأَثَارُواْ ٱلْأَرْضَ وَعَمَرُوهَآ أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا وَجَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٩﴾ ﴾، واتە: ئایا بە زەویدا نەڕۆیشتوون سەرنج بدەن: کە سەرەنجامی ئەوانەی پێش وان چۆن بووە !

لە ئایەتەکەی سوورەتی (یوسف)دا، (ف) هاتوە، دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُواْ ﴾، بەلاّم لە ئایەتەکەی سوورەتی (الروم)دا، (و) هاتوە، دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ يَسِيرُواْ ﴾.

(الخطيب الإسكافِي) دەڵێ: (ويكون بالواو عَطْف جُمْلة على جُمْلة، وَإِنْ كانَتِ الثانِية أَجْنَبِية مِنَ الأُولى) واتە: کاتێك ڕستەیەك دەگێڕدرێتەوە بۆ سەر ڕستەیەك بە پیتی (و)، ئەگەر ئەو دوو ڕستە لە یەکدیش بێگانەبن ، هەر ڕەوایە .

ئەگەر تەماشای ڕستەکەی سوورەتی (الروم) بکەین، دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۗ مَّا خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَأَجَلٖ مُّسَمّٗىۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ بِلِقَآيِٕ رَبِّهِمْ لَكَٰفِرُونَ ﴿٨﴾ أَوَلَمْ يَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْۚ كَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَأَثَارُواْ ٱلْأَرْضَ وَعَمَرُوهَآ أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا وَجَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٩﴾ ﴾.

لە ئایەتی ژمارە (٨)دا باسی ئەوە دەکات ئایا لە خۆیاندا بیریان نەکردۆتەوە: کە خوا ئاسمانەکانو زەویو ئەوەی دەکەوێتە نێوانیان، بە هەقو بۆ کاتێکی دیارییکراو دروستیکردوون ؟ دوایی دەفەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ

يَسِيرُواْ ﴾، چونكە ئەوەی كە لە ڕستەی دوایی دا دێ، وەك جەزا نیەو پەیوەست نیە بە ڕستەی پێشێو، لێی بێگانەیە، بۆیە بە (و) (عطف) كراوەتەوە سەری، هەڵبەتە هەمان جۆرە مەبەست لە ئایەتی ژمارە (٤٤)ی سووڕەتی (فاطر)یشدا هاتوە، كە دەفەرموێ : ﴿ أَوَلَمْ يَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَكَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعْجِزَهُۥ مِن شَيْءٍ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلْأَرْضِ إِنَّهُۥ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا ﴿٤٤﴾ ﴾.

چونكە وەك (الخطيب الإسكافِي) دەڵێ: {لَمْ يَتَقَدَّم : (الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِم) ما يَكونُ هَذَا كالجَوَابِ عَنْهُ، فَلَمْ يحسن إلا الواو، لأن الآية التي قَبْلَهُ، لَيْسَت فِي وَصْفِ قَوْم عُوقِبوا عَلَى مخالَفة نَبيِّهِم، وَبقِيَت آثَارِهُم مِنَ العَذَاب، فِي مَنَازِلِهم وَدِيارِهِم} .

واتە: لەبەر ئەوەی لە پێش ئەو ئایەتەدا، شتێك پێش نەكەوتوە، كە ئەمە وەك وەڵام بێ بۆ ئەو، بۆیە هەر وا باش بووە، كە بە (و) (عطف) بكرێتەوە، چونكە ئایەتی پێشێ باسی كۆمەڵێك ناكات كە سزا درابن، لەبەر سەرپێچییان لە پێغەمبەرەكەی خۆیان كردوەو شوێنەوارەكانیان لە ئەنجامی سزادرانیاندا، لە ماڵو حاڵو خانوبەرەكانیان، مابن .

هەروەها لە سووڕەتی (غافر)یشدا دەفەرموێ : ﴿ أَوَلَمْ يَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ ﴿٢١﴾ ﴾، لە پێشیەوە چی هاتوە؟ دەفەرموێ : ﴿ وَٱللَّهُ يَقْضِي بِٱلْحَقِّ وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَقْضُونَ بِشَيْءٍ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿٢٠﴾ أَوَلَمْ يَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ كَانُواْ مِن قَبْلِهِمْ كَانُواْ هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِي ٱلْأَرْضِ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٍ ﴿٢١﴾ ﴾.

ئەویش بە هەمان شێوە لە ئایەتی (٢٠) دا خوای پەروەردگار، باسی ئەوە دەكات، كە خوا دادوەریی دەكات بە هەق، بەڵام ئەوانەی كە لە جگە لە خوا

دەپارێنەوە، هیچ شتێکیان بۆ جێبەجێ ناکەن‌و، هیچ بڕیارێك نادەن، بێگومان خوا بیسەری بینەرە .

دوایی دەفەرموێ: ئایا بە زەویدا نەڕۆیشتوون، سەرنج بدەن، سەرەنجامی ئەوانەی لە پێش ئەوانەوە بوون، چۆن بووە؟ کە بەهێزتر بوون‌و، شوێنەواریشیان لە زەویدا زیاتر بوو .

(الخطیب الإسکافِي) دەڵێ: ئەو ئایەتانەی کە پێش ئایەتی: ﴿أَوَلَمْ يَسِيرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ هاتوون، ئەمە ناخوازن کە ئەم ئایەتەی دوایی، وەك وەڵام بێ بۆ ئەوان، تاکو بە (ف) بفەرموێ: ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُواْ﴾، بەڵکو مەبەستێکی جیاوازە، بۆیە هەر بە(و) (عطف) کراوە .

بەڵام شتێك کە لێرە هەڵاوێردراوە، ئەوەیە کە لە سووڕەتی (محمد)دا دەفەرموێ: ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ دَمَّرَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ ۖ وَلِلْكَـٰفِرِينَ أَمْثَـٰلُهَا ﴿١٠﴾﴾، لێرەدا بە (ف) هاتووە، ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ بەبێ ئەوەی کە شتێکیشی پێشبکەوێ، خوازیاری هاتنی (ف) بێ، ئنجا (الإسکافِي) وەڵام دەداتەوە، دەڵێ : کە خوا پێشتر لە ئایەتەکانی: (٧ تا ٩)دا دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ﴿٧﴾ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَتَعْسًا لَّهُمْ وَأَضَلَّ أَعْمَـٰلَهُمْ ﴿٨﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَـٰلَهُمْ ﴿٩﴾﴾، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دۆستانی خوا سەرکەوتوون‌و، کافرەکان تێکشکێنراون، بۆیە با پەند وەربگرن لەو کافرانەی کە پێشیان کەوتوون‌و، بزانن کە ئەوانیش هەمان سەرەنجام، کە کافرەکانی پێش ئەوان هەیانبووە، دەیانبێ، بۆیە بە (ف) هاتوە، چونکە وەك سزا (جزاء) وایە، یانی: با پەند لەوانی پێشێ وەربگرن .

کەواتە: کە لە ئایەتی (١٠٩)ی سوورەتی (یوسف)دا، دەفەرموێ: ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُواْ﴾ ئایا بە زەویدا نەڕۆیشتوون؟ لەبەرئەوەیە کە لە پێشیەوە، ڕستەی: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ إِلَّا رِجَالًا﴾ هاتوە، مادام پێشێ باسی ڕەوانەکرانی پیاوانێك کراوە، بە سیفەتی پێغەمبەر ﷺ، بۆیە دەفەرموێ: ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ﴾، واتە: با پەند وەربگرن لە شوێنکەوتووانی ئەو پێغەمبەرانەی پێشتر ناردوومانن .

هەروەها لە سوورەتی (الحج)دا، کە دەفەرموێ: ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَآ أَوْ ءَاذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى ٱلْأَبْصَٰرُ وَلَٰكِن تَعْمَى ٱلْقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ ﴿٤٦﴾﴾، لە پێشیەوە چی هاتوە؟ ئەوە هاتوە: ﴿فَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَبِئْرٍ مُّعَطَّلَةٍ وَقَصْرٍ مَّشِيدٍ ﴿٤٥﴾﴾، کە ئەمە وەك جەزا وایە، پێشێ باسی ئەوە دەکات، دەفەرموێ: زۆر ئاوەدانییمان لە پێش واندا فەوتاندوون، کە ستەمکار بوون، ئنجا دوایی دەفەرموێ: ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَآ أَوْ ءَاذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى ٱلْأَبْصَٰرُ ﴿٤٦﴾﴾، واتە: ئایا بە زەویدا نەڕۆیشتوون کە دڵانێکیان هەبن، پێیان تێبگەن و، گوێیان هەبن، پێیان ببیستن، وەك ئەوەی فەرمووبێتی: مادام سەرەنجام بەو شێوەیە بووە، کەواتە: بە زەویدا بڕۆن و پەند وەربگرن .

هەروەها لە سوورەتی (غافر)دا، کە دەفەرموێ: ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَانُوٓاْ أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِي ٱلْأَرْضِ فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ﴿٨٢﴾﴾، لە پێش ئەوەدا لە سوورەتی (غافر)دا، دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ مِنْهُم مَّن

قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ ﴿٧٨﴾ ﴾، چونکە پێشێ باسی ڕەوانە کردنی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) کراوە، لە پێش پێغەمبەری خاتەم دا ﷺ، کە هەندێکیان بەسەرهاتەکەیان بەسەریدا خوێنراوەتەوەو، هەندێکیشیان بەسەرهاتەکەیان نەخوێنراوەتەوە، ئەمە هاتوە، دوایی دەفەرموێ: ﴿ أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴿٨٢﴾ ﴾.

کەواتە: وەك گوتمان تەماشا دەکەی خوای کارزان، تەنانەت (و) لە جیاتی (ف) بەکارناهێنێ، بەڵکو لە شوێنێك (ف) بەکاردێنێ، کە مانای جەزاو پەند وەرگرتن دەگەیەنێ، لەبەرئەوەی لە پێش ئەوەدا شتێکی وا باسکراوە، بەڵام (و) کاتێك بەکاردێ، شتێکی وا باسکراوە، کە ڕستەیەك، بابەتێك، بگێڕدرێتەوە سەر بابەتێکی دیکە، بێ ئەوەی پێکەوە پەیوەست بن .

<u>سێیەم</u>: نوکتەی ڕەوانبێژیی : ئەم ڕستە موبارەکە کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَدَارُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ اتَّقَوْا أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴾، لێرەدا وا دەفەرموێ، واتە: مەنزڵگای دوارۆژیش باشترە، بۆ ئەوانەی پارێزیان کردوە، ئایا نافامن ؟!

بەڵام لە سووڕەتی (الأعراف)دا، ئەم ڕستەیە لە ئایەتی (١٦٩)دا، ئاوا هاتوە: ﴿ وَالدَّارُ الْآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴾.

هەروەها لە سووڕەتی (الأنعام) لە ئایەتی (٣٢)دا، ئاوا هاتوە : ﴿ وَلَلدَّارُ الْآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴾.

ئنجا ئایا هۆکاری جیاواز بوونی ئەو تەعبیرانە، کە نێوەرۆکیان یەکە، چییە؟ کە ئەویش کەمو زۆر، کاریگەریی دەکاتە سەر جیاواز بوونی هەندێ لە چەمکەکانیان ؟

وەڵامەکەی ئەوەیە: کە لە سووڕەتی (الأعراف) لە ئایەتی (١٦٩)دا، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ وَالدَّارُ الْآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴾، لەبەر

ئەوەیە لە سوورەتی (الأعراف) لە ئایەتی پێشتریدا، ئەمە هاتوە:
﴿ فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ وَرِثُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَٰذَا ٱلْأَدْنَىٰ وَيَقُولُونَ سَيُغْفَرُ لَنَا وَإِن يَأْتِهِمْ عَرَضٌ مِّثْلُهُۥ يَأْخُذُوهُ ۚ أَلَمْ يُؤْخَذْ عَلَيْهِم مِّيثَٰقُ ٱلْكِتَٰبِ أَن لَّا يَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْحَقَّ وَدَرَسُوا۟ مَا فِيهِ ۗ وَٱلدَّارُ ٱلْـَٔاخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٦٩﴾ ﴾، کەواتە: کە لە پێشیەوە دەفەرموێ: ﴿ يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَٰذَا ٱلْأَدْنَىٰ ﴾، یانی: بەرژەوەندیی ئەم ژیانە دنیاییە نیزیکە، هەڵدەبژێرن، (أي: هَذا المَنزِلَ الأَدْنَى) ئنجا (المنزل الأدنى) لەگەڵ (الدَّارُ الدُّنيا) یەك واتایان هەیە، مەنزڵگای خوارترو مەنزڵگای نیزیكتر، دەشگونجێ (أدنى) بە مانای كەمتر بێ‌و، (دنیا)ش بە مانای نزمتر بێ .

ئنجا مادام لە سوورەتی (الأعراف)دا سیفەتی (الأدنى) كراوە بە وەسف بۆ (مَنزِل) یانی: ﴿ يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَٰذَا ٱلْأَدْنَىٰ ﴾، واتە: (هَذِهِ الدَّار الأَدْنَى) بۆیە لە سوورەتی (الأعراف)دا، یەكسەر گوتراوە: ﴿ وَٱلدَّارُ ٱلْـَٔاخِرَةُ ﴾، (ذُكِر الدَّارُ الآخِرَة بَعْدَهُ، فَجُعِلَ الدَّارَ موصوفة، والآخِرَةُ صِفَة)، (دار) لە سوورەتی (الأعراف)دا كراوە بە وەسفكراوو، (آخرة)ش كراوە بە سیفەت، (مەنزڵگای دوایی باشترە، بۆ ئەوانەی پارێز دەكەن).

بەڵام لە سوورەتی (یوسف)دا، بۆیە فەرموویەتی: ﴿ وَلَدَارُ ٱلْـَٔاخِرَةِ ﴾، (دار) (إضافة) كراوە بۆ لای (آخرة) چونكە لە پێشیەوە، ئەوە هاتوە: ﴿ أَفَأَمِنُوٓا۟ أَن تَأْتِيَهُمْ غَٰشِيَةٌ مِّنْ عَذَابِ ٱللَّهِ أَوْ تَأْتِيَهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٠٧﴾ ﴾.

واتە: ئایا دڵنیا بوون، كە داپۆشەرێك لە سزای خوایان بۆبێ ؟!

دیارە (ساعة)ش مەبەست پێی ئەو كاتەیە، كە دنیا كۆتایی دێ‌و پێشەكیی قیامەتە، ئنجا لێرەدا مادام (دار) پاڵدراوەتە لای، ئاوای لێ دێتەوە: (وَلَدارُ الساعَةِ الآخِرَة خير للذين اتقوا) مەنزڵگای كاتی ڕۆژی دوایی، باشترە بۆ ئەوانەی كە پارێزیان كردوە .

ئنجا کە لە سوورەتی (الأعراف)دا دەفەرموێ: ﴿لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ﴾ بەلام لە سوورەتی (يوسف)دا دەفەرموێ: ﴿لِلَّذِينَ اتَّقَوْا﴾ لەبەر ئەوەیە کە لە سوورەتی (يوسف)دا، بانگ کراون بۆ ئەوەی پەند وەربگرن لە حاڵو باڵو بەسەرهاتو شوێنەواری ئەوانەی کە پێش وان، فەوتاون، بۆیە یەکسەر فەرموویەتی: ﴿لِلَّذِينَ اتَّقَوْا﴾ بۆ ئەوانەی کە پارێزیان کردوە، بە ڕابردوو، سیفەتی تەقوایان لە خۆیاندا پەیدا کردوە، بۆ ئەوانە پەند هەیە، لە بەسەرهاتی گەلانی پێشوودا .

بەلام لە سوورەتی (الأعراف)دا دەفەرموێ: ﴿لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ﴾ بۆیە بە (مضارع) هێناویەتی، چونکە مەبەست پێی ئەوانە بووە، کە لەو ڕۆژگاری دا بوون، بەتایبەتی جوولەکەکان کە لە ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺدا بوونو، نیشانەکانی پێغەمبەریشیان شاردوونەوە، ئەوە هەم هاندانیانو ئارەزوومەند کردنیان بووە بۆ پاداشتی لای خوا، هەم ترساندنیان بووە لەوە کە: دووریی لە خوا بگرنو نیشانەکانی پێغەمبەری خاتەم، کە لە کتێبەکانیاندا هاتوون، بشارنەوەو پەنهان بکەن، بۆیە لەوێ بە (مضارع) هێناویەتی: ﴿لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ﴾ بۆ ئەوانە کە پارێز دەکەن، مەنزڵگای دوارۆژ باشترە، بەلام ئەوەی دیکە، مەبەست ئەوە بووە کە پەند وەربگرن لەوانەی ڕابردوون .

مەسەلەی هەشتەم : ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە لە کاتێکدا پێغەمبەران گەیشتوونە حاڵەتی ئەوپەڕی سەغڵەتیی‌و، زۆر خۆیان بە ناچارو بێ دەرەتان بینیوە، یارمەتی خوایان بۆ هاتووەو ، دەرووی خێریان لێکراوەتەوە :

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسْتَيْـَٔسَ ٱلرُّسُلُ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا۟ جَآءَهُمْ نَصْرُنَا فَنُجِّىَ مَن نَّشَآءُ ۖ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُنَا عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿١١٠﴾﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسۡتَيۡـَٔسَ ٱلرُّسُلُ ﴾

لە پێنج بڕگەدا باسکردنی بیروڕای زانایان لەوبارەوە

١) - ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسۡتَيۡـَٔسَ ٱلرُّسُلُ ﴾، وشەی (حتى) بۆ گەیشتنە ئامانجێکە، گەیشتنە شوێنێکە، وەك دەڵێی: (سِرْتُ مِن المَدِينَة حَتَّى وَصَلْتُ مَكة) لە مەدینە بەڕێکەوتمو ڕۆیشتم، تاکو گەیشتمە مەککە .

وشەی (ٱسۡتَيۡـَٔسَ) موبالەغەیە لە (یئس) یانی (یئس الرسل) پێغەمبەران نائومێدو بێ هیواو تەما بڕاو بوون .

٢) - ﴿ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ قَدۡ كُذِبُواْ ﴾، پێیان وابوو: درۆیان لەگەڵ کراوە، بەڵام ئەگەر (كُذِّبوا)بێ، یانی: پێیان وابوو: بە درۆ دانراون.

خوێنراویشەتەوە: (كَذَبوا) واتە: گومانیان وا برد: گەلەکانیان درۆیان لەگەڵ کردوون، کە گوتوویانە: بڕوامان هێناوە .

هەندێکیش (ظن)یان بە مانای (یقین) لێکداوەتەوە، واتە: دڵنیابوون کە گەلەکانیان درۆیان کردوە لەگەڵیان، یان: دڵنیابوون کە گەلەکانیان بە درۆیان داناون .

٣) - ﴿ جَآءَهُمۡ نَصۡرُنَا ﴾، یارمەتی ئێمەیان بۆ هات، واتە: یارمەتی ئێمە بۆ پێغەمبەران هات، یاخود سزای ئێمە بۆ گەلەکانی پێغەمبەران هات، کە گەلە بە درۆ دانەرەکان لەبەین بچن،و، پێغەمبەران سەر بخرێن .

٤) - ﴿ فَنُجِّيَ مَن نَّشَآءُ ﴾ ئەوانەی کە ئێمە دەمانەوێ، قوتارکران، هەروەها خوێنراویشەتەوە: (فَنَجَى مَنْ يَشاء) ئەو کەسەی خوا ویستی دەربازی بوو، ڕزگاری بوو.

٥) - ﴿ وَلَا يُرَدُّ بَأۡسُنَا عَنِ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴾ سزای ئێمەش لە کۆمەڵی تاوانباران بەرپەرچ نادرێتەوە، واتە: لەو کافرو بێبڕوایانە، بەڵام خوا ﷻ بە (مجرمین)

تاوانباران ناوزەندیان دەکات، تاکو بزانرێ کە ئەوانە بێبڕوایانێکی تاوانبار بوون .

لێرەدا ئەم تەعبیرە بەم شێوەیەی لێدێتەوە، چونکە وەك گوتمان: (حتى: لبلوغ الغاية)، (حتَّى) بەکاردەهێنرێ (بۆ گەیشتنە ئامانجێك)، کەواتە: دیارە سەرەتایەك هەبووە، بۆیە کۆتاییەکیش هەیە، واتە: گەلانی پێشوو لەسەر بە درۆ دانانو دژایەتیکردنی پێغەمبەران، بەردەوام بوون، ئەوانیش لە بەرانبەر ئەو دژایەتییەدا خۆڕاگر بوون، تاکو ئەو کاتەی کە پێغەمبەران بێ هیواو تەما بڕاو بوون .

دوایی ئێمە باسی ئەو تەما بڕاو بوونە دەکەین، کە ئەگەر بۆ پێغەمبەران بێ، یانی چی؟

ئنجا وشەی: (كذبوا) بە چەند شێوەیەك خوێندراوەتەوەو، بە پێی خوێندنەوەکان، ماناکانیشی دەگۆڕێن، ئەوەندە دەڵێین: توێژەرەوانی قورئان ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، زۆر مشتومڕیان دەربارەی ئەم ڕستەیە کردوە، چونکە دەگونجێ زیاتر بە دە (١٠) شێوە مانا بکرێ، بەڵام ئێمە وردە وردە پێیدا دێین، دوایی هەمووی پوخت دەکەینەوە، بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێز مانای ئەو ڕستە قورئانییەیان لە زەینو مێشکدا ڕوونتر بێ :

شوێنەوارێك لەوبارەوە :

{عَنْ ابن شِهابٍ قَالَ أخْبَرَنِي عُرْوَةُ أَنَّهُ سألَ عَائِشةَ زَوْجَ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَرَأَيْتِ قَوْلَهُ: (حَتَّى إِذَا اسْتَيأسَ الرُّسُلُ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ قَدْ كُذِّبوا، أوْ كُذِبوا؟) قَالَتْ: بَلْ كَذَّبَهُمْ قَوْمُهُمْ، فَقُلْتُ: وَاللهِ لَقَدْ اسْتَيْقَنُوا أَنَّ قَوْمَهُمْ كَذَّبوهُمْ، وَما هُوَ بالظَّنِّ، فَقَالَتْ: يا عُرَيةُ لَقَدْ اسْتَيْقَنُوا بِذَلِكَ، قُلْتُ: فَلَعَلَّها، أَوْ كُذِبوا، قَالَتْ: مَعَاذَ اللهِ! لَمْ تَكُنِ الرُّسُلُ تَظُنُّ ذَلِكَ بِرَبِّها، قلت: فما هَذِهِ الآيةُ؟ قَالَتْ: هُمْ أَتْباعُ الرُّسُلِ الَّذِينَ آمَنُوا بِرَبِّهِمْ وَصَدَّقُوهُمْ وَطالَ عَلَيْهِمْ الْبَلاءُ وَاسْتَأْخَرَ عَنْهُمْ النَّصْرُ، حَتَّى إِذَا اسْتَيأسَتْ مِمَّنْ كَذَّبَهُمْ مِنْ قَوْمِهِمْ، وَظَنُّوا أَنَّ أَتْباعَهُمْ كَذَّبوهُمْ، جاءَهُمْ نَصْرُ اللهِ}، {أَخْرَجَهُ البُخارِيُّ فِي صحيحه برقم: (٤٤١٨)} .

واتە: ئیبنو شیهاب دەڵێ: عوروەی کوڕی زوبەیر (کە خوشکەزای عائیشە خوا لێی ڕازی بێ‌و کوڕی ئەسمایە) هەواڵی پێداوە، کە کاتێک پرسیاری کردوە لە عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، دەربارەی فەرمایشتی خوا: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسۡتَيۡـَٔسَ ٱلرُّسُلُ ﴾، هەتا کاتێک پێغەمبەران نائومێد بوون، عوروە دەڵێ: گوتم: ئایا بە (كُذِبوا) خوێنراوەتەوە (واتە: درۆیان لەگەڵ کراوە)، یان بە: (كُذِّبوا) خوێنراوەتەوە (واتە: بە درۆ دانراون) ؟! عائیشە گوتی: بە (كُذِّبوا) خوێنراوەتەوە، دەڵێ: گوتم: ئنجا خۆ ئەو کاتە کە گەلە کافرەکانیان پێغەمبەرانیان بە درۆ داناوە، پێغەمبەران دڵنیا بوون کە بە درۆ دانراون، بۆچی وشەی گومان (ظن) بەکارهاتوە؟ عائیشە گوتی: بەڵێ ئەی عوروە! بێگومان وایە، دڵنیا بوون کە بە درۆ دانراون، دەڵێ: پێم گوت: ئەدی ناکرێ ئاوابێ : (وظنّوا أنهم قد كُذِبوا)؟ پێغەمبەران پێیان وا بوو کە درۆیان لەگەڵ کراوە، واتە: درۆیان لەگەڵ کراوە لەلایەن خەڵکەکەوە، کە گوتوویانە: بڕوامان پێتان هێناوە، یاخود: خەتەرەیەکیان بە دڵدا هاتوە: کە ئەو بەڵێنەی خوا پێی داون : سەردەکەون‌و گەلە کافرەکەیان لە بەین دەچن، ڕاست دەرنەچووە؟ گوتی: پەنا بە خوا، پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) هەرگیز گومانی وایان بە پەروەردگاریان نەبردوە، کە پێیان وابێ خوا ئەو بەڵێنەی پێی داون، لەگەڵی ڕاست نەبردوونە سەر، منیش گوتم: ئەدی ئەم ئایەتە ماناکەی چییە؟ عائیشە گوتی: ئەوانە شوێنکەوتووانی پێغەمبەران بوون، کە بڕوایان بە پەروەردگاریان هێناوەو پێغەمبەرانیان بە ڕاست داناوە، دوایی سەختیی‌و نارەحەتیی لەسەر ئەوان درێژەی کێشاوە، یارمەتی خواش بۆ ئەوان دواکەوتوە، هەتا کاتێک پێغەمبەرانی خوا نائومێد بوو ون، لەوانەی کە لە گەلەکانیان کە بە درۆیان داناون، (کە تازە بڕوا ناهێنن)و، گومانیان وا بووە، کە شوێنکەوتووەکانیان ـ بەهۆی درێژە کێشانی گرفتاریانەوە ـ بە درۆیان داناون، لەوکاتەدا یارمەتی ئێمەیان بۆ هاتوە .

هەڵبەتە ئەوە بۆچوونی دایکمان عائیشەیە خوا لێی ڕازی بێ، دەربارەی ئەم ئایەتە .

کە کورتەکەی ئەوەیە: پێغەمبەران ﷺ لە بڕوا هێنانی گەلە کافرەکانیان، نائومێد بوونو دڵنیا بوون کە تازە بڕوایان پێ ناهێنن، بەڵام گومانیان وا بردوە، کە ئەوانەی شوێنیان کەوتوون، ئەوانیش بە درۆیان دادەنێن، لەبەر زۆر پێچوونی هاتنی یارمەتی خواو سەختیی حاڵیان، پێیان وابووە ئەوانیش هەڵدەگەڕێنەوە، لەو کاتەدا یارمەتی خوا هاتوە .

کە بە بۆچوونی من: مانا لێکدانەوەیەکی زۆر جوانەو، دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، باشی بۆ چووە، ئەگەر بە (كُذِّبوا) بخوێنرێتەوە .

بەڵام ئەگەر بە (كُذِبوا) بخوێنرێتەوە، کە لەو موصحەفانەی لەژێر دەستمانن، کە بە پێی خوێندنەوەی (حفص)ن، هەر ئەو خوێندنەوە (قراءة)یە: ﴿وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ قَدۡ كُذِبُواْ﴾، واتە: پێیان وابوو کە درۆیان لەگەڵ کراوە، ئنجا ئەگەر وابێ، مانایەکەی چۆنە؟ چەند واتایەك هەڵدەگرێ، بەهۆی جۆراو جۆر بوونی خوێندنەوەی وشەی (كذبوا)وەو، بەهۆی مانای جۆراو جۆری هەر کام لە (استيئس)و (ظَنُّوا)وەوە، ئنجا پاش لێکۆڵینەوەو لێووردبوونەوەی ژمارەیەك لە تەفسیرەکانو سەرنجدانی ئەو ڕستە بە بڕسەی قورئانی بەرزی مەزن نۆ (٩) جۆرە مانامان، بۆ هێناون، کە بێگومان هەندێکیان لە هەندێکیان بەهێزترن :

١- ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا ٱسۡتَيۡـَٔسَ ٱلرُّسُلُ﴾، هەتا کاتێك پێغەمبەران نائومێد بوون لە بڕواهێنانی گەلە کافرەکانیان، ﴿وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ قَدۡ كُذِبُواْ﴾، (و)ی (ظَنُّوا) کە (فاعل)ەکەیەتی، دەگەڕێتەوە بۆ گەلەکان، ئەو خەڵکانەی پێغەمبەرانیان بۆ ڕەوانە کراون، ئەوان پێیان وابوو، درۆیان لەگەڵ کراوە، واتە: لەلایەن پێغەمبەرانەوە، کە پێغەمبەران گوتوویانە: ئەگەر بڕوا نەهێنن، خوا لە بەینتان دەبات، سزاتان دەدات، پێیان وابووە ئەو هەواڵەی کە پێغەمبەران پێیان داون، ڕاست نەبووەو درۆیان لەگەڵدا کراوە .

٢- واتایەکی دیکەی هەر بە خوێندنەوە (قراءة)ی (كُذِبوا)، ئەوەیە کە: ئەو کۆمەڵانەی بڕوایان بە پێغەمبەران هێناوە، پێیان وابووە: پێغەمبەران

(علیهم الصلاة والسلام) لەوەدا کە بەڵێنیان پێداون: خوا سەریان بخات، پێغەمبەران لەو بەڵێنەیان دا، ڕاستیان نەکردوەو، سەرەنجام ئەوان (ئەو کۆمەڵانە، یان پێغەمبەرەکان) درۆیان لەگەڵ کراوە، کە یارمەتی خوایان بۆ بێ‌و دەرووی خێریان لێ بکرێتەوە .

٣- واتایەکی دیکەی دیسان ئەگەر (كُذِبوا) بخوێنرێتەوە، لە (إبن عباس)ەوە خوا لە خۆی‌و بابی ڕازی بێ، دەڵێ: (ظنَّ الرسلُ أن الله قد أَخْلَفَ ما وعَدَهم) پێغەمبەران وایان بە دڵدا هات کە: خوا ئەوەی کە بەڵێنی پێدا بوون، ڕاستی دەرنەچواند! کە ئەمە دەبێ ڕوون بکرێتەوە، ئەگەرنا ئیشکالی تێدایە .

٤- واتایەکی دیکەی: (ظَنَّ الرُّسل أَنَّهُم كُذِبَ مَعَهُم مِنْ قِبَلِ قَوْمِهِم وَلَم يُؤْمِنْ بِهِم أَحَدٌ) بە پێی ئەمە (فاعل)ی (ظنوا) کە (و)کەیە، مەبەست پێی پێغەمبەرانە، واتە: پێغەمبەران پێیان وابوو: درۆیان لەگەڵ کراوە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە گوتوویانە: بڕوامان پێهێناون، بەڵام بڕوایان نەهێناوە .

ئنجا ئەگەر (فاعل)ی (ظنوا) کە (و)کەیە، بچێتەوە بۆ پێغەمبەرانو، مەبەست پێی ئەوەبێ کە: خوا بەڵێنی لەگەڵ ڕاست نەبردوونە سەر، ئەوە وەك دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ، گوتوویەتی: پەنا بە خوا، کە پێغەمبەران گومانی وا بە پەروەردگاریان ببەن .

بەڵام هەندێك لە زانایان بە جۆرێك ناڕاستەیان کردوە، بۆ وێنە: (القرطبي) لە تەفسیرەکەی دا[1] دەڵێ : (قَالَ القُشَيريُّ أَبو نَصْر: وَلاَ يَبْعُدُ إنْ صَحَّتِ الرِّوَايَة، أَنَّ المُرَادَ: خَطر بقُلُوبِ الرُّسُلِ هَذَا مِنْ غَيْرِ أَنْ يَتَحَقَّقوهُ فِي نُفُوسِهِم، وَفِي الخَبَر: (إنَّ اللهَ تَعَالى تَجاوَزَ لِأُمَّتِي ما حَدَّثَتْ بِهِ أَنْفُسَها ما لَمْ تَكَلَّمْ بِهِ أَوْ تَعْمَلْ بِهِ)[2] .

واتە: قوشەیریی کوڕی نەصر، دەڵێ: ئەگەر ئەو ڕیوایەتە ڕاست بێ (لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە خوا لە خۆی‌و بابی ڕازی بێ)، مەبەست

---

١) الجامع لأحكام القران ج ٩، ص ٢٢٤ و ٢٢٥.

٢) أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٤٩٦٨)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٢٧)، وَأَبُو دَاوُدَ رقم: (٢٢٠٩)، وَالتِرمِذِيُّ برقم: (١١٨٣)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٣٤٣٣)، وابن ماجه برقم: (٢٠٤٠).

ئەوەیە کە تەنیا خەتەرەو خەیاڵێکی خراپ بە دڵی پێغەمبەراندا هاتوە، نەك لەلای خۆیانەوە لێی دڵنیابنو دڵی خۆیانی لەسەر بچەسپێنن، بەس خەیاڵو خوتخوتەکەیەکی شەیتانیی بووە بەسەر دڵیاندا هاتوە: {تۆ بڵێی خوا ﷻ ئەو بەڵێنەی پێیداوین، ڕاست دەربچێ؟!} لە فەرمایشتی پێغەمبەریش دا هاتوە، فەرموویەتی: بێگومان خوا چاوپۆشیی لە ئۆممەتی من کردوە، لەوەی کە بە دڵیان دا دێ (لە خەتەرەی خراپ)، مادام بە قسە دەری نەبڕنو کاری پێ نەکەن .

(القرطبي) لە تەفسیرەکەی دا[1] دەڵێ: (الحكيم الترمذي) دەربارەی ئەم ڕستە قورئانییە گوتوویەتی: (وَجْهُهُ عِنْدَنا: أَنَّ الرُّسلَ كانَت تَخافُ بَعْدَ ما وَعَدَ اللهُ النَّصْرَ لا مِنْ تُهْمة لِوَعْدِ الله، وَلَكِنْ لِتُهْمة النفُوس، أَنْ تَكونَ قَدْ أَحْدَثَتْ حَدَثاً، يَنْقضُ ذَلِكَ الشَّرْط وَالعَهْدِ الَّذِي عُهِدَ إِلَيْهِم، فَكانَتِ إِذَا طالَت عَلَيْهِم المدّة ، دَخَلهُم الإِياس والظنُون مِنْ هَذَا الوَجْه).

واتە: ڕووی ڕاستی تەفسیرکردنی ئەم ڕستە قورئانییە لەلای ئێمە ئەوەیە: کە پێغەمبەران دوای ئەوەی خوا هەواڵی سەرکەوتنی پێداون، مەترسییان هەبووە، بەڵێنەکە نەیەتەدی، بەڵام لەو ڕووەوەنا کە تۆمەت بخەنە پاڵ بەڵێنی خوا، کە ڕاست دەرناچێ، بەڵکو نەفسی خۆیانیان تۆمەتبار کردوە، کە لەلای ئەوانەوە شتێك بووبێ، بوو بێتە هۆی ئەوەی ئەو مەرجو پەیمانەی پەروەردگاریان پێی داون، ئەوان هەڵیان وەشاندبێتەوەو کارێکیان کردبێ کە خوای کارزان لەبەر ئەو کەمو کوڕییانەیان بەڵێنەکەیان لەگەڵ نەباتە سەر (لەبەر سووچی خۆیانو لەبەر جێبەجێ نەکردنی مەرجەکەیان)، ئنجا کە ماوە کە زۆری پێچووە، لەو ڕووەوە نائومێدیی هاتۆتە دڵو دەروونیانەوەو، گومانی خراپیان بە خۆیان بردوە، نەك گومانی خراپ بە خوا ببەن .

٥- بەڵام ئەگەر وشەکە بە: (كَذَبوا) بخوێنرێتەوە، کە هەندێك لە خوێنەرەوانی قورئان وایان خوێندۆتەوە، ئەو کاتە ماناکەی ئاوای لێ دێ:

---

١) الجامع لأحكام القران ج ٩، ص ٢٢٤ و ٢٢٥.

هەتا کاتێك کە پێغەمبەران نائومێد بوون لە بڕواهێنانی گەلەکانیان، یاخود نائومێد بوون لەوەی خوای دادگەر ئەو گەلانە سزا بدات، {لە سۆنگەی ئەوەوە کە خوا بەڕوونیی نەیفەرمووە: سزایان دەدەم، ئیدی ئەو پێغەمبەرەش ڕەنگە پێی وا بووبێ: ئەو گیان دەسپێرێو خوا ئەو گەلە هەر سزا نادات، سزایەکە دوا دەخات}، لەو کاتەدا گەلە کافرەکان پێیان وا بوو، یاخود: دڵنیا بوون[1]، {چونکە دەگونجێ ئینسانی کافر دڵی خۆی یەکلا بکاتەوە لەسەر بۆچوونێکی ناڕاست}، کە پێغەمبەران درۆیان لەگەڵدا کردوون، لەوەدا کە هەواڵیان پێداون .

کەواتە: (فاعل)ی (ظنوا) کە (و)کەیە، مەبەست پێی گەلە کافرەکانن .

٦- دەشگونجێ (ظَنَّ) لێرەدا بە مانای (يقين)بێ‌و، (فاعل)ی (ظنوا)ش، مەبەست پێی پێغەمبەران بێ، یانی: پێغەمبەران دڵنیا بوون کە گەلەکانیان درۆیان کردوەو کوفریان بە خوا کردوە، کە گوتوویانە: خوا پێغەمبەری نەناردوە، یان کە گوتوویانە: خوا هاوبەشی هەیە، کە ئەوەش درۆ کردنە بە ناوی خواوە .

٧- دیسان ئەگەر بە (كَذَبوا) بخوێنرێتەوە، دەگونجێ مانایەکەی ئاوا بێ: (ظَنَّ الرُّسُلُ أَنَّ أَتْباعَهُمْ قَدْ كَذَبوا بدعَوَاهُم الإيْمان)، واتە: هەتا کاتێك پێغەمبەران نائومێد بوون لە ئیمان هێنانی گەلە کافرەکانیانو، پێشیان وابوو کە شوێنکەوتووەکانیشیان ڕاستیان نەکردوە، لەوەدا کە گوتوویانە: ئیمانمان پێهێناون، لەبەرئەوەی زۆری پێچووەو تەماشایان کردوە: ئەو خەڵکەش کەوتۆتە نارەحەتییو سەغڵەتییەکی زۆرەوە، بۆیە پێیان وابووە: ئەوانیش هەڵگەڕاونەوەو، درۆیان لەگەڵ کردوون، لە ئیمان هێنانیان دا .

٨- ئەگەر بە (كُذِّبوا)ش بخوێندرێتەوە، دەبێ وشەی (ظنوا) بە (آستيقنوا، علموا) مانا بکرێ، یانی: پێغەمبەران نائومێد بوون لە بڕواهێنانی گەلەکانیانو، دڵنیابوون لەوەی لەلایەن ئەو گەلە کافرانەوە، بە درۆ دانراون .

---

١) چونکە: (ظن) بە مانای گومانیش دێو، بە مانای دڵنیایی (يقين)یش دێو، بە پێی شوێنو سیاق، ئەوە دەزانرێو، جاری واشە هەردووك مانایەکە گونجاون .

٩- هەروەها ئەگەر بە (كذِّبوا)ش بخوێندرێتەوە، مانایەکەی لەوەی پێشوو نیزیکە، یانی: پێغەمبەران لە گەلەکانیان بێ هیوا بوونو دڵنیاو مسۆگەر بوون: کە گەلەکانیان پێیان بێبڕوابوونو بە درۆیان دانان .

هەر چۆن بۆ ئەو ئایەتە زۆر شێوەی ئایەتی (١١٢)ی سووڕەتی (البقرة) دەکات، کە دەفەرموێ : ﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِكُم ۖ مَّسَّتْهُمُ ٱلْبَأْسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلْزِلُوا۟ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصْرُ ٱللَّهِ ۗ أَلَآ إِنَّ نَصْرَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ ﴿٢١٤﴾ ﴾.

واتە: یان ئایا پێتان وایە بچنە بەهەشت، هەرچەندە جارێ ئەوەتان بەسەر نەهاتوە کە بەسەر ئەوانی پێش ئێوە هاتوە: هەژاریی‌و نەداریی‌و ناخۆشییان بەسەر هاتو ڕاچڵەکێنران، هەتا پێغەمبەرەکەو ئەوانەی کە لەگەڵی دا بوون، گوتیان: کەی یارمەتی خوا دێ؟ ئاگاداربن! یارمەتی خوا نیزیکە .

کە لەوێشدا هەرچەندە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) دڵو دەروونیان پڕ بووە لە ئیمانو یەقین، بەڵام ئەوەندە بێزارو ناڕەحەت بوون، هەرچەندە زانیویانە یارمەتی خوا، هەر دێ، بەڵام ویستوویانە کاتەکەی بزانن، ئەم ئایەتەی سووڕەتی (یوسف) لەگەڵ ئەو ئایەتەی (البقرة) زۆر دەشوبهێنە یەکدی‌و، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تەنانەت پێغەمبەرانی خواش (علیهم السلام)، لە ئەنجامی تاقیکرانەوەی سەختو ناڕەحەتیی‌و گرفتاریی زۆردا، جاری وا بووە شەیتان خوتوخوتەیەکی خستۆتە دڵیانەوەو، تووشی جۆرێك لە ڕەشبینیی بوون .

هەڵبەتە حیکمەتی خستنەڕووی ئەو ڕاستییەش، بریتیە لە هاندانی پێغەمبەری خاتەمو شوێنکەوتووانی، کە پشوو درێژبنو، خۆڕاگربنو، دڵنیاش بن کە سەرەنجام یارمەتی خوا هەر دێ، ئەوەتا پێغەمبەرانو شوێنکەوتووانیان بەو شێوە سەختە تاقیکراونەوە، بەڵام سەرەنجامەکەشیان دیارە چۆن بووە !

ئنجا بێگومان حیكمەتی ئەو سوننەتو یاسایەی خوای پەروەردگاریش بریتیە لە مەشق پێكردنو ڕاهێنانی بڕواداران، شارەزا بوونو دامەزرانیان، چونكە ئەوانەی كە لە نارەحەتییاندا پێدەگەنو سەختییان دەبڕن، بێگومان دامەزراوترو قایمو قوڵتر دەبن .

مەسەلەی نۆیەمو كۆتایی : لە بەسەرهاتی پێغەمبەراندا دەرسو پەند بۆ خاوەن عەقڵان هەیە، قورئان هەڵبەستراو نیە، بەڵكو بە ڕاست دانانی كتێبەكانی پێش خۆیەتیو، ڕوونكردنەوەی هەموو شتێكە، كە ژیانی مرۆڤ پێویستی پێی هەیەو، ڕێنماییو بەزەییە بۆ بڕواداران:

وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُوْلِي الْأَلْبَابِ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَى وَلَكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿١١١﴾ ﴾.

شیكردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەكە لە پێنج بڕگەدا

١) - ﴿ لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُوْلِي الْأَلْبَابِ ﴾، دیارە (ل)ی سەر (لقد) بۆ سوێند پێ خواردنەو (قد)یش، بۆ ساغكردنەوە (تحقیق)یە، واتە: بێگومان بە دڵنیایی لە بەسەرهاتی ئەواندا، (كە بێگومان مەبەست پێی پێغەمبەرانە)، پەند هەیە، بۆ خاوەن عەقڵان .

(أولوا) یان (أولي) یانی: (أصحاب)، خاوەنان، هاوەڵان، (ألباب)یش كۆی (لُبّ)ە، (كاكڵ)، یانی: عەقڵ، كەواتە: (لِّأُوْلِي الْأَلْبَابِ) واتە: بۆ خاوەن عەقڵان، یانی: ئەوەی عەقڵی خۆی بەكارنەهێنێ، تێنەفكرێ، بێگومان ئەگەر دەیان بەسەرهاتو ڕووداو ببیستێو بۆی باس بكرێن، هیچ پەندێكیان لێوەرناگرێ .

ئنجا بۆ مانای (عبرة) بە کوردیی دەڵێین: دەرس، پەند، بۆچی ئەم ناوەی لێنراوە؟ (العِبْرَةُ: اسْمَ مَصْدَرٍ للإعْتِبار، وَهُوَ التوصُّل بمَعْرفة المُشاهَدِ المَعْلوم إلى مَعْرِفة الغائِب، وَهُنا أطلق المصدرُ على المفعُولِ أي: المُعْتَبَرُ بِهِ)، واتە: (عبرة) ناوی چاوگە بۆ پەند وەرگرتن، کە بریتییە لەوەی بەهۆی شتێکی زانراوو ناسراوەوە، بگەی بە ناسینو زانینی شتێکی نەناسراوو نەبینراو، کە لێرەدا (عبرة) هەرچەندە چاوگە، بەڵام بە مانای (مفعول) بەکارهێنراوە .

٢) - ﴿مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ﴾ ئەم کتێبە قسەیەکی هەڵبەستراو نییە، یاخود ئەو بەسەرهاتەی کە لەم سوورەتەدا هاتوە، وەك هەموو بەسەرهاتەکانی دیکەی قورئان، قسەی هەڵبەستراو نییە .

بەڵکو فەرمایشتەکانی خوا پڕ بە پێستی واقیعن، واتە: بەسەرهاتو چیرۆکێك نیە کە دانرابێ، خەیاڵ دروستی کردبێ، چونکە مەرج نیە، پەند لە بەسەرهاتێك وەربگیرێ، کە خەیاڵ دروستی کردبێ، بەڵام ئەگەر شتێك ڕوویدابێ لەسەر ئەرزی واقیع، دەگونجێ وێنەی ئەوە دووبارە بێتەوەو، دەگونجێ ئاکامی ئەو ڕووداوە واقیعییە چۆن بووە؟ کاتێك وێنەی ئەوە دووبارە دەبێتەوە، هەمان ئاکامی هەبێ، بەڵام ئەگەر شتێك هەڵبەستریو دروست بکریو، زادەی وەهمو خەیاڵ بێ، ڕەنگە هەر ڕوو نەدات، چونکە لە ئەسڵدا هەر ڕووی نەداوە .

٣) - ﴿وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ﴾ بەڵکو ئەم کتێبە بەڕاست دانانی ئەوەی پێش خۆیەتی، واتە: ئەو کتێبانەی پێش خۆی هاتوون، قورئان هەموویان بە ڕاست دەزانێ، وەك ئەسڵەکەیان، دەفەرموێ: خوا هەموو ئەو کتێبانەی ناردوون، بەڵام ئایا چەندیان وەك خۆیان ماونو، چەند لادراونو، چەندیان لە بیر کراوە؟ ئەمە بابەتێکی دیکەیە، بەڵام وەك ئەسڵەکەیان، ئەوە دیارە خوا لە قورئاندا باسی کردوە، کە :

١) (صحف) بۆ ئیبراهیم هاتوە .

٢) هەروەها (صحف)و (توراة) بۆ مووسا هاتوون .

٣) (إنجيل) بۆ عیسا هاتوە .

٤) داوودیش (زبور)ی بۆ هاتوە .

ناوی ئەو کتێبانە هاتوەو، خوا هەواڵی داوە کە کتێبو بەرنامەی بۆ سەرجەم پێغەمبەران ناردوون، جا چ ناوی کتێبەکانیان هاتبێ، یان نەهاتبێ، کە تەنیا ناوی کتێبەکانی: ئیبراهیمو داوودو مووساو عیسا ، عليهم السلام، هاتوە، لە قورئانێکدا کە بۆ موحەممەد ﷺ .

٤) - ﴿ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ ﴾، هەروەها ئەم قورئانە، ڕوونکردنەوەی هەموو شتێکە، یانی هەموو شتێك کە ڕێی ڕاست دیتنەوەی مرۆڤ پەکی لەسەری کەوتوەو، لە مەودای عەقڵی ئینساندا نیە .

٥) - ﴿ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴾، هەروەها ڕێنماییەو بەزەییە بۆ کۆمەڵێك بڕوا بێنن، واتە: ڕێیان پێشان دەدات کە چۆن یاسایەکانی خوا (سنن الله) لە بوونەوەردا بدۆزنەوەو ڕەچاویان بکەن، هەروەها حوکمە شەرعییەکانی خوا، کە لە وەحیی خۆیدا بەیانیان دەکات، بیانزانن‌و ڕەچاویان بکەن‌و پێیانەوە پابەندبن‌و، سەرەنجام ئەوەش دەبێتە مایەی هیدایەت‌و ڕەحمەت‌و بەزەیی خوا، بۆیە دەفەرموێ: بۆ کۆمەڵێك بڕوا بێنن، دیارە ئەوەی بڕوا نەهێنێ، نە هیدایەت وەردەگرێ، نە شایستەی بەزەیی خوای پەروەردگاریش دەبێ .

پوختەی دەرس و پەندو حیکمەتەکانی کە لە بەسەرهاتی یوسف و یەعقووب و علیهما السلام کورەکانی یەعقووب وەردەگیرێن

بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە بە پلەی یەکەم پشتم بە تەفسیری: (تیسیر الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان) بەستووە[1]، هەڵبەتە بە دەستکاریی کردنو کەمو زیادیی تێداکردنەوەو، بە دارشتنی خۆم، بەلام ئەو تەنیا چلو شەش (٤٦) دانەی هێناون، منیش گەیاندوومن بە شەست (٦٠) دانە، کە هەندێکیانم نێواخن کردوە لەگەڵ قسەکانی وی داو، هەندێکیشیان لە دوایی دا دێنم :

یەکەم: یەکەمین دەرسو پەندێك كە لەم بەسەرهاتەی یوسوف ﷺ وەردەگیرێ، ئەوەیە کە خوا ﷻ پێغەمبەرانی، وەك سەرمەشقو وەك مامۆستاو چاوساغی مرۆڤایەتیی ناردوون، بۆیە ئەگەر تەماشای سیرەو ژیانی کۆی پێغەمبەران (عليهم الصلاة السلام) بکەین، هەموو جۆرە سەرمەشقییەك، هەموو جۆرە مامۆستاییو چاوساغییەك، لە ژیانی پێغەمبەراندا دەبینرێ: وەك لە مەوسووعەی: (الإسلام كما يتجلى في كتاب الله)، لە باسی پێغەمبەراندا (عليهم الصلاة السلام)، بە تەفصیل باسمان کردوە .

بابای نەخۆش، دەتوانێ پێغەمبەران بکاتە سەرمەشق بۆ خۆڕاگریی لەسەر نەخۆشییەکەی، بابای هەژار، بابای دەوڵەمەند، بابای دەستەلاتدار،

---

١) للعلامة الشيخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي، رحمه الله.

بابای کۆچکەرو غەریب وڵات، بابای زیندانیی، مرۆڤی ئازاد، ئەوەی کە هاوسەرداره، ئەوەی کە بێ هاوسەره، ئەوەی کە ماڵو منداڵی هەیە، هەموو ئەو حاڵەتانەی کە بەسەر مرۆڤ دادێن، خوای پەروەردگار وایکردوە کە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) سەرمەشقییانو مامۆستایەتییو چاوساغییان، بۆ هەموو حاڵەتەکانی کە بەسەر مرۆڤدا دێن، هەبێ .

دووەم: ئەو بەسەرهاتەی یوسوف دا ﷺ کە خوای پەروەردگار، پێشێ دەفەرموێ:

﴿ نَحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ أَحۡسَنَ ٱلۡقَصَصِ ﴾، کەواتە: بێگومان بەسەرهاتی یوسوف لە چاکترین بەسەرهاتەکانە، چونکە لە میحنەتەوە بۆ نیعمەت، لە زەبوونییەوە بۆ باڵادەستیی، لە کۆیلایەتییەوە بۆ حوکمڕانیی، ئنجا لە غەریبییو لێکدوورکەوتنەوەوە، بۆ پێك شادبوونەوە، لە دڵتەنگییەوە، بۆ دڵخۆشیی، پاشان لە هەرزانییەوە، بۆ گرانیی، دوایی لە گرانییەوە، جارێکی دیکە بۆ هەرزانییو، لە سەغڵەتییەوە، بۆ فراوانیی، ئنجا لە سپڵەییەوە، بۆ دان بە چاکەی یەکدی دا هێنان، ئەوانە هەموویان هەن، گەلێك شتی دیکەش لە بەسەرهاتی یوسوف دا هەیە، بۆیە کە خوا دەفەرموێ : ﴿ نَحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ أَحۡسَنَ ٱلۡقَصَصِ ﴾، ئەو پێناسەیە پڕ بە پێستی بەسەرهاتی (یوسف)ە.

سێیەم: لەم بەسەرهاتەدا، بنچینەکانی خەون لێکدانەوە هەن، چونکە کە یوسوف ﷺ خەون دەبینێ بە خۆرو مانگو یازدە (١١) ئەستێرەوە، کە دیارە خۆر لە شوێنی دایکی دەبێو، مانگ لە شوێنی بابیو، یازدە (١١) ئەستێرەکانیش، لە شوێنی برایەکانی دەبن .

پاشان دوو هاوەڵە زیندانییەکەی کە خەون دەبینن، یەکێکیان بەوەوە: کە ترێ دەگوشێو شەڕاب دروست دەکات، ئەوی دیکەیان: کە خواردن لەسەر سەری دادەنێو باڵندە لێی دەخوات .

ئنجا پادشا خەون دەبینێ، بە حەوت (٧) ڕەشەوڵاخی قەڵەوەوە، کە حەوت (٧)ی لەڕ دەیانخۆنو، حەوت گوڵەگەنمی سەوز، کە حەوت گوڵەگەنمی وشك دەیانخۆن .

کە زانایان گوتوویانە: بە سەرنجدانی ئەو چوار خەونە کە لەم سوورەتەدا هاتوون، دەگونجێ بنچینەکانی خەون لێکدانەوە، زۆریان دەربهێنرێن .

چوارەم: بەسەرهاتی یوسوف ﷺ، ئەو بەسەرهاتە درێژە، بەو وردەکارییە، کە ئێمە مانامان کردووە، توێژەرەوانی قورئان زۆر قسەیان لەسەر کردوە، بەڵگەیەکی روون و بێ چەندو چوونە، لەسەر پێغەمبەرایەتیی موحەممەد ﷺ، چونکە پێغەمبەرێکی نەخوێندەوارو نەشارەزا بە کتێبە ئاسمانییە پێشووەکان وەك خوا دەفەرموێ : ﴿ وَمَا كُنتَ تَتْلُواْ مِن قَبْلِهِۦ مِن كِتَٰبٍ وَلَا تَخُطُّهُۥ بِيَمِينِكَ إِذًا لَّٱرْتَابَ ٱلْمُبْطِلُونَ ﴿٤٨﴾ ﴾العنكبوت، واتە: تۆ لە پێش قورئاندا، هیچ کتێبێکت نەخوێندۆتەوەو، بە دەستی ڕاستیش هیچت نەنووسیوە، کە ئەگەر وابووایەی ئەوانەی کە لەسەر ناهەقن، دەکەوتنە گومان و دوو دڵییەوە .

بەڵێ لە ڕاستییدا هەر ئەم بەسەرهاتە بۆخۆی، بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرایەتیی (محمد) ﷺ، چونکە ئەو بەسەرهاتە، ڕێکیش لەگەڵ ئەوەی کە لە کتێبە پێشووەکاندا هاتوە، پڕ بە پێستو گونجاوو پێکەڵ پێك (مطابق)ە، بگرە هەندێك هەڵە لەواندا هەن، ئەو بەسەرهاتەی کە لە قورئاندا هاتوە، ئەم هەڵانەش ڕاست دەکاتەوە .

پێنجەم: ئینسان هەر کاتێ بزانێ : شتێك، گوتنیو دەرخستنی زیانی هەیە، دەبێ بیشارێتەوە، ئەوەتا یەعقووب ﷺ کە ئامۆژگاریی کوڕەکەی دەکات : ﴿ قَالَ يَٰبُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُءْيَاكَ عَلَىٰٓ إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُواْ لَكَ كَيْدًا ۖ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لِلْإِنسَٰنِ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٥﴾ ﴾، واتە: ئەی ڕۆڵە گیان! خەونەکەت بۆ برایەکانت مەگێڕەوە، نەوەك دوایی پیلانێکت لە دژ بگێڕن، کەواتە: ئینسان هەر شتێك مەزەنەی ئەوەی لێبکات، کە تووشی زیان دەبێ، بەهۆی باس کردنیەوە، وا باشترە بیشارێتەوەو پەنهانی بکات، وەك گوتراوە: (كُلُّ ذِي نِعْمَـةٍ مَحسُودٌ)، هەموو خاوەن نیعمەتێك حەسوودیی پێ دەبردرێ، کەواتە: بە پێی توانا

ئینسان ئەو شتانەی کە پێی وایەو مەزەنەی ئەوەن، خەڵك بورووژێنن‌و نارەحەت بکەن‌و حەسادەتیان بجوولێ، وا باشە پەنهانیان بکات .

شەشەم: دەگونجێ ئینسان باسی خراپەی خەڵك بکات، لە رووی دڵسۆزییەوە، بۆ ئەوەی کەسێك کە پێت وایە تووشی زیان دەبێ، بەهۆی خراپەی بەرانبەرەکەیەوە، پارێزراو بێ، یانی: بۆت هەیە وشەیەکی خراپ بۆ بەرانبەرەکەی بەکاربێنی، چونکە ئەوەتا یەعقووب دەڵێ: (فَيَكِيدُواْ لَكَ كَيْدًا)، واتە: دوایی فێڵت لێ دەکەن، پیلانت لە دژ دەگێڕن، وشەی پیلان (کید)ی بۆ کوڕەکانی بەکارهێناوە، چونکە مەزەنەی ئەوەی کردوە حەسوودیی پێبەرن‌و، بکەونە پیلان گێڕیی لە دژی، بۆیە لە حاڵێکی وادا: دروستە وەك دڵسۆزیی: وشەو تەعبیری نەگونجاوی وا بەکاربهێنرێ، کە ئەگەر کەسەکە بیبیستێتەوە، ئەو وشە تەعبیرەی پێناخۆش بێ، بەڵام بە نیەتی دڵسۆزیی نواندن بۆ کەسێك، پێویستیی بە ئامۆژگاریی‌و ڕێنمایی هەبێ .

حەوتەم: چاکەی خوا لەسەر مرۆڤ ، دەبێتە چاکە بۆ سەر کەسوکاری‌و خزم‌و دەوروبەریشی، چونکە ئەوەتا یەعقووب ﷺ، بە یوسوفی کوڕی دەڵێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكَ وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعْقُوبَ ﴿٦﴾ ﴾، واتە: خوا چاکەی خۆی لەسەر تۆ تەواو دەکات‌و، لەسەر بنەماڵەی (یعقوب)یش تەواوی دەکات .

هەر بە ڕاستیش وایە، جاری وا هەیە مرۆڤێك، ئنجا پیاو بێ یان ئافرەت، دەبێتە مایەی سەربەرزیی بۆ نەتەوەیەك، بۆ عەشیرەتێك، بۆ بنەماڵەیەك، هەڵبەتە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە .

هەشتەم: وا باشە بابای گەنج، بابای تازە پێگەیشتوو، هانبدرێ‌و دڵخۆش بکرێ‌و، ئایندەی ڕۆشنی بخرێتە بەرچاو، ئەوەتا لێرەدا یەعقووب ﷺ بە (یوسف)ی کوڕی دەڵێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ

وَيُتِمُّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكَ وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعۡقُوبَ ...﴿٦﴾﴾، ئا بەم شێوەیە پەروەردگار تۆ هەڵدەبژێرێ‌و، لە مانای خەونانت فێر دەکات‌و، چاکەی خۆی لەسەر تۆو بنەماڵەی یەعقووب تەواو دەکات.

هەڵبەتە هاندانی هەموو کەسێك هەر پێویستە، قسەی خۆش بۆ هەموو کەس هەر باشە، بەڵام بۆ بابای گەنجی تازە پێگەیشتوو، کە لە سەرەتای تەمنیەوەیەتی، ئەگەر بەرچاوی ڕۆشن بکرێ‌و گەشبینیی پێشان بدرێ، ڕێگای ڕۆشنی بخرێتە بەرچاو، بێگومان باشترە .

<u>نۆیەم :</u> پێویستە مرۆڤ لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ماڵ‌و خێزانیدا، وریای دادگەریی بێ، وریای بێ فەرق‌و جیایی بێ، ئنجا زۆر لە تەفسیرەکان، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، پێیان وابووە کە یەعقووب جیاوازیی بە کوڕەکانی کردوە، بۆیە کوڕەکانی حەسادەتیان بەرانبەر بە یوسف‌و بنیامینی برایان، جووڵاوە، بەڵام من ئەوە بە ناڕاست دەزانم‌و، پێم وایە ئەوە بەو شێوەیە نیە، چونکە یەعقووب ﷺ وەك هەموو پێغەمبەرانی پایە بەرزی خوا، لە لووتکەی ڕەوشت بەرزیی دا بووە، ئنجا تەنانەت مسوڵمانێکی باش لە خۆی ناوەشێنێتەوە جیاوازیی بە منداڵەکانی بکات، با لە دوو دایك، یان چەند دایکێك بن، ئەدی چۆن پێغەمبەرێکی پایە بەرز، شتی وا دەکات؟! بەڵام من دەڵێم: دەبێ مرۆڤ خۆی بپارێزێ لەوەی گومانی خراپ لەلای منداڵەکانی پەیدا بکات، وەك گوتراوە: (إتَّقوا مواضِعَ التُّهَم)، خۆتان لە شوێنی تۆمەت بپارێزن .

با باب لە ئەسڵدا دادگەریش بێ، بەڵام دەبێ خۆی بپارێزێ، لەوەی بەرانبەرەکەی تووشی گومانی خراپ بێ.

<u>دەیەم :</u> گوناح کردن هەمیشە شوومەو، سەرەنجامی زۆر خراپی هەیە، تەماشا دەکەین، برایەکانی یوسف، بە بیانووی ئەوەی کە بابیان ڕووی بکاتە وان‌و گرنگییان پێ بدات، بیر لەچی دەکەنەوە؟ لەوە کە یوسف بکوژن، دوایی دێنە سەر ئەوە کە نەخێر، وا باشە دووری بخەینەوەو بیخەینە بیابانێك، یان بیخەینە چاڵێك، ئنجا دوایی ناچار دەبن کە سیناریۆیەکی درۆ دروست

بکەن، دواییش ئەو هەموو ماوە زۆرە درۆ لەگەڵ بابیان بکەنو، ئەو هەموو خەفەتە بخەنە دڵی دایكو بابیان، ئنجا ئەو هەموو ناڕەحەتییە بەسەر یوسوف ﷺ بێنن، کەواتە: وەك گوتراوە: گوناح هەندێکیان هەندێکیان پەلکێش دەکەن، بۆیە پێویستە ئینسان لە گوناهان وریابێ، چونکە کە گوناهێکت کرد، ئەو گوناهە ناچارت دەکات یەکێکی دیکەش بکەیو، ئەوی دیکەش پەلکێشت دەکات بۆ یەکێکی دیکە... تا کۆتایی .

یازدەیەم: گرنگ کۆتاییو سەرەنجامە، ئەوەتا کوڕەکانی یەعقووب لە سەرەتاوە، زۆر ڕەفتارو مامەڵەی خراپیان لەگەڵ دایكو بابیانداو لەگەڵ یوسوفو بنیامینی برایاندا، کردوە، بەڵام لە کۆتاییدا هەڵەو کەمو کوڕییەکان قەرەبوو دەکەنەوەو، دان بە چاکەی یوسوف دادێننو، داوای لێبوردن لە بابیان دەکەنو، بە بابیان دەڵێن: داوای لێبوردنمان بۆ لە خوا بکەو، دان بە هەڵەو کەمو کوڕیی خۆیان دادێنن .

کەواتە: دەبێ ئینسان بۆ هیچ کەسێك لەسەر هەڵوێستێکی حوکم نەداو، بڕیاری یەکجارەکی نەدا، تاکو تەماشای کۆی هەڵوێستەکانی دەکات، (العِبْرَةُ بالخاتِمة) گرنگ سەرەنجامە .

دوازدەیەم: خوا ﷻ یوسوفی بەهرەمەند کردبوو لە زۆر ڕەوشتی بەرزو جوانو لە زۆر ئاکاری پەسند، کە دیارە مەعدەنەکەی مەعدەنێکی باش بووە، خواش ﷻ کە دەفەرموێ : ﴿... ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥۗ ...﴿١٢٤﴾﴾ الأنعام، واتە: خوا زاناترە بەوە کە پەیامی خۆی لە کوێ دادەنێ .

دیارە هەموو پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) خوای پەروەردگار وای لێکردوون، کە لە هەموو ڕەوشتێکی بەرزو جوان، لە هەموو ئاکارێکی پەسندا، لە لووتکە دابن، بۆیە خوا ﷻ ئەرکی پێغەمبەرایەتییو گەیاندنی پەیامی خۆی پێ سپاردوون .

سێزدەیەم: هەندێك جۆری خراپە لە هەندێکی ئەهوەنترو کەمترە، ئنجا ئینسان ئەگەر هەر ناچاربێو، لە نێوان دوو خراپەدا گرفتار بوو بێ، دەبێ

بزانێ کامیان ئەهوەنترە ئەویان بکات، ئەوەتا برایەکانی یوسوف ﷺ دوای ئەوەی بڕیار دەدەن‌و دەڵێن : ﴿ ٱقۡتُلُواْ يُوسُفَ أَوِ ٱطۡرَحُوهُ أَرۡضٗا ﴿٩﴾ ﴾، واتە: یوسوف یان ڕاستەوخۆ بکوژن، یاخود فڕێی بدەنە بیابانێکەوە، بۆ ئەوەی لە وێ لەبەین بچێ، برا گەورەکەیان ئامۆژگارییان دەکات، دەڵێ: ﴿ لَا تَقۡتُلُواْ يُوسُفَ وَأَلۡقُوهُ فِي غَيَٰبَتِ ٱلۡجُبِّ ﴿١٠﴾ ﴾، واتە: یوسوف مەکوژن‌و فڕێی بدەنە تاریکایی‌و بنی بیرێکەوە، واتە: ئەگەر ئامانجتان هەر ئەوەیە لە بابتان دووربکەوێتەوە، بەوە دووردەکەوێتەوەو، پێویست ناکات ڕاستەوخۆ بیکوژن، یاخود ناڕاستەوخۆ بیکوژن، دووری بخەنەوەو بیخەنە بیرێکەوە، دواییش کاروانێك هەڵی دەگرێتەوەو لە کۆڵتان دەبێتەوە.

چواردەیەم : هەر شتێك کەوتە نێو دەستان، با لە ئەسڵدا بە شێوەیەکی ناڕەواش بووبێ، بەڵام دوایی کە دەکەوێتە سەر کڕین‌و فرۆشتن‌و، دەستاو دەست دەکات، دروستە بکڕدرێ‌و بفرۆشرێ، مادام دیار نەبێ کە ئەوە ماڵی دزراوە، یان بە زوڵم پەیداکراوەو، خراوەتە نێو ماڵی بازرگانیی، مادام لە بابای کڕیار دیار نەبێ، دروستە مامەڵەی پێبکات، چونکە ئەوەتا خوای زاناو شارەزا وشەی فرۆشتیان (شَرَوْهُ)ی بۆ یوسف (علیه السلام) بەکارهێناوە : ﴿ وَشَرَوۡهُ بِثَمَنِۭ بَخۡسٖ دَرَٰهِمَ مَعۡدُودَةٖ ...﴿٢٠﴾ ﴾، واتە: بە چەند درەمێکی کەم، فرۆشتیان‌و تێشیدا نائارەزوومەند بوون، خوا خوایان بوو لە کۆڵیان ببێتەوە .

پازدەیەم : مرۆڤ (پیاو بێ یان ئافرەت) دەبێ زۆر خۆی بپارێزێ، لەوەی لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا بە تەنیا لە شوێنێکی چۆڵ پێکەوە بن، ئەوەتا ژنەکەی عەزیزی میسر، لەبەر ئەوەی لە ماڵەوە بە تەنیا بووە، لەگەڵ (یوسف)دا، تەماعی تێکردوە، ئنجا دیارە ئەمە، هەم بۆ پیاو ڕاستەو هەم بۆ ئافرەتیش ڕاستە، هەرچەندە لە فەرمایشتەکەی پێغەمبەر ﷺ دا، دەفەرموێ : {لا يَخْلُوَنَّ أَحَدُكُمْ بامْـرَأَةٍ}، {أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (١١٤)، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح رجاله ثقات رجال الشيخين} .

واتە: هیچ کام لە ئێوە با بە تەنیا لە شوێنێك لەگەڵ ئافرەتێك دا نەبێ .

بەڵام بێگومان بۆ ئافرەتیش هەروایە، ئەوەتا لێرەدا ئافرەتەکە تەماعی لە پیاوەکە کردوە، کە یوسوف ؈، بەڵام بەهۆی پاکیی‌و چاکیی یوسوف‌و، بەهۆی ڕەوشت بەرزییەوە، ئەو تەماعەی ئەو ئافرەتەی عەزیزی میسر، سەری نەگرتوە .

شازدەیەم: دیارە ئەم زانایە (عبدالرحمن بن ناصر السعدي)، دەڵێ: ئەو خولیاو خەیاڵەی (زینا) بە دڵی یوسوف داهات، بەڵام لەبەر خوا ﷻ وازی لێهێنا، بووە هۆی ئەوەی خوا ﷻ ڕێزی لێ بنێ، بەڵام من لە تەفسیرکردنی ئەو ڕستە قورئانییەدا: ﴿ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ وَهَمَّ بِهَا ﴿٢٤﴾ ﴾، ڕوونم کردۆتەوە، کە لە ڕاستییدا نیازی ئافرەتەکە، دیارە کە نیازو مەبەستی بووە: یوسوف پەلکێش بکات بۆ داوێن پیسیی، بەڵام نیاز (هَمّ)ی یوسوف ئەوە بوو، کە ئەو ئافرەتە لە خۆی دووربخاتەوە، لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، لە شوێنی خۆی ڕوونم کردۆتەوە، بەڵام بە هەر حاڵ ئەگەر بەو واتەیەش بێ، کە هەروا خولیایەکی زوو تێپەڕ بووە، خەیاڵێك بەسەر دڵی یوسوف ؈دا تێپەڕ بووە، بەڵام لەبەر خوا ﷻ نەیکردۆتە عەزمێك کە لە دڵی خۆیدا بیچەسپێنێ، کە ئەوەش وەك گوتم: بۆچوونی هەندێك لە توێژەرانە، ئەوەش تۆزێك گونجاوەو ڕێی دەچێتێ، بەڵام نەك ئەو حیکایەتەی کە گوایە: یوسوف دۆخینی کردۆتەوەو بۆی دانیشتوە، بەڵام بابی بینیوەو پەنجەی خۆی گەزیوە، ئەو حیکایەت‌و قسانە، هیچیان نەك هەر لەگەڵ پایەو مەقامی بەرزی یوسوف ؈، بەڵکو هی مسوڵمانێکی باشیشدا ناگونجێن، کە بەو شێوەیە مامەڵە بکات .

حەڤدەیەم: هەر کەسێك ئیمان بە ڕاستی بچێتە دڵ‌و دەروونیەوەو، خۆی بۆ خوا ساغ بکاتەوە، یان خوای میهرەبان بەهۆی ئیمانەکەیەوە، ساغی بکاتەوە، {چونکە وشەی : ﴿إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾، ئەم ڕستەیە، هەم خوێنراوەتەوە: (مُخلَصِينَ)، هەمیش خوێنراوەتەوە: (مُخلِصِينَ)، (مُخلَصِينَ) واتە: هەڵبژاردەکان، هەڵبژێردراوان، بەڵام: (مُخلِصِينَ)، واتە: خۆساغکەرەوان} ئنجا ئینسان گەر ئیمانێکی باشی هەبێ، هەم ئەو ئیمانە باشە وای لێ دەکات:

کردەوەکانی ساغ بکاتەوە بۆ خوا، هەم ئەوەش وای لێ دەکات کە خوای پەروەردگار بۆ خۆی هەڵیبژێریو ساغی بکاتەوە .

ئنجا ئەگەر ئینسان، خۆساغکەرەوە بێ بۆ خواو، خوا ساغی کردبێتەوە، بێگومان لە خراپە دوور دەبێ، بە بەڵگەی ئەوە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلْفَحْشَآءَ ۚ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾، واتە: ئاوا بەم شێوەیە ویستمان خراپەو شتی ناقۆڵاو ناشیرینی لێ دووربخەینەوە، چونکە ئەو لە بەندە ساغەکانی، یان خۆ ساغکەرەوەکانی ئێمە بوو، یاخود لە بەندە هەڵبژێردراوەکانی ئێمە بوو .

هەژدەیەم: مرۆڤ هەر کاتێك لەگەڵ شوێنو کاتو حاڵی گوناهـ کردندا رووبەڕوو بۆوەو، زانی ناتوانێ خۆی مەرزەم بکات، یاخود ناتوانێ، پاڵی پێوەبنێو لە خۆی دووری بخاتەوە، وا باشە لە چنگی ڕا بکات، وەك چۆن یوسوف ﷺ لە چنگی ئەو ئافرەتە ڕایکردوە، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱسْتَبَقَا ٱلْبَابَ وَقَدَّتْ قَمِيصَهُۥ مِن دُبُرٍ ﴿٢٥﴾ ﴾، واتە: پێشبڕکێیان کرد بۆ دەروازەی دەرێ، (یوسوف بۆ ڕاکردن لە چنگیو، ئافرەتەکەش بۆ گرتنی، وەك لە کاتی تەفسیرکردنەکەیدا باسمان کرد)و، ژنەکە کراسەکەی یوسوفی لە پشت ڕا دادڕیو قڵیشاند .

نۆزدەیەم: نیشانەکان کاریان پێدەکرێ، لە کاتێکدا کە مشتومڕ پەیدا دەبێ، مادام بەڵگەی ڕوونو ئاشکرا نەبێ، بە نیشانان (قرائن)یش کار دەکرێ، بە بەڵگەی ئەوە: لە کاتێکدا یوسوفو ژنەکەی عەزیز دەبێتە مشتومڕیانو ئافرەتەکە یوسوف تۆمەتبار دەکات، کە ویستوویەتی دەستدرێژیی بکاتە سەری، (یوسف)یش ناچار دەبێ کە بەرگریی لە خۆی بکاتو بڵێ: ئەو پرکێشیی منی کردوە: شایەدێك شایەدیی دەداتو دەڵێ: تەماشا بکەن: ئەگەر کراسەکەی یوسوف لە پێشەوە دڕابێ، ئافرەتەکە ڕاست دەکاتو یوسوف درۆ دەکات، بەڵام ئەگەر کراسەکەی لە دواوە دڕابێ، یوسوف ڕاست دەکاتو ئافرەتەکە درۆ دەکات، دوایش دەبینرێ کراسەکەی لە دواوە دڕاوە .

هەروەها هەر لێرەدا دەگوترێ: کاتێك برایەکانی یوسوف، کراسەکەی یوسوف بۆ بابیان دەبەنەوە، کە خوێنیان تێ هەڵسووە، بابیان کە تەماشای کراسەکە دەکات، هیچ نەدڕاوە، دەڵێ: ئەو گورگە چەند بە ڕەحم بووە، نەیهێشتوە کراسەکەی یوسوف بدڕێ، ئەدی گۆشتەکەی چۆن خواردوە؟! بەڵام من ئەو قسەیەم نەهێنایەوە لە کاتی تەفسیرکردنەکەشدا، چونکە من پێم وایە ئەو دە (١٠) برایە، عاقڵێکیان هەر تێدا هەبووە، کە کراسەکەش بدڕێنن! کەواتە: ئەوەی لە تەفسیرەکاندا هاتوە، لە ڕاستییدا هەر قسەیەکە، هەندێك لە حیکایەت خوانەکان ڕێکیان خستوە، ئەگەرنا پێم وایە، دە پیاو، دە کوڕ، کە کوڕانی یەعقووبن، ئەوەندە عەقڵەیان هەیە، کراسەکەش تۆزێك بدڕێننو، بابیان ئەوە ئیشکالەی بۆ دروست نەبێو، ئەو شتەیان ئاوا بە چاودا نەداتەوە !

ئنجا لێرەدا زانایان دەڵێن: ئەگەر پیاوێكو ئافرەتێك بووە کێشەیان لە سەر کەلوپەلی نێو ماڵ، تەماشا دەکرێ: کامەی زیاتر پەیوەندیی بە پیاوەوە هەیە، دەدرێتە پیاوەکەو، کامەشی زیاتر پەیوەندیی بە ئافرەتانەوەیە، دەدرێتە ئافرەتەکە .

<u>بیستەم:</u> یوسوف ﷺ هەرچەندە بەسەرهات گێڕەوەکان (قصاصون)، زیاتر هەر باسی جوانیی ڕواڵەتیی یوسوف دەکەن: چاوو برۆی وابووە، قەدو قیافەی وابووە، حاڵی وابووە! بەڵام لە ڕاستیی دا جوانییە مەعنەوییەکەی یوسوف زۆر زیاتر بووە لە جوانییە ڕواڵەتییەکەی، وەك کاتی خۆی لە تەفسیری ئایەتەکان دا باسمان کرد، هەر بۆیەش ئافرەتەکان کە یوسوف دەبینن، دەڵێن: ﴿مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنْ هَٰذَآ إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ ﴿٣١﴾﴾، واتە: ئەمە مرۆڤ نیە، ئەمە فریشتەیەکی بەڕێزە .

کەواتە: ژنەکان: بە جوانییە مەعنەوییەکەی، یوسوفو بە ڕەوشتو ئاکاری، بە نەزاکەتی، بە ویقاری، بە خۆڕاگرییەکەی، بە سامو هەیبەتی، پێش جوانیی جەستەو ڕواڵەتی، سەرسام بوون .

بیست و یەك: دەبینین کە: یوسوف ﷺ زیندان و بەندینخانە هەڵدەبژێری بەسەر گوناح کردندا، کەواتە: مرۆڤ دەبێ هەمیشە خۆی لە گوناح بپارێزێ، چونکە یوسوف ئەگەر ئەو داوێن پیسییەی بە پەنهانییش کردبایە، ڕەنگە ڕۆژێکیش هەر لێی ئاشکرا بووبایەو، تووشی بەندیخانەکە هەر ببووایە، بەلام ئەوە لە کوێ! بچیە بەندیخانەوە، بەلام بە تۆمەتباریی، ئەوەش لە کوێ، بچیە بەندیخانە، بەلام بە تۆمەت بۆ هەڵبەستراویی و بە پاکیی، ئنجا سەرەنجام بە نیمچە پادشاو حوکمڕانێك لە زیندان بێیە دەرێ؟! بێگومان زۆر جیاوازە، بۆیە ئینسان دەبێ هەمیشە هەوڵبدات بەردەوام لە گوناح ڕا بکات، ئەگەر بە دیلی گوناح کردنەکەش بریتی بێ لە بەندیخانە، کە مەرج نیە هەمیشە ئینسان بخرێتە نێوان دوو بژاردەی، داوێن پیسیی و بەندیخانەوە!! بەڵکو جاری وایە تۆ دەبێ تەنازول بکەی، لە عەقیدەو ئایینت، یاخود بچیە بەندیخانەوە، یاخود تەنازول لە ئایینت بکەی یان دەستبەرداری: سامانت، ئەرك و کارت، مووچەت، ببی! بەلام ئەگەر ئینسان هەر لای چاکە بگرێ، لای سەربەرزیی بگرێ، بێگومان بۆ دنیاو قیامەتی باشترە .

بیست و دووەم: مرۆڤ دەبێ هەمیشە پەنابەرێتە بەر خوا، لە کاتێکدا کە تووشی نارەحەتییەك دێ، تووشی داوا لێکرانێك دێ، کە جێگای خۆی نەبێ و، مایەی تووڕەیی خوا بێ، دەبێ پەنا بە خوا بگرێ، ئەوەتا: یوسوف ﷺ کە لە خوا دەپارێتەوەو دەفەرموێ: ﴿وَإِلَّا تَصۡرِفۡ عَنِّي كَيۡدَهُنَّ أَصۡبُ إِلَيۡهِنَّ وَأَكُن مِّنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ ٣٣﴾، واتە: ئەگەر تۆ فێڵی وان، پیلانی وان لە من لانەدەی، (ئەگەر حەواڵەی خۆمم بکەی)، ڕەنگە سەرەنجام زەفەرم پێ بەرن و، بەلایاندا بشکێمەوەو سەرەنجام لە نەفامان بم .

بیست و سێیەم: یوسوف کە دەڵێ: ﴿وَأَكُن مِّنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ﴾، ئنجا (جهل) دەگونجێ بەرانبەری (حِلم)، بێت واتە: عەقڵ و دانایی و، دەشگونجێ (جهل) بەرانبەری (عِلم)، بێت، واتە: زانیاریی و شارەزایی، (جاهِل)، واتە: نەزان، یان نەفام، ئەگەر نەفامیی بێ، بەرانبەرەکەی بریتیە لە عەقڵ و تێگەیشتن و، ئەگەر

نەزانیی بێ، بەرانبەرەکەی بریتییە لە زانایی‌و شارەزایی، ئەمە لێی وەردەگیرێ: کە هەم عەقڵ فامیدەیی‌و، هەم زانیاریی‌و شارەزایی، وا لە خاوەنەکەیان دەکەن، کە بەرەو خێر بچێ‌و، لە خراپە دەیگێڕنەوە .

بۆیە یوسوف ﷺ دەڵێ: خوایە! ئەگەر تۆ لە فریام نەیەی، سەرەنجام لە نەفام‌و نەزانان دەبم، کەواتە: ئینسان ئەگەر فامیدەبێ، عەقڵی باش کار بکات‌و، زاناو شارەزابێ، لە گوناح‌و خراپەو تاوان‌و لادان دەپارێزرێ .

<u>بیست‌و چوارەم:</u> مرۆڤ دەبێ لە هەموو حاڵاندا، هەر بەندەی خوا بێ‌و، ئاگای لە بەندایەتیی کردن بۆ خوا بێ، چ لە حاڵەتی فەرحانیی دابێ، چ لە حاڵەتی سەغڵەتیی دابێ، چ لە کاتێکدا کە ئازادەو، چ کاتێك بەندکراو (سجین)ە، ئەوەتا یوسوف ﷺ: لە بەندیخانەشدا، ئەوە نەبووە دەستەو ئەژنۆ دابنیشێ‌و، واز لە هەموو شتێك بێنێ‌و بڵێ: خوایە! من خرامە بیرو، دوایی تۆمەتم بۆ هەڵبەسترا، ئێستاش خرامە بەندینخانەوە!! بەڵکو لە پێشدا قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ، دەست دەکات بە چاکەکاریی، بە بەڵگەی ئەوەش دەست دەکات بە چاکەکاریی، کە دوو هاوەڵە زیندانییەکەی پێی دەڵێن: ﴿إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾، واتە: بێگومان ئێمە تۆ لە چاکە کاران دەبینین، وا دیارە چاکەی زۆر کردوە لەگەڵ زیندانییەکاندا، لەگەڵ ئەوانەی کە لەگەڵی لە بەندیخانەدا بوون، تاکو چاکەکردن لە (یوسف)دا بۆتە سیفەتێکی ڕۆچوو، بۆیە ئەو هاوەڵانەی ئەو شایەدییەی بۆ دەدەن‌و دەڵێن: بێگومان ئێمە تۆ لە چاکەکاران دەبینین، کەواتە: یوسوف لە بەندیخانەشدا هەر سەرگەرمی چاکەکردن‌و چاکەکاریی بووە !

بێگومان کاتێك کە ئینسان دەکەوێتە بارودۆخێکی نائاساییەوە، بەڵام دەست لە طاعەت، دەست لە چاکە، دەست لە خێرخوازیی‌و جوامێریی هەڵناگرێ، ئەو چاکەو طاعەتەی کە لە سەغڵەتیی‌و تەنگانەدا دەیکات، پاداشتی زۆر زیاترە، لەوەی کە لە بارودۆخی ئاساییدا دەیکات، بۆچی؟ چونکە لەوێدا زەحمەتی زیاتری دەکەوێتە سەرو، زیاتر ماندوو دەبێ‌و، بارودۆخەکەی بۆ نەگونجاوترە، وەك گوتراوە: پێغەمبەری خوا ﷺ بە

دایکمان عائیشەی فەرمووە: {إِنَّ لَكِ مِنَ الأَجْرِ عَلَى قَدْرِ نَصَبِكِ وَنَفَقَتِكِ}، {أَخْرَجَهُ الحَاكِمُ برقم: (١٧٣٣)، وقال : صحيح على شرط الشيخين. وأخرجه أيضاً: البخاري برقم: (١٦٩٥)}.

واتە: پاداشتت لە قەدەر ماندووبوونتەو لە قەدەر خەرجییتە، کەسێك زیاتر ماندووبێ‌و سەغڵەتبێ بە طاعەتێکەوە، پاداشتیشی زیاترە .

<u>بیست‌و پێنجەم:</u> ئینسان کاتێك کە پرسیاری لێدەکرێ، دەبێ بۆ وەڵامەکەی لە گرنگترەوە دەست پێ بکات‌و، بزانێ بۆ بابای پرسیارکەر، بابای داواکەر، چ شتێك پێویستترە، دەبێ لەوەوە دەست پێبکەی، ئەوەتا دوو هاوەڵە زیندانییەکەی یوسوف، کە لێی دەپرسن، دوو خەونەکانیان بۆ تەعبیر بکات، یوسوف ﷺ پێش ئەوەی خەونەکانیان بۆ تەعبیر بکات، بانگیان دەکات بۆ لای خوا، چونکە لەو کاتەدا: مانا لێکدانەوەی خەونەکان بۆ وان، گرنگ نەبووە، بە قەدەر ئەوەی کە ئەوان لە چاڵ‌و زەلکاوی هاوبەشدانان‌و کوفرو بێبڕوایی دا بوون، بۆیە یوسوف ﷺ ئەوەی بۆ ئەوان باشترە بووەو، بۆیان دڵسۆزییتر بووە، لە دنیاو دواڕۆژدا، ئەوە پێش دەخات‌و، ئەوی دیکە دەخاتە دوایی .

<u>بیست‌و شەشەم:</u> ئینسان دەبێ هەوڵبدات کە لەگەڵ بێ دەستان‌و، بێ دەرتاناندا، چاکەکارو بە ڕەحم بێ، بە سۆز بێ، چونکە تەماشا دەکەین: یوسوف ﷺ لەگەڵ ئەو هەموو مەینەتباریی‌و ناڕەحەتیی‌و گرفتارییەی خۆی دا، کاتێك کە ئەو دوو هاوەڵە زیندانییەی دێنە لای، ئەو داوایەی لێ دەکەن، یەکسەر دەست دەکات بە دڵسۆزیی‌و نواندن لەگەڵیاندا، ئنجا بۆ ئەوەش زەمینەی بۆ خۆش دەکات، تاکو قسەکانی باشتر لێ وەربگرن‌و زیاتر متمانەی پێبکەن، کە پێیان دەڵێ: ئەو کێیەو ڕێبازی خۆییان پێ دەناسێنێ‌و، ڕەچەڵەکی خۆی بۆ ئەوان باس دەکات، تاکو زیاتر متمانەی پێ بکەن، کەواتە: ئینسان دەبێ لە هەموو حاڵاندا، هەوڵبدات بەزەیی بنوێنێ‌و چاکە کاربێ‌و خێرۆمەند بێ .

بیست‌و حەوتەم: ئینسان هەر کاتێك تووشی ناڕەحەتیی‌و گرفتاریی بوو، دروستەو ڕەوایە: چۆن لەو گرفتاریی‌و ناڕەحەتییە دەربازی دەبێ، هۆکار بگرێتە بەر، چونکە ئێمە خوا لە دنیایەکدا دایناوین، کە شوێنی هۆکارەکان (أسباب)ە، وەك خوا ﷻ دەربارەی (ذو القرنين) دەفەرموێ: ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ مِن كُلِّ شَىْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾﴾الكهف: واتە: بۆ هەموو شتێك هۆکارێکمان پێدابوو، ئەویش بە دوای هۆکارەکە دەکەوت، کەواتە: ئینسان دەبێ چ لە حاڵەتی ئاسایی دابێ، چ لە حاڵەتی نائاسایی دا بێ، بزانێ ئامانج‌و مەبەستەکەی بە چ هۆکارێك دێتەدی‌و، یەکی لەسەر چ هۆکارێك کەوتوە، هەوڵبدات ئەو هۆکارەی بۆ فەراهەم بێنێ‌و بڕەخسێنێ، نەك تەنیا هەر لە خوا بپاڕێتەوە، چونکە هۆکار گرتنەبەریش، هەر بەشێکە لە دینداریی کردن، بەشێکە لەو طاعەتەی کە ئینسان بۆ خوای پەروەردگار ئەنجامی دەدات .

هەر بۆیەش یوسوف ﷺ وێڕای ئەوەی کە وەك زانایەکی چاکەکار (عالم محسن) وەڵامی داواو پرسیاری دوو هاوەڵەکەی دەداتەوە، بەڵام هاو کات ویستوویەتی ئەو مەسەلەیەش بکاتە هۆکارێکی خۆ ناساندنی‌و، پاشان دەربازبوونیش لە بەندیخانە .

بیست‌و هەشتەم: پێویستە کەسێك کە ئامۆژگاریی کەسێك دەکات‌و، زانیارییەکی فێر دەکات، بە بەرانبەر بۆی نەکات، یوسوف ﷺ کە خەونەکانیان بۆ تەعبیر دەکات، هیچ چاوەڕوانییەکی لێیان نیەو، هیچ داوایەکی لێیان نیە، بەڵکو دڵسۆزانەو بە پەرۆشانەو، ڕێك‌و ڕاست بەو شێوەیە کە خەونەکان دەیگەیەنن، خەونەکانیان بۆ تەعبیر دەکات‌و، لە بەرانبەردا هیچ چاوەڕوانییەك‌و هیچ داواکارییەکی لێیان نیە، بێگومانیش هەر کەسێك کە بیەوێ چاکە فێری خەڵك بکا، خەڵك شارەزا بکات، دڵسۆزییان بۆ بنوێنێ، هەتا چاوەڕوانیی لێیان کەمتر بێ، قسەکانی باشتر جێگا دەگرن‌و زیاتر لەلایەن بەرانبەرەکانەوە، بە دڵسۆزو متمانە پێکراو تەماشا دەکرێ .

بیست و نۆیەم: هەر كاتێك مرۆڤ پرسێكی دێتە پێش، مادام شارەزابێ لەو پرسەدا، پێوستە بۆ بابای كە داوای كردوە، داوای زانیاریی و ڕێنمایی و شارەزایی كردوەو، داوای دڵسۆزیی نواندنی كردوە، بۆ ئەو چی چاكە، با بۆخۆشی فكری پێ نەشكابێ و داوای نەكرد بێ، ئەوەی بۆ بكات، ئەمەش لەوە وەردەگیرێ: كاتێك كە پادشا خەونەكە دەبینێ، یەكێك لە دوو هاوەڵە زیندانییەكەی كە دەربازی بووە، كە بریتی بووە لەو كەسەی شەڕاب، یاخود ئاوی گێڕاوە، لە كۆڕی پاشادا[1]، دێ بۆ لای یوسوف و خەونەكەی پادشای بۆ دەگێڕێتەوە، یوسوف ﷺ چی بۆ ئەوان چاكە، لە میانی تەعبیركردنی خەونەكەی پادشادا، بۆیان دەخاتەڕوو: نەخشەیەكی ئابووریی پازدە (١٥) ساڵەیان بۆ دادەنێ، واتە: ناچێ ڕاست خەونەكەیان بۆ تەعبیر بكاو لێیانگەڕێ، بەڵكو دێنێ لە میانی تەعبیركردنی خەونەكەدا، نەخشەیەكی ئابووریی (١٥) ساڵەشیان بۆ دادەنێ، كەواتە: كاتێك ئینسان زانیارییەك بە دەوروبەری خۆی دەگەیەنێ، وا باشە تەماشا بكات : چیو چۆن بۆ ئەوان باشە، با ئەوانیش فكریان پێ نەشكابێ: داوای بكەن، بۆیان بخاتەڕوو .

سییەم: ئەگەر خەڵكیش لەگەڵ تۆدا ناڕاست بێ، یاخود كەم لوتف بێ، واباشە تۆ لوتف و ڕاستیی و دڵسۆزیی و چاكەی خۆت لە دەست نەدەی، واتە: چاكە لە بەرانبەر چاكەدا نەكەی، یوسوف ﷺ كە یەكێك لە دوو هاوەڵە زیندانییەكەی كە دەربازی بووەو بریتی بووە لە بابای ئاو یان: مەیگێڕ، كە دێ بۆ لای و خەونی پادشای بۆ دەگێڕێتەوە، یوسوف ﷺ هەر بە چاویشی داناداتەوە، نەك وەڵامی نەداتەوەو بڵێ: من داوام لێكردی گوتم: ﴿ٱذۡكُرۡنِي عِندَ رَبِّكَ ﴿٤٢﴾﴾، واتە: باسم بكە لای گەورەكەی خۆت و بڵێ: من بە زوڵم لەو بەندیخانەیەم، تۆمەتم بۆ كراوە، كەچی بەهۆی لەبیرچوونەوەی تۆوە، چەند ساڵە لەم زیندانەدام!! نەك هەرداواكەی ڕەت ناكاتەوە كە خەونەكەیان بۆ تەعبیر بكات، بەڵكو هەر بە چاویشی دا ناداتەوە!! ئەوەش بەڕاستیی ڕەوشتێكی زۆر بەرزەو هەموو كەس نایگاتێ .

---

١) پێی دەگوترێ: (ساقي) بە كوردیی: مەیگێڕ، یان: ئاو گێڕ.

بۆیە ئینسان دەبێ لە بەرانبەر لە بیرچوونو کەم لوتفییو، ناجوامێریی بەرانبەرەکانی دا، هەوڵبدات هەر چاکەکارو ئاکار بەرزو جوامێر بێ .

سی و یەکەم: ئینسان ئەگەر تۆمەتبار کرابێ بە شتێك، وا باشە چۆن بۆی دەکرێ، ئەو تۆمەتە لە خۆی دوور بخاتەوە، یوسوف ﷺ دوای ئەوەی خەونەکەی پادشای بۆ دەگێڕنەوەو دوایی پادشا دەڵێ، بۆم بێنن، یەکسەر ناڵێ: بابچین بۆ لای پادشا، هەرچەندە چەند ساڵێکیشە لە زینداندا ماوەتەوە، بەڵکو دەیەوێ جارێ پەرێزی خۆی لەلای خەڵك پاك بکاتەوە، دەیەوێ جارێ ئەو تۆمەتەی بۆی هەڵبەستراوە، لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، کەواتە: ئەگەر ئینسان سووربێ لەسەر ئەوەی لە نێو خەڵکدا سومعەی خۆی بە پاکیی بهێڵێتەوەو، تۆمەت لە خۆی دووربخاتەوەو، ئەگەر درۆو دەلەسەی بۆ کرا، هەوڵبدات ئەو درۆو دەلەسەیە ئەگەر پێویست بوو پووچەڵی بکاتەوە، ئەوەش شتێکی باشەو ئەرکی خۆیەتی .

هەر بۆیەش یوسوف ﷺ پەلەی نەکرد لە هاتنەدەر لە بەندیخانە، تاکو ئەوە تۆمەتەی بۆی کراوە، کە گوایە پەلکێشیی دەستدرێژیی کردوە بۆ ژنەکەی عەزیز، هەتا ئەو تۆمەتە ساغ ناکاتەوەو، ئەو بوختانە لەخۆی دوورناخاتەوە، پەلە نەکات، لە هاتنە دەر لە بەندیخانە .

سی و دووەم: بێگومان زانیاریی و شارەزایی هۆکارێکی گەورەی بەرزبوونەوەی ئینسانە، لە لای خواو لە لای خەڵك، بە مەرجێك، کار بەو زانیارییەی بکات، یوسوف ﷺ کە شارەزای تەعبیری خەونان بووەو، شارەزای کاروباری ئابووریی بوو :

أ) پاشەکەوت کردنی ئازووخە .

ب) چۆنیەتی بەرهەم هێنانی دەغڵو دان .

ج) چۆنیەتی هەڵگرتنی .

بەهۆی ئەو زانیاریی و ئەو شارەزاییەوە، ئەوە بوو کە یوسوف ﷺ بوو بە خاوەن پێگەیەکی بەرز، لە وڵاتی میسردا، ئەوە بوو بە پادشای گوت: ﴿ قَالَ

ﭐجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ ﴿٥٥﴾﴾، واتە: لەسەر عەمبارەكانی زەوییم دابنێ، كاروباری ئابووریی بە من بسپێرە، چونكە من هەم پارێزەرم، هەم زاناو شارەزام، كەواتە: زانایی‌و شارەزایی لە ڕاستیی دا پەیژەیەكە، مرۆڤ پێی دا سەردەكەوێ، چ لەلای خەڵك، چ لە لای خوا ﷻ بە مەرجێك ئەو زانیارییەی بۆ مەبەستی چاك‌و، بە شێوازی چاك بەكاربێنێ .

سی‌و سێیەم: زانیاریی لێكدانەوەی خەون، یەكێكە لە زانیارییە شەرعییەكان‌و، مرۆڤ لەسەر ئەوە كە بە شێوەیەكی ڕاست‌و دروست تەعبیری خەون بكات، خوا پاداشتی دەداتەوە، هەروەها ئەو كەسەی لێكدانەوەی خەون فێری خەڵك بكات، مانای وایە: زانیارییەكی چاكی فێری خەڵك كردوە، چونكە یەكێك لە پێغەمبەرانی پایەبەرزی خوا، كە (یوسف) ﷺ، خوا بە منەتكردنەوەو، وەك نیعمەت پێی دەفەرموێ: ئێمە چاكەمان فێر كردبووو، لە تەعبیری خەونانمان فێر كرد بوو، كەواتە: زانیاریی تەعبیری خەون، زانیارییەكی شەرعییەو، شتێكی چاكەو، مرۆڤ پاداشتی هەیە لە بەرانبەریدا، ئەگەر بەو زانیارییە كار بكات، یاخود ئەو زانیارییە فێری خەڵك بكات .

سی‌و چوارەم: ئینسان لە كاتی پێویستدا، بۆی هەیە: سیفەتە چاكەكانی خۆی باس بكات، لە شوێنێك كە نەناسرێ‌و، خەڵكەكە شارەزای نەبن‌و پێی ئاشنا نەبن، لە حاڵێكی وادا دروستە مرۆڤ سیفەتە باشەكانی باس بكات‌و، خۆی بە خەڵك بناسێنێ، بە بەڵگەی ئەوەی یوسف ﷺ سەرەتا خۆی بە دوو هاوەڵە زیندانییەكەی دەناسێنێ‌و، دەڵێ: من كوڕی (یعقوب)م (یعقوب) كوڕی (إسحاق)و كوڕی (إبراهیم) خۆییان پێ دەناسێنێ، ڕەچەڵەكی خۆی بە وان دەناسێنی‌و، عەقیدەو ئایینی خۆی بەوان دەناسێنێ، دواییش كە دەچێتە لای پادشاش، پێی دەڵێ: ﴿ﭐجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ ﴿٥٥﴾﴾، واتە: من لەسەر عەمبارەكانی زەوی دابنێ، چونكە پارێزەری زانام، كەواتە: دروستە ئینسان، سیفەتەكانی خۆی لە شوێنێك كە نایناسن، بخاتە ڕوو، بەڵام نەك بە مەبەستی خۆ هەڵكێشان‌و خۆ فەرز كردن، بەڵكو بە مەبەستی خزمەت كردن لە شوێنێك كە پێی ئاشنا نین، ئەوە ڕەوایەو بەڵكو جاری

وایە پێویست دەبێ، وەك پێشتریش باسمان كردوە، ئەگەر بزانی: كارێك هەیە تەنیا بە تۆ دەكرێ، ئەركێكی شەرعیی هەیە، سوودی خەڵك و وڵاتی تێدایە، تەنیا بە تۆ ئەنجام دەدرێ، دروستەو بگرە جاری وایە پێویستە خۆت بناسێنیو، سیفەتەكانی خۆت بناسێنی بەو كەسانەی كە متمانە دەدەن بە خاوەنی ئەوە سیفەتانە، تاكو ئەو ئەركە شەرعییە وەئەستۆ بگری، بۆ ئەوەی خزمەتی خەڵك و وڵات بكەیو، خوا لە خۆت ڕازی بكەی، نەك خۆت و حزب و خزم و دەوڵەمەند بكەی! وەك لە ڕۆژگاری ئێستامان دا هەیە !

<u>سێ و پێنجەم:</u> كە یوسوف ﷺ بە پادشای میسر دەڵێ: ﴿ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ ﴿٥٥﴾﴾، وێڕای ئەوەی كە لە ڕابردوودا گوتمان: ئەوەی لێوەردەگیرێ كە دروستە مرۆڤ لە شوێنێك خەڵك پێی ئاشنا نەبێ، بە تواناو سیفەتەكانی ئاشنا نەبن، كارێكیش هەبێ، دڵنیابێ كە بەو دەكرێ، یان بە باشترین شێوە بەو دەكرێ، بە پێی ئەوە حوكمەكەی دەگۆڕێ، جاری وایە لەسەری پێویست دەبێ: خۆی بناسێنێو خۆی پێشنیار بكات، جاری واش هەیە بۆی پەسند (مندوب)ەو، جاری واش هەیە بۆی ڕەوایە، بەڵام ئەگەر نیازەكەی خراپ بێ، بۆ وێنە: بیەوێ بەهۆی ئەو كارەوە كە وەئەستۆی دەگرێ، فۆرخكاریی و گەندەڵیی بكات و بۆ مەبەستی خراپ بەكاریبێنێ، ئەوە ئەو كاتە دیارە حوكمی خۆ پێشنیاركردنەكەی، یان باسی خۆكردنەكەی و خۆ ناساندنەكەی، پێچەوانە دەبێتەوە .

ئنجا وێڕای ئەوە: شتێكی دیكەش لەو هەڵوێستەی یوسوف وەردەگیرێ، ئەویش بریتیە لە متمانەو باوەڕ بەخۆ بوون، مرۆڤ دەبێ خۆی بناسێو، تواناكانی خۆی بزانێ، چی لە توانادا هەیە، چی پێ دەكرێ! چونكە بەدڵنیایی هەر كەسێ خۆی نەناسێو نەزانێ تاكوێ دەڕواتو، نەزانێ چی لە توانادا هەیە؟ چی پێ دەكرێ؟ چی پێ ناكرێ؟ لە مامەڵەكردن لەگەڵ دەوروبەرو واقیعدا، بەهەڵەدادەچێ، ئنجا یوسوف ﷺ كە دەڵێ: ﴿ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ ﴿٥٥﴾﴾، واتە: لەسەر عەمبارەكانی زەوییم دابنێ، واتە:

کاروباری ئابوورییم پێ بسپێرە، من پارێزەری زانام، دیارە خۆی ناسیوەو متمانەشی بە خۆی بووە، هەر کەسێك هەر بەرپرسیارێتییەك وەربگرێ، هەر ئەرکێك بخاتە سەرشانی خۆی، دەبێ پێشێ باوەڕو متمانەی بەخۆی بێ، کە ئەوەش سیفەتێکی باشە، بەلاّم گرنگ ئەوەیە واقیع بینانە، متمانەو باوەڕی بە خۆی بێ، نەك خەیالّ پلاّوانەو، لە ناسینی خۆیدا بە هەلّەدابچێ !!

سی و شەشەم: خوا ﷻ لە دنیادا بەهۆی ئیمانو تەقواوە، شتی چاك قسمەتی بەندەکانی دەکات، چونکە خوا ﷻ دوای ئەوەی باسی یوسوف دەکات، کە ئاوا نیشتەجێمان کرد، دەست ڕۆیشتوومان کرد لە زەوییدا، دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَلَأَجْرُ ٱلْءَاخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿٥٧﴾ ﴾، واتە: پاداشتی دواڕۆژ باشترە بۆ ئەوانەی بڕوایان هێنابووو پارێزیان دەکرد، واتە: ئەوەی بە یوسوف درا، کە دەستڕۆیشتوو کرا لە زەویداو، کرا بە بەرپرسی کاروباری ئابووریی لە میسردا، ئەوە چاکەو پاداشێکی خوا بوو بۆ یوسوف، بەهۆی ئیمانو تەقواکەیەوە، بەلاّم بە تەئکید پاداشتی دواڕۆژ بۆ یوسوفو هاووێنانی یوسوف، کە ئەهلی ئیمانو، ئەهلی تەقوان، باشترە، کەواتە: ئەوەش جۆرێك بووە لە پاداشت کە خوا ﷻ داویەتەوە، پاداشتی دنیایی لە بەرانبەر ئەوەدا کە لە ڕیزی ئەوانەدا بووە، ئیمانیان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە ئیمانیان پێ بهێنرێو، پارێزیشیان کردوە، دیارە کاتی خۆشی لە تەفسیرکردنی ئەم ڕستە قورئانییەدا باسمان کرد، کە بۆیە بۆ ئیمان دەفەرموێ: (ءَامَنُواْ) بەلاّم بۆ تەقوا دەفەرموێ: (وَكَانُواْ يَتَّقُونَ)، چونکە یەك جار ئیمان دەهێنرێ، بە یەك قۆناغ، هەلّبەتە دوایی کەمو زیاد دەکات، بەلاّم (تەقوا) شتێکە دەلّێ بەردەوام ئینسان لەسەری بێ، چونکە هۆکارەکانی، ئەو شتانەی کە ئینسان دەبێ خۆییان لێ بپارێزێ، کە بە شێوەی گشتی دوو شتن :

أ) چواندنی ئەرکەکان .

ب) توخن کەوتنی قەدەغەکان .

ئنجا ئەرکەکان بەردەوام تازە دەبنەوەو، قەدەغەکانو حەرامو خراپەکانیش، بەردەوام دێنە ڕێی ئینسان، بۆیە بەردەوام دەبێ خۆی بپارێزێ، لە چواندنی

ئەرکەکانو لە شکاندنی قەدەغەکان، بۆیەش بۆ تەقوا بە صیغەی (مضارع) هێناویەتی: (وَكَانُواْ يَتَّقُونَ)، چونکە بەردەوام ئینسان دەبێ ئاگای لە خۆی بێتو، خۆی بپارێزێو لە خۆی وریابێ، هەم لە چواندنی ئەرکەکانو، هەم لە شکاندنی قەدەغەکان .

<u>سی و حەوتەم:</u> حیکمەتێکی دیکە لە سوورەتی یوسوفو بەسەرهاتەکەی دا ئەوەیە کە: پاشەکەوت کردنی ئازووخە، جا چ لەسەر ئاستی دەوڵەت، چ لەسەر ئاستی ماڵو خێزانێك، شتێکی باشەو، پێچەوانەی پشت بە خوا بەستن نیە، چونکە ئەوەتا یوسوف ﷺ ئازووخەی لە وڵاتی میسرِ کۆکردۆتەوە، بە گوێرەی نەخشەیەك کە بۆیان دادەنێ: ﴿ قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تَأْكُلُونَ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تُحْصِنُونَ ﴿٤٨﴾ ﴾، دوایی بۆ سالی پازدە (١٥)یەم دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾، یوسوف ﷺ کە پێغەمبەرێکی پایەبەرزی خوایە، نەخشەیەکی ئابووریی پازدە (١٥) ساڵیی دادەنێ: (٧) ساڵی هەرزانیی کە کشتوکاڵو بەروبوومی باشیان تێدادەبێ، دوایی (٧) ساڵیی گرانییو قاتو قڕیی، دوایی ساڵی پازدە (١٥)یەم، دەروو کرانەوەو فەرحانیی، دێتەوە پێش .

ئنجا ئا ئەو نەخشە پازدە ساڵییەی کە یوسوف ﷺ دایناوە، بەهۆیەوە فریای خەڵکی میسرِو دەوروبەری میسرِیش کەوتوە، ئەوەتا برایەکانی یوسوف کە دێن بۆ لای: ﴿ وَجَآءَ إِخْوَةُ يُوسُفَ فَدَخَلُواْ عَلَيْهِ فَعَرَفَهُمْ وَهُمْ لَهُۥ مُنكِرُونَ ﴿٥٨﴾ وَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ ...﴿٥٩﴾ ﴾، واتە: کاتێك کە بارەکانی بۆ بارکردن، ئەوەی کە بۆی هاتبوون بۆی ئامادە کردن، کە بریتی بوو لە پێوانی دەغڵو دانو دانەوێڵەو ئازووخە، کەواتە: ئەگەر پێشتر پاشەکەوتی نەکردبایە، بە تەئکید ئێستا ئەو خەڵکەی کە لە میسرِ دابوونو، ئەوانەی کە لە دەوروبەری میسرِیشەوە هاتبوون، کە بۆیەش هاتبوون، چونکە حەوت

ساڵان قاتو قڕییو گرانیی بووە، نەیدەتوانی هیچیان بۆ بکات، بەڵام بەهۆی ئەو پاشەکەوتکردنەی یوسوفەوە ﷺ بۆ ئازووخەو دانەوێڵە، لەو برسیەتییو گرانییە دەرباز بوون .

کەواتە: پشت بە خوا بەستن، پێچەوانەو دژو، ناکۆك نیە لەگەڵ ئەوەدا کە ئینسان پاشەکەوت بکات، بۆ ماڵو منداڵی، چ لەسەر ئاستی خێزان، چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، چ لەسەر ئاستی دەوڵەتیش .

<u>سیو هەشتەم:</u> حیکمەتێکی دیکە کە لە بەسەرهاتی یوسوف ﷺ وەردەگیرێ، ئەوەیە کە دەبینین یوسوف ﷺ زۆر شارەزاو کارەمە بووە، لە کارەکەی خۆیدا، هەر کەسە بە ئەندازەی خۆی بۆی پێواوەو، بە ئەندازەی خۆی ئازووخەی خۆی پێداوە، بە بەڵگەی ئەوە کە کاتێك برایەکانی یوسوف دەچنەوە بۆ لای بابیان، ئەوە دەکەنە بەشێك لە پاساوی ئەوەی: برایەکەیان (بنیامینیان) لەگەڵ بنێرێ، چونکە یوسوف داوای کردوە (کاتی خۆی بە تەفصیل باسمان کرد)، کە بەهۆی بردنی بنیامینەوە، بارێکی دیکەی ئازووخە، باری حوشترێك زیاد دەکەن، ئا ئەو بارە زیادە بە بەڵگەو بیانوو بۆ بابیان دێننەوەو دەڵێن: ﴿وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ ذَٰلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ ﴿٦٥﴾﴾ واتە: باری حوشترێك زیاد دەکەین لە ئازووخە، کەواتە: دیارە بە حیسابو کیتابو وردبینیی بووە، ئەوە نەبووە هەر لەگۆترە هەر کەسێك بێ چەند باری ویستن، باریان بکات ! نا، هەر کەسە بۆی دیارییکراوە دەبوو باری ولاخێك بەرێ، ئنجا حوشتر بووە، هێستر بووە، گوێدرێژ بووە، هەر کەسە دەبووایە خۆیو بارێك، بۆیە گوتوویانە: با ئەو برایەش لەگەڵ خۆمان بەرینو بارێکی دیکە زیاد بکەین، چونکە دیارە هیچ کەس بۆی نەبووە بڵێ: من سێ هێسترم هێناون، یان چوار حوشترم پێن، دەبێ هەمووان بار بکەم، نا، چونکە ئەگەر وا کرابایە، بێگومان هەندێك پڕ دەبوون، زۆربەش قڕ دەبوونو لەبەریان دەبڕا، بەڵام کارەکە زۆر بە لێزانانەو بە کارامەیی کراوە، بە پێچەوانەی ئەو عادەتەی حوکمڕانە گەندەڵەکانەوە کە، حیزبو خزم پڕ دەکەن، بەڵام زۆربەی خەڵکی قڕ دەکەن، حیزبو خزمو دەوروبەری خۆیان دەکەنە ملیاردێرو، پڕیان دەکەنو

لەسەریانەوە دەرژێ، لەسەر حیسابی ئەو خەڵکە ڕەش‌و ڕووتەی کە لەبەری دەبڕێ، یوسوف ﷺ دادگەرانەو لێزانانەو کارامانە کارەکەی خۆی کردوە .

سی‌و نۆیەم: میوانداریێتیی، ئەوە کە ئینسان ببێتە خانەخوێ‌و خەڵك میوانداریی بکات‌و، ڕێز لە میوانەکانی بگرێ‌و، خزمەتیان بکات‌و حورمەتیان بگرێ، ئەوە نەك هەر شتێکی ڕەواو چاکە، بەڵکو ئەوە لە ڕەوشت‌و ڕێ‌و شوێنەکانی پێغەمبەرانە، (علیهم الصلاة والسلام) بە بەڵگەی ئەوە کە یوسوف ﷺ بە برایەکانی دەڵێ: ﴿أَلَا تَرَوْنَ أَنِّيٓ أُوفِي ٱلْكَيْلَ وَأَنَا۠ خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ ﴿٥٩﴾﴾، ئەوە دەکاتە بەڵگەو پاساوی ئەوەی کە برایەکەیان لەگەڵ خۆیان بێنن، دەڵێ: ئایا نابینن! من چۆن پێوان تەواو دەکەم، بە تەواویی بۆتان دەپێوم، بۆ ئێوەو بۆ هەر کەسێکی دیکەش‌و، من باشترین کەسێکم کە میوانان دادەبەزێنێ لە لای خۆی، واتە: (أنا خير المضيفين)، واتە: من باشترین خانەخوێم .

کەواتە: ئەوە کە ئینسان خانەخوێیەتیی باش بکات‌و، ڕێز لە میوان بگرێ، یەکێکە لە ڕەوشت‌و ئاکارەکانی پێغەمبەرانی پایەبەرزی خوا، صەلات‌و سەلامی خوایان لەسەر بێ .

چلەم: گومانی خراپ بردن بە بەرانبەر، لە کاتی هەبوونی نیشانەدا، با بەڵگەیەکی تەواو ساغکەرەوەو یەکلاکەرەوەش نەبێ، بەڵام هەر نیشانەیەك هەبێ، بۆنی ئەوەی لێ بێ کە ئەو کەسە خەتابارە، یان دەگونجێ هەڵەکار بێ، تۆمەتبار بێ، گومانی خراپ بردن لەوکاتەدا، قەدەغەو ناڕەوا نیە، بە بەڵگەی ئەوە کە یەعقووب ﷺ کاتێك کە کوڕەکانی داوای لێ دەکەن: برایەکەیان لەگەڵ بنێرێ، لەسەر داوای یوسوف ﷺ‌و زۆر ئیلحاحی لێدەکەن دەفەرمووێ: ﴿هَلْ ءَامَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلَّا كَمَآ أَمِنتُكُمْ عَلَىٰٓ أَخِيهِ مِن قَبْلُ ﴿٦٤﴾﴾ واتە: ئایا ئەگەر من ئێوە بە ئەمیندار دابنێم‌و لێتان دڵنیابم، دیسان وەك ئەوە نابێ کە پێشتر بە ئەمیندارم دانان لەبارەی برایەکەیەوە ؟

ئنجا دواییش کە یوسوف، بنیامین گلدەداتەوە، وەك لە درێژەی بەسەرهاتەکە داهاتوە، بابیان پێیان دەفەرموێ :﴿ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا ﴿٨٣﴾ ﴾، بەڵکو نەفسەکانتان شتێکی بۆ جوانکردنو ڕازاندنەوە، واتە: ئەوەی دەتانویست ئەنجامتاندا، کە دیارە خەتاشیان تێیدا نەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی پێشتر درۆیان لەگەڵ بابیان کردوە، بۆیە بابیان کە (یعقوب) ﷺ، ناهەقی نەبووە کە گومانی خراپیان پێبەرێو تۆمەتباریان بکات، کەواتە، ئەگەر کەسێك خراپەیەکی لێ پشکوتبۆوەو بە خراپەکار ناسرا بوو، یان جارێك تاوانێکی کردبوو، ئەگەر خەڵك گومانی خراپی پێبەرێ، جگە لە خۆی، نابێ لۆمەی کەس بکات .

چل و یەکەم: یەکێکی دیکە لەو پەندو عیبرەتانە، ئەوەیە کە حوکمڕان دەبێ هەر کام لە توندیی و نەرمیی لە جێی خۆیاندا بەکاربێنێ، چونکە تەماشا دەکەین: یوسوف ﷺ لە لایەکەوە کە دەڵێ: من باش پێوانەی دەغڵو دان دەپێوم، ئازووخە دەپێوم، هەروەها دەڵێ: من خانە خوێیەکی زۆر باشم، ئەوە نەرمیی پێشاندانە، بەڵام توندیی و زبریش نیشان دەداتو دەڵێ: ﴿ فَإِن لَّمْ تَأْتُونِي بِهِۦ فَلَا كَيْلَ لَكُمْ عِندِي وَلَا تَقْرَبُونِ ﴿٦٠﴾ ﴾، واتە: گەر برایەکەتانم بۆ نەهێنن، نە لەلای من پێوانتان دەبێ، واتە: دەغڵو دانتان پێ نافرۆشین تاکو بیپێون، (وَلَا تَقْرَبُونِ)، توخنیشم مەکەون، یانی: مەیەنەوە ئەم شارەشەوە، کە من تێیدا بالادەستمو بەشێك لە بەرپرسیاریەتییم بەدەستەوەیە، واتە: حوکمڕان دەبێ هەم نەرمیی پێشانبدا، لە شوێنی خۆیداو، هەم زبرییش پێشانبدا، لە شوێنی خۆی دا، واتە: دەبێ دەستێکی مەڵحەم بێو دەستێکیشی درێشە بێ، مەڵحەمەکە بۆ چاکەکارانو، درێشەکەش بۆ خراپەکاران، ئەگەرنا خەڵك هەمووی ئەسپی ڕەسەن نیە، پێویستیی بە ئاوزینگ نەبێو، لە ڕاستییدا خراپەکارانو ستەم کاران، ئەگەر بێتو هێزێك نەبێو زبرییەك نەبێ، بیانسڵەمێنێتەوە، مافی بێهێزو لاوازو بێ دەستەڵاتەکان دەخۆن .

چل و دووەم: خۆ پاراستنی مرۆڤ لەوە کە چاوێنیی (معیون) ببێ، خۆ پاراستن لەوە چاوی پیس کاری تێبکات، یاخود حەسوودیی، حەسوودان کاریگەریی

خراپی لەسەری هەبێ، شتێکی باشە، هەڵبەتە ئێمە باسێکی سەربەخۆمان لەبارەی ئەم ڕستەیەوە کردوە: ﴿ وَقَالَ يَـٰبَنِىَّ لَا تَدْخُلُوا۟ مِنۢ بَابٍ وَٰحِدٍ وَٱدْخُلُوا۟ مِنْ أَبْوَٰبٍ مُّتَفَرِّقَةٍ ... ﴿٦٧﴾ ﴾، واتە: ڕۆڵەکانم! لە یەك دەروازەوە مەچنەو ژورەوە، لە چەند دەروازەیەکی جیا جیاوە بچنە ژوورە، واتە: بچنە ژووری ئەو شارەی کە یوسوف ﷺ لەوێدا نیشتەجێیەو، کاروباری ئابووریی وەنەستۆ گرتوە .

ئنجا وەك باسمان کرد: هەندێ لە زانایان وایان لێك داوەتەوە، کە یەعقووب لە چاوی پیس لێیان ترساوە .

ئنجا چ لە چاوی پیس لێیان ترسا بێ، یاخود لە هەر تۆمەتبارکردنێکی دیکە، لەلایەن حوکمڕانو دەستەڵاتدارانی ئەو شارەوە، لێیان ترسابێ، گرنگ ئەوەیە ئینسان خۆپاراستی لەو هۆکارانەی کە مەترسییان لێدەکات، ئنجا چاوی پیسە، حەسوودیی بردنە، دژایەتیی کردنە، تۆمەتبارکرانە، خۆ پاراستنی لەو هۆکارانەی جێگای مەترسیین، شتێکی باشەو، ئەوەش دیسان پێچەوانەی پشت بە خوا بەستن نیە .

<u>چل و سێیەم:</u> دروستە ئینسان هۆکارە پەنهانەکان بەکاربێنێ، مادام لە خودی خۆیاندا ناشەرعیی نەبن، بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرزو شەرعیی، بەڵام ئەوەی ناڕەوایە ئەوەیە، کە ئینسان هۆکاری پەنهان، یاخود هەندێك تەگبیر کە وەك فێڵ دەچێ، بەکاربێنێ، بۆ ئەوەی هەقێك بکاتە ناهەق، یان ناهەقێك بکاتە هەق، بەڵام بۆ ئەوەی دەستی بگاتە هەقێك، ئەگەر تەگبیرێك، نەخشەیەك، پلانێك، بەکاربینێ، کە وەك: فێڵ بچێ، بەڵام مەبەستی ئەوە نەبێ، زیان بە کەس بگەیەنێ، بەڵکو مەبەستی ئەوەبێ هەقێك بچەسپێنێ، یاخود ناهەقێك لابەرێ، ئەوە شتێکی ڕەوایە، چونکە یوسوف ﷺ تەگبیرێکی وایکرد، وەك خوا دەفەرموێ: ﴿ فَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ جَعَلَ ٱلسِّقَايَةَ فِى رَحْلِ أَخِيهِ ﴿٧٠﴾ ﴾، واتە: کاتێك ئەو پێداویستییەی کە بۆی هاتبوونو سەفەریان بۆ کردبوو، (کە بردنی ئازووخە بوو)، بۆی تەواو کردن، ئنجا ئاو خۆرەکەی پادشای، (ئەوەی کە ئاوی پێ دەخواردەوە، ئەو دەفرە، ئەو جامە، کە دوایی

کردوویانە بە ڕبەو پێوانە بۆ دەغەڵو دان)، خستە باری برایەکەیەوە، بۆ ئەوەی دوایی بەڵگەو پاساوی ئەوەی هەبێ بڵێ: دزییتان کردوە، وەك: لە بەسەرهاتەکەی دا دیارە، بەلاّم بێگومان یوسوف ﷺ مەبەستی ئەوە نەبووە، ئەزیەتیان بدات، بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە:

یەکەم: برایەکەی لەلای خۆی گلبداتەوە .

دووەم: ئەوە بکاتە پاساوو بەڵگەی ئەوەی جارێکی دیکە بێنەوە بۆ میسر.

هەروەها وایان لێبکات کە هەموویان بێن بۆ میسر، کەواتە: پلانەکەی ئەو ئامانجە گەورەو چاکەی لە پشت بووە، بۆیە لە پێناو هێنانە دی ئامانجێکی گەورەو چاکدا، جۆرێك لە ئەزیەتدانی بەرانبەر، یان جۆرێك لە نەخشەو، پلان دانان، با پێشی ناخۆش بێت، شتێکی باشە، وەك چۆن یەکێك دەچێ بۆ لای پزیشك، شوێنێکی تووشی گانگرین بووە، یان دەبێ ئەندامێکی ببڕێتەوە، هەڵبەتە باشترە ئەو ئەندامەی ببڕنەوە، ئەگەر لاقیەتی، ئەگەر پەنجەیەتی، ئەگەر دەستییەتی، ئەوە باشتر لەوەی هەموو بەدەنی دابگرێو لە بەین بچێ، یان کەسێك کە شوێنێکی تووشی سەرەتان بووە، بەلاّم تەنیا ئەندامێکیەتیو، ئەو ئەندامەی ئەگەر دەربهێنرێ، ئنجا ئەگەر صندوقی دەنگیەتی، یان گورچیلەتی، یان گەدەیەتی، یان لوویەکە، بە دڵنیایی ئەگەر ئەو ئەندامەی ببڕنەوەو لای بەرن، باشترە لەوەی هەموو بەدەنی دابگرێ .

چلو چوارەم: کاتێك ئینسان بواری هەبێ، بە دەبەر ڕاهاوێشتنو بە کینایە قسەکردن، مەبەستێك بگەیەنێ، دەبێ خۆی لە تەعبیرێکی دیکە کە نەگونجاو بێ، بپارێزێ، بە بەڵگەی ئەوە کە یوسوف ﷺ دوای ئەوەی پێوانەکە لە باری (بنیامین)ی برایدا دەدۆزێتەوە، (کە دیارە پێشتریش پێکەوە نەخشەیان داناوە، تاکو بەڵگەی هەبێ: برایەکەی لەلای خۆی گلداتەوە)، ئنجا دوایی برایەکانی داوای لێدەکەن: یەکێك لە ئێمە لەلای خۆت لە جیاتی بنیامین بهێڵەوەو، بیکە بە کۆیلە، یان بیکە بە خزمەتکار لەلای خۆت، لەبەرئەوەی کە بابێکی پیرو کەنەفتو بەساڵداچووی هەیە، کە زۆری خۆشدەوێو دڵی

پێوەیە، یوسوف ﷺ دەڵێ چی؟ دەفەرموێ: ﴿قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِ أَن نَّأۡخُذَ إِلَّا مَن وَجَدۡنَا مَتَٰعَنَا عِندَهُۥٓ...﴿٧٩﴾﴾، واتە: پەنا بە خوا دەگرین، کە جگە لەوەی کەلوپەلی خۆمان لە بارەکەیدا دۆزیوەتەوە، کەسێکی دیکە بگرین، تەماشا بکەن! نەیگوتوە، پەنا بە خوا کە جگە لەوەی دزیی لێکردووین یەکێکی دیکە بگرین! چونکە زانیویەتی کە برایەکەی دزیی نەکردوە، بۆیە وشەیەکی بەکارهێناوە، کە دزیش دەگرێتەوە، بەلام جگە لە دزیش دەگرێتەوە، تەعبیرێکی زۆر لێزانانەی بەکارهێناوە، کە ڕاست بووە، ئەو دەفرەی کە پادشا پێشتر ئاوی پێخواردۆتەوەو، دوایی بۆتە پێوانەی ئازووخە، ئەوەی لە بارەکەیدا دۆزیوەتەوە، ﴿إِنَّآ إِذٗا لَّظَٰلِمُونَ ﴿٧٩﴾﴾، واتە: ئەگەر وابکەین، ئێمە ستەمکار دەبین، مانای وایە ئێمە کەسێکمان سزاداوە، کە هیچی نەکردوە، لێرەدا یوسوف ﷺ تەعبیرێکی بەکارهێناوە کە پێی دەگوترێ: (كناية)، تەعبیرێکی بەکارهێناوە کە زەق و ڕەق نیە، یەکسەر بڵێ: ئێمە کەسێك ناگرین کە دزیی لێ نەکردووین .

<u>چل و پێنجەم</u>: ئینسان جگە لەوەی کە دەیزانێ، دروست نیە شایەدیی لەبارەوە بدات، واتە: تەنیا بەو ئەندازەیە کە شارەزایەو دڵنیایە دروستە شایەدیی بدات،، نابێ شایەدییەك بدات کە زانیاریی لەبارەوە نیە، وەك برایەکانی یوسوف کە دەگەڕێنەوە لای بابیان، دەڵێن: ﴿وَمَا شَهِدۡنَآ إِلَّا بِمَا عَلِمۡنَا ﴿٨١﴾﴾، واتە: تەنیا بەوە شایەدییمان داوە، کە زانیومانە، ئەوەش کە زانیویانە، ئەوە بووە کە، ئەو دەفرە، ئەو پێوانەیە، لە باری بنیامیندا دۆزراوەتەوە، یانی: ئیدی ئێمە هەر ئەوەندەمان زانیوە: ﴿وَمَا كُنَّا لِلۡغَيۡبِ حَٰفِظِينَ ﴿٨١﴾﴾، واتە: ئێمە پارێزەری نادیارو پەنهان نین، چەندەمان زانیوەو چیمان دیوە، ئەوەمان گێڕاوەتەوە، کەواتە: جگە لەوەی کە ئینسان دەیزانێ و لێی دڵنیایە، نابێ شایەدیی بدا، ئەگەرنا دەکاتە شایەدیدانی بە درۆ .

چل و شەشەم: ئەو تاقیکردنەوە سەختو قورسەی کە خوای کارزان، خوای میهرەبان، بەندە هەڵبژاردەکەی خۆی، کە پێغەمبەرێکی پایە بەرزە: یەعقووب ﷵ پێ تاقیکردۆتەوە: یوسوفی لێ دوورخستۆتەوە، کە نەیتوانیوە سەعاتێك لێی دووربێ، کەچی بە لای کەمەوە (١٥ - ٢٠) ساڵ، بگرە هەندێك گوتوویانە: سی (٣٠) ساڵو، هەندێك گوتوویانە: چل (٤٠) ساڵ یوسوفی نەدیوەتەوە .

پاشان (بنیامین)یشی بۆتە سەربار! ئەو هەموو میحنەتو بەڵایانەی بەسەرهاتوون، دوایش کە چاوەکانیشی لە ئەنجامی ئەوەدا ئاوی سپییان پەڕیوەتێ، یاخود کوێر بوون! لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ: کە خوای کارزان ئەو بەندانەی خۆی کە خۆشی دەوێن، تاقییان دەکاتەوە.

ئنجا زۆر گرنگە ئێمە ئەوە بزانین کە مەرج نیە تاقیکردنەوەی خوا بە سەختیی‌و ناڕەحەتییەکان بۆ بەندەکانی، لە بەرانبەر گوناهو هەڵەکانیاندا بێ، کە بە داخەوە هەندێك لە توێژەرەوانی قورئان وا حاڵی بوون، کە گوتوویانە: یەعقووب کاتی خۆی، نادادگەر بووە لە نێوان کوڕەکانی دا، بۆیە خوا لەسەر ئەوە سزای داوە !

کە من بە درێژیی بەرپەرچی ئەو قسەیەم داوەتەوەو گوتوومە: ئەوە گومانی خراپ بە یەعقووب ﷵ بردنەو، لە ڕاستییدا باش نەناسینی پلەو پایەی بەرزی پیغەمبەرانە، پێغەمبەرانی خوا صەڵاتو سەلامی خوایان لەسەربێ، ئەو سەختیی ناڕەحەتییانەی کە هاتوونەتە ڕێیان، لەبەرئەوە نەبووە کە خوا سزایان بدات، بەڵکو بۆ ئەوە بووە، کە بۆ خەڵك ببنە سەرمەشق، بۆ خەڵکی مەینەتبارو خەڵکی گرفتار، خەڵکی دەردەدار، خەڵکی لێقەوماو، خەڵکێك کە دەکەوێتە ناڕەحەتییان، بۆیان ببنە سەرمەشق، ئەوەتا یەعقووب ﷵ لەگەڵ ئەو هەموو مەینەتیی‌و ناڕەحەتییانەشدا، هەر خۆڕاگر بووەو، سکاڵای دڵی خۆی بۆ لای غەیری خوا نەکردوە ! دەبێ ئاوای تێبگەین: ئەوەی خوا بەسەر یەعقووبی ﷵ هێناوە، بۆ ئەوە بووە، کە بۆ خەڵك ببێتە سەرمەشق، ئنجا بۆخۆشیان، بۆ پێغەمبەران ببێتە مایەی پایەبەرزیی زیاتریان، بێگومان هەموو ئەو میحنەتانەی کە هاتوونە ڕێی

(یەعقوب)یشو، ڕێی (یوسف)یش صەلاّتو سەلامی خوایان لەسەر بێ، وەك پەیژەیەكو بۆیان بوونە هۆكاری ئەوە كە بە پلە بەرزەكاندا سەركەون، بەرەو سەرێ بچن .

چلو حەوتەم: ئەو هەڵوێستەی یەعقووب ﷺ، زۆر ئەدەبێكی گرنگە، كە مرۆڤ سكاڵای خۆی لەلای غەیری خوا نەكاتو، هەمیشە نركەو گرمەی نەبێ، هەمیشە پرتەو بۆڵەی نەبێ، بەڵكو هەوڵبدات نارەحەتییەكانی خۆی لە دڵی خۆیدا كپ بكات، ئەوەتا یەعقووب ﷺ دەفەرموێ: ﴿ قَالَ إِنَّمَآ أَشۡكُواْ بَثِّي وَحُزۡنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ ﴿٨٦﴾ ﴾، واتە: من سكاڵای ئەو خەمو پەژارەیەی كە ناتوانم لە دڵی خۆمدا بیهێڵمەوەو، دەبێ بڵاوی بكەمەوە، هەروەها ئەو خەمو پەژارەو نارەحەتییو دڵتەنگییەی بەنسبەت ڕابردووەوە هەمە، هەموو سكاڵایەكەی دەبەمە لای خوا ﷻ، واتە: لەلای جگە لە خوا، سكاڵای دڵی خۆم ناكەم، ئەوەش بەڕاستیی زۆر شتێكی گرنگە، ئینسان تاكو نەكەوێتە نارەحەتییانەوە، بۆی دەرناكەوێ، كە تاقیكردنەوەكەی یەعقووب ﷺ چەند شتێكی قورس بووە !!
وەك خوا ﷻ باسی یەعقووب ﷺ دەكات، دەفەرموێ: ﴿ وَتَوَلَّىٰ عَنۡهُمۡ وَقَالَ يَـٰٓأَسَفَىٰ عَلَىٰ يُوسُفَ وَٱبۡيَضَّتۡ عَيۡنَاهُ مِنَ ٱلۡحُزۡنِ فَهُوَ كَظِيمٞ ﴿٨٤﴾ قَالُواْ تَٱللَّهِ تَفۡتَؤُاْ تَذۡكُرُ يُوسُفَ حَتَّىٰ تَكُونَ حَرَضًا أَوۡ تَكُونَ مِنَ ٱلۡهَـٰلِكِينَ ﴿٨٥﴾ قَالَ إِنَّمَآ أَشۡكُواْ بَثِّي وَحُزۡنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَأَعۡلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٨٦﴾ يَـٰبَنِيَّ ٱذۡهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَاْيۡـَٔسُواْ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَـٰفِرُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾،

وشەیەك كە دەربڕی ئێشو ژانو ناسۆری سەختی (یعقوب)و ڕاددەی بەرزی خۆڕاگریىو هیممەت بەرزییەتی بریتیە لە: (فَهُوَ كَظِيمٞ)، (كظيم) وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ وَٱلۡكَـٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ ﴿١٣٤﴾ ﴾ آل عمران، واتە: ئەوانەی ڕقو تووڕەیی خۆیان كپ دەكەنەوە، (كظم) بریتیە لەوەی

مەشكەیەك، یان كوندەیەك پڕ بێ لە ئاو، یان دۆ، یان شلەمەنیی، تۆش سەرەكەی توند ببەستی ! كەواتە: یەعقووب ﷺ توند توند دەروونی خۆی گرتوەو، فشاری لە خۆی كردوە، كە وشەیەك نەڵێ، پێچەوانەی ڕەزامەندیی خوای پەروەردگار بێ، ئەوەش دیسان دەرس و پەندێكی گەورەی تێدایە بۆ ئیمەومانان، كە تووشی ناڕەحەتیی و گرفتاریی دێین: نە دۆستان ناڕەحەت بكەین، نە دوژمنان بە خۆمان خۆش بكەین، چونكە وەختێك تۆ سكاڵای دڵی خۆت و ناڕەحەتیی و خەم و پەژارەكانی خۆت، بڵاو بكەیەوە، ئەوەی كە دۆست بێ، زۆر دڵتەنگ دەبێ و ئەوەی دوژمنیش بێ، پێت دڵخۆش دەبێ، كەواتە: لە جیاتی ئەوە، با ئینسان سكاڵای خۆی بەرێتە لای خوای پەروەردگاری، تاكو نە دۆست و نیزیكان بەهۆی خەمی تۆ خەمبار ببن، نە دوژمنانیش بەهۆی خەم و ناڕەحەتیی تۆوە شادمان ببن و بە خۆتیان خۆشبكەی.

<u>چل و هەشتەم:</u> دەرس و پەندێكی دیكە: ئەوەیە كە هەمیشە لەگەڵ خەم و ناڕەحەتیی دا، دەرو لێكرانەوەش هەیەو، لەگەڵ سەغلەتیی دا ئاسانییش هەیەو، لە دوای هەورازان نشێوە، ئنجا ئەو قەناعەتە كە لە دوای هەوراز نشێوەو، لەگەڵ تەنگانەدا فەرحانیی هەیە، لەگەڵ ناخۆشییدا، خۆشی هەیە، ئا ئەو قەناعەت و دڵنیابوونە، شتێكی زۆر گەورەیە بۆ مرۆڤ ئەوەتا یەعقووب ﷺ لەگەڵ ئەو هەموو ناڕەحەتییەدا، دەفەرموێ :

﴿ يَٰبَنِيَّ ٱذۡهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَاْيۡـَٔسُواْ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾.

واتە: ڕۆڵەكانم ! بڕۆن لە یوسوف و برایەكەی بگەڕێن، لێیان بخەفتێن، پرسیاریان لەبارەوە بكەن، نائومێدیش مەبن لە بەزەیی خوا، بێگومان تەنیا كۆمەڵی بێبڕوایان لە بەزەیی خوا، نائومێد دەبن، لەبەرئەوەی خوا ناناسن، نازانن بەزەیی خوا چەند فراوانە ! دەرووی خێری خوا چەند نیزیكە! خوا چەند میهرەبانە! بۆیە نائومێد دەبن، هەڵبەتە خوا ﷻ، كە بەندە خۆشەویستەكانی خۆی بە سەختیی و ناڕەحەتییەكان تاقی دەكاتەوە، لەبەرئەوەیە كە زۆری خۆشدەوێن و، دەیەوێ پەروەردەیان بكات، پتەوو بەهێزیان بكات، وەك لە فەرمایشتی پێغەمبەری خوا داهاتوە ﷺ:

{وَإِنَّ اللهَ تَعَالَى إِذَا أَحَبَّ قَوْماً ابْتَلَاهُمْ، فَمَنْ رَضِيَ فَلَهُ الرِّضَا، وَمَنْ سَخِطَ فَلَهُ السُّخْطُ} {أَخْرَجَهُ التـرمِذِيُّ برقم: (٢٣٩٦)، وَقَالَ: حَسَنٌ غَرِيبٌ، وَابن ماجَهْ برقم: (٤٠٣١)، وَالبَيْهَقِي فِي شعب الإيمان برقم: (٩٧٨٢) قال الألباني: حسن} .

واتە: بێگومان خوای بەرز ئەگەر کۆمەڵێکی خوشویستن، تاقییان دەکاتەوە، ئنجا هەر کەسێك ڕازیی بوو، خواش لێی ڕازی دەبێ‌و، هەر کەسێك تووڕە بوو، تووڕەیی بۆ دەبێ، {خوا لێی تووڕە دەبێ} .

چونکە خوا بۆ بەرژەوەندیی ئەوە، کە تاقی دەکاتەوەو دەیەوێ چاکی بکاو، پاکی بکاتو، بەهێزی بکاتو، پەروەردەی بکاتو، بەرەو سەرێی بەرێ .

چل و نۆیەم: دروستە مرۆڤ کاتێك تووشی نەداریی‌و هەژاریی دێ، یان تووشی ناڕەحەتییەك دێ، بەیانی حاڵی خۆی بکات، مادام بەرژەوەندییەك پەکی لەسەر ئەو بەیان‌و ڕوونکردنەوەی حاڵە، کەوتبێ، ئەوەتە کوڕەکانی یەعقووب ﷺ ئەگەر هەڵەو کەم‌وکوڕییشان بووە، دەربارەی باب‌و دایکیان‌و یوسوف، بەڵام هەر چۆن بێ لە ماڵی پێغەمبەرێکدا پەروەردە بوون، ئەوەتا کاتێك دەچنە لای یوسوف دەڵێن: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهۡلَنَا ٱلضُّرُّ... ﴿٨٨﴾﴾، واتە: ئەی عەزیز! خۆمان‌و ماڵ‌و خێزانمان، زیانمان تووش بووە، کە مەبەستیان هەژاریی‌و نەدارییە، (یوسوف)یش ﷺ نالێ: بۆچی وا دەڵێن، خۆ ئێوە دەڵێن: ئێمە کوڕانی پێغەمبەرین؟ چونکە دەزانێ کە شتێکی ڕەوایە، ئینسان بەیانی حاڵی خۆی بکات، باسی مەینەتیی‌و ناڕەحەتیی خۆی بکات، بۆ ئەوەی ئەو مەینەتیی‌و ناڕەحەتییەی لە کۆڵ بێتەوەو دەرووی خێری لێ بکرێتەوە .

پەنجایەم: بەهۆی خۆ پارێزکاریی‌و خۆڕاگریی‌و پشوو درێژییەوە، خوا ﷻ دەرووی خێر لە مرۆڤ دەکاتەوەو، ڕەنج‌و ناڕەحەتییەکانی دنیای زایە ناکات‌و بێ پاداشتی ناکات، بە بەڵگەی ئەوە کە یوسوف ﷺ کاتێك خۆی بە برایەکانی دەناسێنێ، دەڵێ: ﴿قَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَآ ﴿٩٠﴾﴾، واتە: بێگومان خوا چاکەی لەگەڵ کردووین‌و، ئێمەی منەتباری خۆی کردوە، ئنجا نایا لەبەر

چی خوا چاکەی لەگەڵ کردوە، بێگومان کاری خوا هیچی لەگۆترە نیە؟ ﴿إِنَّهُۥ مَن يَتَّقِ وَيَصۡبِرۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٩٠﴾﴾، واتە: هەر کەسێك پارێز بکاتو خۆڕابگرێ، بە دڵنیاییەوە خوا پاداشتو کرێی چاکەکاران زایە ناکات، کەواتە: لە ئەنجامی ئەوەدا کە ئەهلی تەقواو صەبر بووە، خوا ﷻ چاکەی لەگەڵ کردووەو، پاداشتی ئەو خۆ پارێزکاریی‌و خۆڕاگرییەی لێ بزر نەکردووەو لێی زایە نەکردوە .

<u>پەنجاو یەك</u> : ئینسان لە کاتێکدا بەرانبەرەکەی هەڵەی لەگەڵدا دەکات، بەڵام دوایی دان بە هەڵەی خۆی دادێنێ، نابێ لەسەر سەرزەنشتکردن‌و سەرکۆنەکردن‌و باسکردن، بەردەوام بێ، دەبێ لاپەڕەیەکی سپی لەگەڵ هەڵداتەوە .

ئەوەتا یوسوف ؏ دوای ئەوەی کە برایەکانی دەڵێن: ﴿تَٱللَّهِ لَقَدۡ ءَاثَرَكَ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا وَإِن كُنَّا لَخَٰطِـِٔينَ ﴿٩١﴾﴾، واتە: سوێند بە خوا، خوا تۆی بەسەر ئێمەدا هەڵبژارد (واتە: خوا ﷻ کۆمەڵێك سیفەتی چاکی بە تۆ داون، کە لە ئێمەدا نین)، بێگومان ئێمە لە خەتاباران‌و لە تاوانباران بووین .

یوسوف ؏ دوای ئەوەی ئەوان دان بە چاکەی یوسوف‌و هەڵەو کەم‌و کوڕیی خۆیاندا دێنن، لە سەری ناچێ‌و یەکسەر دەڵێ: ﴿قَالَ لَا تَثۡرِيبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡيَوۡمَ ﴿٩٢﴾﴾، واتە: لەمڕۆ بە دواوە، ئێوە گلەیی‌و سەرزەنشتتان لەسەر نیە، دیارە بۆخۆی هەر سەرزەنشتی نەکردوون‌و، لۆمەو سەرکۆنەی نەکردوون، بەڵام بۆ زێدە دڵنیایی دەڵێ، تازە هیچ کەسێك بۆی نیە لۆمەو سەرکۆنەتان بکات، مادام بۆخۆتان دانتان بە هەڵەو کەم‌و کوڕیی خۆتاندا هێنا .

<u>پەنجاو دووەم</u> : ئینسان دەبێ ڕێزی خزم‌و کەسوکارو نیزیکانی خۆی بگرێ‌و، ئەوەندەی بۆی بکرێ، پەیوەندیی خزمایەتییان لەگەڵدا جێبەجێ بکات‌و، حورمەتیان بگرێ‌و لەگەڵیاندا چاکەکار بێ .

ئەوجا یوسوف ﷺ دوای ئەوەی خۆی بە برایەکانی دەناسێنێ، دەڵێ: ﴿وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٩٣﴾﴾، واتە: هەرچی خزمو کەسوکارو ماڵو منداڵتانە، هەموویان بێنن، چونکە هەموویان : بابو دایکیو برایەکانیو، هاوسەرەکانیانو منداڵەکانیانن، کە برازاینی ئەگەر کوڕن، ئەگەر کچن، ئیدی هەموویان خزمو نزیکی پلە یەكو دوونو، بۆیە لەسەرخۆی بە پێویست زانیوە، کە دەبێ ڕێزیان بگرێو حورمەتیان بگرێو، چاکەیان لەگەڵدا بکاتو، هاوکارییان بکات، لەو قاتو قڕیو گرانییەدا، کە بەسەر ئەو دەڤەرەدا هاتوە، دەبێ بیانهێنێ بۆ میسر، بۆ ئەوەی ئەو قۆناغە سەختە تێپەڕێننو، دوایی لە میسر نیشتەجێ بنو، لە ژیانی بیابانو ژیانی کۆچبەرییو خێڵەکیی دەربازیان بکات .

<u>پەنجاو سێیەم:</u> کاتێك کە مرۆڤ خوا چاکەیەکی لەگەڵدا دەکات، نیعمەتێکی خۆی پێ دەبەخشێ، دەبێ ئەو چاکەو نیعمەتانە، بۆ خاوەنەکەیان بگێڕێتەوە، کە خوایە ﷻ نەك خۆییان پێوە هەڵکێشێ، بەڵکو فەزڵو چاکە بۆ خاوەن فەزڵ بگێڕێتەوەو، نیعمەت بۆ نیعمەتدەر (مُنْعِمْ) بگێڕێتەوە، کە خوایە، چونکە خوا دەفەرموێ : ﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْأَرُونَ ﴿٥٣﴾﴾النحل، واتە: هەرچی چاکەیەك لە ئێوەدا هەیە، هەرچی خۆشیو نیعمەتێك لە ئێوەدا هەیە، هەمووی لە خواوەیە، دوایی ئەگەر تووشی ناڕەحەتییەکیش بوون، هەر بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە، هەر پەنا بە خوا دەگرنو، هاوار بەس لە خوا دەبەستن .

بۆیە یوسوف ﷺ دەڵێ: ﴿وَقَدْ أَحْسَنَ بِي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ ﴿١٠٠﴾﴾، واتە: مسۆگەر خوا چاکەی لەگەڵ مندا کردوە، کە لە بەندیخانەی دەرهێنامو ئێوەشی لە بیابانەوە هێنا، واتە: ئێوەی لەو ژیانی سەختی بیابانشینییە دەرباز کردو، کردنی بە شارنشین .

<u>پەنجاو چوارەم:</u> مرۆڤ دەبێ دوای ئەوەی لەگەڵ کەسێکدا ناکۆکیی بووە، بەڵام دوایی ئاشتییان دەکەوێتەوە بەین، خۆی بپارێزێ لە هەر وشەو

تەعبیرێك، كە بۆنی برین كولانەوەی لێبێ، وەك گوتراوە: (ذِكر الجفاءِ فِي وَقتِ الصَّفا جَـفَاءِ) باسی جەفاو دووریی لە كاتی صافبوونەوەو ئاشتەوایی دا، مایەی دووریی‌و نیشانەی نەزانییەو، كەم سەلیقەیی دەگەیەنێ، بۆیە یوسف ﷺ كە باسی چاكەكانی خوا دەكات، باسی دەرهێنرانی لە بیرەكە ناكات، وەك دەفەرمویَ: ﴿وَقَدۡ أَحۡسَنَ بِيٓ إِذۡ أَخۡرَجَنِي مِنَ ٱلسِّجۡنِ﴾، دیارە پێش ئەوەی بچێتە بەندیخانەو، تۆمەتی بۆ هەڵببەستریَ، برایەكانی خستوویانەتە بیرەوە، بەلاَم بە هیچ جۆرێك تەنانەت بۆ ئاماژەش، یوسف باسی خرانە بیرو هێنرانەدەری لە بیرو، پاشان كاروانەكە كە وەك كۆیلەیەك فرۆشتوویانە، باسی ئەوانە ناكات، بۆچی؟ چونكە ئەوە برینی برایەكانی دەكولێنێتەوەو جۆرێك لە بەچاو دادانەوەی تێدا دەبێ، بۆیە ئەو لاپەڕەیە هەر لادەبا، یەكسەر دێتە سەر ئەوەی كە خوا لە بەندیخانە هێناویەتەدەر، ئەوەش بەڕاستی ئەدەبێكی بەرزەو، هەر ئەوەش لە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)و شوێنكەوتووانی ڕاستەقینەی پێغەمبەران چاوەڕێ دەكرێ .

<u>پەنجاو پێنجەم:</u> پەندێكی دیكە ئەوەیە: كە خوا ﷻ لەگەڵ بەندەكانی خۆیدا، ئەوپەڕی بەخشندەیە، بە لوتفە، جاری واهەیە مینحەیان[1] بۆ دەخاتە دوو توێی میحنەتەوە[2]، واتە: ناڕەحەتیان دەكات، بەلاَم ئەو ناڕەحەتییە كە بە ڕواڵەت ناڕەحەتییە، نێوەڕۆكەكەی بریتییە لە خەلاَت‌و بەخشین‌و چاكە .

یوسف ﷺ بە هەموو ئەو قۆناغانەدا تێپەڕی، بۆ ئەوەی لە دواییدا ببێ بە حوكمڕانێك لە میسرداو، ئاوا دەستڕۆیشتوو بێ‌و بتوانێ خزمەتی خزم‌و كەسوكارەكەی خۆیشی بكات‌و، خزمەتی خەڵكی میسریش بكات، ئنجا ئەگەر یوسف ئەو ناڕەحەتییانەی نەبینیبایە، ئەگەر بەو قاڵدرمانەدا سەرنەكەتبایە، نەدەگەیشتە ئەو سەرەوەیە، ئەو باڵەخانەیە ئەو پێگەو دەستڕۆیشتوویییە، كە خوای بەخشەر پێی داوە .

---

١) مِنحـة: بەخشش، خەلاَت، دیاریی .

٢) محنـة: گرفتاریی‌و، سەختیی، ناخۆشیی .

پەنجاو شەشەم: دەرس و پەندێکی دیکە، کە لەو بەسەرهاتە وەردەگیرێ، ئەوەیە کە دەبێ ئینسان هەمیشە لە خوا بپاڕێتەوە: بەردەوامی بکات، بەرقەراری بکات، پشوو درێژی بکات، ڕاوەستاوی بکات، هەروەها دەبێ لە خوا غافڵ نەبێ، بەو هۆیەوە کە دەستەڵاتی هەیەو دەستڕۆیشتوویە، یان بەهۆی ئەوەوە کە دەوڵەمەندو بێنیازە، بەڵکو دەبێ لەو حاڵەتانەدا زیاتر سەری بەندایەتیی بۆ خوا دابنوێنێ، ئەوەتا یوسوف ﷺ لە کۆتایی بەسەرهاتەکەی خۆیدا، دەڵێ: ﴿ رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِي مِنَ ٱلْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِي مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ ۚ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَنتَ وَلِيِّۦ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْآخِرَةِ ۖ تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٠١﴾ ﴾.

واتە: پەروەردگارم! تۆ بەشێك لە موڵك‌و حوكمڕانییت بە من داوەو، لە لێکدانەوەی خەونانت شارەزا کردووم، ئەی پەیداکەری ئاسمانەکان‌و زەوی! تۆی سەرپەرشتیارو مشوورخۆرم لە دنیاو دواڕۆژدا، واتە: هەر ئاگات لێمبێ‌و مشوورم بخۆ، وەك چۆن لە دنیادا مشوورت خواردووم‌و، ئاگات لێم بووەو پشتت گرتووم، لە دواڕۆژیش دا مشوورم بخۆو ئاگات لێم بێ، من بەندەی تۆم .

بەڵێ دەبێ ئینسان هەمیشە بەم شێوەیە لە خزمەت خوای پەروەردگاریدا، بەندایەتیی خۆی دەربخات‌و، هەمیشە نیازمەندیی خۆی بەرانبەر خوای بەرز پێشان بدات .

پەنجاو حەوتەم: زانایان‌و شارەزایانی بواری ڕۆمان‌و چیرۆك دەڵێن: ڕەگەزی کتوپڕ بەسەردا کەوتن، پێکهێنەرێکی گرنگی چیرۆك‌و بەسەرهاتانە، ئنجا لە بەسەرهاتی (یوسف) ﷺ دا، زۆر بە زەقیی ئەوە هەیە، بۆ نموونە:

١- جارێ لە سەرەتاوە خوای بەرزو مەزن، باسی ئەوە ناکات کە ئەو ماڵەی (یوسف)ی تێدایە، ماڵی کێیە ؟ بەس دەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِى ٱشْتَرَىٰهُ مِن مِّصْرَ لِٱمْرَأَتِهِۦٓ ﴿٢١﴾ ﴾، جارێ ئێمە نازانین ئەو کەسەی (یوسف)ی کڕیوە

وەك كۆیلەو بە ژنەكەی دەڵێ: ﴿أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوْ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدًا ۝٢١﴾، واتە: رێز لە جێگاو رێگاكەی بگرەو خزمەتی بكە، ئێمە نازانین ئەوە كێیە ؟

٢- ئنجا دواییش كە باسی ئافرەتەكەش دەكات كە دەورو خولی یوسوفی داوە: ﴿وَرَٰوَدَتْهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَن نَّفْسِهِۦ ۝٢٣﴾، دیسان جارێ نازانین ئەو ژنە كێیەو ئەوماڵە ماڵی كێیە؟ بەڵام دوایی بۆمان دەردەكەوێ كە ئەو كەسەی كرپویەتی عەزیزی میسر بووەو، ژنەكەش، ژنی وی بووە .

<u>پەنجاو هەشتەم:</u> یەكێكی دیكە لەو پەندانە كە لە بەسەرهاتی یوسوف وەردەگیرێن، ئەوەیە كە: لە بەسەرهاتی یوسوف ﷺدا زۆر شت قرتێنراوە، كە بە سیاق و سەلیقەو بە عەقڵ و هۆشی مرۆڤ كەشف دەكرێن، بۆ وێنە: هەموو جارێ كە كوڕەكانی یەعقووب لە میسر دەگەڕێنەوە بۆ كەنعان، خوای شارەزا باسی ئەو هەموو وردەكارییە ناكات: بەو جۆرە باریان لێناوەو، چەند رۆژان بەرێدا رۆیشتوون و، چەند جار باریان خستووەو، چەند ئیسراحەتیان كردووەو، بەو شێوەیە چوونەوە كەنعان، ئەو شتانە باس ناكات، هەروەها كە لەسەر زەمینی خۆیان لەلای بابیان و لە دەڤەری خۆیان، لە كەنعانەوە دێنەوە میسر، دیسان خوای زانا باسی وردەكارییەكان ناكات، واتە: هەرچی بە عەقڵ و سەلیقە دەزانرێ، خوا ﷻ دەیقرتێنێ و یەكسەر شوێنی مەبەست باس دەكات، بۆ ئەوەی كورتتر بێتەوە .

<u>پەنجاو نۆیەم:</u> ئەم بەسەرهاتە، هەرچەندە باسی حاڵەتی هەڵچوون و ورووژانی جینسیی تێدایە، بەڵام وشەیەك و، تەعبیرێكی ناڕێك، كە بێ نەزاكەتبێ، لەم بەسەرهاتەدا نابینی، كاتێك كە ژنەكەی عەزیز، پرکێشیی دەكات بۆ یوسوف ﷺو دەیەوێ بیهێنێتە سەر قەناعەتی خۆی، دەستی دەگەڵ تێكەڵ بكات بە حەرامیی، خوا تەعبیرێك بەكاردێنێ كە لە قورئاندا تاكەو، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە: ﴿وَرَٰوَدَتْهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَن نَّفْسِهِۦ ۝٢٣﴾، واتە: ئەو ژنەی كە یوسوف لە ماڵەكەیاندا بوو، ویستی كە یوسوف

پەلکێش بکاتو، لەسەر ڕای خۆی لایبداتو، بیهێنێتە سەر ڕای خۆی، واتە: بیهێنێتە سەر ئەو قەناعەتەی بە حەرامیی دەستی لەگەڵ تێکەڵ بکات .

هەروەها لە درێژەی بەسەرهاتەکەدا، دوایی یوسوف ﷺ دەڵێ: ﴿ قَالَ هِىَ رَٰوَدَتْنِى عَن نَّفْسِى ﴿٢٦﴾ ﴾، واتە: ئەو ویستی پەلکێشی من بکات، ئیدی چیدیکە بە دوای ناکەوێ .

بەڵام من کە تەماشای پەیمانی کۆنم کردوە، لە پەیمانی کۆندا زۆر بە زەقیی دەڵێ: ژنەکە گوتی: دەبێ لەگەڵم ڕاکشێیو کاری خراپم لەگەڵدا بکەی! یانی: هەر بە زەقیی وشەو تەعبیرەکان دێنێ، کە بە تەئکید لە کاتی خۆشی دا لە تەوراتدا، خوای بەرزو مەزن هەر بە تەعبیری بە نەزاکەتو بە ویقارەوە باسی کردوە، بەڵام ئەوان کە تەرجەمەیان کردوەو گۆڕیویانە، بەو جۆرەیان لێکردوەو، وشەو تەعبیری بازاڕیو عەوامانەیان بەکارهێناوە .

<u>شەشەم:</u> ئنجا لە کۆتایی دا یوسوف ﷺ داوای سەرەنجام خێریی دەکات، لە خوا ﷻ هەم لە دنیاو هەم لە قیامەتدا، کە دەفەرموێ: ﴿ تَوَفَّنِى مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِى بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٠١﴾ ﴾، واتە: بە مسوڵمانەتییو بە ملکەچی بممرێنەو، بە کاروانی چاکانم بگەیەنە .

کە دەفەرموێ: (تَوَفَّنِى مُسْلِمًا)، ئەوە بۆ دنیایە، واتە: لە دنیادا با هەر بە ملکەچیی بۆ تۆ بژیم، ئنجا ئینسان لەسەر چی بژی، لەسەر ئەوەش دەمرێ، ئەگەر بە مسوڵمانیەتیی بژی، بە مسوڵمانیەتییش دەمرێ، بۆ دواڕۆژیش دەفەرموێ: (وَأَلْحِقْنِى بِٱلصَّٰلِحِينَ)، واتە: بمگەیەنە بە کاروانی چاکان، مەبەست ئەوەیە: لە بەهەشتدا لەگەڵ چاکەکاراندا کۆم بکەوە، با منیش لە ڕیزی ئەواندا بم .

ئێمەش لە خوای پەروەردگار دەپاڕێینەوەو دەڵێین: (توفَّنا مُسلمين وألحقنا بالصالحين)، خوایە! ئێمەش بە ملکەچیی‌و گەردنکەچیی‌و مسوڵمانەتیی بژیەنەو بمرێنەو، لە دوارۆژیشدا بمانخە نێو ڕیزو کاروانی چاکەکارانەوە.

لێرەشدا دێینە کۆتایی توێژینەوەمان دەربارەی سووڕەتی موبارەکی یوسوف صەلاتو سەلامی خوا لەسەر هەموو پێغەمبەرانی خوا بێ، بەتایبەتی لەسەر یەعقووبو لەسەر یوسوف، خوای پەروەردگار لە برایەکانی (یوسف)یش خۆش بێ، کە ئاوا هەم بەرانبەر بابو دایکیانو، هەم بەرانبەر بە یوسوفو بنیامینی برایان، نارێکییان کردوە، کە دیارە پەشێمانیش بوونەوەو، خوای پەروەردگاریش بەڵێنی داوە: هەر کەسێك پەشێمان بێتەوەو بگەڕێتەوە، خوا لێی خۆش دەبێ، خوا لێیان خۆشبێ .

خوا یارمەتی ئێمەش بدات: خۆمان برازێنینەوە، بەو سیفەتە بەرزانەی کە لە یەعقووبو لە یوسوف دا صەلاتو سەلامی خوایان لەسەر بێ هەبوون، یارمەتیشمان بدات خۆمان بپارێزین، لەو ڕەوشتو کارو کردەوە خراپانەی کە برایەکانی یوسوف ڕەچاویان کردوونو، خراپەکاران ڕەچاویان دەکەن .

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

مێژووی پێداچوونەوە

١٠ ى محرم ١٤٤٠ ك

٢٠١٨/٩/٢ ز

هەولێر

سەرچاوەکان

١) تفسير الطَّبَري الْمُسمى جامع البيان في تأويل القُرآن ، لأَبي جَعفَر محمد بن جرير الطَّبَري، تحقيق: هاني الحاج، عماد زكي البارودي، خَيْري سعيد، المكتبة التوفيقية، ٢٠٠٤ القاهرة .

٢) المِصبَاحُ الْمُنِير في تَهْذِيب تفسير ابن كثير للإمام الجليل عِماد الدِّين أَبي الفِداءِ إِسْماعيل بن عُمَر بن كَثير القرشي الدمشقي ، إِعداد جماعَة مِنَ العُلَمَاء ، بإِشراف الشيخ صَفي الرحمن المباركفوري ، دار السلام ، الطبعة الثانية (١٤٢١هـ - ٢٠٠٠ م) .

٣) التفسير الكبير أَو مَفَاتيحُ الغَيْب للإمام فَخْرالدِّين محمد بن عُمَر بن الحسين بن الحسن ابن علي التميمي البكري الرازي الشافعي ، حَقَّقَهُ وَعَلَّقَ عَلَيْهِ وَخَرَّجَ أَحاديثَهُ عِماد زكي البارودي المكتبة التوفيقية .

٤) الجامع لأحكام القُرآن، تفسير القُرطُبي لأبي عبدالله محمد بن أحمد الأنصاري القُرطُبي، حَقَّقَهُ وَخَرَّجَ أَحاديثهُ عِماد زكي البارودي، خَيْري سعيد، المكتبة التوفيقية.

٥) أَحكَام القُرآن ، لأبي بَكر محمد بن عبدالله المعروف بابن العربي، راجع أصولهُ وَخَرَّجَ أَحاديثهُ وَعَلَّقَ عَلَيْهِ محمد عبدالقادر عطا، الطبعة الأولى (١٤٠٨هـ - ١٩٨٨م) .

٦) فتح القدير، الجامع بين فني الرواية و الدراية من عِلم التفسير (تفسير الشوكاني) تأليف : الإمام العلامة محمد بن علي بن محمد الشوكاني ، تحقيق : عبدالرزاق الْمَهدي ، دار الكتاب العربي ، الطبعة الأولى (١٤٢٠هـ - ١٩٩٩م) .

٧) زاد المسير في علم التفسير : لابن الجوزي .

٨) روح المعاني : للآلوسي .

٩) تفسير القاسمي الْمُسمى محاسن التأويل ، تأليف : علامة الشام محمد جمال الدين القاسمي ، دار الفكر الطبعة الأولى (١٣٩٨هـ - ١٩٧٨م) .

١٠) تفسير المراغي ، تأليف أحمد مصطفى المراغي ، دار الفكر ، بيروت .

١١) تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المَنان ، تأليف : العلامة الشيخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي ، تحقيق : عبدالرحمن بن معلا اللويحق مؤسسة الرسالة ، الطبعة الأولى (١٤٢٠هـ - ١٩٩٩م) .

١٢) تفسير الجواهر للطنطاوي، (دار الكتب العلمية – بيروت ، ١٤٣٧ هـ - ٢٠١٦م) .

١٣) صفوة البيان لِمَعَاني القُرآن ، تأليف : الشيخ حسين محمد مخلوف الطبعة الثالثة.

١٤) صفوة التفاسير ، تأليف : العلامة محمد بن علي الصابوني ، مكتبة الهداية ، أربيل/ العراق ، الطبعة الطبعة الأولى (١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤م) .

١٥) تفسير القُرآن الحكيم الشهير بـ (تفسير المنار) تأليف : محمد رشيد رضا ، دار المعرفة، الطبعة الثالثة .

١٦) الأساس في التفسير ، تأليف : سعيد حوى ، دار السلام ، الطبعة الثانية (١٤٠٩ هـ - ١٩٨٩م) .

١٧) في ظِلال القُرآن، تأليف: سيد قطب دار الشروق، الطبعة الشرعية الخامسة والعشرون (١٤١٧ هـ - ١٩٩٦م) .

١٨) التفسير المُنير في العَقِيدة والشَّرِيعَة والمَنْهَج ، تأليف : الأستاذ الدكتور وهبة الزحيلي ، دار الفكر الطبعة الثالثة (١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٥م).

١٩) التحرير والتنوير ، محمد الطاهر بن عاشور .

٢٠) تفسير النابلسي، د . مجد راتب النابلسي .

٢١) الميزان ، محمد حسين الطباطبائي .

٢٢) تفسير الشعراوي ، محمد متولّي الشعراوي .

٢٣) تفسير نمونه ، ناصر مكارم شيرازي .

٢٤) تفسير الكاشف ، محمد جواد مغنية .

٢٥) التفسير التوحيدي ، د. حسن الترابي .

٢٦) مُفرَدات ألفاظ القُرآن ، تأليف : العلامة الراغب الأصفهاني ، تحقيق : صفوان عدنان داوودي ، دار القلم ، الطبعة الثالثة (١٤٢٣ هـ - ٢٠٠٢م) .

٢٧) الإستيعاب في بيان الأسباب .

٢٨) أسباب النزول ، للنيسابوري .

٢٩) لُباب النقول في أسباب النزول، للإمام الحافظ جلال الدين عبدالرحمن بن أبي بكر السيوطي خَرَّجَ أَحاديثهُ وَعَلَّقَ عَلَيْهِ عبدالرزاق الْمَهْدِي ، دار الكتاب العربي (١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٦م) ، (أسباب النزول) للنيسابوري .

٣٠) مختار الصِّحاح ، للرازي .

٣١) المعجم الوسيط ، دار الدعوة ، الطبعة الثانية

٣٢) الْموطأ للإِمام مالك بن أنس برواية يحيى بن يحيى الليثي ، تحقيق : الدكتور الشيخ خليل مأمون شيحا ، دار المعرفة ، الطبعة الثانية (١٤٢٩هـ - ٢٠٠٨ م)، (أسباب النزول) للواحدي .

٣٣) الْمُسنَد للإمام أحمد بن محمد بن حنبل ، الناشر مؤسسة قرطبة ، القاهرة ، الأحاديث مذيلة بأحكام شعيب الأنؤوط عليها .

٣٤) صَحِيح البُخَارِي للإِمام أبي عبدالله محمد بن إسماعيل البُخَارِي ، تحقيق : الدكتور الشيخ خليل مأمون شيحا ، دار الْمعرفة ، الطبعة الأولى (١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤ م) .

٣٥) صَحِيح مسلم للإِمام الحافظ مسلم بن الحجاج النَّيسابوري ، حقوق أصولهُ و خَرَّجَ أَحاديثهُ على الكتب الستة : الدكتور الشيخ خليل مأمون شيحا ، دار المعرفة ، الطبعة الثانية (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م) .

٣٦) سُنَن أبي داود للإِمام أبي داود سُليمان بن الأشعث السجستاني ، تحقيق : محمد ناصر الدين الألباني ، مكتبة الْمعارف ، الطبعة الثانية (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م) .

٣٧) سُنَن التِّرمِذِي للإِمام الحافظ محمد بن عيسى بن سورة التِّرمِذِي، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة الْمعارف، الطبعة الثانية (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م) .

٣٨) سُنَن النَّسَائي للإِمام أبي عبدالرحمن أحمد بن شعيب بن علي الشهير بـ(النَّسَائي)، تحقيق : محمد ناصر الدين الألباني ، مكتبة الْمعارف ، الطبعة الثانية (١٤٢٩هـ – ٢٠٠٨م) .

٣٩) سُنَن ابْنُ مَاجَهْ، للإِمام أبي عبدالله محمد بن يزيد القزويني الشهير بـ (ابْنُ مَاجَهْ)، تحقيق : محمد ناصر الدين الألباني ، مكتبة الْمعارف، الطبعة الثانية (١٤٢٩هـ – ٢٠٠٨ م) .

٤٠) سُنَن الدار قُطني، للإمام الحافظ علي بن عُمر الدار قُطني ، تحقيق : مجدي بن مَنصور بن سي الشورى ، دار الكتب العلمية ، الطبعة الثانية (١٤٢٤هـ - ٢٠٠٣ م) .

٤١) الْمُستَدرَك على الصحيحين للإمام الحافظ أبي عبدالله الحاكم النَّيسابوري ، تحقيق : صالح اللحَّام ، دار ابن حزم ، الطبعة الأولى (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م) .

٤٢) صَحِيح ابْنُ حِبَّان للإمام أبي حَاتِم محمد بن حِبَّان الخُراساني ، تحقيق : حقوق أصولُهُ وخَرَّجَ أَحاديثه : الدكتور الشيخ خليل مأمون شيحا ، دار الْمعرفة ، الطبعة الأولى (١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤ م) .

٤٣) الْمُعجم الكبير للحافظ أبي القاسم سُليمان بن أحمد الطَّبَراني ، حَقَّقَهُ وَخَرَّجَ أَحاديثهُ حمدي عبدالمجيد السلفي ، مكتبة الأصالة والتُّراث ، الطبعة الأولى (١٤٣١هـ - ٢٠١٠ م) .

٤٤) سُنَن الدَّارمي للإمام أبو محمد بن عبدالرحمن بن الفضل بن بهرام الدَّارمي ، حَقَّقَهُ وَشَرَحَ ألفَاظَهُ وَجُمَلَهُ وَعَلَّقَ عَلَيهِ وَوَضَعَ فَهارسَهُ : الأستاذ الدكتور مصطفي ديب البغا ، دار المصطفى ، الطبعة الأولى (١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧ م) .

٤٥) مشكاة المصابيح، تأليف : محمد بن عبدالله الخطيب التبريزي ، تحقيق : محمد ناصر الدين الألباني ، المكتب الإسلامي ، الطبعة الثانية (١٤٠٥هـ - ١٩٨٥ م) .

٤٦) إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل ، تأليف : محمد ناصر الدين الألباني، المكتب الإسلامي، الطبعة الثانية (١٤٠٥هـ - ١٩٨٥ م) .

٤٧) السراج الْمُنير في ترتيب أحاديث صحيح الجامع الصغير ، للحافظ جلال الدين السيوطي، العلامة محمد ناصر الدين الألباني، رتبهُ وَعَلَّقَ عَلَيْهِ : عصام موسى هادي، دار الصديق، الطبعة الثانية (١٤٣٠هـ - ٢٠٠٩م) .

٤٨) السنن الكبرى تصنيف : الامام أبي عبد الرحمن أحمد بن شعيب النسائي، تحقيق : دكتور عبدالغفار سليمان البنداري، وسيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية بيروت – لبنان، الطبعة الاولى (١٤١١ هـ - ١٩٩١ م) .

٤٩) سلسلة الأحاديث الصحيحة، تأليف: مُحَمَّد ناصر الدِّين الألباني، رحمه الله، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، الرياض، الطبعة الأولى .

نێوەڕۆك